ڕۆمانێکە لە

# نەوشیروان مستەفا ئەمین

مەجید سالح

ناوی کتێب: رامانێک لە نەوشیروان مستەفا ئەمین
نووسینی: مەجید سالّح
دیزاینی ناوەوە: نووسەر
دیزاینی بەرگ: شادی پەشەنگ
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ٢٠٠٠
نرخ: ٨ هەزار دینار
چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٢١
چاپخانەی: پیرەمێرد - سلێمانی
لەوەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (٥٢٥)ی سالّی ٢٠٢١ پێدراوە.



ئەم کتێبە لە مالّپەڕی هەوالّنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ناوەڕۆک


پێشەکی ..... 9
**بەشی یەکەم: کرۆنۆلۆژیای خەباتی نەتەوەیی لە باشوری کوردستان**..... 13
باسی یەکەم: پڕۆژەی نەتەوە سازی لە کوردستان..... 15
یەکەم: ئەستەمبوڵ کانگای ناسیۆنالیزمی کورد..... 15
دووەم: سلێمانی ناوەندێکی نوێی کوردایەتی..... 17
سێیەم: پڕۆژەی میللەتی عێراق و سیاسەتی تواندنەوە..... 24
چوارەم: دواین جەنگ لە پێناوی سەربەخۆییدا..... 28
پێنجەم: ناردنی جەعفەر عەسکەری بۆ کوردستان ..... 34
باسی دووەم: کۆتایی سەردەمێک..... 39
یەکەم: ناسیۆنالیزمی شاری..... 40
دووەم: ناسیۆنالیزمی کولتووری..... 41
سێیەم: ناسیۆنالیزمی سیاسی..... 44
باسی سێیەم: بنج و بنەوانی بیری عێراقچێتی لە کوردستانی باشور..... 47
یەکەم: عێراقچێتی ئابوری..... 48
دووەم: عێراقچێتی بیرۆکراسی..... 51
سێیەم: عێراقچێتی کولتووری..... 56
چوارەم: عێراقچێتی ئایدۆلۆژی..... 61
**بەشی دووەم: کوردایەتی لە داوی بیری ئۆتۆنۆمیخوازیدا**..... 65
باسی یەکەم: رەوتی گەشەکردنی بیری ئۆتۆنۆمیخوازی لە باشوری کوردستان.. 67
یەکەم: حیزبی شیوعی عەڕابی بیری ئۆتۆنۆمیخوازی..... 68
دووەم: کورد و تیۆرییەکەی ستالین بۆ نەتەوە..... 70
سێیەم: حیزبە کوردییەکان و بیری ئۆتۆنۆمیخوازی..... 72
باسی دووەم: مەسەلەی کورد لە سەردەمی کۆماریدا..... 83
یەکەم: کودەتای ١٤ تەموزی ١٩٥٨..... 83
دووەم: کۆماری دووەم لامەرکەزیەتی سەر کاغەز..... 87
سێیەم: بەعس و حوکمی زاتی..... 92
**بەشی سێیەم: کۆمەڵەی رەنجدەران و جۆشدانەوەی کوردستانی بوون**..... 97
باسی یەکەم: چەپی کوردی و گوتاری ئۆتۆنۆمیستی..... 103
یەکەم: کۆمەڵەی مارکسی – لینینی و جۆرێکی دیکە لە کوردایەتی..... 104

دووەم: یەکخستنی باڵەکان..... 110
سێیەم: عێراقچییە سەرەتاییەکانی ناو کۆمەڵە..... 113
چوارەم: کۆمەڵە لە گێژاوی ئاشبەتاڵدا..... 117
پێنجەم: کۆمەڵە لە گەڕوی نەهەنگدا..... 122
شەشەم: بەیانی شوبات ..... 124
باسی دووەم: دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان..... 133
یەکەم: یەکێتی و خەباتی چەکداری..... 136
دووەم: گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا..... 137
سێیەم: تێزەکانی نەوشیروان مستەفا..... 139
چوارەم: گەڕانەوەی مام جەلال ..... 149
پێنجەم: نەوشیروان مستەفا بەرەو سلێمانی..... 153
شەشەم: نەوشیروان مستەفا، سکرتێری کۆمەڵە..... 154
حەوتەم: سەرهەڵدانەوەی ماکی عێراقچێتی..... 159
هەشتەم: ئاوەدان بوونەوەی خڕی ناوزەنگ..... 166
نۆیەم: پێشوازییەکی سارد..... 168
دەیەم: هەوڵێک بۆ تەسفیە کردن..... 171
باسی سێیەم: کۆنفرانسەکانی کۆمەڵە..... 173
یەکەم: کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵە..... 173
دووەم: کۆنفرانسی دووهەمی کۆمەڵە ..... 198
سێیەم: کۆنفرانسی سێهەمی کۆمەڵە..... 202
باسی چوارەم: گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ حکومەتی عێراق ..... 209
**بەشی چوارەم: ئاڵای شۆڕش پوازێک لە جەستەی کۆمەڵەدا** .....215
باسی یەکەم: ناکۆکییەکان لەسەر چی بوون؟..... 217
یەکەم: سەرهەڵدانەوەی عێراقچێتی لەناو کۆمەڵەدا..... 217
دووەم: کێشەکانی شەخسی بوون یان فکری! ..... 222
سێیەم: دامەزراندی ئاڵای شۆڕش بە نهێنی..... 223
چوارەم: مەلا بەختیار قەرەداغگیر دەبێ..... 226
پێنجەم: سێ هەنگاو بۆ چارەسەر..... 229
شەشەم: بەیاننامەی یەکێتی..... 242
حەوتەم: پاشگەزبوونەوە ..... 246



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

باسی دووەم: کێ هاوکاری ئاڵای شۆڕشی کردووە؟ ..... 267
یەکەم: پارتی و ئاڵای شۆڕش ..... 267
دووەم: حیزبی شیوعی و ئاڵای شۆڕش ..... 270
سێیەم: رژێم و ئاڵای شۆڕش ..... 272
چوارەم: سالار عەزیز و ئاڵای شۆڕش ..... 273
چوارەم: ئاڵای شۆڕش لە گێژاوی رووداوەکاندا ..... 276
پێنجەم: پلنیۆمی دووەم و سێیەم هەوڵێک بۆ مانەوە! ..... 279
شەشەم: مام جەلال و سجن ..... 280
**بەشی پێنجەم: حیزبی شیوعی لە شەڕی براکاندا** ..... 283
باسی یەکەم: حیزبی شیوعی عێراقی و خەباتی چەکداری ..... 285
یەکەم: گەمە کردن لە نێوان جەوقەد و جود ..... 286
دووەم: قڕناقە و پشت ئاشان کاردانەوە، یان بەرنامە؟ ..... 287
باسی دووەم: راوبۆچوونی سەرکردەکانی حیزبی شیوعی لەسەر پشت ئاشان 303
**بەشی شەشەم: ئەنفالەکان و پارتیزانی و مەسەلەی گفتوگۆ لەگەڵ رژێم** ... 317
باسی یەکەم: لە دروستکردنی بەرەی کوردستانییەوە بۆ **ئەنفال** ..... 319
یەکەم: دروستکردنی بەرەی کوردستانی ..... 320
دووەم: دروستکردنی سەرکردایەتی ناوخۆ ..... 321
سێیەم: وەستانی شەڕی عێراق و ئێران ..... 322
چوارەم: ئەنفالەکان ..... 323
پێنجەم: قۆناغی پارتیزانی ..... 326
باسی دووەم: ستراتیژێکی نوێی بۆ خەبات ..... 331
یەکەم: چوار پایەکەی خەباتی نوێ ..... 331
دووەم: نامەکانی نەوشیروان مستەفا بۆ دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی ..... 337
سێیەم: نامەکانی فەتاح ..... 350
**بەشی حەوتەم: نەوشیروان مستەفا ئەندازیاری راپەڕینی ۱۹۹۱** ..... 369
باسی یەکەم: راپەڕین لە پلانەوە بۆ جێبەجێ کردن ..... 373
یەکەم: داگیرکردنی کوەیت ..... 373
دووەم: کۆبوونەوەکەی قاسمەڕەش ..... 374
سێیەم: ڕێکخراوی سلێمانی و خۆسازدان بۆ راپەڕین ..... 378
چوارەم: راپەڕینی باشوری عێراق ..... 390

پێنجەم: راپەڕینی ۱۹۹۱ لە کوردستان.... 391
شەشەم: رژێم داوای وتووێژی کرد..... 397
حەوتەم: تێکشکانی راپەڕین و کۆڕەو..... 402
هەشتەم: بەنداوەکەی دەربەندیخان..... 405
نۆیەم: گفتوگۆی بەرەی کوردستانی و رژێم..... 409
**بەشی هەشتەم: لە دامەزراندنی حکومەتەوە تا خولێکی دیکەی شەڕی براکان** 419
باسی یەکەم: دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی..... 423
یەکەم: هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت..... 429
دووەم: هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان..... 432
سێیەم: دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ..... 434
چوارەم: سەفەرێک بە نیازی نەگەڕانەوە..... 435
باسی دووەم: هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ..... 437
یەکەم: نەوشیروان مستەفا و شەڕی ناوخۆ..... 438
دووەم: نائومێد بوون لە گفتوگۆ .....450
سێیەم: ریسکێک بۆ ئاشتی..... 452
باسی سێیەم: ریفۆرم لە نێو ماڵی کورد..... 459
یەکەم: هەوڵە بێ ئاکامەکان ..... 459
دووەم: ریفۆرم لە نێو حزب ..... 462
**بەشی نۆیەم: باشوری کوردستان لە سایەی عێراقێکی نوێدا**..... 471
باسی یەکەم: عێراقی دوای سەدام حسێن..... 473
یەکەم: مەجلیسی حوکم ..... 473
دووەم: پاشگەز بوونەوەی هاوپەیمانەکانی دوێنێ ..... 474
سێیەم: لیژنەی دارشتنی دەستور..... 476
چوارەم: نەوشیروان مستەفا و دەستوری عێراق .....477
باسی دووەم: خوادا حافیز هاوڕێیان ..... 487
یەکەم: دواین تەقەلا بۆ ریفۆرم لە نێو حیزب ..... 487
دووەم: دامەزراندنی کۆمپانیای وشە..... 489
باسی سێیەم: دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان..... 497
یەکەم: ناسنامەی بزوتنەوەی گۆڕان .....497
دووەم: ئامانجە نیشتمانی و نەتەوییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان..... 501



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەوڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سێیەم: پڕۆژەی گۆڕان بۆ چارەسەری قەیرانەکانی هەرێم ..... ..... 504
چوارەم: سەنگەرگرتن لە نەوشیروان مستەفا و پڕۆژەکانی..... 508
پێنجەم: بەشداری کردنی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردن..... 526
شەشەم: لە ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ دەسەڵات..... 541
حەوتەم: ڕێککەوتنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان..... 553
هەشتەم: فەرمانی گرتنی نەوشیروان مستەفا .....559
نۆیەم: دوا دیدار و دوا بوختان.....562
باسی چوارەم: نەوشیروان مستەفا لەدیدگای کەسایەتی و سیاسەتمەدارانی دنیاوە 567
بەڵگەنامەکان..... 575
سەرچاوەکان..... 701

ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## پێشەکی

لەم هەلومەرجەی ئێستادا، مرۆڤ کە لە مێژووی سەد ساڵەی باشوری کوردستان رادەمێنێ، کۆمەڵێک رووداو و کارەسات و ململانێی خوێناوی دێتە بەرچاو کە گەلەکەمان بە درێژایی ئەو سەد ساڵە لە لایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقەوە بەسەریدا هاتووە.

لە کۆتاییەکانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا، نوخبەی مونەوەر و تێگەیشتوی کورد، هەموو تەقەلاکانی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی کوردیش لە کاروان دوا نەکەوێ، بەڵکو وەک هەموو نەتەوەکانی دنیا، لەو خۆشبەختانەی کە پێشکەوتنە پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئابورییەکانی مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا هێنابوی، کەڵک وەرگرێ و بچێتە ریزی نەتەوە ئازاد و پێشکەوتووەکانەوە. بەڵام، بەرژەوەندییە ئیستیعماریییەکان بوون بە بەربەست لە بەردەمی ئەو خەونە، نیشتمانی کوردان وەک کەلاک لە نێوان چوار نەتەوەی تورک و فارس و عەرەبدا دابەشکرا و خرایە بەردەمی چارەنووسێک کە مێژووەکەی بە خوێن و فرمێسک نوسرایەوە.

سەرەڕای ئەوەش مونەوەرەکانی کورد کۆڵیان نەدا، تاوەکو دووەمین جەنگی جیهانی درێژەیان بە پەیامەکەیاندا و ئاڵای سەربەخۆییان فڕێ نەدا و دایانە دەستی نەوەی دوای خۆیان. هەلومەرجەکانی دوای دووەمین جەنگی جیهان و دابەشبوونی دونیا بەسەر دوو بلۆکی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی، نەوەی دووەمی ناسیۆنالیستەکانی کوردی لەگەڵ خۆیدا هاڕی، هەر هێندەیان پێکرا، ئاڵای خەبات فڕێ نەدەن. بەڵام ناچاری کردن بۆ کاتیش بێت، دان بەو قەفەسەدا بنێن کە تێیدا زیندانی کرابوون.

پەنجا ساڵی شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت، بۆ کورد گڕوکڵپە بوو، بۆسۆی سوتماکی نیشتمانی کورد، هەرگیز نەیتوانی ویژدانی مرۆڤایەتی بوروژێنێ و بگرە بۆ خنکاندنی کورد چەکی کیمیاوییان دا بە دوژمنانی بۆ ئەوەی ئەم جارە مردنەکەی خێراتر و بەرفراوانتر بکەن، بەڵام ئەم نەتەوەیە هەر کۆڵی نەداو خۆشەویستی بۆ ژیان وای لێکرد نە ناپاڵم و نە کیمیایی و نە ئەنفال، نەتوانن کۆتایی پێ بهێنن.

مرۆڤ کە بیر لە رووداوەکانی ئەو سەد ساڵی تێکۆشانەی ئەم میللەتە دەکاتەوە، بۆی دەردەکەوێ مانەوەی ئەم گەلە بە بەرهەمی خەبات و گیان بەختکردنی هەزاران تێکۆشەر بووە، باوەش کردنەوەی گەلێکی زیندوو بووە بۆ رۆڵە تێکۆشەرەکانی، تا سەرئەنجام تروسکایەکی لێ دەرکەوتووە.

ئەم کتێبە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو کاروانە دوورو درێژە بێ کۆتاییەی میژووی کوردستانی باشور، بە ساتە درەوشاوەکانی، هەروەها بە هەڵە و کەموکوڕییەکانیشەوە کاتێک سەیری هەڵوێستی ئەو کارەکتەرە قارەمانانە دەکەیت، لە ساتەوەختی سەرکەوتن و شکست دا، هەست بە شانازییەکی گەورە دەکەی، ئەوەی لە سەد ساڵی رابردوودا بە سەر کورددا هاتووە، زۆر قورس و مەترسیدار بووە، بۆیە بەردەوامیدان بە خەبات و تێکۆشان، خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکی یەکجار مەزنە.

بە گشتی ئەم کتێبە لە چەند بەشێک پێک هاتووە:

بەشی یەکەم: لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ کۆتایی دووەمین جەنگی جیهانی ساڵی ١٩٤٥. کە تێیدا بناغەیەکی پتەو بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی لە لایەن منەوەرەکانەوە دارێژرا و ئاڵای خواستی سەربەخۆیی کوردستان هەڵکرا، بەڵام بە لکاندنی کوردستانی جنوبی بە عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢٦ منەوەرەکانی بەسەر دوو بەرەی کوردستانی و عێراقچێتیدا دابەش کرد و ئەو دابەش بوونەش تا ئێستا بەرۆکی کوردەواری بەرنەداوە.

بەشی دووەم: لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە دەست پێدەکات، تاوەکو ساڵی ١٩٧٥، لەم بەشەدا باس لە هۆکارەکانی پاشەکشەی بیری سەربەخۆییخوازی و زاڵبوونی بیری ئۆتۆنۆمیخوازی لە ناو سیاسەتمەدار و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەکات تاوەکو نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥.

بەشی سێیەم: لە ساڵی ١٩٧٦ەوە دەست پێدەکات، تاوەکو راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام دەبێت. لەم بەشەدا باس لە هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ و رۆڵی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و پێگەی نەوشیروان مستەفا دەکرێت لە شۆڕشەکەدا و هەوڵەکانی بۆ رزگارکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە داوی ئۆتۆنۆمیخوازی و گرتنەبەری شارپی مافی چارەی خۆنووسین.

بەشی چوارەم: باس لە سەرهەڵدانی ئاڵای شۆڕش لە ناو جەستەی کۆمەڵە کراوە و شێوازی نەوشیروان مستەفا دەخاتەڕوو بۆ ئیدارەدانی ئەو ململانی و ناکۆکیانەی کە لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بە هۆی ئاڵای شۆڕشەوە دروست بوون.

بەشی پێنجەم: گوزەرێکە بە رۆڵی حیزبی شیوعی کوردستان لە شەڕی براکان لە کوردستانی باشور و بە شێوەیەکی ورد باس لە هۆکار و دەرئەنجامی شەڕی قڕناقە و پشت ئاشان کراوە.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەشی شەشەم: لەم بەشەدا باس لە کاریگەری پەلامارەکانی ئەنفال لەسەر شۆڕشی باشوری کوردستان کراوە و ئەوە روون دەکرێتەوە کە چۆن نەوشیروان مستەفا ڕێگری کردووە لە ئاشبەتاڵێکی دیکە.

بەشی حەوتەم: لەم بەشەدا بە خستنەڕووی دیکۆمێنت و قسەی شایەتحاڵەکان حەقیقەتی ڕۆڵی نەوشیروان مستەفا وەک ئەندازیاری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ باس دەکرێت.

بەشی هەشتەم: باس لە هەلومەرجی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێ پەنجەی نەوشیروان مستەفا دەکرێت تاوەکو دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان.

هەڵبەت لێرەدا دەبێ ئەوە روون بکەمەوە کە لە بەشی سێیەمەوە کە باس لە ڕووداوەکانی پاش ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو دەکەم، بە شێوەیەکی تایبەت تەرکیزم کردووەتە سەر کەسایەتی نەوشیروان مستەفا، چونکە ئەو لەو ساتەبەدواوە، تاوەکو کۆچی دوایی، کەسایەتییەکی میحوەری و سەرەکی بووە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان.

نەوشیروان مستەفا، بەهۆی شارەزایی لە مێژوودا، بەتایبەتی مێژووی کوردستان، هەمیشە گوفتار و کردار و ئەندێشەکانی سێ ڕەهەندی لەخۆگرتووە؛ ڕەهەندێکی پەیوەندی بە ڕابردووی کۆمەڵگای کوردستانەوە هەبوو، بەو مانایە دەویست لە گوفتار و کردەوە و بیرکردنەوەکانیدا ئەو هەنگاوانە تەواو بکات کە سەرکردە و ڕێبەرەکانی کورد پێش خۆی هەڵیانناوە بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری کوردستان، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی کوردستان و ناوچەکە و جیهانەوە، بە نیوەناچڵی بەجێ ماون. لە هەمانکاتدا هەوڵی زۆری دەدا ئەو هەڵە و کەلێین و کەموکوڕیانە دووبارە نەبنەوە کە سەرکردەو ڕابەرەکانی پێش خۆی بەسەریاندا تێپەڕیوە.

ڕەهەندی دووەمی، ئەوەبوو بە پێی هەلومەرج و دیفاکتۆکانی زەمەنی خۆی، بیری لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە و گرفتەکانی بەردەم بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکردەوە، بەڵام تەسلیمی دۆخە سەپاوەکە نەدەبوو، بەڵکو نەخشەی بۆ گۆڕینی دادەنا، بە مانایەکی دیکە، نەوشیروان مستەفا واقیع بینێکی واقع دروستکەر بوو. ئەو هیچ فرسەتێکی لە دەست نەدەدا بۆ گەیشتن بە ستراتیژەکەی خۆی، کە ڕەخساندنی هەلومەرجی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستان بوو.

ڕەهەندی سێیەم، ئایندەبین بوو، بە هۆی تێگەیشتنی بۆ فەلسەفەی مێژوو، هەوڵی دەدا شتێک نەڵێ یان کارێک نەکات یاخود بابەتێک نەنوسێت بە شێوەیەکی نیگەتیف

و خراپ بە سەر نەوەکانی داهاتوودا بشکێتەوە. ئەمە لە دوای کارەساتی هەکاری و ئەنفالەکان، شکستی بەرەی کوردستانی لە ئیدارەدانی باشوری کوردستان و ناکارایی حکومەتی هەرێم لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی و دادی کۆمەڵایەتی بەرووبی دەردەکەوێت.

مەسیح دەڵێ "هیچ مرۆڤێک بێ کەموکاستی نییە، با یەک رۆژیش لەسەر زەوی ژیابێ". نەوشیروان مستەفاش بێ کەموکاستی نەبووە، بەڵام ئەو تا دواساتەکانی ژیانی لە کورد بوون و بەرپرسیارێتی بەرامبەر کۆمەڵگا و نەتەوە و نیشتمانەکەی هەڵنەهاتووە. حەتمەن لەو کاروانە دوورودرێژەی خەباتیش هەڵە رووبداوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: "وەکو ئەڵێن، ئەم بەندەی خوایە، ئەوەی کە واجب بووە لەسەر من، واجبی ئەخلاقی، واجبی سیاسی، واجبی دینی، واجبی نیشتمانی، واجبی نەتەوەیی، ئەوەی کە من لە تواناما بووبێت بە هاوکاری هاوکارەکانم کردوومانە، بۆ ئەوەی خەڵک وشیار بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە حقوق و واجباتیان چییە..."

خەڵکی تر گەر بۆ مەبەستی دیاریکراو و بۆ مەبەستی سیاسی بیانەوێ رابردوو هەڵدەنەوە، ئێمە لە رابردووی خۆمان ناترسین.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەشی یەکەم

# کرۆنۆلۆژیای خەباتی نەتەوەیی لە باشوری کوردستان

ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# باسی یەکەم
# پرۆژەی نەتەوە سازی لە کوردستان

ئەگەر چی کورد، خاوەن پێشینەیەکی مێژوویی دوور و درێژە، بەڵام هەستی کورد بوون لە ناو تاکەکانی کورددا رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش مۆدێرنە. نوخبەیەکی هۆشیاری کۆمەڵگا بە شێوازی جیاجیا بە بەردەوامی کاری کردووە بۆ پاراستنی فەرهەنگ و رەمزەکانی تایبەت بە میللەتەکەی. پێشهات و رووداوە خێراکانی پێش و دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، خەریک بوو ئەم میللەتەشی وەک زۆر میللەتی دیکەی ناوچەکە بەرەو توانەوە و فەوتان دەبرد؛ ئەگەر هەوڵ و تەقەلای کۆمەڵێک نوخبەی چالاکی سیاسی کورد نەبوایە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە ئەو نوخبەیە کەوتە خۆی و لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ زیندوو هێشتنەوەی زمانی کوردی و داب و نەریت و کولتووری کوردەوارییەوە، توانی قۆناغی تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد کە لە لایەن نەتەوە سەردەستەکانی تورک و فارس و عەرەب بە هاوپەیمانێتی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی، تێپەڕێنێ و لە بەرانبەردا گەشەیەکی نەوعی بە پرۆسەی نەتەوە سازی بدات لە سەرتاسەری کوردستاندا، بە چەند قۆناغێک.

**یەکەم: ئەستەمبوڵ کانگای ناسیۆنالیزمی کوردی**

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، ئەستەمبوڵ بوو بە سەنتەری کۆبوونەوەی نوخبەی کورد، بە هەزاران کەس لە ڕۆژهەڵات و باشور و باکوری کوردستانەوە لەوێ کۆبوونەوە و پڕۆژەیەکی نەتەوە سازی گرنگیان لە ڕێگەی دروست کردنی جەمعیەتی سیاسی و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و کردنەوەی قوتابخانەوە، دەست پێکرد. لەوێوە بناغەیەکی پتەویان بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دارشت.

نوخبەی کوردی چیتر نەیدەتوانی لە چوارچێوەی خێڵەکەی یان بۆ عوسمانییەت تێ بکۆشێ. ئەو لە بەردەم ئەرکێکی گەورەی نەتەوەییدا بوو؛ ئەویش خولقاندن و

وروژاندنی گوتارێکی نوێ بوو. گوتارێک که نوخبەکانی پێشتر چاوپۆشیان لێ کردبوو یان هێشتا شارەزاییان لێ نەبوو.

دەرکردنی رۆژنامەی "کوردستان" لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە شێوەی کاری نوخبەی سیاسی کوردستاندا. ئەوان هەر بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامە نەوەستان، بەڵکو هەلومەرجی نوێی دەوڵەتی عوسمانیان ئیستغلال کرد و لە ساڵی ١٩٠٨ رێکخراوێکیان دامەزراند بەناوی "جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد" ئامانجی ئەو رێکخراوە هەوڵدان بوو بۆ سەلماندنی مافی نەتەوەیی کورد لە ناوچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا. ئاگری یەکەمین جەنگی جیهانی بوو بە هۆی سست بوونی پڕۆژەکەیان، بەڵام دوای دامرکانەوەی ئاگری جەنگەکە و شکست و لاوازی دەوڵەتی عوسمانی، خانەدان و رۆشنبیر و ئەفسەر و مونەوەرانی کورد بە هەلیان زانی و کەوتنە خۆیان بۆ ئەوەی خواستە نەتەوەییەکانی خۆیان بەدیبهێنن. بۆ ئەو مەبەستەش لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ (جەمعیەتی تەعالی کوردستان)یان دامەزراند جەمعیەتی تەعالی کوردستان لە لایەن چەند کەسایەتیەکی ناسراوەوە بە سەرۆکایەتی (سەید عەبدولقادر ئەفەندی) دامەزراوە."[1]

ئامانجی سەرەکی ئەم جەمعیەتە سەربەخۆیی کوردستان بوو، لە ماوەیەکی کورتدا لە زۆربەی شار و پارێزگاکانی کوردستاندا لقی خۆی کردووەتەوە. "رۆشنبیران و لاوانی کورد، زۆرتر رووبان کردووەتە جەمعیەتی تەعالی کوردستان، ئەو گەنجە کوردانەی کە لە ئەستەمبوڵ دەیانخوێند، کاتێک بۆ پشوو دەگەڕانەوە بۆ کوردستان، کاریگەرییان لەسەر گەنجان و ئەندامانی بنەماڵەکانیان دادەنا، ئامۆژگارییان دەکردن تا لقی جەمعیەتەکە لە ناوچەکانی خۆیان بکەنەوە."[2]

دوای داگیرکردنی ئەستەمبوڵ لە لایەن بریتانیاوە لە ١٩١٨/١١/١٣، شەریف پاشای کوڕی حسێن پاشا کە خەڵکی سلێمانی بوو، دەستی کرد بە چالاکی دیپلۆماسی، لە ١٩١٩/٢/٦ لە پاریسەوە نامەیەکی بۆ سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی نارد، لە بارەی داواکاری و خواستەکانی کوردەوە. ئەو کۆنفرانسە چارەنووسی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دیاری عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و ئەمین عالی بەدرخانیش، بەناوی (جەمعیەتی تەعالی کوردستان)یش پشتیوانی لە شەریف پاشا کرد و وەک نوێنەری داخوازییەکانی گەلی کوردی ناساند. بۆ ئەو مەبەستە نامەی پشتیوانی و پشتگیرییان بۆ ئەنجومەنی کۆنفرانسەکە نووسی بوو. شێخ مەحمودیش

1. ئیسماعیل گوێڵداش، جەمعیەتی تەعالیی کوردستان، وەرگێڕانی زریان رۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٠
2. ئیسماعیل گوێڵداش، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە باشوری کوردستانەوە لە ١٩١٩/٣/٢٢دا پشتیوانی خۆی بۆ خواستەکانی شەریف پاشای خەندان دووپات کردەوە. شەریف پاشا لە کۆنفرانسەکەدا داوای کرد دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دابمەزرێت. بە هۆی ئەو یاداشتنامانەوە، هاوپەیمانان ناوی کوردیان خستە بەندەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ی (پەیمانی سیڤەر)ەوە کە ١٩٢٠/٨/١٠ پەسەند کرا. پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانیان وەک مافێکی رەوا بۆ کورد دیاری دەکرد، دەوڵەتی عوسمانیش بەوە ڕازی بوو. بەڵام دوای داگیرکردنی ئەستەمبوڵ لە لایەن مستەفا کەمال ئەتاتورک لە ساڵی ١٩٢٣، پرۆژەکە پەکی کەوت. ئەو نوخبەیەی کە خاوەنی پرۆژەکە بوون، بە ناچاری بە وڵاتاندا بڵاوبوونەوە. ئەوانەی خەڵکی باشوری کوردستان بوون، گەڕانەوە بۆ باشور و دۆخەکەیان بەهەل زانی و لە سلێمانیەوە دریژەیان بە هەمان پرۆژەی نەتەوە سازی خۆیاندا.

**دووەم: سلێمانی ناوەندێکی نوێی کوردایەتی**

پێش ئەوەی ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٨ بگەنە سلێمانی، هەستێکی نەتەوەیی رۆمانسیانەی سنوردار لە نێوان نوخبەیەکی خوێندەواری سلێمانیدا هەبوو، بەڵام دوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە لە ماوەیەکی کەمدا، جوڵانەوەیەکی سەربەخۆیخوازی بە هێزی نەتەوەیی سەری هەڵدا. ئەم خواستەی کوردەکانی باشوری کوردستان. لە ئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی لە ڕوەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە سەری هەڵنەداوە، وەک ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی ئەورۆپیدا لە سەدەی نۆزدەیەم دروست بووبوو. تەنانەت وەک کوردەکانی باکوری کوردستان، لە ئەنجامی کاردانەوە لە بەرانبەر زوڵم و زۆری تورکەکان و پێشێل کردنی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانیان دروست نەبووە، بەڵکو ئەوەی لەم بەشەی کوردستاندا ڕوویدا تەواو پێچەوانە بوو، پرۆسەی دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی لە باشوری کوردستان لە ئەنجامی بەرکەوتنی بەرژەوەندیەکانی کۆڵۆنالیزمی ئینگلیزی و خواستی هەندێ لە کەسە ناوارەکانی کورد و بەشێک لە نوخبەی ڕۆشنبیری کورد سەری هەڵدا.

بەرژەوەندی ئینگلیزەکان لەوەدا بوو کوردی ویلایەتی موسڵ لەدژی تورک ڕاپەڕن و وەدەریان نێن، بۆ ئەو مەبەستە دەبوو هەستی ناسیۆنالیزمیان تێیدا دروستبکەن. ئینگلیزەکان پێش ئەوەی بەفەرمی بگەنە کوردستان، ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)یان نارد، ئەوە ئاسانترین و کاریگەرترین کەرەستەی بەریەک کەوتنێکی ئاشتیانە بوو بە کۆمەڵگای کوردییەوە، ئەم ڕۆژنامەیە پێش سەرباز و فەرمانبەرەکانی بریتانیا، پەیامەکانی ئینگلیزیان گەیاند بە گوێی کوردەکاندا.

بریتانیای کۆلۆنیالیست، کە ئەودەم لیبرالیزمی کلاسیک فەلسەفەی فەرمانرەوایەتی بوو، هەوڵیدا لە رێگەی بوژاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردەکانەوە، لە هەژموونی ناسنامەی ئاینی و خێڵەکی دووریان بخاتەوە. بەم شێوەیە جۆرێک لە ناکۆکی دروست بوو لە نێوان کۆلۆنالیزمی تورکی و کۆمەڵگای نوێی کوردی، چونکە کوردەکان هەستیان بە ناسنامە نوێیە نەژادییەکەی خۆیان کرد، چیتر ئامادە نەبوون جارێکی دیکە بچنەوە ژێر رکێفی تورکەکانەوە.

جگە لە ئینگلیزەکان، ئەو نوخبەیەی کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا پلە و پۆستیان هەبوو، رۆڵی گەورەیان گێڕا لە بوژانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشور. دکتۆر رەفیق سابیر لەو بارەوە دەڵێت: "ناسیۆنالیزم، لە باشوری کوردستاندا، بەرهەمی پێشکەوتنی کۆمەڵگای باشور و ئەنجامی پێشکەوتنی ئابوری و کولتووری ئەو بەشەی کوردستان نەبوو، بەڵکو وەک بیر و ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی، کۆمەڵێک روناکبیری خەڵکی ئەو هەرێمە لە دەرەوەی ناوچەکە و لە باکوری کوردستان و ئەستەمبوڵەوە، لەگەڵ خۆیاندا هێنابویانەوە باشور."[1]

بەڵام ئەوەی ئەرکی ئەوانی زۆر قورس و گران کردبوو، ئەوە بوو، هیچ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیان لە ناو کۆمەڵگا خێڵەکیەکەی خۆیاندا نەبوو. کارکردن لە ناو کۆمەڵگەیەکی لەو شێوە زۆر قورس و گران بوو، هەر بۆیە هەندێکیان بە ناچاری و بۆ سەرخستنی پڕۆژەکانیان، دایانەپاڵ سەرکردە خێڵەکی و ئاینیەکانی خۆیان و هەندێکی دیکەشیان سەری خۆیان هەڵگرت و لە بەغدا گیرسانەوە.

**١. هاتنی ئینگلیز**

کاتێک ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٧ گەیشتنە کەرکوک، شێخ مەحمودی حەفید کە دوای هەڵهاتنی سوپای عوسمانی کاروباری سلێمانی بەڕێوە دەبرد، نامەیەکی ئاراستە کردن و داوای لێ کردن "کوردستان بخەنە لیستی گەلانی رزگاریخوازەوە."

ویلسن، حاکمی سیاسی بریتانیا لە عێراق، بەم بڕیارەی شێخ مەحمود دڵخۆش بوو. لە تشرینی دووەمی ١٩١٨ داوای لە مەیجەر نۆئێل کرد بە نوێنەرایەتی ئینگلیز بچێتە سلێمانی و ئیدارەیەکیان بە دڵی خۆیان بۆ دابمەزرێنێ، ئینگلیزەکان بە هۆی کەمی سەرباز و زۆریی خەرجییەکانیان، نەیاندەویست هێزە سەربازییەکانی خۆیان لە کوردستاندا جێگیر بکەن، بۆیە لە هەندێ قۆناغدا، هێزێکی کەمیان بۆ ماوەیەکی کورت هێناوەتە سلێمانی و هەوڵیان دا بە هێزی سەربازی شێخ مەحمود و راوێژی ئەفسەرەکانی خۆیان، فەرمانڕەوایی ئەم ناوچەیە بکەن.

---

1. رەفیق سابیر، کولتورو ناسیۆنالیزم، مەڵبەندی کوردۆلۆژی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی ٢٠٠٨، ل١٨٢.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نۆئێل، لەگەڵ مەیجەر دانلیس، کە راوێژکاری سەربازی بوو، لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ گەیشتنە سلێمانی و پێشوازییەکی فەرمی و بەرفراوانیان لێ کرا. بۆ ڕۆژی دواتر، بە فەرمی شێخ مەحمودی وەک حوکمداری کوردستانی باشور ناساند. حکومەتی کوردستانی جنوبی لە ١٩١٨/١١/١٧ لە سلێمانی دامەزرا. پاش ماوەیەک مێجەر نوئێل بۆ دەستەبەر کردنی پشتیوانی کوردەکانی بادینان و باکوری کوردستان، سلێمانی بەجێهێشت و لە جێگەی ئەو مێجەر سۆن دانرا. شێخ مەحمود و مێجەر سۆن پێکەوە هەڵیان نەدەکرد. شێخ مۆڵەتی سۆنی بەهەل زانی و ئینگلیزەکانی لە سلێمانی دەرکرد و خۆی بۆ جەنگ لەگەڵیاندا ئامادە کرد. ئینگلیزەکان لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ لە جەنگە بەناوبانگەکەی دەربەندی بازیاندا، هێزەکانی شێخ مەحمودیان تێکشکاند و خۆشیان بەدیل گرت و ڕەوانەی بەغدایان کرد، دوای دادگایکردن فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرد. دواتر حوکمەکە گۆڕا بۆ دوورخستنەوە بۆ هیندستان. بەمجۆرە کۆتاییان بە یەکەم حوکمدارێتی شێخ مەحمود هێنا.

### ٢. ئینگلیز و دروستکردنی عێراق

دوای ئەوەی بریتانیا توانی لە ساڵی ١٩١٧ ویلایەتی بەسرە و بەغدا داگیر بکات و عوسمانیەکانی دەرکرد، دەسەڵاتێکی سەربازی ڕاستەوخۆی بەسەریاندا سەپاند. سێ ساڵ بەسەر داگیرکردنی هەردوو ویلایەتەدا تێنەپەڕی بوو، شۆڕشێکی سەرتاسەری لە شارەکانی ئەو دوو ویلایەتەدا سەری هەڵدا، کەبە شۆڕشی بیست ناوی دەرکرد. ئینگلیزەکان، بۆ ئەوەی دۆخەکە لەدەست نەچێ، لە ١٢-٢٢ی ئازاری ١٩٢١دا، لەسەر داوای ونیستۆن چەرچڵ، کە تازە کرابوو بە وەزیری موستەعمەراتی بریتانیا، هەموو فەرماندە سەربازیی و مەندوبی سامی و بەرپرسە سەربازی و مەدەنییەکانی بریتانیا لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر ئامادەی کۆنگرەی قاهیرە بوون، بۆ وتوویژ کردن لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و دانانی ستراتیژی بریتانیا بۆ ساڵانی ئایندە. ئەو وەفدەی کە لە عێراقەوە چووبوو، بریتی بوون لە پێرسی کۆکس مەندوبی سامی بریتانیا، جەنراڵ ئیلمەر هاڵدن فەرماندەی هێزەکانی بریتانیا، وسلیتر ڕاوێژکاری دارایی عێراق، مس گێرترووود بێڵ، دوو کەسیش لە عێراق، کە بریتین بوون لە جەعفەر عەسکری وەزیری بەرگری و ساسۆن حسقیل وەزیری دارایی عێراق، کە وەک ڕاوێژکار بەشداربیان لەو کۆنگرەیەدا کرد. یەکێک لە بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە دیاریکردنی چارەنووسی عێراق بوو، بڕیاردرا فەیسەڵی کوڕی حسێن (١٨٨٣-١٩٣٣) بکەن بە مەلیکی عێراق.

سەبارەت بە ئایندەی کوردستان، چەرچڵ پاکێجێکی چارەسەری کە هەر خۆی ئامادەی کردبوو، خستە بەردەم لیژنەی سیاسی، بۆ ئەوەی را و سەرنجەکانی خۆیانی لەسەر نیشان بدەن. لیژنەکە پێکهاتبوو لە (سێر پیرسی کۆکس، مس گێرترووود بێڵ، کۆلۆنیل ت.ی. لۆرنس، مەیجەر هیربێت یونگ، مەیجەر بابکوک و مەیجەر نۆئیڵ). گرنگترین خاڵەکانی ئەو پاکێجە بریتی بوو لە:

یەک: نابێ ناوچە تەواو کوردییەکان بخرێنە سەر حکومەتی عەرەبی لە میزۆپۆتامیا.

دوو: دەبێ سیاسەتی حکومەتی خاوەن شکۆ، بریتی بێت لە هاندانی یەکێتی کوردەکان و پشتیوانی کردن لە ناسنامەی نەتەوەییان.

سێ: دەبێ کار بکرێت بۆ دروست کردنی سیستمێکی مەرکەزی کوردی، لەژێر چاودێریی راوێژکارێکی ئینگلیزی کە سەر بە مەندوبی سامی بریتانیا دەبێت لە میزۆپۆتامیا".[1]

پیرسی کۆکس، مەندوبی سیاسی لە عێراق سەبارەت بە ناوەڕۆکی پاکێجەکە لە کۆبوونەوەی ١٥ی ئازاردا رایگەیاند: "کورد تەنها لە سلێمانی و کەرکوک زۆرینەن و ویلایەتی موسڵ بەشێکی دانەبڕاوە لە عێراق". بەڵام هیربێت یونگ ناڕەزایی دەربڕی و رایگەیاند؛ کە دەبێ بێ دواکەوتن دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت و بخرێتە ژێر ئینتدابی راستەوخۆی بریتانیاوە. مەیجەر نۆئیڵ پشتیوانی لە قسەکانی کرد. چەرچڵ لەگەڵ ئەوەدا بوو بوونی دەوڵەتێکی کوردی لە بەرژەوەندی بریتانیایە، چونکە دەبێتە بەربەست لە بەردەم گوشارەکانی تورکیا، لە هەمان کاتدا گوشاریشە بۆ سەر هەر بزوتنەوەیەکی عێراقی دژ بە بریتانیا. لەگەڵ ئەو بۆچونەی (مەیجەر نۆئیڵ و یونگ)یشدا بوو کە پێیان وابوو "گەر حکومەتی عێراقی ببێتە خاوەن سوپایەکی بەهێز، خواستی کوردەکان نادیدە دەگرێ و وەک کەمینەیەک دەیانچەوسێنێتەوە."[2]

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا راسپاردەکەی هێربەرت پەسەند کرا، چەرچەڵ و نۆئیڵ و لۆرنس پشتیوانییان لێکرد و کۆکس و مس بێڵ لە دژی وەستانەوە. دواجار کۆکس و بێڵ، فێڵێکیان لە لایەنگرانی دروست بوونی دەوڵەتی کوردستان کرد و پێشنیازیان کرد کارکردن بەو بڕیارەی کۆنگرەکە بۆ سێ ساڵ دوابخرێت، تا کوردەکان نوێنەرایەتییەکیان بۆ ئامادە دەکرێت و بڕیار لەسەر لکاندن بە عێراقەوە دەدەن، یان نا."[3]

---

1 . جرجیس فتح الله، یقظة الکرد، منشورات دار الجمل، بیرت – لبنان، الطبعة الاولی، ٢٠١٢، ص ٢٣٠-٢٣١.

2 . نفس المصدر، ص ٢٣١.

3 . نفس المصدر، ص ٢٣١.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کۆنگرەی قاهیرە، لە ٢٢ی ئازاری ١٩٢١ کۆتایی بەکارەکانی هێنا. دوای گەڕانەوەی وەفدی عێراق، کۆکس و مس بێڵ ئامادەکاریان کرد بۆ هێنانی فەیسەڵی کوڕی حسێن بۆ عێراق، سەرەتا راپرسییەکی ساختەیان لە هەموو شارەکانی عێراق ڕێکخست، کەرکوک و سلێمانی ئامادە نەبوون بەشداریی ئەو راپرسییە بکەن. دواجار لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١دا وەک مەلیکی عێراق تاجیان لەسەر نا.

ستیفن همسلی لونگریگ، پێیوایە پێش دامەزراندنی مەملەکەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١، شتێک نەبووە بەناوی عێراق: "ناوهێنانی ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا و موسڵ بە عێراق، جۆرێک لە ناکۆکی تێیدایە، چونکە پێشتر ئەم ناوە زۆر بەکارنەهاتووە و بە درێژایی ماوەیەکی زۆر ئەوەندە جێگەی بایەخ نەبووە، هەروەها وشەی عێراق بۆ جێگەیەکی دیکە کە جیاوازە لەمەی ئێستا بەکارهاتووە."[1]

دکتۆر ڕەفیق سابیر، کە پێناسەی عێراق دەکات، پێی وایە ئەم دەوڵەتە هیچ بنەمایەکی بوون بە دەوڵەتی تێیدا نییە، چونکە لە ئەساسدا بە ڕێکەوت دروست بووە: "عێراق، وەک دەوڵەت و قەوارەی سیاسی، بەرهەمی هەڵەیەکی مێژوویی یان ڕێککەوتێکی مێژوویە، نەک بەرهەمی ڕاستی، یان پێداویستییەکی مێژوویی. هەروەها عێراق بەرژەوەندی و ئیرادەیەکی دەرەکی دروستیان کردووە، نەک بەرژەوەندی و ئیرادەی گەلێکی هاومێژوو، هاوکولتوور، هاوئامانج و هاوچارەنووس. عێراق لە کۆمەڵێک گروپی نەتەوەیی، ئێتنیکی و مەزهەبیی جۆراوجۆر دروست کرا، بێ ئەوەی زەمینەی هاوبەشی مێژوویی و کولتووری، هەستی ئینتمای هاوبەش، یان هاریکاریی نەتەوەیی لە نێوانیاندا بووبێت."[2]

پێرسی کۆکس و مس بێڵ لەبری جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەکە کە تایبەت بوون بە کوردستان، دەستیان دایە هەندێ ڕێوشوێن لە دژی ناوەڕۆکی بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرە. یەکێک لە مەترسیدارترین بڕیارەکانی کۆکس ئەوە بوو کە وەک لیوایەک مامەڵەی لەگەڵ سلێمانی دەکرد، بەڵام چەرچڵ لە حوزەیرانی ١٩٢١ کۆکسی ئاگادار کردەوە کە دەبێ سود لە تواناکانی مەیجەر نۆئیل وەرگیرێت و داوای کرد شێخ مەحمودیش ئازاد بکرێت و بگەڕێنرێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام کۆکس خۆی لەو بڕیارانەی چەرچەڵ دەدزیەوە و دەیویست کەڵک لە نەبوونی ئەو دوو کەسە وەرگرێت بۆ ئەوەی سیاسەتی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە جێبەجێ بکات."[3]

---

1. ستيفن همسلي لونگريگ، أربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ترجمة جعفر خياط، مطبعة التفيض الاهلية بغداد العراق ١٩٤١، ص ه.
2. ڕەفیق سابیر، عێراق: دیموکراتیزە کردن یان هەڵووەشانەوە، چاپی یەکەم ٢٠٠٥، ل٧
3. جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، المصدر السابق، ص ٢٣٦

### ٣. گەڕانەوەی شێخ مەحمود

لەو کاتەی شێخ دیل بوو، مستەفا پاشا یامولکی کە لە ساڵی ١٩٢١ لە تورکیاوە گەڕابووەوە بۆ سلێمانی، لە ٢١ی تەموزی١٩٢٢ "جەمعیەتی کوردستان"ی بە شێوەیەکی فەرمی دامەزراند، خۆی بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەکە. دامەزراندنی جەمعیەتی کوردستان وەک یەکەمین رێکخراوی سیاسی و کولتووریی کوردی لە باشووری کوردستان، جگە لەوەی پڕۆژەیەکی گرنگی بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگایەک بوو، کە تا ئەو دەمە بنەما خێڵەکی و شێخایەتییەکان ئاراستەیان دەکرد؛ لە هەمان کاتدا دانانی بەردی بناغەی قۆناغێکی نوێ بوو لە خەباتی نەتەوایەتی کوردستاندا.

جەمعیەتی کوردستان، دەیویست ناسیۆنالیزمی کوردی تەنها لە بەرگریکردن لە زمان و مێژوو و کەلتوری کوردیدا قەتیس نەکات، بەڵکو بیکاتە خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەیی و لە مەسەلە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، خاوەنی گوتاری خۆی بێت. جەلال تاڵەبانی رای وایە: "جەمعیەتی کوردستان کاری دەکرد بۆ یەکخستنی تواناکانی رۆشنبیر و خوێندەواران و کاسبکارە نیشتمانپەروەرەکانی کورد، هەرچەندە جەمعیەتێکی بچوک بووە، بەڵام زۆر چالاک بووە لە سلێمانی و موژدەی ریالیستیانەی پێ بوو بۆ زەرورەتی ئەوەی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بکات بە حکومەتێکی نیشتمانی کوردی و دوریخاتەوە لە عەشائیریەت و بنەماڵەیی... جەمعیەتەکە رەخنەی لە هەوڵەکانی شێخ مەحمود گرتووە کە ویستوویەتی ئۆرۆستۆکراتیەتێکی خێڵەکی بەسەر شاری سلێمانیدا بسەپێنێت و داوای دانانی دەستور و ریفۆرمی ئیداری کردووە."[1]

ستراتیژی کاری ئەندامانی ئەم جەمعیەتە گەیشتن بوو بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی. هەوڵی ئەوان ئەوە بوو کە کورد خۆی لە تورک و عەرەب و فارس جیاکاتەوە و کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی بکات: "ئەی کورد، برایان! هەموو پەمو لە گوێ دەربێنن و چاو بکەنەوە بۆ یەکبوونی خۆتان هیمەت بکەن و، شەرەفی باوباپیرتان بکڕنەوە. لە خدمەتکاری تورک و مورک خۆتان رزگار بکەن. لە پاش دا پەشیمان دەبن و پەشیمانی بە کەڵکتان نایە، ها"[2]

لە وتارێکی دیکەدا ئەرکی بە ئاگا هێنانەوەی میللەتی لەو دۆخە ئابورییە خراپ و نالەبارە خستووەتە ئەستۆی منەووەرەکانی کورد: "قەومی ئێمە کە ئێستا لە دونیادا لەو قەومە فەقیرانەیە کە لە مەعاریف و صەنایعدا زۆر پاش کەوتوون و ئیحتیاجێکی

1. جلال طالبانی، کردستان والحرکة القومیة الکردیة، منشورات النور، بغداد – العراق، الطبعة الاولی ١٩٧٠، ص ٥٩.
2. تێگەیشتنی راستی، سەروتاری ژمارە ٤، ١٢ کانونی ساڵی ١٩١٨.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەوڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

زۆریان به صەنعەت و مەعاریفە و لەبەر ئەمە گەلێکیان لە ئەحوالّی دونیا بێ خەبەرن و زۆری فەقیرش ماونەوە، خزمەتی ئەم قەومە یاریدەی ئەمانە، لەسەر هەموو باخەبەرێک، لەسەر هەموو تێگەیشتوویەک لازمە".[1]

یەکێک لە کارە گرنگەکانی منەورەکانی سلێمانی بۆ یەکخستنی کۆمەڵگای کوردی لەژێر چەتری میللەتی کورد و دروستکردنی هەستی هاوبەش، گرنگیدانیان بوو بە مەسەلەی پەروەردە و فێرکردن و بردوودان بە خوێندەواری. منەورەکان لەو سەردەمەدا لە نووسینەکانیاندا لە خەمی دروست کردنی زمان و ڕێنووسی هاوبەش بوون بۆ خەڵکی باشوری کوردستان.

یامولکی لەوبارەوە دەڵێت: "ئەی جەوانمەردانی کوردان! ئەی نەتەوەی ماد و پەهلەوییان! بخوێنن، بنوسن. ئێوە و خوا، حەیف نییە پیاوێک بۆ ئیشوکارێکی پێویستی خۆی بۆ ژنی و یا ژنێک بۆ کەس و کاری خۆی، نەتوانێ کاغەزێک بنووسێت و ئەوەی لە دنیادایە دوراو دور بەیەکتری حاڵی نەکەن و بۆ دوو سێ کەلیمەنووسین ژنان بە مالاّنەوە، پیاوان دوای فەقێیانی مزگەوتانەوە بگەڕێن و قسەی پەنهانی خۆیان بە بێگانە بخوێننەوە!". [2]

جەمعیەتی کوردستان و خودی مستەفا پاشا یامولکی، لە هەوڵێکی بەردەوامدا بوون بۆ قەناعەت پێهێنانی ئینگلیز بۆ گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود و سەر ئەنجام هەوڵەکەشیان سەری گرت و ئینگلیز بڕیاری گەڕانەوەی شێخ مەحمودیدا.

لە ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٢ شێخ مەحمود، لەژێر گوشارەکانی چەرچڵ گەڕایەوە کوردستان، ئەمجارەش مەیجەر نۆئێڵی هاوڕێی دێرینی وەک راوێژکار لەگەڵیدا بوو. لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دووەم حکومەتی خۆی راگەیاند و وەک مەلیکی کوردستان دەستبەکار بوو. ئاڵای کوردستانی سەربەخۆی هەڵکرد، بەڵام زۆری نەبرد تورکەکان هاتنە سەر خەت و لە ڕێگەی لایەنگرانی خۆیانەوە و بە پیلانی ئۆزدەمیر ناکۆکیان لە نێوان ئینگلیز و شێخ مەحمود دروستکرد و شێخ مەحمود خۆی بەلای تورکەکاندا ساغ کردەوە. ئەمە خەڵاتێک بوو بۆ کۆکس و مس بێڵ بۆ ئەوەی پیلانی روخاندنی کوردستانی جنوبی بکەن بە عەمەلی. لە ٢ی ئازاری ١٩٢٣ بۆمباران کردنی سلێمانی دەستی پێکرد و دوای دوو ڕۆژ شێخ مەحمود پاشەکشەی کرد بۆ دەرەوەی سلێمانی. بەمجۆرە کۆتایی بە حکومەتی دووەمی شێخ مەحمود هات و شێخ جەنگی پارتیزانی دەست پێ کرد.

---

1. مستەفا پاشا یامولکی، مەقصەدمان لەم جەریدەیە، بانگی کوردستان ژمارە ١٤-١.
2. بانگی کوردستان ژمارە ١٤.

شێخ مەحمود کۆڵی نەدا و دوای ماوەیەک جەنگی پارتیزانی، هێزەکانی بریتانیا لە سلێمانی پاشەکشەیان کرد، بۆ جاری سێیەم، ١١ی تەموزی ١٩٢٣ شێخ گەڕایەوە و دەستی بەسەر سلێمانیدا گرتەوە. دەزگایەکی نوێی بەڕێوەبەرایەتی بۆ حکومەتی سێیەمی کوردستان پێکهێنا. ئەم هەنگاوانەی شێخ مەحمود بە هیچ شێوەیەک بە دڵی حکومەتە تازە دامەزراوەکەی عێراق و بریتانیا نەبوو، بۆیە هێزێکی زۆریان کۆکردەوە بۆ داگیرکردنی سلێمانی، دوای بۆمباران کردن و پەلاماری سەربازی توانییان لە ١٩ی تەموزی ١٩٢٤دا داگیری بکەنەوە و حکومەتی سێیەمی شێخ مەحمود بڕوخێنن و دواتر سلێمانی بکەن بە لیوایەک لە لیواکانی عێراق.

**سێیەم: پرۆژەی میللەتی عێراق و سیاسەتی تواندنەوە**

مەلیک فەیسەڵ دەیزانی ئەو جوگرافیایەی ئەویان کردووەتە پاشای، لە جۆرەها ئاین و نەتەوە و خێڵ پێکهاتووە و هیچ لێکچوون و هاوبەشیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێکەوەیان گرێ نادات لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: "ئەم وڵاتەی پێی دەوترێ عێراق، لەو وڵاتانەیە کە گرنگترین رەگەزی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە یەکێتی (فکر و میللەت و ئاین)ە، تیدا نییە..." هەروەها نووسیویەتی: "عێراق مەملەکەتێکە، عەرەبی سونە حوکمی دەکات. لەسەر کەلاوەی حوکمڕانی عوسمانیەکان بونیاد نراوە. ئەم حکومەتە فەرمانڕەوایی بەشێکی کورد دەکات کە زۆرینەیان نائاگان، کەسانێکیان تێیدایە تموحی شەخسی هەیە و داوا لە خەڵک دەکات لەم حکومەتە دابڕێ، پێیان دەڵێین ئەوانە لە رەگەزی ئێوە نین. زۆرینەیەکی شیعەی نائاگاش، هاوخوێنی حوکمڕانە سونیەکانن، بەڵام بەهۆی ئەو چەوسانەویەی کە بەدەستی تورکەکانەوە تووشی هاتوون و رێگەی بەشداری کردنیان لە دەسەڵاتدا پێنەداون، وای لێ هاتووە دۆڵێکی گەورەی لە نێوان نەتەوەیەکدا دروست کردووە کە بەسەر هەردوو مەزهەبی شیعە و سونەدا دابەش بوون."[1]

هەروەها دەڵێت: "دڵم پڕە لە خەم، بە باوەڕی من، هێشتا لە عێراقدا شتێک نیە ناوی گەلی عێراق بێت، بەڵکو کۆمەڵە مرۆڤێک هەن کە هیچ باوەڕێکیان بە بیروباوەڕی نیشتمانی نییە، ئەوان بەتەواوەتی لەژێر هەژموونی دابونەریت و خەیاڵاتی پڕوپوچی ئاینیدان و هیچ هاوبەشییەک لە نێوانیاندا نییە و کۆیان ناکاتەوە، حەزیان لە گوێ گرتنە لە شتی خراپ، مەیلیان بەلای فەوزا و ئاژاوەدا هەیە، هەمیشە ئامادەن بۆ داروخانی هەر حکومەتێک کە هەبێ... ئێمە دەمانەوێ لەم کۆمەڵە خەڵکە گەلێک دروست بکەین، رامی بکەین و رای بهێنن، فێری بکەین، ئەوەی دەزانێ لەو

1. عبد الرزاق الحسني، مصدر السابق، ص١٢١.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەلومەرجەدا دروست کردنی گەلێکی وا چەند سەختە، دەبێ ئەوەش بزانێ کە خەبات کردن بۆ دروست کردنی ئەم پێکهاتە و ئەم ڕێکخستنە، خەبات و تێکۆشانێکی مەزنی دەوێ. پاشان دەڵێت: لەو کاتەی تاجی شاهی عێراقی لەسەر ناوە، خەباتێکی بەردەوامی زۆری کردووە بۆ دروست کردن و پێکهاتنی گەلی عێراق، ئەرکەکەی قورس و تاقەت پڕوکێن بوو و نە بێ هیوا بووە و نەترساوە، بەڵکو خۆڕاگر بووە و بە پلانێکی زانستی ورد و ڕێبازێکی تەواوەوە کاری کردووە بۆ دروستکردنی سوپایەک تا بتوانێ لە یەک کاتدا چەند یاخیبوونێکی چەکداری لە دوو ناوچەی جیاوازدا دامرکێنێتەوە.

هەر لە سەرەتای داگیرکردنی کوردستانەوە، عێراق بە سیاسەتی نکۆڵی کردن لە کورد دەستی پێ کرد. پەرلەمانی عێراقی لە ٢١ی ئازاری ١٩٢٥ دەستورێکی دەرکردووە، بەبێ ئەوەی بە وشەیەک ناوی کورد وەک نەتەوەیەکی سەرەکی ئەو مەملەکەتە بهێنێت. بۆ دڵنەوایی بریتانیا و ئەو کوردانەی کە کاربەدەست بوون لە حکومەتدا، لە مادەی شەشەمدا تەنها ئەوە هاتووە "لە بەرانبەر یاسادا جیاوازی نییە لە نێوان عێراقییەکاندا، با لەرووی نەتەوە و ئاین و زمانیشەوە جیا بن."

هەروەها لە مادەی شازدەیەمدا هاتووە: "تائیفە جیاوازەکان مافی دروستکردنی قوتابخانە و فێربوون بە زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و دەتوانن بییارێزن، بەڵام دەبێ بەپێی مەنهەجێکی گشتی بێ و بە یاسا دیاری بکرێت". هەموو ئەوانە ئاماژە بوون بۆ ئەوەی چیتر نە بریتانیا و نە عێراق وەک نەتەوەیەکی جیاواز لەگەڵ کورددا مامەڵە ناکەن. دیپلۆماسیەتی بریتانیا دوای ڕێککەوتن لەگەڵ تورکەکاندا، توانی لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥، ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە دانیشتنی ژمارە ١٥ی خولی بیست و حەوتەمینی خۆیدا، قەناعەت پێبێنێ کە مەسەلەی ویلایەتی موسڵ لە قازانجی بریتانیا یەکلایی بکاتەوە و بلکێنرێت بە عێراقەوە.

ساڵی ١٩٢٦ سەرۆک وەزیرانی عێراق لە وتارێکدا لە بەردەم پەرلەمانی عێراقی رایگەیاندوە کە عێراق پابەند دەبێت بەوەی زمانی فەرمی لە ناوچە کوردییەکاندا کوردی بێت، لە پاڵ عەرەبیدا و فەرمانبەرەکانیش کورد بن، بەڵام ئەو قسانە هەر مەرەکەبی سەر کاغەز بوون. ئەو گەلەکۆمەکێ و بەڵێنە بێ کردارانە وای نەکرد تێکۆشەرانی کورد سارد ببنەوە و دەستبەرداری داوای سەربەخۆیی کوردستان بن. خەبات و تێکۆشانی ئەو نوخبەیەی کورد بەردەوام بوو.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٦ هنری دەبس مەندوبی سامی بریتانیا لە عێراق، لە نامەیەکی حەوت لاپەڕەییدا ئەزمونی ئینگلیزەکان لەگەڵ گەلی (سکۆج – سکۆتلەند)

خستوەتە بەردەم مەلیک فەیسەڵ و داوای لێ کردوە بۆ دروست کردنی عێراقێکی سەقامگیر بەرقەرارکردنی یەکێتی نیشتمانی عێراق دەبێ دڵی کوردەکان رازی بکات وەک چۆن دڵی عەرەبەکانی رازی کردووە و پێی وتووە چاو لە فیکتوریا شاژنی بریتانیا بکات کە توانی لە نێوان (ئینگلیز و سکۆج)ەکان ئاشتی بەرقەرار بکات و باری ناوخۆی وڵات بەهێز بکات، هەروەها داوای کردووە کە ڕێکخراوێکی دۆستایەتی و پێکەوە ژیان لە نێوان کورد و عەرەب دروست بکات و لقێکی لە کەرکوک و ئەوی دیکەی لە موسڵ بێت و خۆی ئەوە ڕاگەیەنێت کە دوو ئەستێرەکەی ناو ئاڵای عێراق هێما بن بۆ هەردوو گەلی کورد و عەرەب و هاوینان لە شەقڵاوە دانیشێ و هەوڵی فێربوونی زمانی کوردی بدات."[1] بەڵام فەیسەڵ نەک بە گوێی نەکرد، بەڵکو سیاسەتێکی مەترسیداری بەرانبەر کورد و مافەکانی گرتەبەر. ئەو کە لە سوریاوە ڕاونرابوو بۆ عێراق، داروودەستەکەشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، بەشی زۆری ئەوانە بە فکری عروبە گۆش کرابوون، بۆیە هێشتا شوێنەکەی لەسەر کورسی مەلیکایەتی بەتەواوەتی گەرم نەبووبوو، لە سێ ئاستدا کەوتە جێبەجێ کردنی بەرنامەی (یەک میللەت و یەک ئاڵا و یەک زمان و یەک وڵات).

یەکەم: بە زەبری هێز: دامرکاندنەوەی یاخی بوونی ئاسوریییەکان و شیعەکان لە باشور، داگیرکردنەوەی سلێمانی و ڕوخانی حکومەتی سێیەمی شێخ مەحمودی سپارد بە سوپای عێراق. لەوەدا ئینگلیزەکان جگە لە هاوکاری لۆجیستکی، بەخستنە خزمەتی هێزی ئاسمانی پاشایی و دابینکردنی چەک و تەقەمەنی و سوپای لیڤی کە لەژێر فەرمانی خۆیاندا بوو، وای کرد ئامانجە سەربازییەکانی بەدی بهێنێت.

دووەم: کڕین و هەڵخەڵەتاندن؛ زۆرێک ئەوکەسانەی کە دژی سیاسەتەکانی بوون و ئامادە نەبوون بچنە ژێر سایەی عەرشەکەیەوە، لە ڕێگەی پێدانی پلەوپۆست و جێ کردنەوەیان لە هەیکەلی وەزارەت و ئەنجومەنی نوێنەران و بەڕێوەبەرایەتیەکانی حکومەت، وەلائیانی کڕی و بێدەنگی کردن و خستنیە خزمەتی پڕۆژەکەیەوە. لەمەدا بەشێک لەو کوردانەی کە سەردەمانێک لە کابینەکانی شێخ مەحموددا ڕۆڵی گەورەیان دەگێڕا و کاریان بۆ نەتەوەسازی کورد دەکرد، لە پڕێکدا هەڵگەڕانەوە و چوونە خزمەتی پڕۆژەکەی مەلیک فەیسەڵ و کاریان بۆ دروست کردنی میللەتی عێراق کرد.

هەندێ لەوانە بەو گوتارانەی مەلیک فەیسەڵ هەڵخەڵەتابوون کە باسی لە عێراقێک دەکرد تێیدا کورد وعەرەب بە یەکسانی پێکەوە بژین و مافەکانیان پارێزراو بێت و

1. . شعبان مزيري، اليسارية وتاجر كوردي كبير:
https://www.gilgamish.org/2009/08/15/20547.html


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەپێی بڕیارەکانی عوسبەتول ئومەم لە کوردستان زمانی فەرمی کوردی دەبێ و فەرمانبەرەکانی تەنها کورد دەبن، بەڵام ساڵی ١٩٢٧ بەولاوە، لە وەعدەکانی پەشیمان بوەوە و بەوپەڕی تواناوە کاری بۆ توانەوەی کورد کرد لە قەوارەی عێراقدا.

سێیەم: پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن؛ مەلیک فەیسەڵ لەگەڵ خۆیدا ساتع الحوسەری (١٨٧٩ - ١٩٦٨) هێنایە عێراقەوە کە بە باوکی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەناسرێ. ئەلحوسەری کرد بە بەڕێوەبەری گشتی مەعارف لە عێراق. هەرچەندە ئەم دوانە لە رووڵەتدا وادەردەکەوت بیروباوەڕیان جیا بێ و ساتع عەرەبیانە بیری دەکردەوە و فەیسەڵ عێراقیانە، بەڵام هەردووکیان باش دەرکیان بەوە کردبوو کە ئەگەر لەم قۆناغەدا پێداگری لەسەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکەنەوە، ئەوا لەلایەن کورد و نەتەوەکانی دیکەی عێراق و تەنانەت شیعەکانیشەوە کاردانەوەی توند رووەدەدات، بۆیە لەسەر ئەوە رێککەوتبوون کە لە قۆناغی یەکەمدا "میللەتی عێراق" دروست بکەن و لە رێگەی پەروەردە و فێرکردنیشەوە ئەم میللەتە تەنها بە زمانی عەرەبی و بیری عەرەبی پەروەردە بکرێ و لە دوا قۆناغدا بکرێت بەبەشێک لە پرۆژەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی.

ساتع ئەلحوسەری، زیاتر لە ٢٠ ساڵ سەرپەرشتی دانانی مەنهەجی خوێندنی لە عێراق کرد، لەو بیست ساڵەدا دە سەرۆک وەزیران و چەندین وەزیری مەعارف گۆڕان، بەڵام ئەو هەر لە جێگەکەی خۆی مایەوە. ئەلحوسەری لەو بیست ساڵەدا هەر لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە بگرە تا پەیمانگا و زانکۆکان، قوتابیانی بە بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی و گیانی عێراقچێتی پەروەردە کرد. لەو ماوەیەدا جەختی لەسەر بە زۆر سەپاندنی زمانی عەرەبی کردەوە لە قوتابخانەکاندا، هەروەها بە پێی بیروڕای ناسیۆنالیزمی عەرەبی مەنهەجی مێژووی لە هەموو قۆناغەکاندا نووسیەوە، بە جۆرێک هیچ ئاماژەیەک بۆ مێژووی کورد لە وانەکاندا نەبوو. رێگەی نەدەدا بە ناردنی خوێندکارانی کورد و شیعە بۆ خوێندن لە دەرەوە. ساڵی ١٩٣٣ لەسەر حسابی حکومەت ٣٠ خوێندکار لە موسڵ، ٢٧ لە بەغدا و ٢٥ لە بەسرە، ٩ لە عمارە، ٦ لە ناسریە ٦ لە کوت و ٨ لە دیوانیە بۆ خوێندن نێردران بۆ دەرەوە؛ هیچ خوێندکارێکی کورد لە سلێمانی و کەرکوک و هەولێر ئەو فورسەتەیان پێ نەدرا.[1]

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی "سەردەمی قەڵەم و موراجەعات"دا سەبارەت بە هەڵوێستەکانی مەلیک فەیسەڵ بەرانبەر بە کورد نووسیویەتی: "فەیسەڵ لە مافی

1. حسين الركابي، ساطع الحصري ودوره الخبيث بتدمير التعليم في العراق:
https://www.kitabat.info/subject.php?id=82810

یەکسانی هاوڵاتێتی و، بەکارهێنانی زمانی کوردی زیاتر تێنەپەڕیوە، بۆ سەلماندنی مافی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی، چ جای ئۆتۆنۆمی. ئەمەیش لەو گفتوگۆیەدا باشتر روون ئەبێتەوە کە لەگەڵ مەندوبی سامیدا کردویەتی، بە راشکاوی مەترسیی خۆی لەوە پیشان ئەدا کە مەسەلەی کورد لە عێراقدا ببێتە هۆی تێکدانی نێوانی عێراق لە گەڵ دراوسێکانی تورکیا و ئێران و سەرەنجام عێراق لە شەڕەوە بگلێنێ. لە پەراوێزی ناسینی ڕەسمیی زمانی کوردیدا، لای وابوە کە دانی هەر ئیمتیازێک بە کورد، ئەبێ بەهۆی ئەوەی داوای ئیمتیازی زۆرتر بکەن، تا ئەگا بە داوای سەربەخۆیی."[1]

**چوارەم: دواین جەنگی لە پێناوی سەربەخۆییدا**

لە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن بریتانیاوە، سێ پەیماننامە (١٩٢٢ –١٩٢٦ – ١٩٢٧) لە نێوان بریتانیا و عێراق کە هێشتا سەربەخۆیی خۆی بەدەست نەهێنابوو بەسترا. لە هەموو ئەو ڕێکەوتنامانەدا بریتانیا خواستەکانی خۆی بەسەر عێراقدا دەسەپاند، بەڵام دەوڵەتمەدارانی عێراق کۆڵیان نەدەدا و بەبەردەوامی گوشاریان دەخستەسەر ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی کۆت و بەندی ئیستعماریی خۆیان لەسەر وڵاتەکەیان هەڵگرن. لە ساڵی ١٩٢٩ پارتی کرێکارانی بریتانیا هاتەسەر دەسەڵات، حکومەت داوای لە مەندوبی سامی خۆی لەبەغدا کرد کە حکومەتی عێراق ئاگادار بکاتەوە کەوا بریتانیا دەیەوێ کۆتایی بە ئینتداب بهێنێ و سەربەخۆیی تەواوی پێبدات و بە نیازە کۆمەڵەی گەلان ئاگادار بکاتەوە بەوەی کە ئیتر عێراق دەتوانێ کاروباری خۆی بەڕێوە ببات. بەمجۆرە هەردولا خۆیان ئامادەکرد بۆ دەست پێکردنی گفتوگۆ و بەستنی ڕێکەوتنامەی ساڵی ١٩٣٠.

لە ٢٣ی مارسی ١٩٣٠ نوری سەعید کابینەی حکومەتی پێکهێنا و دەستکرا بە گفتوگۆی دوو قۆڵی لەگەڵ بریتانیا. نوری سەعید نوێنەرایەتی عێراقی دەکرد و فرەنسیس هێنری همفری کە تازە وەک مەندوبی سامی دەستبەکار بووبوو، نوێنەری بریتانیا بوو. عێراقییەکان هەوڵیان دەدا بریتانیا بە کەمترین نفوزەوە لە عێراق دەرچێ و بریتانیاکانیش تەواوی هەوڵی خۆیان خستبووە گەر بۆ ئەوەی زۆرترین مەرج بسەپێنن بە سەر عێراقدا.

نوری سەعید بۆ ئەوەی ناوچە کوردییەکان ئارام بکاتەوە و هەلومەرجێکی گونجاو بۆ گفتوگۆکانی بریتانیا و عێراق بڕەخسێنێ و وا بکات بریتانیا کوردەکان وەک کارتی فشار بۆ سەر عێراق بەکار نەهێنێ، هەندێ مافی بۆ کوردەکان دەستەبەر کرد،

1. نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٠، ل١٧٢–١٧٣.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەرەتا بۆ ئەوەی نیاز پاکی خۆی دەربخات "بەیاننامەیەکی ڕەسمی بڵاوکردەوە تێیدا جارِی ئەوەی دا کە حکومەتەکەی پێخۆشە ڕەچاوی داخوازی کوردەکان بکات و بڕیاری دا گەڵاڵە نامەیەکی یاسایی ئامادە بکرێ لە کاتی کۆبوونەوەدا بخرێتە بەردەمی پەرلەمان بۆ ئەوەی زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان بە گوێرەی مادەی حەڤدەیەمی یاسای بنەڕەتی ببێتە زمانێکی ڕەسمی. ئەو هەڵوێستە دەنگدانەوەیەکی باشی لە ناوچەکە دایەوە، تۆفیق وەهبی موتەسەڕیفی سلێمانی لە ١٣ی نیسانی ١٩٣٠ بروسکەیەکی بۆ حکومەتی نوری سەعید لێدا و تێیدا سۆزی خەڵکی شاری سلێمانی لە بەرانبەر ئەو بڕیارەی حکومەتدا وەدەرخست و سوپاس گوزاری کرد."[1] هەوڵەکانی نوری سەعید هەر ئەوە نەبوو، بەڵکو بڕیاری دا لەسەر ئەساسی مادەی شەشەمی دەستور، لە ناوچە کوردییەکان زانینی زمانی کوردی بکرێتە پێوەر بۆ دامەزراندن. "هەر بە ڕێنوێنی نوری سەعید بوو، کە حکومەت وەزارەتی مەعاریفی ئاگادار کردەوە تا موفەتیشی کورد بۆ ئەو قوتابخانانە دامەزرێنێ کە زۆربەیان کوردن."[2] نوخبەی سیاسی کوردستانی لەوە تێگەیشتبوون کە ئەم ڕێکەوتنە، دواین چانسی کوردە بۆ چەسپاندنی مافەکانی و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان و سەربەخۆیی کوردستان. بۆیە بە سێ قۆناغ هەوڵی جێکردنەوەی مافەکانی کوردیان دەدا لە ناو ڕێکەوتننامەکەدا

**قۆناغی یەکەم: پێش ڕێکەوتن**

لە سەروبەندی وتوویژەکاندا، نوخبەی سیاسی کوردستانی لە ڕێگەی ناردنی موزەکەرەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان و مەندوبی سامی و مەلیکی عێراقەوە ناڕەزایەتییان بەرانبەر پێشێل کردن و پشتگوێ خستنی مافەکانی گەلی کورد دەربڕیووە و هەڕەشەی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەرییان کردووە.

لە ٢٠ی کانونی دووەمی ١٩٣٠ محەمەد ئەمین زەکی بەگ نامەیەکی بۆ مەلیک فەیسەڵ نووسی و پرسی کوردی بەبیر هێنایەوەو باسی لە مەترسیەکانی چارەسەر نەکردنی ئەم پرسە لە چارەنووسی پەیوەندی کورد و عەرەب کردووە: "بە کەمالی تەئەسوفەوە ئەبینین کە ئەم مەسئەلەیە وردەوردە ڕوو لە گیروگرفتییەوە بووە بە سەبەبی هاوار و شکایاتی بەردەوامی کوردە. ئەم وەضعیەتە لەوانەیە ببێ بە سەبەبی چاندنی تۆوی نیفاق و ئیختیلاف لە دڵ و دەروونی هەردو میللەتدا و زۆر سعوباتی

1. عبدولرەزاق ئەحمەد ئەلنەصیری، نوری سەعیدو پرسی کورد، میژوو و کوردناسی – بەرگی دووەم، وەرگێڕانی د. نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ٢٠٢٠، ل ١١٤ –١١٥.
2. هەمان سەرچاوە، ل ١١٥.

سیاسی و ئیداری بۆ حکومەتی جەلالەتان بێنێتە پێشەوە، شایستەی ئەوەیە کە بە ئەهمیەت تەماشا بکرێ، لە ئەسباب و عەواملی ورد ببرێتەوە لێکبدرێتەوە و هەوڵبدرێ بۆ دۆزینەوەی چارەیەکی مەعقول و موناسیب، لە پێش ئەوەی فرسەت لەدەس بچێ. ئەما ئەو چارە و طەرزی تەداویەی کە ئێستا حکومەتی موتعاقیبەی عێراق کردویانە، هیچ ئەمرێکی نەبەخشیوە، چونکە بێ طەرەفانە و عالیمانە نەبووە."[1]

لە جێگەیەکی دیکەدا نووسیویەتی: "هیچ وەختێک کورد عەرەب نییە، وە لەوەندەی کە ئیسکۆجی بووە بە ئینگلیز زیاتر نابێ بە عەرەب. ئیجبارکردنی بۆ ئیستعمالکردنی زمانی عەرەبی وە یا عادەتی عەرەبی قەد نابێتە وەطەنییەکی صادق بۆ عێراق، خولاصە نابێ هەوڵ بدرێ بکرێ بە عەرەبێکی تەواو، بەڵکو ئەبێ هەموو تەشویقات و تەسهیلاتێکی بۆ بکرێ تا ببێتە کوردێکی تەواو."[2]

شێخ مەحمودی مەلیک، لە ٢١ی مارسی ١٩٣١ نامەیەکی توندی ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان کرد. لە نامەکەیدا هاتووە: "ئەم نەتەوەیە نەتەوەی کورد، کە من شانازی بەوە دەکەم بە یەکێک لەوان دەژمێرێم و ئێستا ئەم نەتەوەیە لەبەشی باشوری وڵاتی گەورەی کوردان، کە بە عێراقەوە لکێنراوە نیشتەجێیە. من بە ئەرکی خۆمی ئەزانم سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەوە خاڵە راکێشم کە خاکی کوردستانی لکێنراوە بە عێراقەوە، بە هیچ شێوەیەک وەک (بین النهرین) نەکەوتوەتە ژێر دەستی هیچ یەک لە هێزەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکان یان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان. کوردەکان خۆیان لە ١٩١٨ دا چەکیان هەڵگرت و دەوڵەتێکیان دروست کرد کە بەڕێوەبەرایەتی وڵاتی بەناوی "دەوڵەتی کوردستانی باشور"ی گرتە دەست، لەو سەردەمەدا عێراق پشێوی تێکەوتبوو، هێشتا هێزەکانی یەکگرتوو (متحد) و هاوپەیمانی (موتفقین) لە ناویدا شەڕیان دەکرد، پاشان بۆ بەدبەختی ئێمە خاکەکەمان بە عێراقەوە لکێنرا ئەوروپاش کە لافی ئەوەی لێدەدا بۆ بەرگری لە ماف و دادپەروەری چەکی هەڵگرتووە، لە بەرانبەر ئەم ستەمە گەورەیەدا بێدەنگ بوو. بێگومان بەداواکاری ئەوەی وڵاتی ئێمە بە وڵاتی عێراقەوە بلکێنرێ و هەوڵدان بۆ رازی کردنمان بۆ قەبوڵ کردنی ئەم لکاندنە بە زۆری چەک، بە هیچ شێوەیەک ئەو ئاشتی و ئاسایشەی کە کۆمەڵەی گەلان دەیەوێ لەم بەشەی دنیادا بەرپای بکات، دابین ناکرێت. تا ئەو کاتەی چارەنووسی وڵاتی کورد بەدەستی رۆڵەکانی خۆی نەسپێرێ و تا ئەو دەمەی دەوڵەتێکی کوردی بەڕێوەبەرایەتی بەشی کوردنشینی ئەم ناوچەیە نەگرێتە دەست، ئومێدی بە ئاشتی

1. ئەمین زەکی بەگ، دوو تەقەلای بێسود، چاپخانەی مەریوانی، بەغدا ١٩٣٥، ل ٢٥.
2. هەمان سەرچاوە، ل٤٨.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

و ئاسایش لەم ناوچەیەدا نییە، کە کورد خاوەنی مێژوویەکی هەزاران ساڵەن و هەمیشە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژودا زانیویانە و توانیویانە بەرگری لە ژیان و وڵات و مێژو و بەها نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن، ئێستا بڕیاریان داوە بە بەرگری کردنی چەکدارانە لە خۆیان تا دواکەس بمرن، بەڵام مل بۆ کویلەیەتی عەرەبەکانی عێراق، کەچ ناکەن.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت داننانە بە سەربەخۆیی وڵاتەکەماندا. واتە (دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی باشور) و بڕین و لە ناوچونی هەموو پەیوەندییەک بە دەوڵەتی عەرەبی عێراقەوە.[1]

بریتانیا مەسەلەی کوردی وەک گوشارێک بۆ سەر بەغدا هێنایە گۆڕێ و هەڕەشەی لە عێراق کرد گەر بە مەرجەکانی رازی نەبێ، پشتیوانی لە کوردەکان دەکات بۆ جیابوونەوە.

**قۆناغی دووەم: دوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکە**

لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ پەیمانی بریتانی عێراقی ئیمزا کرا، بەپێی ڕێکەوتننامەکە، بریتانیا رازی بووە عێراق لەژێر ئینتدابی بریتانیادا دەربچێت و سەربەخۆیی خۆی بەدەست بهێنێت. بەڵام هەموو ئەو مافانەی کە پیشتر لە کۆمەڵەی گەلاندا بۆ کورد دیاری کرابوو و بریتانیا و عێراقیش پابەند بوونی خۆیان بۆ جێبەجێ کردنی ڕاگەیاندبوو، پشتگوێ خران و تەنانەت بە دێڕێکیش لەو پەیماننامەیەدا باس لە کورد نەکرابوو. نوخبەی سیاسی و ئەشراف و عەشایری کوردستان لە هەموو کوردستانەوە دەستیان دایە ناڕەزایی و بە سەدان موزەکەرە و عەریزەیان نووسی بۆ مەندوبی سامی بریتانیا و کۆمەڵەی گەلان و کاربەدەستانی عێراق.

دوابەدوای ئیمزا کردنی ڕێکەوتننامەکە، ڕۆژی١٩٣٠/٧/٢٢"عمومی ئەشراف و قیسمێک عەشایەری سلێمانی چوونە تەلغرافخانە، جەعفەر عەسکەر ڕەئیسەل وزەرایان بانگ کرد، حەمە ئاغای عەبدوڕەحمان ئاغا، لە جیاتی خەڵک ئەم قسانەی لەگەڵ کرد:

فەخامەت مەئاب!

لەو موعاهەدە تازەیەی کە کراوە ئەو حقوقەی عوسبەتول ئومەم خستویەتە قەرارەوە و بە کوردی بەخشیوە تیا دەرج نەکراوە، بۆ ئەم خسوسە موتەعەدید دەفعە لە تەرەف عوموومی عەشائیر، ئەشراف، توجار خولاصە هەمو کوردەکانەوە

1. نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢ – ١٤٣.

تەلغراف بۆ زاتی دەولّەتیتان نووسراوە، مەعەلئەسف هەتاوەکو ئێستا جوابێکی شافیمان و عادلمان وەرنەگرتۆتەوە، ئینتیظار ئەکەین.

لەوەلّامدا سەرۆک وەزیران بە تەلەفۆن وتی: منیش وەکو ئێوە کوردم و ئارەزوی سەعادەتی ئەکەم و بۆ ئەم خسوسە سەعی ئەکەم و لەگەلّ مەندوبی سامیدا لە موذاکەرەداین، هەتا چوار رۆژی تر بۆ ئەم خسوسە دێینە سلێمانی و گفتوگۆتان لەگەلّ ئەکەین. رەئیسەل وزەرا.[1]

**قۆناغی سێیەم: پێش رەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**١. شەشی ئەیلولی ١٩٣٠**

لە بەرانبەر سیاسەتی ئینکارکردنی مافەکانی گەلی کورد، دەستەبژێری سیاسی سلێمانی، بڕیاریان داوە لە هەلّبژاردنە چاوەڕوان کراوەکەی ئەیلولی ١٩٣٠ بەشداری نەکەن. لە ٦ی ئەیلولدا خۆپیشاندانێکی بەرفراوان لە سلێمانی بەڕێوەچووە. حکومەتی عێراقی بۆ ئەوەی دۆخەکەی لە دەست دەرنەچێ، هێزێکی زۆری سەربازی هێناوەتە ناو شارەکە و لە ئەنجامدا پێکدادان و دەرگیری لە نێوان خەلّک و سەربازەکانی عێراق دروستبوون. پێکهەلّپژان لە نێوان خەلّک و پۆلیس و فەوجی عەسکەردا رووێدا و تا نیوەڕۆکەی بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا ٤٥ کەس کوژرا و ١٩٥ کەسیش بریندار بوو. دوای بلّاوەپێکردنی خەلّکەکەش، ئەو کەسانەی کە بە رێکخەری خۆپیشاندانەکە دەزانران، دەستگیر کراون، دوای ماوەیەک هەموویان ئازاد کراون.

جەلال تالّەبانی سەبارەت بە گرنگی ئەو راپەڕینە لە پێشخستنی کوردایەتیدا نووسیویەتی: "راپەڕینی کۆمەلّانی خەلّکی سلێمانی لە رۆژی شەشی ئەیلولدا دژی پەیمانی عێراق – بریتانیای ١٩٣٠، هەلّمەتێکی شێوە نوێی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بوو دژی بریتانیا و حکومەتی بەغدا نۆکەری. واتە راپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتی بوو بە شێوەیەکی عەسری و نوێ.

ئەم راپەڕینە شۆڕشگێڕانەیەی کۆمەلّانی خەلّکی شاری سلێمانی، سەرەتای گۆڕانێکی گرنگ و گەشەکردنێکی پێشکەوتووانەی کوردایەتی بوو. بانگی راهێشتنی پەیدابوونی شێوەی نوێی کوردایەتی بوو، چارلێدانی گواستنەوەی مەرکەزی قورسایی و رابەری کوردایەتی بوو لە دێهاتەوە بۆ شار. ئەم راپەڕینە یەکەم راپەڕینی دوکاندار و خوێندەوار و قوتابی و توجار رەنجدەرانی شارە لە کۆلّان و شەقامەکانی شاردا دژی داگیر کەران.."[2]

---

1. ژیان، ژ ٢٥٤، ١٩٣٠/٧/٢٨

2. جەلال تالّەبانی، کوردایەتی، لە بلّاوکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی خەبات، چاپی سێیەم ١٩٦٦، ل٧٩.



ئەم کتێبە لە مالّپەڕی هەوالّنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

### ٢. تێهەڵچونەوەی شێخ مەحمود

دوای ئەو رووداوانە شێخ مەحمود جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ خەباتی چەکداری و پشتی لەو ئیلتیزامە کرد کە بەناچاری لە ساڵی ١٩٢٧ بە بریتانیای دابوو. لە پێنجوێنەوە گەڕایەوە بۆ کوردستانی باشور و جارێکی دیکە خواستەکانی بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لە زاخۆ وە بۆ خانەقین خستەڕوو. لە ١٧ ئەیلولی ١٩٣٠ نامەیەکی نارەزایەتی توندی نارد بۆ مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغدا و بە توندی ئەو تاوانانەی سوپای عێراقی بەرانبەر خەڵکی سلێمانی ئیدانە کرد و کۆتایی نامەکەشی بەم رستەیە هێناوە "هەموو کورد داواتان لێ دەکات رزگاریان بکەن، لە عەرەبەکان رزگاریان بکەن و بیانخەنە ژێر ئینتدابی بریتانیاوە."

عەبدولڕەزاق حەسەنی لەوبارەوە نووسیویەتی: "مەندوبی سامی نامەکەی نارد بۆ نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی عێراق و پێشنیاری کرد وەڵامی نەدەنەوە تا شێخ مەحمود بە هێزەکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران. هەروەها پێشنیاری کرد لە وەڵامدانەوەیدا جەخت لەسەر برایەتی کورد و عەرەب بکرێتەوە و خەونی سەربەخۆیی کوردستان لە بیری خۆی دەرکات و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی گەلی کورد بەستراوەتەوە بە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی عێراق و هاوکاری کردنی، نەک دژایەتی کردنی."[1]

بریتانیا چاوەڕێی حکومەتی عێراقی نەکرد و بەرپرسەکانی بریتانیا لە عێراق سێ ڕێگەی بۆ سەروی خۆیان پێشنیار کرد؛ یان بێدەنگ بن، یان لەگەڵ شێخ مەحموددا بکەونە وتووێژ، یاخود هێرشی بکەنەسەر و شۆڕشەکەی دامرکێننەوە، لە کۆتاییدا ڕێگەی سییەمیان هەڵبژارد. لە ١٣ مایسی ١٩٣١ هێزی ئاسمانی بریتانیا هاوکاری سوپای عێراقی کرد و توانی شۆڕشەکە کۆتایی پێ بهێنێ و شێخ ناچار بوو خۆی رادەست بکات و بەمجۆرە نەفی کرا بۆ ناسریە و خرایە ژێر ئیقامەی جەبریەوە."[2]

لە ١٩٣٠/١١/١٦ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕەزامەندی لەسەر ڕێکەوتننامەی عێراق – بریتانیا بۆ هەڵگرتنی ئینتداب دەربڕی. بەو ڕێکەوتننامەیە دواین بزمار لە تابوتی بڕیاری عوسبەتول ئومەم بۆ سەربەخۆیی کوردستانی جنوبی درا و فایلی مەسەلەی کورد بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا داخرا.

---

1. عبد الرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقيه ج ٢، بەغداد ١٩٨٨، ص١٢١.
2. دكتر عمار يوسف عبدالله، بريطانيا والانتفاضات الكردية في العراق ١٩١٩ -١٩٣٢، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، المجلد ٧ العدد ٣، لسنة ٢٠١٢، ص١٦.

رۆژی ٣ی تشرینی دووهەمی ١٩٣٢ لە لایەن نوری سەعید سەرۆک وەزیرانەوە، ئالای عێراق لە بارەگای عوسبەتول ئومەم هەڵکرا و بوو بە وڵاتێکی خاوەن سیاسە لەو جوگرافیایەی کە کوردستانی باشوریشی دەگرتەوە. ئیتر لەوە بەدواوە دۆخی یاسایی و نێودەوڵەتی، دەوڵەتی عێراق بەم سنورەی ئێستایەوە چەسپا.

**پێنجەم: ناردنی جەعفەر عەسکەری بۆ کوردستان**

نارەزاییەتییەکان هەموو کوردستانی گرتەوە و خەریک بوو لە کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق دەردەچوو. ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری دا جەعفەر عەسکەری بە نوێنەرایەتی سەرۆک وەزیران لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و کابتن یونگ نوێنەری بریتانیا بنێرن بۆ کوردستان بۆ ئارام کردنەوە و دڵنیایی دان بە خەڵک. جەعفەر عەسکەری کە چەندین جار لە کۆبوونەوەکاندا باسی ئەوەی کردووە کە کوردە، دەیویست پیاو ماقوڵانی کورد لەوە دڵنیا بکاتەوە کە نابێ باس نەکردنی مەسەلەی کورد لە پەیماننامەکەدا کاریان تێ بکات، دڵنیای کردنەوە کە حکومەت سورە لەسەر ئەو بەڵێنانەی کە لەگەڵ خۆیدا داویەتی. رۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە (٢٥٧)ی ١٤ی ٨ی١٩٣٠ دا، ریپۆرتاژێکی گرنگی مێژوویی سەبارەت بە سەردانەکەی عەسکەری بڵاوکردووەتەوە و وردەکاری سەردانەکە و قسەی کۆتایی نوخبەی کوردی بۆ ئینگلیز و عێراق، تۆمار کردووە.

**١. سەردانی کەرکوک**

رۆژی ٨ی ئابی ١٩٣٠ وەفدەکەی عێراق سەردانی کەرکوکی کرد و لەگەڵ ئەشرافی ئەو شارەدا کۆبوونەوە. وەتەنپەروەر و جەوانمەردی غەیوری کورد محەمەد بەگی جاف مەندوبی پێشوی کەرکوک، هەڵسایە سەر پێ و بە هیمەتێکی مەردانە و بە دەنگێکی بەرز فەرموی: "لیوای کەرکوک ئەکسەریەتی عەظیمەی کوردن، یەعنی لە ١٥٠ هەزار نفوس ١٢٠ هەزاری کوردێکی خالیصە. ئینجا ئەگەر بە زیادەوە حسابی بکەین، ئەوی تری ئینجا تورک و عەرەبن و ئەم قسەیەی منیش مەعلوم و ئاشکرایە و فەرموی بەندە کە لێرەدا تەمسیلی عەشیرەتێکی زۆر گەورەی وەکو جاف ئەکەم، غەیری ئەمیش روئەسای داودە، زەنگەنە، جەباری، شوان و سائیرە روئەسای کوردان کە لەم مەجلیسەدا حازرن، بەندەیان تەوکیل کردوە کە بەناوی عوموموەوە عەرزتان بکەم، کە ئەم کوردانە بەیەک وجود و یەک زبان، داوای تەتبیقی موقەڕەراتی عوسبەتول ئومەم ئەکەن. ئەمە حەقمانە و ئەم حەقەمان ئەوێ و هەتا ئاخری تەعقیبی ئەکەین.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەدوای ئەمە، عەبدوڵڵا صافی بەگ متەهەویرانە کە خیلافی ئاداب و ئیجتیماعیات بوو هەڵسا، گوتی: "ئەم زاتە بەناوی کێوە قسە ئەکات؟ ئەم جافانە عائیدی سلێمانیەن، هەموی دو ساڵە ڕەبطی کەرکوک کراوە، با بچێتە سلێمانی داوای حەقی خۆی بکات!

لەسەر ئەوە محەمەد جافیش هەڵسا و جوابی دایەوە: "من بە ناوی ١٥٠ هەزار جافەوە قسە ئەکەم. من کوردم، کورد ئەژیم و بە کوردی ئەمرم. ئەم مەملەکەتە کوردە، لەبەرئەوە هەمو کوردێک حەقی هەیە لە مەملەکەتی کوردان دا تەلەبی حقوقی میللەتی وەتەنەکەی بکات. حەقیقەتەن خوێنی کوردایەتی بە ئاشکرا لە دەمارەکانیا جەوەلانی ئەکرد. لەو ئەثنایەدا، جەعفەر پاشا هەڵسا و روی کردە محەمەد جاف، گوتی: "بە شەرەفی حکومەت و خۆم تەئمینت ئەکەم کە بە تەواوی موقەڕەراتی عوصبەتول ئومەمتان بۆ تەتبیق ئەکرێ، ئەم لیوایەش ئیستیفادەی لێ ئەکات." محەمەد جافیش لە جوابا گوتی: "سا باشە تەشەکورتان ئەکەم!

لەو ئەثنایەدا، سەید ئەحمەد ئەفەندی خانەقا و سەید محەمەد ئەفەندی جەباری و سائیری روئەسا موحتەرەمەکانی کورد، عەلەنەن هەڵسان تەئیدی محەمەد بەگی جاف و حقوقی کوردیان داواکردەوە. بەم نەوعە موناقەشەکە دوایی هات و کۆمەڵەکە بڵاوبوونەوە."[1]

**٢. سەردانی هەولێر:**

ڕۆژێ دواتر چوون بۆ هەولێر و بەهەمان شێوە ئەشراف و سەرۆک هۆزەکانی کورد کۆکرانەوە. ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە خضر بەگی ئەحمەد پاشای دزەییان کردە بە وەکیلی خۆیان بۆ ئەوەی بە ناوی ئەوانەوە قسە بکات، ئەویش وتی: "ئێمە هەمو عەشائیر موتەفیقەن تەئیدی مەتالیبی ئەهالی سلێمانی ئەکەین. ئێمە لەگەڵ سلێمانیدا ئەژین و ئەمرین!. یەکێکین. ئیستیرحام ئەکەین، ئەم سێ لیوایە کەرکوک، سلێمانی، هەولێر نابێ لەیەک جیا بکرێنەوە، هەرچی بە سلێمانی بدرێ ئەبێ ئێمەش ئیستیفادەی لێ بکەین."

لە دوای ئەمە جەنابی ئەعیان ئەحمەد بەگ هەڵسا فەرموی: "ئێمە کوردین و حقوقی خۆمان ئەوێ، بەندە چەند ساڵە لە خدمەتی حکومەتام و تێگەیشتوم کە کورد بە عوموومی لەسەر حقوقی خۆی ئیصرار ئەکات و ئەم حەقە بە قەراری عوسبەتول ئومەم دامەزراوە پێویستە بماندرێتێ" وە لەسەر ئیعتیراض و تەئثیری جەعفەر پاشا خیتابەن بە جەعفەر پاشا گوتی: "پاشا تۆ بۆ عەرەبەکان دو پەنجەت دانا ئێمەش حەقی خۆمانە لە ڕێی ئەم حەقە میللیەمانا ڕۆحی خۆمان فیدا کەین. کەس حەقی

1. ژیان (ڕۆژنامە)، ژمارە ٢٥٧، ١٤ی ٨ی ١٩٣٠.

عیتابی نیە و قەراری عوسبەتول ئومەم ئەوەیە: لوغەتی کوردی ڕەسمیی بێ. ئێمە بۆ ئەم حەقە موصیڕڕین". وە لەپاش ئەم گفتوگۆیانە ئیسماعیل بەگی ڕەواندوزی هەڵسا گوتی: "پاشا ئێمە لەم قسە پڕوپوچانە تێر بوین. بەحسی موستەقبەل ئەکەین. موستەقبەل هەم سبحەینێ هەم دە ساڵی تر وەتا ئاخری هەر موستەقبەلە، ئێمە حالەن تەتبیقی قەراری عوسبەتول ئومەممان ئەوێ. وە فەورەن ئەبێ لیوای دهۆک تەشکیل بکرێ، میللەت بە ئارەزویەکی قەطعی ئەم تەلەبە ئەکات."

لە دوای ئەمانە جیاوک هاتەوە سەر ئەصڵی مەوزوع گوتی: "وەکو عەرزم کردن بەیاناتەکەی جەعفەر پاشا دو شتی تیایە: یەک، ئیتیحادی کورد و عەرەب. جەعفەر پاشا چاکی ئەزانێ ئێمە لەگەڵ عەرەبا مومکین نیە بە صورەتی تەوحید- جیاوک پەنجەکانی خستە ناو یەکتر و گوتی بەم صورەتە - بژین. فەقەت بە صورەتێکی- ئەمجارە پەنجەکانی جوت کرد گوتی- قابیلە بەم نەوعە وەکو ئاوستریا و مەجەرستان بژین. هەمو کەسێک ئەمەی ئیدراک کردوەو میللەت لە حاڵی ئینتیباە دایە. لەپاش ئەمە جەریدەکانی بەغداد هاوار ئەکەن ئێمە عەرەبین و حکومەتمان عەرەبە، ئەبێ کوردەکان وەکو ئەرمەنیەکان لێ بکەین. ئیتر مومکین نیە پێکەوە بژین."[1]

### ٣. سەردانی سلێمانی

١٠ی ٨ی١٩٣٠سەردانی سلێمانیان کرد. ڕۆژنامەی ژیان بەم شێوەیە باسی لە پێشوازی خەڵکی سلێمانی بۆ وەفدەکە کردووە: "هەر بژی کورد و کوردستان و بە قەطعی تەشکیلی حکومەتی کوردیمان ئەوێ.. ژنەکان لە کۆڵان و سەربانەوە هاواریان ئەکرد: هەر بژی کورد و کوردستان و حکومەتی کوردیمان ئەوێ. ئەو قەرەباڵغیە هەتاکو ئێوارێ لەبەر دەرکی سەرا و جادەکانا مایەوە، موتەمادی هاواریان ئەکرد: حقوقی موقەددەسی خۆمان ئەوێ. ئەو ڕۆژە وا دەوامی کرد. هەر شەو تەرتیبات کرا بۆ موزاکەرە. تەذکەرە نوسرا بە شوێن ئەشراف و ڕوئەسای عەشائیردا. سەعات دووی کوردی هەمو لایەک لە مەقامی موتەسەڕیف دا کۆبوونەوە. دیسان بازاڕ داخرا و ئەهالی ڕوی کردە بەردەمی سەرای حکومەتی. تەلەبەی مەکتەب و هەمو ئەهالی لە حاڵێکی مونتەظەم دا وەستا بوون کە فەخامەتیمەندوبی سامی و هەیئەتەکە تەشریفیان هێنایە سەرا لە بەردەمی تەلخانەدا بە کەرەتێک چونە بەردەمی

1. ژیان (ڕۆژنامە)، ژمارە ٢٥٧، ١٤ی ٨ی ١٩٣٠.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەوڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە و بە کەرەتێ هاواریان ئەکرد: حقوقی میللیەمان ئەوێ و ئەبێ حکومەتی فەخیمەی بەریطانیا بۆمان تەئمین بکات."[1]

دوای ئەوەی جەعفەر عەسکەری و نوێنەری بریتانیا وتاری خۆیان خوێندەوە. حەمە ئاغای عەبدورەحمان ئاغا هەڵسا و وتی: "جەماعەتی حازرە کە تەمسیلی هەمو ئەشراف، سادات، عولەما، عەشائیری لیوای سلێمانی و قسمێک لە لیوای کەرکوک ئەکات، بە عوموومی رەمزی ئەفەندییان تەوکیل کردوە کە جوابی بەیاناتی فەخامەتی مەندوبی سامی و رەئیسەل وزەرا بداتەوە و تەلەبی حقوقی میللیەمان بکات.

لە دوای ئەمە رەمزی ئەفەندی هەڵسا و گوتی: لای فەخامەتمەئابتان مەعلومە کە کوردەکانی کوردستانی جنوبی لە ئەثنای حەربی عوموومیەوە تا ئەمڕۆ، بۆ تەئمینتی حوڕیەت و ئیستیقلالی خۆیان لە سەعی دوانەکەوتون و بۆ ئەم غایە موقەددەسە دائیمەن ئیلتیجایان بە موعاوەنەتی موشفیقەی حکومەتی فەخیمەی ئینگلیز کردوە، مەعەل ئەسەف تا ئەمڕۆ نائیلی ئامالیان نەبوون گەرچی لەم خسوسەوە گەلێ مەواعیدیشیان دراو، بە عوسبەتول ئومەمەمیش ئەم مەواعیدانە تەئید کرا، لاکین تا ئەمڕۆ هیچیان بۆ تەتبیق نەکرا. مەعلەمی فەخامەتتانە ئەوەڵ موعاهەدەی حکومەتی عێراق و ئینگلیز لە تاریخی١٠ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٢ دا تەصدیق کراوە، لەپاش ٧٤ رۆژ لە تاریخی٢٤ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٢ بۆ تەشکیلی حکومەتی کوردیە لە بەینی حکومەتی فەخیمەی بەریطانیا و عێراق دا، ئەم بەیانە نەشر و ئیعلان کرا بو. مادامێکە ئەصڵ عوسبەتول ئومەم ئینتیدابی عێراقی داوە بە ئینگلیز و لە قەراری ئەم ئینتیدابەدا گوتویەتی هەچ وەقتێک عێراق صالح بێ ئیستیقلالی ئەدرێتێ، لە هەمان کاتیش دا پێویستە حکومەتێکیش بۆ کوردەکان تەشکیل بکرێ.

لای فەخامەتتان مەعلومە کە حکومەتی عێراق کوردەکانی بە قوەتی تۆپ و تفەنگ ئیستیلا نەکردوە، لە عەقەبی موتارەکەدا کوردەکان بەو شەرطە خۆیان خستە حەلقەی رابیطەی ئینگلیز کە حکومەتێکی کوردییەی موستەقیلمان بۆ تەشکیل بکرێ و لەسەر ئەمە ئیتیفاق واقیع بوە کەوا لازمە چۆن عەرەبەکان لە قەراری عوسبەتول ئومەم موستەفید کراون، کوردەکانیش موستەفید بکرێن کە تەلەبی هەمو کوردەکان: تەشکیلی حکومەتێکی کوردییە لەژێر ئینتیدابی حکومەتی فەخیمەدا.

مەجید ئەفەندی حاجی ڕەسول ئاغا: "بەڵێ کورد دائیمەن مەعروضی ظوڵمی عەرەبەکان بوە. پار کە لە بەینی عەرەبەکانی فەلەستین و سەهیۆنیەکان دا شەڕ بوو،

1. ژیان (رۆژنامە)، ژمارە ٢٥٧، ١٤ی ٨ی ١٩٣٠.

عەرەبی عێراق بە یەکجار کەوتنە تەعزیەوە. ئەنواعی موراجەعات و موظاهەراتیان کرد، کەچی ئێستا هاوخوێن و براکانمان لە کوردستانی شیمالی لەلایەن تورکەوە سەر ئەبڕرێن، غەزەتەکانی بەغدا بە ئاشکرا تەقدیری تورکەکان ئەکات و بەیانی شادمانی دەرئەکا و بە تۆپ و تفەنگ و مەترلۆز تەهدیدی ئێمە ئەکات کە ئەڵێ لەگەڵ تورکا ئەتانپلیشێنینەوە و عەرەب هیچی لە تورک کەمتر نیە. هەمو سااڵێک کۆمەڵێکی زۆر قوتابی عەرەب کە بە ئیستیعداد و زیرەکی لە کوردەکان دوون ترن داخڵی بەعثەی عیلمییان ئەکەن، کەچی قوتابیە کوردەکان لەسەر مەصرەفی خۆیان ئەچن بۆ بەغداد و غوربەت ئەکێشن بۆ ئەوەی داخڵی بەعثە بکرێن.

رەئیس وزەرا، بە تەئەثور و هەیەجانەوە: "براکانم بزانن کە لەم دەمارەدا خوێنی کوردیشم تیایە، وەلاکین من عارەبم، بۆ کەڵکی ئێوە قسە ئەکەم. بە حیسسیات حەرەکەت مەکەن. مەبن بە ئالەت بە دەست خەڵکەوە. بەزەییتان بە میللەتەکەدا بێتەوە و توشی نارەحەتیان مەکەن. ئەوا لە سەرەوە کوردەکان بێ ئەرزە ئەکەن و سەریان ئەبڕن. لە دنیاوە ئاشکرایە کە کورد میللەتێکی دینداڕە. لە بیرتان نەچێ کە دینتان عەرەبیە. قورئان عەرەبیە. محەمەد عەرەبە. وە فەیسەڵ کوڕی محەمەدە. براکانم تکاتان لێ ئەکەم فاجیعەی کەربەلا دوبارە مەکەنەوە."

شێخ قادر: "جەعفەر پاشا بە بەیان کردنی فاجیعەی کەربەلا هەڕەشەمان لێ ئەکات. ئەبێ بزانێ ئەگەر ئینگلیز لەبەینا نەبێ عەرەب ناتوانێ بێتە خاکمانەوە.." لە پاش ئەوە رەئیس وزەرا کە بینی باس کردن لەم باسەوە سودێک نابەخشێ، میللەتیەک ئاواز بۆ داواکارییەکانی خۆی دوپات ئەکاتەوە. پێویست نەبینرا بە درێژ کردنەوەی باس و کۆبوونەوەکە بەتاڵ بوەوە."[1]

1. ژیان، (رۆژنامە)، ژمارە ٢٥٧، ١٤ی٨ی١٩٣٠.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەوڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# باسی دووەم
# کۆتایی سەردەمێک

لەکۆتاییدا ئەو ململانێ ماراسۆنییەی نێوان کاربەدەستانی عێراق و بریتانیا بۆ هەڵگرتنی ئینتداب، کاربەدەستانی عێراق بەومەرجانەی بریتانیا رازی بوون کە داوایان دەکرد، بریتانیەکانیش گرەنتی ئەوەیان دا بە عێراق کە ئەو وەعدو بەڵێنانە جێبەجێ نەکات کە لەبەردەم کۆمەڵەی گەلاندا سەبارەت بە مافەکانی گەلی کوردستان داویەتی و دەستبەرداری کوردەکان ببێ.

لەوە بەدواوە بریتانیا سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە کورد گۆڕی و لە پێناوی رازی کردنی دڵی عەرەبە عێراقییەکاندا، پشتیوانی لە دروستبوونی دەوڵەتێکی سەنترالیزمی بەهێز دەکردەوە. دکتۆر مەجید ئەلخدوری، لەو بارەوە نووسیویەتی: "وادیاربوو بریتانییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە دەتوانن عەرەب و کورد و کەمینەکانی دیکە لە بۆتەیەکدا بتوێننەوە و لە ئەنجامدا ناسنامەیەکی نەتەوەیی یەکگرتووی نوێی لێ دروستبکەن و هەمویان بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوەیان گرێ بدات. بریتانیا پێی وابوو دوای سەربەخۆ بوونی عێراق، نوخبەی نوێی کورد و عەرەب دەبن بە چینی دەسەڵاتدار و دەتوانن پێکەوە یەکێتی وڵات و ئایندەکەی بپارێزن و بریتانیاش پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵیدا دەبێ.."[1]

بەڵام وەک ئەلخدوری دەڵێت: "نە ئەو نەتەوە هاوبەشە نوێیە و نە ئەو سەقامگیریەی کە بریتانیا دەیویست هەرگیز دروست نەبوو."[2] وەرزێکی دیکە لە ململانێی توند و خوێناوی لە نێوان داگیرکەری عێراقی و کوردە عێراقچییەکان لەلایەک و لایەنگرانی سەربەخۆیی کوردستان لەلایەکی تر سەری هەڵدا.

---

1. د. مجيد الخدوري، العراق الجمهوري، انتشارات شريف الرضي، الطبعة الاولى، ايران، ١٤١٨، ص ٢٣٤
2. نفس المصدر، ٢٣٤.

دوابەدوای چوونە بواری جێبەجێ کردنی رێکەوتننامەی بریتانیا – عێراق ژیانی سیاسی کورد لە عێراقدا چووە قۆناغێکی یەکجار سەخت و دژاوارەوە نەوشیروان مستەفا بەم شێوەیە وەسفی ئەو دۆخە دەکات: "کاری پارلەمانتارانی کورد لە مەجلیسی نوابی عێراقیدا بەهەڕەشە بێدەنگ کرا بو. خەباتی سیاسی ناوشاری خەڵک لە ٦ ئەیلولدا لەخوێن و زیندانەدا نقوم کرا بو. خەباتی چەکداریی شێخ مەحمود و هاوکارەکانی بە تێشکان و خۆبەدەستەوەدان تەواو بوبو. عەریزەی گەورەکانی کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان بە رەت کردنەوە وەڵامی درابوەوە... ئەمانە نا ئومێدییەکی قوڵیان لە دەرونی چالاکەکانی کوردا رواند بو. زۆری ئەوانەی بەشداری جوڵانەوەی سیاسی کورد بون تەکینەوە. هەندێکیان لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی عێراقدا بە فەرمانبەر دامەزران. هەندێکیان خەریکی بازرگانی و کارو کاسپی بون. بە کورتی، لە ژیانی گشتی کشانەوە و خەریکی دابین کردنی ژیانی تایبەتی خۆیان بون."[1]

بێ دەسەڵاتی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گەیشتبووە ئەو رادەیەی لە کۆبوونەوەی ٢ی کانونی یەکەمی ١٩٣٠ کە تایبەت بوو بە موناقشەکردن لەسەر ئارم و دروشمی مەمەلەکەتی عێراق، لە بەندێکیدا هاتبوو کە دوو هەسارە (کەوکەب) لەبەشی سەرەوەی ئارمەکەدا هەیە، کە هێمان بۆ هەردوو گەلی کورد و عەرەب، چەند نوێنەرێکی عەرەب، لەوانە مەعروف ئەلرەسافی، بە شێوەیەکی رەگەزپەرەستانە دژی ئەو بەندە وەستانەوە و دەیانویست بیسڕنەوە، ١٨ نوێنەری کوردی ئامادە بووی ئەو دانیشتنە، هێندە نا ئومێدی و بێدەنگبوون، بەرانبەر ئەو هاتووهاوارەی نوێنەرە رەگەز پەرەستەکانی عەرەب نقەیان لێوە نەهات."[2]

**یەکەم: ناسیۆنالیزمی شاری**

رووداوەکانی پاش داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٢٤ و پەشیمان بوونەوەی ئینگلیزەکان لە پێدانی سەربەخۆیی بە گەلی کوردستانی باشور، زەمینەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئەندێشەی و بیرکردنەوەی مونەوەرەکانی کورد لەو قۆناغەدا دروستکرد. نوخبەی کوردی، ئەو ئازادیەی جارانیان نەما بۆ خستنەڕووی خواستە ناسیۆنالیستیەکانیان. لەژێر کاریگەری و گوشاری هەلومەرجە نوییەکە و بە ناچاری بۆ خۆدزینەوە لەو یاسا و کۆتوبەندانەی کە بەهۆی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە بۆیان دروستکرابوو، دۆخی دوای هەڵگرتنی ئینتداب لەسەر عێراق، کۆمەڵگای کوردی بەتەواوەتی روبەڕووی مەترسی تواندنەوە و فەوتان

1. نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨.
2. محاضر مجلس النواب الدورة الانتخابية الثالثة، اجتماع ١٩٣٠، طبعت ملحقة بجريدة الوقائع العراقية، ص ١٣٩-١٤١، ١٤٢-٢٣٧



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کردەوە، بە تایبەتی کولتوور و فەرهەنگی کوردەواری. بەهۆی دابڕانی باشوری کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، کوردی باشور لە دەولّەتی دروستکراوەی عێراقدا بوو بە کەمینە. لەترسی ئەو پەلامارە بەردەوامەی کولتووری عەرەبی، نوخبەی کورد کەوتنە حاڵەتی بەرگری و پاراستنی ئیتنیکی و کولتووری خۆیان.

دامرکاندنەوەی راپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ و شۆڕشە چەکدارییەکەی شێخ مەحمود. خەڵکی لەو شێوازە خەباتە سارد کردەوە، خەڵک بە دوای ڕێگەچارەی دیکەدا دەگەڕان بۆ داواکردنی مافەکانیان. مام جەلال لەباری ئەو قۆناغەوە دەڵێت: "بۆ هەموان دەرکەوتبوو کوردایەتی بە سەرکردە کۆنەکان رابەری ناکرێ. بەڵام ئەو راستییە بە دوو جۆر بڵاوکرایەوە: جۆرێکی ئیسڵاحی کە داوای دەکرد هەر خەریکی بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری بن تا پیاو پێ ئەگەن! ئەوسا بە ڕێگەی ژیرانە و ئیجابیەوە خزمەتی کورد و کوردستان بکەن. ئەم ڕەئیە لە لایەن خوێندەوارە بۆرژوازییە کوردەکانەوە بڵاو دەکرایەوە، بە تایبەتی ئەوانەی ڕێگەی لەگەڵ حکومەت پێکهاتنیان گرتبوو. ڕەئیەکی تر جۆرە شۆڕشگێڕیەکی ئەم ڕاستیەی بەو چەشنە باس ئەکرد لە شان بەشانی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری، خەباتی کوردایەتیش ئەبێ هەر بەردەوام بێت، بەشێوەی سیاسی و خوێندەواری پێکەوە، ئەمەش ڕەئی خوێندەوارە شۆڕشگێڕەکانی کورد بوو.."[1]

هەردوو ئاراستەکە لە ساڵی ١٩٣٠ەوە تاوەکو دەست پێکردنی دووەمین جەنگی جیهانی، بەبێ ئەوەی دژایەتی یەکتری بکەن، کەوتنە خەباتێکی بێوچان.

**دووەم: ناسیۆنالیزمی کولتووری**

پیرەمێرد بە باوکی ناسیۆنالیزمی کولتووری کوردی دادەنرێت لە باشوری کوردستان، لەمەدا دەستپێشخەر بووە. یەکێک لە گەورەترین کارەکانی کە کردی گێڕانی جەژنی نەورۆز بوو. ئامانجی ئەو بۆ زیندوکردنەوەی جەژنی نەورۆز، بەتەنها بۆ ڕێکخستنی گەشتوگوزار و ڕێکخستنی داوەت وشایی نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوە بووە ئەم جەژنە لە ناوکۆمەڵگەی کوردیدا بکاتە سیمبولێک بۆ کۆکردنەوە و یەکگرتوویی، دەستنیشانکردنی کارێزی وەستا شەریف و (گردی مامەیارە) لەشاری سلێمانی بۆ یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز، لەخۆڕا نەبووە، بەڵکو بەدەرفەتێکی زانیووە بۆ زیندو ڕاگرتنی یادی سیمبولەکانی دیکەی کورد بە تایبەتی کەسایەتی (مامەیارە) کە تا ئەو کاتەش لەهزری خەڵکدا وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی تەماشا دەکرا. زیندوکردنەوەی

1. جەلال تاڵەبانی، کوردایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١.

ئاگری نەورۆز لە لایەن پیرەمێردەوە وەک جەژنێکی نەتەوەیی بەجۆرێک لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا رەگی داکوتا لە ماوەیەکی کەمدا هەموو کوردستانی تەنیەوە. لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵەی کە درا بۆ سەپاندن و ئاسایی کردنی واقعی ئەو عێراقیەتە و بەیەکجاری بەستنەوەی کوردستان بەو کیانە دەستکردەوە.. جەماوەری سادە و فیتری کورد هەر ملی نەداوە و تا رۆژگارەکانی جەنگی جیهانی دووەم جەماوەری کورد هیوا بڕاو نەبووە لەوەی کە رابەرایتیەکی نوێ لە تەبیعەت و هەڵکەوتنێکی پێشکەوتوو و گونجاوی ئەو قۆناغەدا توانای خەڵکی یەکخا و رابەرایەتیان بکات بۆ ئامانجێکی تەبیعی کورد کە دیاری کردنی "چارەنووسی خۆیەتی بەدەستی خۆی کە کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ پێکبێنێ. [1]

پاک کردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە و گرنگیدان بە شیعر و هونەر و ئەدەب لە لایەن نوخبەی رۆشنبیری ئەو سەردەمە وایان کرد کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو دۆخە ژێر دەستەیی و دابەشبوونە جوگرافییە نەبێتە هۆی توانەوەی یەکجاری خەڵک لە بۆتەی عێراقی بووندا. بە رەهایی دەتوانین بڵێین پڕۆژە کولتوورییەکانی ئەوان بەگووڕەوە لە بەرانبەر پڕۆژەکەی مەلیک فەیسەڵ بۆ دروستکردنی میللەتی عێراق و توانەوەی کولتوور و زمانی کوردی وەستایەوە. هەر ئەو پڕۆژانەش بوونە هۆی ئەوەی لە کۆتایی سییەکانی سەدەی بیستەمدا زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی و فیکری و سایکۆلۆژی دروست بێت وبزافێکی سیاسی نەتەوەیی بەهێز سەرهەڵبداتەوە.

**کۆمەڵەی زانستی کوردان (١٩٢٦- ١٩٣٩)**

لە ٢٤ی شوباتی ١٩٢٦ لە شاری سلێمانی دامەزراوە. مۆڵەتی ڕەسمی لەوەزارەتی ناوخۆی عێراق وەرگرت. کۆمەڵەی زانستی کوردستان ئامەنجەکانی بڵاوەکاتەوە و دەنووسێت "پڕۆگرامی جەمعیەتی زانستی کوردان: ناوی جەمعیەتی زانستی کوردان. مەرکەزی سلێمانیە، ئامانجی تەعلیمی عیلم و مەعاریفە لە کوردستاندا. بە نەشری غەزەتە و ڕەسائیل و تەرجەمە و تەئلیفی کتێبی تەدریس و محازەرە بۆ تەنویرکردن و کردنەوەی کتێبخانە و قوتابی ناردن بۆ دەرەوە.."

ئەم کۆمەڵەیە رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە خوێندەوار کردنی خەڵکی کاسب و بەتەمەنەکان، توانیویانە خزمەتێکی زۆر بکەن لە پەروەردەو فێرکردنی خەڵکی ئەم شارە بەبێ جیاوازی تەمەن و ڕەگەزی، وەکو ئەوەی پیاوان و ژنان، کوڕان و کچانیان فێری خوێندەواری کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی خولی فێربوونی پیشەیی

1. بێستون ئازاد مستەفا، شەهیدی سەرکردە ئازاد مستەفا لە دووتوێی نوسینەکانیدا، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ٢٠١٣، ل١٦٥.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

وەکو دارتاشی و بەرگدرویان کردۆتەوەو زۆربەی کاتی فێربوونیان لەگەڵ دەرفەتی خەڵکی گونجاندووە، وەکو ئەوەی ئێواران تاکو شەوان خولی فێربوونیان بۆخەڵکی کاسب و ئەهلی بازاڕکردۆتەوە..

حکومەت کێشەو گیروگرفتی بۆ کۆمەڵەی زانستی دروستکردوەو لە۱۹۳۸ /۳/۲۱ لەسەر دەستی موتەسەرفی سلێمانی"مەجید یەعقوبی"کە کەسێکی بەڕەگەز تورکمان بوو، کۆمەڵەکەی داخستووە.

پسپۆرانی بواری ناسیۆنالیزم، رۆژنامە بە یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایی دادەنێن، ئەوان پێیان وایە بڵاوبوونەوەی رۆژنامە بە زمانە لۆکاڵییەکانی ئەورووپا هەست و خواستی هاوبەشی لە ناخی خوێنەراندا دروستکردووە. رۆمانتیکەکانی ئەڵمانیا سەرچاوەی رۆحی ناسیۆنالیستی تەنها لە مێژوو یان سیاسەتدا نابینێنەوە، بەڵکو پێیان وایە ناسیۆنالیزم هەڵقوڵاوی کولتوور و فەرهەنگ یان (زمان)ێکی ئۆرگانیکە و زمان و کولتوور دەبنە هۆی بەرجەستە بوونی خود لە نەتەوەیەکی سەربەخۆی.."[1] رۆژنامە و کتێب کەرەستەگەلێکی زۆر لەبارن بۆ پەرەپێدانی زمان، لەوێشەوە بۆ جۆشدانی رۆحی ناسیۆنالیستی. هەر لەبەر ئەوەشە ناسیۆنالیستەکانی کورد، لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە رێگەی رۆژنامەی (کوردستان)ەوە دەستیان بە کوردایەتی کرد.

لە دوای لکاندنی کوردستانی باشور بە عێراقەوە، رۆژنامە بوو بە کەرەستەیەکی گرنگ بە دەست نوخبەی کوردییەوە بۆ پاراستنی ناسنامە و زمان و کولتووری کوردی و هەر لەبەر ئەوەشە، بە درێژایی سەد ساڵی رابردوو کاری رۆژنامەوانی لە کوردستان بەردەوام بووە، جا چی بەنهێنی بێت یان ئاشکرا، چەندین رۆژنامە و گۆڤار بڵاوبووەتەوە.

**رۆژنامەی ژین (۱۹۳۹ -۱۹٦۳)**

رۆژنامەی (ژین) رۆژنامەیەکی کوردی بوو، لە لایەن پیرەمێردەوە لە سلێمانی چاپ دەکرا، وەک درێژکراوەیەکی رۆژنامەی (ژیان)، پیرەمێرد یەکەم ژمارەی (ژین)ی لەساڵی۱۹۳۹دا، دەرکردوو تا کۆچی دوایی کرد لەساڵی۱۹۵۰ بەردەوام بوو بە ژمارە (۱۰۱۵)ی گەیاند: دوای خۆیشی (جەمیل سائیب)و (نوری ئەمین بەگ) و (گۆران) و (ئەحمەد زرنگ) بەردەوام بوون تاساڵی۱۹٦۳، گەیاندیانە ژمارەی کۆتای (۱۷۱٤).

1. امین نواختی مقدم، زبان و ناسیونالیسم نقش زبان در جنبش های ناسیونالیستی عربی، فصلنامه سیاست، شمار ٤، زمستان ۱۳۸۹، ص ۳٥٤.

**سێیەم: ناسیۆنالیزمی سیاسی**

**١. کۆمەڵەی پێشکەوتن**

لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی دامەزراوە، ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە جێبەجێ کردنی ئەو مافانە بوو کە لە بەڵێننامەکانی عوسبەتول ئومەم بۆ کورد دیاری کراوە و عێراق پابەند بوونی خۆی پێوە راگەیاندوە. ئەم کۆمەڵەیە بە زۆری لە ناو رۆشنبیراندا چالاک بوو، کۆمەڵەی پێشکەوتن لەگەڵ کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد لە موسڵ پەیوەندیان هەبوو. چالاکییەکانی کۆمەڵەی پێشکەوتن تاوەکو ساڵی ١٩٣٣ بەردەوام بوو، دواتر لەژێر هەڕەشەی ئینگلیز ئەندامانی بڵاوەیان لێ کرد.

**٢. کۆمەڵەی پشتیوان**

دوابەدوای پێشکەوتن، لە سلێمانی دامەزرا. ئەندامە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە مستەفا شەوقی و رەشید نەجیب و ئەحمەد خواجە. لە هەولێر و موسڵ لقیان هەبوو، پەیوەندی باشیان بە سەرۆک خێڵەکانی کوردەوە هەبوو لە بادینان و ئەحمەد بارزانی ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بوو هەروەها بەرپرسی هاریکاری نێوان خێڵەکانی موسڵ بوو.

**٣. کۆمەڵەی زەردەشت**

کۆمەڵێک لاوی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٢٦ لە بەغداد دایانمەزراند و لە سلێمانی و موسڵ و هەولێر لقیان کردەوە. ئەم کۆمەڵە بە نهێنی کاری دەکرد لە دژی ئیستعاری عێراقی و بریتانیا. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوون لە مستەفا سائیب سکرتێری کۆمەڵەکە، شێخ سەلامی شاعیر، شەوکەت عەزمی بەگی بابان و کەریم رۆستەم و ئەحمەدی عەزیز ئاغا و عەبدولواحید نوری و عوسمان فایەق و فوئاد مەستی برای تۆفیق وەهبی. شێخ مەحمودیش سەرقاڵی شەڕی پارتیزانی بوو، ئەندامی فەخری بوو. ئەم کۆمەڵەیە پەیوەندی بە هەموو سەرۆک خێڵەکانی کوردەوە دەکرد و داوای دەکرد لە دژی داگیرکەری عێراقی راپەڕن، هەروەها لە ڕێگەی ناردنی تۆماری ناڕەزاییەوە عوسبەتول ئومەمی لە مەسەلەی کورد و پێشێلییەکانی عێراق بەرانبەر بە کوردستان ئاگادار دەکردەوە.

**٤. کۆمەڵەی هەڵسان و بڵندیی کورد**

ساڵی ١٩٢٧ دوای هەرەسی راپەڕینە چەکدارییەکەی شێخ مەحمود لە سلێمانی دامەزرا. ئەم کۆمەڵەیە دژی دامەزراندی فەرمانبەری عەرەب بووە لە کوردستان، هەروەها رەخنەی توندی لە نوێنەرانی کورد گرتووە لە پەرلەمانی عێراق و بە نۆکەر و پیاوی عەرەبی داناون و هەڕەشەی ئەوەشی لە حکومەتی عێراقی کردووە ئەگەر بەڵێنەکانی کە داویەتی بە کورد جێبەجێ نەکات، ئەوا ناچارە پەنا بۆ توندوتیژی بەرێت.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**٥. کۆمەڵەی برایەتی**

ئەم کۆمەڵەیە ساڵی ١٩٢٧ بۆ ساڵی ١٩٣٣ چالاکی هەبوو. کۆمەڵەیەکی بەسروشت ئاینی بوو، باوەڕی بە پرەنسیپەکانی ئاینی ئیسلام هەبوو. ئامانجی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد و بەرگریکردن لە هەژاران بوو. پێی وابوو هۆکاری دواکەوتنی کورد نەخوێندەوارییە، بۆیە لەپاڵ قوتابخانە فەرمییەکاندا هەوڵی کردنەوەی قوتابخانەی دیکە و گرنگیدان بە حوجرەکانی دەدا. داوای وتووێژی لەگەڵ حکومەتدا دەکرد بۆ پێدانی مافەکانی کورد وەگەڕنا کورد ناچار دەبێ پەنا بۆ توندوتیژی ببات. شێخ لەتیفی حەفید و مەلا ئەسعەدی مەحوی، رۆڵیان لەم کۆمەڵەیەدا هەبوو.

**٦. کۆمەڵەی لاوان**

لە ساڵی ١٩٣٠ لە لایەن ئەو قوتابیە کوردانەوە دروستکرا کە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی بەغدا دەیانخوێند، هەرچەندە ئامانجەکەی کولتووری و کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام ئامانجی سیاسیشی لەپشتەوە بوو، محەمەد ئەمین زەکی بەگ ئاراستەی دەکردن، دوو ژمارە لە گۆڤاری (دیاری لاوان)ی دەکرد.. ئیبراهیم ئەحمەد و حامد فەرەج و شاکر فەتاح و فازڵ تاڵەبانی و گۆرانی شاعیر نووسەری گۆڤارەکە بوون. ئەم کۆمەڵەیە نەیتوانی گەشە بکات و رێچکەیەکی حیزبی بگرێتەبەر.

**٧. حیزبی هیوا**

ساڵی ١٩٣٧ لە شاری کەرکوک کۆمەڵێک گەنجی رۆشنبیر و خوێندکاری ئامادەیی کۆمەڵەیەکی نەتەوەییان بەناوی کۆمەڵەی (دارکەر)ەوە دامەزراند. کۆمەڵەی (دارکەر) خاوەن بیروباوەڕێکی ناسیۆنالیستی توندڕە بوو ئەندامەکانی باوەڕیان بە یەکێتی کوردستانی گەورە هەبوو. دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوون لە (یونس رەئوف ناسراو بە دڵداری شاعیر، کاکە حەمەی خانەقا، بورهان جاف، نوری شاوەیس، موکەڕەم تاڵەبانی و خوێندکارێکی خەڵکی هەولێر). کۆمەڵەی دارکەر یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە حوزەیرانی ١٩٣٨ بە ئامادە بوونی ٦٠ ئەندامی خۆی لە باخچەی (ام الربیعیین)ی شاری کەرکوک ئەنجامدا. ماوەیەک پێکەوە کاری نهێنیان کرد، بەڵام بە هۆی نەناسراوی و کەمی تەمەنیانەوە، گەشەی نەدەکرد. پاشان بۆ ئەوەی زیاتر بناسرێن و چالاکییەکانیان فراوانتر بکەن، لە پایزی ١٩٣٨ پەیوەندیان بە (رەفیق حیلمی)ەوە کرد و داوایان لێ کرد رێبەرایەتیان بکات. ئەوەیش قەبوولی کرد و لەبەرئەوەی لە پێش یەکەمین جەنگی جیهانی، ئەندامی کۆمەڵەی هێڤی بوو لە ئەستەمبوڵ، ناوی کۆمەڵەکەی گۆڕی بۆ هیوا. حیزبی هیوا، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بە هەزاران کەس لە چین و توێژە جیاکاکانی کورد، لە هەموو شارە و ناوچەکانی

باشوری کوردستاندا تێیدا بوون به ئەندام. هەڵگیرسانی دووەمین جەنگی جیهانی و سەرقاڵ بوونی بریتانیا و عێراق به جەنگەوە، زەمینەی گەشەسەندنی له پارچەکانی دیکەی کوردستان خۆش کرد و له رۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)یان دامەزراند و پەیوەندیان به کۆمەڵەی خۆیبوونەوە کرد و بوون به ڕێکخراوێکی سەرتاسەری کوردستانی.

هەرچەندە حیزبی هیوا پەیڕەو پرۆگرامێکی نووسراوی نەبوو، بەڵام دەکرێت ئامانجەکانی لەم خاڵانەدا کورت بکرێتەوە:

١. رزگارکردن و سەربەخۆیی کوردستان و دروست کردنی دەوڵەتی کوردیی.

٢. سەرلەنوێ بنیادنانەوەی شوناسی کوردبوون، کە ئینتیمای یەکەم بۆ کوردستانی بێ، نەک عێراقی بوون و تورکی بوون و ئێرانی بوون و سووریبوون.

حیزبی هیوا گەورەترین و چالاکترین حیزبی کوردی بوو تاوەکو ساڵی ١٩٤٥. بەڵام دواتر دووبەرەکی تێکەوت و چەند باڵێکی لێ جیا بوویەوە



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## باسی سێیەم
## بنج و بنەوانی بیری عێراقچێتی لە کوردستانی باشور

لە دوای داگیرکردنی کوردستان نوخبەی کوردی بەسەر چەند ئاراستەیەکدا دابەش بوون؛ لە ١٦ی مارتی ١٩٢٦ اج. دەبلیو فوت ئەفسەری کاروباری تایبەتی ئینگلیز لە بەغدا راپۆرتێکی لەسەر هەڵوێستی نوخبەی سیاسی و بازرگانی و بیروکراتی کورد لە لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە بۆ سێ جۆر پۆلێن کردووە:

١. ئەو کوردانەی کە حەزیان لە حکومەتێکی سەربەخۆی تەواوە، بە سەرپەرشتیی بریتانیا، ئەم بەشە کەمینەیەکی بچووکن، زۆربەی ئەندامانیان لە ناخەوە پێیان وایە ئامانجیکی خەیاڵییان هەیە و جێبەجێ ناکرێ.

٢. ئەو کوردانەی کە ئامانجی سەرەکیان ئەوەیە رزگاریان بێت، لە وەرگرتنی فەرمان بە شێوەی راستەوخۆ لە عەرەبەوە، بەڵام لارییان نییە لەوەی ببنە بەشێک لەو دەوڵەتە عەرەبییەی ئێستا، گەر نووسینگەیەکی کوردی تایبەتیان هەبێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیان، بەو مەرجەی هەموو هەڵسوکەوتێکیان لەگەڵ عەرەبەکاندا لە ڕێگەی نوێنەرە بریتانییەکانەوە بێ.

٣. ئەو کوردانەی کە دەیانەوێ خۆیان لەگەڵ دۆخی ئێستادا بگونجێنن و بەردەوام بن. ئەمانە لەچاو تاقمی دووەمدا کەمینەیەکی بچووکن، بەڵام زیاتر خۆیان ڕێکخستووە و رونترن و دەنگیان بیستراوە. بەشی زۆریان پێکدێن لەو بازرگانانەی کە سودمەندن لە بازرگانی کردن لەگەڵ بەغداد و ئەو فەرمانبەرانەی کە لە حکومەتدا کار دەکەن و ئەو پەرلەمانتارە گوێڕایەڵانە کە کوێرانە فەرمانەکانی موتەسەڕیف جێبەجێ دەکەن.[1]

لەو هەڵسەنگاندنەی سەرەوەدا، دەکرێ دوو جۆر بیری عێراقچێتی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هەڵهێنجێنین، یەکەم عێراقچێتی ئابوری، دووەم عێراقچێتی بیرۆکراسی، بەڵام

1. عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق البريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة، الاكاديمية الكردية، اربيل- اقليم كردستان، ٢٠٠٨،ص ٨٢-٨٣.

لە دوای هەڵگرتنی ئینتداب لەسەر عێراق لە ساڵی ١٩٣٢ و کرانەوەی دەرگا بەڕووی حیزبە سیاسیەکاندا، جۆری سییەم و چوارەمی عێراقچێتی کە من لێرەدا ناوم ناوە عێراقچێتی کولتووری و عێراقچێتی ئایدۆلۆژی، سەری هەڵدا. لە خوارەوە بە کورتی باس لە هەر چوار جۆرەکەیان دەکەین.

**یەکەم: عێراقچێتی ئابووری**

پێش ئەوەی بریتانییەکان بگەنە کوردستان رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی، راپۆرتێکی لەسەر باری ئابووری کوردستان لە پێش جەنگ و دوای جەنگ نووسیوە، تارادەیەکی زۆر دۆخی نالەباری ئابووری و گۆڕانانی خەڵک، لەو سەردەمەدا دەردەخات: "لە کوردستان و ئەترافی، گرانی رۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکا، چەند هەفتە لەمەو پێش (ربە)ی گەنم گەیشتە ١٨ لیرەی عوسمانی... لەم ئاخرەدا، یەعنی لە پاش ساڵی گرانیەکە، رێی تجارەت چاک کرابووە لە جێیەک رزق نەمایە لە لایەکیتر بۆی دەهات. لە بەرئەمە لە هیچ جێ گرانیەکی وا نەدەبوو کە خەڵق بمرن. حکومەتی تورک ئاگری زوڵمی بەردایە چوار تەرەفی کوردستان، ئەمنیەت نەما، رێی تجارەت بڕا، هەموو کەس دەستەوئەژنۆ، مات و مەلول دانیشت، گەلێ پیاوی بەکار لەناو چوو، زراعەت پەکی کەوت، ئەوەی شتێکی مابوو، خواردی، یاخود حکومەت پێیزانی بردی. ئیتر کوردستان لە کوێ بە تەمای رزق بێ. دەور و پشتی لە خۆی برسیترە. چارەی خەڵاسیا تەرکی وەتەن کردن یا مردنە."[1]

نۆ مانگ پاش ئەوە راپۆرتە، ئینگلیزەکان لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ گەیشتنە سلێمانی، دەستیان دایە هاندانی خەڵک تا سەرقاڵی کشتوکاڵ ببن، بە تایبەتی چاندنی تووتن و لۆکە، بۆزانەوەیەکی زۆر گەورەی بەخۆیەوە بینی. مەکدوڵ، لەوبارەوە نووسیویەتی: "بارودۆخی ئابوریان باشکرد، کشتوکاڵ بۆزایەوە، زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ دار چێنران، بەرهەمی توتن سێ هێندە زیادی کرد، ژیان بەبەری سلێمانیدا کرایەوە و لەو ماوە کەمەدا چڕیی دانیشوانەکەی ٥٠% لە جێگاکانی دیکەی عێراق زیاتر بوو".[2] بەپێی راپۆرتێکی میجەر سۆن لەو سەردەمەدا، "(٥٪)ی کۆمەڵگای کوردی سەرقاڵی بازرگانی بوون و گوێیان بە سیاسەت نەداوە."[3]

سوپای بریتانی هەرکە جێگەیەکی داگیر دەکرد، لە ماوەیەکی کەمدا رێگەی وشکانی و ئاوی ئەو جێگەیەی تاوەکو بەغدا و بەسرە لە دز و چەتە دەپاراست. بەمە هانی بازرگانەکانی دەدا بەبێ ترس و دڵەراوکێ کاری بازرگانی خۆیان بکەن.

---

1. تێگەیشتنی راستی، ژمارە ١٥، ١٩ شوبات ١٩١٨.
2. دیڤید مکدول، تاریخ الأکراد الحدیث، ترجمة راج آل محمد، دار الفارابی، بیروت لبنان،٢٠٠٤، ص ٢٢٥.
3. م . س لازاریف، المسألة الکردیة ١٩١٧-١٩٢٣، ترجمة د. عبدي حاجی، دار الفارابي. بیروت- لبنان، ٢٠١٢، ص١١٩.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

جگه لەوە لە ڕێگەی کارئاسانی گومرگییەوە هانی گەشەسەندنی بازرگانی لە نێوان باکور و باشوری عێراقی دەدا.

بازرگانەکانی کوردستان پێش هاتنی ئینگلیز لە دوو ڕێگەوە بازرگانیان دەکرد، یەکەمیان لە (موسڵ)ەوە بۆ شام، دووەم لە ڕێگەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ ئێران، بەڵام داگیرکردنی بەغدا وای کرد کاروانەکانیان ڕوو بەرەو بەغدا وەرچەرخێنن. چونکە هەم ڕێگاکەیان تەئمین و پارێزراو بوو، هەم ئەو کاڵایانەی لە ڕێگەی بەسرەوە دەهاتە بەغدا نوێ و هەرزان بوون و کۆمەڵگای کوردستانی پێویستی پێی بوو. لەوانەش گرنگتر ئەوەبوو لە بەغداوە خواستێکی زۆر لەسەر توتن و لۆکەی کوردستان پەیدا بووبوو. ئیدارەی ئینگلیزیش بۆ وەرگرتنی باج و سەرانە، هەموو کارئاسانیەکی دەکرد بۆ بازرگانەکان.

مام جەلال پێی وایە، یەکێک لە هۆکارەکانی ئاراستەی بیری عێراقچێتی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بازرگانە کوردانەی کە هاتووچۆی بەغدایان دەکرد: "بنجی ئەم ڕەئیە (سەرمایەدارە کزۆڵەکەی) کورد بوو کە گیرۆدەی بازاڕی بەغدا بووبوو، کە شێوەیەکی عێراقی بە خۆیەوە گرتبوو، سەبارەت بەکزی و بێهێزی ئیقتیسادی و سیاسی خۆی دەسکەوتی خۆی لە عێراقێکی کشوەر ئارام دا ئەدیت تا بکەوێتە سەرکار و کاسبی خۆی، خوێنەوارە بێزاربووەکانی ئەم دەستەش هیوایان بە سەرکەوتنێکی زووی کوردایەتی نەبوو، بزوتنەوەیەکی کوردایەتی بەتەوژمیش نەبوو لەگەڵ خۆی رایان دات."[1]

پێش یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ و کوردستان، ئەم توێژەی کۆمەڵگای کوردستان هەموو بەرژەوەندییەکانی گرێدرابووە بەغدا و بەسرەوە. بۆیە لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموددا بەشداریەکی چالاکانەیان نەکرد، بەڵکو کاتێک ئاڵۆزی کەوتە نێوان شێخ و ئینگلیزەوە، بەشی زۆریان بە ماڵ و منداڵەوە چوون بۆ بەغدا و هەر لەوێش کاری بازرگانیان دەکرد.

بۆ نمونە میرزا فەرەجی حاجی شەریف، لە بازرگانی توتن سەروەتەکەی هێندە زیادی کردبوو، شاری سلێمانی نەیدەتوانی ئیستعابی بکات، بۆیە چوو بۆ بەغداد و بوو بە یەکێک لە بازرگانە گەورەکان و ئالوگۆڕی بازرگانی لە نێوان عێراق و وڵاتان دەهاتە ژماردن. سەروەت و سامانەکەی وای لێ کرد لە گەورە سیاسەتمەدارەکانی ئەو سەردەمە نزیک بێتەوە. پاش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان ماڵەکەی بۆ ئیدارەدانی حکومەتەکەی تەرخان کرد، دوای ڕوخانی حکومەتەکەی شێخ بوو بە

1. مام جەلال. کوردایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

یەکێک لە نزیکەکانی مەلیک فەیسەڵ و سەرۆک وەزیرانی ئەو دەمەی عێراق نوری سەعید و جەعفەر عەسکەری. هەر ئەو سەروەت و سامانە وای لێ کرد ببێت بە ئەندامی لیژنەی تەئسیسی عێراق و لە چەند خولێکیشدا نوێنەر بوو.[1]

دەسەڵاتداری ئینگلیز و عەرەب، باش لە گرنگی گرێدانی کوردستان بە عێراقەوە لەرووی بازرگانییەوە تێگەیشتبوون، بۆیە لەرێگەی دیپلۆماسیەتی ئابوورییەوە هەوڵی زۆریان دەدا کۆمەڵگای کوردستان بە عێراقەوە ببەستنەوە. لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوشدا، کاتێک نوخبەی کوردستانی داوای سەربەخۆییان دەکرد، کاربەدەستانی ئەو وڵاتە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر سەربەخۆییخوازەکان بەکاریاندەهێنا، لە کۆبوونەوەی نوخبەی سلێمانی لەگەڵ جەعفەر عەسکەریدا کاتێک رەمزی ئەفەندی پێی دەڵێت: "یەک دەفعە عەرزمان کردن کورد و عەرەب قابیل نیە پێکەوە بژین. ئێمە ئارین و ئەوان سامین، ئێمە شاخین و ئەوان دەشتەکین، حەتتا خاکی کوردستان بەرین بۆ عەرەبستان و هی عەرەبستان بهێنین بۆ کوردستان، هەردوکیان هێزی ئینباتیان ون ئەکەن."

لە وەڵامدا رەئیس وزەرا پێی دەڵێت: "ئەی توتنەکەتان بۆ کوێ ئەبەن؟." رەمزی ئەفەندیش پێی دەڵێت: "ئەیبەین بۆ ئەوروپا. غەیری ئێمەش مەجبورن توتنی ئێمە بکڕن، چونکە لەمە هەرزانترتان دەست ناکەوێ، لە ئێمەش زیاتر لە بازرگانیدا لەم توتنە ئیستیفادە ئەکەن."

رەئیس وزەرا: "نەء نایبەن بۆ ئەوروپا، هەموی لە عێراقا صەرف ئەکرێ. کوردەکان ئەلحەمدولیلا بازرگانی زۆر وریایان تیایە و زۆر چاک تەقدیری ئەکەن کە کوردستان بێعێراق ناژی."

رەمزی ئەفەندی: "لە بیدایەتی حەربی عوموميدا کە ڕێگاو بەندەرەکانی عێراق گیرابوو کە بەغدادیش ئیستیلا کرا، ئێمە لەگەڵ شیمالو شەرق و غەرب دا مونتەظەمەن تیجارەتمان ئەکرد. ثەروەتی عوموميە و وەضعی ئیقتیصادیەمان لە ئەمڕۆ گەلێ باشتر بو." بەڵام قسەکانی سەرۆک وەزیران هەر لەخۆڕا نەبوو، بەشێکی زۆری بازرگانەکانی کوردستان هەرچەندە هیچ خواستێکی سیاسی و ئایدۆلۆژییان نەبوو، بەڵام بەرژەوەندییەکانیان کردبوونی بە عێراقچیو مانەوەی خۆیان و بازرگانیەکانیان لە عێراقێکی یەکگرتوودا دەبنیەوە، نەک کوردستانێکی سەربەخۆدا. هەر ئەوەش وای لە پیرەمێرد و بێکەس کردووە بە شیعر رەخنەی توند لەو وەفدەی

1. د. شعبان مزيري، اليسارية وتاجر كوردي كبير:
https://www.gilgamish.org/2009/08/15/20547.html



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کوردستان بگرن که دوای راپەڕینی ٦ ئەیلولی ١٩٣٠ سەردانی مەلیک فەیسەڵیان کردووە، لە ناو وەفدەکەدا کۆمەڵێ بازرگان هەبوون و ئەوانیش لە رەخنەکە بێبەش نەکراون:

وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان
حاجی توتنەکەت مادەم فرۆشرا
قیروسیا لە صەد کوشتن و هەرا
دەخیلە هەستە ڕێکەوە خێرا
دەسکێ لەو گوڵەی باغەکەی سەرا
کەوا بە خوێنی لاوان ئاو درا
تاقمێ ڕێکخەن زۆر بە پەرلاقی
بە بەزم و ڕەزم و ئاهەنگ و ساقی
بۆ ئەوەی بکەن دەفعی مەراقی
بیبەنە بەردەم عەرشی عێراقی
بڵێن یار باقی و هەم صوحبەت باقی

**دووەم: عێراقچێتی بیرۆکراسی**

هێشتا ئاڵای حکومەتی سێیەمی شێخ مەحمود لە چیاکانی کوردستاندا دەشەکایەوە، لە ١٩٢٤/٣/٢٧دا ١٨ نوێنەری هەڵبژێردراوی کوردستان لە مەجلیسی تەئسیسی عێراقدا بەشداریان کرد. ئەرکی سەرەکی مەجلیسی تەئسیسی پەسەند کردنی پەیماننامەی عێراقی-بریتانی و دانانی (قانونی ئەساسی عێراق) بوو، کە بەرنووسی هەردوکیان، لەلایەن کاربەدەستانی بریتانییەوە ئامادە کرابوون.

لە ڕاپۆرتی مەندوبی سامی بریتانیا باس لەوە کراوە گوایە کوردەکان ئازادن بەشداری بکەن لە مەجلیسی تەئسیسی عێراقدا یان نا: "بۆ ڕێگری کردن لە هەر بەدحاڵی بوونێک لە لایەن کوردەکانەوە، بە ڕاوێژکارە بریتانییەکانمان ڕاگەیاندوە کە کوردەکان تێبگەیەنن لەوەی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا کوردەکان هەموو ئازادییەکیان هەیە بۆ بەشداری کردن یان نەکردن، لە هەڵبژاردنی مەجلیسی تەئسیسی، بەشداری کردن و نەکردنیان ئەو مافانەیان لێ وەرناگرێتەوە کە لە پەیمانی ئاشتی پییان دراوە."[1]

1. عزيز الحاج، القضية الكردية في عشرينات، الموسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت – لبنان ١٩٨٤، ص ٤٧.

بەڵام والاس لایان لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "بۆ ئەوەی کوردەکان بەشداری بکەن لەو مەجلیسەدا، بریتانیا سێ بەڵێنی بە کوردەکاندا، یەکەم دەوڵەت بۆ ناوچە کوردنشینەکان فەرمانبەری عەرەب نانێرێت، دووەم کورد ناچار ناکرێ زمانی عەرەبی بۆ نووسینی فەرمی بەکاربهێنێ و سێیەم رێز لە مافی دامەزراندنی جەمعیەتی مەزهەبی و مەدەنی لە ناوچە کوردییەکاندا دەگرێت. لەسەر ئەم بەڵێنە و بە متمانە بە نیازپاکی بریتانیا زۆربەی گەورە پیاوانی کورد بەشداربیان لەو ئەنجومەنەدا کرد."[1]

هەرچۆنێ بێ کۆمەڵێک کورد لەو مەجلیسەدا بەشداریان کرد و بوون بە رچەشکێنی عێراقچێتی بیرۆکراسی. ئەوانەش بریتی بوون لە: ئیبراهیم حەیدری، داود حەیدری، مەلا محەمەد جەلیزادە، سەبیح نەشئەت، عەبدوڵڵا موخلیص، محەمەد شەریف، حاجی پیرداود ئاغا، حسین مەلا ئاغا وەک نوێنەری هەولێر. شێخ حەبیب تاڵەبانی، جەمیل بابان، دارا بەگی داودە لەکەرکوک، شێخ قادری حەفید، عیزت بەگی عوسمان پاشا، میرزا فەرەجی حاجی شەریف، محەمەد بەگی فەتاح پاشا، ئەحمەد تۆفیق بەگ لە سلێمانی، محەمەد ئاغا شەمدین ئاغا و حاجی رەشید بەگ لە موسڵ. ئەم ١٨ کەسە بە هۆشیارییەکی تەواوەوە بەشداربیان لە دامەزراندنی عێراقێکدا کرد خەونی سەربەخۆیی کوردستانی لەبار برد، کە سەد ساڵ زیاترە خوێنی کورد بەناحەق دەڕژێنێ.

لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٢٥ یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە مێژووی عێراقدا ئەنجامدرا و ٨٤ کەس بوون بە نوێنەر. لەم خولەدا لە هەولێر پێنج کەس بوون بە نوێنەر (ئیبراهیم یوسف، ئیسماعیل رەواندزی، داود حەیدری، صبیح نشئەت و عەبدوڵڵا موخلص) لەگەڵ چوار نوێنەری سلێمانی: (ئەحمەد موختار بەگی جاف، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، محەمەد صالح محەمەد عەلی و میرزا فەرەج حاجی شەریف) و دوو نوێنەری لیوای کەرکوک شێخ حەبیب تاڵەبانی و رەفیق خادم سجاد.

تۆفیق وەهبی لە یادداشتەکەیدا بۆ کۆمەڵەی گەلان نووسیوێتی: "ژمارەی نائیبەکانی کورد لە مەجلیسی نوابدا لە چاو ژمارەی دانیشتوانی کوردستاندا زۆر کەمتر بوە. لە ٨٨ نائیب تەنیا ١١یان کورد بوون. لەپاڵ مەجلیسی نوابدا (مەجلیسی

1. دیود فیلدهاوس، کردها، عەرب‌ها و انگلیسی‌ها، خاطرات والاس لایان در عراق ١٩١٨ – ١٩٤٤، نشر مرکز، تهران – ایران، چاپ اول ١٣٩٥ ص٦٢.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەعیان)یش دامەزرێندرا. نیوەی ئەندامانی ئەم مەجلیسە لەلایەن مەلیکەوە دائەنرا. لێرەدا ژمارەی کورد کەم بوە. لە ٢٠ عەین تەنیا ٢ یان کورد بوون."[1]

نەوشیروان مستەفا. هەڵوێستی ئەوانەی کە دەبوون بە نوێنەری کوردستان بەمجۆرە هەڵدەسەنگێنێ: "ئەگەرچی هەندێ لەم نائیبە کوردانە خوێندەواری خاوەن شەهادە و رۆشنبیری شارەزای کاروباری سیاسی و بەرێوەبەرایەتی بون، لەناو کۆمەڵدا خاوەن پلەی کۆمەڵایەتی بەرێز بون، بەڵام زۆریان دانیشتوی بەغداد و دور بون لە کۆمەڵی کوردەوە. سەرەرای ئەوەش، هەندێکیان ئەگەرچی بە رێچەڵەک کورد بون، بەڵام هەستی نەتەوەییان تێیدا نەبوە. زیاتر لەوەی دڵسۆزی مەسەلەی کورد بن، بۆ پارێزگاری پلەوپایەی خۆیان گوێرایەڵی ئامۆژگارییەکانی کاربەدەستانی ئینگلیز و دڵسۆزی عەرشیعێراقی بون. بۆ ئەوەی دڵی وەلی نیعمەتەکانیان لە خۆیان نەڕەنجێنن، هەندێ جار دژی خواستە نەتەوەییەکانی کورد وەستاون."[2]

بەشداری کردنی ئەو کۆمەڵە کەسە لەم مەجلیسەدا، دەرگای بە رووی خەڵکانی دیکەدا کردەوە تاوەکو بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ بەشداری لە دامەزراوەکانی عێراقی تازە دامەزراودا بە تایبەتی مەجلیسی نواب و مەجلیسی ئەعیاندا بکەن؛ ئیبراهیم حەیدەری یەکەم وەزیری کورد بوو کە ساڵی ١٩٢٤ لە کابینەکەی یاسین ئەلهاشمی دا بوو بە وەزیر و پاش ئەویش محەمەد ئەمین زەکی بەگ بۆیەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٧دا لە کابینەکەی جەعفەر عەسکەری بوو بە وەزیر، تاوەکو ساڵی ١٩٣٥ لە سێ کابینەی دیکەدا وەزیر بوو. ئەحمەد موختار بابان لە ساڵی ١٩٣٤ وە تاوکو ساڵی ١٩٥٧ لە حەوت کابینەدا بوو بە وەزیر و دواجاریش لە ساڵی ١٩٥٨ بوو بە سەرۆک وەزیرانی عێراق تاوەکو گۆڕینی رژێم بۆ کۆماری. سەعید قەزازی، خەڵکی سلێمانیش یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٢ تاوەکو ساڵی ١٩٥٨ پێنج جار بوو بە وەزیر. جەلال بابان لە ساڵی ١٩٣٢ تاوەکو ساڵی ١٩٤٨ لە پێنج کابینەدا وەزیر بوو.

بابا عەلی شێخ مەحمودی حەفید، دوو جار بوەتە وەزیر ١٩٤٦ لە کابینەی ئەرشەد عومەری و ساڵی ١٩٤٦ لە کابینەی نوری سەعید، تاوەکو ساڵی ١٩٤٧، بەهائەدین نوری ساڵی ١٩٤٩ بوو بە وەزیر لە کابینەی نوری سەعید.

کاتێک لە ١٩ی تەموزی ١٩٢٤ سوپای عێراق بۆ یەکەمجار سلێمانی داگیر کرد و کۆتایی بە حکومەتی سێیەمی شێخ مەحمودی حەفید هێنا. دەوڵەتی عێراق دەستی

---

1. نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم رێگاوە گوڵچنین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی رۆژنامەوانی کوردی، بەرگی دووەم، دار العربیة للعلوم الناشرون، بیروت –لبنان ٢٠١٣، ل ١٨٦.
2. هەمان ،سەرچاوە، ل ١٨٨.

کرد به جێبەجێ کردنی سیاسەتی تواندنەوەی کورد لە بۆتەی عێراقیی بووندا، بریتانیاش لەوەدا هاریکار و پشتیوانی بووە.

لە دوای داگیرکردنی سلێمانی، کاربەدەستانی عێراق بەشێک لەوکەسانەی بردە ناو بیرۆکراتیەی حوکمڕانیەکەیەوە، کە پێشتر لە دەوڵەتی عوسمانیدا فەرمانبەر یان ئەفسەر بوون و لە حکومەتەکانی شێخ مەحمودیشدا پلەوپۆستیان هەبوو، حکومەتی عێراق پلەو پۆستی پێدان و کردنی بە وەزیر و ئەفسەی پلەبالّا وبەڕێوەبەر، تەنانەت لە سەرەتادا هەندێ لە نوخبەی کوردی کرد بە موتەسەریفی لیواکانی هەولێر و سلێمانی و هەندێ لە شارەکانی عێراقیش. هەرچەندە ئەو کوردانەی چووبوونە ناو دامودەزگا ئیداریەکانی حکومەتی عێراقەوە، پێیان وابوو دەتوانن پلەوپۆستەکانیان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی هەندێ لە خواستەکانی کورد بەدیبهێنن، بەڵام سیاسەتی دەوڵەتی عەرەبی کە لەسەر ئینکار کردنی نەتەوەی کورد دانرابوو، ئەوەی لێ قەبوڵ نەکردن. تۆفیق وەهبی بەگ لەو بارەوە دەڵێت: "من خۆم کاتێ موتەسەڕیفی سلێمانی بوم، داوام کرد نەخۆشخانەیەک لە سلێمانی بکەنەوە، وەڵامی وەزیری عەرەب ئەوە بوو کە لە بودجەدا پارە نییە، هەر لەم کاتەدا موتەسەڕیفی عەرەبی موسڵ داوای پارەی کرد بۆ دروست کردنی زیندانێکی نوێ، کەچی حکومەت بە بایەخێکی زۆرەوە مەسەلەی دابینکردنی پارەی پێویستی بۆ ئەم مەبەستە وەرگرت."[1]

لە ئازاری ١٩٣٠ نوری سەعید، بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئاوێتە کردنی کورد لەناو عێراقدا، هەوڵیدا هەندێ کرانەوە بەڕووی کورددا بکات لەوانە زمانی کوردی لە کوردستان بکات بە فەرمی، مەعاریفی هەولێری لە موسڵ جیاکردەوە و سلێمانیش لە بەغدا و هەندێ لە مەنهەجی خوێندنی سەرەتایی کرد بە کوردی و "لە بواری بەڕێوەبەرایەتیدا هەندێ کەسایەتی ناسراوی کوردی هێنایە پێشەوە، کاری بەڕێوەبەرایەتی گرنگی پێ سپاردن، لەوانە تۆفیق وەهبی بەگ کرا بە موتەسەریفی سلێمانی، عەبدولحەمید عەبدولمەجید، کرا بە موتەسەریفی هەولێر، سالّح زەکی بەگ کرا بە معاون مودیر عامی داخلیە، ماجید مستەفا، کرا بە قائمقامی ئامێدی، خەڵەف شەوقی بە پشکێنەری دارایی، هەندێ لەمانە بەکەسانی کوردپەروەر ناسرابوون، هەندێکیان لە هاوکارانی شێخ مەحمود بوون"[2]

دانانی ئەم کەسایەتیانە بۆ دەستەمۆکردنیان بوو، بۆ ئەوە بوو بیری عێراقچێتی لە ڕێگەی ئەوانەوە لەناو کۆمەڵی کوردیدا بچەسپێنن، بۆیە هەرکاتێک بەو بەرنامەیە

1. نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، سەرچاوەی پێشوو،٢٥٣.
2. هەمان سەرچاوە، ل٥٠.



ئەم کتێبە لە مالّپەڕی هەوالّنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کاری نەکردایە لە پۆستەکەی دەردەکرا، بۆ نمونە کاتێک لە مانگی ئایاری ١٩٣٠ تۆفیق وەهبی بەگ، کرا بە موتەسریفی سلێمانی دوای چوار مانگ لەسەر کار لادرا، چونکە "ئەو ماوەیەی ئەو موتەسەڕیف بوو، جوڵانەوەی ڕۆشنبیری و سیاسی بۆ داواکردنی مافی نەتەوەیی کورد لە سلێمانی گەیشتە پۆپەی، حکومەتی بەغدا ئەم چالاکیانەی بە هاندانی ئەو ئەزانی."[1] ئەحمەد موختاری جاف لەسەر ئەو کەسانەی دەستەمۆ ببوون دەڵێ:

> لادە شاعیر تۆ لە باسی عەشقبازی و سەیری کە
> چۆن خەریکن چەند کەسێ ئێستا وەتەن وێران ئەکەن
> جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو
> لەم موحیتە مەنعی عیلم و سەنعەت و عیرفان ئەکەن
> ڕووڕەشی دنیا و قیامەت ئەو نەفامانەن کە وا
> هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بە پارە و نان ئەکەن
> ئاسمان ئێستا وەها چەرخاوە جاهیل غالیبە
> گوربە و و ڕێوی خەیاڵی مەرتەبەی شێران ئەکەن
> چەند کەسێکی تازەپیاکەوتوو لە کووڕە دەرچوون
> پیاو کە چوو بۆ ئیش لەپێشا یۆقلەمەی گیرفان ئەکەن

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٣دا لێکدانەوەیەکی مارکسیانەی بۆ عێراقچێتی کردووە و نووسیویەتی: "عێراقچێتی بۆرجوازی عەرەبی داگیرکەر، بۆ تاڵانکردنی بازاڕی کوردستان و کەرەستەی خاوی و دەستی هەرزانی، لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستی ڕەگەز پەرەستانەوە، ڕوو لە بە عەرەب کردنی کورد و کوردستان بوو، هەلومەرجێکی پڕ لە مەترسی بۆ سەر کوردستان پەیداکرد، بە ئاقاری تواندنەوە کورد لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبیدا و سڕینەوەی واقعی نەتەوەیی کوردستان، واتە بەرەو هەڵلوشینی کوردستانی عێراق. بەوەش زەبر و زەنگ و کاری دڕندانە دەرحەق گەلی کورد زیاتر پەرەی سەند، کۆسپی زیاتر خرایە ڕێگەی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان و پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵی کوردستان، بەتەواوەتی شێوا."[2]

---

1. نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.
2. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، عێراقچێتی داگیرکەر و بورجوازی کوردستان و کوردستانی بوونی کرێکاران و ڕەنجدەران، نیسانی ١٩٨٣، ل ٥.

## سێیەم: عێراقچێتی کولتووری

### ١. رۆژنامەی ژیانەوە (١٩٢٤ -١٩٢٦)

ئینگلیزەکان دوای سێ رۆژ لە بۆمبارانکردنی شاری سلێمانی لە ١٨ی تەموزی ساڵی ١٩٢٤، شێخ مەحمودیان ناچارکرد سلێمانی بەجێ بهێڵێت، لە ١٩ی تەموزی دا سوپای عەرەبی عێراق بەپشتیوانی هێزی پۆلیس و هێزێکی لیڤی ئاسوری و هێزی ئاسمانی بەریتانیا سلێمانیان داگیرکرد.

ئینگلیزەکان کە پێشتر رۆژنامەکانی (تێگەیشتنی راستی و پێشکەوتن)یان دەردەکرد و هانی کوردیان دەدا بۆ سەربەخۆیی، لە دوای داگیرکردنەوەی سلێمانی، بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی عێراقچێتی لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا، هەستان بە دەرکردنی رۆژنامەی (ژیانەوە)، کە رۆژنامەیەکی وێژەیی هەفتانەی کوردی بووە، یەکەم ژمارەی لە١٨ی ئابی ١٩٢٤ دەرچوو. بەردەوام بوو تاوەکو ڕۆژی ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٢٦. لەو ماوەیەدا پەنجا و شەش ژمارەی لێ دەرچوو.

پێچەوانەی رۆژنامە کوردییەکانی پێش خۆی ژیانەوە ناوی سەرنوسەری لەسەر نەبووە، لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ژمارە بەراییەکانیدا دەردەکەوێ خەڵکانێکی لە پشتەوە بوون کە دژی دەسەڵاتی شێخ مەحمود بوون، بە تایبەتی جەمیل سائیب.

رۆژنامەکە یەکەم رۆژنامەی کوردی بوو بە زمانی کوردی قسە و جنێوی بە شۆڕشی کوردیی ئەوسا دەدا. لەمە مەترسیدار تر، یەکەم رۆژنامە بوو باسی لە عێراقیبوون و کوژاندنەوەی سەربەخۆیی دەکرد.

نەوشیروان مستەفا ئەمین لەبارەی ئەم رۆژنامەوە دەڵێت: "ژیانەوە حکومەتی سلێمانی کە ئینگلیز راستەوخۆ سەرپەرشتی کردووە، دەریکردووە و ئەرکی سیاسی ژیانەوە ئەوە بوو کە کورد حاڵی بکا هیچ قەوارەیەکی سیاسی بەڕێوەبەرایەتی یا قانونیی تایبەتیان پێ ڕەوا نابینرێ، بەڵکو بەشێک دەبن لە عێراق و، ئەبێ ببن بە هاوڵاتی عێراقی."[1]

سەبارەت بە رۆڵی رۆژنامەی ژیانەوە لە دژایەتی کردنی شێخ مەحمود و جووڵانەوەکەی نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "شێخ مەحمود کە ئاڵای سەربەخۆیی کوردستانی هەڵگرتبو، چەندین تاقمی پارتیزانی سازدابو شەڕیان لەگەڵ هێزەکانی عێراق و بریتانیا ئەکرد، وەکو مەترسیەکی راستەقینە مابوو. ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پارەیەکی زۆری بۆ کوشتنی تەرخان کردبو، بەهێزی پیادە و بە فڕۆکەیش

1. نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی رۆژنامەوانی کوردی، بەرگی یەکەم، دار العربية للعلوم الناشرون، بیروت -لبنان ٢٠١٣، ل ٣٦٤.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەمیشە بە دواوەوە بون. ئەیانویست لە روی سیاسیەوە سوکی بکەن و لە بەرچاوی خەڵک بیشکێنن و خۆی وەکو ڕێگر و شۆڕشەکەیشی وەکو یاخیبوونێکی چەتەیی پیشان بدەن."[1]

ڕۆژنامەی ژیانەوە هەنگاوی یەکەمی بریتانیا بوو بۆ چاندنی تۆی عێراقچێتی و دژایەتی کردنی خواستی سەربەخۆیی خوازی لە ناو کورددا لە ڕێگەی کارێکی کولتووریییەوە. لەمەدا کۆمەڵێک منەوەری کوردی کە ڕەخنەیان لە شێوازی حوکمڕانییەکەی شێخ مەحمود هەبوو، یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتە، بەڵام سەرەڕای دژایەتی کردنی شێخ مەحمود و بیری سەربەخۆیی خۆازی کورد، لە ڕۆژنامەی ژیانەوەدا گەلێ بابەتی تێیدایە کە ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە لە هۆشیاری سیاسی لەلای کوردەکانی باشور، بە تایبەتی لە سەروبەندی شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥. بەڕای نەوشیروان مستەفا "ژیانەوە تۆماڕێکی گرنگی تێکشانی جوولانەوەی نەتەوەیی کورد و بە ئاوات نەگەیشتنی ئەو قۆناغەیە، ڕۆشنبیرانی سلێمانی هەوڵیاندا لەم پەنجەرەیەوە باس و خواستی کوردایەتی جارێکی تر بهێننەوە سەر مێزی لێدوان."[2]

**٢. ڕۆژنامەی ژیان ١٩٢٦ -١٩٣٨**

پاش وەستانی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، لەسەر دەستی ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ، موتەسەریفی سلێمانی، ناوی ڕۆژنامەی ژیانەوە کرابە (ژیان)و لە٢١ی کانونی دووەمی١٩٢٦یەکەمین ژمارەی لێدەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە تادوا ژمارەی کەلە١٠ی مارسی١٩٣٨ دەرچوو (٥٥٣) ژمارەی لێ چاپکرا. لە وتارێکدا نووسیویەتی: "سەرەتا ئیشارەت بەوە ئەدا کە بە هۆی دامەزرانی حکومەتی کوردستان و شۆڕشی شێخ مەحمودەوە ئەم وڵاتە خەریک بوو لە ناو بچێ، تا (حامی موعەزم) کە مەبەستی بریتانیایە، فریای کەوتوە و ڕزگاری کردووە. ئینجا ئیشارەت بەوە ئەدا کە بەهۆی کێشەی ویلایەتی موسڵەوە چارەنووسی ناوچەکە دیار نەبوە ئاخۆ ئەخرێتە سەر تورکیا یان ئەدرێ بە عێراق. بۆیە ڕۆژنامەکە ناو نراوە (ژیانەوە)، بەڵام دوای ئەوەی ئەم کێشەیە بەلادا کەوتووە و موسڵ بەیەکجاری خراوەتە سەر عێراق، ئیتر وەک نیشانەی قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی ناوچەکە ناوی ڕۆژنامەکە لە (ژیانەوە) کراوە بە (ژیان)."[3]

---

1. نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە میژوی ڕۆژنامەوانی کوردی، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٠.
2. هەمان سەرچاوە، ل ٤٢١.
3. نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، چەند لاپەڕەیەک لە میژوی ڕۆژنامەوانی کوردی- بەرگی دووەم، سەردەمی قەڵەم و مراجعات، دار العربية للعلوم الناشرون، بیروت -لبنان ٢٠١٣، ل ١٣.

رۆژنامەکە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لە قۆناغی یەکەمیدا کە عەلی عیرفان سەرپەرشتی کردووە، بەڵام ناوی خۆی لەسەر دانەناوە، زۆر دژایەتی شێخ مەحمود و ئەو حکومەتانەی دروستی کردبوو کردووە. چەندین وتار و شیعری لەسەر نووسیوە. لە ژمارە سێ دا لەژێر ناوی "قەط گورک ئەبێ بە شوانی مەڕ؟" وتارێکی لە دژی تێکۆشەرانی سەربەخۆیی نووسیوە و بە خائینی لە قەڵەم داون، وتارەکە ناوی کەسی لەسەر نییە، بەڵام دەربڕی رق و قینێکی زۆرە بەرانبەر بە شێخ مەحمود و تێکۆشەرانی کورد.

لە بەشێکی وتارەکەدا هاتووە: "مودەتێکی زۆر ئەم وەطەنە مەعوصومە بەدەست بەعضێ خائنانی خۆییەوە ئەینالاند، هەر رۆژێ بە نەوعێ، هەر سەعاتێ بە بەهانەیەک ئەم میللەتە مەظلومەیان ئیغفال ئەکرد. ئەم خائنانە گاە بە مەسەلەی موصلّ و هاتنەوەی تورکەوە میللەتیان ئەتۆقاند و گاە بە وەعدی ئیستقلالیەتی کوردەوە، سەریان لەم خەلقە ئەشێواند. تا لە نەتیجەدا بوون بە سەببی ئەم فەلاکەتە عەظیمەی کە دیتمان.." پاشان روو لە خەڵک دەکات و دەڵێ: "ئەی دوشمنانی میللەت! موحەقەق بزانن مللەتی کورد ئیتر ئێوەی لە قەیدی کوردیەت و حەتا لە زومرەی بەشەریەت دەرهاویشتوە..."

هەروەها نووسیویەتی"ئەی گومڕاهانی طەریقی سەلامەت! لێتان مەعلوم بێ میللەت ریگای نەجاتی خۆی دۆزیوەتەوە، عەنقەریب سەعادەتی ئەبەدی خۆی دەست ئەکەوێ و ئێوەش وەکو فاسق مەحروم لە دووڕەوە مەیئوس و حەسرەتکێش ئەمێننەوە... "ئیتر هەر لە ئێستاوە کفن بۆ خۆتان ببڕن لە هەموو شتێک چاکترە، تا ئێوە خراپی بکەن، نەفرەتی میللەت زیاتر ئەکا و ئەمین بن جزای خۆتان بەچاوی خۆتان لەدەستی میللتی خۆتان ئەبینن."[1]

لە دریژەی هێرشەکانی رۆژنامەی ژیان بۆ سەر شێخ مەحمود، سەروتارێکی بەناوی "لە عێراقدا ئەمڕۆ لیوای سلێمانی لە هەموو لیواکانی تر فەقیرترە". نووسەر کە ناوی خۆی نەنووسیوە هەموو دواکەوتنەکەی لیوای سلێمانی کە دوو ساڵ زیاتر بوو لێکێندرابوو بە عێراقەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ هاتنەوەی شێخ مەحمود، لە ساڵی ۱۹۲۲: "هەموومان چاک لەبیرمانە کە لە پێش هاتنەوەی شێخ مەحموددا بۆ عێراق لیوای سلێمانی چ لە نوقطەی ئیقتیصاد و تجارەت و چ لە نوقطەی رەفاهـ و ئیسراحەت و لە گەلێ خصوصاتی ترەوە لەگەڵ لیواکانی تری عێراقدا نەک مساوی عادەتەن

1. ژیان (رۆژنامە)، ژمارە (۳)، ٤ شوباتی ۱۹۲٦، ل ۲-۳.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

تەفەوقێکی ئەکرد و بەم نوعە، چە تجار چە ئەصناف و چە مەئومور لە ئەحوالّی خۆیان مەمنوون و بۆ ئیستقبالیان بە شەوقێکی تەواوەوەتی ئەکۆشان و میللەت و مەملەکەت هەردوو لایان کەوتبوونە سەر ڕێگای تەرەقی و پێشکەوتن یان نەوعێکی وەها بوو کە ڕۆژبەڕۆژ تەرەقی لێ مشاهدە ئەکرا... وەضعیەت بەم نەوعە ڕوو لە تەعالی بوو، تاکو موشفیقت دزان بە ناخێری هاتەوە کە دەس بەجێ بەوهاتنەوە مەنحوسە ئەو سیاسەتی مەشئومە شەقاوەتیزمە کەوتە ساحەی فەعالیاتەوە... بە پاڵەپەستۆی ظولّم و جەهالەت ڕۆژ بە ڕۆژ براینە دواوە. هەرچی عەلامەتی عەقڵ و مەدەنیەت بوو لە ناوا هەڵگیرا لە جیاتی ئەوان خەنجەری دەسک ماهی و تفەنگی قۆناخ خڕ و صالّات بوو بە مۆدەی وەقت، و مقەدەراتی میللەت کەوتە دەست چەند جاهیلێکی موضیر"[1] تاوەکو سالّی ۱۹۳۰ ڕۆژنامەکە هەر لەسەر ئەو سیاسەتەی خۆی بەردەوام بوو، دوای ئەوەی حسێن نازم دەبێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە پیرەمێرد بە شیعرێک هەجوی ڕۆژنامەکەی کردووە:

(ژیان)مان هەندێ لەرێ لای دابو
لالوت بوین، لامان باوی نەمابو
ئەم جارە هەمو بۆی تێ دەکۆشین
کەمی و لاسەنگی بۆدادە پۆشین

**شیعری عێراقچی**

عەبدولّلّای کوڕی مەلا محەمەد، ناسراو بە "زێوەر" (۱۸۷۵ - ۱۹٤۸) کە کورد پەروەرێکی بەناوبانگ بووە، ڕۆژگارێک دەیووت:

وا عەرزت ئەکەم بە شیرینی
خورمای خۆت بۆ خۆت مێوژم بۆ خۆم
لەکوم دینوکم و لییە دینی

دوای لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە، دیارە حەزی خواردنی خورمای لەلا دەجولّی و واز لە مێوژ دەهێنێ و کوردستانی لێ دەبێتە "شمال"ی عێراق و دەنووسێ:

ئەی عێراق، ئەی عێراقم ئەی نوری چاوان
چەند جوانی لە ئەرزدا بوویتە گولّشەنمان
لە "شیمال" و لە جنووبا مەنزەری فەتتان
دانیشتوانت وەک برا من وەک برای هاوجان

هەروەها بە شان و بالّی ئیدارە حکومەتدا هەلّدەدات و دەلّێت:

---

1. ژیان (ڕۆژنامە)، ژمارە (۸) ، ۱۱ مارتی ۱۹۲٦، ل ۱.

ئیدارەی عێراق بووتە مەشروطە
حکومەتێکی جوان و مەضبوطە
بەغدا پایتەختە مەلیک نشینە
لەگەڵ وەزیران ئیدارە بینە
مەجلیسێ میللەت مەجلسێ ئەعیان
لەگەڵ ڕێخرا قانوون و نیظام
تەطبیقی ئەکەن وەزیران تەمام[1]

لەژێر ناوی "بۆ خاوەن شکۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم" ئەحمەد بەگی کۆڕی فەتاح بەگ (١٨٧٨- ١٩٣٦) ناسراو بە حەمدی، کە یەکێک بوو لە ڕەخنەگرە سەرسەختەکانی شێخ مەحمود و حکومەتەکەی و گاڵتەی بە وەزیرەکانی کابینەی دووەمی کردووە و بە شیعر هەجووی دەکردن؛ لەکاتی هاتنی مەلیک فەیسەڵی یەکەم بۆ سلێمانی، قەسیدەیەکی دورودرێژی بەسەردا هەڵداوە. لەو قەسیدەیەدا لە خۆشەویستی بۆ مەلیک فەیسەڵ، (شیرین) هێمای عەشق و ئەوین و خەسرەوی پەرۆیز پادشای کوردان و قەیسەری ڕۆم دەکات بە عەبدی. ئەو هەموو تاوانەی بەرانبەر کورد کردویەتی لەبیر دەکات و باس لە عەدل و ئینسافی داگیرکەری وڵاتەکەی دەکات!!

کە گوێ ئەگرم بەجارێ هاتەهەتێ کەوتە ئەم خەڵقە
کە هات چی تاجدارێ برو ئەدا جەبهەی میسالی خۆر
وتم کێیە ئەمە ئەم حیشمەتە لەم حەشرەدا، وتیان
ئەمە شاهی عێراقە و ئەشرەفی ئەولادی پێغەمبەر
مەلیک زاتی جەلیل و ئەقدەسی فەیسەڵ کە مەعقوولە
بەشیرین عەبدی بێ خەسرەو ببێتە نۆکەری قەیسەر
شاهنشاهێکە ئەیوانی بەرابەر تاقی کەیوانە[2]

عەبدولخالق حوسێنی نەقشبەندی، ناسراو بە ئەسیری(١٨٩٠–١٩٦٢) هەموو شیعرەکانی لە مەدحی گەورەیی کورد و خۆشەویستی کوردستان و گلەیی کردن بووە لە بەختی ڕەشی کورد، کەچی لەژێر هەژموونی ئەو ڕەوتە عێراقچێتیەی کە لە دوای ساڵی ١٩٣٠ەوە لە ناو بەشێک لە ئەدیباندا دروست بووبوو، ئەویش لە ٧ی ئەیلولی ١٩٣٤ لە جیاتی شیعر نووسین بۆ یادی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠، شیعری ماتەمینی بۆ یەکەم ساڵیادی مردنی ئەو مەلیکەی کە کوردستانی جنوبی بەزەبری هێز و فێڵ لکاند بە عێراقەوە، نووسی:

---

1. دیوانی زێوەر، ئامادەکردنی مەحمود زێوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ١٨٧–١٨٩.
2. دیوانی حەمدی، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا خدر مەولوود، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر، چاپی پێنجەم، ٢٠١٣، ل ٨٢–٨٣.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

مەلیکی ڕەحمەتی فەیسەڵ ئەزانی
زەمان چەند عەسرە پیاوی وای نەهانی
چەنێ گەورە ئەلەم عیسرە پەیا بوون
لەسەر نەزم و ئیدارە و ئاوەدانی
وەلێ ئەم نەزم و تەرتیب و ئیدارە
بەکردەو عەقڵی ئەم بوو حوکمڕانی
شەو ورۆژ بۆعێراق سەعیو پەلەی کرد
بە ئیستیقلال و ئازادی گەیانی
لە عوسبە پیاوی بەرزە قەدروشانی
مەرامی بوو کە دی ساحیب جەلالە
لەبۆ جەنەت فڕی ڕۆحی ڕەوانی
دەما ودەم، ڕۆژبەڕۆژ، پایە بەپایە
بەرەو ژوورە عێراق ناونیشانی
.....[1]

وەک شێرکۆ بێکەس لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە، بێکەسی باوکی هەڵگیرسێنەری شۆڕشی بەردەرکی سەرا بووە، تەنانەت بریندارێش بووە، کەچی لەو ماوەیەدا عێراقچێتی ئەویش دەگرێتەوە، لە دوا سالّی تەمەنیدا لە ١٩٤٨، شیعری داری ئازادی دەنوسێ و لە دوا دێڕیدا دەڵێت:

دۆستی کورد و عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شاهیدە
ناحەزی ڕووڕەش لە داخا با یەخەی خۆی دادڕێ..[2]

**چوارەم: عێراقچێتی ئایدۆلۆژی**

سالّانی ١٩٢٠ بۆ ١٩٣٠ چەند گروپ و حزبێکی سیاسی لە عێراق دەرکەوتن کە خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو نەبوون. ئەوانەی دروستیان دەکردن یان بۆ ئەوەبوو لە ڕێگەیەوە پۆستی سەرۆکی وەزیرانی حکومەت بەدەست بهێنن یان بۆ ئەوەبوو لە ڕێگەیانەوە کۆمەڵێک خواستی خۆیان بەسەر حکومەتدا بسەپێنن. هەرکە دەگەیشتنە مەرامەکانیان، حزبەکانیان هەڵدەوەشاندەوە.

بەشی زۆری ئەم حیزبانە هەڵوێستان بەرانبەر بە کورد توند و دژ بوو، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا هیوایەک هەبوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان، هیچ کوردێک لەو حیزبانەدا نەبوونە ئەندام. لە ئەیلولی ١٩٢٢ دا (حزب الحر العراقي) لە لایەن "مەحمود نەقیب

1. دیوانی ئەسیری، ئامادە کردنی ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٤٤.
2. دیوانی بێکەس، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم ٢٠١١، ل٨٤.

کوڕی عبدالرحمن نەقیب"ەوە دامەزرا. ئەمە یەکەم حزبی عێراقییە کە بە ئاشکرا داوای لکاندنی کوردستانی بە عێراقەوە دەکرد، لە کاتی بەستنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی تەئسیسی عێراقدا لە بڵاوکراوەیەکدا رایگەیاند: "گرنگترین باوەڕەکانمان و داواکارییەکانمان پاراستنی سەربەخۆیی وڵاتەکەمان عێراقە، بە سنورە سروشتییەکەیەوە، بە لیوای سلێمانییەوە کە بەرژەوەندی ئابوری و پەیوەندی ناوچەیی پێکەوەمان دەبەستێتەوە."[1]

حیزبی (التقدم)یش لە ساڵی ١٩٢٥ دامەزرا، عەبدولموحسن سەعدون دایمەزراند، ئەم حیزبە یەکەمین حیزبی پەرلەمانی عێراقی بوو، ئینگلیزەکان پشتیوانیان لێ دەکرد. لە پەیڕەوەکەیدا هاتووە "پاراستنی سنوری ئێستای عێراق ئامانجمانە." پاش ئەو (حزب الشعب) دێت کە لە ١٩٢٥ مۆڵەتی وەرگرتووە، دوور و نزیک باسی لە کورد نەکردووە، لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە یاسین هاشمی سەرۆکی حیزبەکە ناسیۆنالیستێکی عەرەب بوو.

لە دوای هەڵگرتنی ئینتداب لەسەر عێراق، چەند رەوتێکی سیاسی دەرکەوتن کە داوای چاکسازی سیاسی و ئابورییان دەکرد. ئەگەرچی لە بەرنامەی ئەم رەوت و گروپانەدا بە هیچ شێوەیەک باس لە مەسەلەی کورد نەکرابوو، تەنانەت هیچ کام لە دەستەی دامەزرێنەرەکانیشان کورد نەبوون، بەڵام وەک دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف دەڵێ کۆمەڵێک خوێندکاری کورد کە لە بەغدا دەیانخوێند کەوتوونەتە ژێر کاریگەری حیزبی ئەهالییەوە: "ژمارەیەک لە خوێندکار و قوتابیانی کورد پەیوەندی بە هێزیان لەگەڵ تاقمەکەی (الاهالي)دا هەبوو، وەکو برایم ئەحمەد، سەمەد حاجی محەمەد، رەشید عارف سەقا، د.کەمال عەبدولڕەحمان و فایەق هۆشیار."[2] ئەم جۆرە بەشداری کردنە، سەرەتایەکی مەترسیدار بوو لە تەشەنەسەندنی فکری عێراقچی ئایدۆلۆژی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا. گروپی ئەهالی تادەهات گەورەتر دەبوو و دواجار لەژێر ناوی "الحزب الوطني الديمقراطي"دا خۆیان راگەیاند. ئەم حیزبە یەکەمین حیزبی عێراقییە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا پشتیوانی لە مافی نەتەوەیی کورد کردووە. لە کارنامەکەیدا هاتووە "نیشتمانی عێراق گۆڕەپانی هاوکاریەکی ئازادانەیە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان عەرەب و کورد و نەتەوەکانی دیکە کە پێکەوە عێراق پێکدەهێنن."[3]

---

1. الحزب الديمقراطی الكردستانی، موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكردية ١٩٤٦ -١٩٧٠، منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي، الطبعة الاولى ١٩٩٧، ص ١٣.
2. د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والاحزاب الكردية في نصف القرن، شركة المعرفة، الطبعة الاولى، بغداد ١٩٨٩. ص٩٢.
3. الحزب الديمقراطی الكردستانی، المصدر السابق، ص ٢٤.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

جەلال تاڵەبانی دەڵێ "ئیبراهیم ئەحمەد و ڕەشید عارف و چەند قوتابیەکی تر پەیوەندییان لەگەڵ هەموو دەستە پێشکەوتووەکانی عەرەب هەبووە، لەم سەردەمەدا بیروباوەڕی پێشکەوتوو و دیموکرات لە ناو ئەو لاوانەی کوردی شۆڕشگێڕ کە لەبەغدا بوون بڵاوبووەوە بەهۆی ئەوانیشەوە هاتە ناو کوردەواریەوە با لە جوغزێکی تەسکیشدا بێت."[1]

ئەم کارانەی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێکانی جێگەی نیگەرانی سەرکردەکانی کورد بوون و هەڵوێستەکانی ئەوانیان بە دژی کورد لە قەڵەم داوە، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد سوربووە لەسەر هەڵوێستەکەی و لە ساڵی ١٩٣٧ نامیلکەی (الاکراد والعرب) نووسی، ناسیۆنالیستە عەرەبەکان پێیان وابوو ئەو نامیلکەیە بە هاندانی بەکر سدقی نووسراوە کە لە ١٩٣٦/١١/٢٩ لە کودەتایەکی سەربازیدا دەسەڵاتی گرتبووە دەست. ئەم نامیلکەیە یەکەم گوتاری کوردییە لە بارەی برایەتی کورد و عەرەب. نووسەر سەقامگیری عێراق دەبەستێتەوە بە پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەبەوە، بەڵام بەومەرجەی پەیوەندییەکان ئارەزوومەندانە بێت. لە نامیلکەکەدا هیچ ڕێگەچارەیەک بۆ پێکەوە ژیانی کورد و عەرەب دیاری نەکراوە، بەڵام پەیامێکی سەرەتایی مەترسیدارە کە تێیدا نوخبەی نوێی کوردی رازییە بەو چوارچێوەی سیاسیە بە زۆر سەپێندراوەی عێراق.

جەلال تاڵەبانی لە بارەی ئەو نامیلکەیە دەڵێت: "لەم نامیلکەیەدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردایەتیدا باسی یەکخستنی خەباتی گەلان بە گشتی و کورد و عەرەب بە تایبەتی و یەکێتی و دەسکەوت و ئامانجی گەلان ئەکرێت، باسی خراپەی بیروباوەڕی شۆڤێنی و ڕەگەزایەتی کوێرانە و چاکەی سەلماندنی مافی گەلان بە مافی چارەنووسیشەوە ئەکرێت، هەروەها باسی برایەتی دێرینی کورد و عەرەب و یەکێتی ئامانج و خەباتیان و هاوکارییان دژی دوژمنی هەردوولا کراوە. لە نامیلکەکەدا مامۆستا برایم ئەحمەد بنج و بناغەی برایەتی عەرەب و کورد ڕوون دەکاتەوە، نیشان دراوە کە دوژمنی هەرە گەورەی هەردوولا هەر ئیمپریالیزمە، ئەو ڕاستییە خراوەتە پێش کە گەلانی عەرەب و کورد و تورک و فارس دوژمنی یەکتری نین، بەڵکو برای یەکترن. کەچی پێشتر هێندێ سەرکردەی عەشایری وایان لە خەڵک دەگەیاند کە عەرەب دوژمنە و ئەبێ بە پشتیوانی ئینگلیز لێیان رزگار بین..."[2]

هەرچەندە برایم ئەحمەد لەو نامیلکەیەدا پێی وایە بناغەی زێڕینی برایەتی گەلان و چارەسەرکردنی گیروگرفتە نەتەوەییەکان بە ڕێگەدان بە مافی چارەی خۆنووسینی

1. جلال تاڵەبانی، کوردایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.
2. هەمان سەرچاوە، ل ٨٤.

گەلان دێتە دی، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەمە سەرەتای دەسپێکی رازیبوونی ئەم نوخبە تازەیەیە کە تازە هاتبوونە ناو دنیای سیاسەتەوە بەو ئەمری واقعەی لە دوای ساڵی ١٩٣٠ەوە بەسەر کوردستانی باشوردا سەپێندرابوو.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەشی دووەم

# کوردایەتی لە داوی بیری ئۆتۆنۆمیخوازیدا

ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# باسی یەکەم
# ڕەوتی گەشەکردنی بیری ئۆتۆنۆمیخواز
# لە باشوری کوردستان

دابەش و داگیرکردنی کوردستان لەلایەن وڵاتانی عێراق و تورکیا و سوریا و ئێرانەوە، کە هەندێکیان هێشتا خۆیان لەلایەن ئیمپریالیزمی بریتانیاوە لە حاڵەتی ئیستعماریدا دەژیان، هەستێکی شۆڤێنیستانەی وای لەلای ناسیۆنالیستەکانی ئەو نەتەوانەدا دروستکرد تاوەکو کورد لە بۆتەی نەتەوەکانی خۆیاندا بتوێننەوە. ئەمە لەلای ناسیۆنالیستەکانی عەرەبی عێراقی بە چەندین شێوە و ڕوخساری جیاجیا دەرکەوت، ئەمان پێچەوانەی تورکەکان و ئێرانییەکان، تەنها بە زەبر و زەنگەوە نەوەستان، بەڵکو نەرمە هێزی خۆشیان بەکارهێنا، وەک بەشداری پێکردنی هەندێ لە سەرۆک خێڵ و منەوەر و دەوڵەمەندەکانی کورد لە پەرلەمان و حکومەتدا. بەڵام لە جەوهەردا ئەرکیان نکۆڵی کردن بووە لە نەتەوەی کورد. پرۆفیسۆر عەباس وەلی ڕای وایە "ناسیۆنالیزمی عەرەب باس لە نەتەوەی یەکگرتووی عەرەب لەسەر بنەمای ناوەڕۆکێکی دژە داگیرکەری ئینگلیزیی دەکات، بەڵام کاراکتەری دژە داگیرکەری ئەو ناسیۆنالیزمانە، لە پاش دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان لە ناوەڕۆکدا جەوهەرێکی داگیرکارانەیان لێدروستبووە، حاشایان لەو نەتەوانە کردووە کە لەژێر دەسەڵاتیاندا بوون."[1]

حیزبە لیبراڵ و کۆمۆنیستەکانی عێراق، لە ڕێگەی گوتارە ئازادی و یەکسانی خوازەکانیانەوە، ڕۆڵێکی مەترسیداریان گێڕا لە ڕام کردن و دەستەمۆ کردنی بەشێکی زۆری نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد بە بیری عێراقچێتی و ڕازیکردنیان بە ژیان لە چوارچێوەی وڵاتە داگیرکەرەکەیاندا. لە مێژووی ٩٠ ساڵی ڕابردووی

1. عەباس وەلی، ناسیۆنالیزمی کوردی و ئەوانیتر:
https://www.facebook.com/permalink.php?story_fbid=1621507331503525&id=145652932466799
4&substory_index=0

کوردستانی باشووردا، حیزبی شیوعی عێراق لەو مەسەلەیەدا بێ رکابەر بووە. بۆیە لەم بەشەی کتێبەکەدا بە تایبەت و لە بەشەکانی دیکەشدا بە گشتی، قسەکردن لەسەر رۆڵی ئەو حیزبە لە کۆمەڵگای کوردی، زۆر جار دێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. شیوعییە عێراقییەکان، بە کەڵک وەرگرتن لە دروشمی دژە ئیمپریالیستی و یەکسانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق، زۆر بە ئاسانی توانیان جێ بە بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لەق بکەن، گوتاری ناسیۆنالیستەکانی کورد، لە گوتارێکی سەربەخۆیی خوازییەوە بگۆڕن بۆ گوتارێکی ئۆتۆنۆمیخوازی لاواز.

شیوعییەکان، دەیانوت: "مافی کورد لەگەڵ خەباتی دژی ئیمپڕیالیستی و سۆشیالیزم پێکەوە گرێدراوون." گوتاری ئەوان بریتی بوو لەوەی مادام گەلی کورد بەشێکە لە گەلی عێراق، بۆیە تەنیا لە ڕێگەی خەباتی هاوبەشی عەرەب و کوردە لە دژی ئیمپریالیزم، دەتوانرێ لە چوارچێوەی عێراقدا کورد مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێ. بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی لە باشوری کوردستان، لەژێر کاریگەری ئەم دروشمانەدا بوو بە بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخواز.

**یەکەم: حیزبی شیوعی عەڕابی بیری ئۆتۆنۆمیخوازی**

حیزبی شیوعی لە ٣١ ئازار ١٩٣٤ لە عێراق بە نهێنی دامەزرا. زۆر بەخێرایی لەناو چینی هەژار و نەداری کۆمەڵگای عێراقیدا تەشەنەی سەند. لە حەقیەتیشدا لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی خێرا لەناو لاوانی کوردستاندا پەرەیسەند. لە ٧٠ ساڵی ڕابردوودا ئەم حزبە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ زۆرترین کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای کوردی هەبووە. لە سەرکەوتن و شکستەکاندا جێپەنجەی دیارە، لە هۆشیارکردنەوە و ئاشناکردنی لاوانی کورد بە بیری نوێ و ئایدۆلۆژیای نوێ و جیهانبینیدا، لە هەندێ قۆناغدا تەنانەت حیزبە ناسیۆنالیستە کوردەکانیش نەیانتوانیوە شان لە شانی بدەن. هەرچەندە ئەو حیزبە ڕۆڵی دیاری هەبووە لە ئاشناکردنی کۆمەڵگای عەرەبی و ڕۆشنبیرانی عێراقی، بە پرسی کورد. بەڵام لە پراکتیکدا لەهەندێ بڕگەی مێژوویدا بەهۆی بەرژەوەندی حیزبی و بەرتەسکی ئایدۆلۆژی، و هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت بەسەرەیەوە، ڕۆڵی نێگەتیڤی زۆرترە لە پۆزەتیڤ. هەندێجار هەڵوێست و بریارەکانی کارەساتی گەورەیان بەسەر کورددا هێناوە و تا ئێستاش لێکەوتەکانی هەر ماون. لەگەڵ ئەوەشدا هەرکاتێک لێیان قەومابێ، شاخەکانی کوردستان پەنای داون.

حیزبی شیوعی لە هەلومەرجێکدا دامەزرا کە کورد تەنانەت مافی کولتووریشی پێ ڕەوا نەدەبینرا، بە لۆژیکی زیندان و ئەشکەنجە و لە سێدارەدان، وەڵامی داخوازییەکانی دەدرایەوە و خۆپیشاندەرەکان خەڵتانی خۆێن دەکران و زۆربەی نیشتمان


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پەروەردەکانی کورد یان لە زیندانداا بوون و یان بە دوورخستەنەوەیان لە کوردستان، بێدەنگ کرابوون، یاخود بە پلە و پۆست دەمیان چەور کرابوو. لە دۆخێکی وادا لاوانی نیشتمانپەروەری کوردستان بە دوای رێگەچارەیەکدا دەگەڕان و دەستیان نەدەکەوت.

لە سەرەتای دامەزراندنیدا، هاوشێوەی رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، حیزبی شیوعی داوای سەربەخۆی بۆ کوردستانی باشور دەکرد. لە ژمارەی دووی رۆژنامەی (کفاح الشعب)دا دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی بەرزکردەوە: "ئامانجی حیزب دەرکردنی ئیستعمار، دابین کردنی ئازادی بۆ گەل و سەربەخۆیی تەواوە بۆ کورد و دابینکردنی مافە کولتوورییەکان بۆ هەموو کەمە نەتەوەییەکانی عێراق". ئەم داواکارییە هەمان ئەو داواکارییە بوون کە چالاکوانە نەتەوەییەکانی کورد لەوکاتەدا بەرزیان کردبووەوە.

بەڵام دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی بارزان لە ساڵی ١٩٤٣، ئەم حزبە لەو دروشمانە پاشەکشەی کرد و رایگەیاند: "گەلی کورد دەبێ داوای رزگار بوونی عێراق لە ئیستیعمار بکات و دوای ئەوە دەبێ هەلی بۆ بڕەخسێ کە لە عێراق دەمێنێتەوە یان جیا دەبێتەوە. رای حیزبیش وایە کە ئەم دوو گەلە لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا بمێننەوە." بەمجۆرە لە دژی خواستەکانی گەلی کورد بۆ جیابوونەوە وەستایەوە و هەر خواستێکی کوردەکانی بۆ سەربەخۆیی بە فیتی ئیستعمار و بۆرجواز و دەرەبەگە کوردەکان لە قەڵەم دەدا.

لە کۆنفرانسی شوباتی ١٩٤٤ کە لەبەغدا بەسترا، شەریف مەلا عوسمان وەک تاکە نوێنەری کورد لە کۆی ١٨ ئەندامی کۆنفرانس بەشدار بوو، لەو میثاقە ١٥ خاڵیەی کە لە کۆنفرانسەکە پەسەند کرا، بە یەک خاڵیش باس لە کێشەی کورد نەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە ئاسانی خۆی خزاندە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە.

لە دروستبوونییەوە تاوەکو ناوەڕاستی چلەکان، ژمارەی ئەو کوردانەی کە چوونە ناو حیزبی شیوعییەوە زۆر کەم بوون، ئەوانەشی ئەندام بوون هیچ پلە و پۆستێکیان لە ناو سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا نەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٤ بەولاوە تا هاتووە ژمارەی ئەندامە کوردەکانی زیاتر بوون، سەرەتا لە موسڵ و هەولێر و پاشان لە کەرکوک و سلێمانی شارەکانی دیکەی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر چوونە ریزی ئەو حیزبەوە. ئازاد مستەفا بەمشێوەیە باس لەو کەسانە دەکات: "چەند قوتابی و ئەفەندیەک کە تێکەڵ بە ژیانی بەغدای پایتەخت بووبوون و لە ئاوی شێواوی داگیرکەریان خواردبووەوە، کەوتنە ژێر تەئسیری بیر و ئەندێشەی جیاجیا و دەسکەوت و قازانج و تەماعی نێزیکەی دەست پشووی سوارکردبوون و لە ناخی جەماوەرەوەش رووت و خاوەن مەسەلەکەوە دوور کەوتبوونەوە و هۆڵی قوتابخانە و زانکۆکانی بۆرژوای

عەرەبی، بەشەوارەی خستبوون و پایە و پلە و نیشانی وەزیفە و شەقامی پانی شارەکان، لە ناخەوە لە عەمەلی خستبوون و خەساندبوونی و بانگەشە و بریق و باقی پێشکەوتنخوازی دۆزنانەی نەفەس کورتی.. کاربەدەستانی عێراقی و ئینگلیزەکانیش شانیان بۆ شل کردبوون و دنەشیان دەدان و هانیشیان دەدان، تا بەچەند کۆمەڵ و حیزبێکی جیاجیا و پەرت و راستڕەوی سەر لە خۆشیۆینەر ئەو بۆشاییە پڕ دەکەن و بەربەرەکانێی ڕێکخراوێکی کوردستانی ڕەسەن و کوردی بگرن و بۆشیان سەریگرت و توانیان بارە گەیوەکەی جەماوەر لەباربەرن و خۆڵ بکەنە چاوی جەماوەرەکەوە و ئەو واقعە سەپاوە و ئەو داگیرکردن و کوردستان خستنە سەر عێراق و سەلماندی ئیستعماریانەی عێراقی ئاسایی کەن. وەلاء و نیشتمانێکی دیکەیان بۆ خۆیان هێنایە گۆڕێ، کە وەلاء بۆ عێراق خۆ بە نیشتمانی عێراقی زانینە، بەرەبەرە کوردستانییەتی کوردیان کرد بە ژێر گڵەبانی عێراقییەتەوە، خەباتی تایبەتی سەربەخۆیی و دژبە داگیرکەری کوردیان لێگۆڕی بە خەباتی هاوبەشی عێراقی و گشتی و دژ بە ئیستعماری!! بەمە داگیرکەرانی عێراقیان لە خانەی ئیستعمارێتی دەرهاویشت"[1]

**دووەم: کورد و تیۆرییەکەی ستالین بۆ نەتەوە**

لە دوای دووهەمین جەنگی جیهانییەوە، هەڵوێستەکانی حیزبی شیوعی عێراقی بۆ مەسەلەی کورد، گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هات. تیۆرییەکەی ستالین بۆ پێناسەی نەتەوە بوو بە پارسەنگ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئایا کورد نەتەوەیە یان نا.

مەسەلەی دروستبوونی ئەو تیۆرییە چیرۆکێکی سەیری لە پشتەوەیە؛ "کروبسکایا"ی هاوسەری لینین لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی؛ ساڵی ١٩١٢ مێردەکەی بۆ سەرقاڵکردنی ستالین چەند پێشنیارێکی خستوەتە بەردەستی؛ بەوپێیەی ستالین خۆی جۆرجی بوو، یەکێک لەو بابەتانە نووسینی لێکۆڵینەوەیەک بوو لەسەر کێشەی نەتەوەکانی روسیا. لینین خۆی باوەڕی تەواوی بە سەربەخۆیی نەتەوەکان هەبوو، بەڵام داوای دەکرد کرێکاران بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئینتمای نەتەوەیی دەبێ بۆ مەبەستی سیاسی سەندیکای کرێکاری خۆیان هەبێ.

ستالین دوای ماوەیەک بابەتێکی بە ناوی "مارکسیزم و مەسەلەی ناسیۆنالیزم" نووسی. لە٢٠ ئایاری ساڵی ١٩١٣ لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێیەکی بە ناوی رامون مالینوفسکی نووسیویەتی "لە ڤیەنا دانیشتووم و خەریکی نووسینی تەفاهات و سەخافاتم.." دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی تەواوکرد، لینین پێداچوەوە، بە سێ هەڵقە لە رۆژنامەی حزب "پروسفجینی" بە ئیمزای ستالین، بڵاوکرایەوە.

1. بێستون ئازاد مستەفا، شەهیدی سەرکردە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەو لیکۆڵینەوەیە چەندین ساڵ ئیهمال کرا، تا کۆتایی دووەمین جەنگی جیهانی و ئەو کاتەی مەسەلەی نەتەوەکان وەک پرسێکی جیهانی سەری هەڵدا. ئیتر ستالین بەهەلی زانی و تەپوتۆزی زەمانەی لەسەر لادا و وەک کتێبێک بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەکان بڵاوی کردەوە. کتێبەکە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، بووبە کتێبی پیرۆزی حیزبە شیوعییەکانی دنیا.

پێناسەکەی ستالین بۆ نەتەوە، لە جیاتی چارەسەرکردن، کێشەکەی ئەوەندەی تر ئاڵۆز و دژوارتری کرد. بەلای ستالینەوە نەتەوە بریتی بوو لە "پێکهاتەیەکی مێژوویی کە خاوەن زمان و خاک و ئابوری و کولتووری هاوبەشە".[1]

بەپێی تیۆرییەکەی ستالین گەر نەتەوە یەکێک لەو مەرجانەی کەم بوو، ئیتر نابێ پێی بوترێ نەتەوە، ئەوە "گەل"ە. کە گەل بوو مافی سەربەخۆیی نییە، دەبێ لە چوارچێوەی نەتەوەی خانەخوێکاندا کێشەکەیان چارەسەر بکرێ.

لە کۆنگرەی یەکەمی نیشتمانی حیزبی شیوعی کە لە شوباتی ١٩٤٥ بەسترا، یوسف سەلمان یوسف – فەهد، بڕیاری لەسەر کردنەوەی لقی حیزبی شیوعی کوردیدا و شەریف مەلا عوسمان وەک سکرتێری ئەو لقە دیاریکرا.. وەک ئارا خاجادور دەڵێ ئامانج لەو کارە بریتی بوو لە: "نزیک کردنەوەی ئەو ئەندامانەی حزبی شیوعی کە لە نەژاد و ئاین و زمان و مەزهەبی جیاواز بوون و تێکەڵ کردنیان لە رووی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی عێراقییەوە. لەو کاتەدا زۆربەی ئەرمەنییەکان عەرەبیان نەدەزانی، بۆیە لە ساڵی ١٩٤٣ لقی ئەرمەنی حزب کرایەوە، ساڵی ١٩٤٥ لقی کوردی و پلان وابوو لقی تورکمانی و ئاشوریش بکرێتەوە."[2]

لە کۆنفرانسی ساڵی ١٩٤٥ حیزبی شیوعی پاشەکشەیەکی دیکەی لە پشتیوانیکردن لە کێشەی کورد کرد و لە بڕگەی دەیەمی میثاقی حیزبەکەدا کە فەهد خوێندیەوە، کوردی وەک کەمە نەتەوەیەک وەسف کردووە "تێدەکۆشین لە پێناوی یەکسانییەکی راستەقینە بۆ مافی کەمینەی نەتەوەیی کورد و بە رەچاوکردنی مافی کەمینە نەتەوەییە بچوکەکانی دیکەی وەک تورکمان و ئەرمن و ئێزدی.."[3]

ئیتر لەوە بەدواوە، حیزبی شیوعی تاوەکو کۆنگرەی ٢١هەمینی حیزبی شیوعی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٦ و کۆتایی هاتن بە ئەفسانەی ستالین، پێی وابوو کورد نەتەوە نییە و نابێ داوای سەربەخۆیی خۆی بکات.[4]

---

1. اشین فانایک، الماركسية والقومية، ترجمة احمد عيشة، مركز حرمون للدراسات المعاصرة، الدوحة – قطر، ٢٠١٨، ص٢٨.
2. ارا خاجادور، نبض السنين، دار الفارابي للنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، ٢٠١٤،
3. الحزب الديمقراطی الكردستانی، المصدر السابق، ص ٤٩.
4. جرجيس فتح الله، حقائق مكتومة عن الشعب الكردي، دار النسر الذهبي، العراق – بغداد ٢٠١٧، ص ٥٧.

لە دوای تەعمیم بوونی تیۆرییەکەی ستالین بەسەر شیوعییەکاندا، تا کورد هەوڵی خۆ ڕێکخستنی خۆی بدایە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی نەتەوەییداو داوای سەربەخۆیی کوردستانی بکردایە، حیزبی شیوعی بە هەموو توانایەکیەوە دەکەوتە دژایەتی کردنی. یوسف سەلمان یوسف (فەهد) سکرتێری گشتی حزبی شیوعی، نیسانی ١٩٤٥ لە ڕۆژنامەی 'القاعدة'ی ئۆرگانی حزبدا، وتارێکی نووسیوە و بە توندی هێرشی کردووەتە سەر سەرکردایەتی حیزبی هیوا: "ئەم سەرکردانە نوێنەرایەتی بزوتنەوەی کوردایەتی ناکەن و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی گەل ناکەن... گەلی کورد پێویستی بە حزبی (کار) هەیە نەک (هیوا)."[1]

حیزبی شیوعی دەستبەرداری حیزبی هیوا نەبوو، تا لە ڕێگەی ئەو کوردانەی کە کەمەنکێشی بیری کۆمۆنیزم ببوون درزی خستەناو حیزبەکە و لەبەریەک هەڵوەشاندەوە. دوای هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا، کادیرەکانی ئەو حیزبە بە دوو ئاراستەی بیری نەتەوەیی و بیری چەپدا دابەش بوون.

**سێیەم: حیزبە کوردییەکان و بیری ئۆتۆنۆمیخوازی**

**١. حیزبی شۆڕش**

لە شوباتی ١٩٤٤دا کوتلەی "وحدة النظال" لە حیزبی شیوعی عێراقی جیا بووەوە. ئەو کوردانەی لە هیواوە چوونە ناو "وحدة النظال"، باڵێکی کوردیان بە ناوی "یەکێتی تێکۆشین" دامەزراند و بڵاوکراوەیەکیشیان بەو ناوەوە دەرکرد. موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت: "ئەمانە پێشتر چووبوونە ناو هیواوە تاوەکو کاریگەریان هەبێ لەوەی هیوا بدەن بەگژی بریتانیادا و ئایدۆلۆژیەتی مارکسیزم بگوازنەوە بۆ ناوی. چونی ئەم کوتلەیە ناکۆکییەکانی ناو حیزبی هیوای زیاتر کرد."[2] ئەو دووبەرەکییەی کە ئەم گروپە لە ناو حیزبی هیوادا دروستیان کرد بووە هۆی هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا. لە پایزی ١٩٤٥ ئەو گروپە وەک لقی کوردی حیزبی شیوعی خۆیان ناساند، ڕۆژنامەیەکی نهێنیان بەناوی "شۆڕش"ەوە دەرکرد، لقەکەشیان هەر بەناوی حیزبی شۆڕش ناوی دەرکرد. ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی شۆڕش بریتی بوون لە:

١. سالّح حەیدەری سکرتێری لیژنەی مەرکەزی ٢. عەلی عەبدوڵڵا ٣. رشید عەبدولقادر ٤. عەبدولصەمەد محەمەد ٥. نافع یونس ٦. کەریم تۆفیق ٧. نوری محەمەد ئەمین[3]

1. د. مكرم طالباني، مراحل تطور الحركة القومية الكردية، موسسة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٩، ل ٩٨-٩٩.
2. د. مكرم طالباني، المصدر السابق، ص ١١٣.
3. صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، دار الفرات، الطبعة الاولى ١٩٩٣، ص٤٥.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەر ئەم گروپە دواتر حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق – شۆڕش"یان دامەزراند. سالّح حەیدەری لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "پەیڕەوی ناوخۆیی شۆڕش وەک هەموو حیزبە شیوعییەکانی دیکە لەسەر ئەساسی شانە بوو، سەنترالیزمی دیموکراسی پەیڕەو دەکرا." سەبارەت بە ئامانجەکانیشی دەڵێت: "دژایەتی کردنی ئیستعمار و بەکرێگیراوەکانی و دژایەتی کردنی دەربەگایەتی و دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا."

بۆ ئامانجە پەیوەندیدارەکانیش بە کوردستان دەڵێت: "لامەرکەزی ئیداری بۆ کوردستانی عێراق و پێدانی مافە کولتووری و ئیدارییەکان و کارکردن بۆ یەکێتی نەتەوەیی کورد لە دورمەودا و پشتیوانی کردن لە خەباتی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کە لکێنراون بە تورکیا و ئێرانەوە.

**٢. حیزبی رزگاری**

بەپێی بیرەوەرییەکانی سالّح حەیدەری بێت، حیزبی شۆڕش دەستپێشخەری کردووە بۆ دامەزراندنی حیزبێکی کوردی بۆ ئەوەی بتوانێ پێشکەوتووخوازانی کورد لە خۆیدا کۆبکاتەوە بە ناوی حیزبی رزگاری کوردستان. لە شوباتی ١٩٤٥حیزبی رزگاری کوردستان لە لایەن سالّح حەیدەری و نافع یونس و دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم و نوری شاوەیس و نوری محەمەد ئەمین و رەشید باجەلّان و تەها محێدین دامەزرا.

لە بەیاننامەی دەستەی دامەزرێنەردا ئامانجەکانی حیزبی رزگاری، بەم شێوەیە دیاری کراوە: "ئامانجی بالّامان یەکخستنەوە و رزگارکردنی کوردستانی گەورەیە، لەبەر ئەوەی سەنتەری کارکردنی حیزبەکەمان کوردستانی عێراقە، ئێمە تێدەکۆشین بۆ رزگاربوونی عێراق لە دەستی ئیستعمار، ئەو حکومەتە کۆنەپەرەستانەی کە تا ئێستا بەربەستن لەبەردەم پێشکەوتنی کوردی عێراق و گەیشتن بە ئامانجە گەورەکەی کە ئازادی و مافی چارەی خۆنووسینە.

کار دەکەین بۆ سەربەخۆیی ئیداری کوردستانی عێراق وەک هەنگاوێکی مەزن بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین و هەڵگرتنی هەموو جۆرە جیاکاری و پێشێلکردنێکی مافە نەتەوەییەکانی کە دەرحەق بە کورد و کەمینەکانی دیکە دەکرێت. کاردەکەین بۆ دۆزینەوە و پتەوکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حیزب و رێکخراوەکانی دیکەی کورد لە دەرەوەی عێراق بۆ یەکخستنی هەوڵەکانمان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجی بالّا کە مافی چارەی خۆنووسین و رزگارییە."

یەکێک لە کارە گرنگە دیپلۆماسیەکانی حزبی رزگاری بریتی بوو لە ناردنی موزەکەرەیەک بۆ کۆنگرەی وەزیرەکانی دەروەی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت و بریتانیا

که لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥ لە مۆسکو بەسترا بۆ قسەکردن لەسەر گیروگرفتەکانی کۆلۆنالیزم و مەسەلەی ئاشتی لە پاش دووەمین جەنگی جیهانی.

لە موزەکرەکەدا هاتووە: "مرۆڤایەتی دڵخۆش بوو بە کۆتایی جەنگ و سەرکەوتنی هێزە دیموکراسییەکان و تێکشانی چەپەڵترین شێوازەکانی ئیستعمار (فاشیزم) لە رۆژئاوا و رۆژهەڵات. گەلی کوردی دابەشکراو و ماف خوراو دەمێکە بەدەست زوڵم و چەوسانەوەوە دەناڵێنێ، بەهۆی پلان و بەرژەوەندییە ئیستعماریانەکەی بریتانیا و حکومەتە کۆنەپەرەستەکانی ئێران و تورکیا و عێراقەوە، لە هەموو مافە مرۆڤایەتی و نەتەوەییەکانی خۆی بێ بەشکراوە.

بەبۆنەی کۆتایی هاتنی جەنگ و سەرکەوتنی هاوپەیمانانەوە گەلی کورد داوا دەکات بەچاوی دادپەروەرییەوە بڕوانن کێشەکەی و بێبەش نەکرێت لەو بەڵێنانەی هاوپەیمانان داویانە بە گەلانی بچوک بۆ رزگار بوون و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینیان بە دەستی خۆیان، ئێستا کە هەر سێ وڵاتی زلهێز لە مۆسکۆ کۆدەبنەوە، داوامان وایە بە چاوی ئینسافەوە تەماشای پرسی گەلان بکەن.

حیزبی رزگاری کورد ئەو خاڵانەی کە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە پرسی کورد و مەسەلەی ئاشتی لە رۆژهەڵات دەخاتە بەردەستان:

١. پشتیوانی لە خەباتی هاوبەشی برا کوردەکانی خۆمان دەکەین لەگەڵ برایانی ئازەربایجان. بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و حوکمی دیموکراتی و تێکۆشان لە دژی حکومەتی کۆنەپەرەست و لایەنگرەکانیان.

٢. گرنگی بە دۆخی گەلی کورد بدرێت لە تورکیا، چونکە حکومەتە فاشیستەکانی تورک بەشێوەیەکی وەحشیانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن و بۆ توانەوەیان و تەتریک کردنیان.

٣. گەلی کورد لە عێراق لەدۆخێکی زۆر خراپدا دەژی. بەهۆی ئیستعاری بریتانی و ئەو حکومەتە کۆنەپەرەستەی ئێستاوە لە هەموو مافە دەستوورییەکانی بێبەشکراوە...[1]

لەو موزەکرەیەدا دەردەکەوێت رێبازی حیزبی رزگاری نەتەوەیی بووە، تایبەت نەبووە بە پارچەیەکی کوردستان، جگە لەوە ئەمە دواین هەوڵی نوخبەی سیاسی کوردە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بۆ تەدویلکردنی کێشەی کورد و باس کردنی لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی.

لە دوای داگیرکردنی کوردستانی باشور لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە ساڵی ١٩١٨، تاوەکو دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق، لە ساڵی ١٩٤٦، تێکۆشانی نوخبەی سیاسی کورد و هەموو ئەو کۆمەڵە و حیزبانەی خەباتیان دەکرد، لە

1. د. عبد الستار طاهر شريف، المشدر السابق، ص ١٨٩ – ١٩٠.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پرۆگرامەکانیاندا سەربەخۆیی کوردستانیان وەک ئامانجی بالای خۆیان دیاری کردبوو و کوردستانیشیان وەک ولاتێکی داگیر و دابەشکراو لە لایەن ئێران و عێراق و تورکیا و سوریاوە دەناساند. بەڵام لە ١٦ ئابی ١٩٤٦ەوە سەرەتایەکی مەترسیدار لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا سەری هەڵدا، لەژێر کاریگەری بیری چەپ و هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت بەسەر ناوچەکەدا، داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد پاشەکشەی کرد و خواستی فیدرالی و ئۆتۆنومی و لامەرکەزی و مافە کولتوورییەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو هزر و بیری بەشێکی زۆر لە نوخبەی سیاسی داگیرکرد. تەنانەت هەندێک لەوانە بۆ ئەوەی بە رەجعی و بۆرجوازی تۆمەتبار نەکرێن، پێیان وابوو کورد هەر نەتەوە نییە.

### ٣. کۆماری کوردستان

لە سێپتەمەبەری ١٩٤١ یەکێتی سۆڤییەت بە بیانووی لایەنگری رەزا شای پەهلەوەی بۆ ئەڵمانیا، لە باکوری ئێرانەوە پەلاماری ئێرانی دا تا ورمێیان کۆنترۆڵ کرد و بریتانیەکانیش بە هەمان بیانوو لە باشوری ئێرانەوە تا ئیلامی داگیر کرد. ئازاد بوونی بەشێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو هەلەی رەخساند بۆ حیزبی هیوا کە لەو کاتەدا لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، لە ساڵی ١٩٤٢دا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ک) دامەزرێنێت، ئامانجی (ژ.ک) هەمان ئامانجەکانی حیزبی هیوا بوو کە سەربەخۆیی کوردستان بوو.

لە ساڵی ١٩٤٣دا (ژ.ک) یەکەم کۆنگرەی خۆی لە شاری مهاباد دا بەست و لە کۆنگرەکەدا کە زیاتر لە ١٠٠ کەس تێیدا بەشداربوون، بڕیار درا چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە نهێنییەوە بۆ ئاشکرا بگۆڕێن و گۆڤارێکیش بە ناوی نیشتمان بڵاوبکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە ئامانجەکانی خۆیان بەرای گشتی کوردستان بگەیەنن.

گۆڤاری نیشتمان لە یەکەم ژمارەیداکە بە دروشمی بژی هیوا بژی سەرۆک (مەبەستی رەفیق حیلمی) بووە بەم شێوەیە باس لە ئامانجەکانی (ژ.ک)ی کردووە "کۆمەڵەی (ژ.ک) بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێت تا زنجیر و کەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد دامالێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تێیدا بژیت." بەڵام زۆری نەبرد لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٥دا کۆمەڵەی (ژ.ک) لە دەستی دامەزرێنەرە راستەقینەکانی دەرکرا و کۆمەڵێکی دیکە کە لەژێر کاریگەری یەکێتی سۆڤیەت و تێزەکانی ستالیندا بوون، زەمامی ئموریان گرتە دەست و ناوەکەیان گۆڕی بۆ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵێک لە ڕێبەرانی حزبی

دیموکراتی کوردستان به سەرۆکایەتی قازی محەمەد کە بووبوە سەرۆکی حیزبەکە، سەردانی شاری باکۆی ئازەربایجانی سۆڤیەتیان کرد.

لەڕۆژی ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا، هێزەکانی حزبی دیموکراتی ئازەربایجان پارێزگای ئازەربایجانیان رزگار کرد و 'کۆماری ئازەربایجان'یان ڕاگەیاند. دوابەدوای ئازەربییەکان لەڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ قازی محەمەد ئاڵای کۆماری کوردستانی لە مهاباد هەڵکرد. کۆماری کوردستان کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی بوو لەسەر بناغەی تێزەکانی ستالین بۆ مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی ئێراندا دامەزرا." ئەو رووداوە ناچاوەڕوانکراوە دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەی لەو دیوی سنوردا لە ناو کوردەکانی عێراقدا هەبوو، کۆماری کوردستان بووە ئیلهام بەخشی خەباتی نەتەوایەتی کورد. کوردی عێراق هیوایان لەسەر ئەوە هەڵچنی کە بتوانن لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا ئەزمونەکەی کوردی ئێران بۆ عێراق بگوێزنەوە.."[1]

هێشتا کۆماری کوردستان لە سەرپێی خۆی رانەوەستابوو، ئەزمونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سنوری بڕی و لە ١٦ ئابی ١٩٤٦دا کۆپیەکی لە باشوری کوردستانەوە بە هەندێ دەسکارییەوە دامەزرا. لە مانگی کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا، سۆڤییەت لەگەڵ حکومەتی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی ڕێککەوت، لە ٢٦ی ئازاری ١٩٤٦، بەهۆی فشاری هێزە ڕۆژئاواییەکان، سۆڤیەت پەیمانی بە حکومەتی ئێرانیدا کە لە باکووری ئێران بکشێتەوە، لەمانگی حوزەیران دا، ئێران دەستی گرتەوە بەسەر کۆماری ئازەربایجاندا، دواتریش لە ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا، سوپای ئێران شاری مهاباد پایتەختی کۆماری کوردستان داگیر کرد، و لەڕۆژی ٣١ی ئازاری ١٩٤٧دا، قازی محەمەد و سێ لە هاوەڵانی لە سێدارەدا.

**٤. پارتی دیموکراتی کورد**

١٦ ئابی ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کورد لە بەغدا دادەمەزرا، ئەم حزبە لەسەر خواستی مستەفا بارزانی دامەزرا، کە ئەو کاتە لەژێر کاریگەری ئەزمونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بووە. "ناتوانین دامەزراندنی ئەم حیزبە لە ئەزمونی ئۆتۆنۆمی کوردەکانی ئێران جیا بکەینەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەزمونە، سەرسامی کوردەکانی عێراق بە ئەزمونی ئۆتۆنۆمی کوردی ئێران گەیشتنە ئەو ڕادیەی کە تەنانەت ناوی ئەو حیزبەش کە دایانمەزراند لە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەریان گرت و بە دەستهێنانی ئۆتۆنۆمییان بۆ کوردستانی عێراق کردە ئامانجی

1. فەرید ئەسەسەرد، ئەزمونی ئۆتۆنۆمی کورد لە عێراقدا، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی ٢٠١٨، ل٤٧.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەرەکی تێکۆشانیان."[1] بە واتایەکی دیکە پارتییش چوە ژێر باڵی تێزەکەی ستالین بۆ پرسی نەتەوە و نەتەوایەتی.

عەبدولستار تاهیر شەریف، پێی وایە پارتی لە رۆژهەڵاتەوە کوردستانەوە نەخشەی دامەزراندنی دانراوە: "پرۆگرامی حزبەکە پێشتر لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئامادە کرابوو، دوای هەندێ گۆڕانکاری دەنگی لە سەردرا."[2] گۆڕانکاری سەرەکی بریتی بوو لە گۆڕینی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ فیدراڵیەت. ئەگەرچی هەندێ لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق، پارتەکەیان بەدرێژە پێدەری حیزبی هیوا لە قەڵەم دەدا بۆ داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد، بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی باشوردا، لەسەر دەستی ئەو پارتە فیدراڵیزم جێگەی سەربەخۆیی کوردستان بگرێتەوە. یەکێتی (فیدراڵیزم)، وەک چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد کرایە ئامانج. هەروەها یەکەم جارەیشە لە ئەدەبیاتی سیاسی رێکخراوێکی سیاسی کوردستانیدا وشەی عێراق بوو بە ئاوەڵناو بۆ کورد و جیاکرایەوە لە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان. لە پەیماننامەی "پارتی دیموکراتی کوردی عێراق"دا هاتووە: "ئێمە کە نوماینەدەی راستی میللەتی کوردین بۆ تەواوی دنیا ئاشکرای دەکەین کە لە کۆششمان واز ناهێنین تا دەگەیەنە ئازادی و دیموکراسی خۆمان و بەم بڕیارەمان مەعنای ئەوە نییە کە شەڕی میللەتانی ئێران و تورک و عەرەب دەکەین. میللەتی عەرەب براو سوێندخۆرمانە هەمیشە داوامان ئەوەیە کە بە یەکێتیەکی ئازادی لەگەڵ میللەتی عەرەبدا لە عێراق پێک بێین." لە "پەیڕەوی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق"یشدا ئامانجە سیاسییەکان بەمجۆرە دیاری کراوە: "سەربەخۆیی تەواوەی کوردستان بەو رێگایانەی خوارەوە دەگاتە ئەو ئامانجە:

ا. تێکۆشین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکێتی (فیدراڵی) لە عێراقدا بەناوی یەکێتی دیموکراسی کوردستان.

ب. ئەساسی دامەزراندنی دەوڵەتی یەکێتی بە پەیمانێکی یەکێتی دەبێ کە لە تەصدیقیدا نوماینده لە لایەن دەوڵەتی عێراق و نوماینەدەی سیاسی لە لایەن کوردەوە ئیشتراکی تێیدا دەکا.

ج. دەوڵەتی یەکێتی کوردستان ئازادە لە تەصدیق کردنی پەیمانی یەکێتی یا سوێندخۆری لەگەڵ دەوڵەتی کوردستانی لە ئێراندا.

د. دەوڵەتی یەکێتی کوردستان لە تەصدیق کردنی پەیمانی سوێنخۆریا هاوڕێی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی دیموکراسیدا کە بیەوێ ئازادە.

---

1. فەرید ئەسەسەرد، ئەزمونی ئۆتۆنۆمی کورد لە عێراقدا, سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.
2. عبد الستار طاهر شريف، تاريخ الحزب الثوري الكردستاني، منشورات شۆڕشگێڕ، ١٩٧٩، ص٣٥.

هـ دەوڵەتی یەکێتی کوردستان عیبارەتە لە لیواکانی موصڵ و هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و خانەقین.
و. مەجلیسی میللی دامەزرێنەر کە لە طەرەف میللەتی کوردەوە بە ئصوڵی هەڵبژاردنی راستەوخۆ هەڵبژێردرابێ هەر ئەوە کە رەئیسی یەکێتی دەوڵەتە کوردستان هەڵدەبژێرێ و قانونی ئەساسی بۆ دادەنێ."[1]

هۆکاری ئەم پاشەکشە دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی:

یەکەم: گوشارەکانی حیزبی شیوعی عێراقی: لەو قۆناغەدا نەک هەر بوونی حیزبێکی کوردی نەتەوەیی پێی هەزم نەدەکرا، بەڵکو پێی وابوو "کورد نەتەوە نییە" چونکە مەرجەکانی (ستالین) بۆ نەتەوەی تێیدا نییە و داوای کرد پارتی خۆی هەڵوەشێنێتەوە، چونکە ئەگەر خۆی بە حیزبێکی مارکسی پێشکەوتووخواز و باوەڕی بە مارکسیزم – لینینیزم هەیە، دەبێ تێکەڵی حیزبی شیوعی عێراقی ببێت؛ خۆ ئەگەر واش نییە دەبێ دەستبەرداری دروشمی سۆشیالیزم بێ و خۆی وەکو حیزبێکی سۆسیال نیشتمانی بناسێنێ. چونکە بەم حاڵەیان دەبنە حیزبێکی تێکدەر و دەبنە هۆی تێکدانی ریزەکانی چینی کرێکار و جوتیاری عێراق.حیزبی شیوعی پێی وابوو، مادام حیزبی شیوعی نوێنەرایەتی مارکسیزم دەکات، نابێ حیزبی دیکەی لەو چەشنە هەبێ. هەربۆیە هەرایەکی گەورەیان لەسەر ئەوە دروستکرد کاتێک پارتی پێداگری لەسەر ئەوە کرد کورد نەتەوەیە، دەیانوت "کورد ئەو مەرجانەی تێیدا نییە کە لە کتێبەکەی ستالین دا هەیە بۆ نەتەوە..."[2]

شیوعییەکان رەخنەیان لە پارتی دەگرت گوایە زۆرینەی سەرکردەکانی لە دەربەگ و خاوەن مولکەکان پێکهاتووە و حیزبیکی نەتەوەییە تا چینایەتی. هەروەها دەیانوت پارتی ململانێی چینایەتی و جەماوەری جوتیار و رەنجدەرانی پشتگوێ خستوە و ناکرێ دەربەگ و مەلاک و کرێکار و جوتیار لە یەک حیزبدا کۆ بکرێتەوە. هەرچەندە سەرکردەکانی پارتی دەیانووت قۆناغی رزگاری نیشتمانی وا دەخوازێ هەموو چین و توێژەکانی کورد لە یەک پارتی پێشڕەودا کۆ بکرێتەوە بۆ یەکخستنی هێز و تواناکان، بەڵام بەشێکی زۆر لە لاوەکانی پارتی کە لە توێژی خوارەوە هاتبوون، کەوتبوونە ژێر هەژموونی گوتاری حیزبی شیوعی و ئەوەیان بە راست نەدەزانی کەسانی نیشتمانی لە چینی ئۆرستۆکراتو دەربەگ لە سەرکردایەتی پارتیدا هەبی و هەوڵی دورخستنەوەیان دەدان.

مام جەلال سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی شیوعی لەو کاتەدا دەڵێت: "شیوعییەکان نەک تەنها ئەیانگوت کورد ئوممە نییە، بەڵکو ئەیانگوت کورد نەتەوەش نیە، ئەوەش

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (١) پەیماننامە و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق.
2. جرجيس فتح الله، حقائق مكتومة عن الشعب الكردي، المصدر السابق،٥٠ -٥١.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نەتەوە نەبێ مافی چارەنووسی نییە! کەواتە کورد مافی چارەنووسی نیە، کەواتە کورد گەل نیە! مادام کورد گەل نییە، کەواتە مافی نییە پارتی سەربەخۆی تایبەت بەخۆی هەبێت، مافی نیە ڕێکخراوی تایبەت بەخۆی هەبێت، مافی نییە مافی چارەنووسی هەبێت. ئەیانوت کوردستان بەشێکە لە عێراق، ئەو گفتوگۆیانە شێوەیەکی توندو تیژی بەخۆیەوە گرتبوو."[1]

دووەم: گوشاری حیزبە ناسیۆنالیست و نیشتمانیەکانی عێراق: هەموو ئەو حیزبە عێراقیانەی کە لە ساڵی ١٩٤٦ مۆڵەتی کارکردنیان پێدان، شێت وهار دەبوون کاتێک حیزبێک نوێنەرایەتی نەتەوەی کوردی بکردایە لە عێراق، ئەوان پێیان وابوو "ئەوە خۆ دابڕانە لە بزوتنەوەی نیشتمانی عێراقی و لەوانەشە ئامانجی کۆتایی ئەو حیزبە لەتکردنی قەوارەی عێراق بێت لە ڕووی سیاسی و جوگرافیەوە. تەنانەت حیزبە نەتەوەییە عەرەبیەکانی عێراق دامەزراندنی پارتیان بە ئیستفزازکردن و خیانەتکردن لە عەرەب دەزانی و پێیان وابوو کورد نەک هەر نەتەوە نییە، بەڵکو لە ئەسڵدا عەرەبن، هەر بۆیە ئامادە نەبوون گوێ لە دەستەواژەی (مافی گەلی کورد) بگرن.."[2]

حیزبە ناسیۆنالیست و نیشتمانیەکانی عەرەب، لە ڕێگەی دەوڵەتەوە عێراقچێتیان بە زۆر دەسەپاند بەسەر کورددا؛ بەڵام حیزبی شیوعی لە ڕێگەی گوتارێکی نەرم و ڕازێندراوەوە بە هەندێ مافی سەرەتایی نەتەوەیی کە هەڵقوڵاوی تێزەکەی ستالین بوو، هەروەها هەڵگرتنی دروشمی چینایەتیەکانی و پشتیوانی کردن لە جوتیارانی کوردستان، توانی پێگەی خۆی لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا قایم بکات و ڕۆڵی گەورە ببینێ لەبەلاڕێدا بردنی خواستی سەربەخۆیی و چەسپاندنی بیری عێراقچێتی لە ناخی ئەندامە کوردەکانیدا.

سێیەم: گوشارەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق: حکومەتی عێراق بەپێی یاسای کۆمەڵەکان (قانون الجمعيات) کە لە ١ی تەموزی ١٩٢٢ دەرچوو بوو، هەر جۆرە ڕێکخستنێکی لەسەر ئەساسی نەتەوەیی و مەزهەبی قەدەغە کردبوو. هەر لەبەر ئەوە پارتیان بە حیزبێک کە هەڕەشەیە بۆ نەهێشتنی قەوارەی عێراقی دەزانی و تووندترین سزای ئەو کەسانەیان دەدا، کە دەبوونە ئەندام تێیدا، و زۆرێک لە سەرکردەکانی پارتی گیران و سزای قورسیان بەسەردا سەپێندرا. جگە لەوە لەبەر ئەوەی پارتی خۆی بە هەڵگری ئایدۆلۆژیای مارکسی– لینینی دەزانی، بەپێی یاسای قەڵاچۆکردنی شیوعیەتیش سزاکەیان چەند قات دەبوو.

---

1. سلاح رشيد، ديداری تەمەن، بەرگی یەکەم، ل ٤٥.
2. جرجيس فتح الله، حقائق مكتومة عن الشعب الكردي، المصدر السابق، ص ٥٠.

چوارەم: روخانی کۆماری کوردستان لە کانونی یەکەمی ١٩٤٧ و ئیعدام کردنی پێشەوا قازی محەمەد لە ١٩٤٧/٣/٣١ و پەنابردنی بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت، گورزێکی قورس بوو بەر بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بە گشتی و پارتی دیموکراتی کوردی عێراق کەوت؛ ئەرکی سەرکردەکانی پارتی دژوارتر کرد.

پارتی دیموکراتی کوردی عێراق لە وەها هەلومەرجێکدا، لە ئازاری ١٩٥١ کۆنگری دووەمی خۆی بەست. پێش کۆنگرە ململانێی بەناو چینایەتی پرزەی لە پارتەکە بڕی بوو، هەندێک لە سەرکردەکانی هێندەی سەرقاڵی کێشە ناوخۆییەکان بوون، هێندە نەیاندەپەرژایە سەر داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد. بەشی زۆری ئەو ململانییانە حیزبی شیوعی لە ڕێگەی لایەنگرانی خۆیەوە دروستی کردبوو.

ساڵی ١٩٥٢ بەهادین نوری بوو بە سکرتێری حزب و میثاقێکی نوێی دەرکرد کە بە میثاقی (باسم) بەناوبانگە کە ناوی نهێنی بەهادین نوری بوو. لە مادەی ١٢ ئەو میثاقەدا هاتووە "بەهێزکردنی برایەتی و یەکێتی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب و کەمینە نەتەوەکانی دیکەدا لە دژی تائیفیەت و شۆفێنیزم و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئیسعماری و کۆنەپەرەستی لە عێراق و داننان بە مافی چارەنووس تا رادەی جیابوونەوە بۆ گەلی کورد."[1]

جێپەنجەی بەهادین نوری و دۆخی نالەباری ئەو کاتەی حیزبی شیوعی کە زۆربەی سەرکردە عەرەبەکانی یان گیرابوون یان لە سێدارە درابوون، بەسەر ئەو هەڵوێستەوە دیارە. ئەم گۆڕانکارییە لە بیرکردنەوە بۆ لاوازکردنی پارتی بوو، دۆزینەوەی جێپێ بوو لە کوردستاندا، بەڵام سەرکردە عەرەبەکانی حیزبی شیوعی ئەوەشیان بە کورد ڕەوا نەدەبینی، لە نیسانی ١٩٥٣ دوای گرتنی بەهادین نوری، لە کۆبوونەوەی لیژنەی مەرکەزی حیزبدا کە لە کانونی دووەمی ١٩٥٤ بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم ئەحمەد داود بەسترا، میثاقەکەی بەهادین نوری هەڵوەشێندرایەوە.[2]

لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی عێراق بە هەموو توانایەکیانەوە کەوتبوونەوە وێزەی کورد و حیزبی شیوعی عێراقی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ناو کۆمەڵگای کوردستانیدا ڕەگی دادەکوتا، پارتی بە کۆڵێک کێشە و گرفتەوە لە ٢٦ کانونی دووەمی ١٩٥٣ کۆنگرەی سێیەمی خۆی بەست. سەرەتا ناوی خۆی گۆڕی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.

---

1. الحزب الديمقراطي الكردستاني، المصدر السابق، ص ٥٠.
2. صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، المصدر السابق، ص٧٤.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

چەپەکان باڵیان کێشا بەسەر پارتیدا و بەبیانووی دژایەتی کردنی دەرەبەگایەتی بەشێکی گرنگ و کاریگەری کۆمەڵگای کوردیان لە خەباتی نەتەوەیی دورخستەوە. خاڵی جەوهەری ئەم کۆنگرەیە بەرزکردنەوەی دروشمی روخانی رژێمی مەلەکی و دامەزراندنی کۆماریکی دیموکراسی شەعبی کە تێیدا کورد حوکمی زاتی هەبێ. ئەمەش واتە پاشەکشەکردن لە فیدراڵیزم کە لە کۆنگرەی یەکەمی پارتیدا پەسەند کرابوو!!

دوای ئەوەی خرۆشۆف، لە کۆنگرەی بیست و یەکەمی حیزبی شیوعی سۆڤیەت کە لە ٢٥ی شوباتی ١٩٥٦دا بەسترا، کۆتایی بە سەردەمی ستالینیزم هێنا، حیزبی شیوعی عێراقیش گۆڕانی بنەڕەتی لە هەڵوێستەکانیدا رووبدا. باڵەکانی ئەو حیزبە لە ١٩٥٦/٧/٢٢ یەکیان گرتەوە و لیژنەیەکی مەرکەزی کاتییان بەسەرۆکایەتی حسێن ئەحمەد ئەلرەضی (سەلام عادل) پێکهێنا. لە ئەیلولی هەمان ساڵدا کۆنفرانسی دووەمی حیزب بەسترا، لەو کۆنفرانسەدا بڕیار لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد درا. سەلام عادل هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەڵام بەهۆی پێداگری پارتی لەسەر ئەوەی کە دەبێ حیزبی شیوعی لقی کوردی خۆی هەڵوەشێنێتەوە، نەگەیشتن بە ئەنجام و لە حوزەیرانی ١٩٥٧ لقی کوردی حیزبەکە بە سەرۆکایەتی جەمال حەیدەری چوونە ناو پارتییەوە. بەمجۆرە پەیوەندی پارتی و حیزبی شیوعی تێکچوو، حیزبی شیوعی لە نامیلکەیەکدا بە توندی هێرشی کردە سەر پارتی، لە بەشێکیدا هاتووە: "پارتی رێکخراوێکی مارکسی لینینی نییە وەک لە نامە و راپۆرتی هاوڕێ لادەرکاندا هاتووە، بەڵکو ناسیۆنالیستێکی بۆرجوازییە.. هەرچەندە هەندێ کەسی تێیدایە بە قسە و لێدوانی زارەکی و بە چرپە و لە هەندێ هەلومەرجی دیاریکراودا، لایەنگری مارکسی- لینینییە، بەڵام بە باوەڕ بە تیۆرییەکە و کارکردن پێی وانییە.."[1]

1. صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، المصدر السابق، ص٨٠.

ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# باسی دووەم
# مەسەلەی کورد لە سەردەمی کۆماریدا

**یەکەم: کودەتای ١٤ تەموزی ١٩٥٨**

لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کۆمەڵێک ئەفسەری گەنج لە سوپای شاهانەی عێراق بەفەرماندەیی عەبدولکەریم قاسم، کودەتایەکی سەربازییان ئەنجامدا و سیستمی سیاسی عێراقیان لە مەلیکییەوە گۆڕی بۆ کۆماری. قاسم لە رووی ئایدۆلۆژییەوە نە شیوعی بوو نە نەتەوەیی، نە سۆسیالیست بوو نە دیموکراسی. لەماوەی ئەو چوار ساڵ و شەش مانگ و بیست و چوار رۆژەی کە دەسەڵاتداری یەکەم بوو لە عێراق، وەک دیکتاتۆرێکی دادپەروەر و پاک دەرکەوت. نوخبەی سیاسی و جەماوەری کورد بەگشتی پشتیوانی خۆیان بۆ کودەتاکەی دەربڕی. لە٢٧ی تەموزی ١٩٥٨، عەبدولکەریم قاسم دەستورێکی کاتیی دەرکرد. لە مادەی (٢)دا دەڵێت: "عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب"!

لە مادەی (٣)دا هاتووە: "قەوارەی عێراق لەسەر هاوکاری نێوان هەموو هاوڵاتیان و رێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانیان دامەزراوە و عەرەب و کورد لەم وڵاتەدا شەریکن و ئەم دەستورە دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێ لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا.

مادەی سێیەمی دەستورە کاتیەکەی قاسم کە تایبەت بوو بە کورد، تارادەیەک رووننتر بوو لەو دەستورەی سەردەمی مەلیکی کە تێیدا هاتبوو "گەلی عێراق، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئینتمای نەژادی و ئایینی، یەک نەتەوەن."

کەش و هەوای سیاسی مانگە سەرەتاکانی روخانی مەلیک، وای لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردبوو، لە نێوان کوردستانی بوون و عێراقیبووندا، بەرادەیەک خۆیان لێ وون ببێ لەگەڵ حیزبە عێراقییەکاندا تالّەموویەکیان فەرق نەبوو. لەوان زیاتر عێراقیانە بیریان دەکردەوە. لە پرۆگرامی حیزبدا هاتبوو "پارتی هەوڵ ئەدا بۆ پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب و هەموو کەمایەتییەکان وەکو ئاثوری و تورکمان و ئەرمەنی و بەهێز کردنی یەکێتی نیشتمانی و پەرەپێدانی مافی نەتەوایەتی

گەلی کورد، لەسەر بناغەی حوکمی سەربەخۆیی، لە ناو چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا و تۆمارکردنی ئەمە لەناو دەستوردا و بەربەرەکانێکردنی هەموو بیروباوەڕێکی شۆڤێنی وەکو سموپولێتی و جیابوونەوە."[1]

لە سەرەتادا هەندێ مافی کولتووری و سیاسی بۆ کورد فەراهەم کرا. لە ناویاندا ڕێگە بە پارتی دیموکراتی کوردستان درا چالاکی سیاسی لە کوردستان و عێراقدا بکات و ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاوبکاتەوە.

بڕیاردرا لێبوردنی گشتی بۆ گیراوەکان و دوورخراوان دەرکرێ، هەریەکە لە شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمود و شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولسەلام بارزانی ئازادکران، هەروەها مەلا مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانیشی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران گەڕانەوە بۆ عێراق. بڕیاردرا لە بڕی فەرمانبەری عەرەب، فەرمانبەری کورد لە سنوری کوردستان دابمەزرێن، بۆ رایکردنی کاروباری خەڵک بە شێوەیەکی ڕێک و دور لە دەمارگیری.

لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٥٨، بە هۆی نزیکی حیزبی شیوعی لە دەسەڵاتدارانی نوێی عێراقەوە، کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگای کوردی و پارتی تا دەهات فراوانتر دەبوو. بیری عێراقچێتی لەژێر دروشمی خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا بەشێوەیەکی مەترسیدار بڵاوبوەوە. زۆربەی نوخبەی سیاسی کورد شاگەشکە بوون و وایان لێ هات مەسەلەی کوردستانی بوون لەژێر سمکۆڵانی هەڵگرانی ئایدۆلۆژیای چەپدا وون بووبوو. پارتی و حیزبی شیوعی ململانێیان بوو لەسەر پابەند بوون بە عێراقچێتیەوە.

هەندێ لە ڕۆشنبیرە کوردەکان سنوری عێراقیان تێپەڕاند و باسیان لە یەکێتی نەتەوەیی عەرەب دەکرد لە چوارچێوەی وڵاتێکدا: "ئاشکرایە لای هەموان کە سیاسەتی دەرەوەی عێراق سیاسەتێکی عەرەبی رزگاری هێنەرە، کە بنچینەکەی لەسەر سیاسەتی حیادی ئیجابی و پشتگیری ئاشتی و برایەتی لەگەڵ هەموو گەلانی دونیا بەبێ جیاوازی دامەزراوە. بەپێی تەسریحاتەکانی قارەمانی شۆڕش عەبدولکەریم قاسم ئاشکرای کردووە کە پشتگیری هەموو جوواڵانەوەیەکی رزگاری هێنەری عەرەبی ئەکات، زیدی ئیمپریالیزم و بۆ یەکێتی تەواوی نەتەوەی عەرەب لە وڵاتێکدا."[2]

بەڵام ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان لە خەیاڵێکی تر بوو. ئەو خەباتی هاوبەشەی کورد و عەرەب توانی عەرەبەکان لەژێر دەستی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی رزگار بکات،

1. لە پرۆگرامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، ژین، ژمارە ١٥٠٢، ١٩٦٠/١/١٤.
2. حیلمی علی شەریف، بوختانی چەپڕەوی، ژین ژمارە ١٤٢٤، ساڵی (٣٤)، ١٩٥٩/١/١، ل ١.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بۆ کورد دۆخەکە هەروەکو خۆی مایەوە، دەسەڵاتدارە تازەکانی عێراق بە پاساوی (توندوتیژی شۆڕشگێڕانە – العنف الثوري) مارکسیزمدا، زۆر لە رژێمی پێشوو دڕندانە تر و شۆڤێنیستانە تر کەوتنە وێزەی شۆڕشگڕانی کورد.

نە عەبدولکەریم قاسم و نە هاوڕێکانی دیکەی لە ئەفسەرە ئازادەکان، وەک نەتەوەیەکی جیا و خاوەن ماف تەماشای کورد و کێشەکەیان نەدەکرد، تەنانەت وەک "سەرۆکی حزبێکی سیاسی کە خاوەن پەیڕە و پرۆگرام و ئامانجی خۆیەتی، سەیری بارزانیان نەدەکرد، بەڵکو وەک کەسێکی یاخی لە حکومەتەکان تەماشایان دەکرد، یاخییەک کە پێش ١٣ ساڵ، قاسم رۆڵی هەبووە لە دامرکانەوەی راپەڕینەکەی، لە باشترین حاڵەتدا وەک یەکێک لە سەرۆک خێڵە زۆر و زەبەنەکانی کوردستان تەماشای دەکرد.[1]

کێشەکە هەر لای قاسم نەبوو، بەڵکو خودی مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە ببوە سیمبولی کوردایەتی و لە زۆر بۆنەدا کوردەکان بە عەرەبەکانیان دەوت (لکم زعیمکم ولنا زعیمنا)؛ ئەویش خۆی لە بەرانبەر قاسمدا بەکەم دەزانی. "لە کۆتایی ئایاری ساڵی ١٩٥٩ کاتێک وەفدێکی گەورە لە موسڵەوە بۆ سەردانیکردنی هاتن بۆ بەغدا، لەو کاتەی بارزانی هاتە هۆڵەکەوە، وەفدەکە دەستیان کرد بە چەپڵەڕێزان و هوتافکێشان بەسەریدا، زۆر بێزار و تورە بوو و بە ئیشارەت بێدەنگی کردن و بە تورەییەوە پێی وتن "ڕێگەتان پێ نادەم وا بکەن، من شایانی ئەوە نیم، دەبێ ئەوە بۆ زەعیم عەبدولکەریم بکەن." ئەوەی وت و چووە دەرەوە و خەڵکەکە سەریان سوڕما و بێزار بوون، شێخ ئەحمەدی بارزانی هەوڵیدا ئارامیان بکاتەوە و وتی هەندێ چاوەڕوان بن. ڕۆیشت قەناعەتی پێبکات بگەڕێتەوە، خەڵک چاوەڕوانیان کرد تا لە گەڕانەوەی بێ ئومێد بوون، دوای ئەوە ڕۆیشتن."[2]

بەڵام هەموو ئەو نەرمی نواندنە دادی پارتی و حیزبی شیوعی نەدا، دوای ماوەیەک عەبدولکەریم قاسم، کە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی لەسەر نەما، بۆ رازی کردنی دڵی شۆڤێنیەتی عەرەبی، کەوتە دژایەتی کردنی کورد و شیوعییەکان. کۆبوونەوە سێ سەعاتییەکەی مستەفا بارزانی لەگەڵ قاسم، بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە هیچ سودی نەبوو؛ لە کانونی دووەمی ١٩٦٠ داوای لە مستەفا بارزانی و سەرکردەکانی کورد کرد بەغدا بەجێبهێڵن. لە کۆتایی ساڵی١٩٦٠ پەردەی لەسەر سیاسەتە دوژمنکارانە راستەقینەکەی بەرانبەر کورد و مافەکانی هەڵدایەوە. ڕۆژنامەکانی بەغدا دەستیان دایە

1. جرجيس فتح الله، نظرات في القومية العربية مدأ وجزأ حتى العام١٩٧٠تاريخاً وتحليلاً، الجزء الثالث، منشورات ئاراس، اربيل ٢٠٠٤، ص١١٩٢.
2. جرجيس فتح الله، القومية العربية، المصدر السابق، ص١١٩٢.

پەلاماردانی کورد. رۆژنامەی "الثورة"ی نزیک لە قاسم لە سەروتارەکەیدا بە توندی پەلاماری کوردی داو نووسی "هەرکەسێک لە عێراقدایە کورد بێ یان زنجی (رەشپێست) یان ئەرمەنی، لە وڵاتێکی عەرەبیدا دەژی و بەپێی واقعیش بە عەرەب لە قەڵەم دەدرێت."[1]

دوای ئەوەی پارتی دەستی لە هەمانەکەوە دەرچوو، لە رێگەی رۆژنامەی خەباتەوە دەستکرا بە رەخنەگرتن لە دەستورە کاتیەکەی قاسم. خەبات لە شیکردنەوەی بۆ مادەی (٢)ی دەستوری کاتی نووسیویەتی: "مادەی دووی دەستور کە دەڵێ عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، لە دارِشتنەکەیدا وردەکاری زانستی و راستی و لۆژیکی رەچاو نەکراوە، بەڵکو بەشێوەیەکی عاتیفی نووسراوە. چونکە ئەم عێراقەی ئێستا تەنیا دوو مانا هەڵدەگرێ و سێیەمی نییە: یەکەم ناوێکی جوگرافی مێژووییە و زۆر بچوکتربووە لە نەخشەی ئەم عێراقەی ئێستا هەیە. دووەم ئاماژەیەکی سیاسییە بۆ ئەو دەوڵەتەی کە لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی لە بەشی زۆری عێراقە مێژوویەکە و بەشێک لە کوردستانی جنوبی کە پێشتر پێی دەوترا ویلایەتی شارەزور یان موسڵ دروستکراوە؛ دروستکردنەکەش خواستێکی ئیمپریالیزمی بریتانی بوو بۆ دەست بە سەراگرتنی سەروەت و سامانی ناوچەکە بە تایبەتی نەوت و کۆنترۆڵکردنی رێگەی هیندوستان. بۆیە دەستەواژەی 'عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب' لە رووی زانستی و لۆژیکییەوە دەستەواژەیەکی هەڵەیە، لەبەر ئەوە هەرگیز ناکرێ عێراق بەشێک بێت لە نەتەوەی عەرەب، چونکە نەتەوە وەک لە زانستی سیاسیدا هاتووە بەتێپەڕبوونی مێژوو لەسەر زەویەکی تایبەت بەخۆی دروست بووە و خاوەن ئابوری و زمان و کولتووری هاوبەشی خۆیەتی.. دەکرێ بوترێ بەشێکی عێراق، بەشێکە لە خاکی عەرەب، بەڵام ناکرێ بوترێ بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب.[2]

سەبارەت بە مادەی سێیەمیش رۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەروتارەکەیدا نووسیویەتی: "کاتێک باسی شەراکەتی عەرەب و کورد دەکرێ لەم وڵاتەدا، دەبێ بزانین چ جۆرە شەراکەتێک. ئەم مەسەلەیە پێویستە روون بکرێتەوە، ئەگەر لە دەستوری هەمیشەیدا نەبێ، خۆ دەبێ لە یاسایەکی تایبەتدا باسی لێوە بکرێ. جگە لەوە دەبێ لە یاسا جیاجیاکانی دەوڵەتی عێراقدا کاریگەرییەکانی ئەو شەراکەتە رەنگ بداتەوە.

---

1. رۆژنامەی الثورة، ١٩٦١/٢/١٧.
2. خبات (جريدة) لسان الحزب الديموقراطي الكردستاني، الامة الكردية والمادة الثانية من الدستور، العدد ٣٣٩، ١٩ تشرين الاول ١٩٦٠.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانی کوردیش لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا نابێ هەر لە دەقێکی دەستوریدا بمێنێتەوە و دەبێ بە پێی یاسای تایبەت گەلی کورد مافە نەتەوەییەکانی دەست کەوێ.[1] لەسەر ئەم وتارە ئیبراهیم ئەحمەد خاوەن ئمتیازی رۆژنامەی خەبات بە تۆمەتی وروژاندنی ناکۆکی نەتەوەیی و نانەوەی دووبەرەکی درایە دادگایی عورفی سەربازی.

پارتی لە ئابی ١٩٦١ وەفدێکی نارد بۆ بینینی قاسم، بەڵام ئەو پێشوازی لێ نەکردن. پاشان چەند پرۆژەیەکی بۆ جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی و مافەکانی کورد خستە بەردەستی حکومەت، بەڵام قاسم لە وەڵامدا هێزێکی سەربازی نارده سەر کوردستان و لە ٧ی ئەیلولی ١٩٦١ ناوچەی بارزانی بۆمباران کرد، لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ جارێکی تر بۆمبارانێکی سەختی بارزانی کردەوە و بەمجۆرە شۆڕشی ئەیلول سەریهەڵدا.

قاسم دوای ئەوەی پارتی بەرەو شاخەکان راونا، بە هەموو توانایەکییەوە کەوتە دژایەتی کردنی حیزبی شیوعی، کاروچالاکی لێ قەدەغەکردن و چالاکوانەکانی لە زیندان نان؛ لە ساڵی ١٩٦٠ بەپێی راپۆرتێکی حیزب (٢٢) هەزار ئەندامی ئەو حیزبە خرانە زیندانەوە، ٢٧٠ کادیر و ئەندامیان تیرۆر کرا و ١١٢ شیوعیش لە لایەن مەحکەمەوە حوکمی ئیعدامیان بۆ دەرچوو بوو. لە ئەیلولی ١٩٦٠ رۆژنامەی (اتحاد الشعب) داخرا و چالاکی (اتحاد شبیبة و انصار السلام) کە دوو رێکخراوی سەربەو حزبە بوون قەدەغە کرا.[2]

بەمجۆرە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم دا تا ئەو رۆژەی رووخا، لە هەگبەکەیدا هەر ئەوەی کرد، کە رژێمی پاشایەتی بە کوردی کرد. بۆ دۆستە شیوعییەکانیشی کە هەموو عێراقییەکانیان بۆی هێنابوە هەلەکە سەما و زیاتر لە ٧٧ نازناویان بۆ دانابوو، گەڕانەوەیان بوو بۆ هەمان ئەو زیندانانەی کە لە سەردەمی مەلیکدا تێیدا بوون.

**دووەم: کۆماری دووەم لامەرکەزیەتی سەر کاغەز**

لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ باڵی عێراقی حیزبی بەعس لەدژی عەبدولکەریم قاسم کودەتایەکی سەربازیی ئەنجامدا، لە ئەنجامی ئەو کودەتایە دەسەڵاتی قاسم ڕووخێندرا. لە بەیانی ژمارە (٣)دا دەزگای حەرەسی قەومیان دامەزراند و داوا لە سوپا و پۆلیس کرا گوێڕایەڵی فەرمانەکانیان بکەن و هاوکاریان بکەن. ئەحمەد حەسەن بەکر کرایە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتی، دوو وەزارتی لاوەکیشیان بۆ کورد

1. نخبات (جريدة)، المصدر السابق.
2. صلاح الخرسان، المصدر السابق، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، ص ٩٦.

تەرخان کرد، جێگری پێشووی قاسم، عەبدولسەلام عارف کرایە سەرۆک کۆماری عێراق.

بەعسییەکانی عێراق لەژێر کاریگەری تێزەکانی ساتع ئەلحوصری، بۆ پرسی نەتەوایەتی عەرەبی، پێیان وابوو هەر کەسێک باوەڕی بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی نەبێ دژی عێراقە! هەر لەم تێڕوانینەوە مامەڵەیان لەگەڵ کورد و شیوعییەکانیشدا دەکرد.

ئەوەی رژێمەکانی پێشووتر دژ بە کورد و شیوعییەکان تەواویان نەکردبوو، ئەمان بە دڕندەترین شێواز کردیان. سەرەتا لە شیوعییەکانەوە دەستیان پێکرد. شیوعییەکان بەرانبەر بەم کودەتایە کاردانەوەی تووندیان نواند. لە یەکەم ساتی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسمەوە بۆ ماوەی سێ مانگ، شەپۆلێکی راوەدونان و گرتن و کوشتنی شیوعییەکان دەستی پێکرد. لەو ماوەیەدا ١٢٠٤١ کەس گیران، لە نێوایاندا ٤٧١٢ کوردی لایەنگری پارتی هەبوو. بەعسییەکان سەرەتا بەگرتن و لەسێدارەدانی هەزاران شیوعی دەستیان پێکرد، لە ١٩٦٣/٣/١٧ سەلام عادلی سکرتێری حیزبی شیوعیان دەستگیر کرد و لە سێدارەیاندا، رێکخراوەکانی حیزبی شیوعی لە ناوەڕاست و باشوری عێراق بەتەواوەتی لەبەریەک هەڵوەشانەوە و تەنها لقی کوردی ئەو حیزبە مایەوە بۆ خۆ رێکخستنەوە، عەزیز محەمەد و هاوڕێکانی بڕیاریان دا پەنا بەرنەبەر مەلا مستەفا و چیاکانی کوردستان. بەهۆی هەڵوێستی خراپیان لە بەرانبەر هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، سەرەتا پێشوازیان لێ نەکرا، بەڵام دوای ئەوەی لە هەڵووێستی پێشویان پەشیمان بوونەوە و پشتیوانی خۆیان بۆ شۆڕشی ئەیلول دەربڕی و بە شۆڕشی گەلی کوردیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لەقەڵەمدا. بەمجۆرە لە کوردستان جێگەیان کرایەوە و شان بەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی چەکداری خۆیان دروستکرد.

سەلام عادل، سکرتێری حیزبی شیوعی، لە هەڵسەنگاندنێکیدا بۆ ئینقلابی ٨ی شوباتی ١٩٦٨، کوردی بەهۆکاری یەکەمی ئینقلابەکە لەقەڵەم داوە و نووسیویەتی:" "ناسیۆنالیستە کوردەکان کوێرانە لە دژی قاسم دەستیان دایە چەک، یارمەتی و هاوکاریان لە هەرکەسێک وەردەگرت بۆ روخانی قاسم.. ناسیۆنالیستە کوردەکان بەرپرسیارن لە رەخساندنی هەلومەرجی ئینقلابی کۆنەپەرەستانەی فاشیانەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣..."[1]

قسەکانی سەلام عادل لە خۆڕا نەبوو، لە دوای تێکچوونی نێوانی پارتی و قاسم، کودەتاچییەکان پەیوەندیان بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە کردبوو، چەندین

1. صلاح الخرسان، المصدر السابق، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، ص ١٠٦.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەڵێنیان بە کورددا، نمونەی لامەرکەزیەت بۆ کوردستان. "ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری ئەو حیزبە ئاشنایەتی هەبوو لەگەڵ تاهیر یەحیا، کەسایەتی دیار و ئەفسەری خانەنشین کە لەگەڵ بەعسدا کاری دەکرد، ئەوەبوو لەڕێگەی ئەفسەرێکی کورد بەناوی 'کەریم قەرەنی'یەوە، پەیوەندییەکەی توندوتۆڵتر کرد و بەڵێنێکی زارەکی دابوو کە ئەگەر سەرکەوتن حوکمی زاتی دەدەن بە کوردستان."[1]

هانی فەکیکی، یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی بەعس، وردەکاری ئەو پەیوەندییە روونتر دەکاتەوە، نووسیویەتی: "لە کۆنگرەی نەتەوەیی پێنجەمدا، دوو کێشەی تازەمان هاتەڕێ، یەکێکیان نێوانی قاسم و شیوعییەکان بوو، ئەوی دیکەشیان مەسەلەی جوولانەوەی کوردی بوو. لەوکاتەدا کوردەکان لە ڕێگەی ئەو ئەفسەرانەی کە لە بەعسەوە نزیک بوون پەیوەندیان پێوەکردین و پێشنیاری هاوکاری و تەنسیقیان خستەبەردەممان، لە پێناوی روخانی زەعیم و دەسەلاتەکەی.

خواستەکانیان لە راگرتنی پەلاماره سەربازییەکان لە دژی گەلی کورد و گرەنتی دان بە پێدانی حوکمی زاتی بە کوردستان لە ئایندەدا، تێنەدەپەڕی. ئێمە دەمانویست پەیوەندییەکانمان لەگەڵ جوولانەوەی کوردی پتەو بکەین و بۆ لاوازکردنی قاسم، دەمانویست شەڕ لە باکور بەردەوام بێ، لەلایەکی دیکەشەوە دەمانویست گەر سەرکەوتنمان بەدەست هێنا کوردەکان لە دژمان نەوەستن، خۆ گەر سەریش نەکەوتین، ئەو پەیوەندییە لەگەڵ جوولانەوەی کوردی هەلی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێ بۆ باکور هەڵبێین، ئەوە یەکەم جار بوو لە مێژووی حزبدا لە عێراق لە راپۆرتی سەرکردایەتیدا باسی مافە کولتووریەکانی کورد کراوە و هەندێ ئاماژەی گشتیش بە لامەرکەزیەت دراوە...[2]

ڕۆژی کودەتاکە، مستەفا بارزانی بڕیاری شەڕ راگرتنی لە دژی عێراق راگەیاند. لە ١٩ شوبات ١٩٦٣ جەلال تاڵەبانی بە نوێنەرایەتی مەلا مستەفا چوو بۆ بەغدا و چاویکەوت بە تاهیر یەحیا، کە ئەو کاتە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو، پێی وتبوو بەم زوانە حوکمی زاتی دەدرێت بە کورد، "بەڵام سەرۆک وەزیران ئەحمەد حەسەن بەکر و وەزیری بەرگری سالح مەهدی عەماش لە لێدوانەکانیاندا تەنها باسی چاک کردنی بارودۆخی کوردەکانیان دەکرد، دیارە لەوە دەترسان باسکردنی مەسەلەی حوکمی زاتی بۆ کورد ببێتە هۆی ڕەخنەی ئەوانەی باسی یەکێتی نەتەوەیی عەرەبیان دەکرد.

1. جرجيس فتح الله، القومية العربية، المصدر السابق، ص١١٩٩.
2. هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة تجربتي في حزب البعث العراقي، رياض الريس للكتب للنشر، الطبعة الثانية، بيروت – لبنان ١٩٩٧، ص ١٩١.

هەرچەندە لە رووی مەبدەئیەوە سەرکردەکانی حیزبی بەعس رازی بوون بە پێدانی حوکمی زاتی بۆ کورد، بەڵام پێیان وابوو دەبێ ئەو پرسە هاوکات لەگەڵ مەسەلەی یەکێتی نەتەوەیی عەرەبدا بخرێتە بەرباس، بۆیە داوایان لە جەلال تاڵەبانی کرد لەگەڵ وەفدی عێراقدا بچێت بۆ میسر بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگەکانی سااڵیادی دامەزراندنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی کە لە شوباتی ئەو ساڵەدا رێکخرابوو.

تاڵەبانی بێ ئاگادارکردنەوەی مستەفا بارزانی داوەتەکەی قەبووڵ کرد، بەو هیوایەی پشتیوانی عەبدولناسر بۆ داخوازییەکانی کورد بەدەست بهێنێ و لە دیدارەکانیشدا ناسر رێزی لە هەڵوێستی کورد گرت و ئەوەش وەک ئاماژەیەک بە رازیبوونی بە پێدانی حوکمی زاتی بە کوردەکان. مستەفا بارزانی بەهۆی دوو دڵی حکومەتی عێراقی لە راگەیاندنی حوکمی زاتی بۆ کورد دەستی کرد بە هەڕەشەکردن و ١ی ئازاری ١٩٦٣ وەک دوا مۆڵەت دانا بۆ ئەوەی حکومەت لە رووی مەبدەئیەوە مافەکانی کورد قەبووڵ بکات، گەرنا شەڕ هەڵدەگیرسێنێتەوە. هەر ئەوەش نا، بەڵکو هەڕەشەی ئەوەشی کرد گەر حکومەت ئەو کارە نەکات لەوانەیە سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنێت و لە عێراق جیا بێتەوە."[1]

لەو رۆژەی کە بارزانی دیاری کردبوو، حکومەتی عێراقی رایگەیاند کە مافەکانی کورد دابین دەکات و دواتر وەفدێکی بۆ وتوویژ نارد بۆ الی مستەفا بارزانی، کورد داخوازییەکانی خۆی لە پێنج خاڵدا خستەڕوو، گرنگرتینیان پێداگری بوو لەسەر حوکمی زاتی بۆ کوردستان. "بەڵام وەفدی حکومەتی عێراقی توانیان مستەفا بارزانی قەناعەت پێبهێنن لە جیاتی "حوکمی زاتی" وشەی "المەرکەزی" بەکاربهێنن."[2]

پاشان لە ٣٠ ئازاری ١٩٦٣ وەفدێک بە سەرۆکایەتی مام جەلال چوو بۆ بەغدا، بەڵام بە بیانووی سەرقاڵ بوونیان بە مەسەلەی یەکێتی عەرەبەوە ئامادە نەبوون لەگەڵیدا وتوویژ بکەن. دیار بوو حکومەت لە بەڵێنەکانی پەشیمان بووبوونەوە، بۆ بچوک کردنەوەی پرسی کورد پێشنیازی المەرکەزی بۆ تەواوی عێراق کرد، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەوە رازی نەبوو.

پاش ئەوەی حیزبی بەعس هەڕەشەی شیوعییەکانی لە خۆی دوورخستەوە و شوێن پێی خۆی قایم کرد، لەو بەڵێنانەی دابویان بە کورد پەشیمان بوونەوە و بە بیانووی جۆراوجۆر هەوڵی هەڵگیرسانی شەڕیان دەدا لە باشوری کوردستان.

دەسەاڵتدارەکانی نوێی عێراق، ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٨ هێزی سەربازیان بە فەرماندەیی زەعیم سدیق بۆ داگیرکردنی شاخی ئەزمەر و گۆیژەی شاری سلێمانی نارد،

1. عبد المجید الخدوری، العراق الجمهوری، المصدر السابق، ص ٣٥٧.
2. نفس المصدر، ص ٣٥٨.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بوونەوە و پاشەکشەیان بە هێزەکە کرد. بۆ ڕۆژی دوایی ١٩٦٣/٦/٩ زەعیم سدیق قەدەغەی هاتوچۆ لە شاری سلێمانی ڕاگەیاند و کەوتە ڕەشبگیری و ٨٢ هاوڵاتی لە مامۆستا و کاسبکار و گەنجی دەستگیرکرد و لە نزیک (حامیە) کە دەکاتە پارکی ئازادی ئێستا، بە دڕندانەترین شێوە گولەبارانی کردن و هەر لەوێشدا نێژان...

لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ ئەو وەفدە کوردیەی کە بۆ وتووێژ لە بەغدا بوون، دەستگیرکران و هەر ئەو ڕۆژە رادیۆی بەغدا بەیانێکی بە ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرکرد و کوردی بە سەربەخۆیخواز و کۆنەپەرەست و لایەنگری ئیمپریالیزم لە قەڵەمدا و داوای لە پێشمەرگە کرد چەکەکانیان دانێن و خۆیان ڕادەستی حکومەت بکەن. پارەیەکی زۆریشی تەرخان کرد بۆ هەرکەسێک بتوانێ مەلا مستەفا بارزانی بکوژێت.

هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر پێشمەرگە دەستیپێکرد، (لیوای یەرموک)ی سوپای سوریاش هات بە هانای سوپای عێراقەوە شەڕ تاوەکو شوباتی ١٩٦٤ بەردەوام بوو. تاوانی بەعسیەکان دەرحەق بە کورد و عێراقییەکان بەردەوام بوو تاوەکو عەبدولسەلام عارف لە ١٩٦٣/١١/١٨ کودەتای بەسەر بەعسییەکاندا کرد. بۆ ڕۆژی دوایی پەردە لەسەر ئەو هەموو تاوان و کوشت و کوشتار و دەستدرێژی و گۆڕە بەکۆمەڵانە هەڵدرایەوە کە بەعسیەکان لە ماوەی ئەو نۆ مانگەی دەسەڵاتیان ئەنجامیان دابوو.

عەبدولسەلام، لەگەڵ کورد کەوتە وتووێژ و لە ١٠ شوباتی ١٩٦٤ بەیانێکی دەرکرد بۆ وەستانی هەموو ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا لە کوردستان و ئازادکردنی هەموو گیراوە سیاسییەکان و گەڕانەوە فەرمانبەرە دەرکراوەکان بۆ سەر کارەکانیان، ئامادەیی خۆشی دەربڕی بۆ پێدانی مافی کولتووری بە کورد. پاشان لەگەڵ مەلا مستەفا کەوتە وتووێژ و ڕێکەوتنی شوباتی ١٩٦٤ی ڕاگەیاند. بەپێی ئەو ڕێکەوتنە هەندێ مافی کولتووری درا بە کورد. چەندین نامە لە نێوان مستەفا بارزانی و عەبدولسەلام عارف ئاڵوگۆڕکران، بەڵام هیچ ئەنجامێکیان نەبوو. بۆیە جارێکی دیکە لە ئازاری ١٩٦٤ شەڕ هەڵگیرسایەوە.

دوای مردنی عەبدولسەلام عارف لە ١٩٦٦/٤/١٦، عەبدولڕەحمان عارفی برای چووە جێگەکەی، ئەویش لە ١٨ نیسانی ١٩٦٦دا ڕایگەیاند ئامادەیە جگە لە جیابوونەوە، هەموو مافێک بە کورد بدات. شەڕ ڕاوەستا و وتووێژ دەستی پێکردەوە، حکومەت بەیانێکی ١٢ خاڵی دەرکرد، جەخت لەسەر مافە کولتووریی و ئیداریەکانی کورد کرابووەوە و وەک چارەسەریش لامەرکەزی پارێزگاکان خرابووە ڕوو. عارف

نەیتوانی بەردەوام بێ و ئیستقالەیدا، بەمجۆرە جێبەجێ کردنی بەیانە ١٢ خاڵیەکە دەستی دەستی پێکرا. شەڕی جەلالی و مەلایی ئەرکێکی قورسی لە کۆڵی حکومەت کردبووەوە. جەلالییەکان لە جیاتی سوپای عێراق، جەنگێکی مالوێرانکەریان دەست پێ کردبوو.

**سێیەم: بەعس و حوکمی زاتی**

لە ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ بەعسیەکان بە ئینقلابێکی سەربازی جارێکی دیکە هاتنەوە سەر دەسەڵات. حیزبی شیوعی سەرەتا دژی ئینقلابەکە بوو، لە ٢٩ی تەموز ١٩٦٨ لە کۆبوونەوەی لیژنەی مەرکەزیدا لە بەیاننامەیەکدا داوای لە بەعسیەکان کرد دیموکراسی پەیڕەو بکات و ئۆتۆنۆمیش بدات بە کورد.[1]

لە کاتی ئیمزا کردن لەسەر بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ پارتی داوای کرد شیوعییەکانیش لەو رێکەوتنەدا بەشدار بن، بەڵام بەعس بەوە رازی نەبوو، وتیان ئەم رێکەوتنە لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و عەرەبە، ئێوە نوێنەری کوردن و ئێمەش نوێنەری عەرەب. ناکۆکی لە نێوان بەعسیەکان و شیوعییەکان تا دەهات پەرەی دەسەند و ژمارەیەکی زۆری شیوعییەکان گیران و تیرۆر کران. بەڵام لە دوایدا هەردوکیان کەوتنە وتوێژی نهێنیەوە، بەعسیەکان گومانیان هەبوو لەوەی لەگەڵ پارتیدا تا کۆتایی پێکەوە بگونجێن، بۆیە بیریان لەوە کردەوە حیزبی شیوعی وەک ئەڵتەرناتیڤی پارتی بهێننە ناو دەسەڵاتەوە. لە ١٩٧٢/٤/٩ شیوعییەکان و بەعسیەکان بە چاودێری سۆڤیەت رێکەوتنی دۆستایەتی و هاوکاریان ئیمزا کرد. دوو وەزیری شیوعی کوردێک موکەڕەم تالەبانی و عەرەبێک عامر عبدوڵڵا چوونە ناو کابینەی حکومەتەوە. لە ١٧ تەموزی ١٩٧٣ لەگەڵ بەعسدا بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووخوازیان پێکهێنا. شیوعییەکان بە هەموو توانایەکیان هەوڵیاندا پارتیش بەرنە ناو بەرەکەوە، بەڵام پارتی رازی نەدەبوو، چونکە بە پێی خاڵەکانی رێکەوتننامەکە، دەسەڵاتی تەواو درابوو بە بەعس و ئەوانی تر هیچ رۆڵیان نەبوو.

کاتێک لە ئازاری ١٩٧٤ شەڕ لە نێوان رژێم و کورددا هەڵگیرسایەوە، حیزبی شیوعی چوە پاڵ هاوپەیمانەکەی لە دەسەڵات و بە هەموو توانایەکی سیاسی و میدیایی و سەربازیەوە یارمەتی حیزبی حاکمیدا.. "میلیشیاکانی چەکدارەکانی حیزبی شیوعی لە ١٩٧٤ تاوەکو ١٩٧٥ شانبەشانی سوپای عێراق، بۆ پتەوکردنی هاوپەیمانێتیەکەیان لەگەڵ حیزبی بەعس، بەشداریان لە ئۆپەراسیۆنەکان لە دژی کورد کرد."[2]

---

1. صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق المصدر السابق، ص ١٣٤.
2. نفس المصدر، ص١٤٨.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

یەکێک لە سیاسەتە مەترسیدارەکانی حیزبی بەعس، کە لە دوای هەرەسی شۆڕشی کوردستاند پێی هەستا دابڕانی کوردستانی باشور بوو لە بەشەکانی دیکە، سەدام حسێن لە ١٩٧٨/٧/١٨ لە وەڵامی رۆژنامەنوسێکدا بێ پەردە لەو بارەوە دەڵێت: "بڕیاردرا بە قوڵایی ١٠ بۆ ٢٠ کیلۆمەتر، هەموو ئەو کەسانەی کە لە سنورەکانی عێراقدا دەژین، واتە سنورەکانی نێوان تورکیا و ئێران لەگەڵ عێراق رابگوازرێن، ئەوانەشی لە ساڵی ١٩٧٥ چوونە ئێران و گەڕانەوە لە باشور و ناوەڕاستی عێراقدا نیشتەجێ دەکرێن."[1]

لە کۆبوونەوەی مەجلیسی تەشریعی کوردستانیشدا وتی: "دەبێ هێزە نەیارەکانمان، لە نێویاندا ئەو هێزانەی کە کار بۆ جیابوونەوە دەکەن دوو ڕێگرییان لەبەردەمدا دروست بکەین. ڕێگری مەبدەئی و ویژدانی. بەواتای ئەوەی گەلەکەمان لە کوردستان باوەڕ بەوە بهێنێ کە چارەنووسی بۆ هەتاهەتایە بەستراوەتەوە بە یەکێتی خاکی عێراق و یەکێتی گەلەکەیەوە، بە ئەقڵەوە قەناعەتی پێی هەبێ و ئامانج و خواستەکانی بەوەوە گرێ بدات."

ڕێگری دووەم ڕێگری مادییە، هاوتەریبە لەگەڵ ئەوەی یەکەم. ئەوەش بریتیە لە تەدبیری یاسایی و سیاسی و ئابووری و تەنانەت سەربازیش، پرەنسیپەکانیش هاوسەنگییەکە ڕادەگرێ."[2]

لە شی کردنەوەی ئەو دوو لێدوانەی سەدام حسێندا، دکتۆر موکەڕەم تالەبانی دەڵێت: "لەو قسانە وا تێدەگەین کە بەعس کوردستان بە خاکی عەرەب دادەنێ و لە قۆناغەکانی مێژووی عەرەبی ئیسلامیدا کوردی تێیدا نیشتەجێ بوون. عەرەبیش کەی ویستی دەتوانێ بیگەڕێنێتەوە، بۆ ئەو کارەش دوو ڕێگری دادەنێ، یەکەمیان نابێ بیر لەوە بکاتەوە کە بەشێکە لە نەتەوەی کورد و ولاتەکەشی درێژ دەبێتەوە بۆ دەرەوەی سنوری عێراق. هەروەها ڕێگری مادی بریتیە لە گرتنەبەری ڕێگەی داپڵۆسین بۆ ئەو کەسانەی وا بیر دەکەنەوە.[3]

ڕژێمی بەعس، بۆ دابڕانی کوردستانی باشور لە بەشەکانی دیکەی کوردستان سێ ڕێگەی گرتەبەر:

ڕێگەی یاسایی: مەجلیسی قیادەی سەورە دەستورێکی دەرکرد، لە مادەی یەکی دەستورەکەدا هاتبوو: "گەلی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. ئەم سیاسەتە درێژکراوەی ئەو سیاسەتە بوو کە لە ساڵی ١٩٢١ەوە عەرەبەکان بە هاوکاری

1. صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق المصدر السابق، ص٣٥٧-٣٥٨
2. نفس المصدر، ص ٣٥٨.
3. د. مكرم طالباني، المصدر السابق، ص ٣٥٨.

ئینگلیزەکان عێراقیان لە سەری دامەزراند. بەدرێژایی لکاندنی کوردستانی باشوریش کورد لە دژی ئەو سیاسەتە بووە.

بەعس هەر بەوە نەوەستا، بەپێی یاسا هەموو کوردە فەیلیەکانی لە ناسنامەی عێراقی بێبەش کرد و سیاسەتی دەرکردنیانی گرتەبەر. لە١٩٨٠/٥/٧ مەجلیسی قیادەی سەورە یاسای ژمارە (٦٦٦)ی دەرکرد کە تێیدا هاتبوو: "ناسنامەی عێراقی لە هەموو ئەو عێراقیانەی کە لە بنەچەدا بێگانەن وەردەگیرێتەوە ئەگەر هاتوو دەرکەوت وەلائیان بۆ نیشتمان و ئامانجە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە بالاکانی شۆڕش نییە." بەعس بەپێی ئەو یاسایە ٦٠٠٠٠٠ کوردی فەیلی لە ناسنامەی عێراقی بێبەش کرد و بۆ ئێران دەری کردن.

لە کەرکوکیش مەجلیسی قیادەی سەورە بڕیاری دا بە هەزاران خێزانی عەرەب لە باشور و ناوەڕاستی عێراقەوە بهێنێت لەو شارەدا نیشتەجێیان بکات و هەر بەپێی یاسا بۆ هیچ کوردێک نەبوو لە کەرکوک خانو بکرێت بە ناویەوە.

رێگەی سیاسی: بریتی بوو لە تەهجیرکردنی کوردەکان لە موسڵەوە بگرە تا دەگاتە کەرکوک و خانەقین و نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگەیاندا. هەروەها هەموو ئەو ناوچانەی کە نەوتی تێیدا بوو لە کوردی قەدەغە کردن، ئەوە جگە لە روخانی هەموو ئەو گوندانەی کە دەکەوتنە قولایی ٣٠ کیلۆمەتر لەسەر سنورەکانی نێوان عێراق تورکیا و عێراق ئێرانەوە.

رێگەی سەربازی: لە دوای ئەوەی سەدام دەسەڵاتی گرتە دەست، بەشێوەیەکی دڕندانە کەوتە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی گەلی کورد و لە شالاوی ئەنفالەکاندا هەموو ئەو گوند و شارۆچکانەی وێران کرد کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا نەبوون و بە چەکی کیمیایش هەزاران کوردی کردە قوربانی.

وەک دەوترا، سەدام دەیوست بەم رێگایانە کوردی باشور لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دابببڕێت و دواتر لە رێگەی پرۆسیەکی نەخشە بۆ داڕێژراو بە شێوازی جیاجیا جینۆسایدیان بکات.

کێشەی کورد کێشەی جۆری ئەو رژێمە سیاسیانە نییە لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە زۆر پێوە لکێنراوە، تاوەکو بە گۆڕینی رژێمەکانیان کێشەکە لە بنەڕەتەوە چارەسەر بکرێ، بەڵکو کێشەی نەتەوەیەکە هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی تێیدایە، بەڵام کۆمەڵێک هەلومەرجی ناوخۆیی و دەرەکی وایکردووە لە قەوارەی سیاسی خۆی بێبەش بکرێت. بۆیە لەگەڵ هیچ یەک لەو نەتەوانەی کە کوردستانیان داگیرکردوە، ئامانج و ستراتیژیی هاوبەشی نەبووە و هەر ئەوەش وایکردووە بە درێژایی سەد ساڵی رابردوو، سەرەڕای هەوڵدانی حیزبە شیوعییەکانی


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەو وڵاتانە بۆ قەناعەت پێهێنانی کورد، کە بەرژەوەندی و چارەنووسی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی ئەواندا هاوبەشە و دەبێ خەباتی هاوبەش بکەن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو خەباتە هاوبەشە بە کارەسات بۆ کورد تەواو بووە.

لە دوای ساڵی ١٩٤٥ەوە، ئەو حیزب و گروپانەی کە ڕێبەرایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی باشوریان گرتووەتە دەست، لەژێر کاریگەری و هەژموونی حیزبی شیوعی عێراقدا لە پەیڕەو پرۆگرامەکانی خۆیاندا پەرەنسیپی "نەتەوەی کورد بەرژەوەندییەکانی گرێداوەتە بەرژەوەندی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەی عەرەب"، بەڵام دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنی کۆماری یەکەم لە ساڵی ١٩٥٨، کۆماری دووەم لە ١٩٦٣، کۆماری سێیەم لە ساڵی ١٩٦٤ و کۆماری چوارەم لە ساڵی ١٩٦٨ کە کورد لەهەمویاندا شان بە شانی عەرەبەکان خەباتی کردووە بۆ گۆڕینی ئەو رژێمانە. کەچی دوای جێگیربوونی دەسەڵاتیان لە بەغدا، کورد جگە لە پێشێل کردنی مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی، جگە لە شەڕ و ماڵوێرانی و کاولکاری و تەعریب و تەرحیل هیچی دەستنەکەوتووە!

دوور کەوتنەوەی هەر نەتەوەیەکی نیشتمان داگیرکراو لە داخوازییەکانی بۆ سەربەخۆیی، کارئاسانی بۆ نەتەوە داگیرکەرەکە دەکات تاوەکو نەتەوە داگیرکراوەکە بە شێوازی جیاجیا لە بۆتەی نەتەوەیی خۆیدا بتوێنێتەوە. لە دوای ساڵی ١٩٤٥ەوە، لەسەر دەستی کاربەدەستانی کوردەوە کێشەی کورد لە باشوری کوردستان، لە کێشەی نەتەوەیەکی نیشتمان داگیرکراو، بوو بە کێشەیەکی ناوخۆیی عێراق.

لە دوای حیزبی هیوا، سەرکردەکانی کورد بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان لە باشوری کوردستان، لە ڕێباز و ئامانجە مێژوویەکەی خۆی وەرچەرخاند و ئاڵاندیانە کۆمەڵێک ئامانجی لاوەکی لە چوارچێوەی عێراقدا. ئیتر لەو کاتەوە بەولاوە "ئەم بزوتنەوەیە سروشت و ناوەڕۆکە ڕزگاریخوازەکەی لێ داماڵرا و شێوێندرا و لەگەڵ خواستی کۆمەڵگای کوردستاندا نامۆکرا.[1]

ئەو کاتەی ڕابەرە سیاسییەکانی کورد دەستبەرداری خواستی سەربەخۆیی کوردستان بوون و کێشەی کوردیان پەیوەست کرد بە مافە دیموکراسی و ئازادییە بنچینەیەکان لە چوارچێوەی عێراق، بەدەستی خۆیان دەرگای بە نێودەوڵەتی بوونی کێشەی کوردیان داخست، چونکە بەپێی قانونی نێودەوڵەتی، بۆ وڵاتانی جیهان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نەبوو دەستوەردان بکەن لە مەسەلەی ناوخۆیی وڵاتاندا. لە کاتێکدا سەرکردایەتی سیاسی کورد، بەپێی ئەو بڕیارانەی کە لە عوسبەتول

1. ڕەفیق سابیر، تەنگوچەڵەمەی فکری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و ئاسۆی ڕوون، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ١٢، ئایاری ١٩٩١، ل٤٨.

ئومەمەوە دەرچووبوون سەبارەت بە مافەکانی کورد و هەروەها ئەو بڕیار و پرۆتۆکۆلانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای ساڵی ١٩٤٥، سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەری کردبوو، دەتوانرا کێشەکە جارێکی دیکە بگەڕێننەوە بۆ مەحافیلی نێودەوڵەتی.

دکتۆر ڕەفیق سابیر داوا دەکات گۆڕانێکی چۆنایەتی بەسەر بزوتنەوەکە و مەسەلەی گەلی کورددا بێت و ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە سەرهەڵدەدەن ڕۆڵی سەرەکی ببینن لە خەباتی رزگاریخوازی، تا لە ئەنجامدا بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان جارێکی دیکە بکەوێتە سەر ڕێچکەی خۆی و بگات بەم ئەنجامانە:

١. بەرنامەو ئامانجی بزوتنەوەی گەلی کوردستان جارێکی دی دەبێتەوە بە بەرنامەو ئامانجێکی رزگاریخوازانەی نیشتمانی، کە لە ناوەڕۆکدا گەیاندنی نەتەوەی کوردە بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی. بەمەش ئەو ئەفسانە پوچەڵ و خەڵک هەڵخەڵەتێنەرە دوایی دێت کە گوایە بزوتنەوەی کورد بەشێکە لە بزوتنەوەی دیموکراسی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا...

٢. مەسەلەی گەلی کوردستان لەهەر بەشێکدا، لەوە زیاتر بە مەسەلەی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە نامێنێتەوە کە کوردستانیان پێوە لکێندراوە، بەڵکو دەبێتە مەسەلەی وڵاتێک کە داگیر و لکینراو (الحاق) کراوە...

٣. مافی بڕیاری چارەنووس و سەربەخۆیی نیشتمانی ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرایە، بۆیە بە پێچەوانەی ئۆتۆنۆمی دەرفەتی سازشکاری نارەوا نادات و سنورێکی بەهێز بۆ ئەو سەودا و مامەڵە هەرزان بەهایە دادەنێ، کە ئێستا بە مەسەلەی نەتەوەکەمانەوە دەکرێ.[1]

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێن سیمای دیاری خەباتی نەتەوەیی کورد لە باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥ەوە تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ سیمای جوواڵانەوەیەکی لۆکاڵی بووە لە چوارچێوەی وڵاتی داگیرکەری عێراق و لە ئامانجە حەقیقیەکەی خۆی کە رزگاری نیشتمانییە لایداوە، لەبری ئەوەی بزوتنەوەکە بە ڕێچکەی سروشتی و میژوویی خۆی کە مافی چارەی خۆنووسینە ببات، بەرەو کۆمەڵێک دروشم و ئامانجی لە ڕواڵەتدا هەڵخەڵەتێنەری بردوە، وەک "دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان".

1. ڕەفیق سابیر، تەنگوچەڵەمەی فکری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەشی سێیەم

# کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و جۆشدانەوەی کوردستانی بوون

ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

به پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تورکی و فارسییەوە کە بوونی خۆیان لە نەبوونی ئەوی تردا دەبینەوە، ناسیۆنالیزمی کوردی بوونی خۆی لە لەناوچوونی ئەوەی دیکەدا نابینێتەوە. هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا خواستە ناسیۆنالیستییەکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی بووە. پرۆفیسۆر عەباس وەلی، شارەزا لە بواری ناسیۆنالیزمی کوردیدا، پێی وایە: "لەبەر ئەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە رووی گوتارەوە ئامانج و کەرەستە سیاسییەکانی گەیشتن بەو خواستە داگیرکاری نییە، بۆیە بەدوای دوژمن داتاشیندا نەبووە، سەقامگیری و رەنگرێژکردنی ناسنامەی خۆی تەنها لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی خۆیدا بووە؛ ئەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەو تایبەتمەندییە وایکردووە ناسیۆنالیزمی کوردی لایەنێکی دیموکراتیکی هەبێ. ئێمە دەبینین کە ناسیۆنالیزمی کوردی دەیەوێ لە لایەن ئەوەی ترەوە شوناسەکەی دانپێدا بنرێ و ڕێزی لێ بگیرێت و لەگەڵیدا ئەو کۆمەڵە مافە یاسایی و سیاسییەی کە دەرهاویشتەی ئەو دانپێدانەیە، بهێنێتەدی."[1]

لە دوای بە فەرمی لکاندنی کوردستانی باشور بە عێراقەوە، کۆمەڵگەی کوردی لە باشوری کوردستان تووشی گەورەترین داڕمانی فکری و ئابووری و کۆمەڵایەتی بووبوو، عێراقی داگیرکەر و بە پاڵپشتی بریتانیا لەپاڵ دادۆشینی ئابووری کوردستاندا، بە هەموو توانایەکیانەوە کاریان دەکرد بۆ هێشتنەوەی پەیوەندیی فیوداڵی و داب و نەریتی عەشیرەتگەری لە کوردستان. "بۆ ئەم کارەش پێگەی ئابووری و سیاسی ئەو سەرۆک هۆز و فیوداڵانەی خیانەتییان لە بزوتنەوەی کورد کردبوو، بەهێز دەکرد، بەمەش بەرژەوەندی چینایەتیان زیاتر بە کۆلۆنیالیزم و رژێمی عێراقەوە دەبەسترایەوە."[2]

بەڵام ئەوە هەر فیوداڵەکان نەبوون بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان وای لێکردبوون بەرگری لە گوتاری "میللەتی عێراق"ی مەلیک فەیسەڵ و یەکپارچەیی عێراق بکەن، بەڵکو لە هەناوی ئەو جوولانەوە چینایەتییەی کە تا دەهات لەناو کۆمەڵگای عەرەبی عێراقدا دروست دەبوو، ئایدیایەک چەکەرەی دەکرد کە ئەویش ناڕاستەوخۆ بەرگری لە گوتاری "میللەتی عێراق" دەکرد و دواتر لە حیزبی شیوعی عێراقدا خۆی نواند.

ئەم گوتارە لە ڕێگەی ئەو کوردانەی چووبوونە ناو ئەو حیزبەوە، یان بوون بە هەڵگری فکری چەپ، خزایە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە، لە دوای دووەهەمین جەنگی جیهانیشەوە بوو بە گوتارێکی هاوتەریب بۆ گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی و باڵی

1 . گفت‌وگوی سوما نگهداری نیا با عباس ولی:
https://pecritique.com/2020/10/09/

2 . ڕەفیق سابیر، تەنگوچەڵەمەی فکری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

کێشا بەسەر هەموو جوولانەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا. دکتۆر جەمال نەبەز هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ "نەبوونی حیزبێکی جەماوەری خاوەن فەلسەفەیەکی نەتەوەیی کە بتوانێ کێشەی کورد بۆ جەماوەر روون بکاتەوە و شیکارییەکی میژوویی و فەلسەفی دروستی بۆ بکات و گیانی پشت بەخۆبەستن و مرونەت و تاکتیکی لە ناخی نەتەوەدا بچەسپێنێ". ئەو پێی وایە "هەندێ لە سەرکردەکانی کورد بە بەڵێنەکانی رووس هەڵخەڵەتان و هەندێکی دیکەشیان بە بەڵێنی ئینگلیزەکان، ئەوە وای کرد کورد نەتوانێ کەڵک لەو ناکۆکییە گەورەیەی هەردوو بلۆکەکە وەرگرێ و بەمجۆرە کێشەی کورد بووە کێشەیەکی نەبوو.[1]

یەکێک لە دەرهاویشتەکانی روخانی کۆماری کوردستان، ئەوە بوو کە جوولانەوەی نەتەوەیی لە کوردستان بەسەر حیزبی شیوعی لە عێراق و حیزبێی تووده لە ئێران و پارتی دیموکراتی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دابەشکرد. ئەگەرچی شیوعی و تووده لە رووی ستراکچەرەوە جیاواز بوون لە پارتی و دیموکرات، بەڵام هەردوو حیزبە کوردییەکە کەوتبوونە ژێر کاریگەری دروشم و ئەدەبیاتی سیاسیی ئەوانەوە و خۆیان بە مارکسی – لینینی و قوتابی قوتابخانەی یەکێتی سۆڤیەت دەزانی.

جەمال نەبەز، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی بە مااڵی دووەمی حیزبی شیوعی دەزانێ. پێی وایە پارتی بۆ راکێشانی لاوانی کورد بۆ لای ئایدۆلۆژیای مارکسیزم و دورخستەنەوەیان لە کوردایەتی دروست کراوە: "هیچ جیاوازیەک نەبوو لە نێوان خواستەکانی حیزبی شیوعی و پارتیدا. پارتی وێستگەیەکی سروشتی بوو بۆ پێگەیاندن و پاڵاوتنی شیوعییەکان، هەر ئەوەش وایکردووە لە دوای ساڵی ١٩٤٨ حیزبی شیوعی عێراقی لە کوردستاندا پەرەبسێنێت و لەژێر پەردەی "حزبی تەحریری وەتەنی"دا کۆنترۆڵی رێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان بکات، پێیان وابوو کورد کەمینەیەکی نەتەوەییە و نەتەوە نییە.[2] دوانەی پارتی و شیوعی، بەدرێژایی ٣٠ ساڵ لە ئیدارەدانی سیاسەت لە کۆمەڵگای کوردستان بەردەوام بوون، تاوەکو ساڵی ١٩٧٥.

هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، نەبووە هۆی نەمانی هێزی سیاسی لە کوردستان و نەیتوانی چیاکانیش لە پێشمەرگە دابڕێ. ساڵی ١٩٧٦، چوار هێزی سیاسی بە پێکهاتەی جیاواز، بەڵام بۆ یەک ئامانجی هاوبەش کە ئۆتۆنومی بوو، یەک لە دوای یەک کەوتنە جوولە. جەلال تەڵەبانی و هاوڕێکانی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سامی عەبدولڕەحمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان (قیادە موەقەتە)،

1 . جمال نبز، حول المشكلة الكردية، منشورات الاتحاد القومي لطلبة الاكراد في اوروبا، ١٩٦٩، ص ٣٩.
2 . نفس المصدر، ص ٤١.


ئەم کتێبە لە مااڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سالّح یوسفی له بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و ئازاد مستەفا پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)یان دامەزراند.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان له ناویاندا پێکهاتەیەکی نیمچه بەرەیی هەبوو، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، که له دوای هەرەس خۆی رێکخستبووەوە و هەندێ مەفرەزەی چەکداری رەوانەی چیاکان کردبوو، لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالیست و خەتی گشتی چوونه ناو ئەو بەرەیه. یەکێتی دەیوست له رووی ستراکچەری حیزبی و ئامانجەوە لەوانی دیکه جیاواز بێت، بۆیه له جیاتی ئۆتۆنۆمی داوای "ئۆتۆنۆمی راستەقینە"ی دەکرد، چونکه لەو سەروبەندەدا، حکومەتی عێراق لای خۆیەوە ئۆتۆنۆمییەکی کارتۆنی راگەیاندبوو، بەڵام کاربەدەستەکانی هیچ رۆڵێکی کاریگەریان نەبوو.

لەناو پێکهاتەی یەکێتیدا، بزێوترین و دیارترین رێکخراو که زۆر به خێرایی لەناو خەڵکدا گەشەی دەکرد و رای گشتی کوردستانی بەلای خۆیدا رادەکێشا، (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) بوو. کۆمەڵه دەیوست دابڕانێکی ریشەیی لەگەڵ رابردووی بزوتنەوەی کورد‌ایەتیدا دروست بکات و به دید و تێڕوانینێکی نوێوه درێژه به خەبات بدات، بۆیه لەم بەشەدا تەرکیزی زۆرتری نووسینەکەمان دەخەینه سەر کۆمەڵه و رۆڵی نەوشیروان مستەفا له گەشەپێدانی کۆمەڵه و ململانێ ناوخۆییەکانی ناو کۆمەڵه.

ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## باسی یەکەم
## چەپی کوردی و گوتاری ئۆتۆنۆمیستی

لە هەناوی ئەو چوار ڕێکخراوەی کە دوای هەرەس دروستبوون و لە سەرەوە باسمان کردن، دوو ڕەوتی سیاسی جیاواز لە تێڕوانین و ستراتیژ و میکانیزمی کارکردن کەوتنە ململانێوە؛ ڕەوتی چەپ، کە دەبوون بە دوو بەشەوە (رادیکال و میانڕەو)، لەگەڵ ڕەوتی ناسیۆنالیزم بە (رادیکال و چەپ و موحافیزکار)ەوە. بەڵام جگە لە پاسۆک و بەشێک لە کۆمەڵە، هیچ کام لەو ڕەوتانە ئەزموونیان لە رابردوو وەرنەگرتبوو. بە هەمان نەفەسی جاران، ئەمانیش دیلی ئەو ئایدیایە بوون کە پێی وابوو دەبێ پرسی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا چارەسەر بکرێت. ئەم ڕێکخراوە سیاسییانەش لە جوغزی ناسنامەی عێراقی بوون و ئۆتۆنۆمیستی دەرنەچوون و نەیانتوانی ئەو کولتوورە سیاسی و فەزا سایکۆلۆژییە تێپەڕێنن کە لە دوای لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا زاڵکرابوو.

ڕێبەرانی ئەو دوو ڕەوتەی باشوری کوردستان، لە جیاتی بەخۆداچوونەوە بە هەڵە و کەموکوڕییەکانی رابردوودا، هێندەی دیکە لەژێر هەژموونی ئەو بلۆک بەندییەی کە جیهانی کردبوو بە دوو کەرتی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییەوە، هەڵسەنگاندنێکی ناواقعیانەیان بۆ دۆخەکە کرد. لەبری ئەوەی داگیرکەری عێراقی بە (ئەوی دیکە بزانن)، چوونە ناو ئەو تەپکەیەی کە ئیمپریالیزمی یەکێتی سۆڤیەت، بە پاڵپشتی حیزبی شیوعی عێراقی بۆی نابوویەوە. ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایان کرد بە (ئەوەی دیکە)، بە واتایەکی تر، پێیان وابوو ڕێگەی بەدەستهێنانی مافی کورد بە ڕوخانی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوادا تێدەپەڕێ و دەبێ کوردەکان یەکەمجار بەشدارن لە شەڕی ڕوخانی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوادا، ئینجا ئەو کاتە دەتوانن لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی تێیدان، ئۆتۆنۆمی وەرگرن.

ئەو حیزب و ڕەوت و ڕێکخراوانەی کە لە دوای هەرەسی ١٩٧٥ دروستبوون، لە ترسی ئەوەی تۆمەتبار نەکرێن بە فاشیزم و نۆکەرایەتی بۆ ئیمپریالیزمی جیهانی،

هەرهەمویان لە پەیڕەو پرۆگرامیاندا هێندەی جەختیان لەسەر ئایدۆلۆژیای سۆشیالیزم دەکردەوە، ئەوەندە گوتارە نەتەوەییەکان لە ئەدەبیاتەکانیاندا رەنگی نەدەدایەوە. بۆچونی کورد بۆ ناسیۆنالیزم لەژێر کاریگەریی تایبەتمەندییە مێژوویی و فەرهەنگییەکانی کورددا بووە. گوتاری هەموو ئەو رێکخراونەی کە دوای هەرەس سەریان هەڵدا، دابەشبوونی کوردستانیان وەک واقیع قەبوڵ بوو، تەنانەت ئەوانەی دژی ئەم واقیعە وەستانەوە، وەک کاژیک و دواتر پاسۆک، ئەوەندەی لە لایەن خودی کوردەوە سەرزەنشت دەکران، هێندە لە لایەن ئەوی دیکەوە، نەدەکران. دەتوانین بڵێین لەژێر دەرئەنجامەکانی هەرەسی شۆڕشی ١٤ ساڵەی ئەیلولدا، فکری ناسیۆنالیزمی یەکگرتووی کوردی پاشەکشەیەکی سیاسی گەورەی کرد؛ دوای ساڵی ١٩٤٥ ئەمە دووەهەمین پاشەکشەی ناسیۆنالیزمی یەکپارچەخوازی کوردی بوو. نوخبەی سیاسی کوردستان لەم قۆناغەدا، سەرەڕای ئەوەی کە لە دەرەوەی ناوەندە فەرمییەکاندا باسیان لە یەک پارچەیی کوردستان دەکردەوە، بەڵام خواستی ئۆتۆنۆمیخوازی بە شێوەیەکی وا لە پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو رێکخراوە سیاسییانەی باشوردا چەسپا، دەستبەرداربوون لێی بووبووە کارێکی مەحاڵ. عەباس وەلی لەو بارەوە دەڵێت: "بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی بزوتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیستی بووە و لەناو دیسکۆرسی ئەم بزوتنەوە ئۆتۆنۆمیستیانەدا هەست بە ناکۆکییەکی بەرچاو دەکرێت. ئەم بزوتنەوانە لەناو دیسکۆرسەکەیاندا ئاماژە بە نەتەوەی یەکگرتووی کورد دەکەن، بەڵام سیاسەتەکانیان هیچ کات سنورەکانی ئەو نەتەوەیەی لەخۆ نەگرتووە، یان ئەگەریش گرتبێتیەوە، دیسکۆرسەکەیان لە واقیع بەدوور بووە، یان ئەوەی کە لەوانەیە لە رابردوویەکی زۆر دووردا رووبدات."[1] حیزبە چالاکەکانی دوای هەرەس، کە هەندێکیان رەگ و ریشەیان دەگەڕایەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان، لەبەرئەوەی هەڵگری تیۆرییەکی ناسیۆنالیستی، کە لەسەر چەمکی نەتەوەی یەکگرتووی کورد دامەزرابێت نەبوون، بۆیە نەیانتوانی تایبەتمەندییەکانی خۆیان لە بەرانبەر ئەوانی تردا بەو شێوەیەی کە شیاوە، پێناسە بکەن و لە بەرانبەریدا بوەستنەوە. ئەوە بەرەو سیاسەتێکی ئۆتۆنۆمیخوازی بردن و ناچاری کردن لە بەرانبەر ئەوانی تردا رانەوەستنەوە.

**یەکەم: کۆمەڵەی مارکسی – لینینی و جۆرێکی دیکە لە کوردایەتی**

ساڵی ١٩٥٤ لە سەردەمی رژێمی پاشایەتیدا "ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراق"دامەزرا و تاوەکو ساڵی ١٩٥٨ بەردەوام بوو. لەوماوەیەدا دەیان پرۆژەی

1 . د. عەباس وەلی، ناسیۆنالیزمی کوردی و ئەوانیتر. دیداری تایبەتی هیدایەت جان، لە ٢٠٠٨/٦/١٢.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئاودێری و پیشەسازی و عومرانی لە سەرتاسەری عێراقدا دەستیان پێ کرد. ئەو پڕۆژانە هەلی کاری بۆ ژمارەیەکی زۆر خەڵک ڕەخساند و جۆرێک لە بوژانەوەی ئابوری لە عێراقدا دروست بوو. لە کوردستانیشدا هەندێ کارگەی گەورە و بچوک لە شارەکاندا دروست کران، خەڵکێکی زۆر لە کارگە و فەرمانگەکاندا دامەزرابوون، شارەکان هەندێ ئاوەدانیان بەخۆیانەوە بینی. بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی کوردستانەوە، بازرگانی گەشەی کردبوو. هەموو ئەمانە وایان کردبوو لە کوردستاندا چینی ناوەڕاست گەشەیەکی بەرچاو بکات، بەڵام دوای کودەتای ١٩٥٨ زۆرێک لەو پڕۆژانە پەکیان کەوت و لە ساڵی ١٩٦٤ بەهۆی (تەئمیم)کردنی کارگەکانەوە، چینی ناوەڕاست لە عێراق و کوردستان گورزێکی کاریگەری بەرکەوت، خەریک بوو بەرەو نەمان بچێ.

تۆێژەر و مێژوو نووسی عێراقی دکتۆر عەلی نەشمی، هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ نائاگایی کاربەدەستانی بەعس و دەنووسێ: "عەبدولسلام عارف دەیویست عێراق لەگەڵ میسر و سوریادا یەکبخات، بۆ ئەو مەبەستە دەیوست دەستوری عێراق هاوشێوەی ئەوەی میسر لێ بکات و کۆمەڵێک تەئمیمات بکات. ئەو تەئمیمانە خراپترین جۆری تەئمیم بوون لە مێژوودا و ئابوری عێراقی بەتەواوەتی وێرانکرد. تەئمیم کارێکی ئاسانە، بەڵام قورسە بتوانی کادیرێکت دەسکەوێ بەرپرسیارانە کار بکات. چونکە ئەو بۆرجوازییەی کارگەیەکی بەڕێوە دەبرد، شارەزایی هەبوو، بەڵام ئەو دەهات کرێکارێک یان خزمێکی خۆی یان ئەندامێکی حیزبی بەعسی دەکرد بە بەڕێوەبەری کارگەیەک، ئەوە بەرهەم زیاد ناکات، وێرانی دەکات، بۆیە چینی ناوەڕاست زۆر نەبوو، تەنها ئەو کاتە چینی ناوەڕاست بوژایەوە، کە چاوخشێنرایەوە بەو تەئمیمانەی کە لە ساڵی ١٩٦٤دا کرابوون. کاتێک عەبدولڕەحمان بەزاز، لە ساڵی ١٩٦٦ بوو بە سەرۆک وەزیران، خەیرەدین حەسیبی کە ئەندازیاری تەئمیمەکان بوو، لەکارلادا، لە جێگەی ئەو زەکی ساڵحی دانا. زەکی ساڵح بواری بۆ بۆرجوازییەت خۆشکرد و چینێکی نوێی بۆرجوازی دروست بوو، سەرمایەگوزاری زیادیکرد و کارگەکان زۆر بوون، تەنانەت بەهای دیناری عێراقی ٢٠٪ بەرز بوەوە."[1]

گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە ئابورییانە، گەشەیەکی جۆریی لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا دروست کرد. لەناو بنەماڵەی ئەو کەسانەی کە دۆخی ئابوورییان بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردبوو و دەکرا لە ریزی چینی ناوەڕاستدا دابنرێت،

1 . د. علي النشمي، الطبقة الوسطى في الستينات:
https://www.youtube.com/watch?v=5ImcsFPf2eQ&t=13s

چەندین کەس هەم لە رووی ئەکادیمی و بڕوانامەوە، هەم لە رووی سیاسییەوە، خۆیان پێگەیاند. لەودەمەدا لە هەناوی باڵی مەکتەبی سیاسیدا دوو کەسی جیا لە رووی شێوازی کارکردن، بەڵام نزیک لە رووی ئایدۆلۆژیا و ئامانجەوە، دەرکەوتن و پرسیاریان لە خۆیان کرد (چی بکەین؟) ئەوانیش نەوشیروان مستەفا و شەهابی شێخ نوری بوون. ئەمان لە هەموو رووێکەوە جیاواز لەوانەی پێش خۆیان بیریان دەکردەوە. نەوشیروان مستەفا، کە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی بەغدا بە شێوەیەکی ئەکادیمی خوێندبوو. هاوکات شەهابی شێخ نوری، جگە لەوەی کوڕی شاعیری ناودار و کوردپەروەر شێخ نوری شێخ سالّح بوو، کەسێکی سیاسی و ئازا و خوێنەوار و هۆشیار بوو. ئەم دوو کەسایەتییە، هەریەکەیان لای خۆیەوە، دوو گروپی سیاسیی جیاوازیان بە یەک ناو دامەزراندبوو.

**١. گروپی نەوشیروان مستەفا (گروپی گۆڤاری رزگاری)**

ساڵی ١٩٦٤ بەشێکی زۆری لاوەکانی حیزبی تووەدەی ئێران، کە نیشتەجێی ئەوروپای غەربی بوون، لە حیزبەکەیان جیا بوونەوە و رێکخراوێکی نوێیان دروست کرد بە ناوی (سازمانی ئینقلابی). ئەم رێکخراوە بە بیروباوەڕ ماویستی بوو، باوەڕی بە ئەزموونی چین هەبوو. ساڵی ١٩٦٨ لەسەر داوای مەلا ئاواڕە (١٩٣٤ –١٩٦٨) و ئیسماعیلی شەریف زادە (١٩٤٢ –١٩٦٨) کە بزوتنەوەیەکی چەکداریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی ڕژێمی شا بەڕێخستبوو، بۆ یەکخستنی هەڵوێست و کاری هاوبەش، کورش لاشایی (١٩٣٨ – ٢٠٠٢) و چەند هاوڕێیەکی دیکەی بە نوێنەرایەتی سازمانی ئینقلابی هاتن بۆ کوردستان.

کورش لاشایی، لە گفتوگۆیەکدا چۆنیەتی هاتنەکەیان بۆ کوردستانی باشور، بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: "لە ڕێگەی ئەندامێکی ڕێکخراوەکەمان کە لە نەمسا دەژیا، پێم وایە ئامۆزای دکتۆر قاسملو، ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لەگەڵ شەریف زادە لە پەیوەندیدا بوو، شەریف زادە پەیامێکی بۆ "سازمانی ئینقلابی" ناردبوو، وتبووی گەر پێتان باشە بۆ ئاشنایی پەیداکردن لەسەر ئەو خەباتی چەکدارییەی کە لە کوردستانەوە دژی شا دەکرێت، نوێنەرێکی خۆتان بنێرن بۆ ناوچەکە. ئێمە یەکسەر رازی بووین و بڕیارمان دا بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ شەریف زادە بچین بۆ کوردستان، ڕێکخەری ئەم کارە کوردێکی عێراقی نیشتەجێی بەرلین بوو بە ناوی کاک فوئاد (دکتۆر کەمال فوئاد). ئەو ڕێ و شوێنەکەی پێم پیشان دا، هەندێ کۆدی نارد و وەڵامی بۆ هاتەوە و وادە و بەڵێنمان دانا."[1]

1 . حمید شوکت، گفتوگو با کورش لاشایی- نگاهی از درون بەجنبش چپ ایران، نشر اختران، چاپ سوم ١٣٨٦، ل١١٦.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کورش لاشایی، به ناوی خوازراوی (دکتۆر جەلال)ەوە هات بۆ بەغدا و لەگەڵ مام جەلال یەکتریان بینی. مام جەلال ناردنی بۆ کەرکوک و لەوێوە لەگەڵ عەلی عەسکەری دا چوون بۆ بەکرەجۆ لە سلێمانی... چەند سەرکردەیەکی دیکەی سازمانەکە لەوانە (عەلی صادقی، سیامک مؤیدزادە، عطا کەشکولی، ئیرج کەشکولی، سیاوش پارسانژاد، خسرو صفایی و محسن خاتمی)، لەگەڵ لاشایدا هاتبوون. ئەمانە نزیکەی دوو ساڵێک لە کوردستان و لەناو بارەگاکانی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتیدا مانەوە. لەو ماوەیەی کە لە سلێمانی بوون، لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا پەیوەندییەکی قووڵیان دروست کرد و هانیان دا بۆ وەرگێڕانی کتێب و نووسینەکانی ماوتسی تۆنگ بۆ زمانی کوردی. "کتێبی سور، چەپکێک لە قسەکانی ماوتسی تۆنگ" و کتێبی "بژی سەرکەوتنی جەنگی گەل"ی (لین پیاو)ی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی. زۆربەی سەرچاوەکان باس لە رۆڵی سەرکردەکانی سازمانی ئینقلابی لە دارشتنی هێڵی فکری کۆمەڵە و گرنگیدان بە ماوتسی تۆنگ دەکەن.

نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە رۆڵی سازمانی ئینقلابی لە دروستبوونی کۆمەڵەدا دەڵێت: "گروپێک هاتبوون بۆ سلێمانی، کە جیابوونەوە لە حیزبی تودەی ئێرانی، ئەو گروپە بە ناوی سازمانی ئینقلابی کاریان دەکرد، ئەوانە کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر کادیرە گەنجەکانی ئەو کاتە، کە لە باڵی مەکتەبی سیاسی کاریان دەکرد. من یەکێک بووم لەو کەسانە.."[1]

فوئاد قەرەداغی سەبارەت بە کاریگەری ئەو گروپە دەڵێت: "مانەوەی ئەو گروپە لە نێوماندا بۆ ماوەی یەک دوو ساڵ؛ هەر لەبەر ئەمە و بەو لۆژیکە، گۆڕانە چەندایەتییەکان کەڵەکە دەبوون و چۆنایەتییەکی نوێی لە نێو نەوە گەنجەکەی ئەو سەردەمەدا دەهێنایە کایەوە کە بۆ ئێمەی "دەرویشانی" سیاسەتی شۆڕشگێڕانە لەو ساڵانەدا هەوێنی فیکرێکی نوێ بوون"[2]

کاریگەری ئەو گروپە هەر لە رووی سیاسییەوە نەبوو، بەڵکو لەسەر پێشنیاری ئەوان نەوشیروان مستەفا، مۆڵەتی گۆڤاری (رزگاری)ی وەرگرت بۆ ئەوەی ببێتە زمانی حاڵی ئاراستە فکرییەکەیان. گۆڤاری رزگاری لە سلێمانی بە پاڵپشتی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەردەچوو، نەوشیروان مستەفا، خاوەن ئیمتیاز و شازاد سائیب سەرنووسەری بوون. یەکەمین ژمارەی لە ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩ دەرچوو. تاوەکو مانگی ئازاری ١٩٧٠ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەشدا پازدە ژمارەی

1 . گوڵان (گۆڤار)، دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، ژمارە ٧٠٧، ٢٠٠٨/١١/٣، ل ٣٠.

2 . فوئاد قەرەداغی، دیسان دەربارەی نوسینەوەی میژووی دامەزراندنی کۆمەڵە:
https://www.emrro.com/disanderba.htm

لێ دەرچوو. هێڵی فیکریی کارکردنی گۆڤارەکە وەک لەو دروشمانەی کە لە ژمارەکانیدا هاتووە، بریتی بوون لە:

- رزگاری، بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی جەنگاوەرانی بزوتنەوەی کوردایەتییە، لە پێناوی نەهێشتنی ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی.
- رزگاری، گۆڤاری کرێکاران و جووتیاران و رۆشنبیرانی شۆڕشگێڕە.
- رزگاری، هەڵگری مەشخەڵی بیروباوەڕی سۆسیالیستییە.
- رزگاری، گۆڤاری تێکۆشەرانی ڕێگەی رزگاری و دیموکراسی و سۆشیالیزمە.[1]

نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە رۆڵی گۆڤاری رزگاری و زەمینەی دروستبوون و هێڵە سەرەکییەکانی گروپەکەی خۆی دەڵێت: "کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە. ڕۆڵی من لە پێشترا ئەوەبوو کە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری ڕزگاری بووم. گۆڤاری ڕزگاری زەمینەی فکری دروستکردنی کۆمەڵەی خۆشکرد. ئەو زەمانە پارتی دووکەرت بوو، کەرتێکیان خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا سەرکردایەتی دەکرد و کەرتەکەی تر خوالێخۆشبوو برایم ئەحمەد سەرکردایەتی دەکرد.

حزبی شیوعیش بووبوون بە دوو کەرتەوە، کەرتێکیان لایەنگری لە یەکێتی سۆڤیەت دەکرد و کەرەتەکەی تریش لایەنگری لە چین دەکرد. لەناو کورددا بە تایبەتی ئەو چوار باڵە یان چوار حیزبە هەبوون. ئەو کاتە ناکۆکییەکی زۆر قوواڵی فکری لە نێوان خەتی سۆڤیەت و خەتی چین هەبوو.

چین یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە بیری جۆرێک لە مارکسیزم–لینینیزم و بیروباوەڕی 'ماوتسیتۆنگ'ی بڵاودەکردەوە، بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ لەسەر بنچینەی ئەوەی کە نەخشەی ڕێگای ڕزگاربوونی گەلانی بەو جۆرە دانابوو کە پێویستە میللەتێک کاتێک خەبات دەکات بۆ ئەوەی ڕزگاری بەدەست بهێنێت، دەبێت حزبێکی پێشڕەوی هەبێت بە شێوەیەکی نوێ، دەبێت بەرەیەکی یەکگرتووی گەلیی هەبێت، دەبێت لەشکرێکی ڕزگاری گەلیی هەبێت، ئێمە پێمان وابوو هیچ لەو (٣) مەرجانە لە هیچ کام لەو حیزبانەدا نەبوون. لەبەر ئەوە ئێمە هەوڵمان دا لەسەر ئەو مۆدیلە نوێیە ڕێکخستنێک دروست بکەین. بەیاننامەی (١١)ی ئادار پەلەی کرد لە پێکهێنانی کۆمەڵە. چونکە بەیاننامەی (١١)ی ئادار بووە هۆی ئەوەی دوو باڵەکەی پارتی سەرلەنوێ یەکبگرنەوە و ئەمیان لەناو ئەویاندا بتوێتەوە. ئەمە بووە سەبەبی ئەوەش ئەو باڵەی شیوعی کە سەر بە یەکێتی سۆڤیەت بوو، وردە وردە زاڵ بێت و

1 . د.ئەحمەد حەمەدەمین، بیبلیۆگرافیای گۆڤاری رزگاری، چاپخانەی هێڤی، هەولێر- چاپی یەکەم ٢٠٢٠، ل١١.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە حکومەت نزیک بێتەوە و ئەوەندەی تر تەسفیە بکات. لەو کاتە ئەو بۆشاییە سیاسیەی هەبوو، کۆمەڵە توانی پڕی بکاتەوە."[1]

### ٢. گروپی شەهاب شێخ نوری (گروپی خوێندکارانی زانکۆ)

گێڕانەوەکان سەبارەت بە (گروپی شهاب شێخ نوری) هەندێ ئیشکالییەتیان تێیدایە. فەرەیدون عەبدولقادر لەوبارەوە نووسیویەتی: "یەکێ لە رۆژانی سەرەتای مایس ١٩٧٠ لە وەزارەتی بەلەدیات کارمەند بووم، کاک فازڵی مەلا مەحمود میوانم بوو، کە خاڵە شیهاب سەردانی کردم لە ژوورەکەمدا، بە درێژی قسەکانی رۆژی رابردوو دامەزرایەوە و هەر لەوێ خاڵە شیهاب، وتی: ئەبێ رێکخراوێکی سیاسی نوێ دابمەزرێنین، رێکخراوی بیری نوێی رەنجدەران بێ و بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ بە مارکسیزم – لینینیزم رێنوێنی خۆی بکات..."[2]

فوئاد قەرەداغی، کە خۆی یەکێک بووە لەوانەی لە سەرەتای سەرهەڵدانی (کۆمەڵە)دا رۆڵ و کاریگەریی هەبووە، لەو بارەوە دەڵێت: "لە بنەڕەتدا دوو گروپ بوون، گروپی نەوشیروان مستەفا، کە پێکهاتبوو لە (نەوشیروان مستەفا، مەحمودی مەلا عیزەت، حەمە چاوشین، شازاد سائیب)، ئەوانە لە دەوری گۆڤاری رزگاری گردببوونەوە. گروپی دووەم پێکهاتبوون لە (شەهابی شێخ نوری، فازل مەلا مەحمود، فەرەیدون عەبدولقادر)."[3]

### ٣. گروپی مام جەلال

ئەگەرچی لە یەکەمین کۆنفرانسی یەکێتیدا ئەم گێڕانەوەیە بۆ مێژووی کۆمەڵە پەسەند کرا، بەڵام جەدەل و ناکۆکی لە بیروڕاکان سەبارەت بەوەی کۆمەڵە دوو گروپ بووە یان سێ هەر مایەوە.

حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، کە لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨دا بۆ دووەم جار دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەمجارەیان نەیدەویست هەمان ئەزموونی پێشوو لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی عێراق و کورددا دووبارە بکاتەوە. باڵی مەکتەبی سیاسی (جەلالی) چەند ساڵێک بوو لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا کۆک بوون و گرفتیان نەبوو، باڵی بارزانیش (مەلایی) جگە لەوەی پەیوەندییەکی گرنگی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و شادا دروستکردبوو، لەناو خەڵکی کوردستانیشدا شەرعیەتی زۆرتر بوو تا باڵەکەی تر.

---

1 . گولان (گۆڤار)، دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، ژمارە ٧٠٧، ٢٠٠٨/١١/٣، ل ٣٠.

2 . فەریدون عەبدولقادر، لەبیرەوەرییەکانم لەگەڵ خالە شیهاب و هاوڕێکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک ٢٠١١، ل٢٥-٢٦.

3 . د. ئەحمەد حەمە ئەمین، رەوتی چەپ لە کوردستان کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان وەک نمونە، چاپخانەی رۆژهەلات-هەولێر. ٢٠١٦، ، ل٥٦.

**دووەم: یەکخستنی باڵەکان**

بەعس لە دوو ساڵی یەکەمی دەسەڵاتیدا هەوڵی دەدا لەگەڵ جەلالییەکاندا پەیوەندی هەبێ، بەڵام بارزانی بۆ ئەوەی ئیسپاتی بکات کە سەر داوی کێشەی کورد لەلای ئەوە، شەڕی هەڵگیرساندەوە و لە ماوەیەکی کەمدا گورزی کاریگەر و کوشندەی لە حکومەت وەشاند.

حیزبی بەعس کە هێشتا کێشە ناوخۆییەکانی خۆی یەکلا نەبووبووەوە و جێ پێی لە دەسەڵاتدا بەتەواوەتی قایم نەبوو، بەپەلە کەوتە خۆی و لەگەڵ بارزانیدا رێکەوت و لە ١١ ئازاردی ساڵی ١٩٧٠ بەیاننامەیەکی دەرکرد و بڕیاری دا ئۆتۆنۆمی بدات بە کورد، لەگەڵ پارتیشدا رێکەوتن کە لە ماوەی چوار ساڵدا بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. بەم شێوەیە دۆخێکی ئارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان و عێراقدا دروست بوو. ئەو رێکەوتنە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە نەخشەی سیاسیی کوردستاندا دروستکرد. مام جەلال کە هەستی بە مەترسی لێکەوتەکانی ئەو بەیانە کردبوو بۆ سەر ئەوانەی ئامادە نەبوون بچنە ژێر رکێفی دۆخە سەپێندراوەکە بەسەریاندا، لە هەنگاوێکی گرنگدا بڕیاری یەکخستنی باڵە جیاجیاکانی کۆمەڵە دەدا.

مام جەلال لە کتێبی "دیداری تەمەن"دا دەڵێت: "شەهابی شێخ نوری، فەرەیدون عەبدولقادر، فازڵی مەلا مەحمود، دلێر سدیق و فوئاد قەرەداغی، ئەوانە کەوتوبوونە خۆیان کە رێکخراوێک دروستبکەن و هاتن بۆ لای من، من فیکرەکەم پێ باش بوو، بەڵام پێم گوتن ئەوەی ئەوان ئەیانەوێت زۆر سنوردار دەبێت، چونکە تاقمی تریش هەن، بە تایبەتی ئەو برادەرانەی کە لە گۆڤاری رزگاری کاریان ئەکرد، ناکرێ ئەوان بەلاوە بنرێن و نەهێنرێنە ئەو ئیشەوە. ئەو کاتە شەهابی شێخ نوری وەک ریش سپی ئەم تاقمە وابوو، نەوشیروان مستەفاش وەک ریش سپی ئەو جەماعەتەی کە رزگارییان دەرئەکرد، نێوانیان ساردییەک و بێ متمانەیەکی تێیدا بوو، من کەوتمە بەینەوە و لە ئەنجامدا هەموو رازی بوون، رێکخراوێک دروست بکرێ بە ناوی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) کە بیروباوەڕی مارکسی لینینی و بیروباوەڕی ماوتیسی تۆنگ تەبەنی بکات و هەوڵ بدات پارتێکی پێشڕەوی کوردستان دروست بکات و دژایەتی ئیمپریالیزم و هەموو ئەو لادانانە بکات کە هەیە لە رێبازی خەباتدا"[1]

فوئاد قەرەداغی، ئەو قسانەی مام جەلال دەسەلمێنێ و دەڵێت: "دوای زنجیرە کۆبوونەوەیەک سەرئەنجام لە مانگی شەهاب شێخ نوری، بە ئامادەبوونی هەریەک لە

1 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٣.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

جەلال تاڵەبانی، شەهاب شێخ نوری، فوئاد قەرەداغی، فازڵی مەلا مەحمود، فەرەیدون عەبدولقادر، دلێر سدیق، لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠ بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵە درا."[1] سەبارەت بەوەی بۆچی نەوشیروان مستەفا لەم سەرکردایەتیەدا ناوی نییە، مام جەلال دەڵێت: "لەو سەردەمەدا نەوشیروان و مەحمود ئەفەندی (مەحمودی مەلا عیزەت) و شازاد و ئەو برادەرانە مەسئولییەتیان وەرنەدەگرت..."[2]

بەڵام نەوشیروان مستەفا بۆ مەسەلەی هۆکاری کشانەوەیان لە سەرکردایەتی هاوبەشی کۆمەڵە و یەکگرتنی باڵەکان و جیاوازییە فکری و سیاسییەکانی هەردوولا دەڵێت: "فکری ئێمە جیاوازییەکەی لەگەڵ برادەرانی تر لەوەدا بوو:

یەکەم: ئێمە پێمان باش بوو رێکخستنەکە کادیری بێت، واتە بە ژمارە کەم بێت و بە نەوعییەت زۆر باش بێت، بەڵام ئەوانەی تر پێیان وابوو رێکخستنەکە جۆرێک لە فراوانی پێوە دیار بێت، بۆ ئەوەی دەستمان بگات بە هەموو لایەک.

دووەم: جیاوازییەکان لەسەر ئەوە بوو، کە ئێمە مارکسی لینینی – بیری ماوتسی تۆنگ تەبەنی دەکەین، برادەران هەموو لەگەڵ ئەوەدا بوون، بەڵام ئێمە پێمان وابوو تەجروبەی ماوتسی تۆنگ، تەجروبەیەکی ناوخۆی (چین)ە، دەشێت سودی لێوەرگرین بۆ هەندێک شت، بەڵام ناشێت وەک تیۆریی مارکسی – لینینی چاوی لێ بکەین.

سێیەم: ئێمە پێمان باش نەبوو مام جەلالی تێدا بێت، هەروەها پێمان باش نەبوو هیچ کام لە سەرکردەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی تێیدا بێت، چونکە پێمان وابوو باڵی مەکتەبی سیاسی، لە رووی سیاسییەوە شکستی هێناوە، هەرکەسێکیش لەوانە بێت ئەو شکستە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بۆیە کە هاتە سەر ئەوەی رێکخراوەکە دروست بکەین، ئێمە کشاینەوە دواوە... "[3]

فەرەیدون عەبدولقادر، لە بیرەوەرییەکانیدا سەبارەت بەو بۆچوونەی نەوشیروان مستەفا کە دەڵێت: "پێمان باش نەبووە مام جەلال لە کۆمەڵەدا" بێ، نووسیویەتی: "من خۆم لە نەوشیروانم بیست، وتی راستە مام جەلال کەسێکی گرنگە، بەڵام لەم قۆناغەدا شتێکی باش نییە (مام جەلال)مان لەگەڵدا بێ، چونکە کەسایەتی ئەو وایە کە بوونی دەبێتە هۆی ئەوەی کە پشت بە خۆمان نەبەستین!"[4]

بەڵام سەرەڕای بۆچوونەکانی نەوشیروان مستەفا، زۆربەی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵە لەگەڵ ئەوەدا بوون مام جەلال، وەک سکرتێر هەڵبژێررێ. لە کۆبوونەوەکەی

---

1 . ئەحمەد حەمە ئەمین، رەوتی چەپ لە کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

2 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٤.

3 . د. ئەحمەد حەمە ئەمین، رەوتی چەپ لە کوردستانی باشور، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

4 . فەریدون عەبدولقادر، هەڵۆ سورەکانی قەندیل، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم ٢٠٢٠، ١١١.

١٩٧٠/٦/١٠ لە ماڵی فەرەیدون عەبدولقادر لە بەغدا، کۆمەڵە دامەزرا: "لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو لەسەر ئەوە رێکەوتین و بەگشتی بڕیاردرا:

- رێکخراوێکی (مارکسی - لینینی) دامەزرێت!

- لە بەر رۆشنایی ئایدیای (مارکسی - لینینی)، بیرو بۆچوونەکانی ماوتسی تۆنگ کار بکات.

- بۆ کوردستانی باشور بێت، تەنانەت وترا کوردستانی عێراق.

- لە شارەکانی سلێمانی، بەغدا و کەرکوک و هەولێر و بادینان و خانەقین دەست بە رێکخستن بکات.

- رێکخستن و کارەکانی نهێنی بێت.

- ئەم رێکخراوە باوەڕی بە گرێدانی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتییە پێکەوە[1]

لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە زۆربەی جوولانەوە رزگاریخوازەکانی ولاتانی رۆژهەڵات، بەتایبەتی ئێران، بێ ئومێد بووبوون لەو حیزبە شیوعیانەی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت و کەوتوبوونە ژێر کاریگەریی تیۆرییەکانی "ماوتسی تۆنگ". دامەزرێنەرانی کۆمەڵەش هەر لە سەرەتاوە بە کەڵک وەرگرتن لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هەردوو باڵی جەلالی و مەلایی و نائومێد بوونیان لە حیزبی شیوعی عێراقی، بیریان لە دامەزراندنی رێکخراوێکی چەپی ماویستی کوردستانی کردەوە، کە ئامانجی سەرەکیی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی بەربڵاوی رزگاریی نیشتمانی بێت.

دکتۆر ئەحمەد حەمەد ئەمین، لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا لەسەر رەوتی چەپ لە باشوری کوردستان، لەوبارەوە نووسیویەتی: "(کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان)، کە دواتر گۆڕا بۆ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لەژێر ناوی پەیوەست بوون بە ئایدۆلۆژیای مارکسیزم – لینینیزم فکری ماو, دەستی بە کارەکانی کردووە، بەڵام بێ ئەوەی بەرنامەی کارکردنی ئەنجامدانی بزوتنەوەیەکی چینایەتی بێت و ئامانجی دەستەبەرکردنی مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان بێت، بەڵکو ئامانجی بریتی بووە لە هێنانەکایەی بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی نیشتمانی. بەمەش وەک رێکخراوێکی چەپ جەختی لەوە کردووەتەوە کە جوتیاران و کرێکاران و زەحمەتکێشان، هێزی کاریگەر و لەبن نەهاتوون، ئەوانن دەتوانن بزوتنەوەیەکی رزگاریی نیشتمانی سەربخەن."[2]

---

1 . فەریدون عەبدولقادر، هەڵۆ سورەکانی قەندیل, سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧ – ١١٨.

2 . د. ئەحمەد ئەمین، رەوتی چەپ لە باشوری کوردستان، چاپخانەی رۆژهەلات. هەولێر، ٢٠١٦، ل٢٩١


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**سێیەم: عێراقچییە سەرەتاییەکانی ناو کۆمەڵە**

هێشتا ماوەیەک بەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەدا تێنەپەڕی بوو، مەسەلەی عێراقچێتی لەناو شانەکانی هۆشیارکردنەوەدا تا دەهات زەقتر دەبووەوە. سەرکردەکانی کۆمەڵە کە بە زۆری بەلای کوردستانیدا دایاندەشکاند، چەندین جار هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفتەیان دا، بەڵام تا دەهات تووندتر دەبووەوە. سەری رمی ئەو ئاراستەیە بریتی بوون لە فازڵی مەلا مەحمود و فوئاد قەرەداغی. مام جەلال لەو بارەوە دەڵێت: "من لەگەڵ شەهاب و فەرەیدون و دلێر و برادەرانی تر قسەم کرد و گوتم: پێویستە ئێمە چارەسەری بکەین، ئەوە بوو لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی کۆمەڵەدا، بڕیارمان دا کە فازڵ و فوئاد قەرەداغی لە نێوانماندا دوربخەینەوە، لەبەرئەوەی ئەوان بیروباوەڕی عێراقچییان هەبوو... چەند کەسێکیان لەگەڵ خۆیان برد لە کۆمەڵە، ژمارەیەکی کەمبوو، بەڵام ئەساسیەکە لەگەڵ خۆما مایەوە."[1]

بۆ ئەوەی مەسەلەی عێراقچێتی و کوردستانی بەتەواوەتی یەکلابێتەوە و ببێتە رای زۆرینە، کۆمەڵە بڕیاری داوە رای ئەندامانی وەرگرێ. فەرەیدون عەبدولقادر رای وایە: "ئەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی دیموکراتییانە چارەسەر کراوە، بەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لەناو رێکخستنەکانیدا بابەتەکەی خستووەتە راپرسییەوە، ئەنجامی راپرسییەکەش بەوە کۆتایی هاتووە، کە زۆربەی رێکخستنەکانی کۆمەڵە لەگەڵ ئەوەدا بوون رێکخراوەکەیان رێکخراوێکی کوردستانی بێت و خەبات لەسەر ئاستی کوردستان بکات."[2] فوئاد قەرەداغی کە خۆی باوەڕی بە کارکردن لەسەر ئاستی جوگرافیای عێراق بووە، ئەو راپرسییەی پشت راستکردووەتەوە.[3] بەڵام نە ئەو راپرسییە و نە گفتوگۆ و کۆبوونەوەکان، نەیانتوانی ئەو مەسەلەیە بە تەواوەتی لەناو کۆمەڵەدا بنبڕ بکەن.

دوای ئەوەی لەژێر گوشاری مەلا مستەفادا، باڵی مەکتەبی سیاسی بڕیاری دا خۆی هەڵوەشێنێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە ٥ی نیسانی ١٩٧١ کۆنگرەیەکی حیزبی بەست و بە چەند مەرجێک خۆی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا حەلکرد.

کۆنگرەکە چەند کاتژمێرێکی خایاند، بەڵام کۆڵێکی قورسی لە کۆڵ ئەو کادیرانە لادا کە بە فکر چەپ بوون و باوەڕیان بەو یەکگرتنەوە لەگەڵ پارتی نەبوو. بەشێکی زۆر لە کادیرەکانی باڵی جەلالی، چوونەوە ناو مەلاییەکان و بەپێی رێکەوتنی نێوانیان

---

1 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن، بەرگی یەکەم، ل٣٢٤.

2 . د. ئەحمەد حەمە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

3 . هەمان سەرچاو، ل٧٧.

دەبوو سێ یەکی کادیرەکانی لق و ناوچەکان بدرێن بە باڵی مەکتەبی سیاسی و ئیبراهیم ئەحمەد، مام جەلال، عومەر دەبابە و عەلی عەسکەریش وەک سەرکردایەتی پارتی بچنە لای مەلا مستەفا.[1] ئەوانەشی نەچوون، لە لایەن دەزگای پاراستن و دەزگا ئەمنیەکانی رژێمەوە کەوتنە ژێر چاودێریەوە.

**مەسەلەی نارنجۆکەکە:**

لە دوای بەیانی ئازاری ١٩٧٠ حیزبی بەعس دۆسیەی کوردی لە نازم گزارەوە گواستەوە بۆ "شوکری صەبری الحدیثی" و کردی بە بەرپرسی حیزبی بەعس و پارێزگاری سلێمانی و ئەندامی "لیژنەی سەرپەرشتیاری جێبەجێ کردنی بەیانی ئازاری ١٩٧٠". نێوانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی بەعس لە ناکاو بە شێوەیەکی خێرا پەرەی سەند. زۆربەی کادیرە ناودارەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی لە ترسی تۆڵەکردنەوە لێیان لە لایەن پارتییەوە، بە ماڵ و منداڵەوە چوون بۆ بەغدا، جگە لە نەوشیروان مستەفا و هەندێ کەسی دیکە. الحدیثی دەستی کرد بە دانانی گەرای حیزبی بەعس لەناو خەڵکدا، نەوشیروان مستەفا یەکێک بوو لە نەیارە سەرسەختەکانی و رێگربوو لە بەردەم ئەو سیاسەتەیدا. باڵی مەلایش رقێکی زۆریان لێی بوو، بەدوای هەلێکدا دەگەڕان بۆ تۆڵەکردنەوە لێی.

لە ١٤ی ئازاری ١٩٧٠ نارنجۆکێک هەڵدرایە ناو دواناوەندی کوردستانی کچان لە سلێمانی، بەهۆیەوە دوو قوتابیی کچ بە ناوەکانی شنۆ و نەشمیل کە کچی رەئوف عارف بوون بریندار بوون. جەمال کۆچەر و خالید کوێخا رەشید کە پاسەوانی بارەگای گۆڤاری رزگاری بوون، بە تۆمەتی هەڵدانی نارنجۆکەکە دەستگیرکران. دوای دادگایەکی بەعسییانە، بەپێی گێڕانەوەی مەسعود بارزانی، جەمال لە سێدارە دراوە و خالیدیش حوکمی هەتاهەتایی بۆ دەرچووە.[2]

نەوشیروان مستەفا ریوایەتێکی پێچەوانەی ئەوەی مەسعود بارازانی دەگێڕێتەوە، رۆژگاریش دەریخست ئەو ریوایەتەی نەوشیروان مستەفا حەقیقەتەکەیە، بەم جۆرەیە: "لە ڕۆژانی ١١ی ئازاردا شوکری حەدیثی موحافظی سلێمانی بو. شوکری بەعسی بوو، لە سەردەمی حکومەتی عارفدا گیرابوو، بەرگەی ئەشکەنجەی نەگرتبوو، هاوڕێکانی خۆی بەگرت دابوو، لەبەرئەوە لەناو بەعسیەکاندا بە چاوی سوک سەیریان ئەکرد و خۆیشی ئەوەی لێ بووبوو بە 'عوقدە'، یەکەم گەرای بەعسی لە سلێمانیدا ئەو داینا و هەندێ کەسی کرد بە بەعسی. ئێمە بە تۆندی دژی ئەم

1 . د. عبدولستار تاهیر شەریف، ململانێ لەگەڵ ژیاندا، چاپخانەی ئارابخا- کەرکوک، بەرگی دووەم چاپی یەکەم ٢٠٠٧، ل ١٤.
2 . مسعود البارزاني، البارزاني و الحركة التحريرية الكردية، الجزء الثالث، اربيل ٢٠٠٢، ص ٢٤٩


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەنگاوەی ڕاوەستاین. من ڕێزم نەئەگرت و نێوانم لەگەڵی نەبوو، ئەویش حەزی لە چارەی من نەئەکرد و قینی لە من بو. ئەو ڕۆژەی بەیانی ١١ی ئازار خوێندرایەوە، من بۆ ئیشوکاری گۆڤارەکەمان لە بەغداد بوم. پاش ئەوە بە چەند ڕۆژێ گەڕامەوە سلێمانی. لەو ماوەیەدا نارنجۆکێک خرابوە حەوشی سانەوی کچانی سلێمانییەوە. لەسەر ئەوە حکومەت کوڕێکی گرتبوو بە ناوی جەمال ئەحمەد و فەرمانی گرتنی چەند کەسێکیان دەرکردبوو، یەکێکیان من بوم. جەمال و ئەوانەی فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچوبوو، حەرەسی بارەگای گۆڤاری 'ڕزگاری' بوون.

ڕوداوەکە بەمجۆرە بوبو: مالّی جەمال بە تەنیشت سانەوی کچانەوە بو. جەمال لەو ئالّوگۆڕانەی بەهۆی ئازارەوە بوبوو، زۆر ناڕەحەت ئەبێ، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بۆ سەرگەرمکردن لە داخ و خەفەتدا، ئەچن بۆ خواردنەوە. بە سەرخۆشی ئەڕواتەوە بۆ مالّی خۆیان. لە ڕێگا توشی تاقمێ پۆلیس ئەبێ، کە لە بەردەمی سانەوی کچاندا بۆ مێبازی ڕاوەستابوون. پۆلیسەکان موفەوەضێکیان لەگەڵ ئەبی، بە ناوی جەمال چاوشین، برازای بەکری حاجی فەرەج بو. بەکر لێپرسراوی پێشمەرگەکانی پارتی بوو لە سلێمانی، کابرایەکی هەلپەرست و خۆبەرەپێشەوەی سەر بە پارتی بو.

جەمال چاوشین و پۆلیسەکان، جەمال ئەحمەد ئەناسن، بۆ ئەوەی سوکایەتی پێ بکەن، بانگی ئەکەن بێتە پێشەوە. جەمال ئەحمەد، ئەترسێ ئازاری بدەن و دەستدرێژی بۆ بکەن. بۆ دیفاع لە خۆی نارنجۆکێکیان لێ ڕائەکێشێ. پۆلیسەکان تێئەوروکێن و نارنجۆکەکەی لە دەس دەرئەهێنن. بۆ ئەوەی بە خۆیاندا نەتەقێتەوە، هەلّئەدەنە ئەو دیو دیوارەکە، کە حەوشەی سانەوی کچان بو. کەسی نەکوشت و کەسی بریندار نەکردبو.

هەمان تاقم پۆلیس پێش ئەم بەزمە چوبونە سەر 'چاپخانەی ژین' کە گۆڤاری ڕزگاری لێ چاپ ئەکرا، هەندێ دەزگایان شکاندبوو و هەرچی وردە و پردەیەکیان بەردەس کەوتبوو، بردبویان؛ لەناو ئەوانەدا 'کلّێشە'ی ئەو ڕۆژنامانەی لە سەردەمی 'پێشکەوتن''ەوە لەم چاپخانەیەدا چاپکرابوون. کلّێشەکان، لە داری گوێز هەلّکەنرابوون و تا ئەوسا وەکو یادگاری چاپخانەکە هەلّگیرابوون. هەروەها چوبوونە بارەگای گۆڤارەکەش، کتێبخانەکە و فایلەکانیان تالّانکردبوو، سەدان کتێبی بەنرخ و وتاری دەسخەتی نووسەرەکانیان بردبو. پۆلیسەکان، ئەم ڕوداوەیان بەسەر جەمال ئەحمەدا هێنا. شوکری حەدیثی ڕوداوەکەی قۆستەوە و زلتری کرد. بەعس ئەیویست ئەمە بکا بە موناسەبەتێک بۆ چاوشکاندنی جەلالی و پارتی، ئەیویست بیکا بە موناسەبەتێک بۆ تۆلّە کردنەوە. هەردولایان ئەیانویست ڕوداوەکە بەسەر منْدا بهێنن: شوکری حەدیثی تۆلّەی لێدانی بەعسیەکانی سلێمانی و پارتی تۆلّەی وتارەکانی

ڕزگاری له من بکەنەوە. ئەو زەمانە تێگەیشتم نرخی قسەکردن چەند گرانە. ئەم ڕوداوە ڕەوتی ژیانی لە بنەڕەتەوە تێکدام و بوو بە سەرەتای دەربەدەری هەتاهەتاییم. لەوساوە ئیتر نەمتوانی لە پرسەی هیچ خزمێکم و لە شایی هیچ یەکێ لە کەسوکارمدا بەشداربم و نەمتوانی لە هیچ جەژن و خۆشیەک و لە هیچ لێقەومان و ناخۆشیەکدا لەگەڵیان بم. جەمال گیرا و فەرمانی گرتن بۆ ئەوانەیش دەرچو، کە ئەو ڕۆژە لەگەڵ جەمال خواردبویانەوە. فەرمانی گرتن بۆ منیش، بە تۆهمەی دروستکردنی "شەبەکاتی تەخریب" دەرچو. هەموو دراین بە 'محكمة الثورة' لە بەغداد.

جەمال حوکمی ئیعدام درا و هێنایانەوە، لەبەردەرکی سەرای سلێمانی لەسێدارەیان دا و هاوڕێکانی ئەو و منیشیان بە 'غیابی' بە ١٠ ساڵ زیندانی حوکم دا. من خۆمم نەدا بە دەستەوە، لە بەغداد خۆمم شاردەوە. من لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگەیی خۆمدا، سەدان کار و کردەوەم دژی حکومەتی عێراق و داوودەزگا سەرکوتکەرەکانی و سەرکردایەتی بارزانی کردووە، لای هەندێ بە کاری شۆڕشگێڕانە و لای هەندێ بە جاشایەتی و لای حکومەت بە خیانەتی نیشتمانی دائەنرێ. لەبەرئەوە پێویستم بە پاکانە نیە، بەڵام لە دور و لە نزیکەوە دەستی من لەم مەسەلەیەدا نەبو."[1]

دوای ڕێکەوتنی باڵی جەلالی و مەلایی، ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال بۆ جێبەجێ کردنی مەرجێکی مەلا مەستەفا، کە دەبوو سەرکردەکانی باڵی جەلالی لە نزیک بارەگاکەی خۆی بن، چوون بۆ قەسرێ، نەوشیروان مستەفاشیان لەگەڵ خۆیاندا برد. لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، وا باسی ئەو چوونەی کردووە: "ساڵی ١٩٧٠ حوکمی ئیعدام درابووم لە لایەن مەحکەمەی سەورەوە، لەسەر کێشەیەک کە بە ڕاستی دەستی منی تێیدا نەبوو، بەڵام وەکوو تۆڵەکردنەوە ئەو سزایە لەسەر من داندرابوو، لەبەر ئەوە نەمدەتوانی بە ئازادی هاتووچۆ بکەم و بێم و بچم و لەگەڵ خەڵکدا دانیشم و سیمینار و کۆبوونەوە بکەم. بە پێچەوانەوە وەختێک کە برایم ئەحمەد و گروپەکەی هاتن بۆ قەسرێ و ماکۆسان، من لەگەڵیان هاتم و ماوەیەک لەگەڵیشیان مامەوە، هەتاوەکو ڕێگەیەکم دۆزیەوە کە لە ڕێیەوە سەفەری دەرەوە بکەم. دوای ئەوە ساڵی ١٩٧١ سەفەری دەرەوەم کرد."[2]

لە قەسرێ نەوشیروان مستەفا ڕۆژێک لەگەڵ عەلی عەسکەریدا سەردانی ئیدریس بارزانی دەکەن، نەوشیروان مستەفا بەم جۆرە باس لەو سەردانە دەکات: "کاک عەلی

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٩ - ١٩٨٣، برلین – ئەڵمانیا، ١٩٩٧، ل ١٠٦

2 . گوڵان (گۆڤار)، دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، ژمارە ٧٠٧، ٢٠٠٨/١١/٣، ل ٣٠.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

منی پێ ناساند، ئیدریس بە پێکەنینەوە وتی: ئای چەند هەوڵمان دا ئیعدام بکرێی، بەردەس نەکەوتی! وتم: وا بە پێی خۆم هاتومەتە بەردەمتان."[1]

**چوارەم: کۆمەڵە لە گێژاوی ئاشبەتاڵدا**

تاوەکو ساڵی ١٩٧٣ مام جەلال خۆی سەرپەرشتی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی کردووە، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣دا مام جەلال، کە لە دەرەوەی وڵات دەژیا، شەهاب شێخ نوری بانگ کردووە و پێی راگەیاندووە ئیتر ئەو بەرپرسیارێتی کۆمەڵە ناگرێتە ئەستۆ و تەنها وەک پشتیوانێک لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە. فەرید ئەسەسەرد لەو بارەوە دەڵێ: "پێش دەسپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقدا لە ساڵی ١٩٧٤، شەهاب شێخ نوری گەرایەوە بۆ وڵات و لێپرسراوێتییەکانی وەرگرتەوە."[2]

لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ بە نێوەند گیری سەرۆکی جەزائیر هواری بومدیەن، رێکەوتننامەی جەزائیر لەلایەن سەدام حسێن جێگری سەرۆک کۆماری عێراق و محەمەد رەزا پەهلەوی شاهنشای ئێران ئیمزا کرا. بەپێی رێکەوتنەکە هەردولا پابەندبوونی خۆیان بۆ دابین کردنی سەقامگیری و ئاسایشی سنورەکان راگەیاند، ئێران لە بەرانبەر رازی بوونی عێراق بە پرۆتۆکۆڵی قوستەنتینیەی ساڵی ١٩١٣ کە هەندێ زەوی بۆ ئێران دەگەڕایەوە، وازی لە پشتیوانی کردنی شۆڕشی کوردستان و مەلا مستەفا هێنا.

لە ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٤ رژێمی بەعس، یەک لایەنە یاسای ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستانی بڵاوکردەوە. یاساکە بەپێی ویستی بەعس و دوور لە خواستی راستەقینەی لایەنی کوردی داڕێژرابوو. لە بەرانبەر ئەم کارەدا، وەزیرەکانی پارتی لە کابینەی حکومەتدا کشانەوە. بارزانی لە دیدارێکدا لەگەڵ موحسین دزەیی، کە یەکێک بووە لە وەزیرەکانی پارتی وتویەتی: "زۆر هەوڵمدا لەگەڵ حکومەتدا پەیوەندییەکان نەپچڕێنین، بەڵام سودی نەبوو، ئەوان یاسای ئۆتۆنۆمییان بڵاوکردەوە بێ ئەوەی رای ئێمە وەرگرن، هەموو هەوڵێک دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی شەڕ دەست پێ نەکاتەوە."[3]

مەلا مستەفا ئیدریسی کوڕی نارد بۆ بەغدا بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق قەناعەت پێ بهێنێ ئەو یاسایە ساڵێک دوا بخەن و هەوڵێک و زەمینەیەک بۆ رێکەوتن بسازێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی رژێم بەتەواوەتی خۆی بۆشەڕ ئامادەکردبوو، هەوڵەکە بێ ئەنجام بوو.

---

1 . نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.

2 . فەرید ئەسەسەرد، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی سێیەم ٢٠١٦، ل٩١٦.

3 . موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، وەرگێڕانی ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٩، ل ٣٠٦.

رژێمی بەعس لە سەرەتای نیسانی ١٩٧٤ کۆمەڵێک کوردی لایەنگری خۆی لە جێگەی وەزیرەکانی پارتی دانا. لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٧٤ هێزەکانی سوپای عێراق دەستیان دایە پەلاماردانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. ٢٤ نیسانی هەمان ساڵ، هێزی ئاسمانی عێراق بۆمبارانی شاری قەڵادزێی کرد، لە ئەنجامدا (١٦٣) هاوڵاتی شەهید بوون، لەناویاندا (٢٠) خوێندکاری زانکۆ هەبوون، هەروەها بووە هۆی بریندارببوونی زیاتر لە (٢٠٠) هاوڵاتی و بە دەیان خانو و دوکان لەگەڵ زەوی تەخت بوون.

سەرکردەکانی کۆمەڵە لە دۆخێکی وادا دەبوو خۆیان بەلایەکدا بخەن، یا گوێ بە ئایدۆلۆژیا و حیزبایەتی نەدەن و قۆڵی لێ هەڵماڵن و بچنە بەرەکانی شەڕەوە، یان سەیری رووداوەکان بکەن و بزانن بەرەکوێ دەچێ. سەرەتا کادیرەکانی ناو شار دەستیان کرد بە نووسینی دروشم و هەڵواسینی لەناو شارەکاندا، ئەمە جگە لەوەی پیشاندانی بەرگری بوو، لە هەمان کاتدا خۆناسینی کۆمەڵەش بوو وەک رێکخراوێکی شۆڕشگێڕ. ئاسۆی شێخ نوری لەو بارەوە دەڵێت: "بڕیارمان دا خۆمان بناسێنین و کۆمەڵە رابگەیەنین لە رێگەی هەڵواسینی چەند دروشمێکەوە، کە زۆربەیان لەسەر کاغەز نووسرابوون.. ئەمەش وەک هەنگاوێکی سەرەتایی تا بیروڕاکانمان بگەیەنینە جەماوەر بەوەی کارێکی نوێ بەڕێوەیە."[1]

بە هەڵگیرسانی شەڕ ئەندامانی کۆمەڵە چوونە ناو شۆڕشەوە، لە ئەندامانی سەرکردایەتی، شەهاب شێخ نوری و فەرەیدون عەبدولقادر و کۆمەڵێک لە کادیرە پێشکەوتووەکان و چەندین خوێندکاری زانکۆی سلێمانی کە ئەندامی کۆمەڵە بوون، چوونە شۆڕشەوە و لە بۆمبارانەکانی قەڵادزە لە ١٩٧٤/٣/٢٤ هەندێکیان لێ کوژرا. "کادیرەکانی کۆمەڵە شان بە شانی پێشمەرگە دەکەونە چالاکی و تا نسکۆی شۆڕش زیاتر لە ٤٠ کەسیان لێ شەهید دەبێ."[2]

لە شاخ شەهاب شێخ نوری، چاوی بە ئیدریس بارزانی کەوتووە، ئیدریس پێی وتووە "کەی شۆڕش لە دژمان هەڵدەگیرسێنن؟" بەڵام شەهاب گوێی بە مەبەستەکەی نەداوە و لە وەڵامدا پێی وتووە: "ئەو وەک هەموو هاوڵاتییەکی شەریفی دیکەی کورد هاتووە پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکات." هەرچەندە لەو کاتەدا پارتی چاوپۆشی لە کۆمەڵە کردووە لەناو شۆڕشدا، بەڵام لە حەقیقەتدا بێ دەنگ لێی دانەنیشتووە و داوای

1 . د. ئەحمەد حەمەدئەمین، رەوتی چەپ لەباشوری کوردستان، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٦، ل ٩١.
2 . هەمان سەرچاوە، ل ٩٢.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە پاراستن کردووە جموجۆڵی هەموو ئەو سەرکردە و کادیرانەی کۆمەڵە کە هاتوونەتە شۆڕشەوە بخەنە ژێر چاودێری وردەوە و بەهاوکاری ساواک لیستی ناوی ٧٢ کەسیان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لەناویان بەرن."[1]

٢٠ی مارتی ١٩٧٥ بارەگای بارزانی بروسکەی بۆ هەموو فەرماندەی هێزەکان لێدابوو، واز لە شەڕ بهێنن. لەوکاتەوە کادر و پێشمەرگەکانی پارتی لە ناڕەزاییدا ئەم بڕیارەیان ناونا (ئاشبەتاڵ) و وەکو زاراوەیەکی سیاسی کەوتە سەر زمانی خەڵک و بڵاوبووەوە. سەعات دووی پاش نیوەڕۆی ١٩٧٥/٣/٢٥ بارزانی کوردستانی بەجێهێشت و چووە ئێرانەوە.

بڕیاری بارزانی بۆ ئاشبەتاڵ، کادیرەکانی کۆمەڵە و زۆرێک لە پێشمەرگە و بەرپرسەکانی پارتیشی تاساندبوو. زۆربەی کادیرە سەرەکییەکانی کۆمەڵە لە گوندی (کێڵێ) کۆبوونەوە بۆ هەڵوێست وەرگرتن. دوای چەند رۆژ لە گفتوگۆ و راگۆڕینەوە بڕیار لەسەر دواخستنی بەرهەڵستی کردن دەدەن لەوکاتەدا. فەرەیدون عەبدولقادر لەو بارەوە دەڵێت: "کۆبوونەوەیەکمان لە کێڵێ کرد و ژمارەیەکی زۆری کادیرەکانی خۆمانمان بانگهێشت کرد بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، کاک شەهاب و سەرکردایەتی و هەموو برادەران لەوێ وتوویژمان لەسەر بەرهەڵستکردن کرد، دەنگێکی تازە پەیدابوو، کە ئێستا دۆخێکی خراپە بۆ بەرهەڵستی کردن، بڕیار نەدرا بەرهەڵستی نەکرێ، بڕیاردرا کە ئێستا بەرهەڵستی خراپە.."[2]

بەڵام عومەری سەید عەلی باس لەوە دەکات ئەوان پێش ئەوەی بچنە ئێران و لە سەروبەندی ئاشبەتاڵدا پەیوەندییان بە هەندێ لە سەرکردە و فەرماندەکانی پارتی و کاژیکەوە کردووە بۆ بەردەوامکردنی خەباتی چەکداری، بەڵام ئەوان نەهاتوون بەدەنگیانەوە: "لەو کاتەدا جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لەناو شۆڕشدا بوون، حیزبی شیوعی عێراق (قیادەی مەرکەزی) بوو، هەڵوێستیان لەگەڵ شۆڕشدا بوو، بەڵام بە ئاشبەتاڵ کردنی شۆڕشەکە ئەوانیش رۆیشتنەوە و بە چەکەکانیانەوە تەسلیم بوونەوە.

جگە لەوان رێکخراوێکی نەتەوەیی هەبوو بە ناوی (کاژیک) بە شێوەی نیمچە ئاشکرا لەناو شۆڕشدا بوون، کۆمەڵەش لە مانگی نیسانی ١٩٧٤ ژمارەیەکی بەرچاوی کادیرەکانی چونە دەرەوە لەناو داموودەزگاکانی شۆڕشدا، سەربازی و ئیداری و

1 . صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق، موسسة البلاغ للطباعة والنشر، بيروت – لبنان ٢٠٠١، ص ٣٣٤ –٣٣٥.

2 . فەرەیدون عەبدولقادر، کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو راپەڕین، ناوەندی میژووی (ی.ن.ک) سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٠٧.

کۆمەڵایەتی کاریان ئەکرد. کە ئەم کارەساتە رووی دا و هەرەس بوو، پێویست بوو کۆمەڵە باری سەرنج و دەوری خۆی ببینێ و چ بکات باشە، کۆمەڵە بە ژمارە کەم بوو، لەم رووەوە کەموکوڕییەکان لە بەرچاو بوو، بەڵام لە رووی چەندایەتییەوە باش بوو. هاوڕێیانی سەرکردایەی کۆمەڵە زۆر هەوڵیان دا پەیوەندی لەگەڵ برایانی پارتی دیموکرات کوردستان و حشع – قیادەی مەرکەزی و کاژیک بکەن بۆ ئەوەی گیانی مقاومەت بژێننەوە و بەرگری بکرێ و درێژە بە خەبات بدرێت، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هان بدرێت بۆ درێژەدان بە بەرگری کردن لە پێناوی داخوازییەکانی گەلەکەماندا. بەڵام بەداخەوە برادەرانی پارتی گوێیان بەو قسانە نەدا و ملکەچی بڕیارەکانی سەرکردایەتی خۆیان بوون، بۆ نمونە، خاڵە شیهاب لەگەڵ فەرەیدون چوونە لای فەتاح ئاغا و داویان لێ کرد بۆ بەرگری، بەڕەحمەت بێ لە وەڵامدا وتی ئێمە درێژە بە خەبات نادەین و بەرگری ناکەین، دەچینە ئێران."[1]

عومەر سەید عەلی، باس لەوەش دەکات لەسەر داوای کۆمەڵە چووەتە لای سەرکردەکانی کاژیک و دەڵێت: "لەسەر راسپاردەی هاوڕێیان، ئازاد مستەفام بینییەوە لە پێنجوێن، کە قسەم لەگەڵ کرد لە بارەی ئامادەییان بۆ بەرگری و مانەوە، وتم هەڵوێستی ئێمە وەک خەڵکی چەپ و نیشتمانپەروەر ئامادەیی بەرگری و درێژەدانە بە شۆڕش، ئازاد وتی ئێمە باوەڕمان نییە ئەم وەزعە بە ئێمە بگیرێتەوە و بەرگری بکەین، لەبەرئەوە دەڕۆینەوە، حەز ئەکەم ئەوەشت پێ بڵێم کە ناوی رێکخراوەکەشمان دەگۆڕین و جارێکی کە وەکو کاژیک نایەینەوە سەر شانۆی سیاسی، ئێوە لە هەر شوێنێک بن و ئێمە لە هەر شوێنێک بین، ئاگامان لە یەک دەبێت و لە پەیوەندیدا دەبین.."[2]

دوای نائومێدبوون لە هەموو لایەنەکان، سەرکردایەتی کۆمەڵە دەگاتە ئەو قەناعەتەی بگەڕێنەوە ناو شار. عومەری سەید عەلی لەو بارەوە دەڵێت: "سەرکردایەتی کۆمەڵە بڕیاری دا بگەڕێنەوە و خەباتی ژێرزەمینی بکات، ئۆرگانەکانی خۆی پتەو و بەهێز بکات بیر لە وەزعەکە بکەنەوە بە جۆرێکی تر، چونکە داڕووخانەکە و هەرەسەکە بەشێوەیەک بوو، دەیان هەزار خەڵک بەرەو عێراق دەگەڕانەوە و دەیان هەزار خەڵکیش بەرەو ئۆردوگاکانی ئێران تەسلیم دەبوون و چەکەکانیان ئەدابەدەستەوە."[3]

---

1 . عومەر سەید عەلی، هەندێ لایەن و رەوتی میژوویی و سەرەتایی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێبازی نوێ (گۆڤار)، ژمارە ١٩، ساڵی ٢٠٠٠، ل ٤٤.

2 . هەمان سەرچاوە، ل ٤٥.

3 . هەمان سەرچاوە، ل ٤٧.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پاش گەڕانەوەیان بە ماوەیەکی کەم، شەهید ئەنوەر زۆراب، یەکێک لە سەرکردەکانی کۆمەڵە لە بەغدا، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی بەعسەوە دەگیرێت. بەمجۆرە سەرکردایەتی کۆمەڵە بەناچاری بڕیاردەدەن بچنە ئێران و لەوێ داوای مافی پەنابەری لە یەکێک لە وڵاتەکان بکەن. عەلی بچکۆل، چیرۆکی چوونەکەیان بۆ ئێران و ئامانجەکەیان لەو چوونە بەم شێوەیە رووون دەکاتەوە: "پاش زنجیرەیەک کۆبوونەوە و را و تەگبیر، بڕیارمان دا لە کوردستانیش دوور بکەوینەوە بۆ ئەوەی لەسەر دەستی ئێمە و بە هۆی ئێمەوە کۆمەڵە دوچاری شکست نەبێت.

بە ڕۆیشتنی ئێمە ئەڵقەی نێوانی گیراوەکان و کۆمەڵە دەپسا، بۆیە لە هەر شارێکدا کۆمیتەیەکی سەرکردایەتیمان دانا و پێمانوتن تا سێ مانگی تر ئێوە خۆتان سەرپەرشتی ڕێکخستن دەکەن و ئێمە بە هیچ شێوەیەک دەنگمان ناتانگاتێ. بۆ سەرپەرشتی هەموو کۆمەڵەش، کۆمیتەیەک دانرا، ئێمەش بە ڕێی قاچاخدا چووین بۆ شارباژێڕ بە پشتی چوارتادا روو لە شیوەکەڵ و لەوێوە بۆ لێواری سنورە دروستکراوەکەی نێوان کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی خواروو، چەند ڕۆژێک چاوەڕێی قاچاخچی بووین کە بمانگەیەننە تاران و لەوێوە بڕۆینە سەفارەتەکان و داوای پەنابەرییان لێ بکەین. پێمانوابوو زوو دەگەین و خێراش وەردەگیرێین و بەڕێ دەکرێین بۆ دەرەوە، لەوێشەوە لەگەڵ مام جەلال یەکتر دەبینین.

پاش تەواو یەکخستنی بیروڕامان لەسەر هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی دیموکراتی گەلی لە کوردستان و پەیدا کردنی کەمێک پوڵ، بۆ ئیدارەدانی ئەو ماوەیەی دەستەی بچوک بچوک پێشمەرگە دادەمەزرێنین، بەڵام نەخشەکەمان لە بنەواندا سەرکەوتوو نەبوو...[1]

دوای ئەوەی بێ ئومێد دەبن لەوەی قاچاخچی لە دیوی ڕۆژهەڵاتەوە بیانبات بۆ ئێران، خۆیان ملی ڕێگە دەگرن و دەچنە سنوری ئێرانەوە و لەوێ دەستبەسەر دەکرێن. لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی بۆچی بە ڕێنماییەکانی مام جەلال کاریان نەکردووە کە داوای لێیان کردووە، بچنە شاخەکان و دەستەی پڕوپاگەندەی چەکداری دروستبکەن، عومەری سەید عەلی دەڵێت: "بەداخەوە ئەو نامەیە لە کاتی خۆیدا نەگەیشتە لای هاوڕێیان، چونکە گەڕابوونەوە ناو شار."

مەلا بەختیار، پەنا نەبردنی شەهاب شێخ نوری بۆ شۆڕشی چەکداری دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند هۆکارێک: "ئەوەی من لێکی دەدەمەوە، ئەوەیە کە: سەرکردایەتی کۆمەڵە لە پێشەوەدا شەهید شیهاب، لە ئاستی لێکدانەوەی هەمەلایەنەی، ڕوداوەکەی خیانەتنامەی

1 . عەلی بچکۆل، سەختە ڕێ لەچەمی ڕەزانەوە تا تڕۆپک، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠١٨ ، ل ١٠٠.

جەزائیر نەبوون. بایەخی بەرەنگاریشیان بۆ چۆنیەتی دریژەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانە، وەکو پێویستە لێکنەداوەتەوە. ئەزمونی خەباتی چەکداری و بڕیاری، عەسکەرییان نەبوو. کاریگەری سایکۆلۆژی هەرەسەکەش، رۆڵی لەسەریان هەبووە. بۆ ئەو قۆناغە، شیهاب پێی وابووە هەر کاتی خەباتی چەکداری نییە و باوەڕیشی بە جۆرێک دانوستان هەبووە."[1]

**پێنجەم: کۆمەڵە لە گەروی نەهەنگدا**

شەهاب شێخ نوری و هاوڕێکانی ١٩٧٥/٩/١٩ بەرەو دیوی رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێ دەکەون، بەڵام هەر کە پێی دەخنە ئەو دیوی سنورەوە، لە لایەن ژاندارمەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە دەستبەسەر دەکرێن. لێیان دەپرسن بۆ کوێ دەچن؟ لە وەڵامدا هەمویان دەڵێن: "هاتوین بۆ پەنابەری و لە دەست رژێمی عێراق رامان کردووە، ئەوان پێکەنینان بە قسەکانمان دەهات و دەیانوت ئێمە لەگەڵ عێراق براین و وەزعی عێراق ئێستا چاکە، ئێوە دەبێ کارێکی ترتان هەبێت."[2]

پاشان براون بۆ بانە و دواتر سەقز، چوار مانگ لەوێ لە زیندانیدا مانەوە. لەو ماوەیەدا بۆیان دەردەکەوێ ژمارەیەکی زۆر لە کادیرەکانی کۆمەڵە لە دوای ئەنوەر زۆرب گیراون، بە بیستنی هەواڵی گیرانی ئەو هاوڕێیانەی کۆمەڵە لە شارە جیاجیاکانی کوردستان و عێراق، شەهاب و هاوڕێکانی دڵنیابوون لەوەی گەر بدرێنەوە دەستی عێراق، مەرگ چاوەڕوانیان دەکات. چەند هەوڵێک دەدەن، هەر هیچ نەبێ بە کەفالەت ئازاد بکرێن، تاوەکو دوایی پەیوەندی بە مام جەلالەوە بکەن و کارێکیان بۆ بکات؛ داوا لە کۆمەڵێ کەسایەتی پارتی و خزمەکانی فەرەیدون عەبدولقادر دەکەن کە لەوێ ئاوارەن بچنە کەفالەتیان، بەڵام بێ سود دەبێ.

عەلی بچکۆل، دەگێڕێتەوە لە زیندان لەگەڵ ئەفسەرێکی ئێرانیدا کەوتوونەتە وتوویژ و پێیان وتووە بەنیازن چیمان لێ بکەن، ئێمە هاتووین بۆ پەنابەری، ئەم زیندان و ئازاردانەی بۆچییە و خۆ ئێمەتان لە جەنگدا نەگرتووە، ئەفسەرەکەش راست و ڕەوان پێیان دەڵێ ئێمە ئێوە دەدەینەوە بە عێراق و ١٨ ئەفسەری راکردووی شاهەنشایی لە عێراق وەردەگرینەوە.

قسەی ئەفسەرەکە راست بوو، رۆژی سەری ساڵ ١٩٧٦/١/١ لە سنوری بناوەسوتەوە تەسلیمی دەستی پۆلیسی عێراق کرانەوە. لەوێوە بردوونیان بۆ سلێمانی و تەسلیم بە دائیرەی ئەمن کراون. لەوێ تەحقیق دەستی پێ کرد. هاوڕێیانی زیندان

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی رۆشنگەری چاودێر – سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠٢٠، ل ٨٨.
2 . عەلی بچکۆل، سەختە ڕێ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێشتر لەناو خۆیاندا رێکەوتبوون بڵێن: "ئێمە تەیارێکی فکرین لە کوردستاندا و دەورمان هەیە لە هاندانی خەڵکی بۆ خوێندنەوە و خۆپەروەردە کردن و بەنیازی خۆرزگار کردن لە دەست سیاسەتی چەوتی ئێوە و هەر بۆیە بە ناچاری کوردستانمان جێهێشت و ویستمان بڕۆینە (زەفار*) و لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئەوێدا کار بکەین..."[1]

دوای پێنج رۆژ مانەوە لە ئەمنی سلێمانی، لە ١٩٧٦/١/٨ بەرەو ئەمنی عامەی بەغدا بەڕێ دەخرێن. لە ئەمنی عامە ماوەی (٧) مانگ دڕندانەترین ئەشکەنجەیان دەرحەق ئەنجام درا، بەڵام کەسیان نەڕووخان و نەدۆڕان. زیندان بۆیان ببووە قوتابخانە و زۆر شتی لێوە فێر بوون. ١٩٧٦/٧/١١ دە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و ١٥ کادیری سەرەکی و پێنج هاوڵاتی بەپێی مادەی ١٧٥ بڕگەی ٤٠٣ یاسای برانە بەردەم دادگا.

فەرەیدون عەبدولقادر ساتە وەختی حوکمدانەکە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: "سەرۆکی دادگای بەعسیان (دادگای شۆڕش)، ترس ناخی بەجێنەهێشت، بەگوێرەی ئەو ئامۆژگاریانەش کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەنجومەنی سەلامەتی نیشتمانی بۆی هاتبوو، ئەبوو حوکمی شەهیدانی نەمر کاکە شیهاب و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب لە سێدارەدان بێ، پاش ئەوەی ٨ کەس ئازاد کران و ١٨ کەسیش بە شەش ساڵ زیندانی حوکمدران."[2]

شەهاب شێخ نوری بە بیستنی ئەم فەرمانە هیچ کاردانەوەیەکی تووندی نابێت، لەسەرخۆ دێتە پێشەوە و دەڵێت: "ئێوە راستیەکان فەرامۆش مەکەن، ئێمە ٣٣ کوردین، ئەوا (٣)مان بڕیاری خنکاندن دراوین، هەشت ئازاد دەکرێن و ٢٢ زیندان دەبن بۆ ماوەی شەش ساڵ، بەڵام ئەوە چاک بزانن زیندان و هەڕەشە و گووڕەشە و خندکاندنی ئێمە نەک نابێتە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلەکەمان لەناو بچێت، بەڵکو خوێنی ئێمە و گرتنی ئێوە دەبێت بە بەنزین و دەکرێت بەسەر ئاگری خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان و کۆمەڵەدا و دوژمن دەسووتێنێت و کۆمەڵەش بە لەناوچوونی ئێمە و شەهیدکردنمان زۆر بەهێزتر دەبێت، جا مادام ئەوە بزانین وەکو راستیەک، بۆ دەبێت فرمێسک بۆ مەرگی خۆمان هەڵڕێژین؟"[3]

---

* شۆڕشی زەفار (ثورة ظفار): شۆڕشی گەلی عومان بوو لە دژی سوڵتانی عومان و دەسەڵاتی بریتانیا. شۆڕشەکە شۆڕشێکی کۆمۆنیستی چەکداری بوو لە شەستەکانی سەدەی رابردوو تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بوو، لەلایەن جەماڵ عەبدولناسر و یەکێتی سۆڤیەتەوە پشتیوانی لێ دەکرا. بۆ تەشەنە نەسەندنی کۆمۆنیزم لە ناوچەکە محەمەد رەزا پەهلەوی چوو بە هانای سوڵتانی عومانەوە و توانی کۆتایی بە شۆڕشەکە بهێنێت.

1 . عەلی بچکۆل، سەختە ڕێ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١.

2 . فەریدون عەبدولقادر، لەبیرەوەرییەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاوڕێکانیدا، لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، چاپی یەکەم ٢٠١١، ل ٦.

3 . عەلی بچکۆل، سەختە ڕێ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢.

لەو ساتەوە ئیتر کۆمەڵە چووە قۆناغێکی دیکەوە. شەهابی شێخ نوری، پێش لە سێدارەدانی بەمجۆرە وەسیەتی خۆی بۆ هاوڕێیانی کردووە: "من ئاسودەم بە شەهیدبوونم، دەستی براکانم لەو شاخانە ئاواڵەتر ئەکەم، ڕێکخستنەکانمان زیاتر ترسیان ئەشکێ، چونکە ئەوان تا ئێستا لە ترسی ئەوەی ئێمە لە سێدارە نەدەن، لە گەلێ چالاکی خۆیان پاراستووە. ئەمانەتی هەموو هاوڕێیان و ئەم ڕێبازە، تکام وایە نرخی یەکێتی خۆتان و براتان و قەدری مام جەلال بزانن. زۆربەمان ئازادین لە شار و لە شاخ کار ئەکەین، ئێوەش ئازاد ئەبن بیرتان نەچێ کە ئەم دوژمنە بە زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە لەناو ئەچێ، چیتان پێ ئەکرێ بۆ پەرەسەندنی خەباتی چەکدارانە درێغی مەکەن... بۆ ئەوەی کەڵ بژین، کەم بژین."[1]

ڕۆژی ٢١ تشرینی دووەمی ١٩٧٦ شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب، لە لایەن رژێمی بەعسەوە لەسێدارەدران.

**شەشەم: بەیانی شوبات:**

سەرکردەکانی کۆمەڵە پێش ئەوەی بچنە دەرەوە و دواتر بگیرێن، سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵەیان سپاردە (کۆمیتە شارەکان) کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە برایم جەلال لە سلێمانی، ئیحسان نەجم و حەمید شورتە لە کەرکوک، شەهید عەبدولڕەزاق لە هەولێر.[2] هێشتا چارەنووسی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە زیندان یەکلا نەکرابووەوە، لە لایەن شاسوار جەلال (شەهید ئارام)ەوە کۆمیتەی هەرێمەکانیش دروستکرا. پاش ئەوەی هەردوو کۆمیتەکە لەیەکتر ئاشکرا دەبن، بۆ ئەوەی درزی گەورە نەکەوێتە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە، بڕیاری دانیشتنێکی هاوبەش دەدەن. ئیبراهیم جەلال کە نوێنەرایەتی کۆمیتەی شارەکانی دەکرد، لە ١١ کانونی دووەمی ١٩٧٦ لە ماڵی دلێری سەید مەجید لەگەڵ شاسوار جەلال یەکتری دەبینین. تەوەری گفتوگۆکانیان یەکخستنەوەی هەردوو ئاراستەکە و دەرکردنی ئۆرگانێک بۆ کۆمەڵە. بەڵام دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ، بەهۆی ئەوەی نوێنەری کۆمیتەی شارەکان دان بە شەرعیەتی کۆمیتەی هەرێمەکاندا نانێ، ناگەنە ئەنجام.

لەو ماوەیەدا کۆمیتەی هەرێمەکان بڕیاردەدا بەیاننامەیەک لەسەر سەرکردایەتی کۆمەڵە دەربکەن و هەڵسەنگاندێک بۆ دۆخی ناوخۆی کۆمەڵە و هەلومەرجی جیهانی و ناوچەکە و کوردستان بکەن و لەوێشەوە ڕەخنەی توند لە سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە بگرن، کە ئەو کاتە لە زیندانداا بوون و چاوەڕێی دادگایی کردنیان دەکرد. کۆمیتەی شارەکانیش هەڕەشەی ئەوە دەکەن گەر ئەوان ئەو بەیانە دەربکەن، ئەوا

1 . فەریدون عەبدولقادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨-٧.

2 . برایم جەلال، چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەمانیش بەیانێکی دژ بەوان دەردەکەن و چۆنێتی پێکهاتەیان و نیاز و مەبەستیان و رەوتی عێراقچێتییان بۆ خەڵک روون دەکەنەوە و هەوڵەکانیان بۆ کەرتکردن و دووبەرەکی لەناو ریزەکانی کۆمەڵەدا باس دەکەن. بەڵام هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی شارەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن ئەو بەیانە دوابخرێ تا رای سەرکردایەتی لە زیندان وەردەگیرێ.[1]

لەوماوەیەدا لە ٢٥ کانونی دووەمی ١٩٧٦ دانیشتنێکی دیکە، لە نێوان کۆمیتەی شارەکان و کۆمیتەی هەرێمەکان، سەبارەت بە دەرکردنی بەیاننامەی کۆمیتەی هەرێمەکان دەکرێت، ئەبوو شەهاب و سیروان تاڵەبانی و ئیبراهیم جەلال نوێنەرایەتی کۆمیتەی شارەکان و مەلا بەختیار و ئازاد هەورامی نوێنەرایەتی کۆمیتەی هەرێمەکان دەکەن. کۆمیتەی هەرێمەکان، سور بوون لەسەر دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە، بەڵام کۆمیتەی شارەکان دەڵێن ئەو بەیاننامەیە دەبێتە بەڵگە بەدەست رژێمەوە بۆ دادگایی کردنی سەرکردایەتی کۆمەڵە و ئەوە کارێکی مەترسیدارە. هەروەها پێیان دەڵێن، لەکاتێکدا رژێم بەربووەتە راگواستن و بەعەرەبکردن و کاولکردنی کوردستان، مەسەلەی هێنانە باسی ئیسلاح زراعی، ڕاستەوخۆ بێ دەنگییە بەرانبەر بەو سیاسەتانەی رژێم. لەو دانیشتنەدا چەندین بابەتی دیکەی ناکۆک لە نێوان هەردوولادا باس کران، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم دانیشتنەش هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

لە ٨ی شوباتی ١٩٧٦، کۆمیتەی هەرێمەکان بەیاننامەیەکی ١٦ لاپەڕەییان دەرکرد، (تەنها ١٢ لاپەڕەیمان دەست کەوتووە و ئەو لاپەڕانەی کە رەخنەن لە سەرکردایەتی زیندانی کراوی کۆمەڵە، بە مەبەست فەوتێنراوە). سەرەتای بەیاننامەکە بەباسکردنی شالاوەکانی چەند مانگی پێشووی رژێمی بەعسە بۆ گرتن و راوەدونانی هاوڕێیانی کۆمەڵە و رادەستکردنی حەوت لە ئەندامانی کۆمەڵە، لە لایەن رژێمی شا بە عێراق دەست پێدەکات و ئەوە دەخاتەڕوو کە ماوەیەکە دۆخەکە کشوماتە! بەڵام نابێ ئەم کش و ماتیە هاوڕێیانی کۆمەڵە وا لێ بکات پشتی لێ بکەنەوە و دەبێ بزانن کە ئامانجی سەرەکی دوژمن لەناوبردنی کۆمەڵەیە و بۆیە دەبێ لە هەموو کاتێک زیاتر چاوکراوەتر بن و نابێ دوژمن بەبێ دەسەڵات بزانرێ و لە هەمان کاتدا نابێ لێی بتوقێن و پێشی هەڵنەخەڵەتێن. لە بەشێکی بەیاننامەکەدا ستراتیژی کۆمەڵەی دوای گرتنی سەرکردایەتییەکەی؛ یان راستر بڵێین کۆمەڵەی کۆمیتەی هەرێمەکان، خراوەتەڕوو، تێیدا هاتووە: "کاری هەرە بایەخداری ئەم قۆناغەی خەباتمان، پاراستنی کۆمەڵەیە وە مەبەستمان لە پاراستنی کۆمەڵە هەر پاراستنی خۆمان و چوارچێوە تەنزیمیەکەی نیە

1 . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە برایم جەلال، چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە، ل ٨٤.

به مردوویی، بەڵکو ئێمە ئەمانەوێت کۆمەڵە بپارێزین بە ئەندام و ڕێکخستن و ڕێبازە ڕاستەکەیەوە، ڕێبازێ کە مارکسی – لینینی ڕاستەقینەیە و ئەمانەوێ کۆمەڵە بپارێزین بۆ ئەوەی گەشە بکات لەگەڵ تەوژمی خەباتدا وە لە سایەی دەوری شۆڕشگێڕانەی پێشڕەوایەتییەوە، ببێتە حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕانەی هەموو کوردستان و ببێتە قۆڵێکی گرنگی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی هەموو کوردستان وە قۆڵێکی گرنگی خەباتی هەموو گەلی عێراق دژی رژێمی فاشیست.. بەمجۆرە ببێتە قۆڵیکی گرنگی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ناوچەکە و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی دنیا دژی فاشیزم.. وە ئیمپریالیزم و سۆشیال ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لە پێناوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێ چین و خاڵی لە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک.."

لەوەی سەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کۆمەڵەی کۆمیتەی هەرێمەکان، کۆمەڵەیەکی بە بیروباوەڕ مارکسی – لینینی کوردستانی بووە و باوەڕی بە خەباتی هاوبەشی گەلان هەبووە لە دژی فاشیزم و ئیمپریالیزم و لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە یەکێتی سۆڤیەتی بە سۆشیال ئیمپریالیزم داناوە.

پاشان بەیاننامەکە داوای پێداچوونەوەیەکی مارکسیانە بەخۆدا و پەیڕەوکردنی پرەنسیپی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن و دەست نیشانکردنی هەڵە و کەموکوڕییەکان دەکات. لە بەیاننامەکەدا هاتووە: "ئەگەر وانەکەین ئەوا ئەبێ تەنیا چاوەڕێی شکست و تیاچوون بین و خۆمان لە زەلکاوی سەرشۆڕی فاشیستەکان یان لە زیندان و سەر قەنارە ببینینەوە. جا لەبەر ئەوەی ئێمە ڕێگای خەباتمان هەڵبژاردووە، ئەمانەوێت سەرکەوین و ئەم هەوڵە ئەدەین سەبارەت بە پێداچوونەوەی ڕەوتی ماوەی ڕابردوو و هەڵسەنگاندنی مومارەساتی تا ئێستامان لە هەموو ڕوویەکەوە..."

دواتر بەیاننامەکە باس لەوە دەکات کە کۆمەڵە لە هەلومەرجێکدا جڵەوی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردی گرتووەتەدەست، کە پێشتر سێ لایەن (بۆرجوازیەتی بچوکی دواکەوتووی کورد و ئەقڵیەتی دەرەبەگایەتی و حیزبی شیوعی لەڕێ دەرچوو – ریڤیژنیست) زیانێکی گەورەیان لەو بزوتنەوەیە داوە و ڕێگرییان کردووە لەوەی جەماهیری چینە چەوساوەکانی کورد بکەونە سەر ڕێگەی ڕاست و عیلمیەوە :"بەڵای ئێمەوە هەرچەندە لایەنی سیلبی کۆمەڵە زۆر بێت، بەڵام لایەنە ئیجابیەکەی ئەوەندە گرنگە شایانی ئەوەیە هەموو هەوڵێک و هەموو قوربانیەک و لەخۆبوردنێک لەپێناوی سەرخستنیدا بدرێت.."

لە بەشێکی دیکەدا ڕەخنە لە کۆمەڵە دەگرێت کە لە ڕابردوودا نەیتوانیوە کرێکاران پەروەردە بکات کە ئەرکی سەرکردایەتی کردنی چینی خۆیان لە ڕێگەی حیزبی پێشڕەو و حیزبی پرۆلیتاریا لە ئەستۆ بگرن، بەڵکو ڕێگەی داوە کۆمەڵێک بۆرژواز


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەژێر پەردەی مارکسدا بۆ دەسکەوتی شەخسی چینی کرێکار هەڵخەڵەتێنن و لە بەیاننامەکەدا هاتووە: "یەکێک لە سەلبیاتەکانی کۆمەڵە ئەوەیە کە ئەم کارەی نەکردووە، بەڵام ئەوەی کە ئەبوو ئەم کارە هەڵسووڕێنێ کە سەرکردایەتی خۆی –واتە سەرکردایەتی– هەر لە سەرەتاوە بە کۆمەڵێک خورەوشتی وردە بۆرژوازییەوە هاتن و کاریان دەکرد بیرکردنەوە و مەمارەساتیان لە زۆربەی کاتدا شوێنەواری ئایدۆلۆجیەتی وردە بۆرژوازی پێوە دیار بوو، جگە لەوە کە ئەو سەرکردایەتیە لاواز بوو چی لە رووی تیۆرییەوە و چ لە رووی قاڵ بوونیانەوە لە بۆتەی خەباتی چینایەتی و خەباتی نهێنیدا وە ئەم لاوازیە ئەو پاشماوەی خووڕەوشتی بۆرجوازیانەیە لە کۆمەڵە سلبیات و کەموکوڕیەک هاتوەتە کایەوە، تا ڕادەیەک زۆر زیانیان بەسەر ڕێکخستنەکاندا کێشاوە.."

پاشان بە خاڵ سەلبیاتەکانی کۆمەڵەی دەست نیشان کردووە و بۆ هەر سەلبیاتێکیش کۆمەڵێک راوبۆچوونی بیرمەندانی مارکسیزمی هێناوەتەوە کە بەیانەکە پێی وایە کۆمەڵە پێچەوانەی ئەوە کاری کردووە، لەوانە:

١. لاوازی سەرکردەکانی کۆمەڵە. بۆ ئەمەش رۆڵی لینین و ماوتسی تۆنگ بە نمونە دەهێنێتەوە کە چ رۆڵێکیان هەبووە لە سەرخستنی حیزبەکانیان.

٢. نەهێنی لە سایەی جۆرە ڕێکخستنی وادا بەتەواوەتی ناتوانرێت بپارێزرێت، ئەوەش باشترین بوار بە دوژمن ئەدات کە باش لەو ڕێکخستنە بدات و زۆر هەڵقەی پەک بخات.

٣. لە یەکەمین شاڵاوی دوژمندا ژمارەیەک لەو کەسانەی کە لە بنچینەوە شایستەی ئەوە نەبوون و لە ڕێکخستندا باش پەروەردە نەکرابوون، ڕووخان و لە لایەکەوە ڕەنگە بە ئیعتراف کردنیان زیانی بە ڕوخاندنی مەعنەویاتی زۆر ئەندامی تر..

ڕەخنەی توندی ئەم بەیاننامەیە لە سەرکردەکانی پێشووی کۆمەڵە، ئەوەیە کە دەڵێت: "یەکێکی کە لە کەموکوڕییەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵە ئەوە بوو کە تاڕادەیەکی زۆر وە بێ ئەوەی پێویست بێت خۆیان بە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان ناساندبوو وە دەردی کورد ئەڵێ "گەورە ئاو ئەڕێژێ و بچوک پێی تێ دەخات"، هەمان خوو لەناو ڕێکخستندا بڵاوبووە وە یەکترناسین بوو بە ڕەوشتێکی ئاسایی، کە ئەمەش زیانی بە قەدەر ئەو زیانەیە کە ئەگەر دەرەوەی کەسانی ڕێکخستن نهێنیەکە بناسن."

ڕەخنەیەکی دیکەی بەیاننامەکە لە سەرکردایەتی زیندانی کراوی کۆمەڵە، بریتی بوو لەوەی: "لە رووی پەروەردەی ئایدۆلۆجی و تیۆریەوە، کارێکی ئەوتۆ نەکرابوو کە پێویست بوو بڵاوکراوە و دراسات و ئاراستەکردنێکی تەواو نەبوو، ئەوەی ئاشکرایە هەندێکی کاڵوکرچ و پێکەوە نەبەستراوە بوو. لەرووی چاک کردنی کەموکوڕی

تەنزیمیەوە، هەوڵ نەئەدرا بۆ چارەسەرکردنی لەرووی کۆنفرانسێک یان هەر جۆرە کۆبوونەوەیەکی ترەوە بۆ ئەوەی چ مەسەلەی سەرکردایەتی و چ مەسەلەی ڕێکخستن بەگشتی چارەسەر بکات و هەروەها نەخشەی کارکردن یان بەرنامەیەکی ڕێکوپێک دابڕێژرێت بۆ کارکردنی ماوەیەکی درێژ و نەبوونی بەرنامەیەکی عیلمیی، هەڵقوڵاو لە خواست و ئاوات و پێویستیەکانی چینە چەوساوە شۆڕشگێڕەکانەوە، کە تیادا مەسەلەی خەباتی چینایەتی و شۆڕشی دیموکراتی نوێ و مەسەلەی مافە نەتەوایەتیەکان لەسەر بنچینەیەکی مارکسی – لینینی پێکەوە بەستنەوە.."

بەشی گرنگی بەیاننامەکە بریتیە لەو بابەتانەی کە لەژێر سەردێڕی (چی بکەین؟)دا نووسراوە و تێیدا هاتووە: "واتە ستراتیجمان چییە؟ و تاکتیکەکانمان بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیجیەکانمان؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەمە بزانین، پێشەکی ئەبێ کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە دەربارەی باری کوردستان کە بەستراوەتەوە بە باری عێراق کە ئەمیش بەستراوەتەوە بە باری ناوچەکەوە، ئینجا بەباری هەموو دنیاوە، باشتر وایە لەبارەی ئێستای دنیاوە پیابێین، تا سەرباری کوردستان و ئینجا بەپێی ئەمەوە سەیرکەین کە ئەبێ چی بکەین."

چوار لاپەڕەی بەیاننامەکە تەرخان کراوە بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئەو کاتەی جیهان و ڕۆڵی کۆمۆنیستەکانی دنیا و هێرشکردنە سەر یەکێتی سۆڤیەت و حیزبە شیوعییەکانی سەر بەو بلۆکە، بە حیزبی شیوعی عێراقیشەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو لاپەڕانەی کە تەرخانکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی کوردستان و ناوخۆیی کۆمەڵە و ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ سەرکردایەتی زیندانی کراوی کۆمەڵە (وەک ئەوەی ئیبراهیم جەلال باسی کردووە) قرتێندراوە.[1]

ئیبراهیم جەلال باس لەوە دەکات کە لەو بەیاننامەدا کۆمیتەی هەرێمەکان، سەرکردە زیندانی کراوەکانی تۆمەتبار کردووە بە (انهزامی، انتهازی، منحرف، معترف... )

مەلا بەختیار لەسەر گرنگی ئەو بەیانە بەلای داڕێژەرانیەوە، دەڵێت: "ئەگەرچی ئێمە هەر لە سەرەتاوە باش دەمانزانی کە نووسینی ئەو بەیانە و بڵاوکردنەوەی ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی زۆرانبازیەکی فیکری دژوار لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەدا، بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی ڕەخنەگرتن و بەخۆداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی رابردووی کۆمەڵە و دەرخستنی کەموکوڕی و هەڵەکان، بەڵام ئێمە ئەوەمان بە گرنگ نەزانی، بەڵکو ئەوەی لای ئێمە گرنگ بوو، هەمیشە گرنگی دەبێ، ئەوە بوو کە حەقیقەت لە هاوڕێیانمان نەشارینەوە."[2]

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٢) بەیانی٨ی شوباتی ١٩٧٦ی کۆمیتەی هەرێمەکان.

2 . باوکی ئاوارە (مەلا بەختیار)، چەند تیشکێک بەسەر هەندێ لایەنی خەباتی کۆمەڵەدا، گۆڤاری کۆمەڵە ژمارە ٦، پایزی ١٩٧٩، ل١٢


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

فەرەیدون عەبدولقادر لە بیرەوەرییەکانیدا گلەیی لە مەلا بەختیار دەکات کە رۆڵی سەرەکی هەبووە لە نووسینی ئەو بەیانە و رووی لێ دەکات و پێی دەڵێت: "خۆ دەبوو لانی کەم هاوڕێ (بەختیار – مەلا بەختیار) بیزانیبایە، کە بەندە خۆم کۆبوونەوەم لەگەڵ کردبوو، هەر خۆشم بە خاڵە بەکری دارتاشم ناساند و سپاردم کە جێگە و ڕێگەی شاردنەوەی دابین بکات و هەر لەو ماڵەشدا بە ناوی بەختیاری ئێمەوە ناو نرا (بەختیار)، ئاگام لە تەواوی جێگە و ڕێگەیشی بوو! بێ ئەوەی لەژێر ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەدا کەس باسی بکات و هەر بە پارێزراویش مایەوە! ئاخر دەبوو بزانن ئەو ڕۆژگارە دەزگای ئەمنی بەعسیان چەندە توند و قایم گیرابوو، ئەوانەی دەگیران سەرنەگوم و بزر دەکران، کەس چاوی پێ نەدەکەوتن، بینینیان قەدەغە بوو! ئیتر چۆن ئەو هاوڕێیانەی خاوەنی (ڕاپۆرتی شوبات) توانیان هەواڵی ئەو سەرکردە گیراوانە بزانن، کە خۆراگر بوون یاخود نەخێر! بۆیە تەنها ڕێگە ئەوە بوو چاوەڕێی ئەنجامی ئەشکەنجەکان و لێکۆڵینەوەکان بکەن کە چەند مانگی خایاند، یا تەماشا و چاودێری خوانەخواستە گرتنی هاوڕێیانی تر و ڕاونانی تێکۆشەرانی تریان بکردایە، بزانن ئاخۆ ئێمە لە زیندانداا خۆراگر بووین، یان کەسانی بێ وڕە و ڕوخاو، ئیتر لەو کاتەدا چۆن توانیان ئەو حوکمە نابابەتیە بدەن گوایە ئێمە بەرگەمان نەگرتووە! من نهێنی هەموو ڕێکخستنەکانم لا بوو، هاوکات لێپرسراوی هەموو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەش بووم لە کەرکوک، چۆن ئەو هاوڕێیانە بە سەلامەتی دەرباز بوون! کە تا ساڵێکیش دوای ئەو کاتە یەک کەس لە ڕێکخستنەکانی کەرکوک نەگیرا."[1]

برایم جەلال، هۆکاری لەسێدارەدانی خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی گوایە بەیاننامەکە کەوتووەتە دەستی ڕژێم: "تا ئەو کاتە بەیانەکەش دەرچوو، تا مانگی ئازاریش کە شەهید وەستا ئەنوەری برای خولە کەشکۆڵ لە هەڵەبجە، بەو بەیانەوە گیرا، هیچ کامیان (مەبەستی خاڵە شهاب و هاوڕێکانییەتی) دانیان بە لێپرسراوی خۆیان لە کۆمەڵەدا نەنابوو، نەشچووبوونە ژێر باری هیچ بڕوبیانوو و خواست و هەڵبەستراوێکی ڕژێم. ئەو بەیانەی کە بە شەهید وەستا ئەنوەر گیرا، لە کاتی دادگایی کردنی بەندییەکان وەک بەڵگەنامەیەک لە سەریان بۆ دادگایی کردنیان و تاوانبارکردنیان بەکارهێنرا، ئەگەرچی شاسوار و نەجمەدین و حیکمەت، تەنانەت ئازاد هەورامیش، پاش گرتنی شەهید وەستا ئەنوەر نکۆڵیان لەوە دەکرد، کە بەو بەیانەوە گیرابێ، بەڵام لە کۆنفراسی یەکی کۆمەڵە لە مزگەوتی مالیمۆس خولە

1 . فەریدون عەبدولقادر، هەڵۆ سورەکانی قەندیل، ٢٠٢٠، ل ٢٧٥– ٢٧٦.

کەشکۆڵ دانی پێدانا و رایگەیاند کە براکەی بەو بەیانەوە گیرا و وەک بەڵگەش لەسەری شەهید کرا."[1] مەلا بەختیار ئەوەی ڕەتکردووەتەوە کە بەیاننامەکە دەستی رژێم کەوتبێ، و دەنووسێ: "ڕاپۆرتەکەش، ئەوسا و ئێستاش دەست حکومەت نەکەوتبوو."[2]

مام جەلال، زۆر بەڕوونی باس لە هەڵوێستی شەهید ئارام و دەرکردنی (بەیاننامەی شوبات) دەکات: "ئارام دوژمنایەتی زۆری ئەو برادەرانەی کۆمەڵەی کرد (کە نەچووبوونە کۆمیتەی هەرێمەکان)، بەداخەوە هەندێ لەو برادەرانە حکومەت ئیعدامی کردن، جێی داخە، ئارام هەرچەندە دەوری گرنگی هەبوو لەناو کۆمەڵەدا، بەڵام سەرەتا بە ناکۆکی لەگەڵ شەهاب و هەندێ برادەری تر کارەکەی دەست پێ کرد. ئارام و ئەوان ڕاپۆرتێکیان بە ناوی (ڕاپۆرتی شوبات) بڵاوکردەوەو لەوێدا زۆر هێرشیان کردە سەر شەهاب و برادەرەکانی و ڕاستی و واقعی ئەو کاتەیان شێواند، ناڕاستەوخۆ بە حکومەتیان ڕاگەیاندوە کە ڕێکخستنێک هەیە کە شەهاب لێپرسراویەتی. شەهاب و هاوڕێکانی لە دادگادا بەرگرییەکی قارەمانانەیان کرد و وتیان ئێمە کۆمەڵێکی مارکسی لینینین و ئەڵقەی ڕۆشنبیریمان هەبووە، ئێمە هیچ ڕێکخستنمان نییە، حیزبمان دروستنەکردوە، بەڵام رژێم گوتی: بەڵێ، ئەوە ڕێکخستن هەیە و ئەوە ڕەخنە هەیە، ڕاپۆرتی شوباتیان وەک بەڵگە نیشاندان.

ئەو ڕاپۆرتە ئەوەندە خراپ بوو، کاتێ ئێمە لە دەرەوە گەڕاینەوە، لە ترسان کۆیان کردەوە و نەیانوێرا بڵاوی بکەنەوە، چونکە نارەزایی هەم لەناو جەماوەر پەیدابوو، هەم لای ئێمەش، چونکە دەیانزانی من و نەوشیروان و ئەو هەڤاڵانەی لە دەرەوە هاتوینەتەوە، شتی وامان لاپەسەند نییە. ئارام بە تەمای گۆڕانێکی سەرەکی بوو لەناو کۆمەڵەدا، ڕاستیەکەی بەتەمای ئەوەبوو زۆر لە برادەرانی پێشوو دوربخاتەوە و خۆی سەرلەنوێ لەسەر بناغەی شەخسییەتی خۆی کۆمەڵە بینابکاتەوە." [3]

ئاوات شێخ جەناب، سەبارەت بەو بەیاننامەیە دەڵێت: "بەیاننامەکە لە لایەن سالار و مەلا بەختیارەوە نوسرابوو، ژمارەیەکی کەمی لێ بڵاوکرایەوە، شەهید ئارام نەیهێشتبوو بڵاوبێتەوە و پێی وتبوون ئەوانە لەژێر چەقۆی دوژمندان و ئێوەش دەچن بەیانیان لەسەر دەردەکەن! ئەوە جگە لەوەی شەهید ئازاد هەورامی و هاوڕێیانی هەولێر دژی بڵاوکردنەوەی بەیانەکە بوون."[4]

---

1 . برایم جەلال، چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.
2 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.
3 . سەلاح ڕەشید، دیداری تەمەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦ – ١٠٧.
4 . چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ ئاوات شێخ جەناب لە ٢٠٢١/١/٢١.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە ١٠ی شوبات، ئیبراهیم جەلال، لە زیندان سەردانی سەرکردایەتی کۆمەڵەی کردووە، باسی کۆمیتەی هەرێمەکان و بەیاننامەکە و دۆخی ئەو کاتەی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی بۆ کردوون. شەهاب شێخ نوری پێچەوانەی تەوەقوعاتەکانی ئیبراهیم جەلال، ڕاشکاوانە پێی وتووە: "باشترە پێکەوە کار بکەن و رێگەی ئەوە نەدەن کە کۆمەڵە بە دوو ئایدۆلۆژی جیاواز و دوو هێڵی جیاواز کار بکات، پێویستە ئێوە رێگە لە گەشەکردنی بیروڕای عێراقچێتی لە کۆمەڵەدا بگرن، ئەویش بە کارکردنتان پێکەوە و دەبێ هەمیشە کۆمەڵە لە پەلاماری رژێم بپارێزن... بۆیە من پێم باشە لەگەڵیان نەرم بن رێکەون و گەر خۆتان پێتان باش بێ بەیەکیشەوە کاربکەن و هەوڵبدەن و نەهێڵن رێبازی کۆمەڵە بگۆڕێ و کوردستانیەتی کۆمەڵە لەم کاتەدا دروشمی سەرەکیتانە. ئەو بەیانەشی لەسەر ئێمە دەریان کردووە، ئەوە ویژدانی خۆیانە لە ئایندەدا کە بۆیان دەردەکەوت ئێمە نە معترف و نە منحرف و نە انتهازی و نە انهزامین، و پاشان میژووش بەرپەرچی ئەو بۆچوونانە دەداتەوە، گەر ئێمە تاسەر خۆڕاگر بووین. رەنگە رۆژێک بێ هەر ئەوان خۆیان داکۆکیمان لێ بکەن.[1]

1 . برایم جەلال، چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨ - ٨٩

ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# باسی دووەم
# دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

دوو مانگ دوای هەرەس، لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥، یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزرێنرا. مام جەلال سەبارەت بە سەرەتای تەقەلاکانی بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی نوێ دەڵێت: "گوتمان مادام ئێستا زەمینەی خەباتی چەکداری نەماوە، ئەوا ئێمە درێژە بە خەباتی سیاسی ئەدەین.

من دڵم بە نەوشیروان زۆر خۆش بوو، نەوشیروان لە ڤیەننا بوو، دڵم بە عومەر شێخ موس و کەمال فوئاد خۆشبوو، لە ستۆکهوڵم و بەرلین بوون، گوتم ئەوان دەخەینەگەڕ، هەروەها لە تەنیشت خۆشم چاوم گێڕا، دکتۆر فوئادی مەلا مەعسوم، کە پێکەوە لە لیژنەیەکدا بووین و لە کاتی شۆڕشدا لە قاهیرە بەیەکەوە کارماندەکرد، سەیرم کرد ئەویش وەرەی زۆر بەرزە. بەراستی هەوڵم دا جەماعەتێک کۆ بکەمەوە کە زۆربەیان دەموچاوی نوێ بن، لە لێپرسراوانی کۆن نەبن، گەنج بن، قابلییەت و ئیمکانییەتی درێژەپێدانی خەباتیان تێیدابێت. لە سەرەتاوە هەوڵم دا سیغەی جەلالی و مەلایی لە یەکێتیەوە دوور بێت، واتا سیغەیەکی هاوبەش بێت کە هەموو لایەک بگرێتەوە، هەر لەبەر ئەوەش هەوڵم دا عادل مورادو دکتۆر فوئاد، قانع بکەم کە بێنە ناو ئەو رێکخستنە تازەیەوە، لەبەرئەوە ئەوان خەتی کۆنی مەلایی بوون."[1]

چەند جارێ مام جەلال بە تەلەفۆن و نامە پەیوەندی بە نەوشیروان مستەفاوە کردووە و هەواڵ و دەنگ و باسەکانی پێ راگەیاندوە و بیروبۆچوونەکانی خۆی بۆ ڕونکردووەتەوە، ئەویش بیروبۆچوونەکانی خۆی بۆ باس کردووە. سەرئەنجام مام جەلال داوای لێ کردووە بەشداری بکات لەو رێکخراوە تازەیەدا کە خەریکی دامەزراندنێتی. نەوشیروان مستەفا لەو بارەوە دەڵێت: "ئەگەرچی ماوەیەکی درێژ بوو من لە کوردستان دور بوم، بەڵام "ئیلتیزامی ئەخلاقی و ئەدەبی" بە کۆمەڵە و بە مام

1 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠ – ٣١.

جەلالەوەی بەستبوم، بە جوانم نەئەزانی لەژێری دەربچم، یەکسەر وتم: کەی داوات کردم، بەسەر چاو ئامادەم.

ئەم قسەیەی من لای هەندێ کەس سەیر بو. لەو هەلومەرجە سەختەدا، کە زۆر کەس بە ئاواتەوە بون بگەنە ئەوروپا، من لە ئەوروپا جێگیر بوبوم، لە دواقۆناغی تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرادا بوم، دەس لە هەموو شت هەلبگرم و ملی ڕێگای هات و نەهات بگرم، بەرەو کوردستانی ژێر هەرەسی ئاشبەتاڵ. ڕاستی بڕیارێکی وەها دژوار، هەموو کەس بە ئاسانی نەیئەسەلماند، بگرە هەندێ کەس بە فشەیان ئەزانی.

جارێکیان لە وەلامی نامەیەکیدا، بۆ ئەوەی دڵنیای بکەم لەوەی من هەر لەسەر بەڵێنە کۆنەکەی خۆم ماوم، سەرەتای نامەکەم بەم شیعرەی 'سالم' دەسپێکرد:

ئەی قیبلەیی مورادم، ئاخۆ بە ڕۆژگاران
جارێ لە کەس ئەپرسی، حاڵی غەریبی تاران
بەو سوێندەی کە خواردم، من هەر ئەوەم کە دیوتم
حاشا بکەم فەرامۆش، میثاق و عەهدی جاران!

لە دێڕی دوەمی بەیتی یەکەمدا وشەی 'تاران'م گۆڕیبوو بە 'شاران.' بەڵێنم دایە هەر کارێ بۆ دەست پێ کردنەوەی شۆڕش دەس پێبکەن، من واز لە هەموو شتێکی خۆم ئەهێنم لە ڤییەننا و لەگەڵیان ئەبم."[1]

مام جەلال، لە ٢٢ ئایاری ١٩٧٥ لە شام، یەکەم بەیاننامەی دامەزراندی یەکێتی بە زمانی عەرەبی نووسی و دواتر دکتۆر کەمال فوئاد، پاش هەندێ دەستکاریەک، ڕۆژی ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە ئەوروپا بڵاوی کردەوە و لە زۆربەی ڕاگەیاندنەکانی دنیادا بە زمانی جیاواز چاپ و بڵاوبوەوە و لە کوردستانیش دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو.

دوابەدوای ئەو بەیاننامەیە، نەوشیروان مستەفا و هاوڕێکانی کۆمیتەی دەستەی دامەزرێنەریان لە ئەوروپا دروست کرد، نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "کەمال فوئاد و عومەر شێخموس و من، لە ئەوروپا کەوتینە دروست کردنی ڕێکخستنی ئەوروپا. لە ئەوروپاش کۆمیتەیەکمان پێکهێنا بە ناوی "دەستەی دامەزرێنەر" بۆ سەرپەرشتی دامەزراندن و چالاکی یەکێتی. زەمینەی سیاسی لەبار بوو، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، لە زۆری وڵاتانی ئەوروپا ڕێکخستنی فراوان دامەزرا. مام جەلال و هەڤاڵانی سوریا کەوتنە پێوەندی لەگەڵ کادرە ناسراوەکانی جوڵانەوەی کورد لە ئێران و لە عێراق. مام جەلال نامەیەکی بۆ بارزانی نوسیبو دەربارەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخستنە نوێیە

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ئەڵمانیا، ل٤٢.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەوڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

و دڵنیای کردبو لەوەی کە نەک دژی بارزانی نابێ، بەڵکو بە چاوی سەرکردەی جوڵانەوەی کورد سەیری ئەکا و بۆ پشتیوانی ئەبێ ئەو هەر هەنگاوێ بنێ."[1]

فەرەیدون عەبدولقادریش بە نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانەوە سەردانی مام جەلالی کرد لە بەرلین، ئەویش چەند راسپاردە و پێشنیارێکی پێدا ناردەوە بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە، داوای لێ کردن سەرکردایەتی ناوخۆ دامەزرێنن:

١. دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لە وڵات دابمەزرێنن؛ تێکەڵاو بێ لە ئەندامانی کۆمەڵە و کەسایەتی ناسراوی نیشتمانی و دیموکرات. ناوی هەندێ کەسیشی دیاری کردبوو، قسەیان لەگەڵ بکەن.

٢. پەیوەندی لەگەڵ کادرە پێشمەرگەییەکانی شۆڕشی ئەیلول بکەن، ڕێکخراوی پێشمەرگەیان لێ پێکبهێنن و ئامادەیان بکەن بۆ دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدار.

٣. لە هیچ حاڵەتێکدا، نابێ کوردستان بەجێ بهێڵن. لەکاتی لێقەومان و ئاشکرابوون‌دا، خۆیان بشارنەوە، یان بچنە شاخ.[2]

سەرکردایەتی دەرەوە هیوایەکی زۆریان لەسەر ڕێکخستنەکەی کۆمەڵە هەڵچنیبوو، لەو کاتەدا ناکۆکی کەوتبووە ناو ریزەکانی کۆمەڵەوە، شەهید ئارام و سالار عەزیز و مەلا بەختیار لەدژی سەرکردایەتی کۆمەڵە ڕاوەستابوون، نەوشیروان مستەفا لەوبارەوە دەڵێت: "بە ئاشکرا کەوتبوونە جموجوڵ و موهاتەرات و دامەزراندنی ڕێکخستنی تازە. سەرکردایەتی هەرچەند هەوڵی دابوو بە ڕێگایەکی ئوسوڵی چارەی ناکۆکییەکان بکا، کەڵکی نەبو. سەرئەنجام، بۆ ئەوەی لەو ئاژاوەیە دەربچن و ڕێکخستن لە لێدان بپارێزن، بڕیارئەدەن بڕۆن بۆ ئێران، بۆ ئەوەی لەوێوە بچن بۆ سوریا."[3]

لە ٢٣ ئەیلولی ١٩٧٥ شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید، عومەری سەید عەلی، ئاوات عەبدولغەفور، فەرەیدون عەبدولقادر، ئەرسەلان بایز و عەلی بچکۆل، بە نیازی چوون بۆ شام دەچن بۆ ئێران و دەستگیر دەکرێن. دواتر ١٩٧٦/١/١ تەسلیم بە عێراق دەکرێنەوە. دوابەدوای ئەوەش ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کەوتنە بەر هێرشی ڕاونان و گرتن، هەندێکی گیرا و هەندێکی خۆی شاردەوە.

بە گیرانی سەرکردە دیارەکانی کۆمەڵە، شاسوار جەلال (شەهید ئارام) کۆمیتەی هەرێمەکانی دروست کرد و ئامادەیشی دەردەبڕێ لەگەڵ مام جەلال و یەکێتیدا کاربکات. نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە کارەکانی کۆمیتەی هەرێمەکان دەنووسێ:

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، سەرچاوەی پێشوو ل ٤٣.

2 . هەمان سەرچاوە، ل ٤٨.

3 . هەمان سەرچاوە، ل ٤٨.

١. ئەندامەکانی کۆمەڵەیان ڕێکخستەوە، لەگەڵ زۆری ئەوانەی خۆیان شاردبوەوە و ئەوانەی ئاشکرا نەبوبون، پەیوەندیان دروستکرد و هەمو ئەو شانە و خەتانەیان پێکەوە گرێ دایەوە کە مابون و کۆمیتەیان لە شارەکانداً دامەزراندەوە و کەوتنە ڕاکێشانی تێکۆشەرانی تازە.

٢. پەیوەندییان لەگەڵ چەندین ئەفسەری شۆڕشگێڕ و کادری پێشمەرگایەتی دروستکرد و داوایان لێ کردبوون خۆیان ئامادەبکەن بۆ چونە شاخ.

٣. پەیوەندییان لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لە دەرەوە، بە تایبەتی لەگەڵ مام جەلال، دروست کرد.[1]

کاتێک مام جەلال نامیلکەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟) بە زمانی عەرەبی لە شام نووسێ، شاسوار جەلال لە کوردستان کردی بە کوردی.

**یەکەم: یەکێتی و خەباتی چەکداری**

سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بڕیاری دا لە یەکەم سالّیادی دامەزراندنیدا، ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦، دەستەی چەکداری بنێرێتە شاخ بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش. بەڵام پێش ئەو مێژووە، کۆمیتەی هەرێمەکان پێنج کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە شاسوار جەلال، نەجمەدین عەزیز (سالار)، حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)، عەبدولرەزاق محەمەد و ئازاد هەورامی، کۆمیتەی هەرێمەکانیان وەک سەرکردایەتیەکی دیفاکتۆ (امر واقع) دامەزراند. ئەوان پێش ئەو وادەیە لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٩٧٦، چەند مەفرەزەیەکی چەکداریان نارده شاخ.

هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی چەکداری، لەلایەن ئەو پێشمەرگانەوە کە هەندێکیان پێشینەیەکی خەباتی چەکداریی دیاریان نەبوو، لە هەمان کاتدا لەناو کۆمەڵگادا ناو و ناوبانگێکیان نەبوو، سەرکێشییەکی گەورە بوو، ماندوو بوونێکی زۆری دەویست، بە تایبەتی گەر بزانین ئەوان لە سەردەمێکدا چەکیان کردە شان، هێشتا سالّێک بە سەر ئاشبەتالّی شۆڕشێکی ١٤ سالّەی خاوەن ١٠٠ هەزار پێشمەرگەدا تێ نەپەڕی بوو؛ ئەوان لە هەلومەرجێکدا شۆڕشی چەکداریان دەست پێ کردەوە کە:

یەکەم: سەرکردایەتی پارتی، خەڵک و پێشمەرگەی بەجێهێشت و هەموو چەک و تەقەمەنیەکانی شۆڕشیان یا تەسلیم بە ئێران کردەوە یان بە عێراق.

دووەم: باشترین فەرماندەکانی شۆڕش تەسلیم بوونەوە، مالّی بارزانی هەموو سەروەتی شۆڕشی کوردستانیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو. کۆمەڵەش نە خاوەن دارایی بوو، نە ئەوەندەیش ئەندامی هەبوو کە ئابوونەکانیان بتوانێ، پێشمەرگەکان بژێنێت.

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.


ئەم کتێبە لە مالّپەڕی هەوالّنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سێیەم: هەموو حیزبە سیاسییە ئاشکرا و نهێنیەکانی کوردستان و عێراق، نەک پشتیوانیان لێ نەدەکردن، بگرە لە ناو خودی کۆمەڵەشدا جۆرێک لە دوو دڵی هەبوو، بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی چەکداری.

چوارەم: هیزە چەکدارەکانی حیزبی شیوعی، کە لەگەڵ رژێمدا لە هاوپەیمانیدا بوون، شانبەشانی جاشەکان بەدوای پێشمەرگەدا دەگەڕان.

پێنجەم: لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، رژێم ببووە خاوەن سەروەت و سامانێکی زۆری مادی و توانیبووی چەک و تەقەمەنی پیشکەوتوو بکڕێت و پێشمەرگەش جگە لە ژمارەیەکی کەمی چەکی سوک هیچی دیکەی شک نەدەبرد.

شەشەم: بەهۆی هەرەسی شۆڕشەوە، ژمارەی جاش و خیانەتکار زۆر زیادیان کردبوو.

حەوتەم: هیچ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمییان نەبوو.

سەبارەت بە هۆکارەکانی دروست کردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە، مەلا بەختیار دەنووسێت: "چونە دەرەوەی مەفرەزەکانی کۆمەڵە لە (باڵەیان و باڵەکایەتی، شارباژێڕ، جافایەتی، شارەزوور، قەراغ و گەرمیان، دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی، مەرگە) لەسەر ئەو بنەمایە بوو، مەفرەزەی وشیارکردنەوەی جەماوەر بن، هەتا زەمینە خۆش ببێ بۆ گەڕانەوەی مەفرەزەکانی دەرەوە. تەنانەت، هۆکارێکی ناردنی مەفرەزەکانی دەرەوەش (نەک هەموو هۆکارەکان) بۆ ئەوەبوو حکومەت هەموو فشارەکانی نەخاتە سەر چالاکی رێکخراوەیی و پێشمەرگەیی ناو وڵات."[1]

**دووەم: گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا**

سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بڕیاری گەڕانەوەی هەندێ لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری بۆ کوردستان دابوو. نەوشیروان مستەفا ئەرکی تەعبیەی پێشمەرگەی پێ سپێردرا و لە گوندی (دیریک)ی سەر سنوری عێراق و سوریا بارەگایەکی کردەوە، عەبدولڕەزاق عەزیز، دکتۆر خضر مەعصوم و کۆمەڵێک ئەفسەری توانای وەک نەقیب ئیبراهیم عەزۆ، سەید کەریم، حەسەن خۆشناو، فەرهاد شاکەلی، داود جاف، عەبدولڕەحمان سنجاری، سامان گەرمیانی و شوان صالحی لەگەڵدا بوو. ئەرکی ئەمان کۆکردنەوە و ناردنەوەی پێشمەرگە بوو بۆ کوردستان. لە نیسانی ساڵی ١٩٧٧دا خۆشی لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە، سنوری سێ بەشی کوردستانی بڕی و گەڕایەوە بۆ کوردستان.

---

1 . مەلا بەختیار، لەبەری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

دەزگای هەواڵگریی بەعس بەوردی چاودێریی گەڕانەوەکەی ئەویان کردووە. بۆیە لە ١٩٧٧/١٢/١٠ عەمید روکن قەیس عەبدولرەزاق بەڕێوەبەری ئیستخبارتی ناوچەی باکور، نووسراوێکی نهێنیی کردووە بۆ ئیستیخباراتی زاخۆ، دهۆک، موسڵ و سلێمانی، داوای هەواڵی گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفای لێ کردوون:

لە نووسراوەکەدا هاتووە: "نەوشیروان مستەفا ئەمین، کە خەڵکی پارێزگای سلێمانییە، پێشتر ئەندامی لقی چواری پارتی بەکرێگیراو بووە، لە ئەورووپا خەریکی خوێندن بووە، بەرلەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات، پێش چەند مانگێک، ئەورووپای بەرەو عێراق جێهشتووە و گەڕاوەتەوە، لە ئێستادا لە ناوچەی بادینان بینراوە. باس لەوەدەکرێت ٧٠ چەکداری لەگەڵ بێت. هەوڵ بدەن، بەوردی بە دواداچوون بکەن، ئەو هەواڵەمان بۆ پشتڕاست بکەنەوە، ئەگەر ڕاستە، بەزوویی هەواڵمان لێ بگێڕنەوە."

رائید طارق زیاد، ئامر مرکزی ئیستیخباراتی موسڵ لە ١٩٧٧/١٢/٢٧، هەواڵەکەی پشتڕاست کردووەتەوە و لە وەڵامدا نووسیویەتی:

١. زانیارییەکان ڕاستن، وەک چۆن ئێوە لە نووسراوەکەدا لەسەرەوە ئاماژەتان پێی داوە ، چۆتە خاکی تورکیاوە، پێشتر بەرپرسی بارەگای جەلالییەکان بووە لە (قەزای دیرک)ی سوری.

٢. ناوبراو لە ناوچەی بادینانەوە نەهاتۆتە نێو خاکی عێراق، لەوانەیە لە ناوچەی هەولێرەوە هاتبێتەوە و بەرەوە سلێمانی کەوتبێتە ڕێ.[1]

کاتێک نەوشیروان مستەفا گەڕایەوە، بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان زۆر جیاواز بوو لە پێنج ساڵی پێشتر، بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەویش لەگەڵ جاران زۆر جیاواز بوو. بینینی ئەورووپای دیموکرات و سەردانە بەردەوامەکانی بۆ ئەورووپای سۆسیالیست و خوێندنی زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و فەلەسەفە بە شێوەیەکی ئەکادیمی، لە باشترین زانکۆی نەمسا و لەسەر دەستی شارەزاترین مامۆستاکانی ئەورووپا، کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر گۆڕینی بیرکردنەوەی بۆ ئایدۆلۆژیا و شێوازەکانی خەبات و مەسەلەی خەباتی نیشتمانی و چینایەتی. دەکرێ بڵێین ئەو پێنج ساڵە بووە هۆی موراجەعەیەکی فکری تەواو بۆی. بۆیە گەڕانەوەکەی بە تەنها بۆ ئەوە نەبوو چەک بکاتە شان و ببێ بە پێشمەرگە، بەڵکو هاتبووەوە بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمێکی بەرفراوانی سیاسی، سەربازی و کولتووری لە جووڵانەوەی نیشتمانی کوردستاندا.

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٣) نووسراوی دەزگای هەواڵگری بەعس بۆ هاتنەوەی نەوشیروان مستەفا


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کاتێک نەوشیروان مستەفا هاتەوە بۆ کوردستان، کۆمەڵە لە دۆخێکی تایبەتدا دەژیا، بەشێک لە سەرکردەکانی لە سێدارە درابوون و بەشێکی دیکەشیان لە زیندانداا بوون، ڕێکخستنەکانی ناوشار و ئەوانەشی هاتبوونەوە دەرەوە بەدەست ناکۆکی فکری و تێڕوانینی جیاوازەوە گیریان خواردبوو، بەهۆی ئەوەی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەی کۆمەڵە لە تویژی کۆمەڵایەتی جیا و ئاستی خوێندەواری و باکگراوندی ڕۆشنبیری و پسپۆری جیاوازەوە هاتبوون، شتێکی سروشتی بوو ناکۆکی ئایدۆلۆژی، تێڕوانینیان بۆ گرفت و چارەسەرەکان جیاواز بێ.

سەرەکیترینیان مەسەلەی ناسنامەی کۆمەڵە و سنوری کارکردنی بووە، ئایا کۆمەڵە ڕێکخراوێکی ئینتەرناسیۆنالیستییە یان ڕێکخراوێکی ناسیۆنالستی کوردستانی، یاخود حیزبێکی کۆمۆنیستیی عێراقییە؟

ئەو کاتە نەوشیروان مستەفا گەڕایەوە، کۆمەڵە خۆی لە نێوان تێگەیشتنی سۆڤیەت بۆ مارکسیزم – لینینیزم و ئەو تێگەیشتنانەی دیکە بۆ ئەو ئایدۆلۆژیانە، وون کردبوو.

**سێیەم: تێزەکانی نەوشیروان مستەفا**

مام جەلال کە تەمەنێکی دورودرێژ، لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا کاری سیاسی کردووە و لە نزیکەوە ئاگاداری بیروباوەڕەکانی بووە، وەسفێکی ورد و پوخت بۆ دیدگاکانی ئەو بۆ پرسی کوردستان و مەسەلەی پەیوەندی سۆشیالیزم و شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی دەکات و دەڵێت: "لەناو ئەو برادەرانەی لەناو کۆمەڵەدا کاریان دەکرد، پێم وابوو نەوشیروان هۆشیارترینان بوو، پێم وابوو کە ئەو گەنجێکی هەڵکەوتوو، زیرەک، کوڕی باش و ئەقڵی باشە و چاک دەنووسێ، لە پاشان پێم وابوو کوردپەروەرێکی ڕەسەنە، واتا ڕەسەنییەکی هەبوو لە کورد پەروەردیدا، باوەڕ و تێوری و فەلسەفەی بەکاردەهێنا بۆ خزمەتی جەماوەری کورد و کوردستان و کوردایەتی و خەباتی میللەتی کورد و ڕزگارکردنی جووتیار و ڕەنجدەرانی کوردستان. وەک ئەو جۆرە مارکسیانە نەبوو کە هەڵواسرابێت بە جووڵانەوەی شیوعییەوە، بە قسەو بیروباوەڕ دابڕابێت لە جەماوەر. ئەوانە ڕەسەن نین کە پەلوپڕیشەیان هەڵدەکەندرێ و هەڵدەواسرێ بە دارەکانی تردوە، ئەوانە هەڵواسراوەکانن، نەوشیروان لەو کەسانەیە کە هەڵواسراو نییە، لەو کەسانەیە ڕەگ و ریشەی داکوتراوە لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا و بیروباوەڕی مارکسی لینینی و سوشیالیستی و هەموو ئەو بیروباوەڕانە بۆ خزمەتکردن و ڕزگارکردنی جەماوەری خەڵکی کوردستان و ڕەنجدەران و کرێکاران و جووتیاران و خەڵکی زۆرلێکراو بەکاردەهێنێت."[1]

1 . سەلاح ڕەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، بێ سال و شوێنی چاپ، ل ١٦.

لە بەختی نەوشیروان مستەفا، ئەوە بوو لە سەرەتای حەفتاکان ناچار بوو کوردستان بەجێبهێڵێت و لە وڵاتێکی وەک نەمسا بگیرسێتەوە، کە سیستمە سیاسییەکەی کۆمنیستی نەبوو. لەوەش گرنگتر ئەوە بوو، هەمان بواری خوێند کە پێشتر بەکەلۆریۆسی تێدا هێنابوو، بەڵام ئەمجارە بە چاوێکی کراوەترەوە، وردەکارییەکانی زانستی سیاسی موراجەعە کردەوە. گۆڕان لە بیرکردنەوەیدا روو دەدات. ئەم گۆڕانەش لەو نامەیەدا بەڕوونی دیارە کە لە ١٩٧٧/٩/٢٦ لە برادۆستەوە ناردوویەتیەوە بۆ محەمەد سابیری هاوڕێی. لەو نامەیەدا دیدگای خۆی بۆ پرسی کوردستان و مەسەلەی سۆشیالیزم و هەڵوێست بەرانبەر سۆڤیەت و چین و پەیوەندی کوردەکانی پارچەکانی کوردستان بە ڕوونی خستوەتەڕوو:

سەبارەت بە (کۆمەڵە) وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆی مارکسیستی – لینینی و ڕۆڵی لەناو یەکێتی و گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی کوردستان، نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی: "بوونی ڕێکخراوێکی وەها لە پشتی ڕێکخراوێکی جەماهیری فراوانی وەکو یەکێتی مانەوە بۆ پاراستنی خەتی دروستی سیاسی و عەسکەری و تەنزیمی، لە هەڵە و لادان شتێکی زۆر زەروورییە، بەڵام هەڤاڵانی مارکسی – لینینی، ئەبێ ئەوەیان لەبیر بێت کە بە خوێندنەوەی چەند کتێب و وتارێک ئیتر نابنە جێگری مارکس و لینین و لە مارکسیزمدا لایەنێکی گرنگی پێکەوە گرێدانی یاسا گشتییەکانی مارکسیزم – لینینیزمە، لەگەڵ باری تایبەتی وڵاتی خۆمان و گیروگرفتە تایبەتەکانی خۆمان. هەروەها (مارکسی بوون) هیچ ئیمتیاز و مافێکی زیادە لە هی خەڵکی تر ناداتە ئینسان، بەڵکو سەبارەت بەوەی هۆشیاری سیاسی و هەست بە مەسئولیەت کردنی زیاتر ئەکا، ئەبێ لە خەڵکی تر زیاتر ئیش بکا، قوربانی بدا، بەرگەی ناخۆشی و گیروگرفت بگرێ، گوێ لە بیروڕای خەڵکی ئیعتیادی بگرێت"

بەڕای نەوشیروان مستەفا کەسێک کە خۆی بە مارکسی – لینینی دەزانێ، دەبێ لە پێشدا لە رادەی گەشەکردنی کۆمەڵگاکەی خۆی تێگەشتبێ بۆ ئەوەی دروشمەکانی بتوانێ لەناو خەڵکدا جێی بێتەوە. لەو بارەوە نووسیویەتی: "ئیش کردن بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی مارکسیزم – لینینیزم لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا، بەندە بەباش تێگەیشتنی قۆناغی ئێستای خەباتی گەلەکەمان، وە بەو دروشمانەوە کە هەڵی ئەگرین، تاچ رادەیەک لەگەڵ پێویستییەکانی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵ و بزوتنەوەکەمان ئەگونجێ، بیروڕا و دروشم و سیاسەتی ی.ن.ک تاڕادەیەکی زۆر بەگوێرەی لێکدانەوەی چینایەتی و لەبەر تیشکی تیۆری (م . ل) داڕێژراون، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی بتوانین دروشمەکانی خۆمان لەسەر ئاستی جەماوەر بڵاوە پێ بدەین و بە واتایەکی تر بزوتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک بهێنینە ئاستی بیرکردنەوەی خۆمان. لەبەرئەوە


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەهێزکردنی ریزەکانی کۆمەڵە و بەهێز کردنی ریزەکانی (ی.ن.ک) تا ڕادەیەکی زۆر پێکەوە بەستراون و لەم قۆناغەدا لە یەکتری جیا ناکرێنەوە"..

نەوشیروان مستەفا دوای چەند ساڵێک لە دیراسەکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان، گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە نابێ ململانێ هەبێ لە نێوان چەپی شۆڕشگێڕ و راستی نیشتمانپەروەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، بەڵکو چەپی کوردستان، دەبێ هاوپەیمانی دروست بکات، لەگەڵ ئەو راستەی کە شۆڕشگێڕێکی نیشتمانپەروەرە، لە بەشێکی دیکەی نامەکەیدا دەنووسێ: "یەکێک لەو هونەرانەی ئەبێ کەسانی (م . ل) باشی بزانن گونجان و ئیشکردنە لەگەڵ عناصر و تێکۆشەری نا مارکسی. ئێستا لەناو بزوتنەوەی گەلەکەی ئێمەدا ژمارەیەکی زۆر خەڵک هەن ئامادەن خەبات بکەن، بەڵام (م . ل) نین. جا ئێمە لە خەباتی ڕۆژانەماندا زۆر توشی خەڵکی لەم بابەتە ئەبین وەک کۆمەڵەی خوێندکاران، (ی.ن.ک)، هێزی پێشمەرگە، یەکێتی و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان. گونجان لەگەڵ ئەمانەدا، دۆزینەوەی نوقاتی مشترەک و پەیڕەو کردنی سەرەتای یەکێتی-خەبات – یەکێتی یاخود یەکێتی – ڕەخنە- یەکێتی لەگەڵ ئەم عنصرانە هونەرێکی گەورەیە و ئەگەر ئێمە لەمەدا سەرکەوتوو نەبین، بێگومان خۆمان عەزل ئەکەین لە بزوتنەوەیەکی جەماهیری گەورە کە ئێستا بە ئاسانی جێگەی هەمومانی تێیدا ئەبێتەوە و پیویستمان بە پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوانە لە خەباتدا دژی حکومەت و کۆنەپەرستی کورد".

لای نەوشیروان مستەفا ڕوون بوو، بەبێ تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە ناتوانرێت شۆڕش بکرێت، هەرچەندە مارکسیزم – لینینیزمی بەو تیۆرییە دەزانی، بەڵام دەیزانی بەو میکانزیمە کلاسیکییەی کە نوخبەی چەپی کورد تەنها بە خوێندنەوە پێی ئاشنا بوون، ئەوە کارێکی عەمەلی نییە و دەبێ بەپێی هەلومەرجی کوردستان و بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزمونی گەلان، کەڵکی لێ وەربگیرێت. لێرەدایە هەڵوێستی خۆی لە نێوان چین و سۆڤیەت و ئەلبانیا کە ئەودەمە چەپەکانی کورد مشتومڕی زۆریان لەسەر دەکرد و هەر گروپە و بەسەر بەشێکیاندا دابەش بووبوون، ئەو بەڕوون و ڕاشکاوی دەڵێت: "دیاری کردنی هەڵوێستی خۆمان لەو ناکۆکییەی لە نێوان سۆڤیەت و چیندا هەیە، یاخود کە لە نێوان چین و ئەلبانیادا هەیە، هیچ قازانجێکی کۆمەڵە و بزوتنەوەی گەلەکەمانی تێیدا نیە، بۆ ریزەکانی خۆمان و لە ناو خۆماندا ئاگادار بوون بە وردی لە هەموو ئەو ڕوداوانەی دنیا شتێکی پێویست و زەروریە، بەڵام ڕووی سیاسەتمان ئەبێ وەکو ڤیەتنام یاخود کامبوج بێت و خۆمان داخلی بەزمێک نەکەین، کە نە هێشتا خۆمان بۆ حازر کردووە و نە قازانجمانە تێکەڵی بین."

بۆ مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان و میللەتانی دیکە، نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی: "بە هێزکردنی پەیوەندیتان لەگەڵ کوردی پارچەکانی تری کوردستان بۆ دۆزینەوەی عناصری هۆشیار، تێکۆشەر و مارکسی و لەگەڵ خەریک بوونیان کارێکی زۆر پێویستە، هەروەها بە نسبەت ئێرانی، عەرەب و تورک و میللەتانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست."[1]

لەبەرامبەر بۆچوونەکانی نەوشیروان مستەفادا، حیزبی شیوعی عێراق و ئەو گروپ و کەسایەتییە عێراقیانەی کە باوەڕیان بە مارکسیزم هەبوو، پێیان وابوو حیزبی مارکسیست لە سنوری یەک دەوڵەتی فرەنەتەوەدا، دەبێ لەسەر بناغەی یەکپارچەیی چینی کرێکار ئەو دەوڵەتە کار بکات، لەم سۆنگەیەشەوە ئەوان باوەڕیان بە هیچ حیزبێکی مارکسیستی کوردستانی نەبوو. ئەم بۆچونە ببوو بە قەناعەت بۆ بەشێکی بەرچاوی ئەو کوردانەشی خۆیان بە مارکسی دەزانی. وەک پێشتر باسمان کرد، هەندێ لە کادیرە دیارەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانیش هەژموونی ئەم بۆچوونەوەیان لەسەر بوو. لە دۆخێکی وادا، دەبوو نەوشیروان مستەفا بیسەلمێنێت کە مارکسیزم رێگری ناکات لەوەی کرێکارانی کوردیش حیزبی مارکسی خۆیان هەبێ.

لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨، وتارێکی لە وەرزنامەی کۆمەڵەدا بە ناوی "بۆچی وەرزنامەکەمان ناوی نراوە کۆمەڵە؟" بڵاوکردەوە، ئەو وتارە جگە لەوەی وەڵامێکی گونجاوە بۆ ئەوانەی کە پێیان وابوو نابێ کورد خاوەنی رێکخراوی مارکسیستی خۆی بێت، لە هەمان کاتدا هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەوەی کۆمەڵە بە ئاراستەی کوردستانییبوون دا ببرێت. لە وتارەکەدا ئەوەی خستوەتە روو کە کۆمەڵە دەرهاویشتەی پێشکەوتن و گۆڕانکارییە لە کۆمەڵگای کوردستان و نووسیویەتی: "کۆمەڵە وەکو نواندنەوەیەکی لە پێویستیە هەرە گرنگەکانی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵی کوردستان لەدایک بوو، وە بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە ناسنامەی خۆی لە حیزب و تاقم و دەستەکانی تر جیا بکاتەوە، وە بۆ ئەوەی رێبازەکەی خۆی بێ شاردنەوە و پێچ و پەنا دیاری بکات و بۆ ئەوەی فەلسەفەی زانستی و خاوێنی مارکسیزم – لینینیزم لە شێواندنی نارەوا و بوختانی بێ جێ و قسەی درۆ بپارێزێت و لە مەیدانی کار و جێبەجێ کردندا روی گەش و زانستی، گیانە زیندوەکەی، جەوهەرە بەنرخەکەی دەربخات، ناوی خۆی نا کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان".[2]

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٤) نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ محەمەد سابیر ١٩٧٧/٩/٢٦

2 . بۆچی وەرزنامەکەمان ناوی نراوە کۆمەڵە؟ کۆمەڵە (گۆڤار)، ژمارە ٢، زستانی ١٩٧٩، ل١٢.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا هاتووە: "بە هەبوونی پارتی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان، بەرەی یەکگرتووی چینە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتوخوازەکانی کۆمەڵی کوردستان، لەشکری رزگاری گەل کە ئەو دەم هیچ کام لەم مەرجانەی سەرکەوتنی لەسەر ئەرزی کوردستانی عێراق بەدی نەئەکرد و بۆ ئەم مەبەستە کەوتە خەبات و تێکۆشان. کەوتە هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی (م.ل) بۆ پەروەردەکردنی تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕ بەم بیروباوەڕەوە بۆ سازدان و ڕێکخستنیان، بۆ کۆکردنەوە و خستنەگەڕیان ئەگەر چی کەم و نایابیش بوون، ئەگەرچی سەخت و دژوار بوو، ئەگەرچی ماوەیەکی درێژیشی ئەویست."[1]

لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری کۆمەڵەدا، نەوشیروان مستەفا یەکەم توێژینەوەی ئایدۆلۆژی دوورودرێژی لە بارەی گرنگیی هەبوونی حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستانەوە، بڵاوکردووەتەوە. وتارەکە بە ناوی 'بەرەو پێکهێنانی حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان' بووە.

لە سەرەتای توێژینەوەکەیدا شیکارییەکی کۆمەڵناسی مارکسییانەی بۆ رەوتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان کردووە و پێی وایە بەهۆی بوونی ناکۆکی چینایەتییەوە، هەموو کۆمەڵگایەک لە گۆڕان و جووڵەیەکی بەردەوامدایە: "کۆمەڵ هەمیشە لە باری گۆڕان و گەشەکردندایە، بزوتنەوەیەکی نەکوژاوە و دانەمرکاو لە هەناویا ئەجۆشێ. بەرەو پێشەوە تەکان ئەدات کە لە سەروی ویست و ئارەزوی کەس و تاقمەوەیە، بزوتنەوەیەکی بابەتیە، وە بە چەشنێکی سەرەکی لە گەشە کردنی ناکۆکییەکانی ناوەوەی کۆمەڵەوە پەیدا ئەبن، واتە ناکۆکی نێوان هێزە بەرهەم هێنەکان و پەیوەندییەکانی هێنانە بەرهەم و ناکۆکی نێوان چینەکان و ناکۆکی نێوان کۆن و نوێ... گەشەکردنی ئەم ناکۆکییانەیە کە پاڵ بە کۆمەڵەوە ئەنێت بۆ پێشەوە ئەو تەوژمە پێک ئەهێنێت بۆ رامالینی کۆمەڵی کۆن لە لایەن کۆمەڵی نوێوە.

یەکێک لەو دەرکەوتانەی رەوتی بزوتنەوەی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵ دەریخستون و دەڵاندونی ڕێکخستن بوە، ڕێکخستن فینۆمینایەکە (دیاردە) لە پێویستییەکانی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵەوە، لە پێویستییەکانی بزوتنەوەوە هەڵقوڵاوە."[2]

پاشان ئەو تیۆرییە بەسەر کۆمەڵی کوردستاندا جێبەجێ دەکات و دەنووسێ: "کۆمەڵی کوردستان، وەکو هەموو کۆمەڵێکی تری دنیا لەحاڵی گۆڕان و گەشەکردندایە،

---

1 . بۆچی وەرزنامەکەمان ناوی نراوە کۆمەڵە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

2 . جوامێر، بەرەو پێکهێنانی حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان، گۆمەڵە (گۆڤار)، ژمارە ٣، ١٩٧٩،ل ٦٧.

بزوتنەوەی تێدایە، ناکۆکی چینایەتی تێدایە، ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی تێدایە، ناکۆکی نێوان کۆن و نوێ، ناکۆکی نێوان هەوڵی خۆپاراستنی نەتەوایەتی و هەڵوەشین، لە نێوان هەوڵی خۆ رزگارکردن و هەوڵی داگیر کردنی بێگانەی تێدایە.

کۆمەڵی کوردستان چەندین ناکۆکی، چەندین گرێی ئاڵۆز، چەندین جۆر چەوسانەوەی تێدایە، بزوتنەوەی گۆڕان و گەشە کردنی بەردەوامە، بەڵام هەندێک هێزی بەشداری ئەکەن لە بەهێز کردن و پاڵ پێوەنان و رێکخستن و سازدانیدا، هەندێک هێزی تری تێدایە کۆسپ ئەخاتە رێگاکەی و تەگەرەی لێ ئەدات.

قۆناغەکانی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵی کوردستان، ئەگەر لەگەڵ قۆناغەکانی گۆڕانی میللەتانی تری دراوسێی، هی ناوچەکە، هی دنیا بەراورد بکرێت، گەلێک تایبەتمەندی و یاسای تایبەتی خۆی هەیە.

گۆڕان و گەشەکردنی قۆناغی پچڕپچڕی ژیانی خێڵەکی و میرنشینی بەرەو قۆناغی نوێی یەکگرتنی نەتەوەیی.

نەبوونی ماوەی گۆڕان و گەشە کردنی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی... ئاسایی و دەس تێوەردانی بێگانە، ئیمپریالیزم و چینە دەسەڵاتدارەکانی نەتەوە گەورەکانی دراوسێ، ئەمانە هەندێکن لەو تایبەتمەندیانە."[1]

لە جێگەیەکی دیکەی لێکۆڵینەوەکەیدا دێتە سەر تایبەتمەندییەکانی کوردستانی باشور و شیکارییەکی ورد بۆ واقعی ئەو سەردەمە دەکات و دەنووسێ: "کوردستانی عێراق لە لایەکەوە پارچەیەکە لە کوردستانی نیشتمانی مێژوویی خەڵکی کوردستان کە ئێستا بەسەر چەند دەوڵەتدا دابەشکراوە، کوردستانی عێراق لە لایەکەوە پارچەیەکە لە عێراق کە دەوڵەتێکە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم لەلایەن ئیمپریالیزمەوە دروست کراوە.

لەبەر ئەوە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی عێراق ئەبێ لە لایەکەوە پەیڕەوی ئەو قانونە سەرەتایانە بکات، کە لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کورددا هەیە وەکو بزوتنەوەیەکی مێژوو کردی بابەتی، پێشکەوتوخواز، شۆڕشگێڕ، دژی ئیمپریالیزم، کە خۆی ئەنوێنێ لە خەباتی هێزە پێشکەوتخوازەکانی کوردستاندا لە پێناوی بەدەسهێنانی مافی سەربەستی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا. لەلایەکی ترەوە ئەبێت پەیڕەوی ئەو قانون و سەرەتایانە بکات، کە لە ناو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نیشتمانی و دیموکراتی خەڵکی عێراقدا هەیە، کە بزوتنەوەیەکی

1 . جوامێر، بەرەو پێکهێنانی حیزبی پێشرەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دیموکراسی، نیشتمانی، پێشکەوتخواز، دژی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و خەبات ئەکات لە پێناوی دیموکراسی و بەدیهێنانی سەربەخۆیی سیاسی، ئابووری، سوپایی.. عێراقدا.

کوردستانی عێراق لە لایەن رەگەزپەرەستانی عێراقەوە، کاول ئەکرێ، چۆڵ ئەکرێ، هەوڵی گۆڕینی روخساری نەتەوەیی ئەدرێت، سەروەت و سامانی سروشتی و بەشەری تاڵان ئەکرێ، لەگەڵ خەڵکەکەی لەسەر بنچینەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و جیاوازی رەگەزایەتی رەفتار ئەکرێ، رەگەزپەرستەکانی عەرەب لاسایی سەهیۆنییەکانی ئیسرائیل ئەکەنەوە بۆ دوبارە کردنەوەی تەجروبەی داگیرکردنی سەرزەمینی کوردستان بە دەرکردنی کورد و هێنانی هۆز و تیرەی عەرەب.

کوردستانی عێراق کۆمەڵێکی فرە چینە، ناکۆکی چینایەتی تێدایە، بەڵام کۆمەڵی کوردستان نە بەتەواوەتی پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەدارییەوە، وە نە بەتەواوەتی لە قۆناغی دەربەگایەتیدا چەقیوە. چینە چەوساوە و رەنجدەرەکان خەبات ئەکەن لە چەوسانەوە و زۆر لێکرانی چینایەتی رزگاریان بێت، چینە چەوسێنەر و رەنج خۆرەکان هەوڵ ئەدەن پاریزگاری دەسەڵاتی خۆیان بکەن.

لە کوردستاندا هەلومەرجی مادی تەقینەوە بە تەوژمی بزوتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی کوردستان هەیە و هەلومەرجی مادی تەقینەوەی تەوژمی بزوتنەوەی چینایەتی و کرێکاری و جوتیاری هێشتا کەم و کزە. چەوسانەوەی نەتەوایەتی کە زۆر جار شێوەی جیاوازی رەگەزایەتی بەخۆیەوە ئەگرێ، کۆسپ و تەگەرەی زلی خستوەتە بەردەم گەشەکردنی ئاسایی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی خەڵکی کوردستان."[1]

بە بۆچوونی نەوشیروان مستەفا، دەبێ کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستانیش هاوشێوەی کرێکاران و رەنجدەرانی وڵاتانی دیکە بە ئەرکی خۆیان هەستن و پارتی پێشڕەوی خۆیان دروست بکەن.

لە تۆژینەوەکەیدا، جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە ئەو پارتی پێشڕەوەی لە کوردستان دروست دەبێ، لەپاڵ هەبوونی ناسنامەی چینایەتی، هەلومەرجی داگیر و دابەشکراوی کوردستان و واقعی کۆمەڵگای کوردستانیش لەبەرچاو بگرێت: "حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان ئەبێت ئینترناسیۆنالیست بێت، نەک بەو مەعنایەی ببێتە دەسکەلاو لاسایی کەرەوە و بلوێرژەنی ئەم و ئەو، بکەری سیاسەت و جێبەجێکەری ستراتیجی و دەسکەوتی ئەم و ئەو، بەڵکو ئەبێت ئینترناسیۆنالیست بێت بەو مەعنایەی کە خەباتی گەلی کورد بەشێکە لە خەباتی گەلانی زۆرلێکراوی دنیا، کە قازانجی

1 . جوامێر، بەرەو پێکهێنانی حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣..

گەلانی دنیا بەیەکەوە بەستراوە، کە ئەبێت هاوکاری و هاوخەباتی و پشتیوانی یەکتری بکەن، کە گەلان هەموو وەکو یەکن، هیچ نەتەوەیەک لە هیچ نەتەوەیەک زل تر و زیرەک تر و چاکتر نییە. ئەبێت ئینتر ناسیۆنالیست بێت بەو مەعنایەی کە خەباتی گەلی کوردستان گرێ بدات بە خەباتی گەلانی زۆرلێکراوی دنیا و پرۆلیتاریای جیهانەوە لە پێناوی لەناوبردنی ئیمپریالیزم و سەرمایەداریدا، لە پێناوی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی چەوسانەوە و زۆر لێکران و جیاوازیدا، لە پێناوی دامەزراندنی سۆسیالیزمدا.

حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان بۆ ئەوەی توشی ئەو هەڵە کوشندەیە نەبێت، هەروەکو ئەبێت لە رێکخستن و کارکردندا سەربەخۆیی هەبێت لە بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی واقیعی ولاتەکەی خۆی و کۆمەڵەکەی خۆیشیدا سەربەخۆ بێت... بۆ ئەوەی بتوانێت بەراستی ئینترناسیۆنالیست بێت، ئەبێت بەڕاستی سەربەخۆ بێت. سەربەخۆ بوون نەک بەو مەعنایەی گەشە سەندن و تاقم و دەستەی ریفیژنیست بەکاری ئەهێنن بۆ پاساودانی هەڵگەڕانەوە لە سەرەتا و قانونە گشتییەکانی (م.ل) بۆ داپۆشینی پەشیمان بونەوە و پاشەکشە لە (م.ل) "[1]

خاڵی هەرە گرنگی توێژینەوەکەی نەوشیروان مستەفا، باس کردنی رۆڵی دینە لە کۆمەڵگادا، ئەو بە خستنەڕووی رۆڵی دین لە بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی دنیا و یەکخستنی وزە و توانای گەلان بۆ دژایەتی کردنی زوڵم و ستەم بە هەموو شێوازەکانیەوە، دێتە سەر رۆڵی دین لە کۆمەڵگای کوردستان و چۆنێتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیدا و دەنووسێ: "لە کوردستاندا دین حورمەتێکی یەکجار زۆری هەیە لەلای خەڵک، پیاوانی دین ئەتوانن دەوری گەورە بگێڕن لە راپەڕاندن و سازدانی کۆمەڵانی خەڵکدا دژی زوڵم و زۆر و ستەم. ئەگەر لە هەندێ کات و شوێندا عەشیرەت و تیرە و خێڵ دەوری کۆنەپەرستانەیان گێڕابێت لە رێ گرتنی پێشکەوتن و یەکێتی نیشتمانی و نەتەوەییدا، لە هەندێ کات و شوێنی تردا دەوری نیشتمان پەروەرانە و پێشکەوتوخوازانەیان گێڕاوە دژی داگیرکەران و ئیمپریالیزم، عەشیرەت وەکو کەرتێکی کۆمەڵایەتی جیاوازی گەورەی هەیە لەگەڵ شێوەی کلاسیکی سیستەمی دەرەبەگیدا. لە پەیکەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردستاندا دەورێکی گرنگی هەیە و ئەتوانێ دەوری زیانبەخش و رێگری شۆڕش یا دەوری چاک و بەشداری کەری هەبێت لە شۆڕشدا.

حیزبی پێشڕەو نەخشە و پلان و بەرنامەکەی ئەبێت بەپێی 'واقعی بابەتی' دابنێت، نەک بە پێی 'ئارەزوی خۆی' . 'ئارەزوی خۆی' نابێ بخرێتە جێگەی 'واقعی بابەتی'یەوە.

1 . جوامێر، بەرەو پێکهێنانی حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان، ئەبێت هەوڵ بدات بەچاکی لەم 'واقیعە بابەتیە'یانە بگات، ئەبێت تیۆری پێشڕەو بکاتە ڕێبەری کار و چرای ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای ڕاست، ئەبێ بیکاتە پێوانەی زانستی لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەم 'واقیعە بابەتییانە' نەک بۆ ئەوەی لێکیان بداتەوە و تەفسیریان بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی لەگەڵ قانونەکانی گۆڕان و گەشەکردندا بیان گونجێنێ و بە قازانجی گۆڕین و گەشە پێدانی و بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵی دواکەوتوی کوردستان بیانخاتە گەڕ. ئەبێت هەوڵ بدات بۆ هێنانە جۆش و خرۆش و بەگەڕخستنی چینوتوێژ و تاقمە شۆڕشگێڕەکان، عەشیرەتو هۆز و خێڵ و تیرەی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەرەکان.

ئەبێت هەوڵ بدات بۆ هێنانە جۆش و خرۆش و ڕاپەڕاندنی پیاوە ئاینییەکانی کۆمەڵ، ئەبێت حورمەتی باوەڕی ئاینی خەڵک، حورمەتی وێژدان، حورمەتی بیروڕا و خووڕەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتی خەڵک بگرێت.

حیزبی پێشڕەو ئەبێت هەموو ئەو وزە و توانا گەورانە بتەقێنێتەوە بە قازانجی شۆڕش، بە قازانجی گۆڕینی کۆمەڵ، بە قازانجی هەڵتەکاندنی بناغەکانی کۆمەڵی کۆن و دامەزراندنی کۆمەڵی نوێ، بە قازانجی گۆڕینی پەیوەندی چەوسێنەرانەی بەرهەم هێنەران، بە قازانجی نەهێشتنی زوڵم و زۆر، نەهێشتنی هەموو شێوەکانی چەسانەوەی نەتەوایەتی، چینایەتی، ڕەگەزایەتی، مەزهەبی، فەرهەنگی."[1]

دوای گەڕانەوە و سەقامگیربوونی لە کوردستان، نەوشیروان مستەفا لەبەردەم هەڵگرتنی ئەرکێکی مێژوویی گەورەی نیشتمانیدا بوو، دەیزانی بەیەکجار و بە ئاسانی نایەتەدی، بەڵکو دەبێ کاری بۆ بکرێت و زەمینەی جێبەجێ کردنی بۆ بڕەخسێنێ. لەو توێژینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە هەموو ئەو دیدگا تەقلیدییانەی هەن بۆ کوردایەتی و مارکسیزم و لینینیزم، تێکبشکێنێت. باوەڕی تەواوی بە تیۆری دروست کردنی کۆنفدراسیۆنی حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا هەبوو. ئەو بەرنامەی ئەوەی هەبوو ئاراستەی خەباتی سیاسی و چەکداری حیزبەکانی کوردستان بەرەو ئەو لایە ببات کە وەک کێشەی گەلێکی نیشتمان داگیر و دابەشکراو بنواڕنە پرسی کورد، نەک نیشتمانەکەیان بە بەشێک لە وڵاتە داگیرکەرەکە بزانن و خەباتەکەشیان لە جوغزی ئەو باوەڕەدا قەتیس بکەن. لە بەرانبەر گەیشتن بەو ئامانجانەی کە دەیوست جێبەجێیان بکات، کۆمەڵێک بەربەستی گەورە هەبوون دەبوو نەوشیروان مستەفا حسابیان بۆ بکات و بەنەفەسی درێژەوە دەستوپەنجەیان لەگەڵدا نەرم بکات.

---

1 . جوامێر، بەرەو پێکهێنانی حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

### ١. سایکۆلۆژیەتی شکست و کڕووزانەوە

بەدرێژایی داگیرکردنی کوردستان و ئەو هەموو تاوان و مالوێرانیەی کە بەسەر گەلی کوردستاندا هاتوە، هەستێکی وای لای مرۆڤی کورد دروستکردوە کە ئەوی دیکەی (عێراق)، بە هێزێکی سەرکەوتووی وا لە قەڵەم بدات هیچ کات شکست ناهێنێ و خۆشی بە گەلێکی پەرتەوازەی بێ دەسەڵات و نقوم بووی ململانێی ناوخۆیی لەقەڵەم بدات. هەرەسی شۆڕشی ئەیلول هێندەی دیکە ئەو سایکۆلۆژیەتی تێکشاوییەی لەلادا بەهێز کرد. نەوشیروان مستەفا نەبوونی دەوڵەت بە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەو کولتوورە دەزانێ و دەڵێت: "فەرهەنگی کڕوزانەوە بۆ بەدەسهێنانی بەزەیی بەرامبەر، بەشێکە لە کەسایەتی کورد. رەنگە بێ دەوڵەتی و ژێر دەستەیی درێژخایەنی دەسەڵاتی بێگانە لە دروستکردنی ئەم فەرهەنگەدا کاریگەر بوبێ. تاکی کورد بۆ بەدەسهێنانی مافەکانی، لە جیاتی ئەوەی خۆی بە خاوەن هەق دابنێ و داکۆکی رەوا لە خواستەکانی بکا، هەوڵ ئەدا لە ڕێی ئەوەوە کە گوناحە، نەگبەتە، بەدبەختە، لێقەوماوە، لاواز و زۆرلێکراوە، بە پاڕانەوە و لاڵانەوە و نوزانەوە هەستی بەزەیی لە بەرامبەرەکەی دا ببزوێنێ و، خواستەکەی پێ بسەلمێنێ. ئەوە لە کەسایەتی بە کۆمەڵی کوردیش دا، لەوانە لە سەرکردایەتی حیزبەکان دا، رەنگی داوەتەوە."[1]

### ٢. ئاوێتەبوونی ئایدۆلۆژییەکان

سەرەڕای ئەوەی چەپی شۆڕشگێڕی کوردی و عەرەبی قوربانییەکی زۆریان داوە لە پێناوی هاتنەدی مافە نەتەوەییەکانی کورد، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا بوونەتە کۆسپی گەورە لە بەردەم بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەدحاڵیبوونی بەشێک لەوانەی خۆیان بە مارکسی دەزانی و هەندێ تەرحی ناواقعی و نەگونجاویان لەگەڵ دۆخی کوردستان دەخستەڕوو. بەشێکی دیکەشیان نەیاندەتوانی لەو چوارچێوەیە دەرچن کە یەکێتی سۆڤیەت، وەک بەرژەوەندی باڵای ئینتەرناسیۆنالْ بەسەریاندا فەرزی کردبوون، وای تێگەیاندبوون کە نابێ لێی لادەن. کۆمەڵەش لەبەرئەوەی لە دروستبوونییەوە تا ئەو کاتەی نەوشیروان مستەفا گەڕایەوە کوردستان، چەند جارێک ئایدۆلۆژیای خۆی لە چەپی ناسیۆنالیزم بۆ مارکیسیزم و لینینزم و ماویزم گۆڕی بوو، ئەندامەکانی تووشی جۆرێک تێکەڵوپێکەڵ بوونی ئایدۆلۆژی بووبوون، چارەسەر کردنی ئاسان نەبوو.

### ٣. ناسیۆنالیزمی پارچەپارچە

جیاوازییەک هەبوو لەدۆخی کۆلۆنالیزمی کوردستان، لەگەڵ کۆلۆنالیزمی کلاسیکی، بەهۆی پارچەپارچە بوونی کوردستانەوە، لە هەناوی کۆمەڵگای کوردستاندا رەوتێکی

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین، خەون یان مۆتەکە، کتێبی چوارەم – بەرگی چوارەم یاداشت، (دەستنوس)


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

عێراقچێتی (بازرگانی، کولتووری، بیرۆکراسی و ئایدۆلۆژی) بەهێز دروست بووبوو، ناسیۆنالیزمی یەکگرتووخوازی کوردی بەلاوە بووبووە مەحاڵ و باوەڕی تەواوی بە عێراقچێتی هەبوو، لە باشترین حاڵەتیشدا پشتیوانیان لە رەوتە ئۆتۆنۆمیخوازەکان دەکرد. ئەم جۆرە گوتارە عێراقچێتیە ئۆتۆنۆمییخوازە، جگە لەوەی لەناو بزوتنەوەی کوردایەتی باشوردا چەقی داکوتابوو، لەناو کۆمەڵەشدا، کەسانێک هەبوون گوتاری ناسیۆنالیزمی یەکگرتووی کوردیان بە گوتارێکی ناواقعیانە دەزانی و یان پێیان وابوو لەوانەیە لە داهاتوویەکی زۆر دووردا روو بدات.

نەوشیروان مستەفا، دەیویست ئەم گوتارە ئۆتۆنۆمیخوازە بگۆڕێت بە گوتارێکی نەتەوەیی واقعیگەرانە، واقعیگەرانە بەو مانایەی هەموو هێزەکانی خۆت بخەیتەگەڕ بۆ رزگاربوونی ئەم بەشە و لەکاتی پێویستیشدا پشتیوان بێت بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان، وەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٢ کردی و هێزی پشتیوانی نارد بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەقڵیەتی چەپگەرای رادیکاڵ و ناسیۆنالیزمی پارچەگەرای کوردستان کە ئەویش خۆی لە بەرگی چەپدا دەنواند، بەربەست بوون لەبەردەمیدا.

**چوارەم: گەڕانەوەی مام جەلال**

لە تەموزی ساڵی ١٩٧٧ مام جەلال گەیشتەوە کوردستان، نەوشیروان مستەفا کە لە چاوەڕوانیدا بوو، بەمجۆرە باسی ساتی یەکتربینینی خۆیانی کردوە: "مام جەلال سواری وڵاخ بوو، من پیادە بوم، لێی پرسیم: "وەزعی وڵات چۆنە؟". وتم: "ئێستا ماندوم، لەم هەورازەدا ناتوانم زۆر قسە بکەم، بەڵام هەر ئەوەندەت پێ ئەڵێم، ئێمە: ئەوانەی دەرەوە، لەگەڵ ئەم برادەرانەی ئێرە، هەر ناوەکەمان یەکە، ئەگینا لە هەموو شتێکدا جیاوازین. وەزعی شۆڕشەکە بەهۆی هێرشی جەیش و تەسلیم بوونەوەی زۆری پێشمەرگە، خراپە. ئەبێ خەریکی هەڵسانەوەی بین، بەجێهێشتنیان لەم کاتەدا عەیبە، ئەگینا هەر لێرەدا پێشنیارم بۆ ئەکردی، بە کام ڕێگادا هاتوی بە هەمان ڕێگادا بگەڕێینەوە بۆ دەرەوە."[1]

بە گەڕانەوەی مام جەلال، شۆڕش و یەکێتی گۆڕوتینێکی دیکەی بە خۆیەوە بینی و ژمارەیەکی زۆرتر لە کەسایەتییە نیشتیمانی و کوردپەروەرەکان کە لە شۆڕشی ئەیلولدا ڕۆڵی سەرکردە و فەرماندەیان هەبوو و لە پاش نسکۆ پەرتەوازە بووبوون، پەیوەندیان بە یەکێتی و شۆڕشی نوێوە کرد. یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەر لە سەرەتاوە وەک نیمچە بەرەیەک پێکهاتبوو، بریتی بوو لە سێ باڵ: کۆمەڵەی مارکسی لینینی، بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، خەتی گشتی.

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

لە رۆژانی ٣١ ئاب تا ١٢ ئەیلولی ساڵی ١٩٧٧ چەند کۆبوونەوەیەک کرا بۆ دەست نیشان کردنی سەرکردایەتی یەکێتی لە هەرسێ باڵەکەی یەکێتی (کۆمەڵە، بزوتنەوە و خەتی گشتی). نوێنەرانی کۆمەڵە پێداگریان دەکرد نەوشیروان مستەفا لەگەڵ شاسوار جەلال (ئارام) لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا نوێنەرایەتی کۆمەڵە بکەن؛ بەڵام نەوشیروان مستەفا لەگەڵ سالار، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، عومەر عەبدوڵڵا کۆ دەبێتەوە و بەڕاشکاوی پێیان دەڵێت: "ئەو چەند ساڵە من دوربوم لەکاری کۆمەڵە. ئێوە ماندوبون و فیداکاریتان کردوە. نامەوێ من بێمە سەر حازری. چی بە من بکرێ بۆ پشتیوانیتان، دریغی ناکەم، بەڵام ئەمەوێ لە دەرەوەی کۆمەڵە بم. من ئەندامی "دەستەی دامەزرێنەرم"، خۆم بە ڕۆتینی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیم وەکو هەڤاڵەکانی تر. چاکتر وایە ئەو جێگایەی بۆ منی تەرخان ئەکەن، بیدەن بە برادەرێکی تر. سەرباری ئەمانەش لێتان ناشارمەوە: من باوەڕم بە کۆمۆنیزم نیە ڕاستیەکەشی ئەوە بوو توشی "خیبة أمل" بوبوم لێیان، ئەمویست بێ ئەوەی دڵیان بشکێنم، تێکەڵاوی کاری ناو کۆمەڵە نەبم."[1] مام جەلالیش پێداگری لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە هەر دەبێ نەوشیروان مستەفا لەناو کۆمەڵەدا بمێنێمەوە. بۆ ئەوەی بە باری باشەدا کاریان لەسەر بکات، ئەویش بە نابەدڵی رازی دەبێ.

بەمجۆرە نوێنەرانی کۆمەڵە بریتی بوون لە نەوشیروان مستەفا و شاسوار جەلال کە ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی و مولازم عومەر و سالار عەزیز. لەگەڵ نوێنەرانی بزوتنەوە و خەتی گشتی. بە رازیبوونی نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوەی لە کۆمەڵەدا کار بکات، دەرگای ئەرکێکی گەورە و گرانی لە خۆی کردەوە، چونکە بە فەرمی گەڕایەوە بۆ ناو کۆمەڵە؛ کۆمەڵەیەک کە دەستەی یەکەمی سەرکردەکانی یا شەهید بوون یان لە گرتووخانەکاندا بەندبوون و ئێستا دەستەی دووەم هاتبووە پێشەوە کە بە تەمەن گەنج و بە گوفتار و ڕەفتار رادیکاڵ و توندڕەو بوون.

لە کۆبوونەوەکەدا مام جەلال وەک سکرتێری گشتی یەکێتی هەڵبژێردرا، هەروەها بڕیار درا لە هەر ڕێکخراوێکیش چوار کەس وەک سەرکردایەتی یەکێتی هەڵبژێردرێ و هێزی پێشمەرگەش ڕێکخرایەوە و دابەشکران بەسەر چەند هەرێمێکدا، هەرێمەکانیش بریتی بوون لە هەرێمەکانی بادینان، پێنجوێن و هەورامان، دەشتی هەولێر، خۆشناوەتی، دەشتی کەرکوک. قەرەداغ، پشدەر و شارباژێڕ. هاوکات لەگەڵ ئەو کۆبوونەوانەدا، لە ١٩٧٧/٩/٣ لە ناوچەی برادۆستەوە نەوشیروان مستەفا لە

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نامەیەکدا باری سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لەسەر دۆخی کوردستان و هێزە پێکهێنەرەکانی ناو یەکێتی بۆ (فەرید – دکتۆر کەمال فوئاد) بەم جۆرە نووسیوە.

سەبارەت بەو بەرنامەیەی کە لە دەرەوە هەیانبووە بۆ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی بکرێتە ئەولەویەتی کاری هەموو رەوتە پێکهێنەرەکانی، لە نامەکەدا نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی: "جێگەی داخە ئەوەی ئێمە لە دەرەوەی وڵات بیرمان لێ دەکردەوە و بەناوی یەکێتیەوە رێکمان خست، لێرە بە شێوەیەکی تر کراوە، هەر ناوەکانمان لەیەکەوە نزیکە، خەڵک بە بیروباوەڕی یەکێتی زۆر کەم پەروەردە کراون و ئەو دوو رێکخراوە (کۆمەڵەی رەنجدەران و بزوتنەوەی سۆسیالیستی) هەرکەسیان بۆخۆی هەوڵی داوە خەڵک پەیدا بکات و منافەسە و بەربەرەکانێیەکی بێجێی یەکتریان کردووە کە زۆری لەسەر شتی مەبدەئی نەبوە. برادەرانی هەردولا زۆریان پێخۆش بوو کە ئێمە گەڕاوینەتەوە و هەردولا تا ئێستا گوێ لە رەئیەکانی ئێمە ئەگرن و ئێمەش زۆر هەوڵ ئەدەین کە ی.ن بەهێز بکەین و ئەو شتانەی لە دەرەوە بڵاوکراونەتەوە، جارێکی تر هەموی اعادەی طبع بکەینەوە بۆ ئەوەی خەڵک بەو گیانە پەروەردە بکرێن. مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و لیژنەی لق و ناوچەی تێکەڵاو لە هەردو ئیتجاهـ و لە خەتی گشتی پێکبهێنرێنەوە، و هەروەها ئیعادەی تەنزیمی پێشمەرگە بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ تەنزیمی عەسری شەڕی پێشمەرگانەدا بگونجێ."

هەر لەو نامەیەدا باری سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لەسەر دوو رەوتە سەرەکیە پێکهێنەرەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵە و بزوتنەوەی سۆسیالیست) بۆ دکتۆر کەمال فوئاد دەربڕیوە و نووسیویەتی: "کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان: ئەمە رێکخراوێکە بە شێوەیەکی بچوک لە ساڵانی ۷۰–۷۱ دامەزراوە. من و عەجولیش (ناوی نهێنی مام جەلال بوو) ئاگاداری سەرەتای دەس پێ کردنەکەیان بووین، بەڵام خۆیان سەربەخۆ گەشەیان کرد و دروست بوون و بەهێزبوون. دوای ئاشبەتاڵ تەنیا هێزی رێکخراو بوون، وە ئەگەر لێدانی شەهاب و هاوڕێکانی نەبوایە، ئەبوونە گەورەترین رێکخراوی کوردستانی عێراق.

ئەمە کاتی خۆی لەسەر بنچینەی (م. ل). بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ دامەزرا بوو، بەڵام ئێستا لەڕووی فیکرییەوە وەکو جاران توندوتیژیان نەماوە، رێکخراوەکانی (ی.ن.ک) لە هەموو شارەکانی عێراقدا ئەمان دروستیان کردوە، هەموو ئەو چالاکییانەی لە شارەکاندا بە تایبەتی کوشتنی پیاوخراپانی سلەیمانی و هەولێر و کەرکوک و بەغدا ئەمان کردویانە، یەکەمین دەستەی چەکدار کە چونەتە شاخیش هەر ئەمانە بوون. بەڵام ئەمانە چەند کەموکوڕیەکیان هەیە، ئەویش ئەوەیە هەموو کادرە پێشکەوتوو ئەساسیەکانیان لەگەڵ شەهاب اعدام کران وە دوایی تر لە سلەیمانی

هەندێکی تریان اعدام کراون و نزیکەی ٦٠ – ٧٠ کادری بە قابلیەتیان گیراون کە خەڵکی شارە جیاجیاکانن، لەبەرئەوە هەندێک گەنجی خوێن گەرم کەوتونە سەرکردایەتیەکەیەوە، بە گشتی ئاستی تیۆرییان نزمە، بیروڕای دەستەگەرییان تێی دا پەیدابوە، خەڵکی ناسراویان کەمە، لەناو خەڵکدا کە ببنە واجهەی رێکخراوەکەیان، بەڵام لە روی تەنزیم و رێکخستنەوە دژی رێکخستنن بە شێوەی کۆن واتە کۆکردنەوەی زۆر و بۆر هێنانەوە پێشەوەی عناصری کۆن و ئاغاو کوێخا و لایەنگری پێشخستنی خەڵکی گەنجن لەسەر بنچینەی دڵسۆزی بیروباوەڕ و توانا و کارامەیی نەک لەسەر اساسی ناوبانگی پیشەو مەرکەزی اجتماعی. خولاصە ئەمانە لایەنی سەلبی و ئیجابیان هەیە، بەڵام لایەنی ئیجابیەکانیان زۆرترە لە لایەنی سەلبی. من تا ئەم کۆبوونەوەش هەروەکو خەتی گشتی ی.ن بوم، بەوجۆرەی کە لە دەرەوەی وڵات ئەمان کرد، بەڵام لێرە بەداخەوە برادەرانی بزوتنەوە وەهایان لەگەڵ رەفتار نە ئەکردم، بۆ قازانجی یەکێتی لەسەر داوای (عەجولی) و کاک عەلی و هەندێکی تر چومە سەر میلاکی ئەوان و ئەوانیش وەکو خۆیان ئەڵێن منیان قەبوولە".

دەربارەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، نووسیویەتی: "خۆت بەیانی دامەزراندنی رێکخراوەکەت دیوە، جگە لەوەش هیچی تریان بڵاونەبوەتەوە، ئەمە ریشەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاقمانەی کاتی خۆی لە ئێرانەوە لەگەڵ کاک عەلی و لە سەرەتادا بەتەما بوون کە حکومەت رێگەی ئیشکردنیان بدا و نەیدا، لە بەینی خۆیاندا جۆرە پەیوەندییەکیان هەر مابوو تا چونە دەرەوەی کاک عومەر، عەلی، د. خالد وە دوای هاتنە دەرەوەیان، وەکو رێکخراوی منافس بۆ کۆمەڵە ئەمەیان دروست کردووە.

سەرکردایەتییەکەیان زۆربەیان لەوانەن کە کاتی خۆی لە کۆمیتەی ناوەندی خۆمان یان جەماعەتی مەلادا بوون، یاخود هیچ نەبێ مەسئولیەتی عەسکەریان هەبوە، وە هەندێ کەسی تر وەکو بایزی عەباس ئاغا کە موتەنەفزە، وە بزوتنەوەکە کاتی خۆی لەسەر دەستی ئەمانەدا گەورە بوو و چەکدارەکانی زیادی کرد و سەدان کەسیان بە هۆی ئاغاکان و کوێخاکانەوە راپەڕاند، ئەمان خەڵکی ناسراویان زۆرە لە ناو خەڵکدا، لە روی فکر و تیۆریەوە نا مونسەجم و جیاجیان، مەبەستیان لە ئیشتراکی دیموکراتی (مارکسیزم – لینینیزم)ە وەکو خۆیان ئەڵین، بزوتنەوە شتێکە وەکو پارتیە کۆنەکەی خۆمان بە هەموو سلبیاتەکانیەوە، ئەیانەوێ زۆرترین خەڵک کۆ بکەنەوە و بزوتنەوەکە زل بکەن.[1]

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٥) نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ د.کەمال فوئاد.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**پێنجەم: نەوشیروان مستەفا بەرەو سلێمانی**

لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیدا بڕیاردرا عەلی عەسکەری بکرێت بە بەرپرسی عەسکەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و شاسوار جەلال بە بەرپرسی ڕێکخستن و سالار عەزیز و ڕەسوڵ مامەند، بە بەرپرسی پەیوەندییەکانی ناوەوە و دەرەوەی یەکێتی. هەروەها بڕیار درابوو مولازم عومەر لە جێگەی ئارام بۆ قەرەداغ و نەوشیروان مستەفاش بکرێت بە بەرپرسی کاروباری پێشمەرگەکانی هەرێمی سلێمانی- شارباژێڕ - دوکان – چوارتا.

ئاوات قارەمانی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و هاوڕێی نزیکی ئارام سەبارەت بە بۆچوونەکانی ئارام لەسەر ئەم تەشکیلەیە نووسیویەتی: "شەهید ئارام ئەم تەشکیلاتەی پێ خراپ نەبوو، لە دوای نەمانی خۆی باس لەوە دەکرا کە گوایە ئەو دژی ئەو تەشکیلاتە بووە، یان ئەو تەشکیلاتەی پێخۆش نەبووە، من دەڵێم ئەوە هەمووی بوختانە، شەهید ئارام زۆری پێ خۆش بوو. زۆر دڵخۆش بوو بە هاتنەوەی مام جەلال و کاک نەوشیروان. دائیمەن ئەیوت ئیتر نەجاتمان ئەبێ لەو کێشانەی خۆمان، ئەو برادەرانە زۆر بە توانان، بەتایبەت ستایشی کاک نەوشیروانی بۆ من ئەکرد.."[1]

لە ١٩٧٧/١٢/١ نەوشیروان مستەفا و مولازم عومەر، لە سێ سنورەوە بەرەو شارباژێڕ لە سلێمانی بەڕێ کەوتوون. بڕیار بوو هەر کە گەیشتن، مولازم عومەر بچێت بۆ قەرەداغ و کاروباری هەرێمی قەرەداغ وەربگرێ و ئیلتحاق بکات بە (شاسوار جەلال)ەوە، بەڵام نەچوو. نەوشیروان مستەفا لەوبارەوە دەڵێت: "هیچ ئارەزویەکی نەبوو بچێ بۆ قەرەداخ و حەزی ئەکرد جارێ هەر لەگەڵ من بمێنێتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ، بۆ من یارمەتیدەرێکی باش بو. لەو ڕوەوە نامەمان بۆ کاک ئارام نوسی و من بیروڕاکانی خۆمم دەربارەی هەلومەرجی کوردستان و جوڵانەوەکە بۆ ڕون کردبوەوە و هەوڵم دابوو زۆر لەو قسە ناڕاستانەی پێیان گەیاندبو، ڕاست بکەمەوە، وەڵامی نامەکانی بۆ نوسینەوە و مەفرەزەیەکی ناردبو بەشی هەرێمەکەیان لەو چەکانەی هێنابومان، بۆ بنێرین. مەفرەزەکە بریتی بو لە شەماڵ (شێخ محەمەدی شێخ مەحمودی باخ)، ڕۆستەم (حەسەن حەمید) و ئازاد محەمەد غەریب و چەند پێشمەرگەیەکی تر. بەشەکەی خۆیان وەرگرت و گەڕانەوە. لەگەڵ کاک ئارام وا ڕێکەوتبوین، دوای ڕێکخستنەوەی کاروباری هەرێمی قەرەداخ، بپەڕێتەوە بۆ لای ئێمە و ماوەیەک بەیەکەوە بین."[2]

---

1 . ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریکەکان، خانەی ڕەهند، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی چاپی دووەم ٢٠٠٩، ل١٠٥.

2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

ئاوات قارەمانی، لە یاداشتەکانیدا باسی لە ناوەڕۆکی نامەکەی نەوشیروان مستەفای بۆ ئارام کردووە و نووسیویەتی: "لە نامەکەدا بۆ ئارامی نووسیبوو: "ئێمە دوای ئیش و کارەکانمان دێین سەردانی لای ئێوە دەکەین، ئەگەر هەتا ١٩٧٨/٢/١٥ نەهاتین، تۆ وەرە بۆ لای ئێمە."[1]

ئارام بەتەمای ئەوە بووە مولازم عومەر بێت و دەور و تەسلیمی لەگەڵدا بکات و ئینجا بەرەو سەرکردایەتی بچێت بۆ وەرگرتنی ئەرکە نوێیەکەی، بەڵام لە ٣١ کانونی دووەمی ١٩٧٨ ئارام شەهید دەکرێ. بە شەهیدبوونی ئارام (کۆمیتەی هەڵمەت) داوایان لە نەوشیروان مستەفا کردووە، لەوەبەدواوە لەباتی شەهید ئارام، ئەو پێوەندییان لەگەڵدا ببەستێ، سەرپەرشتی کار و چالاکییەکانیان بکات.

شەهید بوونی ئارام، حەزی بوون بە سکرتێری کۆمەڵەی لای مەلا بەختیار جوڵاند؛ لەو بارەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێ: "مەلا بەختیار و سالار "طموح"یان لە توانا و لێوەشاوەیی خۆیان زۆر زیاتر بو. هەریەکەیان لە لای خۆیەوە هەوڵی ئەدا جێگەی ئارام بگرێتەوە. مەلا بەختیار بە هەڵەداوان چو بۆ قەرەداخ، هەندێ لە کادرەکانی کۆمەڵەی کۆ کردەوە، وای ئەزانی هەرچی لە قەرەداخ جێگیر بێ، ئەبێ بە سکرتێری کۆمەڵە. بەر هێرشێکی جەیش کەوتن، ئەمین پۆلا (ئەمینی حاجی شێخ عەلی) کوژرا و خۆیان بە فەلاکەت دەربازبوون."[2]

**شەشەم: نەوشیروان مستەفا، سکرتێری کۆمەڵە**

هێشتا زۆر بەسەر گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفادا تێ نەپەڕیبوو، هەندێک لەو کەسانەی کە بە دیفاکتۆ ببوون بە سەرکردەی کۆمەڵە، لەگەڵیدا کەوتنە ململانێوە. تەمەن و ئاستی هۆشیاری ئەو کەسانە و ئەزموونیان لە خەباتی سیاسی و چەکداری وای لی کردبوون بە چاوێکی رادیکاڵانە لە دۆخەکە بڕوانن. بۆیە نەوشیروان مستەفا نەیوستووە لەگەڵیاندا بکەوێتە ململانێوە.

مەلا بەختیار نایشارێتەوە و دەڵێ: "لە یەکەم بینینی من و نەوشیروان مستەفاوە، لە ناوچەی هەکاری، شێوەی هەڵسوکەوت و گوفتاریم بەدڵ نەبووە. لەسەر سوکایەتی کردن بە شەهید شیهاب، دوو رۆژ دوای یەکتر ناسینمان قسەی زبر کەوتە نێوانمان."[3]

## ١. کۆبوونەوەی نۆکان

لە ئازاری ساڵی ١٩٧٨، یەکەم کۆبوونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی لە گوندی نۆکان بەسترا. لە هەشت ساڵ تەمەنی ئەو رێکخراوەدا نە

1 . ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریکەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.
2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣
3 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سکرتێر و نە سەرکردایەتی هەڵبژێردراوی نەبوو، دوای دەستگیرکردنی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٥، شەهید ئارام و کۆمیتەی هەرێمەکان، وەک دیفاکتۆ ئەرکی سەرکردایەتی کۆمەڵەیان بەڕێوە دەبرد. لە دوای شەهید بوونی ئارام جۆرێک لە پشێوی کەوتبووە رێکخراوەکەوە.

لەم کۆبوونەوەیەدا ٢٦ کادیری رێکخستن و رابەری سیاسی و فەرماندەی عەسکەری بەشداریان کردوە. مام جەلال وەک سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی و نەوشیروان مستەفا چەند محازەرەیەکیان بە ئامادەبووان وتووەتەوە. شەهید عەلی عەسکەری و شەهید دکتۆر خالد سەعید، بۆ بە خێرهاتنی کادیرەکان سەردانی کۆبوونەوەکەیان کردوە.

لە بریارە گرنگەکانی ئەم کۆبوونەوەیە ئەوە بوو، تا بەستنی کۆنفرانس، سکرتێر و سەرکردایەتییەکی کاتی بۆ کۆمەڵە هەڵبژێرێت. لەو کۆبوونەوەیەدا نۆ کەس هەڵبژێردران بۆ سەرکردایەتی کاتی کۆمەڵە. نەوشیروان مستەفا، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، بەکر حاجی سەفەر، سالار عەزیز، مەحمود عەبدولڕەحمان (شێخ عەلی)، ئاوات قارەمانی، فازڵ کەریم (مامۆستا جەعفەر)، ئەحمەد کرێکار. ئەو دوو کەسەی دواییان لە کۆبوونەوەکەدا حازر نەبوون، مەلا بەختیار فازیل کەریمی پاڵاوتبوو و شەهید ئازاد هەورامیش ئەحمەد کرێکاری بۆ سەرکردایەتی پاڵاوتبوو.

پاشان ناوەندێکی سێ کەسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵە دەستنیشان کرا؛ نەوشیروان مستەفا وەک بڕیاردەر و ئازاد هەورامی و فازیل کەریم وەک ئەندام.

لەو ماوەیەدا نەوشیروان مستەفا، پڕۆژەی خۆی بۆ پێشخستنی کۆمەڵە و گونجاندنی شێوازی خەباتی نوێی لەگەڵ هەلومەرجی کوردستان ئامادە کرد، هەوڵیدا لە رێگەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ کادیر و پێشمەرگە و لایەنگرانی کۆمەڵە زۆرترین پشتیوانی بۆ دروست بکات.

**٢. کۆبوونەوەی شێنێ**

دوای حەوت مانگ، ئەو دەستە کاتییەی کە کۆمەڵەی بەڕێوە دەبرد، بەهۆی هەلومەرجی ناوخۆیی کۆمەڵە و کوردستان و ناوچە ئازاد کراوەکانەوە، نەیتوانی کۆنفرانسی گشتی کۆمەڵە ئەنجام بدات، بۆیە بڕیار لەسەر بەستنی کۆبوونەوەیەکی دیکەی بەرفراوان لە شێنێ.

لە (٥)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ لە گوندی 'شێنێ'ی دەڤەری قەڵادزێ، ٢٧ کادیری پێشکەوتووی "کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان" کۆبوونەوە بۆ دروست کردنی ناوەندێکی جێگای باوەڕ بۆ کۆمەڵە کە بتوانێ سەرپەرشتی رێکخستنەکانی

کۆمەڵە و پێشمەرگە و فەرماندەکانی بکات و یەکێتی بیروباوەڕیان تێدا دروست بکات. مام جەلال لە دیداری تەمەندا بەم شێوەیە باسی لە کۆبوونەوەکەی شێنێی کردووە: "بە شەهیدبوونی ئارام، ناوەندی کۆمەڵە هەڵتەکایەوە، بۆیە برادەرانی کۆمەڵە ناچاربوون کۆبوونەوەیەک بکەن بۆ دامەزراندنی کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی، کۆبوونەوەکە لە شێنێ کرا، کە ٢٧ کادیری کۆمەڵە تێیدا بەشداربوون، لەو کۆبوونەوەدا نەوشیروان لەگەڵ چەند برادەرێکی تردا هەڵبژێران بۆ سەرۆکایەتی."[1]

گرنگترین بڕیاری ئەم کۆبوونەوەیە کە لە شێوەی سیمینار کرابوو، بریتی بوو لە دەستبەرداربوون لە (ماویزم) وەک ئایدۆلۆژیا و پەسەندکردنی ئایدۆلۆژیای مارکسیزم – لینینیزم. بەڵام نەتوانرا ناوێکی نوێ بۆ کۆمەڵە دابنرێت و دواخرا بۆ کاتێکی دیکە.

لەم کۆبوونەوەیەدا نەوشیروان مستەفا وەک سکرتێری کۆمەڵە هەڵبژێردرا، دەستەی سەرکردایەتیش بریتی بوون لە عومەر عەبدوڵڵا (مولازم عومەر)، مەلا بەختیار، ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب)، ئازاد هەورامی، سەید کەریم هاودیانی، بەکری حاجی سەفەر، مەحمود عەبدولڕەحمان (شێخ عەلی)، مستەفا چاوڕەش، دلێری سەید مەجید، برایم جەلال، فازڵ کەریم (مامۆستا جەعفەر)، ئاوات قارەمانی، زیرۆ عەبدوڵڵا، لەسەر پێداگری نەوشیروان مستەفا، سالار عەزیز بە غیابی هەڵبژێردرا.

مام جەلال، سەبارەت بەو هەڵبژاردنە دەڵێت: "نەوشیروان هەوڵی دا ئازاد هەورامی و مەلا بەختیار و چەند برادەرێکی تر لەوانە دەرچن، دەنا دەرنەئەچون، هەروەها چەند برادەرێکی تری هێنایە پێشەوە. بۆ مێژوو دەیڵێم نەوشیروان پێی داگرت، گوتی ئەبێ سالار عەزیزیش هەڵبژێردرێت، چونکە لێرە نییە، ئەگەر ویستان لایبەرن، ئەو کاتەی کە هاتەوە بۆ ناوتان، ئەتوانن لایبەرن. نەوشیروان سور بوو لەسەر هەڵبژاردنی، کە هەم لە سەرکردایەتی یەکێتی و هەم لە سەرکردایەتی کۆمەڵەش بمێنێتەوە."[2]

بڕیارێکی دیکەی کۆبوونەوەی شێنێ ئەوە بوو ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی کۆمەڵە کە لە زیندانداً بوون، تا ئازاد بوونیان لە سەرکردایەتیدا بمێننەوە. لە کۆبوونەوەکەدا هەندێ بڕیاری ڕێکخراوەیی و سیاسی گرنگ تر درا، لەوانە:

– دروستکردنی ناوەندێک بۆ کۆمەڵە، کە هەموو ڕێکخستنەکان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە فەرمان و ئامۆژگاری لەو وەربگرن. 'ئۆرگان' و بڵاوکراوەی پێویست دەربکا.

– مانەوەی هەموو ئەوانەی ئەندامی سەرکردایەتی بوون و بەهۆی خەباتی سیاسییەوە گیرابوون، لە سەرکردایەتیدا.

---

1 . سەلاح رشید، دیداری تەمەن، (٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

2 . هەمان سەرچاوە، ل١١١.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

- دامەزراندنی سەرکردایەتی تایبەتی بۆ ڕێکخستنی شارەکان.
- بەهێزکردنی تەبایی و دۆستایەتی لەگەڵ بزوتنەوە و بەهێزکردنی ڕیزەکانی یەکێتی.[1]

مەلا بەختیار، پەسنی کۆبوونەوە فراوانەکەی شێخێ دەکات و بە کۆبوونەوەی تەبایی ناوی دەبات و دەنووسێ: "لە کۆبوونەوەکەدا، پەرۆشی گیانی هاوڕێیەتی زاڵبوو. گرفتێکی ئەوتۆی مەترسیدار لەڕێی کۆبوونەوەکە و سەرخستنیشی نەبوو. هەمومان، بە شانازیی بەخۆکردنەوە لە خەمی دەربازبوون لە کارەساتی هەکاری و تۆکمەیی ریزەکانی شۆڕش و کۆمەڵە دواڕۆژی سەرکەوتن، لە کۆبوونەوەکەدا بوین. تەنانەت لەسەر کێشە ئایدیۆلۆژیەکانیش، ناکۆکی لە نێوانماندا نەبوو، چونکە داکۆکی لە پاراستنی هەڵەکانی کۆمەڵە نەبوو. کەمترین باسی تیۆریش هێنرانە ئارا و پەسەند کران."[2]

دوابەدوای ئەم کۆبوونەوەیە، کۆمەڵە بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد. مام جەلال، سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەو گەشەکردنە، لە دیداری تەمەندا دەڵێت: "نەوشیروان، دەورێکی زۆرباشی نواند لە دارشتنی ڕێبازی راست و تەکتیکی ئاقڵانە و ژیرانە بۆ کۆمەڵە و بۆ پەیوەندی کردن بە شارەکان و گەشەپێدانی ڕێکخستنەکان. ئەگەر چاوێک بخشێنین بە کاتی پێش گەڕانەوەی من و نەوشیروان بۆ وڵات، لەگەڵ دوای گەڕانەوەمان، تەماشا دەکەین لە پێش ئێمەدا، لە سەرتاسەری کوردستاندا باوەڕ ناکەم سەد ئەندامی کۆمەڵە هەبووبێت، هیچ دەورێکی دیاری نەبوو لە ناو شۆڕشدا، راستە سێ چوار مەفرەزەی یەکەمیان دروستکردبوو، ئەو مەفرەزانە دەورێکی باشیان هەبوو بۆ هۆشیارکردنەوە، بەڵام مەفرەزەکان ڕۆڵێکی وەرچەرخانیان نەبینی، بەڵام پاش ئەوە (واتە پاش گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا)، بە چەند ساڵێک ئەندامانی کۆمەڵە بوون بە هەزاران ئەندام و هەزاران پێشمەرگەش لە دەوری کۆبوونەوە و بەشی زۆری هێزی پێشمەرگە، لەژێر تەئسیری دەسەڵات و بیروباوەڕی کۆمەڵەدا بوون، کۆمەڵە بوو بە هێزی سەرەکی لە ناو یەکێتی و لەناو شۆڕشدا "[3]

### ٣. گۆڕینی ناوی کۆمەڵە

لە ١ی ئایاری ساڵی١٩٧٩ کۆمەڵەی مارکسی – لینینی، کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ کادیرانی خۆی سازکرد. ئامانج لە کۆبوونەوەکە دانانی ناوێکی نوێ بوو بۆ ڕێکخراوەکە. دوای مشتومەڕێکی زۆر، دواجار کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

1. نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.
2. مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠.
3. سەلاح رشید، دیداری تەمەن، (٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢-١١٣.

پەسەند کرا. لە کۆبوونەوەکانی پێشتری کادیرەکانی کۆمەڵە لە شاخ و لە ناو شارەکاندا باس لە گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کرابوو، بەڵام ئەمجارە جێبەجێکرا. دوابەدوای کۆبوونەوەکە، کۆمەڵە بەیاننامەیەکی دەرکرد بە ناوی 'کۆمەڵەی مارکسی – لینینی ئەبێتە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان'. لە بەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە: "بۆ زاڵ بوون بە سەر خاڵە بەهێزەکانی دوژمن و کەڵک وەرگرتن لە ئەڵقە بێهێزەکانی، تا بتوانین لە ڕێگای بەرنامەیەکی تەنزیمی و سیاسیەوە خۆمان بەهێتر بکەین و بەسەر دوژمنە چینایەتییەکانماندا زاڵ بین، چونکە مارکسیزم بیروباوەڕێکی ووشک و ڕەق نییە، بەڵکو بیروباوەڕێکی زانستیانەی زیندوە و ئەندێشەیەکی ڕونە و ڕێ نیشاندەری جەماوەرە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای سەرکەوتنی خۆی. سەبارەت بەو گۆڕان و گەشەکردنە، بۆ دانەبڕینی کۆمەڵەمان و زیاتر چونە ناو جەرگەی جەماوەرەوە، پێویست بە گۆڕین و شێوە و شێوازی خەبات کردنە. بۆ گۆڕینی ناوی کۆمەڵەمان بە پێویستی ئەم خەباتە و بە زیاتر خزمەتکردنی مارکسیزم - لینینیزم ئەزانین و بە کاتی ئەوەی ئەزانین لە مەسەلە گشتییەکان تێپەڕین و خاسیەتە تایبەتییەکان چاکتر تێ بگەین کاری پێ بکەین، بە تایبەتی لە کاتێکدا کۆمەڵەمان پێویستی بەوە هەیە لە پلەی ڕێکخراوەی دەرچێت و خەبات بۆ بەدیهێنانی حیزبی پێشڕەو بکات.

تەجروبەی زیندووی گەلانیش هەمیشە سەلماندوویانە کە شێوە لە خزمەتی ناوەڕۆک و ناو لە خزمەتی ئایدۆلۆژیەت و ستراتیژەدا بووە، تاکو ئێستاش چەندین ڕێکخراو و حیزبی مارکسی – لینینیست لە جیهاندا هەر کات و قۆناغێک پێویستی کردبێت ناوی خۆیان گۆڕیوە. گۆڕینی ناوی کۆمەڵەمان بە پێویستی خەباتی ئەم قۆناغەمان ئەزانین و بەو شێوەیەی ئەزانین کە زیاتر ئەتوانین بچینە ناو جەماوەر و خۆمانیان لێ نزیک بکەینەوە. بیروباوەڕی مارکسیزم – لینینیزم یان بە شێوەیەکی فراوان و زیاتر لە جاران تێیدا بڵاو بکەینەوە. بێگومان ئەم گۆڕینە پێشوازی گەرمی لە لایەن ئەندام و پاڵێوراو و لایەنگران و جەماوەری گەلی کوردستان و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی عێراق لێ ئەکرێت کە ئێستا خەریکە هێزە پێشکەوتوخوازەکانی کورد و عەرەب لە عێراقدا لەبەرەیەکی نیشتمانی تێکۆشەرانەدا یەک ئەگرن."[1]

فەرید ئەسەسەرد، پێی وایە لەو کۆبوونەوەدا نەوشیروان مستەفا سەرکەوتوو بوو لە قەناعەت پێکردنی کادیرەکانی کۆمەڵە بۆ گۆڕینی ناوی کۆمەڵە و دەڵێ: "ئەم هەنگاوە ڕێ خۆشکەر بوو بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەک چاکسازی کە دەرفەتێکی زۆری بۆ پەلوپۆ هاویشتنی کۆمەڵە و سەقامگیر کردنی ڕۆڵی لە گۆڕەپانی سیاسیدا ڕەخساند، بەڵام هەر ئەو ساڵە ناچار بوو مامەڵە لەگەڵ دوو فراکسیۆندا بکات کە لە ناو ریزی کۆمەڵەدا سەریان

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٦) گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی بۆ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەڵدا، یەکێکیان فراکسیۆنی کۆمیتەی هەرێمەکان بوو، کە لە رووی سۆزداریەوە بە کەلەپوری شاسوار جەلالەوە بەسترابووەوە و ئەوی دی فراکسیۆنی سەرکردایەتی دێرینی کۆمەڵە بوو کە لە رووی سۆزداریەوە بە شەهاب شێخ نوریەوە گرێ درابوو."[1]

**حەوتەم: سەرهەڵدانەوەی ماکی عێراقچێتی**

لە دوای کۆبوونەوەکەی شێنێ و گۆڕینی ناوی کۆمەڵە، ململانێکانی ناو کۆمەڵە دوو رەوتی لێکەوتەوە، رەوتێکیان کە نەوشیروان مستەفا رێبەرایەتی دەکرد و خۆی بە (کوردستانی) و ئەوانی تری بە (عێراقچی) ناو دەبرد. رەوتەکەی تر سەرێکی دیاری کراویان نەبوو، بەڵام هەمویان لەسەر چەپی رادیکال حسێب بوون، ئەمانیش ئەوانی دیکەیان بە باڵی راستڕەو و خۆیان بە چەپی شۆڕشگێڕ ناوزەد دەکرد.

لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٩ ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵە تاهاتووە پەرەیان سەندوە، شەهید رێباز لەوبارەیەوە نووسیویەتی: "کۆمەڵە مەترسی پارچەپارچە بوونی لێدەکرا، زۆربەی فەرماندەی هەرێمەکانی هێزی پێشمەرگە، جگە لە هەرێمی هەولێر کە لە لایەن هەڤاڵ سەید کەریم سەرپەرشتی دەکرا، هەموویان یەکیان گرتبوو. ئەوان لەبەرئەوە نەبوونە خاوەن بیروباوەڕێکی تایبەتی خۆیان، یان لەگەڵ لایەنە راستەکە بن، بەڵکو بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتیان کەم نەبێتەوە و هەر حاکمیەتی خەڵک بکەن، وایان نیشان دەدا کە لە خەتی شەهید ئارام دان؛ پەیڕەوی مارکسیزم – لینینیزم دەکەن. بۆ مێژوو دەڵێم هەندێک لەو برادەرە مارکسیانە ئەوەندە پەرۆشی (ئومەمییەت) بوون، وایان لێ هاتبوو رقیان لە خەڵکی هەولێر بێتەوە، چونکە ئەوانە لە ئومەمییەت حاڵی نەبوون..!؟"[2]

مام جەلال لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا وا باس لە سێ کوچکەی تەکەتولی مەلا بەختیار و سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر دەکات و دەڵێت: "ئەوان لە خەڵکانێک پێکهاتبوون کە هیچ بنەمایەکی فکری و تیۆرییان نەبوو، سیاسەتێکی نامەبدەئیان گرتەبەر لە کۆکردنەوەی هەموو ناڕەزاییەکان. هەرکەسێک لەبەر هەر هۆیەک دەتۆرا، ئەوان لە خۆیانیان کۆ دەکردەوە. خەڵکانی ناڕەزا و پرتەوبۆڵەکەر و وەڕس، زۆربەی جەماوەرکەیان بوون. ئەوانە بە ئاشکرا دەیانویست دەست بەسەر کۆمەڵەدا بگرن، نەوشیروان لابەرن و لە رێی دەستبەسەراگرتنی کۆمەڵەشەوە، دەستبەسەر یەکێتیدا بگرن. ئەوەندەی پێیان بکرایە، دژایەتی منیشان دەکرد."[3]

ئیبراهیم جەلالیش سەبارەت بە ئاستی هۆشیاری ئەو گروپە نووسیویەتی: "لە راستیدا هاوڕێیانی کۆمیتەی هەرێمەکان لەو کاتەدا کۆمەڵە لاوێکی خۆین گەرم و

---

1 . فەرید ئەسەسەرد، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥٦.

2 . رێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بڵاوکراوەکانی بنکەی رۆشنبیری شەهید، بەرگی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٨، ل ٢٢٤.

3 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن، (٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦

چەپێکی تونڕەوی بێخەبەر لە یاساکانی کاری بەرەیی و نەشارەزا لە سیاسەت و سەرکردایەتی کردنی هەم جەماوەر و هەمیش شۆڕش و بی ئەزمون لە پراکتیکدا، و نەشیان دەویست ددان بەو کاڵیەی خۆیاندا بنین و هەوڵدەن سود لە ئەزمون و لانی کەمی ژیانی بەرەیی و وڵاتانی تری سەرکەوتوو وەربگرن، بەڵام نەک هەر دانیان بەو راستیەدا نەدەنا، بگرە خۆیان بە سەرکردە و شارەزا و لێ هاتوو و وشیار و ڕۆشنبیر دەزانی و گوێشیان بە ئامۆژگارییەکانی سیاسەتمەدارەکانی وەک مام جەلال و نەوشیروان نەدەدا."[1]

کاتێک هەموو دەرگاکان داخران، نەوشیروان مستەفا کە سێ ساڵ بوو بەبێ وچان و پشودان تەحەمولی ئەو دۆخەی کردبوو، سەرئەنجام گەیشتە ئەو قەناعەتەی بۆ ماوەیەک لەو دۆخە نالەبارە دوور کەوێتەوە، بە نیازی سەردانی ئەوروپا سەفەرێکی ئێرانی کرد.

لە غیابی نەوشیروان مستەفادا، سەرکردایەتی کۆمەڵە تەنگیان بە مام جەلال هەڵچنی. ناکۆکی مام جەلال و سەرکردایەتی کۆمەڵە ناکۆکی فکری نەبوو، بەڵکو کێشەی دانانی کەسێک بوو لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی. نەوشیروان مستەفا، کە بەو ناکۆکیانەی زانی، سەفەرەکەی نەکرد و بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە لە تارانەوە گەڕایەوە بۆ ناوزەنگ و توانی گرژیەکە خاو بکاتەوە.

### ١. کارەساتی هەکاری

لە ڕووی ئەزمون و کردارەوە، سەرکردایەتی تەقلیدی و خێڵەکی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی باشور، بە ئاسانی دەستبەردای پێگەی خۆی نەدەبوو، هەر ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی شەڕە زۆرەکانی ناوخۆی کوردستان بووە. سەرکردایەتی تەقلیدی، کۆمەڵێک ئەوراقی لەدەستدا بووە وەک شەرعیەتی شۆڕشگێڕانەی مێژوویی، پشتیوانی دارایی و لە هەموو گرنگتر و مەترسیدارتر، پشت بەستن بە هاوکاری سەربازی و مادی وڵاتانی دیکەی داگیرکەری کوردستان. ئەو وڵاتانە هەرکاتێک زانیبێتیان جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان گەیشتووەتە ئاستێک مەترسیان بۆ دروست دەکات، داوایان لە مەرجەعییەتی جووڵانەوە تەقلیدیەکە کردووە پاشەکشە بکات و جووڵانەوەکەیان تا ئاستی ئاشبەتاڵ بردووە، هەرکاتێکیش هەستیان کردبێ ئەڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینە لە دەرەوەی ئەو مەرجەعیەتە تەقلیدییە دەستەمۆیەی خۆیانەوە دروستبووە، ئەو مەرجەعیەتە تێکشکاوەیان زیندوو و پڕچەک

1 . برایم جەلال، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەکردەوە و یەکەمین ئەرکیش پێیان دەسپارد، لێدان و سەرکوتکردنی ئەڵتەرناتیڤە شۆڕشگێڕانەکە بووە.

دوای دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئێران و تورکیا و عێراق پێیان وابوو ئەم جوواڵانەوە نوێیە سەرکێشە، دەبێ لە جێگەی خۆیدا سەرکوت بکرێت، وەگەرنا ئەو هاوکێشە ئیقلیمیەی کە دوای ڕێکەوتنی جەزائیر دروست بووبوو تێکدەچێ. بۆیە هیچ نامۆ نییە کە سەرکردەکانی کۆمەڵە لە لایەن رژێمی محەمەد رەزا شاوە تەسلیم بە عێراق کرایەوە، یان مانگێک لە دوای ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداری لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان دێتەوە سەر ساحەی سیاسی کوردستان و پاشان گەورەترین قەسابخانە دژی ئەو هێزە نوێیە ئەنجام دەدا.

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨دا، کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاردەدات هێزەکانی لە ناوچەکانی ناوزەنگ و بناری قەندیلەوە، بگوازێتەوە بۆ ناوچەی برادۆست و بەدیاری کراویی بۆ سێ کۆچکەی سنوری ئێران – تورکیا - عێراق، ئەم بڕیارە بۆ هێنانی پێداویستی و چەک، ڕێگریی کردن لە شاڵاوێکی حکومەتی عێراق بۆ ڕاگواستنی گوندنشینانی ئەو سنورانە، لەگەڵ گەڕاندنەوەی ئەو بارەگایانەیان کە کەوتبوونە دەست هێزەکانی قیادە موەقەتە.

ڕۆژی ١ی ٦ی ١٩٧٨ لە ناوچەی بازێ لە باکوری کوردستان، شەڕ لە نێوان هێزەکانی یەکێتی و هێزەکانی قیادە موەقەتە دروست دەبێت، ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار لە هەردوولا دەکەوێتەوە، هەروەها ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی یەکێتیش لە هێزەکە دادەبڕێن، ئەمەش وادەکات کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکەی بدات لە باکورەوە بۆ باشوری کوردستان.

ڕۆژی دواتر، هێزەکە دەبێتە سێ گروپ، گروپی یەکەم بە ڕێڕەوی دیاری کراوی کشانەوەکەدا ڕۆشتبوون، گروپی دووەمیان بە پێچەوانەی ڕێڕەوی دیاریکراوی کشانەوەکەدا ڕۆشتبوون، گروپی سێیەمیش بۆ پاراستنی داپۆشینی کشانەوەکە لە شوێنی شەڕگەی پێشووتر مابوونەوە، گروپی یەکەمی هێزەکە خۆیان یەکدەخەنەوە و بە هیوای گەیشتنی گروپی دووەم دادەمەزرێن، گروپی دووەمیش کە ژمارەیان ١٧٦ کەس بووە، بڕیاریان داوە بەرەو نزیکترین خاڵی عێراق بگەڕێنەوە و خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق بکەنەوە، گروپی سێیەمیش هەر ئەو ڕۆژە لە لایەن هێزەکانی سەرکردایەتیی قیادە موەقەتە و عەشیرەتەکانی ئەو ناوچانەوە دەدرێت بەسەریاندا و چەک دەکرێن.

لەناو ئەوانەدا کە لە گروپی سێیەم بە دیل گیرابوون، هەریەکە لە عەلی عەسکەری، فەرماندەی هێزەکە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، تایەری عەلی والی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و عەسکەریی یەکێتی، سەید کاکە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە دیل گیرابوون، کە دواتر لە ٧ی تەموزی هەمان ساڵدا، هەریەکە لە عەلی عەسکەری، خالید سەعید و حسێن بابەشێخ لە لایەن قیادە موەقەتەوە بە چەکی ئاڕ پی جی شەهیدکران.

گروپی یەکەمی هێزەکەی یەکێتی، پاش بێ ئومێدبوونیان لە گەیشتنی هێزەکانی دیکە، بە ناچاری دەچن بەرەو گوندی کەهی لە نزیک جۆڵەمێرگ، دوای مانەوەیان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک و خۆڕێکخستنەوەیان، لە لایەن پارتی (DDKD)ەوە چەواشە دەکرێن و لەبری ئەوەی بەرەو سنوری باشوری کوردستان بهێندرێنەوە، دیسانەوە بەرەو قوواڵایی خاکی باکور دەیانبەن، دواتر بە ڕێکەوت دەکەونە ناو ئەو عەشیرەتانەی کە لێیان هاندرابوون و سەرئەنجام پاش شەڕێکی چەند کاتژمێری لە نێوان هێزەکەی یەکێتی و ژمارەیەک لە عەشیرەتەکانی باکوری کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکەی یەکێتی شەهید و بریندارەدەبن و ژمارەیەکیشیان بە دیل دەگیرێن و دواتر ڕادەستی سەرکردایەتیی پارتی دەکرێنەوە. بەمجۆرەش دوا بەشی هێزەکەی یەکێتی لەناودەچێ. شەڕی هەکاری شکستێکی سەربازی و سیاسی و مرۆیی گەورە بوو بۆ یەکێتی. "لەو شەڕە دژوارەدا لە کۆی ٨٠٠ پێشمەرگەی یەکێتی تەنها ٨ کەس توانیان بە چەکەکانیانەوە بگەنەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی.."[1]

## ٢. یەکێتی بە دوای تۆڵە کردنەوەدا دەگەڕێ

کارەساتی هەکاری، برینێکی قووڵی لەدڵی کادیر و پێشمەرگەکانی یەکێتی دا دروستکرد، ئەوانەی لەگەڵ ئەو کاروانەدا نەچووبوون، بە هەواڵی کوژرانی هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیان دڵیان بووبووە پشکۆیەک لە ئاگری رق و قین و گیانی تۆڵەسەندن لە ناخیاندا جۆشی دەدا و بە دوای هەلێکدا دەگەڕان ئەو ئاگرەی ناخیان دامرکێننەوە. پشکۆ نەجمەدین، وێنەیەکی وردی ناخی کادیر و پێشمەرگەکانی دوای کارەساتی هەکاری کێشاوە و نووسیویەتی: "هەواڵی کارەساتی هەکاری بوویە پریشکی ئاگر و گڕی لە پوشی هەر چیا و نواڵیک بەردا کە مەفرەزەکانی قیادە موقەتەی تێیدا بوون. ئیدی بۆ ئەوەی ناکۆکییەکە خوێناوی تر و گورزەکانی تۆڵە کوشندە و کاریگەرتر بن، دەبوو هەموو کەناڵەکان بۆ ڕەوایی پێدانی شەڕەکە وەگەڕ بخرێن و پاساوی ئایدۆلۆژی و سیاسیشی بۆ بدۆزرێتەوە. دەبوو ئەو مەسەلەیە لای هەموو

1 . سەلاح ڕەشید، شەڕی ناوخۆ، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدەبیان، چاپی یەکەم ٢٠٢٠، ل١٩١.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەوڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێشمەرگەیەک و لای خەڵکی کوردیش بکرێتە قەناعەتێکی گومان هەڵنەگر کە بێ پاکتاوکردنی فیکر و جەستەی قیادە موەقەتە و بنەماڵەی بارزانی، هیچ دەرفەتێک بۆ رزگارکردنی کوردستان و سەرکەوتنی شۆڕشی نوێ نییە، لەو سەروبەندەدا تێرمەکانی شۆڕش و دژە شۆڕش و شۆڕشی چەواشە کەوتنە سەر زاری کادیران و ئەندامانی کۆمەڵە و یەکێتی و بڕەویان پەیدا کرد."[1]

ئەو مەسەلە هەر لە قسە و باسی کۆبوونەوەکان و دەرکردنی بەیاننامەدا نەوەستا، هەر فەرماندەیەک لای خۆیەوە نەخشەی وردی بۆ تۆڵەسەندنەوە دادەنا، لەناو ئەوانەدا مەلا بەختیار لە هەمویان بە حەماس تر بوو، ئەو دەقەرەی ئەوی لێ بوو، بەهۆی بوونی پێشمەرگەی قیادە موەقەتەوە ناوچەیەکی لەبار بوو بۆ تۆڵەکردنەوە.

### ٣. رووداوی کانی ژنان

مانگی تەموزی ١٩٧٨ مەلا بەختیار لە مەڵاس‌دا بوو تۆڵەی کارەساتی هەکاری، لەو مەفرەزەیەی قیادە مەوەقەتە بکاتەوە، کە لەو کاتەدا لە سنوری شەمێران بوون، مەلا بەختیار لەگەڵ مەفرەزە (٧٠) کەسیەکەیدا لە هەورامانەوە خۆی گەیاندە گوندی کانی ژنانی شەمێران. عەزیزی حەمەسالّح بەرپرسی هێزەکەی پارتی کە (١٧) پێشمەرگەی لەگەڵدا دەبێ و پێشوزاییەکی گەرم لە مەلا بەختیار و هاوڕێکانی دەکات و لە گوندی کانی ژنان داوەتێکی گەورەیان بۆ ساز دەکەن. دوای نانخواردن و قسەو گەپ، کاتژمێر یانزەی شەو پێشمەرگەکان دەچنە سەربانەکان بۆخەوتن، لە ناکاو مەلا بەختیار بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات (کاک ئارام) ئیتر لە هەموو لایەکەوە پێشمەرگەکانی پارتی دەدرێنە بەر ڕێژنەی گوللە و ئەمانەش دەکوژرێن (ئیبرایم حاجی حەمەد شەمێرانی، برایمی دێعەینا و عەزیز فەرەج، جافری مەهدی پشتەیی و حەمید کانیوەیسکێی و محەمەد کەریم پشتەیی و لەگەڵ هاوڵاتییەک کە میوانی گوندەکە بووە؛ چەند پێشمەرگەیەکیش بە بریندار دەستگیر دەکرێن)، لەو کاتەشدا حەمە ئاوات کە فەرماندەیەکی یەکێتی بوو، بە گوللەی هاوڕێکانی بریندار دەبێ.

پشکۆ نەجمەدین، کە خۆی یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی بەشداری ئەو چالاکییە بووە، لە کتێبی ئەزمون و یاددا رووداوەکە وا دەگێڕێتەوە: "گوندی کانی ژنان دەکەوێتە ناوچەی شەمێران و لەبن شاخێکی بەرز و چڕگەندا هەڵکەوتووە، لەو گوندەدا مەفرەزەیەکی قیادە موەقەتە بە لێپرسراوی عەزیزی حەمە سالّح، بۆ بینینی ئێمە و بە هەڤڕا نانخواردنی ئێوارە چاوەڕێمان دەکەن! هێزێکی ئێمە دوو ڕۆژ ڕێگای لە هەورامانەوە بۆ ناوچەی شەمێران بڕیوە و دوو ڕۆژیشە لە گەندەکانی لاوەران و

1 . پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، چاپی سێیەم ٢٠١١، ل ٤٨.

کانی سالار چاوەڕێی هەڵکەوتنی ئەم دەرفەتەیە. ئەم ئێوارەیە ١٩٧٨/٧/٢٧ دەبێ "تاڵە مووی مەعاویە" بپسێت، چما دەشێ بانێک و دوو هەوا بێت؟! لە راستیدا نەدەشیا.

پشکۆ نەجمەدین دەربارەی ئەو رووداوە دەشڵێت: "پێش چونمان بۆ دێی کانی ژنان، نەخشەکە لە گوندی کانی سالار سازکرابوو، کارەکان دابەش کرابوون.. بڕیارەکە وابوو کە هەوڵ بدرێت خوێنی تێدا نەڕژێت و هەموو چەکدارەکانیان دەستگیر بکرێن! بەڵام کەی چەکداری کورد وا بە ئاسانی مل بە تەسلیم بوون و خۆوە دەستەوەدان دەدات؟! .. لە نێو گونددا پێک گەیشتین، ماچ و موچ و دەستگوشین بەڕێوەچوو. بۆ نان خواردنی ئێوارە، مەلا بەختیار، فەرەج تریفەیی، غەفور دەرەشیشی و چەند پێشمەرگەیەک چوونە ماڵێک و ئێمەش بەسەر ماڵەکانی دیکەدا دابەشێنراین.

پاش نان خواردن، جگە لە لێپرسراوەکان کە لە شوێنی خۆیان مانەوە، ئێمە لەگەڵ پێشمەرگەکانی قیادە موەقەتەدا بۆ خەوتن و بۆ دڵنیا کردنی ئەوان چوینە سەر بانێک. ئەوان سوکە هەستێکیان لە نیازی خراپی ئێمە کردبوو! هەندێکیان لەسەر بانەکە راکشابوون، هەندێکیشیان دانیشتبوون و چەند کەسێکیان بە وریاییەوە لە لێواری بانەکاندا لەگەڵ ئێمە دەدوان. پەڕلەی نێوان ئێمە و مەلا بەختیار بۆ ساتە وەختی چەککردنی عزیز، هاوارێک بوو بە ناوی "کاک ئارام" هاوار بیسترا.. گڕکانی چەکی پێشوەخت ئامادە کراو گڕی لەسەر بانەکان بەردا! پێشمەرگەکانی ئێمە کە لەوێ بوون لەچاو تروکانێکدا دەرباز بوون، جگە لە حەمە ئاوات کە فریا نەکەوت و گوللەی چەکەکانی خۆمان هەردولاقی بێژا. کارەکە بۆ ئێمە بە سەرکەوتویی کۆتایی هات! عزیز دیل کرا، چەکدارەکانیان حەوتیان کوژران، دوانیان هەڵاتن و ئەوانی دیش بریندار یان بە ساغی دەستگیر کران.."[1]

### ٤. جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست:

لە دوای کارەساتی هەکاری و شەهیدبوونی عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید، بزوتنەوەی سۆسیالیست کەوتە دەستی ڕەسوڵ مامەند و دکتۆر مەحمود عوسمان. لە نەورۆزی ١٩٧٩ وەک نیشانەیەک بۆ جیابوونەوە ڕەسوڵ مامەند بارەگای خۆی بردە گۆڕەشیر و، د. مەحمود عوسمان وەک پاڵپشتیەک لە ناوزەنگەوە چوو بۆ لای.

سەید کاکە لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: "لە مەهاباد بووم، نامەیەکم بۆ هات گوتیان ئێمە جیابوونەتەوە لە یەکێتی، چونکە مەلا بەختیار پەلاماری چەند پێشمەرگەیەکی دابوو بە نیازی چەک کردنیان، مام جەلالیش چەکی دابەش کردبوو بە نیازی لێدانمان.."[2]

---

1 . پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون ویاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩-٥٠.

2 . سەید کاکە، بیرەوەریی پێشمەرگەیەک، چاپی چوارەم، ٢٠٢٠ (بەبێ شوێنی چاپ)، ل ٢٠٠.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەوڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەڕای نەوشیروان مستەفا بزوتنەوەی سۆسیالیست بۆ چەند مەبەستێک لە یەکێتی جیا بوونەوە، لەوانە:

- لایان وابوو ئەگەر لە یەکێتی جیابنەوە و سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەییان هەبێ، زۆرتر گەشەئەکەن و زیاد ئەکەن و بەهێزئەبن.

- لایان وابوو ئەتوانن خەتی سێهەم لە نێوان جەلالی و مەلایی‌دا دروستبکەن و هاوسەنگی نێوان ئەم دو حیزبە تێکبدەن. زۆری پێشمەرگەکانی هەردولا و ئەندام و کادرەکانیان، کە لە ناکۆکی ئەم دولایە و شەڕی براکوژی بێزاربوون، لەمان کۆ ئەبنەوە.

- لایان وابوو حکومەتی عێراق ئامادەیە بە ڕێگای گفتوگۆی سیاسی چارەسەری کێشەی کورد بکا، بەڵام یەکێتی بۆ ڕازیکردنی سوریا و 'توع' درێژە بە شەڕ ئەدا، ئەگەر ئەمان سەربەخۆ بن، بە جیا لە یەکێتی ئەتوانن لەگەڵ بەعس ڕێکبکەون."[1]

مام جەلال لە دیداری تەمەندا سەبارەت بە جیابوونەوەی سۆسیالیست لە یەکێتی دەڵێت: "بەڕاستی گیروگرفتیان هێنایە سەر ڕێگای پەیوەندی ئێمە بە کۆماری ئیسلامی، لە هەمان کاتدا ئەم برادەرانە بە جیابوونەوەیان ١٥٠٠ پێشمەرگەیان برد، واتا نزیکەی سێیەکی هێزی پێشمەرگەیان جیاکردەوە لە ئێمە. بەمجۆرە دەبینین بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەشێکی گرنگی لە یەکێتی نیشتمانی جیا کردەوە، ئەو بەشەی تری کە وەفاداری ڕێبازی عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید بوون، مانەوە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی، بە تایبەتی عومەر دەبابە و جەمالی حەکیم ئاغا و مامۆستا عەلی حەوێز و مامۆستا نازم عومەر و دەیان کادیر و سەدان ئەندامی تری بزوتنەوە کە لە ناو شارەکاندا بوون."[2]

بەلای نەوشیروان مستەفاوە جیابوونەوەکەی سۆسیالیست جێگەی مەترسی بوو، چونکە دەبووە هۆی دروست بوونی لەشکرێکی دیکە لە کوردستان، هەر بۆیە لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: "جیابونەوەی چەکدارەکانی بزوتنەوە، لەشکرێکی تری لە کوردستان زیادکرد و بیری یەکخستنی چەکداری هەمو حیزبەکان، لە 'یەک لەشکری یەکگرتو'دا، کە لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیەوە باسئەکرا و ئەمانویست هەمو لایەنەکان بەم بیرە قانیع بکەین، بە یەکجاری داڕوخا."[3]

---

1 . نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢ -٣٣.
2 . سەلاح ڕەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥.
3 . نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦.

سەبارەت بە هەڵوێستی یەکێتی بەرانبەر ئەو جیا بوونەوەیە، سەید کاکە باس لە کۆبوونەوەیەک دەکات کە شەوی ١٠\٩ی نیسانی ١٩٧٩ ئەنجام دراوە، تێیدا کۆمەڵێک لە سەرکردەکانی یەکێتی تێیدا بەشداربوون. لەوانە مام جەلال و عومەر دەبابە، فوئاد مەعسوم، عومەر شێخ موس، نەوشیروان مستەفا، سالار عەزیز، مەلا بەختیار، بەکری حاجی سەفەر و مولازم عومەر. ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە بووە بڕیار بدەن ئاخۆ لەگەڵ سۆسیالیست شەڕ بکەن یان نا. بە قسەی سەید کاکە لە کۆبوونەوەکەدا بەکری حاجی سەفەر تۆڕە بووە و بە مام جەلالی وتووە: "ئێمە شەڕی برادەرانی بزوتنەوە ناکەین، چونکە برای ئێمەن و پێکەوە لەگەڵ دوژمن شەڕمان کردووە. فوئاد مەعسوم و عومەر شێخ موس و مەلا بەختیار، دەیانویست شەڕی بزوتنەوە بکەن، ئەو کاتە بارەگایان لە گۆڕەشێر بوو، فوئاد مەعسوم گوتی چاک لێیان دەدەین، بەکری حاجی سەفەر بە پێکەنین گوتی کاک فوئاد شەڕ بە ئاربیجی دەبێ نەک بە ورگ. مام جەلال قسەکانی بەکری زۆر پێ ناخۆش بوو، ئەوانەی هەڵوێستیان خراپ بوو، مەلا بەختیار و فوئاد مەعسوم و عومەر شێخ موس بوون."[1]

دواجار بۆچوونەکانی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی کە لەگەڵ پەلاماردانی سۆسیالیستدا بوو، زاڵ تر بوو، شەڕێکی خوێناوی لە نێوان پێشمەرگەکانی یەکێتی و بزوتنەوەدا دروست بوو. ئەم شەڕانە گەرمتر و خوێناویتر بوون تاوەکو رێکەوتنی ئاشتی نێوان هەردولا لە ٢٤ی نیسانی ١٩٨٦.

**هەشتەم: ئاوەدان بوونەوەی خڕی ناوزەنگ**

سەدام حسێن، کە بوو بە سەرۆک کۆمار، لە ئابی ١٩٧٩دا لێبوردنێکی گشتی بۆ گیراوەکان دەرکرد، بەهۆیەوە سەدان زیندانی کورد، بە سەرکردەکانی پێشوی کۆمەڵەشەوە ئازاد بوون. عەلی بچکۆل لە یاداشتەکانیدا لەوبارەوە دەڵێت: پێش ئەوەی زیندانییەکان ئازاد بکرێن، نوێنەرێکی کۆشکی کۆماری هات بۆ زیندانی ئەبو غرێب و نزیکەی ١٠٠ کەسێک لە زیندانیانی چەپی مارکسییان کۆ کردەوە، لە شوێنێکدا کە پێی دەوترا هۆڵی ئیستقبال، ماوەی نیو کاتژمێرێک قسەی بۆ کردین و داوای لێ کردین کە پاکانە بکەین و جوێن بە خۆمان و بیرەباوەڕ و رێبازی شۆڕشگێڕیمان بدەین ئەو کاتە بڕیاری ئازاد کردنمان دەدەن. عومەری سەید عەلی، یەکێک بوو لەو زیندانیانەی لێی راپەڕی، پێی وت: "ئەو وشەیە شورەییە، ئێوە باس لە شۆڕشگێڕێتی و سۆسیالیستی دەکەن، بەڵام داوا دەکەن کە خەڵکی دیموکراتخواز و شۆڕشگێڕ تف لە رێبازی شۆڕشگێڕێتی بکات، ئەمە چ یاسایەکە."

1 . سەید کاکە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٦.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کابرای نوێنەر بەوە نەوەستا و لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئێمە دەمانەوێت ئێوە ئازاد بکەین بەو مەرجەی هەرکەسێک لەو شوێنەی تیایدا دەژی رووداو و هەواڵەکانی ناوچەکەی بگەیەنێتە پۆلیس. کاک عومەر لە وەڵامدا وتی: ئێمە پۆلیس نین، ئەگەر پۆلیسیمان بکردایە چوار ساڵ لە زیندانداندا نەدەژیاین، ئێمە ئازادبوونی وەها پڕ سەرشۆڕیمان ناوێت و بەهەڵوێستی نازانین.

هاوڕێیانی تریش دوابەدوای کاک عومەر دابارینە سەر نوێنەرکەی کۆشکی کۆماری و کردیان بە کێودا، کابرا رووی تێکردین و وتی: "ئێمە زۆر چاک دەزانین کە ئێوە سەر بە رێکخراوە چەپەکانی ئەم سەردەمەن لە وڵاتەکەماندا، لەبەر ئەوەیە مەرجتان بۆ دادەنێین." هاوڕێیان گشتیان وتیان: "ئێوە خۆتان هاتوون و دەڵێن ئازادتان دەکەین، لەبەرئەوە دژی هەموو داوایەکی نابەجێی ئێوەین." لە رۆژی ١٩٧٩/٨/١٩دا ئازاد کراین و پاش حەوانەوەیەکی کەم، زۆربەمان چووینەوە سەنگەر و ..."[1]

نەوشیروان مستەفا، بەمجۆرە باس لە هاتنی کوتلەی سجن، دەکات بۆ شاخ: "صەددام بە بۆنەی ئەوەوە کە تازە بوبو بە سەرکۆماری عێراق، لە ئابی ١٩٧٩دا چەند عەفوێەکی دەرکرد. یەکێکیان عەفوی عام بوو لە گیراوەکان. هاوڕێکانی ئێمە کە لە زیندانی ئەبوغرێب بون لە بەغداد و هەندێ لەو کەسانەی لە ڕەدهەی ئیعدامی زیندانی موسڵدا بون، بە تایبەتی دیلەکانی پێشمەرگە، ئازاد کران. بۆ ئێمە، ئەمە هەواڵێکی خۆش بو. کۆمەڵێ کادری ژیر و تێگەیشتوی تێکۆشەر لە زیندان بەربون، تینوتاوێکی تازەیان ئەدا بە رێکخراوەکە و جوڵانەوەکە.

ڕۆژێکیان لەبن دیواری بە وشکەکەڵەک هەڵچنراوی بارەگاکەماندا لەبەر ڕۆژەکە خۆم هەڵخستبو، لەپڕ یەکێ سەلامی کرد. هیچ شتێکی تایبەتی نەبو سەرنجی من ڕابکێشێ، بە جۆرێکی ئاسایی وەڵامم دایەوە. ئەو چاوەڕوانی پێشوازییەکی گەرمتر بوو، وتی: "کوڕی باش، ئەڵێی نامناسیتەوە؟" سەرم هەڵبڕی و باش لێ ی وردبومەوە. سەیرمکرد عومەری سەید عەلی بو. هەستام باوەشم پیاکرد و ئەملاوئەولای یەکتریمان ماچکرد. سەید عومەر باسیکرد کە هاوڕێیانی تریش بە ڕێگاوەن و بۆ ئەوەی هەمویان بە سەلامەتی بگەن، هەر یەکەیان بە ڕێگایەکدا هاتوە. هەر دەربارەی ئەم بابەتە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "هاوڕێیانی زیندان، کە دواییتر پێیان ئەوتن 'کیتلەی سیجن'، یەک یەک و دو دو ئەگەیشتن. فەرەیدون عەبدولقادر و پاکیزەی هاوسەری و دارۆی شێخ نوری و نەرمینی هاوسەری و ڕوناکی دەزگیرانی مەلا بەختیار و ئاوات عەبدولغەفور و پرشنگی هاوسەری و ئەرسەلان و پەخشانی

1 . عەلی بچکۆل. سەختە ڕێ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢ -٢١٣.

دەزگیرانی. ئەوانەش کە سەڵتبون، وەکو عەلی بچکۆل، جەبار فەرمان، ئەنوەر حەسەن، بە تەنیا گەیشتن. ئەوانە خێزانەکانیان، لە ترسی گرتن، لەگەڵ خۆیان هێنابو. ئەمەیش یەکەمجار بوو، ئافرەت بێتە ناوچەی سەرکردایەتی. تا ئەو کاتە ناوزەنگ کۆمەڵێکی داخراو بو بۆ پیاوان، ئیتر ئافرەتیشی تێکەوت."[1]

**نۆیەم: پێشوازییەکی سارد**

پێش ئازادبوونی سەرکردە و کادیرەکانی کۆمەڵە، نەوشیروان مستەفا بە مەبەستی بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی جەوقەد، سەفەری سوریای کردبوو. مەلا بەختیار ئەوەی بە فورسەت زانیبوو، بە ناوی (باوکی ئاوارە)ەوە لە ژمارە شەشی (گۆڤاری کۆمەڵە)دا بابەتێکی بڵاوکردبوەوە تێیدا راستەوخۆ هێرشێکی توندی کردبووە سەر شەهید شەهاب و هاوڕێکانی. دوای بەیانی شوبات، ئەمە دووەم جار بوو مەلا بەختیار سەرکردایەتی یەکەمی کۆمەڵەی بە هەڵهاتن لە خەبات و تێکۆشان تۆمەتبار کردبوو.

ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو هێرشانەی کە مەلا بەختیار کردبوویە سەر سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە:

"لێرەدا، راستیەک هەیە پێویستە نەیشارینەوە و بیخینەڕوو، بۆ کەڵک لێ وەرگرتن بۆ ئەوەی دووپات نەبێتەوە، بۆ ئەوەی چیدی کارەساتی لەو چەشنە رووندەدەن، ئەویش ئەوەیە، نەدەبوایە ئەو هاوڕێیانە مەیدانی خەبات جێبهێڵن، کە بەجێشیان هێشت، نەدەبوایە ڕێگای ئێران بگرنەبەر، هەق نەبوو، چاوی لای دوژمن بنوقێنن و هەروا بە ئاسانی بکەونە داویەوە، لەوکاتەدا کە ئەوان نیشتیمانیان بەجێهێشت، ناوەوەی نیشتیمان، سەنگەری خەبات و خزمەتکردن و چەسپاندن و جێگیرکردنی کۆمەڵە بوو."[2]

هەروەها نووسیویەتی:

"بارودۆخ هەرچۆنێک بێ، تێکۆشەرە راستەقینەکان دەتوانن بمێننەوە، لە ئامێزی جەماوەری دڵسۆزدا خۆیان وەشارن و درێژە بە خەبات بدەن، تاقیکردنەوە ئەو راستییەی سەلماندوە کە هەر کاتێک رابەر و کادیرە پێشکەوتووەکانی هەر حزب و ڕێکخراوێک کۆڕی خەباتیان چۆڵ کرد بێ، ویستبێتیان لە هەندەرانەوە خەبات بکەن و ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێبهێنن، لە کاتێکدا نیشتمان پێویستی بە مانەوەیان بووبێ، ئەوا نەیانتوانیوە وەک پێویست ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن و سەرکەوتن بەدەست بهێنن، چونکە هەر ئەو سەرکردە و کادیرانە جێگای بڕوا و متمانەی

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٩ – ١٩٨٣، برلین – ئەڵمانیا، ١٩٩٧، ل١٤٠.

2 . باوکی ئاوارە، گۆڤاری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، ژمارە ٦، پایزی ١٩٧٩، ل١٠.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هاوڕێیانی خۆیان ماون که له ڕۆژگاری تەنگانه و ناخۆشی و پڕ له مەترسیدا خۆیان ڕادەگرن و هەڵنایەن. خۆ ئەگەر ڕۆژانی خۆشی سەنگی مەحەک بێ بۆ شۆڕشگێڕێتی، ئەوا بێگومان هەموو کەسێک شۆڕشگێڕە."[1]

هەروەها له جێگەیەکی دیکەدا باس لەوە دەکات له داهاتوودا دەیسەلمێنێ که ئەو ئەهلی دروشم نییە و ئەهلی کردەوەیە و با دوژمنیش دڕندە و فاشیست بێ. مەلا بەختیار نووسیویەتی: "ئەو ڕاستیانە بزانن و سودی لێوەرگرن و بزانن خۆڕاگرتن و سوربوون لەسەر خەبات و قوربانیدان و مەیدان چۆڵ نەکردن، گەرچی دوژمنان دە ئەوەندەی تر دڕندەتر بن، فاشیست تر بن، گەرچی بارو زروفی خەبات زۆر لەم بارو زروفەی ئێستا سەخت تر بێ، ئەنجام سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە، چونکە ئێمە خاوەنی فیداکاری و قوربانیدانی زۆرین، مەیدانی خەبات و سەنگەری تێکۆشانمان چۆڵ نەکردووە و چۆڵی ناکەین. ئێمە ڕێبازی ڕاستی (م.ل) و ڕەنجدەرانی کوردستان بەرنادەین، چونکە ئێمە هەر بە دروشم و تیۆری (م.ل) نین، بەڵکو بە کردەوە سەلماندومانە و بەردەوامیش دەیسەلمێنین."[2]

هەڵسەنگاندنی نەوشیروان مستەفا بۆ هەلومەرجی نووسین و ناوەڕۆکی ئەو وتارەی مەلا بەختیار، بەمجۆرەیە: "لەو ماوەیەی کە من سەفەری دەرەوەم کردبو، مەلا بەختیار فرسەتی هێناوە بە ناوی 'باوکی ئاوارە'وە، وتارێکی درێژی لەژێر ناوی: "چەند تیشکێ بەسەر هەندێ لایەنی خەباتی کۆمەڵەدا" لە ژمارەی شەشەمی 'کۆمەڵە'دا نووسیوە. "مەلا لەو وتارەدا بیرەوەرییەکانی خۆی گێڕابوەوە سەبارەت بە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە و دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکدار؛ هێرشێکی ناوەختی کردبوە سەر سەرکردایەتی پێشوی کۆمەڵە، کە دوانیان لە سێدارە درابون و ئەوانی تریشیان تازە بە تازە لە زیندان ئازاد کرابون.

هاوڕێیانی تازە ئازاد کە هاتنە شاخ و وتارەکەی مەلا بەختیاریان خوێندەوە، زۆر دڵگرانبون و بە کۆمەڵ و تاک هاتنە لام بۆ گلەیی. ئەرسەلانیش لەگەڵ گەیشتنیدا، سالار چو بو بەگژیدا. ئەمانە چاوەڕوانی پێشوازییەکی گەرمتر بون، ڕاستیەکەی هەندێ لەو برادەرانە وەکو حەزیان لە چارەی بەربوەکان نەبو، حەزیشیان نە ئەکرد لەناو کۆمەڵە و پێشمەرگەدا بیانبینن، لایان وابو جێگەیان پێ لێژئەکەن. بۆ چارەکردنی ئەمە، لەو ڕوەوە گلەییم لە سالار کرد و لە ژمارەی حەوتەمی 'کۆمەڵە'یشدا ڕونکردنەوەیەکمان نوسی: کە ئەو وتارەی مەلا بەختیار بیروڕای تایبەتی خۆیەتی و هی سەرکردایەتی کۆمەڵە نیە."[3]

---

1 . باوکی ئاوارە، سەرچاوە پێشوو، ل ١٠.

2 باوکی ئاوارە، سەرچاوە پێشوو، ل ١٦.

3 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠ -١٤١.

لە دوای ئازادبوونی سەرکردەکانی کۆمەڵە و پەیوەندی کردنیان بە شاخەوە، وەکو پشکۆ نەجمەدین دەڵێت: "جۆرێک مەترسی لەسەر دەسەڵاتی ئەوانە دروست کردبوو کە ناسنامەی فیکری (ئارام)یان لە گیرفان نابوو، ئەمانیش بەپێی سەرەتاکانی گەمەی دەسەڵات، سەرسەختانە خەباتیان دەکرد، داکۆکیان لە ریباز و بۆچون و پێگەی خۆیان دەکرد."[1] نەوشیروان مستەفا هەوڵی زۆری داوە بۆ چارەسەری گرفتەکانی کوتلەی هاوڕێیانی زیندان و کوتلەی کۆمیتەی هەرێمەکان، بەڵام سەری نەگرتووە. لەبەرئەوەی سروشتی ململانێکانیان شەخسی بووە نەک فکری و سیاسی، بۆیە تا هاتووە کێشەکان گەورەتر بوون.

سەبارەت بە هەڵوێستی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی لەسەر گروپی زیندان، پشکۆ نەجمەدین نووسیویەتی: "سالار و مەلا بەختیار و فازڵ کەریم بە پشتیوانی چەندین سەرکردە و دەیان کادیری کۆمەڵە، لە هەوڵی نەگەڕانەوەی بەقەوڵی شەهید ئارام (کۆمەڵەی عەهدی باید)دا بوون! جڵەوی ململانێکەیان وەدەستەوە گرتبوو.[2]

نەوشیروان مستەفاش پێی وابوو ململانێکان فکری نەبوون و شەخسی بوون، بۆیە چارەسەر نەدەبوون لەوبارەوە دەڵێت: "ئەوانەی لە کۆمیتەی هەرێمەکان بون، خۆیان بە "خەتی شەهید ئارام" دائەنا و وایان ئیدییعا ئەکرد درێژە بە خەتی ئەو ئەدەن. ئەوانەیش لە سەرکردایەتی پێشوی کۆمەڵە بون، خۆیان بە "خەتی شەهید شەهاب" دائەنا و وایان ئیددیعا ئەکرد درێژە بە خەتی ئەو ئەدەن. ڕاستیەکەیشی ئەوە بو هیچ کامیان خەتێکی وای دانەڕشتبو، ئەمانە شەڕی لەسەر بکەن. ئەو دو شەهیدە کە دو کەسایەتی بەڕێز و خۆشەویستی ناو کۆمەڵە بون، ئەمان ناوەکانیان بۆ مەبەستی خۆیان لە ململانێی ناوخۆدا بەکارئەهێنان."[3]

فەرەیدون عەبدولقادر لە بیرەوەرییەکانیدا بە ستایشەوە باس لە ڕۆڵی نەوشیروان مستەفا دەکات لە هێورکردنەوەی نێوان مەلا بەختیار و کوتلەی سجن، لەو بارەوە نووسیویەتی: "پێشتر هەواڵی هەندێ ناتەبایی نێوان نەوشیروان و لاوەکانی کۆمیتەی هەرێمەکانمان بیستبوو، چەند جارێک دەمویست رای ئەو لە سەریان بزانم کە لەو بارەیەوە پرسیارم لێ دەکرد، خوا هەڵناگرێت بە ستایشەوە باسی دەکردن و بە چاکە ناوی مەلا بەختیاری دەهێنا و زەمی سالاریشی نەدەکرد. تەنانەت لەبارەی ئەو وتارەوە کە مەلا بەختیار لە ژمارە شەشی بڵاوکراوەی (کۆمەڵە)دا بەر لە گەیشتنمان

1 . پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون یاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.
2 هەمان سەرچاوە، ل ١٤٤.
3 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکینن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بۆ بارەگاکانی خڕی ناوزەنگ بڵاوی کردبووەوە و تیادا بەشێوەیەکی نادروستانە پلاری گرتبووە سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە، یاخود لەبارەی ناوەڕۆکی (راپۆرتی شوبات)ی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە، کە پرسیارمان لێ دەکرد، ئەو هەوڵی دەدا لامان ئاسایی بکات و تەقەلای نەئەدا لەدژی هاوڕێیانی کۆمیتەی هەرێمەکان هانمان بدات."[1]

**دەیەم: هەوڵێک بۆ تەسفیە کردن**

بەهۆی گوشارەکانی مولازم موحسین بۆ سەر کەس و کارەکەی، دایکی نەوشیروان مستەفا و چەند ئەندامێکی خێزانەکەی لە شارەزور خۆیان حەشار دابوو، ئەویش بڕیار دەدا بچێ بۆ سەردانیان و داوایان لێ بکات بێن بۆ ناوزەنگ. لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی کەم بەڕێ دەکەون. پاش یانزە ساڵ لە گوندی بەردەڕەش کە دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی شاری سلێمانی لەناوچەی شارباژێر، لەگەڵ دایک و برا و خوشک و براژنەکەی یەکتر دەبینن. دواتر لەگەڵ دایکی ڕێکەوتێک دەکەوێ کە هەمویان بێن بۆ ناوزەنگ. لە یەکتری جیادەبنەوە؛ ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ شارەزوور و ئەویش بۆ ناوزەنگ. لەو کاتەی کە لە گوندی قەویلە دەبێ، بە کەمال شاکیردا نامەیەک بۆ تایەری عەلی والی دەنێرێ و ئاگاداری دەکاتەوە کە بۆ کارێکی تایبەتی خۆی هاتووەتە ناوچەکە و ئامادەیە بۆ بینینی و بۆ ئەوەی پێکەوە هەوڵی خاوکردنەوەی گرژی نێوان پێشمەرگەکانی سۆسیالیست و یەکێتی بدەن. مولازم تایەر لە وەڵامی نامەکەدا پێخۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێ لە بوونی ئەو لە ناوچەکەدا و گلەییەکانی خۆی لە یەکێتی دەکات، ئامادەیی خۆیشی پیشان دەدا بۆ یەکتربینین.

نەوشیروان مستەفا، دان بەوەدا دەنێ، لە ناردنی ئەو نامەیەیدا هەڵە بووە: "ئەم نامەنووسینە، بێ خۆ ئامادە کردنی پێشمەرگەیی پێشەکی، هەڵەیەکی گەورە و کوشندە بو، کردم. لەباتی ئەوە، ئەبو دەس‌بەجێ هەمو هێزەکانی یەکێتی لە ناوچەکەدا کۆ بکەمەوە، ئینجا نامەیان بۆ بنوسم، بەڵام من ئەوەندەم لەخۆم ڕائەدی و بە خۆما ڕائەپەرموم، کە بێ چەکدار و هێز بچمە ناویان و قسەیان لەگەڵ بکەم، بە تایبەتی هەموی چەند حەفتەیەک لەوەوپێش چەند ئەندامی سەرکردایەتی حسکم بینیبو."[2]

ڕۆژی ٥ی کانونی دووەمی ١٩٨١، هێزێکی سۆسیالیست لەکاتی نانی بەیانیدا لە گوندی قەویلە دەچنە سەری و دەیگرن. ئیبراهیم جەلال، لە بارەی مەرجەکانی سۆسیالیست بۆ ئازاد کردنی نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی: "سۆسیالیست داوای دەکرد یەکێتی ١٠٠ چەک بدا بە حسک ... من ڕام لەسەر ئەوەبوو، کە ئەو چەکانە

1 . فەریدون عەبدولقادر، هەڵۆ سورەکانی قەندیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٨.

2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧.

بدرێت، گەر بەو کارە نەوشیروان بەردەن، کاک بەکری حاجی سەفەریش هەمان ڕای هەبوو، بەڵام (مەلا بەختیار و سالار) ڕایان وابوو، کە نەدرێت و مەرجەکانیشیان پەسەند نەکرێت، ڕای سالار وابوو، کە کۆمەڵێک سەرکردەی شەهید بووە، با ئەویش وەک هەر یەکێک لەوانە شەهید بێت."[1]

مەلا بەختیار لە وەڵامی ئەو قسانەدا نووسیویەتی: "سەدان پێشمەرگە شایەتن، کە ڕۆڵی ئێمە لە فشار خستنە سەر سۆسیالیست، ناردنی شێخ کاوە و شێخ دارا و جەمال ئاغا، بۆ ئازاد کردنی نەوشیروان چۆن بووە. هەتا ڕادەی رازیبوون کە ژمارەی ئەو چەکانەش بنێرین، بۆ ئازادبوونی."[2] بەڵام مام جەلال، لەو بارەوە دەڵێت: "ئەوان لە گرتنەکەی نەوشیرواندا لە لایەن جەماعەتی حیزبی سۆسیالیستەوە، ویستیان سود وەرگرن، کەوتنە ئیستیفزاز کردنی جەماعەتی سۆسیالیست، وایان دەویست بەشکو نەوشیروان بکوژرێت، تەنانەت یەکێکیان وتبووی، تازە نەوشیروان ڕۆیشت و دەکوژرێت. بەراستی هەموو ڕەفتاریان وادەکرد کە ئیستفزازی حسک بکەن و ئەوان نەوشیروان بکوژن و لێی رزگار بن، بەڵام لە ئەنجامدا لە فرسەتێکدا نەوشیروان هەڵهات و گەڕایەوە ناومان.."[3]

بگرە و بەردەی مانەوەی نەوشیروان مستەفا، لای سۆسیالیست ٣٢ ڕۆژی پێچوو، تا لە ئەنجامدا شەوێ لە زیندانەکەی هەڵهات و گەڕایەوە ناو هاوڕێکانی. نەوشیروان مستەفا دوای گەڕانەوەی، زۆر گوێی بەو مەسەلەیە نەدا و بە مرونەت و نەرمی نواندن لەگەڵیاندا، چارەسەر کردنی ئەو کێشە و ناکۆکیانەی بردە ناو کۆنفرانسی کۆمەڵە و لەوبارەوە نووسیویەتی: "ئەو ماوەیەی من گیرابوم، کادرەکانی کۆمەڵە لە بارەگاکانی سەرکردایەتی زنجیرەیەک سیمیناری فیکری و سیاسییان گرتبو، ناکۆکییەکانی ناو ڕیزەکانیان قوڵتر و ئاشکراتر بوبو. ئەمەیش زۆری کادرەکانی توڕە کردبو، بیری گرتنی کۆنفرەنسیان لەلا گەڵاڵە بوو. کە گەیشتمەوە ناوزەنگ، چەند کۆبونەوەیەکمان کرد و بڕیارمان دا کۆنفرەنس ببەستین."[4]

---

1 . برایم جەلال، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٠.

2 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٤.

3 . سەلاح ڕەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦.

4. نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# باسی سێیەم
# کۆنفرانسەکانی کۆمەڵە

**یەکەم: کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵە**

وەک نەوشیروان مستەفا نەخشەی بۆ دانابوو، لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٨١ لە مالیمۆس، لەژێر دروشمی: "لە پێناوی پتەوکردنی ڕیزەکانی کۆمەڵە و ڕاپەڕاندنی جەماوەری گەلەکەماندا"، یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە بە ئامادەبوونی ١٨٥ ئەندام بەسترا.

ئەم کۆنفرانسە بە گەورەترین ڕووداوی سیاسی و ڕێکخراوەیی ژیانی کۆمەڵە لە ١١ ساڵی تەمەنیدا دەژمێردرێت. یەکەمین جار بوو ١٨٥ کادری پێشکەوتووی ئەو ڕێکخراوە لە شار و ئۆردوگا و لادێ و دەرەوەی وڵاتەوە کە نوێنەرایەتی نزیکەی ٨ هەزار ئەندام و لایەنگری کۆمەڵەیان دەکرد، لە جێگەیەک کۆبنەوە بۆ گەشەپێدانی ڕێبازی سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی ڕێکخراوەکەیان. ئەم کۆنفرانسە هەم بۆ نەوشیروان مستەفا و هەم بۆ گروپی زیندان و کۆمیتەی هەرێمەکان، دەرفەتێکی زێڕین بوو، ئەوەی بۆچوونەکانی خۆیان بخەنە بەردەمی ئەندامەکانی کۆمەڵە، تاوەکو زۆرترین پشتیوانی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

"کۆنفرانسەکە لە هەلومەرجێکدا بەسترا کە ململانێی ناوخۆیی ناو کۆمەڵە زۆر پەرەی سەندبوو. لەم سۆنگەیەوە ململانێکە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر ئاکامەکانی کۆنفرانسەکە هەبوو، بەڵام ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنفرانس نەبوو. لەو ڕووەوە هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ نەهاتە ئاراوە، کەس تانەی لە شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامەکان نەدا و هیچ سکاڵایەکیش تۆمار نەکرا."[1]

نەوشیروان مستەفا سکرتێری کۆمەڵە ڕاپۆرتێکی خوێندەوە، ڕاپۆرتەکە بە گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆمەڵە و ئەو هەلومەرجەی تێیدا سەری هەڵدا، دەستی پێ کردووە و بە وردیش باسی لە ململانێ ناوخۆییەکانی کۆمیتەکانی کۆمەڵە کردووە. لە گفتوگۆکاندا

1 . ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی بەرگی دووەم چاپی سێیەم، ٢٠١٦

ململانێی توند لە نێوان باڵی زیندان و باڵی هەڕێمەکاندا دروست بووە و ڕەخنەی تووندیان ئاراستەی یەکێتی کردووە، بەڵام سەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە بەوە کۆتایی هاتووە کە کۆنفرانس بە سەرزارەکی ڕەخنەی لە هەردوو باڵ گرتووە.

بۆ مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵە چەند گێڕانەوەیەکی جیاجیا هەبوون، گرنگترینیان ئەوە بووە کە کۆمەڵە لە سێ ڕەوت پێکهاتووە، ڕەوتی جەلال تاڵەبانی، ڕەوتی نەوشیروان مستەفا و ڕەوتی شەهاب شێخ نوری، بەڵام ئەو گێڕانەوەیە پەسەند کرا کە ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵە لە ئەنجامی یەکگرتنی ئەو سێ ڕەوتە دروست بووە.

گرنگترین ململانێکانی ناو کۆمەڵە بریتی بوو لە مەسەلەی ئایدۆلۆژیای فەرمی و ناوی کۆمەڵە و شێوەی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا سەبارەت بەناوی کۆمەڵە، نەوشیروان مستەفا لە گۆشە نیگایەکی کوردستانییەوە پێی وابوو دەبێ ناوی "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" بێت بەبێ پاشگری عێراق، لەمەدا باڵی زیندان پشتگیری بۆچونەکەی ئەویان دەکرد. بەڵام باڵی کۆمیتەی هەڕێمەکان (مەلا بەختیار، سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر) جەختیان لەسەر هەبوونی پاشگری عێراق دەکردەوە بۆ کۆمەڵە و پێشنیاری "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق"یان دەکرد. لەدەنگدانی کۆتاییدا پێشنیارەکەی نەوشیروان مستەفا پەسەند کرا و پاشگری عێراق لە کۆمەڵە کرایەوە. بە دەرک کردن بە واقعی داگیرو دابەشکراویی کوردستان، نەوشیروان مستەفا لەوە تێگەیشتبوو یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی کوردستان لەو دۆخەدا ئەوەیە، شۆڕشگێڕەکانی کورد درکێکی گونجاو و واقعیانەیان نەبووە بۆ خەباتی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، ئەوان لەژێر ناوی سۆشیالیزم و پێشکەوتندا، خەباتی نەتەوەییان وەلا ناوە و خەباتی چینایەتیان کردووەتە بەرنامەی کار، ئەوەش هەمان شتە کە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەیانەوێ. والّتەر بنیامین لەو بارەوە دەڵێت: نەریتی ستەملێکراوەیی، فێرمان دەکات کە ئەو دۆخە "نائاساییەی" تێیدا دەژین، ئاوارتە نییە، بەڵکو ڕێسایە، ئێمە دەبێ بە چەمکێک لە مێژوو بگەین، کە لەگەڵ ئەم تێڕوانینەدا بێتەوە. بەم گوێرەیە، بەرووبونی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەرکی سەرشانی ئێمە، سازکردنی دۆخی نائاسایی ڕاستەقینەیە، هەر ئەمە پێگەی ئێمە بۆ خەباتی دژە فاشیزم بەهێزتر دەکات. یەکێک لەو هۆیانەی فاشیزم لە ڕێگەیەوە شانی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ، ئەوەیە کە دژایەتی فاشیزم لەژێر ناوی پێشکەوتندا، وەک جۆرێک لە نۆرمی مێژوویی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن."[1]

1 . سارۆ ئەردەلان، کۆلۆنالیزم و شۆڕش، تیشک (گۆڤار)، ژمارە ٣٥ ساڵی بیست و یەکەم، پایزی ٢٧١٩، ل ٣٥


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کۆنفرانسی کۆمەڵە فرسەتێک بوو لەبەردەم نەوشیروان مستەفا، بۆ راستکردنەوەی ئەو قەناعەتەی کە پێی وایە ململانی و ناکۆکی سەرەکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەگەڵ "ئیمپریالیزم"دایە، نەک خودی داگیرکەر. پاش وتوویژێکی دوورودرێژ و پڕ لە کێشمەکێش، نەوشیروان مستەفا توانی ئەندامانی کۆنفرانس قەناعەت پێ بێنێ دەنگ لەسەر ئەو بۆچوونە بدەن کە ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵە لەگەڵ رژێمی داگیرکەری عێراقە. بە مانایەکی دیکە، شۆڕشی رزگاری نیشتمانی کوردستان، لە دژی داگیرکەرانی کوردستانە و ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیش لە بەرەی دوژمندان.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە دەبوو لە کۆنفرانسدا یەکلایی بکرێتەوە ئەوە بوو، دەبێ کۆمەڵە خەباتی چینایەتی و نیشتمانی پێکەوە گرێ بدات. بۆیە نەوشیروان مستەفا داوای کرد کۆمەڵە دەستبەرداری دروشمی "ئەی کرێکارانی جیهان یەککگرن" ببێ و لە جیاتی ئەوە دروشمی "ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەککگرن" پەسەند بکات، کۆنفرانس ئەوەشی پەسەند کرد. ئەو هەنگاوە رێگەی بۆ گۆڕینی لۆگۆی کۆمەڵەش خۆشکرد. ئەندامانی کۆنفرانس ئەو لۆگۆیەیان پەسەند کرد کە گوزارشی لە کوردستانی بوونی کۆمەڵە و رێبازی شۆڕشگێڕانەی مارکسیستی دەکرد. لۆگۆکە بریتی بوو لە "وێنەی چەکوش و داس و ئەستێرەیەک و چوار بازنە. چەکوش و داسەکە گوزارشی لە هاوپەیمانی کرێکاران و جوتیاران دەکرد، ئەستێرەکەش ئاماژە بوو بۆ ئامانجی ستراتیژی کە سۆشیالیزمە، چوار بازنەکەش ئاماژە بوون بۆ چوار پارچەی کوردستان"[1]

لە کۆنفرانسی یەکەمدا، ئەگەرچی نەوشیروان مستەفا بەهۆی هەلومەرجەکانی ئەو سەردەمەوە،نەیتوانی کۆمەڵە بەتەواوەتی لە رێبازی کۆمۆنیزم داپچڕێنێ و بیگەڕێنێتەوە بۆ رێبازی خەباتی نەتەوەیی و رزگاریی نیشتمانی کوردستانی، بەڵام ئەمە یەکەمین هەنگاوی بوو بۆ رزگارکردنی شۆڕشگێڕانی کورد لە کۆت و بەندی ئایدۆلۆژیای مارکسی-لینینیی و ماویزم، کە چەندین ساڵ بوو نەک هەر شۆڕشگێڕەکانی کەلەپچە کردبوو، بەڵکو خەریک بوو کۆمەڵگای کوردیش بە خۆیە شەتەک بدات و رازیی بکات وەک بندەستێکی نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەب بمێنێتەوە، بەو مەرجەی جۆری رژێمەکە کۆمۆنیزم بێت.

لەم کۆنفرانسەدا، مەلا بەختیار جارێکی دیکە مەسەلەی چونە ئێرانی شەهید شەهاب و هاوڕێکانی وروژاندەوە و هێرشی کردەوە سەر کوتلەی سجن. مەسەلەی کۆمیتەی هەرێمەکانی بەرووی هاوڕێیانی زیندانیدا داوەتەوە و داوای لێکۆڵینەوەی لەگەڵیاندا

1 . ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی بەرگی دووەم چاپی سێیەم، ٢٠١٦

کردووە. بەڵام زۆربەی ئەندامانی کۆنفرانس ئەو بابەتەیان ڕەتکردەوە و نەبووە ئەجەندای سەرەکی، بۆیە پشتگوێ خرا.

پشکۆ نەجمەدین ڕەتکردنەوەی ئەو داوایە بە ترسنۆکی لەقەڵەم دەدات و نووسیویەتی: "کۆمیتەی هەڕێمەکان، بەهیوا بوون، کۆنفرەنس هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ قۆناغی ناوەڕاستی حەفتاکان و هەڵوێستی سەرکردایەتی کۆمەڵە و هەوڵی شکستخواردوی ئەوان بۆ بەجێهێشتنی کوردستان و پاشان دەسگیرکردنیان، لە لایەن رژێمی شا و تەسلیم کردنەوەیان بە بەعس، ڕووداوەکانی زیندان، ئیعدام کردنی شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر، هەڵوێستی سەرکردەکانی دیکە لە زیندانداو و چۆنیەتی پرۆسەی دادگاییکردنەکان، بکات و هەموو ئالۆزی و نادیارییەکان ئاشکرا بکات، بەڵام هەرگیز زاتی ئەوەیان نەکرد و نهێنییەکانی ئەو قۆناغە ناسک و دژوارەیان هەر بە نهێنی و مەتەڵ هێشتەوە."[1]

پێداگری مەلا بەختیار لەسەر موحاسبەکردن و دادگاییکردنی شەهاب و هاوڕێکانی بۆ دوو مەبەست بوو:

یەکەم: دەیوست لە ڕێگەی تانەدان لە ئیهمالی ئەوان بەوەی شۆڕشی چەکداریان دەست پێ نەکردووە، لە سەروەری و شانازی دەستەی دامەزرێنەر کەم بکاتەوە.

دووەم: لەبەر ئەوەی گروپی زیندان لە ڕووی بیروبۆچونەوە کوردستانی بوون، دەیوست لەڕێگەی لێدان لەوانەوە ململانێی نەوشیروان مستەفا بکات، چونکە تا ئەو کاتە لەگەڵ ئەودا ڕاستەوخۆ نەکەوتبووە ململانێوە.

مەلا بەختیار، هۆکاری سەرنەکەوتنی هەوڵەکانیان لە کۆنفرانسەکەدا بەم جۆرە باس دەکات: "ئێمە؛ سالار، جەعفەر، ئازاد، مولازم عومەر، بەندەو دلێری سەید مەجید، بەرنامەمان نەبوو. زۆرتر پشتمان بە شانازیی کۆمیتەی هەڕێمەکان و شۆڕشکردن و هەندێک پرەنسیپەوە، قایم کردبوو. پێمان وابوو، ئەو شانازییانە بەس بوون، لەناو کۆنفرانسدا کاریگەریمان هەبێ. لەناویشماندا هەبوو، دوودڵ بوون. هۆیەکەشی مەترسی بوو لەجیابوونەوە. بەوشێوەیە، بێبەرنامە چوینە ناو کۆنفرانس."[2]

سەبارەت ڕاوبۆچوونی مەلا بەختیار لەو کۆنفرانسەدا، ئیبراهیم جەلال دەنووسێ: "مەلا بەختیار کە بە نیفاقی سیاسی پەروەردە بووبوو، لەژێرەوە خۆی بە لایەنگری سالار دەزانی، لەناو کۆنفرانسیش قسەی دیکەی دەکرد و دەیووت من نەک هەر عێراقی نیم، لە کەڵە ئەنگوستی پێمەوە تا تەوقی سەرم کوردستانیم".[3]

---

1 . پشکۆ نەجمەدین ئەزموون و یاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

2 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٠.

3 هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٨.



ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

فەرەیدون عەبدولقادر، کە باس لە یەکەمین کۆنفرانس دەکات، ئەو راستیە ئاشکرا دەکات کە دوو لایەن، لە دوو بەرەی جیاوازدا دروست بووبوون؛ یەکێکیان بەرەی سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە بوو، کە پێیان وابوو هەوڵ و تەقەلاکانی ئەوان و نەدرکاندنی نهێنییەکان وای کردووە کۆمەڵە لەسەرپێی خۆی بوەستێ و بااڵ بکات و نە زیندان و نە سێدارەدان نەیانتوانیوە وەریان بڕوخێنێت، ئەوەی دیکەشیان بەرەی کۆمیتەی هەرێمەکان بوو، کە پێیان وابوو قارەمانێتی ئەوان وایکرد کۆمەڵە نەتوێتەوە و لە تەنگەژەکاندا دەربازیان کردووە و رەخنەشیان لە سەرکردایەتی پێشوو ئەوە بوو کە بەزیو بوون و لەبەرپرسیارێتی هەڵهاتوون.

سەبارەت بە رۆڵی نەوشیروان مستەفاش لە خاوکردنەوەی ناکۆکییەکاندا فەرەیدون عەبدولقادر نووسیویەتی: "لە راستیدا لە ئاراستەکردنی ئاقار و ئەنجامەکانی کۆنفرانس (نەوشیروان) خۆی رەنگی دەڕێژا و خۆی بە ئارامی و لە سەرخۆ هەنگاوی بۆ دەنا. لە کاتی پێویستدا لەسەر حەق قسەی خێری بۆ ئەملا یان ئەولا دەکرد و هەوڵی دەدا ناکۆکییەکان نەگەنە ئاستی تەقینەوە و لێکدابڕان."[1]

لەسەر داوای ئەو ئەندامانەی کۆمەڵە کە لە شارەکانەوە هاتبوون بۆ بەشداری کۆنفرانسەکە و نەیاندەتوانی زۆر بمێننەوە، هەڵبژاردنی سەرکردایەتی پێش خرا. ئەو ٨٠ سەعاتەی کە ئەندامانی کۆنفراس لەنێو خۆیاندا ئاڵوگۆڕی بیروڕا و گفتوگۆیان دەکرد، بەس بوو بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی ورد بکەن بۆ جۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ئاکاری سیاسی ئەو ئەندامانەی بەنیاز بوون خۆیان بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە هەڵبژێرن. لە ئەنجامی دەنگداندا "سالار و جەعفەر دەرنەچون و مولازم عومەر و مەلا بەختیار بە دەنگێکی کەم دەرچون. "دوای بااڵوکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن، بەڕێز، سالار، مەلا بەختیار، جەعفەر، ملازم عومەر.. قسەیان کرد و هێرشیان کردە سەر ئەندامانی کۆنفرەنسەکە. لێگەڕاین قسەی خۆیان بکەن، چەند کەسێ لێیان ڕاپەڕین، وێستیان بە توندی وەاڵمیان بدەنەوە، بەاڵم بۆ ئەوەی وەزعەکە نەشێوێ، من ڕێگەم نەدان".[2]

دەرنەچوونی سالار عەزیز و فازیل کەریم و دەنگی کەمی مولازم عومەر و مەلا بەختیار، و پەسەندکردنی ئەو بۆچوونانەی کە نەوشیروان مستەفا لە کۆنفرانسدا بۆ ئاوێتە کردنی خەباتی نیشتمانی و چینایەتی و کاڵ کرنەوەی هەژموونی ئایدۆلۆژیای چەپ و تۆخبوونەوەی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ناو کۆمەڵەدا، سەرەتای سەرهەڵدانی ململانێیەکی رەنگ بۆ داڕێژراوی بوو لەناو کۆمەڵەدا. مەلا بەختیار و

1 . فەریدون عەبدولقادر، هەڵۆ سورەکانی قەندیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٧.

2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٩ – ١٩٨٣، برلین – ئەڵمانیا، ١٩٩٧، ل١٩٩

هاوڕێکانی به بیانووی لادان له بیروباوەڕی مارکسیزم – لینینیزم و گرتنەبەری خەباتی رزگاری نیشتمانی، دژایەتی کردنیان بۆ شەخسی نەوشیروان پەرە پێدا.

نەوشیروان مستەفا، لەکاتی پرۆسەی دەنگدانەکەدا بۆ ئەوەی کاروباری کۆنفرانس بە ڕێکووپێکی بڕوا، جگە لەوەی هیچ لیستێکی نەبوو، ستایش و ڕەخنەشی نەئەگرت لە هیچ کام لەوانەی خۆیان بۆ سەرکردایەتی هەڵبژاردبوو. بگرە هەر بەشداری لەدەنگدانەکەشدا نەکرد.

لە کتێبەکەیدا مەلا بەختیار بەم جۆرە باسی لە هەڵبژاردنەکە کردوە: "بەهۆی ئەوەی تەکەتولی زیندان دایانە پاڵ نەوشیروان توانیان سەرکەون، تەنها مولازم عومەر و منیان پێ نەخرا، (١٨٥) ئەندام بەشداریان کرد، من سەرپەرشتی ڕێکخستنی شارەکانم دەکرد و دەمامکەکانم بۆ دروستکردن و نەمهێشت بناسرێن"[1]

جارێ با ئەوە ساغ بکەینەوە کە ئایا نەوشیروان مستەفا، رقی لە کوتلەی سجن بووە یان دۆستیان بووە؟ مەلا بەختیار لە لاپەڕە (١١٠)ی کتێبەکەیدا نووسیویەتی: "لە دوای گەڕانەوەی، نەوشیروان مستەفا رقی زۆری لە هاوڕێکانی زیندان بوو. دەیگوت شیهاب و هاوڕێکانی تەواوی بەرنامەی شۆڕشیان تێکدا! ئەگەر حکومەت لە سێدارەی نەدانایە، ئێمە دادگایمان دەکردن و دەمانکوشتن، بە توندی بەرپەرچم دایەوە".[2]

ئەگەر ئەم قسانە راست بن، خۆ دەبێ نەوشیروان مستەفا لە چەندین شوێنی دیکەدا وتبێتی، حەتمەن کوتلەی سجنیش هەر دەیانبیستەوە و هەڵوێستان توند دەبوو لە بەرانبەری. بەڵام پێدەچێ مەلا بەختیار ئاگای لە سەروبنی قسەکانی نەبێ، ئەگینا چۆن دوو لاپەڕە پێش ئەو قسەیە، شتێکی دیکەی دەڵێ کە ١٨٠ پلە پێچەوانەی ئەم قسانەیەتی: "تەکەتولی زیندان دایانە پاڵ نەوشیروان توانیان سەرکەون..". ئەمە پاساوێکی زۆر لاوازە.. تەکەتولی زیندان، چی ئەوانەی ئیعدام کران و چی ئەوانەی لە زیندانەوە گەڕابوونەوە، کادیری تێکۆشەر و ناوداری کۆمەڵە بوون، لە زیندانەکاندا چۆکیان بۆ دڕندەیی بەعس دانەدا، چۆن چوونە پاڵ کەسێک ئەگەر بزانن رقی لێیان بووە و پێشتر فتوای کوشتنی بۆ دەرکردوون؟!

شتێکی ڕەوا و ئاساییە لە کۆنفرانس و کۆنگرەکاندا خەڵکانێک لە دەوری بەرنامەیەک کۆببنەوە و کار بۆ سەرخستنی بکەن و دەنگی زۆرینەی بۆ کۆبکەنەوە. خودی مەلا بەختیار لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی ئاڵای شۆڕش و ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێتیدا دەیان جار ئەوەی کردووە. پشتگیریی کردنی باڵی زیندان و

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.
2 . هەمان سەرچاوە، ل ١١٠.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

زۆرینەی ئەندامانی کۆنفرانس لە بۆچوونەکانی نەوشیروان مستەفا، بەهۆی زەبروزەنگ و هەڕەشە و گووڕەشە نەبووە لە ئەندامان، تەنانەت خودی مەلا بەختیاریش ئیدعای شتێکی وای نەکردووە، بەڵکو لەبەر مەنتیقیی بوونی بۆچوونەکانی و گونجانی لەگەڵ هەلومەرجی کوردستاندا بووە.

مەلا بەختیار و هاوڕێکانی، لەبەر خستنەڕووی بۆچوونی ناواقعی و لاوازیی ئەرگۆمێنتەکانیان، نەیانتوانی کار بکەنە سەر زۆرینەی ئەو ١٨٥ ئەندامەی کۆنفرانس؛ کە خەڵکانی بەئاگا و هۆشیاری ناو ریزەکانی کۆمەڵە بوون و بەشی زۆریشیان وەک خۆی دەڵێ لە رێکخستنەکانی شارەکانەوە هاتبوون و مەلا بەختیار هەڵیبژاردبوون و سەرپەرشتی هێنانی کردبوون و دەمامکی بۆ دروست کردبوون.

مەلا بەختیار لە کتێبەکەیدا وەک شانازییەک، باس لە هەڵچوونی خۆی دەکات لە کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە و گلەیی لەو هاوڕێیانەی دەکات کە بۆچی لە دیدارە رۆژنامەوانی و یادەورەییەکانیاندا باسی هەڵچوونی ئەویان نەکردووە و نووسیویەتی: "لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەدا، کە بۆم دەرکەوت، پیلانیان لە هاوڕێ هیلاکەکانمان گێڕاوە، تا رادەی هەڵچوون پیلانەکەم قانگدا. بەشێک لەو هاوڕێیانەی بەرگریم لێ کردوون، لە نووسینی میژوودا قەڵەمەکانیشیان لەو راستیانە لادەدەن، یان قسەیان بۆ رۆژنامە و خوێندکارانی تێزەکان کردووە، راستیەکانیان بە ئارەزوو هەڵگێڕاوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە نەوشیروان و فەرەیدون عەبدولقادر و برایم جەلال و زۆری تر، لەسەر ئەو تۆرە بوونەی منیان نووسیوە!" [1]

هەڵچوونە تونەکەی مەلا بەختیار لەسەر ئەنجامی هەڵنەبژاردنەکان، یا کەمی دەنگەکانی خۆی و یەک دوو لە هاوڕێکانی، وایکردووە لۆژیکانە بیرنەکاتەوە، بە خێرایی بڕیاری وازهێنان لە کۆمەڵە بدات. ئەم هەڵوچوون و داچوونانە لە زۆربەی کۆبوونەوەی و کۆنفرانسەکانی دیکەی کۆمەڵەدا رەنگی دەدایەوە.

گەر تەحلیلێکی لۆژیکی هەڵچوونەکەی مەلا بەختیار و رەوتی رووداوەکانی ناو کۆنفرانسەکە بکەین، دەزانین ئەو هەڵچوونە هیچ پاساوێکی نەبووە؛ چونکە ساڵی ١٩٨١ لە کوردستانی عێراق ١٨٥ کەس لە کۆنفرانسێکدا کۆبوونەتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی رێکخراوێک کە خۆبەخشانە و ئارەزومەندانە تێیدا ئەندامن. ئەندامانی کۆنفرانس لە رووی تەمەن و پیشە و شوێنی نیشتەجێبوون و ئاستی خوێندەوارییەوە زۆر لە یەک جیاوازبوون. بەپێی زانستی کۆمەڵناسی سیاسیش، کارێکی سەختە، بگرە زۆر ئەستەمە، کەسێک یان تاقمێک بتوانیت بێ بوونی باوەڕێکی قەناعەت پێ هێنەری

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

واقعیانه ئەو هەموو خەڵکە نەگونجاوانە کۆنترۆڵ بکات و ناچاریان بکات ڕەفتارێک بنوێنن لەگەڵ خواستەکانیاندا یەک نەگرێتەوە.

لە زانستی ڕەفتاری هەڵبژاردندا، نمونەیەک هەیە پێی دەوترێ "هەڵبژاردەی ئایدیاڵ"؛ واتە دەنگدەر بەپێی ئەو پێوەرانەی لە هزری خۆیدا باوەڕی پێیانە، هەڵدەسێ بە بەراوردکردن لە نێوان بژاردەکانی بەردەستیدا، لەکاتی بەراوردکردنەکەشدا، دەنگدەرەکە یەکەمجار تەرکیز دەخاتە سەر لایەنی نێگەتیڤی بژاردەکانی بەردەستی و هەڵیان دەسەنگێنێ، دواتر دێتە سەر هەڵبژاردنی ئەو کەسەی لەگەڵ پێوەرەکانی ئەودا سازگارە و دەنگی پێدەدا.

لەو کۆنفرانسەدا مەلا بەختیار و نەوشیروان مستەفا، وەک یەک مافیان هەبووە، بۆ خستنەڕووی بیروبۆچوونەکانیان، وەک یەکیش کاتیان لەبەردەستدا بووە بۆ قەناعەت پێکردنی ئەندامانی کۆنفرانس، بە بیروباوەڕەکانیان. دەنگدەرانیش بەشێنەیی بۆچوونە لۆژیکی و واقعیەکانیان لە نالۆژیکی و وەهمییەکان جیا کردووەتەوە و دەنگیان پێداوە.

سەرەڕای هەڵچوونە دەروونییەکەی مەلا بەختیار و هاوبیرەکانی، بەڵام نەوشیروان مستەفا بۆ ڕێگریکردن لە لێکترازانی کۆمەڵە و وازهێنانیان، چەند جارێ سەردانی کردوون و بەڵێنی ئەوەشی بە سالار و جەعفەر داوە کە هەر لە مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا بیانهێڵێتەوە. بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبووە، چونکە ئەوان هەر سوربوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان. مەلا بەختیار تا چەند ڕۆژێک هەڵچوونەکەی دانەمرکاوەتەوە، لە هەموویان زیاتر خۆی بە دڵشکاو زانیوە و ناڕەزایی دەربڕیوە. لە کۆتاییدا نەوشیروان مستەفا، گەیشتووەتە تینی و پێی وتووە: "کاتی خۆی کە من بوم بە کۆمەڵە و دوایی بە یەکێتی و دەسمان کردەوە بە شۆڕش، نەمبیستبوو کابرایەک هەیە ناوی مەلا بەختیارە، ئێستایش ئەگەر ئەمێنیتەوە، زۆر باشە، ئەیشڕۆی خواحافیزت بێ، بەبێ تۆیش کۆمەڵە و یەکێتی و شۆڕش بەردەوام ئەبێ!" [1]

بۆ چارەسەری ئەم دۆخە، فەرەیدون عەبدولقادر، دەستپێشخەریەکی کردووە و لە ڕێگەی مولازم عومەرەوە دانیشتنێکی لەگەڵ مەلا بەختیاردا ڕێکخستووە و پێی وتووە: "ئێوە هاوڕێیانی کۆمیتەی هەرێمەکان و ئێمەش ئەو هاوڕێیانەی کە لە زیندان هاتوینەتەوە و ئەوانەش کە لە ناو شار و دەرەوە لەم هاوڕێیانە کۆبوونەتەوە، هەردولامان خاوەنی کۆمەڵە و ڕێبازی ڕاستەقینە و ناسنامەی کۆمەڵەین و هەردولامان بە ڕێبازی بیروبۆچوونەکانی کۆمەڵە گۆش کراوین و هیچ لایەکیشمان لە دەرەوەی کۆمەڵە نەبووین لەپڕ نەهاتوین و دەستمان بەسەر کۆمەڵەدا نەگرتووە! بۆیە

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەڕای من راست وایە هەردولامان یەک خەت بین. راستە لە رابردودا بەهۆی لێکدابڕانەوە هەندێ لە یەکتر نەگەیشتن لە نێوانماندا پەیدا بووە و کادیر و ئەندام و پێشمەرگە و هاوڕێیانمان و تەنانەت دۆست و نەیارەکانیشمان، لە شار و لە شاخ بە ناکۆکی تەماشای دەکەن و دڵسۆز و هۆشیارەکان زۆر پێی ناڕەحەتن، بۆیە درێژە کێشانی ئەم حاڵەتە و بەردەوام بوونی، زیانێکی گەورە لە کۆمەڵە و لە پێکهاتە و بیروبۆچوون و ڕێبازەکەی دەدا، حەق وایە برایانە تەگبیرێ لەم حاڵەتە بکەین و کۆتایی پێبهێنین هاوکاری یەکتر بین.

مەلا بەختیار لە وەڵامدا وتی زۆر راستە و هیچ رایەکی جیاوازم لەو قسانە نیە، بەڵام بوارم بدە با قسە لەگەڵ برادەرانی تریشدا بکەم. ئیتر هەر ئەو قسەیە بوو وەرامێکم دەست نەکەوتەوە."[1] نە تەقەلاکانی نەوشیروان مستەفا و نە ئەوانەی فەرەیدون عەبدولقادر، سودی نەبوو لەگەڵیاندا، دەستەجەمعی شاخیان بەرەو تارانی پایتەخی ئێران بەجێهێشتوە. لەوێ مام جەلالیان دیوە. مام جەلالیش خۆی ئاسا، ئاستی هەڵچونەکەی مەلا بەختیار و گروپەکەی دادەبەزێنێ. مەلا بەختیار لەگەڵ خۆیدا دەگەڕێنێتەوە. بەڵام مامۆستا جەعفەر ناگەڕێتەوە و بۆ ئەوروپا سەفەر دەکا، سالار عەزیز دەگەڕێتەوە و لە ناوچەی شارباژێڕ دادەنیشێت. بەڵام نە جەعفەر لەدەرەوە بێدەنگ دادەنیشێ، نە سالاریش قڕوقپی لێدەکات و نە مەلا بەختیاریش لە کنەکردن دادەساکێ. "ئەمان لە هەوڵی ژێربەژێری خۆیان نەکەوتن و ئەو داخەیان لە دڵ دەرنەچو. جەعفەر نامیلکەیەکی چاپ کردبوو بەناوی 'مانگگیران'ەوە، دەرنەچونی خۆی و هاوڕێکانی بە گیرانی مانگ شوبهاندبوو."[2] نەوشیروان مستەفا، لەبارەی هۆکارەکانی دەرنەچوون و کەمی دەنگی باڵی رادیکاڵی ناو کۆمەڵە لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: "ئەندامانی کۆمەڵە، لە هەندێ لەو هاوڕێیانە بەداخ بوون، چونکە:

١. ململانێیەکی نالەباریان دەسپێ کردبو لەسەر پلە و پایە، بە تایبەتی لەگەڵ ئەوانەی لە زیندان بەربوبون، ئاژاوەیەکی زۆر و پشێوییەکی قوڵیان خستبوە ناو ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە، دەستەگەرییان تێیدا دروست ئەکردن.

٢. لە بیروباوەڕدا توندرەو بوون و ئەیانویست کۆمەڵە بەلای توندوتیژیدا ببەن.

٣. ڕەفتاریان لەگەڵ پێشمەرگە و کادرەکان باش نەبوو، هەندێکیان بە لوتبەرزی و بوغراییەوە لەگەڵیان ئەجوولانەوە."[3]

---

1. فەریدون عەبدولقادر، هەڵۆ سورەکانی قەندیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧١.
2. نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.
3. نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨.

پێشمەرگەی دێرین ئەحمەد کوردە، قسەکانی نەوشیروان مستەفا دەسەلمێنێ و باس لە خۆبەزل زانین و خۆجیاکردنەوەی هەندێ لە سەرکردەکانی کۆمەڵە و بەدیاریکراویش مەلابەختیار دەکات، کە ساڵی ١٩٧٧ بەجەولە چوەتە دەشتی هەولێر و کۆبوونەوەی بە پێشمەرگەکان کردووە. کوردە لە بیرەوەرییەکانیدا دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: "زۆربەی رۆژەکان لە مزگەوتی لادێیەکان کۆڕ و کۆبوونەوەمان دەکرد، کاک مەلا بەختیار سیمیناری سیاسی بۆ دەگێڕاین، ئەو کاتە کۆمەڵەی مارکسی لینینی بووین، رۆژانە باسی یەکسانی دەکرد لە گوندی ئۆمەرگومبەت بە رۆژەوە چووینە نێوان سماقە و ئیلینجاغ بۆ نان خواردنی بەیانی، جا هەبوو ماستی هێناوبوو، هەبوو هێلکەی هێنابوو، هەبوو نانی رەقی هێنابوو، بەڵام کە چامان لێنا کاک مەلا بەختیار قوتویەک شیری دەرهێنا و لەگەڵ پەرداخێک و دەستە کێکێکی گەورە، تۆزێک لە ئێمە دوورکەوتەوە منیش لە دڵی خۆم گرت، بۆ ئێوارەی داهاتوو وەکو شەوانی تر کۆڕو سیمینار دەستی پێکرد، کاک مەلا قسەی بۆ کردین. دوایش گوتی کێ رەخنەی هەیە؟ من دەستم بڵند کرد و گوتم کاک مەلا بەختیار تۆ هەموو شتەکانت زۆرباشە و خۆشت گەنجێکی قسە خۆشی و خەریکە لای هەموان خۆشەویست دەبی، بەڵام بۆ دەبێ ئێمە نانی رەق بخۆین و جەنابیشت کێک و شیر بخۆی؟ گوتی من دوو سێ رۆژە نەخۆش بووم..."[1]

شەهید ڕێباز، لە بیرەوەرییەکانیدا هەڵسەنگاندێکی بەراوردکاری دەکات بۆ ئەوانەی خۆیان بە مارکسیستی رادیکاڵ دەزانی و ئەوانەی خۆیان بە کوردستانی دەناسی، نووسیویەتی: "ئەوانەی خۆیان بە مارکسی دەزانی هەقی پێشمەرگەیان دەخوارد، جێگای نوستنیان خۆشتر بوو، بەفیزتر بوون، جل و بەرگیان باشتر بوو، خواردنیان چاکتر بوو، خزم خزمێنە و برادەرێتیان زیاتر دەکرد، هەستی خەڵکیان رانەدەگرت زۆر جاری واهەبووە ئەوانەی بە نامارکسیزم لەقەڵەم دەدران، کردەوەکانیان مارکسیانە بوو، تەنیا بە زمانی خۆیان وایان نەدەوت. جا هەرکەسێک مارکسی بێت دەبێ بە کردەوە ئەو مەسەلەیە بسەلمێنێ، ئەگینا قسەی بێ بنەما و لوس جێگا ناگرێت، ئەو جۆرە ناکۆکیانە لەناو کۆمەڵە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبوو."[2]

لە بیرەوەرییەکانی سەید کاکەشدا مەلا بەختیارێکی جیواز دەبینین، سەید کاکە دەڵێت: "لە هاوینی ١٩٧٧ کە مام جەلال گەڕایەوە وڵات، مەلا بەختیاری لەگەڵ سەعدی گچکە بۆ دەشتی هەولێر ناردبوو، تا رەوانەی بکەین بۆ قەرەداغ. دەرکەوت ئەویش

1 . ئەحمەد کوردە، بیرەوەری رۆژانی سەختی خەبات، چاپخانەی سەید برایم – کۆیە، ٢٠٠٩، ل٥٧.
2 . ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٢.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

راست نەبوو، چونکە هەرچەندە پێمان دەگوت بڕۆ بۆ ناوچەی خۆت، نەدەڕۆیی، دەستی کرد بە خراپە کردن؛ لە گوندی ئیلینجاغ ٥٠ دیناری لە جوتیارێک سەندبوو، هێستردێکی دیکەی لە جوتیارێک سەندبوو، نزیکەی چل شەو لەلای بوو، هەروەها دوو کەسی کردبوو بە پێشمەرگە لە گوندی کونە گورگ، یەکێکیان ناوی محەمەد جەلیل بوو، تەقەیان لە خۆی و پێشمەرگەکانی کردبوو.. پێشتر وتمان ئەمانە مەکە بە پێشمەرگە، گوتی تەنزیمی کۆمەڵەن هی خۆمانن و ناوی لە محەمەد جەلیل نابوو هاوڕێ جوتیار. لە دوای ئەو رووداوە، محەمەد جەلیل بوو بە ئامر مەفرەزەی تایبەتی بۆ کورد کوشتن لە شارۆچکەی تەقتەق، هەروەها مەلا بەختیار کە دەچوو بۆ گوندێک پێشمەرگەکانی وا فێر کردبوو بڵێن، مەلا بەختیار وەکیلی مام جەلالە."[1]

سەید کاکە لە جێگەیەکی دیکەشدا دەڵێت: "مەجید هەیبە و دوو پێشمەرگەی کۆن کە لە شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە بوون، لە ئێران گەڕابوونەوە، هەواڵیان زانی کە شۆڕش دەستی پێ کردووەتەوە، هەرسێک بە خۆشی رویان لە وڵات کردبووەوە و لە گوندی سورەی قەڵا توشی مەفرەزەیەکی مەلا بەختیار دەبێ، هەموو پێشمەرگەکان یەک دوو جار ماچ دەکەن، دەڵێین ئۆخەی ئەمجارەش لە غەریبایەتی گەڕاینەوە و پێشمەرگەمان دیت، چاویان پڕ دەبێ لە گریان، دەچنە ماڵێک نان و چا دەخۆن، مەلا بەختیار لەگەڵ پێشمەرگەکانی خۆی دەچنە دەرێ، یەک پێشمەرگە لای مەجید هەیبە دەمێنێ، بە پێشمەرگەکانی خۆی دەڵێ لێیان بدەن، دەڵێن چۆن؟ پێشمەرگەیەکی خۆمان لەگەڵ مەجید هەیبە دانیشتووە! دەڵێ قەیناکا با ئەویش لەگەڵ ئەواندا بکوژرێت، تەقەیان لێ دەکەن و مەجید هەیبە و برادەرێکی لەگەڵ پێشمەرگەیەکی خۆیان کە ناوی نامیق و خەڵکی گوندی تاڵەبانی گەورە بوو شەهید دەکەن."[2]

هەروەها دەڵێت: "لە هەرێمی سەفین و دەشتی هەولێر چووین بۆ جەولە، مەلا بەختیاریشمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ ڕۆژهەڵاتی کۆیە، بۆ ئەوەی ئەگەر بتوانێت بڕوات بۆ قەرەداغ. لەوێ توشی یەک فەوج سەربازی دوژمن بوین کە موغاویر بوون..... لە شاخی حاجی قەڵا و قازیبەگیان هەر لە سەعات ١٠ بەیانیەوە تاوەکو شەشی ئێوارە، دوژمن لە خەلەکان و کۆیە و دوکانەوە هێرشیان بۆ دەهێناین و بە فڕۆکە و دەبابە لێیان دەداین، تا ئێوارە دوژمن توانی دەورمان بگرێت و تەقەمان لێ بکات، زنجیرە شاخێکمان بە مەلا بەختیار و چەتۆی کەریمە سوور سپاردبوو، ئەوانیش بەجێیان هێشتبوو و هەڵاتبوون. بە مەلا بەختیارمان گوت تۆ ئەوە هەشت مانگە لای ئێمەی،

1 . سەید کاکە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.

2 . هەمان سەرچاوە، ل ١٦٧.

زۆر ڕێزمان لێگرتووی، بەڵام دەوری جەنابت باش نییە، لەناو جەماوەردا و ئەو برادەرانەی کۆمەڵە لەوەتی جەنابت هاتوی زۆر خراپ بوون. دژایەتی هەموو خەڵک دەکەن، جنێو بە دین دەدەن کە لەناو میللەتی ئێمەدا کارێکی ناپەسەندە و قەبوڵ ناکرێت. گوتی دەڕۆین بۆ قەردەداغ یان لە ڕۆژهەڵاتی کۆیە دەبم."[1]

مەلا بەختیار لە کتێبی (لەبری بیرەوەریی)دا دان بە راستیەکەدا دەنێ و دەڵێت: "لەناوماندا، نەوشیروان، لە دارشتن و لێکدانەوەدا لە هەموان باشتر بوو. بە میتۆدی زانستی وتارەکانی دەنوسی. کوردییەکی پاراوی دەزانی. کە مشتومڕە تیۆریەکان لەناو دانیشتنەکاندا قوول دەبوون، نەک لەڕووی تیۆری مارکسیزم و چەپەوە، توانایەکی زۆری نەبوو، بەڵکو بۆ هیچ بواریکی فەلسەفەی تریش، پێی نەبوو. خۆی کەسێکی ناسیۆنالیستی بوو. چوار ساڵ لەوڵاتی نەمسای دیموکراسیدا ژیابوو. لە زانکۆشدا، لە ماستەر وەرگیرابوو. بەڵام، لەسەر دوا باسە تیۆری - سیاسیەکانی خەباتی ناسیۆنالیستی و دیموکراسی، دوا چارەکە سەدەی بیستەم، ئەو دیالۆگ و بۆڵتینانەی دەمێک بوو سەریان هەڵدابوو، هیچی نوێمان لێ نەدەبیست. بگرە، لەپەناو پەسێودا دەمانبیست، دەیگوت: کۆمۆنیزم و مارکسیزم گەڕوگول بووە. بەڵام لە ڕووی فەلسەفەیەوە، لەڕووی ئابوریەوە، ئایدۆلۆژیەوە، حوکمڕانی و حیزبایەتیەوە بۆچی ئەو قەناعەتەی هەبوو؟ لەم بارانەوە هیچمان لێ نەبیست."[2]

ئەوقسانە ئەگەر زادەی بۆچوونی ئەو کاتەی مەلا بەختیارن، وەڵامەکەی ئاسانە، کەسێک ئەگەر شارەزای تیۆرییەکانی مارکسیزم نەبێ و ئاگای لە دنیا نەبووبێ، چۆن دە ساڵ پێش ڕووخانی قەڵای مارکسیزم دەڵێ با واز لەم ئایدۆلۆژیایە بهێنین، چونکە گەڕوگول بووە. خۆ ئەگەر زادەی ئەقڵی ئێستایەتی، دیارە تێپەڕبوونی زەمەن و دنیای تەکنەلۆژیای زانیاریەکان زۆر کاری لێ نەکردووە، هێشتا لە نۆستالۆژیا دامەزراندنی دنیا خەیاڵەیەکەی بەری نەداوە.

(گۆڤاری کۆمەڵە) کە گۆڤارێکی فیکری کۆمەڵە بوو، بەڵگەیەکی زیندوو و حاشا هەڵنەگرە بۆ دەرخستنی ناڕاستی قسەکانی. قۆناغی یەکەمی گۆڤارەکە کە لە ماوەی پایزی ١٩٧٨ بۆ بەهاری ١٩٧٩ چوار ژمارەی لێ دەرچووە. فەرید ئەسەسەرد سەبارەت بە خاوەنی ئەو نووسینانەی کە لەو قۆناغەدا بڵاوکراوەتەوە نووسیویەتی: "ناوەڕۆکی سیاسەتی کۆمەڵە لەم چوار ژمارەیەدا، خۆی لە تێهەڵکێش کردنی دووڕایی ئایدۆلۆژیی چینایەتی و دووڕایی نیشتمانی (نەتەوەیی)دا دەبینێتەوە و لەم سیاسەتەدا

1 . هەمان سەرچاوە، ل ١٦٥ – ١٦٦.

2 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٩.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

زۆر سەرکەوتوو بووە، بە تایبەتی لەو وتارانەی کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردەواریيان تێیدا شی کراوەتەوە و هەروەها لەو وتارانەی کە بۆ گێڕانەوەی سەگوزەشتەی ژیانی شەهیدان تەرخان کراون. زۆربەی هەرە زۆری نووسینەکانی ئەو قۆناغە نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی، زۆرتر ناوی خوازراوی (جوامێر) و (ماهی) بەکارهێناوە، ئەو نووسینانەش کە ناویان لەسەر نییە، هەمووی خۆی نووسیویەتی."[1]

لە وەسفی کەسایەتیی نەوشیروان مستەفادا، شەهید ڕێباز دەڵێت: "کاک نەوشیروان وەکو ئێمە، هیچ شتێکی لە ئێمە پتر نەبوو، هەر خەریکی نووسین و خوێندنەوە بوو. پیاوێکی نووسەر و کوردی زانێکی زۆر باشە، ئەگەر لای دانیشی قسە ناکات، ڕقت لێی دەبێتەوە، کە دەستیش دەکا، بە قسەکردن خۆشت دەوێ. دووربینە و هەمیشە پێشبینی لە ڕووداوەکان دەکا قسەی حەق و ڕەقە، هەرچی قسەیەکی هەبێ بەڕووڕوو دەیکات، بەئاستەنگ دۆستایەتی دەکات. وە بەئاستەنگ دۆستایەتی هەڵدەوەشێنێتەوە لە پێش حەفتاکان سەرپەرشتی گۆڤاری ڕزگاری کردووە، زۆربەی بڵاوکراوەکانی ی.ن.ک و کۆمەڵە، کە بەکوردی بڵاوکراونەتەوە، نووسینی ئەوە، زۆربەی هەرە زۆری ناوچەی کوردستان بە پێشمەرگایەتی گەڕاوە، لە ناخی پێشمەرگە دەگا و دەزانێ چیان پێویستە. سەرکردایەتی زۆر شەڕ و داستانی کردووە، سەرکەوتنی مەزنی بۆ ی.ن.ک بەدەستهێناوە. لە دەستەی دامەزرێنەی کۆمەڵە و ی.ن.ک بووە، جێگری سکرتێری گشتی (ی.ن.ک)ی لە ئەستۆ بووە، لە ڕۆژانی سەخت و دژوار سکرتێری گشتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە."[2]

### ١. هێزی پشتیوان و تۆخ بوونەوەی کورد‌ایەتی

مەسەلەی پەیوەندی و هاوکاریکردنی هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان، مەسەلەیەکی دێرینە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشەکانی سمکۆ و شێخ مەحمود. لە مێژووی نوێیشدا، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا ئەو مەسەلەیە بە چەندین هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە و هەندێکجار بە کارەساتی دڵتەزێن بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات کۆتایی هاتووە. بەڵام هەمیشە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لەو ئەرکە نەتەوەییەی کە لەسەریان بووە، درێغییان نەکردووە. مام جەلال لە وتارێکدا تیشکی خستووەتە سەر هاوکارییەکانی هێزە سیاسییەکان و خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ یەکێتی نیشتمانی لە سەرەتاکانی دەسپێکی شۆڕشی نوێ و دەڵێت:

---

1 . کۆمەڵە، ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان – عێراق، خولی یەکەم، ئامادە کردن و پێشەکی نەوزاد عەلی ئەحمەد، بنکەی ژین، ٢٠١٢، ل ٤.

2 . ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢.

"لێرەدا لە سەرمان پێویستە، هەندێ راستی گرنگ بخەینە بەرچاوی خەڵکی کوردستان کە لە پێشەوەیان ئەمەیە: برا تێکۆشەرەکان و خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ئێران لە کۆڕی هاریکاری و هاوخەباتیدا لەگەڵمان، دەسپێشخەر بوون. ئەوان بوون لە ساڵی ١٩٧٧ەوە دەستی یارمەتی مالی و رەوانییان بۆ درێژ کردین. دەبێ لێرەدا سەری تەجلیل دانەوێنم بۆ گیانی پاکی شەهیدی نەمری کوردستان کاکە خانەی موعینی کادیری هەڵکەوتووی کۆمەڵە و برای شەهیدانی نەمر کاک سلیمان و کاک عەبدوڵڵا موعینی کە لە کوردستانی عێراق لە هاتنەوەیدا بۆ یارمەتی و هاوخەباتی کردنی ئێمە لە ناوچەی دڕی لای ماوەت بەدەستی جەللادەکانی بەغدا شەهید کرا. ناکرێ باسی ئەو هەموو کۆمەک و یارمەتیە زۆر و زەوەندەش نەکەم کە خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ئێران و رۆڵە تێکۆشەرەکانیانەوە لە ساڵی ١٩٧٧ –١٩٧٨ بە لێشاو بۆمان شۆڕکرایەوە"[1]

نەوشیروان مستەفاش لە بیرەوەرییەکانیدا باسی لە هاوکارییە مادی و پزیشکیەکانی کۆمەڵەی ئێرانی بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە و نووسیویەتی: "ئەودەم ئێمە لە دەراوی گورگان بوین لە قەندیل. هەردوکیان گەیشتن، د. جەعفەری شەفیعی خەڵکی بۆکان و ساعیدی وەطەندۆست (کاک برایم)، خەڵکی سنە بو. ساعید لەگەڵ خۆی چەردەیەک پارەی بۆ هێنابوین، پاشکەوتی کرد بو. د. جەعفەریش لەو کاتەدا بۆ ئێمە زۆر بەسود بوو، چونکە پزیشکمان نەبو. تەنیا یەک برینپێچمان هەبوو، ئەویش هەر ئێرانی بو. ئەندامی "سازمانی ئینقیلابی" بو. دو پیاوی ڕۆشنبیر و تێگەیشتو و بەزات و وڕە بەرز بوون."[2]

دوای هاتنە سەرکاری رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، یەکێتی هەوڵی دەدا بە حوکمی ئەوە پەیوەندەییە پێشینەی کە لەگەڵ خومەینی و هەندێ لە دارودەستەکەیدا هەیبوو، کەشێکی لێک تێگەیشتن لە نێوان کورد و رژێمە تازە دەستبەکاربووەکەدا دروست بکات، بەڵام پێدەچێ دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو ئەوەی پێ باش نەبووبێ، نەوشیروان مستەفا لەوبارەوە دەڵێت: "ئەگەرچی د. قاسملو بە گەرمی لایەنگری گفتوگۆ بوو، بەڵام لە سەرەتاوە حەزی نەئەکرد مام جەلال ناوبژیکەر بێ. ئەو دانیشتنانەی مام جەلال ڕێکیخست بۆ گفتوگۆی ئێران – کوردی، نە خۆی بەشداری کرد و نە نوێنەرێکی دەسەڵاتداری نارد، بەڵکو ژێربەژێر هەوڵی ئەدا ئەوی لێ دەربهێنێ و خۆی و حیزبەکەی ببن بە هێزی سەرەکی گوێ لێگیراو."[3]

---

1 . مام جەلال، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بانگەوازی کوردایەتی، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨١، ل ٢٧ –٢٨.

2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٥.

3 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە ئابی ١٩٧٩ شەڕی کوردەکانی ڕۆژهەڵات و ڕژێمی ئێران پەرەی سەند. هێزەکانی دیموکرات و کۆمەڵە تەجروبەی جەنگییان کەم و بێدیسیپلین بوون، قاسملو داوای یارمەتی لە هەموو حیزبەکانی کوردستانی عێراق کرد، یارمەتی حیزبی دیموکرات بدەن لەو شەڕەدا. حشع، حسک، یەکێتی لە ٤ی ئەیلولی ١٩٧٩ ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دەرکرد و پشتیوانیی خۆیان بۆ حدکا دەربڕی و هێزی پێشمەرگەیان بۆ هاوکاری کردنیان نارد. بەڵام هێزەکانی قیادە موەقەتە، نەک هەر بێلایەن نەبوون وەکو بەڵێنیان دابوو، بەڵکو هاوبەشی هێزەکانی ئێرانیان کرد بۆ پەلاماردانی شارەکانی کوردستان.

پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات، بەرگەی هێرشەکەیان نەگرت. هێزەکانی ئێران هەموو شارەکانی کوردستانی ئێرانیان گرتەوە، چونی پێشمەرگەکانی باشوری کوردستانیش، هیچی لە هاوسەنگی هێزەکە نەگۆڕی.

١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٩ مام جەلال نامەیەکی بۆ نەوشیروان مستەفا نووسیوە، داوای لێکردوە دەسبەجێ بچێت بۆ تاران، بۆ سەرپەرشتی گوێزانەوەی ئەو چەکانەی لە دیمەشقەوە بۆیان هاتبوو و گەیشتبووە تاران. پاش ماوەیەک مانەوە لە تاران سەردانی سەرتیپ دانشوەر فەرماندەی ژاندارمری ئێرانی کردووە و داوای کردووە کار ئاسانی بۆ بکات بۆ گواستنەوەی چەکەکانیان بۆ ناوچەکانی سەرسنور. بەڵام ئەو مەرجێکی قورسی لەبەردەمدا داناوە و پێی وتووە: "ئێوە لە ناوچەکانی سنوردان. حدکا و دوژمنەکانی ئێمە لەو سنورەوە چەکیان لە عێراقەوە بۆ دێ. تا ئێوە سنورەکان لە ڕوی دوژمنەکانی ئێمەدا دانەخەن، ئێمە یارمەتیتان نادەین. ئەگەر بەڵێن بدەن کە سنورەکان دابخەن و وەکو گروهی بارزانی ئێوەش شەڕیان بکەن، من لەو چەکانە زۆر زیاترتان ئەدەمێ کە ئێوە بە تەمان لە سوریاوە بیهێنن!" [1]

نەوشیروان مستەفا ئەو داوایەی ڕەتکردووەتەوە و پێی وتووە خۆتان چوارسەد هەزار سەربازتان هەیە، سنورەکانی پێ ناپارێزێ، ئێمە هێزێکی پارتیزانیی بچوکین، چۆن ئەو کارەمان پێ ئەنجام ئەدرێ؟"

یەکێتی پێش ڕووخانی ڕژێمی شا لەناو بازنەی ئابلۆوقەیەکی بەهێزدا بوو. سنوری تورکیای لێ گیرابوو، لە سنوری عێراقەوە نەیئەتوانی هاتوچۆبکا. ڕوخانی شا یەکێتی لەم گەمارۆیە دەرهێنا و دەرگای جیهانی بۆ کردەوە. بەڵام ئەم داوایەی ئێران خستبوویە بەردەم دووڕیانێکی چارەنووساز، یەکەمیان بۆ مانەوەی خۆی هاوکاری ئێرانی بکردایە و دەرگایەکی گەورەی بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا لێ بکرایەتەوە؛ دووهەمیشیان پشتیوانی کردن بوو لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات، کە دوای ڕوخانی

1 . هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.

کۆماری کوردستان ئەمە یەکەمجارە هەلێکی زێڕینیان بۆ دێتە پێش بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، بێگومان ڕێگەی دووەم ئەبووە هۆی دۆڕاندنی دۆستایەتی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران. بڕیاری کۆتایی یەکێتی ئەوەبوو پشتیوانی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

نەوشیروان مستەفا لەو بارەوە دەڵێت: "لە ڕوانگەی قازانجی نەتەوەییەوە لامان وابو، کە لەو سەردەمەدا کێشەی کورد لە ئێراندا، گرنگییەکی کاریگەری پەیداکردوە، ئەبێ هەموو کورد یارمەتییان بدا، بۆ ئەوەی ئەو هەلەیان لەدەسنەچێ و مافەکانی خۆیان بەدەسبهێنن."[1]

ئەم هەڵوێستانەی یەکێتی لەرووی باوەڕ بوون بوە بەو پرەنسیپانەی کە یەکێتییان لەسەر دامەزراوە، نەک هەڵچوونێکی عاتیفی، وەک ئەوەی مەلا بەختیار، لە کتێبەکەیدا بە پشت بەستن بە دێڕێکی نەوشیروان مستەفا دەیەوێت وێنای بکات. لە مانگی نیسانی ١٩٨٠دا، عومەر شێخموس، عومەری حاجی عەبدوڵڵا، جەمال حەکیم، شازاد صائیب و نەوشیروان مستەفا سەردانی مەهابادیان کردووە و لەگەڵ قاسملۆ و سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کۆبوونەتەوە، نەوشیروان مستەفا بە ناوی یەکێتیەوە پێی وتوون: "ئێستا کورد لە ئێراندا هەلێکی مێژویی بۆ هەڵکەوتوە، ناوونابانگی حکومەتی ئێران، بە تایبەتی دوای داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکی، لە دنیادا زۆر خراپ بوە. حکومەتی ئێران دابڕاوە لە دنیا. زۆری ناوچەکانی کوردستانی ئێران و شارە گرنگەکانی ئازادن و دەسەڵاتی حکومەتی تارانیان تێیدا نەماوە، عێراق، زۆر بە تۆندی دژی ڕژێمی تازەی ئێرانە، ئەتوانرێ کەڵکی لێ وەربگیرێ، کورد ئەگەر حکومەتێکی کاتیی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێ و هەڵبژاردنێکی گشتی بکا بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی کوردستان و داوودەزگای ڕاگەیاندن (دەزگای ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە) و جەنگی (لەشکری نیزامی) دابمەزرێنێ، ئێمە ئامادەین شۆڕش لە کوردستانی عێراق ڕابگرین و هەموو توانای خۆمان هی پێشمەرگەیی و سیاسی و ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندن، ئەوەی لە شاخ و ئەوەی لە شار هەمانە، تەرخان بکەین بۆ خزمەتی ئەو هەنگاوە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ پاداشت و دەسکەوتێک بین."[2]

بەڵام دکتۆر قاسملو کە ئەو کاتە سەرمەستی سەرکەوتنەکانی حیزبەکەی بوو لە ڕۆژهەڵات، ئەو پێشنیارەی یەکێتی ڕەت کردووەتەوە و لە وەڵامدا وتوویەتی: "دیارە

1 . . نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٨.
2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەتانەوێ کێشە و گیروگرفتەکانی خۆتان لە کوردستانی عێراقەوە بهێننە ناو کوردستانی ئێرانەوە!

پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ناوچە رزگارکراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوەڕاستی ١٩٨٢دا پەرەی سەند، قاسملوی ناچار کرد پەنا بێنێتە بەر هێزەکانی باشوری کوردستان. لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٨٢، لەگەڵ مام جەلال و نەوشیروان مستەفا و عەزیز محەمەدی سکرتێری حیزبی شیوعی کۆبووەوە و پێی وتوون: "ئێوە هەردولاتان دۆستی حیزبی دیموکراتن، ئەمڕۆ من هاتوم دۆستەکانی دیموکرات تاقی ئەکەمەوە، پێویستیمان بە یارمەتی هەیە، هاتوم داوای یارمەتییان لێ بکەم! لێمان پرسی: پێویستیتان بە چ جۆرە یارمەتییەک هەیە؟

وتی: سپای پاسداران هێرشێکی زۆر گەورەیان دەسپێکردووە بۆ سەر بارەگاکانمان، هێزەکانی دیموکرات بە تەنیا ناتوانن بەری ئەم هێرشە بگرن. هێزەکانمان زۆر ماندون و زەرەری زۆریان لێ کەوتوە، ئەگەر فریامان نەکەون، دەفتەری سیاسی و بنکەکانی ترمان لە مەترسی گرتندایە و ئەبێ ڕوبکەینە قەڵادزە. پێویستمان بە پێشمەرگەکانی کوردستانی عێراق هەیە...

عەزیز محەمەد وتی: ئێمە ئەبێ ئەم داوایە دیراسە بکەین، ئینجا ئەتوانم جوابت بدەمەوە!

د. قاسملو وتی: کاک عەزیز من خۆم لە وڵاتانی سۆسیالیستی ژیاوم، شارەزای شێوەی کارکردنیان بوم، کە وتیان دیراسەی ئەکەین، یەعنی ئەو داوایە جێبەجێناکەن. من ئێستا پێویستیم بە پێشمەرگەی حیزبەکەی ئێوە هەیە، تا کۆمیتەی ناوەندی حشع کۆئەبێتەوە و بڕیارێک ئەدا، شوێنەکانی ئێمە ئەگیرێن"!

کاک عەزیز، نەچووە ژێر باری هیچ جۆرە بەڵێنێکی یارمەتیدانەوە. د. قاسملو لە حشع نائومێد بوو، ڕوی کردە مام جەلال، وتی: "ئێوە ئەڵێن چی؟"

مام جەلال وتی: "ئێمە لەسەر بڕیاری پێشوی خۆمان ماوین، ئەوەی لە توانای ئێمەدا بێ بۆ یارمەتیتان، ئامادەین، تەنانەت ئەگەر لەو پێناوەدا شۆڕشی کوردستانی عێراق شەهیدیش ببێ."[1] هەرچەندە قاسملو، داوای هێزێکی بچوکی کرد، بەڵام یەکێتی دوو هەزار پێشمەرگەی نارد بۆ شەڕەکان و خودی مام جەلال ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی هێزەکانی ئەکرد.

ئەو هێزە لە ناو رۆژهەڵاتییەکاندا بە "هێزی پشتیوان" ناویان دەرکرد، لە سەنگەری ئەو بەرەوە چەکدارەکانی پارتی، شانبەشانی هێزەکانی ئێران، بەشداری شەڕەکە

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤.

بوون. د. قاسملو که هیچ ئومێدی بەوە نەمابوو که ناوچەی ئازادکراو بپارێزن، لە رێگەی ئەم هێزەوە توانی دەفتەری سیاسی و بارەگاکانی تریان و دەزگاکانی ڕادیۆ و دیلەکان، بە سەلامەتی بگوێزنەوە بۆ ناوچەی بێتووش لەسەر سنور.

حشع، حسک، پاسۆک، لەبەر رازیکردنی دڵی ئێرانییەکان، نەک هەر پشتیوانیان لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات نەکرد، بەڵکو کەوتنە هێرشێکی گەورەی ڕاگەیاندن لە دژی بەشداریکردنی یەکێتی لەو شەڕانەدا، یەکێتیان تۆمەتبار دەکرد کە مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتی چۆڵ کردووە و بۆ ڕازیکردنی بەعس ئەم کارەی کردووە. نارەزاییەکانی ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کە دواتر وەک ئالای شۆڕش خۆیان ناساند، هەڵێکی باش بوو بۆیان و کەوتنە پڕوپاگەندە لە دژی سەرکردایەتیی یەکێتی و ساردکردنەوەی پێشمەرگە.

مەلا بەختیار لەو بارەوە دەڵێت: "لە هەناردنی هێزی پشتیواندا، بۆچوونی جیاوازم هەبوو"، نەک هەر ئەوە بەڵکو داوایکردووە بۆ بڕیاردان دەبێ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بکرێت، مەلا بەختیار دەڵێت: "ئەو ڕۆژەی بیستم بڕیاری ناردنی هێزەکە بۆ ئەو شەڕە دراوە. نامەیەکم بۆ مەکتەبی سیاسی نووسی و تیایدا نوسیم: 'بڕیارێکی وا پێویستی بە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی بەپەلەیە. ئێمە نەک دیموکراتمان پێ هەڵناسێتەوە. بەڵکو خۆشمان ئەشکێین. شەڕەکە ناچارمان دەکات بە لاوازی مفاوەزات لەگەڵ بەعسدا بکەین. تکایە با کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بکەین'."[1]

لە شیکاری ناوەڕۆکی ئەو پەرەگرافەی مەلا بەختیاردا دەتوانین ئەم خاڵانە دیاری بکەین:

١. وەک لە داواکەی قاسملودا دەردەکەوێت، خواستەکەی زۆر بەپەلە بووە و هەر لەبەر ئەوەش بووە بە عەزیز محەمەدی وتووە "تا کۆمیتەی ناوەندی حشع کۆ ئەبێتەوە و بڕیارێک ئەدا، شوێنەکانی ئێمە ئەگیرێن.."

٢. لە دژی پشتیوانی کردنی دیموکرات بووە، کە پەنایان بۆ یەکێتی هێناوە.

٣. پێی وابووە لە شەڕەکەدا یەکێتی دەشکێت..

٤. پێی وابوو بەشداریکردنی یەکێتی لە شەڕەکەدا، یەکێتی ناچار دەکات بە لاوازی مفاوەزات لەگەڵ بەعسدا بکات. ئەم پەرۆشی و خەمخواردنە بۆ سەرکەوتنی مفاوەزاتەکان، لە کاتێکدایە لە سەرتاسەری کتێبەکەیدا خۆی وا پیشان دەدا کە ئەو لە دژی مفاوەزاتی یەکێتی و بەعس بووە.

---

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠١.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نەوشیروان مستەفا، لە نامەیەکدا بۆ بەکری حاجی سەفەر بە پێچەوانەی مەلا بەختیار پێی وایە هێزی پشتیوان توانی شۆڕشی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاشبەتاڵ رزگار بکات، دەنووسێ: "تەقریبەن شەڕی ئەو دیو لە تەواوبووندایە، بە تایبەتی بە هۆی هاتنی بەفرەوە، کارەکەمان بە سەرکەوتویی خەریکە کۆتایی دێت و لە سەرانسەری شەڕکانی ئەو دیودا کە سەدان کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژراون و دەیان شەڕ کراوە و دەیان پارچە چەک گیراوە، ئێمە تەنیا (١٤) شەهیدمان هەبوە کە خۆت زۆربەیان ئەناسی. ئەم کارە ئەگەرچی هەمو دوژمن و ناحەزەکان و بەداخەوە هەندێ بەزیو و هیچوپوچی ناوخۆشمان دژی بوون، بە سەرکەوتنێکی سیاسی گەورە و بە سەرکەوتنێکی عەسکەری باش گەڕایەوە. شۆڕشی کوردستانی ئێران لە ئاشبەتاڵ رزگاری بوو، خۆی گرتوەتەوە و هێزەکانیان ئەتوانن بەری هێرش بگرن و دیفاع لە خۆیان بکەن و کەم کەم شارەزای قۆناغی نوێ و ئسلوبی شەڕی نوێ ئەبن.

بەگوێرەی داخوازی حدکا و کۆمەڵە تا یەک مانگی تر پێویستیان بە هێزەکانی ئێمە هەیە و ئەوسا ئیحتیاجیان پیی نامێنێ. ئێمەش حدودی ٥٠٠ پێشمەرگەمان گلداوەتەوە و ئەوی ترمان هەمو ئیزن دا بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان...[1]

بەشداریکردنی یەکێتی لە شەڕی پشتیوانی، ڕیزبەستنێکی سیاسی تازەی لە ناوچەکەدا هێنایە ئاراوە، ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان و حسک و پاسۆک و حیزبی شیوعی، چوونە بەرەیەکەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بەرەیەکی دیکەیان پێکهێنا. جگە لەوە ئەو شەڕە ناکۆکییەکانی ناو ریزەکانی کۆمەڵەی هێندەی دیکە لە تەقینەوە نزیک کردەوە و لایەنگرانی ڕەوتی چەپگەرای ناو کۆمەڵە، بە تایبەتی مەلا بەختیار کە دژی ئەو هەڵوێستانەی یەکێتی بوون، کەوتنە جموجۆڵ و ناڕەزایەتی دەربڕین.

سەرەتا شەڕی ڕاگەیاندن لە نێوان هەردوو بەرەکەدا دروست بوو، دواتر هەڵگشا بۆ شەڕێکی خوێناوی، چەند ساڵێکی خایاند. لە شەڕی راگەیاندنا یەکێتی بەرگرییەکی زۆری لە یەک مەسەلەی کورد کردەوە و زنجیرەیەک وتاری لە راگەیاندنەکانی خۆیدا لەژێر ناوی "مەسەلەی کورد یەک مەسەلەیە، یا چەند مەسەلەیەکە؟" لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بڵاوکردەوە.

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٧) نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ بەکری حاجی سەفەر.

### ٢. ململانێی نامیلکەکان:

بەگشتی یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە نەیتوانی ناکۆکییەکان بەتەواوەتی بنبڕ بکات. ئەوانەی خۆیان بە هەڵگری ئایدۆلۆژیای مارکسیزمی راستەقینە دەزانی، بە هەموو هێزێکیانەوە کەوتبوونە دژایەتیی کردنی ئەو ڕەوتەی کە پێی وابوو دەبێ ئایدۆلۆژیای مارکسیزم – لینینیزم  لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانیدا کەڵکی لێ وەربگیرێت، نەک دەست و پێیان ببەستێتەوە و لە ئەرکە نیشتمانییەکانیان دابڕێ.

ڕەوتی نیشتمانی ناو کۆمەڵەکە، کەوتنە تەنزیر کردن بۆ بۆچوونەکانیان. مانگێک دوای کۆنفرانس، هەڤاڵ کوێستانی کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە، نامیلکەیەکی بە ناوی "دەربارەی حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان" بڵاوکردەوە. لە نامیلکەکەدا بەبێ ئەوەی هیچ هێرشێکی فکری یان شەخسی بکاتە سەر لایەنی بەرانبەر، بەرگرییەکی فکری سەرسەختانەی لەو ڕەوتە نیشتمانییەی ناو کۆمەڵە کردووە، کە زۆرینەی ئەندامانی یەکەمین کۆنفرانس دەنگیان لە سەردا.

سەبارەت بە مەسەلەی ئەرکی چینی کرێکاری کوردستان بۆ خەبات لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانی، نووسەر نووسیویەتی: "گومان لەوەدا نامێنێ کە ئەو هێزەی بە ئەرکی ڕزگارکردنی کوردستان هەڵدەستێ و سەرکردایەتی بزوتنەوەکەش دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، کرێکارانی هیچ کام لە وڵاتە داگیر کەرەکان نین.. بەڵکو ئەو ڕێکخستنەیە کە لەناو بارودۆخی کوردستان دا و لەناو مەرجە تایبەتەکانی کوردستانێکی ژێردەستە و دابەشکراوا دێتە کایەوە.. لە لایەن جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانەوە، لە لایەن کرێکاران و هێزە چەپەکانی تری  وڵاتە داگیرکەرەکانەوە پشتیوانی لێ دەکرێ.. تاقیکردنەوە دەریخستووە کە تەنها ڕێکخراوێکی کوردستانی دەتوانێ ڕۆڵی مەزن و گرنگ ببینێ و کەڵک لەو سەرچاوە شۆڕشگێڕیە زۆرەی مەسەلەی کوردستان وەرگرێ و ببێتە جێی متمانە و باوەڕ و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.. و ببێتە خاوەنی ئیمکانیات و توانایەکی بایەخداری لەبن نەهاتوو، دەریخستوە کە تەنها ڕێکخراوێکی کوردستانی دەتوانێ نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکات و ئاسانتر لە لایەن هەموو ئازادیخوازو دیموکرات و هێزە چەپ و سۆسیالیستەکانەوە یارمەتی بدرێ و پشتیوانی لێ بکرێ."[1]

لە جێگەیەکی دیکەدا نووسەر بە ئەرگومێنتێکی چەپخوازانەوە پێی وایە، ئەوەی دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بکات، بە خۆی نازانێ کە هەوڵەکەی دەچێتە قازانجی

---

1 . هەڤاڵ کوێستانی، دەربارەی حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزق، کوردستانی عێراق، حوزەیرانی ١٩٨١، ل.١٩.


ئەم کتێبە  لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

چینی بورژوا و شۆڤێنیستەکانەوە و دەڵێت: "ئەوانەش کە دژی سەربەخۆیی کوردستان دەوەستنەوە، جا بە بیانووی ئەوەی بێت کە گوایا سەربەخۆیی کوردستان لەم رۆژگارەی ئیمڕۆدا ئیمکانی وەدیهێنانی نییە. یان بیانووی ئەوەی کە گوایە پشتگیری کردنە لە دەمارگیری نەتەوەیی بۆرژوای کوردستان، یان لەبەر بیانوویەکی تر‌ەوە بێ... پێ بزانن یان نەزانن، لەخزمەتی گیانی شۆڤێنی و نەتەوەپەرەستی بورژوای خۆیان دەکەن و لەبیر خۆیانی دەبەنەوە کە ئەمەیان زۆر لەو گیانی دەمارگیری نەتەوەییەی کە لەناو گەلی کوردستاندا هەیە خەترترە."[1]

بۆ مەسەلەی ئەو تۆمەتەی دەدرێتە پاڵیان بەوەی مادام داوای جیابوونەوە دەکەن، کەواتە دەبنە هۆی پەرتوبڵاوبوونەوەی چینی کرێکاران، نووسەر لەوەڵامدا دەڵێت: "ئێمە، کە باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، نابێ بە جیاوازیخواز لە قەڵەم بدرێین... چونکە ئێمە دژی جیاواز خوازین و هەمیشە بە تووندی بەرەنگاری دەبینەوە...، بە پێچەوانەوە، ئێمە دەمانەوێ هەرچی زووترە لەگەڵ کرێکارانی هەموو نەتەوەکان و سەرجەم وڵاتانی تردا یەکگرین... سنورەکان هەڵوەشێنینەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە تەنها ئەو کاتە بەو یەکێتی و یەکگرتنە قایل دەبین کە لەسەر بناغەی سەربەستی و مافی یەکسانی تەواو و ئارەزومەندانە بێت.

ئێمە کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، لەبەر ئەوە نییە حەزمان لە پارچەپارچە و لێ دابڕانی و دوورکەوتنەوەی نەتەوەکان بێت... حەزمان لە کێشانی سنوری تازە و ئەستوورتر بێ... یان دامەزراندنی دەوڵەتی بچوکمان لاپەسەند بێت... بە پێچەوانەوە، ئێمە دەمانەوێ هەرچی زووترە وڵاتانی گەورە پەیدا ببن و لە یەکتری نزیک ببنەوە لەوەش زیاتر تێکەڵی یەکتری ببن و ئەوەی پێی دەڵێن سنور نەمێنێ، بەڵام بەمەرجێ لەسەر بناغەیەکی دیموکراسی راستەقینە و ئینترناسیونالستی راستەقینە بێت، کە دیارە ئەمەش بەبێ ئازادی جیابوونەوە ئیمکانی وەدیهاتنی نییە."[2]

نووسەری نامیلەکەکە کاتێک دێتە سەر باسی گرنگی هەبوونی حزبێکی پێشڕەوی مارکسی کوردستانی، ئەیەوێ خەباتی نیشتمانی بە مارکسیزم - لینینیزمەوە گرێ بدات و دەنووسێ: "کرێکارانی کوردستان، تەنها ئەو کاتەی کە خۆیان لە حزبێکی سەربەخۆی کوردستانیدا رێکدەخەن، دەبن بەو هێزی پێشڕەو و دەسەڵاتدارە بە توانایەی کە بتوانن بالادەستی خۆیان بەسەر بورژاودا بسەپێنن و ببن بەوەی کە هەموو لایەنەکان وەک هێزێکی دەسەڵاتدار و گەورە حسابی تایبەتیان بۆ بکەن، هەموو

1 . هەڵۆ کۆیستانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

2 . هەڵۆ کۆیستانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

ئەو بۆچونە جیاوازانەش کە دژی بوونی ڕێکخستنی سەربەخۆی کرێکارانی کوردستانن و بەشداربوونی کرێکارانی کوردستانیش لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانیدا بە دەمارگیری نەتەوەیی لێکدەدەنەوە، بۆچونی ناڕاست و ناواقعیانەن و دژی گیانی زیندووی مارکسیزم – لینینیزمن.[1]

لە وەڵامی ئەم نامیلکەیەدا، سالار عەزیز لە ١٩٨٢/٢/٥ نامیلکەیەکی بە ناوی "چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان" نووسی. دواتر لە سوید بە ناوی دەستگای ڕێکخستنی دەرەوە (کۆمەڵە) لە چاپی دا. سەرەتا بوونی ناوێکی لەو چەشنە لە دەرەوەی کوردستان، جیابوونەوەیەکی ڕانەگەیەندراوی ڕەوتی چەپی ڕادیکاڵی ناو کۆمەڵە بوو. نامیلکەکە بە زمانێکی زبر و توند پەلاماری جۆری بیرکردنەوەی نووسەر و لە ڕێگەی ئەویشەوە بۆ خودی نەوشیروان مستەفا، دابوو. لە دەستپێکی نامیلکەکەدا بە پەلاماردان بۆ سەر لایەنگرانی بیری کوردستانی کۆمەڵە دەنووسێ: "ئەم تاقمە لە جیاتی خۆبەستنەوە بە مەسەلە تیۆری و زانستییەکانەوە، وەک تاقمێکی ئۆپۆرتونیست کە هەمیشە خولیا و شەیدای خەیاڵات و تۆباوییەتن و خۆیان بە ڕواڵەتەکانەوە ئەبەستنەوە و ڕەنگی زەوی چۆن بێ، ئەو بەرگە ئەپۆشن. هەر لەبەر ئەوەش لە هەموو هۆشیاریەکی ئەندامانی کۆمەڵە ئەترسن و ئەزانن بەوە گلۆڵەیان ئەکەوێتە لێژی و بیروڕاکانیان پوچەڵ ئەبێتەوە، بۆیە بە هەموو نرخێک هەوڵیان ئەدا کە ئەندامان بە مەسەلەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەوە خەریک بکەن و ڕوویان بۆ لایەکی تر وەرگێڕن.."[2]

سالار عەزیز گومانی لەوە هەیە کە کۆمەڵە بتوانێ لە ڕێگەی خەباتێکی دیموکراتی کوردستانییەوە ڕژێم بڕووخێنێ و دەنووسێ: "ئایا خەڵکی کوردستان بەو خەباتە دیموکراتییە سەربەخۆیەی نووسەر باسی لێوە ئەکات ئەتوانن ڕژێم بڕوخێنن، یا ئەگەر وەک هەقمان بەسەر ڕووخاندنی ڕژێم و خەباتی دیموکراتیانەی ئەو گەلانەوە نەبێ دەتوانین سەربەخۆیی کوردستان دابین بکەین؟ بێ گومان نا، ناتوانین بە تەنها ئەم کارە ئەنجام بدەین، هەروەها ئێمە لە کاتێکدا کە یەکێتی خەباتمان لەگەڵ ئەو گەلانەدا پێ ڕاست و پێویستە، دەبێ ڕووخاندنی ڕژێمیش هەر کاری ئێمە بە تەنها نەبێ، بەڵکو پێویستی بە خەباتی هاوبەش هەیە و بێ ئەو خەباتە هاوبەشە، ڕوخانی ڕژێم و

1 . . هەمان سەرچاوە، ل ٣٤.

2 . سالار، چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان، دەستگای ڕێکخستنی دەرەوەی کۆمەڵە، سوید، بەبێ ساڵی چاپ، ل ٢.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەوڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هێنانەدی رژێمێکی دیموکراتی مەحاڵە. کەواتە بمانەوێ و نەمانەوێ خەباتی دیموکراتیانەی گەلی کوردستان بەشێکە لە خەباتی دیموکراتیانەی ئەو گەلانە و توندوتۆڵ پێکەوە گرێدراون، لێک دابڕینیان کارێکی خراپ و زیان بەخشە.."[1]

پاشان باس لەوە دەکات کە مارکسیەکانی کوردستان هەر دەبێ لە روانگەی چینایەتییەوە تەماشای مەسەلەی نەتەوایەتی بکەن و لە ناسیۆنالیزم دوربکەونەوە: "مارکسیستەکانی کوردستان ئەبێت لە روانگەی چینی کرێکار و بیروباوەڕەکەیەوە تەماشای مەسەلەی میللی و کێشەکانی بکەن. خۆیان لە حەماسی ناسیۆنالیستانە بە دورخەن. چونکە تەنها حەماس و دڵسۆزی و وڕە بەرزی و خۆشەویستی کورد و کوردستان بەس نییە بۆ ئەوەی بزوتنەوەیەک بگاتە ئامانجەکانی. "[2]

سالار عەزیز، دژی ئەو تێزەی نەوشیروان مستەفاشە کە پێی وایە مارکسیزم – لینینیزم دەبێ خزمەت بە پێشەوەچوونی خەباتی نیشتمانی کوردستان بکات و لەوبارەوە نووسیویەتی: "لەسەر مەسەلەی رزگاری و دیموکراتی و مافی چارەنووس.. هتد، تەنها دو جۆر لیکدانەوە و بۆچون و بیرکردنەوە هەیە، بۆرجوازیانە یا بیرکردنەوە و بۆچوونی مارکسیانە. جا پێویستە ئێمەش وەک مارکسیست مەسەلەکە هەڵسەنگێنین، نەک مارکسیزم بە ئارەزووی خۆمان و بەرژەوەندی لیکدانەوەی خۆمان بکشێنین و هەر لیکدانەوەیەکیش ئەگەر پێچەوانەی بۆچوونی ئەو جۆرە کەسانەش بێت، بە دۆگمەتییەت و... هتد لە قەڵەم بدرێت."[3]

پاشان تانە لە لایەنی بەرانبەر دەدات و بە بۆرژوازیان لە قەڵەم دەدا: "بۆرجوازی میللەتی بندەست مەسەلەی میللی تەنها بۆ بەرژەوەندی و دەستکەوتوو و ئیمتیاز بۆ خۆی گەرەکیەتی و دروشمە نەتەوایەتییەکانیش بۆ قازانجی چینایەتی خۆی بەرز ئەکاتەوە، لەبەر ئەوەی هەمیشە داخوازیە نەتەوایەتیەکان لە پێشەوەی هەموو ئامانجێکی ترەوە ئەبینێ."[4]

لە وەڵامی نامیلکەکەی سالاردا، رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە، نامیلکەیەکیان بە ناوی (لێدوانێک لەسەر نامیلکەی چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە) بڵاوکردەوە. لەم نامیلکەیەدا سالار عەزیز بەوە تۆمەتبار کراوە کە بەشی زۆری ناوەڕۆکی نامیلکەی "دەربارەی حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان"ی شێواندووە و تا بۆی کرابێ مەبەست و بۆچوونەکانی نووسەری ئاوەژوو کردووەتەوە و بەپێچەوانەی مەبەستەکانی خستوونیەتەڕوو و ئەمانەتی لەدەست داوە و بە ئارەزووی خۆی وشە

---

1 . سالار، چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

2 هەمان سەرچاوە، ل ٣٢.

3 . هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.

4 . هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.

و رستەی دەرهێناوە و مەبەستی ئەسڵی بۆچوونەکانی شێواندووە و لەیەکی ترازاندوون.

نامیلکەکەی ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەدا باس لە کەم توانایی سالار دەکات و دەنووسێت: "بەو هەموو هەوڵ و تەقەلا زۆرەیەوە و بە هەموو ڕێگە چەوتانەشەوە، نەیتوانیوە تەنانەت بۆچوونەکانی خۆشی بسەلمێنێت، بەڵکو خۆی خستوەتە گێژاوێکی وا سەیرەوە کە جگە لە وتنەوەی و دەورکردنەوەی چەند ووشە و رستەیەکی شۆڕشگێڕانە بەولاوە هیچی لێ ڕەچاو ناکرێت..."[1]

هەروەها هاتووە: "سالار عەزیز، لە نامیلکەکەی خۆیدا ڕەخنەی لە ناونیشانی نامیلکەکەی هەڤاڵ کوێستانی (حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان) گرتبوو، گوایە هەرکەس ناونیشانەکە ببینێ، وادەزانێ باس لە نظریەی حیزب و شێوەکانی خەباتی حیزب و تەرکیبی حیزبە؛ ئەم نامیلکەیە بەمجۆرە وەڵامی ئەو ڕەخنەیەی سالار عەزیزی داوەتەوە: "ئەوەی چاوی بە نامیلکەی حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان بکەوێت، هەر یەکسەر لەو ڕاستیە دەگات کە ئەو نامیلکەیە لە بابەتێکی نوێ ئەدوێت کە بریتییە لە دیاری کردنی پێداویستییەکانی بوونی پارتییەکی وا بۆ سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، وەک تاقیکردنەوەیەکی نوێ لە ژیان و ڕەوتی کۆمەڵگای کوردستان، چونکە لەمەوبەر پارتیەکی وا نەبووە تا گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەسەر نظریە و شێوەکانی خەباتەکەی و تەرکیبەکەی بکرێت. نووسەری نامیلکە دەیەوێ پێویستی بوونی پارتیەکی وا بسەلمێنێت کە پێویستییەکی مێژوویی گرنگی ئەمڕۆی خەباتی گەلی کوردستانە بۆ پێشڕەوایەتی کردنی بزوتنەوە مێژوو کردەکەی گەلەکەمان و بڕینی قۆناغی خەباتی ئێستای و بەدەستهێنان و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی و بەرەو پێشەوە بردنی ڕووەو گەشەپێدانی بەڕەوتی بزوتنەوەکەی و کۆمەڵگاکە بەرەو سۆشیالیزم.."[2] لە نامیلکەکەی ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا ڕەخنەی توند لە سالار عەزیز گیراوە کە خەباتی ڕزگاری نیشتمانی گەلی کوردستانی بە دەمارگیرێتی نەتەوایەتی زانیوە و لە وەڵامدا نووسیویەتی: "کاکی ڕەخنەگر لەیادی کردووە یان هەستی پێ ناکات کە قۆناغی ئێستای بزوتنەوەی گەلی کوردستان، قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیە و بە هەڵە لەوە

1 . ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لێدوانێک لەسەر نامیلکەی چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر، سوید (بەبێ ساڵی چاپ)، ل ٢.

2 . ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ل ٣.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

تێگەیشتووە، یان سەری لێتێکچوە، بە قۆناغێکی تری دەزانێت یان هەست بەو بزوتنەوە کاریگەرە وروژاوەی کوردستان ناکات، کە یەک سەدەیە خۆی سەپاندووە بەسەر ناوچەکە و رووداوەکانیدا.[1]

نووسەری ناملیکەکە رەخنەی لە بۆچوونەکانی سالار عەزیز دەگرێ کە پێیوایە کرێکارانی کوردستان پێویستیان بە حیزبی پێشڕەوی خۆیان نییە: "کاکی رەخنەگر هەر بۆ دژایەتی کردنی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان و نەبوونی بڕوای بە بزوتنەوەی رزگاریخوازییە دیموکراتیەکەی گەلەکەمان، خۆی توشی گێژاوێکی سەیر کردووە و سەرەتا زانستییەکانیشی لێ ئاوەژوو بۆتەوە کە دەڵێت: "حیزبی پێشڕەو مەرج نییە بۆ سەرکردایەتی کردنی خەباتی گەلان و بەرپاکردنی شۆڕش و راپەڕینەکان". بەڵێ راستە، بەبێ حیزبی پێشڕەو، راپەڕین و عەفەویەتی جەماوەر لە هەڵچون و کەف و کوڵدایە و شۆڕش و راپەڕین بەرپا دەبێت، بەڵام ئایا بەبێ سەرکردایەتیەکی راستەقینەی حیزبێکی راستەقینە ئەو راپەڕین و کەف و کوڵ و عەفەویەتەی جەماوە چی لێ دێت، بۆ کوێ دەچێت؟

راپەڕین و هەڵچوونە قارەمانەکانی گەلانی ئێران چارەنووسی بەچی گەیشت؟ شۆڕشەکانی پێشووی کورد، شۆڕشی ١٤ ساڵەی ئەیلول بە چی شکایەوە و بە چی گەیشتن؟ چەندهای تریش لەم نمونانە کە لە ئاستی نەبوونی حیزبێکی پێشڕەوی راستەقینە و لێوەشاوە و لەدایکبوونی ناو هەناوی کۆمەڵ و کە لە ئەنجامی ئازار و ئەشکەنجەی رەنجدەران و پێداویستیەکانی کۆمەڵەوە هاتبێتە کایەوە، حیزبێکی قاڵبوونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرانە لە ئاستی نەبوونی حیزبێکی وادا چەندها شۆڕش و راپەینی گەلان بەودەردانە چون و ئەو چارەنووسە رەشەیان بەخۆوەدی."[2]

لە ناملیکەکەی سالار عەزیزدا واهاتووە کە کرێکاران و رەنجدەرانی نەتەوەکانی روسیا، توانیان لەیەک حزبدا خەبات بکەن و شۆڕشی سۆشیالیزم ئەنجام بدەن، دەکرێ کرێکارانی کوردیش لەگەڵ کرێکارانی نەتەوەکانی دیکەی سەردەست هەمان کار بکەن. لەوەڵامی ئەم بۆچونەدا لە ناملیکەکەی رێکخراوی سلێمانیدا هاتووە: "ئێمە ئەم رایەی کاکی رەخنەگرمان بەلاوە شتێکی ناڕاست نییە، بە مەرجێک ئەگەر بارودۆخی ئێستای گەلانی دراوسێ و گەلی کوردستان وەک ئەوسای گەلانی روسیا بن، بەڵام لە بەرانبەر نەبوونی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی هەڵچوی گەلانی دراوسێدا، ئیتر نابێت ئێمە دەستە وەسان بین لەوەی کە خەبات ئاراستەی رزگاری

1 . رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ، ل ٥.
2 . هەمان سەچاوە، ل ٢٧ –٢٨.

کوردستان نەکرێت لەم بارە هەڵچوەی کوردستاندا و بە مافە نەتەوایەتی و دیموکراتیەکانی نەگات و ئەرک و فەرمانەکانی بەجێ نەهێنێت و هەنگاوی پتەو و چەسپاویش نەنێت رەوەو سۆشیالیزم."[1]

لە کۆتاییدا نووسەری ناوبراو باس لەوە دەکات کە دۆخی کوردستان جیایە لە روسیا و لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە، دەنگێکی وا نابیسترێ هاوشێوەی حیزبەکەی لینین بێ و رازی بێت بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد و بۆیە کورد دەبێ خۆی مشووری خۆی بخوات: "گەلی کوردستان لەگەڵ سێ گەلی تردا دەژی، کە هەریەک لەم گەلە سەردەستانە بە مافی چارەنووسی خۆیان گەیشتون، بە مافە نەتەوایەتیەکانیشەوە، هەر بۆیە لە خەباتی شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراتیاندا بەدیهێنانی مافی چارەنووس ئەرکێکی ئەم قۆناغەیان نیە، بەڵام سەبارەت بە گەلی کوردستان، ئەرکێکی سەرەکی ئەم قۆناغەیەتی و کلیلی دەرگای چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی تریەتی. هەر بۆیە ئەم ئەرکە گەورەیە ئەرکێکی سەرەکی و تایبەتی بزوتنەوەی گەلەکەمانە کە بە پارتیەکی سەرانسەری عێراق، یان تورکیا یان ئێران جێبەجێ ناکرێت و وەک پێویست خەباتی چارەسەرکردنی بۆ ناکەن و بە ئەرکێکی سانەوی دەزانن، کە تاقیکردنەوەی چەند سالانە ئەم راستییەیان سەلماندوە."[2]

لە هەموو ئەم وەڵام و وەڵام کاریانەدا، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان هەوڵی داوە لەپاڵ گوتارە کوردستانییەکەیدا، لە بیری چەپی شۆڕشگێڕ دوور نەکەوێتەوە، بە مانایەکی دیکە ئایدۆلۆژیای کۆمەڵە، بە ئاراستەیەکدا براوە کە تێکەڵەیەک بێت لە خەباتی رزگاریی نیشتمانی و خەباتی چینایەتی، بەڵام بەو مەرجەی خەباتی چینایەتی لە خزمەتی خەباتی نیشتمانیدا بێت.

**دووەم: کۆنفرانسی دووهەمی کۆمەڵە**

بەپێی بڕیاری یەکەمین کۆنفرانس دەبوو هەر دوو ساڵ جارێک کۆنفرانس ببەسترێ، بەڵام بەهۆی هاتنەپێشی چەندین پێشهاتەوە کە پەیوەندیدار بوون بە ناوخۆی کوردستان و کۆمەڵەوە، سەرکردایەتی کۆمەڵە بە باشی زانی ئەم کۆنفرانسە سالێک پێش وادەی خۆی ببەسترێ.

لە ٢١ی مانگی ئابی ١٩٨٢، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بە ئامادەبوونی ٢٢٢ نوێنەر دوەمین کۆنفرانسی خۆی لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە (ناوزەنگ) بەست.

---

1 . ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، ل ٤٣ -٤٤.

2 . هەمان سەرچاوە، ل ٤٤.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراوە نهێنیەکانی شارەکان لەم کۆنفرەنسەدا، زۆرتر بوو لەچاو کۆنفرانسی یەکەمدا.

بەشێکی کاتی کۆنفرانس تەرخان کرا بۆ باسی ڕێکخستنەوەی کاروباری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی یەکێتی، بەشێکی تریشی تایبەت کرا بە دانانی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد.

دووەمین کۆنفرانس بۆ نەوشیروان مستەفا، چارەنووسساز بوو، تاوەکو بیروباوەڕەکانی خۆی سەبارەت بە مەسەلەی نیشتمانی و خەباتی نەتەوەیی، ببات پێشەوە و لە پەیڕەوپڕۆگرامدا بیانچەسپێنێت. هەرواش بوو لە رۆژانی کۆنفرانسدا توانی ئەندامان قەناعەت پێ بهێنێ دەنگ لەسەر هەردوو دۆکیومێنتی "بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد" و "بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی" بدەن کە هەردووکیان لە لایەن خۆیەوە ئامادە کرابوون.

پشکۆ نەجمەدین، لە کتێبەکەیدا بەمجۆرە باس لە ململانێی باڵەکانی کۆمەڵە لە کۆنفرانسەکەدا دەکات: "ناوی کۆمەڵە وەکو "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان" جێگیر کرا و مەیلی نەتەوایەتی و نیشتمانی لەسەر حسابی زاڵکردنەوەی ناسنامەی چینایەتی کۆمەڵە، تۆخ کرانەوە و پاش کۆنفرەنسیش، ئارمی "چەکوش و داس" بە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەوە هەڵگیران.

پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە، وەکو کۆنفرەنسی یەک، زۆر سەخت و دژوار نەبوو، بەڵام لێدوان و مشتومڕ لەسەر ناسنامە و بەرنامەی کۆمەڵە توند و چڕ بوون. پێشتر فەرەیدون عەبدولقادر، نامیلکەیەکی لەسەر "کوردستانی بوونی کۆمەڵە" چاپ کردبوو. ئەو لەوێدا جەختی لەسەر یەک مەسەلەیی کێشەی کورد کردبوو. ئەو، لە دید و گۆشەنیگایەوە، دروستکردنی پارتێکی بۆ هەموو رەنجدرانی کوردستان، بە ئەرکی کۆمەڵە دانابوو. ئەو تێز و بۆچونانە، بەپێی هەلومەرجی ئەوێ رۆژێی کوردستان و بزوتنەوەکەی، نەک هەر نالۆژیک دەهاتە پێش چاو، بەڵکە بە بۆچوونی ئێمە ناومکین و ناپراکتیکی بوون. ئەوەی ئێمەیان بە "عێراقی" یان "عێراقچی" تۆمەتبار دەکرد، جگە لە بیانووی خەستکردنەوەی ململانێکان هیچی دیکە نەبوون، ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە دەکرد کە کێشەی پارچەکانی کوردستان، ئەگەر لە بنچینەشدا، کێشەی گەل و نیشتمانێکی پارچەکراو بێت، دیسانیش لە ڕووی پراکتیکییەوە، ئاگێندا و ئامرازی خۆیان گەرەکە، ئێمە جەختمان لەسەر پارتی رەنجدەرانی کوردستان – عێراق دەکرد و پێمان وابوو دروستکردنی حیزبێکی پان کوردستانی، دەبێت بۆ زەمەن و ئایندەی بزوتنەوەی سیاسی پارچەکانی کوردستان،

بەجێبهێڵرێت. سالار عەزیز، نامیلکەیەکی لە وەڵامی تێزەکانی فەرەیدوندا نووسی. ئەم دوو دید و بۆچوونە دژ بەیەکە، لەکۆنفرانسدا بوونە مایەی مشتومڕ و لێدوانی قوڵ."[1]

مەسەلەی پێداگری لەسەر یەکخستنی خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستان، مەسەلەیەکی بنەڕەتی بوو لە فکری نەوشیروان مستەفا و مام جەلالدا، تەنانەت لەو زنجیرە کۆبوونەوانەی کە ڕۆژانی ٢٣-١٩٧٦/٥/٢٤ لە شام کرا، مام جەلال پڕۆژەیەکی ئامادەکردبوو بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە کوردستان و لە لایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە پەسندکرا.

لە خاڵی سێیەمی پڕۆژەکەدا هاتبوو: "یەکخستنی خەبات لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازە کوردستانییەکان لە ئێران و تورکیا و خۆئامادەکردن بۆ جۆرەها ئیحتیمال، بەو پێیە کە کوردستان نیشتمانی پارچەپارچەکراومانە و ڕاپەڕاندن و ڕێکخستن و هۆشیار کردنەوەی جەماوەرەکەی، ئەرکی هاوبەشی هەموو حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانە".[2]

مەسەلەی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بە شێوەیەک هەموار کرایەوە کە جەختی لەسەر مەسەلەی کوردستانی بوون دەکردەوە و کەمترین بایەخی بە ناسنامەی ئایدۆلۆژی دەدا. چەکوش و داسیش لەسەر لۆگۆی کۆمەڵە هەڵگیرا و تەنها چوار بازنەکە وەک هێما بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، مایەوە.

دکتۆر شۆڕش حاجی، کە خۆی کادیرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بەشداربوویەکی دووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە بووە، سەبارەت بە ڕۆڵی نەوشیروان مستەفا بەوەی نەیهێشت کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە ئاراستەیەکی چەپی رادیکاڵدا بچێ، وەک ئەوەی بەسەر کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا هات، دەڵێت: "کاک نەوشیروان پێش ئەوەی لەساڵی ١٩٧٧ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان نزیکەی شەش ساڵ لە وڵاتی نەمسا ژیابو. ئەو ماوەیە لە نزیکەوە ئاشنای بارودۆخی ناوخۆی سۆڤیەتو سیستمە کۆمۆنیستەکان و وڵاتانی هاوپەیمانی وارشۆ بو. توانیبوی بەراوردی سیستمی حوکمڕانی و ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتانە بە ژیانی هاوڵاتیانی ئەورووپای ڕۆژاوا بکات. بۆیە کاک نەوشیروان سیستمی کۆمۆنیستی بە هەموو شێوەیەک ڕەت دەکردەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا پشتیوانی لە فیکری چەپ و چەمکی شۆڕشگێڕی تێکەڵاو بە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلان دەکرد. ئەو بۆچونانەی کاک نەوشیروان لە نووسینو گوتار و هەڵوێستە سیاسییەکانیدا ڕەنگی دابۆوە. ئینجا

1 . پشکۆ نەجمەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.


ئەم کتێبە لە مالپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەحوکمی ئەوەی خۆی کەسی یەکەمی بێ ڕکابەر و بە ئەزمونترین کەس بوو لەناو کۆمەڵەدا. بۆیە لەو پێگەیەوە توانیبووی ڕێ لەوە بگرێ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە ئاراستەی ڕێکخراوێکی چەپی رادیکاڵ بڕوا.

لە کۆنفرانسی دوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا، هەندێ لە ئەندامانی کۆنفرەنس پێداگریان لەسەر ئەوە دەکرد کە مادام کۆمەڵە ڕێکخراوێکی مارکسی لینینیە، بۆیە دەبێ لەو شوێنانەی پێویست دەکا لەناو بەرنامەی فیکریی کۆمەڵەدا دەستەواژەی کۆمۆنیزم بنووسرێ. کاک نەوشیروان بەتوندی دژی ئەو بۆچونە وەستایەوەو گوتی: "برادەران ئێوە دنیاتان نەدیوە و نازانن کە کۆمۆنیزم لە دنیا گەڕوگول بووە". هەروەها گوتی: ئەگەر ئەو وشەیە لە بەرنامەی فیکریی کۆمەڵەدا بچەسپێ، ئەوا من واز لە کۆمەڵە دەهێنم."[1]

مەلا بەختیار، پێی وایە دەبوو لەو کۆنفرانسەدا، کۆمەڵە بکرایەتە حیزب و یەکێتیش بکرایەتە بەرەیەکی سیاسی، لەوبارەوە دەڵێت: "لەم کۆنفرانسەدا، ئەوەی دەبوو لەڕووی سیاسیەوە بکرێ، نەمانکرد. ئەویش ئەوەبوو، بیرمان لەوە بکردایەتەوە، کۆمەڵە وەکو حیزبێک ڕابگەیەنین. لەهەمان کاتدا پڕۆژەمان هەبێ بۆ یەکێتی لە ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەوە بۆ بەرەی سیاسی بگۆڕین. بەشێکی ناکۆکی و ململانێکانی هەناوی کۆمەڵە، کە لە لایەکەوە بە عێراقچی چەواشە دەکرێ و لە لایەکی دیکەوە بە کوردستانی دادەپۆشرێ، ململانێ بوو لەسەر ناسنامەی چینایەتی و پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵە لەناو یەکێتیدا، وەکو دەستەبەرێک بۆ هەر ئەگەرێکی وردە سیاسی و پەیکەرەی یەکێتی. ڕەوتی ڕەخنەگری ئەوکاتە، پێشبینیمان دەکرد، کۆمەڵە وردە ناسنامە چینایەتی- ئایدیۆلۆژیەکەی کاڵ بکرێتەوە، لەدوا ئەنجامدا، لەناو یەکێتیشدا بتوێنرێتەوە."[2]

لەم کۆنفرانسەشدا مەلا بەختیار کەوتە ململانێ لەگەڵ سکرتێری کۆمەڵە و ویستی هەندێ ئاژاوە دروست بکات، بەڵام دیسانەوە بەهۆی نالۆژیکی بیروباوەڕەکانی، نەیتوانی لایەنگر بۆ بۆچوونەکانی پەیدا بکات و توانرا بە شێوەیەکی گونجاو گرفتەکان تێپەڕێنرێ.

فەرید ئەسەسەرد، مەسەلەی "تیۆریی کوردستانی بوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە ڕەنجدرانی کوردستان پێویستیان بە ڕێکخراوێکی چینایەتییە و لەم کەیسەدا بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی عێراق بە بوونی کۆمەڵەی

1 . چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ د. شۆڕش حاجی. لە ٢٠٢١/٢/١٨.
2 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٠.

رەنجدران زیان لێکەوتوو نابێ. بە کردەوە، کوردستانی بوونی کۆمەڵە بەشێوەی تێهەڵکێش کردنی فاکتەری نیشتمانی و فاکتەری چینایەتی، خۆی نواند و تێیدا بانگەشە بۆ ئەوە کراوە کە چەپی شۆڕشگێر دەبێ جڵەوی رابەرایەتی کردنی بزوتنەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بگرێتە ئەستۆ."[1] کۆنفرانس، بە هەڵبژاردنەوەی سەرکردایەتی نوێی کۆمەڵە کۆتایی هات. جگە لە نەوشیروان مستەفا کە وەک سکرتێر هەڵبژێردرایەوە، شەش کەسی دیکە لەوانە مەلا بەختیار، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر عەبدوڵڵا، د. کەمال خۆشناو، عەلی بچکۆل و جەمال تاهیر (لە ناوشار) بوو، بوون بە سەرکردایەتی کۆمەڵە.

**سێیەم: کۆنفرانسی سێهەمی کۆمەڵە:**

"سەرکردایەتی کۆمەڵە. بڕیاری دا خۆی ئامادە بکا بۆ سێهەمین کۆنفرەنس. بۆ ئەو مەبەستە دەزگای ڕێکخستن کە پێکهاتبوو لە: ئازاد هەورامی، قادری حاجی عەلی، ڕێکەوتی عوسمان بەگ، ڕاسپارد سەرپەرشتی کۆنفرەنسەکانی کەرتەکانی ڕێکخستن بکەن بۆ هەڵبژاردنەوەی ئەندامانی کەرت و نوێنەرانی کۆنفرەنسی سێیەم. هەرسێکیان بەڕێکەوتن بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکەیان".[2]

ئەم کۆنفرانسە لە تەموزی ١٩٨٤ لە کاتی وتوویژەکانی ی.ن.ک. و حکومەتی مەرکەزی لە مێرگەپان بەسترا. ٢٨٧ نوێنەر و ١١ ئەندامی چاودێر بەشداربوون. شەهید عەبدولڕەحمان قاسملو بە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئیبراهیم عەلیزادە وەک نوێنەری سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران میوانی کۆنفرانسەکە بوون و وتاریان خوێندەوە. وەک کۆنفرانسەکانی دیکە، بەشی زۆری گفتوگۆکان بۆ شیکردنەوەی بارودۆخی ناو کۆمەڵە و کێشە ناوخۆییەکان تەرخان کرا. کۆنفرانس جەختی لەسەر پێداویستیەکانی قۆناغی رزگاری نیشتمانی مێژووی جوولانەوەی کورد و تێکۆشان بۆ بردنی بەرەو سۆشیالیزم کردەوە، هەروەها جەختکرایەوە لەسەر چینی کرێکار وەک هێزی سەرکردە و جەماوەری رەنجدەران وەک هێزی بنەڕەتی جوولانەوەکە.[3]

جیاوازی ئەم کۆنفرانسە لەگەڵ کۆنفرانسەکانی دیکەی کۆمەڵە لەوەدا بوو، کێشەکان و ناکۆکییەکان گەیشتنە لوتکە لە نێوان باڵی نیشتمانی بە ڕێبەرایەتی نەوشیروان مستەفا و باڵی ئایدیالیستەکان کە دواتر لە لایەن کۆمەڵەوە بە (بان چەپەکان) ناوزەد

1 . فەرید ئەسەسەرد، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩٨.
2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣.
3 . فرید ئەسەسەرد، ٢٠١٦، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢٨.

کران و دوای جیابووەنەوەشیان خۆیان وەک (ئالای شۆڕش) راگەیاند. باڵی بان چەپەکان بۆ ماوەیەک بایکۆتی کۆنفرانسەکەیان کرد، بەڵام بە هەوڵی کۆمەڵێک کادیری دیکەی کۆمەڵە و مام جەلال هێنرانەوە.

لەم کۆنفرانسەدا مەسەلەی کوردستانی بوونی کۆمەڵە کە لای نەوشیروان مستەفا ببووە ستراتیژ، بە تەواوەتی چەسپا و بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەیی کورد کرا بە ستراتیژی ئایندەی کۆمەڵە: "مارکسیە لینینیەکانی کوردستانیش هەمان دەور و هەمان ئامانجی گەورەی کرێکارانیان هەیە، کە بۆ پێشەوەبردنی کۆمەڵە تا دامەزراندی سۆشیالیزم و کۆمەڵی بێ چین و چەوسانەوە. چینی کرێکاری لە کوردستاندا لە چوار پارچەی وڵاتێکی داگیر و دابەشکراودا ئەژی کە:

١. بەرانبەر کێشەی نەتەوایەتی کوردستان، ئامانجی هاوبەش و بەرژەوەندی چینایەتیان، خۆی لە رزگاری نیشتمانی و ئازادی و یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراتی و سۆشیالیزم دا ئەنوێنێ.

٢. لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا رژێمی سیاسی خۆی بەسەر بەشێکی نەتەوەی کورد لەگەڵ بەشێکی نەتەوەیەکی تر، یا لەگەڵ کەمە نەتەوەییەکی تردا سەپاندوە و لە چوارچێوەی رژێمێکی ئابوری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی شێواو و نامتجانسدا بە زەبری حوکمی دیکتاتۆری لە قاڵب دراون و هەلومەرجێکی تایبەتی بۆ جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە لە هەر پارچەیەکدا سازکردووە.

بۆیە چینی کرێکار لە هەر بەشێکی کوردستاندا ئەرکی هاوخەباتی و یەکێتی تێکۆشانی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاران بە تایبەتی و چینە شۆڕشگێڕەکانی ئەو گەلانەی لەگەڵیاندا ئەژی بەگشتی، ئەکەوێتە ئەستۆی.

٣. مەسەلەی دیموکراتی لە سەرانسەی وڵاتدا لەگەڵ مەسەلەی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردا پەیوەندییەکی دیالەکتیکی توند و پتەویان هەیە.

٤. یەکخستنی بزوتنەوەی کرێکارانی سەرانسەی کوردستان، لە چوارچێوەی یەک ستراتیجی هاوبەشدا...

٥. راماڵینی دەسەڵاتی رژێمی سەرمایەداری دەوڵەتی بۆرجوازی بیرۆکراتی لە کوردستانی عێراقدا و دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراتی، ئەرکی شۆڕشی رزگاری نیشتمانی کوردستانە. رزگاربوونی کوردستانی عێراق لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی، زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرکەوتنی تەواوی شۆڕشی رزگاری نیشتمانی خۆش دەکات.[1]

---

1 . بەرنامەی چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کوردستان، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، پەسەندکراوی سێهەمین کۆنفرانس، تەموزی ١٩٨٤، ل ٤-١٣.

مەسەلەیەکی دیکەی ناو کۆنفرانس، بریتی بوو لەوەی کۆمەڵە سەر بە کام خەت دەبێ لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهاندا لە بڕیارەکانی کۆمەڵەدا واهاتووە: "پارێزگاری سەربەخۆیی ئایدۆلۆژیی و سیاسی کۆمەڵە لە کلکایەتی و ڕەدوکەوتنی ئیتجاهە جۆراوجۆرەکانی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهان لەلایەک، وە پێویستی پتەوکردنی پەیوەندی ئینتەرناسیۆنالیستی پرۆلیتاری و هاوخەباتی و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و جووڵانەوەی کرێکاری و ڕزگاریخوازییەکانی گەلان لەلایەکی تردە، سەر لەنوێ لە لایەن کۆنفرانسەوە دوپارت کرایەوە.."[1]

لە بەرانبەر ئەم هەڵوێستە نەتەوەییانەی کۆمەڵە کە لە سێهەمین کۆنفرانسدا دەنگی لەسەر درا، ڕەوتی ئەوانەی خۆیان بە ئاڵای شۆڕش دەزانی و پێیان وابوو دەتوانن ئیمپیریالیزمی جیهانی تەفروتونا بکەن، کەچی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی و یەکگرتنەوەی کوردستانیان بە چەوت و هەڵە و مەحاڵ دەزانی: "ئەو ستراتیژیەتە بەناو "کوردستانیەتی" ناسیۆنالیستە تەنگنەزەرەکان نەک هەر لەڕوی زانستییەوە چەوت و هەڵەیە، بەڵکە لە ڕووی واقعیەوە مەحاڵ و زەرەرمەند و تەنانەت سادەترین کوردیش ئەو ڕاستیەی چاک لا ئاشکرایە کە گەلی کورد بەتەنیا و لەم چەرخەدا لە توانایدا نییە کە ئەو دەوڵەتانەی بەزەبری چەک و لەشکرکێشی ڕابماڵێ و بە لوولەی تفەنگ، دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکات."[2]

پێش دەسپێکردنی سێهەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە، مەلا بەختیار هەوڵێکی زۆری دا ئاراستەی فکری ناو ریزەکانی کۆمەڵە بۆ ئەو جێگایە بگۆڕێ کە خۆی مەبەستی بوو، پشکۆ نەجمەدین لەو بارەوە نووسیویەتی: "لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی فیکری و سیاسی، لەمەڕ بەرنامەی کۆمەڵە و بە قەڵەمی مەلا بەختیار نووسرا و بە نهێنی چاپکرا و چەند مانگێک پێش وادەی کۆنفرانس، بەنێو ریزەکانی کۆمەڵەدا لە شار و شاخدا، لە تەواوی کوردستاندا، بڵاوکرابوویەوە، یاخود بڵاومان کردەوە! ئەم نامیلکەیە، کۆبەندی دید و تێڕوانینەکانی ئێمەی لەمەڕ فیکر و تاکتیک و ستراتیژی کۆمەڵە، لەخۆ گرتبوو."[3]

مەلا بەختیار و هەندێ لە هاوڕێکانی، وایان لێ هاتبوو، چی نەوشیروان مستەفا داوای بکردایە، ئەوان پێچەوانەکەیان دەویست. لە بەرانبەر کوردستانیبوونی کۆمەڵەدا، یەکسەر عێراقی بوونیان تەرح کرد، کەچی پێشیان ناخۆشە پێیان بڵێی عێراقچی، ئەوان دەیانگوت: "ئێمە کێشەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا بە یەکێک لە کێشەکانی گەلی عێراق و عێراقی دەزانین و چۆنێتی چارەسەرکردنیشی هەر بەدامەزراندنی

1 . کۆمەڵە (گۆڤار)، سێهەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵە، ژمارە ١ خولی ٣، کانوونی دووەمی ١٩٨٥، ل ١٠.
2 . ب. مەریوان، کوردستانێتی فریودەر یان واقع بینانە، گۆڤاری هەڵوێست، ژمارە ٢، ئازاری ١٩٨٦، ل ١٩، ل .١٨.
3 . پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠.

حکومەتێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە عێراقدا دەبینین و لەم روانگەیەشەوە بیروبۆچوونەکانی خۆمان دیاری دەکەین و بۆ جێبەجێ کردنیشیان خەبات دەکەین.. بێگومان خەباتی چین و توێژە شۆڕشگێڕەکانی عێراق، روخاندنی رژێمی فاشیست و بورژوازی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی شۆڕشگێڕە کە لە سایەیدا کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق بە مافە چینایەتیەکانیان و گەلی کوردیش بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەگات، تەنیا بە پارتی پێشڕەوی کرێکاری سەرانسەری دێتەدی، بۆیە دەبێ هەموو شۆڕشگێڕ و چەپەکانی عێراق، لە پێناوی یەکخستنی کرێکارانی عەرەب و کورد و کەمینەکان خەبات بکەن. لە هەمان کاتدا شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی عێراق دەبێ بۆ گۆڕکردنی بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی تەنگنەزەر خەبات بکەن و کرێکارانی کوردستانی عێراق بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ کرێکارانی باقی عێراقدا هان بدەن، چونکە جگە لە سیاسەتی شۆڤینیانەی ئەو رژێمە بۆرژوانەی عێراق، هەندێ پارت و رێکخراوی ناسیۆنالیست و خۆ بە مارکسیست زان، رۆڵی گەورەیان لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی کۆنە پەرستانەدا لە کوردستانی عێراقدا گێڕاوە."[1]

ئەم بۆچوونانە کوتومت لە بۆچوونەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەچوون، کە ئەو دەمە مەلا بەختیار و هەندێ لە هاوڕێکانی پێی سەرسام بوون. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەرەتای دروستبوونیەوە زیانێکی گەورەی بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دابوو. ئەوەی حیزبی تووده پێی نەکرابوو ئەوان تەواویان کرد. پرۆفیسۆر عەباس وەلی لە بارەی زیانەکانی ئایدۆلۆژیای چەپ لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەڵێت: "من پێموایە رەوتی سۆشیالیزم خەسارێکی گەورەی لە بزوتنەوە و بیری ناسیۆنالیزم لە کوردستان داوە. ئەو چەکەی بەدەست چەپەوە بوو توانی بە ئاسانی پێی لەو دیوارە نەتەوەییە تێپەڕێ کە ناسیۆنالیزم و نەتەوە بە دەوری خۆیدا دەیکێشێ.

نەتەوە سنورێکی ئیتنیکی ـ فەرهەنگی هەیە، لە ڕووی سیاسی و گوتارییەوە ناتوانی بە ئاسانی ئەم سنورە ببەزێنی. ئەگەر چەپ لە عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا توانی ئەو سنورە بشکێنێ و بێتە ناوەوە، لەبەر ئەوەی کە هەم لە ڕووی گوتاری و هەم لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەو چەکەی کە پێویست بوو هەیبوو. ئەو چەکەش بریتی بوو لە ئیمپریالیزم و خەباتی دژی ئیمپریالیستی. بەرزکردنەوەی ناکۆکی نێوان گەل و ئیمپریالیزم (کە کورد بەشێک بوو لە گەل) بەو مانایە بوو کە سەرجەم هێزەکانی

1 . ب. مەریوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨-١٩.

تری دژە ئیمپریال پەیڕەوی لەو بکەن و بێنە ناو ریزەکانی ئەمەوە، بۆ نموونە، حزبی تووده لە ئێران بە کوردانی دەگوت کە ئێوە نابێ دژی کۆماری ئیسلامی ئێران خەبات بکەن، لەبەرئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ریزی پێشەوەی خەباتکارانی دژە ئیمپریالیستی گەلانی ژێردەستی جیهاندایە. حزبی تودە و فیدایانی خەڵق توانیان بە کەڵک وەرگرتن لە چەکی دژە ئیمپریالیستی دیواری ئیتنیکی ناسیۆنالیزمی کوردی بشکێنن، کە دیواری ئیتنیکی ناسیۆنالیزمی کوردیش روخا، مانای ئەوەیە کە لە ڕووی گوتاری تیۆریکەوە چەک کرا، کە لەو رووەشەوە چەک بوو چەمکەکانی ناسیۆنالیزم هێزی خۆیان لەدەستدا و تەنانەت بوون بە مایەی گاڵتەپێکردن و گەپجارِی.

ئێستاش کاتێک حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری باس لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن بە بێ حورمەتی و گاڵتەجارِییەوە ناوی لێ دێنن. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان تێگەیشتن و ناسینیان بۆ ناسیۆنالیزم و مێژووی ناسیۆنالیزم لە ئاستێکی زۆر نزمدایە و ناشزانن کە روخاندنی دیوارێکی ئیتنیکی ـ فەرهەنگی بۆ سیاسەتێکی لەم شێوەیە چییە. ئەگەر ئەو دیوارەیان روخاند، کۆمەڵە بۆچی وا زەلیلی دەستی مەنسووری حیکمەت بوو؟ بۆچی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئاوا زەلیلی بەردەستی حزبی تودە بوو؟ تەنها هۆیەکەشی ئەوە بوو کە لە رووی تیۆرییەوە خۆیان چەک کرد."[1]

بۆ ئەوەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بەو دەردە نەچێت و بە بیانووی خەبات لە دژی ئیمپریالیزم، گوتاری نیشتمانیی خۆی تەسلیمی دەستی ئەوەی لینین ناوی نابوون چەپڕەوی منداڵانە، نەبێ، نەوشیروان مستەفا لەم کۆنفرانسەدا راشکاوانەتر و جەسوورانەتر بەگژیاندا چووەوە. کێشەیەکی دیکەی کۆنفرانسەکە هەڵبژاردنی دەستەی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو. سەرکردایەتی بڕیاری دابوو دەستەی سەرکردایەتیی حەوت کەسی بە زۆرینەی رەها هەڵبژێردرێت، واتە ٥١٪ی دەنگی دەنگدەران. کە دەنگدان کرا، ژمارەیەکی کەمی کاندیدەکان دەنگی خوازراویان هێنا، لەوانە مەلا بەختیار ئەگەر چی دەنگی هێنابوو، بەڵام ڕێژەی یاسایی پڕنەدەکردەوە، دەبوو خولی دووەمی دەنگدان ئەنجام بدرێ، بەڵام نەوشیروان مستەفا پێشنیاری کرد خولی دووەم ئەنجام نەدرێ و هەر ئەو دەنگدانە بکرێ بە پێوەر و ٩ کەسی یەکەم بە براوە دابنرێن.

کۆنفرانس بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەکەی قەبووڵ کرد. بەمجۆرە ئەمانە بوون بە سەرکردایەتی کۆمەڵە: نەوشیروان مستەفا، مەلا بەختیار، فەرەیدون عەبدولقادر،

1 . د. عەباس وەلی، ناسیۆنالیزمی کوردی و ئەوانیتر. دیداری تایبەتی هیدایەت جان، لە ٢٠٠٨/٦/١٢.

عومەر عەبدوڵڵا، ئازاد هەورامی، قادر حاجی عەلی، کۆسرەت ڕەسوڵ، دلێر ئەحمەد شوکری، جەبار فەرمان. ئەندامانی یەدەگی سەرکردایەتیش بریتی بوون لە حەسەن کوێستانی، عومەر فەتاح، خەسرەو خاڵ و حەمە تۆفیق ڕەحیم. بەمجۆرە لەم کۆنفرانسەشدا کە دواین کۆنفرانسی کۆمەڵە بوو، "پێڕەوانی ڕێبازی توندڕەو نەیانتوانی زۆرایەتی بەدەس‌بهێنن و بیر و بۆچوونەکانی خۆیان بسەپێنن، بەڵێنیشیان‌دا ڕێزی بڕیارەکانی کۆنفرەنس بگرن".[1]

شەهید ڕێباز، سەبارەت بە سێهەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و ڕۆڵی مەلا بەختیار تێیدا و ئاکامەکانی ئەو ململانێیەی دروستی کردبوو، لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: "لە مێژبوو کاک مەلا بەختیار دەیویست ئەو باڵە سەرکەوێ کە خۆی دەیەوێ، پاش ئەوەی دەنگ لەسەر هەموو مەسەلە گرنگەکان درا، ئینجا هەڵبژاردن دەستی پێ کرد. هەرچەندە کۆمەڵە بە ڕوڵەت بە سەرکەوتویی لە کۆنفرانسەک دەرچوو، کەچی بووە هۆی دروستبوونی برینێک لەناو دڵی هەندێ لە هەڤاڵاندا تاوەکو وای لێ هات بە نهێنی لەناو ریزەکانی کۆمەڵەدا گروپی بچوک بچوک خۆیان ڕێکدەخست و بەپێچەوانەی سەرکردایەتی کۆمەڵە کاریان دەرکرد و بەیانیان بڵاودەکردەوە بە ناوی (ئاڵای شۆڕش).[2]

لە جێگەیەکی دیکەدا باسی لە گرەوکردنی رژێمی بەعس لەسەر جیابوونەوەی مەلا بەختیار و لاوازبوونی یەکێتی نیشتمانی کردووە و نووسیویەتی: "پاش کۆنفرانس، کاک مەلا بەختیار رازی نەبوو کار بکات. هەندێ مەرجی دانا بۆ کارکردنی خۆی. یان دەبێ ببێتە لێپرسراوی مەڵبەند یان ئەندامی ناوەندی و لێپرسراوی بەشی ڕێکخستن لە کۆمەڵە، سەرکردایەتیی کۆمەڵە ئەو مەرجانەی هەڤاڵ بەختیاری پەسەند نەکرد؛ هەر بۆیە چوو بۆ ناوچەی قەرەداغ دەستی کرد بە ڕێکخستنی دۆست و لایەنگرانی خۆی و بە نهێنی دژی ی.ن.ک بەیان و بڵاوکراوەی دەردەکرد، بە ناوی (ئاڵای شۆڕش)، ئیشارەتە بە بڵاوکردنەوەی ئاڵای شۆڕش لە سەردەمی خەباتی نهێنی کۆمەڵە. ڕژێم پێی وابوو هەندێ لە عەناسرە چالاکەکانی کۆمەڵە لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار دەبن و ی.ن.ک تووشی دووبەرەکی پارچەپارچە بوون و گێژاوی بیروڕا دەبێت."[3]

لە سێهەمین کۆنفرانسدا، کۆمەڵە توانی دابڕانێکی یەکجار گەورە لەگەڵ ستراتیژیی ئۆتۆنۆمیخوازی بزوتنەوەی کوردایەتیدا دروست بکات. بە بەرنامەش کاری کردووە

---

1 . نەوشیروان مستەفا، خولانەوە دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤ – ١٩٨٨، چاپ و بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان، برلین – ئەڵمانیا ١٩٩٩، ل٧٠.

2 . ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١ -٣٠٢.

3 . هەمان سەرچاوە، ٣٠٤.

بۆ ئەوەی ئەو ستراتیژەی خۆی سەرەتا لە ناو کادیرەکانی خۆیدا و دواتر لە ڕێگەی ئەوانەوە بگوازێتەوە بۆ ناو جەماوەری کوردستان، "کۆمەڵە تاکە ڕێکخراوە لە کوردستانی عێراق کە زۆر بەرونی بەرنامەی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی داڕشتوە و بە راشکاوی لە چەندین جێگای جیاجیادا دەستی بۆ ستراتیجیەتی بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان درێژکردووە و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی هێناوەتە دەرەوە. ئەمە لەرووی سیاسییەوە کراوە، ئەوەی کە پێویستە لە روی ڕێکخراوەیی و جەماوەری بکرێت... دەوری گرنگی ڕێکخستن لێرەدا دەرئەکەوێت کە ئەم ستراتیجەیە بێ دوودڵی پێش هەموو شت بچەسپێنێ لە بیروبۆچوونی ئەندام و کادرەکانی کۆمەڵەدا."[1]

1 . کۆمەڵە (گۆڤار) ڕونی ستراتیژ و دەوری لە قوڵکردنەوەی خەباتی شۆڕشێگێڕیدا، ژمارە ٣ خولی ٣ ئازاری ١٩٨٥، ل ٤-٧.

# باسی چوارەم
# گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ حکومەتی عێراق

مام جەلال لە کتێبی گفتوگۆ و شۆڕش.. دا سەبارەت بە گفتوگۆکانی ساڵی ١٩٨٣ دەڵێت: "هەموو گفتوگۆیەک لە نێوان دوو، یان چەند لایەنێکدا، جۆرێک لە سەودا و سازش (مساومە)ی تێیدایە! ئەمە سروشتی کارەکەیە، ئەمە بەشێکە لە گفتوگۆ، لە ناوەڕۆک و لە شێوەکەیدا، ئەگینا بێ سەودا و سازانەکە (مساوەمەکە) گفتوگۆ ناکرێ و نابێ"[1]

هەروەها دەڵێت: "هەموو شۆڕشێکی راستەقینە تووشی سەودا وسازان دەبێ، لە هەموو خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی چینایەتی و نیشتمانیشدا سەوداوسازان هەر دەبێ.."[2]

لەسەر ئەساسی ئەو تێڕوانینانەی مام جەلال، بۆ گفتوگۆ و دانوسان، هەروەها لەسەر باوەڕبوون بەوەی "شەڕ درێژەپێدەری سیاسەتە"، لە شوباتی ساڵی ١٩٨٣دا یەکێتی و حکومەتی عێراقی گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە هیچ کامێکیان ناتوانن ئەوەی دیکەیان بسڕنەوە، دەستیان بە گفتوگۆ کرد.

ی.ن.ک، کاتێک رازیبوو بە گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی بەعس لەرووی سەربازییەوە لەوپەڕی سەرکەوتندا بوو. ناوچە رزگارکراوەکانی ژێردەستی لە هەولێر و سلێمانی و کەرکوک زۆر بەرفراوان بوو، چالاکییەکانی پێشمەرگە زۆر نەوعی و کاریگەر بوون، لە قۆناغی خۆپاراستنەوە چووبووە قۆناغی هێرش بردن. پشتیوانییەکی جەماوەری زۆری هەبوو. لەرووی سیاسیشەوە ئەوەندەی عێراق دۆخی خراپ بوو، ی.ن.ک وا نەبوو. بەڵام سەرەڕای ئەوەش چووە گفتوگۆوە.

نەوشیروان مستەفا لە بیرەوەرییەکانیدا کە دێتە سەر باسی سەرەتاکانی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا، باس لەوە دەکات " گفتوگۆی یەکێتی – بەعس لە ڕێگەی لایەنی

---

1 . مام جەلا، گفتوگۆ و شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

2 . هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.

سێیەم: ‘حدکا، بە تایبەتی د. قاسملو’ دەستی پێکرد. سەرەتا قاسملو ڕاسپاردە و قسەکانی سەرکردایەتی عێراقی و یەکێتی ئەهێنا و ئەبرد. ئینجا عێراق دو جار نوێنەری خۆی نارد: جاری یەکەم کۆبوونەوە لە گۆڕەشێر لە لای حدکا بە ئامادەبوونی لایەنی سێیەم کرا و جاری دوەم کۆبوونەوە لە ناوزەنگ لە بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی، بێ ئامادەبوونی لایەنی سێیەم کرا."[1]

مام جەلال، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت: "پێش ئەوەی سەفەر بکەین بۆ بەغدا، من و نەوشیروان پێکەوە ڕاوێژمان کرد و ئەو ڕای وابوو ئەم گفتوگۆیە حەوانەوەیە بۆ ئێمە بۆ خۆسازدانەوە، چەندی پێمان دەکرێ پارە و چەکیان لێ وەرگرین، لە پاشاندا دەتوانین بە درێژی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی ئامادە بکەین و بەرنامەیەک بدەینە حکومەت تا ئەو کاتە دەتوانین زۆرتر ڕای خەڵکیشمان وەرگرتبێت.."[2]

مەلا بەختیار لە بیرەوەرییەکانیدا ئەم ڕاستیانە ئاوەژۆ کردووە و دەیەوێ بڕیاری گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٣ بکاتە بڕیارێکی تاکە کەسی نەوشیروان مستەفا، مام جەلالیش بە پیاوێ بێ دەسەڵاتی ملکەچی بڕیارەکانی نەوشیروان مستەفا پیشان بدات و دەنووسێت: "لەسەر دانوستان، هەمیشە نەوشیروان داکۆکی لێ دەکرد؛ لە بەرانبەردا، مام جەلال یان دژ، یاخود خۆپارێز (تحفظ)ی دەنواند. کە بیزانیبا، ڕەتکردنەوەی دانوستان کێشەکان قوڵ دەکاتەوە، دژ دەبوو، بەڵام بەقسەی زۆرینەی دەکرد..."[3]

با سەرەتا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئایا بە تەنها نەوشیروان مستەفا لەگەڵ گفتوگۆدا بووە یان هەموو سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی کۆمەڵە و یەکێتی بە مەلا بەختیاریشەوە گفتوگۆیان پێ باش بووە؟! ئەی بڕیاری درێژەپێدان بەو گفتوگۆیانە بڕیارێکی کۆنفرانس بوو، یان هەر هی نەوشیروان مستەفا؟ لەوەش گرنگتر کێ خاوەنی تیۆری "درێژدەدان بە گفتوگۆ تا دواچۆڕ" بوو؟

دەرگای گفتوگۆکانی یەکێتی و رژێم لە شوباتی ١٩٨٣ەوە لە ڕێگەی شەهید دکتۆر قاسملوەوە کرابووەوە، بەڵام ئەو گفتوگۆیانە نەچوونە بواری پراکتیکیەوە تاوەکو تشرینی یەکەمی ١٩٨٣. لە ماوەی شوبات تاوەکو تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ پێشمەرگەکانی یەکێتی چەندین چالاکی گەورەیان دژ بە رژێم ئەنجام دابوو، دیارترینیان شەڕی بێتواتە بوو کە لە ١٩٨٣/١٠/٢٠ دەستی پێکرد و خودی مام جەلال فەرماندەیی دەکرد. چەند ڕۆژێک دوای ئەو شەڕە، فەرەیدون عەبدولقادر وەک یەکێتی

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە بازنەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.
2 . سەلاح ڕەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.
3 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٩.

لەگەڵ وەفدی رژێم کۆبووەوە و زەمینەی سەردانی مام جەلالی بۆ بەغدا خۆشکرد. لە ١٩٨٣/١٢/١٠ دانیشتنەکانی مام جەلال و سەدام حسێن دەستی پێ کرد.

برایم جەلال، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پێش دەسپێکردنی دانوساندن لەگەڵ رژێم سەرکردایەتی یەکێتی کۆبووەوتەوە و بڕیاری دانوسانی داوە و پاشان کۆمەڵەش لە کۆبوونەوەیەکی خۆیدا بڕیاری داوە پرس بە کادیرەکانی خۆی بکات، برایم جەلال دەڵێت: "لە مانگی ٨ی ١٩٨٣ سەرکردایەتی کۆمەڵە، دوای کۆبوونەوەکەی یەکێتی کۆبوونەوەیەکی خۆی کرد و بڕیاردرا، کە دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵە هەڵسێ بە جەولەیەکی دوور و درێژ بەسەر کەرتەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا بۆ ٣ مەبەست:

١. خۆسازدان بۆ گرتنی کۆنفرانسی سێ و هەڵبژاردنی ئەندام کەرتەکان.

٢. هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنفرانس لەناو کەرتەکان.

٣. پرسوڕا کردن بە کەرتەکان و کۆنفرانسی کەرتەکان سەبارەت بە کردن یان نەکردنی دانوستاندن.."[1]

فەرەیدون عەبدولقادر، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دانوستانەکاندا دیوە، سەبارەت بە پرس و ڕا کردن بە کادیرەکانی کۆمەڵە بۆ دانوستان نووسیویەتی: "ڕۆژی ١٩٨٣/١١/١٥ لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لە بالیسان، کە زیاتر لە ٣٠ کادیری سیاسی و پێشمەرگە و هەردوو نووسەر جەوهەر کرمانج و سەعدوڵڵا پەرۆش، ئامادەی بوون، مام جەلال بە وردی کەوتە باسی گفتوگۆ و هەلومەرجەکانی و بۆ ئەوەش مەبەستی بوو، کە بیروڕای ئامادەبووان لەسەر ئەو مەسەلەیە بزانێ! لە دوو کادر بەوەلاوە کەسی تر بە دانوساندن لەگەڵ رژێم ناڕازی نەبوو!"[2]

شەهید ڕێباز، یەکێک بووە لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەی ڕۆژی ١٩٨٣/١١/١٥ لە گوندی بالیسان لەبارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەوە لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: "لە بارەگای کاک کەمال خۆشناو، بەڕێز مام جەلال نزیکەی سی کادیری سیاسی و عەسکەری کۆکردەوە بۆ دوو مەسەلە یەکەمیان، هەڵسەنگاندنی شەڕی بێتواتە دووەمیان مەسەلەی مفاوەزات. بە دوورودرێژی باسی باری کوردستانی کرد ئەو مەترسیانەی لەسەر کورد و (ی.ن.ک) پەیدابوونە، مفاوەزات بکرێ یان نەکرێ؟ بەڕێز مام جەلال داوای کرد هەموو برادەران سەربەستانە بۆچوونی خۆیان بدەن وە دەبوایە یەک یەک قسە بکەین وە لەسەر ڕەئیەکەی خۆمان ئیمزا بکەین.. لە هەموو ئەو برادەرانە مامۆستا سەیفەدین و کاک پۆلا دژی ئەو مفاوەزاتە وەستان."[3]

---

1 . برایم جەلال، چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە، ٤١٣ -٤١٤.

2 . فەریدون عەبدولقادر، هەڵۆ سورەکانی قەندیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٩.

3 . ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٧.

لە وەڵامی پرسیاری "ئایا ڕێکخستنەکانی یەکێتی و هێزی پێشمەرگە رازی بوون لەسەر گفتوگۆ؟" مام جەلال دەڵێت: "من زۆر پەرۆشی چونی بەغدا نەبوم، بۆیە گوتم پێویستە ئێمە پرسی هەموو کادیرەکان بکەین، بە مەرجێ ئازاد هەورامی و نەوشیروان ئاگادار بن و سەرپەرشتی بکەن. ئازاد هەورامی چوبوو جەولەیەکی کردبوو و لە کۆنفرانسەکانی کۆمەڵە ئامادەبووبوو، گوتی من لە هەموو کۆبوونەوەکاندا باسم کردووە و تاکە برادەرێک لەناو کۆمەڵەدا دژی گفتوگۆ نەبووە، هەروەها شۆڕشگێڕانیش لێم پرسن گوتیان نەخێر ئێمە کەسمان دژی نین. ئینجا من خۆم کادیرەکانی پێشمەرگەم کۆکردەوە، ناردم هەرچی لێپرسراوی پێشمەرگە هەیە هاتن بۆ بالیسان و لەوێ لە مزگەوتی بالیسان کۆم کردنەوە، کادیرەکان تا ئاستی رابەر سیاسیشم بانگردبوو، پرسیم کە رایان چییە لەسەر گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا، ئەوانە بەگشتی رازی بوون تەنها یەک برادەر نەبێت. هیچ کەسێ لە ناو ریزی پێشمەرگە دژی گفتوگۆ نەبوو، پێش ئەوەش بە پێنج شەش مانگ پرسێکمان بە خەڵکی شارەکان کردبوو، شێرکۆ بێکەس و چەند برادەرێکی ترمان سەرپشک کردبوو کە لە سلێمانی و شارەکانی تر بوون پرس بە ئەدیب و رۆشنبیر و شاعیر و مامۆستای زانکۆ و کەسانی ناسراو بکەن بۆ مەسەلەی گفتوگۆ، ئەوانە هەمویان هانی گفتوگۆیان دەدا و پێیان باش بوو."[1]

هەموو ئەوانەی سەرەوە بەڵگەن لەسەر ئەوە کە گفتوگۆ نەک هەر خواستی کادیر و سەرکردایەتی کۆمەڵە نەبووە بە تەنها، بەڵکو شۆڕشگێڕان و پێشمەرگە و رۆشنیران و کەسانی ناوداری کوردستان لەگەڵ گفتوگۆدا بوون.

دوای چەندین مانگ، کێشمەکێشی گفتوگۆکان ئەنجامێکی وای لێ نەکەوتەوە، هەندێ مقۆمقۆ لەسەر درێژەکێشانی گفتوگۆکان پەیدابوو، سێهەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە لە تەموزی ١٩٨٤ هەلێکی باش بوو بۆ پرسوڕاکردن بە کادیرانی کۆمەڵە کە ئاخۆ لە گفتوگۆکاندا بەردەوام بن یان کۆتایی پێ بهێنن، لەم بارەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی تایبەتی ناوچەکە و وڵات، وە بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەی کە گفتوگۆ بۆتە یەکێک لە شێوەکانی خەباتی جووڵانەوەی کورد، پاش وردبوونەوە لە لایەنی سەلبی و ئیجابی گفتوگۆ، ئەو بۆچونەی پەسندکرد: کە سەرەڕای ناسینی ماهییەتی ڕژێم و سەرەڕای ئەوەش کە حکومەت لە گفتوگۆدا

1 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣ -١٥٤.

ناجیددیه و تاقیکردنەوه ئەو ڕاستییەی سەلماندوه که هەمیشه له بەڵێنەکانی پاشگەز ئەبێتەوه، بەڵام هەوڵ بدرێ گفتوگۆ تا دواچۆڕی بگوشرێ و بەر لەوه نەپسێنرێ، تا مەسئولیەتی میژویی پساندن و ئەنجامه خراپەکانی بکەوێته ئۆباڵی ڕژێمی بەغداد، به مەرجێ گفتوگۆ بەرانبەر مومارەسەی خراپی ڕژێم دەستبەستمان نەکا."[1]

سەیرلەوەدایه مەلا بەختیار که ئێستا باس له دژایەتی خۆی بۆ گفتوگۆکان دەکات جگه لەوەی خۆی لەگەڵ مفاوزاتدا بووه و له دوو خولی دانیشتەکاندا بەشدار بووه، خاوەنی بیرۆکەی دریژەدان بووه بەو گفتوگۆیانه و داوای کردووه تا دواچۆڕ بەردەوام بن، لەم بارەوه نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "که گفتوگۆ دەستی پێکرد، هەمویان خۆیان وا پیشانئەدا لایەنگری گفتوگۆن.

مەلا بەختیار له دو خولی گفتوگۆدا هاوبەشیی کرد و بۆ ڕازیکردنی ناڕازییەکانی دەرەوه، گەشتێکی ئەوروپای کرد و ئەو خاوەنی تیۆریی "گوشینی گفتوگۆ هەتا دوا چۆڕی" بو."[2]

دکتۆر خدر مەعسوم، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتی و یەکێک له ئەندامەکانی وەفدی دانوستانکاری ئەو حیزبه، سەبارەت به ئامانجی ئەو سەفەرەی خۆی و مەلا بەختیاری بۆ ئەوروپا، نووسیویەتی: "لەناو هەندێک له کادره پیشکەوتووەکان و ئەندامانی یەکێتیدا به تایبەتی ئەوانەی دەرەوه، دژی گفتوگۆ بوون و هەندێکیان وازیان له یەکێتی هێنابوو، بۆیه بڕیاردرا به چوونی مەلا بەختیار و بەندە بۆ ئەوروپا و دڵنیاکردنەوەی ئەندامانمان له تێگەیشتنی راستی لەسەر گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم. لەو سەفەرەماندا چووینه نەمسا، هەنگاریا، ئەڵمانیا، سوید، فەرەنسا و بەریتانیا. لەو شۆێنانه ئەندامان، دۆستان و هەندێ بەرپرسی حکومەتەکانمان بینی. له گشت کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ ئەندامانمان بۆمان ڕوونەدەکردنەوه، که لەو باوەڕەدا نین لەگەڵ ئەم رژێمەدا بگەینه ڕێکەوتن، بەڵام ناچارین، که پێشمەرگه پشوویەک وەربگرێت و لەسەر ئەم هەموو هێرشانەی له سەرمانه له لایەن ئێران و بەرەی جود و رژێمی عێراق، لەهەمان کاتدا بەناوی سەرکردایەتییەوه داوامان کرد سەرکردایەتی و کادره پێشکەوتووەکان له دەرەوه بگەڕێنەوه."[3]

له ١٩٨٥/١/١٥، کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان به دەرکردنی بەیاننامەیەک کۆتایی به گفتوگۆکانی یەکێتی و رژێم هێنا: "سەرکردایەتی (ی.ن.ک) له

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوه، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

2 . هەمان سەرچاوه، ل ٩٧.

3 . د. خدرمەعسوم، گفتوگۆی یەکێتی و عیراق خولی دووەمی دانوستانی یەکێتی لەگەڵ بەغدا، کوردستانی نوێ ژمارە ٨٢٤٤، ٢٠٢٠/١٢/١٥، پاشکۆی دۆسیە.

کۆبوونەوەی فراوانی خۆی دا بەگشتی دەنگ بڕیاری دا کۆتاییی بە گفتوگۆ بهێنێت و ئۆبالّی میژوویی و بە ئەنجام نەگەیاندنی گفتوگۆ و بەرپرسیار بوونی چارەسەر نەکردنی عادیلانە و ئاشتیانە و دیموکراتیانەی کێشەی نەتەوەی کورد بکەوێتە سەر ئەستۆی حکومەتی عێراق، وە هەر لەو کاتەشدا کۆمەلّانی خەلّکی کوردستان هۆشیار ئەکەینەوە، کە بەتەواوی وریا بن و بە هیچ جۆرێک بە تەمای ئەوە نەبن کە حکومەتی عێراقی کێشەی کورد چارەسەر بکات و  تۆقاندن و زەبروزەنگیان لەسەر لابەرێ، بەلّکو خۆیان بۆ ئەوە ئامادە بکەن کە ئازاردان و گوشار و زەبرو زەنگ زۆرتر بێت."[1]

1 . بەلّگەنامەی ژمارە (٨)  بەیاننامەی  (ی.ن.ک) بۆ کۆتایی هێنان بە وتوویژ لەگەل رژێمی بەعس.

# بەشی چوارەم

# ئاڵای شۆڕش پوازێک لە جەستەی کۆمەڵەی رەنجدرانی کوردستاندا

# باسی یەکەم
# ناکۆکییەکان لەسەر چی بوون؟

**یەکەم: سەرهەڵدانەوەی عێراقچێتی لە ناو کۆمەڵەدا**

وەک پێشتر باسمان کرد ململانێی عێراقچییەکان و کوردستانییەکانی ناو کۆمەڵە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە. فەرەیدون عەبدولقادر لەوبارەوە نووسیویەتی: "لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠دا کۆبوونەوەیەکمان بەست بۆ لێکۆڵینەوەی ئامانج و ماهیەتی کۆمەڵە. لە ئەنجامدا دەرکەوت دوو جۆرە بیرکردنەوە لە ناوماندا هەیە:

١. هاوڕێ فازڵ (فازڵی مەلا مەحمود) و چەند کەسێکی کۆمیتەی سلێمانی بیرکردنەوەی عێراقچییان هەبوو.

٢. بە سەرکردایەتی هەڤاڵ مام جەلال، خاڵە شیهاب و هەموو ئێمە، بیرکردنەوەی کوردستانیمان هەبوو. لە ئەنجامدا کاک فازڵ و ١٢ کەس لە کۆمەڵە چوونە دەرەوە."[1]

فوئاد قەرەداخی، یەکێک بوو لەو ١٢ کەسە، ئەوەیش لای خۆیەوە ئەو پرسە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: "کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی مارکسی – لینینی، واتە کۆمۆنیستی، خۆی پێناسەکرد. دیارە یەکێک لەو بابەتانەی هەر ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی بەرەو ڕووی دەبێتەوە، سنوری کارکردن و ناسنامەی ئەو حزبەیە، کە دەیەوێت بونیادی بنێت. ئەم خاڵە سەرەتا لەنێو کۆمیتەی سەرکردایەتیدا و دواتر لەنێو ئەندامانی ئەو کاتەی کۆمەڵەدا ناکۆکیی لێ کەوتەوە. تەوەرەی ناکۆکییەکە بریتی بوو لەوەی: کۆمەڵە دەستەیەکی بزوتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی دەبێت لە عێراقدا و بۆ پێکهێنانی حزبێکی کۆمۆنیستیی لە سەرانسەری عێراقدا خەبات دەکات، یان ڕێکخراوێک دەبێت بۆ پێکهێنانی حزبێکی کۆمۆنیستیی کوردستانی کە سەرکردایەتی شۆڕشی ڕزگاریی نەتەوایەتی کورد (شۆڕشی دیموکراتیی نوێ) بکات. من و چەند هاوڕێیەک ئەوەی

1 . فەریدون عەبدولقادر، بیرەوەرییەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١١، ل ٢٩.

یەکەمیانمان پێ راست و گونجاو بوو لەگەڵ پرنسیپەکانی ڕێکخستنێکی لێنینیدا، لەبەرئەوە لە ململانێکەدا بە (عێراقچی) ناوزەدیان کردین و دوای ساڵێک ململانێ پێکەوە هەڵماننەکرد و دوای ڕاپرسییەک لە ڕیزەکانی ڕێکخستندا بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو ناکۆکییە، بڕیاری چوونە دەرەوەمان دا."[1] بەڵام وازهێنانی ئەو گرووپە نەبووە هۆی بنبڕکردنی ماکی بیرکردنەوەی عێراقچییانە لە هەناوی کۆمەڵەدا، ماوەماوە بڕینەکە سەری هەڵدەدایەوە و دەبووە مایەی کێشە بۆی. ساڵی ١٩٨٣ ئەم ڕەوتە بە شێوەیەک پەرەی سەند، خەریک بوو کۆمەڵەی تووشی ئیفلیجی دەکرد. گەشەسەندنی بیری عێراقچێتی لە کاتێکدا بوو، یەکێتی لە دوای ١٩٨٣ەوە "مافی چارەی خۆنووسین"ی کردبووە دروشمی سەرەکیی خۆی و لە ئەدەبیاتی یەکێتی و کۆمەڵە و شۆڕشگێڕانیشدا، بە شێوەیەکی بەربڵاو باسی لێوە دەکرا.

سەرکردایەتی کۆمەڵە، بۆ دروستکردنی هۆشیارییەک لە ناو ریزەکانیدا دەربارەی بیرکردنەوەی عێراقچێتی، لە چارەکی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣، کەوتە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک وتار و نامیلکە، بۆ پەردەلادان لەسەر ئەسڵ و ئەساسی فکری عێراقچێتی و زەرەر و زیانەکانی لە بزوتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد لە گۆشە نیگای خۆیەوە. سەرکردایەتی کۆمەڵە لە نیسانی ١٩٨٣دا، نامیلکەیەکی دەرکرد بەناوی "عێراقچێتی داگیرکەر و بۆرجوازی کوردستان و کوردستانی بوونی کرێکاران و ڕەنجدەران". ئەو نامیلەکەیە دوو تەوەری لەخۆ گرتبوو؛ تەوەری یەکەم بەوردی تیشکی خستبووە سەر ڕەگوریشەی عێراقچێتی و ئەوانەی لەپشتی ئەو بیرکردنەوەدان و ئامانج و خواستیان لە تەشەنەدان بەو بیروبۆچونانە. تەوەری دووەمیش، ڕۆڵی چینی کرێکاران و ڕەنجدەرانی شار و لادێکانی کوردستان لە ڕوبەڕووبوونەوەی ئەم بیرکردنەوەیە و کارکردن بۆ سەرخستنی بیری کوردستانی بوون خستبووەڕوو.

لە نامیلکەکەدا پێناسیەکی ورد بۆ هەردوو چەمکی 'عێراقچێتی' و 'کوردستانی بوون' کراوە: "عێراقچێتی ئەو بیروبۆچوونەیە، کە داگیرکەر بڵاوی ئەکاتەوە و بۆرجوازی کوردستان بالۆرەی بۆ لێ ئەدا، ئەیەوێ کوردستانی عێراق بکاتە بەشێکی هەتاهەتایی و لەیەکچووی عێراق، لەسەر حسابی نیشتمانی کوردستان و نەتەوەی کورد، ئەیەوێ عێراق بکاتە دەوڵەتێکی سفت و لە یەکچوو، کوردستانیش بە بەشێکی لەپساندن نەهاتووی و بەبەشێکی نیشتمانی عەرەبی، کە ڕەنگ و ڕوخساری عێراقی عەرەبی، پێوە بێت"

1 . فوئاد قەرەداغی: دەربارەی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لێنینی، گۆڤاری سڤیل، ژمارە ٢٠٨، ڕۆژی شەممە ٢٠١٣/١١/٣٠

لە جێگەیەکی دیکەدا نووسیویەتی: "کوردستانی بوونیش سوربوونی زەحمەتکێشانی کوردستانە لەسەر پاراستنی کوردستان و نەتەوەی کورد لە تیانەچوون و نەتواندنەوە. قایل نەبوونە بە تێکدانی پەیوەندی و مەرجەکانی نەتەوەیی کورد، رازی نەبوونە بە جیاکردنەوەی بەشێکی کوردستان و قووتدانی. ئەو بیروبۆچوونەیە کە دەربازبوونی کورد لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی و گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردستانی لە چوارچێوەی کوردستان و لە رزگاری نیشتمانی و یەکگرتنەوەی نەتەوایەتیدا، ئەبینێ"[1]

پاشان دێتە سەر رۆڵی ئیمپریالزمی بریتانی بۆ بە زۆر لکاندنی کوردستان بە وڵاتەکانی عێراق و تورکیا و ئێران و سوریاوە و تێیدا هاتووە: "ئیمپریالیزم لە رووی فکرییەوە بیری عێراقچێتی لەم بەشەی کوردستاندا بڵاوەکردەوە لەبەر ئەوە بە هەموو هۆیەکی راگەیاندن و بڵاوکردنەوە، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بیری عێراقچێتی و هەوڵدان بۆ لەبیربردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستاندا. عێراقچێتی ئیمپریالیزم رووی لەوەبوو، کوردی کوردستانی عێراق لە کوردستان و پەیوەندییە نەتەوایەتیەکان دابڕێ."

سەبارەت بە رۆڵی بۆرجوازی عێراقی لە چەسپاندنی دیفاکتۆی مانەوەی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو سنورە دەست کردانەی دانراون و ئامانج لە پەرەپێدانی فکری عێراقچێتی لەناو نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا، نووسیویەتی: "بۆرجوازی عەرەبی عێراق، چاوی لە هەڵلوشینی ئەم بەشەی کوردستان بوو، چاوی لە تاسەر تالانکردنی خێر و سامانی کوردستان بوو، بۆیە بڵاوکردنەوەی بیری عێراقچێتی ئەبوو هەم جێ بە بیری کوردستانی بوون لێژبکات، هەم زەمینەی فکری دابڕینی تەواو لە بەشەکانی تری کوردستان و لە هەستی نەتەوایەتی کورد، دابین بکات، تا سڕینەوەی روخساری کوردستانی خاک و تواندنەوەی خەڵکەکەی لە بۆتەی نەتەوایەتی عەرەبی ئاسان بکا."

سەبارەت بە عێراقچێتی بورژوازی کوردی، لە نامیلکەکەدا بەمجۆرە شیکراوەتەوە: "بەپێی سروشتی جووڵانەوەی نەتەوایەتی، ئەبوایە بۆرجوازی کوردستان هەڵگری ئاڵای کوردستانی بوون و رزگاری نیشتمان و یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی بوایە، کەچی زۆربەی بۆرجوازی کوردستان دەست لەگەڵ داگیرکەر تێکەڵ ئەکەن و خۆیان ئەخەنە خزمەتی بۆرجوازی نەتەوەی دەسەڵاتدارەوە. لە کوردستانی عێراقیش‌دا، هەڵگری

1 . کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، عێراقچێتی داگیرکەر و بورجوازی کوردستان و کوردستانی بوونی کرێکاران و رەنجدەران، نیسانی ١٩٨٣، ل٣

ئالای عێراقچێتی و دەست تێکەڵ کردنن لەگەڵ بۆرجوازی بیرۆکراتی عەرەبی... بەشێکی زۆری بۆرجوازی کوردستان، لە تۆیژە دەسکەڵاکانی بۆرجوازی عەرەبی عێراقن، تێز و بیر و بۆچوونەکانی بۆرجوازی عەرەبیی بڵاوئەکەنەوە، عێراقچێتی داگیرکەر پەسەند ئەکەن و هەوڵی چەسپاندنی ئەدەن و بیری کوردستانی بوون رەت ئەکەنەوە."

نامیلکەکە هۆکاری پەنابرنی بۆرجوازی کوردی بۆ فکری عێراقچێتی دەگەڕێنێتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانی و دەنووسێ: "بۆرجوازی کورد ئەیەوێ لە بازاڕێکی فراوان و ئارامی ئەوتۆدا بازرگانی بکا کە سەرانسەری عێراق بگرێتەوە، دەسەڵاتێکی مەرکەزی بەهێز ئاسایشی بۆ بپارێزێ، کەس گۆمی لێ نەشڵەقێنێ و بازاڕ و بازرگانیی لێ تێکنەدا و چالاکی ئابوری پەک نەخا و قازانج و دەسکەوتی تایبەتی خۆی لەدەست نەدا، کەس شەریکی ئەو بازاڕەی نەبێ و لێی تەسک نەکاتەوە کەسیش پشێوی نەخاتەوە. ئەم بۆرجوازیەی کوردستان لە عێراقی بوونیدا ئەو مەبەستانە ئەپێکێ و بەرژەوەندی پارێزراو ئەبێ، بەڵام لە کوردستانی بوونداً، شەڕ و هەلومەرجی نائاسایی ئەبینێ کە بازاڕەکەی لێ ئەشێوێنێ."

لە تەوەری دووەمی نامیلکەکەدا باس لە هەڵوێستی چینی کرێکار و رەنجدەری کوردستان کراوە سەبارەت بە فکری عێراقچێتی و کوردستانی بوون و نووسراوە: "ئەوانەی لەریزی کرێکاران و رەنجدەرانی شار و لادێی کوردستاندا ژیاون و خەباتیان کردووە، بەبێ خۆماندوکردنێکی زۆر، زوو ئەو راستییەیان لا ساغ بووەتەوە کە کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان بەرژەوەندی چینایەتی و پاشەڕۆژی خۆیان و بەرژەوەندی گەلەکەیان لە کوردستانی بوونداً ئەبینن و هەر بە سەلیقە بیری کوردستانیبوون پەسەند ئەکەن، قوربانی لە ریبازەکەیدا ئەدەن، بیری عێراقچێتی رەت ئەکەنەوە. بێگومان ئەو هەڵوێست و تێگەیشتنەی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان هەر لە خۆیەوە پەیدا نەبووە و لە ئاسمانەوە دانەباریوە، بەڵکە رەگ و بنجی ئەو بیرکردنەوەیە لە قوڵایی میژوی کۆمەڵی کوردستان و بە ناخی ململانێ و ناکۆکیەکانی- دا شۆڕبووەتەوە و میژوی زیاتر لە سەد ساڵ خەباتی بێوچانی ئەم کۆمەڵە لە پێناوی رزگاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، ئەو هەستە قوڵەی لای کرێکاران و جوتیاران و باقی رەنجدەران خەملاندوە."[1]

سەبارەت بە ماهیەتی چینی کرێکاری کوردستان و جیاوازی لەگەڵ کرێکارانی دیکەی جیهاندا، لە نامیلکەکەدا نووسراوە: "پەیدا بوونی چینی کرێکارانی کوردستان وەکو گەشەکردنی کۆمەڵی کوردستان، پەیدابوون و پەرەسەندنێکی نائاساییە.

1 . عێراقچێتی داگیرکەر و بۆرجوازی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨-١٩.

کرێکارانی کوردستان لە ئەنجامی گەشەکردنی بۆرجوازی کوردستان و پەرەسەندنی ئاسایی پەیوەندییەکانی سەرمایەداریدا، لە کێڵگە زەوت نەکراوە و بخرێتە کاری پیشەسازی خۆمالّیەوە، بەڵکە لە ئەنجامی هێرش و پەلاماردانی داگیرکەردا پەرەیسەندوە و بە قەوارەیەکی گەورەتر پەیدابووە. ئێستا بەشی هەرە زۆری کرێکارانی کوردستان دیل و چەوساوەی سەرمایەداری دەوڵەتن کە بۆرجوازی بیرۆکراتی عەرەبی عێراق فەرمانڕەوایەتی، بەری رەنجیان ئەو بۆرجوازییە عەرەبیە ئەیبات و سەرکار و قامچیەکانیشی ئەو توێژە بۆرجوازیە بیرۆکراتە کوردە خۆفرۆشەی کوردستانە."

هاوکات لە نامیلکەکەدا هاتووە: "کرێکارانی کوردستانی عێراق، بە رادەی سەرەکی بەدەست داگیرکەرانی کوردستانەوە چەوساونەتەوە، بەری رەنج و زێدەباییان لە پلەی یەکەمدا چوەتە گیرفانی بۆرجوازی عەرەبی عێراقەوە، ئەویش لە بەری رەنجی ئەوان و لە تاڵانکردنی سامانی وڵاتەکەیان، دەسەڵاتی خۆی بەسەردا بەهێزکردوون و هەلومەرجی درێژە کێشانی چەوسانەوە کرێکارانی کوردستان و خەڵکی کوردستانی دابین کردووە، چ بە بەهێزکردنی دەزگاکانی سەرکوتانەوە بوبێ، وە چ بە بەرتیلدان و تەقەلای دەستەمۆکردنی بەشێکی چینی کرێکار بووبێ."

"لەبەرئەوە کرێکارانی کوردستان نەک هەر دژی دەسەڵات و چەوسانەوەی بۆرجوازی عەرەبی عێراق و نۆکەرانی ململانێ ئەکەن، بەڵکە دژی تێز و بیروبۆچوونەکانی ئەوەستن. دژی بیری عێراقچێتی داگیرکەر و بۆرجوازی خۆفرۆشی کوردستان ئەوەستن و خۆیان بەو جووڵانەوەیەوە ئەبەستنەوە کە لە هەناوی کۆمەڵەکەیاندا جۆشی سەندووە، لە پێناوی دەربازبوون لە چەوسانەوەی بۆرجوازی عەرەبی عێراقی و نۆکەرەکانی، دەربازبوون لەو قاڵبەی کە بیری عێراقچێتی بۆ تواندنەوەی نەتەوەکەی و بۆ سڕینەوەی نیشتمانەکەی سازیکردووە. خۆی بەو جووڵانەوە رزگاریخوازەوە ئەبەستێتەوە کە بە فەلسەفە و بیروبۆچونی کرێکاران رابەری ئەکرێ و دەورە سەرکردایەتیەکەی لە رووی میژوویی و بابەتییەوە بەو سپێردراوە."

لە جێگەیەکی دیکەدا هاتووە: "کرێکارانی کوردستان لە کوردستانیبوونداً سەرفرازی خۆیان و گەل و نیشتمانەکەیان ئەبن، لە کوردستانی بوونداً دەوری میژوویی خۆیان لە پاشەڕۆژی کۆمەڵەکەیان دائەمەزرێنن. لە عێراقچێتیداً تیاچوونی نەتەوە و نیشتمانەکەیان ئەبینن، کەڵەکەبوونی چەوسانەوە و ئەستوربوونی باسکی

بۆرجوازی عەرەبی ئەبینن. ئەرکی ئینتەرناسۆنالسیتی خۆیان و جێبەجێ کردنی لە کوردستانی بوون و رزگاری کوردستاندا ئەبینن."

ئەم نامیلکەیە رۆڵێکی زۆری بینی لە هۆشیارکردنەوەی کادیر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ مەترسیەکانی تەشەنەسەندنی فکری عێراقچێتی لەناو ریزەکانی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان و تەسلیم نەکردنی بە ئیرادەیەک کە هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵگای کوردستانەوە نەبوو.

**دووەم: کێشەکانی شەخسی بوون یان فکری!**

مەلا بەختیار لە کتێبی لەبری بیرەوەریدا، ناخود ئاگا، هەموو ململانێکانی ناو کۆمەڵە دەگەڕێنێتەوە بۆ کێشەی شەخسی خۆی و نەوشیروان مستەفا. گلەیی کردووە گوایە ئەو ڕێگری کردووە لەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا ببێ بە سەرکردایەتی کۆمەڵە، ئەو مەسەلەیەی چەندین جار دووبارە کردووەتەوە، لە خوارەوە ریزیان دەکەین، بەم جۆرە: "کاک نەوشیروان لە هەرسێ کۆنفرانسەکەی کۆمەڵە پێی خۆش نەبوو من دەرچم، ئەوە مەعلومە و هیچ تەمومژ هەڵناگرێت. کاک نەوشیروان و خەڵکی دیکەش بە ئاشکرا پیلانیان دەگێڕا بۆ ئەوەی من دەرنەچم". لە جێگەیەکی دیکەدا دەنووسێت: "لە یەکەمین و دووەمین و سێهەمین کۆنفرانسدا، سەرکەوتنی باڵی راستڕەوی کۆمەڵە، ساڵ بە ساڵ مەترسییەکانی زۆرتر دەبوو. تاوانە ئەنجامدراوەکانیش، لەو ساڵانەدا، ڕەوتی هەڵچونیان بەخۆیانەوە دەبینی. تا گەیاندیانە رادەیەک، هاوڕێ رقی لە هاوڕێ و هاوسەنگەر رقی لە هاوسەنگەری خۆی بێ. نەک هەر لەناو کۆمەڵە، شۆڕشگێڕانیش.[1] هەروەها دەڵێ: "بۆ یەکجاریش هەستم نەکردووە، دەرونی نەوشیروان، بەرانبەرم، یان بەرانبەر هاوڕێیانی ترم، لە رق و دژایەتی پاک بووبێتەوە. لە سێهەم کۆنگرەدا بەتەواوەتی پیلانی شکاندنم دەرکەوت. سەرەڕاش، درێژەم بە پەیوەندیەکانم لەگەڵیدا."[2]

لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا نووسیویەتی: "ئەوەی لای من، زامێکی قوواڵی دروستکرد. ئەوەیە کە: هەتا توانیم بەرانبەر کێشەکان پشووم درێژ کرد. هەر دەشمویست، کێشەکانمان لەگەڵ یەکێتیدا نەگاتە بنبەستی جیابوونەوە. بەڵام نەوشیروان، تەنانەت پەنجەرەیەکی چارەسەری کێشەکانیشی نەدەهێشتەوە. هەمووی دادەخست."[3]

---

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

2 . هەمان سەرچاوە، ل٤٥٨.

3 . هەمان سەرچاوە، ل٤٥٨.

هەروەها نووسیویەتی: "لە هەر سێ کۆنفرانسەکەدا، یەک لە دوای یەک نەوشیروان و تەکەتولی زیندان هەولّیاندا من بۆ سەرکردایەتی دەرنەچم. هەر دەرچوم. لە کۆنگرەکانی دوو – سێی یەکێتیشدا، هەولّێکی زۆر درا دەرنەچم.. دیسان دەرچووم. نەوشیروان مستەفا، لە دووەمین و سێهەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە خۆی بە وەفدی شارەکان و کەرت و رێکخراوەکانی وتبوو: "پێمخۆش نییە مەلا بەختیار دەربچێ". لە کۆنفرانسی یەکدا، گوتبوی: "سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر دەربچن، کوردستان جێدێڵم."[1]

سەرەڕای ئەو قسانەی سەرەوە کەچی دان بەوەدا دەنێ کە زۆر شت لە نەوشیروان مستەفا فێر بووە و نووسیویەتی: "من گوتوومە لە زۆر وێستگە لە کاک نەوشیروان فێربووین، بەڵام کاک نەوشیروان لە کۆنفرانسی یەک بەدواوە، لە مێژووی ئێمە کاک نەوشیروانێکی دیکە دەخوێنمەوە. لە دووەمین کۆنفرانس بەدواوە کاک نەوشیروانێکی دیکە دەبینمەوە، کەسێک دەبینم کە خەڵک تەسفیە دەکات، کەسێک دەبینم کە خەڵک دەردەکات، کەسێک دەبینم کە وەکو پێویست رێزی هاوڕێکانی ناگرێت."[2]

لەو پەرەگرافانەدا هەستێکی پەنگخواردووی شەخسی تێکەڵ بە قینێکی مێژوویی خەفەکراو لای مەلا بەختیار بەدی دەکرێت، وشەکان بە دیقەت هەڵبژێدراون و هەموو شکستەکانیش لە شەخصی نەوشیروان مستەفادا کۆکراوەتەوە.

**سێیەم: دامەزراندی ئاڵای شۆڕش بە نهێنی**

تا ئێستاش سەرکردەکانی ئاڵای شۆڕش خۆیان لەسەر مێژووی دامەزراندنی رێکخراوەکەیان ناکۆکن. مەلا بەختیار، لە کتێبەکەیدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەوان بەنهێنی کاریان کردووە و هێشتا بەتەواوەتی کاروبار و فکری خۆیان فۆرمەلە نەکردووە و دراوە بەسەریاندا، لەوبارەوە دەنووسێت: "ئاڵای شۆڕش.. نە مەفرەزەیەکی جیاکردەوە. دەزگای چاپ و چاپەمەنی نەبوو، پشتیوانی نەبوو. بارەگای نەبوو، رەوتێکی تازە فۆرمەلەکراوی نهێنی بوو... هێشتا تازە هەناسەی سەرهەڵدانی دابوو. کۆبوونەوەیەکی ئازادی نەکردبوو. کەوتەبەر پەلاماردان، وەکو نێچیرێک، کەوتبێتە ناو رەوێک پڵنگ، وینجڕ ونجڕیان کرد..."[3] کەچی لە جێگەی دیکەدا تائکید لەوە دەکاتەوە کە ئەوان تاوەکو ئەیلولی ١٩٨٥ بەنهێنی کاریان کردووە: "ئاڵای شۆڕش هەتا سەرەتای مانگی ٩ی ١٩٨٥"[4]

---

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٦٩.

2. بەرنامەی لەگەڵ رەنج سەنگاوی تەلەفزیونی رووداو، چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا بەختیار،٢٠٢٠/٩/١٢.

3 . مەلا بەختیار. لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٧.

4 . هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٨.

لە کاتێکدا پشکۆ نەجمەدین دەنووسێ: "ئێمە ئەم چوار کادیرە (مەلا بەختیار، پشکۆ نەجمەدین، شێخ عەلی و مامۆستا موحسین) لە سووڕداش و لە ژوورێکی بارەگای شێخعەلی دا، دەستمان لەنێو دەستی یەکدی نا و پەیمانمان بۆ جێبەجێ کردنی ترسناکترین و پڕ مەسئولیەترین بڕیاردا. ئێمە ئەم ئەم چوار کەسە، گاڤێکمان بۆ دەستپێکی پرۆسەیەک هاویشت کە پاشتر کارەساتێکی گەورەی بۆ خۆمان و خەڵکی دیکەش لێ کەوتەوە! ئەم کۆبوونەوەیە، ئەم هەنگاوە، پاشتر بۆ هەواریکی سیاسی و ڕێکخراوەیی بردین کە بە تۆپزی ناوی "ئاڵای شۆڕش"ی لێنرا.."[1]

پشکۆ نەجمەدین ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە هەر لە بنەڕەتدا ڕەوتێکی دیموکراسیخوازی ناو کۆمەڵەبوون و ڕێکخراو نەبوون و ناوی "ئاڵای شۆڕش"یش لە لایەن نەیارەکانینانەوە بەسەریان سەپێندراوە لەو بارەوە دەڵێت: "ئێمە ئەوەی کە بڵاومان دەکردەوە ڕەنگە هەندێک لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنگەری بوبێ، مەسەلەن بۆ ڕۆشنکردنەوەی فکری ئەندامانی کۆمەڵە، بەڵام ئەوە خەسڵەتێکی سەربەخۆ و ڕێکخراوەی سەربەخۆ نەبووە، بۆ نمونە مەسەلەن ئەوەی کە دروست بوو، ناوی ئاڵای شۆڕشی لێنرا، ئێمە تەنزیم نەبوین ئێمە ڕەوتێکی دیموکراتی ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووین و هیچی دیکە. ئێمە خۆمان بە ڕەوتێکی ناو کۆمەڵە زانیوە و ڕەوتیش خۆت ئەزانی نە دەبێ ناوی هەبێت و نە ناونیشانی هەبێت. بەڵام ئێمە جارێک لە کۆبوونەوەکانی خۆماندا بڕیاماندا گۆڤارێک دەربکەین گۆڤارێکی وەرزی بێت و پاش بێنەوبەردەیەکی زۆر، بڕیارمان دا ناوی بنێین ئاڵای شۆڕش و ئێمە کە گیراین ئەو گۆڤارە هێشتا هەر بڵاونەبووبووە. ئەو گۆڤارە لەگەڵ ئێمەدا گیرا و کە ئەو گۆڤارە ناوی ئاڵای شۆڕش بوو ئەوان ئەو ناوەیان بەسەر ئێمەدا بڕی، لە ڕاستیدا ئێمە ڕێکخراوی جیاواز نەبووین، ناویشمان ئاڵای شۆڕش نەبوو."[2]

عادل ڕەفیق، یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئاڵای شۆڕش، لە کتێبە بەڵگەنەماییەکەیدا، قسەیەکی پێچەوانەی ئەوەی مەلا بەختیار و پشکۆ نەجمەدین دەکات، نەک هەر بە ڕێکخراوێکی سیاسی نهێنی دەزانێ، بەڵکو مێژووی دامەزراندنی ئاڵای شۆڕش دەگەڕێنێتەوە بۆ گەرمەی وتوویژەکانی یەکێتی و حکومەتی عێراقی و دەڵێت: "دوای کۆنفرانسی سێهەم، مەلا بەختیار تێگەیشت و گەیشتە ئەو ئەنجامەی ڕێکبکەوین لەسەر دروستکردنی ڕێکخراوەکە و لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٤ گەیشتینە بڕیاری

1 . پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون و یاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

2 . پشکۆ نەجمەدین، چاوپێکەوتن، بەرنامەی پەنجەمۆر، کەناڵی ڕووداو، ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ٥١٤ لە ٢٠١٥/٥/٤ چاپی کردووەتەوە، ل ١٠.

بەستنی کۆبوونەوەیەک بۆ ئەو مەبەستە. یەکەمین کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕش لە ٢١ نۆڤەمبەری (مانگی ١١) ساڵی ١٩٨٤ لە شاری سولەیمانی لە ماڵی شەهید حەمە سەعیدی موهەندیس بەسترا. لەو کۆبوونەوەیەدا هەریەک لە مەلا بەختیار (حیکمەت محەمەد کەریم) بەناوی نهێنی گەرمیان، (رەئوف رەفیق) مامۆستا عادل بەناوی نهێنی سامی، (شێخ جەمال شێخ نوری) هاوڕێ هێرش بەناوی نهێنی تازەی عەلا کەریم. مامۆستا ئەحمەد عەلی (وریا) بەناوی نهێنی جەلیل، وەک دەستەی دامەزرێنەر ئامادەی کۆبوونەوەکە بووین. زۆر دواتر زانیم مەلا بەختیار، بەجیا پەیوەندی بە مامۆستا پشکۆوە کردووە و وەک ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر قسە و بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کردبوو.."[1]

لەو کۆبوونەوەدا دەستەی دامەزرێنەر لەسەر هێڵی فکری رێکخراوەکەیان وەستاون و بڕیاریان داوە رێکخراوەکەیان وەک رێکخراوێکی مارکسیستی شۆڕشگێڕ خۆی بناسێنێ. سەبارەت بە هەڵبژاردنی "ئاڵای شۆڕش" وەک ناوێک بۆ رێکخراوەکەیان، لە خاڵی دەیەمی بڕیارەکانی دەستەی دامەزرێنەردا هاتووە: "لەبارەی رێکخراوەییەوە: پاش ئەوەی لە ڕووی رێکخراوەییەوە چەند ناوێک پێشنیار کرا، لەسەر ناوی ئاڵای شۆڕش ساغ بووینەوە."[2] عادل رەفیق، سەلماندوویەتی لەو ماوەیەدا دەیان کۆبوونەوەی نهێنی و بڵاوکراوە و نامە ئاڵوگۆڕکراون..

پشکۆ نەجمەدین لە دیدگای ئێستەیەوە ئاوڕێک لەو رابردووە دەداتەوە و بە راشکاوی دان بەوەدا دەنێ کە دنیابینی ئەوان لەو هەلومەرجەدا بە ئاوەز و ئاقڵانە نەبووە و دەڵێت: "ئەگەر ئەم کۆبوونەوەیە نەبا، ئەگەر ئەم چوارکەسە، بەتەواوی دنیا و سیاسەتمان لە دووتوێی ئەو ئەگەر و بۆچوونانەی خۆماندا نەبینیبا، ئەگەر وردبینتر و بە نەفەسێکی درێژترەوە لە قەیرانەکەمان روانیبا، ئەگەر کەمێکی دیکە پشتمان بە زەمەن بەستبا و رەوتی رووداوەکانمان بە ئایندەیەکی نزیک سپاردبا، ئەم هەڵوێست و هەنگاوی ئێمە سەری بۆ دروستبوونی "ئاڵای شۆڕش" نەدەکێشا! ئێرە ئەم ژوورەی بارەگای شێخعەلی مەکۆی تروکاندنی گەرا فیکری، سیاسی و رێکخراوەییەکانی رەوتێک بوو کە خۆشمان ئەوسات بەرچاوڕوون و لە ئاکام و چارەنووسی بێ ئاگا بوین.. من ئێستا کە بەدیدێکی رەخنەگرانەوە لە رووداوەکانی ئەوێ رۆژێ و لە

1 . عادل رەفیق، هەندێک لە دیکۆمێنتەکانی ئاڵای شۆڕش، ٢٠١٧، ل ١٧٨.
2 . هەمان سەرچاوە، ل ١٨٣.

پرۆسەی "ئالا" دەڕوانم و دەیانخوێنمەوە، پێش هەر کەس و لایەنێک، ڕەخنە لە دید و ئاوەزی خۆم، بۆ بینین و لێکدانەوەی سیاسەت دەگرم."[1]

**چوارەم: مەلا بەختیار قەرەداغگیر دەبێ**

لەنگەرگرتنی مەلا بەختیار لە قەرەداغ، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای چوونە دەرەوەی بۆ شاخ. ئەو بە ڕادەیەک هۆگری قەرەداغە، نەوشیروان مستەفا پێی ئەڵێ: "مەلا بەختیار و سالار "طموح"یان لە توانا و لێوەشاوەیی خۆیان زۆر زیاتر بو. هەریەکەیان لە لای خۆیەوە هەوڵی ئەدا جێگەی ئارام بگرێتەوە. مەلا بەختیار بە هەڵەداوان چو بۆ قەرەداغ، هەندێ لە کادرەکانی کۆمەڵەی کۆکردەوە، وایئەزانی هەرچی لە قەرەداغ جێگیربێ، ئەبێ بە سکرتێری کۆمەڵە."[2]

تا دەسگیرکردنەکەشی لە قەرەداغ مایەوە و سەڕەڕای ئەو بڕیارەی دەستەی دامەزرێنەری ئالای شۆڕش، کە دەبێ هەموو ئەندامانی ئالای شۆڕش دەست لە ئەندامێتی کۆمەڵە بکێشنەوە، بەڵام مەلا بەختیار ئەو بڕیارەی جێبەجێ نەکرد و پۆستەکەی خۆی لەناو پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا بەکارهێنا بۆ دروستکردنی حزبە دڵخوازەکەی.

ئیبراهیم جەلال، لەو بارەیەوە نووسیویەتی: "کە ڕۆیشت لەباتی خۆڕێکخستن و گەڕانەوە، کەوتە هەڵپەی پەیوەندی بە تیپەکانەوە. مەلا بەختیار لەڕاستیدا سیاسیەکی موراهق بوو، ناوی خۆی بیستبۆوە، هەموو ئەوانەی کە هاوڕێی بوون یا خۆشیان ئەویست، ئەو وای دەزانی تا تەوقی سەریان عێراقچین. خۆی بە میراتگر و جێنشینی ئارام دەزانی. خۆشەویستی خەڵکی بۆ ئارام، بۆ سودی خۆی بەکاردەهێنا. کە چوە قەرەداغ، وا ڕۆیشت وەک ئارام بنەوبارەگای بنکەی سوور لەوێ دادەنێ، لەوێوە پەلاماری سەرگەڵو و یاخسەمەر دەدا".[3]

بۆ چاپکردنی بەیاننامە و چاپکراوەکانی ئالای شۆڕش، سەرەتا دەیناردن بۆ چاپخانەکانی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی ئێران" و ئەوان بۆیان چاپ دەکردن. عادل ڕەفیق لە کتێبەکەیدا دەقی نامەیەکی مەلا بەختیار (گەرمیان)ی بڵاوکردووەتەوە کە لە ١٩٨٥/٣/١٩ ناردوویەتی بۆ هاوڕێ سامی عەبدی (عادل) و تێیدا نووسیویەتی: "وا ئەم نامیلکەیەم بۆ خزمانم (مەبەستی ک.ش.ز. ئێرانە) نارد و

---

1 . پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون و یاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە، سەرچاوی پێشوو، ل٢٥٢.

3 . برایم جەلال، چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە، سەرچاوی پێشوو، ل ٤٤٨.

تکایە دەسبەجێ بیاندەرێ و چاوەڕێی وەڵامەکەشی بکە، ئەگەر بۆ چاپخانەشیان ناردووە هەر بۆیان بنێرە."[1]

پاش ماوەیەک ئیتر ئالای شۆڕش بەهۆی کۆمەڵەی کوردستانی ئێرانەوە، بوو بە خاوەنی هەندێ ئامێری چاپ؛ "توانرا لە ماوەیەکی کورتدا هەندێ ئامێری چاپکردن (ڕۆنیۆیەک و فۆتۆستێنسلێک) لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی ئێران بەدەست بهێنین، فۆتۆستێنسلێکە گەیەندرایە مالّی ئێمە... ڕۆنیۆکەش لە مالّی هاوڕێیەکی تر مایەوە."[2] بەمجۆرە مەلا بەختیار سەرەڕای ئەوەی هاوڕێیانی شاری گوشاری زۆریان لێدەکرد کە واز لە کۆمەڵە بهێنێت و قەرەداغ بەجێ بهێڵێ و بچێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرەی جود، بەڵام ئەم ئامادە نەبوو بە فەرمی دەست لە ئەندامێتی کۆمەڵە بکێشێتەوە و بە نهێنی درێژەی بەکاری ڕێکخستن و چاپ و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە لە دژی کۆمەڵە و یەکێتی دەدا و بە ئاشکراش خۆی بە کۆمەڵە و پێشمەرگەی ی.ن.ک دەزانی.

عادل ڕەفیق لەو بارەوە نووسیویەتی: "بە ڕوونی سەرنجی مەلا بەختیارمان ڕاکێشابوو بۆ زەرورەتی دووڕکەوتنەوە لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی و بە ڕوونی ئاگادارمان کردبووەوە کە مەسەلەی پەلاماردانیان لە لایەن یەکێتیەوە چاوەڕوانی سەعاتی سفر دەکەن. کەچی ئەو لە ٣/٢٩ نووسیبوی: "خۆشم هەر کەمێ ڕۆشنتر لە ئێوە بۆ مەسەلەکان چووم، ئەوەندە هەیە من وامکردووە کە کاتی زۆرترمان دەستکەوێ و مەسەلەکان ئسوولّی و بێ هەڵەشەیی و بێ غرور بەرینەسەر، واتە لە مەسەلە مەبدەئیەکان و پاراستنی ڕاستییەکان نابێ درێغی بکەین، لە هەمان کاتدا کە للەڕەقانە بۆ شتەکان نەچین."[3]

لەو ماوەیەدا سەرکردایەتیی کۆمەڵە و یەکێتی چەند کۆبوونەوەیەکیان کرد بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو پرسە و داوایان لێکرد بەشداری کۆبوونەوەکان بکات، بەڵام مەلا بەختیار وەک خۆی دەڵێت: "ڕەفزی کۆبوونەوەی سەرکردایەتیم کردووە و بۆم نووسیون کە ئەو کۆبوونەوانە تەجروبە کراوون و هیچ چارەسەر ناکەن و ڕەنگە خراپتری بئاڵۆزێنن. داوای پلنیۆمێکم کردووە تا دوو مانگی تر ببەسترێ."[4]

---

1 . عادل ڕەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٣.
2 . عادل ڕەفیق، هەندێک لە دیکۆمێنتەکانی ئالای شۆڕش، ل ١٩٤.
3 . هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٠.
4 . هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٠.

ئەم بۆچونانەی مەلا بەختیار حەلقە رۆشنیرییەکانی ئالای شۆڕشی تووڕە کردووە و گوشارەکانیان بۆ سەر مەلا بەختیار زۆر کردووە، تا قەرەداغ بەجێبهێڵێت و ئیعلانی ئالای شۆڕش بکات، بەڵام ئەو هەر ملی نەداوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە نامەیەکدا بۆیانی نووسیوە: "لام وایە بواری ئەوەمان نەهێشتووەتەوە کە جارێکی تر لەگەڵ ئەواندا لەحیم بینەوە و بە لێ بڕاوانە مەسەلەکانمان تەرح کردووە و هەموشمان لە سەری رازی بووین. پلینۆم تەنها بۆ ئەوەیە کە هەر بڕیارێ بدەین ئێمە دەست پێشخەر بین، رێگە نەدەین ئەوان بە ئارەزوو بڕیار بدەن، بەیانمان لەسەر دەرکەن، بە حساب لە کۆمەڵەمان دەردەکەن، جگە لەوە کەسبکردنی ماوەیەکە کە زۆرمان پێویست پێیەتی."[1] رێکخستنەکانی ئالای شۆڕش وەک خۆیان دەڵێن، بۆیان دەرکەوتووە ئەم بریارانەی مەلا بەختیار بۆ کەسپکردنی کات و چۆڵنەکردنی قەرەداغ لەژێر کاریگەری (ئامۆژگارییەکانی دەرەوەی ئالایە، بۆیە لای خۆیانەوە بڕیاریان داوە:

١. پێشمەرگە نەنێرن، تاوەکو نەگوێزنەوە بۆ سورێن.

٢. تا لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا بن ژمارە و ناوی ئەڵقەکان نەنێرن، تا ئەو کاتەی دەچن بۆ سورێن.[2] نەوشیروان مستەفا لە کتێبی "خولانەوە لەناو بازنەدا" باس لە جۆری ناڕەزایی و گلەیی و ڕەخنەکانی مەلا بەختیار و گروپەکەی دەکات و لەم خاڵانەدا کورتی کردوونەتەوە:

- کە مام جەلال دیکتاتۆرە، پشت بە ئاغا و کوێخا ئەبەستێ و شۆڕشگێڕان لەسەر حسابی کۆمەڵە بەهێز ئەکا و کۆمەڵەی کردووە بە دەسکەلای خۆی.

- کە من جگە لەوەی مارکسی نیم، قسەم ڕەقە و لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا وشکم، موجامەلە نازانم و خەڵک تەریق ئەکەمەوە، بە خۆڕایی ئەچم بەگژ کادرەکاندا و ئەیانشکێنم. 'فەردی'م و پرس بە کەس ناکەم. کۆمەڵەم کردووە بە دەسکەلای مام جەلال.

- کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە خەتی شەهید ئارام و لە مارکسیزم لای داوە، بۆتە بۆرجوازی بچوکی ناسیۆنالیست. لەناو یەکێتیدا سەربەخۆیی ئایدیۆلۆجی و سیاسی نەماوە. ڕاستیەکەیشی هۆی ناڕەزایی ئەوانە زۆرتر شەخسی بوو، تا جیاوازی بیروباوەڕ. ئەیانویست خۆیان کاربەدەستی یەکەمی ناو کۆمەڵە بن."[3]

---

1 . عادل رەفیق، هەندێک لە دیکۆمێنتەکانی ئالای شۆڕش، ل ٢٠٢-٢٠٣.

2 . هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٤.

3 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦ -٩٧.

**پێنجەم: سێ هەنگاو بۆ چارەسەر**

ئەم هەوڵانەی مەلا بەختیار لەناو کۆمەڵە و دروستکردنی ڕێکخستن لە ناو ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە لایەن سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتیەوە بە وردی چاودێری دەکرا. مام جەلال و نەوشیروان مستەفا پێیان وابووە کە "ئەبوو ئیتر ڕادەیەک بۆ ئەمە دابنرێ و چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە". بۆ ئەوەی ناکۆکییەکان نەگەنە ئاستێک کە چارەسەرکردنیان ئەستەم بێ، بە سێ هەنگاو هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاویان بۆ داوە:

**هەنگاوی یەکەم: دیپلۆماسیەتی گفتوگۆ**

لە سەرەتای نیسانی ١٩٨٥ نەوشیروان مستەفا بانگی مەلا بەختیاری کردووە بۆ سەرکردایەتی، بۆ ئەوەی هەم تێی بگەیەنن کە ئاگاداری جموجۆڵەکانین و هەم دەرگایەکیش بۆ گفتوگۆ بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان والا بکەن. نەوشیروان مستەفا بەم جۆرە باسی ئەو کاتە دەکات: "بە ڕێگەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەلا بەختیار و چەند کەسێکی تر لە هاوڕێ و هاوبیرەکانی، بۆ ئەوەی جۆرێ لە "لەیەکگەیشتن" بدۆزینەوە و کێشەکە بە خۆشی چارەسەر بکرێ. دوای چەندین خولی گفتوگۆی 'صەریح' و 'جیددی' درێژ، ئەم هەوڵە سەری نەگرت."[1]

لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ مام جەلال و نەوشیروان مستەفادا، مەلا بەختیار ئینکاری هەر جووڵەیەکی نهێنی کردووە و ڕایگەیاندووە بە هیچ شێوەیەک نیازی ئینشقاق و دروستکردنی ڕێکخستنی نهێنی نییە و پابەندبوونیشی بە کۆمەڵەوە ڕاگەیاندووە.

بە ڕێکەوت لە ڕۆژی هاتنەکەی مەلا بەختیار بۆ لای کاک نەوشیروان، شەهید ڕێباز لەوێ بووە. لە یاداشتەکانیدا بە وردی باسی لە ساتەوەختی گەیشتنی مەلا بەختیار بۆ لای نەوشیروان مستەفا و چۆنێتی پێشوازی لێ کردنی دەکات و نووسیویەتی: "لە لای کاک نەوشیروان دانیشتبووین، ڕۆژێکی خۆش بوو، لە پڕ کاک مەلا بەختیار بەدیار کەوت کە چاوم پێ کەوت، گەشامەوە، هاوڕێیەکی کۆنی پێشمەرگایەتیم بوو.. لەکاتی تەنگانەدا یارمەتی داوین، ڕۆڵی گرنگی گێڕا بۆ ئەوەی کۆمەڵە و ی.ن. گەشە بکات. شادیەکەم زیاد بوو کە دیتم لەگەڵ کاک نەوشیروان دەستیان لە ئەستۆی یەکتر کرد. لە دڵی خۆم ووتم خوایە هەڤالانمان هەروا تەبا و برا بن، چونکە دوژمن و ناحەزان دەیانەوێ ناکۆک بین و کارەکەمان لێ خراپ بکەن.

کاک ڕۆستەم و کاک حامیدی حاجی غالی و کاک وەهاب لەگەڵ مەلا بەختیار هاتن... کاک نەوشیروان ئەو برادەرانەی ناردبووە قەرەداغ بۆ ئەوەی کاک بەختیار

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨-٩٩.

بێته ئێره و لەسەر مەسەلەکان قسە بکەن. چەند رۆژێ کۆبوونەوە بوو و مام جەلالیش زۆر هەوڵی دا، کەچی هەوڵ و تەقەلاکانی برادەرانی سەرکردایەتی کۆمەڵە و جەنابی مام جەلالیش هەموو بە فیڕۆ رۆیشت. هەڤاڵ مەلا بەختیار سودی لەو کەسانە وەردەگرت کە لە لایەن شۆڕشەوە سزا دەدران یان لۆمە و گازەندەیان دەهاتە سەر زۆرکەس بە نهێنی نامەی بۆ مەلا بەختیار نوسیبوو کە لەگەڵ سیاسەتی ئەودان. زۆر جار لە حسابی وردی خۆی مەغروور دەبوو. راستییەکی تر هەیە دەبێ هەمیشە لەیادی نەکەین، مێژووی خەباتی بەڕێز مام جەلال و کاک نەوشیروان و تاقیکردنەوەیان لە رۆژانی سەخت ئەوەندە ئەزموونیان لا کەڵەکەبووە، بە ئاسانی جێگایان پێ لێژ ناکرێت. زۆر چاوەڕێی رێکەوتنێکم دەکرد، کەچی هیوایەکەم نەهاتەدی، هەوڵ و تەقەلاکانی سەرکردایەتی ی.ن.ک سەری نەگرت، هەڤاڵ مەلا بەختیار چۆن هاتبوو ئەوەها گەڕایەوە ناوچەی قەرەداغ. داوای سەرکردایەتی ئەوەبوو کە ببێتە سەرکردایەتی لەوێ بێت گوایە مەلا بەختیار وەعدی دابوو کەچی جێبەجێی نەکرد."[1]

مەلا بەختیار لە نامەیەکدا کە لە ١٩٨٥/٤/١٥ بۆ هەڵقەیەکی سەرەکی ئاڵای شۆڕشی نووسیوە، باسی ئەوەی کردووە کە مەبەست لە سەردانەکەی بۆ کەسپ کردنی کات بووە: "چەند رۆژێکە من هاتووم بۆ سەرکردایەتی یەکێتی و لەگەڵ هەموياندا قسەی زۆرم کردووە. ئەوان وا دیارە زۆریان لا مەبەست بوو بە زۆری زۆرداری پێمان بتەقێنەوە و پلان و نەخشەشیان بۆ کێشاوە، دوای دڵنیابوون لە هەموو رویەکەوە لەگەڵ ئەو برادەرانەی هاتبوون بۆ لام، گەیشتمە ئێرە و دوای زانینی تەواوی مەسەلەکان، زۆر مەسەلەی گرنگمان باسکرد و چەندین هەنگاوی بەکەڵکیشمان مەیسەر کرد و وامان کرد کە کاتێکی باش کەسب بکەین کە خۆتان دەزانن زۆرمان پێویست پێیەتی بۆ ئەرک و کارەکانی ئایندە. ئێوە لەم سەفەرەی من بێدەنگ بن و قسە و گفتارتان وابێ کە بێ ئاگان لە من و سەفەرەکەم. کە نزیک کەوتمەوە لەو ناوە لە گوندێکی نزیکەوە دەنێرم بە دواتانا بۆ کۆبوونەوە و قسەکردن. دڵنیابن لە هەموو کارەکان کە سەرکەوتنی دوارۆژی تیایە. چەندین مەرجی باشیشمان بەسەرا سەپاندن. دەرکەوت ئەوان هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر من نیە و نەیان توانی هیچ بسەلمێنن."[2]

لەم نامەیە و نامەکەی شەهید رێبازدا دەردەکەوێ کە مەلا بەختیار بەتەمای ئەوە بووە کاتی زۆرتری دەست کەوێ، چونکە پێی وابووە ئەو هەموو نامە پشتگرییانەی

1 . باز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی دووەم، ل ٣٢٨.
2 . عادل رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤.

که رۆژانه بۆی هاتووه، راستەقینەن و دەتوانێ بە لای کەمەوە کۆنترۆڵی مەڵبەندی یەک بکات و قەرەداغ بکات بە پێگەیەکی سەرەکی خۆی و حیزبە نوێیەکەی.

لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٨٥، نەوشیروان مستەفا جارێکی دیکە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان لە رێگەی گفتوگۆ و یەکتر بینینیەوە، مەلا بەختیاری بانگ کردووە بۆ سەرکردایەتی. مەلا بەختیار لە ١٩٨٥/١٠/١٧ لە نامەیەکدا بۆ ئەقڵەی ٢١ی رێکخستنەکانی ئاڵای شۆڕش، وردەکاری ئەو دانیشتنەی لەگەڵ مام جەلال و نەوشیروان مستەفادا بەمجۆرە بۆ باسکردووە: "ئێمە گەیشتینە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و (ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).. تەعقیبی وردی دۆخەکەمان کرد، بیروڕا و سەرنج و ڕادەی نەیاریان لە سەرمان زانین، بڕیار و بۆچوونی کۆبوونەوەکانمان بۆ دەرکەوت.. بۆیە گەیشتینە ئەو سەرئەنجامەی پێویستە ڕاشکاوانە کێشەکان یەکلا بکەینەوە، چونکە بەم چەشنە لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا نەمێنینەوە. سەرەتا لە تەک سکرتێری یەکێتی کۆبوینەوە و چوار سەعات قسەمان کرد. پێمان ڕاگەیاندن کە لەرووی فکری و تیۆری و تەنزیمیەوە تۆزقاڵێکمان باوەڕ بە کۆمەڵە نەماوە و ناتوانین لە ناویا درێژە بە کار و تێکۆشان بدەین. بەڵام ئەمانەوێ لەگەڵ ی.ن.ک دا دۆستایەتی بکەین و جۆری ئەم دۆستایەتیەش پاشەڕۆژ بڕیاری تەواوی لێ دەدەین. ئەویش بیروڕای خۆی دەربڕی و ڕەق و نەرمی و باش و دیپلۆماسیەتی ئاوێتە کرد، نەرمی بەرانبەر ئێمە، ڕەقی بەرانبەر کاک سالار و مامۆستا جەعفەر. سەرئەنجام وتی من وەکو خۆم لایەنگری دۆستایەتی و هاوکاریم، ئەگەر بەرنامە و بڕیارەکانتان وابوو کە پێکەوە بسازێین."

پاشان لە نامەکەدا دێتە سەر کۆبوونەوەکەی لەگەڵ کاک نەوشیروان و ناوەندی کۆمەڵە و دەڵێت: "هەمان سەرنج و بیروڕامان لەسەر دۆخەکە و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بۆچوونەکانمان بۆ دەربڕین، ئەوانیش سەبارەت بە مفاوەزات، شەڕی ناوخۆ، لەشکر جوداکردنەوە. چەند پرسیارێکیان کرد و ئێمەش وەڵاممان دانەوە. ئەوان بە ڕەسمی دژایەتی هەڵوێستیان نەکردین و گەیشتینە ئەوە کە تا سەری ساڵ ئێمە کۆبوونەوەی فراوان بکەین و دوا بڕیاری سیاسەتی خۆمان دارێژین. ئەوانیش ئیجرائات لەگەڵ هیچ هاوڕێیەکمان نەکەن."[1]

لە نامەکەدا مەلا بەختیار داوای لە لایەنگرانی کردووە، لەم قۆناغەدا سۆز و سایکۆلۆجیەتی جەماوەر لەبەرچاو بگرن کە دژی جیابوونەوەی رێکخستن و

1 . عادل ڕەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٨ و ٢٣٩.

پێشمەرگەن، تا هەلومەرجی قۆناغی نوێ دێتە کایەوە و نووسیویەتی: "سۆز و سایکۆلۆژییەتی جەماوەر لەبەرچاو بگرن، قسە لەوە بکەن کە ئەگەر ینک دیموکراسی و ئازادی بسەلمێنێ، ئێمە جیاکردنەوەی هێزمان پێ باش نییە.. ئەم خاڵە زۆر گرنگە، تا ئەوەندە مەوجوودیەتی خۆمان بە ئاشکرا رۆشن ئەکەینەوە، تا ئەوەندەی لەم قۆناغەش درۆ وفێڵی ئەوان دەرئەکەوێ، ئینجا قۆناغی نوێ دێتە کایەوە، دیارە پەرت پەرت کردنی هێزی پێشمەرگە لەم قۆناغەدا جەماوەریش پێی ناخۆشە. سەرەتا ئێمە هەردەتوانین ئازادی دروستکردنی رێکخستن پیادە بکەین و جەماوەری پێ قایل بکەین، دیارە دوا بڕیاریش هی ئەم قسە و بۆچوونانە نییە. هیوادارم بە چڕی بکەونە پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕانە، تا بەرپەرچی شالاوی دژە کۆمۆنیستیە و پڕوپاگەندە ژەهراویانە بدرێتەوە.."[1] لە هەناوی ئەو نامەیەدا چەندین ئاماژە دەخوێندرێتەوە:

١. هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر، بە ئاشکرا دەڵێ سۆز و سایکۆلۆژیەتی جەماوەر کە لەگەڵ لەتکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا نین، لەبەرچاو بگرن تا ئەوەندەی مەوجوودیەتی خۆیان ئاشکرا دەکەن! یانی دوای ئاشکرا کردنی مەوجودیەتی خۆیان، کاریان بە جەماوەر نامێنێ.

٢. جەماوەر پەرتکردنی پێشمەرگەی پێ ناخۆشە، بۆیە جارێ لەم قۆناغەدا باس لەوەش مەکەن، تا رێکخستنەکان تەواو دەبن، ئینجا لە قۆناغی داهاتوودا پێشمەرگەی یەکێتی دەکەن بە دوو بەشەوە.

٣. لە بەرانبەر ئەو زنجیرە وتارەی لەسەر بان چەپ نووسراون، داوا لە لایەنگرانیان کراوە پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕانە ئەنجام بدەن، بۆ بەرپەرچدانەوەی شالاوی دژە کۆمۆنیستیانە!

نەوشیروان مستەفا لە نامەیەکدا کە لە ١٩٨٥/١١/٧ بۆ رێکخستنەکانی ئەوروپای نووسیوە، باس لەو دانشتنەکانی خۆی مەلا بەختیار و بە بەنبەست گەیشتنی چارەسەری گفتوگۆ لەگەڵیدا دەکا و دەڵێت ئەمان تا رادەی دەستبەردار بوونی لە سکرتێری کۆمەڵە و تەسلیم کردنی بە ئەو لەگەڵیدا چوەتە پێشەوە، بەڵام ئەو هەر سوربووە لەسەر جیابوونەوە و لەتکردنی کۆمەڵە: ".. ئەوە چەند ساڵێکە ئەم کابرایە خەریکی دروستکردنی دەستە و دایەرەیە بۆ خۆی، هەمیشە لە ئیجماعی رەئی دەرچووە بۆ ئەوەی ناوی خۆی بخاتە ناوانەوە، هەرچی‌یەک کرابێ ئەو بە پێچەوانەوە جولاوەتەوە. ٣ جار لە ٣ کۆنفرەنسدا بە رێگەی شەرعیەتی تەنزیمی وێستی

1 . عادل رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩.

تەکەتولەکەی خۆی بسەپێنێ، سەری نەگرت. ئاخر شت لە کۆتایی ساڵی رابردووودا شتێکی نهێنی دروست کردبوو بەناوی ئاڵای شۆڕش کە لێرە بە ئاش ناسراوە.

لەم بڵاوکراوەیەدا بەوپەڕی بێ ویژدانیەوە، هێرشی ئەکردە سەرمان، چەندها جار روبەڕووی بووینەوە دواجار ٣ ڕێگەمان خستەبەردەمی یا بێت ئەو سەرکردایەتی کۆمەڵە بگرێتە دەست و ئێمە بێ ئەوەی دژی بین و پیلانی لێ بگێڕین، دائەنیشین و سەیری ئەکەین. یاخود ئەو دانیشێ و ئێمە ئیشەکان ئەکەین، یا بێت و جگە لە مەسئولی مەڵبەند و دەزگای ڕێکخستن، هەرچیەکی ئەوێ بیدەینی، هەر بۆ ئەوەی یەکێتی ریزەکان بپارێزین، بەڵام ئەو هیچیانی نەکرد."[1]

هەر سەبارەت بە دیپلۆماسیەتی گفتوگۆ، پشکۆ نەجمەدین، دەربارەی بۆچوونی شەهید ئازاد هەورامی کە زۆر بەڕوونی دژی ئەو ئینشقاقە بووە و پێی وابووە حیزبی مارکسی بەو کەرەستانەی ئەوان دروست نابێ و ئەو مەسەلەیە دوابخەن بۆ ئایندە، لە بیرەوەرییەکانیدا ئەم گفتوگۆیەی خۆی و شەهید ئازاد هەورامی گێڕاوەتەوە و لە دوا پەرەگرافی نووسینەکەیدا، دوای ٢٤ ساڵ پشکۆ دان بەو حەقیەقەتەدا دەنێن کە ئازاد هەورامی وردبین و ژیرتر بووە.

- کاک ئازاد تۆ دۆخەکە چۆن دەبینی؟

- زۆر خراپ!

- منیش دەزانم زۆر خراپە، بەڵام چی بکەین؟

- هەرچییەک بکەین، نابێت بهێڵین کار بەرەو جیابوونەوە بڕوات!

هیچ دەرفەتێکیان بۆ نەهێشتوینەتەوە! تۆ ئاگات لە دۆخی ڕێخستنەکانە؟ تۆ دەزانی چی بە هاوڕێکانمان دەکەن؟

- بەڵێ ئاگام لێیە.. بەڵێ دەزانم کارکردن لەم فەزایەدا و لەم سەرکردایەتییەدا زۆر سەختە، بەڵام دیسانیش دووکەرتبوون کارەساتە.. بۆ هەموومان کارەساتە!

- من خۆشم بڕوام بە جیابوونەوە نییە و زۆریشی لێ دەترسم.. من هیوادارم کار بەو شوێنە نەگات. بەڵام ئەگەر ناچارکراین و دەرفەتێک نەمایەوە، تۆ هەڵوێستت چی دەبێت؟

- من..؟ نە لەگەڵ ئێوە دەبم و نە لەگەڵ کەس.. من سەری خۆم هەڵدەگرم و دەڕۆم! ئەزانی بۆ؟ بڕوام بە جیابوونەوە نییە؟

- نا

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٩) نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ ڕێکخستنەکانی دەرەوە.

– ئێمە بە یەکگرتوویی ئەمە حاڵمانە کە هەیە! کۆمەڵە کە کرۆکی یەکێتیە ببینە! تۆ کێ جیا دەکەیتەوە؟ حیزبی مارکسی عەیار ٢٤، بەم کەرەستەیە و لە شاخ و لە بزوتنەوەی چەکداریدا، دروست نابێت! تۆ ناتوانیت شتێک لە کۆمەڵە باشتر، بە جیابوونەوە لە کۆمەڵە دروست بکەیت! جگە لەوە، بۆچی پێت وایە، کارکردن لەگەڵ کاک سالاردا، لە کارکردن لەگەل کاک نەوشیرواندا خۆشترە و ئاسانترە! ئەی کاک بەختیار و کاک سالار! ئەوان چۆن پێکەوە هەڵدەکەن و دەسازێن؟ ئێمە وا خەریکە دە ساڵێک لەم بزوتنەوەیەدا پڕ دەکەینەوە و تا ئێرەمان هێناوە. لێ گەڕێن با تا کۆتایی بیگەیەنین و یەک چارەنووسمان هەبێت! ئەگەر شکستمان خوارد، با هەموو پێکەوە بین، ئەگەریش بە مەنزڵێک گەیشتین و دەستمان لە چەک و شاخ بویەوە، ئەوسا هەرکەس و حسابێک بۆ خۆی دەکا!" ئێستا، پاش ٢٤ ساڵ لەو گفتوگۆیەی نێوان ئازاد هەورامی و من، زۆر ئەستەمە بڵێم دەبوو چیمان بکردبا! بەڵام دەتوانم بڵێم: بۆچوونەکانی ئەو پیاوە وردبین و ژیرە، بەشێکی زۆر راستییەکانیان لە خۆ گرتبوون.[1]

**هەنگاوی دووەم: دیپلۆماسیەتی سەر کاغەزەکان**

مەلا بەختیار پاش ئەو گفتوگۆ و رووبەڕووانەی لەگەڵ مام جەلال و نەوشیروان مستەفادا، غرورێکی زۆری لا دروست بوو، نەرمی نواندنی نەوشیروان مستەفا و مام جەلالی بە لاوازی لێکدایەوە. کە گەڕایەوە بۆ قەرەداغ هێرشەکانی بۆ سەر کۆمەڵە و سەرکردایەتیی کۆمەڵە توندتر بوون.

نەوشیروان مستەفا بیر لە رووبەڕوو بوونەوەی فکری دەکاتەوە لەگەڵ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە کە لەسەر ئەرزی واقعی کوردستاندا، ئاسمان و ریسمانی بەینە. بۆیە پەنا دەباتە بەر دیپلۆماسیەتی سەر کاغەزەکان دەڵێت: "ناچاربوین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئیتیهام و پروپاگاندەکانیان زنجیرەیەک وتار لە گۆڤاری "کۆمەڵە"دا بنووسین و بنچینە فیکرییەکانیان هەڵبتەکێنین."[2]

ساڵی ١٩٨٥ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، بڕیاری دا بە زنجیرە وتارێک کە لە گۆڤاری کۆمەڵەدا بڵاوکرایەوە و خاوەن قەڵەمەکانی کۆمەڵە، لەوانە نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادر، ئازاد هەورامی، ئەرسەلان بایز، خەسرەو خاڵ وەڵامی بیروبۆچوونەکانی مەلا بەختیار و گروپەکەیان دایەوە، دەستەواژەی "بان چەپ"یان بەسەردا دابڕین.

---

1 . پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون یاد، ل٢٢٨-٢٢٩

2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.

مەبەستیان لە بان چەپ سەرزەنشت کردنی خۆبەستنەوەی دەقاودەقە بە تیۆرییە شۆڕشگێڕییەکان، کە لە ئەنجامدا دۆخەکە بەو ئاراستەیەدا دەبات کە توندڕەوی لە بیرکردنەوە و رەفتاردا پەیدا ببێ و هیچ بواریک بۆ چارەسەری مامناوەنج و میانەڕەو پێک نەیەت. کۆمەڵە بەتوندی دەستی دایە وەڵامدانەوەی بیری چەپڕەوی رادیکاڵ، کە مەلا بەختیار و هاوڕێکانی تەنزیریان بۆ دەکرد و بەلادەریان دەزانین و پێیان وابوو ئەوانە خوێندنەوەیەکی چەوتیان بۆ ئایدۆلۆژیا هەیە و خوێندنەوە و تێگەیشتنیان بۆ مارکسیزم هەڵەو نەزانانەیە.

یەکەم جار ڕێکەوت عوسمان، لە نیسانی ١٩٨٥ وتارێکی بە ناونیشانی "ڕێکخستنی بان چەپ دەرهاویشتەی چ دۆخێکە؟" لە ژمارە (٤)ی گۆڤارەکە بڵاوکردەوە تێیدا هاتووە: "ئەمڕۆ لەناو جووڵانەوەی گەلەکەماندا، بە تایبەتی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی ناوچەکە بەگشتی، دیاردەیەکی سیاسی ڕوون و ئاشکرا بەدی دەکرێ کە هەڵقوڵاوی هەلومەجی بابەتی ناوچەکەیە لەرووی فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، فەرهەنگییەکانەوە... ئەو دیاردە سەرنجراکێش و هەستپێکراوەش مەسەلەی فرە ڕێکخراوەی چەپ و بان چەپە بە تایبەتی. سەرەتا دەبێ بوترێ کە ئەم دیاردەیە نوێ نییە و تایبەتیش نییە بە هەلومەرجی ناوچەی کوردستان بەتەنیا، پێشتریش لە هەلومەرج و ناوچەی تری دنیادا لە ئاردا بووە. بەڵام خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکە و پێویست بە هەڵوێستەیەک دەکا و جێی سەرنجێکی ئەوتۆیە.."

پاشان باس لە خەسڵەتی توندڕەوی دەکات لەناو (بان چەپەکان) و پێی وایە نیشانەیەکی دیاری بێ تواناییانە، چونکە "هەست بە دابڕاوی ئەکەن و چارە بۆ گرفتەکەیان نادۆزنەوە و دوچاری ڕەشبینی سیاسی ئەبن و پێیان وایە باشترین ڕێگە و چارە بەوە ئەبێ، هەڵوێستی زۆر شۆڕشگێڕانە بگرنە بەر و خۆیان بە ڕشتەی زۆر شۆڕشگێڕیدا هەڵواسن. بان چەپەکان هەست و خواستی شۆڕشگێڕی ئەخەنە شوێن شی کردنەوەی بابەتی و خۆیان بە دروشمی بریقەدار و ڕستەی شۆڕشگێڕییەوە ئەبەستنەوە و لە شی کردنەوەی زانستی واقعیە بابەتیەکە خۆیان بەدوورئەگرن."

دواتر ئاماژە بەناوی چەند ڕێکخراوێکی چەپ کردووە کە لە کوردستاندا ڕێبازی بان چەپیان گرتووەتەبەر، لەوانە "کارگەران، کار، گروپی ڕزگاری کار، خەباتی سور، کۆمۆنیست، پێشەوا، کۆمەڵەی م.ل ڕزگاری کوردستان، و ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان و (ئاڵای شۆڕش)..

نووسەر دواتر دێتە سەر چۆنێتی سەرهەڵدانی کەسانی بە بیر بان چەپ لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و دەنووسێ "ماوەیەک هەندێ لەو ڕێکخراوانە، بە

تایبەتی ئەوانەی هەندێ لە ئەندامەکانیان پێشتر لە کۆمەڵەدا بوون، ڕێگەیەکی تری نابوت بوونیان گرتووەتەبەر، ئەویش بازرگانی کردنە بە ناوی هەندێ لە شەهیدەکانی کۆمەڵە و لە ڕێگەیەوە هێرش ئەبەنە سەرمان.. دیارە ناکرێ هیچ کەس و ڕێکخراوێک لەوە قەدەغە بکرێ کە ناو و نیشانێکی تایبەتی بەکاربێنێ و لەژێر ئەو پەردەیەوە خۆی مەڵاس بدا و بووق بۆ بۆچوونەکانی لێ بدات، هەروەک چۆن تاجرێک ئەو ڕێوشوێنە ئەگرێتەبەر و هەڵ ئەبژێرێ کە ساغکردنەوەی کاڵا و شمەکەکانی بۆ ئاسان ئەکا و کڕیاری شتەکانی بۆ زۆر ئەکا!.."

لە کۆتایی وتارەکەشدا نووسەر دەنووسێت: "گەر ڕێکخستنێک لە ستراتیژ و بۆچوونەکانی خۆی دڵنیا بێ و جێی باوەڕ و متمانەی کۆمەڵانی خەڵک بێ، پێویست بەوە ناکات بازرگانی بە ناوی شەهیدەوە بکا و بە جۆرێکی نا مەشروع حورمەت و سەروەری خەباتی خەڵکی تر بۆ خۆی تۆمار بکا و ڕاستیەکان ئاوەژو بکاتەوە و بە گیان فیدایی و خەباتی کەسانی ترەوە بنازێ و خۆشی لە دەم شڕی و وخۆ گیف کردنەوە زیاتر هیچی لەباردا نەبێ. کۆمەڵە هەردەم دژی عەنتەریات و خۆهەڵکێشان بووە و ئەندامان و ڕێکخستنەکانی بەوە گۆش کردووە کە بە عەمەلی بیروباوەڕ بەرنە ناو خەڵکەوە و ئەوەی بەدەم ئەیلێن بەکردار بۆ خەڵکی بسەلمێنن.."[1]

دوای ئەو بابەتە، "شوان – فەرەیدون عەبدولقادر" لە ژمارە (٥)ی ئایاری ١٩٨٥ گۆڤاری کۆمەڵەدا وتارێکی لەژێر ناوی (بان چەپەکان چین و چی ئەڵێن؟)دا نووسیوە و بە ئاشکرا ڕووی قسەی لەو ڕەوتە چەپڕەوەی ناو کۆمەڵەیە و بە توندڕەو و هەرزەکاری بیروبۆچوونی بان چەپ ناوی بردوون و دەڵێت: "لەم دواییەدا لە سێبەری هەلومەرجی تایبەتی شۆڕشی کوردستاندا، پاش فراوانبوونی ناوچە ئازادکراوەکان و پەرەسەندنی دەسەڵاتی شۆڕش، دیاردەی بیرۆڕا و دەستەو تاقمی بان چەپ لەجاران زیاتر سەریان هەڵداوە و کەوتونەتەڕوو. قسە ئەکەن، پڕوپاگەندەی چەواشە بڵاوئەکەنەوە، هەندێ جار بەیان و بڵاوکراوە دەرئەکەن، جارجاریش دروشمی کرچ و کاڵ لەسەر دیواری کۆڵان و لاجادەی شارەکان ئەنووسن. سەرجەم قسەو باس و بڵاوکراوە و دروشمەکانیان توندڕەوی و هەرزەکاری بیروبۆچوونی (بان چەپ) دەرئەبڕێ.. " لە جێگەیەکی دیکەدا دەنووسێ: "ئەوەندەی دژی کۆمەڵە و شۆڕش قسە ئەکەن، ئەوەندە خۆیان لە دژایەتی کردنی هێز و لایەنە کۆنەپەرەستەکانی کوردستان

1 . ڕەوا، ڕێکخستنی بان چەپ دەرهاویشتەی چ دۆخێکە؟، گۆڤاری کۆمەڵە ژمارە (٤) خولی ٣، نیسانی ١٩٨٥، ل ٤١ –٥١.

ئەبوێرن، سیاسەت و رەفتاری فاشیانەی رژێم ریسوا ناکەن.. هەموویان ئەیانەوێ لەسەر حیسابی کۆمەڵە و ی ن ک گەشە بکەن و پەرە بسێنن."

فەرەیدون عبدولقادر دواتر دێتە سەر شیکردنەوەی بیروباوەڕ و تێزە فکرییەکانی بان چەپەکان و هۆکاری سەرهەڵدانیان و ئەو هەلومەرجەی تێیدا دروستبوون و دەنووسێ: "ئەم بیروڕا و تاقمانە، دیاردەیەکی ئاسایی خەباتی شۆڕشگێڕانەیە، شان بەشانی ڕێکخراوی مارکسی لینینیستی (م.ل) و ڕێبازی دروستی (م.ل) پەیدا ئەبن، وەکو دیاردەی راستڕەو کەف و زیادەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ڕێکخراوی (م.ل)ن. ئەم تاقمانە زادەی بیری شێواوی بۆرجوازیی بچووکن، سەر هەڵئەدەن و لەناوئەچن، جارێکی تر بەناوی تر و شێوەی ترەوە سەرهەڵئەدەن و پەیدا ئەبن. ئەوانە دەستەی جیاجیان، تێگەیشتنێکی هاوبەشی فەلسەفی و سیاسی تایبەت و تەواویان نییە، فیکر و تێکۆشینیان تێکەڵوپێکەڵە".

چوار ساڵ پاش ئەم وتارە، ئەو پێشبینیەی فەرەیدون عەبدولقادر بەوەی ئەوانە دەستەی جیاجیان، تێگەیشتنێکی هاوبەشی فەلسەفی و سیاسی تایبەت و تەواویان نییە، ڕاست دەرچوو. بوون بە سێ بەرەی زۆر جیا لە یەکتر؛ گروپی سالار عەزیز زۆر دژی گروپی عیماد ئەحمەد بوون و گروپی زیندانیش پشکۆ نەجمەدین کە پێش مەلا بەختیار ئازادکرابوو، لە دژی هەردوو باڵەکەی تر بوو، مەلا بەختیاریش لە ساڵی ١٩٨٩ هاتە سەر ماڵێکی لیکترازاوی پەرتەوازە و هەرگیز بۆی کۆنەکرایەوە، دوایی چوونە ناو زەحمەتکێشان، خۆی کردەوە بەناو یەکێتیدا.

هەر لەو ژمارەیەدا، شەهید ئازاد هەورامی وتارێکی بەناوی "بان چەپ و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی" نووسیوە. هەورامی لە وتارەکەیدا لە گۆشە نیگاییەکی مارکستی لینینیستی ڕاستەقینەوە، هەڵسەنگاندنی بۆ تێڕوانینی هەڵەی ئەو گروپە بۆ پرسی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی کردووە و نووسیویەتی: "ڕێگای خەبات و شۆڕش ڕێگایەکی سەخت و دژوارە و پڕە لە هەوراز ونشێو، پڕە لە هێرش و پاشەکشێ، پڕە لە سەرکەوتنی کاتی و شکستی کاتی، بەڵام ئەگەر ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ خاوەن ڕێباز و ستراتیجیەکی ڕوون بێت و پشت ئەستور بێت بە جەماوەری زەحمەتکێشان، ئەوە سەرکەوتنی کۆتایی هەر بەدەست ئەهێنێت."

پاشان دێتە سەر ئەوەی لە هەلومەرجی ئەو کاتەی کوردستان و عێراقدا چەندین ڕێکخراو بە ناوی چەپ و بەناوی ڕێبازی مارکسی – لینینی سەریان هەڵداوە و هەر هەموویان دژی تێڕوانینی کۆمەڵەن کە داوای مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد دەکات و دەنووسێت: "سەرەڕای جیاوازی فراوانی ئەو گروپانە لەگەڵ یەکتر، تا

رادەیەکی زۆر لە چۆنیەتی چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، تێڕوانینی هاوبەشیان هەیە و لەم رووەوە بیروبۆچوونەکانی کۆمەڵە رەت ئەکەنەوە و بە بۆچوونی بۆرژوازی قەومی و بۆرژوازی بچوک و یا لە چاترین حاڵەتدا بە نا عەمەلی و ناومکین لە قەڵەمی ئەدەن. جا ئەم بۆچونەیان لە کوێوە سەری هەڵداوە، هەڵقوڵاوی چ سەرچاوەیەکی فکرییە و جوگەی ئاو بۆ ئاشی چ بەرەیەک هەڵئەبەستن؟

شەهید ئازاد هەورامی خۆی وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە و نووسیویەتی: "زۆربەی بۆچوونەکانی ئەو وردە ڕێکخراوانە هەڵقوڵاوی هەندێ وتەی دابڕاوی کتێبن سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی و مافی چارەی خۆنووسین، بەبێ بەستنەوەی بە واقعی مەلموس و تایبەتی کوردستان، بەبێ بەستنەوەی بە قۆناغە مێژوویەکە و بەبێ بەستنەوەی بە هەردو لایەنی ئەو زۆرانبازیە و بەبێ بەستنەوەی بە تەئسیری ئەو بزوتنەوەیە و تاودانەوەی لەسەر خەباتی چینایەتی لە سەرتاسەری عێراق و هەروەها بە بەبێ بەستنەوەی دەوری ئەو خەباتە نەتەوایەتیە لە بەربەرەکانێ کردنی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا"

دواتر بە گرنگییەوە باس لە مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە عێراق و پارچەکانی کوردستان دەکات و پێی وایە خەباتی چینایەتی لەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە، بەهۆی پارتە بۆرژوازیەکانی نەتەوە سەردەستەکانەوە کز و بێ دەنگە و لە بەرانبەردا جووڵانەوەی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا خەملێوە و لە تێکۆشانێکی بێ وچاندایە. شەهید ئازاد دواتر ئەو بۆچوونەی خۆی دەخاتەڕوو کە مەسەلەی کورد یەک مەسەلەیە و نووسیویەتی: "گەلی کورد لە عێراق و کوردستانی عێراق بەشێکن لە گەل و نیشتمانێکی گەورەتر کە داگیر و دابەش کراوە و لە هیچ پارچەیەکی ئەو وڵاتە مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر نەکراوە. چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە هەر پارچەیەک بێت بە تەنها چارەسەرێکی جوزئی و ناتەواو ئەبێت."

شەهید ئازاد هەورامی لە وتارەکەیدا بانگەشە فکرییەکانی گروپی ئالای شۆڕش بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، دەشوبهێنێتە بۆچوونەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی حیزبی شیوعی، کە پێیان وابوو کورد هەر نەتەوە نییە تا مافی هەبێ، لەوبارەوە دەنووسێ: "لە رابردوویەکی نە زۆر دووردا، حیزب هەبوون بوونی کوردیان وەک نەتەوەیەک نەئەسەلماند، بەڵام هەموو ئەو بۆچوونەیان لەسەر ئەرزی واقع بوو بە هەڵم و چوو بە ئاسماندا، ئێستاش ئەم وردە ڕێکخراوانە بوونی گەلی کورد و بوونی

بزوتنەوەی گەلی کوردیش ئەسەلمێنن، بەڵام سەربەستی و ئازادی مافی ئەو گەلە ناسەلمێنن لەو رێبازەی کە هەڵیبژاردوە، ئەگەرچی ئەو هەڵوێستە کۆنە و ئەم هەڵوێستە تازەیە دوو سەرچاوەی جیاوازیان هەیە، بەڵام لە ئەنجامدا ئەرژێنە ناو یەک جۆگاوە".

وتارەکەی بەم پەرەگرافە کۆتایی پێدەهێنێ: "وا دیارە ئەو رێکخراوانە هەموو ئەوانە بە خەو و خەیاڵ ئەزانن، یاوەکو ئەڵێن تەنها داڕێک هەموو دارستانەکەی لێ شاردونەتەوە یان خۆیان ئەیانەوێت تەنها ئەو دارە ببینن و بوونی دارستانەکە نەسەلمێنن، نەچنە قوڵایەوە...

'مام جەلال'یش لای خۆیەوە دەست دەکاتەوە بە نووسینی ئەو زنجیرە وتارەی کە پێشتر بە ناوی "توانا"وە لەژێر ناوی (مارکسیزم لینینیزم چۆن بەکار دینین؟) لە گۆڤاری کۆمەڵەدا بڵاویدەکردەوە. لەم وتارەدا مام جەلال هەوڵی داوە ئەم جارە بابەتەکەی گرێ بداتەوە بەو دۆخەی کە جەماعەتی ئاڵای شۆڕش بە ناوی بەرگری کردن لە مارکسیزم لە ناو کۆمەڵەدا دروستیان کردبوو.

مام جەلال، لە جێگەیەکدا بەمجۆرە باس لە ئامۆژگارییەکانی مارکس و ئەنگلز و لینین دەکات، سەبارەت بە قانونە گشتییەکانی مارکسیزم لینینیزم بۆ شۆڕش نووسیویەتی: "مانیفێست خۆی ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە جێبەجێ کردنی ئەو سەرەتایانەی هەمیشە و لە هەموو جێگایەکدا بەندن بە هەلومەرج و بارودۆخی مێژوویی لە کاتێکی دیاریکراوەدا. واتە سەرەتاکانی ڕاست و ڕەواش نابێ بکرێتە کلیشەو مۆر، بۆ هەر سات و کاتێک، بۆ هەموو پلە و قۆناغێک، بۆ هەموو گەل و وڵاتێک، بێ ڕەچاو کردنی هەلومەرج و بارودۆخە تایبەتیەکانی خۆیان، بەڵکو پێویستە هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا، لە هەموو وڵاتێکدا، هەلومەرج و بارودۆخی مێژوویی ئەو کاتە دیاریکراوە ڕەچاوبکەین و بەوپێیەش سەرەتاکە بەکار بهێنینین، چونکە دەشێ سەرەتایەک بۆ هەندێ هەلومەرج و باری مێژوویی ڕاست و ڕەوا گونجاو بێت، بەڵام بۆ هەندێکی تر جیاواز لەو هەلومەرج و بارە مێژووییە تەباو گونجاو دەرنەچێت، بۆیە نابێ و ناتوانرێ بەکار بهێنرێن.."[1]

لە درێژەی وتارەکەیدا ئاماژە بە نامەیەکی لینین دەکات کە تێیدا نووسیویەتی "پێویستە مارکسیست حساب بۆ واقعی زیندوو و ڕووداوە وردەکانی ژیان بکات، نەک خۆی ببەستێتەوە بە تێۆری دوێنێ کە وەک هەموو تیۆرییەکانی تر لە چاکترین

1 . توانا (مام جەلال)، مارکسیزم لینینیزم چۆن بەکار دینین؟، گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە ٣ خولی ٣ ئازاری ١٩٨٥، ل ٤١.

حاڵەتیدا تەنها ناوەڕکی گشتی دیاری دەکەن، بەبێ ئەوەی خۆیان لە قەرەی ئاڵۆزی هەمە لایەنەی ژیان بدەن، تیۆری ڕەنگ خۆڵەمێشیە ئەی هاوڕێ، بەڵام درختی ژیان هەمیشە سەوزە."[1]

پاشان دادەبارێتە سەر ئەوانەی لە کوردستان خۆیان بە دەقە مارکسیەکانەوە دەبەستنەوە بەبێ ئەوەی لەگەڵ واقعی کوردستاندا بیگونجێنن و دەنووسێ: "بە پێچەوانەی ئەم ئامۆژگاریانەی ئەوانەوە، هەندێ خۆ بە (م.ل) زان خۆیان بە لەبەرکردنی هەندێ گوتەی تیۆریکەوە خەریک دەکەن، خۆیان دەبەستنەوە بە هەندێ رستەی (م.ل) و سەرکردەکانیەوە، بێ ڕەچاو کردنی ئەو چوارچێوەی سەردەوە، بێ ڕەچاوکردنی پێویستییەکانی گونجاندنیان لەگەڵ واقعەکە و لەگەڵ ژیان.

بەمجۆرە بەو رستانە گیان لەبەر (م.ل) دەردەهێنن و دەیکەنە قاڵبی وشک و برین بۆ گوتەی لە ژیان دابڕاو! لینین بەمجۆرە ڕەفتارە دەڵی خنکاندنی جەوهەری مارکسیزم!"[2] هەروەها ئەوە ڕوون دەکاتەوە، هەلومەرجی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێ مارکسیستەکانی کورد مامەڵەیەکی ژیرانە لەگەڵ مارکسیزمدا بکەن و دەرس لە خەباتی گەلانی دیکە وەربگرن کە بە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدا تێپەڕیون و مارکسیزمیان کردووەتە ڕێباز بۆ خۆیان و دەنووسێ: "لە وڵاتێکی وەک کوردستانی ئێمەدا کە جووڵانەوەیەکی جەماهیری گەورەی تێیدایە، جووڵانەوەیەکی بابەتی میژووکرد، کە جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراتی خەڵکی کوردستانە و جووڵانەوەکە هەڵچووە و گەیشتوتە پلە و ڕادەیە شۆڕشی چەکداری؛ پێویستە زۆر ژیرانە سەرەتا سەرەکییەکان و قانونەکان و ڕاستییە گشتییەکانی م.ل و پەند و دەرسەکانی تاقیکردنەوەی گەلانی ئاسیاوی کە بە قۆناغی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی دیموکراتیدا تێپەڕیوون، بەکاربهێنین."[3]

ئەم وتارانە کاریگەری زۆریان هەبوو لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا، بە جۆرێک "مەلا بەختیار، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو وتار و بۆچوونانە، بە نهێنی کتێبێکی نووسی و لەژێر ناوی (دژایەتی کردنی بانچەب یان بزوتنەوەی کۆمۆنیستی؟).

**هەنگاوی سێیەم: گرتن و چەک کردن**

هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵدانەی نەوشیروان مستەفا و مام جەلال بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە، سالار عەزیز بە ناوی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

---

1 . هەمان سەرچاوە، ل٤٢.

2 . توانا (مام جەلال)، مارکسیزم لینینیزم چۆن بەکار دینین؟، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

3 . هەمان سەرچاوە، ل٥٠.

– عێراق) بە کەڵک وەرگرتن لە پەیوەندییە خراپەکانی یەکێتی لەگەڵ ئێران و لیبیا و سوریا و بەرەی جود و هێزە ئۆپۆزسیۆنە عێراقییەکان، لە دەرەوە و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرەی جود دەستی کردووە بە هەڵمەتێکی دروستکردنی عیلاقات و کۆکردنەوەی یارمەتی و ناشیرین کردنی کۆمەڵە و یەکێتی.

ئەم کەین و بەینەی مەلا بەختیار و سالار عەزیز دوای گرتنی پێشمەرگەیەک بە ناوی (سۆران مەحمود)ەوە بە تەواوەتی بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتی ئاشکرا دەبێت.. سۆران کادیری کۆمەڵە بووە و کۆمەڵێک نامە و بڵاوکراوەی پێ دەگرێت کە سالار عەزیز ناردوونی بۆ مەلا بەختیار. لەو بەڵگەنامانەدا کۆمەڵێک نامەی سالار عەزیزی تێیدا بووە کە ناردوونی بۆ بەرەی جود و سوریا و ئێران و لیبیا و باسی جیابوونەوە و داوای هاوکارییان لێ دەکات.

نەوشیروان مستەفا بۆ ئەم قۆناغەی تەعامول کردن لەگەڵ گروپی ئاڵای شۆڕش دەڵێت: "کە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و دیالۆگی ئایدیۆلۆجی کەڵکی نەدا، ئەبوو ڕێگەی چارەسەرێکی تر بگرین، کەوتینە کۆکردنەوەی ئاگاداری لەسەر ئاش و سەرکردایەتی و چالاکەکانی و داوودەزگای چاپەمەنیەکەی، دەرکەوت: ئەمانە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەندامەتی خۆیان لەناو یەکێتی و لەناو کۆمەڵەدا، بە نهێنی لەناو یەکێتیدا، حزبێکیان دامەزراندبوو، خاوەنی کۆمیتەی سەرکردایەتی، لق و شانەی ئەندامان و خاوەنی بەرنامەی تایبەتی خۆی و خاوەنی ئۆرگان و بڵاوکراوەی تایبەتی خۆیان بوون. ئەمەش هەموی بۆ ئەوەی کۆمەڵە لە ناوەوە کلۆر بکەن و بیڕوخێنن. زەرەری ئاش لە کۆمەڵە و یەکێتی، زیاتر لەوەی ماددی بێ، بەرلەشی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە و پێشمەرگەیی یەکێتی بکەوێ، زەرەری ئەخلاقی بوو، بەر مۆرالّ و مەعنەویاتی کەوت؛ چونکە ئەو بەها پاکە سیاسییانەی کۆمەڵە گەرەکی بوو لە جوولانەوەی کوردا بیچەسپێنێ، ئەمان بەم کارە هەڵیانتەکاند.[1]

دوای بە بنبەست گەیشتنی گفتوگۆکان، مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بۆ ڕێگریکردن لە نانەوەی دووبەرەکی لەناو هێزی پێشمەرگە و لەت و پەت نەبوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکی خۆیدا بڕیاری چەککردن و گرتنی سەرکردەکانی ئاڵای شۆڕشی دەرکرد. جێبەجێ کردنی کارەکەیش سپێردرا بە هەندێ لە فەرماندەکانی پێشمەرگە. دکتۆر فوئاد مەعسوم لە ڕۆژانە

1 . نەوشیروان مستەفا، خولانەوە لەناو بازنەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ۹۹.

بیرەوەرەییەکانی خۆیدا رۆژی کۆبوونەوەکەی دیاریکردووە و نووسیویەتی: "۱۹۸۵/۱۰/۳۰ لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا بڕیاردرا "وانەک: (مەلا بەختیار) و جەماعەتەکەی بگیرێن پێش ئەوەی ببنە موشکیلەیەکی گەورە."[1]

۱-۱۹۸۵/۱۱/۲، ڕێک سااڵێک دوای کۆبوونەوە نهێنییەکەی دامەزراندنی ئااڵی شۆڕش، هێزێک چووە سەر مەلا بەختیار لە گوندی تەکیە و بەبێ شەڕ و تەقە خۆی و هاوڕێکانی گیران و دەزگای چاپەکەیشیان کە لە ماڵەکەی ئەودا حەشاردرابوو، دەستی بەسەردا گیرا و دواییین ژمارەی (ئااڵی شۆڕش) و بەڵگەکانیان کەوتە بەردەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

نەوشیروان مستەفا لەوبارەوە دەڵێت: "جگە لە مەلا بەختیار و شێخ عەلی و پشکۆ، ئەوانی کە هەمویان ئازادکران و ڕێگەدران بۆ کوێ ئەچن بچن. بەم کارە گیروگرفتی ئاش لەناو کوردستانی عێراق و لەناو یەکێتیدا کۆتایی هات. ئەگەرچی ئەوانەیان کە لە ئەوروپا بوون و ئەوانەیان کە چون بۆ ئێران، دریژەیان بە کارەکانیان دا، بەاڵم هیچ تەئسیرێکیان لەسەر ڕەوتی ڕوداوەکان نەما."[2]

**شەشەم: بەیاننامەی یەکێتی**

لە نامیلکەی (ڕونکردنەوەیەکی پێویست بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان)، کە لە مانگی تشرینی یەکەمی سااڵی ۱۹۸۵دا بۆ هێزی پێشمەرگە بااڵوکرایەوە، باس لە ئامانج و هۆکارەکانی جیابوونەوەی ئااڵی شۆڕش لە هەناوی کۆمەڵە و یەکێتیدا کراوە و ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، شۆڕش و یەکێتی مەترسی گەورەیان لەسەر بووە و لە الیەن چەندین دەوڵەتەوە دژی وەستاونەتەوە و گەمارۆ دراون، لەوالشەوە مەلا بەختیار و هاوڕێکانی الیان وابووە، دەتوانن لەو هەلومەرجەدا یەکێتی نیشتیمانی و هێزی پێشمەرگە لە تەنگەبەرێکدا ببینن و مەرجەکانی خۆیانی بەسەردا دەسەپێنن.

یەکێتی لەو نامیلکەیەدا دەڵێ: "دەستەی ئاش بریتیە لە دەستەیەک لەو کادر و ئەندامانەی کۆمەڵە کە بەهۆی تونددڕەوی و یاخود سەرنەکەوتن لەو ئەرکانەدا کە خرابووە سەر شانیان، بەردەبەرە جێگەیان پێ لێژ بوو و لە ئاستەکانی مەسئولیەتدا الکەوتن. بۆیە ئیتر کەوتنە ناڕەزایی و پرتە و بۆڵەکردن و کەوتنە پڕوپاگەندە کردن دژی بیری سیاسی و هەڵوێستەکانی یەکێتی و کۆمەڵە، لەبنەوە کەوتنە کنەکردن لە ریزەکاندا و دژی بیروبۆچونی یەکێتی و دژی هەڵوێستەکان و دژی لێپسراوەکان و دژی خەباتی چەکدارانە وەستانەوە. بۆ ساردکردنەوەی تێکۆشەرەکان و

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (۱۰) بیرەوەری فوئاد مەعسوم.

2 . نەوشیروان مستەفا، خولانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل۹۹.

پێشمەرگەکانیش لە خەباتی شۆڕشگێرانە وەک تابووری پێنجەم بۆ دوژمن کنەیان کرد و زۆر کەسی ساویلەکەشیان بە تەسلیم بوونەوەدا."

لەسەر رۆڵی مەلا بەختیاریش لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەو دەوری سەرپەرشتیکردنی ئەم دەستە و تاقمانەی بینیوە و بە نیازی ئەوە بووە ئەو هێز و کەسانە یەک بخات و بۆ دژی یەکێتی قوتیان بکاتەوە.

لەو نامیلکەیەدا یەکێتی لەبارەی زیانەکانی ئەم ڕێکخراوەوە، دەڵێ: "ئاش هۆیەکی تری پارچەپارچەبوونی جوڵانەوەی گەلی کورد زیاد دەکەن. کارێکی وا دەکەن کە لایەنەکانی تر و نەیارەکانی یەکێتی هان بدەن ئەم ئینشقاقچییانە بدۆزنەوە بۆ لاوازکردنی پێشمەرگەی کوردستان بەکاریان بهێنن. هەروەها دەوڵەتانی ناوچەکە هەڵوێستی تازە ئەگرن، ئیتر تەماشای ڕەوتی ئینشیقاق ئەکەن، درز و کەلێن لە ریزەکانی جووڵانەوەکەدا ئەدۆزنەوە و دزەی لێوە ئەکەن و کنەی تێیدا ئەکەن و شۆڕش کلۆر ئەکەن و زیانی پێدەگەیەنن."[1]

لە سەرەتای نامیلکەکەدا، باس لە "پیلان"ەکەی مەلا بەختیار کراوە کە ماوەیەک بووە بەنهێنی خەریکی "دەستەگەری" و خۆسازدان بوون بۆ جیابوونەوە، بەڵام لە کۆتاییدا خۆیان ئاشکرا کردووە. بڵاوکراوەکە ئەوەشی نووسیوە کە ئەو گروپە پێشتر سوێندیان خواردوە بە گۆڕی شەهیدان و شەهید ئارام کە لە ریزەکانی یەکێتی و کۆمەڵە جیانابنەوە و نیازی جیابوونەوەیان نییە، چونکە پێیان وایە جیابوونەوە دژایەتیکردنی یەکێتی و شۆڕشە و دژی بڕیارەکانی کۆنفرانسەکانی کۆمەڵە و بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەیە.

بەڵام بەپێی نامیلکەکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، مەلا بەختیار و هاوڕێیانی لەدوای ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانیان، چوونەتە لای سەرکردایەتی یەکێتی و پێیان ڕاگەیاندوون کە لە یەکێتی و کۆمەڵە جیادەبنەوە. یەکێتی ئەمەی بە بەڵێن شکاندن و دژایەتی بینیوە.

لەسەر ئاشکراکردنی ئاڵای شۆڕش و ئەو دژ وەستانەوەی یەکێتی و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوە، ڕەخنە و بۆچوونی زۆر هەیە. بەڵام یەکێتی لە ڕاگەیاندراوە ناوخۆکەیدا، وەڵامی ئەمەی داوەتەوە و باس لەوە ئەکات کە ئازادی بۆ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بۆ هەموو کەس و سیاسییەک ڕێگەپێدراوە

1 . یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بڵاوکراوەی ناوخۆ، ڕونکردنەوەیەکی پێویست بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥.

و ئەوەش بە مەلا بەختیار گوتراوە، کە ڕێگەی جیابوونەوەی لێ ناگیرێت و ئازادن لە دروستکردنی ڕێکخراوی سیاسی بۆ خۆیان.

لە بڵاوکراوەکەدا نووسراوە: "سەرکردایەتی یەکێتی بە سەرکردایەتی کۆمەڵەشەوە، هەرچەندە بە تۆندی دژی جیابوونەوە و دووبەرەکی نانەوەیە، بەڵام باوەڕیشی بە سەربەستی بیروباوەڕی سیاسی هەیە و دەمێکە بڕیاری داوە کە ئازادی سیاسی و فکری و تەنزیمی بۆ هەموو تاقم و ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕان دابین بکات کە دژی شۆڕش و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەبێت".

لە دریژەی نامیلکەکەدا، وەڵامی ئەو ڕەخنانە دراوەتەوە، کە دەڵێ ئازادی بۆ دروستکردنی ئاڵای شۆڕش لە سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە سیاسییە زەوتکراوە و تیایدا نووسراوە: "بە مەلا بەختیار گوتراوە ڕێگەی جیابوونەوەیان لێ ناگیرێت و ڕێگەی ئەوەشیان لێناگیرێت کە ڕێکخراوی سیاسی خۆیان دروست بکەن. مەسەلەی هاوکاریشیان بەندە بە هەڵوێستی ڕاستەقینەیان لە ی.ن.ک و شۆڕش وە بەکار و کردەوەی خۆیانەوە."

"لە جێگەیەکی دیکەدا نووسراوە: "دابینکردنی ئازادی بیروباوەڕ و سەربەستی سیاسی و فیکری و تەنزیمی بۆ هەموو ڕێکخراوە دڵسۆزەکانیش مانای پەسەندکردنی جیابوونەوە نییە. مانای نیشان نەدانی زەرەر و زیانەکانی نییە، مانای ئەوەش نییە کە ماوەی پێبدەین پەرەبسێنێت و یان کار بکاتە سەر یەکێتی ریزەکانی پێشمەرگە. دیارە ئەو کاتە ئێمە بە مەلا بەختیاریشمان ڕاگەیاندووە کە زۆر بە تۆندی دژی پچڕپچڕ کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانین و بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی پێ نادەین."

لە نامیلکەکەیدا یەکێتی دەیەوێ ئەوە بە ڕێکخستن و هێزەکانی بڵێ، کە ڕێکخستنەکەی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی دژی شۆڕش و هێزەکانی پێشمەرگە بووە و بۆیە ویستویانە بەر بەو مەترسییە بگرن و لە ڕێگەی بڵاوکراوەکەیانەوە دەیانەوێ شەرعییەت بەو دژوەستانەوەی هەوڵەکانی مەلا بەختیار بدەن و حەق بە خۆیان بدەن بۆچی وا کۆتاییان بەو ڕێکخستنە "مەترسیدارە" هێناوە.

لە بڵاوکراوەکەیدا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ئاڵای شۆڕش دروست کرا و ئەو ڕێکخستنە خۆیان ئاشکرا کرد. بەپێی ڕونکردنەوەکە بێت، ئاڵای شۆڕش نیازی ئەوەی نەبووە وا بە زووبی خۆیان ئاشکرا بکەن و ویستوویانە لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و یەکێتیدا کاری دەستەگەری بکەن و ریزەکانی شۆڕش و یەکێتی و کۆمەڵەش کەرت و لاواز بکەن، دوای گەیشتن بەو ئامانجەیان ئەوجا ڕێکخراوەکەیان ڕابگەیەنن. بەڵام بڵاوکراوەکە وا دەنووسێت کە

یەکێتی بە پلانەکەی زانیون و پلانەکەی ئاشکرا کردوون و هۆشداری داوەتە بەرپرسانیان، بۆیە ئەوانیش بەناچاری ڕێکخراوەکەیان ڕاگەیاندووە.

هەروەها یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕوو دەکاتە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان پێیان دەڵێت: "ماوەیەک نییە کە مەلا بەختیار و هاوبیرەکانی لە ڕیزی یەکێتی نیشتیمانی و کۆمەڵە، گیانی دەستەگەری دروست دەکەن و دووبەرەکی بڵاودەکەنەوە و دژی ڕێباز و بیروبۆچوونەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیش کاریان دەکرد. هەرچەندە خۆشیان لە کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەدا بۆ بەرنامە و سیاسەت و ڕێباز و هەڵوێستەکانی کۆمەڵە دەنگیان دەدا. بەڵام هەر دوای بڵاوەکردنی کۆنفرانسەکانی کۆمەڵە، بە دزی و لەولاولەولا دەکەوتنەوە دژایەتیکردنی بڕیارەکان و سیاسەتەکان و هەڵوێستەکانی کۆمەڵە. واتە ئەوانە بە هیچ شێوەیەک ئیحترامی سەرەتاکانی سیاسی و تەنزیمی (م.ل)ی کۆمەڵەشیان نەدەگرت. لە چەندین بۆنەی جیاجیاشدا بەجۆرێک ڕەفتاریان دەکرد کە کێشەیان سازدەکرد، وە بەپێی بۆچوونەکانی خۆیان و دوور لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی ی.ن.ک. و سەرکردایەتییەکەی ڕەفتاریان، دەکرد و لە سێبەر و توانای مادی و مەعنەوی یەکێتی سودیان وەرئەگرت، بۆ ئەوەی بە دزییەوە و بە ڕێگە و شوێنی نا ئوسوولّی و نامەبدەئی و ناپەسەند، هەوڵیان ئەدا کار بکەنە سەر کادر و ئەندامان و تەقەلای ئەوەیان بوو دڵی پێشمەرگە لە ڕێبازی دروستی یەکێتی و سەرکردایەتییەکەی بڕەنجێنن.

لەبارەی ئاشکرابوونی ڕێکخراوەکەشیانەوە لە ساڵی ١٩٨٥دا، بڵاوکراوەکەی یەکێتی ئەوەی ئاشکرا کردووە: "پاش ئەوەی سەرکردایەتی بە ڕاشکاوی ئاگاداری کردنەوە کە چیتر ڕێگە بەو جۆرە ئیشکردنەی ئەوانی قەبوڵ نییە، چیتر ڕێگە بە کەس نادات بە ڕێگەی پیلانگێڕان و بە ناوی کۆمەڵە و یەکێتییەوە لەناو کۆمەڵە و یەکێتیدا کار بۆ جیابوونەوە و کەرتوپەرتکردنی یەکێتی و هێزی پێشمەرگە بکەن. ئەوانیش کە زانییان سەرکردایەتی یەکێتی شتی زۆری لەسەر زانیون، جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند."

یەکێتی لەو ڕاپۆرتەکەدا دەڵێ: "دەستەی ئاش، بریتیە لە دەستەیەک لەو کادر و ئەندامانەی کۆمەڵە کە بەهۆی تونددڕەوی و یاخود سەرنەکەوتن لەو ئەرکانەدا کە خرابووە سەر شانیان، بەردەبەرە جێگەیان پێ لێژ بوو و لە ئاستەکانی مەسئوولییەتدا لاکەوتن. بۆیە ئیتر کەوتنە ناڕەزایی و پرتەوبۆڵەکردن و کەوتنە پڕوپاگەندە کردن دژی بیری سیاسی و هەڵوێستەکانی یەکێتی و کۆمەڵە، لەبنەوە کەوتنە کنەکردن لە ڕیزەکاندا و دژی بیروبۆچوونی یەکێتی و دژی هەڵوێستەکان و دژی لێپرسراوەکان

و دژی خەباتی چەکدارانە وەستانەوە. بۆ ساردکردنەوەی تێکۆشەرەکان و پێشمەرگەکانیش لە خەباتی شۆڕشگێرانە، وەک تابوری پێنجەم بۆ دوژمن کنەیان کرد و زۆر کەسی ساویلەکەشیان بە تەسلیم بوونەوە دا."

لەسەر رۆڵی مەلا بەختیاریش لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەو دەوری سەرپەرشتی کردنی ئەم دەستە و تاقمانەی بینیوە و بە نیازی ئەوە بووە ئەو هێز و کەسانە یەک بخات و بۆ دژی یەکێتی قوتیان بکاتەوە. لە راپۆرتەکەدا یەکێتی لەبارەی زیانەکانی ئەم رێکخراوەوە، دەڵێ: "ئاش هۆیەکی تری پارچەپارچەبوونی جوڵانەوەی گەلی کورد زیاد دەکەن. کارێکی وا دەکەن کە لایەنەکانی تر و نەیارەکانی یەکێتی هان بدەن ئەم ئنشیقاقچییانە بدۆزنەوە بۆ لاوازکردنی پێشمەرگەی کوردستان بەکاریان بهێنن. هەروەها دەوڵەتانی ناوچەکە هەڵوێستی تازە ئەگرن. ئیتر تەماشای رەوتی ئینشیقاق ئەکەن، درز و کەلێن لە ریزەکانی جووڵانەوەکەدا ئەدۆزنەوە و دزەی لێوە ئەکەن و کنەی تێیدا ئەکەن و شۆڕش کلۆر ئەکەن و زیانی پێ دەگەیەنن."[1]

**حەوتەم: پاشگەزبوونەوە**

دوابەدوای دەستگیر کردنی سەرکردەکانی ئالای شۆڕش، لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتیەوە لیژنەیەکی تایبەتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا پێکهات، سەبارەت بە ئەندامانی لیژنەکە و چۆنێتی هەڵسوکەوتی ئەو لیژنەیە لەگەڵ مەلا بەختیار و هاوڕێکانی، دکتۆر شۆڕش حاجی یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکە دەڵێ : "لە دوای دەستگیر کردنی مەلا بەختیار و مامۆستا پشکۆ و شێخ عەلی، لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیان. لیژنەکە پێکهاتبوو لە دکتۆر خەسرەو خاڵ و محەمەد تۆفیق رەحیم و من. شێوازی قسە و لێکۆڵینەوەکانمان لەگەڵیان زیاتر شێوەی گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام بوو، نەک ئەوەی دەگوترێ کە گوایە هەڕەشە و تۆندوتیژی تێیدا بەکار هاتبێ. هەموو پرسیارەکانی ئێمە و وەڵامەکانی ئەوان بەدەنگ تۆمار کراوە و کۆپی ئەو لێکۆڵینەوە دەنگییە پارێزراوە و ئێستاش لەبەردەستە.

شۆڕش حاجی دەشڵێت: "لەو رۆژەوەی ئەوان بەگیراوی هێنران بۆ یاخسەمەر تا ناوەڕاستی مانگی شوباتی ساڵی١٩٨٦، من لە لایەن مام جەلال و ناوەندی کۆمەڵەوە راسپێردرابوم بۆ سەرپەرشتی کاروباری زیندانەکەیان و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان. ئەگەرچی ناخۆشە ئێستا بریتی ئەو سەردەمە هەڵدەمەوە و عەقڵییەت و رەفتاری دەرویش ئاسای ئەو سەردەمەی خۆم شەنوکەو بکەم، بەڵام بە شانازییەوە دەڵێم کە

1 . یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بڵاوکراوەی ناوخۆ سەرچاوەی پێشوو.

لەو ماوەیەی من لێیان مەسئول بووم، نەک تەنیا لەلایەن خۆمەوە بەڵکو هەموو پێشمەرگەکانیش، بە حورمەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردوون و رێگەم نەداوە هیچ بێ حورمەتییەک یان هیچ جۆرە هەڕەشە و تۆندوتیژییەک بەرانبەریان بکرێ. (خۆیان و هەموو ئەو برادەرانەی ئەو سەردەمە کە لەوێ بوون، شایەدی ئەو قسەی منن). ئەگەر گلەییەکیش لە شێوازی مامەڵەکردنیان دوای رۆیشتنی من هەبێ، من ئاگادار نیم."

لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکاندا نەوشیروان مستەفا نامەیەکی بۆ مەلا بەختیار نووسیوە و داوای لێ کردووە بۆ پاراستنی ریزەکانی کۆمەڵە و تێک نەچوونی یەکڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ هاوڕێکانیدا نامەیەک بنووسن بۆ هەوادارانیان ئەمە دەقەکەیەتی[1]

برای بەڕێزم کاک مەلا بەختیار

سڵاوێکی گەرم، هیوام خۆشیتانە

کاکە! من خۆم بۆم نەکرا بێمەوە، بەڵام وا برادەران لە باتی من هەرسێکتانیان یەکخستوە بۆ ئەوەی ئێوەش لەناو خۆتاندا مشاوەرە بکەن، من وەکو برادەرێک ئەم تکایەم لە خۆت و هەردوو برادەرکەی تریش هەیە کە نامەکە بەمجۆرە بێت:

١. عینوانەکەی خۆتان ئەیزانن بۆ کێ ئەینێرن و بە ناوی چییەوە ئەینوسن، چونکە سەیر دەرئەچێ خۆتان ئەلقەی ناوەندی نوسەران بن و بۆ ئەوانیشی بنوسن.

٢. ناوەڕۆکەکەی ئەم شتانەی تێدا بێت:

ا. کە ئێوە وازتان هێناوە.

ب. هۆی وازهێنانتان چی بوە، بە چاکی ئەزانم هەم شێوەی ئیش کردنی خۆتان و هەم قۆناغی ئێستای خەباتی گەلەکەمان تێیدا باس بکەن و رەچاوی بکەن.

ج. نەختێک درێژە بە هۆیەکانی وازهێنانەکە و خاڵەکانی بدەن و حجەکان مەعقول بن و روکەش نەبن.

د. هەڵوێستی ئێستاتان لەگەڵ کۆمەڵە و یەکێتی نیشتمانی و شۆڕشەکەی دیاری بکەن و وەڵامی ئەوە بدەنەوە کە هەمو دڵسۆزێکی نیشتمانپەروەر و مارکسیستێکی راستەقینە ئەبێ هەڵوێستی دۆستانە بێ و بەهێزی بکات یا دوژمنانەبێ و بەگژیدا بچێ.

و. حەز ئەکەم تاکید لەسەر خراپی ئەو ئسلوبە بکەن کە بە عەرەبی بە (متسلل) و لە ئەدەبیاتی مارکسیدا بە (ئینتریزم) کە بە زۆری ترۆتسکییەکان کردویانە، وە زەرەری

1 . عادل رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧٠ -٥٧١.

ئەوە بۆ هەردولا، چ ئەوەی (متسلل) و چی ئەوەی (تسلل)ی تێ کراوە، ئەمە وەکو مەبدەئی تەنزیمی و هەروەها وەکو ئەخلاقی سیاسی.

٣. سەبارەت بەو تەفسیلاتە داوا لەوانەش بکەن کە تا ئێستا وەکو جاران کار ئەکەن چاوێک بە هەڵوێستی خۆیاندا بخشێننەوە و هەڵەکانی خۆیان کە زۆر زەرەر لە خۆیان و کۆمەڵە و جوڵانەوەی گەلەکەشمان راست بکەنەوە.

٤. نامەکە چەند مفەصەل و تێرو تەسەل و زۆرتر لایەنە سیاسی و فکرییەکان بگرێ باشترە. وە چەند مساهەمە بکا لە بڵاوە پێ کردن و لاواز کردن و گەڕانەوەی ئەو برادەرانە وا باشترە.

٥. لە کۆتایدا ئەمەوێ ئەوە دوبار بکەمەوە کە ئەم کارە بۆ کۆمەڵە و شۆڕش ئەکەن لەبەر ئەوە لە نرخی ئێوە زیاد ئەکا و لەلای ئێمە گەورەتان ئەکا و ڕێز و حورمەتی پێویست تان بۆ پەیدا ئەکا و ئەوەش گەورەترین خزمەتی کۆمەڵە و شۆڕشە.

دوبارە سڵاو هەر بژین

نەوشیروان مستەفا. [1]

بەڵام دکتۆر شۆڕش حاجی باس لەوە دەکات کە زیندانییەکان یاداشتێکیان داوە بە سەرکردایەتی کۆمەڵە: "دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، سەرەتا یاداشتێکیان واژۆ کرد سەبارەت بە چالاکی و تێڕوانینیان دەربارەی کۆمەڵە و یەکێتی و بارودۆخی ئەوسای کوردستان و عێراق. ئەو یاداشتە زیاتر ڕاوبۆچونی سیاسی ئەوان بوو، نەک داننان بە دروست کردنی ڕێکخراوێکی نهێنی و ئەگەری دروست کردنی هێزی چەکداری تایبەت بەو ڕێکخراوە. بۆیە ئەو یاداشتە لە لایەن سەرکردایەتی کۆمەڵەوە بایەخی پێ نەدراو کاک نەوشیروان و ناوەندی کۆمەڵە بەو یاداشتە رازی نەبوون."

عادل ڕەفیق ئەندامی دامەزرێنەری ئاڵای شۆڕش، لێکدانەوەیەکی هاوشێوەی ئەو زانیارییەی شۆڕش حاجی بۆ نامەی یەکەم و وەڵامەکەی دەکات و پێی وایە وەڵامەکەی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی، بە دڵی نەوشیروان مستەفا نەبووە.

ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/١٥ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان پلینۆمی بەست. پلینۆم گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەوانە خیانەتیان لە کۆمەڵە و یەکێتی کردووە و زەرەریان لە خەباتی چەکداری گەلی کورد داوە و پشێوییان لە ریزەکانی کۆمەڵە دروست کردووە و بەنیاز بوون هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەت بکەن.

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (١٢) نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ مەلا بەختیار، م. پشکۆ و شێخ عەلی.

بۆیە بەشداربوانی پلینۆم بە کۆی دەنگ، جگە لە عەبدوڵا تۆفیق (ئەندامی ڕێکخراوی چواری کۆمەڵە) سزای کوشتنی بەسەردا سەپاندن.

برایم جەلال دەڵێ دوای پێنج ڕۆژ لە پلینۆمەکە، چووەتە زیندان بە مەلا بەختیاری وتووە پلینیۆم بڕیاری گولە باران کردنتی دەرکردووە. مەلا بەختیار بە بیستنی ئەو هەواڵە ڕوخاوە و دەستی کردووە بە گریان و وتوویەتی:

- کەواتە زیلان بێ باوک ئەبێ؟ ئەی ئەگەر هەموو شتەکان بڵێم؟

- سبەینێ وەڵامت ئەدەمەوە.

بۆ ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/١٦ چوومەوە لای و پرسی:

- وەڵام چییە؟

- لە گولە باران دەتبوورن و ماوەیەک زیندان ئەبی و پاشان دەردەکرێ لە کۆمەڵە و یەکێتی و ئازاد دەکرێی لە کوێ ئەبی ئەتوانی.

- دەباشە تەسجیلت هێناوە، داینێ و فەرموو بنوسە.

- نا فەرموو بەدەست خەتی خۆت وەڵامی ئەم پرسیارانەم بدەرەوە و بە نووسین بینووسە.

مەلا بەختیار نەک هەر وەڵامی هەموو پرسیارەکانی منی بە نووسین دایەوە، بەڵکو کەوتە نووسینی ناوی هەموو ئەندام لق و شانە و ڕێکخستنەکانی ئاش، نەختێ دامام و پاشان وتم:

- کاک بەختیار سەرکردەی پرۆلیتاریا بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆی قوربانی بە ڕێکخراوەکەی و ئەندامەکانی دەدا بەو جۆرە؟ بەس نەبوو لە شارە دا دەست ڕژێم نەکەوتی، خۆ کۆمەڵەت بە هەڵتەکاندن ئەدا.[1]

وەک لە نامەیەکی نەوشیروان مستەفادا دەردەکەوێ، پاش پلینۆم خۆی دوو جار لە زیندان سەردانی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی کردووە، لە شەوی٦/٥ی کانونی دووەمی ١٩٨٦ واتە دوای پلینیۆم بە ٢٠ ڕۆژ، نامەیەکی دیکەی بۆی نووسیوون و وردەکاری داخوازییەکانی خۆی پێ وتوون، ئەمە دەقەکەیەتی:

برایانی بەڕێز کاک بەختیار، کاک پشکۆ ، کاک شێخ عەلی

سڵاوێکی گەرم

لەو دوو جارەدا کە سەردانم کردن و لەو نامەیەدا کە بۆم نوسی بوون، بەڕاستی ویستم بە جۆرێک قسە بکەم کە ئێوە هەست بە بریندار بونی شعور نەکەن و هەوڵم

1 . برایم جەلال، چەپکێ لە میژووی کۆمەڵە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥١-٤٥٣.

دا زۆر بە نەرمی و دیپلۆماسی هەمو مەسەلەکانی لە سەرتانە و ئەوەی ئێمەش ئەمانەوێ تێتان بگەیەنم، بەڵام پێ ئەچێ لە کارەکەمدا سەرکەوتو نەبوم، بۆیە بە پێویستم زانی لە چەند نوقطەیەک ئاگادارتان بکەم:

١. ئەم نامەیەتان پاشکەز بونەوەیە لە هەموو قسەکانی پێشو و ئاشتان لەریزی یەکێتی داناوە و مەجالی ئەوەتان تێیدا هێشتوەتەوە کە لە پاشەڕۆژدا پێکەوە لەگەڵ ئەوان تێهەڵچنەوە و پیاو بۆی هەیە ئەمەشتان وەکو قسە و ئیشەکانی ترتان بەرانبەر بە کۆمەڵە و یەکێتی بۆ حساب بکات.

٢. ئێوە لە لایەن پلینۆمەوە محاکەمە کراون و (تجریم) کراون، ئەگەر بڵێن خۆتان لەوێ نەبون، بەیان و بڵاوکراوە و نامە و نوسینەکانتان لەوێ بون، کردەوە و شایەتەکان و مودەعیەکان لەوێ بوون و هیچ دیفاعێکی خۆتان دادی نە ئەدان و دیفاعی هیچ محامییەکیش لە تاوانەکەی سوک نە ئەکردن. جا لەبەر ئەوەی رەنگە واتان زانیبێ ئێمە بۆ ئیبتزاز ئەوەمان کردبێ، حەز ئەکەم بیرتان بخەمەوە کە ئێوە بە (خائین) حوکم دراون بەرانبەر کۆمەڵە و یەکێتی و پێشمەرگە و شۆڕش. ئەشزانن لەم قۆناغەدا یەکێک خائین بێ بەرانبەر بە و مەفهومانە یەعنی چی و رەئی خەڵک و تاریخ چی ئەبێ لەسەری وا بە کورتیش (حیثیاتی) حوکمەکەتان بیر ئەخەمەوە کە هەر کادیرە سیاسی و عەسکەری یە ئەساسیەکەی کۆمەڵە بەناوی سەریحەوە ئیمزایان کردووە:

١. ئێوە وەک خط مائل لە ناو کۆمەڵە و یەکێتیدا کارتان کردوە ڕێکخستنتان بە نیازی تێکدان و روخانی کۆمەڵە و یەکێتی و پێشمەرگە دروست کردوە لە ناو ڕێکخستنی کۆمەڵە و یەکێتی و پێشمەرگەدا.

٢. ئێوە بەهۆی بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی شۆڕشەوە، کە بە حوکمی مەسئولیەتە تیاریەکانتان زانیوتانە جاسوسیتان بۆ دوژمن کردوە، ئەوەندەی نهێنیتان زانیوە لە بڵاوکردنەوەکانتان بۆ ئێران و عێراق و جود و لایەنەکانی ترتان نوسیوە. جگە لەوەی ئەو ئەندام و لایەنگرانەی ئێوە ئەوەی تەسلیمی عێراق و ئێران و جود بوە، هەرچی زانیوە وتویەتی و مەگەر بۆ خۆی خراپ بوبێ.

٣. ئێوە بازرگانیتان کردوە بە ناوی شەهیدانەوە و سوێندی درۆتان بە گۆڕەکانیان خواردوە، مقابەلەی درۆتان بە ناوەوە و دروست کردون، تەوهینتان پێکردون و تەربیەتی ئەندام و لایەنگرانی خۆیشتان بەم ئسلوبە کردوە،

٤. دو روی و دو زمانی و لیبرالیزم و هەلپەرستی و پیلانگێڕان و لەخشتە بردنی تێکۆشەرانتان بڵاوکردووەتەوە و ئەوەتان کردوەتە (تقیم)ی سیاسی و ئەخلاقی حیزبی خۆتان.

٥. پەیوەندیتان کردووە بە دەوڵەت و لایەن و حیزبی بێگانەوە بۆ وەرگرتنی یارمەتی و پشتیوانی بۆ ئینشقاق و یاخی کردنی پێشمەرگە و تێکدانی ریزەکانی کۆمەڵە و یەکێتی و پێشمەرگە و مەعلوماتەکانی ئێمەتان بۆ مەبەستی خۆتان داوە بەوانە.

٦. بوون بەهۆی روخاندن و ساردکردنەوە و دانیشتنی سەدان کادیر و پێشمەرگە و تەسلیم بونەوەیان بە عراق و ئێران و رۆیشتنیان بۆ دەرەوە.

جا براینە، نامەوێ زیاتر لە سەری بڕۆم، من ویستم سەبارەت بە موقعی خۆم و برایەتی و دۆستایەتی و هاوڕێیەتی دە ساڵی رابردو کارێک بکەم ئەو حوکمەتان لەسەر لاببەم و بە جۆرێک لێی دەرچین کە نە ئێوە بەو دەردە بچن و نە منیش پرتەوبۆڵەم بێتە سەر. خۆتان ئەزانن بۆ من لە ئەستۆگرتنی ئەو مەسئولیەتە واتە جێبەجێ نەکردنی بڕیاری گشتی هەمو کادرەکان یەعنی چی. وە بۆ ئێوەش کە ئەو بڕیارەتان لەسەر لابچێ یەعنی چی و ئەبێ چی بنوسن و چی بکەن و چی بڵێن. من ئەوەی لەسەرم بوو وەکو ویژدانی خۆم و وەفای برایەتی و جۆرێک لە ئیلتیزام بەرانبەر هەندێ کەس کردم، ماوە ئێوەش بەشەکەی خۆتان بکەن، ئەگینا من لێی دەرچوم و هیچی تر قسەی هاوڕێکانم ناهێنمە سەر خۆم.

نەوشیروان مستەفا

١٩٨٦/١/٦-٥ [1]

دوای رۆژێک لە ناردنی نامەکە، مەلا بەختیار هەموو ئەو شتانەی کە نەوشیروان مستەفا لە نامەکەیدا داوای کردبوو لە پەشیمانناممەیەکدا نووسی و ئیمزای کرد و بەدوای ئەویشدا هاوڕێکانی دیکەی ئیمزای خۆیان وەک رەزامەندی لەسەر ناوەڕۆکەکەی خستە سەری.

دەقی پەشیمانناممەکە

بۆ کۆمیتەی سەرپەرشتی ئاڵای شۆڕشی بەڕێز

پاش سڵاو

پاش ئەو هەموو ململانێ و ناکۆکی و دژایەتییانەی پێشوومان لەناو کۆمەڵەدا، دواتریش تاوانی خۆ اعلان کردن وەکو ئاڵای شۆڕش بەرانبەر کۆمەڵە و یەکێتی وەکو جیابوونەوە لێیان، گەیشتینە ئەو قەناعەتەی هەموو ئەو کارە ناڕاستانەی پێشووی ناو کۆمەڵەمان و کردەوەکانی ئەم دواییانەشمان ئیدانە بکەین و بە تاوانیان بزانین بەرانبەر

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (١٢) نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ مەلا بەختیار، م. پشکۆ و شێخ عەلی لە ٥|١٩٨٦/١/٦.

به کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بزوتنەوەی کرێکارانی کوردستان و شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان.

بۆیە بڕیارمان دا کە چیتر لەمەودوا لەگەڵ ئێوەدا کارنەکەین و واز لە سیاسەت بهێنین، هەموو پەیوەندییەکی خۆمان لەگەڵتان ببڕین لەبەر ئەم هۆ فکری و سیاسیانەی خوارەوە:

أ. ئەو شێوە کارکردنەی کە ئێمە ممارەسەمان کرد لەناو کۆمەڵە و یەکێتی دا، پاشان پەیوەندیکردنمان بە ئاڵای شۆڕش و نەپساندنی پەیوەندی حیزبیمان لەگەڵ کۆمەڵە بە ڕەسمی، واقعەکە سەلماندی کە ئەو شێوە کارە ناشەرعی و نادروست بووە و ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لێی پەشیمانین، وە دەرکەوت لەناو شۆڕشی گەلەکەماندا لە کوردستانی عێراقدا تەئسیری سەلبی زۆری هەبووە لەسەر بزوتنەوەی کرێکاران و یەکێتی ڕیزەکانیان و مارکسیستەکان، بۆیە پاشگەزبوونەوەمان و دوورکەوتنەوەمان لە قازانجی شۆڕشدایە.

چوونکە ڕێبەرایەتی بەرگریی شۆڕشگێرانە کە مەسەلەیەکی سەرەکییە بە هێزێکی وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکرێ، نەک بە چەند ئەڵقەیەکی بچووکی بێ هێز، بە ڕاستی دەبوایە باشتر ڕەچاوی واقعی خەباتی گەلەکەمان و شۆڕشەکەی بکەین، تەنانەت ئەگەر قەناعەتی فکری تایبەتی و جیاوازیشمان بووبێت، ڕاستتر وابوو لە ڕیگەی ئسولی حیزبایەتییەوە وەک شەخسی خۆمان دوور خستبایەتەوە لە کۆمەڵە و یەکێتی، چوونکە ئەبوایە بمانزانیایە ئەم کارانەی ئێمە بە حوکمی مەرکەزمان لەناو شۆڕش و کۆمەڵەدا دەبێتە مایەی کێشە و گیروگرفتی ئاوا کە گیانی بەرەنگاریی لاواز دەکات، ئەویش سەرئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵەیەی کە ئێمە گرتبوومانە بەر.

ب. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی شۆڕشگێریی ئەساسی کۆڕی خەبات، یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش وەک لایەنێکی نیشتمانپەروەری ڕزگاریخوازی کاریگەر و باڵادەستی شۆڕشیش وەک بڕبڕەی پشتی گەلەکەمان و بزوتنەوەی نیشتمانی لە عێراقدا لە دژی فاشستەکان ئەرکی سەرشانی هەموو کەس و لایەنێکی شۆڕشگێرو دیموکراسی و چەپێکە ئەمڕۆ درێغی نەکات لە پشتیوانی و دۆستایەتیکردنیان، کارێکی وا نەکەن لەبەرامبەر دوژمندا لاواز بێت، چونکە لاوازکردنیان دەبێتە هۆی پاشکەوتنی سەرکەوتنی جوولانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، بۆیە لەمەوبەر کارەکانی ئێمە کە پێچەوانەی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە بووبێ ئیدانەیان دەکەین، بەتایبەت پاش ئیلتیزامکردنمان بە ئاڵای شۆڕشەوە.

ج. خۆتان دەزانن هەڵوێستمان بەرانبەر نووسراوەکانی کاک سالار و م. جەعفەر بەتوندی ڕەتکردنەوەیان بووە، چونکە بە گیانێکی دوژمنکارانە و ناڕاست بەرانبەر کۆمەڵە و یەکێتی نووسراون، ئێستاش هەمان هەڵوێستی ئیدانەکردنمان هەیە، سەبارەت بە هاندانی لایەن و دەوڵەتەکانی ناوچەکە بۆ دوور کەوتنەوە لە یەکێتی و دژایەتی کردنیان هەر لە لایەن ئەو برادەرانەوە بە تاوان و خیانەت لە قەڵەم دەدەین، لە کاتێکدا پێویست بوو بە پێچەوانەوە دۆست و پشتیوان و ئیمکانیات بۆ شۆڕش و جوولانەوەی گەلەکەمان زیاد بکەین، وە هەوڵی نزیک خستنەوە و یەک خستنی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی چەکداریی کۆری خەبات بدەین بۆ نەهێشتنی شەڕی ناوخۆ، وە ئێمەش دەبوو پێش وەخت لەم بارەیەوە مەسەلەکانمان لەگەڵ ئەو برادەرانە یەکلا بکردایەتەوە.

د. هەر کە گەیشتینە قەناعەتی بێ هیوایی لە کۆمەلە لەرووی ئسووڵی حیزبایەتییەوە پێش وەخت دەبوو ئیستیقالەی ڕەسمیمان لە کۆمەڵە بکردایە، پاشان بیرمان لە چوونە ناو لایەنێکی تر بکردایەتەوە.

کارکردنمان بە چەشنی (تسلل) تاوانێکی تەنزیمی و سیاسی گەورە بوو، کارێکی ناشەرعی بوو، زیانی بۆ هەردوولا هەبوو، بۆیە لەوشێوە کارە پەشیمانین و بەتوندی ڕەخنەی لێ دەگرین، وە بە پێویستیشی دەزانین هەوڵدەین ئەو شێوە کارکردنە بنبر بکرێ و هەرکەس لای خۆیەوە چاوی پێدا بگێڕی و پاشماوەکانی نەهێڵێ، تا چیکە نەبێتە زیان بۆ کۆمەلەو شۆڕش.

هەر دەربارەی کەرت و پەرتکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەر چەندە ئێمە بە کارێکی نالەبارو تاوانمان زانیبێ، بەڵام شێوەی سراعەکە و سیاسەتەکە، دەرکەوت هەر بۆ ئەوەی دەبرد، بۆیە دیسان دژی جیاکردنەوەی هێزی (پ.م) کوردستانین، وە هەموو تەقەلایەک بۆ ئەو مەبەستە، واتە جیاکردنەوەی هێزی (پ.م) کوردستان بە خیانەت و تاوان دەزانین، وە بەتوندی لایەنگری یەکێتی ڕیزەکانی و گیانی برایەتی و هاوڕێیەتی ڕاستەقینەن لە ڕیزەکانیدا.

دەستهەڵگرتن لەم جۆرە سراع و سیاسەتە تاقە زامنی ڕەواندنەوەی ئەو مەترسیەیە کە ئەبێتە هۆی لاوازکردنی شۆڕش و قوڵکردنەوەی ئەو کێشە نامەبدەئییانەی پێشوو، بۆیە هیوامان وایە هەر کەسێکیش بەهۆی کێشەکانی ئەم دواییەی لەژێر تەئسیری ئەو وەزعە سیاسیەدا تووشی دووڕەڕیزی و لادان و دووکەوتنەوە بووە لە یەکێتی و هێزی (پ.م) و کۆمەڵە، وەک پێویستە دان بە هەڵەکانی خۆیاندا بنێن و بگەڕێنەوە ناو هێزی (پ.م) و براکانی خۆیان لە یەکێتی دا، چونکە ئەم واقعە هەرگیز بەرگەی

جیابوونەوە و شەڕی ناوخۆو زیادکردنی لەشکرێکی کە ناگرێت. وە هەر ئەمەش جەرگی دوژمن دەبڕێ و دڵی میللەتەکەمان خۆش دەکات، ئێمە لە لایەن خۆمانەوە لەو جۆرە سراعە  کە ئەم ئەنجامەی دا بەدەستەوە پەشیمانین، هیوادارین هەموو برایەکی تریش ئەم هەڵوێستە وەرگرێ و چیکە درێژە بەو سیاسەتە هەڵەیە نەدات.

ئەوی لە سەرەوە نوسیومانە پوختەی هەڵوێست و را و قەناعەتی ئێمەیە سەبارەت بە ئالای شۆڕش و سەرجەم مەسەلە سیاسیەکان، بە بڕوای تەواوەوە دوور لە هەموو تەئسیرێکی ئەم یان ئەو، لەکاتی گرتنماندا لە لایەن یەکێتی و کۆمەڵەوە لە جەوێکی زۆر هێمن و ئارام و دیموکراسیانەدا، بەبێ هیچ فشارێ، بۆیە دیسان دووپاتی ئەکەینەوە ئیتر ئێمە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە هیچ جۆرە ئیلتیزامێکمان پێتانەوە نەماوە و نامێنێ، وە ئیتر وەکو کوردێکی بێ لایەن و دڵسۆز و دوور لە ژیانی سیاسی، دوور لە کوردستانی عێراق ژیان دەبەینە سەر، بۆ ئەم مەبەستەش داوامان لە کۆمەڵە و یەکێتی کردووە یارمەتی چوونە دەرەوەمان لە هەموو بارێکەوە بۆ مەیسەر بکەن، ئەوانیش بە سوپاسەوە گفتیان پێداوین وە ماندوو بوونی چەند ساڵی ڕابوردوویان بە گیانێکی مەسئولانەوە ڕەچاو کردووە، سەرەڕای ئەو هەموو ناکۆکی و دژایەتی کردنەمان لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە بەرانبەریان.

پشکۆ نەجمەدین　　مەلا بەختیار　　شێخعەلی

١٩٨٦/١/٧ [1]

سنوری دەقی بڵاوبوونەوەی ئەو پەشیمان بوونەوەیە لە چەند کەسێک تێنەپەڕی، سەبارەت بە هۆکاری بڵاونەکردنەوەی دەقی پەشیمان بوونەوەکە، دکتۆر شۆڕش حاجی دەڵێ: "ئەو کاتە ئەو یاداشتە نە بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و نە بۆ رای گشتی بڵاونەکرایەوە. تەنیا ژمارەیەکی کەم لەو سەردەمە ئەو یاداشتەمان دی. پێم وایە هۆی بڵاونەکردنەوەی ئەو یاداشتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرکردایەتی ئەو سەردەمەی کۆمەڵە نەیانویست کێشە و پشێوی زیاتر بکەوێتە ریزەکانی ڕێکخستن لە شار و لە شاخ و ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستانو پێیان وابوو کە بڵاوکردنەوەی ئەو یاداشتە بە قازانجی دوژمنانی کورد و ناحەزانی یەکێتی تەواو دەبێ."

لە دوای مەلا بەختیار و لە دوای ڕاپەڕین و تەنانەت لە دوای دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕانیش، سەرەڕای ئەوەی لە زۆر دۆخدا مەلا بەختیار پەرکێشی دەکرد لە دژایەتی کردنی نەوشیروان مستەفا و بزوتنەوەی گۆڕاندا، هەرچەندە زۆر کەس

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (١٣)  پەشیمانناماەکەی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی.

داوایان لێ دەکرد بۆ بێ دەنگ کردنی ئەو بەڵگانە بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەو هەرگیز رازی نەبوو. شۆڕش حاجی وەک کەسێکی نزیک لە نەوشیروان مستەفا، لەو بارەوە دەڵێت: "من هەرگیز ئەوەم بە خەیاڵدا نەهاتووە کە رۆژێک لە رۆژان ئەو شتانە دژی مەلا بەختیار بەکاربهێنرێ، بۆیە نە ئەم پرسیارەم لە کاک نەوشیروان کردووەو نە ئەویش راستەوخۆ و راشکاوانە لە لای من وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە. بەڵام زۆر جار کە دادەنیشتین و باسی بەسەرهاتەکانی جارانمان دەکرد و ئاڵوگۆڕی بیرورامان دەکرد باسی سەرهەڵدانی ئاڵای شۆڕش و ئەو سەردەمەمان کردووە کە ئەوانی تێیدا گیران و چۆن و بۆچی یەکەم جار من کرام بە بەرپرسی ئەو برادەرانە لە زیندان و ئەندامی یەکەم لیژنەی لێکۆڵینەوە. لەو چوارچێوەیەدا کاک نەوشیروان پێی وابوو ئەو رووداوانە و ئەو یاداشتە هی سەردەمێکی تر بوە و تێپەڕیوە. هەمومان پێمان وابوە کە دەبێ رووداوەکانی رابردو بکرێنە پەند بۆ کاری داهاتومان و هەڵەی رابردو دووبارە نەکەینەوە. دیارە ئەویش رای وابوو کە هەڵدانەوەی لایەنە خامۆش و ناشیرینەکانی رابردوو زەرەر لە دۆزی کورد و کەسایەتیی کەسەکانی ناو جوواڵانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان دەدا. خەسڵەتێکی کاک نەوشیروان ئەوەبوو هەر کاتێک بە نووسین (لە وتار یان کتێب و لێکۆڵینەوە) باسی خەڵکی دەکرد یان هەڵسەنگاندنی بۆ کەسو رووداوو بەسەرهاتەکان دەکرد بابەتییانە دەینووسی و هەستی شەخسی خۆی (خۆشەویستی یان رقی) تێکەڵ نەدەکرد."

## ١. هۆکاری نووسینی پاشگەزبوونەوەکە لە زاری خۆیەوە

مەلا بەختیار، هۆکاری نووسینی پەشیمانناممەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە نەوشیروان مستەفا بەتەمابووە بیکوژێت: "لەو بەینەدا، هاوڕێیەکی خۆم هاتە لام و پێی راگەیاندم، کە نەوشیروان خەریکی تەزویر کردنی نامەیەکە بە ناوی منەوە، گوایە، پەیوەندیمان بە موخابەراتی عێراقەوە هەیە. وتیشی: ئەگەر دڵنیا نەبن لەوەی ئاڵای شۆڕش مەترسی نەماوە لەسەریان، بەو تۆمەتە دەتکوژن. وتیشی: نەوشیروان وتویەتی: ناهێڵین وەکو (عەبدولخالق مەحجوب) ببێتە شەهیدی کۆمۆنیستەکان. باوەڕم بەو قسەیە کرد، چونکە نەوشیروان لە بوختان هەڵبەستن و پروپاگەندە هاوتای کەمە.. بەڵێ... لەبەرئەوەی نەمانکوژن و بە خائینیش نەماننێژن، پێمان بە جەرگی جەرگبڕینی خۆماندا نا و، ئەو نامەیەمان نووسی. بەڵێ هەر سێکیشمان ئیمزامان کرد. بەڵام ئایا، ئەمە لە ترسنۆکیەوە بوو؟ ئایا لەبەر گیانی خۆمان، خۆمان دایە دەستەوە؟"[1]

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٤- ٤٢٥

ئەم زانیاریانەی کە مەلا بەختیار لە کتێبەکەیدا خستوویەتیەتەڕوو، بەهایەکی بەڵگەیی نییە، چونکە وەک زۆر گێڕانەوەی دیکە، ئەو کەسەی گوایە ئەو قسانەی نەوشیروان مستەفای بۆ هێناوە "شایەتێکی نەناسراوە – شاهد مجهول". جگە لەوە نەوشیروان مستەفا گەر مەبەستێکی لەو جۆرەی مەلا بەختیار ئیدعای دەکات، هەبوایە، پێویستی بە تەزویر کردن و بوختان هەڵبەستن نەبوو، چونکە تێکڕای کادیرەکانی کۆمەڵە ئەویان بە خائین زانیوە و بڕیاری کوشتنیشیان بۆ دەرکردووە.

لە جێگەیەکی دیکەدا، مەلا بەختیار دەڵێ من بۆیە ئەو دان پێدانانەم نووسی، تا نەمرم و لە دوایدا خزمەتی ئەو کێشەیە بکەم کە باوەڕم پێیەتی و دەنووسێ: "من نامەوێ باسی مێژووی سەرکردە و سەردارە گیراوەکانی جیهان و کوردستان بکەم، کە لە شەڕدا بە دیلیی گیراون. ئەمەیان مێژوو هەمووی تۆمار کردووە. ئایا ئەوانە ترسی گیانی خۆیان، تەسلیم نەبوون. یان بۆ خزمەتی کێشەکە گیانی خۆیان پاراست."[1]

بەهادین نوری، لە یاداشتەکانیدا حیواریێکی خۆی و مەلا بەختیار لەسەر ئیعتراف نامەکەی دەگێڕێتەوە: "ڕۆشتم بۆسەردانی مام جەلال و داوای بینینی مەلا بەختیارم کرد، ڕێگەیان دام ببینم. بە مەلا بەختیارم وت: نامەیەکت نوسیوە (پاکانە نامە) سەرکردایەتی یەکێتی بڵاویکردۆتەوە (لەو نامەیەدا دانی بەهەڵەی خۆیدا ناوە). مەلا بەختیار لە وەڵامدا وتوویەتی: ئەگەر ئەوەم نەکردایە ئیعدامیان ئەکردم! جا توخوا ئەبوو سەلام پیاو لە پێناوی چیدا ئیعدام بکرێت! کەواتە ئەو قسەیە دروستە کاتێک دەوترێت، جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش بە سەرکردایەتی مەلا بەختیار! لەبەر جیاوازی فکری نەبووە، بەڵکو لە پێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بووە! بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە لە دوای ماوەیەک زیندانی، پشت ئەکاتە هاوڕێکانی و پاشگەز ئەبێتەوە لە دروستکردنی ئاڵای شۆڕش. من خۆم رازی نەبووم لە هەڵوێستی مەلا بەختیار، پێم وابوو ئەگەر ئەو نامەی پاکانەشی نەنوسیایە، ئیعدامیان نەدەکرد. ئەگەر ئیعدامیش بکرایە نەدەبوو نامەی بنووسیایە."[2]

چیا عەباس توێژەری سیاسی، سەبارەت بەو پەشیمانانامەیە نووسیویەتی: "دۆکیۆمێنتی پاشگەزبوونەوەی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی دەیسەلمێنن، کاتێک باریان لە لێژیدا بووە، چیتر نەک باوەریان بە هەڵمەتەکەیان نەماوە، بەڵکو زۆر لێشی پەشیمان بوونەتەوە. ئەم ڕاستیانە دەیسەلمێنن، پەنابردنیان لە هەڵمەتەکەیاندا بۆ فکر و هزری

1 . هەمان سەرچاوە مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٦.

2 . بەهادین نوری، پرسی کوردو ئەزمونی کوردستانی ئێراق، چاپخانەی زانا، سلێمانی چاپی یەکەم، ٢٠١٨، ل ٦٤ -٦٩.

هاوردەکراو و دەمامک کردنیان بەچەند پرسێکی نەتەوەییەوە، لە سیناریۆیەک بە رەگوڕیشەی لەرزۆکەوە زیاتر نەبووە، کە تێیدا هەڵچون و زیگزاکانە دەکەونە راوکردنی سەرابێکی زادەی خەیاڵێکی زۆر دوور لە رەشماڵی کوردەواری، مەلا بەختیار زۆر باش دەیزانی لە هەڵکردنی ئاڵاکەیاندا ئەگەری براکوژی کەم نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە توندی و گەرمیەوە ئاڵاکەی لە خۆی ئاڵاندبوو."[1]

هەرچەندە مەلا بەختیار لە کتێبی لەبری بیرەوەریدا نووسیویەتی: "دوای ئازادبوونم لە گۆڕی ئازادی یەکێتی، دەستبەجێ پەیوەندیم بە ئاڵای شۆڕشەوە کرد. یەک زەڕەش، حسابم بۆ ئەو پاشگەزبوونەوەیە نەکرد کە نوسیمان.."، بەڵام نووسینی ئەو پەشیمانناممەیە هەروا بە ئاسانی بەلای هاوبیرەکانیەوە تێنەپەڕی و بووە مارەکەی شێخ هۆمەر و لەو کاتەوە تا ئێستاش لە ملی مەلا بەختیار ئاڵاوە. عادل رەفیق، بەم شێوەیە باس لە دەنگدانەوەی پەشیمانناممەکە لە ناو رێکخستنەکانی ئاڵای شۆڕش دەکات: "بڵاوبوونەوەی ئەو پاکانەیە بە ئیمزای هەرسێ هاوڕێکە، بووە مایەی بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی دژی پاکانە پێنووسینەکە و لە هەموو ریزەکانی رێکخستنەکانی ئاڵای شۆڕش لە سلێمانی و هەولێر و کەرکوک بە لێشاو رەخنە دەهات دژی ئەو پاکانە نووسینە. هەندێ لە برادەرانی لیژنەی سەرپەرشتی زێوێ بڕیاریان دابوو بەیانێک لەو بارەوە دەربکەن و بە فەرمی ئەو سێ زیندانییە دەربکەن و تۆمەتی ناپاکی لە ئاڵای شۆڕش و خۆڕانەگریان بخەنە پاڵ. بە نامەیەک ئاگادارمان کردنەوە، ئەوانە هاوڕێی ئێمەن و لەسەر ریبازی ئاڵای شۆڕش زیندانی سیاسین، رازی نابین لە ئێوە هیچ کەسێک بڕیاری لەو جۆرە بدات و دەبێت بڕیار لەبارەی ئەوانەوە هەڵبگیرێت بۆ دوای ئازاد بوونیان.."[2]

دوای ئازاد بوونیان و لە کۆنفرانسی ئاڵای شۆڕش، کە لە ٥ تاوەکو ١٢ مانگی شوباتی ١٩٩٢ لە سلێمانی بەسترا، جارێکی دیکە مەسەلەی نووسینەوەی ئەو پەشیمانناممەیە لە لایەن کۆمەڵێک کادیرەوە جوڵێنرا و داوای دادگایی کردنیان کرد. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێک. بابەکر دڕەیی، یەکێک لە کادیرە دیارەکانی سەرەتای دامەزراندنی ئاڵای شۆڕش و ئەندامێکی ئەو لیژنەکە، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ نووسەر، دەڵێت: "لە کۆنفرانسی یەکەمی ئاڵای شۆڕش کە لە

1 . چیا عەباس، ئاڵای شۆرش بۆ وایکرد؟:
https://www.awene.com/article?no=12547&auther=125

2 . عادل رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٢.

دوای راپەڕین بە ئامادەبوونی ١٢٠ کادیری ئاڵای شۆڕش سازدرا. یەکێک لە بابەتەکانی کۆنفرانس، مەسەلەی زیندانی کردن و پەشیمانناماکەی مەلا بەختیار بوو.

بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی تایبەت لە چەند کادرێکی سەرەکی پێکهات، ئەوانەی لەبیرم بێت: سالار عزیز، سەلاح شێخ سدیق، کمال قەرەداخی، کمال رەوف، بابەکر درەیی، مامۆستا محێدین. ئەم لیژنەیە دوای سێ رۆژ گفتوگۆی چڕ و پڕ لە ماڵێکی نزیکی کۆنفرانس، نەگەیشتە هیچ ئەنجامێکی رووون بۆ کۆنفرانس، چونکە لیژنەکە ببوە سێ گروپی ٣ کەسی. سێ کەس لەوان کە سەرەکیترینیان من بووم داواکار بوین تا کاتێک مەلا بەختیار شەرحی حالی خۆی بۆ کۆنفرەنس نەکات و داوای لێ بووردن لە هاوڕێکانی نەکات لە بەردەم کۆنفرانسدا، هەڵبژاردنی سەرکردایەتی ئەنجام نەدرێت.. گروپی دووەم تا رادەیەک نەرمتر بوون و دەیانویست جۆرێک لە سازش و لێ خوشبوون لە مەلا بەختیار هەبێت.. لەوانەش وەک بیرم بێت کەمال رەوف و مامۆستا محێدین. گروپی سێهەم هیچ رەخنەیەکیان لە مەلا بەختیار نەبوو.. کاتێک چوینەوە بەردەم کۆنفرانس، سەلاح سدیق کە ئەندامی بەرێوەبردنی کۆنفرانسیش بوو، کۆنفرانسی کردەوە و وتی هەڤاڵان دەست دەکەین بە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی.. بێ ئەوەی هیچ ئاماژە بدات بە ناکۆکیەکانی لیژنەکە و رای ئەندامان.. لەو کاتەدا منیش داوام کرد قسە بکەم، چومە بەردەم هەموو کۆنفرانس و وتم ئەوەی کاک سەلاح باسی کرد وانیە.. ئێمە ناکۆکیمان هەبوە.. نەگەیشتینە ئەنجام. مادام بەو جۆرە رەفتار دەکرێ و دەتانەوێ هەڵبژاردنی سەرکردایەتی بکەن، من ئەندامی ئەم کۆنفرانسە نیم و خواحافیزیم لێ کردن."[1]

دوای کۆنفرانس، مەلا بەختیار ئینفرادی بە ئاڵای شۆڕشەوە کرد، چەند جارێک ئەم دەست و ئەو دەستی پێ کرد و لە کۆتاییدا چووەوە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی.

چوونەوەی مەلا بەختیار بۆ ناو یەکێتی، هەموو ئیدعاکانی بەوەی یەکێتی هێزێکی سەرکوتکەری دژ بە دیموکراسی و ئازادییە، لە گۆڕ نا. نەجات نوری یەکێک لە کادیرە دێرینەکانی ئاڵای شۆڕش لەو بارەوە نووسیویەتی: "ئەگەر یەکێتی ئەو هێزە کوشندە و مەرگ هێنەرە بوو کە هەمیشە ڕابەرەکانی ئاڵای شۆڕش لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بە نەفرەتیان دەکرد، یان بەڕێز مام جەلال و بەڕێز نەوشیروان مستەفا، ئەو دوو کەسە نادیموکراسی و جەلادە بوون کە زووزوو دەبوو بکرێنە بابەتی کۆبوونەوەکان،

1 . چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ بابەکر دەڕەیی لە ٢٠٢١/٢/١٨.

بۆچی لە ساڵی ١٩٩٣ کاک بەختیار بە شپرزەیی و پەلەپەل ئاڵای شۆڕشی گەڕاندەوە ناو یەکێتی و بووە بە دۆستی ئەو دوو خوالێخۆشبووە؟ کە هەر خۆی لە کۆبوونەوەکانی ئاڵای شۆڕشدا یەکێتی بە حیزبی تاوانەکان ناودەبرد، خۆی دەیوت کە یەکێتی لەبەریەک هەڵوەشاوە و نابێتەوە بە هێزێکی کاریگەر ئیتر، ئەو خۆیشی لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئەو ڕۆژەی چوە لای بەڕێز مام جەلال، کە بارەگاکەی لە گەڕەکی بێترمەی شەقڵاوە بوو، کاک بەختیار هەر گومانی لە مام جەلال و یەکێتی هەبوو. کەچی ئاڵای شۆڕشی گەڕانەوە ناو یەکێتی، زۆرمان لەگەڵ وت با جارێ ئەمە ڕوونەدات؟ بەڵام بە قسەی کەسی نەکرد و دەرگای لەسەر هەموو ئەو تۆمەتانە داخست کە لەسەر یەکێتی هەیبوون.

سەیر بوو هێشتا ئازارەکانی خۆی و هاوڕێکانی نەڕەویبوونەوە، ئەو کۆستە هێشتا بەرۆکی هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕشی بەرنەدا بوو، کەچی کاک بەختیار سووربوو لەسەر گەڕانەوەی بۆ ناو یەکێتی، لە گۆنگرەی یەککگرتنەوەیشدا لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر، مام جەلال، عیماد ئەحمەد دەکاتە مەکتەب سیاسی و کاک بەختیاریش بە سەرکردایەتی، کە ئەمەش شکستێکی تر بوو بۆی، لەمەدا ئێمە کردمان بە دەنگە دەنگ و ناڕازیبووین، کەچی کاک بەختیار بەمەش هەر ڕازی بوو، لەمەوە ئیتر زۆربەمان کەوتینە گومانەوە کە کاک بەختیار لە شاخیش زۆر جدی نەبووە بۆ پەرەپێدانی ئاڵای شۆڕش و کارکردن بۆ سەرکەوتنی."[1]

## ٢. بۆ پەشیماننامەکە بڵاونەکرایەوە؟

ئەوەی پەیوەندیدارە بەو پەشیمانناممەوە ئەوەیە، لە دوای نووسینیان و تا دوای کۆچی نەوشیروان مستەفا، دەقە ئەسڵیەکەی نە لە شاخ و نە دوای ڕاپەڕین و نە لە سەردەمی دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان دا، سەرەڕای ئەو هەموو دژایەتیەی مەلا بەختیار بۆ نەوشیروان مستەفا، بڵاونەکرایەوە. ئەگەر مەبەست لێی شکاندن و ناوزڕاندنی ئەو بەڕێزانە بێت کە ئەو پەشیمانناممەکەیان لە شاخ نووسی، خۆ دەکرا هەر یەکەم ڕۆژ لە بڵاوکراوە زۆرەکانی یەکێتیدا بڵاوبکرایەتەوە. ئەمە بۆ من جێگەی پرسیارە و دوای خوێندنەوەی کتێبی "چەپکێک لە میژووی کۆمەڵە"ی برایم جەلال هێندەی دیکە مەراقم بوو بزانم بۆ ئەو دۆکیومێنتە بڵاونەکرایەوە.

برایم جەلال، کە نوسخەیکی ئەسڵی ئەو دانپێدانانەی لا بووە، ساڵی ١٩٩٦ لە ئەڵمانیا لەگەڵ نەوشیروان مستەفا کۆبوونەتەوە و نەوشیروان مستەفا داوای لێ کردووە ئەو

1 . نەجات نوری، یەکێتی لەسەر هەق بوو یان ئاڵای شۆڕش؟، https://www.peyserpress.com/wtardetail/567

نوسخه ئەسڵیەی کە لایەتی پێ بداتەوە. دوای دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان برایم جەلال و مەلا بەختیار، لە ٢٠٠٨/٣/٨ برایم جەلال پەیوەندی بە نەوشیروان مستەفاوە کردووە و داوای کردووە بۆیبگەڕێنێتەوە، تا لە کتێبەکەیدا کە لە دژی مەلا بەختیاری نووسیوە، بڵاوی کاتەوە، بەڵام نەوشیروان مستەفا داواکەی ڕەتکردووەتەوە، بەپێی گێڕانەوەی ئیبرایم جەلال ئەم حیوارە دەکەوێتە نێوانیان:

- نایدەمەوە لەگەڵ هەموو کاسێتەکان لای خۆمە، بڕۆ چی ئەکەی بیکە.
- ناچارم بنوسم کە تۆ وەعدت نەبردوەتە سەر و داگیرت کردووە.
- کەیفی خۆتە چی ئەنوسی بنووسە. حەز ئەکەی جنێوم پێ بدە.
- خۆت ئەمناسی من ئەو بێ مۆراڵە نیم.
- بەرێ وەڵڵا دنیاکە وای لێ هاتووە، بڕوام بەکەس نەماوە.
- عاجز نابی ئەم گفتوگۆیانەمان بنووسم.
- نەخێر، چیت لەدەست دێ بیکە و بینوسە.[1]

ئەم حیوارە ئەوە دەردەخات نەوشیروان مستەفا، ئامادەبووە بێ بەڵێنی بکا، لە پێناو ئەوەی ئیعترافەکانی مەلا بەختیار لە زیندان "دەستنوس و دەنگی تۆمار کراو"ی بڵاو نەکرێتەوە.! ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەو خاوەنی ئەخلاقێکی باڵای سیاسی بووە، چونکە نە خۆی لە هیچ هەلومەرجێکی سیاسیدا بڵاوی کردۆتەوە، نە ڕێگەشی بەوانی تر داوە بڵاوی بکەنەوە. چونکە ئەو پەشیمانانامانە لە هەلومەرجێکی نەخوازراودا نووسراون کە زۆر جیاوازە لە ئێستا، بە هیچ شێوەیەک نابێ بۆ شکاندن و ئیهانەکردن بەو زیندانیانە بڵاوبکرێتەوە.

پێچەوانەی هەموو ئیدعاکانی مەلا بەختیار، ئەو ماوەیەی کە لە زیندانا بووە، نەوشیروان مستەفا، هەرگیز ڕێگەی نەداوە کەس ئیهانەی بکات، دکتۆر فوئاد مەعسوم لە بیرەوەرییە ڕۆژانەکانیدا، باسی ڕۆژی ١٩٨٥/١١/١٣ دەکات، لەو بارەوە نووسیویەتی: "لەگەڵ کاک نەوشیروان چوینە یاخسەمەر بۆ کۆبوونەوەی م.س، بەڵام مام جەلال چووبوو بۆلای دیموکرات، چوینە لای کاک فەرەیدون، لە قسەکانی دەرکەوت حەز ئەکا تەعزیبی مەلا بەختیار بدا، من موافق نەبوم، هەروەها کاک نەوشیروانیش گوتی: من لەگەڵ تەعزیب نیم، مانعم نییە بکوژرێ، بەڵام نابێ تەعزیب و ئیهانە بکرێ."[2]

---

1 . چەپکێک لەمێژووی کۆمەڵە، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٢.

2 . بەڵگەنامەی ژمارە (١٤) بیرەوەری فوئاد مەعسوم .

رووداوەکانی دوای ئازادبوونی و دەستاودەست پێکردنی ئالای شۆڕش و دورکەوتنەوەی ئەو هاوڕێیانەی کە بەڕاستی خاوەن قەزییە بوون لێی، شتێکی پێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئیدعای کردووە.

بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا، هەلومەرجەکان گۆڕان و تەحالوفاتی نوێ لەسەر بناغەی مادی دروستبوون نەک فکر و پرەنسیپ بۆیە فەرەیدون عەبدولقادر عەزابی زەمیری سەرکەشی کردووە و لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: "من خۆم یەکێک بووم لەو بەرپرسە بالانەی یەکێتی کە شەریکی هەموو ئەو بریارانە بووم کە دەرهەق بە مەلابەختیار و سەرجەم ئەو هاوڕێیانە کرا. ئەوەبوو ئەو هاوڕێیانەمان لە زیندانداا هێشتەوە و پاشان رێگەمان دا بە گرتنەبەری ترس و تۆقاندن و ئەشکەنجەدان.. بەو شێوەیە سوکایەتی بە مەلا بەختیار و هاوڕێکانی کرا. هێندە کارەکانمان تووندڕەویی و کالفامی گرتەخۆ، ئێستاش کەبیرم دەکەوێتەوە لە خەجالەتی بەولاوە ناتوانم هەستێکی ترم هەبێت. دەشڵێت: نەریتێکی خراپمان داهێناو ئاکامی ئەم کارەش شتی خراپی لێ کەوتۆتەوە. هاوکات نەریتێکی خراپیشی لە رێرەوی خەبات و لە کاری حزبی و پێشمەرگایەتی جێکردەوە و دەروازەیەکیشی بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی زەبروزەنگ وگیانی چزکردنی یەکتریی و تاکڕەویی و تەنانەت دیکتاتۆریشی کردەوە."[1]

ئیبن خەلدون پێی وایە مێژوو دوو روخساری هەیە، روخسارێکی دیار و یەکێکی شاراوە، دیارەکە ئەو رووداوانەن کە لە رابردوودا رووبان داوە و بەڵگە و دۆکیومێنت و قسەوباسەکان شایەتن لەسەریان، بەڵام شاراوەکەش ئەوانەن پێوستە هەڵوێستەیان لەسەر بکرێت و بەدوای سەرچاوە و وردەکارییەکانیدا بگەڕێی. رووداوەکانی ناو هەناوی شۆڕشی کوردستانیش هەزاران شتی شاراوەیان تێدایە، تێپەڕبوونی زەمەن، پەردە لەسەر زۆریان هەڵدەداتەوە.

### ٣. بۆچونی مام جەلال لەسەر ئالای شۆڕش

مام جەلال، لە پێش هەموو سەرکردەکانی یەکێتی و کۆمەڵەوە کەوتووەتە دژایەتی کردنی مەلا بەختیار و ئەو رۆژنامە نهێنیەی کە بە ناوی (ئالای شۆڕش)ەوە دەریدەکرد. لە ژمارە ٨ی بڵاوکراوەی (ڕێبازی نوێ)ی ئابی ١٩٨٥، وتارێکی بەناوی "ئاش چی لێ دەکا؟ بۆ کێی دەکا؟" نوسیوە و بە "کۆڕوکاڵ کڵۆڵ و هەژار لە رووی تیۆرییەوە" ناوزدەی کردوون. مام جەلال لە وتارەکەدا دەڵێت: "ماوەیەکە

1 . فەیدون عەبدولقادر، هەڵۆ سوورەکانی قەندیل، ل٥١٠-٥١١

بڵاوکراوەیەک بە ناوی "ئاش"ەوە دەردەچێت. هەر کەسێ ئەو بڵاوکراوەیە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە:

١. هەندێ کورِوکاڵ دەری دەکەن، کە نەک هەر زۆر کڵۆڵ و هەژارن لە رووی تیۆریەوە، بەڵکو وتنەوەی گوتەکانیش باش نازانن.

٢. ناوەڕۆکی ئاش کاڵوکرچ و بێ سەروبەرە..

٣. نیاز و ئامانجی سەرەکی ئاش، بەگژاهاتنی ی.ن.ک و شۆڕشەکەمانە بە گشتی و کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بە تایبەتی!

٤. کار و ئەرکی ئەنجامدراوی ئاش، ساردکردنەوەی پێشمەرگە و روخاندنی ورەی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگەیە، بە بیانووی جۆراوجۆری رازاوە! ئەو کورِوکاڵە سەر لێشێواوانەی ئاش دەردەکەن، دەیانەوێ سەر لە پێشمەرگەی کوردستان بشێوێنن و بە درۆ و دەلەسەی ئەوەی کە گوایە "سەرکردایەتییەکەمان بۆرژوازییە" و هەر بەرەو هەڵدێران دەیان با. کە گوایە "شۆڕش لە لادێ و شاخەوە باوی نەماوە و سەردەمی نیە" هەر بۆیەش ئەنجامەکەی شۆڕش هەر بە کوشتدانی رۆڵە دڵسۆزەکان و ساویلکەکانی خەڵکە!! بەمەش بیانەوێ یان نەیانەوێ هەر تەنها:

١. خزمەتی حوکمی رەفتارفاشیستی بەغدا دەکەن.

٢. گیانی شۆڕشگێڕانە دەخەسێنن و دەمرێنن، کە ئەمەش کارێکی زۆر یەمینی و کۆنەپەرستانەیە، تەنانەت بە پێچەوانەی چەپڕەوی منالانەشە؛ چونکە ئەو جۆرە چەپڕەوییە، عادەتەن گیانی شۆڕشگێڕانە جۆشدەدا و داوای بازدان دەکا لە شۆڕش و خەباتدا، نەک وازهێنان و دامرکاندنەوەی شۆڕش.

٣. دەوری تابووری پێنجەم دەبینن لە شۆڕشدا، چ بە هاندانی دوژمن بێت یان بە خۆشی و ئارەزوی خۆیان بێ. دەڵێین چ بە هاندانی دوژمن بێت، چونکە ئێمە گومانمان لەوەدا نیە کە نۆکەری دوژمن خراونەتە ریزەکانیانەوە، وە کە دوژمن بە عەمدی و بە قەسدی دەستیان بۆ دریژ ناکات، بە دوایاندا ناگەڕێ! ئەویش هەر بەو نیازەی بیانکات بەگژ ی.ن.ک و شۆڕشدا کە ئیمڕۆ هێزی سەرەکی بەربەرەکانین لە کوردستاندا و هیواو ئاواتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و عێراقیشن.

٤. خزمەتی پشێوی سەر لێشێواندنی هەندێ لاوی ساویلکە دەکات و بە کەڵکی ئەوە دێت کە لەژێر پەردەی رازاوەی چەپدا، شەڕی "م.ل"ی راستەقینە و چەپی شۆڕشگێڕ و راستەقینەیان پێ بکەن.

ئێمەش ئامۆژکاریەکی برایانەمان بۆ کورِوکاڵە دڵسۆزەکانی ناو ئاش هەیە:

ئەی برایان، بەگژاهاتنی شۆڕش و ی.ن.ک "بە کۆمەڵەشەوە"، هەر تەنها بەدیهێنانی نەخشە و دەستکەوتی دوژمنانی خەڵکە، کە حوکمی بۆرژوازی بیرۆکراتی عێراق سەرەکیەکەیانە!

ئێوەش ی.ن.ک و شۆڕشتان پێ لەناو ناچێت! تەنانەت گەر هەڵسن بە "اذهاق أرواح"ی هەموو سەرکردە نەمرەکانی ی.ن.ک، نەک هەر شەهیدی نەمر ئارام، بیربکەنەوە، وەرنەوە ریزی شۆڕش و ی.ن.ک و خۆتان بە خەباتی راستەقینەوە خەریک بکەن، نەک بە هێرش و پەلاماردانی ی.ن.ک و شۆڕش، هیچ نەبێ بۆ ئەوەی خەباتی خۆتان بەفیڕۆ نەدەن!![1]

جگە لەو وتارە، لە بەرگی دووەمی کتێبی "دیداری تەمەن"دا، لە دوو جێگەدا بەم شێوەیە باسی گروپی ئالای شۆڕشی کردووە: "بەداخەوە لەناو کۆمەڵەدا تاقمێک پەیدا بوون مەغرور بوون بەو سەرکەوتنانە و بەو مەرکەزانەی کە درابوویانێ، هەیان بوو خەویشی بەوەوە نەدەیت، کە زۆ بگاتە ئەو پایە و پلەیە و ئەو هەموو مەرکەز و دەسەڵاتەی هەبێت، بەڵام لە جیاتی ئەوەی وای لێ بکات، پتر دڵسۆز بێت بۆ ئەو دارەی لە سەری وەستابوو، بەرزی کردبۆوە، بریتی بوو لە کۆمەڵە و شۆڕش و یەکێتی. ئەوانە زۆر زوو خۆیان لێ گۆڕا، وایان زانیبوو کە ئەو گەشەکردنە لە قارەمانی و لە زیرەکی و لە بلیمەتی ئەوانەوەیە، ئەو بیرکردنەوەیە بە هەڵەیدا بردن و کەوتونە دروستکردنی تەکەتولێک لە ناو کۆمەڵەدا بە ناوی تەکەتەولی ئارامەوە. ئەوەی راست بێت، ئارامیان کردبوو بە کراسەکەی عوسمان، ئەگینا لە راستیدا ئەوان هیچ فڕیان بە سەر رەوشت و بیروباوەڕی ئارامەوە نەبوو."[2]

هەروەها دەڵێت: "ناوەڕۆکی بۆچوونەکانیان بریتیە لە عێراقچێتی، کەوا ئێمە پێویستە حیزبێکی عێراقی دروست بکەینەوە، یان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی عێراقدا پێکبێین، هەرچی بۆ یەکێتی خراپ بوایە و دژی یەکێتی بوایە ئەوەیان پێ باش بوو، بەشێوەیەکی زۆر نادروستانە کاریان دەکرد.. نەیاندەزانی کام جۆر مارکسییەتیان دەوێ، هەندێکیان نزیکی حیزبی شیوعی بوون و هەندێکان مارکسی لینینی بوون و هەندێکیان پەیڕەوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، واتە لە پەیڕەوەی مەنسوری حیکمەتەوە نزیک بوون.."[3]

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (١٥) ژمارە ٨ی بڵاوکراوەی (ڕێبازی نوێ)ی ئابی ١٩٨٥.

2 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣

3 . هەمان سەرچاوە، ل١١٧ – ١١٩.

جگە لەوانە، مام جەلال لە ١٩٨٥/١٢/٢ نامەیەکی بۆ محەمەدی حاجی مەحمود ناردووە، بەشێک لە نامەکەی بۆ مەسەلەی ئاڵای شۆڕش تەرخان کردووە، بەمجۆرە باسی لە ئاڵای شۆڕش کردووە: "خۆت باش ئەوانە دەناسی، وەزن و قیمەتی راستەقینەیان باش دەزانی. لە دەور و گێرەشێوێنی و خراپەکانیان شارەزای. دەوریان لە شەڕی براکوژیدا، لە تێکدانی ی.ن.ک و شۆڕشدا، بەڵام ئەوەی دەمەوێ بۆتانی بنوسم ئەمەیە:

١. ئەوانە کە خۆیان زۆر پێ زل بوو، خۆشیان زۆر فیشاڵچی و خۆ هەڵکێشن، خۆیان زۆر گەورە دانابوو! ئێمەش زۆر کەسمان ناردبووە ناویان، لە (هـ . پ . ک)دا هەرچی دواندبویان و بە ئێمەیان گوتبوو، پێمان گوتبوون لەگەڵیان بڕۆن! تەنانەت مەلا بەختیار کاک رۆستەم و کاک وەهاب و کاک حامیدی بە هی خۆی دەزانی و لای سەیر بوو کە لەگەڵ کاک شەوکەت چوون بۆ گرتنی!

٢. ئەوانە هەندێ کادیری ترسنۆک و بەزیویان لەگەڵ بوو.

بەکورتی دامان نابوو (٣٠٠) کەس بن، بەڵام باوەڕ بکەن سەد دەرنەچون! لە ناو شاریش تاقمێک منااڵ و لاوی موتەرفن کە شەیدای ووشەی شیوعیەت و کۆمۆنیزم و مارکیسزم – لینینیزمن، بێ ئەوەی تێیان بگەن، بەڵام هەموویان بە سالار و مەلا بەختیاریشەوە، دەیانەوێ حزبێکی کۆمۆنیستی عێراقی تازە دابمەزرێنن، چونکە (حشع) یان پێ تەحریفە (رڤیژنیستە)!، بەڵام ئەو تاقمە ساختەچی (کەڵەکچیین) لای هەریەکە ئەوە دەڵێن کە خۆیان پێوە پێش دەکەن: لای حشع دەڵێن دۆستی تۆین و لە دواڕۆژدا دێینە ناوتان، لای کۆمەڵەی ئێران دەڵێن باوەڕمان بە مارکسیزمی ئینقلابییە و هەرچی ئێوە دەیڵێن پشتیوانی لێ دەکەین و حشع تحریفیە و روس ئیستعمارە! لای ئێران دەڵێن (پەرچەمی ئینقلابین)، لای هەندێ دۆستی حوکمی عێراق دا دەڵێن ئێمە عراقین. بۆ ئاگاداریت، مەلا بەختیار خاوەنی نظریەیەک بوو دەیگوت: دەبێ هەتا دوایی گفتوگۆ لەگەڵ عراق ئیدامە پێ بدەین، تا دواچۆڕی گفتوگۆ!

٣. کەوا بە سووک و سانایی مەلا بەختیار و خولە کەشکۆڵ و پشکۆ گیران و ریزی لایەنگریان چەک کران، پتر ریسوا بوون و حەجمی حەقیقیان دەرکەوت. کە دەرزیەکمان بە باڵۆنە پفدراوەکەیاندا کرد، فس بوونەوە و هاتنە سەر حەجمی خۆیان. بەڵام هێشتا ماویانە: کەمتر و سووکتر و بچوکتریش دەبن. جارێ سەرەتای گلۆربوونەوەکەیانە، هەتا دەگەنە ناوچاڵی نەمان؛ وەختێکی دەوێ! باوەڕ بکەن لە کۆمەڵەدا لە سەدا پێنج کەسیان لەگەڵدا نیە. باوەڕ بکەن (هـپ.ک) سەدی پێنج

پێشمەرگەیان لەگەڵ نیە. باوەڕ بکەن سووک و ریسواشن لەناو خەڵکدا. بەڵام خۆت سالاری فیشاڵچی و تڕزل دەناسی: خۆت مەلا بەختیاری لە خۆبایی و فوو لێ گیراو دەناسی، لەلای (حدکع) و ئێرانیش دەبێ درۆی زل و فیشاڵی گەورە و بوختانی شاخدار بکەن بۆ گەرم کردنی بازاڕەکەیان.

بە کورتی تاقمێکی گێرەشێوێنی سەرلێشێواوی بچوکن. فکریشیان نوێ نیە! لە دانانی (حشع)ی نوێ، نوێ نییە! بەڵام بیرێکی چەوتی بێ دواڕۆژی پوچەڵە! تەسلیم بوونەوەش یەگجار زۆر نەبوو! بەڵکو لە مەڵبەندی (٣) نەبێت شوێنەکانی تر. زۆرتر بژارکردن و پوخت بوون بوو! زۆریش لە جیاتی ئەوان هاتنە ریز: ئەمە جگە لەوەی لە هەلومەرجی ئێمە و ئێستەدا، دڵنیاشم لەوەی نوسیووتە کە رەئی تۆ و لەسەر سالار و ئەمسالی سالار هەروەک رووداوەکانی نسکۆلان و بێوران وایە [1]

**٤. زیانەکانی ئاڵای شۆڕش**

نەوشیروان مستەفا لە کتێبەکەیدا باس لەو زیانانە دەکات کە ئاڵای شۆڕش لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و دەرەوە لە شۆڕشی کوردی داوە و بەمجۆرە ئەو زیانانەی پۆلێن کردووە:

**لەسەر ئاستی ناوخۆ**

١. پرۆپاگەندەیەکی فراوان بە نووسین و بە قسە بۆ سوککردنی یەکێتی و کۆمەڵە و سەرکردەکانی و بۆ ڕووخاندنی وڕەی پێشمەرگە و هاندانیان بۆ وازهێنان و خۆبەدەستەوەدان، بە بیانووی بێ هودەیی خەباتی شاخ و کۆبوونەوەی پرۆلیتاریا لە شارەکان‌دا.

٢. لەبەر ئەوەی نە خۆیان وازیان لە پلە و پایەکانی ناو کۆمەڵە و یەکێتی هێنابوو، نە کۆمەڵە و یەکێتیش لە ڕیزەکانی خۆی دەری کردبوون، ئاگاداری هەموو نەخشە و پلان و بڕیارەکانی یەکێتی بوون. بەوپەڕی نا ئەمینیەوە "سوئی ئیستیفادە"یان لەم بوونەی خۆیان ئەکرد لەناو ڕیزەکانی یەکێتی‌دا، بۆ ئاشکراکردنی نهێنیەکانی.

٣. بە "ئوسلوبی موئامەرە" کاریان ئەکرد و لە ڕوو بە جۆرێ قسەیان ئەکرد و بە نهێنی بە جۆرێکی تر و بە ئاشکرا بە جۆرێ هەڵسوکەوتیان ئەکرد، لە پەناوە بە چەشنێکی تر. سوێندخواردنی درۆ و دوڕوویی و دوزمانییان کردبوو بە پیشە.

**لەسەر ئاستی دەرەوە**

١. بۆ شێواندنی ناوبانگی سیاسیی یەکێتی و سەرکردەکانی، هەرچی ئاگاداریەکیان لەسەر یەکێتی هەبوو، دایان بە حکومەتەکانی ئێران، سوریا، لیبیا، فەلەستینیەکان.

---

1 . عادل رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٢-٣٠٥.

٢. بۆ دواخستنی ئاشتبوونەوەی یەکێتی و لایەنەکانی جود، هەوڵێکی زۆریان‌دا تەگەرەی تێبخەن، بەوەی سەرکردایەتی لایەنەکانی جود قانیع بکەن کە بەو نزیکانە یەکێتی هەڵئەوەشێ و ناچار ئەبێ بچێتەوە باوەشی بەعس.

بەم کارانەش ئاش ئاژاوەیەکی فیکری و گیروگرفتێکی سیاسی و کێشەیەکی ڕێکخراوەییان لەناو یەکێتی و هێزەکەی‌دا و لەپاڵ ئەوانەیش‌دا مەترسییەکی "ئەمنی"یان بۆ سەر سەلامەتی یەکێتی دروستکردبوو، لە کاتێکدا کە یەکێتی لە شەڕی مان و نەمان‌دا بوو لەگەڵ دڕندەترین ڕژێمی ناوچەکە کە خاوەنی پێنجەمین هێزی زلی دنیا بو.[1]

1 . نەوشیروان مستەفا، خولانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

# باسی دووەم
# کێ هاوکاری ئاڵای شۆڕشی کردووە؟

**یەکەم: پارتی و ئاڵای شۆڕش**

مێژووی ململانێی ناوخۆیی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێ، کەمجار رووی داوە رەوت، یا باڵە جیاجیاکانی ناو حزبەکان توانیبێتیان بە شیوەیەکی بونیادی دان بەیەکتردا بنێن و پێکەوە هەڵ بکەن. هەندێکجار بەهۆی ململانێ لەگەڵ لایەنی سێهەم جۆرێک لە سازش و پێکەوە گونجانی کاتی رووبداوە، بەڵام هەر کە گوشارەکانی ئەو لایەنە لاواز بووە یان نەماوە، دیسانەوە گەڕاونەتەوە بۆ شکاندنی پەنجەکانی یەکتری. لە دۆخێکی وادا قسەکردن لەسەر چارەسەری دیموکراسیانە لەوانەیە خواستێکی راستگۆیانە بێ، بەڵام لە حەقیقەتدا مەبەست لەو دیموکراسیە سڕینەوەی ئەوەی دیکە بووە. مەرج نییە لایەنی سێیەم هەموو جارێک وەک هەڕەشەیەک وایکردبێ رەوتەکانی ناو حزب یەکبخات، بەڵکو ئەو لایەنی سێیەمە بە زۆری ئاگری ناکۆکییەکانی خۆشتر کردووە و هەوڵی داوە لە ڕێگەی هاوکاری جۆراوجۆرەوە، رەوت یا باڵەکانی ناو حزبەکەی بەرانبەری تا سنوری یەکترسڕینەوە هان بدات.

ململانێی یەکێتی و بەرەی جود، بە تایبەتی پارتی، بە خۆێن نەخشێندراوە. پارتی هەر لە سەرەتای دروستبوونی یەکێتییەوە تاوەکو ساتە وەختی ئیتفاقیەی ستراتیجی ساڵی ٢٠٠٦، کە جیاوازییەکانیان لە سفر نزیک بوویەوە، لە هەوڵی سڕینەوەی یەکێتیدا بووە و ئەوەی بە خۆی کرابێ، درێغی نەکردووە و ئەوەشی بە خەڵکانی دیکە بۆی کرابێ، بە هەموو جۆرێک پشتیوانی لێکردووە. بەڵام دوابەدوای ئیتفاقیەی ستراتیژی، وەک بەشێک لە مەنزومەی خۆی، سەیری یەکێتی کردووە و هەرکەس و لایەنێک نەیاری یەکێتی بووبێت، ئەو بە نەیاری خۆی لە قەڵەمی داوە. راستە جاربەجار لە میدیاکانەوە هەندێ بۆڵەبۆڵ بە سەر یەکدا دەکەن، لە دوای ئەوەوە بوونە دوو حیزبی شەریک و هاوبەش، لە ئیستاشدا یەک مانن.

پەیوەندییەکانی ئالای شۆڕش، بە تایبەتی مەلا بەختیار بە پارتییەوە، هێشتا بە نهێنی ماوەتەوە و تا ئێستا وەک پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە. هەرچەندە خۆی لە ٢٠١٩/٩/١٩ لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی دێرینی سەردەمی شاخ و پێشمەرگایەتی، دەڵێت: "بۆ مێژوو دەیڵێم و بە گوێی هەموو شەهیدەکانتان، جیابووینەتەوە و هاتووشینەتەوە ناو یەکێتی، بەشبەحاڵی خۆم یەک دینار، یەک دۆلار و یەک تمەنم نە لە یەک دەوڵەت و نە لە هیچ حزبێکیش وەرنەگرتووە. چونکە ئامادە نەبووم، نە چەک، نە پارە، نە یارمەتی لە هیچ لایەک وەربگرم و دژی یەکێتی بەکاری بهێنم.."[1]

بەڵام زانیارییەکان شتی دیکە دەڵێن، پشتیوانی کردنی پارتی و حیزبی شیوعی بۆ ئالای شۆڕش بەو رادەیە ئاڵۆز و شاراوە نییە. هەندێ لە دامەزرێنەرانی ئەو رەوتە، بەم دواییانە لە نهێنیی جۆری هاوکارییەکانی پارتی و شیوعییان بۆ ئالای شۆڕش ئاشکرا کردووە. پشکۆ نەجمەدین، لەو بارەیەوە قسەیەکی پێچەوانەی ئەو سوێندەی مەلا بەختیاری کردووە و نووسیویەتی: "بازنەی پەیوەندییە سیاسیەکانی "ئالا" لەگەڵ هێزەکانی کوردستانی عێراقدا، پارتی دیموکراتی کوردستان لە پلەی یەکەمدا و حیزبی شیوعی ئێراق لە پلەی دووەمدا بوو. پارتی، جگە لە کۆمەکی لۆجیستیکی، لە سەرەتادا، کاتژمێرێکی لە وێستگەی رادیۆی خۆی بە "ئالا" دابوو. حیزبی شیوعی عێراق، لەگەڵ ئەوەی هاوکاریی "ئالا"یان دەکرد، دیسانیش وەکو پیشەی خۆیان، دەستیان تێ وەردەدا و گرفت وکێشەی فیکری و سیاسییان بۆ دەخوڵقاند."[2]

لەتیف حاجی فەرەج، وەکو خۆی دەڵێ، ٢٣ ساڵ لەناو پارتی و (دەزگای پاراستن)دا کاری کردووە و کەسی باوەڕپێکراوی ئیدریس و مەسعود بارزانی بووە و بەر لە راپەڕین بەرپرسی (دەزگای پەیڕەوانی ڕێبازی بارزانی) و دەزگای پاراستن و ڕێکخستنەکانی پارتی بووە لە سلێمانی و لە نزیکەوە ئاگای لە بڕیارە سیاسییەکان و کێشەی ناوخۆی حزبەکان بووە. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری (لڤین) سەبارەت بە پەیوەندییەکانی مەلا بەختیار و پارتی دەڵێت: "ساڵی ١٩٨٣ نوێنەری پارتی بووم بۆ جیاکردنەوەی ئالای شۆڕش لە یەکێتی بە سەرۆکایەتی مەلا بەختیار و بە فەرمانی پارتی ١٥ هەزار دیناری ئەو سەردەمە و ئامێرێکی چاپی فۆتۆکۆپیم پێدان، گەردوونی برای شەهید بێستوون بۆی بردن بۆ قەرەداغ. سەعاتی سفرمان دانابوو بۆ راگەیاندنی

1 . لای مەلا بەختیار، بەدیلی یەکێتی هەر یەکێتییە:
https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=84762&cor=Kurdistan

2 . پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٧.

جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش لە یەکێتی، ئەگەر ئەو پلانە سەری گرتایە، هەر ئەو کاتە باڵێکی بەهێز لە یەکێتی جیا دەبووەوە و یەکێتی شەش کەسی نەدەمایەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی من نەمتوانی ئەو بروسکەیەی کە پێم بوو، بگەیەنمە مەلا بەختیار، پلانەکە هەڵوەشایەوە و مەلا بەختیار دەستگیر کرا."[1]

پەیوەندییەکانی ئاڵای شۆڕش و پارتی دوای گیرانی مەلا بەختیاریش، تاوەکو ئاشتبوونەوەی لەگەڵ یەکێتیدا لە ١٩٨٦/١٢/٣ بەردەوام بووە. پارتی هیوای زۆری لەسەر ئاڵای شۆڕش هەڵچنیبوو، تەنانەت بارەگا و چەک و ئیزگەشی بۆ دابین کردبوو. عادل رەفیق لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەگێڕێتەوە: "دوای رۆیشتنی سالار عەزیز، ئیدریس بارزانی بەناوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە داوای چاوپێکەوتنی منی کرد. دەزانم بەتەنیا نەچوم، بەڵام بیرم نایە چ هاوڕێیەکم لەگەڵ خۆمدا برد، بێجگە لە ئیدریس بارزانی، عەلی عەبدوڵڵا و فاضل میرانی و حەمەی مەلا قادر و فرانسوا هەریری... هتد لەوێ بوون. سەرەتا هەستم بە گرژی دانیشتنەکە کرد، بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانم. تا ئیدریس بارزانی وتی: کاک عادل ئێمە گلەیی و رەخنەی زۆرمان هەیە، ئێمە ئەو چەکانەمان دا بە ئێوە بۆ ئەوەی خۆتانی پێ بپارێزن، نەک بیفرۆشن؟ (دواتر زانیم چەکەکان بریتی بوون لە چەند سیمینۆفێکی روسی ساڵی ١٩٧٥..) بەو قسانەی ئیدریس بارزانی داچەڵەکیم، چونکە ئاگام لێ نەبوو پارتی چەکی بە ئاڵای شۆڕش دابێ. پرسیم ئەو چەکانەتان بە کێ داوە؟ وتی کاک سالار عەزیز، ئاگادارە چەکەکان براوە لەناو ئێراندا، لە بازاڕی ئاوایی (گوندی دزە) فرۆشراوە بە قاچاخچی و ئەمەش لیستی چەکەکان و ژمارەکانییەتی بۆیان ناردوین و ئەوەش ناوی ئەوانەی چەکەکانیان فرۆشتووە. وتیشیان ئەو کارە کێشەی گەورە بۆ پارتی و ئێوەش لەگەڵ ئێراندا دروست دەکات و نەدەبوو وا بکرایە."[2]

لە نامەیەکی دیکەدا کە سێ کادیری ئاڵای شۆڕش (عیماد ئەحمەد، کەریم عوسمان و سیروان) لە ١٩٨٥/١٢/١٢ ناردوویانە بۆ مەلا بەختیار لە زیندان، باس لە هاوکارییەکانی بەرەی جود و پارتی و لیبیا و سوریا دەکەن بۆ رەوتەکەیان و نووسیویانە: "پەیوەندی و هاوکاری چاکمان لەگەڵ لایەنەکانی ناو جود هەیە، بە تایبەتی حزبی شیوعی و پارتی و تا ئێستە کۆمەکی باشمان دەکەن. جگە لەوەی دەوڵەتی دۆست وەعدی زۆریان داوە کە پشتگیری تەواومان بکەن و یارمەتیشمان بدەن. خۆت چاک لە سروشت و تەرکیبی ئێرە شارەزایت. دەربارەی دۆستانی لیبی و

1 . ئەحمەد و هێمن ویاسین، چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیفی حاجی فەرەج، گۆڤاری لڤین ژمارە ، فێبەروەری ٢٠٠٧، ل١٢.
2 . عادل رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠١.

سوری هەر بەو جۆرەی وەعدی زۆریان داوە و لەم ماوەیەدا کاک سالار سەری لێدان و زۆر بەرێزەوە پێشوازیان کردووە، و پیرۆزبایی جیابوونەوەکەیان کردووین و زۆر ناڕەزایی خۆیان بەرانبەری شەخسی جەلال تاڵەبانی دەربڕیوە. جگە لەوەی دۆستانی لیبی بەرەسمی دەعوەتی کاک سالاریان بۆ سەردانی لیبیا کردووە، بەڵام چونی کاک سالار لەم کاتەدا بە چاک نازانین، لەبەر وەزعی ئێرە و بە هیواین مامۆستا جەعفەر بڕیاری گەڕانەوە بدات و پاشان کاک سالار سەفەرەکەی بکات."[1]

هەر سەبارەت بە هاوکارییەکانی پارتی بۆ ئاڵای شۆڕش، عادل رەفیق لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: "پارتی لەسەر ئەساسی (دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە) مامەڵەی لەگەڵ ئاڵای شۆڕشدا دەکرد، واتە بۆ بەرژەوەندی حزبی خۆی (هەندێ کۆمەکی مەمرەومەژی) بە ئاڵای شۆڕش دەکرد. لەوێ زانیم کە ئەو ئیزگەیەی ئاڵای شۆڕش بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعاتێک لێوە بڵاودەکاتەوە، ئیزگەی پارتییە نەک ئاڵای شۆڕش..."[2] ئەو زانیاریانە ئەوە دەردەخات کە مەلا بەختیار سوێند خواردن بە خوێنی شەهیدانیش بۆ مەبەستی ناحەق بەکار دەهێنێ.

ئاڵای شۆڕش خۆی بە درێژەپێدەری ڕێبازی شەهید ئارام دەزانی، کەچی مەلا بەختیار لەگەڵ هاوڕێکانی ئارامدا هەڵی نەدەکرد و بە بیانووی خیلافی فکری، لەگەڵ سەرسەختترین نەیارە فکرییەکانی ئارام دا، هاوپەیمانی دەبەست؛ مام جەلال لەو بارەوەیەوە دەڵێت: "وەک وتم ئەوان ئارامیان کردبوو بە کراسەکەی عوسمان، ئارام زۆر دژی سەرکردایەتی بارزانی و مالّی بارزانی بوو و ڕەئی زۆر توند و تیژی خۆی نووسیوە لە سەریان، کەچی ئەمان ئاخری پەنایان بردەبەر مالّی بارزانی بۆ دژایەتی کۆمەڵە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هەروەها بەڕاستی لە ناو یەکێتیشدا ئەم برادەرانە دەوڕێکی خراپیان هەبوو لە تۆراندنی ڕەسوڵ مامەند و دەرپەڕاندنیدا، هەروەها بەشی خۆیان دەستیان هەبوو لە نانەوەی ئاژاوە و لە عاجزکردنی کادیرەکان و دەستیان لە بەربەرەکانێ کردنی هەندێک لە کادیرەکانی کۆمەڵەدا هەبوو، بە تایبەتی مەوقفێکی خراپیان هەبوو لە مەسەلەی ئەو برادەرانەی لە سجن لە عەفوی ۱۹۷۹دا بەربووون."[3]

**دووەم: حیزبی شیوعی و ئاڵای شۆڕش**

ئەحمەد بانیخێڵانی، یەکێک لە سەرکردە سەربازی و سیاسییە دیارەکانی حیزبی شیوعی، لە یادداشتەکانیدا چەند جارێک ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی حزبەکەی و ئاڵای

1 . عادل رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٤.

2 . هەمان سەرچاوە، ل٣١٣.

3 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤.

شۆڕش داوە، لە جێگەیەکدا دەنووسێت: "ئەو ڕۆژگارە مەلا بەختیار خۆی بە کۆمۆنیستی عەیار (١٨) دەزانی، زیاتر لەژێر کاریگەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و تێزە فکری و سیاسیەکانی ئەواندا بوو. لە ئایاری ١٩٨٤دا، مەلا بەختیار و هاوەڵەکانی کۆنفرانسێکیان پێکهێنا و تیایدا پڕۆژەی بەرنامەی ڕێکخراوە چاوەڕوان کراوەکەیان بڕیاردا. لەو نامیلکەیەدا کە بڵاویان کردەوە، بڕوا بە هیچ جۆرە کارێکی بەرەیی لەگەڵ حزبە نیشتمانییەکانی کوردستاندا نەبوو. پەلەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کارگەری جیهانیان پێ کۆمۆنیست نەبوو. لەو کاتەدا ئێمە لە کەڕەژاڵ بوین کاک فازڵ کەریم (جەعفەر) ساڵی ١٩٨٤ بوو، هات بۆ لامان گوتی دەمەوێ پەیوەندی بە مەلا بەختیار و برادەرانەوە بکەم، نامەیەکی بۆ مەلا بەختیار نووسی، دای بە ئێمە بۆی بگەیەنین، ئێمەش لە ڕێگەی ڕێکخراوی شارەوە نامەکەمان نارد و وەڵامەکەشمان بۆ هێنایەوە... لە دوایشدا چەند جارێکی تر نامەکانی کاک فازڵمان بۆ مەلا بەختیار دەنارد. نزیکەی ٣٠ چەکداریان لای ئێمە بوون، وردە وردە زیادیان کرد، تا گەیشتنە ٣٥ کەسێک و کاک سالاریش جارێک هات بۆ لایان، ئێمەش بەپێی بڕیاری سەرکردایەتی حزب ژمارەیەکی تر چەکمان پێدان، لە هەموو ڕوویەکی تریشەوە یارمەتیمان دەدان..."[1]

مام جەلال، سەبارەت بە نزیکایەتی حیزبی شیوعی و ئاڵای شۆڕش دەڵێت: "ئارام لەگەڵ ئەوە بوو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەشە بکات و پەرەی پێ بدرێت و کۆمەڵە لەناویا دەوری خۆی ببینێت، بەڵام ئەوان لایەنگری پارچە پارچە کردن و لاواز کردنی یەکێتی بوون. ئارام حیزبی شیوعی عێراقی بە تەحریفی دەزانی، بەڵام کادیرە دیارەکانیان (ئاڵا) زۆر لە حیزبی شیوعی عێراقی نزیک بوون و تا بەتەواوەتی ئاخریەکەی کەوتنە بن باڵیان و ژێر تەئسیریان."[2]

لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەحمەد بانیخێڵانی، مام جەلال داوای وەستانی هاوکارییەکانی حیزبەکەی بۆ ئاڵای شۆڕش لێ کردووە: "ڕۆژێک لەگەڵ مام جەلال پیاسەم دەکرد، پێم وت ئێوە بۆچی دوژمنایەتی ئاڵای شۆڕش دەکەن، ڕاستە ئەمانە لە ئێوە جیابوونەتەوە، بەڵام ئێستا ناوی خۆیان گۆڕیوە و بەرنامەی سیاسی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئێوە حەقتان نییە دوژمنایەتیان بکەن و داوا لە ئێمە و خەڵکی تر بکەن یارمەتیان نەدەین. مام جەلال گوتی: من لەگەڵ تۆدا خیلافم نییە، ئەگەر ئەمانە حزب

1 . ئەحمەد بانیخێڵانی، یادەوەریەکانم، چاپی دووەم، چاپخانە کاڕۆ سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٤٨١-٤٨٢.
2 . سەلاح ڕەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤.

بن و بەسەر خەڵکەوە نەژین، ئێوە یارمەتیان مەدەن، ئەگەر تا شەش مانگی تر مانەوە، ئەو کاتە منیش ئامادەم هاوکاریان بکەم."[1]

**سێیەم: رژێم و ئاڵای شۆڕش**

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی دەزگای ئەمنی قەومی حیزبی بەعس دروستکردنی دووبەرەکی و ناکۆکییە بووە لە ناو حیزب و ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕژێم و هەروەها درز خستنە ناو ڕیزەکانی حیزبەکانەوە. جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە بە پلەی یەکەم لە ئەستۆ دەزگای ئەمنی عامەدا بووە.

هەوڵەکانی ئەمنی عامە بۆ گەورەکردنی درز لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدرانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە، بەڵام بەهۆی دیسپلینە بەهێزەکانی کاری ڕێکخستن و وەرگرتنی ئەندام لە کۆمەڵە بەشی زۆری هەوڵەکان سەریان نەگرتووە.

دەرکەوتنی ئاڵای شۆڕش، کەشێکی گونجاوی بۆ ئەمنی عامە دروست کرد تاوەکو ئەگەر ڕاستەوخۆش نەبێت، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دووبەرەکییەکە قوڵتر و گەورەتر بکاتەوە. بەپێی بەڵگە نامەیەک کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٧، بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی، داوای لە داودەزگاکانی خۆی کردووە بۆ فراوان کردنی درز لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانیدا، بەیاننامەیەکی سەرکردایەتی ئاڵای شۆڕش کە ناوی مەلا بەختیار و پشکۆ نەجمەدین و شێخ عەلی لەسەربووە، بە شێوەی نهێنی بە ناو خەڵکدا بڵاوبکەنەوە.

"بۆ هەموو بەڕێوەبەرتییەکان

لە ئەمنی سلێمانیەوە

نهێنی و بە شەخسی بکرێتەوە ١٤١٨\١١\٨\١٩٨٧

(١٠) نوسخە لەو نامەیەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییتان بۆ دەنێرین کە دەبێ لە ناوچەی باکور بڵاوبکرێتەوە و تێدا کادیرەکانی ئاڵای شۆڕش پەلاماری تاقمی نوکەرانی ئێران دەدەن، داواکارین لەو جێگایانەدا بڵاوی بکەنەوە کە بۆتان دەکرێ و پشت بە سەرچاوە نهێنیەکانتان مەبەستن و بە نهێنی و بێ ئەوەی کەس بزانێ بڵاوییبکەنەوە و ئاگادارمان بکەنەوە. لەگەڵ ڕێزدا

بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی"[2]

---

1 . ئەحمەد بانیخێلانی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٤، ل ٤٩٩.

2 . بەڵگەنامەی ژمارە (١٦)، ئەمنی سلێمانی داوا دەکات بەیاننامەکەی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی بە ناو خەڵکدا بڵاوبکرێتەوە.

بەیاننامەکەی گوایە مەلا بەختیار و هاوڕێکانی نووسیویانە و تێیدا پەشیمان بوونەتەوە لە نووسیونی ئەو پاشگەزبوونەوەی کە لە زیندانداا نووسیویانە وازیان لە ئالّای شۆڕش و کاری سیاسی هێناوە، لێرەدا پابەندبوونی خۆیان بە درێژەدان بە ئالّای شۆڕش رادەگەیەنن و هێرشێکی زۆریشیان کردووەتە سەر یەکێتی.[1]

پاشان لە دوو نووسراوی جیادا هەریەکە لە معاونییەتی ئەمنی بەلدە، و ئەمنی سەرچنار و سەرشەقام، وەلّامی نوسراوەکەی ئەمنی سلێمانیان داوەتەوە و باسیان لەوە کردوە کە ئەرکی دابەشکردنی بەیاننامەی سەکردایەتی ئالّای شۆڕشیان بە ناو خەلّکدا جێبەجێ کردوە.[2]

ئەم گرنگیدانە زۆری رژێم بە ئالّای شۆڕش، بەو رادەیەی ئەرکی بلّاوکراوەکانی بەناو خەلّکدا بگرێتە ئەستۆ، قسەی زۆر هەلّدەگەرێت و پرسیاری زۆر دروست دەکات. دەزگای ئەمن، کە هەموو تواناکانی خستبووە گەڕ بۆ دۆزینەوەی کادیرەکانی کۆمەلّەی رەنجدەرانی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن، بە چ مەبەستێک و بۆ لەو هەلومەرجەدا کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سەرقالّی دروستکردنی بەرەی کوردستانی بوون، دێت بەیاننامەی سەرکردەکانی ئالّای شۆڕش، بە شێوەیەکی زۆر نهێنی بەناو خەلّکدا بلّاودەکاتەوە؟! وەلّامی کورت و پوخت ئەوەیە؛ رژێم هاوئامانجی ئالّای شۆڕش بوو، بۆ لاوازکردنی یەکێتی و بەهێز بوون و مانەوەی ئالّای شۆڕش لەسەر حیسابی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

**چوارەم: سالار عەزیز و ئالّای شۆڕش**

دوای گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا لە سالّی ١٩٧٧، سالار عەزیز لەگەلّیدا سارد بوو. سەرەتاکانی پێکەوە بوونیان لە ناوزەنگ ململانێکانیان سارد بووەوە. بەلّام ئەوەی سالار عەزیز لە مەلا بەختیار جیادەکاتەوە، ئەوەیە سالار راست و رەوان بووە بە نهێنی نەبووە و قسە لە روو بووە.

لە بیرەوەرییەکانیدا نەوشیروان مستەفا چەندین جار ناوی سالار عەزیزی هێناوە، هەندێجار وەک نوکتە و هەندێ جاریش بە سەرپێی. بەلّام هیچ جارێک بە راستەوخۆ باسی لە ناکۆکییەکانی خۆی و ئەوی نەکردووە، نەوشیروان مستەفا دەنووسێت: "لە ناوزەنگ، چەند جێگایەکمان دیاریکرد خانوەکانیان تێدا بکرێ. سالار و فاضیل مان ڕاسپارد خەریکی دروستکردنی خانو بن. خانوەکان ئەگەرچی لە هەمان ناوچەدا بوون،

---

1 . بەلّگەنامەی ژمارە (١٧)، دەقی ئەو بەیاننامەیەی کە مەلا بەختیار و هاوڕێکانی نووسیویانە و دائیرەی ئەمن بە ناو خەلّکدا بلّاوی کردوەتەوە.

2 . بڕوانە بەلّگەنامەکانی ژمارە (١٨) و (١٩) و (٢٠).

بەڵام لە ٣ لای جیاوازدا دروست ئەکران. دەستەیەکیان فاضیل بۆ خۆی و مام جەلال و د. مەحمود و، دەستەیەک سالار، بۆ خۆی و عومەر و من و، دەستەیەک عەلی ئامەخان بۆ پێشمەرگەکان. هەندێ لە فەرماندەی کەرتەکانی هەرێمی پاریزگاریش لە نزیک ئەو بارەگایانەوە خەریک بوون. شوێنەکان بە ناوی سەرپەرشتیکارەکانەوە ناو نرابوون: سالار ئاوا، جەعفەر ئاوا، عەلی ئاوا. ئەم ناوانەمان بۆ خۆشیی لێ نابوون، بەڵام سالار و جەعفەر (فاضیل) پێیان ناخۆش بوو، لە بەر ئەوە وازمان لێ هێنا."[1]

کە سالار عەزیز لە وڵات نەبووە، نەوشیروان مستەفا نەیهێشتووە جێگەکەی لە مەکتەبی سیاسی بدرێتە کەسی دیکە: "سالار لەو کاتەدا هێشتا لە دەرەوە بوو، من پێشنیارم کرد لە مەکتەبی سیاسی دابنرێتەوە."[2]

وەک مام جەلال باسی دەکات، لە کاتی گفتوگۆکانی ١٩٨٤ی یەکێتی و حکومەت، سالار عەزیز چوەتە لای و داوای کردووە کارئاسانی چوونە دەرەوەی بۆ بکات و پێی وتووە: "ئەگەر گفتوگۆ سەرکەوت، ئەوە دێمەوە بۆ خۆم کەسابەت دەکەم، چونکە تاقەتی سیاسەتم نەماوە. ئەگەر سەرنەکەوت ئەوە لە دەرەوە هەر ئیشێکم پێ بسپێرن و هەر کارێکم بەرەوڕوو دەکەنەوە ئەوا دەیکەم و برابچوک و دڵسۆزم.. پاشان کە گەیشتە دەرەوەی وڵات هەڵوێستی باش نەبوو، لەو پەیوەندیانەی کاتی خۆی بەناوی یەکێتییەوە دروستی کردبوو کە نێردرا بۆ دەرەوە وەکو نوێنەرێکی یەکێتی، کەوتە دژایەتی کردنی یەکێتی. هەوڵی ئەوەی دا یارمەتی کۆبکاتەوە و شەڕی یەکێتی پێ بکات."[3]

لە دەرەوە سالار عەزیز لەژێر ناوی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان – عێراق)دا چالاکی دەکرد و لەکاتی دروستبوونی ئالای شۆڕشدا ئەو هەر بەو ناوەوە نووسراو و پەیوەندی دەبەست. بەپێی دۆکیومێنت و نامە ئالۆگۆڕکراوەکانی نێوان هەردوو رەوتەکە، ئەوە روون دەبێتەوە لە بیرکردنەوەدا دوو ئاراستەی جیابوون، بەڵام هەردوولایان هەوڵیاندەدا کەڵک لە یەکتری ببینن. مەلا بەختیار کە تەنها ئاسمانی قەرەداغی لێوە دیاربوو، بە هەلی دەزانی بوونی سالار عەزیز لە دەرەوە بەکاربهێنێ بۆ دروستکردنی رایەڵەی پەیوەندی کردن بە جیهانی دەرەوە؛ سالاریش کە نفوزی لەناو پێشمەرگەدا نەبوو، لەژێر کاریگەری پڕوپاگەندەکانی مەلا بەختیاردا کە وای دەنواند بەشێکی زۆری هێزی پێشمەرگە و رێکخستنەکانی کۆمەڵەی لەگەڵدایە،

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧ – ٨.
2 . هەمان سەرچاوە، ٢٦٥.
3 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

دەیویست ئەوە بەکاربهێنێ بۆ پتەوکردن و فراوانکردنی پەیوەندییەکانی بە وڵاتانی دەرەوە، بە تایبەتی لیبیا و سوریا کە بەهۆی نزیک بوونەوەی یەکێتی لە سەدام و رژێمەکەی، دڵیان لە یەکێتی کرمێ بووبوو.

لە ١٩٨٥/١٠/٢٠ سالار عەزیز نامەیەکی ناردووە بۆ لیبییەکان و راپۆرتێکی وردی لەسەر جیابوونەوەی خۆیان لە یەکێتی بۆ نووسیون.

برایانی بەڕێز سدیق و موختار. ١٩٨٥/١٠/٢٠

سڵاوێکی خەباتکارانە

دوای دوا دیدارمان لە جەماهیریەتی میللی سۆسیالیستی لیبی لە نیسانی ١٩٨٥ز، باسی دۆخی گشتی ناوخۆی یەکێتیمان کرد و گفتوگۆکەشمان لەسەر جیابوونەوەی رێکخراوەکەمان لە جەلال تاڵەبانی کرد. مانگی ئەیلول، هاوڕێیانمان راپۆرتێکیان لەسەر دۆخی گشتی سیاسی عێراق و دۆخی رێکخستنە سیاسی و سەربازییەکەمان لە کوردستان و نێو یەکێتی نیشتمانیدا پێشکەش کردن، هیوادارم خوێندبێتانەوە.

ئێمە ئێستا لە قۆناغەکانی کۆتایی پرۆسەی جیابوونەوەداین لە یەکێتی، بە پێویستی دەزانم لە نزیکترین کاتی گونجاودا یەکتری ببینین بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی خۆمان و گیروگرفت و پلانەکانمان، بۆیە تکا دەکەم داوەتێکم بۆ بنێرن تا بە نوێنەرایەتی رێکخستنەکەمان سەردانی جماهیریەت بکەم و بتانبینم.

جارێکی تر سڵاوم هەیە بۆتان و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم

سالار عەزیز

لە جیاتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان- عێراق[1]

سالار عەزیز، نوسخەیەک لەم نامەیەی ناردووە بۆ مەلا بەختیار، پێش ئەوەی بگات بە دەستی کەوتووەتە دەست یەکێتی. سەرکردایەتی کۆمەڵە. ئیتر هیچ گومانێکی نامێنێ کە مەلا بەختیار و سالار عەزیز لە بنەوە خەریکی بنکۆڵ کردنی کۆمەڵە و یەکێتین.

عادل رەفیق، پێی وایە سالار بە مەبەستی بەگرتدانی مەلا بەختیار لە لایەن یەکێتیەوە، سیناریۆی بەگرتدانی سۆران مەحمودی داڕشتووە، تاوەکو دوای دەستبەسەراگرتنی نامەکان، یەکێتی بەڵگەی تەواوی لە بەردەستدابێ بۆ دادگایی کردنی مەلا بەختیار. چونکە سالار و مەلا بەختیار لەسەر زۆرشت ناکۆک بوون، لەوانە مەسەلەی جیاکردنەوەی پێشمەرگە، ئەو دەنووسێ: "پێش چوونی مەلا بەختیار بۆ دۆڵی جافەتی و بینینی تاڵەبانی، سۆران مەحمود لەسەر سنور گیراوە، بە کۆمەڵێک نامە و بڵاوکراوەی سالار عزیزەوە کە بۆ مەلا بەختیاری ناردوە. لە نامەکاندا باسی

1 . عادل رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١

سیناریۆی جیابوونەوەی تیا بووە. سالار عەزیز ئەو کارەی لەسەر ئەوە کردووە، هەرچی زووە و بە هەر شێوەیەک بووە جیابوونەوەی چەکداری روو بدات. دوای ئەوەی نەیتوانیوە مەلا بەختیار بە جیابوونەوەی چەکداری رازی بکات، ویستوویەتی بەم سیناریۆیە جەلال تاڵەبانی ئاگادار بکات کە جیابوونەوەی چەکداری لە ئانوساتدایە و بەو جۆرە کارێک بکات کە تاڵەبانی زووتر دەست بە هێرش بکات. بۆشی چووەسەر و رووبشی دا."[1]

**پێنجەم: ئالای شۆڕش لە گێژاوی رووداوەکاندا**

دوای گرتنی مەلا بەختیار، بەشێک لە رێکخستنەکانی شار بۆ دریژەپێدان بە رەوتەکەیان چوونە دەرەوە و لەوێ ئیلتحاقیان کردووە بە گروپەکەی سالار عەزیز کە تا ئەو کاتە بەناوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان – عێراق کاری دەکرد.

دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، دواجار توانرا لە ١٩٨٦/٧/١٦ یەکەمین پلنیۆمی هاوبەشی رەوتی ئالای شۆڕش و کۆمەڵەکەی سەر بە سالار عەزیز لە زێوێ دیوی رۆژهەڵات ببەسترێ. ئەو کۆبوونەوەیە وەک عادل رەفیق لە کتێبەکەیدا وردەکارییەکەی خستوەتەروو، کۆبوونەوەی چاوپۆشی کردن بوو لە ناکۆکی و کێشە سەرەکییەکان و هەڵپەساردنیان بۆ ئایندە.

– سەبارەت بە جیهانی لەمەڕ سۆڤیەت و کەمپەکەی، پلنیۆم نەگەیشتە نەتیجە و دواخرا بۆ داهاتوو.

– دیاری کردنی هێڵی فکری رێکخراوەکە، هێڵدرایەوە لە ئایندەدا قسەی لەسەر بکرێت.

– سەبارەت بە داوای ژمارەیەک لە ئەندامەکانی پلنیۆم بۆ دەرکردن و بە خائین زانینی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی لە زیندان، لەبەر ئەوەی پاکانەیان نووسیوە، مشتومڕ دەکەوێتە ناو ئەندامان و لە لایەن نووسەری کتێبەکەوە داوا کراوە مەسەلەی لێپرسینەوە و بڕیاردان لە بارەی ئەو پاکانەیەوە هەڵبگیرێت بۆ ئەو کاتەی ئەوان ئازاد دەکرێن.

– بۆ مەسەلەی خەباتی چەکداری و خەباتی رێکخستن، دیسانەوە هەردوو لا نەگەیشتن بە ئەنجام و ئەویش دواخرا.

– خاڵی ئیجابی ئەو پلنیۆمە دروستکردنی لیژنەیەکی هاوبەش بوو بۆ سەرپەرشتی، بەڵام لە کۆتاییدا ئەویش کێشە و دووبەرەکی تێکەوت.

بەمجۆرە ئەو پلنیۆمە نەک هەر نەیتوانی ئەو دوو رەوتە یەکخات، بەڵکو ناکۆکییەکانی قوولتر کردەوە. "لەو ماوە کورتەی سالار عەزیز لە زێوێ بوو، زۆر

1 . عادل رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٨.

قسه لەسەر نەتەقاندنەوەی ناکۆکییەکان کرا لەناو ئالای شۆڕشدا، کە ریشەی جیاوازی جیهانبینی و فیکری و ئایدۆلۆژی و سیاسی هەبوو. هەموو جارێک دەگەیشتنەوە ڕێکەوتن لەسەر پڕۆژەی بەرنامەی ئالای شۆڕش، بەڵام چەند سەعاتێک دواتر هەواڵ دەهات کە پێچەوانە کاری دەکرد، دەرکەوت هەر لە کۆبوونەوە فراوانەکەی گوندی سێوسێنان لە ناوچەی قەرەداغ، چ هەڵەیەکی مەزنمان کردووە بەهۆی ساغ نەکردنەوەی بەرنامەی ئالای شۆڕش و ڕێبازی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ."[1]

عادل ڕەفیق، درەنگ درکی بەوە کردووە کە ئالای شۆڕش هەر لە ئەساسدا سەرکردایەتییەکی ژیری نەبووە و ئەوەی ئێستا تێیدا دەژی دەرهاویشتەی ئەو دۆخەیە، بۆیە دەڵێت: "ئەو بارودۆخەی ئالای شۆڕشی تێ کەوتبوو ئەنجام بوو، هۆکارەکەشی دەرکەوت نەبوونی سەرکردایەتییەکی بە ئەزموون و بە باوەڕ و بە کەم گرتن و نەناسینی نەیارە چینایەتییەکە و ساغ نەکردنەوەی بەرنامەی ئالای شۆڕش و نە چەسپاندنی ڕێبازی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و هێشتنەوەی وەک پڕۆژەی بەرنامە، هەڵەیەکی ڕێکخراوەیی و سیاسی زۆر گەورە بوو."[2]

ئەو پێی وایە لە بێکەسی گروپی ئالای شۆڕش و لاوازیاندا، سالار عەزیز ئینفرادی بە قیادەوە کردووە و حسابی بۆ لیژنە سەرپەرشتییە هاوبەشەکە و ڕاوبۆچوونیان نەکردووە و هەوڵی تێکدانی نێوانیشیانی داوە: "لەو ماوە کورتەی سالار عەزیز لە کامپی زێوێ، چەندین دانیشتنی لیژنەی سەرپەرشتی و خۆشم بە تایبەت لەگەڵیدا ئەنجام دا، بەبێ ئەوەی بگەینە ئەو ئەنجامەی هەر هیچ نەبێ وەک کۆمەڵێک لێقەوماو پێکەوە هەڵ بکەین، گەلێ جار ناچار دەبووم کۆبوونەوە بەجێبهێڵم و بچمە دەرەوە. سالار عزیز لە زێوێ چەندین جار پێی ڕاگەیاندم کە ئاگاداری عماد ئەحمەد بم، چونکە پەیوەندی هەیە لە ڕێگەی مامۆستا موحسنەوە بە یەکێتیەوە."[3]

بە نزیک بوونەوەی یەکێتی لە ئێران و پارتی لە ساڵی ١٩٨٦، سالار عەزیز زانی ئیتر کاری ئەو تەواو بووە و هیچی پێ ناکرێ و پارتی هەر ئەوەندە کاری بە ئەوان هەبووە کە سەر ئێشە بۆ یەکێتی دروست بکەن، بۆیە بێ خواحافیزی ڕەوتەکەی خۆی و پاشماوە سەرگەردان و بێ سەرکردەکەی ئالای شۆڕشیشی گورگانە خوارد کردووە و بەجێی هێشتون، عادل ڕەفیق دەنووسێ: "سالار عەزیز کە هیچ وەڵامێکی بۆ

1 . عادل ڕەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٩.
2 . هەمان سەرچاوە، ل٤٠٠.
3 . هەمان سەرچاوە، ل٣٩٩-٤٠٠.

چارەسەری وەزعەکە پێنەبوو، تا دەهاتیش گفتوگۆکانی یەکێتی نیشتمانی و جمهوری ئیسلامی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان دەچووە پێشەوە، ئەوە وایکرد سالار عەزیز بڕیاری ڕۆیشتنەوە بدات بۆ سوریا و لەوێشەوە بۆ سوید و ئیتر نەهاتەوە، گەرچی هاوڕێکانی چەندین جار پەیوەندیان پێوە کرد و داوایان لێ کرد بگەڕێتەوە شان بداتە ژێر باری ئەو وەزعەی خولّقاندبووی."[1]

دوابەدوای دەستبەرداربوونی سالار عەزیز لە ئالّای شۆڕش، کادیرەکانی ئەو ڕێکخراوە هەولّی پەیوەندی پێوەکردنی لەگەلّدا دەدەن، بەلّام سودی نابێ، دواجار هەندێ تۆمەتی دەخرێتە پاڵ گوایە ناوی ئەوانی بەکارهێناوە بۆ وەرگرتنی پارە لە ولّاتان، ئەویش لە نامەیەکدا بۆ عادل ڕەفیق، بەتوندی وەلّامیان دەداتەوە و جگە لە ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکان، پەلاماری ئالّای شۆڕش و مەلا بەختیاریش دەدا، لە خوارەوە بەشێک لە وەلّامەکەی دەخەینەڕوو: "برادەر پارە لای من زۆر بێ ئەهەمیەتە و من ئەتوانم دائیمە پارەی زۆرم هەبی، کە پارەشم لە لیبیا وەرگرتووە راستە بۆ ماعدەی شەخسی بووە، بەلّام من هەمیشە پارەی کەس و کاری خۆشم بۆ پێشمەرگە و ئەم ڕێبازە سەرف کردووە و چ جای ئەم پارە تافیهەی لیبیا کە بایی دو بلیتی تەیارەیە. تۆ ڕێکخستنێکت لە بەردەمدا بووە و چەندین دۆستی تر، بەلّام بلێم چی نە ڕێکخستن ئەو ڕێکخستەنەیە بتوانێ ١٠٠٠ دینارتان بۆ بنێری، نە ئەوەندەش سیاسەتتان دۆستانە بووە یارمەتیتان بدرێت.."[2]

لە جێگەیەکی دیکەدا دەنووسێ: "بیستوومە هەر مەلا بەختیار بە سەرکردەی خۆت ئەزانی، زۆر جار دیارە کەسانێک ئەمە فکر و سیاسەت و هەلّوێستیان بێت، ئەبێ بەوەش ڕازی بیت و ئەوانە لە بیرخۆی بەریتەوە کە مەلا بەختیار خۆشی و ئێمەشی بە خائین ئەزانی و تەنازول ئەکات و دەیان نامەی تر بۆ نەوشیروان ئەنوسێ و ئیعتراف ئەکا."

هەروەها نووسیویەتی: "ئێستا بیستوومە لەگەلّ جەلالی خائیندا بەناوی بەردانی مەلا بەختیارەوە ببنە یەک یا ڕێ بکەون. جارێ حەز ئەکەم بزانی ئەگەر مەلا بەختیار بەدەستی خۆی بێت و تۆزێک پیاوەتی تێیدا بێت شتی وا ناکات، بەلّام ئێمە ئەزانین مەلا بەختیار ڕەنگە یەکێتی چی پێ بلّێ جێبەجێی ئەکات.. حەز ئەکەم بزانن چۆن دەوری ئینتهازیانەی بۆچوونەکانی ئێوە هەندێ منالّی لاساری ناسیۆنالیست کە

1 . عادل ڕەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠١.
2 هەمان سەرچاوە، ل ٤٤٨ - ٤٥١

رۆژگاریێ له خۆیان گۆڕابوون، له ئانوساتدا خۆی لێ بووه به سەرکردەی کرێکارانی عێراق و کەوتنه دیعایەی به عێراقی بوون، بەڵام ئێوه له مشتێ ورده بورژوای ناسیۆنالیست زیاتر هیچی تر نین.."

**شەشەم: پلنیۆمی دووەم و سێیەم هەوڵێک بۆ مانەوە!**

دوای شان خاڵیکردنی سالار عەزیز لەژێر باری بەرپرسیارێتیدا، رۆژی ١٩٨٧/٧/٢٥ ئەو کادیر و پێشمەرگانەی مابوونەوە، پلنیۆمی دووەمی خۆیان بەست. له پلنیۆمی دووەمدا ململانێیەکی توند دروست بووه له نێوان هەوادارنی سۆڤیەت و باڵی مەلا بەختیار. هەرچەندە مەلا بەختیار هێشتا له زیندانا بوو، بەڵام هاوڕێکانی بەوپەڕی تواناوه هێرشیان کردووەته سەر ئەو ئاراستەیەی که سۆڤیەتی به قیبلەگاهی خۆی دەزانی. ئەم پلنیۆمه که له گەرمەی پەلاماردکانی رژێمی بەعس بۆ سەر کوردستاندا بەسترا، هێندە باس لەو کێشه و گرفتانەی کرا که کۆمۆنیستەکان له سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا قسەیان لەسەر کردووه، هێندەی باس لەو گرفتانه نەکرا که خەڵکی کوردستان بەدەستیانەوه گیریان خواردبوو. پلنیۆمەکه له لایەن کۆمەڵێ کادیری ئەساسی رەوتەکەوه بایکۆت کرابوو، به سەرکەوتن بۆ عیماد ئەحمەد کۆتایی هات و بوو به کەسی یەکەم.

له ١٩٨٨/٩/٤ پلنیۆمی سێیەم به ئامادە بوونی مامۆستا پشکۆ دوای هەڵهاتنی له زیندان له زێوێ بەسترا. گرنگترین میحوەرەکانی ئەم پلنیۆمه قسەکردن بوو لەسەر ئەو یەکگرتنه ناچارییەی نێوان ئاڵای شۆڕش که باوەڕی به مارکسیزمی شۆڕشگێڕ هەبوو لەگەڵ رەوتی سالار عەزیز که باوەڕی به رێبەرایەتی سۆڤیەت هەبوو. وەک ئاماژەیەکیش به دژایەتی کردنی رەوتەکەی سالار عەزیز، پلنیۆم سۆڤیەتی به دەوڵەتێکی زلهێز و به قودرەتی جیهانی، که رێبازه سیاسی و عەسکەری و دیپلۆماسییەکانی وەک ئیمپریالیستێک له قەڵەم دابوو.

پلینیۆمەکه هەر ئەو دروشم و قسانەی دووباره کردوەتەوه که کۆمەڵه له قۆناغی دامەزراندنیدا له حەفتاکان مناقشەیان لەسەر دەکرد: "مارکسیزم تەواوی تێزەکانی سۆسیالیزمی خەیاڵی، وردە بۆرژوازی، ناسیۆنالیستی له بواری تیۆریدا بۆڕداوە، بوە تیۆری باڵادەستی نێو بزوتنەوەی کرێکاران."

لەبەر ئەوەی سۆڤیەتیان چنگ نەدەکەوت، بۆیە پەلاماری حزبی شیوعی عێراقیان دەدا و به ریڤیژنیزم تۆمەتباریان دەکرد: "له عێراقدا حزبی شیوعی عێراق نوێنەری رەسمی ریڤیژێنیزمی روسییه و پتر له نیو سەدە خەباتی خۆی له شێواندنی مارکسیزم

– لینینیزم تێپەڕاندووە و فاکتەرێکی بنچینەیی لەخشتەبردنی کرێکاران و سەرنەکەوتنی بزوتنەوەکەیانە.."

لە (زێوێ)شەوە چەند کیلۆمەترێک لە خاکی کوردستان مابوو سوپای عێراق لە ئەنفالەکاندا داگیری بکات، ئازارەکانی خەڵکی کوردستانیان لەبیر کردبوو، نەخشەیان بۆ ئایندەی کرێکارانی عێراق و هەڵتەکاندنی ئیمپریالیزمی عالەمی دادەنا: "ئاڵای شۆڕش، وەک جەرەیانێکی فکری و سیاسی لە هەلومەرجێکی تایبەتی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عێراق و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا، لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاڵای دژایەتی کردنی ریڤیژنیزم، هەڵتەکاندنی پایەگا لەرزۆکەکانی، هەنگاونان بۆ دامەزراندنی حزبی پێشڕەوی کرێکارانی عێراق...."

لە کۆتاییدا مامۆستا پشکۆ و عادل رەفیق و شێخ عەلی، بە ئەندامانی ناوەندی ئاڵای شۆڕش هەڵبژێردران..

ئەوەی جێگەی سەرنجە بەستنی پلنیۆمەکەی ئاڵای شۆڕش، هاوکات بووە لەگەڵ سەرەتاکانی داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی رۆژهەلاتی بە گشتی. لە راگەیاندنی کۆتاییدا هەر هێندەی کێشەی فەڵەستین باس لە بارودۆخی کوردستانی عێراق و پەلاماری دڕندانەکانی ئەنفال بۆ ناوچە رزگارکراوەکان کراوە.

پاش ماوەیەک کارکردن و وەستانی شەڕی عێراق ئێران و کۆتایی هاتنی پەلاماری ئەنفالەکان، وردە وردە حەماسی شۆڕشگێڕی و گەرموگوڕی ناو کادیرەکانی ئاڵای شۆڕش ساردبوەووە و ئەوەی توانی بارگەی سەفەری بەرەو ئەوروپا پێچایەوە و ئەوەشی ماندوو بوو، خۆی وون کرد و چاوەڕوانی دۆخێکی لەباری دەکرد. کاتێک لە هاوینی ۱۹۸۹ مەلا بەختیار ئازاد کرا، هاتە سەر ماڵێکی لێکترازاو.

**حەوتەم: مام جەلال و سجن**

مەلا بەختیار لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "مام جەلال رۆژێک پێش بەربوونم هاتە لام. گوتی: خراپەمان زۆر بەرانبەر کردووی، برادەران دەترسن بیر لە تۆڵەسەندن و هەڵمەتی راگەیاندن بکەیتەوە. وتم: ئەوەی چاکەی لەگەڵ کردوم لەم زیندانە بیرم ناچێتەوە، ئەوەی خراپەی لەگەڵ کردووم، بیرم چووەتەوە! وتیشی ئەی ئەگەر ئێران یارمەتی دای دژمان؟ وتم ئێران نەک ئیسلامی بێ، بەڵکو دەوڵەتێکی سۆسیالیستیش بێ، یارمەتیم بدات دژی یەکێتی و ئەو پارتیزانانەی دوای ئەنفال، هەرگیز قەبوولّی ناکەم."[1] لە زانستی مێژوودا شتێک هەیە پێی دەوترێ (سیاقی مێژوویی دەق). ئاسانترین

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل۱۱۳.

ڕێگە بۆ دەرخستنی ڕاستی و دروستی لێدوانێک یان بۆچوونێک یاخود هەر نووسینێک کە تێیدا باس لە کات و شوین کرابێ، بەراوردکردنی کات و شوێنی ڕووداوە، بە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی، حەقیقەتەکەت بۆ دەردەکەوێ. بەپێی قسەی مەلا بەختیار بێت، مام جەلال دوو ڕۆژ پێش بەربوونی هاتووەتە لای. پێی وتووە: "برادەران دەترسن بیر لە تۆڵەسەندن و هەڵمەتی ڕاگەیاندن بکەیتەوە." ئەم ڕەدی کردووەتەوە شتی وا بکات. مام جەلال وتوویەتی "ئەی ئەگەر ئێران یارمەتی دای دژمان؟" مەلا بەختیاریش وتوویەتی "هەرگیز قەبووڵی ناکەم." جا با بزانیین سیاقی مێژووی ئەم حیکایەتە چی لێ هەڵدەهەنجێنرێ؟ لە ئابی ١٩٨٩دا مەلا بەختیار ئازاد کراوە، لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ دا یەکێتی لەگەڵ ئێراندا ئاشت بووەتەوە و ڕێکەوتن نامەی ئیمزای کردووە، چەندین شەڕ و چالاکی هاوبەشیان پێکەوە لە دژی عێراق کردووە، دیارترینیان لێدانی بیرە نەوتییەکانی کەرکوک بوو لە لە ١٩٨٦/١٠/١٠، ئیتر لەوکاتەوە بەولاوە موو نەدەچوە نێوانیان. لە کۆتایی ١٩٨٨ ئالای شۆڕش دوای سێ پلنیۆم بەشی زۆری کادیرەکانی بەجێیان هێشتووە و پەڕوبالّی کراوە و تەنانەت پارەی دەرکردنی بەیاننامەیەکشی نەبووە. بە ئەقلّی کێدا دەچێ ئێران هاوپەیمانێکی وەک یەکێتی و مام جەلال، بگۆڕێتەوە بە مەلا بەختیار کە لەوکاتەدا ١٠٠ کەسی پێ کۆ نەدەکرایەوە؟! یان بە ئالای شۆڕش، سالار عەزیز واتەنی بە هەموو ڕێکخستنەکانەوە نەیدەتوانی ١٠٠٠ دینار کۆبکاتەوە؟! گێڕانەوەکەی مەلا بەختیار، کە لێرەشدا هیچ دیکۆمێنت و شایەتحالّێک نییە، جگە لە مام جەلال ئەویش وەفاتی کردووە، لە ڕووی سیاقی مێژوویییەوە ئەساسێکی زانستی باوەڕپێکراوی نییە، کارێکی قورسە مرۆڤ باوەڕ بەوە بکات مام جەلال لەو دۆخەدا تکا و ڕجا لە مەلا بەختیار بکات، دوای بەربوونی، تۆڵەیان لێ نەکاتەوە و لەگەڵ ئێراندا هاوپەیمانی نەبەستێ بۆ دژایەتی کردنیان.

## بەشی پێنجەم

# حیزبی شیوعی لەشەڕی براکاندا

# باسی یەکەم
# حیزبی شیوعی عێراقی و خەباتی چەکداری

دوای هەرەسهێنانی بەرەی هاوبەشی حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی عێراقی لە ناوەڕاستی ١٩٧٨دا، زیاتر لە ٧٠ هەزار دۆست و لایەنگری حیزبی ئەو حیزبە گیران، ئەوانەی دەربازیان بوو، خۆیان گەیاندە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان. ئەوە جاری یەکەم نەبوو حیزبی شیوعی عێراقی لە دەستی دەسەڵاتی مەرکەزی پەنا دەباتە شاخەکانی کوردستان، پێشتریش دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ژمارەیەکی زۆر لە شیوعییەکان هانایان هێنابوو بۆ کوردستان و لەژێر چەتری فەرماندەیی شۆڕشی ئەیلولدا، خەباتی چەکداریان دەست پێ کردبوو.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندییەکانی حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی بەتەواوەتی بچڕان، هەموو سەرکردایەتی حیزبی شیوعی لە دەرەوەی عێراق بوون، پشێوی و نەهامەتی رووی لە ئەندامە دیارەکانی حیزب، لە شارەکانی عێراق کردبوو. فاتیح رەسوڵ، سەرکردەی دیاری ئەو حیزبە لەو بارەوە دەڵێت: "بڕیاری سەرەکی و هەموو ئامۆژگاری حیزب بریتی بوون لەوەی، هەر کەسێک دەتوانێ خۆی لە شاڵاوەکەی رژێم رزگار کات با رزگار بێت! دەگاتە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، یا دەرەوەی وڵات! گورگان لەناو میگەلی ئاژەڵ گاڵە دەکەن، کاکەی شوانیش لەژێر تاشە بەردێک نوستبوو، بەم شێوەیە ئەم پەرتوبڵاوییەی بەسەر حزبماندا هات لە مێژووی دوور و درێژی کارەسات و مەینەتی وەها درێژی بە خۆیەوە نەبینی بوو"[1]

لە تەموزی ١٩٧٩دا، لیژنەی مەرکەزی لە کۆبوونەوەیەکدا داوای کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆریەتی کرد، دروشمی (دیموکراسی بۆ عێراق و حوکمی زاتی راستەقینە بۆ کوردستان)ی بەرزکردەوە. بۆ پاراستنی کادیر و ئەندامەکانی لە هەڕەشەی دامودەزگا

1 . فاتیح رەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم سوید ١٩٩١، ل٤٢.

داپلۆسێنەرەکانی رژێم، لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتە وتوویژ و ئەوانیش کارئاسانیان بۆ کردن بۆ ئەوەی ئەندامەکانیان خۆیان بگەیەننە ناوچە ئازادکراوەکان.

لە زستانی ١٩٧٩دا، هەندێ لە ئەندامانی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی شیوعی، بە تایبەتی بەهادین نوری و ئەحمەد بانیخێڵانی و مەلا عەلی و ئەحمەد ئەلجبوری، یەکەمین دەستەی چەکدارییان لە کوردستان دروست کرد و تاوەکو ساڵی ١٩٨٠ ژمارەکەیان گەیشتە نزیکەی ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ چەکدار.

هەرچەندە تا ئەو کاتە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بە ڕەسمی باوەڕی بە خەباتی چەکداری نەهێنابوو، بەڵام ئەوانەی لە کوردستان بوون، حوزەیرانی ١٩٨١ مەکتەبی عەسکەریان بە فەرماندەیی یوسف سلیمان (ئەبو عامل) دامەزراند. بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانی خەباتەکەش، کۆمەڵێک کادیری خۆیان نارد بۆ وڵاتی یەمەنی باشور و دوای تەواوکردنی خولی سەربازی، بە پلەی مولازم گەڕانەوە بۆ کوردستان. دوای پێنج مانگ لە دەس پێکردنی خەباتی چەکداری لە لایەن سەرکردەکانی ناوەوە، سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بە فەرمی بڕیار لەسەر خەباتی چەکداری داوە. "سەیر لەوەدایە لە تشرینی دووەمی ١٩٨١ لیژنەی مەرکەزی حیزب بڕیاری لەسەر خەباتی چەکداری وەک ڕێبازێکی فکری و تەنزیمی بۆ ڕوخانی رژێمی بەعس پەسەند کرد، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی پەرتەوازە ببوون و هەندێکیان هەر باوەڕیان بە خەباتی چەکداری نەبوو."[1]

**یەکەم: گەمەکردن لە نێوان جەوقەد و جود**

لە دوای هەرەسهێنانی بەرەکەی لەگەڵ حیزبی بەعسدا، سەرکردایەتی حیزبی شیوعی ڕووی لە حیزبە ئۆپۆزسیۆنە عێراقی و کوردستانییەکان کرد. ١٩٨٠/١١/١٢ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی (لایەنگرای سوریا)، بەرەیەکیان بە ناوی (بەرەی نیشتمانی و پێشکەوتووخوازی دیموکراسی- جەوقەد) پێکهێنا.

هێشتا شوێنەکەی لەو بەرەیەدا گەرم نەبووبوو، لە ١٩٨٠/١١/٢٨ چوە ناو بەرەی نیشتمانی دیموکراسی (جود) کە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆک، پێکهاتبوو. دوای ماوەیەک بە بیانووی ڕێگەنەدانی یەکێتی بۆ بوون بە ئەندامی پارتی و سۆسیالیست لە جەوقەددا، لە بەرەی جەوقەد

1 . احمد عبد العزيز محمود، دور انصار (پێشمەرگە) الشيوعيين في الكفاح المسلح في كردستان العراق، من مطبوعات آزادي، ٢٠١٣، ص ٢١.

کشایەوە. بە کشانەوەی لەو بەرەیە، ناڕاستەوخۆ بوو بە نەیاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لەو ناوچە ئازادکراوانەی کە لەژێر دەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بوون، کشایەوە.

سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی، دەیزانی هەڵەیەکی گەورەی کردووە، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو هەڵەیە، خۆی لە یەکێتی نزیک کردەوە و بە بیانووی ناوبژیوانی کردن لە نێوان بەرەی جود و یەکێتی، لە ١٩٨٢/٧/٧ سەرکردایەتی هەردوولا کۆبوونەوە و بەیانێکی هاوبەشیان دەرکرد و کۆتاییان بە ناکۆکییەکانیان هێنا و بڕیاری کاری هاوبەشیان دا. بەڵام ئەو رێکەوتنە لەسەر ئەرزی واقع شتێکی وای لێ سەوز نەبوو؛ "چونکە بەپێچەوانەی رێکەوتنەکە، پەیوەندییەکانی حیزبی شیوعی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بەهێزتر بوو، بارەگاکانی سەرکردایەتی خۆی لە (ناوزەنگ)ی ژێردەسەڵاتی یەکێتییەوە بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی جود کشاندەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی، دوژمنە سەرسەختەکەی یەکێتی، بەهێز کرد.[1]

**دووەم: قڕناقەو پشت ئاشان کاردانەوە، یان بەرنامە؟**

**١. پێش پشت ئاشان**

بەشێک لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی لەگەڵ ئەوەدا نەبوون پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکێتیدا بگاتە ئاستی دابڕان، بۆیە لە شوباتی ١٩٨٣دا رێکەوتنامەیەکی دیکەیان لەگەڵ یەکێتیدا کرد. ئەحمەد بانیخێڵانی، بەمجۆرە باس لەو رێکەوتنە دەکات: "ساردییەکی بەرچاو کەوتبووە نێوان حزبی ئێمە و یەکێتییەوە، لە مانگی شوباتی ١٩٨٣ بروسکەمان بۆ مام جەلال نارد، کە پێویستە یەکتری ببینین، مام جەلال وەڵامی دایەوە فەرموون بۆ لای ئێمە. رۆژی ١٩٨٣/٢/٣ وەفدێکی حزبمان کە پێکهاتبوو لە هاوڕێیان کەریم ئەحمەد و عەبدلڕەزاق سافی و ئەبوو سەرباز. بۆ رۆژی دوایی کەوتینە گفتوگۆ و دانیشتن. لە برادەرانی یەکێتی، مام جەلال و کاک نەوشیروان و مولازم عومەر و فەرەیدون. مام جەلال بە عەبدلڕەزاق سافی وت تۆ رێکەوتنامەکە بنووسە، کە ئامادە کرا هیچ تێبینیەکی ئەوتۆیان نەبوو، نەرمی برادەرانی یەکێتی و قبوڵکردنی بۆچونەکانمان لە لایەن ئەوانەوە، سەرنجی ئێمەی راکێشا. بە هەرحاڵ رێکەوتنێکی دووقۆڵیمان ئیمزا کرد کە پێکهاتبوو لەم خاڵانە:[2]

– لە مەڵبەندەکان و لە هەرکوێیەکدا هاوڕێیانی هەردوو لا هەبن، کۆمیتەی هاوبەش پێک بهێنن.

---

1 . صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، المصدر السابق، ص ١٨٥.

2 . ئەحمەد بانیخێڵانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٣ –٤٢٤.

- لەو شوێنانەی هەردوولا پێشمەرگەیان هەیە، گەڕانی هاوبەش و چالاکی هاوبەش ئەنجام بدەن.
- نەخشە و بەرنامەی تایبەت بۆ رووداوی کوتوپڕ ئامادە بکەن.

پاشان باسی رۆڵی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی کردووە لە هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی گرژیی نێوان پارتی و یەکێتی و سۆسیالست، ئەو نووسیویەتی: "هەروەها بڕیاردرا حزبی شیوعی عێراق رۆڵێکی کاریگەری هەبێت بۆ دیداری نێوان پارتی و ینک بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان و یەکخستنی کۆشش و کاری ڕێکخستن و هاوکاری لە دژی رژێمی بەعس. گەڕاینەوە بۆ پشت ئاشان. لە ڕێگەی گەڕانەوەمان ڕەسول مامەندی تێکۆشەر و ژمارەیەک ئەندامانی سەرکردەیی (حسک) یەکترمان دی و لەبارەی دیدارەکەمان لەگەڵ مام جەلال و سەرکردەیی (ینک) ئاگادارمان کردن و سەرنجم دا لە دیدارەکەمان و ئەنجامەکانی خۆشحاڵ نەبوون."[1]

کەریم ئەحمەد، هۆکاری سەرنەکەوتنی ڕێکەوتنەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ رازینەبوونی پارتی و سۆشیالیست: "ڕێکخراوەکانی پارتیزانەکان و (پ.م)ی ئەم سێ حزبە (شیوعی و پارتی و حسک) ئەندامی بەڕەی جود بوون، بەڵام (ی.ن.ک) لە دەرەوەی ئەم بەرەیەدا بوو، لەگەڵ پارتی و حسک ڕێکنەبوون. بەڵکو پەیوەندییەکانیان لەگەڵیاندا دوژمنکارانە بوون. پارتی و حسک نەیاندەویست بنکەی (ی.ن.ک) لە باڵیسان دا هەبێ و چەندان جۆر شێوازی زەبریان پەیڕەو دەکرد تا (ی.ن.ک) ناچار بکەن لە ناوچەکە دەربچێت، بەڵام (ی.ن.ک) خۆی پتەو دەکرد."[2]

کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەهۆی هاوکارییەکانی یەکێتی بۆ حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، ڕێگری دەکرد لەوەی (پارتی و حسک) بچنە ژێر باری ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکێتیدا، بگرە هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی هێزەکانی بەرەی جود هێرشێکی هاوبەش بکەنە سەر مەڵبەندی چواری یەکێتی لە باڵیسان.

بە پێچەوانەی ڕێکەوتنی شوباتی ١٩٨٣ لە نێوان سەرکردایەتی یەکێتی و شیوعی، (ئەبو حیکمەت)[3] ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری حیزبی شیوعی عێراق، بروسکەیەکی ناردووە بۆ سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی و داوای

1 . کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند سلێمانی ٢٠٠٧، ل ٢٩٦.
2 . کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٥.
3 . یوسف حنا القس ناسراو بە ئەبو حیکمت (١٩٢١ – ٢٠٠٩)، یەکێکە لەوکەسانەی لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی شیوعیدا بووەتە ئەندام و دوای ڕاپەڕین لەگەڵ محەمەد حەلاق حیزبی کاری سەربەخۆی کوردستانی دامەزراند و لە کابینەکانی حکومەتی هەرێمدا وەک وەزیری هەرێم پۆستی هەبووە، لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس دەرکەوت پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە موخابەراتی عێراقەوە هەبووە.

هەڵوێستی لێ کردوون بۆ بەشداری کردنیان لە پەلاماردانی مەڵبەندی چواری یەکێتی. لەو بارەوە کەریم ئەحمەد لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: "ئەبو حیکمەت لە نامەکەیدا دەڵێ (پارتی و حسک) دەیانەوێت چالاکییەکی سەربازی ئەنجام بدەن بۆ دەرکردنی یەکێتی لە ناوچەکە، لەسەر ئێمەش پێ دادەگرن کە لەم کارەدا بەشدار بین، چونکە ئێمە لەناو بەرەی "جود" هاوپەیمانین و ڕاستیش نییە دەستبەرداری هاوپەیمانەکانمان بین و بە تەنیا بمێننەوە و تەماشای ڕووداوەکان بکەین و پێشنیازی کردبوو کە هەموو پێکەوە کارێکی هاوبەش لە دژی یەکێتی لە بالیسان ئەنجام بدەین. نامەیەکمان بۆ نارد، لە وەڵامدا پێمانگوت ڕاست نییە کارێکی وابکرێت و پێویستە ڕۆڵی خۆی ببینێ بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێ بارودۆخەکە پەرەبگرێ و بگاتە ڕادەی کوشتار لە نێوان هێزە کوردستانییەکاندا، بە تایبەت کە ئێمە لەگەڵ یەکێتی ڕێکەوتووین، هەوڵ بۆ دیدارێکی سێ قۆڵی بدەین، بۆ چارەی ناکۆکییەکان. ئەبو حیکمت، بە نامەیەکی تر وەڵامی دایەوە لەوەدا دەڵێت: پارتی و حسک سورن لەسەر بەشداری کردنمان لەم پرۆسەیەدا، ئەگەر نا ئەوا بوونمان لە ناو (جود)دا نابێت و پەیوەندییەکانیشمان ئاسایی نابن".[1]

کەریم ئەحمەد دان بە خاڵێکی زۆر گرنگدا دەنێ کە بەداخەوە لە لایەن زۆر لێکۆڵەرەوە چاوپۆشی لێ کراوە و دەنووسێ: "لە وەڵامی دوەممانداا هەڵوێستمان هەڵە بوو، دووداڵی تێدا بوو، مەسەلەکەمان بۆ خۆیان دانا، کە چۆنیان بەباش زانی وابکەن و ئەوانیش لە پرۆسەکەدا بەشداریان کرد و هێزەکانی یەکێتی ناچاری کشانەوە بوون لە بالیسان. سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاری دا لە بەرانبەردا هێرش بۆ سەر شوێنەکانی هەرسێ حزبەکە (پارتی و حسک و حشع) دەست پێ بکات".[2]

قادر ڕەشید (ئەبو شوان)، یەکێکی دیکە لە سەرکردە دیارەکانی حیزبی شیوعی، سەبارەت بەو بڕیارەی سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی نووسیویەتی: "ئەم وەڵامەی هاوڕێیانی سەرکردایەتی لە پشت ئاشان بۆ ئەبو حیکمت، خۆی لە خۆیدا مانای وەرچەرخانێکی گەورەیە لە سیاسەت و ستراتیجی حزبدا، کە ئەوەش تەنیا لە دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی حزبدایە بڕیاری وا گەورە و ئاڵۆز بدات. هاوڕێ ئەبو حیکمەت لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێر بوو، بۆی نەبوو گۆڕانکاری بکات لە سیاسەتی گشتی حزبدا و پێشێلی بکات و پەلاماری هێزەکانی یەکێتی بدات، ئەبوایە وەڵامی ئەبو

1 . کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٧.
2 . هەمان سەرچاوە، ل٢٩٧.

حیکمەتیش بەو جۆرە نەدرایەتەوە، بەڵکو لەسەر بنچینەی سیاسەتی گشتی و ستراتیجی ئاشتی حزب، وەڵام بدرایەتەوە و داوایان لێ بکردنایە کە خۆیان لەو شەڕە نەگلێنن.."[1]

سەرکردەکانی حیزبی شیوعی لە دانیشتنە رووبەڕووەکاندا شتێکیان دەوت و کە دەچوونەوە بارەگاکانیان شتی دیکەیان دەکرد. نەک هەر نەیانتوانی رێکەوتنەکەی خۆیان و یەکێتی جێبەجێ بکەن، بەڵکو وەک سەید کاکە لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کردووە، بەشداریان لەو کۆبوونەوەیەی حسک و پارتیدا کردووە بۆ دەرکردنی یەکێتی نیشتمانی لە ناوچەی باڵیسان: "لە کۆبوونەوەیەکی لیژنەی 'جود'ی هەولێر بڕیار درا کەوا سەرکردایەتی هەولێر بکرێتەوە، لەو بارەوە پرسیان بە سەرکردایەتی هەردوو حیزب کرد. لە لایەن 'حسک'ەوە بەتەواوەتی بڕیاری لەسەر درا، هەروەها هێزی 'حدک' کە نزیکەی ٢٠٠ پێشمەرگەیان لە ناوچەکەدا بوون، ئەوانیش رازی بوون کە بەشداری بکەن لەو عەمەلیەیە و ئەو رێگەیە بکەنەوە. سەرکردایەتی حشع، هەرچەندە لە سەرەتاوە زۆر مەیلی لەو هەنگاوە نەبوو، بەڵام سەرئەنجام رازی بوون کە نەخشەکە جێبەجێ بکرێ.

نەخشەی کردنەوەی رێگەی خۆشناوەتی لە دۆڵی باڵیسان و گەورەان و سەران و دەرگەڵە، تاوەکو زاری گەلی پێویستی بەوە دەکرد چەکدارەکانی ینک لە دەرگەڵە و خانەقا دەربکەین، یان ناچاریان بکەین رێکەوتننامە مۆر بکەن لەگەڵ جود.."[2]

دکتۆر محەمەد ئەلحجاج، سەرکردەیەکی عەرەبی حیزبی شیوعی لە بیرەوەرییەکانیدا پەردەی لەسەر ئەو ئیزدواجیەتەی حیزبی شیوعی هەڵداوەتەوە و نووسیویەتی: "لەبەر ئەوەی لەگەڵ حیزبی سۆسیالیست و پارتی دیموکراتی کوردستاندا پەیمانی سێ قۆڵیمان هەبوو، بەدەستی خۆمان نەبوو، ئەگەر بە رێگەی ئاشتی و وتوێژەوە دۆخەکەمان رانەگرتایە، دەبووین بە بەشێک لە رووداوەکان. رووداوەکانیش بە شێوەیەکی دراماتیکی و خێرا رووياندەدا، خێراترینیان لێدوانێکی هاوڕێ کەریم ئەحمەدی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو بۆ ئیزگەی (صوت الشعب العراقي) کە لە پشت ئاشانەوە پەخش دەکرا، لەو لێدوانەدا وتی (هەندێ سەر هەن گەرم بوون، دەبێ ساردیان کەینەوە)، مەبەستی سەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. دوای ئەو لێدوانە خۆمان ئامادەکرد بۆ شەڕێک لە دژی یەکێتی، دواتر ناونرا (شەڕی باڵیسان). چەندین کادیر هۆشداریان لە لێکەوتەکانی ئەو شەڕە دا، منیش

1 . قادر رەشید (ئەبو شوان) پشت ئاشان لە نێوان ئازار و بێ دەنگی، چاپخانەی میدیا، سوید، ١٩٩٨، ل ٣٠ -٣١.
2 . سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چاپی چوارەم، ٢٠٢٠ (بێ شوێنی چاپ)، ل٣١٧.

یەکێک بووم لەوانە و داوامان کرد بە گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکرێن، چونکە ئەوە لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەی ئێمەدا نەدەگونجا کە داوای کۆکردنەوەی هێزەکانمان دەکرد لە دەوری یەکتر و نەکەوینە دووی (گیانی عەشائیری) لە نێوان هێزە کوردستانییەکان، و رێگری بکەین لە هەوڵە بەردەوامەکانی رژێمی دیکتاتۆری بۆ نانەوەی دووبەرەکی لە ریزی نیشتمانی و هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هێزە جیاجیاکاندا. بەڵام بە داخێکی زۆرەوە ئەوە رەچاو نەکرا، ٢٩/٢٨ نیسانی ١٩٨٣ هێزێکی سۆسیالیست و هێزەکانی ئێمە بە فەرماندەیی مولازم خضر و هێزێکی رەمزی پارتی بە هەموویەوە ٤٠٠ چەکدار دەبوون، بەو چەکە نوێیەی کە سۆسیالیست هەیبوو، ئارپیجی و ١٠ هاوەن، هێرش کرایە سەریان و لە ناوچەکە دەرکران."[1]

ئەحمەد بانیخێلانی، لەسەر ئەو هەڵەیەی حیزبی شیوعی و بەشداری کردنی هێزەکەیان لەگەڵ پارتی و سۆسیالیست بۆ لێدانی یەکێتی لە بالیسان، وای نووسیوە: "برادەرانی پارتی و سۆسیالیست و پاسۆک، برِیاریان دا پەلاماری بارەگای مەڵبەندی هەولێریان بدەن، لە گوندی بالیسان. هاوڕێیانی هەولێری مەڵبەندی حزب ئاگاداریان کردینەوە کە پارتی و سۆسیالیست و پاسۆک، سێ قۆڵی برِیاریان داوە پەلاماری مەڵبەندی (ینک) بدەن، ئایا ئێمە بەشداری ئەو کارە بکەین یان نا؟ ئێمە لە مەکتەبی سەربازی و سەرکردایەتی حزب وەڵامی هاوڕێیانمان نەدایەوە، تا رۆژی ٢٨ی نیسان هاوڕێ ئەبو حیکمەت بروسکەیەکی تری بۆ ناردین نووسیبوی برادەرانی (جود) سێ قۆڵی سبەینێ پەلاماری (ینک) دەدەن، ئێمە چی بکەین؟ بەشدار بین یان نا؟ وەڵاممان بدەنەوە، ئێمەش وەڵامان دانەوە کە خۆتان سەرکردایەتی مەڵبەندی هەولێر، برِیار بدەن ئەو کارە لای خۆتانە شەوی..."[2]

هەر دەربارەی هەڵوێستی حیزبی شیوعی بەرانبەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ثابت حبیب ئەلعانی (١٩٢٢-١٩٩٨) ئەندامی لیژنەی مەرکەزی و بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی هەولێری حیزبی شیوعی، لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: " ١٩٨٣/٤/١٨ لە رێگەی سلێمان شێخ محەمەد سلێمان (ئەبو سیروان)ەوە داوام لە مەکتەبی سیاسی کرد کە دەبێ بە زوترین کات لەگەڵ جەلال تالەبانیدا دانیشین، چونکە دۆخەکە زۆر مەترسیدارە، هەروەها رێگە بگرین لە هێرشی راگەیاندنی (جود) لە دژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان رێگەی ئاشتیانە بگرینەبەر و

1 . محمد الحجاج، تجربتي، ص ٩٢-٩٣.
https://www.yanabe3aliraq.com/images/img/books/tejrbty-m-alhejaj.pdf

2 . ئەحمەد بانیخێلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٦

هەموو تواناکانمان لە دژی رژێمی دکتاتۆری بخەینەگەڕ. ١٩٨٣/٤/٢١ عومەر عەلی شێخ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری سەردانی کردم، ئەو پێشنیارانەی خۆمم پێ وت، لە وەڵامدا وتی کات نەماوە و تازە تێپەڕیوە.. (عومەر شێخ)م لەو بۆچوونەی بە ئاگاهێنایەوە، پێم وت ئەو کارە ململانێکانمان قوڵتر دەکات و کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات، بە تایبەتی ئەو بارەگایەی یەکێتی لە باڵیسان بارەگایەکی سەرەکییە و پێم وت بەشداری ئێمە لەو شەڕەدا داوێکە و بۆ ئێمە نراوەتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش مەکتەبی سیاسی و سەربازی بڕیاریان دا بەشداری بکەن لە داگیرکردنی بارەگای یەکێتی لە باڵیسان و بۆ ئەو مەبەستە هەموو هێزەکانمان کۆکرانەوە. ١٩٨٣/٤/٢٩ بە ئامادەبوونی مام قادر مەسەلەکەم بۆ ئەحمەد بانیخێڵانی باس کرد و پێم وت پەیوەندی تەلەفۆنی هەیە لە نێوان تۆ و مام جەلال؟ وتی نەخێر، وتم دەی کەسێک بنێرە و داوای دیدار بکە لەگەڵ جەلال، وتی مەترسە بروسکەیەکمان بۆ هاتووە لە پارتییەوە ١٠٠٠ پێشمەرگە دەنێرن بۆ پشتیوانی کردن لێمان، پێم وانەبوو شتی وا رووبدات، بە ئەقڵدا ناچێ پارتی ئەو ژمارە زۆرە بنێرێ بۆ بەرگری کردن لە شیوعییەکان، کەچی کەریم ئەحمەد و ئەحمەد بانیخێڵانی و قادر رەشید، کە سەری رمەکە بوون لە هێرشکردنە سەر جەلال، دوای دەستگیرکردنیان تەسلیمی یەکێتی بوون و گوێرایەڵی جەلال بوون و هەرچی داوای لێ بکردنایە، دەیانکرد و رێکەوتنێکیان لەگەڵدا کرد. لە کاتێکدا لە ماوەی کەمتر لە ٢٤ سەعاتدا ٥٦ کادیری حزب بە چەکی یەکێتی کوژران.."[1]

یەکێتی بێ ئاگا نەبوو لەو پەلامارە هاوبەشەی هێزەکانی بەرەی جود. نەوشیروان مستەفا لەوبارەیەوە نووسیویەتی: "هەواڵەکانی لە مەڵبەندی ٤ و تیپەکانی رێکخراوەکانی ناوچەکەوە ئەهاتن و نامەکانی لە دۆستەکانمانەوە پێمان ئەگەیشتن، هەمویان وایان ئەگەیاند، هێزەکانی لایەنەکانی جود: پارتی، حسک، حشع، پاسۆک، لە دەوروبەری باڵیسان، کە بارەگای مەڵبەندی ٤ی لێ بوو، کۆبوونەتەوە و نیازی پەلاماردانیان هەیە. بە بێتەل قسەم لەگەڵ مام جەلال و مەکتەبی سیاسی کرد، ئەوانیش هەمان ئاگادارییان هەبو. وا رێکەوتین:

١. هەموو هێزەکانی یەکێتی سازبدەین بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر دەستدرێژییەکی بکرێتە سەرمان.

٢. ئازاد هەورامی بچێ بۆ سازدانی پاشماوەی هێزەکانی مەڵبەندی ٣.

---

1 . ثابت حبيب العاني، صفحات من السيرة الذاتية، ص ٥٤٨-٥٤٩. لەم سایتە وەرگیراوە:
https://www.yanabe3aliraq.com/images/img/books/safehat-th-h-alany.pdf

٣. منیش بەشێ لە هێزەکانی مەڵبەندی ١ و ٢ لەگەڵ خۆم ببەم بۆ ناوزەنگ.
٤. ئەگەر لایەنەکانی جود پەلاماری مەڵبەندی ٤ یان دا، ئێمەش پەلاماری سەرکردایەتییان بدەین لە قڕناقا و پشت ئاشان.[1]

یەکێتی تەواوی هەوڵی خۆی دەدا حیزبی شیوعی لەو شەڕەدا تێوە نەگلێ. بۆیە ئامۆژگاری هێزەکانی خۆی کردووە لە مەڵبەندی چوار خۆیان لە شەڕکردن لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی بەدوور بگرن. فاتح ڕەسوڵ ئەندامی لیژنە مەرکەزی حیزبی شیوعی دەقی بروسکەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بۆ مەڵبەندی چوار بڵاوکردووەتەوە کە لە ١٩٨٣/٤/١٧ داوای لە گشت تیپەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە و ناوچەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کردووە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:

١. پێویستە تیپەکان سازکەن بۆ بەرگری و تێکشکاندن و لێدانی چەکدارەکانی حسک و ق.م کە ئیعلانی شەڕیان کردووە لە سەرمان.

٢. پێویستە هەموتان هەوڵبدەن تا حشع بێ لایەن بکەن و تا بکرێ دۆستایەتیان بکەن، نەرم بن و کێشەکان ئاڵۆز مەکەن لەگەڵیاندا.[2]

بەڵام بەهۆی پەلەکردنی پارتی و سۆسیالیست و پاسۆک و شیوعی بۆ داگیرکردنی بالیسان، یەکێتی نەیتوانی فریای هێزەکانی بکەوێ، شەوی ٢٨|٢٩ی نیسانی ١٩٨٣ هێزەکانی (بەرەی جود) پەلاماری بارەگای یەکێتیان دا لە بالیسان و دەستیان بەسەر مەڵبەندی یەکێتی و دۆڵی مەلەکان و دۆڵی ئاکۆیاندا گرت و بەتەمای گرتنی دۆڵی خانەقا و دۆڵی شەهیدان بوون. ئەگەر ئەو کارەیان بۆ بچوایەتە سەر، ناوزەنگ کە بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی و کۆمەڵە و شۆڕشگێڕانی لێ بوو، بەتەواوەتی لە ناوچەکانی هەولێر دادەبڕا و بە ئاسانی دەگیرا.

گەر سەرکردایەتی یەکێتی داگیر بکرایە، یەکێتی دەچووە مێژووە و تا ماوە هەڵنەدەستایەوە: "کە ئەو شەڕانە بوو، چەند نامەیەکم لە لێپرسراوەکانی ڕێکخراوە نهێنیەکان و هەندێ لە ڕۆشنبیرەکانی شارەوە بۆ هات، ناڕازی بون لەوەی من سەرکردایەتی هیچ شەڕێک بکەم. هەندێکیان ئەترسان من لە شەڕێکدا بکوژرێم و کۆمەڵەش توشی سەرگەردانی ببێ. لەو کاتەدا سەرم زۆر قاڵ بوو، نەمئەپەرژا بە نامەی درێژ وەڵامیان بدەمەوە. لە وەڵامی یەکێکیاندا نوسیم: "هاوڕێ! پەژارەکەت لە

---

1 . نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٨.

2 . فاتیح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، ڕووداو و بەڵگەنامە ١٩٨٢ -١٩٩٠، بەرگی سێیەم، سوید، ١٩٩٤، ل٢٥٩.

جێگای خۆیایەتی. بەڵام پرسیارە بەناوبانگەکەی شکسپیر: "هەبێ یا نەبێ؟ ئەوە مەسەلەکەیە!" چارەنوسی یەکێتی و کۆمەڵە وەکو ڕێکخراو و چارەنوسی خۆمان وەکو تێکۆشەر، لە مەترسیدایە."[1]

فەرەیدون عەبدولقادر سەبارەت بە شەڕی بالیسان نووسیویەتی: "هێزەکانی جود لە هەموو لایەکەوە پەلاماری بالیسان دەدەن! هێزەکانی یەکێتی توانیان تا ئێوارە بەرگری بکەن و ئیتر ناچاری و دوای حەوت قوربانی، کشانەوە و هێزەکانی جود بالیسان و مەڵبەندی یەکێتیان داگیر کرد و تالانیشیان کرد. بەو جۆرە پەلاماری مەڵبەندی چواری هەولێر بە گەلەکۆمەکی هێزەکانی جود، سەرکردایەتی یەکێتی خستەسەر ئەو بڕوایەی کە دەبێ پەلاماری سەرکردایەتی (حسک و حشع) و پێگەی پارتی لە ناوچەکەدا بدرێت و تۆڵەی ئەو هەموو شەڕ و گێچەڵەیان لێ بکرێتەوە، کە چەند ساڵە بە یەکێتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دەفرۆشن.[2]

**٢. پشت ئاشان و گەمەی موخابەراتی عێراقی**

بۆچی لایەنەکانی بەرەی جود دەیانویست یەکێتی لە ساحەی تێکۆشان دوور بخەنەوە؟ بۆچی حیزبی شیوعی کە چەند هەفتەیەک بوو لەگەڵ یەکێتیدا ڕێکەوتنامەی هەبوو، چووە شەڕێکەوە کە وەک عەرەب دەڵێ "لا ناقة فيها ولا جمل"؟ قادر رەشید (ئەبو شوان) وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانەی داوەتەوە و نووسیویەتی: "پارتی و حسک نەیاندەویست بنکەی یەکێتی لە بالیسان هەبێت و چەندان جۆر شێوازی زەبریان پەیڕەو کرد تا یەکێتی ناچار بکەن لە ناوچەکە دەربچێت."

بەڵام هەر پارتی و سۆسیالیست نەبوون کە چارەی یەکێتیان نەدەویست، ئێران ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەوەی بەرەی جود شەڕێکی بێ ئامان لەگەڵ یەکێتیدا هەڵگیرسێنێ، چونکە یەکێتی ساڵی ١٩٨٢ چووبوو بە هانای حیزبی دیموکراتەوە: "لەو کاتەوە ئێران غەزەبی لە یەکێتی گرتبوو، نەیئەهێشت جود لەگەڵ یەکێتی ئاشتی بکا. دەرگای هەڵبژاردنی سیاسی، بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ یەکێتی، لەژێر گوشاری ئێرانیدا، لە لایەن (جود)ەوە داخرابو. ئێمە تەنیا دو هەڵبژاردنی سەختمان لە بەردەمدا بوو، هەڵبژاردنی سێهەممان نەبو: هەڵبژاردنی یەکەم، مەیدان چۆڵ بکەین بۆ جود، یان وەکو هەندێ لە لایەنەکانی جود ئەیانوت: بچینەوە بۆ تەویلەکانی بەکرەجۆ. هەڵبژاردنی دووەم، لە مەیدانداِ بچەقین و ئێمە ئەوان دەربکەین."[3]

---

1 . نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٠.

2 . فەریدون عەبدولقادر، هەڵۆ سورەکان، سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠١٧، ل٤٢٣.

3 . نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٩.

جگە لە ئێران، (رژێمی بەعس)یش بە شێوازی خۆی کاری دەکرد بۆ نانەوەی ئاژاوە لەنێو هێزە سیاسییەکاندا. عەزیز سپاهی سەبارەت بە رۆڵی ئێران و رژێمی بەعس لە وروژاندنی ناکۆکی نێوان بەرەی جود و یەکێتی نووسیویەتی: "دەسەڵاتدارانی بەغدا لە لایەک گوشاریان دروست دەکرد بۆ تێکچوونی دۆخەکە، ئێرانیش لەولاوە لە رێگەی پارتی و حیزبە هاوپەیمانەکانیەوە کاری بۆ هەڵگیرسانی ناکۆکی و پێکدادانی لایەنەکانی دەکرد، لەپاڵ ناکۆکی لەسەر بارەگا و رێگەی هاتووچۆ، مەسەلەی دیکەش هەبوون وەک سەنگەر گواستنەوەی بەکرێگیراوەکان و تۆڵە سەندنەوە.[1]

عەزیز سباهی، لە جێگەیەکی دیکەدا باس لەوە دەکات بەرژەوەندی هەندێ لە سەرکردەکانی حیزبی شیوعی و پەیوەندییان بە دەزگا موخابەراتیەکانەوە وای کردووە حیزبی شیوعی لە شەڕی ناوخۆی هێزە کوردییەکانەوە بگلێ: "سێبەرێکی رەشی ناکۆکی و ململانێی رەگ داکوتاوی نێوان جووڵانەوە چەکداریە کوردیەکان، خۆی دابوو بەسەر جووڵانەوەی چەکداریی شیوعییەکاندا. فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی شیوعی نەیانتوانی خۆیان لەو ناکۆکیانە بەدوور بگرن، چەکدارەکانی شیوعییان گلاندە ناو پێکدادانە خوێناوییەکانی هەندێ لەو هێزانەوە، وەک ئەوەی لە پشت ئاشانی یەکەم و دووەمدا رووی دا. ئەوە تەنیا غەبائێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو هەندێ پەیوەندی و بەرژەوەندی شەخسی لە پشتەوە بوو. بەڵکو ئەوە دوور نەبوو لە هەندێ دەسیسەی حکومەت و چالاکی دامودەزگا ئەمنی و موخابەراتیەکانیەوە."[2]

دۆکیومێنت و بەڵگەی زۆر هەن دەیسەلمێنن دامودەزگای ئەمن و ئیستیخبارات و موخابەراتی عێراقی رۆڵی گەورەیان گێڕاوە لە خۆشکردنی ئاگری شەڕی نێوان بەرەی جود و یەکێتی بە گشتی و یەکێتی و شیوعی بەشێوەیەکی تایبەت. سەرکردەی کۆچکردوی حیزبی شیوعی، فاتح رسوڵ، لە بیرەوەرییەکانیدا بەڵگەنامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیستیخباراتی رژێمی بڵاوکردووەتەوە، لەو بەڵگەنامەیەدا ئیستیخبارات داوای لە دامودەزگاکانی موخابەرات کردووە ناکۆکی لە نێوان یەکێتی و شیوعیدا دروست بکەن. لە خوارەوە دەقە کوردییەکەی بڵاودەکەینەوە:

نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیستیخبارات

ژمارە ٧٢٨ لە ١٩٨٣/٢/١

بابەت/ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و هاندان

1 . عزيز سباهي، عقود من التاريخ الحزب الشيوعى العراقى، النسخة الثانية، كندا ٢٠٢٠ ج٣، ص٢٢٢.

2 . عزيز سباهي، عقود من التاريخ الحزب الشيوعى العراقى، ج٣، المصدر السابق، ص٢٧٦.

داوا لە هەموو داموودەزگاکانی موخابەرات دەکرێ لە ناوچەی باکور، دەست بکەن بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لەناو هاوڵاتیانی کورددا و بە هەر ڕێگەیەک کە بە گونجاو دەزانرێت بگەیەنرێتە ناو تێکدەرەکان (مخربین) و ئەو کەسانەی کە هاوکارمانن و لە ناو تێکدەرەکاندا کار دەکەن، بە تایبەتی تاقمی (حسک) لە دۆڵی ئالان و سماقوڵیان و خۆشناو، هانی تاقمی ناوبراو بدرێت بۆ دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان یەکێتی نیشتمانی و حیزبی شیوعی و فەرمانیش بدرێ بە هەندێکیان بۆ لێدانی بارەگاکانی یەکێتی و لە شەواندا بۆسەیان بۆ بنێنەوە، لە هەمان کاتدا پێویست دەکا مەفرەزە خاصەکان لەو ناوچانەی کە باس کران، چالاکی بکەن و پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوبکەنەوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوکاری لە حکومەت وەردەگرێ و بە نهێنی لەگەڵیدا کەوتوەتە وتوێژ و بەم نزیکانەش لەو بەرەیە دەکشێتەوە کە لە سوریا ڕاگەیەندرا و هەڵوێستیشی لەسەر روخانی رژێم گۆڕاوە.[1] دوابەدوای ئەم تەعمیمەی ئیستیخباراتی گشتی عێراق، لە بەڵگەنامەکانی بەعسدا هەندێ لەو بروسکانە دۆزرانەوە کە باس لە جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەو داوایە دەکەن لە لایەن داموودەزگاکانی رژێمەوە.

لە یەکێکیاندا هاتووە:

مەنظومەی باکور کاتژمێر ٢١٠٠ ڕۆژی ١٦ی نیسانی ٨٣ چالاکییەکی تایبەتی لە دژی بارەگای موخەریب حاجی ئیبراهیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆسیالیست لە گوندی توتمە لە کویسنجاق ئەنجام داوە و بووە هۆی بریندارببوونی موخەریبی ناوبراو و (٤) کەسی دیکە و هاوکات لەگەڵ ئەوەدا وامان بڵاوکردەوە کە ئەو کارە لە لایەن مەڵبەندی چواری یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ئەنجام دراوە، بەو هۆیەوە پێکدادان لە نێوان هەردوو لایەنەکە دەستی پێ کردەوە."

لە بڕگەی (هـ)ی بروسکەکەدا هاتووە "دوو نارنجۆکی دەستیمان داوە بە یەکێک لە هاوکارەکانمان، پێمان وت بیتەقێنێتەوە بە بارەگای موخەریبەکانی حیزبی شیوعی لە گوندی مەلکان لە خەلیفان، لەناویاندا ئامر فەوج نەجمەدین... لەو کاتەدا کە موخەریبەکانی حیزبی شیوعی بۆسەیان بۆ موخەڕیبەکانی یەکێتی نیشتمانی دانابوو، نارنجۆکەکەی هەڵدا بۆ ناویان و چواریانی لێ کوشت و پشێوی کەوتە ناویانەوە و دەستیان کرد بە تەقەکردن لە موخەڕیبەکانی یەکێتی نیشتمانی و شەڕ لە نێوانیاندا دروست بوو."[2]

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٢١) ئەمنی عامە ناکۆکی لە نێوان شیوعی و یەکێتی دروست دەکات.

2 . محمد مندلاوي، سەرچاوەی پێشوو.

تەنانەت لە دوای رووداوەکانی پشت ئاشان و دوای کۆتایی وتوویژەکانی یەکێتی نیشتمانی و حکومەتی عێراقی، دامودەزگاکانی رژێم لە هەولێرکانیان نەکەوتن بۆ نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن. سەلاح خرسان لە کتێبەکەیدا (صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق) جگە لە باسکردنی ئەم کارەی رژێمی بەعس، یەکێک لەو دۆکیۆمێنتانەی خستووەتەڕوو، لێرەدا دەقە کوردییەکەیتان بۆ دەخەینەڕوو:

بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی حوکمی زاتی

ژمارە: م١٧٦٦٧/٧٨ مێژوو: ١٩٨٥/٦/٩

زۆر نهێنی

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی عامە/ م٧٨

ب/ زیاد کردنی درزی ناکۆکی

بەمەبەستی زیاد کردنی درزی ناکۆکی لە نێوان حیزبی شیوعی عێراقی بەکرێگیراو و تاقمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بۆ ڕێگری کردن لە هەر لێکنزیک بوونەوەیەک لە نێوانیاندا، بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای هەولێر نامەیەکی تەزویرکراوی ئامادە کرد بە ئیمزایەک کە تەواو لە ئیمزای تاوانبار یوسف حەنا القس ئەندامی لیژنەی مەرکەزی دەچێ و بە مۆری حیزبی شیوعی کە پێشتر لە لایەن ئەمنی عامەوە دروستکرابوو، نامەکە نێردرا بۆ فەرماندەی سریەی کۆیە کە لە ناوچەی کۆیەدا بوون و تێیدا نوسرابوو، هێرش بکەنە سەر هێزەکانی یەکێتی. نامەکە لە ڕێگەی هاوکارێکمانەوە گەیەندرایە کۆسرەت و دوای قسەکردن لەسەر چۆنێتی دەستکەوتنی، تێی گەیاندبوون کە پاش کوژرانی ناصح حەمە ئەمین لە لایەن ئەو کەسەی کە لە مالّەکەیاندا خۆی حەشار دابوو، دەستی کەوتووە... دوای ئەوەی ئەو بەڵگەیە کەوتە دەست جەماعەتی یەکێتی، تووڕە بوون و پەیوەندیان بە مەکتەبی سیاسی خۆیانەوە کرد و پێیان ڕاگەیاندن کە چیتر دۆخەکە تەحەمول ناکرێ و شیوعییەکان نیازیان خراپە و کار بۆ پەلاماردانیان دەکەن.

ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٥ مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی و معاونی ئامر سریە "هیدایەت خضر اسماعیل" لە گوندی ئیلنجاغی گەورەی سەر بە ناحیەی تەقتەق جەولە دەکەن، هاوکارەکەمان کە ناوەکەی لە نامەی دووەمدا هاتووە، نیشتەجێی ئەوێیە، مەفرزەکە لەگەڵ مەفرەزەیەکی یەکێتیدا بە فەرماندەیی غەفور ئەحمەد فەرماندەی تیپی ٨٦ پێکدادەدەن، شەڕەکە لە کاتژمێر ١٧ تاوەکو کاتژمێر ٢٤ بەردەوام دەبێ و بەپێی ئەو زانیاریە باوەڕپێکراوانەی پێمان گەیشتوە، کادرێکی حیزبی شیوعی بەناوی مام

کاوێس ڕەشید صاڵحی، کە پێشتر ئامر بەتالیۆن بووە و لەگەڵ دوو کەسی دیکە کە یەکێکیان بە ڕەگەز عەرەبە، کوژراون و تا ئێستا زیانەکانی یەکێتی نەزانراون... کەسوکاری کوژراوەکە مام کاوێس هەوڵیانداوە تەرمەکەی ببەن بۆ گوندی پیازەک بۆ ناشتنی، بەڵام موخەڕیبەکانی یەکێتی ڕێگەیان لێ گرتوون. بەمجۆرە دۆخەکە بەتەواوەتی تێکچووە و بەپێی هەندێ زانیاری، تاوانبار نەوشیروان مستەفا ٨٠ چەکداری ناردوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان و مەڵبەندی چواریش ٤٠٠ چەکداری بە فەرماندەیی مەلا خدر و صەلاح شینە ئامادە کردووە بۆ ڕاوەدوونانی شیوعییەکان..

بۆ ئاگاداریتان.. لەگەڵ ڕێزدا

عەمیدی ئەمن

م.م.ع ناوچەی حوکمی زاتی[1]

دەیان بروسکەی لەو چەشنە هەیە کە باس لە ڕۆڵی داموودەزگاکانی ڕژێم دەکەن لە نانەوەی ئاژاوە لە نێوان حیزبەکانی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقیدا.

بەهۆی ڕێکەوتنەکەی ١٩٨٣/٢/٣ی نێوان حیزبی شیوعی و یەکێتی، مام جەلال هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد حیزبی شیوعی هەڵەیەکی وا گەورە بکات. بۆیە یەکێتی نەخشەی پێشوەختی بۆ هێرشکردنە سەر حیزبی شیوعی نەبووە. بەڵام بەشداریکردنی حیزبی شیوعی لە گرتنی بارەگای مەڵبەندی یەکێتی و کوشتنی سەرکردە و پێشمەرگەکانی، ئەوانیشی خستە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی یەکێتییەوە.

نەوشیروان مستەفا لە یاداشتەکانیدا لەو بارەوە نووسیویەتی: "پێشتر چەند جارێ لە کۆبونەوەی دوقۆڵیدا لەگەڵ (حشع)، پێمان وتبون کە ئەگەر شەڕ لە خوارێ هەڵبگیرسێنن، لێیان ناگەڕێین، ئەوانیش بە ئاسودەیی لە پشت ئاشان دابنیشن. شەڕ ئەخەینە ناو سەرکردایەتییانەوە."[2]

لە بەرانبەر پەلاماری ٢٨-٢٩/ ١٩٨٣/٣ بەرەی جود و بەشداریکردنی حیزبی شیوعی لە گرتنی مەڵبەندی چوار دا، سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر هێزەکانی پارتی و حسک و شیوعی لە ئاشقوڵکە و پشت ئاشان.

زۆر لەو بابەتانەی کە باسیان لە شەڕی پشت ئاشان کردووە، وا نووسراون کە حیزبی شیوعی ئاگای لەوە نەبووە یەکێتی پەلاماری سەرکردایەتیەکەی دەدات و خۆیان بۆ شەڕ ئامادە نەکردووە، بەڵام فاتیح ڕەسوڵ باسی لەوە کردووە کە زانیویانە یەکێتی هێرش دەکاتە سەر ئەوانیش، کەوتوونەتە خۆیان و ئامادەباشیان کردووە بۆ

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢) ئەمنی عامە ناکۆکی لە نێوان شیوعی و یەکێتی دروست دەکات

2 . نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٩.

روبەڕوو بوونەوە. داوایان لە پارتی کردووە بەزوترین کات هێزێکی زۆری پێشمەرگە و چەک و فیشەک لە دیوی کوردستانی ئێرانەوە بگەیەنێتە قەسر و ماکۆس بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی جود و پارتیش بەم بروسکەیە وەڵامی داونەتەوە:

لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە

بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان

٤/٣٠

بروسکەتان ٥٣ لە ٤/٣٠ هێزەکانمان لە دوو میحوەرەوە دێنە ناوەوە، میحوەری یەکەم سەکران و ئیندزە و دووەم بەرەو دۆڵەتوو و ناوزەنگ، ئێمەش وەک ئێوە پەلەمانە..

لە راستیدا هیچ هێز و یارمەتییەکی (پدک) نەگەیشت..[1]

بەرەبەیانی ١٩٨٣/٥/١ هێزێکی زۆری یەکێتی گەیشتنە پشت ئاشان و بۆ ئێوارەکەی بارەگاکانی حیزبی شیوعی دەستیان بەسەردا گیرا. کەریم ئەحمەد، مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی، قادر ڕەشید (ئەبو شوان) لەگەڵ ٤٢ کەسی دیکە بە دیل گیران بە ڕێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا کرا و بە سەلامەتی گەیەندرانە لای مام جەلال لە ناوزەنگ.

سەبارەت بە شەڕەکەش فەرەیدون عەبدولقادر نووسیویەتی: "لە ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١، بە ڕەمزی (تۆڵە بەسەبرە ئەما بەزەبرە) کە لە رادیۆکەوە بڵاوکرایەوە، شەڕ و پەلامار بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ناوچەکانی جود دەستی پێکرد، لە ڕۆژی دووەمدا هەموو بارەگاکانی (حسک، حیزبی شیوعی و پارتی و پاسۆک) گیران و هێزەکانی مەڵبەندی سێ بە سەرپەرشتی شەهید ئازاد هەورامی لە کۆمتانەوە یەکی گرتەوە لەگەڵ هێزە گەورەکەی (یەکێتی) و بەڵگە و نووسراوێکی زۆر کەوتە دەست هێزەکانی یەکێتی."[2]

حیزبی شیوعی لە ڕاگەیاندنەکانیدا سەرەتا هەموو گیراوەکانیان بە کوژراو دانابوو، لە دنیادا وایان بڵاوکردەوە. کاتێک کەریم ئەحمەد و هاوڕێکانی گەیشتنە لای مام جەلال، پێیانی وتووە: "ڕووداوێکی پڕ شەرمەزاریە، مامۆستا کەریم، ئێوە دەست پێشخەریتان کرد لە هەڵگیرسانی ئەو شەڕەدا، ئێوە لەگەڵ بەرەی جود بە چوار قۆڵی لە بالیسانەوە پەلامارتان داین، لە کاتێکدا لە نێوان ئێمە و ئێوەدا پەیمانی دووقۆڵیمان هەیە و هاوسەنگەر بووین"[3]

محەمەد ئەلحاج، یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی لەو شەڕەدا بەشدار بووە، لەسەر ژمارەی کوژراو و بریندارەکان نووسیویەتی: "١ی ئایاری ١٩٨٣،

---

1 . فاتیح ڕەسوڵ، بەرگی سییەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧١.

2 . فەریدون عەبدولقادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٥.

3 . قادر ڕەشید (ئەبو شوان)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

هێرشێکی بەربڵاو کرایە سەر بارەگاکانمان لە لایەن هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە فەرماندەیی نەوشیروان و بە سەرپەرشتی و موبارەکەی مام جەلال تاڵەبانی. لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا ژمارەیەکی زۆر لەو پێشمەرگانەی کە لە شوێنە جیاجیاکانەوە، لە نێویاندا (بۆڵێ)، کە دوو هەفتە پێش ئەو رووداوە ئێمەی لێ بوین، زۆربەیان شەهید بووبوون."[1] ئەلحاج کە بە ڕەگەز عەرەبە و کەسێکی ئەکادیمییە بە وشەیەکیش باسی لە دیل کوشتن نەکردووە.

نەوشیروان مستەفاش، سەبارەت بە ئاکامی شەڕەکە دەڵێت: "دوای کشانەوەی سەرانی حسک و حشع و چەکدارەکانیان، هەموو خێزانەکانیان لە ناوچەکەدا بەجێ مابوون. لەناو ئەوانەدا خێزانی فاتیح ڕەسوڵ و فریشتەی خوشکی دڵزار..بە ڕێزێکی زۆرەوە ڕەفتاریان لەگەڵ کرا. هەر کەس ویستی ناوچەکە بەجێبهێڵێ، وڵاخی بۆ دابینکرا و ئەوەی پێویستی بە پارە بوو، یارمەتی درا و ئەوەی مایەوە، کەس زۆری لێ نەکرد بڕوا. تەنیا (١) ئافرەتی شیوعی کوژرابوو، ئەویش وەکو دوایی خۆیان لە ژیاننامەکەیدا نووسیبویان، تا دوا فیشەک ئازایانە شەڕی کردبو."[2]

سەبارەت بە ژمارەی شەهیدانی حیزبی شیوعی لەو شەڕەدا، فاتیح ڕەسوڵ دەڵێت: "شەوی ١٩٨٣/٥/٢٤ پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسی و حەوت ئەندامی (ل.م) کۆبوونەوە، بە دوورودرێژی باسی بەسەرهات و کارەساتەکە کرا... کورتەیەک لەسەر پەلامارداندەکان و ئەو زیانە زۆرانەی بەر ئەستۆی حشع کەوت، تەقدیری سەرەکی ئەوە بوو کە ژمارەی شەهیدەکان (٥٧) شەهیدن.."[3]

ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٣، نەوشیروان مستەفا لە قوتابخانەی گوندی خانەقا سەردانی کەریم ئەحمەد و ئەحمەد بانیخێڵانی و ئەبو شوانی کردووە کە لە شەڕەکەدا بەدیل گیرابوون، ئیبراهیم جەلال لەو سەردانەدا ئامادە بووە، بەمجۆرە دەیگێڕێتەوە: "لە دانیشتنەکەدا کەریم ئەحمەد گلەیی کرد کە بۆ شەڕمان لەگەڵ کردن؟ نەوشیروان وەڵامی دایەوە و گوتی سێ نامەمان بۆ ناردوون، دوانیان بە بروسکە و نامەی سێیەم بەدەستی لە لایەن برایمەوە بۆتان نێردراوە، لە هەرسێ نامەکەدا بۆمان نوسیبوون کە شەڕی ئێمە لەگەڵ حیزبی شیوعی نییە، تکایە خۆتان لەشەڕ بپارێزن و شەڕمان لەگەڵ مەکەن، کە ناشتوانن لە ناوبژیوانی کردندا سەرکەوتوو بوون، ئێمە هەرگیز شەڕمان ناوێ لەگەڵ هیچ لایەکدا ئەگەر شەڕمان پێ نەفرۆشن. ئێوە وەڵامی

1 . محمد الحجاج، المصدر السابق، ص ٩٤.

2 . نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٨.

3 . فاتیح ڕەسوڵ، بەرگی سییەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠١.

نامەکانتان نەداینەوە، بە پێچەوانەوە ئێوە هەر لە گردی رەمکان و قەڵاتوکانەوە ئێمەتان دایە بەر هاوەن و لە قەرناقەوپشت ئاشانیش لە هەموو هێزەکانی تر بەرهەڵەستیتان زیاتر کردین، ئێمەتان ناچار کرد کە ئاوا بەرگری لە خۆمان بکەین.. کەریم ئەحمەد نکۆڵی لە نامەکان کرد وتی پێمان نەگەیشتوە... مەلا ئەحمەد دانی بەوەدا نا کە پێش دەست پێکردنی شەڕەکە نامەکانی وەرگرتووە، بەڵام پیشانی کەسی لە سەرانی حزبی شیوعی نەداوە، چونکە خۆی سوربووە لەگەڵ پارتی و حسکدا لە یەکێتی بدەن، کەریم ئەحمەد زۆر دڵ تەنگ بوو، بە هێواشی وتی ئاخر بۆیە وامان بەسەر هات، چونکە کەستان.. بەکڵاوی من نەپێوا."[1]

سەرەڕای ئەو کارەساتە، مام جەلال هەوڵی داوە دڵی شیوعییەکان راگرێ و داوای لێ کردوون ڕێکەوتنێکی نوێ بکەن بۆ وەستانی شەڕ لە نێوان هەردوولا: "لەو کاتەدا کە سەرکردەکانی حشع لای یەکێتی میوان بوون، لە ١٠ی مایسدا ڕێکەوتنێک لە نێوان یەکێتی بە سەرۆکایەتی مام جەلال و حشع بە سەرۆکایەتی کەریم ئەحمەد مۆرکرد، ئەم ڕێکەوتنە نەک هەر جێگای دەستخۆشی نەبوو، بەڵکو حشع لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیەکەیاندا لە ٢٤ مایسی ١٩٨٣ محاسەبەی کەریم ئەحمەدیان کرد لەسەر ئەم ڕێکەوتنەی لەگەڵ مام جەلالدا کردوویەتی."[2]

### ٣. پشت ئاشانی دووەم

پاش ئەو شکستە سەربازیە گەورەیەی بەسەر بەرەی جوددا هات، لە کۆتایی مانگی ئایاری ١٩٨٣ کۆمیتەی هاوبەشی عەسکەری بەرەی جودیان دروست کرد. ئەرکی یەکەم و کۆتایی ئەو کۆمیتەیە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێک بوو بۆ گرتنەوەی ناوچە لەدەست چووەکانیان لە دەستی یەکێتی. ١٩٨٣/٦/٣٠ ئیدریس بارزانی کۆبوونەوەیەکی بە فەرماندە سەربازییەکان کردووە و پێی وتوون "بەمزووانە هێزێکی زۆری کۆماری ئیسلامی ئێران، هێرشی توند و فراوان دەکاتە سەر حاجی ئۆمەران – چۆمان، هەموو ناوچەکەش داگیر دەکەن، هێزەکانی جودیش هێرشی تایبەتی خۆی دەکاتە سەر ناوچەکانی ناوزەنگ – ڕەزگە- قەڵاتوکان و لە لایەکی دیکەشەوە هێزێک لە زارگەلی بەرەو پشت ئاشان دێت.[3]

ئەبو شوان، باس لە دیداری خۆی و عومەر عەلی شێخ (ئەبو فاروق) دەکات کە چۆن تکای لێ کردووە هەر هیچ نەبێ ڕۆژێک دوای بخەن تا دیلەکان ئازاد دەکرێن:

---

1 . ئیبراهیم جەلال، عەشق و خبات و ئازادی، بڵاوکراوەکانی کۆشکی سەرا، سلێمانی ٢٠٢١، ل ١٦٩-١٧٠.

2 . قادر رشید (أبو شوان)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

3 . چەند لاپەڕەیەک لە میژووی خەباتی گەلی کوردمان، سێیەم ل٣٠٩ -٣١٠.

"وتی بۆچی ئەبو سەلیم لەگەڵ مام جەلال بەیانی ئاگربەستی دەرکردووە؟ وتم بۆچی؟ وتی ئێمە ئەمانەوێت تۆڵە بسەنین لەگەڵ (حدک)دا پشتائاشانی دووەم ئەنجام ئەدەین، هەروەها وتی مەکتەبی سیاسی بەیانی دەرکردووە و ئەم ئێوارەیە لە ئێستگەی پارتییەوە بڵاوئەکرێتەوە. منیش وتم هاوڕێ ئەبو فاروق... پێشنیار ئەکەم کە یەک رۆژ دوای بخەن و بە یەک رۆژیش دواکەوتن هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، لەبەرئەوەی بڕیارە سبەینێ ئەو ٤٢ هاوڕێ دیلانەمان بەربن. هەر هیچ نەبێت جارێ نامەکەی هاوڕێ کەریم ئەحمەد بخوێنەوە و بزانە کێ ماوە و کێ کوژراوە. وتی ناتوانم، بە پارتی بڵێم ئەم شەو ئەو بەیانە راگرن، هەر بڵاوی ئەکەینەوە و جا هەر هەمووتان چیتان بەسەر دێ، بابێ. لەوە ئەچوو راگرتنی بڵاوکردنەوەی ئەو بەیانە لە ئیستگەکەی پارتیەوە، لە دەسەڵاتی ئەبو فاروقدا نەبێت.. وتم هاوڕێ داوات لێ ئەکەم پشتائاشانی دووەم دروست مەکە و با ئەوەندەی تر تووشی زەرەر و زیانی گەورەتر نەبین. بەبێ هەڵسەنگاندنی پشت ئاشان بەچی رەوایە کە پشت ئاشانێکی تر دروست بکرێتەوە؟ ئەگەر مەبەستت ئەوە بێت شەڕ بەردەوام بێت، ئەوە ئەتەوێ سەرگۆزەرەکەشمان پێ بهاڕیت و ئەوەندەی تر شەهید بە فیڕۆ بدەین، لەمە زیاتر توشی زەرەروزیانمان مەکە.. پرسیارم کرد ئەمجارەیان بە پشتیوانی و هاوکاری کام لایەن و هێز دەست بکرێتەوە بە شەڕ؟ وتی بە پشتیوانی کاک مەسعود، وتم یارمەتییەکەیان و بەهاناهاتنەوەکەیان هەروەکو یارمەتییەکەی پشت ئاشان ئەبێت؟ وتی کاک مەسعود عەشائیرییە و کە وەعدی دا ئەیباتە سەر و لەوەش زیاتر پرسیار مەکە.."[1]

لە شەڕی پشت ئاشانی دووەمدا، هێزەکانی بەرەی جود زیانێکی زۆر گەورەیان بەرکەوت و بەسەرکەوتن بۆ یەکێتی کۆتایی هات.

1 . قادر رەشید (ئەبو شوان)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

## باسی دووەم

## راوبۆچوونی سەرکردەکانی شیوعی لە سەر پشت ئاشان

ئایا ئەگەر حیزبی شیوعی بەشداری شەڕی گرتنی مەڵبەندی بالیسانی نەکردایە، یەکێتی هێرشی دەکردە سەر پشت ئاشان؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە یاداشت و نووسین و هەڵسەنگاندنەکانی زۆربەی سەرکردە مەیدانیەکانی حیزبی شیوعی، کە خۆیان کاراکتەری سەرەکی و بڕیاربەدەستی ناو رووداوەکانی ئەو رۆژگارە بوون، بە (نەخێر) دراوەتەوە. لە خوارەوە راوبۆچوونی ئەوان دەخەینەڕوو:

جاسم ئەلحلوائی، سەرکردەی دێرینی حیزبی شیوعی، هۆکاری کارەساتەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی هەندێ لە سەرکردەکانی حشع نەیانتوانیوە لە شەڕی بەرەی جود و یەکێتیدا بێلایەنی خۆیان بپارێزن و حزبەکەیان کردووەتە تەرەف لەشەڕەکەدا: "بەرەی (جود)، هەوڵی دەدا یەکێتی نیشتمانی ناچار بکات گۆڕەپانی سیاسی چۆڵ بکات بۆیان، یەکێتیش ئامادە نەبوو ئەو کارە بکات. بە ڕای من حیزبی شیوعی هەر لە سەرەتاوە نەیتوانی بڕیاری بێلایەنی خۆی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا بکاتە هەڵوێستێکی سیاسی یەکلاکەرەوە. ئەوەی وای کرد نەتوانێ بەو کارە هەستێ، لایەنگری هەندێ لە سەرکردەکانی حیزب بوو، کە خۆیان بەلای ئەم یان ئەولایاندا دەشکاندەوە، ئەوەش وێستێکی ڕەوایە، ناکرێ بیسڕیتەوە یان خۆتی لێ لادەی، ئەو جۆرە هەڵوێستانەش ڕەنگدانەوەیەکی بابەتیانەی ئەو واقیعە بوو کە کوردستانی پێدا تێدەپەڕی. [1]

فاتیح ڕەسوڵ (١٩٣١– ٢٠٠٨) ئەندامی پێشووی لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی عێراق، لەگەڵ ئەوەی بەشداریکردنی حیزبی شیوعی لە داگیرکردنی مەڵبەندی ٤ی یەکێتی لە بالیسان بە ناڕەوا، کورتبینی و سەرلێشێوان باس کردووە، تێوەگلانی شیوعی لەو شەڕەدا بە هۆکاری جۆشدانی شەڕی نێوان حیزبەکان دەزانێ و

1 . جاسم الحلوائي، هل كانت أحداث پشت آشان قدرا لا مرد له؟؛
http://www.alnoor.se/article.asp?id=24025

نووسیویەتی: "هێرش بردنە سەر بارەگای مەڵبەندی چواری ی.ن.ک و دەست بەسەراگرتنی، ناڕەوا و سەرلێشێواوی و کورتبینی تەواوی تێیدا بەدی دەکرا. لە هەمان کاتدا، کرا بە فتیلەی خۆشکردنی ئاگری شەڕی ناوخۆ و یەکتر کوشتن، چونکە تا ئەو کاتە لە هەموو رووبەکەوە، ماوەی ئەوە مابوو، بە تایبەتی لە نێوان سەرکردایەتی حشع و ی.ن.ک کە بە رێگای گفتوگۆکردن، چارەی ئاشتیانە بۆ ناکۆکی و مەشاکیلەکان بدۆزرێتەوە."[1]

بەهائەدین نوری، کە لە کاتی شەڕەکەدا بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوک و سلێمانی حیزبی شیوعی بووە، بەم شێوەیە باسی ئەو شەڕەی کردووە: "پێدەچێ سەرکەوتنی پارتی بە ئاسانی لە شەڕی هەکاریدا، سەرکردایەتی پارتی گومڕا کرد و پاڵی پێوەنا بیر لە وەشاندنی گورزێکی دیکە لە یەکێتی نیشتمانی بکاتەوە. لە چوارچێوەی ئەم پڕۆژەیەدا سەرکردایەتی پارتی کەوتە جموجۆڵ و پەیوەندی کردن بە لایەنەکانی جود، بە هیوای راکێشانیان بۆ بەشداری لە پرۆسەیەکدا، سۆسیالیستەکان کە لەو کاتەدا ناوی خۆیان نابوو (حسیک حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و رەسوڵ مامەند بوو بە سکرتێریان)، بێزار بوون لەسەر دەستدرێژییەکانی یەکێتی بۆ سەریان، لەبەرئەوە، بیرۆکەی پارتییان پێ پەسەند بوو، کە گەلەکۆمەکێیەکی سەربازی بکرێتە سەر یەکێتی. مەڵبەندی هەولێری حشع کە یوسف حنا ئەلقس بەرپرسی بوو، خۆی ئامادە کردبوو بۆ ئەم شەڕە. ١٩٨٣/٤/٢٨ بروسکەم بۆ هات کە هێزەکانی جود ئەمڕۆ دەستی گرت بەسەر بارەگای مەڵبەندی یەکێتیدا لە گوندی بالیسان."

لەو پەرەگرافەی سەرەوە تێدەگەین، ئەسڵی موشکیلەی قرناقە و پشت ئاشان دەگەڕێتەوە بۆ هاندانی سۆسیالیست لە لایەن پارتییەوە بۆ لێدانی یەکێتی. شەڕەکانی سۆسیالیست و یەکێتیش لە مەڵبەندی یەک، کە مەلا بەختیار خۆی باسی سەرکەوتنێکی گەورەی خۆی بەسەر سۆسیالیست و پارتی دا دەکا لە ١٩٨٣/٣/١٩دا، رێخۆشکەر بوون بۆ پەلاماری سۆسیالیست و پارتی و دواجار تێوەگلانی بەشێک لە سەرکردایەتی شیوعی لە پەلاماره هاوبەشەکەیان بۆ سەر مەڵبەندی ٤ی یەکێتی لە ١٩٨٣/٤/٢٨.

عەزیز محەمەد، کە ئەو کاتە سکرتێری حیزبی شیوعی بووە و لە دەرەوەی کوردستان بووە، لەبارەی ئەو شەڕەوە دەڵێت: "بە بڕوای من دەبوو ئێمە پەیوەندی خۆمانمان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا نەپچڕاندایە و لەگەڵیاندا نەچووینایەتە هەندێ شەڕەوە، کاتێک باسی هەڵە دەکرێ، ئێمەش هەندێ هەڵەمان کردووە، لە هەندێ شەڕدا

1 . فاتیح رەسوڵ، بەرگی سێیەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٨.

چووینه پاڵ پارتییەوە، نامەوێ لەوبارەوە قسە بکەم بۆ ئەوەی کەس بریندار نەبێ و باسی هەندێ شتی تایبەت نەکەم. چووینە ناو هەندێ شەڕەوە لە دژی یەکێتی نیشتمانی، دابڕانێک دروست بوو لە نێوانماندا، ئێمە ئامادە نەبووین بۆ ئەو شەڕە، کە باسی هەڵە دەکرێ دەبێ بوترێ ئێمەش هەندێ هەڵەمان هەبوو، بەشێک لە پشت ئاشان ئێمە لێی بەرپرسین. لە پشت ئاشانی دووەمیش زیانی زۆرمان بەرکەوت، هێزی ئێمە لە چەکدارەکانماندا نەبوو، هێزی ئێمە لە گوتاری سیاسیماندا بوو.."[1]

ئەحمەد بانیخێڵانی لە کتێبی "یادەوەرییەکانم"دا، باس لە ئامادەکارییەکانی بەرەی جود لە پاش گرتنی مەڵبەندی یەکێتی لە بالیسان بۆ وەڵامدانەوەی یەکێتی لەکاتی هێرشی بۆ سەر پشت ئاشاندا دەکات و دەڵێت:" بەوە گەشتین کە برادەرانی پارتی ٦٠٠ چەکدار بنێرنە پشت ئاشان بۆ لای هاوڕێیانی ئێمە، برادەرانی سۆسیالست هەواڵ بۆ هێزی دەشتی هەولێر بنێرن کە ٣٠٠ پێشمەرگە بنێرن، برادەرانی "پاسۆک"یش وتیان نامانەوێ درۆ بکەین هەر ئەو ٢٥ کەسەمان هەیە لە پشت ئاشان."

بهادین نوری، باس لە کاردانەوەی یەکێتی دەکات بۆ داگیرکردنی مەڵبەندەکەیان لە بالیسان و پێی وایە نەوشیروان مستەفا لە تۆڵەی ئەو پەلامارە هاوبەشەی ئەو سێ لایەنە، هێرشی پێچەوانەی کردووەتە سەریان و لەبەرئەوە شیوعیش بەشداری ئەو پەلامارە بووە، بۆیە ئەوانیش بەرکەوتوون: "کە نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری یەنک، هێرشی "جود" و گرتنی مەڵبەندی یەکێتی بیست لە بالیسان، بڕیاری فەوری تۆڵە سەندنەوەی دا، یەکسەر کەوتە کۆکردنەوەی ئەو پێشمەرگانەی بۆی کۆکرانەوە و کەوتە ڕێ بەرەو پشت ئاشان کە بارەگای سەرکردایەتی حسک و شیوعی و پاسۆکی تێدا بوو، بەڵام پارتی تێدا نەبوو. بەرەبەیانی ١٩٨٣/٥/١ نەوشیروان بە هێزێکەوە گەیشتە پشت ئاشان. شەڕ یەکسەر دەستی پێکرد، ئێوارەی ئەو ڕۆژە یەنک پشت ئاشانی گرت."[2]

نەوشیروان مستەفا لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنوس حەمید عەبدوڵڵا، سەبارەت بە شەڕی پشت ئاشان دەڵی: "لەوکاتەدا دوو بەرە هەبوو، جەوقەد و جود، ئەمەی دواییان پێکهاتبوو لە سۆسیالیست و پارتی و شیوعی، ئەوی دیکەشیان لە کۆمەڵێ حزب پێکهاتبوو، سەرەتا حیزبی شیوعی لە جەوقەد دا ئەندام بوو. هەردوو بەرەکە لە شەڕدا بوون، ئێران پشتیوانی لێ دەکردن، لەو کاتەدا یەکێتی لەگەڵ ئێران

1 . محمد مندلاوي، من المسئول الحقيقي عن واقعة بشتاشان؟ :
http://www.alnoor.se/article.asp?id=350810

2 . بەهائەدین نوری، پرسی کورد وئەزمونی کوردستانی عێراق، چاپخانەی زانا، سلێمانی ، چاپی یەکەم ٢٠١٨، ل٥٦-٥٨.

ناکۆک بوو (بەهۆی ناردنی هێزی پشتیوان بۆ یارمەتی دیموکرات و کۆمەڵە)، شەڕەکە لە بنەڕەتدا لەگەڵ حیزبی شیوعی نەبوو، بەڵام ئەوان چوونە پاڵ سۆسیالیست و پارتییەوە. لەو شەڕانەدا حیزبی شیوعی زیانی بەرکەوت، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەن راگەیاندنێکی بە دیسپلین بوو، لەسەر ئاستی جیهان هەرایەکی گەورەیان نایەوە و مەسەلەکەیان لە حەجمی خۆی گەورەتر پیشاندا. ئەو کاتەی پەلامار دەدرێیت چی دەکەی؟ مەگەر بەرگری لە خۆت ناکەی؟ میدیای حزبی شیوعی عێراقی، رۆڵی زۆر گەورەیان هەبوو لەوەی کە ناوی من بە شەڕی ناوخۆوە بنووسێنن، بە تایبەتی دوای شەڕی پشت ئاشان."[1]

## ١. پشت ئاشان لە نێوان شەڕکەر و ناوبژیواندا

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: "شەڕکەر وازی هێناوە، ناوبژیوان وازناهینێ"، شیوعییەکانی عیراق پرسی پشت ئاشان وەک بەشێک لە میژووی تاڵی شەڕی ناوخۆی کوردستان تەماشا دەکەن، کە ئەوانیش بەشی خۆیان لێی بەرپرسن. بۆیە ئاقڵمەندەکانیان لە کۆنفرانس و کۆنگرەکاندا زۆریان نەوروژاندووە. بەڵام دوابەدوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥ مام جەلال وەک یەکەمین کورد بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق کاندید کرا، کۆمەڵێک کەناڵی راگەیاندنی عەرەبی کە لەسەر شۆڤێنیزمی عەرەب حسابن، کێچ کەوتە کەولّیان و بۆ لێدانی مام جەلال کەوتنە باس کردنی رووداوی "قرناقە و پشت ئاشان". ئامانجی ئەوان دوو شت بوو یەکەم؛ دەیانویست کوردێک نەبێ بە سەرۆک کۆماری وڵاتێک کە ئەوان بە وڵاتێکی عەرەبییان دەزانی. دووەم؛ دەیانویست وەرەقەکان تێکەڵ بکەن و رای گشتی عراقییەکان بە شێوەیەک ئاراستە بکەن، تاوانەکانی رژێمە یەک لە دوایەکەکانی عێراق بەرانبەر بە گەلی کورد، لە سەروی هەموشیانەوە تاوانی ئەنفال، نادیدە بگرن. ئەو کەناڵانە لە رێگەی دواندنی هەندێ لە لێکۆڵەرە شۆڤێنیەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و شیوعییەکانی ئێستا کە ئاگاداری رووداوەکانی ئەوکاتە نەبوون، یان هەندێ لەوانەی پێشتر شیوعی بوون و ئێستا سەنگەریان گواستووەتەوە بۆ ناو حیزبە شیعییەکان یا ناسیۆنالیستەکان، وا وێنای ئەو رووداوە دەکەن کە پرۆسەیەکە پێشتر لە لایەن مام جەلال و کوردەکانەوە نەخشەی بۆ داڕێژراوە، بە مەبەستی کوشتنی تەنها عەرەبەکانی ناو حیزبی شیوعی.
شاعیری ناوداری عێراقی سەعدی یوسف، کە کۆن شیوعی بووە و ئێستا وەک شۆڤێنییەکی عەرەب بیردەکاتەوە؛ لە ٢٠٠٥/٢/١٧ وتارێکی نووسیوە بەناوی (جلال

1 . لقاء تلفزيوني مع نوشيروان مصطفى على فضائية البغدادية يوم ١٦ آذار ٢٠٠٨ أجراه معه الإعلامي العراقي الدكتور حميد عبدالله.

الطالباني إلى المحكمة الجنائية الدولية في لاهاي)، لەو وتارەدا باسی لەوە کردووە کە "هەندێ لە پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی و ئەوانەی گرنگی بە مافی مرۆڤ دەدەن بە نیازن لە دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەکانی لاهای، سکاڵا لەسەر کۆمەڵکوژی دەیان ژن و پیاوی پێشمەرگەی شیوعی بکەن، کە لە دژی رژێمی سەدام حسێن دەجەنگان. ئەو لایەنانە دەیانەوێ ئەوە بسەلمێنن کە کوشتنی ئەو پێشمەرگە شیوعییانە بە فەرمانی جەلال تاڵەبانی و بە رێکەوتن و لەسەر خواستی خودی سەدام حسێن بووە. سەدام وتوویەتی کوردەکان ئازادن لە ناوچەکانی خۆیاندا چی بکەن، بەڵام دەبێ عەرەبە شیوعییەکان لە ناوببرێن. بەڕاستی من تووشی شۆک نەبووم. بەڵکو من لایەنگری ئەوەم، بە تایبەتی دوای ئەوەی تاڵەبانی لەسەر گاڵتەکردن بە خەڵک، پێی راکێشاوە و مێژووەکەش هێندە دوور نییە. ئەگەر ئەمریکییەکان بڕیاریان داوە سەرۆکێکی کورد هەڵبژێرن، بۆ دەبێ کەسێک هەڵبژێرن تاوانبارە بە کۆمەڵکوژی ئۆپۆزیسۆن و شیوعییەکان!! [1]

عەلا ئەللامی، نووسەر و لێکۆڵەر و ئەدیبی عێراقی، کە جاران چەپ و ئێستا بەلای ناسیۆنالیزمدا بایداوەتەوە، بۆچوونێکی هاوشێوەی ئەوەی مەلا بەختیاری هەیە و لە نوسێنێکدا لەژێر ناوی (للتذكير.. وفاء للشهداء بشتآشان: مجزرة الطالباني بحق الشيوعيين العراقيين)دا نووسیویەتی: "دیلەکان بەپێی ئینتمای نەتەوەییان دابەشکران، کوردەکان ئازاد کران، هەندێکیان تا کوژران جەنگان".[2]

نووسەر و سیاسەتمەداری شۆڤێنی ناوداری عەرەب قاسم سرحان، لە ٨ ئایاری ٢٠٠٨ وتارێکی لەژێر ناوی (في ذكرى مجزرة بشتآشان التي ارتكبها طالباني بحق الاسرى العرب) نووسیوە، بە مجۆرە باس لە رووداوی قەرناقە و پشت ئاشانی کردووە: ".. بەڵێ ئەوە پاڵەوانێتی جاشەکانە.. هەندێ لە جاش پێشمەرگەکانی قەسابی بەکرێگیراو جەلال تاڵەبانی هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی عەرەبە نیشتمانپەروەرەکان و بە ئیهانەوە دەیانکوژن.. قەسابخانەی پشت ئاشان و کارەساتەکانی لە فەلوجە و نەجەف و دیالە دووبارە بوویەوە و هەر رۆژە و لە گوند و شارێکی عێراقیدا دووبارە دەبێتەوە کە قەسابە کوردەکان دەیانەوێ بیخەنە سەر هەرێمی عەجەم – کوردستان – باکوری عێراق. تاوانی پشت ئاشان چارەکە سەدەیەکی بەسەردا تێپەڕیوە، تا

1 . سعدي يوسف، جلال الطالباني إلى المحكمة الجنائية الدولية في لاهاي:
http://www.saadiyousif.com/syasa/jalal1.htm

2 . علاء اللامي، للتذكير .. وفاء للشهداء : بشتآشان: مجزرة الطالباني بحق الشيوعيين العراقيين:
http://www.albadeeliraq.com/ar/node/287

ئێستاش بە دەستی هەمان ئەو قەسابانەی سەرکردایەتی کوردەوە، تاوانی پشت ئاشان بەرانبەر گەلی عێراقی مەزڵووم دەکرێ. ئەو بە کرێگیراوانەی کە خۆیان بەسەر بەغدادا سەپاندوە، شەرەف و سیادەیان بۆ عێراق نەهێشتوەتەوە... داوا لە حیزبە نیشتمانپەروەرەکانی عێراق دەکەین لە ناوەوە و دەرەوە دەعوا لەسەر تاوانبارانی پشت ئاشان و سەرکردە بەکرێگیراوەکەیان سەرۆک کۆماری ناوچەی سەوز، جەلال تاڵەبانی بەرزکەنەوە.[1]

قسەکردن لە رووداوێکی وا کاریگەر و ئاڵۆز، بە هەڕەمەکی و فڕێدانی ئامار و ژمارە و زانیاری بێ سەرچاوە و نەسەلمێنراو، لەپاڵ ئەوەی خیانەتە لە گەیاندنی زانیاری هەڵە بە بەرانبەر، تاوانێکی مێژوویی و ئەکادیمییشە. گەڕانێکی کەم بەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا بە سەدان بابەتی نووسراو و بینراوی لەوجۆرە دەخاتە بەردەستی خۆێنەر و بینەر کە خاوەنەکەی جگە لە فووکردنە ئاگری ناکۆکییەکان، هیچی دیکەی مەبەست نییە: "هێرشەکە ژمارەیەکی زۆر شەهیدی لێ کەوتەوە، نزیکەی ٧٠ پێشمەرگەی شیوعی و ژمارەیەکی زۆریش بریندار و بێ سەروشوێن، زۆربەی شەهیدەکان لە کادیرە عیلمی و کولتووری و پیشەییەکان بوون. هێزە هێرشبەرەکە هەموو بارەگاکانی حیزبی داگیرکرد، هەندێ لە پێشمەرگەکانی یەکێتی هەستان بە کوشتنی دیلەکان. دوای ئەوەی زانییان لە نەتەوەی عەرەب، بەلای کەمەوە ئیهانەیان دەکردن.."[2]

موحسن ئەلجیلاوی هونەرمەند و نووسەری شیوعی: "لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا لە ساڵی ١٩٨٣، لەژێر دروشمی (عەرەبەکان بکوژن) تفەنگی غەدر و تاوانی حیزبەکەی جەلال تاڵەبانی و بە رێکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی سەدام حسێن، لە کۆمەڵکوژی پشت ئاشاندا، باشترین گەنجەکانی عێراق بوون بە قوربانی.. من دەزانم جەلال (–) شارەزایە لە کوشتنی کوردەکان پێش عەرەبەکان، چەکەکەی هەردەم بۆ قاچاخچێتی و بەکرێگیراوییە.[3]

مەلا بەختیاریش لە کتێبی "لەبری بیرەوەری"دا، بە هەمان نەفەس و ئامانجی ئەو نووسەرە عەرەبانە، قسەکانی ئەوانی دووبارە کردۆتەوە، تەنها بە یەک جیاوازی؛

---

1 . قاسم سرحان: في ذكرى مجزرة بشت آشان التي ارتكبها طلباني بحق الاسرى العرب
http://articles.abolkhaseb.net/ar_articles_2008/0508/srhan_080508.htm

2 . فيصل الفؤادي، الحزب الشيوعي العراقي والكفاح المسلح، دار النشر فيشون ميديا – فكشو- السويد، ٢٠١٠، ص ١٧٢.

3 . طالباني قتل الشباب العراقي:
https://iraqhuffpost.com /

ئەوان تەرکیزیان لەسەر ئەوەیە گوایە کورد و مام جەلال ئەو کارەیان ئەنجام داوە، بەڵام مەلا بەختیار، هەموو ئۆبالّەکەی شەڕی پشت ئاشانی خستووەتە سەر نەوشیروان مستەفا. ئەگینا ئەوان دەڵێن شەڕەکە لە دژی عەرەبەکانی ناو حیزبی شیوعی بووە، ئەمیش هەوڵ دەدا وێنەیەکی هاوچەشنی ئەوە لە هزری خوێنەردا دروست بکات.

بۆ ئەوەی خوێنەر بەرچاوی روون بێ، با لە سەرەتادا بۆچوونەکانی مەلا بەختیار کە لە کتێبەکەیدا لەسەر رووداو یان شەڕی قرناقە و پشت ئاشان نووسیویەتی بخەینەڕوو:

– "شایەنی باسە بەدیل کوشتنی "عەبدوڵڵا سوور" کە هاوزەمانی تراژیدیای قڕناقا و پشت ئاشانە، کە من ئەوکاتەش دژی ئەو تراژیدیایە بوم و ئامادەش نەبوم بڕیاری، سکرتێری کۆمەڵە، بۆ لێدانی شیوعیەکانی سنوری مەڵبەندی یەک جێبەجێ بکەم، کە خۆم بەرپرسیاری بوم. نەکا تەمەن مەودای نووسینی بیرەوەریەکانم نەدا، بە گرنگی دەزانم چ دەربارەی قڕناقا و پشت ئاشان و چ رووداوگەلی دیکە لەدووتوێی کتێبەکەدا، باس بکەم."[1]

– "رووداوی قڕناقا و پشت ئاشان و کوشتنی عەبدوڵڵا سوور، جگە لەوەی پەیوەندیان بە دۆخی دانوستانی نهێنی نێوان "مام جەلال – نەوشیروان"ەوە، ژێربەژێر لەگەڵ حکومەتی بەعسدا هەبووە، دەڵێم جگە لەمە، خاڵێکی وەرگۆڕانی ترسناکیشە لە گۆڕینی سیاسەتی سکرتێر و سەرکردایەتی کۆمەڵە و ئەوانەی ئەوکاتە فریویان پێ خواردبوو، ئەویش ئەمەیە. کە سکرتێری کۆمەڵە کاتێک دۆخەکەی بەگونجاو بۆ دانوستان زانیووە، بەشی زۆری هێزی یەکێتیشی خستبووە ژێر هەژموونی خۆیەوە، دەیویست، سایکۆلۆژیەتی تۆقاندن رۆچێنێتە دەرون و ناخی لایەنەکان و پێشمەرگە و کادرەکانەوە، بۆیە (٥٦) دیلی قڕناقا و پشت ئاشان بە بڕیاری خۆی کوژران.. عەبدوڵڵا سوریش، لەناو هەمان شانۆگەری تۆقاندن و لەبەرچاوی سەدان پێشمەرگەدا، شەهید کرا.[2]

– "ئەو رۆژە رەشەی لە قڕناقا و پشت ئاشانەوە، لە مێژووی شۆڕش و یەکێتی و لەناو کۆمەڵەدا دەستپێدەکات، سەرەنجامەکەی تەنها پاکتاوکردنی جەستەی

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.
2 . هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

تێکۆشەرانی چەپ و پاکەکان، لەرووی فیزیکیەوە نەبوو، بەڵکو تۆقاندن گەیشتە تیرۆرکردنی هزری جیاواز. بگرە گەیەندرایە رادەی سوکایەتیکردن بە بیروباوەڕی چەپ و هەڵمەتی دژایەتی بانچەپ و لە گۆڤاری کۆمەڵە و ئیزگەی یەکێتیدا؛ هەموی زادەی ئەو هەلومەرجە بوون. دەیان وتار، نامیلکە، هەڵمەتی سایکۆلۆژی چەپکوژی، لەو چوارچێوەیەدا دەستی پێکرد."[1]

– "تەنها ئەو هۆکارە رقبەندییە دەروونییە نەبێ، کە لە وشیاریی و ناوشیاریی سیاسیدا، بڕیاری کوشتنی دیلی بەکۆمەڵی دەدا. هەمان رقبەندی دەرونی، هاندەری کاریگەری قەتڵوعامی (قڕناقاو پشت ئاشان–١٩٨٢) بوو. ئەم ڕێبازەی دیلکوشتن، هەتا ئەنفالەکانیش دریژەی کێشا."[2]

– "لەکاتی شەڕی نەگریسی قڕناقاو پشت ئاشاندا، کە بیستم (٥٦) دیل بە بڕیاری سکرتێری کۆمەڵە کوژراون و زۆربەشیان ژن و پیاوی عەرەبی شیوعی بوون."[3]

بێویژدانی لە گەیاندنی زانیاری هەڵە و پڕوپاگەندەی سیاسی، لە لایەن نووسەر یان سیاسەتمەدارێک کە تازە هاتبێتە ناو کایەکەوە و هەڵپەی خۆ دەرخستنی هەبێ، تارادەیەک چاوپۆشی لێ دەکرێ، بەڵام بۆ کەسێک کە خۆی نەک بە نووسەر، بەڵکو بە بیرمەند، نەک بە سیاسەتمەدار، بەڵکو بە ستراتیژیستی سیاسی بزانێ، کارەساتە.

لە کاتێکدا هەموو سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە حیزبی شیوعی پێشتر خۆی بۆ شەڕەکە ئامادە کردبوو و بەشی زۆری کوژراوەکانیشیان لە شەڕەکەدا بووە، کەچی مەلا بختیار بە مەبەست نووسیویەتی: "بیستم (٥٦) دیل بە بڕیاری سکرتێری کۆمەڵە کوژراون"!!، تەنانەت توندڕەوترین کادیرو نووسەری ڕێگەی بەخۆی نەداوە باس لەوە بکات لەو شەڕەدا ٥٦ دیلی عەرەب کوژراون و وەک لە بیرەوەرییەکاندا دەردەکەوێ کەسیان نە ژمارە و نە ناوی یەک دیلی کوژراویان نەداوە، کەچی مەلا بەختیار زۆر بە ئاسانی دەڵێت: "هەڵوێستم تا ئەو رادەیە تووند بوو، کە لە قرناقە و پشئاشانەوە نەوشیروان مستەفا بە جیهازی راکاڵ بڕیاری پێ راگەیاندم و گوتی: من سەرم پان کردوونەتەوە، تۆش پەڕوبااڵیان بکە. دەستبەجێ پێمگوت: کاری وا ناکەم، چونکە ڕێکەوتنمان لەگەڵ شیوعییەکاندا هەیە. وتی: وەکو سکرتێری کۆمەڵە ئەمرت پێ دەکەم. هەر نەمکرد. لای مام جەلال شکاتی لێ کردم،

1 مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

2 . هەمان سەرچاوە، ل٦٣.

3 هەمان سەرچاوە، ل٦٥–٦٦.

مام هاته سەر جیهاز و گوتی: کاکە نەوە عاجز مەکە و چی ئەڵێ بەقسەی بکە. پێموت: ژنە عەرەب و تێکۆشەری شیوعی، لەناویاندا (د. ئیمان) کچی شەهید (سەلام عادل) هەیە، بە من ناکوژرێن. مام زۆری لەسەر نەڕۆشت. ئەگینا دەیتوانی دەستبەجێ لام ببا. نەوشیروان تەکلیفی لە ملازم عومەر کردو هاتە سەر جیهاز و گوتی: کاک نەوشیروان تۆڕەیە و ئەڵێ هەر دەبێ لە شیوعییەکان بدرێ. وتم: هەرگیز کاری واناکەم. وتی: ئاخر سزات دەدەن. وتم: با بۆ یەکەمجار لەسەر برانەکوژی، سزا بدرێم!"

بەداخەوە زۆرجار کادیرەکانی حیزبی شیوعی و هەندێ لە نووسەرانی نەیار بە نەوشیروان مستەفا، کە باس لە شەڕی نێوان یەکێتی و حیزبی شیوعی دەکەن، لەژێر کاریگەری ئەو پڕوپاگەندانەی کە حیزبی بەعس لەو سەردەمەدا لە ناوچە رزگارکراوەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، باسیان لە هاوکاری رژێمی بەعس بۆ یەکێتی کردووە لە شەڕی پشت ئاشان. قادر رەشید (ئەبو شوان) یەکێکە لەو کەسانە، تەنانەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەو مەسەلەیەدا تێوەدەگلێنێ و لەبارەی ئەمەوە دەڵێت: "ناوزەنگ پڕبوو لە پێشمەرگەیەکی زۆر کە لە گەرمیان و شارەزوور و جێگەکانی ترەوە هاتبوون، ئەو هێزانە هەموو پۆشتەو پەرداخ بوون لە جل و بەرگی وەک قەمسەڵەی گەرم و پێڵاوی باش و کۆڵەپشتی پر لە موعەلەبات، هەروەها چەکی نوێی وەک بیکەیسی و ئاربیجی و دۆشکە و قەناسە و کلاشینکۆف و دەزگای بێسیمی راکاڵ و هۆکی تۆکی و دووربین، *هەوااڵمان پێگەشت* کە ئەو کەلوپەلە سەربازییە خەستوخۆڵەی یەکێتی لە ناوچەکەدا بۆ خۆئامادەکردنە، *لە رژێمی بەعسەوە نێراوە* و لە ڕێگای حزبی دیموکراتی ئێرانەوە (حدکا)."[1]

دیقەت بدەنە (هەواڵمان پێ گەیشت..)، بە بەراورد کردنی ناوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامەیەی سەرەوە لەگەڵ دەستەواژەی (هەواڵمان پێگەیشت..) دەردەکەوێ چۆن رژێم توانیویەتی رۆچێتە ناو ریزەکانی حیزبی شیوعیەوە و بە مەبەستی نانەوەی دووبەرەکی و ئاژاوە، هەواڵی درۆ و چەواشەکاری لە نێویاندا بڵاوکردووەتەوە و لێیان بووەتە حەقیقەت.

کێشەکە هەر هاوڕێیانی حیزبی شیوعی نییە کە دەکەونە ژێر هەژموونی پڕوپاگەندەی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئیستیخباراتی عێراقەوە، کارەساتەکە ئەوەیە مەلا بەختیار، ئەندامی سەرکردایەتی ئەوسای کۆمەڵەی رەنجدەران و ئەنجومەنی بەرژەوەندییەکانی ئێستای ی.ن.ک؛ دوای ٣٧ ساڵ لەو کارەساتە، بۆ پاک پیشاندانی

1 . قادر رشید (ئەبو شوان)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

پەرێزی خۆی و بۆ رازی کردنی دڵی لایەنێکی دیاریکراو، کار دەکات بۆ لەکەدارکردنی نەوشیروان مستەفا و لە رێگەی ئەویشەوە ناشیرین کردنی مام جەلال و یەکێتی. هەڵساوە بەبڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەیەکی کۆنی ئیستیخباراتی عێراق کە ساڵی ١٩٨٢ داوای کردووە. مەلا بەختیار ئەڵێ: "رووداوی قڕناقاو پشت ئاشان و کوشتنی عەبدوڵڵا سوور، جگە لەوەی پەیوەندیان بەدۆخی دانوستانی نهێنی نێوان "مام جەلال- نەوشیروان"ەوە، ژێربەژێر لەگەڵ حکومەتی بەعسدا هەبووە، دەڵێم جگە لەمە، خاڵێکی وەرگەڕانی ترسناکیشە لە گۆڕینی سیاسەتی سکرتێر و سەرکردایەتی کۆمەڵە و ئەوانەی ئەوکاتە فریویان پێ خواردبوو..."[1]

لە قسەکەی مەلا بەختیار ورد بنەوە بەراوردی بکەن لەگەڵ نووسراوەکەی ئیستیخباراتی عێراق کە دەڵێت: (پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوبکەنەوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوکاری لە حکومەت وەردەگرێ و بەنهێنی لەگەڵیدا کەوتووەتە وتوویژ..).. لەو بەراوردەوە بۆتان دەردەکەوێ، ئەم نووسینە بە چ رق و قین و بوغزێکەوە لە دژی نەوشیروان مستەفا نووسراوە.

مەسەلەکە ئەوەیە مەلا بەختیار لەو کاتەدا لە هەرەمی دەسەڵاتدا بووە لەناو کۆمەڵە و یەکێتیدا و ئاگاداری وردەکارییەکانی سیاسەتی حزبەکەی بووە، چۆن لە خۆیەوە بە چاوی هەڵوێستەکانی ئێستایەوە تۆمەتێک دەداتە پاڵی کە زۆر دوورە لە راستی.

لەسەرەوە ئەوەمان روون کردەوە کە شەڕەکە ئەسڵەن بۆ سەر شیوعییەکان نەبووە، بەڵکو بۆ گێچەڵەکانی سۆسیالیست بووە لە بالیسان. وەک لەم نامەیەی مام جەلال کە شەوی ١٩\١٨ی نیسانی ١٩٨٣ بۆ نەوشیروان مستەفای نووسیوە، ئاشکرا دەبێ، نەخشەی لێدانی سوسیالیست بە موافەقەی تێکڕای دەنگی سەرکرایەتی و پشتیوانی خودی مام جەلال بووە و باس لەوەش کراوە گەر شیوعییەکان سور بوون لەسەر شەڕ، ئینجا ئەوانیش دەگرێتەوە.

"برا گیان کاکە نەوەی خۆشەویست

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین. ئیمڕۆ من نامەکەتم پێ گەیشت خۆم خوێندمەوە و ناردم بۆ هەڤاڵان فەریدون، جەمال، عومەر. ئەمەش بە پەلە رەئی خۆم:

١. لەسەر نەخشەکەتان موافقم (بەگشتی). بۆ تەفاصیل کە نزیک بوێتەوە وەرەوە لامان دوا قسەی لێ ئەکەین. پێم باش نیە یەکسەر بچی.

---

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

٢. بۆ سەلامەتی خۆت پێویستە بەلای ئەمیندا بێیتەوە لامان نەک بە ناو جاشدا و میریدا. ئیمڕۆ لە دلێرەوە نامەی تایبەتی هاتوە، دەڵێ میری و جاشەکان زۆر (تەعقیبی) تۆ و حەرەکاتی تۆ دەکەن. بۆیە بە ئیصرارەوە داوات لێدەکەم بەلای جاش و میریدا نەگەڕێتەوە. بەڵکو بەلای جوتیاراندا بێیتەوە، مانیع نییە یەکسەر لێرەش گیر نەبی.

٣. بۆ مەسئولیەتەکەی وا منیش بەم نامەیە بۆت دەنوسم کە خۆم بەتەنها، منیش وەک تۆ ئامادەم هەموو ئۆباڵەکەی هەڵگرم. ئەمە لە کاتێکدایە برایان بە گشتی دەنگ ئەم بڕیارەیان داوە.

کاک ئەرسەلانیش لەولاوە هەمان پێشنیاری ناردوە. بۆیە هەموو گەر ئامادە نەبن، وا تۆ و من ئامادەین بۆ هەڵگرتنی ئۆباڵی شەڕی حسکع و گەر حشعیش لەسەری هەڵدانێ هی ئەویش هەڵبگرم. حەز دەکەم دڵنیاش بیت کە من هەرگیز و هەرگیز و قەت و قەت تۆ بەجێ نایەڵم لەبەرامبەر مەسئولیەتی سیاسی و عەسکەریش.

هەربژی بەسەربەرزی و سەرکەوتن

برای دڵسۆزتان

جەلال تاڵەبانی

تکایە تکایە تکایە بە ڕێگە ئەمینەکەدا وەرەوە نەک بەناو میری و جاشدا."[1]

لەو نامەیەی مام جەلال، ئەوەش ڕوون دەبێتەوە کە رژێمی بەعس هاوکات لەگەڵ خۆئامادەکردنی یەکێتی بۆ شەڕی بەرگری لە بالیسان، نەخشەی وردیان هەبووە بۆ تەسفیەی نەوشیروان مستەفا.

سەلمێنەری ئەو زانیاریانەی مام جەلال، تۆپبارانەکەی ڕۆژێک پێش شەڕەکەی پشت ئاشانە کە هێزەکانی عێراق جێگەی دانیشتنی نەوشیروان مستەفایان کردووەتە ئامانج و لە ئەنجامدا خۆی بە ڕێکەوت ڕزگاری بوو و چەندین پێشمەرگەش شەهید بوون، نەوشیروان مستەفا ڕووداوەکەی بەم جۆرە باس کردووە: "نیوەڕۆ گەیشتینە بەستێ. داوام لێ کردن بۆ حەسانەوە لەبن دارەکانی چەمەکەدا لابدەن و نانی نیوەڕۆ بخۆن. من مەفرەزەیەکی تێکەڵاوم لە پێشمەرگەکانی بارەگاکەی خۆم و هەندێ پێشمەرگەی گەرمیان پێکهێنابوو، شاهۆ فەرماندەیان بو. شاهۆ بەتانییەکی لەبن دارێکدا بۆ من داخست، لە سەری دابنیشم. خواردنەکەمان سەفەری بو: هێلکەی کوڵاو، تەماتە، خەیار و سەوزە بوو، لەسەر دەسڕێک دامنابو. لەو کاتەدا فەقێ حەسەن پەیدابو. فەقێ حەسەن بارەگاکەی لەو ناوە بوو، خۆیشی خەڵکی ناوچەکە بو. من بەدوامدا ناردبو

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٢٣) نامەی مام جەلال بۆ نەوشیروان مستەفا پێش شەڕی پشت ئاشان.

بۆ ئەوەی دەنگوباسی ناوچەکە و شوێنی سەنگەر و قایمکارییەکانی جودی لێ بپرسم. چەند کەسێ لەگەڵ من لەسەر بەتانیەکە دانیشتبون. من هەستام بەرەو لای فەقێ حەسەن چوم و بانگم کرد بۆ بن داریٚکی تر، بۆ ئەوەی گوێیان لە قسەکانمان نەبێ. کە من ڕۆیشتم، ئەوانی تریش چونکە خواردنەکەیان بەدڵ نەبوو، لەسەر بەتانییەکە هەستابون و ڕۆیشتبون. مام سالٚحی گۆڕئەسپ گوێی لە دەنگی هەندێ هاوەنی دور بوبو، هاواری لێ کردبون: " پێشمەرگە بلاوەی لێ بکەن، ڕوحە هات!" کەس گوێی نەدابویە.

لەپڕ گولە تۆپێکی گەورە هاژەی کرد و لەناوی‌داین، بەر بەتانیەکەی من کەوت، هەر لەوێدا ٤ لە پێشمەرگەکانی مەفرزەکەی منی کوشت: کامیل وەستا ئەحمەد خەڵکی کرپچنە، یاسین عەبدولکەریم خەڵکی کفری، ئیبراهیم ئەحمەد خەڵکی عەزیز قادر، ئەمین فەتاح خەڵکی جامڕێز. هەروەها بێستون جێگری فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوک و بەدرخان صابیر پێشمەرگەی هەمان تیپ و لەشکری چوارقوڕنەیی پێشمەرگەی تیپی ٩٩ی کۆسرەت، کوژران. دەزگای بێتەلەکەمان پارچەپارچە بو. من بە ڕێکەوت بەرنەکەوتم. هەمومان هەستاین و بە ڕاکردن ڕومان کردە بن شاخ و قولاٚیی دۆلٚەکە، تا گەیشتینە ئەودیو بە هیلاک چووین. تۆپباران بەردەوام بو. دیدەوانەکە لە بەرزاییەکی بەرانبەر بە ئێمە چاوی لێمان بوو، چاودێری ئەکردین. تا ئێوارەیەکی درەنگ نەمانتوانی سەر دەربهێنین. ٧ کوژراو و ٢٢ بریندارمان هەبو. لاشەی کوژراو و بریندارەکان کۆکرانەوە. بەدرخان چەند پارچەیەکی کەمی لەشی مابو. هەمومان ڕەوانەی ناوزەنگ کردنەوە و نامەیەکم بۆ نووسین، ڕوداوەکەم بۆ باسکردن و داوای دەزگایەکی بێتەلم لێ کردن."[1]

ئەگەر ئەو شەڕە وەک مەلا بەختیار و هەندێ لە شیوعییەکان باسی دەکەن، بە ئاگاداری رژێم بووبێت، ئاخۆ لەبری هاوکاری کردنی هێزەکە، رژێم بە تۆپباران ٧ پێشمەرگە شەهید و ٢٢ی دیکەش بریندار دەکا و فەرماندەی هێزەکەش نزیک بووە لەوەی سەری تێیدا بچێ؟!

نووسینەکانی مەلا بەختیار، بەدەر لەوەی زادەی گرێیەکی دەروونییە و زۆر بە ئەعسابێکی تووڕە و میزاجێکی پڕ لە رق و زاٚلبوونی گیانی تۆلەوە نووسراوە، هەڵەی زەق و نالۆژیکی زۆریشی تێدایە، وەک:

1 . نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ٢٩٢.

١. شەڕەکە لە ١٩٨٣/٥/١ رووی داوە، نەک ١٩٨٢. سەرەتا وامان دەزانی هەڵەی چاپە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە چەندین شوێن دووبارە بووبووە، تەنها تەفسیرمان ئەوە بوو کە سالّ و رۆژی لێ تێکچووە.

٢. لە چەند شوێنێک دیسانەوە باس لە کوشتنی (٥٦) دیل دەکات، لە کاتێکدا لە دوا هەڵسەنگاندنی حیزبی شیوعی بۆ شەڕەکە تێکڕای کوژراوەکانی خۆیانی بە ٥٦ شەهید لە قەڵەم داوە، ٤٢ دیلیش هەبووە لەگەڵ سێ سەرکردە (کەریم ئەحمەد، ئەبو شوان، ئەحمەد بانیخێڵانی) کە چەند رۆژێک دوای شەڕەکە، بە فەرمانی مام جەلال ئازاد کران. بۆ ئەمەش هەمان تەفسیرمان هەبوو، ئەگینا ئەو ژمارەیەی مەلا بەختیار باسی دەکات لە هیچ سەرچاوەیەکدا وا باس نەکراوە..

٣. کە باس لە کوژراوەکانی شیوعی دەکات، وا وێنای دەکات کە زۆربەی کوژراوەکان ژن و پیاوی عەرەب بوون، لە کاتێکدا ئامارە راگەیەندراوەکانی حیزبی شیوعی خۆیان ئیدیعای لەو شێوەیان نەکردووە.

## ٢. حیزبی شیوعی و هەڵسەنگاندنی شەڕی قرناقە و پشت ئاشان

یەکێک لەو پرسیارانەی کە بە بەردەوامی خودی شیوعییەکان پێش یەکێتیەکان، بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن بۆی، ئەوەیە؛ بۆچی حیزبی شیوعی هیچ هەڵسەنگاندێکی بابەتیانەی بۆ هۆکار و ئاکام و دەرئەنجامەکانی شەڕەکە نەکرد؟

لە دوای رووداوەکە، لە بەلاغی کۆتایی یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی مەرکەزی حیزب کە لە کۆتایی ئایاری ١٩٨٣دا کراوە، بەبێ ئەوەی خۆی لە قەرەی هۆکارەکانی رووداوەکە و ژمارەی کوژراو و بریندار و دیلەکان بدات، بە راگوزەر بەسەر رووداوی پشت ئاشاندا تێپەڕیوە: "لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی لە کۆتایی ئایاری ١٩٨٣دا کرد و باس لە دۆخی هەنوکەیی کرا کە بەهۆی هێرشی دوژمنکارانەی غەدارانەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر بارەگاکانی حیزب و هێزەکانی بەرەی جود، لە یەکی ئەیاری ١٩٨٣ دروست بووە و بووە هۆی کوشتنی دەیان تێکۆشەر و تاوانی قیزەونی تێیدا ئەنجام درا و شەڕ لە دژی بەرەی جود راگەیندرا."[1]

لە دوای ئەو رووداوە، چەندین کادیری حیزب داوایان کردووە لێکۆڵینەوەی ورد لە رووداوەکە بکرێت و هۆکاری ئەوانەی بەرپرسن لێی باس بکرێن، بەڵام ئەوە هەر نەکرا. ئەبو شوان لەوبارەوە نووسیویەتی: "ئەوەی لێرەدا شایانی سەرنجە ئەوەیە کە

1 . فاتح رەسول، چەند لاپەڕەیەک لە میژووی خەباتی گەلی کوردمان، بەرگی سێیەم، ل ٣٠٢.

پاش مانگێک له کارەساتی پشت ئاشان، کۆمیتەی ناوەندی هەر لەو ئەندامانەی کە لە پشت ئاشان بوون، لە گوندی سیڵۆێی کوردستانی ئێران کۆبوونەوە و لە جیاتی ئەوەی لە هۆکارەکانی کارەساتەکە بکۆڵنەوە و بەرپرسیاران ئاشکرا بکرێن و سزا بدرێن، بۆ ئەوەی جارێکی تر کارەساتی وا رووندەاتەوە و جارێکی تر ئەو کەموکوڕی و ناتەواویانە پەیدا نەبنەوە، بەداخەوە ئەوەی کە بەبیری کەسدا نەدەهات ئەوەبوو کە هەموو رووبان کردە هاوڕێ کەریم ئەحمەد گوشارەکە خرایە سەر ئەو و گوایە ئەو کاتەی دیل بووە لە ناوزەنگ، بەیانی ئاگربەستی لەگەڵ مام جەلالدا دەرکردووە، ئەمە بووە خاڵی سەرەکی باس لە کۆبوونەوەکەدا، ئیتر هۆی خوێن رشتنی ئەو ٦٨ هاوڕێیە و ئەو هەموو زەرەر و زیانە پێشێل کرا و خرایە لاوە."[1] ئەبو شوان هەروەها دەڵێت: "ئەگەر لە پاش رووداوەکەی پشت ئاشان، هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەی ئەو تێکشکاندنە بکرایە، سوود بەخش ئەبوو نەک هەر بۆ حزبمان بە تایبەتی، بەڵکو بە گشتی بۆ بەرەی جود و یەکێتیش و پشت ئاشانی دووەم دروست نەئەبوو، دووبارە ئێمەش و پارتیش نەئەشکاین، بە تایبەتی ئەو زیانە گیانییە دڵتەزێنەی لێ نەئەکەوت و حزبیش دووبارە نەی ئەدۆڕاند. لە راژان زۆرم لەگەڵ ئەبو فاروق وت تکات لێ ئەکەم پشت ئاشانی دووەم دروست مەکە، سەرکەوتن بەدەست ناهێنین. سەد جار بەداخەوە هەڵسەنگاندنی پشت ئاشانی دووەمیش نەکرا و تا ئەمڕۆش هەر نەکراوە. لە کۆنگرەی چوارەمی حزبدا لە ساڵی ١٩٨٥ لە گەلی رەش لە گوندی ئارموش باسی پشت ئاشان نەهاتە ئاراوە، لە کۆنگرەی دووەمی هەرێم و یەکەم و دووەمی (حشک)شدا هەر بەو جۆرە، لە کۆنگرەی پێنجەم و شەشەمی حشع و تەواوی کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوندەی بەسەرهاتی پشت ئاشان ناوی نەبوو."[2]

1 . قادر رەشید (ئەبو شوان)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦-٤٧.

2 . هەمان سەرچاوە، ل ٥٧

## بەشی شەشەم

# ئەنفالەکان و پارتیزانی و مەسەلەی گفتوگۆ لەگەڵ رژێم

# باسی یەکەم

## لە دروستکردنی بەرەی کوردستانیەوە بۆ ئەنفال

سەدام حسێن سەرۆک کۆماری عێراق، دوای پێنج ساڵ لە ئیمزاکردنی، لە ١٧ی ئەیلولی١٩٨٠ یەکلایەنە ڕێکەوتننامەی جەزائیری هەڵوەشاندەوە و هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ پشتیوانی کردنی ئێران لە یاخیبوونی کورد و ڕایگەیاند: "لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەرکار ڕێکەوتننامەکەیان پێشێل کردووە و بەمەبەست دەستیان لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەردا، ئەمانیش وەکو شا کەوتنە پشتیوانی کردنی سەرانی یاخیبوەکان، کە لە لایەن ئەمریکا و زایۆنیزمەوە هان دەدران، بۆیە لە بەردەمی ئێوەدا ڕایدەگەیەنم کە لە ئێستاوە ڕێکەوتننامەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ بەهەڵوەشاوە دادەنرێت."[1]

بەمجۆرە بەبیانووی پشتیوانی کردنی ئێران لە کورد، لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ شەڕێکی هەشت ساڵە لە نێوان عێراق و ئێراندا دەستی پێ کرد. هێزە سیاسیەکانی کورد پێیان وابوو ئەم جەنگە دەرفەتێکی زێڕین بەڕووی کێشەی کورددا دەکاتەوە، "هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان عێراق و ئێراندا هەم فرسەتێکی بۆ گەلی کورد هەڵخست ئەگەر بیەوێ سود لە ناکۆکی ئەو دوو دەوڵەتە وەربگرێ هەم گوشار و زەغتی عەسکەری لەسەر پێشمەرگە کەم کردەوە و هێزی پێشمەرگە توانی چاکتر لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە گەشە بکات، لەو شەڕەدا کورد دەورێکی ئەوتۆی نەبوو، هەروەکو دەستی لە هەڵگیرساندنی یاخود لەیارمەتیدانی کاریگەری لایەک دژی لاکەی تریاندا نەبوو تەنانەت مەیدانی شەڕەکەش دوور بووە لە کوردستان."[2]

---

1 . طه العاني، يوم ألغى صدام حسين اتفاقية الجزائر مع إيران.. لماذا اتخذ هذا القرار وهل كان سببا لاندلاع الحرب بين البلدين؟: www.aljazeera.net

2 . عێراق و مەسەلەی کورد، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی ی.ن.ک، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، حوزەیرانی ١٩٨٤، ل ٣٣.

بەڵام لە ساڵی ١٩٨٣ەوە ئێران لە جیاتی تەرکیز کردنە سەر باشور و ناوەڕاستی عێراق کە لە کەربەلا و بەغداوە نزیکتر بوون، بەرەی جەنگی بەرفراوانتر کرد و لە کوردستانیشەوە هێرشەکانیان بۆ سەر عێراق دەست پێکرد. بۆ ئەو کارە پێویستیان بە هاوکاری کورد هەبوو، سەرەتا هاوکاریان لە بەرەی جود خواست کە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆسیالیست و پاسۆک و حیزبی شیوعی پێکهاتبوو. ئەوانیش بە دڵێکی فراوانەوە قەبوواڵیان کرد. لە بەرانبەر ئەو هاوکارییەدا ئێران لە شەڕی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا هاوکاری کردن.

لەوە بەدواوە "لەهەردوو دیوی کوردستان گوندەکان بۆمباران دەکران و خەڵکی کوردستان دەبوونە سوتەمەنی. پارتەکانیش، لە گێژاوی شەڕی براکۆژییدا نقوم بووبوون، هەر لایەنە هەوڵی دەدا، لە رێگەی هێزی چەکداریی، خۆی بە دەسەڵاتدار لەو ناوچەیەدا بناسێنێ."[1] بەمجۆرە شەڕی عێراق و ئێران لە جیاتی ئەوەی بەسود بێت بۆ کورد، بووە هۆی ماڵ وێرانی و گەرمتر کردنی شەڕی براکوژی.

پاش سەرنەکەوتنی وتوێژی ی.ن.ک و رژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٥دا، یەکێتی کە تا ساڵی ١٩٨٦ شانازی بەوەوە دەکرد نەک هەر نەبووەتە داردەستی ئێران بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، بەڵکو هاوکاری برا کوردەکانی دەکا لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کەچی گوشارەکانی (بەرەی جود) لە لایەک و پەلامارە توند و کەمەر شکێنەکانی عێراق لە لاکەی دیکەوە، یەکێتیشی ناچار کرد لەگەڵ ئێراندا رێکەوتنێکی دوو قۆڵی هاوکاری و تەنسیق کردن ئیمزا بکات. بەمە تێکڕای هێزە سیاسییەکانی باشوری کوردستان لە ئاخروئۆخری جەنگی نێوان عێراق و ئێران چوونە سەنگەری ئێران لە دژی عێراق. ئەم خۆ یەکلایی کردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەلای ئێراندا، بە کارەسات بۆ کوردستان کۆتایی هات. گەورەترینیان کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالەکان بوو.

**یەکەم: دروستکردنی بەرەی کوردستانی**

لە ١٩٨٦/١١/٧ بەناوبژی ئێرانییەکان یەکێتی و پارتی ئاشت کردەوە و رێکەوتنێکی دوو قۆڵی لە نێوان مام جەلال و ئیدریس بارزانی مۆرکرا، بڕیاردرا خەباتی خۆیان یەک بخەن بۆ روخاندنی رژێمی بەعس. ئەم رێکەوتنە بەربەستێکی گەورەی لەبەردەم دروستکردنی بەرەی کوردستانی هەڵگرت.

مام جەلال لە ١٩٨٧/٤/٢٢ لە بروسکەیەکدا بۆ هەریەک لە مەسعود بارزانی، رەسوڵ مامەند، ئازاد مستەفا و سامی عەبدولڕەحمان، پێشنیاری دامەزراندنی بەرەی

1 . کرمانج گوندی، ٣٠ ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران، سوید ١٩٩٠، ل١٣٠.

کوردستانی خستوەتە بەردەستیان. لە دەقی نامەکەیدا هاتووە: "پێشنیار دەکەم ئاشت بوونەوەی نیشتمانیمان گەشە پێبدەین و بیگەیەنێنە ئاستی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی ئەم بەرەیە رێبەرایەتی خەبات و شۆڕشی کوردمان بکات و ببێتە نمونەیەکی بەرچاویش بۆ دامەزراندنی بەرەی عێراقی فراوان."[1] وەڵامی سەرۆکی هەموو ئەو لایەنە سیاسیانەی کە نامەکەیان بۆچووبوو، ئەرێنی بوو. بەڵام دامەزراندنی بەرەکە زۆر دواکەوت و لە ٢ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ دامەزرا. دروست کردنی ئەم بەرەیە هەنگاوێکی مێژوویی بوو بۆ بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، چونکە بەلای کەمەوە بووە هۆی کۆتایی هێنان بە شەڕی چەندین ساڵەی لایەنە سیاسیەکان.

**دووم: دروستکردنی سەرکردایەتی ناوخۆ**

لە پێش ئەنفالەکانەوە بەچەند مانگێک، مام جەلال کە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەکرد لە دەرەوەی کوردستان، سەفەری کرد بۆ تاران و لەوێشەوە بۆ دیمەشق و ئەوروپا. بەم جۆرە نەوشیروان مستەفا هەموو بەرپرسیارێتی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کەوتە ئەستۆ.

پێش وەستانی شەڕی عێراق و ئێران، زانیاری رێکخستنەکان و سەرچاوە تایبەتەکانی ناو دامودەزگاکانی ڕژیم، کە بۆ ناوەندی کۆمەڵە دەهاتن، باسیان لەوە دەکرد، کە ئێران توانای هێرشی گەورە و کاریگەری نەماوە، عیراقیش لەوە دڵنیا بۆتەوە. بۆیە بێ ترس ئەتوانێ بەشێکی زۆری سوپاکەی بۆ پەلاماردانی سەرکردایەتی یەکێتی لە دۆڵی جافەتی کە بە (سەری مارەکە)ی ناودەبرد، تەرخان بکات.

هێشتا پەلامارەکانی ئەنفال دەستی پێ نەکردبوو، نەوشیروان مستەفا داوای لە ڕێکخراوی سلێمانی کرد، سەردانی بکەن. لە هەفتەی یەکەمی مانگی دووی ساڵی ١٩٨٨دا، جەباری حاجی ڕەشید (هاوڕێ باوەڕ) بەرپرسی رێکخراوەکە و عەبدولعەزیز عومەر (هاوڕێ بەرانان) ئەندامی ڕێکخراو، ڕزگار محەمەد عەبدوڵڵا (هاوڕێ پاوەن) ئەندامی کەرتی شەهید ئارام، لە ڕێی قەلادزێ وە بەرە و بەرگەڵو بەڕێکەوتن بۆ بینینی نەوشیروان مستەفا. سەرەتا گەیشتنە لای مستەفای سەید قادر لێپرسراوی کۆمەڵە لە تیپی ٦٣ ی جوتیاران کە بارەگاکەی لە هەڵۆنەی بەری مەرگە بوو. مستەفای سەید قادر، بە بروسکە نەوشیروان مستەفای لە گەیشتنیان بۆلای خۆی ئاگادار کردووە. ئەویش خالید رەزای نارد بەدوایاندا بۆ ئەوەی بە نهێنی بیانهێنێ بۆ بەرگەڵو. خالید

1 . ئازاد مستەفا، کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی، دەزگای چاپەمەنی شەهید فەرهاد، سوید ١٩٨٨، ل٨٧.

رەزا لەو بارەوە دەڵێ: "کاک نەوشیروان پێی وتم بە تەنها خۆت بە سەیارەکە بڕۆ بە دوایاندا، یەکسەر بیانهێنە بۆ ژوورەکەی خۆم". لە دۆڵی سێدەر پشتی قەرەسەرد، توشیان بوم. سوارم کردن و یەکسەر بردمن بۆ ژوورەکەی خۆی."

سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی نەوشیروان مستەفا و ڕێکخراوی سلێمانی خالید رەزا دەڵێ: "کاک نەوشیروان ئەمانی بانگ کردبوو، مەترسی وەزعەکە و ئەگەرەکانی لەیەکتر دابڕانی لەگەڵ شار بۆ باسکردن و بەرنامەیان دانابوو لە حاڵەتێکی وادا، ئەبێ خۆیان سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوخۆ دروست بکەن و بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ. بۆ ئەگەری دابڕانی یەکجاری جیهازێکی (ڕاکاڵی محەسەن)ی دانێ. (ڕاکاڵی محەسەن هەم بچوکترە لە ڕاکاڵی نۆرماڵ، هەم لەجیاتی ٢٤ ڤۆڵت، بە ١٢ ڤۆڵت ئیش ئەکات). لە دوای دوو ڕۆژ، بە سەیارە، بردمنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەهاتبون. ڕاکاڵەکەیان لای کاک مستەفا دانابوو، ئەویش ناردبووی بۆ ڕێکخستنەکانی قەڵادزێ، تاوەکو لە ڕێگەی تەحسین قادر بگاتەوە دەستیان، بەڵام لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٩دا کاک تەحسین لە سەیتەرەی هیزۆب بە جیهازەکەوە گیرا و خرایە زیندانەوە.

سەرەڕای ئەوەش لە دوای ئەنفالەکان، پەیوەندی ڕێکخستنەکان بە کاک نەوشیروانە نەپچڕا، هەندێجار لەڕێی ڕادیۆ، هەندێکجار لە ڕێگەی ڕەتڵی پارتیزانەکان و مەفرەزە تایبەتەکان و جارجاریش لەڕێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پەیوەندییەکان دروست دەبوون. ئەمە وای کرد هەتا ڕاپەڕین ناوەندی کۆمەڵە و سکرتێرەکەی پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵیان لەگەڵ ڕێکخستنی شارەکاندا هەبێ."[1]

**سییەم: وەستانی شەڕی عێراق و ئێران**

دوای ئەوەی ئێران لە ٨ی ئابی ١٩٨٨ بڕیاری ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی قەبوووڵ کرد، شەڕی عێراق و ئێران دوای حەوت ساڵ و ١٠ مانگ و ٢٨ ڕۆژ لە ٢٠ی ئابی ١٩٨٨دا وەستا.

بەپێی هەندێ سەرچاوە زیانە گیانییەکانی ئەم شەڕە بەم شێوەیە بووە:

- ٧٣٠٠٠٠ کوژراوی ئێرانی، ٣٤٠٠٠٠ کوژراوی عێراقی
- ١٢٠٠٠٠٠ بریندار ی ئێرانی، ٧٠٠٠٠٠ بریندار ی عێراقی
- ٢٠٠٠٠٠٠ ئاوارەی ئێرانی، ٤٠٠٠٠٠ ئاوارەی عێراقی
- ٤٥٠٠٠ دیلی ئێرانی، ٧٠٠٠٠ دیلی عێراقی

عێراق بەبەهای ١٥٩ ملیار دۆلار چەکی کڕیوە و ئێرانیش ٦٩ ملیار دۆلار، لە کۆتایشدا کەس نەبووە براوەی شەڕەکە.[2]

---

1 . چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید رەزا، ٢٠٢١/٣/٣٠.

2 . المشير عبد الحليم أبو غزالة، الحرب العراقية الايرانية ١٩٨٠ – ١٩٨٨، مطابع روزو اليوسف القاهرة ١٩٩٤، ص ٦-٧.

ئەم شەڕە مالوێرانکەرە بەرئەنجامی درێاندنی ڕێکەوتنامەی جەزائیر بوو لە لایەن سەدام حسێن سەرۆک کۆماری تازە هاتوە سەر کاری عێراق، کە لە ئازاری ١٩٧٥ لەگەڵ محەمەد ڕەزا شا مۆری کردبوو لە پێناوی تواندنەوەی شۆڕشی کوردستاندا. مەبەست لە خستنەڕووی ئەو ئاماڕە ئەوەیە ئەگەر هەر لە ئەساسەوە ئەو ڕێکەوتنە نەکرایە و داخوازییەکانی کورد کە زۆر کەمترە لە داخوازی نەتەوەیەکی نیشتمان داگیر و دابەشکراو، جێبەجێ بکرایە، ئاخۆ ئەو هەموو زیانە گیانی و مالّییە توشی عێراق و ئێران دەهات؟!

**چوارەم: ئەنفالەکان**

١٩٨٣ لە سەرەتای گفتوگۆی رژێم و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، تاریق عەزیز بە وەفدی یەکێتی وتبوو: "ئێمە ناڕوخێین، چونکە دنیا لە بەرانبەر ئێراندا پشتیوانیمان لێ ئەکا. ڕۆژێکیش دێ ئەم شەڕە تەواو ببێ. ئەگەر ئێستا بێن و لەگەڵمان پێکبێن، چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵ ئەکەن، هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە. خۆ ئەگەر شەڕ درێژە پێ بدەن؛ دوای تەواوبونی شەڕی ئێران، ئەو جەیشە زەبەلاحەی بۆ شەڕی ئەوانمان دروستکردوە، ئەیهێنینە سەر ئێوە، سالّێک وەخت و سەد هەزار کوژراوتان بۆ تەرخان ئەکەین، بەڵام خاکتان بە تورەکە ئەبێژین و تەفروتوناتان ئەکەین!"[1]

دوای ئەوەی سوپای عێراق توانی لە هەموو بەرەکانی جەنگدا ئێرانییەکان تێک بشکێنێ، ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو رژێمی بەعس بەڵێنەکەی ببایتەسەر. لە ٣/٢٩/ ١٩٨٧دا (ئەنجومەنی سەرکرایەتی شۆڕش-مجلس قیادة الثورة) بڕیاری ژمارە (١٦٠)ی دەرکرد و تێدا عەلی حەسەن ئەلمەجیدی نارد بۆ کوردستان و پۆستی ئەمینداری باکوری حیزبی بەعسی پێدا. لە بڕیارەکەدا هاتووە "ڕەفیق عەلی حەسەن مەجید ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بە نوێنەرایەتی سەرکردایەتی حیزب هەڵدەستێ بە جێبەجێ کردنی سیاسەتی حیزب لە ناوچەی باکور و پاراستنی ئەمن و سەقامگیری و جێبەجێ کردنی یاسای حوکمی زاتی. بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی کە لەم بڕیارەدا هاتووە دەسەلّاتی هەموو دامودەزگا مەدەنی و عەسکەری و ئەمنییەکانی لە دەستدایە و بە تایبەتی ئەو سەلاحیەتانەی کە دراوە بە مەجلیسی ئەمنی قەومی و لیژنەی کاروباری باکور.."

پێش پرۆسەی ئەنفال، عەلی حەسەن ئەلمەجید گوندەکانی دابەشکرد بە دوو گروپ؛ ئەو گوندانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی سوپادا نین، ناوی نان "ئەو گوندانەی لە ڕووی ئەمنیەوە قەدەغە کراون- القری المحذورة أمنیا" و ئەوانەشی لەژێر کۆنترۆڵی سوپادا

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل٧-٨.

بوون پێی دەوتن "ئەو گوندانەی لە رووی ئەمنیەوە قەدەغە نەکراون – القری غیر المحذورة أمنیا". بۆیە لە کۆبوونەوەیەکدا وتی: "هەموو ئەو گوندانەی لەژێر دەستی سوپادان لە رووی ئەمنیەوە قەدەغە نین لە چەند کۆمەڵگایەکدا کۆ دەکەینەوە.. بەمە تێکدەرەکان دادەبڕێنین لە خەڵک، ئەوەش بە دوو قۆناغ دەکەین، قۆناغی یەکەم لە ١٩٨٧/٤/٢١ دەست پێدەکات و لە ٥/٢١ کۆتایی پێدێت. قۆناغی دووەمیش لە ٥/٢١ دەست پێ دەکات و لە ١٩٨٧/٦/٢١ کۆتایی پێ دێت. ئیتر لەو رۆژە بەولاوە هەرکەسێک بەوێدا تێپەڕی ملی دەقرتێنن.." پاشان ماوەیەکی دیاری کرد بۆ ئەوەی گوند نشینەکانی ناوچە ئازاد کراوەکان خۆیان تەسلیم بکەن، ئەگەرنا لەوەبەدواوە حیسابی پێشمەرگەیان بۆ دەکات.

پاش ماوەیەک بڕیاری ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان دەرکرد. ئۆپەراسیۆنەکەیان ناونا (الانفال) کە سورەتی ٨ی قورئان بوو. ئەنفال واتە دەسکەوت و تالانی. فەیلەقی یەک و پێنج و هێزێکی تایبەتی گاردی کۆماری و هەموو فەوجەکانی جاشی خەفیفە و جەیشی شەعبی بەشداریان تێیدا کرد.

ئەنفالی یەک: لە دۆڵی جافەتییەوە دەستی پێ کرد، لە ٢٣ شوبات تاکو ١٩ئازاری ١٩٨٨ی خایاند.

ئەنفالی دوو: لە ٢٢ی ئازار دەستی پێ کرد و ١ی نیسانی ١٩٨٨ کۆتایی هات، ناوچەی قەرەداغی گرتەوە لە تەکیە، سێوسێنان، سەگرمە، دەربەندی باسەڕە، قۆپی– قەراغ و چەند شوێنی تری گرتەوە.

ئەنفالی سێ: لە ٧ی نیسان تاوەکو ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ی خایاند. ناوچەکانی دوز، قادرکەرەم، کەلار، کفری، چەمچەماڵ، تێلەکۆ، پێباز، سەنگاو، تەکیە، بەشێک لە ناوچەی ئاغجەلەری گرتەوە.

ئەنفالی چوار: بە کیمیاباران گوندی گۆپتەپە لە ڕۆژی (٣ی ئایاری ١٩٨٨) دەستی پێ کرد، بە فڕۆکەی جەنگی بۆمبی کیمیایی بەسەر خەڵکەکەدا باراند.

قۆناغی ئەنفالی ٥، ٦، ٧: لە ١٥ی ئایار تا – ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ی خایاند و هێرشەکە بۆ سەر دۆڵی چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندوز.

ئەنفالی هەشت (بادینان): لە ٢٥ی ئاب دەستی پێ کرد و تاوەکو ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ خایاند: ئەم ئۆپەراسیۆنە لە دوای وەستانی شەڕی عێراق– ئێران دەستی پێ کرد و بە درێژایی ناوچەکانی زاخۆ، ئامێدی، شێخان و ئاکرێی گرتەوە.

نەزار خەزرەجی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال، لە بیرەوەرییەکانیدا سەبارەت بە دوا قۆناغی ئەنفال نووسیویەتی: "لە سەرەتای نیوەی دووەمی ئابی ١٩٨٨ لە بارەگای خۆی لە مەجلیسی وەتەنی چاوم کەوت بەسەرۆک بە مەبەستی دانانی پلانێک

بۆ تەسریح کردنی مەوالیدی هەندێ سەرباز و ئەفسەر کە لەو هەشت ساڵەدا بەشداری شەڕیان کردبوو. بەڵام دەبێ پێشتر یاخی بوونی کوردەکان کۆتایی پێبهێنین و ئینجا ئەو کارە بکەین. فەرماندەی گشتی لەسەر پێشنیارەکەم رازی بوو و پرسی "کەی دەست پێ بکەین؟" لەوەڵامدا وتم "بۆ ئەوە دەبێ لەگەڵ تورکیادا تەنسیق بکەین بۆ داخستنی ئەو رێگایانەی کە لێوەی پاشەکشە دەکەن یان هەڵدێن لە سنوری تورکیا. سەبارەت بە سنوری ئێران بەدەست هێزەکانمانەوەن، بواری هەڵهاتنیان نییە. سەرۆک وتی کەی دەست پێدەکەن و قەبارەی هێزەکان چەندن؟ لە وەڵامدا وتم لە هەفتەی یەکەم یان دووەمی مانگی داهاتوو. هێزەکانیشمان ئەوەندە زۆرن شتی وا هەر نەبووە. ئۆپەراسیۆنەکە لەیەک کاتدا دەبێ و هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە چەکدارەکانی کوردی لێیە لە باکوری وڵات و ناوەستین تاوەکو بەتەواوەتی پاکی دەکەینەوە. سەرۆک وتی "زۆرباشە پشت بەخوا دەست پێ بکەن و بە وەزارەتی دەرەوە دەڵێم تەرتیبی سەردانی وەفدێکی سەربازی بکەن بۆ تورکیا و کە پلانەکەتان تەواو بوو بۆم بنێرە"[1]

وەفدێکی عێراق بە سەرۆکایەتی مەعاونی ئۆپەراسیۆنەکان فەریق حسێن رەشید چوو بۆ تورکیا و لەگەڵ فەرماندەی سەربازی تورکیا رێکەوتن و ئۆپەراسیۆنەکەش لە سەرەتای ئەیلول دەستی پێکرد و بەمجۆرە کۆتایی بە ئەنفالی ٨ هات و ناوچەکانی بادینان کەوتنە ژێر دەستی سوپا. بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی، پەلامارەکانی ئەنفال لە کوردستانی باشور بووە هۆی کوشتن و بێ سەروشوێن کردنی زیاتر لە ٥٠ بۆ ١٠٠ هەزار کەس و زیاتر لە ٤ هەزار گوند خاپورکران، ٢٥٠ شار و شارۆچکە و گوند و شوێن بەر کیمیایی کەوتن. ١.٧٥٤ قوتابخانە و ٢٧٠ نەخۆشخانە و ٢٤٥٠ مزگەوت و ٢٧ کڵێسا، وێران کران.٩٠٪ی گوندەکانی کوردستانی باشور لەگەڵ خاکدا یەکسانکران.[2]

نەوشیروان مستەفا بەم شێوەیە باسی لە رۆژانی ئەنفال کردووە: "هێرشە گەورەکانی جەیشی عێراق بە ڕابەری صەددام حسێن، کاری لە هەمو دانیشتوانی کوردستانی عێراق و هەمو حیزب و رێکخراوەکانی کرد، بەڵام لە هەمویان زیاتر (ی.ن.ک)ی ئێشاند. تەنیا رێکخراوی سیاسی کوردی کە هەمو هێزەکانی و بارەگاکانی

1 . نزار عبد الكريم فيصل الخزرجي، الحرب العراقية – الإيرانية ١٩٨٠ – ١٩٨٨ مذكرات مقاتل، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، الطبعة الاولى، بيروت – لبنان ٢٠١٤. ص٤٧٩.

2 .GENOCIDE IN IRAQ The Anfal Campaign Against the Kurds A Middle East Watch Report: https://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/

و مالّی سەرکردە و کادر و پێشمەرگەکانی لەسەر ئەرزی کوردستانی عێراق بو، ی. ن. ک بو. هێرشەکانی ئەنفال و بە دوای ئەوەدا گرتنی هەمو بارەگا گرنگەکانی ی. ن.ک و ئینجا داگیرکردنی هەموو کوردستانی عێراق و گیران و بزر کردنی دەیان هەزار کەس لە دانیشتوانی ناوچە ئازادەکان و وێران کردنی هەمو دێهاتی کوردستان، کارەساتێکی نەتەوەیی بەسەر کورددا هێنا. کوردستان بو بە زیندانێکی تەنگ و کورد بە گەلێکی دیل."[1]

پاشان بەمجۆرە باسی ناخی خۆی کردووە: "خۆم بە ڕاشکاوی دانی پێدا ئەنێم کە: بەشێکی زۆری سالّانی ژیانی من، نائاسایی بوە. ڕوداوی جۆراوجۆری زۆرم بینیوە. چەندین ڕۆژی خۆش و ناخۆشم گوزەراندوە، بەلّام –درۆی تێیدا نیە– ئەگەر بلّێم: هیچ ڕۆژێکی ژیانم لەو ڕۆژە ناخۆشتر نەبو کە بڕیاری کشانەوەمان دا و مالّەکەم و بارەگاکەمم لە بەرگەلّو بە ناچاری بۆ دوژمن بەجێهێشت."[2]

**پێنجەم: قۆناغی پارتیزانی**

دوای داگیرکردنی سەرکردایەتی یەکێتی نێشتمانی کوردستان و پاشەکشەی پاشماوەی هێزەکان بۆ سەر سنور، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی لە سەقز کۆبوونەوەیەکی کردووە بۆ هەلّسەنگاندنی دۆخەکە و شێوازی کاری لەمەودوایان. فەرەیدون عەبدولقادر سەبارەت بەو کۆبوونەوەیە لە یادداشتەکانیدا نووسیویەتی: "بەکۆی دەنگ بڕیارمان دا کۆل نەدەین و بوار نەدەین شکست لەو نەبەردانەدا ببێتە شکستی تەواوی خەباتی چەکداری جوولّانەوەی کورد، کۆل نەدەین و خۆمان کۆ بکەینەوە و بە زووبی خۆمان ڕێک بخەینەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا و لە بەردەم ئەو زیانە گەورەیەدا کە تێکچوونێکی بە پەلەی لە تەرازوی هاوکێشەکاندا دروست کرد، کاک نەوشیروان زۆر جوان و زۆر بە وردی بەرز و مەسئولانە هاتە گۆ و دڕی بە خەمەکانی شکستی بەردەم چەکی کیمیاییدا، ئازایانە باسی لە پێویستی بەرگە گرتن و جارێکی تر تێهەلّچونەوە کرد، من بۆخۆم دوای ئەو قسانە دونیام لا روناک بووەوە و شانازیم کرد، کە تێکۆشەرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تەنگانەدا هێندە مەرد و پیاون ئیتر بڕیاردرا بە پەلە رادیۆ و ڕاگەیاندنمان بخەینەوە گەڕ و نەخشەیەکی نوێ بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانمان جێبەجێ بکەین."[3]

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢ – ١٥٣.

2 . هەمان سەرچاوە، ل ١٥١.

3 . فەریدون عەبدولقادر، هەلّوسوڕەکانی قەندیل، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم ٢٠٢٠، ل٥٧١.

کەچی مەلا بەختیار کە لە سەروبەندی ئەنفالەکاندا لە زیندانداا بووە و ئاگاداری رەوتی رووداوەکان نەبووە، پێچەوانەی قسەکانی فەرەیدون عەبدولقادر، لە لاپەڕەی (٧٠)ی کتێبی (لەبری بیرەوەری)دا نووسیویەتی: "ساڵی (١٩٨٨-١٩٨٩) ئەو شۆڕشە دیموکراسیەی ئەوانەی پێیان وابوو، هێندە پیرۆزە، کە ناکرێ بیری جیاوازیش لە ناویا ئازاد بێ، سکرتێری کۆمەڵە، سەرەتا بڕیاری دابوو، بەیاننامەیەک دەربکات و بڵاوەی پێبکات."

بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەرامەکەی لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا نووسیویەتی: "لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا، دوای تێکشکاندی ئەنفالەکان، نەوشیروان مستەفا ویستویەتی قەناعەت بە کۆبوونەوەکە بکات، بەیاننامەیەک بڵاوبکەنەوە و بڵاوەی لێ بکەن لە دەرەوەی وڵات خەریکی کاری دیپلۆماسی بن و رۆژنامە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەربکەن. تەنها کۆسرەت رەسوڵ و جەبار فەرمان بەرپەرچیان داوەتەوە و پێیان گوتوە: ئەم شۆڕشە هی تۆ و مام جەلال نییە. تۆ ئارەزووی خۆتە، ئێمە درێژە بە شۆڕش دەدەین..."

ئەو بەیاننامەیە کە لە دوای ئەو کۆبوونەوەیەی سەرکردایەتی یەکێتی لە ١٩٨٨/٣/١٩دا بە قەڵەمی نەوشیروان مستەفا نووسراوە و بەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە، نەک هەر باسی لە خۆسازدانەوەی شۆڕش کردووە، بەڵکو پێشبینی ڕۆژی لە گۆڕانی بەعس و رزگار کردنی هەموو کوردستانی کردووە: "بەم بۆنەیەوە ئاگاداری جەماوەری میللەتەکەمان ئەکەین ئەگەر چی دوژمن بە قیمەتێکی گران سەرکەوتنێکی بچوکی لە گرتنی ناوچەیەکی جوگرافی تەسک بە دەستهێنا، بەڵام دڵنیایان ئەکەین کە ئەم شەڕە نوقطەی وەرچەرخانێک ئەبێ لە جەنگی (٢٧) ساڵەی گەلی کورد و جەیشی عێراقیدا و بە قازانجی گەلەکەمان و سەرەتای پاک کردنەوەی یەکجاری خاکی کوردستان ئەبێ لە هێزی چەپەڵی داگیرکەری بەعسی کە ڕۆژی لە گۆڕانی نزیک بۆتە... بۆ پێشەوە بۆ پەرەپێدانی خەبات لە پێناوی ڕوخاندنی رژێمی بەعس و بە دەستهێنانی مافی ئازادی چارەنوس بۆ گەلی کورد."[1] لە سەروبەندی ئەنفالەکان و لە دوای ئەنفالەکانیش، بەسەدان پێشمەرگە و چەندین سەرکردەی سیاسی و فەرماندەی سەربازی کە زۆربەیان لە ژیاندا ماون، شاهیدی ئەوەن کە نەوشیروان مستەفا بە درێژایی حەوت مانگی پەلامارەکانی ئەنفالەکان، چۆن بە وردیەکی بەرزەوە و بە تەکتیکی جەنگی، فەرماندەیی شەڕەکانی کردووە و هەوڵی

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٢٤) بەیانی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک بەبۆنەی پەلاماری ئەنفالەکانەوە..

داوە خەڵکی سڤیل و هێزی پێشمەرگە لەو شەڕە نابەرانبەرانەدا، بە کەمترین زیان لێی دەرچن.

نووسەر و مامۆستا و پێشمەرگەی دێرین، شاسوار ئەحمەد هەرشەمی، سەبارەت بە دووربینی نەوشیروان مستەفا و ئامادەکاری بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو، لە وتارێکدا ئەم بیرەوەرییەی خۆی دەگێڕێتەوە: "پایزی ساڵی ١٩٨٨، لە شوێنێکی زۆر کوێستانی شاخی سەربەرزی قەندیل بووین، بەناوی (شێخ ئایش). ناوچەکە پڕ بوو لە ڕووبار و جۆگەڵەی ئاو، کە ڕاستەوخۆ لە بەفری تواوەی قەندیلەوە دەهاتنە خوارێ. ئێمە چەند چادرێکمان هەبوو، بۆ تێدا خەوتن. شەوانە زۆر سارد بوو.

ڕۆژێکیان کاک نەوشیروان هاتە لامان و داوای کرد کە چەند پێشمەرگەیەک بێن و یارمەتی بدەن. بینیم ژمارەیەکی زۆری لە چەکی باشی وەک بی کەی سی، قەننەس، ئارپێجی، لەگەڵ چەندان کلاشینکۆف و تەقەمەنی داناوە. داوای کرد، کە چەکەکان بکەنەوە و بە ڕۆن و گریس، باش باش چەوریان بکەن و دواتر بیانپێچنەوە.

کە پێشمەرگەکان دەستیان بە کارکرد، لێم پرسی کە نیازی چییە؟ گوتی ئێمە ئێستا لە بارودۆخێکی سەربازی خراپ داین. شەڕی عێراق- ئێران وەستاوە. سەدام هەموو سوپاکەی هێناوەتە سەرمان. دوور نیە بەیانی لەگەڵ جمهوری ئیسلامییدا، ڕێککەوتنەکەی ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥، کارا بکاتەوە، ئەو کاتە ئێران ئەو پێشمەرگانە چەک دەکات کە کەوتوونەتە ئەو دیو سنور و لە قاسمەڕەش و شوێنی دی سەر سنور جێگیر کراون. بۆ ئەوەی وەک سەرەتای شۆڕشمان لێنەیەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٦، کە بە دە پێشمەرگە، دانەیەکیان چەکی پێبوو، دەمەوێت ژمارەیەکی باش چەکی گونجاو حەشار بدەم. من لە نهێنیی کارەکە گەییشتم و پتر لێم نەپرسی، لە کوێ حەشاریان دەدەیت و چۆن ئەو کارە دەکەیت. دوای ئەوەی کە چەکەکان چەور کران و باش پێچرانەوە، دیاربوو بانگی قادر خەباتی، پێشمەرگە و پارتیزانی ناسراوی قەندیلی کردبوو، کە خۆیی و چەند کەسی نزیکی، هەر لە دەستەکەی خۆی، ئەم کارە بکەن.

خەبات، خەڵکی گوندی (قەڵات)ی بناری قەندیل بوو. ماڵەکەی وەک لانەی هەڵۆ، لە تڕۆپکی شاخ بوو. هەروەک تەنیا کەسێک بوو، کە لە ئاشبەتاڵەکەی ساڵی ١٩٧٥، نە خۆی ڕادەستی ڕژێم کردبووەوە، نە چووبووە ناو ئێرانەوە. ئەو تاک و تەنیا، لەو قەندیلە مابووەوە، تا دەستە یەکەمەکانی پێشمەرگە دەردەکەون. هەر لەو هاتوچۆ و سنور بەزاندنەدا، لەگەڵ کچێکی ئەو دیو سنور زەماوەندی کردبوو. ئیدی خەبات، کە هەموو کون و کەلەبەری قەندیلی پێدەزانی، باشترین کەس بوو ئەم کارەی پێ بسپێردرێت. بینیم بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، بە چەند ئەسپێکەوە، بەو پەڕی نهێنی،

کەوتە بردنی چەکەکان، بۆ ناو دڵی قەندیل. من و کاک شێرزاد، بەدیار چەکەکانەوە ماینەوە و شەو پاسەوانیان بووین، تا خەبات هەموویانی گواستەوە شوێنە نهێنیەکان. کە کارەکەی بەڕێکی جێبەجێ کرد، کاک نەوشیروان سوپاسی کرد و گوتی، ئەمجارە ناهێڵم دوژمن پێشمەرگە بە کڵاو بگرێت، چەکی باشمان هەیە و دەستی کەسی پێ ناگات."[1]

1 . شاسوار ئەحمەد هەرشەمی، نەوشیروان مستەفا و نەخشەی شاردنەوەی چەک بۆ پارتیزانان:
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20170701002111140725&lng=1

# باسی دووەم
# ستراتیژی نوێی خەبات

**یەکەم: چوار پایەکەی خەباتی نوێ**

لە ئەیلولی ١٩٨٨دا، زۆربەی ناوچە ئازادکراوەکان کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی رژێم، دوای ئەو تێکشانە سەربازییە گەورەیەی کە جوولانەوەی رزگاریخواز لە باشوری کوردستان بەگشتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تایبەتی توشی هات؛ نەوشیروان مستەفا ستراتیژێکی نوێی خەبات و تێکۆشانی لەسەر ئەساسی چوار پایەی سەرەکی دانا بۆ روبەڕووبونەوەی هەلومەرجە نوێیەکە، لە پێناوی مانەوە و لە کۆتایشدا گەیشتن بە سەرکەوتن.

لە ٢٠ تاوەکو ٢٢ حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٩، لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید هەژدەهەمین کۆنگرەی "سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال" بەسترا، نەوشیروان مستەفا بەنوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشداری ئەو کۆنگرەیەی کرد. گۆڤاری (بەربانگ) کە لە سوید دەردەچوو، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ئەنجامدا، لەو چاوپێکەوتنەدا باسی لە ستراتیژی نوێی خەبات لە دوای ئەنفالەکان کردووە، وتوویەتی: "بۆ هەلومەرجی ئێستای ئێمە، هەرچی شێوەیەک خەباتمان پێ بکرێ و لەهەر مەیدانێکدا خەباتمان پێ بکرێ، درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین. ئەوەی کە لە بەرچاومان گرتووە رەنگە ئێمە بەشێوەی سێ ساڵ لەمەو پێش نەتوانین خەبات بکەین، مەبەستم خەباتی چەکداریيە، بەوەی کە ئێمە دەیان هەزار کیلۆمەتری ئازاد کراومان هەبێ و پێشمەرگە تیپیان هەبێ و مەڵبەندیان هەبێ و مەسئولەکانیان هەموو ناسراوبن. رەنگە ئێمە وەک جاران نەتوانین درێژە بە تێکۆشان بدەین، ئەوەش لە راستیدا هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کوردستان چۆڵ کراوە و پێشمەرگە و خەڵک وەک ماسی و ئاو وان، شەڕی پێشمەرگایەتی، واتە پارتیزانی لەناو میللەتدا دەکرێ. لە شوێنی چۆڵەوانی ناکرێ، جگە لەوە توانای عێراق ئێستا زۆر زیادی کردووە، چەکی کیمیاوی هەیە و بەبێ گوێدانە هیچ یاسایەک بەکاریدەهێنێ دژی خەڵکی مەدەنی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە چوار جۆرە خەباتمان لە بەرچاوگرتووە. کە پێمان وایە کۆشکی سەرکەوتن مسۆگەر دەکا. رەنگە لەمەوپێش، لەبیست و حەوت ساڵی رابردوودا جوولانەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا تەنیا تەرکیزی کردبووە سەر خەباتی چەکداری، ئەوەش شێوەی سەرەکی و محوەری خەباتی ئێمە بوو، شێوەکانی تر هەمووی لە خزمەتی ئەودا بوون. بەڵام ئێستا ئێمە هەوڵ دەدەین لە نێوان ئەو چوار جۆرەی خەباتدا پارسەنگ راگرین، بۆ ئەوەی وەک یەک بایەخدار بن. رەنگە لە هەندێ قۆناغدا یەکێکیان گرنگی لەوانی تر زیاتر بێ، بەڵام پێمان وایە کە هەرچواری پێویستە و سەرەکین و دەبێ هەرچواریان محوەری خەباتی ئێمەبن، یەکێک لەو چوارە، وەک جاران خەباتی چەکداریيە، بەڵام وەک گوتمان خەباتی چەکداری بەشێوەی زەمانی کۆن ناتوانین درێژەی پێ بدەین. لێرە بەدواوە، ئێمە جگە لەوەی مەفرەزەی بچوک بچوکمان ماوە لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا و ناوچە دەشتاییەکان کە تا ئێستاش درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن و تاقی کردنەوەی ساڵ و مانگی رابردوو ئاشکرای کرد کە توانا هەیە لەناوچەی چۆڵەوانیشدا پێشمەرگە بمێنێتەوە و ئیدارە بکا.

لەمەولا ئێمە هەوڵ دەدەین کە خەباتی خۆمان بخەینە ناو شارەکانەوە، چونکە دێهات نەماوە و کوردستان هەمووی بووە بە شار، واتە لێرە بەدواوە خەباتی چەکداری لە شارەکاندا دەکەین مەرجیش نییە لە شارەکانی کوردستانی عێراقدا بکرێ، رەنگە یەکێ لە هەڵەکانی شۆڕشی کورد ئەوە بووبێ کە تا ئێستا لە ماڵی خۆماندا شەڕمانکردووە، واتا شەڕمان نەخستوەتە ماڵی دوژمنەوە. هەر لە ماڵی خۆماندا شەڕمان کردووە و ماڵی خۆمان وێرانکردووە، لەمەولا ئەگەر شەڕمان کرد لە ماڵی دوژمندا دەیکەین بۆ ئەوەی ماڵی دوژمن وێران بێ. بۆ ئەوەش شانەی چەکدارمان دروستکردووە، هێشتا نەکەوتوەتە سەر ئیش، بەڵام رێکخستنەوەی چەکدارمان لەسەر ئەساسی دروستکردنی شانە چەکدارە لە ناوشارەکانی عێراقدا بۆ درێژەپێدانی خەباتی چەکداری.

جۆرێکی تری خەباتی ئێمە بریتییە لە خەباتی سیاسی، کە بایەخدانە بە رێکخستنی ناوشارەکان. ئێمە توانیومانە لە هەموو جێگایەکی عێراقدا کە کوردی تێیدابێ رێکخستنی سیاسی تیا دروست بکەین و بۆ شەڕی سیاسی هێزەکانی ئێمە ئامادەبن. بەڵکو رۆژێک لە رۆژان لە عێراقدا هەلومەرجێکی وا بێتە پێشەوە خەباتی سیاسی ببێ بە خەباتی سەرەکی و تێکۆشان بۆ ململانێ لەگەڵ دەوڵەت. هەلومەرجێکی وا بێتە پێشەوە بتوانین کە ئیستفادە لە ئازادی بکەین، هێزێکی سیاسی زۆر باشمان هەیە. ئێستا حاڵی حازر یەکێک لەو هۆیانەی کە خەڵک تووشی وڕە بەردان و روخان نەبووە

ئەوەیە کە رێکخستنی سیاسی توانیویەتی کاریگەریەکی زۆر باشی هەبێ لەسەر خەڵک لە بەرانبەر هێرشی ئیعلامی و شەڕی سایکۆلۆجی دوژمن.

جۆری سێیەمی خەباتی ئێمە بریتیە لە خەباتی ئیعلامی. کە لە رێگای رۆژنامە و بڵاوکراوە و رادیۆ لە رێگەی ئەوەی دروشمی راست شان بەشانی خەبات و تێکۆشانی بخەینە ناو خەڵکەوە. لەوەشدا ئێمە توانیومانە بنچینەی ئەوە دابنێین کە بتوانین درێژە بە خەبات بدەین.

جۆری چوارەم، بەستراوە بە ئیشی دەرەوە، کە کورد لەم بوارەدا تا ئێستا زۆر کەم ئیشی کردووە، ئەویش خەباتە لە بواری دیپلۆماسیدا بۆ ئەوەی کە بتوانین زۆرتر دۆست بۆ مەسەلەی کورد پەیدا بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین پشتیوانی مەعنەوی دنیا بەدەست بهێنین بۆ ئەوەی بتوانین دوژمن ریسوا بکەین لەو بوارانەدا. لەبواری خەباتی دیپلۆماسیدا بێ گومان مەسەلەی تەرکیز کردن لەسەر مافی مرۆڤ، تا چ ئەندازەیەک کورد مافی مرۆڤی هەیە، لەو رێگەیەوە بتوانین رای گشتی جیهان بەلای خۆماندا راکێشین. پێمان وایە لە ماوەی ساڵ و نیوی رابردوودا کاری باشمان کردووە لەو بوارەدا بۆ ئەوەی کە مەسەلەی کورد بە دنیا بناسێنین. پێشتر ئێمە لە خەباتی دیپلۆماسی خۆماندا هەندێ سنورمان دانابوو، لەو سنورانە تێپەڕ نەدەبوین، بۆ دۆست و دوژمن سنورێکمان دانابوو، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ئیشمان دەکرد. ئێستا ئێمە لە سەرتاسەری دنیادا ئیش دەکەین."[1]

پێش سەفەرەکەی بۆ سوید، نەوشیروان مستەفا نامیلکەیەکی تایبەتی بە ناوی "پایەکانی ستراتیژی نوێی کار"ی[2] بڵاوکردبوەوە و دەست کرابوو بە جێبەجێ کردنی. ناوەڕۆکی ئەو چاوپێکەوتنەی لە سەرەوە ئاماژمان پێیدا. لە خوارەوە هەندێ لە دەقەکەی و لەگەڵ میکانیزمی جێبەجێ کردنەکەی دەخەینەڕوو:

**آ. کاری رێکخراوەیی – سیاسی**

دوای ئەنفالەکان، شیرازەی رێکخستنەکانی کۆمەڵە و شۆڕشگێران بە تەواوەتی تێکچوو بوو، کەرتەکانی رێکخستن کە لە ناوچە ئازاد کراوەکانەوە ئیدارەی رێکخستنەکانی دەدا، بەهۆی دوورکەوتنەوەی بەرپرسەکانیان و تەسلیم بوونەوەی هەندێکی دیکەیان لەبەریەک هەڵوەشابوونەوە؛ بەڵام رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی رەنجدەران لە سەرکردایەتی کۆمەڵە دانەبڕابوو، ئەرکی زۆری خۆ ڕێکخستنەوە و ئەو ئەرکە نوێیەی ستراتیژی کار کەوتە سەر شانی. لەوانە:

---

1 . س. ریڤینگ، چاوپێکەوتن لەگەڵ خەباتگێڕ نەوشیروان مستەفا، بەربانگ (گۆڤار) ژمارە (٥٩) حوزەیرانی ١٩٨٩، ل ٤٨ –٤٩.

2 . بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥) پایەکانی ستراتیژی نوێی کار دوای ئەنفالەکان.

دەبوایە لە هەموو شارەکانی کوردستانی عێراق، بە ئۆردوگا زۆرەملێ کۆن و نوێیەکان و شارە گرنگەکانی عێراقەوە، دەست بکات بە ڕێکخستنەوەی هەموو چینە زۆر لێ کراوەکانی کۆمەڵگا (کرێکاران و ڕەنجدەران، جوتیار و کاسب کاران، قوتابی زانکۆکان و فەرمانبەرەکانی دەوڵەت و تەنانەت لە ناو دامەزراوەکانی وەک جەیش شەعبی و فەوجەکانی جاش و پۆلیس و ئەمن و موخابەراتیش). ئەوەش لە پێناوی ڕاکێشانی تێکۆشەری نوێ بۆ کۆڕی خەبات و هاندانی خەڵک بۆ خەبات بەشێوەی جۆراوجۆر لە مەیدانی جیاجیادا. لە هەمووی گرنگتر، ئامادەکردنی خەڵک بوو بۆ ڕاپەڕین لە هەلومەرجێکی لە باردا.

یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی ڕێکخستن بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی وڕەی خەڵک و ڕوخاندنی وڕەی دوژمن.

مەسەلەیەکی دیکەی گرنگی ئەو سەردەمە، گرنگیدان بوو بە پێگەیاندنی کادری پیشەیی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی و ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی.

ئەرکێکی دیکەی ڕێکخستنەکان لەو سەردەمەدا، بریتی بوو لە گەیاندنی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندراوەکانی شۆڕش بە خەڵک.

**ب. کاروباری ڕاگەیاندن:**

بەپێی میکانیزمی ستراتیژی نوێی خەبات، دەبوو یەکێتی لە پێناوی گەیاندنی بیروباوەڕەکانی بە کۆمەڵانی خەڵک و ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی خەباتی خۆی، هەروەها بۆ پوچەڵکردنەوەی پڕوپاگەندەی دوژمن گرنگی تایبەت بە کاری ڕاگەیاندن بدات. وەک لە دەقی تەعمیمەکەدا هاتووە ئامانج لە گرنگیدان بە کاروباری ڕاگەیاندن بریتی بووە لە: "سازکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بە هۆش و بەرچاوی ڕۆشنەوە".

بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێ ڕێوشوێنی دانا. لەوانە:

- گرنگیدان بە بەرنامەکانی ڕادیۆی گەلی کوردستان
- دروست کردنی میکانیزمێک بۆ پێدانی هەواڵی کوردستان بەمیدیا جیهانییەکان.
- بڵاوکردنەوەی نامیلکە و گۆڤار و ڕۆژنامە بە شێوەی دەوری و بەردەوام
- تۆمارکردنی کاسێت و بڵاوکردنەوەی بەناو خەڵکدا.

**ج. کاری پێشمەرگەیی و دامەزراندنی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک):**

لە دوای ئەنفالەکان، شێوەی چالاکی پێشمەرگەش گۆڕانی بەسەردا هات و پارتیزانی بوو بە نەهجی ئیش کردن. لە ستراتیژی نوێی خەباتدا دروشمی "لە هەموو جێیەک

هەبوون، لە هیچ کوێیەک نەبوون و گرێدانی خەباتی شار و شاخ" کرایە بەرنامەی کاری پێشمەرگایەتی. ئامانج لەم ستراتیژە نوێیە زیاتر هەراسانکردنی دوژمن بوو لە گوندە چۆڵ کراوەکان و شار و ئۆردوگا زۆرەملێکان. جۆری چالاکییەکانیش بریتی بوون لە دانانی بۆسە لەسەر جادە گشتییەکان و رفاندن و کوشتنی ئەفسەر و پیاوەکانی ئەمن و ئیستیخبارات و موخابەرات و لێپرسراوانی حیزب و دەوڵەت و تێکدان و تەقاندنەوەی پردی رێگە سەربازییەکان.

لە دوای پرۆسەی ئەنفالەکانیشدا، چەندین خولی پارتیزانی بۆ پێشمەرگەکان کرایەوە و ئامادە دەکران بۆ جەنگی پارتیزانی. بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا چەندین مەفرەزەی پارتیزانی رەوانەی ناوچە سوتماکەکان کران. سەبارەت بە رێکخستنەوەی پارتیزانەکان لە دوای ئەنفالەکان، لێرەدا چەردەیەک لە بیرەوەرییەکانی شەهید رێباز دەخەینە بەردەستی خوێنەر: "ئێستا دوژمن هەموو گوندەکانی تەخت کردووە، خەڵکی کوردستانی لە چەندین ئۆردوگا زیندانی کردووە و هەموو ئەو ناوچانەی چۆڵ کراون، هاتووچۆ کردنیان قەدەغەیە، بۆیە ژیانی پێشمەرگەی پارتیزان زۆر ئاڵۆز و سەخت دەبێت، چونکە ژیانی پێشمەرگەی پارتیزان لە بنچینەدا دەبێ لەسەر لادێیەکان بێت، بەو دۆخە ئاڵۆزەوە ی.ن.ک بۆ مانەوەی پێشمەرگە لە ناو خاکی کوردستان، سێ رەتڵی دروستکرد لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی، کەرکوک بەم شێوەیە:

١. رەتڵی گەرمیان – سلێمانی: پێکهات لە (٥٠) پێشمەرگە بە فەرماندەیی کاک ئازاد سەگرمە کە بەداخەوە لە هێرشێکی گەورەی کۆپتەرەکانی دوژمن بۆ ناوچەی گەرمیان بریندار بوو، بە رێگاییەکی تایبەتی گەڕایەوە سەرکردایەتی..

٢. رەتڵی دەشتی هەولێر – هەولێر: پێکهاتبوو لە ٥٠ پێشمەرگە...

٣. رەتڵی کەرکوک: بە فەرماندەیی مام رۆستەم ٤٠ پێشمەرگە بوون.

پاش گەڕانەوەی مام رۆستەم، سەرکردایەتی بڕیاری دا کە رەتڵێکی تر بنێرێتە ناوچەی سورداش بە فەرماندەیی شەهیدی قارەمان غەریب هەڵەدنی.."[1]

سەرەکی ترین هەنگاوی پێشمەرگایەتی لەوسەردەمەدا دروست کردنی سوپای رزگاری کوردستان (سرک) بوو. نەوشیروان مستەفا نەخشەیەکی وردی بۆ دامەزراندنی ئەو سوپایە لەناو شارەکاندا دارشت. ئەرکی جێبەجێ کردنی خرایە ئەستۆی مستەفای سەید قادر و رێکخراوی سلێمانی. هەیکەلی تەنزیمی ئەم سوپایە بەم شێوە داڕێژرابوو: مەفرەزە: هەر مەفرەزەیەک لە سێ کەس پێکدەهات یەکێکیان فەرماندەی مەفرەزەکە بوو یەکێکی دیکەیان یاریدەدەری بوو ئەوەکەی دیکەشیان

1 . رێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٣ -٤٥٤.

پێشمەرگە بوو. ئەوانە ناوی نهێنیان هەبوو و نەدەبوو مەفرەزەکان یەکتری بناسن و بۆ هەر ئۆردووگایەک دەبوایە لە ٣ مەفرەزە کەمتر نەبوایە. مەفرەزەی چەند ئۆردوگایەک تیپێکیان پێک دەهێنا و کەسێک فەرماندەی تیپەکە و یەکێکیش یاریدەدەری دەبوو، فەرماندەی مەفرەزەکان ئەندامی تیپەکە بوون. لە شارە گەورەکانیشدا هەر گەڕەکێک مەفرەزەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو و بە هەمان شێوە، مەفرەزەکانی شارێکی گەورە، تیپێکیان پێکدەهێنا. تیپەکان، لە لایەن (بەشی جێبەجێ کردن)ەوە سەرپەرشتی دەکران. بەشی جێبەجێ کردن بەشێکی سەرەکی بوو لە فەرماندەی و لە چەند کەسێک پێکدەهات کە هەرکەسێکیان بەرپرس بوو لە چەند تیپێک. بەشی جێبەجێ کردن، بەرپرس بوو لە جێبەجێ کردنی ئەو پلانانەی لە سەروی خۆیانەوە بۆیان دادەنرا.

بەشێکی دیکەی سوپای رزگاری بریتی بوو لە بەشی زانیاری. ئەمە بەشێکی سەرەکی فەرماندەیی سوپای رزگاری کوردستان بوو. کەسێک لە فەرماندەیی بەرپرسی بوو. خودی بەشەکە لەچەند کەسێک پێکدەهات. ئەرکی ئەم بەشە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی زانیاری بۆ دانان و جێبەجێ کردنی چالاکیی لە ناوشار و ئۆردوگاکان، رێکخستنەکان راسپێردرابوون بە کۆکردنەوەی زانیاری و بەرز کردنەوەی بۆ ئەم بەشە.

بەشێکی دیکەی فەرماندەیی سوپای رزگاری بریتی بوو لە بەشی پلاندانان. زانیارییەکانی لەبەشی زانیاری وەردەگرت و پاشان بەگوێرەی پێویست پلانی بۆ چالاکیی پێشمەرگە لە ناو شارەکاندا دادەنا و رەوانەی بەشی جێبەجێ کردنی دەکرد.

بەشی هەڵگرتنی کەلوپەل، کە ئەرکەکەی بریتی بوو لە دابین کردنی هەموو ئەو کەرەستانەی کە بۆ ئەنجامدانی چالاکی پێویست بوون و شاردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە لەکاتی چالاکیەکاندا ئاشکرا دەبوون.

هەموو ئەو بەشانە لەژێر چاودێری و فەرمانی بەشێکی گرنگدا بوون کە پێی دەوترا فەرماندەیی. فەرماندەیی لە ٤ کەس پێکدەهات کە بەرپرسی بەشەکانی جێبەجێ کردن، زانیاری، پلاندانان و هەڵگرتنی کەلوپەل بوون.[1]

**د. کاری دیپلۆماسی:**

بۆ ئاشناکردنی کێشەی کورد بە رای گشتی جیهانی و وڵات و رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان، لە دوای ئەنفالەکان ستراتیژێکی نوێ بۆ خەباتی دیپلۆماسی دانرا. سنوری چالاکیەکانیشی وڵاتانی عەرەبی و ئەورۆپا و ئەمریکا بوو.

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٢٦) جۆری رێکخستن و پەیکەری سوپای رزگاری کوردستان (سرک)

ئەو ڕێگایانەی کە گیرانەبەر بریتی بوون لە دروستکردنی نوێنەرایەتی لەوڵاتانی جیهان و پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوە مرۆییەکان و ڕۆژنامەنوسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کەسانی ناودار.

یەکێک لەو کەسانەی کە هەم لە لایەن یەکێتیەوە و هەمیش لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە ئەرکی دیپلۆماسی پێسپێردرابوو، مام جەلال بوو کە ئەو کاتە سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو لە دەرەوەی کوردستان. ئەو لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨٨دا سەفەرێکی بۆ ئەمریکا کرد. لە ١٩٨٨/٦/٩ چاوی بە هەندێ کاربەدەستی وەزارەتی دەرەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەوت.

**دووەم: نامەکانی نەوشیروان مستەفا بۆ دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی**

لە سەروبەندی پەلاماری ئەنفالەکاندا، دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی هەوڵیدا حکومەتی عێراق و حیزبەکانی کوردستان بێنێتە سەر ئەو باوەڕەی لە جیاتی شەڕ، پێکەوە دانیشن و کێشەکان چارەسەر بکەن. دوای دڵنیا بوون لەوەی حیزبی بەعس لاری نییە لەوە، بۆ ئەو مەبەستە چەند نامەیەکی نارد بۆ سەرکردەی حیزبەکان و تێیدا باسی ڕاوبۆچوونیان سەبارەت بە دەست پێکردنەوەی وتوویژ لەگەڵیان کرابوو.

نامەکە لە ڕێگەی شێخ عەتا تاڵەبانی برایەوە گەیەنراوەتە ناوچە ڕزگارکراوەکان. ئەوکاتە مام جەلال لە دەرەوەی کوردستان بووە. هەموو نامەکان گەیشتوەتە دەستی سەرکردەی حزبەکان، نامەکەی یەکێتی نەبێ. نوسخەیەک لەو نامەیەی بۆ یەکێتی هاتووە، گەیشتوەتە لای ئێرانییەکان. ئێرانییەکان پێیان وابووە یەکێتی لەژێرەوە لەگەڵ رژێم وتوویژ دەکات، هاوکارییەکانیان بۆ یەکێتی ڕاگرت. ڕۆژانەش هەلیکۆپتەر لە بارەگاکانی یەکێتی دەنیشتنەوە، باری مەسینە و جلیکانیان دادەگرت. عێراقییەکانیش پێیان وابووە یەکێتی نامەکەی پێگەیشتوە و ئامادەی وتوویژ نابێ، لەگەڵ ئێرانییەکاندا بارەگاکانی قایم دەکات.

بەمجۆرە ڕۆژگار تێپەڕێ و یەکێتی وەڵامی بۆ حکومەت و دەسپێشخەریەکەی دکتۆر موکەڕەم نەبوو، تا پەلاماری ئەنفالی یەک لە ١٩٨٨/٢/٢٢ بۆ سەر بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی لە بەرگەڵو دەستی پێکرد و دواتریش ئەنفالەکانی دوو و سێ و چوار بۆ سەر گەرمیان و دەشتی کۆیە و کەرکوک. دوای سێ مانگ لە دەست پێکردنی ئەنفالەکان، نامەکە گەیشتە دەستی نەوشیروان مستەفا.

ئەو کاتە ٨٠٪ی ناوچە ڕزگارکراوەکان لە کۆنترۆڵی یەکێتیدا بووە و پارتی بەشێکی کەمی بادینانی بەدەستەوە بووە، حزبەکانی دیکەی بەرەی کوردستانیش پێگەیەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەرزی واقع نەبووە، لە غیابی مام جەلالدا هەموو بەرپرسیارێتیەکە

کەوتووەتە سەرشانی نەوشیروان مستەفا. بەهۆی پەلاماری درندە بێوچانەکانی سوپای عێراق بۆ ناوچە رزگارکراوەکان ماتەڵ بوون و دواکەوتن لە هەڵوێست، دەیکردە کوشتاری زیاتری خەڵک و لە دەستدانی ناوچەی زیاتر.

مەسەلەی گفتوگۆ بە تەنها پەیوەندیدار نەبوو بە (ی.ن.ک)ەوە، بەڵکو رژێم هەوڵیدا لەگەڵ حیزبی شیوعیشدا وتووێژ بکات. لە سەرەتای مانگی ئایاری ١٩٨٨، لە رێگەی موکەرەم تالەبانییەوە داوای لەو حیزبەش کردبوو کە بگەڕێتەوە (الصف الوطني).

فاتیح رەسوڵ لەوبارەوە نووسیویەتی: "لە هەموو لایەکەوە پرسیار لە سەرکردایەتی حشع دەکرا راستی و درۆی ئەم دەنگوباسە چییە؟ مەکتەبی سیاسی رونکردنەوەیەکی ناوخۆیی لە رێکخراوەکانی حزبی بڵاوکردەوە."[1]

پاشان دەقی رووونکردنەوەکەی حیزبی شیوعی بڵاوکردووەتەوە:

لەسەر ئەو هەواڵانەی کە باسی گفتوگۆ لەگەڵ رژێم دەکات، مەکتەبی سیاسی لە سەرەتای ئایاری ١٩٨٨ بەمجۆرە وەڵامی دایەوە:

١. هەر هەنگاوێک کە لای ئێمەوە بنرێت یان لای هاوپەیمانەکانمانەوە پێویستی بە رەخساندنی کەشێکی سیاسی لەبار هەیە بۆ رادەی جدییەتی رژێم بۆ جێبەجێ کردنی پراکتیکی.

٢. پەرەنسیپی گفتوگۆ لەلای ئێمە و لەم دۆخەی ئێستادا پێویستی بە جدییەتە، ئەو کاتە رژێم لای خۆیەوە هەندێ ئیجرائاتی پراکتیکی بکات کە ببێتە هۆی تاکید کردن بۆ جێبەجێ کردنی ئاشتەوایی.

٣. هێزە سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە گفتوگۆ لە کوردستاندا لە جوڵەدایە، ئەوەش پێویستی بە وەستانی جەنگی قڕکردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بە تایبەتی دژی گەلی کورد و گرتنەبەری هەندێ ئیجرائات کە دڵنیایی سیاسی بدات بە حزبەکان و ئەو هێزانەی کە پەیوەندیدارن بە گفتوگۆ، ئەو ئیجرائاتانەش بریتین لە راگەیاندنی لێ بووردنی گشتی بێ مەرج و ئازاد کردنی گیراو و زیندانییە سیاسییەکان و راگرتنی پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە و راگەیاندنی رێگەدان بە گەڕانەوەی ئاوارەکان و رێگەدان بە جوتیارانی کورد بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان.

شەهید رێبازیش سەبارەت بەو دەنگۆیانەی کە لە ناو پێشمەرگەدا بڵاوببوەوە بۆ گفتوگۆی نێوان رژێم و یەکێتی، لە بیرەوەرییەکانیدا بەمجۆرە باسی لێوەکردووە: "لە رۆژی ١٩٨٩/١/٨ زۆر لەبرادەران قسەیان لەگەڵ کردم وە بە ئاشکرا باسی

1 . فاتیح رەسوڵ، بەرگی سێیەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٤.

مفاوەزاتیان کرد، دیارە راستیش بوو، چونکە هەڵبژاردنی مەجلیسی وەطنی مانگێک دوخرا، ئێرانییەکانیش بەرێگای ی.ن.ک مفاوەزاتیان لەگەڵ د. عەبدولڕەحمان قاسملو دەست پێکرد، بەداخەوە بەو تاکتیکە شەهید قاسملو سەری دانا، دیارە عێراق لەژێر پاڵەپەستۆی ئەو شاڵاوی راگەیاندنە ویستی جارێکی تریش چاوبەستەکی بە گەلی کورد بکات، چونکە لە کاتێکدا مفاوەزات هەبوو، هەموو هەر خەریکی کاول کردنی کوردستان بوو، لەلایەکی تریش حکومەتی عێراق دەیویست ناکۆکی بخاتەوە ناو پارتە کوردییەکان، مفاوەزات لەگەڵ یەکێتی بکات و ئەوانی تر حیساب نەکات، لەلایەکی تریش دەیوست ریزەکانی ی.ن.ک هەڵوەشێنێ گوایە مفاوەزات لەگەڵ نەوشیروان دەکات، بەڵام لەگەڵ مام جەلال ناکات گوایە مام جەلال جێگای بڕوا نییە، بەهەر حاڵ باسی مفاوەزات زۆر گەرم بوو، موکەڕەم تاڵەبانی نوێنەری سەدام حسێن لە چیکوسلوفاکیا چاوی بە مام جەلال و کاک عەزیز محەمەد سکرتێری حیزبی شیوعی کەوتبوو، زۆر لەسەر دۆخەکە قسەیان کردبوو. لەسەر مەسەلەی سوریا موناقشەیان گەرم بووبوو، مام جەلال بە موکەڕەم تاڵەبانی وتبوو بە سەدام بڵێ کە هەرچەندە قسەکانیش تۆمار دەکرێ پێی بڵێ (قندرة الرئيس حافظ الاسد تسوى راس مئة صدام حسين)، سەدام لەم قسەیەی کافر بوو لەبەسرە بوو، کە ئەم قسەیەی پێگەیشتەوە، لێ بووردنێکی گشتی دەرکرد، زۆر هێرشی کردە سەر مام جەلال، بەمجۆرە مفاوەزات نەما لە دەوروبەری کانونی دووەم نامەیەکی سەرۆکایەتی کۆمار هات دەڵێ "لا مفاوضات مع الخائن جلال الطالباني ولا مع الجبهة المزيفة"؛ واتە لەگەڵ نەوشیروان دەیکەن.."[1]

مەلا بەختیار، لەم لاو لەولا هەندێ قسەی لەبارەی ئەو هەوڵانە بیستوەتەوە، بۆیە لە چەند جێگەیەکی کتێبەکەیدا بۆ چەواشەکردنی خوێنەر، هەوڵی داوە باس لەوە بکات کە دوای ئەنفالەکان نەوشیروان مستەفا یەکلایەنە داکۆکی لە دانوسان و مفاوەزات کردووە لەگەڵ رژێمدا و مام جەلال دژی بووە، لەو بارەوە نووسیویەتی: "لە کاتی ئەنفالەکاندا چەندین نامەی نهێنیان بۆ سەدام و کاربەدەستانی بەعس دەنارد، داوای لایەنی کەمی مافی کوردیان دەکرد و هەوڵیان دەدا، نەک کێشەی کورد، بەشێک بێ لە کێشە دیموکراسیەکانی عێراق، بەڵکو دەیانویست سۆزی سەدام بۆ چارەسەری پینەوپەڕۆ راکێشن! ئەو کاتە مام جەلال نەیهێشت، ئەگینا رێکەوتنی خراپتریان لە رێکەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٤ جێبەجێ دەکرد."[2]

---

1 . ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی دووەیەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٧.
2 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

پێچەوانەی ئەم قسانەی مەلا بەختیار، کە پێی وایە نەوشیروان مستەفا دەستپێشخەری کردووە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ رژێم و مام جەلال ناڕازی بووە، نووسەر و رۆژنامەنووسی پسپۆر لە کاروباری عێراق و کوردستان کویل لورنس، کە هەموو ئەرشیفی حیزبی بەعسی لە بەردەستدا بووە، لە کتێبەکەیدا باس لەوە دەکات لە گەرمەی ئەنفالەکاندا مام جەلال داوای گفتوگۆی لەگەڵ رژێم کردووە و ڤیدیۆیەکی دەنگ و رەنگی عەلی حەسەن مەجید وەک بەڵگە هێناوەتەوە: "لە ڤیدۆکەدا عەلی کیمیایی دەڵێت: جەلال تاڵەبانی داوای لێکردم کەناڵێکی تایبەت بە گفتوگۆ بکرێتەوە، بەڵام ئەو ئێوارەیە چوومە سلێمانی بە چەک و تەقەمەنی تایبەتەوە هێرشمان کردە سەریان، ئەمە بوو وەڵامی من بۆ ئەو، ئێمە بەردەوام دەبین لە شاربەدەرکردنیان."[1]

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گفتوگۆ کارێکی خراپە یان بەشێکی گرنگی کایەی سیاسیە؟! مەلا بەختیار چەندین ساڵە سیاسەت بووەتە پیشەی سەرەکی، خودی خۆی لە دەیان گفتوگۆ و دانیشتنی سیاسیدا بەشداری کردووە، بەڵام جیاوازی ناکات لە نێوان گفتوگۆی سیاسی و جۆرەکانی دیکەی گفتوگۆ، ئەمەشی وا تێکەڵ و پێکەڵ کردووە مەگەر هەر خۆی سەری لەبەر دەرکات. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانە بێهودەکانی بۆ گۆڕینی کەسێتی خۆی لە سیاسییەک کە ئارمانەکانی هەرەسیان هێناوە، بۆ کەسێتییەک کە دەیەوێت رۆڵی مێژوونوس ببینێ، تەماهی کردنی مەلا بەختیار لەگەڵ نووسینەوەی مێژوو، دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بە نەقس لە بەرانبەر نەوشیروان مستەفا وەک مێژوو نوسێک کە بەرهەمەکانی بوونەتە سەرچاوە بۆ دەیان لێکۆڵینەوەی زانستی.

پێش ئەوەی رۆچینە ناو تێڕوانینەکانی ئەو بۆ ئەو گفتوگۆیانەی نەوشیروان مستەفا لە کاتی ئەنفالەکاندا، بە پێویستم زانی هەندێ قسە لەسەر گفتوگۆی سیاسی بکەم گفتوگۆی سیاسی کاری بە لۆژیکی زانستییەوە نییە، بەڵکو پشت بە هێز دەبەستێ. گفتوگۆی سیاسی بۆ وەرگرتنی پشکە لە دەسەڵات و مافەکان. لە سیاسەتدا وا باوە کە جەنگ درێژە پێدانی سیاسەتە، کاتێک سیاسەت بێ ئاکام دەبێ، شەڕ دەست پێدەکات. گفتوگۆش کاتێک دەست پێدەکات کە شەڕ دەگاتە بن بەست و هەردوو لا دەگەنە ئەو باوەڕەی کە یەکتریان پێ لەناو ناچێ. لە هەموو گفتوگۆ سیاسییەکانی کورد و رژێمەکانی عێراقدا گرنگترین خاڵ بۆ لایەنی کوردی ئەوە بووە لایەنی بەرانبەر دانی پێدا بنێ. زۆر جاریش تارادەیەکی زۆر لێک تێگەیشتن دروست بووە، بەڵام هیچ

1 . گویل لۆرنس، نەتەوەیەکی نادیار، وەرگێڕانی هوکار عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، چاپی یەکەم ٢٠٢٠ سلێمانی، ل٦٢.

جارێک نەگەیشتووەتە رادەی رێکەوتن؛ کە گەیشتبێ، لە دواساتەکاندا لایەنی بەرانبەر پاشەکشەی کردووە، چونکە هەستی بەلاوازی بەرانبەرەکەی کردووە یان لایەنی سێهەم هاتوونەتە ناوەوە بۆ لەباربردنی گفتوگۆکان، وەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٤ شای ئێران وای کرد پارتی و حکومەت نەگەن بەڕێکەوتن و ساڵی ١٩٨٤ تورکیا لە دوا ساتەکاندا سەدامی ناچار کرد ئیمزا لەسەر رێکەوتنەکە نەکات.

کاتێک باس لە چۆنێتی داننان بەیەکتردا دێتە گۆڕێ، پرسیارەکە ئەوەیە لایەنەکانی رکابەر چۆن و بە چ میکانیزمێک دان بەیەکتردا بنێن. لە سیاسەتدا داننان بە یەکتری لە دوو ڕێگەوە ڕوودەدات؛ یەکەمیان هەردوو لا یان یەکێک لە لایەنەکان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئیتر چیرۆکی یەکتر سڕینەوە کۆتایی هاتووە و بەکردەوە کاری وا مەحاڵە. ڕێگەی دووەمیش بریتیە لەوەی هەردوو لایەنەکە یان یەکێکیان بگەنە ئەو باوەڕەی کە سڕینەوە و ڕوخانی بەرانبەر، لە ئەساسدا کارێکی بێسودە و تێچوونی تێکشکانی ئەوەی تر لە دەستکەوتەکانی زۆرتر و قورسترە.

بۆ تێگەیشتن لە سروشتی گفتوگۆکانی ١٩٨٨ی نێوان سەدام حسێن و نەوشیروان مستەفا و زانینی ئەو ڕاستییە کە ئایا بە فیعلی نەوشیروان مستەفا هەوڵی ڕاکێشانی سۆزی سەدامی داوە بۆ چارەسەری پینەوپەڕۆی کێشەکان! وەک مەلا بەختیار دەڵێ، یان بە پێچەوانەوە سەرەڕای ئەو تێکشکانە سەربازەیەی کە بە سەر شۆڕشی چەکداری کورددا هاتبوو، بە وردەیەکی بەرزەوە موخاتەبەی سەدامی کردووە! ئایا مام جەلال ئاگاداری وتوویژەکان بووە یان بە فیعلی ئەو نەیهێشتووە ڕێکەوتن بکات؟!

لە خوارەوە دەقی چوار نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی دەخەمە بەردەستی خوێنەران, نامەکان بۆ یەکەم جارە بڵاودەبنەوە. پێم وایە خوێنەری ژیر و ئاگا بە خوێندنەوەیان، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەو پەرەگرافە ژەهراویەی کتێبی "لەبری بیرەوەری" چەند ناحەقی کردووە بەرانبەر نەوشیروان مستەفا و پێویست بە ڕوونکردنەوە و تەحلیل کردنی زۆر ناکات.

**نامەی یەکەم:**

لە ١٩٨٨/٥/٢٨ لە گەرمەی ئەنفالەکاندا، نەوشیروان مستەفا وەڵامی ئەو نامەیەی دکتۆر موکەڕەمی داوەتەوە کە بۆ مام جەلال و نەوشیروان مستەفای نووسیوە و درنگ گەیشتوەتە دەستیان، لە نامەکەدا رووون دەبێتەوە کە گفتوگاکان هەر لە یەکەم رۆژەیەوە بە ئاگاداری مام جەلال دەستیان پێکردوە:

برای بەڕێز مامۆستا موکەڕەم

سڵاوێکی گەرم

هیوادارم هەردەم لە خۆشیدا بن

نامەکەی جەنابت بۆ هەڤاڵ مام جەلال هەروەها کە بۆ منتان نوسی بو گەیشتە دەستم، لە دوا کەوتنی وەڵامەکەی بە هۆی هەلومەرجی ئەم چەند هەفتەیەوە داوای لێ بوردن ئەکەم ویستم خۆم لە شاری هەولێر نیزیک بکەومەوە لەوێوە وەڵامێکی تێروتەسەلتان بۆ بنوسم، بەڵام پەلاماردانی دۆڵی شەهیدان و ناوچەی سۆران تەگەرەی لێ دا.

بۆ ئاگادار کردنی مام جەلال یەکێکمان بە تایبەتی ناردوە بۆ لای. بۆ رەئی یەکێتی نیشتمانیش وا بە کورتی عەرزتان ئەکەم:

ی.ن. ک سەرەتای گفتوگۆ بە رێگەیەکی باش و بەسود ئەزانێ بۆ چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانی ناو ریزەکانی یەک میللەت هەروەها بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی نێوان میللەتان. لامان وایە ئەگەر حکومەتەکانی عێراق رێگەی گفتوگۆیان بگرتایە لە باتی زەبروزەنگ و بەکارهێنانی چەک ئێستە وەزعی عێراق و کوردستان لە حاڵێکی تردا ئەبو. ئێمە لای خۆمانەوە جارێکی تریش ئەم رێگەیەمان ١٣ مانگ تاقی کردەوە، بەڵام وەکو جەنابت ئاگاداری تەجروبەیەکی تاڵ بو، بە تێکشکان تەواو بو، ئێمە زەرەری سیاسی زۆرمان لێ کرد لە ناوەوە و دەرەوە، پێویست نیە هۆیەکانی بژمێرم. بەڵام ئەو حەقە بە خۆمان ئەدەین وریا بین کە جارێکی تر توشی هەمان زرەر نەبینەوە.

بە پێویستی ئەزانم کە جەنابت و لایەنی پەیوەندیدار لە یەک مەسەلەی گرنگ دڵنیا بکەم ئەویش ئەوەیە، کە ئێمە عەشرەت نین، پەیوەندی خێڵەکی و خزمایەتی کۆی نەکردوینەتەوە، بەڵکو مەسەلەی گەلەکەمان پێکەوی بەستوین، لەبەرئەوە بۆ هەر کارێک هەنگاو ئەنێن دەسکەوتی میللەتەکەمان لە سەرو هەمو شتەوە دائەنێین، ی.ن.ک لێپرسراو و کادیرەکانی بە تەمای هیچ دەسکەوتێکی حیزبی یا شەخسی نین بۆ خۆیان و رێکخراوەکەیان، بەتەمای دەسکەوتن بۆ گەلەکەیان، کە بە پێوانەی گەلانی

پێشکەوتوی ئەم سەردەمە لایەنی کەمترە. بۆ بەدبەختی عێراق کاربەدەستان بۆ کورد بە زۆری ئەزانن.

ئەو هەنگاوەی جەنابت ناوتە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ لایەنەکانی تر: حشع، پ.د.ک، حسکع ئێمە بەلامانەوە زۆر باشە و ئومێدمان وایە وەڵامی ئیجابی وەرگرنەوە، ئێمەش لای خۆمانەوە ئامادەین.

جەنگی خەلیج، ئێمە کاتی خۆی بە کاربەدەستانی عێراقمان وت، نە بە سۆپەرئەتاندارد و نە بە قەرزی ئەمریکا و نە بە مەوادی کیمیایی بەلادا ئەکەوێ، بەڵکو عاملی چارەنوس سازی ئەو شەڕە نەتەوەی کورد، بە هەرلایەکی ناکۆکیەکەدا بکەوێ، ململانێکە بە قازانجی ئەو تەواو ئەبێ، بەڵام ئەوان ئەوسا مەغرور بوون، ئەوان لەم چەند مانگەدا توانیان هەندێ سەرکەوتنی عەسکەری بەسەر ئێمە و گەلەکەماندا بەدەس بهێنن، سەبارەت بە نابەرانبەری هێزی نێوان هەردولا، بەڵام هەرگیز ناتوانن گەلەکەمان دەستەمۆ بکەن و بەم کارانەی لەم دوایانەدا کردویانە برینێکی قوڵیان کردووەتە ناخو و دەرونی نەتەوەکەمان کە سارێژ بوونی بژاردنێکی گەورەی ئەوێ لە لایەن ئەوانەوە، ئەگەر بیکەن قازانجی ئێستە و پاشەڕۆژی خۆیانی تیایە و ئەگەر نەیکەن زەرەر لە خۆیان ئەدەن لە پێش ئێمەدا چونکە ئێمە هیچمان نەماوە لەدەستی بدەین، ئەوان سامان و دەوڵەتیان هەیە ئەبێ بیپارێزن

جارێکی تریش لە باتی خۆم و هاوکارانم سوپاسی تەقەلای دڵسۆزانەتان ئەکەین و هیوادارین بە ئەنجامێکی سەرکەوتوانەی باش بگات."[1]

بەراوردێکی وشە بە وشەی ئەو نامەیە بکەن، لەگەڵ ئەو قسە فرێدانانەی کە مەلا بەختیار کردوونی لەسەر ئەوەی مام جەلال ئاگای لە گفتوگۆکان نەبووە، یان هەڵوێستی نەوشیروان مستەفا لە دوای ئەنفالەکان، لاواز بووە و بە هەموو شتێک رازی بووە. بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵم.

**نامەی دووەم:**

برای بەڕێزم کاک د. موکڕەم

سڵاوێکی گەرم هیوادارم هەمیشە لە خۆشی و بەختیاریدا بن

زۆر سوپاستان ئەکەم بۆ نامەکەتان. دیارە مەسەلەیەکی وائاڵۆز ئەهێنێ چەندین نامەی درێژی لەسەر ئاڵوگۆڕ بکرێ. جا ئەگەر وەختمان لێگرتن یان بوین بە هۆی نارەحەتیتان داوای لێ بووردن ئەکەم و ئومێدم وایە تۆڵەی بۆ بکەینەوە کە بە ئەنجامێکی باش بشکێتەوە.

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٢٧) نامەکانی نەوشیروان مستەفا بۆ د. موکەڕەم تاڵەبانی.

لە نامەکەی جەنابتدا هەندێک "باش لە یەک تێنەگەیشتن"م بەدی کرد هەروەها هەندێ چاوەڕوانیم تیا هەست کرد، بە پێویستم زانی دەربارەی هەردو بابەت بە رونی و راشکاوی عەرزتان بکەم.

١. دەربارەی قسەکانی د.فوئاد و بینینەکەی مام جەلال.

لەراستیدا مام جەلال و ئێمەش بیروڕامان وەکو جەنابت وایە: کە پێویستە ئەو مەسەلەیە لە بەرزترین ئاستی سیاسیدا باس و چارەسەر بکرێ و، نەخرێتە دەست داودەزگاکان. هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوە کە مام جەلال بەوجۆرە وەڵامی ئەو زاتەی داوەتەوە و ویستویەتی ئەو دەرگایە لە روی ئەو دەزگایە و ئەو زاتەدا دابخات، بۆ ئەوەی تەنیا لەم دەرگایەوە قسە بکرێ و ئەوان لە مەسەلەکە دەربهێنێ.

لە نامەکەمدا بۆ جەنابتم نووسی بوو کە بەو ژمارەی تەلەفونە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ماڵە بکەن بۆ دیاری کردنی کات و شوێنی یەکتر بینین یا خود قسە کردن، هەڵبەت من ئەوەم لە خۆمەوە بە بێ ئاگاداری و موافەقەتی خۆی نەنوسی بو. کاتێک کە نامەکانی جەنابت گەیشتن، کاک محەمەدی حاجی تۆفیق – کە ئەندامی سەرکردایەتیمانە – لە باڵیسان کێشامانەوە بە تایبەتی ناردمان بۆ لەندن بۆ لای مام جەلال. گەیشتنی ئەم برادەرەمان هاوکات بوو لەگەڵ گەیشتنی د. فوئاد. جوابی دکتۆر فوئادی بەو جۆرە داوەتەوە، جوابی برادەرەکەی ئێمەش ئەوە بوو کە بۆم نوسیبون. بۆ نوکتەش بە کاک محەمەدی گوتبو: "ئەگەر د. موکەڕەم ویستی لە وڵاتێکی شەرقی یەکتری ببینین ئەبێ خۆی مشوری وەرگرتنی ڤیزام بۆ بخوا، خۆ ئەگەر ویستی لە وڵاتێکی غەربی یەکتر ببینین ئەوا من مشوری ڤیزای بۆ ئەخۆم". ئەو کاتە من بە پێویستم نەزانی ئەمەتان بۆ بنوسم.

حەز ئەکەم ئەوە بزانی کە جەنابت وەکو تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕ و نووسەرێکی پێشکەوتوخواز و زانایەکی گەورەی گەلەکەمان لەمەیدانی کاروباری کشتوکاڵدا، پلەیەکی تایبەتیتان لەلای ئێمە هەیە و جێگەی بڕوا و متمانەیەکی تایبەتی ئەوتۆن کە بۆ کەم کەسی قایلین.

جا ئەگەر جەنابت بە پێویستت زانی لەگەڵ ئەو یەکتری ببینن، ئەوا لەو رێگەیەوە کە عەرزم کردوون جێبەجێ ئەبێ و ماڵەکەش لە مەسەلەکە ئاگادارن. هەق وابوو بڕوا بە نامەکەی ئەم بەندەیە بکەن نەک قسەکانی ئەو زاتە!

٢. کاتی خۆی ئێمە سەرۆکمان بە " الحکم الخصم" قبوڵ کرد و لە گۆڤارێکی عەربی بڵاوکرایەوە. ئەوە ئێمەی کرد بە نیشانەی تیروتوانجی دۆست و دوژمن بە جۆرێکی ئەوتۆ ئێستەش لە هەندێ بۆنەدا ئەیدەنەوە بەچاوماندا.

"تصریحەکانی" دوای شەڕ بونەوەش، هی هەموو لێپرسراوەکانی ئێمە لەوانە هی مام جەلال، بەشێکە لە جەنگی ئیعلامی بەرانبەر بە جەنگی ئیعلامی "فەیلەقی ٨"ی ئەوان لە ناو عێراق و داوودەزگا سیاسی و دیپلوماسیەکانی دەرەوەیان.

هەڵبەت لەشەڕدا، هەرلایەک چی ئازاری ئەوەی تر بدات، ئەوە ئەکات و ئەوە ئەڵێ. جا هەروەکو قسەکانی سەردەمی گفتوگۆیان بۆ حساب نەکردین، با قسەکانی سەردەمی شەڕیش حساب نەکەن.

٣. ی ن ک بڵاوکەرەوەی ئەو "مەقولە"یە کە: "گفتوگۆ جۆرێکە لە خەباتی سیاسی" و "رەنگە هەندێ جار دەسکەوتی گەورەی ئەوتۆ بە رێگەی گفتوگۆی سیاسی بەدەست بێ کە چەندین جەنرال بە چەندین شەڕ نەتوانن بە دەستی بهێنن". لەسەر ئەم بابەتە کتێبێکمان نوسیوە.

کاربەدەستان ئەزانن هەڵوێستی لایەنە کوردی و عێراقییەکان لە مەبدەئی مفاوضە لەگەڵ بەعس چی بوە. لە ماوەی ٣ ساڵی رابردودا، ئێمە بەو گەرمیەی لەمەیدانی عەسکەریدا شەڕمان لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ئەوان کردووە، لە هەمان کاتدا ئێمە لەمەیدانی سیاسیدا بە هەمان گەرمی لە ململانێدا بوین لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانمان بۆ ئەوەی پێیان بسەلمێنین "کە رێگەی گفتوگۆی سیاسی، ئەگەر ممکن بێ، باشترین رێگەی چارەسەر کردنی کێشەی کوردە". بەر لە چەند هەفتەیەک، لە یەکەمین کۆبونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیدا هەمان مەسەلەمان بە دریژی باس کردووەتەوە.

ئەمڕۆ کە هەردولایەنی ناکۆکیەکە کوردی – عێراقی رێگەی گفتوگۆی سیاسی بە پەسەند ئەزانن، ئێمە خۆمان بەبەختیار و سەرکەوتو ئەزانین و هەست ئەکەین رەنجەکەمان بە فیڕۆ نەڕۆیشتوە، تەنانەت ئەگەر ئێمەش تێیدا نەبین.

٤. لەلای گەلانی پێشکەوتو، کات هەمیشە نرخێکی گرانی هەبوە. بەداخەوە لە عێراق پێ ئەچێ لە رابردودا کات نرخێکی ئەوتوی نەبوبێ، ئەگەر جاران وابوبێ هەقە لەم سەردەمەدا کات نرخێکی تایبەتی خۆی بۆ دابنرێ. لە هەلومەرجی ئێستەی کوردستان و عێراقدا –زەمان– هۆیەکی کاریگەری داڕشتنی رووداوەکانە، رەنگە کارێک ئەگەر ئەمڕۆ نەکرێ سبەینێ درەنگ بێ و، دو سبەی بە یەک جاری بەسەر بچێ.

ئێمە تکامان وایە کات بەفیڕۆ و هەل لە دەس نەدرێ، هەوڵ بدرێ کەڵک لە هەموو رۆژێک وەربگیرێ، پەلە بکرێ و پەلەپەل نەکرێ، لەم سەردەمەدا و لە هەلومەرجی کوردستانیدا رەنگە پەلەپەل پەشیمانی لە دوا بێ، بەڵام پەلەکردن لە پێویستیەکانی

ژیانه، جەنابت بێگومان جیاوازی نێوان ئەم دو وشە کوردییە ئەزانن و حەز ئەکەم بەباری چاکەدا بۆمان لێک بدەنەوە، نەک بەتەنگاوی.

٥. ئێمە کاتی خۆی لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق بە درێژی چەندین مانگ لە گفتوگۆدا بوین، چەندین – وەرەقەمان پێشکەش کردن کە بوو بە بنچینەی باس و لێدوان، لە ئەنجامدا لەسەر چەند مەسەلەیەک رێکەوتین، چەند وەرەقەیەک لە لایەن وەفدی هەردولا ئیمزا کران، بۆ ئەم حاڵەتە ئەگونجێ دو احتمال لەبەر چاوبگیرێ:

أ. گفتوگۆ لە نێوان نوێنەرانی ئێمە و ئەواندا لەو شوێنەوە دەست پێ بکا کە ئەوسا بچڕاوە، واتە مناقشەی ئەو چەند مەسەلەیە بکرێ کە لە سەری رێک نەکەوتون..

ب. گفتوگۆ لە نوکەوە سەرلەنوێ لەسەر هەموو مەسەلەکان دەست پێ بکرێتەوە.

٦. لەسەر مەسەلەی گفتوگۆ بەگشتی باس کردنی ئەم چەند نوقتەیە بە چاک ئەزانین:

أ. وەکو مەبدأ، گفتوگۆی سیاسی بە رێگەی پەسەند ئەزانین بۆ بەلاخستنی شەڕی ناوخۆ لە کوردستانی عێراق.

ب. بەپەسەندی ئەزانین لایەنە کوردییەکان و حیزبی شیوعی بەشدار بن لە گفتوگۆدا و بەرەی کوردستانی ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ.

ج. پێمان باشە ئەم هەنگاوە بکرێتە بنچینەی ئاشتبونەوەی گشتی لە عێراقدا، وە بێتە سەرەتای قۆناغێکی سیاسی نوێ لە ژیانی گەلی عێراقدا.

د. بۆ دروستکردنی بڕوا و متمانە بە پێویستی ئەزانین کاربەدەستانی عێراق پێشەکی چەن هەنگاوێک بنێن لەوانە: ١. لیبوردنی گشتی.

٢. رێگەدان بە خەڵکی دێهات بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان (بە تایبەتی ئەوانەی لەشەڕی ئێران دورن).

٣. رێگەدان بە خەڵکی لە عێراق دەرکراو و راکردو بگەڕێنەوە وڵات.

٤. نەهێشتنی "مظاهری ارهاب" لە کوردستاندا.

٥. راگرتنی شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە و خەڵک.

هـ بۆ ئەوەی رەوتی گفتوگۆ بەسەرکەوتویی بڕوات چاک وایە:

١. لە سەرەتادا بەنهێنی بێ.

٢. لە کوردستان بێ.

٣. راستەوخۆ لە نێوان نوێنەرانی خاوەن دەسەڵاتی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و نوێنەرانی خاوەن دەسەڵاتی کاربەدەستانی عێراق بێ.

٤. خودی سەرۆک کۆمار ئاگاداری کۆبونەوەکان و باسەکانی بێ و ئیدارەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بکات.

٥. جەنابیشت لە کۆبونەوەکاندا بەشدار بن.

ئەگەر لایەنەکانی تر لەبەر زروفی تایبەتی خۆیان، بەچاکیان زانی گفتوگۆ لەدەرەوەی وڵات بکرێ، ئێمە مانیعمان نیە، هەروەها لە بەغداد.

٧. بابەتەکانی کە کۆبونەوەکانی گفتوگۆی بۆ تەرخان بکرێ بریتی بێ لە:

أ. ئاسایی کردنەوە (تطبیع)ی وەزعی کوردستان، (چ ئەوەی کەوتوەتە ناو سنوری حوکمی زاتی یا ئەوەی لەدەرەوەی سنوری حوکمی زاتیدایە).

لێرەدا رەنگە وشەی ئاسایی کردنەوە ئاسان تر بێ لەسەر زمان، ئەگینا لەوە مەبەست سڕینەوەی هەموو شوینەوارەکانی شەڕی کوردستانە لەوانە: تەهجیر، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس..

ب. جۆری بەشداربوونی گەلی کورد لە حوکمی مەرکەزی و داودەزگاو دامەزراوە مەرکەزیەکان.

ج. دەسکاری کردنی قانونی حوکمی زاتی.

د. جۆری کارکردنی رێکخراوی سیاسی، پیشەیی، نەقابی... لە کوردستاندا.

٨. لای هەموو گەل و رێکخراو و کەسێک "حقوق" و "واجبات" پێکەوە بەستراون و یەکتری تەواو ئەکەن، لای ئێمەش هەروەهایە. ئێمە تا ئێستە لەم نامەیەدا بە تەنیا باسی بەدەستهێنانی هەندێ لە "حقوق"ی خۆمان کردووە، چونکە واهەست ئەکەین کە نیمانە. هەڵبەت هەر گەل و رێکخراو و کەسێک کە هەستی کرد خاوەنی حقوقە، هەست ئەکا واجبات و التزاماتیشی لە سەرە.

ئەگەر مەسەلەکە سەری گرت و بوینە خاوەنی حقوق، هەموو "واجبات" و "التزامات" کە ئەکەوێتە سەرمان، چ وەکو گەل و چ وەکو رێکخراو و چ وەکو کەس، چەندە قورس و گران بێ، وەکو هاووڵاتیانی عەرەبی عێراقی، بە تەواوەتی بەجێ ئەهێنین.

لە کۆتایی‌دا دیسانەوە داوای لێ بوردن ئەکەم لە درێژەپێدانی نامەکەم، هیوادارم بێ سود نەبێ و توانیبێتم بەشێک لە "تصور"و بۆچوونەکانی خۆمانم بەرونی پێشکەش کردبن، وە ئەگەر جێگەی رەزامەندی خاوەن مەبەست بوو دەست بکرێ بە هاویشتنی هەنگاوی عەمەلی.

بەهیوای سەرکەوتنتانم و لەگەڵ رێزی بێ ئەندازەی برای دڵسۆزتان

نەوشیروان مستەفا

١٩٨٨/٧/٧[1]

[1] . بەڵگەنامەی ژمارە (٢٨) نامەکانی نەوشیروان مستەفا بۆ د. موکەرەم تاڵەبانی.

**نامەی سێیەم:**

مامۆستای بەڕێز د. موکەڕەم

سڵاوێکی گەرم هیوادارم لە خۆشی و بەختیاری دابن

زۆر سوپاستان ئەکەم بۆ نامەی ٦/١٣تان، بە سوپاسێکی بێ ئەندازەوە ئەڕوانینە هەوڵی دڵسۆزانەتان لە هەلومەرجە دژوارەی ئەم سەردەمەدا کە جەنابتی تیا هەڵئەسوڕێی.

ئەوەی جێگەی سەرنجدان بوو بۆ ئێمە جیاوازی ناوەڕکی نامەی ئەمجارە بوو لەگەڵ نامەی پێشوو، بە هەرحاڵ بۆ ئێمە قابیلی تێگەیشتنە. ئەگەرچی وەڵامی ئەوان دەرگای لە روی زۆر مەسەلەی گرنگدا داخستوە، بەڵام بە پێویستم زانی چەند نوقتەیەک بخەمە بەرچاوی جەنابتان، بە تایبەتی کە ئێوە لە دورەوە ئێمە ئەناسن، بەڵکو یارمەتی رونکردنەوەی هەندێ مەسەلە بدات و کەڵکی هەبێت، زۆریش منەتبارمان ئەکەیت ئەگەر زەحمەتی گەیاندنی بکێشیت بە شوێنی مەبەست.

ئێمە و بەعسیەکان یەکتری باش ئەناسین. رەنگە ئەوان لە زۆر لایەن چاکتر ئێمە شارەزای ی.ن.ک بن کە لە بڕیاردانی سیاسیدا تا چ ئەندازەیەک بە جورئەت و سەربەخۆیە. ئێستەش ی.ن.ک وەکو جاران خاوەنی سەربەخۆیی سیاسی، عەسکەری، فیکری، ئیعلامی ... خۆیەتی، دەستی لەژێر باری هیچ دەوڵەتێک دا نیە. ئێستەش وەکو جاران ئیعتباری ئەساسی لە بڕیاری سیاسی یەکێتی دا نیە. ئێستەش وەکو جاران ئیعتباری ئەساسی لە بڕیاری سیاسی یەکێتیدا تەنیا و تەنیا بەرژەوەندی گەلەکەمانە. لە کۆتاییدا دوبارە ڕێزو تەقدیری خۆم و هاوڕێکانمت پێشکەش ئەکەم.

نەوشیروان مستەفا

١٩٨٨\٩\٣٠ [1]

[1] . بەڵگەنامەی ژمارە (٢٩) نامەکانی نەوشیروان مستەفا بۆ د. موکەڕەم تالەبانی.

**نامەی چوارەم:**

زۆر بەڕێز کاک دکتۆر مکرم .. سڵاوێکی گەرم هیوادارم هەمیشە لەخۆشیدابن

زۆر سوپاسی هەوڵی جوامێرانەتان ئەکەم. نامەی ڕۆژی ١٢/٩ تان گەیشت. بێگومان سەرکەوتنی ئەم کارە گەورەیە ئەبێتە سەروەرییەکی گەورە بۆ جەنابتان لە مێژوی گەلەکەماندا.

پێشەکی بە پێویستی ئەزانم، سوپاسی بێ ئەندازە لە جەنابی سەرۆک بکەم بە بۆنەی ئەو هەڵوێستە مێژوییەوە، کە ئەگەر بە ئەنجامێکی سەرکەوتو بگات، لە مێژووی گەلەکەماندا ئەبێتە نیشانەیەکی زۆر دیار، بە کورتی ئەمە ڕەئی ئێمەیە عەرزتان ئەکەم:

١. ئێمە بڕوای تەواومان بە بەڵێن و ضماناتی سەرۆک هەیە.

٢. لای ئێمە هیچ ئیعتراضێک لەسەر ئەو نقطانە نیە کە جەنابت نوسیبوت.

٣. بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە نوێنەری خۆمان ئامادە کردووە. هەرکات لە لایەن سەرۆکەوە کات و شوێنی و جۆری دەسپێکردنی گفتوگۆ دیاری کران، ئەوا ئێمە نوێنەرانی خۆمان ئەنێرین.

مادەم مەسەلەکە خەریکە بگاتە ئەم... کە، بە چاکی ئەزانم مەسەلەیەکی تریش هەیە عەرزی جەنابتی بکەم، هەروەکو ئاگاداری بارەگا و هێزەکانی ئێمە لە چەند مانگی ڕابردوودا لەسەر ئەرزی خۆمان دەرکران بۆ ناو ئێران، دیارە ئێمە ئەوەمان پێخۆش نەبوو، بەڵام ناچاری بوو، ئێمە بەلامانەوە مەبەستە کاروانی ئیشەکە بە سەلامەتی و سەرکەوتویی بڕوا تا دەگاتە ئەنجام، بێ پێزانین و دەستێوەردانی هیچ لایەک، کە ڕەنگە دەسکەوتیان لە ئاشتبونەوەدا نەبێ. جا بۆ ئەوەی نوێنەرانی ئێمە بۆ گفتوگۆ لەلای ئەوان بتوانن بە ئازادی لەگەڵ باقی لێپرسراوانی یەکێتی لە کاتی پێویستدا هاتوچۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و پرس و ڕاوێژ بکەن، پێشنیار ئەکەم کە جەنابت لە زمانی ئێمەوە تکا لە جەنابی سەرۆک بکەن، کە چاوپۆشی بکەن لەوەی ئێمە هەندێک لە بارەگا سەرەکیەکان و هێزەکانمان و خێزانەکانیان بگوێزنەوە سەر ئەرزی عێراق لە گوندی شێنی و دەوروبەری، بێ ئەوەی هێزی ئەوان بێنە سەریان، تا کارەکە بە ئەنجام ئەگات. نازانم جەنابت تا چ ڕادەیەک ئەم پێشنیارە بە مەعقول و ممکن ئەزانی، هەرچەندە شێنێ ئێستەش هەر هێزی ئێمەی لێیە، بەڵام ضمانێکی ئەوانی ئەوێ.

دوبارە سڵاو ڕێزی هاوڕێکانم و خۆمتان عەرز ئەکەم.

نەوشیروان مستەفا

١٩٨٨/١٢/٢٤[1]

---

[1] . بەڵگەنامەی ژمارە (٣٠) نامەکانی نەوشیروان مستەفا بۆ د. موکەڕەم تاڵەبانی.

**سێیەم: نامەکانی فەتاح**

دوابەدوای ئەنفالەکان، قورسایی کاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ناوخۆی کوردستان و عێراق کەوتبووە سەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، بە تایبەتی ڕێکخراوی سلێمانی، چونکە زۆربەی کەرتەکانی ڕێکخستن کە سەر بە مەڵبەندەکان بوون بەهۆی ئەنفالەکانەوە شیرازەیان لەبەر یەک هەڵوەشابووە.

نەوشیروان مستەفا ١٩٨٨/١٢/١٦ مستەفای سەید قادر کە ناوی نهێنی (عەزیز) بوو لەگەڵ ئەمین قادر مینە و فەرید ئەسەسەردی ناردەوە بۆ هەولێر؛ بە مەبەستی هەماهەنگی لە نێوان ڕێکخستنەکان و خۆیدا، هەروەها بۆ دروست کردنی سەرکردایەتی ناوخۆ و سەپەرشتی کردنی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک). لەو ماوەیەدا چەندین نامە ئاڵوگۆڕ کرا لە نێوان نەوشیروان مستەفا کە کۆدەکەی (فەتاح) بوو، لەگەڵ جەباری حاجی ڕەشید کۆدی (باوەڕ)، مستەفا سەید قادر (عەزیز) و ئاکۆ محەمەد وەهبی کۆدی (پشکۆ). نامەکان گرنگی مێژووی زۆریان هەیە و بەبێ ئەو نامانە زۆر سەختە لە هەلومەرجی سیاسی و سەربازی و شێوازی بەرگری و ڕووبەڕوو بوونەوەی نەخشەی سڕینەوە و جینۆساید کردنی گەلەکەمان تێ بگەین، لێرەدا سێ نامە وەک نمونە دەخەینە بەردەستی خوێنەران و لە ئایندەدا تێکڕای نامەکان لە دووتوێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا دەخرێنەڕوو.

**١. نامەی فەتاح بۆ باوەڕ:**

برام بەڕێزم کاک باوەڕ

سڵاوێکی گەرم هیوامە لە خۆشی و بەختیاریدا بن

زۆر سوپاست ئەکەم بۆ هەوڵ و ماندوبونەکانتان. ئومێدم وایە خێری پێوە بێت.

١. من وام تەوقع ئەکرد نامەی پێشوم هیچ وڵامێکی نەبێ، بەڵام نامەکە وەڵامی درابوەوە. وا ئێمەش سەر لە نوێ وەڵامەکەیمان نوسیوەتەوە، تکام وایە هەوڵبدەی بە زویی بگات بە دەست خاوەنەکەی.

لە نامەی پێشودا، بە تەنیا مەبەستم پاراستنی نهێنی مەوزوعەکە نەبو، بەڵکو مەبەستم پاراستنی شەخسی خۆت بوو نەوەکو مەوزوعەکە سەر نەگرێ و ئەوە بکەن بە فاقە بۆ دۆزینەوەی خۆت و بەهەر حاڵ ئەو ڕێگەیەی دۆزیبوتانەوە باش و ئەمینە.

٢. هەروەها دەربارەی تەسلیم بونەوەی پێشمەرگە، ئەوەی بۆم نوسیبون ئەوە تەقدیری داودەزگا جاسوسیەکانی دوژمنە، لایان وایە کە ئێمە ئامۆژگاری پێشمەرگەمان کردوە بۆ تەسلیم بونەوە و بەهێزکردنی ڕێکخستنەکانی ناو شار، لەبەرئەوە ئاگاتان لەو مەسەلەیە بێت.

٣. شکانەکانی ئەم دوایەی ئێران و گەڕانەوەیان بۆ ناو ئەرزی ئێران و بەجێهێشتنی ئەرزە داگیرکراوەکانی عێراق بە پێی تاکیداتی ئێران: ١. پەیوەندی بە هیچ ڕێککەوتنێکەوە نیە لەگەڵ عێراق. ٢. بۆ ئەوەیە هێزەکانیان لە باتی دیفاع لە هەندێ زەلکاو و شاخ، ببەنەوە شوێنی ئەمین بۆ ڕێکخستنەوەیان سەر لە نوێ. ٣. ئیعادەی تەنزیمی قوای موسەلەحەی خۆیان ئەکەن بە گوێرەی بە هێزی عێراق، ئەگەر هیچ گۆڕانێکی سیاسی لە ناو عێراقدا ڕونەدات، هێرشی خۆیان دەست پێ ئەکەنەوە، گوایە ئەمجارە لە شوێنی ناسکی عێراقەوە.

هەندێ سەرچاوە ئەڵێن کە ئێرانیەکان وعودی دەولیان وەرگرتوە کە ئەگەر بگەڕێنەوە سنوری خۆیان دەس هەڵبگرن لە داگیر کردن، صدامیان بۆ لا ببەن و ئاڵوگۆڕ لە عێراقدا بکەن.

٤. نامەکەتان زۆر گرنگ و بەسود بوو بۆ ئێمە، بەڵام بە زۆری باسەکانی لە دەوری سلێمانی ئەخولێتەوە، ئەمجارە ئەوەی بەدای تیابو، خۆزگە هەوڵتان ئەدا نامەکان و دەنگوباسەکان شامل تر ئەبون و هەمو شارە گرنگ و گەورەکانی کوردستانی ئەگرتەوە.

٥. لە نامەیەکی پێشودا بۆم نوسی بون کە مشوری هەندێ جێگە بخۆن بۆ ئەوەی لە کاتی پێوسیتدا ئەگەر ویستمان ئێمەمانان سەرێکی ئەوێ بدەین، جێگەیەک هەبێ روی تێ بکەین بۆ کارکردن و مانەوە بە سەلامەتی.

٦. وا نامەیەک بۆ کاک عەلی بچکۆل، عەبدولکەریم هەڵدنی و ئەو برادەرانە ئەنوسم، تکام وایە پێیان بگەیەنن.

دوبارە سڵاو، هەربژین

فەتاح
[1]٨٨\٧\١٧

لەو نامەکەدا ئەمانە روون دەبنەوە:

١. بەشێک لە نامەکانی نەوشیروان مستەفا و دکتۆر موکەڕەم تالەبانی لە ڕێگەی شەهید جەبارەوە ئاڵوگۆڕ کراوون. چونکە لە نامەی دووهەمەدا بە دکتۆر موکەڕەم دەڵێ "لە نامەکەمدا بۆ جەنابتم نووسی بو کە بەو ژمارەی تەلەفونە پەیوەندی لەگەڵ ئەو مالە بکەن بۆ دیاری کردنی کات و شوێنی یەکتر بینین یاخود قسە کردن." لە نامەکەیدا بۆ شەهید جەباریش نووسیویەتی" وا ئێمەش سەر لە نوێ وەڵامەکەیمان نوسیوەتەوە، تکام وایە هەوڵبدەی بە زویی بگات بە دەست خاوەنەکەی."

[1] . بەڵگەنامەی ژمارە (٣١) نامەی نەوشیروان مستەفا (فتاح) بۆ شەهید جباری حاجی ڕەشید (باوەڕ)

٢. نامەکە لە سەربووبەندی پەلامارەکانی (ئەنفالی شەش و حەوت و هەشت)دا نووسراوە کە بۆ سەر دەشتی هەولێر و ناوچەی شەقڵاوە دەستی پێکردبوو، لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە تەسلیم دەبوونەوە. نەوشیروان مستەفا زانیاری ئەوە دەداتە ڕێکخستنەکان کە حکومەت وا دەزانێ ئەو تەسلیم بوونەوانە بە بەرنامەیە و یەکێتی نیشتمانی دەیەوێ ڕێکخستنەکانی خۆی لە ناو شارەکاندا زۆرتر بکات. لە ڕاستیشدا ئەوە ڕاست نەبوو، بەشی زۆری پێشمەرگەکان خۆیان تەسلیم دەبوونەوە نەک ئەوەی بە بەرنامە بێت.

٣. خاڵی سێیەمی نامەکە تایبەتە بەو پاشەکشانەی ئێرانییەکان لە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە دەیانکرد لەو شوێنانەی عێراق و وەک بەرچاو ڕوونییەک بۆچوونی ئێرانییەکانی لەسەر ئەو پاشەکشانە داوە بە ڕێکخستنەکان.

خاڵی پێنجەم، خاڵێکی هەرە گرنگی نامەکەیە و ئەوە دەردەخات کە نەوشیروان مستەفا ویستویەتی لەو هەلومەرجە سەختەدا کە پەلامارەکانی ئەنفال لەوپەڕی دڕندەییدا بوون، بگەڕێتەوە ناو شار و لە ناوخۆی وڵاتەوە سەرکردایەتی ڕێکخستنەکان و فەرماندەیی پێشمەرگە بکات، نەک وەک ئەوەی مەلا بەختیار دەڵێ "نەوشیروان مستەفا ویستویەتی قەناعەت بە کۆبوونەوەکە بکات، بەیاننامەیەک بڵاوبکەنەوە و بڵاوەی لێ بکەن لە دەرەوەی وڵات خەریکی کاری دیپلۆماسی بن و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەربکەن."[1]

## ٢. نامەی فەتاح بۆ عەزیز

ڕۆژی ١٩٩٠/٤/٤، واتە چوار مانگ پێش گرتنی کوەیت، نەوشیروان مستەفا لە ڕێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، نامەیەکی بۆ مستەفای سەید قادر نووسیوە، نامەکە جگە لە کۆمەڵێک ڕێنمایی ڕێکخراوەیی، زانیاری ورد و گرنگی تێدایە بۆ شێوازی دانانی ستراتیژی کارکردن بۆ ئەو قۆناغە. زانیارییەکان دوور بینی و پشوو درێژی و ورەبەرزی نەوشیروان مستەفا وەک سیاسەتمەدارێک دەردەخات کە هەلومەرجە نوێیەکانی دوای ئەنفالەکان وای لێدەکات بۆ مانەوەی شۆڕش و گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانییەکانی، بە شێوەیەکی پراکماتیانە بیر بکاتەوە و هەڵسوکەوت بکات. سەرەتا با نامەکە بخەینەڕوو و پاشان شیکاری بۆ ناوەڕۆکەکەی دەکەین:

---

[1] . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

کاکە عەزیزی بەڕێز..

سڵاوێکی گەرم. بە چاکم زانی لەم نامەیەدا بە کورتی و بە خەستی بەرنامەی کاری لەمەولاتان بۆ بنوسم، بۆ ئەوەی لە ئیشوکاردا بەرچاوتان ڕۆشن بێ و، هەر یەکە و لە هەر مەیدانێکا بزانێ ئەبێ بۆ خزمەتی بەرنامەی گشتی چی بکا. ئەمەی بۆشتان ئەنوسم بەری لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و گفتوگۆی چەند مانگی ڕابردوە و لەناو خۆماندا بڕیارمان لێ داوە و کەوتوینەتە جێبەجێ کردنی.

لە باری ئامانجی ئەم قۆناغەوە، هەڵسەنگاندنی خەباتی چەن ساڵێ ڕابردو دەری خست کە دروشمی ڕوخاندنی رژێمی فاشی بۆ جوڵانەوەی کورد، دروشمێکی ناعەلمی بو، وە بە ئیمکانیاتی کورد نەئەهاتەدی، هێزەکانی عەرەبیش توانایان نەبو کارێکی جدی بکەن. بە داخەوە جوڵانەوەی کورد، بە هیوای ڕوخاندن و لەناوبردنی رژێمی بەعس، چەن فرسەتێکی لە کیس خۆیدا، کە لە ماوەی جەنگی عیراق- ئێران دا بۆی هەڵکەوت، بۆ ئەوەی بە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ سەددام ڕێک بکەوێ و دەستکەوتی سیاسی باش بەدەس بهێنێ. دیارە ئەمەش هۆی زۆرە و موبەڕیری زۆرە، کە پێویست بە دوبارەکردنەوەیان ناکا، گرنگ ئەنجامەکەیەتی، کە ئەویش هەڵگرتنی دورشمێکی وەها قورس بو بەهۆی ئەم ئەنجامە خراپە، کە رژێم هەمو رقی خۆی بە کورد رشت. دروشمی سەرەکی ئێستەمان، کە لامان وایە لەگەڵ پێویستییەکانی گەشەکردنی ژیانی خەڵکی کوردستان ئەگونجێ، بریتییە: "لە سەپاندنی چارەسەرکردنی سیاسی کێشەی کورد" چونکە ئێستە رژێم بە ئاسانی مل نادا بۆ چارەیەکی سیاسی، کە جێگەی ڕەزامەندی خەڵکی کوردستان بێ، لەبەر ئەوەی خۆی بە براوە و بە هێز و ئێمەش بە دۆڕا و لاواز دائەنێ.

هەڵگرتنی ئەم دروشمە بە مەعنای دەسهەڵگرتن نیە لە ئامانجە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆمان، خۆ ئەگەر هەلێک بۆ ڕوخاندنی هاتە پێشەوە، ئەوا پێویستە ئێمە لە هەمو کەس زیاتر بیقۆزینەوە و بەشداری بکەین بۆ لە گۆڕنانی ئەم رژێمە درندەیە و، ئەگەر هەلێک هاتە پێشەوە بۆ سەپاندنی مافی چارەنوس، دیسان ئەبێ بەوپەڕی لەخۆبڕاوانە بیقۆزینەوە، بەڵام توانا و ئیمکانیەتی گەلەکەمان ئێستە، هەلومەرجی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دنیا، لە دروشمی چارەسەری سیاسی زیاتر هەڵناگرێ، بۆیە ئەبێ هەمو توانای خۆمان بۆ ئەوە تەرخان بکەین و، گەلەکەمان لەم وەزعەی ئێستە تیا ئەژی، دەربهێنین.

پیاچونەوەی جۆری خەباتی ڕابردومان و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئێستە و تەرازوی هێزەکانی ئێمە و دوژمن، ناچارمان ئەکا کە هەندێ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە

خەباتی خۆمانـدا بکەین، بۆ ئەوەی لاوازبونی شێوەیەکیان بە زیادکردنی شێوەیەکی تر پڕ بکەینەوە و، چۆڵکردنی مەیدانێک بە مەیدانێکی تر ئاوا بکەینەوە.

رووداوەکان، بێ ئەوەی ئێمە پێمان خۆش بوبێ، دابەشی کردین بەسەر ٣ مەیدانی جیاوازدا، کە ژیان و هەلومەرجی خەبات لە هەر یەکێکیانـدا لەوی تر جیاوازە، لەبەر ئەوە ئەبێ لە هەر یەکێکیانـدا بە گوێرەی هەلومەرجی ئەوێ هەڵسوکەوت بکەین و خەبات بکەین، بەڵام بەو شەرتەی کە هەمو خزمەتی دروشم یا ئامانجە سەرەکییەکەمان بکا، کە لە بەندی یەکەم دا نوسراوە، ئەو ٣ مەیدانەش بریتییە لە: أ. ناو عیراق. ب. ناو ئێران. ج. ئەوروپا و سەرانسەری دنیا. جێگەی داخە هاوڕێ تێکۆشەرەکانی ئێمە پەرتەوازە بون و دابەش بون و هەر لە جەبەڵحەمرینەوە کە پێشمەرگە و تێکۆشەری لێیە تا ئەگاتە سوید لە قوتبی شیمالی کە مەسئولی عەسکەری و مەسئولی رێکخراو و کادر پێشمەرگە و تێکۆشەری گەیشتوەتێ.

بمانەوێ یان نەمانەوێ، ئەوە واقعێکە ئێستە تێیداین. لەبەر ئەوەی ئەبێ ژیرانە معامەلەی لەگەڵ بکەین و، رێگەوشوێن و نەخشەی کارکردن بۆ هەر یەکێکیان دابنێین و هەر ٣ مەیدان پێکەوە گرێ بدەین، بۆ ئەوەی خزمەتی مەیدانی یەکەم بکات و، ئەبێ کارەکانی خۆمان وەها رێک بخەین کە نە ئیرهابی دوژمن و نە رێکەوتنی ئیحتمالیی عیراق و ئێران نەتوانن رێگەی خەباتمان لێ ببڕن. بە داخەوە کە ژمارەیەکی زۆری هەڵبژاردەی تێکۆشەرەکانی ئێمە بە ناچاری کەوتونەتە ئێرانەوە، بەڵام بە سەنگ و تەرازوی قازانجی نەتەوەکەمان، ئەوانە لە چاو کوردی عێراقـدا. ژمارەیەکی کەم، بگرە ژمارەیان لەوانە بەقەدەر ژمارەی گیراوەکانمان بن. بۆیە بڕیارمانـدا هەمو جموجۆڵێکی لەمەولا تێکۆشەرانی "ی.ن.ک" لە ئێران و ئەوروپا و سەرانسەری دنیا بۆ خزمەتکردنی بزوتنەوەی کوردیی لە مەیدانی یەکەمدا، واتە لەناو عێراقـدا. بە کورتی ئەگەرچی لە ٣ مەیدانـدا کار بکەین، بەڵام مەیدانی سەرەکی یەکەمە و هەموی ئەبێ بۆ خزمەتی ئەو بێ، نەک بۆ خزمەتی ئەوانەی کەوتونەتە ئێرانەوە، یاخود پەڕیونەتەوە ئەوروپا.

شێوەکانی خەبات ئەگەرچی ئاڵۆگۆڕی بەسەردا هاتوە، رەنگە یەکێکیان لاواز و یەکێکیان بەهێزتر بوبێ، بەڵام هێشتا خەباتی چەکدار، رێکخراوەیی، سیاسی، ئیعلامی، دیپلۆماسی هەمویان زەرورین و ئەبێ لە هەر مەیدانێکا چی مومکین بێ، بکرێ.

**لەناو عیراقـدا:**

١. بایەخدانی زۆر بە کاروباری رێکخراوەیی، پتەوکردنی ریزەکانی، پاراستنی لە زەربە و دزەکردنی دوژمن، پاراستنی لە سەرچاڵی و مفادە و مجازەفە. دابینکردنی

پێویستی‌یەکان. هەوڵدان بۆ کەڵک وەرگرتن لە ڕێگەی قانونی بۆ جێبەجێ کردنی خواستەکانی خەڵک و، پەرەپێدانی بزوتنەوەیەکی جەماهیری فراوان، کە داوای مافەکانی خۆی بکا.

۲. بایەخدانی زۆر بە کاروباری پێشمەرگەیی، چ مەفرەزەکانی شاخ و چ مەفرەزە نهێنی‌یەکانی شار. دەسهەڵنەگرتن لە مەبدەئی خەباتی چەکدار خۆی لە خۆیدا یەکێکە لەو شێوە خەباتانەی هەمیشە رژێم لێی ئەترسێ.

بە ڕەئی من هەبونی مەفرەزەکانی شار ئەوکاتەش هەر زۆر زەروری‌یە ئەگەر لەگەڵ حوکمی عیراق بگەینە ڕێکەوتن. چونکە ئەوە زەمانی پاراستنی بون و دەسکەوتەکانێتی بۆیە ئەبێ بایەخێکی تایبەتی بدرێ نەهێنی‌یە نەبینراوە، ئەگەر بە درێژایی چەندین ساڵ هیچ جۆرە چالاکی‌یەکیشی نەبێ. دەوڵەتان لە شەڕدا بن یا لە ئاشتی‌دا، جەیش ئەهێڵنەوە. ولاتێکی وەکو سویسرا چەند سەدساڵە هیچ شەڕێکی نەکردوە، بە تەمای شەڕیش نیە لە پاشەڕۆژدا، بەڵام جەیشەکەی خۆی پاراستوە، بە هێزی کردوە، چەکی باشتری بۆ پەیدا ئەکا.

ئێمەش ئەو هێزە نهێنی‌یەی دروستی ئەکەین ئەبێ ئێستە و پاشەڕۆژی بی پارێزین، لە ئاشکرابون و دزەکردنی دوژمن، لە شەڕی خۆترێن و، ئەبێ هەمو پێویستی‌یە مادی و مەعنەوی‌یەکانی بۆ تەئمین بکەین.

بۆ مەفرەزەکانی شاخ بەرنامەیەکی تایبەتی‌مان داناوە، ئومێدەوارم ئەمساڵ جێبەجێی بکەین، کە ئەویش جارێ نەمان خستوەتەگەڕ و، دوایی هۆیەکانی ڕون ئەکەمەوە.

۳. ئێمە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا مقاتەعەی داوودەزگاکانی رژێمان کردبو، وە هەر کەسێک بەشداری بکردایە بە خائینمان ئەزانی، ئەبێ ئەو سیاسەتە بگۆڕین و هەوڵ بدەین لەمەولا دزە بکەینە ناو هەمو داوودەزگاکانی رژێمەوە، بێ ئەوەی خۆمان بدۆڕێنین، وە ئەبێ هەوڵ بدەین کەڵک لە هەمو وەسیلەیەکی قانون وەربگرین و ئەگەر هەر ئیفتیتاحێک بو لە عیراقدا وەکو بەڵێنیان داوە، چەندی کەم و مەحدود و شکڵی بێ، ئەبێ هانی پیاوە شەریفەکانی گەلەکەمان بدەین بۆ قازانجی گەلی کورد و کەڵکی لێ وەربگرین. بە وتەیەکی ڕون‌تر، لێرە بە دواوە لە باتی ئەوەی هەر خائین و جاشەکان بچنە مەجلیسەکانی تەشریفی و تەنفیزی و وەتەنی و وزەراوە، هەوڵ بدەین کەسانی دڵسۆز و شەریف و نیشتمانپەروەریشی تێ بچێ، وە ئەگەر هێزی ڕێگەدراو، ڕۆژنامە کەمە ئازادی‌یەک درا، هەوڵ بدەین کوردە باشەکانی خۆیان نەو فرۆشتوە کەڵکی لێ وەربگرن، خەڵک و ئێمە پشتیوانی‌یان لێ بکەین.

هەوڵ بدەین کورده بەعسییەکان، خۆفرۆشەکان، جاشەکان غیرەتی قەومیان تێ بگەڕێتەوە، هەر یەکەیان لە جێی خۆیدا کەم و زۆر خواستی خەڵک بهێننە ناو کۆبونەوەی بەعسییەکان و حکومەتەوە.

هەوڵ بدەین جەماوەری زۆرلێکراوی شار و ئۆرودگاکان هان بدەین بۆ داواکردنی:

١. بەردانی گیراوە سیاسییەکان.

٢. گەڕانەوە بۆ دێهاتەکان.

٣. نەمانی ئیرهاب و زوڵم و زۆر و جێگیرکردنی حوکمی قانون و خەڵک بتوانێ کە زوڵمی لێ کرا شکات بکا.

٤. تەئمین کردنی کار بۆ بێکارەکان.

٥. چاکردنی ژیانی خەڵکی ئۆردوگاکان و تەئمین کردنی خەدەمات.. هتد.

ئەمانە داوای رەوان. زۆر کەمن بەڵام مەشروعن و، رەنگە دوژمن زۆر ئیستفزاز نەکا، هەوڵ بدەن لە سەرانسەری کوردستانیدا خەڵک ئەم قسانە بڵێنەوە و ببێتە خواستی رۆژانەیان و، ئەمە رەنگە جاش و خائینەکانیش ببزوێنێ، چونکە ئەوانیش ئەگرێتەوە.

٤ دیارە کاری سیاسی بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵک و سازدانی بۆ خەبات و ریسواکردنی دوژمن و، بە درۆخستنەوەی درۆ و دەلەسەکانی دوژمن، هەروەها بڵاوکراوە و پڕوپاگاندە بە ئەستۆی ڕێکخستنە.

ئێمە رەئمان وایە جارێ لە قۆناغی داهاتودا، هیچ کارێکی پێشمەرگەیی، یا سیاسی ئەوتۆ نەکرێ کە دوژمن ئیستفزاز بکا، بەڵکو ئێستە قۆناغی دان بەخۆدا گرتن و خۆڕێکخستنەوە و خۆسازدان و خۆئامادەکردنە بۆ ئەو قۆناغەی کە ئەکەوینە شەڕ لە هەمو مەیدانەکانیدا.

دوژمن ئێستە زۆر مەغرورە، گەلەکەی ئێمە زەرەری زۆری گیانی و مادی و مەعنەوی لێ کەوتوە، خەڵک بە ئیتیجاهی بەهێزبونی مەعنەویات و خەباتی سیاسی و جوڵانی جەماهیری مەشروعیدا هان بدەین بەو مەرجەی هەوڵبدەین لە مەیدانی پێشمەرگەییدا خۆمان ساز بدەین بۆ وەشاندنی زەڕبەی کاریگەر لە کاتی پێویستدا، وە لە ئێستەوە ڕێگەوشوێنی کاری قانونی ئاشکرا و کاری ناقانونی نهێنی دابنێین و، لە هەمو مەیدانەکانیدا و پێکەوەیان گرێ بدەین.

دیارە ئەمانە ئاسان نین، بەڵام زەروری و مومکینن و ئەبێ بیان کەین.

**مەیدانی دوەم:** ئێران، بەداخەوە ژمارەیەکی زۆری تێکۆشەرەکانی ئێمە و خەڵکێکی زۆر بە ناچاری کەوتونەتە ئێرە. دیارە تا کاتی ڕێکەوتن لەگەڵ عێراق، ئێرە مەیدانێکی

گرنگی خەباتی پێشمەرگەیی و تەنزیمی و ئیعلامی و سیاسییە، بەڵام ئەم حاڵە بە رێکەوتنی ئەوان نامێنێ. جگە لەوەش هەبونی زۆرایەتی سەرکردایەتی و هەمو کادر و پێشمەرگەکان لە ئێران، سەربەخۆیی سیاسی لێ زەوت کردوین و، هەرچی ئێران پێی ناخۆش بێ، ئەبێ نەی کەین.

بێگومان ئێران وەکو بنکەیەکی سەرەکی بۆ خەباتی ئێمە و، وەکو هێزێکی گەورەی ناکۆک لەگەڵ دوژمنەکەی ئێمەدا، بۆ ئێمە زۆر گرنگە، ئەبێ لە دەستی نەدەین، بەڵام ئەبێ هەوڵبدەین سەربەخۆیی سیاسی خۆمان بەدەس بهێنینەوە، بۆ ئەوەی بە ئازادی بتوانین بجوڵێین و، تەنیا بە گوێرەی قازانجەکانی گەلەکەمان هەوڵبدەین وەربگرین و، مەهامی دەوڵەتی ئێران نەتوانێ ئیستیغلالی مەسەلەی رەوای گەلەگەی ئێمە بکا دژی عێراق بۆ قازانجی خۆی.

بێگومان لە بەرنامەکەی ئێمەدا ئەمەیان بەشی هەرە دژوار و نالەبار و قورسی ئیشەکەمان. چونکە زۆری سەرکردایەتی و کادر و پێشمەرگەمان لێرەن، بنکەی ئیعلام و، پەیوەندیمان لێرەیە. زۆرتریش هەڵسوکەت و ئازادی جوڵانمان بە دەس ئەوانە، ئەوانیش بە خۆڕایی جێگەی ئەو خەڵکەیان نەکردوتەوە، ئیشیان پێیەتی و ئەیانەوێ لە ململانێی تایبەتی خۆیاندا دژی عیراق ئەوپەڕی کەڵک لەم هێزە وەربگرن و بیگوشن. بەڵام لەناو بەرنامەی داهاتومانداا بڕیارمان داوە، لە کاتی پێویستدا قوربانی بەم هێزە بدەین و، لە هەنگاوەکانی داهاتودا حسابێکی وەهایان بۆ نەکەین کە سەربەخۆیی سیاسیمان بخەنە مەترسییەوە، بەڵکو هەوڵبدەین بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی تێکۆشەرانی مەیدانی یەکەم و مەیدانی سێیەم کەڵکیان لێ وەبگرین. من خۆیشم لەناو ئەو قوربانییانەدا داناوە، بۆ ئەوەی نەڵێن بەجێیان هێشتین.

**مەیدانی سێیەم:** دنیایە، کە توانیمان پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هەمو دەوڵەتە بەهێزەکانی دنیا، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر حیزب و رێکخراو و پەرلەمان و رۆژنامە و شەخسیاتی گەورەی دنیا پەیوەندی زۆر باش دروس بکەین، لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا مەرکەزی خۆمان ئەبەینە ئەورووپا و لەوێوە سەرکردایەتی هەر ٣ مەیدانەکە ئەکرێ بۆ ئەوەی لە ئەنجامی خەباتی هەموانداا بگەین بە نەتیجەیەکی باشی سەربەرزانە بۆ گەلەکەمان.

لە ئەورووپا جگە لە خەباتی دیبلۆماسی و ئیعلامی، رێگەوشوێنمان داناوە بۆ ئەوەی ئەگەر لێرە مەجالی دەرچونی رێبازی نوێ و شەراڕە و بڵاوکراوەی تر نەما لەوێ دەربکرێن، جێگەیەکیشمان تەئمین کردوە بۆ ئێستگەیەکی رادیۆ، هەروەها ناوکی هێزێکی پێشمەرگەمان دروست کردوە بۆ سزادانی سەرانی رژێم ئەگەر پێویستی کرد.

حەز ئەکەم سەرنجتان بۆ ئەوە رابکێشم کە ئێستە ئەوروپا گرنگیەکی زۆری هەیە لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، خۆتان گوشاری ئەم دوایەتان بیست لەسەر عیراق و، مەسەلەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی بۆتە مۆدەی دنیا و عیراق ناتوانێ خۆی لەو گەردەلولە دور رابگرێ، ئێمەیش دەورێکی سەرەکیمان هەبو لە سەرانسەری دنیادا لەو حەملەیەی دژی عیراق هەیە بۆ مافی مرۆڤ و، رژێم بۆیە ئەوەندە داخ لەدڵە لێمان و لە هەمو مناسەبەتێکا جنێومان پێ ئەدا.

دەربارەی گفتوگۆ، ئێستە هەندێ لایەنی عەرەبی خەریکن بکەونە بەینەوە، پار سەرکردایەتی ئێمە و هی پارتی بیروڕایەکی یەکگرتویان نەبو لەسەر ئەو مەسەلەیە، تەنانەت ئێمەیش هەمومان بیروڕامان یەک نەبو، عیراقیش جدی نەبو، چونکە هەر لەو ساڵەدا قەڵادزەی روخاند و پێشێل کردنی مافی مرۆڤی کورد و، جنێودانی بەردەوام بو بە هۆی سەرنەگرتنی هیچ محاولەیەک.

رەنگە ئەمساڵ عیراق لەژێر گوشاری ناوەوە و لە دەرەوەدا مەجبور بێ لە چوارچێوەی ئەو ئیتیفاقەی بەڵێنی داوە، هەندێ هەنگاو بنێ، بەڵام ئێمەیش بە گوێرەی ئەو بەرنامەیەی دامان رشتوە، ئەبێ هەوڵ بدەین زۆرترین دەسکەوتی لێ بسێنین و دیارە ئێمە گفتوگۆ و رێکەوتن مان پێ باشە بەو مەرجەی خواستەکانی گەلەکەمان بهێنێتەدی.

لە کۆتاییدا، تکای برایانەم ئەوەیە کە زۆر وریابن، پارێزگاری خۆتان بکەن، ئاگاتان لە خۆتان بێ، لە ئیشوکارەکاندا پەلە مەکەن، بە شێنەیی و هێمنی هەنگاو بنێنن. زۆر کەم بگەڕێن و خۆتان دەربخەن، تەنانەت ئەگەر هەندێ ئیش کە زەروری نیە ئێستە دوابکەوێ و نەیکەن، گرنگ نیە، تا وەزعەکە ئارام ئەبێتەوە و هێرشی دوژمن ئەنیشێتەوە و مەترسی قسەکردن و تەشەنەکردنی گرتن کەم ئەبێتەوە، تکام وایە ئاگاداری هاوڕێ پشکۆ و هاوڕێ مورادبکەی، کە زۆر زۆر ئاگایان لە خۆیان بێ و، مانەوەیان بە نەگیراوی زۆر گرنگە، با بۆ هیچ پڕۆژەیەکی سیاسی یا تەنانەت شەخسی خۆیان نەخەنە تەهلوکەوە، پیلانەکەی دوژمن بێگومان پوچەڵ ئەبێ.

کاکە گیان.. دوا نوقتە کە ئەمەوێ بینوسم، لە ئێستەوە لەناو خۆتاندا بیر لە دروستکردنی هەیئەتێکی قیادی بکەنەوە، بۆ ئەوەی هەمو ئیشوکارەکانی ناو وڵات و بڕیاردان و دانانی بەرنامەیان پێ بسپێرین. نەوەکو لە یەک دابڕێین، چونکە ئێمە لە دانانی بەرنامەی کاری داهاتودا بۆ ئاسانکردنی کارەکان بیرمان کردۆتەوە لەوەی بۆ هەر یەکێک لەو ٣ مەیدانە سەرکردایەتی خۆی هەبێ، بە گوێرەی هەلومەرجی ئەوی خەبات بکات و ببەسترێ بە مەرکەزی گشتیەوە لە ئەوروپا.

من خۆم، لێرە بم یا لەلای ئێوە بەلامەوە وەکو یەکە، لەبەر ئەوەی هەر کات پێویستی کرد من بێمە لای ئێوە، یاخود ئەگەر وەکو جاران جێگەورێگەکە لەبارە خۆم زۆرم پێ خۆشە بگوێزمەوە بۆ ئەودیو، رەنگە لەوێ بتوانم کەڵکی زۆرترم هەبێ.

کاکە گیان.. ئەم نامەیە تەنها بۆ خۆت و پشکۆ و مۆراد و ئەسەسەردە و ئەو برادەرانەی ئێستە مەسئولیەتیان هەیە، ئەمە بۆ تەعمیم کردن نیە، بەڵکو بۆ ئیش پێ کردنە، لێرە بۆ هەندێکی سەرکردایەتیش باس نەکراوە، بۆیە ئەبێ نهێنی بێ و بڵاوی نەکەنەوە.

ئیتر هەر بژین...

فەتاح[1]

٤ی ٤ی ١٩٩٠

سەرەتا دەبێ ئەوە روون بکەینەوە ئەم نامەیە لە هەلومەرجێکدا نووسراوە کە کوردستان و عێراق بە دۆخێکی تایبەتدا تێدەپەڕین. سەبارەت بە کوردستان، لە دوای پەلامارەکانی ئەنفال و وەستانی شەڕی عێراق-ئێران، جگە لە چەند مەفرەزەیەکی پارتیزان نەبێ، بەشی هەرە زۆری پێشمەرگەی هەموو لایەنە سیاسییەکان لە سەر سنورەکاندا و لە جوگرافیایەکی زۆر بەرتەسکدا حەسار درابوون، زیاتر لە حەوت هەزار گوندی کوردستان لەگەڵ خاکدا یەکسان کرابوون و خەڵکەکانیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا کۆکرابوونەوە. نائومیدییەکی زۆر لەناو خەڵک و پێشمەرگەدا بڵاوببوەوە و پێشمەرگەیەکی زۆر تەسلیم بوونەوە یان رووبان لە هەندەران کرد. بەشێک لە خەڵکی ناو ئۆردوگاکانی کوردستانی عێراقیش، لەبەر بێکاری و نەداری هیچ دەرەتانێکیان بۆ نەمابووە و بەناچاری ملیان بۆ جاشایەتی دابوو. رەنگە زیادەڕۆیی نەبێ گەر بڵێین سالانی دوای ئەنفال تاوەکو داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سوپای عێراقەوە، سەختترین سالەکانی مێژووی کوردی باشور بووبێت.

ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە عێراقەوە، سەدام حسێن و رژێمەکەی لە شەڕی هەشت سالەی عێراق و ئێراندا بە سەرکەوتنکی روالەتی دەرچووبوو، پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی و تەنانەت رای گشتی عێراقیشی هەبوو، هەرچەندە عێراقی کردبوو بەژێر قەرزێکی ١٠٠ ملیار دۆلارییەوە، بەڵام سەرکردە و ڕێبەرەکانی عەرەب پەیتا پەیتا خۆیان دەکرد بە بەغدادا و وەک سەرکردەیەکی براوەی شەڕ تەماشایان دەکرد.

---

[1] . . بەلگەنامەی ژمارە (٣٢) نامەی نەوشیروان مستەفا (فتاح) بۆ مستەفا سەید قادر (عەزیز).

سەدام حسێن، بۆ جوانکردنی روخساری رژێمەکەی لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بۆ هێورکردنەوەی دۆخی ناوخۆی وڵات، دەستی دایە کۆمەڵێک چاکسازی و لە میدیاکانییەوە بانگەشەی بۆ دیموکراسی دەکرد. پرۆژەیەکی دەستوری کاتی ئامادە کرد و بەپێی پرۆژەکەی کراونەوەیەکی سیاسی سنوردار و رێگەدان بە دروست کردنی پارت و رێکخراوی سیاسی درابوو.

ئەم نامەیەی نەوشیروان مستەفا بۆ مستەفای سەید قادر، کە ئەرکی سەرکردایەتی کردنی ناوخۆی رێکخستنەکانی یەکێتی پێسپێردرابوو، لەو هەلومەرجەدا نووسراوە، رەنگ و بۆنی دۆخەکەی بەسەرەوەیە. نەوشیروان مستەفا، وەک سیاسەتمەدارێکی بە ئەزموون و فەرماندەیەکی سەربازی کارامە، لە خەمی ئەوەدایە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و رێکخستنەکانی یەکێتی لەو رەشەبا و تۆفانە سەختەدا بپارێزێ و کاروانی شۆڕشەکەی بگەیەنێتە کەنارێکی ئارام و بە کەمترین زیان لێی دەرچێ. نەک هەر ئەوە بگرە وەک سیاسییەکی پراکماتیست هەوڵ ئەدات کەڵک لە دەرفەتە وەرگرێت و شێوازێکی نوێ لە کاری سیاسی و پێشمەرگایەتی بگرێتەبەر.

نامە هەشت پەڕەیەکەی نەوشیروان مستەفا، دوو تەوەری سەرەکی لەخۆ گرتووە؛ تەورەرێکیان هەڵسەنگاندنە بە شێواز و جۆری خەبات لە رابردوودا، تەوەری دووەمیش بریتیە لە نەخشەدانان بۆ کاری ئایندەیان بەپێی هەلومەرجە گۆڕاوەکانی کوردستان و عێراق.

لە تەوەری یەکەمدا راشکاوانە هەڵسەنگاندنی بۆ جۆری کارکردنی رابردوویان کردوە و رەخنەی لێ گرتووە و کەموکوڕییەکانی خستووەتەڕوو. بەپێی ناوەڕۆکی نامەکە دەردەکەوێ ئەو هەڵسەنگاندنە دەرئەنجامی گفتوگۆ چەند مانگی خۆی و بەشێک لە هاوڕێکانیەتی لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. گرنگترین ئەو رەخنانەی لە خۆیانی گرتووە بریتیە لە:

نا واقیبوونی بەرزکردنەوەی دروشمی روخاندنی رژێم. بەڕای ئەو ئەو دروشمە زۆر گەورەتر بووە لە ئیمکانیاتی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چونکە هەلومەرجی ناوخۆی عێراق و نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی عەرەبی بەهێز، وایان کردبوو سەدام حسێن بەبێ ترس بەردەوام بێ لە دیکتاتۆریەت. هەڵگرتنی ئەو دروشمەش رێگرێکی گەورە بووە بۆ ئەوەی بتوانرێ لە رێگەی گفتوگۆوە دەسکەوتی سیاسی بەدەست بهێنرێت.

پاش ئەو هەڵسەنگاندنە خێرایە، دێتە سەر تەوەری دووەمی نامەکەی کە دانانی نەخشە و پلانە بۆ کاری ئایندەیان و ناوی ناوە "سەپاندنی چارەسەر کردنی سیاسی کێشەی

کورد". نەوشیروان مستەفا هۆکاری گرتنەبەری ئەم دروشمە نوێیەی بۆ بەهێزی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆییەکانی رژێم لەو قۆناغە لە قەڵەم داوە، بەڵام ئەوەشی روون کردوەتەوە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە تاکتیکە و ستراتیژ نییە و بە مانای دەستبەردار بوون نییە لە ئامانجە نەتەوەیی و سیاسیەکانی کورد و دەڵێ "ئەگەر هەلێک هاتە پێشەوە بۆ سەپاندنی مافی چارەنووس، دیسان ئەبێ بەوپەڕی لە خۆبوردنەوە بیقۆزینەوە".

هەر لەم تەوەرەدا نەوشیروان مستەفا شوێنی خەباتی بەسەر سێ مەیدانی جیاوازدا دابەش کردوە کە بریتین لە:

أ. مەیدانی ناو عێراق و کوردستان،

ب. ئێران،

ج. ئەوروپا و سەرانسەری دنیا.

بەڵام دوو مەیدانی دواییان دەبێ لە خزمەتی مەیدانی یەکەم واتە ناوخۆ بێت، کە پارتیزان و رێکخستن و خەڵکی کوردستانی لێیە.

بۆ مەسەلەی شێوەکانی خەباتیش لە نامەکەتدا جەخت کراوەتەوە لەسەر ئەو ستراتیژی نوێی خەباتەی کە لە دوای ئەنفالەکان داڕێژرابوو (خەباتی چەکداری، رێکخراوەیی، سیاسی، میدیایی و دیپلۆماسی) و هەموویان بە گرنگ دەزانێ.

سەبارەت بە شێوازی کارکردن لەناو خۆی عێراق، نەوشیروان مستەفا بە گوێرەی هەلومەرجە نوێیەکانی کوردستان و عێراق داوای کردوە سەرەتا رێکخستنەکان پتەوبکرێن و خۆیان بپارێزن لە هەر سەرکێشیەک کە بە زیان بۆیان دەکەوێتەوە و پاشان هەوڵ بدرێت لە چوارچێوەی قانونە بەرکارەکانی عێراقدا خەڵک هان بدرێت داوای مافەکانی خۆیان بکەن.

خاڵی هەرە گرنگی نامەکەی بریتیە لە بایەخدان بە پرەنسیپی کاری پێشمەرگایەتی، جا پێشمەرگە پارتیزانەکان بێت یان سوپای رزگاری کوردستان، چونکە تاکە رێگەیە دوژمن هەراسی لێی هەیە، بەڕای نەوشیروان مستەفا، تەنانەت لەکاتی رێکەوتنیش لەگەڵ رژێمدا، نابێ دەستبەرداری ئەو شێوازەی خەبات ببن.

لایەنێکی گرنگی دیکەی نامەکەی نەوشیروان مستەفا، تەکتیکێکی نوێ بوو کە پێشتر کاری لەسەر نەکرابوو و زیانی زۆریشی لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد دابوو، ئەویش هاندانی خەڵکی باش و شەریف بۆ چوونە ناو مەجلیسەکانی تەنفیزی و تەشریعی و وەتەنی، لە جیاتی ئەوەی خەڵکی خۆفرۆش و جاش بچن هەوڵ بدرێت خاڵکانێکی دڵسۆز بچنە ئەو شوێنانە. لە سەرەتای دروست ئەو دامودەزگایانە تاوەکو

ناوەڕاستی هەشتاکانیش، هەندێ جار خەڵکانێکی نیشتمانپەروەر چوونەتە ئەو مەجلیسانەوە و رۆڵی باشیان بینیووە.

کوردەکانی تورکیا و ئێران لەم بوارەدا ئەزموونیان هەبوو، لە هەموو قۆناغەکاندا بەشێوەی سەربەخۆ یان لە ناو حیزبەکانی دیکەدا، خەڵکانی وەک موسا عەنتەر و لەیلا زانا لە پەرلەمانی تورکیا و بەهاوەدین ئەدەب لە پەرلەمانی ئێران چوونەتە پەرلەمان و کاری باشیان کردوە.[1]

هەروەها باسیش لەوە دەکات گەر رژێم رێگەی بە دامەزراندنی حیزب و دەرکردنی رۆژنامەش دا هەوڵ بدرێت رێگەی لێ نەگیرێت. هەر ئەو سالّە رژێم رێگەی بە دەرکردنی رۆژنامەی ئاسۆ و بزاڤ دا و کۆمەڵێک نووسەری دڵسۆز تێدا دەیانووسی و کاریگەریان هەبوو.

خواستێکی دیکەی نەوشیروان مستەفا لە سەرکردایەتی ناوخۆ، بریتی بووە لە جووڵاندنی شەقام و کۆمەڵێک داخوازی بخرێتە سەر زمانی خەڵک کە رژێم زۆر پێی ئیبتزاز نەبێ وەک مەسەلەی ئازادکردنی گیراوەکان و مەسەلەی بێکاری و گەڕانەوە بۆ گوندەکان. ئاکۆ محەمەد وەهبی، سەرپەرشتیاری رێکخستنەکانی رێکخراوی سلێمانی سەبارەت بەو خاڵە دەڵێ: "لە چوارچێوەی ئەوە بەرنامەیەدا دوای داگیرکردنی کوەیت و دانانی گەمارۆی ئابوری لەسەر عێراق، ئێمە لە ڕێگەی تایبەتەوە هانی جوتیارەکانی دەوروبەری عەرەبەت و زەڕایەنمان دا تاوەکو مەزبەتەیەک بدەن بە مونەزەمەی بەعس بۆ ئەوەی رێگەیان پێ بدەن بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن زەویەکانیان بکێڵن و رۆڵیان هەبێ لەکەم کردنەوەی کاریگەری گەمارۆی ئابوری ئەمریکا لە سەر عێراق، بۆ ئەوەی ببن بە سەرچاوەیەک بۆ یارمەتیدانی پارتیزانەکان لە زۆر رووەوە."

سەبارەت بە شێوازی کارکردن لە مەیدانی دووەم کە ئێرانە، نەوشیروان مستەفا نایشارێتەوە بۆ هۆی دۆخی دوای ئەنفالەکان و پەنابردنی زۆربەی سەرکردە و پێشمەرگەکانیان بۆ ناو خاکی ئێران، کاریگەری سیاسی ئەو ولاتە بەسەر شۆڕشی کوردەوە زۆرتر بووە لە جاران و هەوڵ دەدەن ئیستغلالی دۆخەکەیان بکەن و کەی ویستیان لە دژی عێراق بەکاریان بهێنن. ترسی ئەوەش هەبوو هەموو پێشمەرگەکان

---

1. لە کوردستانیش، سالّی ١٩٧٩ شەهید سەرکەوت کە پێشمەرگەیەکی ناوداری گەرمیان بوو، لە گوندی خاڵەبەگ شەهید دەبێت، حکومەت تەرمەکەیان هێناوەتە مونەزەمەی کەلار و لەبەردەم مونەزەمە جامەدانیەکیان پێوە پێچاوە و فڕێیانداوە. ئاسۆی مەحمود بەگ کە ئەندامی مەجلیسی وەتنی بوو، سەرەڕای هەڕەشەکانی رژێم، پێش خەڵکی کەلار دەکەوێ و لە مەراسیمیکی شایستەدا بە خاکیان سپاردەوە.

لە چەند ئۆردوگایەکدا کۆ بکرێنەوە. بۆیە لە نامەکەدا رووونی دەکاتەوە کە ستراتیژی ئەوان لەو قۆناغەدا بریتیە لەوە لە داهاتوودا هێندە پشت بە ئێران نەبەستڕێ و هەوڵ بدرێ ناوخۆ و دەرەوە بەهێز بکرێت. بۆ ئەوەی بتوانرێ ئازادانە و دور لە گوشاری ئێران هەنگاوی سیاسی بنێن. هەر بۆ ئەو مەبەستە لە زەڵێ کە خاکی عێراق بوو، فەرماندەیی هێزی تایبەتیان دروست کرد بۆ تەدریب و بەهێزکردنی رەتڵی پارتیزانەکان لە کوردستان.

سەبارەت بە کارکردن لە مەیدانی سێیەم کە ئەوروپا و وڵاتانی دنیایە، نەوشیروان مستەفا لە نامەکەدا ئەوە دەخاتەڕوو کە لە داهاتوودا بۆ سێ مەبەست قورسایی سەرکردایەتی خۆیان دەبەنە ئەوێ؛ ١. بۆ کاری دیپلۆماسی ٢. بۆ بەهێزکردنی کاری میدیایی و تەنانەت کردنەوەی ئێستگەیەک کە لەوێوە پەخش بکات ٣. هێزێکی تایبەتیش دروست دەکرێ بۆ تیرۆرکردنی سەرانی رژێم ئەگەر پێویستی کرد.

نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوەی ئەو سێ ناوەندە بتوانن بە باشی ئەرکەکانیان هەڵسوڕێنن، بۆ هەریەکەیان سەرکردایەتییەکی سەربەخۆی داناوە و مەرکەزی گشتیش لە ئەورپا بووە کە مام جەلالی لێ بووە و بڕیاریشی داوە خۆی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ستراتیژیە نوێیە و سەرکردایەتی کردنی کاروباری ناوخۆی کوردستان و عێراق بە شێوەی نهێنی بگەڕێتەوە بۆ شار و لە نزیکەوە ئیدارەی شۆڕش بکات. ئەو ئامادە نەبوو لەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەدا گەلەکەی و کوردستان و هاوڕێ پێشمەرگەکانی بەجێ بهێڵێ.

### ٣. نامەی فەتاح بۆ پشکۆ

لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٨٩ تاوەکو تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، رژێمی بەعس توانی ٣٠ لە کادیرە دیارەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرپرسی رێکخراوی سلێمانی شەهید جەباری حاجی ڕەشید (هاوڕێ باوەڕ) دەستگیر بکات، لە ئەیلولی هەمان ساڵیشدا مستەفای سەید قادر (عەزیز) کە لە ساڵی ١٩٨٨ بە نهێنی گەڕابووە بۆ سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی کۆمەڵە لە هەولێر، دەستگیر کرا. گیرانی ئەوانە گورزێکی قورسیاندا لەو نەخشانەی کە نەوشیروان مستەفا دایڕشتبوون بۆ رێکخستنەوەی شۆڕشی گەلی کوردستان لە دوای ئەنفالەکان، بەڵام بە هۆی خۆڕاگری دەستگیر کراوەکان و ئاشکرا نەکردنی نهینیەکان، و بەردەوامی هاوڕێکانی دیکەیانەوە، هەر زۆر زوو توانرا کەلێنەکان پڕ بکرێتەوە و دۆخەکە بەو جۆرەی نەخشەی بۆ دانرابوو بخرێتەوە سەر راستەڕێی خۆی.

لە دوای گرتنی ئەو کادیرانە، ئاکۆ محەمەد وەهبی کە ناوی نهێنی (پشکۆ) بوو، بە ئەمری واقع بوو بە بەرپرسی ڕێکخراوی سلێمانی. ئیتر لەوە بەدواوە لە چەند ڕێگەیەکەوە توجیهات و نامەکانی نەوشیروان مستەفا (فەتاح) دەگەیشتە دەستی. لەبەر گرنگی مێژوویی ئەو نامانە، لە خوارەوە بەشێک لەو نامەیەی کە لە ١٩٩٠/٧/١٠ ناردوویەتی بۆی، دەخەینەڕوو. گرنگی ناوەڕۆکی ئەم نامەیە لە کاتەکەیدایە، کە هێشتا کوەیت داگیر نەکرابوو و شۆڕشی کوردستان لە سەختترین دۆخەکانی و رژێمی بەعسیش لە ترۆپکی بەهێزی خۆیدا بووە.

لە نامەکەی نەوشیروان مستەفا کە بەدەستخەتی خۆی نووسراوە، هاتووە: "زۆر سوپاستان ئەکەم بۆ نامەکانتان، بەتایبەتی دەربارەی هەلومەرجی کاری پێشمەرگەکانی ناوەوە، لێردا بە چاکی ئەزانم هەندێ شتتان بۆ بنوسم:

١. ئێمە خۆمان بە چاکی ڕێکخستوەتەوە، وا نمونەیەکمان بۆ ناردن لە فەرماندەی گشتی بەشی (هێزی تایبەت) تەرخان کراوە بۆ ئەوانەی ناوەوە. ئێستە چەن وەجبەیەکی زۆر باش و هەڵبژاردەمان ڕێک خستوە، هەندێکیان تەدریبی تایبەتمان پێ کردوون. بێ گومان ئاگادارن لە کاک ئاکۆ (مەبەستی شەهید ئاکۆ سورە فەرماندەی ڕەتڵی کەرکوک) و مەفرەزەکەی. لەم ڕۆژانەدا مەفرەزەیەک بۆ قەرەداغ ئەنێرین. کاک سامان سەعید کە مەشهورە بە رئیس و پێشمەرگەیەکی کۆنە مەسئولیانە، مەفرەزەیەک بۆ ناو هەمەوەند کاک جەوهەر لەتیف گەرمیانە مەسئولیانە (مەبەستی شەهید جەوهەرە). سامان بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی ئیعتماد ئەکاتە سەر شاری سلێمانی و عەربەت، جەوهەر ئیعتماد ئەکاتە سەر چەمچەماڵ و ئۆردوگاکانی دەوروبەری. ئەم دوو تاقمە تەدریبی باشمان پێ کردوون، ئەکرێ بۆ هەندێ ئیش وکاری ناو شار کەڵکیان لێ وەربگیرێ. خۆشمان زۆرمان قسە لەگەڵ کردوون، کە ئیعتماد بکەنە سەر خۆیان و ناسیاوەکانیان، بەڵام دیارە لە سەرەتادا تا خۆیان جێگیر ئەکەن، پێویستیان بە یارمەتی و پشتیوانی ئێوە هەیە.

٢. پێشنیاری من ئەوەیە کە هاوڕێیەکی لێوەشاوە، لەگەڵ چەند کەسێکی جیا جیا لە ئۆردوگا جیاوازەکان، بۆ ئەو کارە تەرخان بکرێ و هەموو ڕێکخستن لەم مەسەلەوە نەگلێ. لام وایە ئەوەش کارێکی ئەوەندە زەحمەت نیە. لەباتی ئەوەی زۆری برادەران بەوەوە خەریک بن، خەتێکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکەن، بەتایبەتی لەو خەڵکانەی کە خۆیان خەڵکی ئەو ناوچانە بون و ئێستە لە ئۆردوگاکاندان.

٣. ئەگەر لەبیرتان بێ بەر لە دو ساڵ لە چەند نامەیەکدا تاکیدی زۆرم لەسەر پێکهێنانی لەشکری نهێنی ئەکرد لە ناو شارەکاندا و، بۆ ئەو مەبەستە کاتی خۆی کە دو

برادەرەکە هاتن، من بەسەریدا سەفەرم کرد و لام وایە زۆر ئیهتمامی پێ نەدرا. ئێستەش جارێکی تر ئەو داوایە دوبارە ئەکەمەوە، وە ئەوە ضمانەتێکی زۆر گرنگە بۆ پاشەڕۆژی گەلەکەمان، ئەگەر ئێمە بمێنێن یان نەمێنێن، وە ئەگەر ئێران و عێراق رێک بکەون یان رێک نەکەون وە ئەگەر جوولانەوەی کورد لەگەڵ حکومەتی بەعس رێک بکەوێ یان رێک نەکەوێ، لە هەموو حاڵەتێکا ئەمە یەکێکە لەو ضمانانەی پێویستە بۆ دیفاع و پارێزگاری گەلەکەمان، بۆیە هیوا دارم لە چەند مانگی داهاتودا هەموو جوهدی خۆتان بۆ ئەوە تەرخان بکەن، بەڵکو لەم ساڵەدا جێبەجێ بکەن، شەرت نیە لەسەدا سەد جێبەجێ ببێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەشێکی جێبەجێ بکرێ و خەریکی جێبەجێ کردنی هەموی بن. هەروەها بە درێژی بۆ کاک عەزیزم (مەبەست مستەفای سەید قادرە) بۆ هەمان مەبەست نوسیوە، خەتێکی تریش هەیە بۆ ئەوانیشم نوسیوە، وا سکێجی جۆری رێکخستنەکە و پەیڕەوی ناوخۆی هێزەکەتان بۆ ئەنێرم، بە ئومێدی ئەوەی بەکەڵک بێ و، هەنگاوی جیدی بنێن بۆ جێبەجێ کردنی. زۆر گرنگە فەرماندەیەکی بۆ دانێن لە کەسانی ئازا و لێوشاوە. پێویستیەکانیان لە چەکی گەورە وەک کلاشینکۆف، ئاربی جی و هاون زۆرمان هەیە لە خواری هەر مەفرەزەیەک ئەتوانین بەشی خۆی بدەینێ، بۆ کەلوپەلی پێشکەوتو و نوێش خەریکی هێنانین، ئەمانەی ئێرە موافەقەتیان کردووە، ئێستە کەسێکمان ناردوە بۆ ئەو جێگەیەی لێیەتی بە کۆمەڵ بیگوێزینەوە، ئومێدەوارم لەم هاوینەدا بتوانین هەموی بگەیەنین، کەلوپەلی عەسریە، میقدارەکەش زۆرە، لەبەر ئەوە پێویستە لە ئێستەوە جێگەی باش لە ناو شار و ئۆردوگاکان و لە شوێنە چۆڵەکاندا بۆ ئامادە بکەن، بەشی چەکدار کردنی هەموو ئەو سپایە ئەبێ کە پێشنیارمان کردووە و رەنگە زیاتریش بێ.

٤. جارێکی تریش تاکید لەسەر پێکهێنانی (سوپای رزگاری کوردستان – سرک) ئەکەم بە هاوکاری لەگەڵ کاک عەزیز و برادەرانی تر، وە ئەوە شتێکە کار لە چارەنوسی گەلەکەمان ئەکا.

٥. کادیری زۆر باش و پێشمەرگەی رێکوپێک ئامادەن بۆ خۆ شاردنەوە بێنەوە ناو شارەکان و کار بکەن ئەگەر بە چاکتان زانی و جێگەتان پێ ئامادە ئەکرێ ئاگادارمان بکەن رەوانەیان ئەکەین بۆ لاتان.

٦. کاکە عەبە رەق و برادەرێکیان بە ناوی دلاوەر کە زۆر جێگەی بڕوایە هەریەکەی مەفرەزەیەکیان ئامادە کراوە، بۆ گوێزانەوەی شتەکان، بەڵام پێویستە ئێوەش شوێن بۆ شتەکان ئامادە بکەن و، کەسانێکی وەها دابنین کە یەکسەر و بێ دوا کەوتن لێیان وەرگرن.

٧. وەکو ئەڵێن خانو لە ئۆردوگاکان هەرزانە، پێشنیارم وایە ئەگەر بکرێ لە هەر ئۆردوگایەک بۆ هەریەکێ لەو مەفرەزانە خانویەک بکڕێ یان چاک بکرێ، بۆ حەوانەی خەڵک، یا شاردنەوەی کەلوپەل، یاخود بۆ کاری پێویست.

٨. ئەگەر بکرێ چەند هەوییەک کە ئێستە لە عێراق ساری مەفعول بێ بنێرن بۆ ئەوەی لەسەری دروست بکەین، هەروەها جۆری ئیجازەی هاتوچۆکردن، بۆ ئەوەی ئەوانەی دینە خوارێ پێیان بێ.

٩. ئەو پێنج پێشمەرگەیەی لە دۆڵەڕوت شەهید بون لە جەماعەتی حەرەکەی ئیسلامی بون، خەڵکی دۆڵی جافەتی بون پێنجیان گەڕابونەوە لەوانەش یەکێکی تریان لە ئاوا خنکا.

١٠. بۆ مەسەلەی شێخ کامیل، رەنگە ئەو هەواڵە راست نەبێ، لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ کرد، خەریکی سەفەرکردنە بۆ ئەوروپا لەبەر ئەوە پێویستی بەو کارە نیە، براکەشی کاتی خۆی فەرماندەی کەرت بو...

١١. بەم نزیکانە کاک غەریب (مەبەستی شەهید غەریب هەڵدەنی فەرماندەی رەتڵی سورداشە) و کاک بێستون (بێستون سابوراوایی) ئەگەڕێنەوە لامان، ئەگەر بەریدی قورستان هەبوو ئەتوانن بەودا بینێرن، ئێستا هەموو نامەکان لە رێگەی کاک عەزیزەوە ئەنێرن پێمان ئەگا بە زویی.

١٢. حەز ئەکەم ئەگەر هەواڵی نوێی گیراوەکان هەبێ ئاگادارم بکەن.

١٣. لەم ماوەیەدا تەسلیم بونەوە هەبوە، هۆیەکانی ١. مەترسی خەڵک لە رێکەوتنی عێراق – ئێران و ترسی چارەنوسی خۆیانە ٢. بێ ئومێدی لە گفتوگۆ و رێکەوتن لەگەڵ عێراق. ٣. دەوری تەخریبی هەندێ لە کادیرەکانی هەولێر کە وەکو سەردەمی (ئالای شۆڕش – ئاش) بە مونتەزەمی کەوتونەتە خەڵک روخاندن. لەگەڵ ئەوەشدا کادیر و پێشمەرگە باشەکان هەمویان ماون و لە رێکخستنەوەی نوێدا بەگەڕمان خستون.

ئێمە هێزەکانمان بەم جۆرە پۆل پۆل کردووە:

١. بەشێکیان بۆ ناردنەوەیان بۆ خوارێ.

٢. بەشێکیان لە چەند بەتالوێنێکدا وەکو نەواتی هێزێکی مونەزەم رێک خراون. بەتالیۆن لە باتی کەتیبە دانراوە. ئیستفادەمان لە تەجروبەی فەوجی عێراقی و لیوا و هی خۆمان و ئێران کردووە، وامان دانەوە لە حاڵەتی کەم بوندا هەر بەتالوێنێک ئەبێ بە ١٠٠ کەس و لە حاڵەتی زیاد بوندا ئەبێ بە ١٥٠٠ کەس.

٣. ئەوەی بە کەڵکی ئەوە نایەت لە تیپی ئیحتیات دا رێکخراون.

٤. داودەزگاکانی تری وەکو راگەیاندن و پەیوەندی و دارایی وەک خۆیان ماون.
٥. هەندێک پێشمەرگەی باشمان هەڵبژاردوە ئەیانێرینە دەرەوە بۆ فێربونی زمان و چاوکرانەوە، ئەگەر پێویستی کرد ئیشکردنیش ببن. ئێستە لەوێش ئیشمان پێ ئەکرێ.
دوبارە سڵاوم هەیە، بە هیوای سەلامەتی و سەربەرزیتانم[1]

نەوشیروان مستەفا (فەتاح)

١٩٩٠/٧/١٠

پاش ئەو هەموو فیداکاری و نەخشە و پلانە ستراتیژیانەی دوای ئەنفالەکان و پێش داگیرکردنی کوەیت بە چەندین مانگ، کەچی مەلا بەختیار بەبێ ئەوەی ویژادنی تۆزقاڵێک ئازاری بدات، یان لە مێژوو سڵ بکاتەوە، لە کتێبەکەیدا دەنووسێ: "من هیچ گومانم نییە، سەرکەوتنی راپەڕین و دوای راپەڕینیش، سەرەنجامی راست و دروستی ئەو سیاسەتە نەبوو کە پەیڕەو کرا، بەڵکو بەهۆی داگیرکردنی کوەیت و گۆڕانکاریە ئیقلیمی و عێراقییەکەوە بوو، کە هاتنە پێشەوە. ئەگینا دڵنیام کە چارەنوسی یەکێتی، بە رێکەوتنی مفاوەزاتێکی لەرزۆک لەسەر دەستی نەوشیروان و هاوڕێ سازشخوازەکانی، تەواو دەبوو."[2]

خاوەنی ئەم قسانە، لە هەموو کەس باشتر دەزانی چۆک دانەدانی دوای ئەنفالەکان و خۆسازدانەوە و ئامادەباشی بۆ راپەڕین، بەرهەمی رەنج و ماندوبوونی سەدان پێشمەرگەی پارتیزان و کادیری رێکخستنی فیداکاری وەک شەهیدان جەباری حاجی رەشید (باوەڕ)، مامۆستا ئەحمەدی صناعە (گمۆ)، وەستا بـــەکری دارتاش (پۆلا)، عەتای حاجی ئەحمەد (زانا) و حمە ڕەحیم حسن (شەماڵ)، بۆ دەبێ رق و قینی بەرامبەر بە نەوشیروان مستەفا، تا ئەو رادەیە بەرچاوی رەش بکات و گیان فیدایی ئەوانە نادیدە بگرێت؟!

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٣٣) نامەی نەوشیروان مستەفا (فتاح) بۆ ئاکۆ وەهبی (پشکۆ).
2 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٢.

بەشی حەوتەم

# نەوشیروان مستەفا ئەندازیاری

# راپەڕینی ١٩٩١

هەموو ساڵێک لە ٥ی ئازاردا گەلەکەمان لە باشور یادی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەکاتەوە. راپەڕین، یەکێک لە گرنگترین قۆناغەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان بوو لە سەدەی بیستەمدا. راپەڕین و بەدوای ئەویشدا کۆڕەو، توانیان کێشەی کورد لە دۆخێکی پەراوێزخراوی نێونەتەوەییەوە، بکەن بە کێشەیەکی جیهانی و بگرە رای گشتی جیهانیشی بە مەسەلەی کورد ئاشنا کرد.

راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ درێژەپێدەری هەموو ئەو شۆڕش و راپەڕینانە بوو کە بە درێژایی ٨٠ ساڵی لکاندنی کوردستانی باشور بە عێراقەوە لە لایەن تێکۆشەر و حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانەوە لە دژی داگیرکەری عێراقی ئەنجام دراون.

لەم چەند ساڵەی رابردوودا، چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە و هەزاران بابەتی ڕۆژنامەوانی لەسەر راپەڕین نووسراون و بە دڵنیاییەوە لە داهاتووشدا دەنوسرێن. سەرەڕای هەبوونی هەزاران بەڵگە و شایەتحاڵ، بەڵام زۆر کەم لەو لێکۆڵینەوانە بە چاوێکی بێ لایەنانەی ئەکادیمی نووسراون، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەو راپەڕینە چەند ڕەهەندییە؛ ڕەهەندێکی بەشداری زۆربەی هێزە سیاسییەکانی ئەو کاتەی کوردستانە، هەر حیزبە و بە حەجم و قەبارەی خۆی لە راپەڕینەکەدا. ڕەهەندێکی دیکەش بەشداریکردنی بەرفراوانی جەماوەری کوردستانە، تەنانەت ئەو چەکدارانەی کە رژێم بۆ رۆژێکی وا پەروارى دەکردن کە راپەڕینی لەو چەشنە دامرکێننەوە. لە رۆژانی یەکەمدا حزورێکی بەرچاویان هەبوو لە راپەڕیندا، لەو سۆنگەیەوەیە زۆر کەس و لایەنی سیاسی دەیانەوێ خۆیان بکەن بە ساحێبی و لە کاتی گێڕانەوەیدا هەر لایەکیان تەنیا لە روانگە و گۆشەنیگای خۆیەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

ئەوانەشی حزورێکی وایان نەبووە لەو ڕووداوە گەورە مێژووییەی گەلی کورد لە باشور، هەردەم هەوڵ دەدەن بە چاوێکی ڕەشبینی و دوور لە حەقیقەت ڕووداوەکان بگێڕنەوە و تەنانەت بە هەموو هێزێکیانەوە کار دەکەن بۆ شێواندنی راستییەکان و نادیدەگرتنی ڕۆڵی هەندێ لە کاراکتەرە سەرەکییەکان کە وەک داینەمۆی راپەڕین بوون.

ڕەنگە لەوەدا نەوشیروان مستەفا لە هەموویان زیاتر ناحەقی بەرانبەر کرابێت و مێژووی گێڕانەوەی راپەڕین وەکو خۆی حەقی پێ نەدرابێت. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەیە، نەوشیروان مستەفا هیچ کاتێک نەیویستوە مێژووی تێکۆشانی خۆی بە میللەتەکەی بفرۆشێتەوە. هۆکاری دیکەشی ئەوەیە هەندێ لە نەیارە سیاسییەکانی لە دوای کۆچی دوایی، دەیانەوێ لەو ڕێگەوە پەلاماری بدەن و لە سەروەرییەکانی کەم بکەنەوە.

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم لەپاڵ گێڕانەوەی چیرۆکی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە ڕێگەی بەڵگەنامە و شایەتیاڵەکانەوە بەوردی تیشک بخەمە سەر ڕۆڵی نەوشیروان مستەفا وەک ئەندازیاری راپەڕین، بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستی بەشێک لەو ناحەقیانەی کە لەم دواییانەدا لە لایەن هەندێک قەڵەم بەدەستی سیاسیەوە بەرانبەری دەکرێت، بخەمەڕوو.

# باسی یەکەم
# راپەڕین لە پلانەوە بۆ جێبەجێ کردن

**یەکەم: داگیرکردنی کوەیت**

لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ هێزەکانی گاردی کۆماری سنوری نێوان عێراق و کوەیتیان بڕی و بەرەو قوڵایی ئەو وڵاتە ڕۆیشتن و لە ماوەیەکی کەمدا هەموو شارە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتەیان داگیرکرد. دوای دەست بەسەراگرتنی رادیۆ و تەلەفزیۆن، دەستیان دایە گرتنی هەزاران کەس و ژمارەیەکی زۆریش خەڵکی بیانیان وەک بارمتە گرت. سەدام حسێن لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند (کوەیت)م وەک یەکێک لە پارێزگا دابڕاوەکانی عێراق گەڕاندەوە. ڕۆژێک دوای داگیرکردنی کوەیت، بەیاننامەیەک بە ناوی (بەرەی کوردستانی)یەوە دەرچوو تێیدا هاتووە: "بەناوی بەرەی کوردستانی و گەلی کوردستانی عێراق ئیدانەی داگیرکردنی کوەیت دەکەین لە لایەن رژێمی سەدام و داوا دەکەین بەپەلە لە کوەیت بکشێتەوە و بەشێوەی گفتوگۆی برایانە ناکۆکییەکان چارەسەر بکرێن و ڕێز لە سەروەری و سەربەخۆیی گەل و حکومەتی کوەیت بگیرێت.

دواتر بەیاننامەکە داوای لە گەلی عێراق کردووە کە لە دژی ئەو داگیرکارییە بوەستنەوە و داواشی لە هێزە چەکدارەکان کردووە کە فەرمانی فەرماندەکانیان ڕەت بکەنەوە. لە کۆتاییشدا داوای لە هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق کردووە هەڵوێستێکی یەکگرتوو وەرگرن و پێکەوە کار بکەن بۆ ڕزگار کردنی عێراق لە چنگی ئەم رژێمە و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ."[1]

بەیاننامەکە لەژێر کاریگەری ڕای پارتیدا نوسرابوو، پێچەوانەی بیرکردنەوەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، کە پێی وابوو لە ئێستادا دەبێ کورد هەڵوێستی خۆی دیاری نەکات، نە بە ئیدانە و نە بە پشتگیری کردن، بەڵکو دەبێ خۆی

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٣٤) بەیاننامەی بەرەی کوردستانی دوای داگیرکردنی کوەیت.

ئاماده بکات بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەگەرەکان. ڕۆژی ١٩٩٠/٨/٢٦ ئازاد جوندیانی نوێنەری یەکێتی لە راگەیاندنی بەرەی کوردستانی، بروسکەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسی کردووە و داوایکردووە "ئەو تەصریحانە بڕیارە لەم ژمارەیەی بەرەی کوردستانیدا بڵاوبکرێتەوە... ئێوە موافقن؟ ئەگەر موافق نین چۆن معالەجەی بکەین؟"

نەوشیروان مستەفا لە وەڵامدا بۆی نووسیوە: "ئێمە موافق نین لەسەر بڵاوکردنەوەی هیچ کام لەو تەصریحاتانە، لەبەر ئەوە بڵاوی مەکەنەوە، هەڵوێستی ئێمە لەو مەسەلەیەدا بێ دەنگی و چاوەڕوانییە، تا خۆمان بڕیارێکی لێ ئەدەین."[1]

لەبەر ڕۆشنایی بەیاننامەکەی بەرەی کوردستانی، مام جەلال لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی جمهوریەتی تورکی داوە و باسی لەوە کردووە کە کورد ئامادەیە بەشداری لە شەڕی لێدانی عێراقدا بکات. ئەم تەصریحاتەی مام جەلال کە لەگەڵ بەیانەکەدا دژبەیەک نین، بەڵام مەسعود بارزانی لە بروسکەیەکدا لە شەوی ١٥\١٦ی ئاب داوای لە نەوشیروان مستەفا کردووە پەیوەندی بە مام جەلالەوە بکات بۆ ئەوەی چیتر لێدوانی وا نەدات: "ئەمڕۆ جەریدەی جمهوریەتی تورکیا تەصریحێکی مام جەلالی بڵاوکردووەتەوە، ئەڵێ ئێمە ئامادەین ٣٠ هەزار کەس چەکدار بکەین بۆ شەڕ دژی عێراق و داوای یارمەتی لە ئەمریکا کردووە. بەڕەئی من ئەم تەصریحاتە زیانی زۆرە. تکایە ئەگەر مەجالی پەیوەندیتان هەیە لە گەڵی، بەناوی منەوە سڵاوی لێ بکە و جارێ خۆی بپارێزێت و جارێ تەصریحاتی وا نەدات، چونکە بەزەرەری هەمومان تەواو دەبێ."[2]

**دووەم: کۆبوونەوەکەی قاسمەڕەش**

٢٦ ڕۆژ دوای داگیرکردنی کوەیت، لە ٢٨ی ئابی ١٩٩٠، کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە قاسمەڕەش کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی بەرفراوانی بەسەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا بۆ نوێنەرانی مەکتەبەکانی ڕێکخستن، راگەیاندن، دارایی و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێکخست. لە کۆبوونەوەکەدا ٤٢ ئەندامی سەرکردایەتی و کادیری پێشکەوتووی سیاسی و سەربازی بەشداریان کرد. مەبەست لە کۆبوونەوەکە تاوتوێ کردنی ئەگەرەکانی دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراق و خۆ ئامادەکردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ بەرپاکردنی ڕاپەڕینێکی جەماوەری. نەوشیروان مستەفا لەوبارەوە دەڵێت: "ساڵی ١٩٩٠ کە عێراق

1. بەختیار مستەفا ئەمین، خالید حسێن ئەحمەد، تۆڕی پەیوەندییەکانی پێشمەرگە لە شاخ- سندوقە ڕەشەکەی پێشمەرگە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٩، ل ٢٣٢.

2 . هەمان سەرچاوەی، ل٢١١.

کوەیتی داگیرکرد ئەمە دەرگایەکی گەورەی کردەوە لەبەردەممانداا بۆ ئەوەی جارێکی تر ئێمە دەست بگرینەوە بەسەر وڵاتی خۆماندا، کە عێراق کوەیتی داگیر کرد، ئێمە بڕیارمان دا کە لە لایەکەوە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەو راپەڕینەی کە رویدا، لەلایەکی تریشەوە خۆمان ئامادە بکەین کە ئەگەر سوپای عێراق لە کوەیت بەبێ شەڕ کشایەوە و هاتەوە کوردستان چی بکەین؟ ئێمە وەک سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەندێک لە کادرە پێشکەوتووەکان، زنجیرەیەک کۆبوونەوەمان کرد بۆ ئەوەی بزانین:

١. ئەگەر عێراق لە کوەیتدا مایەوە و شەڕ نەبوو، چی بکەین؟

٢. ئەگەر عێراق بێ شەڕ لە کوەیتدا کشایەوە، چی بکەین؟

٣. ئەگەر عێراق لە کوەیتدا نەکشایەوە و تووشی شەڕ بوو، چی بکەین؟

واتە ئێمە لە کۆبونەوەکاندا هەموو ئیحتمالەکانمان باسکرد و گفتوگۆی دور و درێژمان لەسەر کردبوون، ئینجا کوردستانی عێراق ئەو زەمانە دێهاتی نەمابوو، زیاتر لە ٧٠ ئۆردوگا بە درێژایی رێگاکان هەبوو، بێجگە لە مەرکەزی شارەکان، ئینجا لەسەر ئەساسی نەخشەی جوگرافی هەموو ناوچەکانمان دابەشکردبوو بەسەر دە میحوەردا هەر میحوەرێک لەو میحوەرانەش لێپرسراوێکمان بۆ دانابوو.. پاش ئەوەی ئەو تەرتیباتانەمان هەموی کرد و خستمانە سەر کاغەز ناردمان بۆ کاک مەسعود بارزانی کاک مەسعود بارزانیش پاش ئەوەی کە دراسەی کردبوو بە کاغەز وەڵامی دایەوە پێی باش بوو، ئەوانیش بیریان لە شتێک کردبوەوە. لە راستیدا ئێمە جگە لە پارتی ئەو بەرنامەمان بە حزبەکانی تر نەگوتبوو. بەڵام تەفسیلاتی بەرنامە و نەخشەکەی خۆمان تەنها بە سەرکردایەتی پارتی و کاک مەسعود بارزانی گوتبوو"[1]

بە لەبەر چاوگرتنی ئەزمونی هەڵەبجە، نەوشیروان مستەفا و مەسعود بارزانی، سەرەڕای ئامادەیی تەواو بۆ راپەڕین، بەڵام دوو دڵ بوون لەوەی عێراق لە دواساتەکاندا پەشیمان بێتەوە و کوەیت چۆڵ بکات و وەک پیشەی هەمیشەیی تۆڵەی شکستەکانی لە گەلی کورد بکاتەوە.

کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بۆ تاوتوێ کردنی هەلومەرجەکانی دوای داگیرکردنی کویت لە ١٩٩٠/٩/٢٦ کۆبوونەوەیەکی کردووە. لە بروسکەیەکدا بۆ مام جەلال، کۆمیتەی سەرکردایەتی گرنگترین خاڵەکانی کۆبوونەوەکەیان بۆ ناردوە، ئەوە بەشێکیەتی:

---

1 . جەمال عەبدوڵڵا، چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا بەبۆنەی یادی دە ساڵەی راپەڕین، کوردستانی نوێ ژمارە ٢٣٩٥، ٢٠٠١/٣/٥، ل٧.

١. لەم هەلومەرجەدا کە سەدام دوچاری ململانێ و گیروگرفتی سەخت بووە، ئەگەری لاواز بوونی رژێم و پاشەکشەکردنی لە هەموو رویەکەوە نزیکە، لە هەمان کاتدا ئەگەری روخانی رژێم زۆر دور نیە، بەڵام کورد تاقی کردنەوەی تاڵی زۆرە لە خۆساخ کردنەوە لە ناکۆکیەکانی عێراق و دەوڵەتانی تردا، هەمیشە لە ئەنجامەکەیدا زیانی گەورەی توش بووە.

٢. رژێمی دیکتاتۆری عێراق دەرحەق گەلی کورد ئەوەندە دڕندەیە کە بەرانبەر راوەستانی کورد لەگەڵ دوژمنەکانی رژێمی عێراقدا تۆڵەی گرانی لە گەلی کورد کردووەتەوە بۆیە:

- هەموو راوەستانێک لەتەک سعودیە و غەربدا لەم ململانێیەدا زیان بەخشە، ئەگەر بە نرخێکی گەورە نەبێ، ئەویش رێکەوتنی سیاسی مەضمون بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتی کورد.
- خۆساغ کردنەوە موقابیل یارمەتی مالی و عەسکەری بەبێ ضمانات و ئیتفاقاتی سیاسی نەکرێت.

٣. هەڵکردنی دروشمی روخاندنی رژێم و داخستنی قاپی لە روی ئەگەری گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی عێراقدا بارمان دەکا (بڕیاری کوردیی سەربەست) زەوت ئەکا. لەبەر ئەوە بە باشی نازانین بەرنامەی کاری خۆمان بە پێی ئەو دروشم و ئەرکە دابڕێژین، گفتوگۆ لەگەڵ رژێمدا هاتە پێشەوە قەبوولّی بکەین و بەباشی و وریایی ئیدارەی بکەین هەم لە مەینەتی ئەم شکستەی گەلەکەمان توشی بووە، هەم گەیشتن بە مافەکانی گەلەکەمان.

لەو کۆبونەوەدا تەنیا مولازم عومەر دژی هەموو هاوکارییەک بوو لە نێوان کورد و تەحالفی دەولی و ئیحتمالی روخانی سەدامی بە دوور زانیوە و بە ڕاشکاوی وتوویەتی: "روخان و نەمانی سەدام بە دوور ئەبینم، ئیحتمالی ئەوە زیاترە بە لاوازی و پەڕوبالّ کراوی بمێنێتەوە، بەڵام بەشی کوردی هەر پێ دەمێنێ. هەر کوردە زەرەرمەند دەرئەچێ. جوولّانەوەی کورد لە عێراقدا هەموو دوژمنەکانی عێراقی تاقیکردووەتەوە، کە کێشەکانی خۆیان لەگەڵ عێراقدا لابەلا کردەوە، پشتیان کردووەتە کورد. بۆیە لەکاتی تەحالفی یەکێتی لەگەڵ دوژمنەکانی عێراق منی لەگەڵدا نیم.."[1]

مام جەلال، لە وەڵامی ئەو بروسکەیەدا، لە ١٩٩٠/٩/٢٧ بروسکەیەکی بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی کردووە و گفتوگۆی لەگەڵ رژێم رەت نەکردووەتەوە، بیروڕاکانی خۆی بەم شێوەیە بۆ دەربڕیون:

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٣٥) بروسکەی ١٩٩٠/٩/٢٦ کۆمیتەی سەرکردایەتی بۆ مام جەلال.

– من باوەڕم وایە کە بەبێ ڕێکەوتنی سیاسی خۆمان بەلای کەسدا ساغ نەکەینەوە. هەرواشم قسە لەگەڵ لایەنەکان کردووە. گەر هەر بۆ پارە و چەک بێت، ئەوا گوناهو هەڵەیەکی گەورە دەبێ. ئومێدێک بە دیکتاتۆریەتی عێراق نەماوە، هەموو خەیاڵ پڵاوێک خۆفریودانە و خۆ سست کردن خەڵک فریودانە. لەگەڵ ئەوەشدا گەر ئامادەیی نواند بۆ گفتوگۆ من لەگەڵم...

– دروشمی ڕوخان هی جەبهەی عێراقییە ڕاستە، هی جەبهەی کوردستانی نییە بوونی هەڵەیە، بەڵام هەڵگرتنی دروشمی ڕوخان هەرگیز و بۆ ببڕ نەبووەتە و نابێتە کۆسپی گفتوگۆ.

– ڕاست نییە، بەڵکو هەڵەیە هەموو نەخشە و سیاسەتی خۆمان لەسەر ڕوخاندن داڕێژین، هەرچەندە ئێستا زۆر نزیک و ئاشکرایە، بەڵکو دەبێ هەمیشە بۆ هەردوو ئیحتیمالەکە ڕوخاندن و مان حساب بکەین.

– لە هیچ حاڵەتێکدا ڕاست نییە ئێمە لە شەڕدا لەگەڵ دوژمنانی عێراق بوەستین، بەڵکو دەبێ بۆخۆمان خۆمان سازدەین، خۆمان ئامادە بکەین بۆ شەڕی خۆمان، نەک هی بێگانە...

– دەبێ خۆمان ساز دەین، هێزەکانمان ئامادەکەین، هێزی پێشمەرگەی کوردستان جۆش دەینەوە و گەشی کەینەوە بۆ ڕووداوە گرنگەکانی داهاتوو، بەڵکو سازیان دەین بۆ ساتی هەرەسهێنانی ڕژێم، ئەوسا هەوڵی دەست داگرتن بەسەر کوردستاندا بدەین...[1]

دوابەدوای ئەوەی نەوشیروان مستەفا هەموو ئامادەکارییەکی ڕێکخستبوو بۆ ڕووداڵی هەر ئەگەرێک و چەندین ڕەتڵی پێشمەرگەی پارتیزانی ناردبووە بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، مام جەلال لە ١٩٩٠/١٠/١٢ بروسکەیەکی بۆ کردووە و نوسویەتی: "حەقە ئێوەش هێزی باش کۆبکەنەوە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی خۆتان سازدەن بۆ شەڕێکی جوامێرانە و بەرگری باش." نەوشیروان مستەفاش هەر ئەو ڕۆژە وەڵامی دایەوە و بۆی نووسی: "تەواوی هێزەکانمان بە فەرماندەکانەوە کۆ و ئامادەن بۆ تێکشکاندنی هەر هێرشێکی دوژمن، بە هاوکاری لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی کوردستانی. بۆ ئاگاداری بەڕێزتان."[2]

سەدام هەر سوور بوو لە داگیرکردنی کوەیت و ئامادە نەبوو سوپاکەی بکشێنێتەوە، مام جەلال دڵنیایی داوەتە نەوشیروان مستەفا کە لە عێراق دەدرێت و دەڵێ: "من

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٣٦) بروسکەی وەڵامی مام جەلال لە ١٩٩٠/٩/٢٧ بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی.

2 . بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧) بروسکەی مام جەلال بۆ خۆ ئامادەکردن و وەڵامی نەوشیروان مستەفا.

نامەیەکم بۆ نەوشیروان نوسی و ئەویش وەڵامی دامەوە کە خەریکی دروستکردنی شانەی چەکدارە و خۆ ئامادەکردن و پەیوەندی کردنە بە جاشەکان و نەخشەدانانی گەڕانەوەی پێشمەرگەیە بۆ ناوەوە، ئەویش لەسەر بناغەی ئەوەی من گوتومە لە عێراق دەدرێ. من حەز دەکەم ئەوەت بۆ مێژو پێ بڵێم کە من چۆن زانیم کە شەڕ دەبێت. من برادەرێکم هەبوو لە سەرکردایەتی هێزی سەربازی گشتی عێراق، ئەو برادەرەم پێی گوتبوم، سەدام لە کوەیت ناکشێتەوە، پێی وایە شەڕ نابێت و ئەوە هەموی هاژوهوژە، لەبەر ئەوە هیچ پێویست ناکات بکشێنەوە و پێشی وایە ئەمریکا ناتوانێت هێرش بکات، ئەگینا وەکو ڤیتنامی لێدێت."[1]

بەرەبەیانی ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٩١ رۆژێک دوای ئینزاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ کشانەوەی عێراق لە کوەیت، هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان ئۆپراسیۆنێکی ئاسمانی چڕ و بەربڵاویان کردە سەر عێراق و ٤٣ رۆژی خایاند، لەو ئۆپەراسیۆنەدا ١٠٩، ٨٦٧ جار لە باکورەوە تاوەکو کوەیت ٦٠،٦٢٤ تەن تەقەمەنیان بەسەر دامودەزگا سەربازییەکان و ژێرخانی ئابوری عێراقدا باراند. هەرچەندە عێراق لە ٢٢ی شوبات رەزامەندی لەسەر پاشەکەشە دەربڕی، بەڵام لە ٢٤ی شوبات هێزی زەمینی هاوپەیمانان هێرشیان کردە سەر هێزەکانی عێراق. لە ٢٦ی شوبات هێزەکانی عێراق دەستیان بە پاشەکشە کرد لە کوەیت. لە ٢٧ی شوبات جۆرج بۆش رزگارکردنی کوەیتی لە داگیرکەری عێراقی راگەیاند.

**سێیەم: رێکخراوی سلێمانی و خۆسازدان بۆ راپەڕین**

لە دوای پەلاماری ئەنفالەکان، رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی رەنجدەران، خانویەکی بۆ هاوڕێ مورادِ (حەمەنوری ئەحمەد بەسێ) لە گەڕەکی (دور الامن)ی ئەوسا، گەرەکی ئاشتی ئێستا، کە شکی کەمتر و پەنایەکی ئەمین تر بوو، کڕی، هەتا کاروبارەکانی رێکخراوەکەی تیا بکرێ. کاتێک تەوجیهات و نامەو ئامۆژگارییەکان لە ناوەندی کۆمەڵە، بە تایبەت سکرتێری کۆمەڵە دەهات بۆ رێکخراوی سلێمانی و سەرجەم رێکخستنەکانی کۆمەڵە لە سەرتاسەری کوردستان و عێراق، لە رێگەی ئەم بنکەوە دەنێردران بۆ رێکخستنەکانی کۆمەڵە. لە کاتی خۆئامادە کردن بۆ راپەڕین نەوشیروان مستەفا لە رێگەی تەتەرەکانی نێوان هەردولایانەوە، نامە و رێنمایی دەنارد بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ راپەرین.

---

1 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.

خالید ڕەزا، یەکێک لە پێشمەرگە باوەڕ پێکراوەکانی سلێمانی، پێش ڕاپەڕین بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا لە ١٩٩٠/١٠/٦ بە نهێنی گەڕابووە بۆ سلێمانی بۆ یارمەتیدانی ڕێکخراوی سلێمانی و هەتا ڕاپەڕینی سلێمانی لە ماڵی هاوڕێ مورادە کە ئەندامی ڕێکخراوی سلیمانی کۆمەڵە بوو مایەوە. لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی کۆمەڵە لە ناو سلێمانی بە شەهید جەباری حاجی ڕەشیدی بەرپرسی ریکخراویشەوە گیرابون و ئاکۆ محەمەد وەهبی جێگەی گرتبووەوە. کاروباری ڕێکخراوی سلێمانی قورستر بوبوو، چونکە مستەفای سەید قادریش لە هەولێر گیرابوو. خالید ڕەزا جگە لە ڕاییکردنی کاروباری ڕێکخراوی سلێمانی، ئەرکی دروستکردنی ڕایەڵەیەکی بێ سیمی لە نێوان ڕێکخراوی سلێمانی و خودی نەوشیروان مستەفادا لە ئەستۆ بوو. ئەو لەبارەی کارو چالاکییەکانی ئەو قۆناغە دەڵێت: "ئێمە نامەو بروسکە و تەعمیمەکانمان بە ناوی جیاجیاوە ئەنوسی، وەک شەپۆل، زمناکۆ، پیرمام، شالاو، ئومێد... ئەمەش بۆ ئەوەبوو تا لە کاتی گرتنی هاوڕێکانمان و نووسراوەکاندا، سەر لە دوژمن تێکبدەین، وا بزانن چەندین دەستە و گروپ لە شاردا هەن. بە ئەنقەست و دیسان بۆ خۆپاراستن، بە (ڕۆژ و مانگ) بەروارمان لەسەر تەعمیم و پەخشنامەکان نە ئەنوسی، بۆیە زیاتر (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) مانگمان لەژێریاندا ئەنوسی بەتایبەت لە پێنج شەش مانگی پێش ڕاپەڕیندا."[1]

ڕێکخراوی سلێمانی، لە سەرەتای کانونی دووەمی ١٩٩١ کۆمەڵێک ڕێنمایی و ئەرکی بۆ شانە و ڕێکخستنەکان لە شارەکانی کوردستاندا دیاریکردووە، داوای لێکردوون بەیەک دەست و بەیەک دەنگ کاری بۆ بکەن:

١. پێویستە هەموو هاوڕێیان بە بەردەوامی یەکتری ببینن، پەیوەندیەکانیان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ سەروخواریان تووندوتوڵتر بکەن و، هەمیشە لە حاڵەتی ئامادەیی و متابەعەی بەردەوامی ڕوداوەکاندا بن، دەبێت ئەو هاوڕێیانەی کە عەسکەرن و دورن لەو حاڵەتەدا، بەپەلە و بە هەر هۆیەک دەکرێ و دەگونجێ، بگەڕێنەوە جێگەی خۆیان و دەستبەجێ لەگەڵ ڕێکخستن و هاوڕێکانیان پەیوەندی بکەن، ئەرکی سەرشانی هاوڕێیانە کە ئیشی بەردەوام بکەن بۆ گرتنەوە و ئاراستە کردنی گشت ئەو هاوڕێ و دۆستانەمان کە بەهەر هۆیەک و لەژیر زەختی هەر زروفێکدا لە ڕێکخستنەکەیان پچڕاون، یان دور کەوتونەتەوە، پەیوەندییان پێوە بکرێت و لە تەوجیهاتی تازە بە زویی ئاگادار بکرێن و ئیش و کاریان بخرێتە ئەستۆ، (جگە لەو هاوڕێ و دۆستانەی کە

1 . خالید ڕەزا، بەشێک لە نامەیەکی نەوشیروان مستەفا وەک ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١): https://gorran.net/Details.aspx?jimare=112

مەترسییان بۆ سەر ئەمنی تەنزیم هەیە). هەروەها پەیوەندی بکرێ بە خێزان و کەسوکاری شەهیدان و گیراوە سیاسیەکان و گیراوی ئەنفالەکان، بە گشتی هەوڵبدرێ لەگەڵ جەماوەردا پەیوەندی تۆکمە و فراوان ببەسترێ و وابکرێ گەورەترین و زۆرترین ژمارەی خەڵک لە دەوری سیاسەت و بەرنامەی شۆڕش ساز و ئامادە بکرێ.

٢. هەوڵ بدرێ رق و توڕەیی و کەفوکوڵی شۆڕشگێڕانە و هەژانی بێ ئامانی جەماوەر دور بخرێتەوە لە تەقاندنەوەی ناکۆکییە فکری و سیاسی و عەشایەرییەکان، تۆڵە سەندنەوەی شەخسی، شەڕی ناوخۆ، تالان و راوڕوت... و زۆری تر، کە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی ناکات، بەو ئاقارە ئاراستە بکرێ کە لە خزمەت ئەنجامدانی سیاسەت و بەرنامە و پلانی داڕێژراوی شۆڕش و ڕێکخستندا بێت، بەمەش لە لایەک هێزی شۆڕش و جەماوەر تۆکمە و فراوان و بەزەبر تر دەبێ و بەرەی دوژمن کز و لاواز تر و تەسک دەکرێتەوە، دیارە ئەمەش هۆکارێکی گەورە و گرنگ و کوشندە دەبێ بۆ پەلاماردان و لە ناوبردن و ڕامالێینی پایە و دەسەڵاتی رژێم لە کوردستاندا، چەسپاندنی هێز و دەسەڵاتی شۆڕش و جەماوەر و پاراستنی نیشتمانەکەمان لە هەر پەلاماریکی دەرەکی تر. لە لایەکی تریشەوە وا دەکات کە جەماوەر کەمترین زەرەری گیانی و مالّی بەربکەوێ، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە پیرۆزەش هەوڵی جدی بدرێ بۆ بەدەست خستن و دەست بەسەراگرتنی چەک و جبەخانەکانی رژێمی داگیرکەر بۆ چەکدار کردنی جەماوەر، کە پێویستە لێرەشدا هاوڕێیانی کۆمەڵە لەو لەحزە حاسیمەدا سەرمەشقی جەماوەرەکەیان بن.

٣. هەوڵدان بۆ بێلایەن کردنی جەیش (سوپا) واتە شەڕی شۆڕش و جەماوەر نەکات، ئەمانیش پەلاماری نەدەن.

٤. سیاسەتی شۆڕش سیاسەتی شەڕ نەکردنی جاشە، دەبێت هەوڵ بدەین بەلای خۆمانیاندا راکێشین و کارێک بکەین هاوکاریمان بکەن و لە چارەنوسی میلەتەکەیاندا بەشداریان پێ بکەین، ئەم هەڵوێستەمان لە ڕێگای دۆست و خزم و کەسە باوەڕ پێکراوەکانمانەوە بە جاش رابگەیەنن.

٥. دەزگا سەرکوتکەر و جاسوسییەکانی رژێم لە کوردستاندا مێژوویەکی ڕەش و پڕ لە تاوانکاری یان هەیە، بنکە و لانەی جاسوسی بەعسن و مایەی پۆخڵ کردنی میلەتەکەمانن، بۆیە زۆر گرنگە بەو پەڕی توانامانەوە هەوڵ بدەین دەستبەسەر هەموو مستەمسەکاتەکانی – دائیرەی ئەمن، بارەگای مونەزەمە، ئیستیخباراتی مەدەنی، بارەگای مخابەراتدا بگرین و لای خۆمان بیپارێزین و ئەوکاتە هەر بەشە لای خۆیەوە بە جۆگەکانی تەنزیم دا بە ئەمانەتەوە بۆ سەرو خۆی بەرز بکاتەوە، تا لە داهاتودا

بتوانین شەن و کەوی خۆمانی لێ بکەین. بەداخەوە لەکاتی دەسبەسەراگرتنی هەڵەبجەی شەهیددا لەبەر کەمتەرخەمی و بێمشوری و بە گرنگ نەگرتنی لێپرسراوەکانی پێشمەرگە، دەستبەسەر ئەو بەڵگەنامانەدا نەگیرا، جگە لە شتێکی کەم نەبێت، وە زۆر لەو خەڵکانەی کە پیاوی بەعس و دەوڵەت بون و فایل و ناویان لەو دەزگا جاسوسیانەدا هەبوو هەرکەسە بۆ خۆی پەلاماریدا و فایل و نامەی پڕ لە تاوانکاری خۆی فڕاند و فەوتاند، شۆڕشیش نەیتوانی کەڵکی لێ وەربگرێ. هیوادارین ئەوە دوبارە نەبێتەوە.

٦. پارێزگاری کردنی بانقەکان و دەوائیری دەوڵەت و فەرمانبەرەکان و شوێنە گشتیەکان کە موڵکی میللەتن ئەرکی سەر شانی گشت هاوڕێیانە و دەبێت پارێزگاری لێ بکەن.

٧. هاوڕێیان و دۆستانمان لە هەموو شار و شارۆچکە و ئۆردوگاکاندا بەو پەڕی توانایانەوە پێویستە هاوکاری و پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن بۆ جێ بەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی کە پێیانە.

٨. لەو حاڵەتانەدا کە پێشهاتێکی چاوەڕوان کراوە پێویستە هاوڕێیان هەمیشە متابەعەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بکەن و ئامۆژگاری و ڕێنوێنیەکان جێ بەجێ بکەن.

٩. لە هەر جۆرە تەوجیهاتێکی تر لە کات و ساتی خۆیدا بەڕێگەی ئیزگە یان بڵندگۆ یان چاپەمەنی ئاگادارتان دەکەین.[1]

مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩١ مانگێکی پڕ چالاکی بوو بۆ ڕێکخراوی سلێمانی، لە ناوەڕاستی ئەو مانگەدا تەعمیمی ژمارە دووی ناردوە بۆ گشت کەرتەکانی ڕێکخستنی سنوری چالاکی خۆی و کۆمەڵێک ئەرکی بۆ دیاری کردوون و داوای لێ کردوون جێبەجێی بکەن. ئەرکەکانیش بریتی بوون لە:

١. هەرجۆرە زروفێک بێتە پێشەوە، گەر ئەو ڕووداوانەی کە چاوەڕوان کراون، ڕوبدەن، گەر ڕژێم بلەرزێ یان وەعی شلۆق بێت، تەنانەت گەر بشڕوخێت. ڕێکخستنەکانمان هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە، بە نهێنی کار دەکەن، بە نهێنی ڕەچاوی سەرەتا و مەبدەئەکانی خۆ پاراستن بکەن، هیوادارین ئەو هەمو تەئکیدەی کە لەسەر خۆپاراستن و نهێنی دەکرێ لەکاتی کاری جەماوەریدا و ئەنجامدانی ئیش و کارەکانتاندا لە کاتی هاندان و خرۆشاندنی جەماوەردا هەریەکەتان بە جۆرێک ڕوخسار و شێوەی خۆی بگۆڕێ بە نمونە "ڕووپۆش کردن، عەینەک لەچاو کردن،

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٣٨) پەخشنامەی ڕێکخراوی سلێمانی بۆ ڕێکخستنەکان.

دەمامک کردن" ... یان هەرشتێکی تر قیافە و روخسارتان بگۆڕێ. هیوادارین ئەم لایەنە بە گرنگ بگرن بۆ پاراستنی رێکخستنەکەمان لە چاوی دوژمن و ناحەزەکانمان.

٢. کەرتەکان بەرپرسن لە پێکهێنانی لیژنە بۆ سەرپەرشتی کردن و راپەڕاندنی کارەکان تا لە حاڵەتی پێویست و روداوی گرنگدا بتوانن دەوری خۆیان بگێڕن، لیژنەکەش لە (٢ -٣) لە ئەندامانی کەرتەکان پێکدێن، بە سەرپەرشتی راستەوخۆی لێپرسراوی کەرت.

٣. هەر کەرتە لە سنوری خۆیدا لیژنەی فەرعی دروست دەکات کە هەر لیژنەیەک لە (٣ -٤) لە ئەندامی پۆل و شانە سەرەکییەکان پێک دێت، راستەوخۆ لێپرسراوی پۆلەکان سەرپەرشتی لیژنە فەرعی پۆلەکان و لێپرسراوی شانە سەرەکییەکان هی شانە سەرەکیەکان سەرپەرشتی دەکەن.

٤. بۆ دروستکردنی ئەو لیژنانە پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێ کە ئەو هاوڕێیانەی لە هەر لیژنەیەکدان لە یەکەوە نزیک بن، زوو دەست و دەنگیان بە یەکتری بگات هەروەها موراعاتی ئەوە بکەن کە یەکتری ناسینی تازە لە تەشکیل کردنی ئەو لیژنانەدا روو نەدات.

٥. پەیوەندی بەردەوام دەبێت لە نێوان لیژنە سەرەکی و فەرعییەکاندا، لە هەرجۆرە پێشنیار و بۆچون و رووداوێکی گرنگ دەستبەجێ هەریەکە و سەروی خۆی ئاگادار دەکا.

٦. لیژنەکان بۆ تەئمین کردنی پەیوەندییەکانیان هەر پێویستیەکیان هەبوو بە پەلە بۆیان جێبەجێ دەکرێ لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتی گشتیەوە.

٧. لیژنەکان پێویستە هەوڵی پەیدا کردنی کامێرای ڤیدیۆ و فۆتۆگرافی بدەن بۆ وینەگرتنی رووداوە تاریخییەکان، دەکرێ لە خزم و دۆست و ناسیاوەکانتان کەڵک وەرگرن. وە بۆ ئەم مەبەستە هەر مەصروفاتێک کرا، بۆیان صەرف دەکرێتەوە.

٨. لیژنەکان لە هەر شوێنێک توانیان وەسائیلی چاپەمەنی (تایپ، رۆنیۆ، فۆتۆکۆپی) دەست بخەن هەوڵی دەست بەسەراگرتنی دەدەن و لە شوێنی ئەمین دەیپارێزن و بە پەلە سەروی خۆیان ئاگادار ئەکەنەوە.

٩. دەتوانن خەڵکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر و دۆستەکانمان بۆ دەست گرتن بە سەر بڵندگۆی مزگەوتەکان و بڵاوکردنەوەی سیاسەت و داواکارییەکانی شۆڕش بەکار بهێنن، بەرنامەکانی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانیان بۆ لێ بدەنەوە.

١٠. گەر لە ئیزگەوە بە ناوی لیژنەی سەرپەرەشتی گشتییەوە یان شەپۆل یان هەڵۆ، بانگەوازتان بۆ کرا، ئەوە ئێمەین چیتان پێ راگەینراوە وەکو خۆی جێبەجێی بکەن.

١١. ئەو چەکانەی دەستیان دەکەوێ بەسەر دۆست و لایەنگرو کەسە دڵسۆز و نیشتمان پەروەرەکاندا دەستبەجێ دابەشی بکەن و لای خۆتان تۆماری بکەن."[1]

لەو ماوەیەدا بەرپرسی هەر میحوەرێک، لە رێگەی رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە نامەیان نارد بۆ سەرۆکی فەوجە خەفیفەکان و داوایان لێکردن پشتیوانی راپەڕین بکەن، نەوشیروان مستەفا لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنوسیدا لەبارەی ناوەڕۆکی نامەکان دەڵێت: "پێمان وتن گەر هاوکاریشمان ناکەن، تکایە پەلامارمان مەدەن و ئێمەش هێرش ناکەینە سەرتان، چونکە نامانەوێ کورد شەڕی کورد بکات. تاوەکو سەرەتای شوبات، ٩٥٪ی ئەوانەی نامەکانی ئێمەیان پێگەیشتبوو، وەڵامەکانیان بۆ ئێمە ئیجابی بوو.."[2]

لە ناوەڕاستی کانونی دووەمی ١٩٩١ رێکخراوی سلێمانی تەعمیمێکی ناردوە بۆ گشت هاوڕێیانیان لە سنوری چالاکیان و کۆمەڵێک دروشمی بۆ ناردون بۆ ئەوەی لە کاتی راپەڕیندا بە بڵندگۆی مزگەوت، یان بە هەرشێوەیەکی دیکە بۆ خەڵک بخوێندرێتەوە. رێکخراوی سلێمانی حسابی ئەوەی کردبوو کە لە کاتی تەقینەوەی راپەڕیندا خەڵک خۆی دروشمی جۆراوجۆر دەڵێتەوە و لەوانەیە حەقیقەتی قەزییەکە بشێوێنێت و گیانی دوبەرەکی و حیزبایەتی پێوە دیار بێت؛ بۆیە لە تەعمیمەکەدا جەخت کراوەتەوە کە دەبێ دروشمەکان دروشمی نیشتمانی و نەتەوەیی بن: "دیارە دەزانن لەو حاڵەتە جەماوەر بە عەفەوی دروشم دەڵێت، بۆیە زۆر پێویستە ئێمە کارێک بکەین ئەم دروشمانە ببنە هی جەماوەر و شێوەی تەنزیم وەربگرێ. وەک دەبینن تێکڕای دروشمەکان رای گشتییە، رەنگدانەوەی زەرفە مێژوویەکە و ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییە بارزەکانی گەلەکەمانی تیا بەرجەستە کراوە، خۆیان پاراستوە لە پیا هەڵدان و پڕوپاگەندەی تەسکی حیزبایەتی و رێکخراوەیی، هەڵبەتە بەرژەوەندی گشتی کە هی میللەتەکەمانە لەسەرو هەموو ئیعتبارێکی ترەوەیە، لەم دەرفەتە زێڕینەدا کە بۆ گەلەکەمان هاتوەتە پێشەوە، پێویستە کەڵکی گەورەی لێ وەربگیرێ، شتی بچوک فیدای شتی گەورە کرێ"

دروشمەکان کە ٢٠ دروشم بوون زۆر بە وردی دیاری کرابوون، هاوپێچی تەعمیمەکە کرابوون. زیاتر تائکید لەسەر یەکڕیزی و کاری بەرەی کراوەتەوە. لە خوارەوە چەند دانەیەکیان دەخەینەڕوو:

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٣٩) پەخشنامەی رێکخراوی سلێمانی بۆ رێکخستنەکان.

2 . كامران قرەداغي، تحرير كردستان من صدام حسين والثقة معدومة بين الكرد والشيعة:
https://daraj.com/64218/

- بەرەی کوردستانی پێشڕەوی خەباتی جەماوەری گەلەکەمانە.
- پتەوتر بێ یەکێتی لایەنە سیاسییەکان لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا.
- هێزی پێشمەرگەی کوردستان باسکی بەهێزی خەباتی خەڵکی کوردستانە.
- واجبی نیشتمانی و نەتەوەییمان پەلاماردان و ڕاماڵینی پایە و دەسەڵاتی بەعسە لە کوردستاندا.
- تۆڵەی ئەنفالە بەدناوەکان لە داگیرکەر بکەنەوە و لەناو بورکانی رق و تووڕەیی خۆتاندا بیانسوتێنن.
- شوێنی ڕاستەقینەی ئەو چەکدارە هەڵخەڵەتاوانەی تا ئێستا لە خزمەتی داگیرکەردا بون، سەنگەری پاریزگاری کردنە لە شەرەف و کەرامەتی میللەتەکەیان.

لە کۆتایی تەعمیمەکەشدا هاتووە کە دەکرێ کەڵک لە شیعری شاعیرە نیشتمان پەروەرەکان وەربگیرێ. ئەو شیعرانەی داوای یەکێتی کورد دەکات و سۆز و هەستی نیشتمانی دەجوڵێنێ لەسەر بڵند گۆکان بۆ جەماوەر بخوێنرێتەوە.[1]

لە گەرمەی شەڕی زەمینی نێوان عێراق و هاوپەیمانانداء نەوشیروان مستەفا لە ڕۆژی ٢٥ی شوباتی ١٩٩١ نامەیەکی بۆ سەرپەرشتیاری ڕێکخراوی سلێمانی (ئاکۆ محەمەد وەهبی و خالید ڕەزا ناردوە کە ناوی نهێنیان (پشکۆ و ئومێد) بوو؛ "تێیدا باسی بەڕێکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کردووە بۆ ناو شار و شارۆچکەکانی کوردستان، هەروەها لەو نامەیەدا باسی لە باشی پەیوەندی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لەگەڵ هەریەک لە ئێران و سوریا و سعودیە و وڵاتانی ئەمریکا و بریتانیا و فەرەنسا، کردووە و پێی وتوون ئەو وڵاتانە لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراقدا دۆستایەتی کورد دەکەن، بەپێی ناوەڕۆکی نامەکە بێت "سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارەکانی شیعەی عەرەبی ڕێکەوتن کراوە لە باشوری عێراق ڕاپەڕین ساز بکەن."[2]

لە ٢٧ی شوباتی ١٩٩١ سەرپەرشتیارانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵە، نەوشیروان مستەفا ئاگادار دەکەنەوە کە تەواوی شانە چەکدارە نهێنییەکان ئامادەن بۆ ڕاپەڕین و چاوەڕوانی فەرمانی سەروی خۆیانن. سەعات ١١ی شەوی ١٩٩١/٢/٢٧

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٤٠) پەخشنامەی ڕێکخراوی سلێمانی بۆ ڕێکخستنەکان.

2 . ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لەباشوری کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی ٢٠٠٩، ل ٢٤١.

نەوشیروان مستەفا بە بروسکەیەک هەموو بەتالیۆن و میحوەرەکان ئاگادار دەکاتەوە کە: "هەموو هێزەکانتان ئامادە بکەن و ئیجازە رابگرن، ئەوانەی بە ئیجازە رۆیشتون و لە ماڵی خۆیانن داوا بکەن بە زوترین کات بگەڕێنەوە بنکەکانیان و هیچ هێزێک نەجوڵێ و چاوەڕوانی ئاگاداری داهاتوو بن..." [1]

جگە لە ئامادەکردنی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان، یەکێتی ئێزگەی گەلی کوردستانی بەشێوەیەک ئامادەکردبوو بۆ تەعبیەکردنی خەڵک و پێشمەرگە، لە مێژووی ڕاگەیاندنی شۆڕشدا کەم وێنەبوو. نەوشیروان مستەفا لەو بارەوە دەڵێت: "ئێمە لەوکاتەدا دوو ڕادیۆمان تەرخان کردبوو بە دوو هەیئەتی جیاوازەوە، بۆ یەکەمین جار ئێزگەکانمان فێرکرد کە ڕاستەوخۆ پەخش بکەن، هەموو سەری سەعاتێک بە کوردی قسەیان دەکرد، سەری سەعاتێکی تر بە عەرەبی قسەیان دەکرد، هەندێ جاریش بە تورکمانی قسەیان دەکرد، شانە چەکدارەکانی ناو شار هەمویان کۆدیان پێ بوو، ژمارەیان پێ بوو، کە کاتێک پێماندەگوتن لە فلاّن شوێن دەستپێبکەن بەڕادیۆ پێمان دەگوتن.[2]

مەحمود ڕەزا، ئەندامی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی سەبارەت بە شێوازی خۆ ئامادەکردنی یەکێتی لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "نەوشیروان مستەفا لە ١ی مانگی ١١ی ١٩٩٠ لە قاسمەڕەش کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کادرەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و نووسراوی (ی.ن.ک) کرد. لەم کۆبوونەوەیەدا پێشبینییەکانی خۆی و ئەگەرەکانی شەڕی یەکەمی خەلیجی بۆ باس کردین.

یەکێک لە ئەگەرەکان، دەرکردنی بە زۆری سوپای عێراق بوو لە کوەیت و دروستبوونی فەوزا لە ناو عێراق و ئەگەری ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کوردستان بو. بە درێژی باسی کۆبوونەوەکانی معارەزەی عێراقی و هەماهەنگی نێوان کورد و 'المجلس الاعلی للثورة الاسلامیة'ی بۆ کردین. هەروەها وێنەیەکی گشتیی خۆ ئامادە کردنی (ی.ن.ک)ی بۆ ڕاپەڕین بۆ شەرح کردین.

لەو کۆبوونەوەیەدا پێی وتین، ئەبێ کادرانی ڕادیۆ ئامادە بکرێن لە کاتی پێویستا پەخشی ڕاستەوخۆ بکەن. لەم بارەیەوە وتی ئەگەر ڕاپەڕین دەستی پێکرد و نەتانتوانی پەخشی ڕاستەوخۆ بکەن، ئەو کاتە پێویستم بە ئێوە و ڕادیۆش نامێنێ. چونکە ڕوداوەکان بە ئان و سات ئەگۆڕێن و پەیامی ئان و ساتمان ئەبێ، ئەگەر پەخشی ڕاستەوخۆ نەکەن، ڕادیۆ ناتوانێ ئەو ڕۆڵەی لە پلانەکەیا بۆی دانراوە، ببینێ.

هەر بۆیە ئازاد چالاک ئەم بەرنامەیەی دانا:

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٤١) بروسکەی نەوشیروان مستەفا بۆ ڕاگرتنی ئیجازەی پێشمەرگە لە ١٩٩١/٢/٢٧.

2 . جەمال عەبدوڵڵا، چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

١. دو دەزگای رادیۆمان هەبوو، بەێنە زەڵێ دایمەزرێنن، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستا بیخەینە ئیش.
٢ . ئەبێ لە ئێستەوە بیر بکەنەوە، ستافی ٤١م ەیەکە دەسنیشان کەن، بۆ ئەوەی ئامادەبن لە سەعاتی سفرا بجوڵێن.
٣ . ئەبێ وەکو پێشمەرگەی پارتیزان بن، کەی پێویستی کرد، رادیۆکە و ستافەکەی شوێنگۆڕکێ بکەن، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لەبەر هەر هۆیەک بێ.
٤ . ستافی رادیۆکان ئەبێ حسابی خراپترین وئیحتمال بکەن و قابیلی ئەوەیە زروف لە یەکتان دابڕێ، ئەو گروپەی رادیۆکەیان پێ ئەبێ، ئەگەر ٢. ٣ کەسیش بن، بتوانن رادیۆ بخەنە ئیش، بتوانن بچنە هەوا، وتار و هەواڵ ئامادە کەن و بشی خوێننەوە.
٥ . خۆی هەندێ پەیامی بۆ جەیش و جاش و خەڵک نووسی بو. داوای کرد بوو، خۆشمان چی ترمان بە باش زانی، لەسەر ئەو نەمەطە بیان نووسین و لەسەر کاسێت تۆماریان بکەین. ئامادەبن، کە رەتڵەکانی پ. م چونە خوارێ، لەگەڵ خۆیان بیان بەن، گەیشتنە هەر ئاوەدانییەک، لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە بۆ خەڵکیان لێ دەن.

ئیتر هەرچیمان بە خەیاڵا هات، کردمان بە بانگەواز و تۆمارمان کردن. ئەو بانگەوازانەمان ناو نا بوو، بانگەوازەکانی رۆژی حەشر.

لە یەکەم رۆژی هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق، پێویستمان بەو کاسێتانە نەما، چونکە:

١. پارازێتەکان لێدران و لەکار کەوتن. رادیۆکان ئازاد بون.
٢ . ستافی هەردو رادیۆکە، زۆر نایاب سەرکەوتن لە پەخشکردنی راستەوخۆ دا.
٣ . پەیامەکان راستەوخۆ لە رادیۆوە پەخش کران.
٤ . بە هەردو رادیۆکە، بە تەناوب، پەخشی راستەوخۆمان گەیاندە نزیکەی ٢٠ سەعات، لە شەو و ڕۆژێکا.
٥. کاک نەوشیروان کەوتە نووسینی زنجیرەیەک وتار بە ناونیشانی (ئاخاوتنی رۆژ). نزیکەی ١٠ وتارێکی پڕ لە زانیاریی ئەمنی و عەسکەری تیا ئاشکرا کردن. پاش ئەوەی کاک نەوشیروان لە ناردنی وتار وەستا، من درێژەم بە ئاخاوتنی رۆژدا.
٦. دەرکردنی (ڕێبازی نوێ) و (الشرارة)ی راگرت. هەموو کادرەکانی خستە خزمەتی رادیۆکە بۆ نووسین و خوێندنەوە، بە کوردی سۆرانی و بادینی و بە عەرەبی.

کە گەیشتینەوە سلێمانی، پێش شکستی راپەڕین، بەشی ئینگلیزی و تورکمانییشمان بۆ زیاد کرد."[1]

1 . چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ مەحمود رەزا ئەمین، رۆژی ٢٠٢١/٣/٢٦.

مام جەلال، لە بارەی خۆئامادە کردنی یەکێتی بۆ راپەڕین لە دیداری تەمەندا دەڵێت: "لە راستیدا راپەڕین دەمێک بوو، وەکو بیرۆکەیەک لە مێشکماندا گەڵاڵە بوبوو، پێش ئەوەی من بچمە دەرێ، چەند جارێک لەگەڵ نەوشیروان قسەمان لێکردبوو، لەو قەناعەتەدا بوین ناکرێت هەتا رۆژی قیامەت بیر لە خەباتی شاخ بکەینەوە بەبێ ئەوەی شار گرنگی خۆی بدرێتێ. هەندێ خۆپیشاندان و راپەڕینی شارەکانیش روی دابوو، ئەوە بۆچونێکی لامان دروست کردبوو کە توانا لەناو خەڵکدا هەیە بۆ ڕاپەڕین، لەبەر ئەوە مەسەلەکە وەک فکرەیەک هاتبوە کایەوە و بڕیار درابوو چۆن کاری بۆ بکەین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، تەنها مەسەلە لە کاتەکەی بو.

باسی ئەوە کرابوو شانەی چەکدار دروست بکەین لە شارەکان و چەک بنێرین بۆ شارەکان و پەیوەندی بە کۆنە پێشمەرگەکانەوە بکەین کە بونەتە جاش و تەنانەت بە هەندێ لە سەرۆک جاشەکانەوە کە لە کۆنەوە دۆستایەتیمان هەبوە لەگەڵیاندا، بەڵام لەسەر مەسەلەی کەی و شێوەی خۆ ئامادەکردنەکە بۆ راپەڕین جیاوازیمان هەبوو."[1]

لە دوای نووسینی بەرنامەی راپەڕین، نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادری نارد بۆ لای پارتی بۆ ئەوەی ئاگاداری بەرنامەکە بن و رۆڵیان هەبێ لە راپەڕینەکەدا، بەڵام پارتی وەڵامی کۆنکرێتی نەدایەوە. دواتر خۆی سەردانی مەسعود بارزانی و سەرکردایەتی لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی کرد.

پاشان فەرەیدون عەبدولقادری کرد بە نوێنەری یەکێتی بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو لایەنە عێراقییەکاندا هەماهەنگی بکات. "من دیاری کرام، لەگەڵ ئێران و برایانی شیعە لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی قسە لەسەر هاوکاری جیددی و تەواو بکەین."[2]

یەکێتی هێزەکانی خۆی سازو ئامادە کرد بۆ ناردنەوەیان بۆ نزیک شار و ئۆردوگاکان بۆ ئەوەی لە رۆژی دیاریکراودا بەشداری راپەڕینی جەماوەری بکەن. هێزەکانی یەکێتی بەسەر دە میحوەردا دابەشکرابوون.

پێش بەڕێکەوتنی هێزی پێشمەرگە بەرەو شارەکان، نەوشیروان مستەفا بەناوی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کۆمەڵێک ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ ئەو هێزە دەرکرد، وەک لە پێشەکی ڕێنماییەکەدا هاتووە ئامانج لێی: "بۆ ئەوەیە کارەکان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بچن و ئاژاوە و پشێوی دروست نەبێت، بۆ ئەوەی خۆشەویستی و متمانەی هاونیشتمانیان بە جیاوازی بیروڕاو بۆچوونەکانیانەوە بەلای خۆماندا راکێشین، لە هەموو بارەکانی حەرەکەت کردندا."

---

1 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩ – ١٨٠.

2 . فەریدون عەبدولقادر، هەڵۆ سورەکانی قەندیل، ل٥٩٤.

گرنگترین خاڵەکانی ئەو ڕێنماییە کە پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لەگەڵ جەماوەردا هەبوو بریتی بوون لە: "بەهێمنی و ئەعصابی ساردەوە بچنە ناو ئۆردوگاکان. لە دەرکردنی بڕیاردا پەلە مەکەن. دەست درێژی کردنەسەر هەر هاوڵاتیەک و بەهەر بەهانەیە بێت، قەدەغەیە، هەرکەس بیکات سزای قورس دەدرێ. تۆڵە سەندنەوەی کۆن و زیندوکردنەوەی دوژمنایەتی تایبەتی، قەدەغەیە، هەرکەس بیکات سزای قورس دەدرێ."

مام جەلال پێداگری دەکرد لەوەی هەر دەبێ مەسعود بارزانی و بەرەی کوردستانی لە راپەڕیندا بەشدار بن، بۆ ئەوەی هیچ کەم و کورتییەک ڕوونەدات و کورد پێکەوە بەو ئەرکە نەتەوەییە هەستن، نەوشیروان مستەفا هەمان بۆچونی ئەوەی هەبوو. یەکێتی بۆ ئەوەی هەندێک لە سەرکردەکانی پارتیش لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیدا دابەزن بۆ خوارەوە، کۆسرەت ڕەسوڵ و فەرەیدون عەبدولقادری ناردوەتە لای مەسعود بارزانی، بەڵام ئەو پێی وتوون "ئێوە نوێنەری ئێمەشن و هێزیش دەخەینە بەردەستان."[1]

لە ١٩٩١/٣/٢ نەوشیروان مستەفا بە بروسکەیەک داوای لە مەسعود بارزانی کردووە: "زۆرمان پێخۆشە لەگەڵ هەڤاڵانی تر تەشریف بهێنن بۆ قاسمەرەش بۆ سەرکردایەتی ئیشوکارەکان و ئێمە هەموو لە خزمەتدا ئەبین و جێگە و ڕێگەی باشمان ئامادە کردووە."[2]

لە ١٩٩١/٣/٣دا مەسعود بارزانی وەڵامی بروسکەکەی دایەوە: "بەڕێز کاک نەوشیروان سڵاوێکی گەرم بروسکەتان لە ٣/٢ زۆر سوپاستان دەکەم. خەریکم خۆم ئامادە دەکەم و هەندێک موشکیلات هەن چارەسەریان دەکەم، بە پەلە و لە مەوعدی حەرکەتمان بۆ لاتان ئاگادارتان دەکەم."

لە ٥ی ئازار ١٩٩١ بە بروسکەیەکی دیکە نەوشیروان مستەفای ئاگادار کردەوە کە: "ئەگەر بەیانی نەگەیشتمە لاتان، بۆ دووبەیانی حەتمەن ئینشائەڵڵا لە لاتانم، بۆ ئاگاداریت و لە مەوعیدی دەقیق ئاگادارتان ئەکەمەوە."

نەدەکرا نەوشیروان لەوە زیاتر چاوەڕوانی هاتنی مەسعود بارزانی بکات تا هێز ڕەوانەی شارەکان بکرێت، بۆیە فەرمانی بە جوڵانی هێزەکانی یەکێتی دا بەرەو ڕانیە

1 . فەریدون عەبدولقادر، هەڵۆ سورەکانی قەندیل، ل٥٩٨.

2 . بەڵگەنامەی ژمارە (٤٢) بروسکەی نەوشیروان مستەفا بۆ مەسعود بارزانی

بڕۆن، خۆی چاوەڕوانی هاتنی بارزانی کرد. بارزانی شەوی ٦|٧ی ئازاری ١٩٩١ گەیشتە قاسمەڕەش.[1]

٧ی ئازار مەسعود بارزانی بروسکەیەکی ناردوە بۆ مام جەلال تێدا هاتووە: "شەوی ٦|٧ی ٣ گەیشتمە قاسمەڕەش و لەگەڵ کاک نەوشیروان یەکترمان دیت. ئەمڕۆش کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەرەمان کرد بە ئامادەبوونی لایەنەکانی تری بەرە. بە گیانێکی پڕ لە برایەتی کۆتایی هات." لە بروسکەکەدا چەندین بڕیاری کۆبوونەوەکە خراوەتە ڕوو، گرنگترینیان: "١. هەموو هەنگاوەکانمان بەرەی بن. ٢. لە ناوەوە کۆمیتەی بەرەیی بەکارەکان هەڵسن. ٣. چوارچێوەیەک دابنرێت بۆ ئیعلامی بەرە ٤. بە هەمو هێز و تواناوە یارمەتی جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان بدەین و بگەینە فریایان. ٥. هێزێکی زۆر چاک لە پێشمەرگەکان گەیشتنە ناو جەماوەر و زۆریشیان بە ڕێگاوەن. ٦. ناوچەی رزگار کراو بپارێزین بە هەر قیمەتێک بێت.٧. لە هەر شوێنێک کە بزانین بە زیانی جەماوەر تەواو دەبێ نەهێڵین توشی زیان ببن ٨. تائکید لەسەر ئەوە بکرێت کە گەلی کورد داوای مافی مرۆڤایەتی خۆی دەکات... و بگەڕێتەوە بۆ سەر جێگەی باب و باپیرانی خۆی.[2]

بەپێی بروسکەکەی مەسعود بارزانی تا ئەو ساتە هێشتا کاری پێکەوەیی نەکرابوو، نە بۆ دابەزین پێکەوە نە بۆ یەکخستنی ئیعلامی بەرەی کوردستانی.

نەوشیروان مستەفا، کۆمەڵێک ئامانجی دیاری کرد بۆ ئەوەی لە دەسپێکی ڕاپەڕینی هەر شارێکدا پەلامار بدرێت: "تەعلیمات درا بوو بە هەمو مەسئولەکانی ی.ن.ک، کە لە هیچ جیگایەک توخنی جەیش و پۆلیسی عێراقی نەکەون، بە عەکسەوە لە هەمو ناوچەکان خۆیان لە شەڕی ئەوانە لابەن. هەوڵ بدەن بە زوترین کات بچنە ناو مەرکەزی ئاوەدانییەکان، یەعنی ناو مەرکەزی شارەکان، لەناو مەرکەزی شارەکانیشدا پەلاماری ٤ جێگا بدەن، ئەوانەش بریتی بون لە، مەقەڕی حیزبی بەعس، مەقەڕی ئیستیخباراتی عەسکەری، مەقەڕی موخابەراتی عەسکەری و دائیرەی ئەمن. یەعنی ئەم چوارە ئامانجی پەلامارەکان بون لە ناو شارەکان. وەکو باسم کرد ئەمە عەسەبی حەساسی رژێمی عێراق بو، دوای ئەوەی ئەم چوارە سقوتی ئەکرد شارەکە سقوتی ئەکرد."[3]

---

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٤٣) وەڵامەکانی مەسعود بارزانی بۆ نەوشیروان مستەفا.

2 . بەڵگەنامەی ژمارە (٤٤) بروسکەی مەسعود بارزانی بۆ مام جەلال دوای گەیشتنی بۆ لای نەوشیروان مستەفا.

3 . باست حمە غەریب، دیدار لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، تەلەفزیۆنی کورد سات ٢٠٠٠/٣/٦.

**چوارەم: ڕاپەڕینی باشوری عێراق**

دوای تێکشکانی سوپای عێراق و پاشەکشەکردنی لە کوەیت، خەڵکێکی زۆر لە سەرتاسەری عێراق چووبوونە بەسرە بۆ زانینی چارەنووسی کوڕەکانیان. دەسەڵاتدارانی بەعس لەو شارە پەشۆکا بوون، خەڵکەکە بەتەواوەتی بێزار و لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بوون. لە ١ی ئازاری ١٩٩١ یەکێک لەو سەربازانەی کە لە کوەیت گەڕابوەوە، لە گۆڕەپانی سەعد، تەقەی لە پەیکەرەکەی سەدام کرد. ئەو تەقەیە بەسبوو بۆ هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری لە بەسرە و میسان و کەربەلا و نەجەف. ڕاپەڕین بەردەوام بوو تاوەکو ١٩٩١/٣/١٧ دوای ئەوەی ئایەتوڵڵا خوئی داوای لە خەڵک کرد بچنەوە ماڵەکانیان، چونکە بەعس هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کردبوو.

یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی ڕاپەڕینی شەعبانیەی شیعەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێکخراو نەبوو، سەرکردایەتیەکی یەکگرتووی نەبوو، هەر کۆمەڵە خەڵکێک لەژێر فەرماندەیی کەسێکدا بوون و کەسیان ئاگایان لەوانی دیکە نەبوو. جگە لەوە ڕاپەڕینەکە تابعێکی مەزهەبی لەخۆ گرتبوو، هێزە شیعەکانیش نەیانتوانی لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە ئاراستەی بکەن.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینی شیعەکان ئەوە بوو، ئێرانییەکان پشتیان تێکردن و بەپێی پێویست هاوکاری نەکردن: "ئێران بە تەحەفوزێکی زۆرەوە پشتیوانی ڕاپەڕینی شیعەکانی کرد، دەترسا دەوڵەتی عێراق هەڕەس بهێنێت، دۆخەکە بەجۆرێک بگۆڕێت دەوڵەتێکی کوردی لە باکور دروستببێ و سەرئێشەیەکی مەترسیدار بۆ ئێران دروست بکات، ئەوەش وایکرد حیزبی دەعوەی عێراقی، ئێران بەوە تۆمەتبار بکات کە بە ئەرکی خۆی بەرانبەر شیعەکانی عێراق هەڵنەساوە"[1]

وەفیق سامەڕایی بەرپرسی ئیستیخباراتی عەسکەری رژێم لەو کاتەدا، هاوکاری نەکردنی شیعەکان لە لایەن ئێرانەوە، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی، ئەمریکا هەڕەشەی لێکردووە: "بۆش بە توندی ئێرانی ئاگادار کردەوە لەوەی ئەگەر هەر بەشێک لە عێراق دابڕێنن و داگیری بکەن، بە تووندترین شێوە سزایان دەدەن، دوای ئەو هەڕەشەیە، ئێران هاوکارییەکانی بۆ شۆڕشگێڕەکانی باشور ڕاگرت، ئەو هێزانەشی کە هێنابویانە سەر سنورەکان کشاندەوە."[2]

---

1 . السيد عبد المنعم المراكبى، حرب الخليج الثانية و التكامل الوطنى فى العراق، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم، ج.م.ع- القاهرة ٢٠٠١، ص ٧٨.

2 . وفيق السامرائي، حطام البوابة الشرقية، الدار العربية للموسوعات، بيروت – لبنان ١٩٩٧، ص٤١٧.

بەڵام نەوشیروان مستەفا، لە دیدارێکیدا لە ١٩٩٣/٩/٢، لەو بارەوە بۆچونێکی دیکەی هەیە، دەڵێت: "فەیلەقی بەدر، دوو هەڵەی گەورەی کرد، فەرماندەییەکەی سپاردبوو بە ئێرانییەکان و حاکمێکی عەسکەری دانابوو، حوکمی عورفی راگەیاند و پرۆسەیەکی تۆڵە سەندنەوە و ئیعدامی مەیدانی دەسپێکرد، ئەوە ترسی لای سعودیە و رۆژئاوا و تورک و ئوردونییەکان دروست کرد. جگە لەوە پەیوەندیەکانیان سەبارەت بە تەنسیق کردن بۆ راپەڕین لەگەڵ ئێمە و پارتی پچڕاند و وتیان خۆمان بە تەنیا بەو کارە هەڵدەستین، پێم وایە ئێرانییەکان داوای ئەوەیان لێکردبوون."[1]

**پێنجەم: راپەڕینی ١٩٩١لە کوردستان**

بەرنامەکە وابوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە رانیەوە دەست بە دابەزین بکەن "چونکە ئێمە بارەگاکانی خۆمان لە شێنێ و ناوزەنگ و زەڵێ و قاسمەڕەش بوو، نزیک بوو لەو ناوچەیە. جگە لەوە، رانیەمان بۆیە هەڵبژارد، چونکە دەکەوێتە ناوەڕاستی کوردستانی عێراقەوە، هەروەها ئێمە بێجگە لەو ناوچەیە نەمان دەتوانی لە هیچ شوێنێکی ترەوە هێزەکانمان بەرەو هەولێر بجوڵێنین ..."[2]

راپەڕینی رانیە دوو رۆژ پێش ئەو ماوەیە دەستی پێکرد کە نەوشیروان مستەفا نەخشەی بۆ دانابوو. لە پێنجی ئازاری ١٩٩١دا عەلی نەبی لە شاری ڕانیە یەکەم فیشەکی ڕاپەڕینی تەقاند و بەدوای ئەودا خەڵکی شار راپەڕین و هەموو دامودەزگاکانی بەعسیان رامالّی. عەلی نەبی، لە دیدارێکدا باسی لەوە کردووە کە پێشتر لەگەڵ نەوشیروان مستەفا تەنسیقی کردووە و ئەوەشی روون کردووەتەوە بۆچی راپەڕین پێش وادەی خۆی دەستی پێکرد: "لە مەکتەبی سیاسیەوە، کاک نەوشیروان نامەیەکی لە بۆمە نوسیبوو، لەگەڵ یەک جیهازی (راکاڵ) لەبۆی ناردبووین، لە بۆ ناوشار، قەراربوو لە ٣/٧ راپەڕینەکە سەرهەڵدا و دەست پێبکا، وتی (نەوشیروان) ئەنگۆ لەوێکانەوە خۆتان کۆبکەنەوە، خەریکی تەنزیمات بن و ئەو چەکدارانە کە بڕواتان پێیە قسەیان لەگەڵ بکەن و خۆتان ئامادەکەن، کە پێشمەرگە هاتن بۆ ناوشار پشتگیری هێزی پێشمەرگە بکەن و ئامادە بن بۆ لێدانی حکومەت، چونکە قەراربوو لە ٧ی ٣ لە سەرتاسەری کوردستاندا راپەڕینەکە دەست پێ بکا، لێیان بدرێ لە موخابرات و ئەمن و ئیستیخبارات و رژێمی بەعس، بەڵام ئێمە ئەلێرەکە دەستپێشکەریمان کرد، قوەتێکی زۆر بەڕێوە بوو. حکومەتی بەعس هەستی بەوەی کردبوو کە لە ٧ی ٣ راپەڕینەکە دەستی پێ ئەکا. بەفکر بوو ئێرە بەنیسبەتی ئەوەی

1 . كامران قەرەداغي، تحرير كردستان من صدام حسين والثقة معدومة بين الكرد والشيعة: https://daraj.com/64218/

2 . جەمال عەبدوڵڵا، چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا .. سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

سەر حدود بوو، بەفکر بوو رانیە بە قوەت بکات. قوەتێکی زۆر بەڕێ کەوتبوو بۆ ئێرە. ئەلێرەش ژمارەی ئەمن و دائیرەی ئەمن بە قوەتیان کردبوو، ئیستیخبارات بەقوەتیان کردبوو، ژمارەیەکی زۆری لەبۆ هات. ئێمە وتمان ئەگەر تەئخیری بکەین، حکومەت موسەیتەر دەبێتەوە دوایی بیشیکەین سەرکەوتوو نابێ.. منیش هانی جەماوەرم دا و وتم دەست بکەین بە راپەڕین و پەلاماری حکومەت بدەین."[1]

ئەم دەستپێشخەریەی عەلی نەبی ریسکێکی مەترسیدار بوو، چونکە ئەگەر راپەڕین لە رانیە تێکبشکایە، کاریگەری لەسەر وڕەی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان دەکرد، بەڵام لەهەمانکاتدا سودێکی زۆر گەورەی هەبوو بۆ سەرکەوتنی راپەڕینەکە، پێش ئەوەی حکومەت هەموو هێزەکانی لە رانیە کۆبکاتەوە و داموددەزگاکانی خۆی قایم بکات، عەلی نەبی و جەماوەری رانیە توانیان شاری رانیە ئازاد بکەن و بیکەن بە دەروازەیەک بۆ زنجیرەیەکی یەک لە دوای یەکی راپەڕین لە هەموو شارەکانی کوردستانی باشور. هۆکاری ئەوەی بۆچی لەیەک کاتدا راپەڕینی سەرتاسەری ئەنجام نەدرا، نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "ئەوە کارێکی لە کردە نەهاتوە، بە تایبەتی چونکە بۆ ئازاد کردنی هەندێ شوێن، تۆ پێویستت بەوە هەبوو هێزی لەسەر کۆبکەیەوە، یەعنی نەت ئەتوانی بە هێزێکی بچوک ناوچەیەک بگری. بۆ نمونە، ئەگەر رانیە رزگار نەکرایە، نەئەتوانرا شەقڵاوە و کۆیە رزگار بکرێ. چونکە پاش ئەوەی رانیە رزگار بوو، هەموو هێزەکانی رانیە بە هەزاران بردرانە ئەو جێگایانەی تر، بۆ رزگار کردنی شەقڵاوە و کۆیە و دواتر بۆ رزگار کردنی هەولێر. یەعنی نەئەتوانرا لە یەک کاتدا لە سەرتاسەری کوردستاندا دەست پێ بکرێ، لەبەر ئەوە لە ئەساسەوە دانرا بوو، کە لە رانیەوە دەست پێ بکەین، رانیە ببێ بە بنکەی سەرکردایەتی راپەڕین."[2]

لە ٧ی ئازاری ١٩٩١دا جەماوەری شاری سلێمانی ڕاپەڕی و هەر زوو هەڵیان کوتایە سەر بنکەی حامیەی سوپا و پۆلیس و سەرا و ئازادیان کردن، هەروەها بۆ بەیانیی ٨ ی ئازار، قەڵای ئەمنە سوورەکەی سلێمانی و مەعەسکەر سەلام و رەبیەکانی سەر چیای ئەزمەڕ کۆنترۆڵ کران، بە جۆرێ بە هەزاران سەرباز خۆیاندا بەدەستەوەدا و پارێزگاری سلێمانی و دەیان پلەدار و پیاوانی ڕژێم کوژران.

لە ٩ی ئازاری ١٩٩١ کۆیە و شەقڵاوە و کفری و کەلار و خورماتوو ئازاد کران. ١٠ی ئازاری ١٩٩١، جەماوەری مەسیف و تەقتەق و ڕەواندوز و قەرەهەنجیر و

1 . کەنالی یوتوب، تۆماریکی دەنگی شەهید عەلی نەبی لە یەکەمین سالیادی راپەڕینی ١٩٩١:
https://www.youtube.com/watch?v=H8dNCoo3MVw&feature=emb_logo

2 . باست حمە غەریب، دیدار لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، تەلەفزیۆنی کورد سات ٢٠٠٠/٣/٦.

ئاغجەلەر و هەریر و باتاس و خەلیفان و سپیلک و سۆران و چۆمان و حاجی ئۆمەران و مێرگەسوور و سەرجەم ئەو ناوچانە ڕاپەڕین و لەچەند کاتژمێرێکدا ئازادیان کردن.

لە ١١ی ئازاری ١٩٩١دا، پێشمەرگە و جەماوەری شاری هەولێر شارەکەیان ئازاد کرد. لە ١٣ی ئازاری ١٩٩١دا، لەوسەری سنورەوە جەماوەری زاخۆ و دەروبەری ڕاپەڕین و بە هاوکاری پێشمەرگە سەرەنجام ناو شاری زاخۆ ئازاد کرا. دهۆک لە ١٤ی ئازاری ١٩٩١دا، ئازاد کرا. دوابەدوای ئازادکردنی زۆربەی ئەو ناوچانەی کە دەچوونە چوارچێوەی "ناوچەی حوکمی زاتی"یەوە، بەرەی کوردستانی لە ١٩٩١/٣/١٢ بەیاننامەیەکی دەرکرد و کۆتایی بەو حوکمی زاتییە کارتۆنیەی رژێمی بەعس هێنا و هەردوو مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی هەڵوەشاندەوە: "ئاگادارییەک لە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانییەوە بۆ دانیشتوانی کوردستانی عێراق. بە خۆشیەکی زۆرەوە ئاگاداری دانیشتوانی کوردستان ئەکەین کە بەشی زۆری ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە دەسەڵاتی بەعس ئازاد بوو، بەم بۆنەوەی هەڵوەشانەوەی مەجلیسی تەنفیزی و مەجلیسی تەشریعی رائەگەیەنین و موژدە بە خەڵکی ئەدەین کە لەم رۆژانەدا مەجلیسێکی موەقەت بۆ ئیدارەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاری ئەکرێت تا کاتی هەڵبژادنی گشتی پەرلەمانی کوردستان."[1]

### ٣. کەرکوک تاجی سەری ڕاپەڕین

هێشتا ڕاپەڕین دەستی پێ نەکردبوو، نەوشیروان مستەفا بیری لە رزگار کردنی کەرکوک کردبووەوە: "پێش ئەوەی لە قاسمە ڕەش و زەڵێ دابەزین، ئەو کاتەی خۆمان ئامادە ئەکرد بۆ ڕاپەڕین، پێمان وابوو ئازاد کردنی کەرکوک لە ئازاد کردنی هەمو شارەکانی تری کوردستان گرنگترە، بەڵام سەختتر ئەبێ. لە بەر ئەوە پلانی گەمارۆدان و هێرشی سێ لایی‌مان بۆ دانابو. دامان نابوو دوای ئازاد کردنی گەرمیان، سلێمانی، هەولێر، گەورەترین هێزی لەسەر کۆ بکەینەوە و، لە هەر سێ لاوە بەرەو ناوشار پەلاماری بدەین."[2]

سەرکەوتنە خێراکانی پێشمەرگە و جەماوەر لە شارەکانی کوردستان، وایکرد نەوشیروان مستەفا نەک هەر نەخشەکەی بۆ رزگارکردنی کەرکوک بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەڵکو بیر لە رزگارکردنی موسڵیش بکاتەوە. لەگەڵ مەسعود بارزانی قسەی کرد، لەو بارەوە دەڵێت: "ناوچەی موسڵیش یەکێک بوو لە ناوچە

1 . بەختیار مستەفا ئەمین، خالید حسێن ئەحمەد، تۆڕی پەیوەندییەکانی پێشمەرگە لە شاخ- سندوقە رەشەکەی پێشمەرگە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٩، ل ١٠٥٩

2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

گرنگەکان، لەوێش زەمینەی راپەڕین لەبار بوو، خەڵکێکی زۆر جوابیان نارد بۆ ئەوەی هێز بنێرین و ئەوانیش هاوکاریمان لەگەڵ بکەن و تەنانەت ناو شاری موسڵیش ئازاد بکرێت. ئەو کاتەی شاری کەرکوک ئازاد نەکرا بوو، لە ئاڵتون کۆپری بارەگایەکی سەرەکی ئێمەی لێ بوو، لەوێ کۆبونەوەیەکمان کرد بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی ئازاد کردنی شاری کەرکوک دابنێین، کاک مەسعود بازرانیش لە کۆبونەوەکەدا بەشدار بو. وا ئێتیفاقمان کرد ئەو بگەڕێتەوە و بڕوا هەندێ لە هێزەکانی هەولێر و بادینان ڕێک بخا، بۆ ئەوەی بچنە سەر موسڵ و موسڵ ڕزگار بکەن، کەرکوکیشی بۆ ئێمە بەجێهێشت، بۆ ئەوەی ئێمە خەریکی ئیشی کەرکوک بین. ئیتر ئێمە خەریکی ئیشی کەرکوک بوین.

لە راستیدا ئەو کە ڕۆیشت و چو بۆ ئەولا، لەو لا پەشیمان بوەوە. کاک مەسعود ئەیوت بۆیە پەشیمان بۆینەتەوە، کە ئینتیباعێکی وا نەدەین بە خەڵکی موسڵ، وەکو چۆن ساڵی ١٩٥٩ کوردی تیا ئێتیهام کراوە بەوەی ڕۆیشتوە خەڵکی کوشتوە، بۆ ئەوەی ئەوە دوبارە نەبێتەوە. ئێمە کارەکەی خۆمان بەجێهێنا، کە عیبارەت بوو لە ئازاد کردنی شاری کەرکوک. هێزەکانی خۆمانمان هەموی کۆکردەوە، هێزەکانی ئەوانیشمان برد، کە لەو ناوچانەدا بون. هێزێک لە ناوچەی ئاڵتون کۆپری ئامادەکرا بەرەو کەڵوڕ و لەوێوە بەرەو کەلی سێکانیان. هێزێکی تریش لە سلێمانییەوە چوبون بەرەو چەمچەماڵ و لە قەرەهەنجیر یەکیان گرتبوەوە. هێزێکی تریش لە گەرمیانەوە ئەبوو لە دوزەوە پەلامار بدەن.

ئەو هێزانەی کە ئامادەمان کرد بون لە ئاڵتون کۆپرییەوە، کارەکانی خۆیان دەست پێکرد بۆ تێکشکاندنی خەتی دیفاعی حکومەت لەسەر کەلی سێکانیان. ئەوانەی قەرە هەنجیریش خەتە دیفاعییەکانی عێراقیان شکاند و داخڵی ناو شاری کەرکوک بون. بەڵام ئەو هێزەی ئەبوو لە دوزەوە حەرەکەت بکا، موجاهیدینی خەڵک پەلاماریاندان، مەشغوڵیان کردن بە خۆیانەوە، شەڕێکی قورسیان لەگەڵ کردن، لەبەر ئەوە ئەو قۆڵە نەیتوانی بەشداری لە ئازادکردنی کەرکوکدا بکا. بۆیە هەتا کەرکوکیش گیرایەوە، مەعەسکەر خالید و ئەو ناوچەیە، کە ئەبوایە ئەو هێزەی گەرمیان بهاتنایە و تەسفیەیان بکردنایە، مایەوە. ئەوە دیسان بوەوە بە بنکەیەک بۆ ئەوەی هێزەکانی عێراق لەوێ کۆببنەوە، لەوێوە پەلاماری شاری کەرکوکیان دایەوە و گرتیانەوە."[1]

نەوشیروان مستەفاش سەرپەرشتی کردنی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بە گەورەترین شانازی ژیانی خۆی دەزانێت و دەڵێت: "گەورەترین شانازی ژیانم ئەوەیە کە لەو

1 . باست حمە غەریب، دیدار لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، تەلەفزیۆنی کورد سات ٢٠٠٠/٣/٦.

راپەڕینەدا دەوڕێکی گرنگم بینیوە لە راپەڕینی شارەکاندا، لە ڕێکخستنیدا، لە سەرپەرشتی کردنیدا. ئەو برادەرانەش کە بەشداربوون و لە ژیاندا ماون ئاگایان لێیە تەنانەت لە رزگار کردنی کەرکوکیشدا کە چۆن لە ئالتون کۆپری و چۆن لە قەرەهەنجیریشدا چۆن کۆبوونەوەم بە خەڵکەکە دەکرد و ڕێکمان دەخستن و بەگەڕمان دەخستن و من خۆشم لەوانە بووم کە ئەوەڵ تاقم چوینە ناو شاری کەرکوکەوە لەگەڵ کاک کۆسرەت و برادەرانی تر."[1]

ئێوارەی ٢٠ی ئازاری ١٩٩١ بەم بروسکەیە موژدەی رزگارکردنی کەرکوکی‌دا بە خەڵکی کوردستان: "لە نەوشیروان مستەفاوە بۆ جەماوەری گەلی کوردی قارەمان، بەبۆنەی رزگارکردنی شاری داگیرکراوی کەرکوکەوە لە دەسەڵاتی پیسی بەعس، پیرۆزبایی لە گەلی کورد و هەموو نەتەوەی کورد ئەکەم کە رۆژێک بەر لە نەورۆز هێزی پێشمەرگەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و چەکدارە شۆڕشگێڕەکان و جەماوەری راپەڕیوی کورد، پشت ئەستوور بەیارمەتی خوای گەورە و لێ بڕانی رۆڵەکانی میلەتەکەمان توانی شاری پیرۆزی کەرکوک لە دەسەڵاتی پیسی بەعس رزگاربکەن. بەم بۆنەیەوە کە رۆژێکی مێژوویی و تاجی سەرکەوتنی کردە سەری راپەرینی گەلی کورد لە عێراقدا، داوا لە میللەتەکەمان ئەکەین کە بە یەکگرتن و یەکێتی ریزەکانی و بە وریایی و هۆشیاری پارێزگاری ئەم سەرکەوتنە بکەن."[2]

کامەران قەرەداغی، لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە رۆژانی راپەڕین، دەڵێ نەوشیروان مستەفا گەورەترین بەرپرسی کورد بوو چووە ناو کەرکوکەوە. "راستەوخۆ دوای ئازاد کردنی کەرکوک، نامەیەکم لە سەرۆک عەشیرەتێکی عەرەبی بە نوێنەرایەتی ١١ سەرۆک عەشیرەتی دیکەی حەویجەی رۆژئاوای کەرکوکەوە پێگەیشت، پێشنیازی هاوکاری و تەنیسقیان لە نێوان هەردولادا کردبوو. ئەوان دەترسان رژێمی بەعس هەرەسبهێنێت. لە نامەکەدا هاتبوو دەزگاکانی رژێم بە عەرەبەکانیان وتوە هێزە کوردییەکان هاتوون دەستدرێژی بکەنە سەر ژنەکانتان و هەرچی عەرەبە بکوژن و لە گوندەکانتان دەرتان بکەن و مولکومالتان بەتالان بەرن، بۆیە ئەو سەرۆک عەشیرەتە عەرەبانە پێشنیاریان بۆ کردین لە ئیزگەوە دڵنیایی بدەین بە دانیشتوانی عەرەب کە شۆڕشی کورد دژی عەرەب نییە، بەڵکو دژی رژێمی سەدامە

1 . جەمال عەبدوڵڵا، چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا .. سەرچاوەی پێشوو، ل٧.
2 . بەڵگەنامەی ژمارە (٤٥) بروسکەی نەوشیروان مستەفا و موژدەی رزگار کردنی شاری کەرکوک.

که کورد و عەرەب و کەمینەکانی دیکە بە دەستیەوە نالاندویانە. ئەو سەرۆک خێڵە عەرەبانە بەڵێنیان داینێ گەر ئێمە ئەوە بکەین ئەوانیش بە نوێنەرایەتی عەرەبەکان دەچن بۆ لای سەرکردایەتی کورد."[1]

مام جەلال سەبارەت بە رۆڵی نەوشیروان مستەفا لە هەڵگیرساندنی راپەڕین دەڵێت: "دەوری سەرەکی راپەڕین، هی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و رێکخستنەکانی ناوەوەی یەکێتی و مەفرەزەکانی ناوەوەبوون و ئەوان رێبەرە فیعلیەکە بون کە لەمەیدانەکەدا بون، سەرکردایەتی فیعلی راپەڕینەکەش کاک نەوشیروان مستەفا بو.[2]

دوای ئەو هەموو خۆ ئامادەکاریانە بۆ راپەڕین، کەچی مەلا بەختیار، دەڵێت: "بەداخەوە تا ئێستاش هەن پێیانوایە ئەندازیاریی نەوشیروان بوو. نەخشەی بۆ راپەڕینەکە داڕشتبوو..."[3]

کەچی هەر خۆی پێشتر لەو پەیامەی کە لە ٢٠١٨/٣/٥دا کە لە ساڵیادی راپەڕیندا بڵاویکردبووەوە، دەڵێت: "لە دوای ئەنفال و کیمیاباران، یەکێتی شۆڕشگێڕانە هاتەدەست و مەکتەبی سیاسی، بە رابەرایەتی نەوشیروان مستەفای خوالێخۆشبوو، دیزاینی راپەڕینیان داڕشت و کەوتنە هیمەت و هەڵمەت.. هەر بەراستیش یەکێتییەکان، قۆناغی رەشبینییان فرێدا و شانیاندایە بەر ئەرکی راپەڕین، لەناو بەرەی کوردستانیشدا، تێزی راپەڕین پەسەندکراو کرایە سیاسەتێک، لە کاتی گونجاودا، جێبەجێبکرێ، بەڵام کە هێرش کرایە سەر کوێت، یەکێتی سەرچڵیەکی شۆڕشگێڕانەی نواندو دەرپەڕی و راپەڕی".[4]

یەکێک لە گرنگترین پرەنسیپەکانی شیکاری و هەڵسەنگاندن بۆ رووداوەکان بابەتی بوونە، بابەتی بوونیش بەبێ هەبوونی زانیاری و بەڵگە کارێکی ئەستەمە. خەیاڵ، دوژمنی باوەکوشتەی بابەتی بوونە. لە دنیای فەلسەفە و تەنانەت یاسادا شتێک هەیە پێی دەوترێ (هۆیەتی - السببية)، هۆیەتی پەیوەندی نێوان رووداوێک و ئەو دەرئەنجامەی لێی کەوتووەتەوە دیاری دەکات. بۆ ئەو دیاری کردنەش لێکۆڵەر پێویستی بە زانیاری ورد و دۆکیومێنت هەیە، بەڵام لەوانەش گرنگتر دەبێ لێکۆڵەر خاوەن ویژدان و مۆراڵ بێت.

---

1 . كامران قرەداغي، كيف سحق صدام حسين الانتفاضة الكردية بضغط أميركي على السعودية؟:
https://daraj.com/66195 /

2 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

3 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٣.

4 . مەلا بەختیار: یەکێتی بەرابەرایەتی نەوشیروان مستەفا دیزاینی راپەڕینی داڕشت، سایتی شار پرێس:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=109708

هۆیەتی، پێوەندیی نێوان یەک ڕووداو (هۆ) و ڕووداوی دووهەم (بەرهۆ)، بە چەشنێک کە ڕووداوە دووهەمەکە ئاکامی ڕووداوە یەکەمەکەیە. هۆیەتی ڕێگایەکە بۆ شرۆڤە کردنی چۆنیەتیی پێوەندیی ڕووداوێک لەگەڵ ڕووداوێکی تردا. بۆ نمونە عێراق کوەیتی داگیر کرد، بۆیە ئەمریکا هاوپەیمانی لەدژی دروستکرد و لێی دا. کە لێی درا سوپاکەی تێکشکا و پاشەکشەی کرد، تێکشانی سوپا و ئەو پاشەکشە نا مونەزەمە بوە هۆی ئەوەی شیعە لە باشوری عێراق ڕاپەڕین بکات.

هاوکێشەکە بۆ کوردستان بەمجۆرەیە: ئەو کاتەی خەباتی چەکداری هێزەکانی کوردستان لە ترۆپکدا بوو، جەماوەر دڵنیا بوون لەوەی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان بەردەوامە، بەڵام دوای ئۆپەراسیۆنی ئەنفالەکان و تێکشکانی هێزی پێشمەرگە لە شاخەکان، جەماوەری کوردستان هیچ ئاسۆیەکی لەبەردەمدا نەمابوو جگە لە ڕاپەڕین، بۆیە هەمیشە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕا بۆ ڕاپەڕین. داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە، نەوشیروان مستەفای خستە سەر ئەو باوەڕەی بەهۆی ئەم سەرکێشیەوە، رژێمی سەدام گورزی بەردەکەوێت و ئەگەری ئەوەش هەیە تا رادەی روخاندن بچێتە پێشەوە، بۆیە بەرنامەی ڕاپەڕینی دانا، لە ناو جەماوەریشدا ئەو قەناعەتە دروست بوو کە دەتوانێ بە پشتیوانی پێشمەرگە ڕاپەڕین بکات، بۆیە کاتێک هەلومەرجەکە ڕەخسا ڕاپەڕین دروست بوو.

کەواتە دەکرێ بڵێین ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەرهەمی خۆ ئامادەکردنی بەرەی کوردستانی بە گشتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نەخشەدانانی نەوشیروان مستەفا بوو، داگیرکردنی کوەیت لە لایەن سەدام حسێن و سوربوونی بەوەی پاشەکشە نەکات و لێدانی لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە، وایانکرد سوپای عێراق تێک بشکێ و هەلومەرجێکی لەباری بۆ ڕاپەڕین دروست ببێ.

ئەگەر لەم ڕووداوانەدا، نەخشەکانی نەوشیروان مستەفا بۆ ڕاپەڕین کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا خستمانەڕوو نەبوایە، ڕووداوی داگیرکردنی کوەیت و جەنگی کەنداوی دووەم تێدەپەڕین و هیچ شتێک لە کوردستاندا ڕووی نەدەدا.

**شەشەم: رژێم داوای وتوێژی کرد**

**١. تەقەلایەکی سەرنەکەوتوو**

لە گەرمەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و ڕاپەڕیندا، رژێم هەوڵیدا لەگەڵ بەرەی کوردستانیدا بکەوێتە وتوێژ. نەوشیروان مستەفا لە دەفتەری یاداشتەکانیدا سەبارەت بەو هەوڵە سەرنەکەوتووە و هۆکار و دەرئەنجامەکانی نووسیویەتی: "سەدام پەیامێکی

نووسراوی بۆ هەردو سەرکردە: مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نارد. لەو کاتەدا تەنیا شاری کەرکوک مابوو بکەوێتە دەس بەرەی کوردستانی. ئەم پەیامەیان بە دو ڕێگای جیاواز و بۆ دو وڵاتی جیاواز و لە ڕێگەی دو کەسی جیاوازەوە، بەڵام بە هەمان ناوەڕۆک و رستە و ڕێزمان، بۆ تاڵەبانی و بارزانی نارد بو.

کۆپیەکی پەیامەکەیان ئاراستەی تاڵەبانی کرد بو. تاڵەبانی لەو کاتەدا لە شام بو. کۆپیەکە نێردرا بوو بۆ بەرزان تکریتی (ئەبو محەمەد) دایکبرای سەدام حسێن لە جنێڤ (لە سویسرا) تا ڕەوانەی بکا بۆ تاڵەبانی.

بەرزان تکریتی و سەرچڵ قەزاز ئاشنایەتیان هەبو. بەرزان تەلەفۆنی بۆ سەرچڵ قەزاز کرد بوو کە بۆ کارێکی گرنگ و پەلە بگاتە لای. ئەویش دەستبەجێ بە فڕۆکە ئەچێ بۆ لای.

بەرزان پەیامەکەی بە نووسراوی ئەداتێ، خۆیشی نامەیەک بۆ مام جەلال ئەنوسێ، هانی ئەدا ئەو هەلە مێژوییە بقۆزنەوە، بە زار هەندێ ڕاسپاردەشی لە زمانی سەدامەوە پێ ئەڵێ: کە سەرۆک ئامادەی گفتوگۆیە، ئەگەر وەفدێ بنێرن بۆ جنێڤ خۆی سەرۆکایەتی گفتوگۆکە ئەکا. ئەگەر بینێرن بۆ عەمان تاریق عەزیز ئەنێرن. ئەگەر لە سەلاحەدین بێ سەعدون حەمادی ئەنێرن. ئەگەر لە بەغداد بێ سەدام خۆی سەرۆکایەتی ئەکات. هەروەها وتبوی: ئەوان گفتوگۆ لەگەڵ یەکلا ناکەن، ئەبێ هەردو سەرکردە: تاڵەبانی و بارزانی و هەردو حیزب: یەکێتی و پارتی پێکەوە بن.

سەرچڵ پەیامەکەی گەیاند بوە د. فوئاد مەعسوم لە لەندەن. لەو کاتەدا د. فوئاد مەعسوم و محەمەد تۆفیق ڕەحیم هەردوکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بون و لە لەندەن بون، محەمەد تۆفیق پەیامەکە هەڵئەگرێ و ئەڕواتە شام تەسلیمی مام جەلالی ئەکات.

مام جەلال، ڕەزامەندی دەربڕی بوو بۆ گفتوگۆ، بە نووسین بە دو نامەی جیاواز وەڵامی نامەکەی بەرزان و نامەکەی سەدامی دابوەوە و، ئاگاداری محەمەد تۆفیقی کرد بوو دەسبەجێ بگەڕێتەوە بۆ لەندەن ئەم و د. فوئاد نوێنەرایەتی یەکێتی بکەن و هوشیار زێباری و موحسین دزەیی، کە یەکەمیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و دوەمیان نوێنەری شەخسی بارزانی بوو، کە ئەوانیش هەر لە لەندەن بون، نوێنەرایەتی پارتی بکەن، لەگەڵ بەرزان تکریتی گفتوگۆ بۆ ڕاگرتنی شەڕ دەس پێ بکەن.

د. فوئاد مەعسوم و محەمەد تۆفیق بۆ ئەو مەبەستە قسە لەگەڵ وشیار زێباری و موحسین دزەیی ئەکەن. ئەوان ئەڵێن عێراق لە ڕوخان دایە ئێمە گفتوگۆی لەگەڵ

ناکەین. لەو کاتەدا هەردوکیان دەعوەت کرا بون بۆ سعودیە. سەردانەکەی سعودیەیان بە لاوە گرنگتر بووبوو لە چون بۆ جنێف و شەڕ ڕاگرتن و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق.

بەمجۆرە دەسپێشخەریەکەی سەدام لە ڕێگەی بارزانی برایەوە بێ بەر دەرچو.

کۆپییەکی تری هەمان پەیام ئاڕاستەی مەسعود بارزانی کرا بوو.

حاجی عوبێدی حاجی مەجیدی سەرسور لە ١٩٧٤دا سەرلقی پێشمەرگە بوو، ئاشنایەتی کۆنی لەگەڵ کاک مەسعود هەبوو، ئەویان دۆزیبوەوە نامەکەی پێدا ڕەوانە بکەن. حاجی عوبێد، پیاوێکی کوردپەروەری دڵسۆز بوو، گومان لە نیازی بەعس ئەکا و، ئەکەوێتە دڵەڕاوکێ کە نەوەکو نامەکە بۆ نانەوەی فیتنە و تێکدانی نێوان یەکێتی و پارتی بێ. کە ئەگاتە پردێ بە دوای بارەگای یەکێتیدا ئەگەڕێ و، ئەچێتە لای مەلا فەرمان کە بەرپرسی ئەو بنکەیە بو. مەلا فەرمان و حاجی عوبێد هەردوکیان سالّەیی بون. باسەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە و داوا ئەکا نامەکە بخوێنێتەوە و ناوەڕۆکەکەی بنووسێ و بینێرێ بۆ من بۆ ئەوەی ئاگاداری مەسەلەکە بم. مەلا فەرمان دەسبەجێ وێنەیەکی لە بەر نووسی بوەوە هەمان ڕۆژ بە دەستی بۆی ناردم. لەگەڵ کۆسرەت و حەسەن کوێستانی خوێندمانەوە. دوای تاووتوێ کردنی ناوەڕۆکەکەی، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان و عێراق، بە تایبەتی کە ڕاپەڕینی شیعە لە شارەکانی خواروی عێراق تێک شکێنرا بو. پێمان وا بوو ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی جەیش لەو شوێنانەدا کە بوبونە سنوری هەردولامان و دەس پێکردنی گفتوگۆ بە قازانجی کورد. هەڵوێستی کورد لەو کاتەدا لەوپەڕی بەهێزی دا بوو، بە پێچەوانەوە هەڵوێستی سەدام و بەعس لەوپەڕی خراپی دا بو.

ئێوارەکەی لە سەلاحەدین لە بارەگاکەی خۆمان بوم و کاک مەسعود لە شەقڵاوە بوو بروسکەی بۆ کردم کە بۆ کارێکی زۆر گرنگ یەکتر ببینین. دەسبەجێ چوم بۆ لای، بەڵام بە هیچ جۆرێ وام پیشان نەدا من هیچ ئاگاداریەکم لەو بارەیەوە هەیە.

کاک مەسعود میوانی عوسمان میرانی خۆشناو بوو لە شەقڵاوە. داوای لە مالّخوێ کرد ژورێکمان بۆ کۆبونەوە بۆ ئامادە بکەن. چوینە ژورەکەوە جگە لە خۆی و من، فەرەنسۆ حەریری، ئازاد بەرواری، فازڵ میرانی... لەگەڵ بوون.

کاک مەسعود دەستی کرد بە قسە وتی: "ئەمڕۆ حاجی عوبێد لە حکومەتەوە ئەم کاغەزەی هێناوە" کاغەزەکەی دامێ بیخوێنمەوە. منیش بە وردی خوێندمەوە. ئینجا لێی پرسیم: "ڕەئیت چیە؟" دوای ئەوەی بۆچونەکانی خۆمانم بۆ ڕون کردەوە، وتم: "پێم باشە بە ئیجابی وەڵامی بنووسینەوە". ئەوانی تریش هەمان ڕەئیان هەبو. خۆیشی

رەئی وەکو ئێمە بو. خۆی نامەیەکی کورتی نووسی، ئامادەیی بەرەی کوردستانی دەربڕی بۆ راگرتنی شەڕ و گفتوگۆ. هەر ئەو شەوە بڕیار درا وەفدێ پێک بهێنین دو لە سەرکردایەتی یەکێتی: فەرەیدون عەبدولقادر و عومەر فەتاح و دو لە سەرکردایەتی پارتی: ئازاد بەرواری و فازڵ میرانی، هەر کات پێویستی کرد بینێرین بۆ گفتوگۆ. وەڵامەکە بۆ سەدام نێردرایەوە. وەکو دوایی بیستمان، نامەکە نەگەیشتبوە جێگەی خۆی، چونکە لە رێگەی گەڕانەوەیدا کۆپتەر پەلاماری ئۆتۆمۆبیلەکەی حاجی عوبێدی دابوو، سەرنشینەکانی لە تاو گیانی خۆیان هەڵات بوون. نامەکەش لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا سوتا بو. وەکو دوایی دەرکەوت هەڵوێستی بارزانی و سەرانی پارتی لە کوردستان جیاواز بوە لە هی هاوڕێکانی لەندەنیان، پێئەچو ئاگایان لە یەکتری نەبوبێ. بەمجۆرە دەسپێشخەریەکەی سەدام لە کوردستانیش بێ بەر بو."[1]

(مام جەلال)یش لە دیداری تەمەندا باس لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ بەرزان تکریتی لە دەرەوەی وڵات و لە کاتی راپەڕیندا کردووە، دەڵێت: "دەمەوێ لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگ بگێڕمەوە، راپەڕین دەستی پێکرد لە ١٣ – ١٤ی مانگی مارتدا، نوێنەری حکومەت لە دەرەوە و لە ناوەوە پەیوەندییان پێوەکردین. نامەیەک بە خەتی سەدام هاتبوو، بەڵام بەبێ ناونیشان و دەڵێت: ئێمە ئامادەین لە گەڵتاندا دانیشین و باسی کێشەکان بکەین.

بارزانی برای سەدامیش لە سویسرا داوای بینینی منی کرد، ئەمە یەکێک بوو لە هۆی دواکەوتنم لە گەڕانەوەم بۆ کوردستان، گوتی لە کوێ تۆ دەتەوێ لە سویسرا، لە ئوردن ئێمە ئامادەین دابنیشین و هەموو مەسەلەیەک قابیلی باسکردنە، بە فیدراڵیشەوە.

ئێمەش برادەرانی پارتیمان ئاگادار کردەوە، لەوکاتەدا هۆشیار زێباری و موحسین دزەیی سەفەرێکی سعودییەیان بەدەستەوەبوو، بۆ خاتری سەفەرەکە، داخوازییەکەی بارزانیان رەتکردەوە نەهاتن بەیەکەوە بچین بیانبینین. بەڕای من ئەگەر ئێمە ئەو کاتە گفتوگۆمان بکردایە، رەنگ بوو مەسەلەی کەرکوکیش وەک خۆی بمایەوە، ئەو وەختە خۆمان دەست پێدەکرد، بەڵام لە راپەڕینەکەدا خۆمان لە شارەکاندا نەچەسپاند."[2]

### ٢. موکەڕەم تاڵەبانی پەیامی پێیە!

عێراق هێزێکی گەورەی لە فیرقەکانی حەرەس جمهوری کۆ کردبوەوە، لەگەڵ ٣٠٠ تانک بەرەو کوردستان بەڕێ خرا بوون. سەدام حسێن د. موکەڕەم تاڵەبانی لەگەڵ

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

2 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٢-٢١٣.

ئەم هێزە نارد بوو، رای سپارد بوو کە قسە لەگەڵ کاک مەسعود و مام جەلال بکا بۆ گفتوگۆ. پێیان وتبوو: "ئەگەر تا ٤ رۆژی تر وەڵامی ئیجابی نەهێنێتەوە ئەوا بەورێگایەدا نەگەڕێتەوە چونکە ئەوان هێرش ئەکەن بۆ گرتنەوەی کەرکوک و کوردستان موکەڕەم لە فەتحە لە هێزەکەی عێراق جیا ببوەوە و ئەوان بەرەو دوبز جوڵا بوون بیکەن بە بنکەی هێرشی پێچەوانە بۆ سەر کوردستان، ئەمیش هات بوو بۆ سلێمانی. لە سلێمانی فەرەیدون عەبدولقادر و عومەر فەتاحی دیبوو. راسپاردەکانی پێ وتبوون ئەوان ئاگاداریان کرد بوو کە بەرەی کوردستانی موافیقە لەسەر گفتوگۆ، لەبەر ئەوە هەرچی زوتر بگەڕێتەوە باشترە. بەڵام موکەڕەم وتبوی: سەدام داوای لێکردوە بارزانی و تاڵەبانی ببینێ، لە دەمی خۆیانەوە قسەکان ببیستێ. موکەڕەم هات بوو بۆ هەولێر شەو ئاگاداریان کردم بۆ بینینی. لە سەلاحەدینەوە بەڕێ کەوتم بۆ هەولێر، لە ماڵی محەمەد مەعسومی برای د فوئاد مەعسوم دابەزی بو. هەمان قسەکانی سلێمانی دوبارە کردەوە. منیش هەمان قسەم کرد و وتم: مام جەلال هێشتا لە سوریایە لە بەر ئەوە ناتوانی بیگەیتێ چاکتر وایە بگەڕێیتەوە رەزامەندی مام جەلال و کاک مەسعود و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیان پێ رابگەیەنی، ئەو هەر سور بوو لەسەر ئەوەی مام جەلال گەیشتۆتە زاخۆ و هەر ئەبێ ببینێ.

بۆ رۆژی دوایی د. موکەڕەم، مەسعود بارزانی و کەریم ئەحمەدی بینی بوو، لەگەڵ محەمەد مەعسوم بۆ بینینی مام جەلال بە رێگای بەردەڕەش ویستبویان بچن بۆ زاخۆ، بەڵام بەهۆی هێرشی جەیشی عێراقیەوە نەیان توانی بوو تێ بپەڕن، گەڕابوونەوە. ٤ رۆژەکە تێپەڕی. هێرشەکە دەستی پێکرد. ناوبژیەکەی موکەڕەم بە هیچ نەگەیشت."[1]

لای خۆیەوە مەسعود بارزانی لە ١٩ی تەموزی ١٩٩٣ لە دیداریکیدا باسی لەوە کردووە کە ئەو هیچ ئاگاداری ئەو گفتوگۆیانەی جنێف نەبووە لەگەڵ بارزان تکریتی: "شەوی ١٣ لەسەر ١٤ی ئازاری ١٩٩١ کەسێک لە کەرکوکەوە هات، وابزانم موکەڕەم تاڵەبانی بوو، نامەیەکی پێبوو، پەیوەندیم بە نەوشیروان مستەفاوە کرد لە کەرکوک بوو، پێکەوە نامەیەکی نووسراومان بەو کەسەدا ناردەوە، ئەو کەسە لە رێگەی کەرکوک هەولێر تەقەیان لێکردبوو، لە سەیارەکەی دابەزیبوو، چاکەتەکە و نامەکەی لە سەیارەکەدا بەجێ هێشتبوو، سەیارەکەو نامەکە بەهۆی قەسفەوە سوتان، گەڕابوونەوە و نامەکەمان کورت بوو تێدا وتبومان ئێمە دژی گفتوگۆ نین، ئێوە قەبوولّتان نییە و داوای چارەسەرێکی ئاشتیانەی دیموکراسیانە دەکەین، پێم وایە تا

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

ئێستاش ئەوان باوەڕیان بەوە نییە نامەکەمان لە ناو سەیارەکەدا بە هۆی قەسفەکەوە تیاچووە، وایان زانیبوو ئێمە مەغرورین، بۆیە وەڵامی نامەکەیانمان نەداوەتەوە.[1]

**حەوتەم: تێکشکانی راپەڕین و کۆڕەو**

مەترسیدارترین خاڵی ڕێکەوتنەکەی جنرال نورمان شوارزکۆف، فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا و جنرال سوڵتان هاشم سوپا سالاری عێراق لەژێر چادرەکەی سەفوان ئەوە بوو، شوارزکۆف ڕێگەی بە عێراقدا هەلیکۆپتەرە جەنگییەکانی لە سنوری عێراق بسوڕێنەوە. ئەم ڕێگەدانە بەلای 'سەدام حسێن'ەوە بەوە لێکدرایەوە کە ئەمریکا رازیە بە دامرکاندەوەی راپەڕینەکانی شیعە و کورد.

دوای ئەو دانیشتنە حیزبی بەعس بە هەموو هێزێکیەوە کەوتە قەتڵوعام کردنی خەڵکی راپەڕیوی باشوری عێراق، پاشان هەموو هێزەکانی خۆی لەگەڵ حەرەس جمهوری کۆکردەوە بۆ پەلامارداندەوەی کوردستان. لەو پەلامارەدا موجاهدینی خەڵکی ئێرانی، بوون بە هاوکاری سوپای عێراق.

پەلامارەکە لە ١٩٩١/٣/٢٧ بۆ داگیرکردنەوەی کەرکوک دەستی پێکرد. هاوکات لەگەڵ پەلاماری کەرکوک پەلاماری بادینانی داو ئەوێشی داگیر کردەوە. لە ١٩٩١/٣/٣١ لە چەند لایەکەوە هێرشی هێنایە سەر کەرکوک و داگیری کردەوە. داگیرکردنەوەی کەرکوک و هەولێر و لێشاوی هەڵهاتنی خەڵک لەو شارانە بەرەو سلێمانی وای کرد، لە ٣ی نیسان پێشمەرگە بەبێ شەڕێکی دیار لەو شارە بکشێتەوە.

دواتر جنرالْ شوارزکۆف لە یادەوەرەییەکانیدا نووسیویەتی: "لە چەند هەفتەی دوای ئەوە، بۆمان دەرکەوت ئەو کوڕی سۆزانییە چی لە مێشکیدایە، هەلیکۆپتەری چەکداری بەکارهێنا بۆ دامرکانەوەی یاخیبوان لە بەسرە و شارەکانی تر. لەو ساتەدا ئەمە پەیوەست بوو بە کۆشکی سپی تا بڕیار بدات تا چ ئاستێک ولایەتە یەکگرتووەکان دەیەوێت دەست لە کاروباری سیاسی و ناوخۆی عێراق وەربدات."[2]

نەوشیروان مستەفا تێکشاکانی راپەڕین دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند هۆکارێک:

هۆی ناوەکی: نەبوونی سەرکردایەتیەکی سیاسی و پێشمەرگەیی یەکگرتو کە نەخشە و پلانی سازدانی سیاسی خەڵک و یەکخستنی هەمو هێزە چەکدارەکانی کورد

1 . كامران قرەداغي، تحرير كردستان من صدام حسين والثقة معدومة بين الكرد والشيعة:
https://daraj.com/64218/

2 . نورمان شوارزكوف، شوارتزكوف فى الخليج، ترجمة حسام الدين كساب متولي، كتبه مدبولي، جمهورية مصر العربية، القاهرة، ١٩٩٣، ص ٢٩١.

دابنێ، بۆ ئەوەی سنوری کوردستان لە هێرشی پێچەوانەی جەیشی ئیحتیلالی بەعس بپارێزێ.

هۆی ناوچەیی: دەوڵەتە دراوسێکان، بە تایبەتی ئێران و سوریا، کە هەردوکیان ئاگاداری نەخشەی راپەڕین بوون، کەچی وەک پێشتر بەڵێنی زۆریان بە سەرکردایەتی بەرە دابوو، هیچ جۆرە یارمەتییەکی مادی یا مەعنەوی راپەڕینەکەیان نەدا.

هۆی جیهانی: سروشتی دینیی راپەڕینەکەی خواروی عێراق و دروشمە نالەبارەکانی "المجلس الاعلی للثورة الاسلامیة" وای لە دەوڵەتانی دراوسێ، بە تایبەتی سعودیە و تورکیا، هەروەها دەوڵەتانی ئەورووپی و ئەمەریکی، کرد کە بترسێن و وای لێ کردن ئەمەریکا ئازادی بدا بە صەددام هێزەکانی و چەکەکانی لە جنوب و لە کوردستان بە کار بهێنێ بۆ هاڕینی هەردو راپەڕین.[1]

رزگارکردنی کوردستان، تەنها ٢٨ رۆژی خایاند، بەڵام مێژوویەکی گەورەی تۆمار کرد. "بەهاری ئازادی کورد زۆری نەخایاند، ئەم سەرکەوتنە گەورەیە وەرگەڕا بە گەورەترین شکستی جەنگی و، گەورەترین کۆچی بە کۆمەڵی کورد و، گەورەترین کارەساتی نەتەوەیی، سەرەنجام بۆ یەکەمین جار مەینەتیی کورد توانی بەزەیی بەشێ لە رای گشتی جیهانی پێشکەوتو بە دەس بهێنێ."[2]

هێرشەکانی سوپای داگیرکەری بەعس، باشوری کوردستانی روبەڕووی کارەساتێکی مرۆیی گەورە کردەوە. لەو کۆڕەوەدا، نزیکەی ٣ ملیۆن کەس بۆ ڕزگاربوون لە ڕژێمی بەعس ئاوارەی سەرسنورەکان بوون.

هەر لە سەرەتای کۆڕەودا ئێرانییەکان سنورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیان بەڕووی ئاوارەکاندا کردەوە، بەڵام تورکیا لە سەرەتادا دەروازەکانی بەڕووی ئاوارەکاندا داخست.

لە ڕێگەی گواستنەوەی دیمەنە تراژیدییەکانی خەڵکی ئاوارە لە میدیا جیهانییەکانەوە، رای گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وروژا. لە پێنجی نیسانی ١٩٩١دا، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٩٨٨ی پەسەند کرد. بڕیارەکە لە لایەن ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا ئامادەکرابوو. گرنگترین خاڵەکانی ئەو بڕیارە بریتی بوو لە ئیدانەکردنی سەرکوتکردنی دانیشتوانی مەدەنی لە عێراق و کوردستان و بە هەڕەشەی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا، دائەنا.

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

2 . هەمان سەرچاوە.

هەروەها داوای لە عێراق ئەکرد دەستبەجێ وەکو بەشداریيەک لە رەواندنەوەی هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا، کۆتایی بەم سەرکوتکردنە بهێنێ.

لە کتێبی "لەبری بیرەوەری"دا، مەلا بەختیار رووداوێک دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ حەقیقەتەکاندا یەک ناگرنەوە. دەڵێت: "شەوی کۆڕەوەکە مام جەلال گەیشتە سلێمانی. لە ماڵی شێخ سالاری حەفید بووە. کە زانی بەرەنگاری ناکرێ، بڕیاری دابوو شەڕی ناو شار لەگەڵ سوپای عێراق بکرێ. نەیتوانیبوو فەرماندەیەک لەناو کۆڕەوەکە و شکستەکەدا، بکاتە فەرماندەی ئەو شەڕە، من ئاڵای شۆڕش بوم. ناردبوی بە دوای ئاواتی شێخ جەنابدا، سەرێ بدەم بۆ ئەوەی فەرماندەیی بەرەنگاریم لەشاردا پێبسپێرێ. هەتا درەنگانێ ئاواتی شێخ جەناب بەدوامدا گەڕابوو. نیوەشەو لە ماڵی نیانی خوشکی پەیدای کردم. پێی وتم: مام جەلال عەودالّتە. بۆ کارێکی گرنگ دەیەوێ سەری بدەی. دەستبەجێ چووم. پێش گەیشتنی من بەچارەکە سەعاتێک، بە ئەزمەڕدا سەرکەوتبوو. هەزاران سەیارەش ڕێچکەیان بەستبوو، فریای نەدەکەوتم. (سەلاح چاوشین)م بینی لە ماڵەکە، وتی: زۆر چاوەڕێی کرد.. نا ئومێد بوو، ئیتر ڕۆشت. پێم وت: ئاگاداری بکە درەنگ زانیومە هاتوم."[1]

ئەم قسانەی مەلا بەختیار پێچەوانەی ئەو بروسکانەیە کە ١٩٩١/٣/٣١ و ١٩٩١/٤/١ مولازم عومەر عەبدوڵڵا کردوونی بۆ مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا و مام جەلال:

بروسکەی یەکەم ئاراستەی مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا کراوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە شوێنەکەی بکات، باسی لەوە کردوە کە بەشێک لە خەتی دیفاعی بە مەلا بەختیار سپاردوە.

لە کاک عومەر عەبدوڵڵا بۆ بەڕێز کاک مەسعود بۆ بەڕێز کاک نەوشیروان

١. کاک مەلا بەختیار خۆیان و پێشمەرگەی شوراکان (١٥٠) کەس هاتون و ئامادەییان هەیە بۆ شەڕ و دیفاع. بەشێک لە خەتی دیفاعیمان بە کاک بەختیار سپاردوە و خۆی سەرپەرشتی ئەکا.

٢. من وام پێ چاکە کاک بەختیار ڕۆژێک بێت بۆ لاتان و بگەڕێتەوە و هەندێ قسەی هەیە و خۆشی حەز ئەکات بتان بینێ و بگەڕێتەوە لای ئێمە.

کە ئەوان وەڵامیان نەداوەتەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدات کە مەلا بەختیار ئەرکی پێ سپێدراوە، بروسکەی دووەمی لە ١٩٩١/٤/١ بۆ مام جەلال کردوە:

---

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٧.

لە کاک عومەر عەبدوڵڵا بۆ بەڕێز مام جەلال

سڵاوێکی گەرم

مەلا بەختیار لامانە و ١٥٠ کەسێکی چەکداری هێناوە و ئامادەیی هەموو هاوکارییەکە، دەیەوێ بێتە لاتان، تکایە رئی بەڕێزتان چییە؟

لە پەراوێزی بروسکەکەشدا مام جەلال نووسیویەتی:

باشە با مەلا بەختیار بێت بۆ لامان"[1]

حیکایەتەکەی مەلا بەختیار کە دەڵێ مام جەلال داوای بینینی کردوم، پێچەوانەی ئەو راستیەیە کە لە بروسکەکاندا هاتوون و مولازم عومەر هەوڵی ڕێکخستنی ئەو دیدارەی داوە. جگە لەوە، ئەو دەڵێ مام جەلال ئاواتی شێخ جەنابی ناردوە بە دوامدا، بەڵام ئاواتی شێخ جەناب لە چاوپێکەوتنێکی نووسەردا، دەڵێت: "شتی وا ڕووی نەداوە، چونکە ئەو کاتەی ئەو باسی لێوە دەکات، من هەر لە سلێمانی نەبووم و لە نزیک هەڵەبجە بووم!" [2]

لەوانەش بگوزەرین، هیچ ڕێی تێناچێ مام جەلال لەو هەموو فەرماندانەی نزیک لە خۆی، کەسی دەست نەکەوتبێ بۆ شەڕی کۆڵان بە کۆڵان لە ناو سلێمانیدا! لە کاتێکدا ئەو خەڵکی شاری سلێمانی نییە و لە دوای مفاوەزاتی ١٩٨٤یشەوە ئەو شارەی نەدیوە، تا کوچەو کۆڵانەکانی شارەزابێ، هەروەها پێشتر هیچ شەڕێکی کۆڵان بە کۆڵانی نەکردووە لە شارەکاندا، تا مام جەلال بیر لە کەسی دیکە نەکاتەوە تەنها مەلا بەختیار نەبێ!

مەلا بەختیار، باسی لەوەکردووە سەڵاح چاوشین لەلای مام جەلال بووە. خۆ ئەگەر مام جەلال بەتەمای کارێکی وابوبێت بۆ بە سەلاح چاوشینی نەوتووە کە پێشتر لای فەڵەستینییەکان چەندین مانگ خولی ڕاهێنان و تەدریبی لەسەر شەڕی کۆڵان بە کۆڵان و شەڕی پارتیزانیدا دیوە و شارەزای کوچە و کۆڵانەکانی شار بووە. بۆ دەسپێڕێت بە کەسێک کە بە قسەی مولازم عومەر ١٥٠ چەکداری لەگەڵدا بەشی ئەوەش ناکات تەنانەت خۆی بپارێزن نەک سلێمانی.

**هەشتەم: بەنداوەکەی دەربەندیخان**

فەرەیدون عەبدولقادر، کە بەرپرسی میحوەری گەرمیان بووە، لە کاتی ڕاپەڕین و نوێنەری یەکێتی نیشتمانی بووە لە بەرەی کوردستانی لەو دەڤەرە، بۆ کەم کردنەوەی

1 . بەڵگەنامەی ژمارە (٤٦) بروسکەی مولازم عومەر دوا دەکات مام جەلال ببین.

2. چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ ئاوات شێخ جەناب لە ٢٠٢١/١/٢١.

گوشارەکانی رژێم لەسەر دەڤەرەکەیان، لەگەڵ ئەندامانی بەرەی کوردستانی کۆبوونەتەوە و بڕیاری تەقاندنەوەی (وێستەگەی کارەبای بەنداوی دەربەندیخان و بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکەیان داوە. شەوکەت حاجی موشیر، کە ئەرکی تەقاندنەوەی وێستگەی کارەبای دەربەندیخانی (نەک بەنداوی دەربەندیخان) لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە پێ سپێردراوە، لە یاداشتەکانیدا بەهیچ شێوەیەک ناوی نەوشیروان مستەفای لەم کارەدا نەهێناوە، بەڵکو لەژێر تایتڵی (تەقاندنەوەی وێستگەی کارەبای دەربەندیخان) نووسیویەتی: "خۆم و چواردە پێشمەرگە بە پیکابەکە بەڕێ کەوتین تا گەیشتینە سەید سادق، لەوێ شەومان لێ هات، دەرچووین لە رێگا ئۆتۆمبێلێک بە دوامانەوە بوو، بە (لایت) گڵۆپەکانی ئیشارەتی بۆ دەکردین بوەستین، پیکابێکی خاکی حکومەتی ئێران بوو، نامەیەکی کاک فەرەیدون عەبدولقادری پێبوو بۆ من نوسرابوو، لە تۆڵەی ئەم کارەساتەی حکومەتی عێراق هێناویەتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا و کارەساتی کۆڕەو (سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی) بڕیاری داوە جیهازە تۆڕباینەکانی وێستگەی کارەبای دەربەندیخان بتەقێنینەوە!! هەموو کونی ئاوەکان بەربدرێتەوە با لافاو رووبکاتە ناوەڕاستی عێراق و بەغدا، ئێمەش بتوانین زیانێکی باش بەهۆی ئەو ئاوەوە لە حکومەت بدەین بۆ ئەو مەبەستە ٤٠٠ کیلۆ TNT و شارەزایەکمان لە جێبەجێ کردنی ئەو ئیشەدا بۆ ناردیت، لەگەڵ خۆت بیبە و ئەمشەو کاری تەقینەوەکە بەپەلە ئەنجام بدەن".[1]

مەلا بەختیار لە کتێبی لە (بری بیرەوەری)دا، بۆ شێواندنی رای گشتی، سیگنالێکی هەڵە بە خوێنەر دەدا، گوایە نەوشیروان مستەفا فەرمانی تەقاندنەوەی بەنداوی دەربەندیخان داوە، هەروەها لە دیدارێکدا چەند جارێک بە ماخۆلانەوە، دەڵێ "ناوم نەهێناوە، ناوی کەسم نەهێناوە، خۆم ئەزانم کێ بووە، کێ رۆیشتووە، مەفرەزەکە کێ بوو، هەمووی ئەزانم، ناوی کەسم نەهێناوە"

مەلا بەختیار نووسیویەتی: "کاتێک راپەڕین دوچاری شکست کراو بە کۆمەڵ کۆڕە و رویدا، ئەم قینە سایکۆلۆژییە بە چەشنێکی ترسناک گرێدرایە گرێی دەرونی. خۆ لە خۆڕا نەبووە دوای کۆڕەو، بە فەرمانی تایبەتی (ن.م) هێزێک بە چەندین تەن دینامیتەوە بە سەرپەرشتی (ش.ح.م) نێردرا بۆ بەنداوەکەی دەربەندیخان و لەژێر سەدەکە، دوو تۆڕبین تەقێندرایەوە، بەڵام سەدەکە بەو دینامیتەدا نەڕوخا. ئەگەر دابڕوخایە، تەواوی کەلارو باوەنور، هەتا دەگەیشتە خوار بەعقوبەی رادەماڵی، کە ئەو کاتە قوربانیەکانی

1 . شەوکەتی حاجی موشیر، چیوەرۆ دەروازەیەک بەرەو کەرکوک، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٣، ل ١٥٠- ١٥١.

٤٠٠–٥٠٠ هەزار کەس خەملێندراوە. وتراویشە: قیروسیا چەند کورد تیادەچن، گرنگ ئەوەیە زۆرینەی عەرەب دەخنکێن و تۆڵەی ئەنفال دەکەینەوە. بەمەدا دەردەکەوێ ئەنفال، روداوێکی کوتوپڕی سیاسی نەبوو، بەڵکو ئایدیۆلۆژیەتێکی بنج داکوتراوی دێرینەبوو، بەعس، بەدیوە ئاشکراکەی و فاشیستیەکەی سەپاندی.سەرکردەکانی کوردیش، دەیانویست، بەدیوە شاردراوەکەی بە ناوی تۆڵە سەندنەوە، دوبارەی بکەنەوە. چۆن بەعس ئەنفالی لەناو خەڵکدا سەپاند، هەر بەوشێوەیەش، دەویستڕا، بەناوی تۆڵە سەندنەوە، بە جۆرێکی کوردیانە، پرۆسەیەکی ترسناکی ئەنفال بسەپێنن. ئەم بڕیارەو چۆنیەتی جێبە جێکردنی، باشترین بەڵگەیە بۆ سایکۆلۆژیەتی نەهلستی (پوچگەرایی)، پوچگەراییەک، تا ئەوڕادەیە، سەدان هەزار کەس دەکرێنە قوربانی، بەناوی تۆڵە سەندنەوە.

واتا: یەکسانی کردنی قوربانی و جەلاد، لە تاوانکاریدا. ئەمەش خەتەرناکترین جۆری بیرکردنەوەیە، کە سەرکردەی قوربانیەکان، دەگەنە ئاستی یەکسانی بوون لەگەڵ سەرکردەیەکی جەلاددا. لێرەشدا، دیسان، بەدیوە تراژیدیاکەی، جیاوازی نامێنێ... لەناو شۆڕشدا، بەناوی پاراستنی شۆڕش، جیاوازیەکان دەکوژن. لە دەرەوەی شۆڕشیشدا، بەناوی تۆڵەسەندنەوە، جیاوازی نێوان جەلادو قوربانی.. فاشیست و ئازادیخواز، دەکوژن. رەنگە هەبن، ئێستاش باوەڕنەکەن، نەخشەکێشراوە دیوێکی شاردراوەی کۆمەڵکوژی بەروخاندنی بەنداوی دەربەندیخان، ئەنجام بدرێ. بەڵام شوێنەواری ئەو دوو تەقینەوەیە، هەتا حکومەتی ئیدارەی سلێمانی لە کەمبوونی بەرهەمهێنانی کارەبادا کاریگەری مابوو.[1]

نەوشیروان مستەفا، لە گەرمەی شۆڕشی چەکداریشدا، بیری لای ئەو ژێرخانە کەمە بووە کە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە کوردستاندا دروستیان کردووە و بە مولکی خەڵکی کوردستانی زانیون. سەرەڕای ئاسانی وێرانکردنیان لە لایەن پێشمەرگەوە، بەڵام هەمیشە لەوەدا دەستیان پاراستووە، خۆی لەوبارەوە دەڵێت: "زۆرجار ئەوانەی دۆستانمان کە هاوکاریان لەگەڵدا کردوین بەعزێ موئەسەساتی ئیقتسادی هەیە تێکی بدەین، قەت شتی وامان نەکردووە. ئێمە دائیمەن هەوڵمان داوە مەعاملەکانمان پارێزراو بێ، رێگاوبانەکانمان، پردەکانمان سەدەکانمان پارێزراو بێ، ئێوە ملاحەزە بکەن ئێمە جەماعەتێکی بێ دەسەڵات نەبووین، پازدە ساڵ لە شاخ بوین دۆست و هاوکاری زۆرمان هەبوە، بەڵام رۆژێک لە رۆژان نەچوین زەرەرێکی

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣-٦٤.

ئیقتصادی لە ولاتەکەی خۆمان بدەین. بەڵکو هەمیشە هەوڵمان داوە زەرەری ئیقتصادی لە حکومەتی مەرکەزی بدەین و توشی نەزیفی ئیقتصادی بکەین لە ڕێگەی شەڕی عەسابات و شەڕی گروپ و ئەوانەوە." [1]

بگرە لە دوای ڕاپەڕینیش، کەم کەس هەبوو هێندەی ئەو لە بیری پێشخستنی ژێرخانی ئابوری کوردستان و بە تایبەتی مەسەلەی ئاو و دروستکردنی بەنداو کە بە پڕۆژەیەکی ستراتیژی دەزانی لە کۆبوونەوەیەکدا بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ: "بە بڕوای خۆم گەورەترین شت کە ئێوە دەتوانن جێبەجێی بکەن ئەوەیە لە پێنج مەجالا سەربەخۆیی بۆ ئەم ناوچەیەی ئێمە تەئمین بکەن، ئیکتیفای زاتی بۆ تەئمین بکەن. یەکێکیان مەسەلەی ئاوە کە ئەبێ ئێمە هەوڵ بدەین بیر لەوە بکەینەوە چونکە بەراستی عێراق توشی موشکیلەیەکی زۆر گەورەی ئاو ئەبێ، لەولاوە تورکیا مەشروعی گەورەی گاپی هێناوە پێشەوە، کە ٢٢ سەد لەسەر ئاوی دیجلە و فورات دروست ئەکات، لە موستەقبەلێکی نزیکدا سەیتەرە ئەکا بەسەر ئاوی فوراتدا، ئەو میقدارە ئاوەی کە دێ بۆ عێراق زۆر زۆر کەم ئەبێتەوە.

حاڵی حازر ٥ بۆ ٦ ملیۆن ئینسان لەسەر ئاوی فورات ئەژی، ئەوساکە عێراق لەوانەیە هەمووی بێنێ بۆ مەنتەقەکەی ئێمە، حەز ئەکەم ئەوەشتان بۆ دوبارە بکەمەوە ئەوە تورکیا بەتەنیا نیە کە ئەیەوێ سەیتەرە بەسەر ئاوەکانیا بکا، بەگوێرەی ئەو مەعلوماتەی من هەمە ئێران حسابی ئەوەی کردووە ٢١ روباری گەورە و بچوک لە ئێرانەوە ئەڕژێتە ناو عێراقەوە، خیتەی بۆ هەمویان داناوە بۆ ئەوەی سەیتەرە بەسەریاندا بکات. نزیکترین نمونەیان ئەو ئاوەیە کە لە سەردەشتەوە دێ بۆ دوکان.

پار و ئەمسال جەمەعاتێ خەبیریان ناردوە بۆ ئەوەی دیراسەی بکەن سەدی لەسەر دروستبکەن بۆ ئەوەی ئاو نەیەت بۆ دیوی ئێمە. ئێوە وەک ئەنجومەنێک مەفروزە بیر لەوە بکەنەوە بۆ سالّی داهاتوو چۆن ئەتوانن ئێمە ژمارەی نفوسی دانیشتوانمان چەندە، بە گوێرەی مەقایسی عالەمی هەر ئینسانێکی دانیشتووی ئەم مەنتەقەیە پێویستی بە چەند مەتر موکەعەب ئاو هەیە لە سالّێکا، چەنی بۆ خواردنەوە لازمە، چەنی بۆ پێویستی ناو مالّ لازمە، چەنی بۆ سناعەت لازمە، چەنی بۆ زراعەت لازمە مەفروزە ئەم ئەنجومەنە بەڕێزەی ئێوە حسابی وردی ئەوە بکات بۆ سالّی داهاتوو چەنمان لازمە بۆ پێنج سالّی داهاتوو، نسبەتی دانیشتوانی زیادەی ئێمە جەنێ ئەبێ، نسبەتی زیاد کردنی سەرف کردنی ئاو چەنێ ئەبێت، لە دە سالّی داهاتودا چەنێ

1 . نەوشیروان مستەفا چی ووت لەسەر قەیرانی ئاو؟

https://www.youtube.com/watch?v=x98YtXC4rUs

ئەبێ، بۆ ئەوەی لە ئێستاوە کە چۆن سەرچاوەکانی ئاو تەئمین ئەکەین بۆ ئەجیالی داهاتو، چونکە ئێمە هەر مەسئول نین لە ژیانی خۆمان، بەڵکو مەسئولین لە ژیانی ئەجیالی داهاتوو..."[1]

لەگەرمەی شەڕی ناوخۆشدا، پاراستنی ژێرخانی ئابوری کوردستان بەلای نەوشیروان مستەفاوە گرنگییەکی زۆری هەبوو، بە تایبەتی بەنداوی دەربەندیخان. لە ١٩٩٥/١/٢٠ نامەیەکی تایبەتی ناردوە بۆ مامۆستا جەلال کەریم، لە نامەکەدا هاتووە: "لەبەر گرنگی سەدی دەربەندیخان و داوودەزگاکانی و پاراستنی لە تەخریباتی پارتی، کاک عەلی شامارمان داناوە کە مەسئولی حمایەی سەدی دەربەندیخان بێت. وا دێتە لاتان، هیوادارم هەموو هاوکاریەکی بکەن بۆ ئەوەی لە کارەکەیدا سەرکەوتو بێت."[2]

**نۆیەم: گفتوگۆی بەرەی کوردستانی و رژێم**

راگرتنی پەلامارەکانی سوپای عێراق لەژێر گوشاری کۆمەڵی نێودەوڵەتی، هەلێکی رەخساند بۆ ئەوەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بکەونە خۆیان و چارەیەک بۆ دۆخەکە بدۆزنەوە؛ بۆیە کەوتنە زیندوو کردنەوەی تەقالاکانی بەرزانی زڕبرای سەدام و هەوڵەکانی د. موکەڕەم تالەبانی. نەوشیروان مستەفا لەوبارەوە نووسیویەتی: "لە پێنجی نیسانی ١٩٩١دا، مام جەلال لە کارێزە نامەیەکی بۆ سەدام نوسی، ئامادەیی بەرەی کوردستانی بۆ راگرتنی شەڕ و دەسپێکردنی گفتوگۆ دەر بڕی بو. نامەکەی بە دارای تۆفیق ئاغا، کە پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە، ئەفسەری ئیستیخباراتی عەسکەریی عێراق بوو، نارد. دارا گەیشتبوە بەغدا و نامەکەی گەیاندبوە عەمید عەبد حەمود سکرتێری تایبەتی سەدام. "عەبد داوای لێ کرد بو نامەکەی بداتێ بیبات بۆ سەدام. دارا وتبوی مام جەلال پێی وتوم تەسلیمی دەستی خۆی بکەم. دارایان بردبو بۆ شوێنی حەسانەوە. سەعات دوی دوای نیوەشەو چوبون بە دویدا و بردبویان بۆ لای سەدام لە بارەگای جیهازی موخابەرات. نامەکەی مام جەلالی دابویە و سەدام خوێندبویەوە. دارا داوای وەڵامی لێ کرد بو. سەدام وت بوی: "پێی بڵێ جگە لە جیابونەوە هەمو شتێ قابیلی باس کردنە."[3]

**١. وەفدی کورد بۆ بەغداد**

وەک رێ خۆشکردن بۆ گفتوگۆ، لە ١١ی نیسانی ١٩٩١دا وەفدێکی بەرەی کوردستانی کە پێک هاتبوو لە فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر فەتاح و ئازاد بەرواری

1 . نەوشیروان مستەفا چی ووت لەسەر قەیرانی ئاو؟، سەرچاوەی پێشوو.
2 . بەڵگەنامەی ژمارە (٤٧) نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ پاراستنی بەنداوی دوکان.
3 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

و فازڵ میرانی، لەگەڵ دارا تۆفیق چوون بۆ بەغدا. لەوێ عیزەت دوری جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، تەها یاسین ڕەمەزان جێگری سەرۆکی کۆمار، تاریق عەزیز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەعدی مەهدی سالح سەرۆکی مەجلیسی وەتەنی، جەنەرال مەحمود شوکر شاهین سەرۆکی جیهازی موخابەرات پێشوازیان لێکردن. پێیان وتبوون ئامادەن بۆ ڕاگرتنی شەڕ. ئامادەن بۆ دەسپێکردنی مفاوەزات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ئامادەییان دەربڕی بوو کە جگە لە جیابوونەوە هەمو ڕێگەچارەیەکی تر بۆ کێشەی کورد، تەنانەت چارەی فیدراڵی، باس بکەن. داوایان کرد بوو کە مام جەلال و مەسعود هەردوکیان، یاخود یەکێکیان، بچێ بۆ بەغداد.

وەفدەکە ئەم قسانەی سەرانی حکومەتی عێراقیان گەیاندەوە مەسعود بارزانی و مام جەلال. مەسعود بارزانی داوای کردبوو کە یەکەم جار با مام جەلال بچێت، ئەمە کێشەیەکی زۆری لە ناو یەکێتیدا دروست کرد، بە تایبەتی لای هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی هاوسەری مام جەلال. ئەوان پێیان وابوو نابێ مام جەلال بخرێتە بەر تیغی بێ ئەمانی ڕژێمی بەعس. بە تایبەتی هەر پێش سێ ساڵ و دروست لە ١٩٨٨/١/١دا، سەدام حسێن سەرۆکی مەجلیسی قیادەی سەورە، یاسای ژمارە (٧٣٦)ی دەرکردبوو، تێیدا لێ بوردنێکی گشتی بۆ هەموو کورد دەرکردبوو. لە بڕگەی دووەمیدا هاتبوو "ئەم لیبوردنە تەنها خیانەتکار جەلال تاڵەبانی ناگرێتەوە."[1]

پاش بێنەوبەردەیەکی زۆر مام جەلال دێتە سەر ئەو باوەڕەی بۆ گفتوگۆ بچێت بۆ بەغداد. "هەر ئەو ڕۆژە مام جەلال بە بروسکە داوای لێ کردم، لەو کۆبوونەوەیەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیدا کە ڕۆژی دوایی ئەبوو لە ڕانیە بکرێ، پێش چونی خۆی بۆ بەغدا، ئامادە بم. لەو کاتەدا بە هۆی دوری ڕێگاوە نەمئەتوانی لە ڕانیە ئامادە بم، لە بەر ئەوە پێشنیارم کرد یەک ڕۆژی تر کۆبوونەوەکە دوابخات بۆ ئەوەی منیش بتوانم بەشداربم. کۆبوونەوەکەیان ڕۆژێکی تر دواخست، بەڵام شوێنەکەیان گۆڕی بە شەقڵاوە. بەڕاستی ئەگەر چونی مام جەلال بۆ بەغدا لە مەسەلەکەدا نەبوایە، کە "موجازەفە"یەکی ئازایانەی شەخسی و سیاسی بوو لە لایەن مام جەلالەوە، لەوانە بوو وەکو بڕیارم دا بوو کەنارەگیر بم خۆم لە هیچ هەڵنەقورتێنم و لە هیچ کۆبوونەوەیەک دا بەشدار نەبم."[2]

---

1 . بۆ ئاگادر بوونی زیاتر بڕوانە درر العراق القوانین والتشریعات العراقیة:
http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/law/8249.html

2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

سەبارەت بەم گفتوگۆیە کە لە دوای کۆڕەوەکەدا و لەسەر داوای مام جەلال بووە، تالەبانی لە دیداری تەمەندا وای گێڕاوەتەوە: "حکومەت نوێنەری نارد بۆ لامان و گوتیان دەمانەوێ گفتوگۆ بکەین، ئەو کاتە بەرەی کوردستانی هەبوو لە خەلیفان کۆبوونەوە. من دەبوایە لە سلێمانیەوە بچم بۆ خەلیفان. کە چوینە ئەوێ هەموو برادەرانی یەکێتی و پارتی و شیوعییەکان لایەنگری گفتوگۆ بوون، تەنها من نەبێ. من لایەنگری گفتوگۆ نەبوم، چونکە پێم وابوو ئەو کاتە گفتوگۆ باش نەبوو، ئەوە دنیا لە سەرمان هەڵدەداتێ و هاوکاری بۆ کورد لە زیاد بوونداید، کۆڕەو شکستێکی کاتیە و هەڵدەسینەوە و ئێمە لەگەڵ ئەم حکومەتە ناگەینە ئەنجامێک. برادەران وتیان نەخێر ئەم حکومەتە سودێکی هەیە، هەناسەیەک وەردەگرین و خەڵکەکەمان کۆ دەکەینەوە و دێنەوە سەرخۆ. لەکۆتاییدا، من بە بۆچونی خۆم هیچم پێ نەکرا، گوتم باشە. ئەوان داوای وەفدێکیان کردبوو، پێویست بوو من یان مەسعود بارزانی بچین، زۆر لە برادەران وتیان تۆ بچۆ. منیش گوتم نابێ من بچم من لەگەڵ سەرۆکی عێراقی ئەو هەموو شەڕە جنێوەمان کردووە ئەو هەموو قسەیەی بە من گوتوە، من زۆر قسەم لە دەرەوە کردووە. نەوشیروان هەڵیدایەوە و گوتی تۆ کەی ترساوی! تۆ هەمیشە رۆحت لەسەر دەستت بووە، هەمیشە شەهید بوونت لە بەردەم بووە، ئەم کارەش لە پێناوی مەسەلەی کوردایە، با شەهید بیت. منیش وتم باشە بەومەرجە دەچم کە هەموتان بڕیارێک بەختەتی مەسعود بارزانی بنوسن و بۆم ئیمزا بکەن و بنوسن ئێمە مام جەلالمان نارد بۆ گفتوگۆ."[1]

رۆژی ١٩ی نیسانی ١٩٩١ بەرەی کوردستانی بە مەبەستی ناردنی وەفدێک بۆ بەغدا کۆبوونەوە. رای زۆرینە لەگەڵ ئەوەدابوو مام جەلال سەرۆکایەتی وەفدەکە بکات. مام جەلال بەمەرج رەزامەندی دەربڕیووە: "مام جەلال سەبارەت بە چونی خۆی بۆ بەغدا داوای کرد کە هەمو ئەوانەی لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەن ئەبێ کاغەزێکی بۆ ئیمزا بکەن کە ئەوان ئەینێرن. داواکانی مام جەلال قبول کرا، کاک مەسعود بڕیارەکەی بە خەتی خۆی نووسی و، هەمو دەسەڵاتێکی درایە بۆ ڕێککەوتن و ئیمزا کردنی ڕێکەوتنەکە و، هەمومان ئیمزامان کرد و، کاغەزەکە، وەکو بەڵگەیەکی مێژویی، درا بە مام جەلال خۆی.

لە پەراوێزی ئەم کۆبوونەوەیەدا سەرکردایەتی ی ن ک کۆبوونەوەیەکی لاوەکی کرد. لەم کۆبوونەوەیەدا مام جەلال باسی کرد کەوا ئەمجارەش ئەومان کردۆتە

1 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣-١٨٤.

بلدۆزەری پاککردنەوەی ڕێگای گفتوگۆ. باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتو نەبێ، چ کارێکی خراپ ئەکاتە سەر پاشەڕۆژی سیاسی خۆی، پێوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو و دەوڵەتانی دۆست. باسی ئەوە کرا لەگەڵ کاربەدەستان باسی چی بکرێ و، داواکانی کورد چی بێ. لە زۆری باس و بابەتەکان دا من خۆمم تێ هەڵئەقورتان ڕەئی خۆمم دەرئەبڕی. بە تایبەتی لە دو مەسەلەی گرنگدا بێ شەرموشکۆ ڕەئی خۆمم پێ وت: لە میانەی قسەکانیدا گومانی دەربڕی کە لەوانەیە بەعسیەکان ئەمجارەیان دەرمانخواردی بکەن، ژەهری بدەنێ. گومانەکەی لە جێگای خۆی دا بو. بەعسیەکان هەمو جۆرە تاوان و نامەردیەکیان لێ ئەوەشایەوە. لەمەشدا خۆمم پێ نەگیرا وتم هەق نیە تۆ قسەی وا بکەی، چونکە بە قسەی ئێمە هەزاران کەس لە پێناوی کوردا خۆیان داوە بەکوشت، گیانی ئێمەش لە هی ئەوان زیاتر نیە، لێرە بمریت یا لە بەغدا، بە ژەهر یا بە گوللە، لە پیناوی کوردایە. بەڵام ئەبێ هەمو ترسی ئەوەمان هەبێ کارێ نەکەین ئەو پشتیوانیە دنیاییە بۆ کورد خەریکە پەیدا ئەبێ، لە دەس بدەین... پوختەی بۆچونەکانمان ئەوە بو: کە ئەگەر مفاوەزە هیچ ئەنجامێکیشی نەبێ ئەوا سودێکی گەورەی ئەبێ "مۆڵەتێکی زەمانی" مان ئەداتێ، دەرفەتمان بۆ بڕەخسێ، دو کار بکەین:

یەکەم، گەلەکەمان کە ئاوارە بووبوو، بگەڕێتەوە سەر ماڵ و نیشتمانی خۆی.

دوەم، هێزەکانمان، ڕێکخراوەکانی پێشمەرگە و رایەڵەی ڕێکخستنە سیاسیەکانی حیزب هەموی هەڵوەشا بوون، سەر لەنوێ ڕێک بخەینەوە.[1]

گفتوگۆکان بەچەند جەولەیەک بەڕێوەچوون. جەولەی یەکەم لە ٢٠ تاوەکو ٢٨ی نیسانی١٩٩١ی خایاند. ئەم جەولەیە بە سەرۆکایەتی مام جەلال تاڵەبانی بوو، نێچیروان بارزانی و عومەر فەتاح، ملازم عومەرو دارای تۆفیق ئاغا، ئازاد بەرواری، ڕەسول مامەند و سامی عەبدوڕەحمان بەشداربوون. وەفدەکە لەگەڵ سەدام حسێن، عیزەت دوری، عەلی حەسەن مەجید، حسێن کامیل، تاریق عەزیز دانیشتبوون.

مام جەلال کە زۆر بە حەزەرەوە چووبوو بۆ بەغدا، لەوێ گەرم بووبوو، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە وەڵامی پرسیاری یەکێک لە ڕۆژنامەوانەکاندا وتبووی "گەرەنتی ناودەوڵەتیمان ناوێ، سەدام خۆی گەرەنتیە..." ئەم لێدوانەی مام جەلال نەیتوانی بەستەڵەکی نێوان رژێم و بەرەی کوردستان بتوێنێتەوە. دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆ، وەفدەکەی کوردستان بۆ ڕاوێژی زیاتر گەڕایەوە کوردستان.

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

## ٢. بینینی سەدام حسێن

جەولەی دووەمی گفتوگۆکانی بەرەی کوردستانی و رژێمی بەعس لە ٧ی ئایار دەستی پێ کرد و تاوەکو ١٦ی حوزەیرانی ١٩٩١ی خایاند. وەفدەکە پێکهاتبوو لە مەسعود بارزانی، سامی عەبدورەحمان، رەسول مامەند؛ لەم جەولەیەدا نەوشیروان مستەفا سەرۆکایەتی وەفدی یەکێتی کردووە. لە ١٩٩١/٥/١١ لەگەڵ سەدام حسێن دا کۆبوونەوە: نەوشیروان مستەفا بەمجۆرە بەسەرهاتی ئەو دانیشتنە دەگێڕێتەوە: "سەدام وای دەرخست پەردە لە بەینمان دا نەماوە بۆ قسە کردن بێ (حەسیب و رەقیب) ئەتوانین قسە بکەین. سەدام هەندێ بیرەوەری لەسەر بارزانی (باوک) گێڕایەوە. کاک مەسعود جوابی دایەوە. ئینجا سەدام قسەکانی کرد، وتی: "ئەگەر لە شەڕی ئێران دا ئێوەم لەگەڵ بوایە، شەڕەکە پێویستی بە ٨ ساڵ نەئەبوو، بەڵکە بە ٨ ڕۆژ بەلامادا ئەخست.

شەڕی کوەیت ئەگەر ئێوەم لەگەڵ بوایە ئەنجامەکەی هەرگیز وا نە ئەبو. ئێمە زۆرمان ئازاری یەکتری داوە. من حەزم ئەکرد، خەڵکی عێراق یەک نەتەوە یەک دین یەک مەزهەب بوونایە، بەڵام خوای گەورە (سبحانە و تعالی) وای دروست کردین باشترە پێکەوە بژین.

دانیشتەکەمان کەمتر لە سەعاتێکی خایاند. لە خواحافیزی دا بە گەرمی لەگەڵ کاک مەسعود یەکتریان ماچ کرد. لەگەڵ ئێمە هەر تەوقەی کرد. پێم وا بوو قسەکانی سەدام نیشانەی قورسایی کورد و گرنگی بوون لە عێراق دا. بەڵام کە لە گەڕانەوەمان دا بۆ چەند کەسێکم گێڕایەوە، یەکێکیان رۆژنامەنوسێکی ئەوروپی بوو، ئەو وتی ئەمە هەڕەشەیەکی ژێر زارەکیە، هۆی شکستەکانی خۆی بە ئێوە ئەزانێ.[1]

وەفیق سامەڕائی، سەبارەت بە ئازایەتی نەوشیروان مستەفا لە کاتی گفتوگۆکاندا لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: "دوای ئەوەی بەڕێز تالەبانی گەڕایەوە بۆ شەقڵاوە، مەسعود بارزانی خولی دووەمی گفتوگۆکانی بەڕێوەبرد، مامۆستا نەوشیروان مستەفا بە نوێنەرایەتی یەکێتی لەگەڵیدا بوو. لە یەکێک لە کۆبوونەوە فەرمیەکاندا، فەریق حسێن کامیل زۆر بە توندی قسەی لەگەڵ مەسعود بارزانیدا کرد و هەندێ دەستەواژەی بەکاردەهێنا دەچوونە خانەی بەگرێگیراوی. وەڵامی حسێن کامیلی نەدایەوە. لە کۆبوونەوەکە دەرچووین و من سەیارەکەم لێ دەخوڕی و مەسعود بارزانی لە تەنیشتم دانیشتبوو، مامۆستا نەوشیروان مستەفا لە پشتەوە دانیشتبوو، نەوشیروان

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

مستەفا بە روم دا تەقیەوە و وتی "بەڕێز بەڕێوەبەر، ئەوە چ جۆرە دیموکراسیەتێکە هەتانە، حسێن کامیل جگە لەوەی کچی سەرۆک هاوسەریەتی، چی فەزڵێکی بەسەر عێراقەوە هەیە تا بکرێت بە وەزیری بەرگری، جوێنی تری پێدا، ژیان لەم وڵاتە و لەم بارودۆخەدا موستەحیلە. هێرشەکەی بۆ سەر حسێن کامیل زۆر توند بوو، بە تایبەتی لە رووی بەڕێوەبەری گشتی ئیستیخباراتی عەسکەری، دەبوو ئەو قسانە لە رژێم پەنهان بکەم، چونکە ئاشکرا کردنیان کاردانەوەی زۆر تووندیان بە دوادا دەهات، بۆ نمونە داوایان لێ دەکردین ژەهر بکەینە خواردنی ئەو کەسەی ئەو جۆرە قسانە دەکات. بەڵام من زیاتر موعجیب بووم بە ئازایەتی برام نەوشیروان. ئەوە سەرەتای دروستکردنی برایەتی بوو لە نێوانماندا. ئێمە زۆر پێویستمان بە خەڵکانێکی وا هەبوو بۆ ئەوەی پێکەوە لە دژی سەدام و تاکڕەوییەکانی بوەستینەوە."[1]

### ٣. کەواتە هیچ

کۆبوونەوەکان ئەنجامێکی وایان لێ نەکەوتەوە. وەفیق سامەڕائی کە یەکێک بووە لە ئەندامانی وەفدی رژێم بۆ گفتوگۆ، سەبارەت بە هەڵوێستی مەسعود بارزانی سەرۆکی وەفدی بەرەی کوردستانی نووسیویەتی: " لە کاتی گفتوگۆکاندا مەسعود بارزانی پێداگری نەدەکرد و توند نەبوو، بە پێچەوانەوە دەیویست لەسەر هەندێ داخوازی سادە و کەم رێک بکەوێت. بە دەق پێی وتم ئەگەر بەڕێز سەرۆک پێنج لەسەدی مافەکانمان بداتێ رازی دەبین. ئەو پێی وابوو، دوای روخانی سەدام حکومەتێکی بەهێز دێتە سەرکار، بەهەمان ئەو چەکانەی سەدام لێمان دەداتەوە."[2]

لە بەرانبەردا رژێمی بەعس لەسەر پرۆژەکەی بەرەی کوردستانی بۆ حوکمی زاتی، نەک هەر رازی نەبوو، بەڵکو زۆر کەمتر بوو لەوانەی ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٨٤. وەفدەکە گەڕایەوە کوردستان. "کاک مەسعود بۆ وەرگرتنی بیروڕای خەڵک چەندین کۆبوونەوەی بە رۆشنبیر و سەرانی خێڵ و دەمڕاستی دێهاتەکان کرد. بۆ یەکێکیان کە هی دەمڕاست و پیاوماقوڵانی گەرمیان بوو لە شەقڵاوە، کاک مەسعود داوای لە من و کاک سامی کرد هەر یەکەمان راپۆرتێ لەسەر گفتوگۆکان پێشکەش بە دانیشتوان بکەین. دوای تەواو بوونی قسەکانی من کە باسی ئاسایی کردنەوەی هەلومەرجی کوردستانم بۆ کردن کابرایەکی گەرمیانی لێی پرسیم: "حیزبی بەعس و ئەمن و ئیستیخبارات لە کوردستان ئەمێنن؟" لە وەڵام دا بە کورتی وتم: "بەڵێ!" کابرا وتی: "کەواتە هیچ. ئەی چیتان کردوە؟" جۆری بیرکردنەوەی خەڵکی کوردستان بەمجۆرە

---

1 . وفیق السامرائي، المصدر السابق، ص٤٣٢.

2 وفیق السامرائي، المصدر السابق، ص٤٣٣.

بو. بۆ چارەنوسی بێ سەروشوێنەکانی ئەنفال هیچ وەڵامێکی دیاریکراومان پێ نەبو. پاش ٣ جار مشتومڕ و هێنان و بردن لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید ئینجا قبوڵی کرد بخرێنە خانەی "المفقودین" هوە ئەویش بەو مەرجەی بخرێتە دوای رێککەوتن و بێ ئەوەی وشەی ئەنفال باس بکری."[1]

گفتوگۆکان بە دەرکردنی بەیاننامەیەک لە لایەن رژێمی بەعسەوە کە تێیدا کۆمەڵێک مەرجی دانابوو، بەبەرەی کوردستانی جێبەجێ نەدەکرا، کۆتاییان پێهات.

**٤. کشانەوەی لە مفاوەزە**

نەوشیروان مستەفا لەوباوەڕەدا بوو کە گفتوگۆکان بێ ئەنجام دەبن، چونکە بەعسیەکان سەرەڕای ئەم هەموو شکستانەی بەسەریاندا هاتبوو، رەفتاریان نەگۆڕابوو و هیچی نوێیان بۆ کورد پێ نەبوو. هەرچەند مام جەلال داوای لێ کردووە بە نوێنەرایەتی یەکێتی بەردەوام بێ لەو گفتوگۆیانەدا، بەڵام ئەو ئامادە نەبووە چیتر کات بکوژرێ و لە گفتوگۆکاندا دەکشێتەوە: "ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆمم بەرامبەر بە نەتەوەکەم و نیشتمانەکەم لە شەڕ و ئاشتی دا بەجێ هێنا بو، پێم وابو ئیتر کاتی ئەوە هاتوە، کارێ قەناعەتی ویژدانی خۆمی تێیدا نەبێ نەیکەم. لە دوا مانگەکانی سەردەمی قاسمەڕەشەوە لەگەڵ مام جەلال و هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەسەر جۆری کارکردن و جۆری بڕیاردان لە ناو سەرکردایەتی یەکێتی دا ناکۆک بوم. ئێستا دو کێشەی تری هاتبوە سەر کە یەکێکیان، جۆری بەڕێوەبردنی مفاوەزات، ئەوی تریان جۆری بەڕێوەبردنی ململانێ بوو لەگەڵ پارتی. نەم ئەویست کێشە لەگەڵ هاوڕێکانم دروست بکەم، کێشە شەڕی چەکداری ناوخۆی لێ دروست ئەبوو، بڕیارم دا بۆیان بەجێ بهێڵم خۆیان چۆنی بە باش ئەزانن بەڕێوەی بەرن، بە بێ دەنگی بکشێمەوە. زمانی حاڵم بەیتێکی مەحوی دوبارە ئەکردەوە:

لە رێگەی مەهلەکەی عەشق ئەر بەڵاجو نیت، برا لادە!
ئەوی من چوم و لەوما دی، هەر ئاهو داد و فەریادە"[2]

هەڵسەنگاندنی نەوشیروان مستەفا بۆ شێوازی ئیدارەدانی گفتوگۆکان، هەڵسەنگاندێکی واقعیە و داننانە بە کەم توانایی کورد بە خۆشیەوە لە ئیدارەدانی گفتوگۆ دەست نیشان کردنی هەڵە و کەموکوڕییەکان بە شێوەیەکی مەنهەجی جێگەی پەسن و دەستخۆشین: "لێرەدا ئەبێ دان بە راستیەکی تاڵ دا بنێم: ئێمە نەشارەزا بوین لە هونەر و لە زانستی "دانوساندن" و لە هونەر و زانستی "گێڕانی ناکۆکی" و

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).
2 . هەمان سەرچاوە.

"بەڕێوەبردنی ململانێ"دا. نەمانتوانی و نەمانزانی بڕیاری ٦٨٨، هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ناو کوردستان، گوشاری ئەمەریکی و ئینگلیزی و فەرەنسی بۆ سەر سەدام حسێن و رژێمی بەعس بە قازانجی کورد بە کار بهێنین. ئێمە خۆمان سەردەمێ قوتابی و سەردەمێ مامۆستای "فەرهەنگی کڕوزانەوە" بوین. ئەوساش ئێمە خۆمان پێ لاواز و ئەوانمان پێ بەهێز بو. لە باتی ئەوەی ئێمە "ئیبتیزاز"ی ئەوان بکەین ئەوان "ئیبتیزاز"ی ئێمەیان ئەکرد. ئێمەش نوێنەرایەتی یەک حکومەت یان یەک حیزبمان نە ئەکرد. ئێمە نوێنەرایەتی ٤ حیزب مان ئەکرد، کە ماوەیەکی درێژ لەناو خۆیان دا ناکۆک بوون، شەڕی یەکتریان کرد بو. دامەزراوەیەکی لێکۆڵینەوەمان نەبوو، حیزبی بێ یا بەرەیی، بێلایەن بێ یان لایەندار، کوردی بێ یا بیانی، ئامۆژگاریمان بکا و بیروبۆچونمان بداتێ چی بکەین و چی نەکەین.[1]

لەو ماوەیەدا خەڵک و پێشمەرگە دەستیاندایە لێدان و ئیزعاج کردنی ئەو دامودەزگا و لەشکرانەی کە هاتبوونەوە بۆ کوردستان. رژێم بە ناچاری لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا بڕیاری کشانەوەی دامودەزگاکانی میری و سوپاکەی لە کوردستان راگەیاند و کوردستانی بۆ بەرەی کوردستانی بەجێهێشت.

کویل لۆرنس پەیامنێری بی بی سی، لێدوانێکی 'ئەبرامۆیتز'ی بالۆێزی ئەمریکا لە دیمەشق، سەبارەت بە دروست کردنی ناوچەی ئازادکراوی کوردستان، لە کتێبەکەیدا نووسیوە: "ئەمە سەرەتای دەوڵەتێکی دیفاکتۆ بوو کە من پێی دەڵێم یاسای دەرئەنجامە نەویستراوەکان. هیچ کەسێک گومانی لێ نەدەکرا، چونکە ئەوە ئەرکێکی ئینسانی بوو، هەر خودی ئەبرامۆیتز چەند سالێک دواتر دان دەنێ بەوەی ئەوان بەرێکەوت کوردستانیان دروست کرد."[2]

مێژوونووسی عێراقی 'صادق السامرائي' پێی وایە مێژوو لە سێ رەگەزی سەرەکی پێک دێت و هەرسێکیان پێکەوە کارلێک دەکەن و خوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ مێژووی بابەتێک ئەکەن، ئەو رەگەزانەش بریتین لە (کات و شوێن و مرۆڤ)، هیچ مێژوویەک تەواو نییە ئەگەر پشت بە یەک یان دوان لەو رەگەزانە نەبەستێ. هیچ مەنتق نییە بۆ زانینی رووداوێکی رابردوو، تەنیا پشت بە قسە و گێرانەوە ببەستریت و بەڵگە و کەرەستە دیارەکانی دیکە وەلاوە بنرێت، دەبێ هەموو فرێدرێتە بۆتەیەکی تاقیکردنەوە و ئەوەی بەکەڵک دێت بهێڵرێتەوە و ئەوەش زیادە و بێ کەڵکە وەلا بنرێت.

---

1 . هەمان سەرچاوە. نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

2 . کویل لۆرنس، نەتەوەیەکی نادیار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

بەداخەوە مەلا بەختیار، هەمیشە بە لۆژیکێکی پێچەوانەی ئەوەی السامرائی رووداوە میژوویییەکان دەگێڕێتەوە. کە باس لە رووداوێک دەکات، یان (کات)ەکەی دیار نییە، یاخود (شوێن)ەکەی، زۆربەی (مرۆڤ)ەکانیش یان خودی خۆیین یان مردون، یان کەسانی زۆر نزیکن لە خۆی. کتێبەکەی پڕە لەو جۆرە گێڕانەوانە.

یەکێکیان ئەو گێڕانەوەیە سەبارەت بە گفتوگۆکانی بەرەی کوردستانی و رژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٩١. لەوێ دا بە لۆژیکی پێچەوانەی ئەو هەموو بەڵگە و کەرەستە میژوویانە دەگێڕێتەوە: "لە گۆخڵان بوم، مام (٢٠٠) مەترێک دوور بوو. ملازم عومەری ناردبوو، گوتبووی: من سەرێ بدەم یان سەرم دەدات؟ سەرم دا، ئەحمەد بامەڕنی لێ بوو. بە تەنها دانیشت لە گەڵم. نامەیەکی دامێ و گوتی بیخوێنەوە، ئینجا قسە دەکەین. نامەی بەرزان تکریتی بوو. ناوەڕۆکەکەیم بیرە، بە عەرەبی، نوسیبووی: (الآن و لیس غدا زوروا بغداد. الوضع السیاسي ملائم. سید الرئیس یقبل حتی الفدرالیة). لە نامەکەدا لوتفێکی زۆریشی بۆ مام نواندبوو. مام وتی: ئەڵێی چی؟ ئەوکاتە برنارد کۆشنەر بە فڕۆکە سەیری کۆڕەوەکەی کردبوو. دونیا هاتبووە دەنگ. منیش وتم: تکایە مام جەلال نەچیتە بەغداد. چاوەڕێ بکە. وتی: مەلا بەختیار، دەترسم گەلەکەمان، وەکو ئەرمەنەکانی زەمانی عوسمانی لێ بێ. نەگەڕێینەوە ولاتی خۆمان. بەیانیەکەی گەیشتە بەغداد و دەستی خستبووە کەمەری سەدام."[1]

ئەم گێڕانەوەی مەلا بەختیار، لە چەندین رووەوە پێچەوانەی حەقیقەت و ئەو گێڕانەوانەی مام جەلال و نەوشیروان مستەفایە کە لە کتێبی (دیداری تەمەن) و (خەون یان مۆتەکە)دا باسیان لە هەلومەرجی گفتوگۆی ١٩٩١ لە نێوان بەرەی کوردستانی و رژێم دا کردووە. لەبەر ئەم خاڵانە:

یەکەم: ئەم نامەیەی بەرزان تکریتی زڕبرای سەدام گوایە لە دوای تێکشانی راپەڕین بۆ مام جەلالی ناردوە، وەک مام جەلال باسی دەکات لە دەرەوەی کوردستان بووە و لە ١٣ و ١٤ی ئازاری ١٩٩١، واتە لە گەرمەی راپەڕینەکەدا ناردویەتی و مام جەلال هەر لە کوردستان نەبووە. تەنانەت هۆکاری دواکەوتنی گەڕانەوەکەشی بۆ کوردستان، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی چاوەڕیی نامەکەی کردووە.

دووەم: خۆ ئەگەر لەبیری کردبێ و باسی نامەکەی سەدام حسێن کردبێ کە لە ١٩٩١/٣/٢٤ بە د. موکەڕەم دا ناردویەتی و چوار ڕۆژی مۆڵەتی پێداون بۆ وتوویژ.

---

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٧.

ئەو کاتەش مام جەلال لە کوردستان نەبووە و موکەڕەمیش پێداگری کردووە لە بینینی مام جەلال. گفتوگۆکە سەرکەوتوو نەبووە و هێرشی عێراقی بەسەردا هاتووە.

سێیەم: جا ئەگەر باسی نامەکەی (٥)ی نیسانی ١٩٩١، مام جەلال دەکات کە بە دارای تۆفیق ئاغادا بۆ سەدام حسێنی ناردبوو تێیدا باسی گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە، ئەو نامەیە لە (کارێزە)ەوە ناردوە نەک (گۆخڵان).

چوارەم: لە گێڕانەوەکەوەی مەلا بەختیاردا خوێنەر وا دەزانێ مام جەلال ڕۆژێک دوای ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ مەلابەختیاردا، بەتاقی تەنیا لە (گۆخڵان)ەوە بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتووە، پرسی بە کەس نەکردووە و دەستی خستوەتە کەمەری سەدام و یەک لایەنە دەستی بە گفتوگۆ کردووە..!!

لە گێڕانەوەکەی مام جەلال و نەوشیروان مستەفادا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ مام جەلال نەک هەر تاک لایەنە نەچووە بۆ بەغدا، بەڵکو دوای رازی بوونی سەدام بە گفتوگۆ، هێشتاش بەنیاز نەبووە خۆی بچێت بۆ گفتوگۆکان و ئەگەریش زۆریان لێ کرد ئەوا واز لە یەکێتیش دەهێنێ: "پێش چوونم (واتە بۆ خەلیفان)، بەو نیازە چوم ئەگەر برادەران بڕیاریان دا گفتوگۆ بکەن، ئەوا من واز لە سکرتێری یەکێتیش دێنم و دەڵێم من دەچمە دەرەوە، بە هێرۆشم وتبو جانتا و شتەکانت بپێچەرەوە دەڕۆین بۆ ئێران و دەرەوە، پارە و شتی یەکێتیم لابوو، هەمویم تەسلیمی حەمە تۆفیق و ئەو برادەرانە کرد."[1]

لە نێوان حیکایەتەکەی مەلا بەختیار و گێڕانەوەکەی (مام جەلال)دا، نەوشیروان مستەفا، وەک لە سەرەوەوە خستمانەڕوو لە بیرەوەرییەکانیدا جگە لەوەی ڕۆژی کۆبوونەوەکەی بەرەی کوردستانی دیاری کردووە کە لە ١٩٩١/٤/١٩ بووە، بە وردەکاری و قسەوباس و ڕاوبۆچوونی بەشدارەکانی کۆبوونەوەشی نووسیوەتەوە. نووسینەکەی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ گێڕانەوەکەی مام جەلالدا لە ناوەڕۆکدا وەکو یەکن.

ئیتر با خوێنەری بەڕێز خۆی بڕیار بدات، کام گێڕانەوەیە ڕاست و دروستە و بیرێکیش لەوە بکاتەوە مەلا بەختیار بۆچی و بەچی مەرامێک گێڕانەوەی گفتوگۆیەکی گرنگی وەک ئەوەی ساڵی ١٩٩١، بەوشێوەیە دەشێوێنێ!

---

1 . سەلاح ڕەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣-١٨٤.

## بەشی هەشتەم

# لە دامەزراندنی حکومەتەوە
# تا خولێکی دیکەی شەڕی براکان

هەرچەندە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستان، لەژێر کاریگەری ئەو شەپۆلە دیموکراسی خوازەی کە لە ساڵی ١٩٨٧ەوە وڵاتانی کۆمۆنیستی بلۆکی رۆژهەڵاتی گرتبووەوە، دروست نەبوو، بەڵام هاوکاتبوونی لەگەڵ تێکچوونی مالّی بلۆکی رۆژهەڵاتی و سفر بوونەوەی رۆڵی یەکێتی سۆڤیەت و نەمانی جەنگی سارد، هەلێکی لەباری ڕەخساند بۆ ئەوەی وڵاتانی رۆژئاوایی بە تایبەتی فەرەنسا و ئەمریکا، بتوانن بە بیانووی پاراستنی مافی مرۆڤ، یاسا نێودەوڵەتییە بەرکارەکانی تایبەت بە قەدەغە کردنی دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان پێشێل بکەن، کە جاران ڕێگر بوو لە بەردەمیاندا.

لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد بۆ گەیاندنی هاوکاری بە ئاوارەکان، داواشی لە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان کرد راپۆرتێک لەسەر دۆخی ئاوارەکان و پەلامارەکانی رژێمی عێراق بۆ سەر کورد و عێراقییەکان ئامادە بکات. هەرچەندە لەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشدا باس لە مەسەلەی ناوچەی دژە فڕین نەکرابوو، بەڵام بەهۆی لاوازی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵاتییەوە، فەرەنسا و بریتانیا و ئەمریکا توانیان بە پشت بەستن بەو بڕیارە ناوچەکانی دژە فڕین لە عێراقدا دروست بکەن. ئەوە یەکەمین جار بوو لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کارێکی لەو شێوەیە بکرێت. ناوچەی دژە فڕین رۆڵێکی گەورەی بینی لە دروست کردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

لە دوای تێکشکانی راپەڕین، حیزبەکانی بەرەی کوردستانی کە بە تووندی ئەنفالەکاندا تێپەڕی بوون، لەو باوەڕەدا نەبوون کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی تا ئەو رادەیە ڕێگری لە رژێمی سەدام بکات و ناچاری بکات لە کوردستان پاشەکشە بکات، بۆیە بۆ ماوەی چەند مانگێک خەریکی تالانی و بڕۆ بوون و کەم کەس هەبوو لەو کاتەدا بیر لەوە بکاتەوە کەڵک لەم دەرفەتە وەرگرێت و بناغەیەک بۆ ئیدارەدانی دۆخەکە دارێژێ.

نەوشیروان مستەفا، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی لەندەنی کە ساڵی ٢٠١١دا لەگەڵیدا کراوە، نەخشە ڕێگای خەباتی خۆی لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ەوە بەمجۆرە دیاریکردەوە: "لە سەرەتای نەوەدەکانەوە تا ئێستا هەرێمی کوردستان بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە، هەمو قۆناغێک لەو قۆناغانە رکەبەری و ئەولەویەتی خۆی هەبوە بە پێی سروشتی خۆی، من وەک خۆم ئەو قۆناغانە لە چوار قۆناغی سەرەکی دا چڕ دەکەمەوە کە ئەولەویەتی جیاوازیان هەبو:

– قۆناغی یەکەم: پێویستی بە دروست کردنی دامەزراوەکانی هەرێم و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسی و ئیداری و ئەمنیە هەبو کە لە دوای پاشەکشە کردنی رژێمی

بەعس لە دامەزراوەکانی هەرێمدا، دروست بوبو. بەو ئاراستەیەش کارمان کرد و لەوکاتەدا ئەوەی پێویست بوو کردمان.

– قۆناغی دوەمی: روبەڕوی رکەبەری ترسناکی ئەمنی بوینەوە کە خۆی لە شەڕی ناوخۆ و دەستوەردانی سەربازی هەندێک لایەنی دەرەوەو رژێمی پێشوی عێراقیدا دەبینیەوە بە ئاراستەی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ. سروشتی ئەو قۆناغە پێویستی بە کارکردنی جدی هەبو بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ. هەوڵەکانیشمان بەو ئاراستەیە، بوبو بە ئەولەویەتی کاری ئەو قۆناغەمان.

– قۆناغی سێیەم: بە روخانی رژێمی عێراق لە ٢٠٠٣ دەستی پێکرد و هەوڵەکانمان لەسەر دانانی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ عێراقێکی دیموکراتی ئیتیحادی چڕبوەوە، کە گرەنتی بە رژەوەندی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بکات.

– قۆناغی چوارەم: کە قۆناغی ئێستایە، قۆناغی ڕێکخستنەوەی ماڵی کوردو بەرپاکردنی دادی کۆمەڵایەتی و بە گژا چونەوەی گەندەڵی و کۆتایی هێنانە بە سیستەمی حیزبی تۆتالیتاری و سەرکردەی زاڵ، بەسەر سەرجەم جومگەکانی ژیان لە هەرێم."[1]

لەم بەشەی کتێبەکەدا هەوڵم داوە پێ بەپێ لەگەڵ ئەو قۆناغ بەندیەی کە نەوشیروان مستەفا دیاری کردووە، باس لە هەوڵەکانی ئەو بکەم لە کایەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا لە دوای ڕاپەڕینەوە تا کۆچی دوایی.

1 . الشرق الاوسط، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: ئومێد توفیق:
https://gorran.net/Details.aspx?jimare=374

# باسی یەکەم
# دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی

لە ٦ی مایسی ١٩٩١دا، جۆرج بوش سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی بڕیاری ٦٨٨، بڕیاری دا (هێزی ئەرکی هاوبەش) لە بنکەی ئینچەرلیک لە تورکیا دروست بکرێ بۆ "دابین کردنی ئاسودەیی" بۆ خەڵکی ئاوارەی سەر سنورەکانی ئێران و تورکیا.

دواتر ناوچەکانی سەروی خەتی ٣٦ یان بە "ناوچەی دژە فڕین" ڕاگەیاند. هێزەکانی عێراقیان ناچار کرد پاشەکشەی لێ بکات. نەوشیروان مستەفا لە بارەی گرنگی هاتنی ئەوە هێزە نووسیویەتی: "ئەم هێزە خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە کورد کرد. سەدان هەزار کەسی لە مردن رزگار کرد و پاراستنی لە هێرشی جەیشی عێراق، یارمەتی دان بگەڕێنەوە سەر جێگە و ڕێگەی خۆیان و دەروازەی خابور، بە ڕەزامەندی تورکیا، لە ڕوی هێزی هاوپەیمانان و ڕێکخراوە ناودەوڵەتیەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنداکرایەوە."[1]

ناوچەی دژە فڕین هەلێکی لەباری دروست کرد بۆ گەڕانەوەی خەڵک و پێشمەرگە بۆ شار و شارۆچکەکان. لە دوای ئەوەی گفتوگۆکانی بەرەی کوردستانی و رژێمی بەعس هیچ ئەنجامێکیان نەبوو، سەدام حسین لە ١٩٩١/١٠/٢٦دا بڕیاری دا هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی مەرکەزی لە کوردستان دا بکێشێتەوە. ئەم کارەی حکومەتی بەغدا بۆشاییەکی ئیداری و یاسایی و ئەمنی گەورەی دروست کرد.

بەرەی کوردستانی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بە ناچاری بۆ ماوەیەک خۆی ئیدارەی ناوچەکەی بەڕێوە برد. بەڵام ئەم ئیدارەیە پڕ بوو لە کێشە و گرفت. تاڵان کردنی ژێرخانی کوردستان و دەست بە سەراگرتنی بینای فەرمانگە حکومیەکانی لێ کەوتەوە. پاشا گەردانی هەموو کوردستانی گرتبووەوە، کەس لە خەمی دۆزینەوەی

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

چارەیەکدا نەبوو، هەر حزبە و دەیویست پێگەی خۆی بەهێز بکات، دادگای حزبەکان جێگەی دادگای مەدەنیان گرتبووەوە.

ئەگەرچی پێش راپەڕین بەرەی کوردستانی (ئاشت بوونەوەی نیشتمانی) راگەیاندبوو و داوای کردبوو لە کاتی راپەڕیندا بە گیانی لێ بووردەیی لەگەڵ یەکتری دا رەفتار بکەن، بەو پێیە هەموو ئەو کەسانەی تا ئەو ساتەوەختە بە شێوەی جیاجیا چووبوونەوە خزمەتی رژێمی بەعس و بووبوون بە داردەستی، بەر لێ بووردنی گشتی کەوتبوون، بەڵام هەندێ لە حیزبەکانی بەرەی کوردستانی بە تایبەتی پارتی، بۆ دەسکەوتی حیزبی خۆیان و راکێشانی ئەندام و لایەنگری زیاتر، داڵدەی ئەوانەی دا، بەشێکی زۆر لەوانە تاوانی گەورەیان بەرانبەر کوردستان کردبوو. هەندێکیان لە ناو حکومەت و دەزگا حیزبی و سەربازییەکاندا پلە و پۆستی وایان دانێ، تەنانەت بووە جێگەی نارازی کادیرە تێکۆشەرەکانی خۆشیان. لەماوەی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی دا، وای لێ هاتبوو جیاوازی نەدەکرا لە نێوان تێکۆشەرێکی رێگای کوردایەتی و تاوانبارێکی نۆکەری رژێم.

خەڵکی کوردستان دەیانویست دەسەڵاتی کوردی، قەرەبووی ئەو کارەساتانەی بەسەریاندا هاتبوو بۆ بکاتەوە، کۆتایی بە داگیرکاری بهێنێت، لە سایەیدا بخوێنێ و کار بکات و بە سەربەرزی بژی، بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێک خەڵک تووشی شۆک هاتن، نەک بە تەنها لەبەر ناکارایی بەرەی کوردستانی لە بەرێوەبردنی وڵات، بەڵکو ترسیان لەوە هەبوو کۆکردنەوەی ئەو هەموو چەکدارە بە ناوی پێشمەرگەوە، شەڕی براکوژی سەرهەڵبدات.

نەوشیروان مستەفا، بەمجۆرە دیمەنی ئەو سەردەمەی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی خستووەتەڕوو: "لە سەردەمێکد کە جەنگی ئێران و عێراق و جەنگی کورد و بەعس لەکایەدا بوو، کوردستان ببوە سەربازگەیەکی گەورە. هەرکەسە و بە جۆرێک چەکدار بوو. بەشێکی بە ناوی جیاجیاوە، لە ریزی هێزە چەکدارەکانی عێراقدا بوو، بەشێکیشی لە ریزی هێزە چەکدارەکانی حیزبە کوردییەکاندا بوون. لە رۆژانی راپەڕیندا چەکدارەکان، ئەوانەی لەگەڵ بەعس بوون و ئەوانەی لەگەڵ حیزبە کوردییەکان بوون، هەموو تێکەڵاو بون. سەدان بارەگای چەکدار بە ناوی حیزبەکانەوە لە شەقام و کۆڵانی شار و ئۆردوگاکاندا کرایەوە. هەبوون و هەڵگرتنی چەک، بە سوک و ناوەنجی و قورسەوە، بوو بە شتێکی ئاسایی، لەبەرئەوەی لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی خەریکی شتی تر بون، نەیان پەرژایە سەر ئەوەی رێوشوێنێکی لەبار و

گونجاو دابنێن بۆ ڕێکخستنەوەی چەکدارەکان و بەکارهێنانی چەکەکان بۆ پارێزگاری نیشتمان لە هێرشی چاوەڕوان کراوی دوژمن.

لە دوای ڕاپەڕینەوە، پێشمەرگایەتی بە مەعنا ڕەوا نەبوو ناوی پێشمەرگەیان لێ بنرێ. هەر حیزبە هەوڵی ئەدا بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی چەکدار بەناوی پێشمەرگەوە. لەو ململانێیەدا بۆ ڕاکێشانی خەڵک هیچ پێوانەیەکی شۆڕشگێڕانە یا نیشتمانی یا ئەخلاقی لێک نە ئەدرایەوە دیاردەی چەکداری لە ناو خەڵک ناشیرین بوو، خەڵک تینیان بۆ هەموو لایەنەکان ئەهێنا کە چارەسەرێکی ئەو دیاردە ناشیرینە بکەن."[1]

سەردەمی حوکمڕانی بەرەی کوردستانی، پاشا گەردانییەکی گەورەی دروست کردبوو، ئەو دیمەنە ناشیرینە، ترسی ئەوەی لەلای خەڵک دروست کردبوو ئەم دەسەڵاتە کوردییە کە خەونی دەیان ساڵەی میللەتی کورد بوو، لەسەر دەستی ئەم جۆرە سەرکردە مێژوویی و پێشمەرگە گیان لە دەستانەی دوێنوە، ببێتە کەرەستەیەک بۆ تێکشانی وڕە و خەون و ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد.

نەوشیروان مستەفا، لە جێگەیەکی دیکەدا بەم شێوەیە باس لە سەرهەڵدانی چەندین باندی کوشتن و ڕفاندن و دزی کردن لە سەردەمی بەرەی کوردستانی دا دەکات: "بەهۆی ئەو هەموو چەکدارەوە کە لە کوردستاندا هەبووە، دوایی بەهۆی بۆشایی دەسەڵات و ئینجا ململانێی دەسەڵات، چەندین باندی چەکداری لە کوردستاندا تەراتێن ئەکەن. تاوان ئەکەن، ئوتومبیل ئەفڕینن، سەرانە لە خەڵکی بێ خاوەن ئەسێنن، مەکینە و داموودەزگاکان ئەکەن بەو دیوی سنورا، دەستدرێژی ئەکەنە سەر بنکە سنوریەکانی گومرک. سامانی نەتەوەیی تالان ئەکەن."[2]

بۆ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەبێتە شەریکە بەش لەو دۆخی پاشا گەردانیەی کە حیزبەکانی بەرەی کوردستانی، نەوشیروان مستەفا پڕۆژەیەکی داوە بە مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەوبارەوە دەڵێ: "پێشنیارم کرد بۆ هاوڕێکانم وەکو دەربڕینی نارەزایی لەباری گشتی وڵات و وەکو گوشارێک بۆ چاک کردنی هەلومەرجی نارێکی ئەو کاتە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەندامێتی خۆی لەبەردا ڕابگرێ و لەو لیژنانەدا بکشێتەوە کە حوکمی شارەکانی کوردستانیان بەدەست بو، بۆ ئەوەی یەکێتی

1 . نەوشیروان مستەفا، لە پەراوێزی دوا ڕێکەوتنامەی ستراتیژی ی.ن.ک و پ.د.ک، کوردستانی نوێ ژمارە ٨٧١، ١٩٩٤/١٢/٢٥، ل ٢.
2 . هەمان سەرچاوە، ل ٣.

نەبێ بە هاوبەشی بەرە لە هەڵگرتنی ئۆباڵی ئەو نارێکیەدا. جێبەجێ کردنی ئەم پێشنیارە زەرەری لە زۆر کادر و ئەندامی یەکێتی ئەدا و بێ بەشی ئەکردن لەو ئیمتیازاتەی ئەوسا هەیان بو، پێشنیارکەم سەری نەگرت."[1]

دواتر بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانی بۆ پڕۆژەکەی، لەگەڵ حیزبەکانی دەرەوەی بەرەی کوردستانی کەوتە وتوویژ. لە زستانی ١٩٩١دا لە دانیشتنێکیدا لەگەڵ مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز، ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی، پاش خستنەڕووی بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان، ڕەخنەی توندی لە شێوازی ئیدارەی بەرەی کوردستانی گرت. گەورەترین نیگەرانی نەوشیروان مستەفا ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستان بگەنە ئەو باوەڕەی کە کورد ناتوانێ خۆی بەڕێوە ببات. ئەو ترسی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی هەبوو. بۆ چارەسەر کردنی دۆخەکەش داوای هەڵبژاردن و دروست کردنی یەک هێز و یەک مەرجەعیەتی سیاسی کرد و ووتی: "بەڵێ، حزبەکان بەعام موشکیلەیان نیە، جەماوەرەکە موشکیلەی هەیە، میللەتە ڕەش و ڕوتەکە موشکیلەی هەیە. ئێمە لەبەینی خۆماندا دو ڕۆژ لەسەر ئەوە دواین کە چی بکرێ بۆ چاکردنی وەزعی ئێستای کوردستانی عێراق، کە لەم پاشا گەردانیە دەری بێنین و بەرەو ئەوەی ببەین کە نەزمو مەقامی تێبخەینەوە.

طەبیعی دو عیلاج هەیە: عیلاجێکیان ئەوەیە: پەرلەمانی داهاتو کە هەڵبژێردرا، ئەوە حکومەتی خۆی دروست ئەکا و هەمومان ئیحترامی ئەگرین و تاعەی ئەکەین و بە قسەی ئەکەین و لە پشتی ڕائەوەستین، بۆ ئەوەی سەرکەوتو بێ. بەڵام سوئالی خەڵک ئەوەیە کە ئەڵێ لە ئێستاوە هەتا کاتی هەڵبژاردنەکە، چۆن وڵاتەکە بەڕێوە ئەبەن؟

ئێمە بۆ ئەوە، ئیقتراحی ئەوەمان کرد کە مەجلیسێکی تەنفیزی موەقەت لە ئێستاوە تا کاتی هەڵبژاردنەکە دروست بکەین لە کەسە ناسراوەکانی پارتیو یەکێتیو شیوعیو حسکو گەلو ئەمانە... ئەمانە خۆیان بێنین بیانخەینە شوێنی مەجلیسی تەنفیزی قەدیمی بەعسیەکان.

یەک بەیەک ئەمانە عامەکەی خۆی زیندو بکاتەوە، بۆ نمونە: ئەمەیان ئەمینی عامی تەنفیزیەیە، ئەمەیان ئەمینی داخلیەیە، ئەمە ئەمینی عامی تیجارەو ئیقتیسادە.

یەعنی هەر کەسێ لە ئێمە (مەبەستی هەر حیزبەی) ئیشێکی وەربگرتایە، بۆ ئەوەی دائیرەکانی دەوڵەت بخەینەوە سەرقاچی خۆی. وە ئەم فەترەیە دەس بکەین بەوەی کە پێشمەرگە لەناو شارەکان دەر بکەینە دەرەوە، پۆلیس بە قوەت بکەینەوە، زەبت و

1 . کوردستانی نوێ ژمارە ٨٧١، ١٩٩٤/١٢/٢٥، سەچاوەی پێشوو، ل ٢.

رەبت بخەینەوە ناو شارەکان، مەحکەمەکان دەسکاری بکەین بۆ ئەوەی مەحکەمەکان بوێرن حوکمی ئیعدامی قاتیل و موجریم و دزو ئەمانە بەن.

ئەم ئیقتراحەمان روبەروی سەرکردایەتی جەبهەی کوردستانی کردەوە، من پێشتر وتم کە مافی ڤیتۆ لەدژی ئەمانە بەکار ئەهێنن، فیعلەن ئەوان مافی ڤیتۆیان بەکارهێنا، وتیان مادەم ئینتیخاباتمان لەبەر دەمدایە، پێویست ناکا مەجلیسی تەنفیزی هەبێ، کارگێڕی بەرە خۆی ئیشەکان ئەکا.

بەڵام کارگێڕی بەرە پێی ناکرێ، خەڵکی وای تیایە بە کەڵکی ئەوە نایە، رەنگە بۆ زەمانی شەڕ پیاوێکی ئازا بوبێ، قارەمان بوبێ بەڵام هی ئیدارە کردنی دەوڵەت نیە.

من بۆ خۆم لەبەر دەمی ئێوەدا ئیعتراف ئەکەم کە رەنگە لەزۆریان خوێنەوارتر بم، چونکە من بێجگە لەوەی جامیعەی بەغام خوێندوە، چوار سااڵیش لە ڤییەنا دەرسم خوێندوە. لە زمانیشا کوردی ئەزانم، عەرەبی ئەزانم، فارسی ئەزانم، ئەڵمانی زۆر باش ئەزانم، ئینگلیزیش ئەزانم. کەچی هێشتا خۆم بە شایستەی ئەوە نازانم دانیشم لە شوێنکا، وەک سلێمانی من محافزی سلێمانی بم، چونکە وەکو عەرزم کردن ٢٤ ساڵە من خۆم خەڵک را ئەهێنم لەسەر پێچەوانەی دەوڵەت.

ئەبێ کەسێکی تر بێنینە پێشەوەو من لە پێشییەوە بم، من پشتیوانی بکەم، چونکە ئەو لێی ئەزانێ، ئەو شارەزایە.

بەڵام بە داخەوە سەرکردایەتی جەبهەی کوردستانی موافەقەتی لەسەر ئەوە نەکرد، ئەگەر موافەقەتی لەسەر ئەوە بکردایە، مەسەلەن یەکێ لەو شتانەی کە ئێمە روبەرومان ئەبێتەوە مەسەلەی دۆلارە کە سەرچاوەیەکی زۆر گەورەیە بۆ ئیقتسادی عێراقی. یەعنی ئەو چەن مانگی رابردوە نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار لە کوردستاندا لە رێگەی حولەفاو ئەوانەی تردوە سەرف کراوە، حکومەتی عێراقی هەر ٤٠٠ ملیۆن دۆلارەکەی بەپارەی ساختە لێ کریوینەتەوە و بردویەتییەوە بۆ بەغاو لە بەغاوە بردویەتی لە مینای عەقەبە و شتومەکی پێ کڕیوەو هێناویەتییەوە بۆ خۆی.

ئێمە ئەمانەوێ ئەمە تەنزیم بکەین. ئەمە بەتاقی تەنیا بە سلێمانی ناکرێ، چونکە دۆلارەکە لە دهۆک هەیە لە هەولێر هەیە لە سلێمانی هەیە لە کەلار و کفری هەیە. ویستمان ئەم فەترەیە مەرکەزیەتێکی وا لە کوردستان دروست بکەین کە ئەو ئیجرائاتانەی کە ئەیکەین بەسەر هەموو کوردستانا تەتبیق ببێ، یەعنی هەر ئەوە نەبێ کە ئێمە هەر لە سلێمانی دۆلار مەنع بکەین، ئەبێ لە هەولێریش مەنعی بکەین بچێ بۆ بەغدا لە دهۆکیش مەنعی بکەین کە بچێ بۆ بەغدا، ئەم دۆلارانە لە بانکێکدا کۆ بکەینەوە و تەشجیعی دەوڵەمەندەکانیش بکەین بێن دیناری عێراقیشی تیا دابنێن بە قازانج، هەر

کەسێ ویستی بچێ بۆ ئێران بۆ تورکیا بۆ سوریا یا بۆ هەر جێگایەکی تر خواردەمەنی بکڕێ شتێ بکڕێ، دۆلارەکە بکەینە دەستی و بڕوا شتەکانمان بۆ بکڕێ و کە هاتەوە حسابی لەگەڵ بکەین و بزانین بایی چەندی کڕیوە، ئایا راست ئەکا یان راست ناکاو بیخاتە بازاڕەوە.

ئەم شتانە، ئێمە ویستمان هەندێکی وای لێ بکەین حەتا ئەگەر بۆ مانگێکیش بێ کورد خۆی حکومی خۆی بکا، دوای مانگێ خوای ئەکرد سەدام پەلاماری ئەداین و لەناوی ئەبردین، چونکە ئێوە خۆتان ئەزانن زوو، شێخ مەحمود حکومەتی دروستکردووە و فەترەیەک دەوامی کردووە، لە تاریخی کوردا بە شانازیەوە باسی ئەکرێ، قازی محەمەد جمهوریەتێکی بچکۆلانەی دروستکردووە لە شارێکی بچوکی وەکو مەهابادا، هەتا ئێستا هەموو کورد بە شانازیەوە باسی ئەکا.

ئێ ئێمەش ئەگەر بۆ هەفتەیەکیش بێ با بۆ دنیای ئیسپات بکەین کە ئەتوانین حکومڕانی خۆمان بکەین، ئەگەر وازمان لێ بێنن خۆمان ئەتوانین حکومرانی خۆمان بکەین، بەڵام وەڵڵاهی من بەعزە جارێک خەریکە مەعنەویاتم ئەروخێ، یەعنی لە سەرکردایەتی ئەو حزبانە خەڵکی وای تیا بێ.

هی وایان هەیە، لە پاشای زەمانی کۆن باشتر ئەژی، یەعنی بە خەویش شتی وای نەبینیوە. مەسەلەن زەلامی وا هەیە، رەنگە حاشا لەروی حازری، زەمانی قەدیم وڵاخێکیشی نەبوبێ سواری بێ، کەچی ئێستە ٢٠ ئوتومبێل بەدوایەوە فڕکوهوڕیەتی و دێتوئەچێ. ٦ بۆ ٧ خانوی داگیر کردووە، ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ کەسی کۆکردۆتەوە، بە ئارەزوی خۆی سجنی هەیە خەڵک ئەگرێ، خەڵک بەرەڵا ئەکا، هەرچیەکی بیەوێ ئەیکا.

ئەمە لە نیزاما نابێ، لە قانونا نابێ، یەعنی تۆ ئەگەر دەوڵەتی قانون دروست بکەی، من ئەو پەڕێکی ئەچمو موراجەعەتیان ئەکەم. ئەڵێم بابە گیان من وەزعم لە خەتەرایەو ٢ بۆ ٣ کەسم بۆ دابنێن بۆ حیمایە، وانیە.؟

مەلا عوسمان: بەڵێ وایە.

نەوشیروان مستەفا: راست نیە من ٣٠ کەس لەگەڵ خۆما بگێڕم و ١٠٠ سەیارە بە دوامەوە بێت و، مۆڕە لە خەڵک بکەم و هەرچیم بەدڵ نەبوو بیگرم و سجنی بکەم و لە پەناوە بیکوژم. لەبەر ئەوە هەندێ لە سەرکردایەتی ئەم حزبانە قازانجیان لەوەیا نیە کە هەڵبژاردن بکرێ، چونکە کە هەڵبژاردن کرا، ئەوان نامێنن.

ئێستە من هەر بۆ میسال باسی بکەم: حزبێک لە سلێمانی بۆ ئەوەی ئیش بکا ئەبێ مەقەڕێکی هەبێ، وانیە؟

مەقەرەکان هەموی بینای حکومین، دەوڵەت ئەبێ بینای خۆی وەرگرێتەوە، چونکە دەوڵەت هی خۆیەتی و لازمێتی، چونکە ئەوە یەکێکە لە واریداتی ئەو حکومەتە، حزب ناتوانێ خانو داگیر بکات، ئەوسا مەجبور ئەبێ بە کرێ خانو بگرێ. کە خانوی بە پارە گرت ئەبێ ئابوونە لە ئەندامەکانی کۆ بکاتەوە، لە بری ئەوەی پارەیان باتێ، ئەوساکە پۆلیس ئەبێت و ناتوانێ ئوتۆمبێل و شۆفڵ و شتی وا بدزێ و تامینی ژیانی ئەندامەکانی بکا، ئەبێ ئەندامەکانی بڕۆن کرێکاری بکەن.

ئەوەی پۆلیسی ئەکا بچێتە ریزی پۆلیسەوە و ئەوەی عەسکەری ئەکا بچێتە ریزی پێشمەرگەوە و ماباقیەکەی تری ئیتر حەقی نیە بەچەکداری بسوڕێتەوە تەعەدا لە خەڵک بکا. کە ئەمە نەما ئەو حزبە ئەپوکێتەوە و وردە وردە زەعیف ئەبێ، لەبەر ئەوە پێی خۆش نیە حکومرانی لە کوردستانا هەبێ، پێی خۆشە ئاژاوە هەبێ، فەوزا هەبێ. جا ئەگەر خوا نەخواستە ئەگەر وا بڕوا وەکو لوبنانمان لێدێ. ئێستا هەر محەلەیەک هەر شارێک حزبێک داگیری کرد و ئیتر ئەبێ هەر خەریکی یەکتر کوشتن بن.

جا ئیتر من پێم باشە ئێوە، بە راستی زۆر زۆر تاکید لەسەر ئەوە بکەن کە حزبەکان ئیجبار بکەن پێشمەرگە یەک بخەن، هێزی پێشمەرگە تەوحید بێ و بکرێ بە جەیشێ بۆ هەموو کورد، دیفاعی لە حدودی کوردستان پێ بکرێ. زۆر تەئکید لەسەر ئەوە بکەن کە هەڵبژاردن زۆر زۆر زەروریەیە، چونکە خوا نەخواستە هەڵبژاردن نەکرێ، ئەبێ بە حەرب.

**یەکەم: هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت**

بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی، دەگەڕێتەوە بۆ رۆژانی سەرەتای راپەڕین و ئازاد کردنی شارەکانی کوردستان. لەکاتی راپەڕیندا، بەرەی کوردستانی کۆبوونەوەیەکی کردووە بۆ چۆنێتی ئیدارەدانی کوردستان و پڕکردنەوەی بۆشایی ئیداری. نەوشیروان مستەفا لە بیرەوەرییەکانی دا بەم شێوەیە باسی لەو کۆبوونەوەیە کردووە: "لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دا کە کاک مەسعودیش تێیدا بەشدار بو، بڕیاردرا هەردو مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی دەسنێژی بەعس هەڵبوەشێنرێتەوە و لە ماوەیەکی کورت دا هەڵبژاردنی گشتی بکرێ. ئەم بڕیارە لە رادیۆکانی ئەو کاتەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی دا بڵاوکرایەوە. چەند رۆژێکی کەمی پێچوو، هێزەکانی بەغدا، پەلاماری بادینان و کەرکوک یان داو داگیریان کردنەوە. دوای ئەوەیش هەولێر و ئینجا سلێمانی گرتەوە. بڕیارەکەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لەناو کارەساتەکانی کۆچی بە کۆمەڵدا لەبیر چوەوە، کورد کەوتبوە هەلومەرجێکی نالەبارەوە، خەریک بو دەبو بە گەلێکی ئاوارەی بێ نیشتمان. لەم

هەلوەمەرجە نالەبارەدا، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بڕیاری دا گفتوگۆ لەگەڵ رژێم بکات.[1]

گفتوگۆی رژێم و بەرەی کوردستانی بە دوو خول ئەنجام درا. خولی یەکەم مام جەلال سەرپەرشتی کرد و دوای ماوەیەکی کورت مانەوە لە بەغدا گەڕایەوە بۆ کوردستان، خولی دووەمیش مەسعود بارزانی سەرپەرشتی دەکرد، ئەویش دوای چل رۆژ مانەوە لە بەغدا، بێ هیچ ڕێکەوتنێک گەڕایەوە کوردستان. لەو ماوەیەدا بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پاراستنی کورد دەرچوو. ئەو بڕیارە زەمینەیەکی گونجاوی ڕەخساند بۆ گەڕانەوەی خەڵکی ئاوارە بۆ شارەکانی خۆیان. هێزەکانی ئەمریکا، بریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ئیسپانیا و هۆڵندا هاتنە ناو خاکی کوردستان و دەستیان کرد بە دروست کردنی پەناگەیەکی ئارام بۆ کورد.

پاش ئەوەی گفتوگۆکان گەیشتنە بنبەست، جارێکی تر مەسەلەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن هاتەوە بەر باس. رۆژی ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی ١٥ کەسی پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای هەڵبژاردن. لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩٢ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی لەژێر ناوی "یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق"، پەسەند کرد.

لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی دا سەرەتا بەربەستی ڕێژەی ٤٪ دیاری کرا، بەڵام پاشان لەسەر داخوازی پارتی بەربەستەکە بەرزکرایەوە بۆ ٧٪. دەبوو هەر لیستێک ئەو ڕێژەی دەنگانەی بەدەست بهێنایە تا کورسی پەرلەمان بۆخۆی مسۆگەر بکات. م. ڕەوەند نوێنەری حیزبی شیوعی لەو بارەوە دەڵێ: "فەرەنسۆ هەریری گوتی بەڕێزان دوێنێ بڕیار لەسەر ڕێژەی ٤٪ درا و، ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێژەیە نین و داوا دەکەم ڕێژەکە بکرێتە ٧٪ و ئەو ڕێژەیەی دوێنێ ڕەت دەکەمەوە، ئەندامانی شاندەکان کەسیان نەهاتنەگۆ، بۆیە هاوڕێ کەریم ئەحمەد گوتی: فرەنسۆ ئێمە دوێنێ لەسەر ڕێژەی ٤٪ ڕێکەوتین و برادەرانی پارتیش ڕەزامەند بوون، ئەوە بۆ ئەوڕۆ ئەو بابەتەت هێنایەوە بەرباس، لە وەڵامی هاوڕێ کەریم ئەحمەد دا کاک فەرەنسۆ هەریری گوتی: ڕای من ڕای پارتییە، هەڵوێستی من هەڵوێستی پارتییە، دووبارە کەس قسەی نەکرد، ڕەزامەندی لە لایەن یەکێتیەوە نیشاندرا، جا نازانم پێشتر ئەم دوو لایەنە لەسەر ڕێژەی ٧٪ ڕێکەوتبوون یان نا! حزبی ئێمەش بەپێی وتوویژ و دەربڕینی ناڕەزایەتی، سەری

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، بیرەوەرییەکانم لە پەراوێزی هەڵبژاردنی گشتی یەکەمدا، کوردستانی نوێ ژمارە ٩١٢، ١٩٩٥/٢/١٢، ل٢.

ڕەزامەندی بۆ گۆڕینی بڕیارەکە لەقاند و ڕێژەکە لە ٤٪ وە بۆ ٧٪ گۆڕدرا. ئەوکاتە ڕێژەی ٧٪ دەبوو هەر حزبێک حەفتا هەزار دەنگ بەدەست بهێنێ، ئینجا دەبوو بەشداری لە پەرلەماندا بکات، حەفتا هەزار دەنگ، وەدەستهێنانی یەکجار زەحمەت بوو بۆ حزبی ئێمە و حزبەکانی تریش، حزبی ئێمە مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی هەبوو، هەروا ئەوانەی تریش، بەڵام حزبمان ئەم مافەی بەکارنەهێنا."[1]

لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٢، مەسعود بارزانی بۆ بەشداری کردن لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتووەتە سلێمانی، نەوشیروان مستەفا و مام جەلال پێشوازیان لێ کردووە و لەگەڵیدا چوونەتە لقی چواری پارتی. نەوشیروان مستەفا بەمجۆرە ئەو دیدارە دەگێڕێتەوە: "دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان، ئەوە جاری یەکەم بوو ببینم. هەواڵی دەرەوەی لێ پرسیم. منیش وتم: کورد لە دنیادا دۆستی زۆری پەیدا کردووە. ئەو قسەیەی کە ئەڵی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ڕێگا بە کورد نادەن لە ئۆتۆنۆمی زیاتر وەربگرێ، قسەیەکی کۆنە.

دۆستەکانی دەرەوە، بەو مەرجەی پارێزگاری ئەرزی عێراق بکرێ، مانعیان نییە کورد لە ئۆتۆنۆمی زیاتر هەرچی پێ وەرئەگیرێ بەدەستی بهێنێ.

لەسەر هەڵبژاردن و جۆری بەشداری کردنی پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تر ڕەئی منی پرسی، وتم: لەبەر ئەوەی کورد لەم قۆناغەدا پێویستی بە ئیستقرار هەیە، بە ئیستقراری سیاسی، ئابوری، نەفسی، چاکتر وایە دو حیزبە گەورەکە مونافسەی یەکتری نەکەن و پێکەوە ئۆباڵی ئەم قۆناغە جارەنوس سازەی مێژوی کورد هەڵبگرن.

پرسی: ڕەئی خۆت چۆنە؟ لە ناو قسەکانما وتم:

- هەمو دۆستەکانی دەرەوە هەڵبژاردنیان پێ باشە.
- یەکێتی و پارتی بە لیستێکی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردن بین.
- لە تێکڕای ١٠٠ نوێنەرەکە با ٣٥ نوێنەریان بۆ یەکێتی و ٣٥ نوێنەریان بۆ پارتی و دایانبنێن و ٣٠ نوێنەرەکەی تر ڕێکەوتن لەگەڵ هەردولا لە کەسانی شارەزای سەربەخۆ هەڵبژێردرێن، بۆ ئەوەی هەرکات ئەو دو فراکسیۆنە ناکۆک بون لە دەنگدان، بێلایەنەکان هاوسەنگیەکە ڕاست بکەنەوە. ئەو کاتە حکومی بەرەی کوردستان و مافی ڤیتۆی ئەندامەکانی، کوردستانی توشی پاشا گەردانی کردبو، بۆ قانع کردنی کاک مەسعود زۆرم بەهانە هێنایەوە، کاک مەسروری کوڕی کاک مەسعود بارزانی بە خۆی و کامێرایەکی ڤیدیۆوە هەمیشە لەگەڵ باوکی دا بو. هەمو ئەم قسانەی لە "بارەگاکەی

1 . م. ڕەوەند، حزبمان مافی ڤیتۆی بەکارنەهێنا...!، ویب سایتی ڕێگای کوردستان:
http://www.regaykurdistan.com/index.php/wtar/29927-2020-11-07-08-22-52

لقی سلێمانی" دەستم پێ کرد و لە ئوتێلی ئەبو سەنا تەواوم کرد، بە کامێرای ڤیدیۆ گرتبوی. لە ناو قسەکانم دا باسی ئەوەم کرد بوو کە هەڵبژاردنی گشتی و ئەو لیستە هاوبەشە یەکێتی و پارتی لە "ئیبتزازی" حیزبە بچوکەکان ڕزگار ئەکا. هەندێ قسەی تریشم کرد. کەچی بۆ هاندانی ئەو حیزبانە دژی من، وێنەیەکی ئەم شریتە ڤیدیۆییەی بە سەرکردایەتی حیزبەکان دابو."[1]

ئەم پێشنیارەی نەوشیروان مستەفا لە لایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە تەبەنی کرا و چەند جارێک لە کۆبوونەوە هاوبەشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی خراوەتەڕوو، بەڵام پارتی پێ یوابوو یەکێتی لە لاوازییەوە ئەم دەست پێشخەرییە دەکات. نەوشیروان مستەفا هۆکاری پێداگری خۆی و یەکێتی بۆ لیستی هاوبەش دەگەڕێنێتەوە بۆ: "ترسی ئەوەمان هەبو ئەگەر پارتی بدۆڕێنێ، حورمەتی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە نەگرێ و شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێنێ، چونکە دنیایان وا تێگەیاندبو کە ئەوان لە هەڵبژاردنی داهاتودا ٧٥٪ کورسیەکانی پەرلەمان وەرئەگرن. تەنانەت کاک مەسعود خۆی ئەمەی بە ڕۆژنامەکانی لەندەن ڕاگەیاندبو. بەڵام کە هەڵبژاردن کرا، پارتی لە سەد چل و چواری کورسیەکانی هێنا، دروست بە ئەندازەی یەکێتی، ئەوەی تری حیزبەکانی تر هێنابویان، کاک مەسعود هەڵنەبژێدرا بەرابەر، پارتی ویستی هەموو شتێ تێک بدات."[2]

**دووەم: هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان**

پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر پاشەکشەی داموەزگاکانی رژێمی بەعس لە شارو شارۆچکەکانی باشوری کوردستان، ١٩ی ئایاری ١٩٩٢، یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا. تیایدا لایەنە سیاسییەکان بە حەوت لیست بەشداریان کرد کە دیارترینیان (پارتی دیموکراتی کوردستان، لیستی هاوبەشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لیستی یەکگرتن، لیستی ئیسلامی، لیستی دیموکراسی خوازە بێلایەنەکان، لیستی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان–شیوعی و بێلایەنەکان). لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ٩٧٢ هەزار کەس بەشداریان کرد و تەنها (یەکێتی و پارتی) توانیان بەربەستی ٧٪ تێپەڕێنن و ببنە خاوەنی کورسی پەرلەمانی.

ژمارەی کورسییەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان ١٠٥ کورسی بوو. پێنج کورسیان تەرخان کرابوو بۆ مەسیحییەکان. ئەوەی تریشی بەڕێژەی ٥٠ بە ٥٠ لە نێوان یەکێتی و پارتی بەش کرا.

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، بیرەوەرییەکانم لە پەراوێزی هەڵبژاردنی گشتی یەکەمدا، کوردستانی نوێ ژمارە ٩١٢، ١٩٩٥/٢/١٢، ل٢.
2 . هەمان سەرچاوە، ل٢.

بۆ هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیش، هەر یەکە لە مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی، عوسمان عەبدولعەزیز و مەحمود عوسمان کێبڕکێیان کرد، بەڵام نەتوانرا بەو هەڵبژاردنە ڕابەر دیاری بکرێت.

نەوشیروان مستەفا پێی وابوو مەسەلەی پەنجا بە پەنجا دەبێتە هۆی ناکارایی پەرلەمان و حکومەت، بۆیە پێشنیاری کرد لە جیاتی پەنجا بە پەنجا با یەکێتی و پارتی یەکێکیان ببێت بە دەسەڵات و ئەوی دیکەشیان بە ئۆپۆزسیۆن: "پێشنیارم کرد بۆ برادەرانی خۆمان کە ئەگەر لایەک حکومەت وەربگرن و لاکەی تر ببن بە ئۆپۆزسیۆن، لەگەڵ پارتی قسە بکەین ئەگەر ئەوان حکومەتیان وەرگرت ئێمە دەبین بە ئۆپۆزسیۆن، ئەگەر ئێمەش حکومەتمان وەرگرت با ئەوان ببن بە ئۆپۆزسیۆن. ئەم فکرەیەش لای برادەرانی ئێمە قەبوڵ نەبو و پێیان وابو پێکەوە حکومەتێکی ئیتلافی دروست بکەن، لەبەر ئەوە من ئەقڵم نەیبڕی و وازم لێ هێنا. ئەگەر وازم نەهێنابایە ئیحتمالی هەبو ئەو ناکۆکیانە، ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئەو باڵانەی ناو یەکێتی دا و پێم وابوو یەکێتی بە ساغ و سەلامەتی بمێنێتەوە باشترە."[1]

هەردوو حیزبی براوە لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بێت و سەرۆکایەتی حکومەتیش بدرێت بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان. دکتۆر فوئاد مەعسوم لەلایەن یەکێتیەوە بۆ سەرۆکی حکومەت کاندید کرا، پارتیش بۆ سەرۆکی پەرلەمان جەوهەر نامیق سالمی دیاری. یەکەم دانیشتنی پەرلەمان لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٩٢دا بەڕێوەچوو.

بۆ پڕ کردنەوەی پۆستەکانی یەکێتی لە کابینەی حکومەت، نەوشیروان مستەفا پێی باش بوو کادیر و سەرکردەکانی یەکێتی هیچ پۆستێک لە کابینەی حکومەت وەرنەگرن و لە بری ئەوان بدرێت بە دەستی خەڵکانی تەکنۆکراتەوە، چونکە ئەو کادیرانە نا شارەزان و ئەزمونی حوکمڕانیان نییە و سەرکەوتوو نابن، لەوبارەوە دەڵێ: "لە دوای هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمان، من لەگەڵ برادەرانی خۆمان ناکۆک بووین لەسەر ئەوەی کە ئایا کادیرانی یەکێتی بێنین کاروباری حکومەتی پێ بسپێرین، یاخود کادیرەکانی یەکێتی چاودێر (مراقب) بن بەسەر حکومەتەوە و تەکنۆکرات بهێنین. ئەو زەمانە من لەگەڵ ئەوە بوم خەڵکی تەکنۆکرات بهێنین. منیان تەرشیح کرد بۆ یەکەم سەرۆکی حکومەت، بەڵام نەمکرد، چونکە باوەڕم پێی نەبوو، برادەرانی تر پێیان وابوو

1 . گولان (گۆڤار)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

که ئەگەر لە دەسەلاتدا نەبین، خەڵکمان لەگەڵ نابێت لەبەر ئەوە دەیانوت ئێمە خۆمان لە شۆڕشدا ماندوو بووین بۆچی تەسلیمی خەڵکی تری بکەین."[1]

**سێیەم: دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

لە ٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٩٢، یەکەم کابینەی هەرێمی حکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی فوئاد مەعسوم پێکهێندرا، رۆژ نوری شاوەیس لە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە جێگری. پارتی و یەکێتی هەر ١٦ وەزارەتەکەیان لە نێو خۆیاندا دابەشکرد.

پاش تێپەڕ بوونی ساڵێک، بەهۆی رێکەوتنی پەنجا پەنجاوە نە پەرلەمان و نە حکومەت، نەیانتوانی کاروبارەکانی خۆیان بە باشی ڕاپەڕێنن. هەموو جێگر وەزیرێک ببوە رێگر لە بەردەم وەزیرەکەی خۆیدا. ئەمە شۆڕ ببوەوە بۆ فەرمانگەکانی خواری خوارەوەش. بەو هۆیەوە فوئاد مەعسوم دەستی لەکار کێشایەوە. کابینەی دووەمی حکومەت لە ٢٦ی نیسانی ١٩٩٣ بە سەرۆکایەتی کۆسرەت رەسوڵ عەلی و جێگرایەتی رۆژ نوری شاوەیس پێک هێنرا. بەڵام ئەم کابینەیەش نەیتوانی وەک پێویست بەسەر کێشەکاندا زاڵ بێت. بۆ چارەسەر کردنی دۆخەکە، نەوشیروان مستەفا پێشنیارێکی دیکەی خستووەتە بەردەم سەرکردایەتی حیزبەکەی، بەم جۆرە باسی ناوەڕۆکی پێشنیارەکەی خۆی کردوە: "دوای پێکهێنانی کابینەی یەکەم و هی دووەمیش کە کارەکانی حکومەت و خەڵک رائەوەستان، بەهۆی وەک یەکی وەکیل و وەزیر و سەرەتای نیوە بە نیوە، پێشنیارم کرد بۆ هاوڕێکانم، یەکێتی لە حوکم بکشێتەوە، حوکم تەسلیمی پارتی بکات و یەکێتی ببێتە مەعارەزەیەکی ئیجابی. جێبەجێ کردنی ئەم پێشنیارەش، زەرەری لە زۆر کادیر و ئەندامی یەکێتی ئەدا، بێ بەشی ئەکردن لەو ئیمتیازاتەی هەیان بو، پێشنیارەکەم سەری نەگرت."[2]

دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جیاتی ئەوەی کێشەکانی خەڵک و حیزبەکان چارەسەر بکات، بە پێچەوانەوە، بووە هۆی ئەوەی ململانێی نێوان یەکێتی و پارتی سەخت تر و دژوارتر بێت. جگە لەوە، بە هۆی زاڵ بوونی بەرژەوەندی لە ناو سەرکردەکانی یەکێتی دا، باڵباڵێن و تەکەتولات زیاتر پەرەیان سەند و گیانی شۆڕشگێڕی جێگەی بۆ ململانێ و مل شکاندن چۆڵ کرد و لە جیاتی کێبڕکێ بۆ چاکسازی، کێبڕکێی پاراستنی بەرژەوەندییەکان سەری هەڵدا.

---

1 . گوڵان (گۆڤار)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

2 . نەوشیروان مستەفا، لە پەراوێزی دوا رێکەوتنامەی ستراتیژی ی.ن.ک و پ.د.ک، کوردستانی نوێ ژمارە ٨٧١، ١٩٩٤/١٢/٢٥، ل ٢.

**چوارەم: سەفەرێک بە نیازی نەگەڕانەوە**

دوابەدوای ئەو هەموو پێشنیارانە بۆ چاکسازی و ڕەت کردنەوەی لە لایەن هاوڕێکانیەوە، بۆ ئەوەی ناکۆکییەکان نەتەقنەوە و بەری ڕەنجی چەندین ساڵەی خۆی و هاوڕێ و شەهیدانی ڕێبازەکەی بەفیڕۆ نەچێت، نەوشیروان مستەفا بڕیاری چوونە دەرەوەیدا. لە بیرەوەرییەکانیدا جۆری ناکۆکییەکانی خۆی و مام جەلالی بەمجۆرە دیاری کردووە:

– بیروبۆچونمان لەسەر بەڕێوەبردنی یەکێتی و دروست کردنی حکومەت بە تەواوی لە یەک جیاوازە.

– ئەم کابرایە بە ئوسلوبی خۆی، بێ ئەوەی گوێ بداتە سەرەتای سەرکردایەتی بە کۆمەڵ، کار ئەکا.

– من لە بەردەم خۆیدا بە ڕێگر ئەزانێ و دڵی لە من پاک نابێتەوە.

– لە رودا لەگەڵ خۆم جۆرێ قسە ئەکا و بە کردەوە بە جۆرێکی پێچەوانە ڕەفتار ئەکا.

– بە هەمو توانای هەوڵی لاواز کردنی من و چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی ئەدا. لەمەشدا هەندێ لە سەرانی پێشوی کۆمەڵەی کردۆتە هاوکار و هاودەنگی خۆی.

بۆ مانەوەم دو ڕێگام لە بەردەم دایە: یان ئەبێ منیش وەکو ئەوانی تر هاوبیر و هاودەنگی بم، هەرچی بکا و بیڵێ پشتیوانی بکەم. یان ئەبێ ڕوبەڕوی ببمەوە. لە حاڵەتی یەکەمدا وەکو هەندێک لە مەسئولەکانی ترسنۆک ئەبم. لە حاڵەتی دوەمدا توشی شەڕی چەکدار ئەبم، چونکە ئەو بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی و هێشتنەوەی، هەمو ڕێگەیەک ئەگرێ، لەوانە بەکارهێنانی چەک."[1]

بەمجۆرە لە دوای کۆنگرەی یەکەم و نا ئومێد بوون لەوەی یەکێتی بخاتەوە سەر ڕاستەهێڵی خۆی، دەستی (چرای*) کچی گرتووە و بە نیازی نەگەڕانەوە و تەرخان کردنی باقی ژیانی بۆ ماڵ و منداڵ و نووسین، سەفەری بریتانیای کردووە و لەوێ سەقامگیر بووە.

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەستنوس).

* تا دەستپێکی ئەنفالی یەک لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨، شوعەلە عەلی خێزانی نەوشیروان مستەفا و نما و چیا و چرا، لە بەرگەڵو لەگەڵ خۆیدا ئەژیان. لە ڕووداوی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلدا، شوعلە عەلی هاوسەری بریندار بوو، ئەرکی قورسی منالەکانی پێ هەڵنەئەسوڕا. (چراو چیا) بە نهێنی ناردەوە بۆ لای خزمەکانی لە سلێمانی. دوای ئەنفال نما و شوعلەخان لە بریتانیا بوون بەپەنابەر. ئەمنی سلێمانی کەزانی دوو لە منداڵەکانی نەوشیروان مستەفا لە ماڵی خەزوریدایە، لە مانگی ١٠ی ١٩٨٨ هەموو خزمە نزیکەکانی گرتن. دوای سێ مانگ بەهۆی دکتۆر موکەرەم تاڵەبەنایی کە تەکلیفی لە سەدام حسێن کرد، ئازاد کران.پاشان چیا دەربازی ناوچە رزگار کراوەکان کرا، بەڵام چرای تا دوای ڕاپەڕین لە سلێمانیدا مایەوە.

# باسی دووەم

# هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ

چیرۆکەکە بەم شێوە دەستی پێکرد، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا، حەسۆ میرخان ژاژۆکی کە بەرپرسێکی باڵای پارتی بووە لە قەڵادزێ، لە دوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، زەویەکی لەسەر خۆی تاپۆ کردبوو، کردبوی بەدوکان. دوای ئاشبەتاڵی شۆڕش، خاوەنە ئەسڵەییەکانی چووبوونەوە سەر زەوی خۆیان. لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ خەڵکی ناوچەکە کردبوویان بە دوکان. کوڕەکانی میرخان، خۆیان بە خاوەن مووڵک دەزانی و دەیانویست دەستی بە سەردا بگرنەوە. ڕۆژی ١ی ئایاری ١٩٩٤، عەلی حەسۆ میرخان چووبووە سەر دوکاندارەکان و ویستبووی بە شۆفڵ دوکانەکان بڕوخێنێ. خاوەن زەویی و دوکانەکان ناڕەزایەتیان دەربڕی بوو. مام جوتیار کە لێپرسراوی پێشمەرگەکانی ناوشاری یەکێتی بوو، بەبێ چەک چووبوو قەناعەتیان پێبکات بڕۆن، بەڵام چەکدارەکانی پارتی تەقەیان لێ کردووە و کوشتویانە. لەسەر ئەوە شەڕ لە نێوان خەڵک و چەکدارەکانی پارتی دا دروست بووە.

مستەفا چاوڕەش، بەرپرسی یەکێتی نیشتمانی دەڤەری ڕاپەڕین، ناردویە بە دوای عەلی نەبی و پێی وتووە: "لە قەڵادزە شەڕ دروست بووە، ئێوەش بچن و ئاگادار بن کۆمیتە نەگیرێ. پارتی دەوریان داوە. گردی حوسنیشیان گرتووە، کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی قەڵادزە – ڕانیە. ئەوانم بەڕێ کرد. کە چووبوونە ئەوێ، پارتی دامەزرابوون کوچە و جێگە باشەکانیان گرتبوو. ئەمانیش بەو شەوە گەیشتوونەتە ئەوێ و نەشارەزان، لە دەوری کۆمیتە دەبن. کە ڕۆژ بۆوە، سەربان و بنبانیان گرتووە، تەقە لەمانیش دەکەن و شەڕەکە گەرمتر دەبێ. هەر لەوێدا عەلی نەبی شەهید دەبێ. عەلی نەبی ئە و پێشمەرگەیەی یەکێتی بوو، کە لە ڕابوردوودا زۆری تەمەنی خۆی لەگەڵ

یەکێتی سەرف کردووە، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا لە شاری ڕانیە یەکەم فیشەکی ڕاپەڕینی تەقاند."[1]

ڕۆژی ١٩٩٢/٥/٣ شەڕەکە بووەتە شەڕی یەکێتی و پارتی و دەڤەری رانیەی گرتۆتەوە. یەکێتی پەلاماری لقی (١١) پارتی داوە و گرتوویەتی، کوژراو و بریندار لە هەردولا هەبووە. لێرەوە ئیتر شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کردووە و هەموو کوردستانی گرتوەتەوە.

شەڕی ناوخۆ چوار جەولەی دوور و درێژی خوێناوی بەخۆیەوە بینێ:

- جەولەی یەکەم: ١ی ئایاری ١٩٩٤ بۆ ٦ی ئەیلولی ١٩٩٤.
- جەولەی دووەم: ١٥ی کانونی یەکەم ١٩٩٤ تاوەکو ١٦ی ئابی ١٩٩٦.
- جەولەی سێیەم: لە ١٧ی ئابی ١٩٩٦ تاوەکو ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦.
- جەولەی چوارەم: لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ تاوەکو رێکەوتنی واشنتۆن لە ١٩٩٨.

لە ماوەی ئەو چوار جەولەیەدا، چەندین جار گفتوگۆ و دانیشتن بە ناوبژیوانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و هەرێمی لە نێوان هەردوولادا ئەنجام دراوە؛ سەرەتا حیزبەکانی بەرەی کوردستانی کەوتنە نێوانیان و ئینجا موعارەزەی عێراقی و پاشان تورکیا و ئێران. پاشتر فەرەنسا و بریتانیا و ئەمریکا، هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگری شەڕەکەیاندا. لەو ماوەیەدا چەندین رێکەوتننامەی ئیمزا کران، لەوانە:

١. رێکەوتننامەی پاریس لە ١٦ -٢٢ی تەموزی ١٩٩٤.
٢ .رێکەوتننامەی دبلن لە ٩ – ١١ی ئابی ١٩٩٥.
٣ .رێکەوتننامەی دۆرگیدا لە ١٢ – ١٥ی ئەیلولی ١٩٩٥.
٤ .کۆبوونەوەکانی تاران و پڕۆژەی ڕۆبێرت دویج ٢٩ی ئەیلولی ١٩٩٥.
٥ .رێکەوتننامەی ئەنقەرە لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٦.
٦. رێکەوتننامەی واشنتۆن ١٩٩٨

**یەکەم: نەوشیروان مستەفا و شەڕی ناوخۆ**

شەڕی ناوخۆ، ئەو مێردەزمە نووستوەی کە نەوشیروان مستەفا لە دوای ڕاپەڕین بەردەوام دەترسا، بەخەبەر بێتەوە. ئەو پێی وابوو تا ئەو کاتەی حیزبەکانی کوردستان خاوەن میلیشای خۆیان بن و لەشکری یەکگرتووی کوردستان دروست نەبێ، ئەگەری ڕوودانی شەڕ لە ئانوساتدایە.

---

1 . مستەفا چاوڕەش، یادەوەرییەکان، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٤، ل ٣١٠.

ساڵی ١٩٩١، داوای لە حیزبەکانی بەرەی کوردستانی کردبوو هێزەکانیان هەڵبوەشێنەوە و لە دیدارە ڤیدیۆیەکەی لەگەڵ مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیزدا داوای لێ کردووە لەوەدا رۆڵ ببینێ: "من پێم باشە ئێوە، بە راستی زۆر زۆر تاکید لەسەر ئەوە بکەن کە حیزبەکان ئیجبار بکەن پێشمەرگە یەکبخەن، هێزی پێشمەرگە تەوحید بێ، بکرێ بە جەیشێ بۆ هەمو کورد، دیفاعی لە حدودی کوردستان پێ بکرێ."

ئەو کاتەی شەڕی یەکێتی و پارتی سەری هەڵدا، نەوشیروان مستەفا دوو ساڵ بوو لە دەرەوەی کوردستان دەژیا، لە دوای بەستنی کۆنگرەی گشتی یەکێتی و دامەزراندنی پارلەمان و دروست کردنی حکومەتی هەرێمەوە. ئەو لە لەندەن جێگیر بووبوو. لەو ماوەیەدا لە هیچ کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی، یا سەرکردایەتی و هیچ بڕیارێکی سیاسی یەکێتی دا بەشداری نەدەکرد.

لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٩٤دا مام جەلال بە مەبەستی دروست کردنی لۆبی بۆ پشتیوانی کردنی حکومەتی هەرێم و کۆکردنەوەی هاوکاری، سەردانی ئەوروپای کرد. پێش ئەوەی سەردانە فەرمیەکانی دەست پێ بکەن، لە ٢٥ی نیسانی ١٩٩٤ چووە بۆ لەندەن و لەگەڵ نەوشیروان مستەفا دا کۆ بووەتەوە. داوای لێ کردووە لەگەڵیدا بچێت بۆ ئیسپانیا و ئیتالیا و ژاپۆن. جگە لەوە مام جەلال مەبەستی بوو بە خەڵکی بڵێ کە خۆی و نەوشیروان مستەفا هێشتا پەیوەندییەکانیان بەهێزە. لە ٢٨ی نیسان پێکەوە چوونە ئیسپانیا و چەند رۆژێک لەوێ ماونەتەوە و چاویان بە گەورە بەرپرسانی حکومەتی ئیسپانیا کەوتووە. پاشان چوون بۆ ئیتالیا. هێشتا کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ کاربەدەستانی ئیتالیادا دەستی پێ نەکردبوو، شەوی ٢ ئایاری ١٩٩٤ هەواڵێکی دڵ تەزێنیان لە کوردستانەوە پێ گەیشتووە: "شەو لە ئوتێل نوستبوین بە تەلەفۆن لە کوردستانەوە بە ئاگایان هێنایین، شەڕ لە نێوان یەکێتی و پارتی لە قەڵادزە قەوماوە. لەم کاتەدا کە ئەم شەڕە هەڵگیرساوە، لە نیوە زیاتری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە دەرەوەن. مام جەلال سکرتێری گشتی و فەرماندەی گشتی پێشمەرگەکانی یەکیتی، لە گەشتی سیاسی ئەوروپایە."[1]

ئەگەرچی هەواڵەکە بۆ نەوشیروان مستەفا نوێ بوو، بەڵام لەو ماوەی کە لە بریتانیا نیشتەجێ بووە، بە وردی ئاگای لە بارودۆخی کوردستان بووە و هەمیشە دڵی لە مشتیدا بووە کە شەڕ دروست نەبێ: "هەمو ئەو نامانەی کە هاوڕێ و دۆست و ناسیاوەکانم بۆیان ئەنوسیم، هەمو ئەو هەواڵ و دەنگوباسانەی لە وڵاتەوە ئەگەیشتن

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

و، هەمو ئەوانەی لە کوردستانەوە ئەهاتن بۆ ئەوروپا و، هەمو ئەوانەی لە ئەوروپاوە سەردانی کوردستانیان ئەکرد، لە چەند مانگی رابوردودا، وایان رائەگەیاند کە ناکۆکی لە نێوان یەکێتی و پارتی دا لە جاران قوڵتر بۆتەوە. لە ریزی سەرەوە دابەزیوە بۆ ریزەکانی خوارەوە و چۆتە ناو خەڵکەوە. ئاگر کەوتنەوە، گەورە بێ یا بچوک، پێویستی بە یەک پریشکە، ئەو پریشکە لە قەڵادزێوە دەستی پێ کردوە. ئەگینا شەڕێ لە شارێکی سنوریی چەپەک و وێرانی وەکو قەڵادزێ، لەسەر پارچەیەک ئەرز و چەند دوکانێ، بۆ ئەبێ وا بە خێرایی و ئاسانی بتەنێتەوە بۆ لق و ناوچە و مەڵبەند و کۆمیتەکانی رانیە و سلێمانی و دهۆک و زاخۆ و ئاکرێ؟"[1]

٣ی ئایار ١٩٩٤، مام جەلال لە ئیتالیاوە فاکسێکی بۆ مەسعود بارزانی ناردوە و داوای لێ کردوە لە غیابی ئەودا دەوری خۆی ببینێت و سەرۆکایەتی مەکتەبی سیاسی هەردوولا بکات و دەستبەجێی شەڕەکە راگرێت و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە و سزادانی تاوانباران پێک بهێنێ. داواشی لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی کردووە پابەندی رێنماییەکانی مەسعود بارزانی بن.

مەسعود بارزانیش لە هەمان رۆژدا، بە فاکس وەڵامی مام جەلالی داوەتەوە و داوای لێکردووە کە رۆژی ٤ی ئایار هەردوو حیزب کۆببنەوە "بۆ پاراستنی بەرژەوەندی بەرزی گەلی کورد و کوردستان بەرژەوەندی ترمان بەلاوە ناوە. وا ئەم جارەش بۆ خاتری گەلی کورد دیسان واز لە مافی خۆمان دێنین تا مافی کورد بپارێزین."[2]

لە ٧ی ئایار مام جەلال فاکسێکی دیکەی بۆ مەسعود بارزانی ناردوەتەوە و پێی وتووە کە رۆژی ٩ی ئایار لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا بەڕێ دەکەون، هەوڵ دەدەن لە رێگەی (شام)ەوە بگەنەوە کوردستان. نەوشیروان مستەفا دەڵێ: "کاک مەسعود تەلەفوونی کرد بۆ مام جەلال، کە خۆی بۆ پێشوازی دێتە سەر ئاوەکە، دوای ئەوە هەموو شتێک پێکەوە چارەسەر دەکەن. ئێمە چووین بۆ سوریا نزیک مانگێک لەوێ ماینەوە، مەسعود وەعدەکەی خۆی نەبردە سەر، نەهات بۆ سەر ئاوەکە، وتی وام نەوتووە. پێی خۆش نەبوو ئێمە بگەڕێینەوە، تورکیا هیلیکۆپتەری بۆ تەرتیب کردین، چوینە قامیشلی و لەوێوە بۆ نوسەیبین و لەوێشەوە بۆ هەولێر. ئەو ماوەیە کە من چوومەتەوە بۆ کوردستان هەموو تەقەلای خۆم بۆ ئەوە تەرخان کردووە ئاشتی لە کوردستان بەرقەرار بێ، لە زۆر گفتوگۆکان لەگەڵ پارتی، لە هەولێر، لە سەلاحەددین، پاریس و جاری دوایی لە تاران بەشدار بووم. لە زۆریشیاندا من سەرۆکی وەفدەکەی

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).
2 . هەمان سەرچاوە

یەکێتی بووم، هەموو جارێ بە نیازی ئاشتی و بۆ ئاشتی رۆیشتووین. ئەو ماوەیە لە هیچ شەڕوشۆڕێکدا بەشداریم نەکردووە، بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەکانی پارتییەوە خەریکی گفتوگۆ و مەقالە نووسین و کاری راگەیاندن بووم."[1]

٦ی حوزەیرانی ١٩٩٤ نەوشیروان مستەفا گەیشتوەتەوە سلێمانی، بەڵام لەو کاتەدا پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی لە سەید سادق و پێنجوێن و قەڵادزێوە پەلاماری یەکێتیان دابوو، ئەو ناوچانەیان داگیرکردبوو. ئێرانییەکان وەفدێکیان رەوانەی لای یەکێتیو پارتی کرد بۆ ئەوەی هەردوولا لە تاران دانیشن و کێشەکان چارەسەر بکەن.

لەسەروبەندی دەسپێکردنی شەڕی ناوخۆدا، رادیۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستانەوە پەخشی دەکرد و پێشمەرگەکانیشیان لەسەر سنورەکان چالاکیان هەبوو. ئێران وەک پێشمەرجێک داوای کردووە پەخشی ئەو رادیۆیەی دیموکرات رابگیرێت و پێشمەرگەکانی دیموکرات و کۆمەڵەش لە سنورەکان دوور بخرێنەوە.

نەوشیروان مستەفا لەوە تێدگەیشتبوو خەریکە شەڕەکە لە دەستی هەردوو حیزب دەردەچێ و ئێران بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری دەهێنێ و مەبەستیشی ناچارکردنی یەکێتیە بۆ گوشارخستنە سەر حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە. کە ئەمریکا بەم هەنگاوانەی ئێرانی زانی، یەکێتی و پارتی لە مەترسی دەست تێوەردانی ئێران لە کاروباری هەرێم و ناوبژیوانی کردنی ئاگادار کرد و هەڕەشەی لە هەردوولایەن کرد، گەر ئەوە قبوڵ بکەن، ئەوان دەست لە پاراستنی کورد بەرئەدەن.

بۆ ئەوەی شەڕەکە رەهەندێکی ئیقلیمی وەرنەگرێت و کورد تێیدا بە زەرەرمەند و تێکچوونی ئەزموونەکەی لێ دەرنەچێ، نەوشیروان مستەفا بەپەلە کەوتە هەوڵدان بۆ وەستاندنی شەڕەکە. فەرەیدون عەبدولقادری ناردوە بۆ تاران بۆ ئەوەی ئیرانییەکان قانع بکا لە شەڕی یەکێتی و پارتی دا بێلایەن بن و دەوری ئیجابی بگێڕن. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، پارتی بە کارئاسانی ئێرانییەکان نێچیروان بارزانی ناردوە بۆ دیوی ئێران بۆ ئەوەی لەوێوە فەرماندەیی هێزشی هێزەکانی پارتی بکات بۆ سەر ناوچەکانی یەکێتی لە سنوری سلێمانی. لە هەموو ئەو شەڕانەی جەولەی یەکەمدا هێزەکانی یەکێتی بالادەست بوون. پارتی نەیدەویست بە تێکشکاوی لە شەڕەکەدا دەرچێ و هەموو رێگەیەکی دەگرتەبەر بۆ بە دەست هێنانی سەرکەوتنێک، بۆیە لە وتوویژەکاندا بە هیچ رازی نەدەبوو.

---

1 . هەنگاو (رۆژنامە) چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا، ژمارە ١٧ و ١٨، جونی ١٩٩٥، ل ١٤.

### ١. بڕیارێکی قورس

نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوەی دڵنیایی بداتە پارتی کە یەکێتی خوازیاری درێژەدان بەو شەڕەکە نییە و زەمینەی ئاشت بوونەوە سازببێ، پێشنیاری ئەوەی خستووەتە بەردەم سەرکردایەتی یەکێتی تاوەکو فەرماندە سەربازییەکانیان بنێرنە دەرەوە.

گەرچی ئەم بڕیارە زۆر قورس و مەترسیدار بوو بۆ یەکێتی، بەڵام سەرکردەکانی یەکێتی قەبوواڵیان کردووە: "لە شەڕی یەکەمدا پارتی خۆی بە تێکشکاو دەزانی. دەیویست تێکشکانێک بەسەر یەکێتیدا بێنێ. لەبەر ئەوماوەیەی بەرەو ئاشتی دەڕۆیشت، یەکێتی هێزەکانی خۆی حەل کرد، لیوا تایبەتەکانی هەمویانی حەل کردن. مەسئوله عەسەکەرییەکانی خۆی، مستەفا چاوڕەش، جەبار فەرمان، رۆستەم، شێخ جەعفەر، مەحمود سەنگاوی، عەدنانی حەمەی مینا، ئەوانەی هەمو ئیزندا بڕۆن بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی پارتی دڵنیا بێ یەکێتی نیازی شەڕی نییە. بە تەما بوین مانگی دوازدەش وەجبەیەکی تر لە مەسئوله عەسەکەرییەکانی هەولێر و شەوکەتی حاجی موشیر و بنێرین بۆ دەرەوە، منیش بە سەردان بێمە دەرەوە تا پارتی دڵنیا بێ یەکێتی نیازی شەڕی نییە، بەڵام ئەوان لەو ماوەیەدا لە سلێمانی (٢٦) فەوجی کۆماندۆیان لە کۆنە جاشەکان دروست کرد، لە هەولێر زیاتر لە (٢٦) فەوج، لە بادینان زیاتر لە (٢٦) فەوجیان دروست کرد. فەیلەقی بارزانیان دروست کرد. هێزی تۆفانیان دروست کرد. کولیەی عەسکەری و کولیەی حەربییان دروست کرد، ویستیان کوردستان بکەنە مەعەسکەرێکی گەورەی خۆیان. هەمو بە ئاقاری ئەوە دەڕۆیشتن خۆ ئامادە دەکەن بۆ شەڕێکی گەورە. ئەوە بو شەڕەکەیان سەپاند بەسەر یەکێتیدا."[1]

پاشان بەدەست پێشخەری نەوشیروان مستەفا، لە ٢٣ - ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٩٤ واتە دوای نزیکەی دوو مانگ لە دەست پێکردنی شەڕی ناوخۆ، مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) پڕۆژەیەکی خستە بەردەم پارتی بە ناوی (پڕۆژەی بەرنامەی ئاشتی و چاک کردنی هەلومەرجی کوردستان)، ئەم پڕۆژەیە چوار تەوەری سەرەکی لەخۆ دەگرت:

١. چاککردنی جیهازی ئیداری.
٢. رێکخستنەوەی هێزی چەکداری.
٣. کارکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن.
٤. رێکخستنەوەی کاروباری ئەنجومەنی وەزیران.

بەڵام هەموو ئەوانە نەبوونە هۆی دامرکانەوەی ئاگری شەڕەکە و بەرەکانی شەڕی هەردوولا گەرم تر و خوێناوی تر بوون، ئەمەش هەلێکی زێڕینی بۆ وڵاتانی ئیقلیمی

---

1 . هەنگاو (رۆژنامە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

و تەنانەت رژێمی بەعس خۆشکرد، لەژێر پەردەی ئاشتکردنەوە و راگرتنی شەڕدا، دەستوەردانیان لە کاروباری کوردستان زیاتر بکەن. تورکەکان لە ترسی ئەوەی بۆشایی دروست نەبێ و لە لایەن پ.ک.ک و ئیسلامییەکانەوە پڕ نەکرێتەوە، لە بنەوە هاوکاری پارتیان دەکرد، ئێرانییەکانیش بۆ کۆتایی پێهێنانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی لەسەر سنورەکان، لە سەرەتاوە هاوکاری سەربازی و لۆجستیکیان پێشکەش بە بزوتنەوەی ئیسلامی و پارتی کرد و بۆ ئەوەی یەکێتی ناچار بێ مل بۆ خواستەکانی بدات.

## ٢. گوشارەکانی ئێران

لە مانگی ئابی ١٩٩٤ کۆمەڵێک لە فەرماندەکانی قەرارگای رەمەزان کە لە سەردەمی شەڕی عێراق و ئێراندا ئەرکیان ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و حکومەتی ئێران بوو، هاتنە کوردستان و سەردانی سلێمانی و هەولێریان کرد. داوایان لە مام جەلال کرد دەستەیەکی نوێنەرایەتی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران بنێرێتە تاران، بەو مەرجەی نەوشیروان مستەفا لەگەڵیاندا بێت.

لە کۆتایی مانگی ئاب، فەرەیدون عەبدولقادر، شێخ محەمەدی شاکەلی، موحسین عەلی ئەکبەر و نەوشیروان مستەفا چوون بۆ ئێران و کاربەدەستانی ئێرانیان بینی. ئێرانییەکان بەراشکاوی داوایان کرد یەکێتی دەست بەرداری دالّدەدانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات ببێ، بە تایبەتی سەرکردایەتی و بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

لە بەرانبەردا، نەوشیروان مستەفا گلەیی لە ئێرانییەکان کرد و پێی وتوون ئێوەش دوژمنایەتی تەجروبەی تازەی حکومەت و پارلەمانی کوردستان دەکەن و هەوڵی روخاندنی دەدەن. ئەوەش دەستوەردانە لە کاروباری ناوخۆی کوردستانی عێراق. جگە لەوەش گلەیی ئەوەی لێ کردن کە لە شەڕدا بێ لایەن نین و لایەنگری پارتی و بزوتنەوە و حیزبولّا دەکەن لە دژی یەکێتی.

کاربەدەستانی ئێران لە وەڵامدا پێیان وتووە: پارتی لە پێوەندیەکانیدا لەگەڵ ئێران نەگۆڕە، لە زەمانی شاوە تا ئێستا لەسەر یەک خەت هێناوێتی، بەڵام یەکێتی زوزو ئەگۆڕێ. ئێوە لە زەمانی جەنگدا شەڕی زۆرتان لەگەڵ هێزەکانی عێراق کردوە، ئازایەتی زۆرتان نواندوە، پارتی لە شەڕدا دژی عێراق کارێکی ئەوتۆیان نەکردوە، بەڵام لە شەڕی زدی ئینقیلاب دا ٦٠٠ شەهیدیان لەگەڵ ئێمە داوە، لە کاتێکدا ئێوە یارمەتی زدی ئینقیلابتان ئەدا. ئێوە بیری دروست کردنی کوردستانی گەورەتان لە

سەردایە نەخشەی کوردستانی گەورەتان لە بارەگاکانی خۆتان دا هەڵواسیوە. دالّدەی دیموکرات و پ ک ک تان داوە."[1]

نەوشیروان مستەفاش پێی وتوون: "ئەو رۆژەی خوا منی خەڵق کرد، لە خۆمی نەپرسی بە کورد دروستم بکا یان بە شتێکی تر، ئەگەر لە خۆمی بپرسیایە بێگومان شتێکی ترم هەڵئەبژارد. بەڵام خوا بە کورد و بە سوننی دروستی کردوم و تازە ناتوانم نەتەوایەتی خۆم بگۆڕم ببم بە فارس یان عەرەب یان تورک و مەزەبی خۆم بگۆڕم لە سوننیەوە بە شیعە. ئەگەر بە تەمەننا بێ، هەمومان تەمەنناى دروست بوونی دەوڵەتی کوردستانی گەورە ئەکەین بەڵام واقیع لەگەڵ تەمەنناکەی ئێمەدا ناگونجێ. ئێوەش ئەزانن هەلومەرجی ناوخۆ و، هەلومەرجی ناوچەیی دەوڵەتانی دراوسێ و، هەلومەرجی جیهانیی دەوڵەتانی گەورەی دنیا رێگەمان نادەن دەوڵەتی کوردی دروست بکەین. ئێمە واقیع بینین لەو راستیە تێ ئەگەین."[2]

کۆبوونەوەکانی هەردوولا دوو هەفتەی خایاند، بەڵام ئێرانییەکان سوربوون لەسەر هاوکاری کردنی پارتی تا ئەو کاتەی یەکێتی بەمەرجەکانیان رازی دەبێ.

### ٣. رێکەوتننامەی پاریس

رۆژانی ١٦ تاوەکو ٢٢ی تەموزی ١٩٩٤ هەردوو وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا و پارتی بە سەرپەرشتی سامی عەبدرەحمان، لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کۆبوونەوە. دوای چەندین دانیشتن لەسەر کۆمەڵێک خاڵ رێکەوتن، گەر جێبەجێ بکرایە کوردستان دەچووە دۆخێکی زۆر پێشکەوتووەوە.

گرنگترین خاڵەکانی بریتی بوو لە گۆڕینی رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بۆ سەرۆکی هەرێم و لەناو خەڵکدا هەڵبژێردرێت، تا هەڵبژاردنی داهاتووش ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی دروست بکرێت. هەروەها دروست کردنی کابینەیەکی ئیتیلافی لە هەموو حیزبەکانی کوردستان تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو، لەسەر ئەوەش رێکەوتن کە دەستورێک بۆ هەرێم ئامادە بکرێت و پێش کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ کارا بکرێت. بە پێی پڕۆژەکە دەبوایە لە ئایاری ساڵی ١٩٩٥دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکرایە.

خاڵێکی گرنگی دیکەی رێککەوتنامەی پاریس بریتی بوو لە کەم کردنەوەی میلیشای هەردوو حیزب و دروست کردنی لەشکری کوردستان بەپێی تەجنیدی ئیجباری و

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

پۆلیس و ئاسایش یەک بخرێن و بدرێنەوە دەست حکومەت. سەبارەت بە مەسەلەی گومرک و داهاتەکانی کوردستانیش لە رێکەوتنەکەدا بڕیاردرابوو هەموو گومرکەکان بدرێنەوە دەستی حکومەت و داهاتەکان لە بانقی هەرێمدا کۆ بکرێتەوە. هەموو ئەو خاڵانە دەبوایە تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ جێبەجێ بکرانایە، بەڵام نەکرا چونکە: "جێبەجێ کردنی ئەم دوو رێکەوتنە بەهیچ جۆرێ بە قازنجی تایبەتی پارتی نەبوو، هەروەها بە قازانجی خاوەن ئیمتیازەکانی ناو یەکێتیش نەبوو، لە کاتی گفتوگۆکاندا کە نوێنەرانی پارتی یەکێ لەو مەسەلانەیان ئەسەلماند، منەتێکی گەورەیان بەسەر یەکێتی دا ئەکرد، چونکە بێبەشی ئەکردن لە زۆر دەسکەوت و ئیمتیازی حیزبی. کۆسرەت و من و هاوڕێکانی ترمان زۆر ماندوو بووین بۆ ئاشتی، هەندێ جار لەسەر حسابی کەرامەتی شەخسی خۆمان، بەڵام هەمو جار وایان ئەزانی دەسکەوتی شەخسییە یان رەنگدانەوەی ناکۆکییەکانی ناو خۆمانە، هیچ جارێ وایان حساب نەکرد لەبەر خاتری قازانجی کوردە. ئێمە نەبوین کە شەڕمان هەڵگیرساندوە، ئەوە پارتی بو کە شەڕی هەڵگیرساندەوە بۆ ئەوەی لەژێر باری قورسی ئیلتیزاماتی رێکەوتنەکان دەرچێ.[1] خاڵی هەرە گرنگ کە لە کاتی رێکەوتننامەکەی پاریس باسی لێوە کرا، مەسەلەی نووسینی دەستورێکی هەمیشەیی بوو بۆ کوردستان، بەڵام پارتی رێگەینەدا باس لە دەستور بکرێت. نەوشیروان مستەفا لە کۆبوونەوەیەکدا سەبارەت بەو خاڵە گرنگە وتوویەتی: "لە دوای ئەوەش کە شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کرد و دواتر کەوتینە گفتوگۆ و من یەکێک بوم لە وەفدەکەی یەکێتی لە پاریس ئەو کەسەی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی هەردولای دەکرد ناوی میسیۆ دۆران راوێژکاری دیبلۆماسی سەرۆک میتران بوو، پێشنیاری بۆ کردین بۆ ئەوەی رێکخستنێکی یاسایی و سیاسی خۆمان بکەین، باشترین مامۆستاکانی یاسای دەستوری فەرەنسامان بۆ کۆدەکەنەوە بۆ ئەوەی دەستورێک بۆ هەرێمی کوردستان بنوسن و ئامادەی بکەن و وەسیقەیەکی دەستوریمان هەبێت، دیسانەوە وەفدی پارتی رازی نەبوون دەستورێکمان هەبێت بۆئەوەی دڵی صەدام حوسێن- مان لێ نەئێشێت."[2]

### ٤. گەرمتر بوونی شەڕ

بە نزیک بوونەوەی سەری ساڵی ١٩٩٥، بەدەست پێشخەری ئەحمەد چەلەبی، تروسکاییەک بۆ راگرتنی شەڕ دەرکەوت، بەڵام لە ١٩٩٤/١٢/٢٦ مەسعود بارزانی

1 . نەوشیروان مستەفا، بۆچی پارتی ئەم شەڕەی هەڵگیرساندوە؟، کوردستانی نوێ ژمارە ٨٨٤، ١٩٩٥/١/١٠، ل ٢.
2 . دەقی وتارێکی نەوشیروان مستەفا کە رۆژی سێ شەمە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٣ :
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/180620135

ئەحمەد چەلەبی و مام جەلالی ئاگادار کردووەتەوە: "لە ئەنجامی موتابەعەی راگەیاندنەکانی یەکێتی و لێدوانی فەرماندە مەیدانییەکان بەتەما نین شەڕ راگرن. برایانی یەکێتی ئیمڕۆ لە تەلەفزیۆنی هەولێر دەڵێن پارتی لە هەولێر موحاصەرەیە و دەبێت تەسلیم ببن، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەریەکە و لە میحوەرێک قیادەی شەڕ دەکەن و تەصریحات ئەدەن، کە ئەم شەڕە تا حەسم نەبێت ناوەستێت"[1]

بارزانی داوای لە مام جەلال کردووە کە تەدەخول بکات. مام جەلالیش لەوەڵامدا بۆی نووسیوە: "من قەد درۆ لەگەڵ تۆدا ناکەم و، فێڵت لێ ناکەم، باوەڕ بکە، هیچ کاتێک بڕیاری وا نەدراوە، بەڵکو بەعەکسەوە من تکای برایانەم شەڕ راگرتنە، باوەڕ بکە ئەو رۆژەی ی.ن.ک بڕیاری شەڕی لەناوبردنی پارتی دەدات، یەک دەقیقە تێیدا نامێنمەوە. ی.ن.ک وەک ئێستا لەوە ئەترسێت پارتی بڕیاری وای دابێت."[2]

بۆ زیاتر ڕەخساندنی هەلی ئاشتی لە نێوان یەکێتی و پارتی، نەوشیروان مستەفا لە ١٩٩٤/١٢/٢٧ سەرجەم ڕێکخستن و هێزەکانی پێشمەرگەی ئاگادار کردووەتەوە و داوایان لێ کردوون ڕەچاوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بکەن:

"١. ئەو برادەرانەی پارتی لە شار و ئۆردوگاکاندا ماونەتەوە و شوێنەکانی خۆیان بەجێ هێشتووە، پێویستە سەرو سامان و سەلامەتیان پارێزراو بێت، هیچ کەسێک بە هیچ بیانوویەک بۆی نییە دەست درێژی بکاتە سەریان.

٢. ماڵ داگیرکردن و ماڵ تاڵان کردن، خەڵک دەرکردن لە خانوی خۆی قەدەغەیە.

٣. سەیارە لێوەرگرتن قەدەغەیە.

٤. چەک لێ سەندن بەبێ موافەقەتی مەڵبەند قەدەغەیە.

٥. هەموو موچەخۆرانی پارتی ئەتوانن لە دائیرەکانی خۆیاندا کار بکەن و نابێت هیچ کەسێک دەستبێنێتە ڕێگایان.

٦. تۆڵە سەندنەوە قەدەغەیە.

٧. پێویستە ڕێز لە دیل بگیرێت، ژیان و کەرامەتی پارێزراو بێت.

هەرکەسێک سەرپێچی بکات سزا دەدرێت. "[3]

بەڵام ئەم شەڕ ڕاگرتنەش زۆری نەخایاندوە، سەرەتای سەری ساڵی ١٩٩٥، دیسانەوە شەڕ لە هەموو بەرەکاندا گەرم بوو، خەڵکێکی زۆر لە هەردوولا کوژراو و بریندار و ئاوارە بوون.

---

1 . سەلاح ڕەشید، شەڕی ناوخۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٥.

2 . هەمان سەرچاوە، ل ٣٥٦.

3 . هەمان سەرچاوە، ل ٣٥٧.

لە سەرەتای شەڕی ناوخۆدا پەرلەمانتاران و پەرلەمانی کوردستان رۆڵی گرنگیان بینی لە هێنانەدی ئاشتی و ئاگربەست و نێوانگیری لە نێوان یەکێتی و پارتی. لەناو بینای پەرلەماندا کاری خۆیان دەکرد و پەناگیرییان دەگرت و هەوڵیان دەدا بۆ کوژانەوەی ئاگرەکە. بەڵام بە دەست پێکردنەوەی شەڕ لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٥، هەردوو لایەنی شەڕکەر هەموو تواناکانی خۆیان بۆ سەرکەوتن بەسەر یەکتردا خستبوەکار. تەنانەت پەرلەمانتارەکانی هەردوولا بەرگی پەرلەمانتارییان فرێدا و چەکیان کردە شان و لەبەرانبەر یەکتردا وەستانەوە.

مەلا بەختیار، کە ئەو کاتە ئەندامی پەرلەمان بوو، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی بەرەی شەڕی مەسیف سەلاحەدینی دەکرد. لە دیدارێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، سەبارەت دۆخی ئەو بەرەیەی کە ئەو سەرپەرشتی کردوە دەڵێت: "ئێمە لە جەبهەیەکی حەساسداین، رێک روبەڕووی سەنگەرەکانی دیفاعین لە مەسیف و سەری رەش و بەرامبەر بەوانین، کە شەڕیش بگاتە ئەوێ، سەنگەربەندی بەرامبەر بە یەکیش بگاتە ئەوێ، مانای ئەویە کە لە خەتی سوردایین، بەرامبەر بە یەکتری. ئێمە بەش بە حاڵی خۆم، چونکە ئەوێ خەتی سورە، هەتا دوا دڵۆپی ئاشتی سەرکردایەتی ئێمە و بەڕێز مام جەلال دەیگوشین، تا بە هیواین ئەو سەنگەرانە هەروا بمێنێتەوە، تا ناچاری پەلاماری یەکتری نەبین، کار کە گەیشتە ئەوەی لەلای ئێمە شەڕ گەرم بکرێ، ئەوا مانای ئەوەیە هیچ هیوایەک بۆ ئاشتی نەماوە و بڕیاری شەڕ لە لایەن سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی وە کاک مەسعودەوە بڕیارێکی نەگۆڕە بۆیە شەڕ دەگاتە ئەو قۆناغەی ئێمە، لەباری ئیحتیات و دیفاع، لە هەموو ئەو بارەیەوە وەزعمان زۆر باشە. تەسەوریشم وایە نەتیجەکەی لە صاڵحی ئێمە دەبێ."[1]

نەوشیروان مستەفا، سەبارەت بە هۆکاری گەرم بوونی شەڕەکە، شیکاریەکی کورتی بۆ کۆمەڵگای کوردی لە دوای راپەڕین کردووە، نووسیویەتی: "لە دوای راپەڕینەوە، یەکێتی و پارتی توشی هەڵئاوسانی رێکخراوەیی کتوپڕ بوون. دەیان هەزار کەس لەوانە: خەڵکی دڵسۆز و سادە، هەروەها کۆنە بەعسی، کۆنە جاش، کۆنە جاسوس هاتونەتە ریزەکانیانەوە. بەهۆی داڕمانی ئابوری کوردستانەوە، دەرفەتی کار زۆر کەم بۆتەوە. ئاستی گوزەران نزمە، رویان کردۆتە حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی. ئەم ژمارە زۆرە لە سەرو توانای هەڵگرتن و هەرسکردنی پەیکەرەی حیزبەکانەوە بو. لە باتی ئەوەی حیزب بتوانێ بە بیری سیاسی خۆی پەروەردەیان بکا، ئەوان لەگەڵ

1 . کوردستانی نوێ، چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار، ژمارە ١٩٩٥/١/٨٩٢،١٩، ل ٥.

خۆیان هەمو دەردە میراتیەکانی کۆمەڵ، بە تایبەتی هی سەردەمی حوکمڕانی بەعس: پیلانگێڕی، پەیمانشکێنی، بەکارهێنانی توندوتیژی، ناکۆکی کۆمەڵایەتی - خێزانی، بنەماڵەیی، خێڵەکی، ناوچەی و، دوکەسێتی - دوڕوویی، دوزمانی، دودڵی ... هێناوەتە ناو رەفتاری رۆژانەی حیزبەوە.

هێمنی موکریانی کە گلەیی لە دڵدارەکەی ئەکا ئەڵێ:

لە ناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن
لە کوێ فێر بوی گوڵم پەیمان شکێنی؟

تەجروبەی ئەم چەند مانگەی شەڕی ناوخۆ و، ئیمزا کردنی ئەو هەمو ڕێککەوتن و پەیمان و بانگەواز و پرۆژەی ئاشتی و چی و چی... سەلماندیان کە ئەو بۆچونە باوەی ئەڵێ: لەناو کوردا پەیمانشکێنی نەبوە، کورد خاوەنی قسەی خۆیەتی، ئەگەر گفتیدا جێبەجێی ئاکا، کە سۆزیدا ئەیباتە سەر، راست نیە. چەندین جار پەیمانی دۆستایەتییان ئیمزا کرد و، بەڵێنی راگرتنی شەڕیاندا و، گفتی جێگیرکردنی ئاشتییان دوبارە کردەوە، کەچی ئەم شەڕە نالەبارە کۆتایی نەهات. لە جێیەک دائەمرکێتەوە لە جێیەکی تر هەڵئەگیرسێتەوە. لێرەدا شیعرەکەی نالی، کە پێش هێمن بە ماوەیەکی زۆر وتویەتی، راستترە بە خۆشەویستەکەی ئەڵێ:

دەستم، کە لە سەد جێگە، بە سەد وەعدە، شکاوە
جەبری نیە ئەم کەسرە هەتا نەیخەمە ئەستۆ

"میثاق التحالف"ی ئەم جارەی یەکێتی و پارتی بەم دەردە چو!"[1]

### ٥. ڕەتکردنەوەی ناوبژی کردنی بەعس

سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ رژێمی بەعس پڕۆژەیەکی بۆ راگرتنی شەڕ و دەست پێشخەری بۆ ناوبژیوانی لە نێوان یەکێتی و پارتی خستەڕوو. نەوشیروان مستەفا لە ١٩٩٥/١/١٧ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا ئەو پڕۆژەیە ڕەت کردووەتەوە و بە کەنالەکانی راگەیاندنی وت: "ئێمە ئەزانین کە حکومەتی بەغدا دوژمنی کوردە، تەنیا لەو پڕۆژەیە سودمەندە، زۆر ناماقوڵانەیە رژێمی فاشی ببێ بە ناوبژیکار، بەڵای ئێمەوە شتی وا قەبووڵ ناکرێ و بەتوندی ڕەدی دەکەینەوە و غەیری رژێمی بەغدا، هەرکەسێکی تر ببێ بەناوبژیکار بۆ کۆتایی ئەم شەڕە ئێمە رازین."

لەبەرانبەر ئەوەدا، پڕۆژەیەکی شەش خاڵی بۆ ئاشتی خستووەتە ڕوو کە مەکتەبی سیاسی یەکێتی تەبەنی کردبوو و تێیدا داوا لە هەردوو لایەنی شەڕکەر کرابوو

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

دەستبەجێ شەڕ لە سەرتاسەری هەرێم رابگیرێ و هەر لایەک لە کوێیە لەوێ بمێنێتەوە و بە تەواوەتی ناو شارەکانی دهۆک، هەولێر، سلێمانی، شەقڵاوە، سۆران، چۆمان، ئاکرێ، لە هێزەکانی هەموو لایەنەکان، بە تایبەتی پارتی و یەکێتی چۆڵ بکرێ و حوکمڕانی تەسلیمی حکومەت و دامودەزگاکانی بکرێ، کابینەی سێهەم وەک چۆن لە سەری ڕێککەوتوون جارێ بدرێ و دەسبەجێ دەست بکرێ بەجێبەجێ کردنی هەردوو ڕێکەوتننامەی پاریس و هاوپەیمانێتی بە تایبەتی بەندەکانی پەیوەست بە داهاتی حکومەت و کەم کردنەوەی هەڵوەشاندنەوەی میلیشای هەردووڵا. هەروەها کێشانەوەی هەموو ئەو هێزانەی لە بادینان و سلێمانی و کەرکوک هێناونەتە پارێزگای هەولێر بۆ شوێنی پێشوی خۆیان..[1]

## ٦. کۆبوونەوەی ئیرلەندا و ڕەتکردنەوەی داوایەکی تورکەکان:

١٢ تاوەکو ١٥ ئەیلولی١٩٩٥، خولی دووەمی کۆبوونەوەی ئیرلەندا دەستی پێکرد. نەوشیروان مستەفا سەرۆکی وەفدی یەکێتی بوو. بەهۆی پێداگری پارتی و تورکیا لەسەر چۆڵکردنی هەولێر لە لایەن یەکێتیەوە، بەبێ هیچ گرەنتیەک، کە پارتی گومرکی ئیبراهیم خەلیل رادەستی حکومەتی هەرێم دەکاتەوە، گفتوگۆکان بێ ئەنجام بوون. نەوشیروان مستەفا لە لەندەنەوە فاکسێکی بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکەی ناردوەو ڕەوتی گفتوگۆکانی بۆ ڕوون کردنەوە. لەو فاکسەدا باسی لەوە کردووە لە خاڵی شەشەمی مسوەدەی ڕێکەوتننامەکەدا باس لەوە کراوە کە دەبێ ئاسایشی تورکیا بپارێزرێت. تورکەکان پێداگری زۆریان لەسەر ئەو خاڵە کردووە و نەوشیروان مستەفاش رازی نەبووە بەو سیغە بێت و داوای کردووە بنوسرێت ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە، چونکە ئێران و سوریا لە دژی ڕێکەوتنەکە دەبن. بەڵام تورکەکان پێداگریان کردووە بەو سیغەیە بێت کە ئەوان دەیانەوێ.

تورکەکان ویستوویانە بوونی خۆیان وەک چاودێر لەو گفتوگۆیانەدا بەکاربهێنن بۆ گوشار خستنە سەر یەکێتی تاوەکو شەڕی PKK بکات. لە فاکسەکەدا بەمجۆرە باسی لە خواستی تورکەکان و وەڵامەکانی خۆی کردووە: "تورک کەوتنە هەڕەشەی ئەوەی ئەگەر ئەوە قەبوولْ نەکەین ئەوان ئەو ئیتیفاقەیان بەلاوە گرنگ نابێ. وتیان ناهێڵین ئاشتی و ڕێکەوتن سەربگرێ. وتیان ئەبێ لە بەینی تورکیا و PKK یەکێکیان هەڵبژێرن. وتیان ئێوە ئەڵێن ناتانەوێ توشی شەڕ بن لەگەڵ ئێران و سوریا، ئەی ئەتانەوێ تووشی شەڕ بن لەگەڵ تورکیا؟

---

1 . کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە ٨٩٢ لە ١٩٩٥/١/١٩، ل ١.

ئێمەش وتمان ئێمە هاتوین بۆ گفتوگۆ لەسەر ناکۆکی یەکێتی و پارتی، نەهاتوین بۆ باسی ئاسایشی تورکیا و گیروگرفتەکانی PKK. ئەگەر ئەتانەوێ باسی ئاسایشی تورکیا بکەین وەفدێکی یەکێتی بانگ بکەن بۆ تورکیا لەوێ لە کۆبوونەوەی دوو قۆڵیدا باسی ئاسایشی تورکیا بکەن.

داواکانی تورکمان قەبوولْ نەکرد و داوامان کرد کە ئەو بەشەی پەیوەندی بە تورکیاوە هەیە کە بەشی شەشەمی مسودەکە بوو بکوژێنێتەوە، لەسەر ئەوە نەگەیشتینە یەک. تورک کە ئەبوو لە کۆبوونەوەکاندا وەکو (موراقب) رەفتار بکا، بەڵام وەکو ئاغای کۆبوونەوەکان رەفتاری ئەکرد، دیارە پارتیش لەمەدا وەکو خزمەتکاری بو. تورک وتیان پارتی داوایان لێ کردوین جەیش بنێرین بۆ کوردستان، بەڵام ئەوان وتویانە بەشەرتێک جەیش ئەنێرین کە پارتی بەرەسمی و بە ئاشکرا داوا بکا، نەک وەکو جارانی تر بەدزیەوە داوا بکا و بە ئاشکرا ناڕەزایی دەربڕێ. تورک زۆر ناڕازی بووە لە هاتنی نوێنەری بریتانیا، لە خۆیان پرسیوە بۆ هاتوە و بەچ حەقێ هاتوە، کورد ئەڵێ 'شێر کە پیر بوو ئەبێ بە مەسخەرەی سەگەکان!' تورک هەوڵ ئەدا بوعدی دەولی نەدرێ بە مەسەلەی کورد."[1]

دوای دوو رۆژ لە دانیشتن هەردولا نەگەیشتن بە هیچ رێکەوتنێک و ئەمریکییەکان نائومێد بوون لەوەی بتوانن هەردولا لە یەک نزیک بخەنەوە، لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا ئاگاداریان کردنەوە کە کۆبوونەوەکان تەواو بوون. هەرلایەک بگەڕێتەوە بۆ راوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی خۆی بە هیوای ئەوەی لە پاشەڕۆژی نزیکدا چارە بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە.

**دووەم: نائومێد بوون لە گفتوگۆ**

پارتی دەستی بەسەر گومرکی ئیبراهیم خەلیل، تاکە سەرچاوەی گرنگی داهاتی کوردستاندا گرتبوو، یەکێتیش دەستی بەسەر هەولێری پایتەختی هەرێمدا گرتبوو. پارتی دەرچوونی هێزەکانی یەکێتی لە هەولێر کردبوە بیانوو بۆ درێژەدان بەشەرەکە، لە بەرامبەردا یەکێتیش رادەست کردنەوەی گومرکی ئیبراهیم خەلیلی کردبووە بە مەرج بۆ جێبەجێ کردنی خواستەکەی پارتی. نەوشیروان مستەفا ئەم مەسەلەیەی بەم شێوەیە لێکداوەتەوە: "گەورەیی و بچوکی و، گرنگی و بێ بایەخی هەمو شت، شتێکی "نیسبییە" بە گوێرەی زەمان و زەمین ئەگۆڕێ. جەوەندەیەک ئاو بۆ کابرایەکی تینوی ناو بیابانێکی گەرم، سەد جار لە روباری دیجلە بە نرختر، داهاتی ئیبراهیم خەلیلیش،

1 . تایم (گۆڤار)، ژمارە ٤، تشرینی یەکەمی ١٩٩٧، ل١٣.

لەم قوناغەی ئێستادا، بۆ ژیانی زیاتر لە ١٧٠ هەزار موچەخۆر سەد جار لە داهاتی داهاتوی نەوتی کەرکوک زۆرترە. "تەبەقی پڕ ئاشتی مالّە". مالّی هاوولّاتی کوردستانی عێراق ئەم ئاشتییەی تیا نەماوە. پێشینان وتویانە: قسە هەزارە دوانی بە کارە! کورت و کرمانجی: هەولێر لە باتی ئیبراهیم خەلیل گیراوە. پارتی ئیبراهیم خەلیل بداتەوە، یەکێتی هەولێر چۆڵ ئەکا."[1]

بەڵام پارتی ئامادە نەبوو برایم خەلیل بداتەوە بە حکومەت و یەکێتیش رازی نەدەبوو پارتی بێتەوە هەولێر. هەوڵەکانی فەرەنسا وەکو زلهێزی ئەوروپایی، ئێران وەکو زلهێزی ناوچەیی خەلیج و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەریکا وەکو زلهێزی جیهانیی هیچیان بەهیچ نەکرد. لە ئەنجام دا نا ئومێدی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا و ئەو نائومێدیەش نەوشیروان مستەفاشی گرتوەتەوە، بۆیە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٥دا کە ساڵێکی زۆر خوێناوی بوو لە شەڕی ناوخۆدا، وتارێکی نووسیوە و هەندێ راستی ئاشکرا کردووە کە پێشتر بۆ ئەوەی گفتوگۆکان نەگەنە بنبەست، باسی لێوە نەکردوون، لەو وتارەدا نووسیویەتی: "بە ئەرکی ویژدانی خۆمی ئەزانم، پێش ئەوەی تەجروبەکەی کوردستان بە تەواوی بفەوتێ، هەندێ لە رووداوەکان بۆ خوێندەواری کورد بگێڕمەوە. کام لا تاوانبار دەرئەچێ و کام لا بێتاوان، ئەکەوێتە بەر ویژدانی خوێنەر خۆی. بە لامەوە گرنگ نیە حوکمی مەحکەمەی ویژدان بە قازانجی چ لایەک دەرئەچێ، ئەوەی بە لای منەوە گرنگە: رزگار کردنی تەجروبەکەی کوردستانە لە تەهلوکە. بنەماڵەی بارزانی باوەڕی وایە کورد پاشە ڕۆژی سیاسی نیە، ئەم وەزعەی هاتۆتە پێشەوە شتێکی وەختییە و، کێشەی کورد ئەبێ هەر لە بەغدا چارەسەر بکرێ، کەواتە بۆچی ئەوان پاشە ڕۆژی دارایی خۆیان تەئمین نەکەن؟ لە بەر ئەوە سەرانی پارتی (ریککەوتننامەی پاریس)یان زیندە بە چاڵ کرد.[2]

لە نامەیەکدا کە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نووسیوە، نەوشیروان مستەفا دەڵێ: "لام وایە دەرەتانی ئاشتیەکی نزیک لەگەڵ پارتی داخراوە، ئەگەری دەرەتانی شەڕ کراوەترە. ساڵ و نیوێکە من خەریکی گفتوگۆم لەگەڵ نوێنەرانی پارتی، چەن وڵاتی دنیایان گێڕاین، بەڕاستی هەرچەندە لەگەڵیان دائەنیشم وا ئەزانم لەگەڵ تاقمێکی خائینی کورد دائەنیشم، هەر وەکو خائین قسە ئەکەن و هەڵسوکەوت ئەکەن، خۆیان بە غەریب ئەزانن لە کورد و قازانجی کورد، بۆیە بەڕاستی تاقەتم چوە لە گفتوگۆ لەگەڵیان. تکام

1 . کوردستانی نوێ (رۆژنامە) ژمارە ١٠٥٩، ١٩٩٥/٩/٢٤، ل١.

2 . نەوشیروان مستەفا، لە پاریسەوە بۆ دبلن، کوردستانی نوێ ژمارەی ١١٧٠، ٢٠ /١٩٩٥/١٢.

وایە جارێکی تر بۆ هیچ گفتوگۆیەکی داهاتو لەگەل پارتی یان لەگەڵ تورکیا و ئێران من دامەنێن، ئەگەر داشم نێن دڵنیابن ناچم، بۆیە تکام وایە لە جیاتی من یەکێکی تر دابنێن.[1]

**سێیەم: ریسکێک بۆ ئاشتی**

شەڕ هەر بەردەوام بوو، پارتی لەژێرەوە خەریکی تووندوتۆڵ کردنی پەیوەندییەکانی خۆی بوو لەگەڵ ئەنقەرە و بەغدا و لەم لاشەوە پەتی مەعاویەی لەگەڵ ئێراندا نەپساندبوو. یەکێتی چەندین بەرەی لە خۆی کردبووەوە، لەلایەک لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی و پارتی، لە لایەک لەگەڵ تورکیا و رژێمی سەدام، ئێرانیش گوشارەکانی تا دەهات زیاتر دەبوو. هیچ پردێکی پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی نەمابوو. دەوڵەتەکانیش ماندوبوبوون لە ناوبژیوانی و دووریان گرتبوو. چارەنووسی کوردستانی باشور بەهۆی بەردەوامی شەڕی ناوخۆ بەرەو ئاراستەیەکی نادیار ئەچوو. نائومێدی رۆژ بەرۆژ لەناو خەڵکدا زیاتر ئەبوو. هیچ ئاسۆیەک بۆ وەستانی شەڕ بەدی نەدەکرا، ریفۆرم نەکردن لە ناو مالّی یەکێتی، هێندەی دیکە نەوشیروان مستەفای تووشی نائومێدی کردبوو. لە بیرەوەرییەکانیدا دۆخی خۆی لەو کاتەدا وا باس دەکات: "من وەکو چەند سالّی رابوردو، بۆ کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی نەئەچوم، بەڵام پەیوەندیم لەگەڵ خەڵک زۆر بو. زۆر کەس هاتوچۆیان ئەکردم و کەسانی جۆراوجۆرم ئەبینی. زۆریان سەر بە رێکخستنی یەکێتی نەبون، بەڵام خێر و خۆشی گەلەکەیان و ولّاتەکەیان ئەویست. زۆرجار بە راشکاوی کەموکوڕی و لادانەکانی سەرانی یەکێتیان لەگەڵ باس ئەکردم. زۆری قسەکانیان راست بون. زۆر جار دەمم ئەبو بە تەڵەی تەقیو، نەمئەزانی چۆنیان وەڵام بدەمەوە. زۆر جار باسی ئەوە ئەهاتە پێشەوە:

- ئەم حالّەتی نە شەڕ نە ئاشتی"یە هەتا کەی؟

- بۆچی یەکێتی دەسپێشکەرییەک ناکا، گیان بکاتەوە بە بەر رەوتی ئاشتیدا؟

- بۆچی یەکێتی کە لایەنە بەهێزەکەیە لە هەندێ شت نابورێ و هەندێ تەنازول ناکا بۆ پارتی، بەڵکو کوردستانی عێراق لەم شەڕە رزگاری ببێ و خەڵک لەم تەنگوچەڵەمەیە دەربچن؟ زۆربەی ئەوانە لایان وابوو من کاری گەورە و کاریگەرم لە دەس دێ بەڵام خۆم دودڵم."[2]

---

1 . تایم (گۆڤار)، ژمارە ٤، ل١٤.

2 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

بۆ ڕەوینەوەی بەستەڵەکی نێوان یەکێتی و پارتی، لەسەر داخوازی کۆمەڵێک خەڵکی بێ لایەن، لە ١٧ی شوباتی ١٩٩٦دا لە ڕێگەی فاروقی مەلا مستەفا، د. نەوزاد عەتار و صەفوەت ڕەشیدەوە، نەوشیروان مستەفا ریسکێکی کردوە و نامەیەکی ناردوە بۆ مەسعود بارزانی و دەست پێشخەرییەکی خستوەتە بەردەستی بۆ وەستانی شەڕ:

گەورەی بەڕێز جەنابی کاک مەسعود

سڵاوێکی گەرم

هیوادارم هەمیشە لەخۆشیدا بن

بە ڕاستی نازانم لە کوێوە دەس پێ بکەم و بەچی کۆتایی پی بهێنم، چونکە هەرچییەک بڵێم کورتییەکەی ئەوەیە کە: ئاشتی لە شەڕو نیوەشەڕ باشترە. هەمو کەس ئەمە ئەزانێ، تەنانەت دوژمنەکانیشمان هەمان ئامۆژگاریمان ئەکەن.

بە پێویستی ئەزانم عەرزی جەنابتی بکەم کە ئێمە لە لای خۆمانەوە ئامادەین بۆ ئاشتبونەوەیەکی ڕاستەقینە و ئەگەر بۆ ئەم مەسەلەیە تروسکاییەکی کزیش مابێ، ئەوە لە هەمو شت بە باشتری ئەزانین بۆ قازانجی گەلەکەمان و هی خۆمان: چ وەک یەکێتی و چ وەک ئەشخاص. هیوادارم قەناعەتێکی وەهاش لە لای ئێوە پەیدا بوبێ.

ئەم برایانە کە دۆستی هەردولامانن، بە پەرۆشەوەن بۆ ئەوەی سەعاتێک زوتر ئاشتی یەکجاری و تەبایی سیاسی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بە درێژی قسە و گفتوگۆمان کردوە و، لە باری سەرنجی ئێمە تێگەیشتوون.

لای ئێمە لەم ململانێیەدا لایەنی سەرکەوتو و ژێرکەوتو و، براوە و دۆڕاو، نیە، ئەگەر ئاشتی ڕاستەقینە ببێ هەردو لامان براوە و سەرکەوتو ئەبین و، ئەگەر نا هەردولامان دۆڕاو و ژێرکەوتو ئەبین.

ئەگەر ئێوەش قەناعەتێکی وەهاتان لەلا دروست بوە، کەواتە چی ڕێگای ئاشتی و پێکهاتنەوەی بەستوە؟

ئێمە ئامادەین: چ خۆ بەخۆ وەکو هەردو حیزب، چ لەژێر چاودێریی ناوبژیکەری بێگانەدا، هەمو ناکۆکیەکانتان بەوپەڕی لێ بڕانەوە لەگەڵ باس بکەین و، چارەی مەعقول، کە جێگای قبوڵ کردنی هەردولا بێ، بدۆزینەوە.

لەم ڕوەوە چاوەڕوانی بیروڕای جەنابتم.

دوبارە سڵاوم قبوڵ بکەن

لەگەڵ ڕێزی بێ ئەندازەی

نەوشیروان

جگە لە ناوەڕۆکی نامەکە، داوای لە هەڵگرانی نامەکە کردووە بزانن مەسعود بارزانی بە دیاریکراوی داوای چی لە یەکێتی ئەکات بۆ ئەوەی ئاشتی بگەڕێتەوە کوردستان.

لە ٥ی ئازاری ١٩٩٦ مەسعود بارزانی وەفدەکە و نامەکەی نەوشیروان مستەفای بینیوە. لەو دیدارەدا مەسعود بارزانی بە وەفدەکەی وتبوو، هیچ باوەڕێکی بە مام جەلال نیە و هەرگیز جارێکی تر نە لە گەڵی دائەنیشێ و نە رێککەوتنی لەگەڵ ئیمزا ئەکا، بەڵام ئامادەیە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا رێک بکەوێ. داوایان لێ کردبوو بە نووسین وەڵامی نامەکەی من بنووسێ. وتبوی نامەکە ئەخەمە بەردەمی مەکتەبی سیاسی، ئەوسا وەڵامی ئەدەمەوە. مەوعیدێکی تری بۆ دانابوون بچن بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامەکەی. وتبوویشی نامەی ئەو نەبوایە و هی هەر کەسێکی تر بوایە، وەڵامم نە ئەدایەوە. هەروەها پێی وتبوون کە ئەبێ بە هەردولا هەوڵ بدەین ئەمەریکا رابکێشینەوە بۆ ناو ناوبژیەکە. وەفدەکە دواتر چووبوونەوە بۆ سەلاحەدین و وەڵامەکەی مەسعود بارزانیان هێنایەوە بۆ نەوشیروان مستەفا.

بەڕێز کاک نەوشیروان

سڵاوێکی گەرم

زۆر سوپاس بۆ نامەکەتان و من هەمیشە تەوەقعی دەوری چاکەم لە ئێوە هەبووە. لە کۆبوونەوەی (م.س) بە درێژی نامەکەمان دراسەت کرد.

ئەو ماوەیەی پێکەوە کارمان کرد وا بزانم بەشی ئەوەندە ئێمەتان ناسی کە دڵنیا بن رۆژێک لە رۆژان حەزمان لە شەڕی ناوخۆیی نەکردوە و بە خەیاڵیشماندا نەدەهات کە پاش ئاشتبوونەوەکەی ١٩٨٦ و راپەڕینی ١٩٩١ جارێکی تر کارەساتی شەڕی خۆکوژی لە کوردستاندا رووبداتەوە. بێ گومان کەس لەم شەڕەدا قازانج ناکات تەنها دوژمنانی کورد نەبن و زۆر لام سەیرە کە هەمو لایەک ئەو حەقیقەتە دەزانن، ئەی بۆ شەڕەکە روی دا.

ئێمە هەمیشە لەگەڵ چارەسەری ئاشتیداین، بەڵام پێم وایە یەکێتی غەدرێکی زۆر گەورەی لە پارتی کرد و عوقدەی هەرە گەورە لای ئێمە ئەوەیە کە بڕوامان نەماوە و بۆ گەڕانەوەی بڕوا، زۆر خۆشحاڵ دەبم کە جەنابت ئەو دەورە ببینی. ئەوسا هەمو شت قابیلی حەلە. زۆریش بە تفصیل لەگەڵ برایانی بەڕێزی خێرخواز هەڵگرانی نامەکەم قسەمان کردووە

ئیتر سوپاس

مسعود بارزانی
١٩٩٦/٣/٥

لە ١٢ی مارتی ١٩٩٦دا نەوشیروان مستەفا نامەیەکی دیکەی بۆ مەسعود بارزانی نووسیوە و میکانیزمێکی بۆ گەڕانەوەی متمانە لە نێوان هەردوولا و زەمینە خۆش کردن بۆ بەرقەرار کردنی ئاشتی خستوەتە بەردەستی:

بەڕێز جەنابی کاک مەسعود

سڵاوێکی گەرم و، هیوادارم هەمیشە لەخۆشیدا بن

بە سوپاسەوە نامەکەی رۆژی ٣/٥ ی جەنابتم وەرگرت، رۆژی ٣/١١ خستمە بەردەمی کۆبوونەوەی م.س یەکێتی، هەروەها نامەکەی خۆم و وێنەی نامەکەی جەنابتم نارد بۆ بەڕێز مام جەلال لە لەندەن، بەگشتی بڕیاریان دا کە درێژە بەم موبادەرەیە بدەین و لەسەری بڕۆین بە ئومێدی ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی سەرکەوتو، ئاشتبوونەوەی راستەقینە بگێڕێتەوە نێوان هەردو حیزب، بەڵام لەجەنابتی ناشارمەوە، ئەمانیش هەمان انطباعی جەنابتیان هەیە کە لە نامەکەدا نووسراوە دەربارەی نەمانی متمانە و غەدری پارتی لە یەکێتی. من پێم وایە هەر لایەک غەدری لەوی تر کردبێ یان غەدریان لە یەکتری کردبێ لە ئەنجامی دوایی‌دا میللەتەکەمان بەگشتی مەغدور بووە. ئێمە لە ناو خۆمان دا بە درێژی باسی ئەوەمان کرد کە چۆن متمانە بۆ یەکتری بگێڕینەوە، پێمان باشە بەم هەنگاوانە دەس پێ بکەین:

١. شەڕی راگەیاندن رابگرین و ماوەیەک باسی یەکتری نەکەین.

لەبەر ئەوەی زۆر جار ئەمە اعلان کراوە و شکێنراوە و شەڕی راگەیاندن دەستی پێ کردۆتەوە. پێم باشە ئەمجارە بێ اعلان کردن جێبەجێی بکەین.

٢. گیراوەکانی یەکتری، ئەوانەی ماون و نەکوژراون، بەر بدرێن.

٣. هەردولا رێگا بە رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی یەکتری بدەن لە کتێبخانەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی‌دا بە ئازادی بفرۆشرێ و، ئەوانەی ئەیفرۆشن و ئەیکڕن و ئەیخوێننەوە ئازار نەدرێن.

٤. خەتی تەلەفۆن لە نێوان مەصیف و هەولێردا بکرێتەوە.

٥. کادرو پێشمەرگە و ئەندامە راکردوەکانی هەردولا بە عەدم تەعەرضیک کە هەردولا لەسەری رێ بکەون بۆ سەردانی کەسوکاریان هاتوچۆی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتری بکەن، بێ ئەوەی ئازار بدرێن و بگیرێن، یان ئەوانەی هاتوچۆ ئەکەن کاری خراپ بکەن.

٦. رێگە لەو کەسانە نەگیرێ کە ئەیانەوێ بچنە ئیبراهیم خەلیل و تورکیا.

ئێمە لە لای خۆمانەوە داوامان کردوە، لەسەر زمانی بەڕێز مام جەلال بۆ بی‌بی‌سی و بەتەلەفۆن لە بەڕێز رۆبێرت دۆیچ، کە ناوبژی ئەمەریکی دەس پێ بکاتەوە.

بۆ دانیشتن و کۆبوونەوە، بۆ زیاتر نزیک بوونەوە و لەیەک گەیشتن، ئێمە ئامادەین لە ناوچەیەکی بێلایەن دا بە پارێزگاری و پاسەوانی چەکداری حیزبە کوردستانییەکان بۆ درێژەپێدانی گفتوگۆ و هاویشتنی هەنگاوی تازە بەرەو ئاشتی یەکجاری.

لەکۆتاییدا دوبارە سڵاوم قبوڵ بکەن ... لەگەڵ ریزی بێ ئەندازەی

نەوشیروان مستەفا

هەمان وەفدی پێشوو، نامەکەی نەوشیروان مستەفایان بۆ مەسعود بارزانی بردوە و ئەویش لە ١٦ی مارسی ١٩٩٦دا وەڵامی دەداتەوە:

بەناوی خوا

بەڕێز کاک نەوشیروان

سڵاوێکی گەرم

ئومێدەوارم خوا پشتیوانمان بێ، لەسەرخستنی کێشەی گەلەکەماندا و رزگارکردنی لەم محنەتەدا.

نامەکەی رۆژی ١٢ی مارتی جەنابتم پێ گەیشت و ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا لەسەر نامەکەتان و بارودۆخەکە بە گشتی دواین.

بەڵای ئێمەوە، نەمانی بێ متمانەیی و بی بڕوایی، کە بە داخەوە دروست بووە، بە هەنگاوی بچوک و لابەلایی لەناو نابرێ، بەڵکو پێویستی بە هەنگاوی گەورەتر و بەرفراوانتر هەیە، ئەویش چارەسەری سەرتاسەری کێشەکەیە و بۆ ئەمەش بناغەیەکی دروست و رون هەیە کە پرۆژەکەی درۆگێدایە.

پێمان باشە هەوڵ بدەین وەفدی ئەمریکا رابکێشینەوە ناو کێشەکە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکەیان و گەیاندنی بە ئەنجامێکی گونجاو، لەگەڵ ئاوات و بەرژەوەندی گەلی کوردستان و بیروبۆچونی هەردولا و حزبە نیشتمانپەروەرەکان.

بەڵام دەتوانین چوار خاڵی (خطوات الثقة)ی پرۆژەکە، بە هاوکاری و ناوبژی حزبە کوردستانییە تێکۆشەرەکان جێبەجێ بکەین، لەوانەش مەسەلەی گیراوەکان، کە ئامادەین لیستی خۆمان بدەین و ئێوەش لیستی خۆتان بنێرن.

هەردولا گیراوەکان ئازاد بکەین و دەس بەجێ گرتن و دەرکردنی لایەنگیران رابگیرێ کە بە داخەوە لەم رۆژانە گرتن و ئازاردانی خەڵکانی سەر بەپارتی زۆر زیادی کردوە و بۆ راگرتنی راگەیاندنیش ئامادەین

. دوبارە سڵاوی گەرم

مسعود بارزانی

پێدەچێ لەناو پارتیدا ئاراستەیەکی دیکە هەبوبێ پێچەوانەی بیرکردنەوەکانی مەسعود بارزانی کاری کردبێ، چونکە هاوزەمان لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ئەم نامانە. سەروتاری حەفتەنامەی گوڵان، تەرخان کرابوو بۆ هێرش کردنە سەر مام جەلال و نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت. دوو وێنەی فۆتۆگرافی نێچیر و مام جەلال و دوو وێنەی کاریکاتێری نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت رەسوڵ چاپکرابوو. لەژێر وێنەکەی نێچیردا نووسیبویان: "ئەمە نێچیروانی کوڕی ئیدریسی کوڕی مەلا مستەفای بارزانیە". لەژێر وێنەکانی مام جەلال و نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت دا نووسیبویان: "ئەمانە کوڕی کێن؟" زۆری وتارەکانی تری ئەو ژمارەیەش جنێو و هێرش بوو بۆ سەر سەرکردایەتی یەکێتی بەتایبەتی ئەم سیانە بوو.

سەرەڕای ئەوەش نەوشیروان مستەفا گوێی بەو شتانە نەداو وردەکاری ئەو نامانەی خستە بەردەمی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمان. لە کۆبوونەوەیەکدا کە کۆسرەت رەسول، جەبار فەرمان، ئەرسەلان بایز، د فوئاد مەعسوم.. ئامادەی بوون، باسی ئاڵوگۆڕکردنی ئەو نامانەی بۆ کردوون. بەڵام لە جیاتی پشتیوانی کردنی، رەخنەیان لێ گرتووە، لەوبارەوە نووسیویەتی: "تا ئەوسا وام ئەزانی سەرکردایەتی بەراستی ئاشتبونەوەی ئەوێ. ئەو شەوە راستییەکی تاڵم بۆ دەرکەوت: ئەویش ئەوەبوو کە هەندێ لە تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی بوبون بە "ئەمیری جەنگ" و فڕیان بە سەر بەرژەوەندی گەلەوە نەما بو، سەرەڕای ئەوەش لەو کۆبونەوەیەدا سپڵەیی و بێ ئەدەبیم لە هەندێ لە ئەندامەکانی م.س بینی. هەندێ لەوانە، کەسانی نەناسراو و بێ ناونیشان بون، لە ناساندن و پێشخستن و بەرزکردنەوەیان دا من دەستێکی زۆرم هەبو. ئەو شەوە ئیتر ئەمانەم زۆر زیاتر لەبەر چاو کەوت. بڕیارم دا بەیەکجاری بۆیان بەجێ بهێڵم. بەڵام ئەبو بە جۆرێکی وا لەو کارە بکشێمەوە کە لایەنەکەی تر بەدبین نەکەم لە ئاشتی و نەهێڵم بە ناکۆکیەکانی ناو ئێمە بزانن."[1]

بەمجۆرە ئەو دەستە نادیارانەی ناو پارتی و یەکێتی، هەموو ئەو هەوڵانەی هەرەس پێهێنا.نەوشیروان مستەفا لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، بەم شێوەیە باسی لە رۆڵی خۆی لە قۆناغی شەڕی ناوخۆدا کردووە: "کە شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی دەستی پێ کرد من سالێک بوو لە لەندەن دانیشتبووم، هیچ دەستێکم لە هەڵگیرسانی شەڕی یەکێتی و پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەدا نەبوو، من بەسەر شەڕەکەدا هاتمەوە. کە هاتیشمەوە لایەنی گفتوگۆکە من دەمکرد، لە گفتوگۆکانیشدا یەک خالی بنەڕەتی

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

هەبوو بەنیسبەت منەوە کە ئەمویست جێبەجێی بکەم.، ئەویش برایم خەلیل و داهاتی برایم خەلیل بوو. یانی هەموو ململانیکەی من کە پێیان دەوتم مەوقفی موتەشەدیدە، لەبەر ئەو هۆکارە بوو. وەختێ کە بینیم هیچ رێگە لە ئاسۆی نزیکدا و هیچ هیوایەکی ئەوە نییە کە لە نێوان یەکێتی و پارتیدا رێکەوتن ببێ، ئاخر مەرحەلە من خۆم بە شەخسی کاغەزم بۆ کاک مەسعود بارزانی نوسی و کاک مەسعودیش جوابی بۆ نوسیمەوە گەیشتە دارشتنێک (سیغەیەک) کە بگەینە رێکەوتن، بەڵام کە سەیرم کرد لە ناو پارتی و یەکێتیدا چەندین گروپ هەن دژی ئەو رێکەوتنەن و نایانەوێ سەر بگرێت، لەبەر ئەوە جارێکی دیکەش بە جێم هێشت."[1]

### ٣١ ئاب و کۆتایی شەڕ

١٩٩٦/٨/٣١ بە یەکێک لە مەترسیدارترین قۆناغەکانی هەڵکشانی شەڕی ناوخۆ لە مێژووی کوردستانی باشوردا ئەژمار دەکرێت. چونکە هێزەکانی پارتی بە هاوکاری سوپای رژێمی بەعس، هەولێری پایتەختی کوردستانی داگیرکرد.

لە ماوەیەکی کەمدا هەموو، هێزەکانی یەکێتی هەرەسیان هێنا و بەرەو سنورەکانی ئێران هەڵهاتن، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بەتەواوەتی کەوتنە دەستی پارتییەوە. هاوسەنگی هێز بەشێوەیەک تێکچوو هیچ معادەلەیەکی ئیقلیمی قەبوولّی نەدەکرد. جگە لەوە پارتی نەیدەتوانی لە قوڵایی نفوزی جەماوەری یەکێتی دا بە ئاسانی بمێنێتەوە، بۆیە دوای دوو مانگ، لە زنجیرەیەک شەڕی قورس و پڕ لە زیانی گیانیدا، پارتی ناچار بوو پاشەکشە بکات بۆ ئەو شوێنانەی لێوە هاتبوو. خەریک بوو هاوسەنگیەکەی پێچەوانە دەبووە و یەکێتی تەنگی بە پارتی هەڵچنی، بەڵام تورکیا ئەمەی پێ قبوولّ نەدەکرا، بۆیە لە ٩-١٩٩٧/١١/١٦ هات بە هانای پارتییەوە. جگە لە تۆپخانە، بە فرۆکەی جەنگیش، کەوتە ویژەی هێزەکانی یەکێتی و زیانی زۆری لێدان. بەمجۆرە هەرێمی کوردستان بوو بە دوو ناوچەی جێ نفوزی کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا. پارتی لە هەولێرەوە فەرمان رەوایی ناوچەکانی خۆی دەکرد و یەکێتیش لە سلێمانییەوە ئیدارەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەدا.

ڕۆژی ١٩٩٨/٩/٨ مام جەلال و مەسعود بارزانی، لەسەر دەستی مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا رێکەوتوون. ئەو رێکەوتنە کۆتایی بەشەڕی سەربازی هێنا، بەڵام دووئیدارەیی و شەڕی سیاسی و میدیایی هەردوو حیزب بەردەوام بوو تاوەکو روخانی سەدام حسێن لە ٢٠٠٣/٤/٩.

---

1 . گولان (گۆڤار) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤

# باسی سێیەم
# ریفۆرم لە نێو مالّی کورد

**یەکەم: هەوڵە بێ ئاکامەکان**

ریفۆرمی سیاسی و ئابوری بناغەی پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسییە. لەو ولاتانەی کە پرۆسەی سیاسی دەگاتە دۆخێکی خراپ و توانای چارەسەرکردنی کێشەکانیان نامێنێ، نوخبەی دەسەلاتدار و سیاسییەکانیان بۆ دەرباز بوون لە دۆخەکە، دەست دەکەن بە ریفۆرمی سیاسی و ئابوری هەمەلایەنە.

دوای ڕێکەوتننامەی واشنتۆن لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨، شەڕی گەرمی یەکێتی و پارتی ڕاگیرا، بەڵام دەرهاویشتەی شەڕەکە دابەشکردنی کوردستان بوو بەسەر دوو حکومەت لە دوو زۆنی جیا. دوو ئیدارەیی بە تەنیا جیاوازی لە جۆری بەڕێوەبردن و لایەنی ئابوری دروست نەکرد، بەڵکو کۆمەڵگای کوردستانی کرد بە دوو لەتەوە. درزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکجار قوڵی لەناو جڤاکی کوردیدا دروست کرد و ئاسەوارەکەشی تا ئێستاش بەردەوامە.

نەوشیروان مستەفا لە ئەیلولی ٢٠٠٩، لە بەرنامەی ڕووبەڕووی کەناڵی ئاسمانی KNN دا وێنەیەکی دۆخی دوای ڕێکەوتننامەی واشنتۆنی خستوەتەڕوو و دەڵێت: "ئەو لایەنانە زیانی گەورەیان بە کورد گەیاندوە، وایان کردووە سلێمانی و هەولێر و دهۆک دابەشببێت، دوو ئیدارەییان دروست کردوە، تا ئێستا دو پێشمەرگە، دو ئاسایش، دو دەزگای زانیاری و پاراستن، دارایی دو وەزارەتە، پێشمەرگە دو وەزارەتە، ناوخۆ دو وەزارەتە، ئەمانە لە کەرکوکیش هاوڵاتیبوونی کوردستانییان نەکردووە بەبەرنامە، بەڵکو لەوێش ئیدارەییان دابەشکردووە بۆ دو حیزب، ئاسایشی دو حیزبەکە جیاوازە، پۆلیسی دو حیزبەکە جیاوازە، تەنانەت لەشکری موچە خۆرەکانیشیان بەش کردوە، بەشێکی سەر بە هەولێرە و بەشێکی سەر بە سلێمانییە. بەکردار ئەوان زیانیان بە یەکێتی ریزەکانی گەلی کورد گەیاندوە."[1]

---

1 . نەوشیروان مستەفا، بەرنامەی ڕووبەڕوو: https://www.sbeiy.com/Dreje.aspx?jimare=141

دوای چوار ساڵ بەسەر رێککەوتنی واشنتۆن، پەرلەمانی کوردستان کارا کرایەوە. لە ٢٠٠٢/١٠/٤ یەکەم کۆبوونەوەی یەکگرتنەوەی ئەنجامدا و هەفتەیەکیش دواتر کۆبوونەوەی دووەمی یەکگرتنەوەی لە سلێمانی گرێدا. ماوەی سەرۆکایەتی ئەو خولەی پەرلەمان سێ مانگ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بە سەرۆکایەتی د.ڕۆژ نوری شاوێس و دوو مانگیش بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، بە سەرۆکایەتی د. کەمال فوئاد. ئەم خولەی پەرلەمان درێژە پێدەری خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ بوو. پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٢/١٠/١٥ یاسای ژمارە ١٦ی دەرکرد بۆ تەسدیق کردنی رێکەوتننامەی واشنتۆن.

رێکەوتننامەی واشنتۆن و روخانی سەدام لە عێراق و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەڵێکی گونجاویان ڕەخسان بۆ ئەوەی خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێم ئەنجام بدرێت.

لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا، ١٣ لیستی جیاواز بەشداریان کرد. یەکێتی و پارتی و یەکگرتوی ئیسلامی و مەسیحی و تورکمانەکان، لەو هەڵبژاردنەدا بە یەک لیست بەشداریان کرد، بە ناوی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان و توانیان ١٠٤ کورسی بە دەست بهێنن و لیستی کۆمەڵی ئیسلامی شەش کورسی و لیستی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و سەربەخۆکان، یەک کورسییان بەدەستهێنا. عەدنان موفتی بە سەرۆکی پەرلەمان و فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا بە سکرتێری پەرلەمانی کوردستان لە خولی دووەمدا هەڵبژێردرا.

یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی یەکێتی و پارتی، دەرهاویشتەی رێکەوتنێکی ستراتیژی بوو لە نێوان تاڵەبانی و بارزانی بۆ دابەش کردنی دەسەڵات و سەروەت و سامان لە نێوان خۆیاندا. بەپێی رێکەوتنەکە جەلال تاڵەبانی بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق و مەسعود بارزانیش بە سەرۆکی هەرێم. ئەو ١٧٪ی بودجەی عێراقیش کە دەهات بۆ کوردستان، بە نیوە لە نیوان خۆیاندا دابەشیان کرد.

رێکەوتنی ستراتیژیی هەردوو حیزب، کوردستانی تووشی کۆمەڵێک گرفتی گەورەی ناوخۆی و دەرەکی کردەوە. لە بری ئەوەی ئەو سەروەتەی کە لە عێراقەوە دەهات بخەنە خزمەتی بوژانەوە و بونیاد نانەوەی ژێرخانێکی ئابوری بەهێز، بەشی زۆری داهاتەکەیان تەخشان و پەخشان کرد و هەزاران ئەندام و دەنگدەریی خۆیان بە شێوەی جیاجیا لە فەرمانگەکانی حکومەتدا دامەزراند. بەڵام هیچ کات لە خەمی گەڕانەوەی خاکی داگیرکراوی کوردستاندا نەبوون، لەم بارەوە نەوشیروان مستەفا

دەڵێت: "سەرکردایەتی سیاسی کورد، ئیهتمامی بە پارە داوە، ئیهتمامی بە پۆستی حکومەتی داوە، لەو ماوەیەدا توانیویانە پۆستی زۆر گەورە لە حکومەت بە دەسبهێنن، توانیوایانە پارەی زۆر بە دەسبهێنن، بەڵام نەیانتوانیوە یەک بست ئەرزی کوردستان، کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە، بگێڕنەوە.

ئەوانەی بە نوێنەرایەتی یەکێتی و پارتی لە بەغدا بوون، بە سەرۆک کۆمار و وەزیر و پەرلەمانتار، نەیانتوانی کار بکەن بۆ بەدیهێنانی خواستە نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان. نەیتوانی گوشار بە ئاراستەی چەسپاندن و جێبەجێ کردنی ئەو مادە دەستوریانە دروست بکەن کە مافەکانی گەلی کوردستانیان دەسەلماند، لەوانەش:

- گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا سەرکردایەتی کورد بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان دابو تاوەکو ٢٠٠٧/١٢/٣١ لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا ئەو دۆزە چارەسەر بکات.
- سەلماندنی زمانی کوردی، وەک زمانی پلە یەکی فەرمی لە عێراقدا، وەک لە مادەی (٤)ی دەستوری عێراقدا هاتووە.
- بەشداری پێ کردنی سەرباز و پلەدارانی گەلی کوردستان، لە هێزە چەکدارەکان و سوپای فیدراڵ دا بۆ راگرتنی هاوسەنگی، بە قازانجی پێکهاتەی گەلی کوردستان، وەک لە مادەی (٩)ی دەستوری عێراقدا هاتوە.
- دەرکردنی یاسا فیدراڵییەکان و دامەزراندنی "ئەنجومەنی فیدراڵ" وەک لە هەردو مادەی (٦١و ٥٦) دەستوری عێراقدا هاتوە.
- خستنەگەڕ و کارا کردنی دادگای فیدراڵی باڵا، بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان، وەک لە مادەکانی (٩٢، ٩٣و ٩٤) دەستوری عێراقدا هاتوە.
- دامەزراندن و خستنەگەڕی دەستەی گشتی چاودێری داهاتی فیدراڵ و دەستەی راژەی فیدراڵ، بۆ بەرگری کردن لە بەرکەوتی دارایی و کارگێڕی خەڵکی کوردستان، وەک لە هەردو مادەی (١٠٦و ١٠٧)ی دەستوری عێراقدا هاتوە.
- دامەزراندنی نووسینگەکانی هەرێم لە باڵوێزخانەکانی عێراقدا بە جۆرێک نوێنەرایەتی قەوارەی نیشتمانی هەرێم بکەن، نەک حزبە سیاسییە دەسەلاتدارەکانی کوردستان، وەک لە مادەی (١٢١)دا هاتوە.
- دامەزراندنی لەشکری یەکگرتووی پاسەوانی هەرێم، وەک قەڵغانی پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان، دوور لە هەر ئیعتبارێکی حیزبی و میلیشیایی، وەک لە هەمان مادەی دەستوری عێراقی فیدراڵدا هاتوە."[1]

1 . نەوشیروان مستەفا: نێو ماڵی کورد بە موجامەلە رێک ناخرێت: https://www.sbeiy.com/Dreje.aspx?jimare=62

**دووەم: ریفۆرم لە نێو حزب**

نەوشیروان مستەفا دەیزانی چیتر یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناتوانێ وەک هێزێکی کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان دا بمێنێتەوە، گەر بەهەمان دینامیکیەتی جاران بەردەوام بێت، بۆیە پێی وابوو دەبێ گۆڕانێکی بنەڕەتی و قوڵ لە خۆیدا بکات، بە جۆرێک لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکانی کۆمەڵگای کوردستان و گۆڕەپانی سیاسی دا خۆی بگونجێنێ. شکاندنی تاپۆی ئەنجامدانی ریفۆرم لەناو یەکێتی دا، کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، چونکە لە بەرژەوەندی چینێکی دەسەڵاتداری ناو حیزبی دەدا کە هاوشێوەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای رۆژهەڵات بووبوونە (چینی نوێ – الطبقة الجديدة*). بەڵام سەرەڕای ئەوەش نەوشیروان مستەفا لە چەند قۆناغێکی جیاجیای مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا هەوڵی ئەنجامدانی ریفۆرمی داوە، لە خوارەوە باس لە سێ هەوڵی بێ ئاکام لە سێ سەردەمی جیادا دەکەین:

**هەوڵی یەکەم:**

دوای سەرپەرشتی کردنی چەندین جەولەی گفتوگۆی بێ ئاکام لەگەڵ پارتی دا، وەستانی شەڕی ناوخۆ، لە نێوان هەردوو لایەنی شەڕکەردا بوبە کارێکی مەحاڵ. نەوشیروان مستەفا گەڕایەوە بۆ لەندەن و لەوێ مایەوە تاوەکو مام جەلال داوای لێ کرد بەزوترین کات بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی. لە ١٩٩٥/١٢/٥ گەڕایەوە بۆ کوردستان. وەکو خۆی دەڵێت: "بریارم داوە خۆم لە کاروباری رۆژانەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی کەنار بگرم و خۆم لە هیچ ئیشوکارێکیان هەڵنەقورتێنم."[1]

مام جەلال لە سلێمانی سەردانی کردووە. دوای هەندێ قسەو باسی گشتی، ئەم دیالۆگە کەوتووەتە نێوانیانەوە:

"مام جەلال: تۆ هیچ بیرت لەم وەزعە کردۆتەوە؟ چی لێ بکەین و بەرەو کوێی بەرین؟ "

نەوشیروان مستەفا: "بەڵی زۆرم بیر لێ کردۆتەوە ".

مام جەلال: چی بکەین؟

---

* الطبقه الجديدة: (چینی نوێ): زاراوەیەکی نوێ بوو، سالّی ١٩٥٧ بۆ یەکەم جار لە لایەن "میلوفان دگیلاس"ەوە لە کتێبێک لەژێر هەمان ناودا دەرکەوت و رەخنە لە حیزبە شیوعییەکان دەگرت، کە ئەندامەکانیان لەپاڵ چینی کرێکار و چینی بۆرژوازیدا، بوونەتە "چینێکی نوێ" و لە رێگەی پلە و پایەی حیزبییەوە هەموو خۆشگوزارانی و رابواردنێکیان بۆ خۆیان فەراهەم کردووە و ئامادە نین دەستبەرداری بن.

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

نەوشیروان مستەفا ئەوە ساڵێ زیاترە من سەرۆکی وەفدی یەکێتیم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ وەفدی پارتی، پایتەختی چەند وڵات چوین، چەندین جار دانیشتین. بە گوێرەی بۆچونی من دەرگای ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ پارتی داخراوە، مەگەر یەکێتی تەنازولێکی گەورە بۆ پارتی بکا، ئەشزانم یەکێتی ئەو تەنازولە ناکا. ئەمێنێتەوە دو ڕێگای تر:

یەکێکیان، ڕێگەی یەکلاییکردنەوەی چەکدارە. ئەویتریان ڕێگەی دەس پێ کردنی ئیسلاحاتە. هێڵی ئاگربڕ لە نێوان هێزەکانی یەکێتی و پارتیدا جێگیر بکەین. (هودنە) بچەسپێنین و لەناو ئەو ناوچانەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دایە، ئەو ئیسلاحاتە بکەین کە چەند ساڵە بەڵێن بە میللەتەکەمان ئەدەین، لە بەرنامەی یەکێتی و بەیانی هەڵبژاردنەکەیدا نوسیومانە.

مام جەلال: منیش وەکو تۆ گەیشتومەتە ئەو قەناعەتەی دەرگای ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ پارتی داخراوە. بەڵام من لەگەڵ یەکلاکردنەوەی چەکدار نیم، چونکە زیانێکی گەورە لە گەلەکەمان و لە مەسەلەکەی ئەدا، لەبەرئەوە منیش لەو باوەڕەدام کە باشترین ڕێگە: ڕێگەی ئیسلاحاتە. ئەوە بە عەرەبی پێی ئەڵێن (قوة المثل) ئێمە لەباتی ئەوەی بە تفەنگ شەڕ لەگەڵ پارتی بکەین، بە نمونەی باشتر شەڕیان لەگەڵ بکەین.

نەوشیروان مستەفا: کەوابێ، ئەبێ لە ناو ماڵی خۆمانەوە، واتە لە ناو یەکێتیەوە دەس پێ بکەین. فەساد: فەسادی سیاسی، فەسادی مالی، فەسادی ئیداری، فەسادی ئەخلاقی سەراپای لەشی یەکێتی گرتۆتەوە. خەڵک هەندێ قسە لەلای ئێمە ئەکەن، لەوانەیە نەوێرن لە لای تۆ بیڵێن، زۆر جار لە من ئەپرسن: جیاوازی نێوان ئێوە و پارتی چیە؟ منیش باسی جیاوازی سیاسی و ڕێکخراوەییان بۆ ئەکەم بەڵام ئەوان کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی یەکێتی ئەبینن ئەم جیاوازییانەیان لەبیر ئەچێتەوە، ئەڵێن: "نەخێر هیچ جیاوازیەکتان نیە، هەرچی ئیمتیاز و شتی باشە بۆ خۆتان ئەوێ، وەزیفەی بەرز، خانوی خۆش، کاروکاسپی، سەیارەی تازە... هەر بۆ خۆتانە."[1]

لەو دانیشتنە دوو قۆڵییەدا مام جەلال بەڵێن ئەدا کە کۆبوونەوەیەی سەرکردایەتی یەکێتی ڕێکبخات و ناوی لێ بنێ (کۆبوونەوەی ئیسلاحات). نەوشیروان مستەفاش بەڵێنی دەداتێ هەرچی کارێک بۆ سەرکەوتنی ئەو ئیسلاحاتە بکەوێتە سەر شانی، چەند سەخت بێ، جێبەجێی بکات.

بەم بۆچونە هاوبەشەوە چوونە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی، کە لە ڕۆژانی ٢٠ تاوەکو ٢٣ی مانگی ١٢ی ١٩٩٥ لە هەولێر بەسترا. لە دەسپێکی

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

کۆبوونەوەکەدا، مام جەلال راپۆرتێکی دووڕودرێژی لەسەر بارودۆخی یەکێتی خوێندوتەوە، هەرچەندە باسی پێویستی ئیسلاحاتی کردووە، بەڵام ئیشارەتی بە کەموکوڕی و گیروگرفتە بنەڕەتییەکان نەکردوە.

ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی، باسیان لە زیادبوونی ژمارەی ئەندام و لایەنگری یەکێتی و گەشەکردن و پێشکەوتنی ڕێکخراوەکانیان کردوە. کەموکوڕی سەرەکییان بریتی بووە لەوەی (نەسریە)کانیان بەشیان ناکات و سەیارەیان کەمە. کەسیان توخنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و گلەیی و گازەندەی خەڵک نەکەوتوون. هەندێ لە سەرکردەکانی یەکێتی دەیانزانی مام جەلال هەمیشە حەزی لە گەشبینیە، بۆیە هەر باسی گەشەکردن و زۆربوونی ئەندام و پێشمەرگەکانی یەکێتیان بۆ کردووە. لێپرسراوی دەزگاکانیش بۆ ئەوەی ڕەزامەندی مام جەلال بەدەسبهێنن، بەدڵی ئەو قسەیان کردووە.

نەوشیروان مستەفا بەمجۆرە وەسفی کۆبوونەوەکەی کردووە: "بەراستی بەلامەوە زۆر سەیر بوو، کەس لە خەیاڵی باس کردنی کەموکوڕییەکانی ناو یەکێتی و خراپی هەلومەرجی ژیانی خەڵک دا نەبو. من هەڵم دایە ڕوم کردە عومەر فەتاح وتم: لێپرسراوی دەزگای ڕێکخستن ئەبوو وەکو باسی، کورتی بودجە و بەش نەکردنی نەسریە و سەیارەی کردوە، باسی گلەیی و گازەندەی خەڵکیشی بکردایە. جاران خەڵک بە ئاواتەوە بوون پێشمەرگە ببینن، وایان ئەزانی فریشتەی ئازادی و خێرو خۆشین، کەچی ئێستا لە بەرچاویان بێزراون. وشە پیرۆزەکانی جاران شانازییان پێوە ئەکرا، وەکو پێشمەرگە، کادر، شۆڕش، ڕاپەڕین.. ئێستا لەلای خەڵک سوک بوون و گاڵتەیان پێ ئەکەن.

ژیانی لێپرسراو و کادرەکانی یەکێتی جۆرێکە و هی خەڵک جۆرێکی تر. ئیستەش وەکو سەردەمی بەعس، یەکێ بیەوێ لە دائیرەیەکدا دابمەزرێ، ئەبێ ئیستیمارەی ئینتیما پڕ بکاتەوە. ئێستەش خەڵک ئەگیرێ و بەبێ محاکەمە ئەکوژرێ. واسیتە و واسیتەکاری لە تەعیناتی حیزبی و حکومەتیدا پێش لێ هاتوویی و شارەزایی ئەکەوێ. کادرەکان، ئەندامی کەرت پیلان لە مەسئولی کەرت و، ئەندامی کۆمیتە پیلان لە مەسئولی کۆمیتە و، ئەندامی مەڵبەند پیلان لە مەسئولی مەڵبەند ئەگێڕێ، نەک لە بەر ئەوەی ئەم لەو باشترە یا ڕێبازی سیاسی جیایە، بەڵکو تەنیا لە بەرئەوەی معاشەکەی و ئیمتیازاتی زۆرترە."[1]

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

پاشان نەوشیروان مستەفا رووی لە ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە کردووە و وتوویەتی: "لە ناو یەکێتیدا لێپرسینەوە نەماوە. مەسئولەکان هەرچییەک ئەکەن کەس لێیان ناپرسێتەوە. جاران ئەو سەردەمەی لە شاخ بوین پێشمەرگەیەک یا کادرێک لە جەبەل حەمرین موخالەفەیەکی بکردایە بانگ ئەکرا بۆ موحاسەبە، کە ئەگەیشتە ناوزەنگ یان دۆڵی جافەتی بە ترس و لەرزەوە لە پێش دا ئەهات بۆ لای من بۆ ئەوەی شفاعەتی بۆ بکەم، ئینجا ئەهات بۆلای تۆ. تۆ مەسئولی یەکەمی یەکێتیت هەر موخالەفەیەک لە هەر مەسئولێکی یەکێتی رو بدات تۆ مەسئولی لەبەردەمی خەڵک دا لە بەرئەوە پێویستە موحاسەبەیان بکەیت."[1]

مام جەلال، بیانووی ئەوە هێناوەتەوە کە ئەوان لە کۆنگرەدا دەسەڵاتەکانیان لێ سەندوەتەوە، دەستوپێیان بەستوە، بۆیە ناتوانێ موحاسەبەی گەندەڵکاران بکات. بۆ ئەوەی ئەو بیانووە نەمێنێت، نەوشیروان مستەفا داوای لە ئەندامانی کۆبوونەوەکە کردووە هەمو دەسەڵاتەکانی جاران بۆ مام جەلال بگێڕنەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ هەرکەس و لە هەر پلەیەکدا بێ، موحاسەی بکات. بە تێکڕای دەنگ رەزامەندی لەسەر پێشنیارەکەی نەوشیروان مستەفا دراوە.

جگە لەو بڕیارە، بۆ چاک کردنی کاروباری حکومەت و حیزب، دەنگ لەسەر کۆمەڵێ بڕیاری دیکە دراوە. ئەو کۆبوونەوەیە بە دڵی نەوشیروان مستەفا کۆتایی هاتووە و بە دڵێکی خۆشەوە لە هەولێرەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. لە کاتی بینینی خەڵکدا ستایشی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی کردووە. بۆ دروستکردنی پشتیوانی بۆی، دەستی کردووە بە کۆبوونەوەی جەماوەری. لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ مامۆستا و فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی، بە هەمان خۆشبینیەوە باسی لە کۆبوونەوەکەی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ کردوون. بەڵام یەکێک لە ئامادەبوان هەستاوە و پێی وتووە "لەم قسانە زۆرمان بیستوە و زۆر جار لەم جۆرە بڕیارانە دراوە، گرنگ ئەوەیە جێبەجێ بکرێ."[2]

قسەکانی ئەو هاوڵاتییە راست دەرچوون، بڕیارەکان وەکو خۆیان جێبەجێ نەکران، چونکە بە زیان بۆ زۆر لە کادیر و سەرکردەکانی یەکێتی دەشکایەوە. نەوشیروان مستەفا لەو بارەوە دەڵێت: "هەندێ لە دەسەڵاتدارانی ناو یەکێتی، کە بوبون بە "ئەمیری جەنگ"، قازانجیان لە مانەوەی "هەلومەرجی هەبو"دا هەبوو، هیچ کام لە بڕیارەکانیان

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).
2 . .هەمان سەرچاوە.

جێبەجێ نەکرد. هەر یەکەشیان بیانوویەکی ئەهێنایەوە و مام جەلال بیانووەکانی پاساو ئەدان و، ئەویش کەوتە پشتگوێ خستنی بڕیارەکان."[1]

شەڕی ناوخۆ و خراپی دۆخی ئابووری و بێکاری، ژینگەیەکی لەبار بۆ هەندێ لە سەرکردەکانی سەردەمی شاخ خۆشکردبوو، تاوەکو هەریەکەیان کۆمەڵێک میلیشای بێ پەرەنسیپ لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و دەسەڵات و سامان پێکەوە بنێت. ئەمانە هیچ شەرم و شکۆیەکیان نەمابوو، ئامادەبون روبەڕوی هەرکەسێک بوەستنەوە کە دژی بەرژەوەندییەکانیان بێت، تەنانەت ئەگەر نەوشیروان مستەفاش بێت. لەم بارەشەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "من لەلایەن تاقمە ناکۆکەکانی ناو یەکێتیەوە کەوتمە بەر تەنگ پێ هەڵچنین. ئەوسا لە هەڵوێستی نادۆستانەی ئەمانە تێ نە ئەگەیشتم. دوایی زانیم ئەمانە وا تێگەیشتبون مام جەلال منی بۆ شەڕی ئەوان بردۆتەوە و وایان لێکدابوەوە کە هەمو ئەو پێشنیارانەی لەو کۆبونەوەیەدا من کردومە و بڕیاری لێ دراوە بۆ لێدانی ئەوان و کەم کردنەوەی دەسەڵات و ئیمتیازەکانی ئەوانە. بۆیە ئەوانیش بە نهێنی کەوتبونە شەڕی من و خۆ نزیک خستنەوەیان لە مام جەلال. راستیەکەی من نەمزانی بوو ئەوانە لەگەڵ مام جەلال شەڕیان بوە، نەشمزانی بوو مام جەلال نامەی توندی ناڕەزایی بۆ نوسیون و ئەوانیش گەلەکۆمەکێیان لێ کردوە. مام جەلال هیچی لەو بارەیەوە بۆ من باس نەکردبو. خۆیشم هیچم نەبیست بو. ئەوان بیستبویان ئێمە لە لەندەن کۆبونەوەیەکمان کردوە، وایان زانی بو لەو کۆبونەوەیەدا نەخشەی لێدانی ئەوانمان داناوە. بێگومان، ئەوەندەی پێوەندی بە منەوە هەبو، راست نەبو. ئەوەی من هەوڵم بۆ ئەدا و بەتەمای بوم دانانی سنوریک بوو بۆ فەساد و دامەزراندنی حکومەتێکی قانونی بو، کە لە ئەنجام دا ئەمەش دەسەڵاتی ئەوانی کەم ئەکردەوە."[2]

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

2 . هەمان سەرچاوە.

**هەوڵی دووەم:**

لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە هەلومەرجی گۆڕانکاری لە ناو یەکێتی و ئەو ئیدارەیەی کە لە سنوری سلێمانیدا دروستی کردبوو هاتبووە گۆڕێ. نەوشیروان مستەفا بە مەبەستی ئەنجامدانی ریفۆرم لە ناو یەکێتی نامەیەکی بۆ مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نارد، ئەوە دەقەکەیەتی:

برای گەورە و بەڕێزم مام جەلال

سڵاوێکی گەرم و هیوادارم هەمیشە شاد و سەرکەوتو بن

بە بۆنەی کۆبوونەوەی ئەمجارەی سەرکردایەتیەوە بە چاکم زانی بیروڕای خۆمت دەربارەی گرتنی کۆنگرەی دوەمی یەکێتی بۆ بنوسم:

١. ماوەیەکی درێژ بە سەر بەستنی کۆنگرەی یەکەم دا تێپەڕیوە، کە ئەگەر هەلومەرجی کوردستان ئاسایی بوایە ئەبو لە دوای کۆنگرەی یەکەمەوە تا ئێستا چەندین کۆنگرەی تری تێدا ببەسترایە.

٢. پێم وایە هەلومەرجی ناوخۆی یەکێتی و هەلومەرجی سیاسی ئێستای دەوروبەرمان لە بارە بۆ بەستنی کۆنگرە، بە تایبەتی کە ئێستا کێشە و گیروگرگرفت لە ناو یەکێتیدا کەمە و، ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا تا ئەندازەیەکی باش بەرقەرارە.

٣. وا پڕۆژەیەک دەربارەی خۆئامادە کردن بۆ کۆنگرەی دوەم ئەنێرمە خزمەتتان، لەم پڕۆژەیەدا ئەوەم لە بەر چاو گرتوە کە پێش کۆنگرەکە زۆری بابەت و کارەکانی گەڵاڵە و ئامادە بکرێ و، کێشە و گیروگرفتەکان بەلادا بخرێن، بۆ ئەوەی کەمترین کێشە و گیروگرفت ببرێتە ناو کۆنگرە. هیوادارم کەڵکێکی هەبێ.

لەگەڵ ڕێزی بێ ئەندازەی

نەوشیروان

سلێمانی، ٩ی ئابی ٢٠٠٠

پڕۆژەکەی نەوشیروان مستەفا بۆ بەستنی دوەمین کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بریتی بوو لە چەند تەوەرێک، تەوەرێکی تایبەت بوو بە دیاریکردنی کات و شوێنی کۆنگرە. ئەو پێی باش بوو دواییەن هەفتەی ساڵی ٢٠٠٠ کۆنگرەکە لە قەڵاچۆالان ببەسترێ. تەوەری دووەم بریتی بوو لە دیاریکردنی بەرنامەی کارەکانی کۆنگرە، کە خۆی لە ئامادەکردنی راپۆرتی سکرتێری گشتی و ئامادەکردنی پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێدا دەبینیەوە. تەوەری سێیەم بریتی بوو لە پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە بۆ ئەنجامدانی. تەوەری چوارەمیش بریتی بوو لە هەڵبژاردنی ئەندامانی

کۆنگرە. مام جەلال هەر ئەو رۆژەی نامەکەی پێ گەیشت ڕەزامەندی لەسەر بەستنی گۆنگرە و پڕۆژەکەی نەوشیروان مستەفا دەربڕیوە. بەڵام ئەو کۆمیتەیەی مام جەلال پێکیهێنا بوو بۆ ئامادە کردنی کۆنگرە، هەمویان لەوانە بوون کە ئەیانویست خۆیان ببنەوە بە سەرکردایەتی. نەوشیروان مستەفا نامەیەکی بۆ مام جەلال نووسیوە:

برای گەورەو بەڕێزم مام جەلال

سڵاوێکی گەرم

هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدا بن... ئەو ڕۆژە کە باسی پێکهێنانی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە کرا بڕیار درا: لە هەر مەڵبەندێ یەکێ و لە هەر مەکتەبێ یەکێکی تێدا بێ. لە بەر ئەوەی هەندێ برادەر قسەکانی من بە جۆرێکی کە لێک ئەدەنەوە ئەو کاتە بە چاکم نەزانی هیچ تەعلیقێک بدەم. ئەمڕۆ بە هۆی کاک عومەری سەید عەلییەوە زانیم کە جۆری پێکهاتنی کۆمیتەکە چۆنە. ڕاستیەکەی من هەندێ تێبینیم لەسەری هەیە، هەندێ لە برایانی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیش وەکو قسەم لەگەڵ کردن لەم ڕوەوە لەگەڵ من هاوبیرن، تێبینیەکانم ئەمانەیە بە چاکی ئەزانم عەرزی جەنابتانی بکەم:

١. ئەوانەی بونەتە ئەندامی کۆمیتەکە هەمویان لێپرسراوەکانی مەڵبەند و مەکتەبەکانن، واتە ئەندامی م س یان کۆمیتەی سەرکردایەتین و، حاڵی حازر مەسئولی پلەی یەکەمن لە دەزگاکانی یەکێتیدا. بۆ ئامادەکردنی کۆنگرەیەک کە یەکێ لە ئەرکە گرنگەکانی هەڵبژاردنەوەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتییە، ئەم هەمو ئەندامانەی کۆمیتەی سەرکردایەتی تێدا بێ، من بە باش و بە ڕاستی نازانم، چونکە ئەگونجێ بوترێ ئەمانە لە ئێستاوە، لە ڕێگەی ئەم کۆمیتەیەوە، زەمینە بۆ هەڵبژاردنەوەی خۆیان خۆش ئەکەن.

٢. کارگێڕی مەڵبەندەکان هەمویان بە هەڵبژاردن هاتون و لە ناو ئەواندا و لە ناو ئەندامانی مەکتەبەکانی ڕێکخستن و ڕاگەیاندن و دەزگاکانی تردا کادری بە توانا و لێوەشاوە هەیە کە بۆ ئەم کارە ئەشێن، هەقە کۆمیتەکە لە نوێنەرانی مەڵبەندەکان و مەکتەبەکان پێک بهێنرێ نەک لە مەسئولەکانیان، بەڵام ئەندامێکی کارگێڕی م س مەسئولیان بێ. بەمەیش هەم کۆمیتەیەکی بێلایەن دروست ئەبێ کە بنکە ڕێکخراوەییەکانی یەکێتی ئەوسا ناتوانن گلەیی لێ بکەن، هەم کۆمەڵێ کادری کەم ناسراویش لە ناو بنکەکانی یەکێتیدا زۆرتر ئەناسرێن و دێنە پێشەوە.

نەوشیروان

سلێمانی، ٢٥ی ئابی ٢٠٠٠

سەبارەت بە کاردانەوەی نامەکەی لەلای مام جەلال نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی: "ئەم نامەیە سودی نەبو، چونکە ئەندامانی کۆمیتەکە خۆی دابنابون و کۆنگرەکەیان بەوجۆرە ساز ئەکرد کە ئەم ئەیویست، نەک بەوجۆرەی من پێشنیارم کرد بو، ئەترسا ئەمجارەش دەسەلاتەکانی کەم بکەنەوە."[1]

سەرەڕای ئەوەش، نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوەی ریفۆرم بکرێت لەسەر هەوڵەکانی بۆ بەستنی کۆنگرە بەردەوام بوو. لەسەر داوای مام جەلال، زنجیرەیەک کۆبوونەوەی بە ئەندام مەکتەبەکان کرد. بەڵام کارەکە هێندە ئاسان نەبوو، وەک چاوەڕوان دەکرا. مەلا بەختیار و ئەرسەلان بایز کە دوو کەسی جێگەی باوەڕی مام جەلال بوون، لە دژی پڕۆژەکەی نەوشیروان مستەفا وەستانەوە. ئەوان هەر لە سەرەتاوە دەیانویست کۆنگرەکە بە ئاراستەیەکدا ببەن کە گۆڕانێکی وا دروست نەبێ پێگەیان لەق ببێ.

نەوشیروان مستەفا بەمجۆرە باسی لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و مەلا بەختیار کردووە: "لەگەڵ مەلا بەختیار، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، چەندین مەسەلەمان باس کرد کە پێوەندی بە ڕێکخراوی پیشەییەوە هەبو. لە میانەی قسەکانداا پرسیم: ئەو سالانەی پێشمەرگە بوین چەند جار کەوتوینەتە تەنگانەوە ژمارەمان کەم بۆتەوە مەترسی لە ناوچونمان لە سەر بوە، بەڵام هەرگیز نە کەسمان بە زۆر کردوە بە پێشمەرگە و نە کەسمان بە زۆر هێناوەتە ریزی ڕێکخستنەوە. ئێستا کە نە لە تەنگانەداین و نە مەترسی لەناوچونمان لە سەرە، گەنجێ ٦ سالٌ سەرەتایی ئەخوێنێ، ٦ سالٌ ناوەندیو دواناوەندی ئەخوێنێ، ٤سالٌ لە زانکۆ ئەخوێنێ، کە خوێندن تەواو ئەکا هەزار دالٌغە و خەیالٌ و خولیا و ئارەزو لە سەریدایەتی. ئەیەوێ دابمەزرێ موچەیەک وەربگرێ بەشی ژیانی بکا. ئەیەوێ ژیانی خێزانی دامەزرێنێ، ئەیەوێ خانوی هەبێ تیا بژی، ئەیەوێ هاوسەر بگرێ... ئێمە بەو وەزعەوە کە هەمانە ناتوانین هیچ کام لەو پێویستیانەیان بۆ دابین بکەین. کە ئەوە ناتوانین بکەین بۆچی بە زۆر "ئیستیمارەی ئینتیما" ی پێ پڕ بکەینەوە، بە بێ ئارەزوی خۆی بیکەن بە ئەندامی یەکێتی تەنیا بۆ ئەوەی دابمەزرێ.

مەلا بەختیار هەڵچو، وتی: زانیاریەکەت راست نیە. ئێمە بە زۆر کەس ناکەین بە یەکێتی. وتم: زانیاریەکەی من راستە و چەندین بەڵگەم بە دەستەوەیە. ئەو هەر نکولی لێ کرد بۆ ئەوەی نەبێ بە شەڕ، بێ ئەوەی بگەینە هیچ کۆبەندیەک، کۆتاییمان بە کۆبوونەوەکە هێنا."[2]

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

2 . هەمان سەرچاوە.

هەمان شت لەگەڵ ئەرسەلان بایزدا دووبارە بووەوە. ئەرسەلان و مەلا بەختیار ئەوەیان کرد بە بیانوو هانایان بۆ مام جەلال برد گوایە نەوشیروان مستەفا ئیهانەی کردوون. لەسەر خواستی هەردوکیان مام جەلال کۆبوونەوەکانی راگرت. لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی مام جەلال، نەوشیروان مستەفا لە ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠ دەستی لە ئەندامێتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کشاندەوە و هەموو جۆرە ئیلتیزامێکی سیاسی و رێکخراوەیی لەگەڵدا پچڕاند. بەڵام مام جەلال لە ٢٠٠٠/١١/١١ نامەیەکی بۆی نووسی و تێدا دەڵێ: "هەر ئێستە نامەکەتانم وەرگرت. زۆر سوپاس. تکاو داوای برایانەم ئەمەیە: پەلە مەکەن لە بڕیاری توندوتیژ و "قاتیع". مادام مەسەلەکە لە نێوان خۆم و خۆت دەستی پێ کراوە، با پێکەوە تێری بکەین بە نامە و قسەکردن ئەوسا بڕیاری وا بدەن. من نەختێ نەخۆشم ئەگینا ئەهاتم بۆ لاتان. هەرچۆنێ بێت (صبری انقلابی) باشە.[1] نەوشیروان مستەفا وەڵامی نامەکەی مام جەلالی نەدایەوە و فەرامۆشی کرد. لەوبارەیشەوە دەڵێت: "ئیتر هیچ هیوایەکم بە ئیسڵاحاتی مام جەلال نەما. بۆم دەرکەوت هەمو ئەو هەوڵانەی من لە گەڵ ئەوی ئەدەم بێ هودەیە و، هەمو ئەو شتانەی ئەویش دەربارەی بژار و چاکسازی و پاکسازی ئەیڵێ هەموی قسەی روتە :بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی، تەواوی بێ مشتومڕی، خۆیەتی بە سەر یەکێتی و پێشمەرگە و حکومەتدا. بۆ ترساندنی گەندەڵەکانە بۆ ئەوەی بێنەوە ژێر باری گوێڕایەڵی ئەو. بۆ دامرکاندنەوەی ناڕەزایی خەڵک و ئەندامانی یەکێتی و پێشمەرگەیە لە بەر ئەوە بڕیارم دا فەرامۆشی بکەم و چیتر خۆمی پێوە ماندو نەکەم. وەڵامی نامەکەیم نەدایەوە. ئەگەر جاران جاروبار لە هەندێ کۆبوونەوەی م س دا ئامادە ئەبوم ئیتر بە یەکجاری وازم لێ هێنا ئامادەی هیچ کۆبونەوەیەکی م س نەبوم. لەوەوپێش زۆر کەم سەردانی مام جەلالم ئەکرد وازم لەو کەمەیش هێنا. بە تەواوی خۆمم لێ دورخستەوە."[2] هەرچەندە دواتر مام جەلال نامەیەکی درێژی تری بۆ نارد، ستایش و پیاهەڵدانێکی زۆری تێدا بوو، وەڵامی ئەو نامەیەشی نەدایەوە.

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).
2 . هەمان سەرچاوە.

بەشی نۆیەم

# باشوری کوردستان
# لە سایەی عێراقێکی نوێدا

# باسی یەکەم
# عێراقی دوای سەدام حسێن

لە ١٩ی ٣ی ساڵی ٢٠٠٣ هێزەکانی هاوپەیمانی بە فەرماندەیی ئەمریکا هێرشی ئاسمانی و زەمینیان بۆ سەر عێراق دەست پێکرد. لە ماوەی ٢٠ ڕۆژدا خوارو و ناوەڕاستی عێراقیان بە بەغدای پایتەختیشەوە داگیرکرد. لە ٩ی نیسانی ئەو ساڵەدا سەدام دوا ساتەکانی ژیانی سەرۆک کۆماری لەسەر جادەکانی بەغدا بردە سەر و دوایی لەبەرچاو ونبوو تاوەکو ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ لە ئۆپەراسیۆنی بەرەبەیانی سووردا، لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیر کرا.

ڕۆژی ٢١ی ٤ی ٢٠٠٣ جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا، جەنەرالّی خانەنشین (جەی گارنەر)ی بەڕێوەبەری "نووسینگەی ئاوەدانکردنەوە و کاروباری مرۆیی" نارد بۆ عێراق. جەنەرالّ برۆس، نوێنەری بریتانیا، بە یاریدەدەری دانرا. گارنەر دەستەیەکی بە ناوی "دەسەلاتی هاوپەیمانی کاتی لە عێراق" دروست کرد. بەلاّم دوای مانگێک مانەوە لەو پۆستەکەیدا، پۆلّ بریمەر لە لایەن جۆرج بۆشی کوڕەوە، لە جێگەکەی دانرا.

**یەکەم: مەجلیسی حوکم:**

لە ١٢ی ئایاری ٢٠٠٣ پۆلّ بریمەر، وەک حاکمی مەدەنی عێراق، لەگەلّ کۆمەلّێک دیپلۆمات و جەنرالّی ئەمریکی گەیشتنە بەغدا. لە ١٢ی تەموزی ٢٠٠٣ بریمەر "دەسەلاتی هاوپەیمانی کاتی لە عێراق" هەلّوەشاندەوە و لە جێگەی ئەودا "ئەنجومەنی حوکم"ی دامەزراند کە دووەمین دەستەی بەڕێوەبردنی کاروباری عێراق بوو، لە دوای روخانی سەدام.

بەپێی یاساکانی جەنگ و داگیرکردنی سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم ئەنجومەنە هەموو دەسەلاتێکی فەرمانڕەوایی بەسەر عێراقدا هەبوو. "ئەنجومەنی حوکم" پێکهاتبوو لە ٢٥ کەس لە سیاسەتمەدارە ناودارەکانی عێراق. نوێنەرانی کورد لەو ئەنجومەنەدا بریتی بوون لە: مام جەلال، مەسعود بارزانی، دکتۆر مەحمود

عوسمان، سەلاحەدین بەهائەدین، دارا نور الدین. بەپێی پێتی ئەبجەدی، هەریەکەیان بۆ ماوەی مانگێک سەرۆکایەتی مەجلیسی گرتەدەست. لە ١٣ تەموزی ٢٠٠٣ یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکە بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری بەڕێوەچوو. ئەم ئەنجومەنە لە لایەن کۆمکاری عەرەبی و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕەسمی وەک نوێنەری عێراق دانی پێدا نرا.

**دووەم: پاشگەز بوونەوەی هاوپەیمانەکانی دوێنێ:**

کاتێک لە ئەنجومەنی حوکمدا، مەسەلەی دەستوری هەمیشەیی عێراق بوو بە باسوخواسی سیاسەتمەدارەکان، نوێنەران کورد پێداگریان لەسەر جێبەجێ کردنی رێکەوتنەکانی سەردەمی مەعارەزە دەکردەوە، بە تایبەتی کۆبوونەوەی سەلاحەدین کە تێکڕای لایەنەکان لەسەر سیستمی دیموکراسی و فیدراڵیزم رێکەوتبوون. عەبدولعەزیز ئەلحەکیم کە نزیکترین سیاسەتمەداری شیعەی عەرەبی بوو لە کورد، بە بیانووی ئەوەی دەبێ لە پێشدا پرس بە ئایەتوڵڵا سیستانی، یەکێک لە مەرجەعە باڵاکانی شیعە بکرێت، داوای لە نوێنەرانی کورد کرد لە بڕیارەکانی کۆنگرەی سەلاحەدین کە تێیدا ئیقرار کرابوو عێراقی دوای سەدام عێراقێکی فیدراڵی دەبێت، پاشەکشە بکەن و چاوەڕێ بکەن بزانن سیستانی چ سیستمێکی پێ باشە.

مەسعود بارزانی و لەگەڵیدا جەلال تاڵەبانی بەم قسانە پەستبوون، مام جەلال بە تورەییەوە پێی وتووە: "ئەوە چەندین ساڵە موعارەزەی عێراقی مەلامیحی جۆری حوکمڕانی لە عێراقدا دیاری کردوە بەنیزامی دیموکراتی تەعەدودی پارلەمانی فیدراڵی. سەرەڕای رێزی زۆری ئێمە بۆ مەراجیع، ئەوەی سیستانی داوای کردوە دوبارەکردنەوەی تەجروبەی ئێرانە بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان، کە بە کەڵکی عێراق نایەت. ئەو رۆژەی حکومەتێکی دینی لە عێراق دا زاڵ ببێ ئێمە رەفزی ئەکەین و خواحافیزیتان لێ ئەکەین."[1]

ئەم مەسەلەیە هەروەک خۆی مایەوە، بەڵام شیعەکان پێداگریان لەسەر زاڵ کردنی رۆڵی مەرجەعییەت لە دارشتنی ئایندەی عێراقدا دەکردەوە. سەبارەت بە رۆڵی سیستانی لە دوای روخانی رژێمی بەعس نەوشیروان مستەفا لەیاداشتە رۆژانەکانیدا نووسیویەتی: "سیستانی بۆتە کۆسپێکی ناقۆڵا لە رێگەی پرۆسەی دیموکراتیزە کردنی عێراقدا. لوتی ژەندۆتە کاروباری ناوخۆی عێراقەوە. لایەنگرەکانی ئەیانەوێ بیروڕاکانی بە سەر هەمو گەلی عێراقدا بسەپێنن. لەناو مەجلیسی حوکمدا جۆرێ لە

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

ئیرهابی فیکرییان سەپاندوە ئەندامەکانی ناوێرن بیروبۆچونەکانی خۆیان بە ئاشکرا دەربڕن.

یەکەم، سیستانی کابرایەکی ئێرانییە، بۆچی ئەبێ ڕێ بدرێ دەس وەر بداتە مەسەلە چارەنوسییەکانی عێراق؟

دوەم، سیستانی بۆ تائیفەی شیعە مەرجەعە، بۆچی ئەبێ قسەکانی بەسەر سونە و مەسیحی و ناموسوڵمانەکانی تری عێراقدا بسەپێنرێ، کە زۆرایەتی هاووڵاتیانی عێراق پێکئەهێنن؟

سێیەم، سیستانی لە ناو شیعەکانی دنیادا یەکێکە لە مەرجەعەکان و تەنیا مەرجەعی تەقلیدکراوی هەمو شیعەی عێراق و دنیا نییە، تەنانەت کەسانی وەکو موقتەدا صەدر بە ئاشکرا بەربەرەکانی ئەکەن و بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لەوان بە خۆیان ئەڵێن (الحوزة العلمية الشريفة) و (الحوزة الناطقة)."

هێزە شیعەکان لەژێرەوە هانی مەرجەعی گەورەی شیعە، سەید عەلی سیستانییاندا "فتوا"یەک دەربکات. دواجار لە ٢٦ حوزەیرانی ٢٠٠٣ فتواکە دەرچوو، تێیدا هاتبوو: "بێگانە بۆیان نییە دەستور بۆ عێراق بنوسن و ئەبێ هەڵبژاردنی گشتی لە عێراقدا بکرێ بۆ ئەنجومەنێکی نیشتمانی، ئەو ئەنجومەنە دەستور بنووسێ و بیخاتە بەردەم گەلی عێراق بۆ دەنگدان لە سەری."[1]

نەوشیروان مستەفا لەسەر ئەو فتوایە لە کۆبوونەوەیەکدا وتویەتی: "سیستانی ئێرانییە بە چ هەقێ لە چارەنوسی عێراقدا موداخەلە ئەکا. بەحرولعلوم و دینییەکانی تر هاتنەوە بە گژمدا خەریکبوو بمخۆن."[2]

هەرچەندە فەتواکە هیچ جۆر ئاماژەیەکی تێیدا نەبوو بۆ جۆری حوکمڕانی لە عێراق، بەڵام شیعەکان و لە گەڵیاندا ئۆپۆزسیۆن و شەقامی سونی، بە تۆندی دژی فیدرالیزم بوون.

لەو کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٤ی١٠ی ٢٠٠٣ کە ئایەتوولا بەحرولعلوم بە وەکالەت سەرۆکایەتی کۆبوونەوکەی کردوە و نەوشیروان مستەفا لە جیاتی مام جەلال لەوێ بووە، لە وەڵامی ئەو دەنگانەی کە دژی مافەکانی کورد بوون لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا، نەوشیروان مستەفا بە ئامادەبوانی وتووە: "ئێمە پێمان وایە کە دەستور گرێبەستێکی ئارەزومەندانەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، قانونیە لە نێوان هاووڵاتییان، یان چەند تاقمێکی جیاوازدا بێ ئەوەی گوێ بدرێتە کەمی و زۆری لایەنەکانی گرێبەستەکە.

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

2 . هەمان سەرچاوە.

زۆرایەتی نابێ ئیرادەی خۆی بە سەر کەمایەتیدا بسەپێنێ، بەڵکو ئەبێ ئیرادەی هەردولا بنوێنێ. گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی دەیان ساڵە خەبات ئەکا بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگا. ئێمە رازی نابین جارێکی تر وەکو هاوواڵاتی پلەی دوەم رەفتارمان لەگەڵ بکرێ و نامانەوێ جارێکی تر دەس بدەینەوە چەک و بچینەوە شاخ. لەبەر ئەوە ئەبێ بەر لەوەی بچینە هیچ جۆرە هەڵبژاردنێکەوە لەسەر سەرەتا گشتیەکان رێک بکەوین، سەرەتا گشتیەکان بریتین لە: عێراقێکی دیموکراتی پارلەمانی تەعەدودی فیدراڵی. ئەگەر لە پێشەوە لەسەر ئەوە رێکنەکەوین ئێمە لە هیچ هەڵبژاردنێکی گشتی یا جوزئی دا بەشدار نابین.

سەرەڕای ئەوەش، لەروی هونەریەوە حاڵی حازر هەڵبژاردنێکی گشتی پاک و ئازاد قابیلی جێبەجێکردن نیە. (إحصاء) نەکراوە، مەعلوم نییە کێ مافی دەنگدانی هەیە، ئاسایش نیە تا ئازادی پاڵێوراو و دەنگدەر و سەلامەتی سنوقی دەنگدان دابین بکرێ".[1]

قسەکانی نەوشیروان مستەفا، نارەزایی لایەنە عەرەبییەکانی لێکەوتەوە، بۆیە بەحرولعلوم، بۆ ئەوەی ئالۆزییەکان زیاتر پەرەنەسێنێت، کۆتایی بەو دانیشتنە هێناوە.

**سێیەم: لیژنەی دارشتنی دەستور**

بە پێی مادەی (٦١ أ) لە (قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية)، کۆمەڵەی نیشتمانی لیژنەیەک بۆ دارشتنی دەستوری هەمیشەیی عێراق دروست کردوە، ئەو کۆمەڵەیە لە دانیشتنی ژمارە ١٩ی رۆژی ١٠ی ئایاری ٢٠٠٥دا کۆمیتەیەکی هەڵبژاردوە کە لە (٥٥) ئەندام پێکهاتووە بۆ نووسینەوەی رەشنوسی دەستورێک بۆ عێراق.

- ٢٨ ئەندام لە لیستی ئیتلافی عێراقی یەکگرتوو کە سیستانی پشتگیری لێ دەکردوە.
- ١٥ ئەندام لە لیستی کوردستانی.
- ٨ ئەندامی لیستی ئەلعراقیەی ئەیاد عەلاوی. دوو ئەندامی سونەی تێیدا بوو.
- ٤ ئەندام کە نوێنەرایەتی تورکمان و ئاشوری و مەسیحی و ئیزەدییەکانیان کردوە.
- ١٥ ئەندام لە لیستی "مؤتمر أهل العراق". ئەمانەی دوای نارەزایەتی سونەکان بۆی زیاد کراوە.

شێخ همام حمودی، لە لیستی شیعەکان کراوە بە سەرۆکی لیژنەکە و فوئاد مەعسوم وەک کورد بە جێگری یەکەم و عەدنان جەنابی وەک سونە بە جێگری دووەمی دیاریکراون.

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

نوێنەرانی لیستی کوردستانی لە کۆمیتەدا بریتی بوون لە: د فوئاد مەعسوم، قازی دارا نورەدین، د سەعدی بەرزنجی، فەرەیدون عەبدولقادر، د مونزیر فەزڵ، حەمید مەجید موسا، د حسێن بالیسانی، سەید ئەحمەد، دیندار نەجمان، عادل ناسر، نوری پەترۆس، سامی شەبەک، عەبدولخالق زەنگەنە، نێرگز مەجید، مونیرە عەبدول. وەکو لە ناوی نوێنەرەکاندا دەر ئەکەوێ، لە روی نەتەوەییەوە: جگە لە کورد، عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوری و، لە روی دینیەوە: موسوڵمانی سوننی و موسوڵمانی شیعی و مەسیحی و ئیزدی و، لە روی بیروباوەڕی سیاسیەوە: دیموکرات و لیبرال و ئیسلامی و کۆمۆنیستی تێدابووە.

کۆمیتەی نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق، لە ٢٤ی ئایاری ٢٠٠٥ دەستی پێکردوە و لە ٨ ئابی ٢٠٠٥، دوای (٧٠) دانیشتن، کۆتایی بەکارەکانی هێناوە. لە کۆبوونەوەی ٢٨ ئابی ٢٠٠٥ کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق رازی بووە لەسەر ئەوەی رەشنوسی دەستورەکە بخرێتە ریفراندۆمەوە. لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ پرۆسەی ریفراندۆم لەسەر دەستور ئەنجام دراوە و ٧٨٪ دەنگدەران بە بەڵێ دەنگیان لەسەر دا و ٢١٪ رەفزیان کردوە. بەپێی ئامارەکانی عێراق رێژەی بەشداربوون لە ریفراندۆمەکەدا ٦٤٪ بووە. بەمجۆرە دەستوری نوێی عێراق، جێگەی (قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية)ی گرتوەتەوە.

**چوارەم: نەوشیروان مستەفا و دەستوری عێراق**

دەست تێوەردانی مەرجەعییەت و پەشیمان بوونەوەی هەندێ لە هێزە شیعیەکان لە مافەکانی کورد، وای کرد نەوشیروان مستەفا بە حەزەرەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکات. بۆیە هاوکات لەگەڵ دەست پێکردنی کارەکانی کۆمیتەی نووسینەوەی دەستور، زنجیرە وتارێکی حەوت حەڵقەیی لەژێر تایتڵی "پرسی دەستور"دا لە سایتی "ریفۆرم بۆ*"دا بڵاوکردەوە. تێیدا سەرکردایەتی سیاسی کوردی لە مەترسی دۆخەکە ئاگادار کردەوە و تێڕوانینەکانی خۆی لەسەر ئەم پرسە گرنگە نووسی. وتارەکان بریتی بوون لە:

- تایبەتمەندیەکانی عێراق
- چەندین دەستور و یەک ئەنجام
- کورد چۆن بەشداری نووسینی دەستور بێ؟
- ململانێی بیروبۆچونەکان

* سایتی ریفۆرم بۆ؟: سایتێکی ئەلکترۆنی بوو ساڵی ٢٠٠٤ باڵی ریفۆرمی ناو یەکێتی نیشتمانی دروستی کردبوو، وتارەکانی نەوشیروان مستەفا و ئەو بابەتانەی کە باسیان لە ریفۆرم و چاکسازی حیزبی و ئیداری دەکرد، بڵاودەکرایەوە.

- خواستەکانی کورد لە دەستوری نوێ
- کێ کوردستان ئەپارێزێ؟
- سنوری کوردستانی عێراق کوێیە؟

لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢١ی ئایاری ٢٠٠٥ی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک کە کۆسرەت رەسول، عومەری سەید عەلی، عومەر فەتاح، مەلا بەختیار، ئەرسەلان بایز، جەلال جەوهەر، عوسمان حاجی مەحمود، عیماد ئەحمەد، محەمەد تۆفیق، عەدنان موفتی، فوئاد مەعسوم ئامادەبوون، وتارەکانی خستەوەتە بەردەمیان و ڕاشکاوانە پێی وتوون: "سەرکردایەتی کورد نابێ بە تەنیا بە هیوای ئەو ١٥ کەسەی کە چوونەتە ناو کۆمیتەی نووسینی دەستورەوە پشتی لێ بکاتەوە و کارەکان بە تەمای ئەوان بەجێ بهێڵێ، بەڵکو ئەبێ لە نزیکەوە ئاگاداری گفتوگۆ و روداوەکانی ناو کۆمیتەکە بێ و بەوردی چاودێری بکات. نەک لە بەر ئەوەی نوێنەرەکانی لە ئاستی ئەو کارەدا نین، بەڵکو لە بەرئەوەی مادەکانی ئەم دەستورە کار لە چارەنوسی کورد و پاشە ڕۆژی سیاسی عێراق ئەکەن."[1] دواتر وەک لە وتارەکاندا هاتووە ئەم پێشنیارانەشی خستەڕوو:

١. گروپێ لە شارەزاکانی بواره جیاوازەکانی کاروباری قانونی، سیاسی، جوگرافی، مێژویی، ئابوری، رۆشنبیری... لە پسپۆڕەکانی کورد و عەرەبی عێراقی، دۆستی کورد، کۆ بکاتەوە، بەردەوام ئاگایان لە گفتوگۆکانی ناو کۆمیتەکە و دارشتنی گەلاڵەی مادەکانی بن و، ئامۆژگاری نوێنەرانی کورد بکەن و بەڵگە و بیانووی قانونیان بۆ ئامادە بکەن.

٢. چەند پسپۆڕێکی "قانونی دەستوری" لە وڵاتانی فیدراڵی وەکو: کەنەدا، ئوستراليا، سویسرا، بەلجیکا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ئەمەریکا، روسیا، هیندستان، پاکستان... بانگ بکەن بۆ ئەوەی پرس و ڕایان پێ بکەن و، کەڵک لە تەجروبەی ئەوان وەربگرن لە بواری: دابەشکردنی دەسەلات لە نێوان هەرێم و ناوەند، مولکیەتی سامانی سروشتی، نواندنی دیپلۆماسی هەرێم لە دەزگای دیپلۆماسی عێراقی و لە سەفارەتەکانیدا، خۆپاراستنی لە هەڕەشەی ناوەکی و دەرەکی، پاراستنی کەمایەتی ڕەگەزی و دینیی...

٣. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەوردی چاودێری گفتوگۆکانی ناو کۆمەڵە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تاووتوێ کردنی هەمو بابەتەکانی دەستور بکا و لە هەمو کێشە گرنگەکانیدا بیروڕای خۆی رون بکاتەوە و، پشتیوانی لە باشەکانی دەربببڕێ و، لە سەر چەوتیەکانی بەدەنگ بێ.

---

[1] . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

ئەم پرۆسە چارەنوس سازە، کە ئایندەی کوردی لەسەر بنیات ئەنرێ، نابێ لە پشتی دەرگای داخراوی ژوری کۆبونەوەکانەوە حەشار بدرێ، بەڵکو ئەبێ بەو پەڕی رۆشنیبەوە لە دەزگاکانی راگەیاندندا بۆ رای گشتی کورد باس بکرێ، بە تایبەتی دەستور بۆ پەسەندنی لەلایەن خەڵکی عێراقەوە، لەوانە گەلی کورد، سەرەنجام ئەخرێتە ریفراندۆمەوە."[1]

لە کۆبوونەوەکەدا بۆچوونەکانی بە تێکڕای دەنگ پەسەند کران، بەڵام ئەو گومانی هەبوو لەوەی هەنگاوی عەمەلی بۆ جێبەجێ کردنیان بنرێت، چونکە هەم یەکێتی و هەم پارتی و لەنێویاندا سەرکردەکان، کەوتبوونەوە ساتوسەودای وەرگرتنی پلە و پۆست لە بەغدا.

## ١. خواستەکانی کورد لە دەستوری نوێدا

لە سەروبەندی نووسینەوەی دەستوردا، دوو بۆچونی جیاواز لەناو عەرەبەکاندا پەیدا بووبوو. نەوشیروان مستەفا بەمجۆرە پۆلێنی کردوون:

یەکەم: کۆمەڵە لیبرال و دیموکرات و عەلمانییەکان: ئەمانە ئومێدێکی گەورەیان بە کورد هەیە کە دەورێکی گرنگ و کاریگەر بگێڕێ لە نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی و، لە دامەزراندنەوەی عێراقی نوێدا، عێراقێکی دیموکراتی پلورالی، عێراقێ کە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤی عێراقی، بێ جیاوازی نەتەوە و ڕەگەز و دین، تێیدا دابین بکرێ...

عێراقی نوێ، عێراقی هەموان بێ، عێراقی عەرەب و کورد و تورکمان و کلدۆئاشوری... بێ. عێراقێ بێ هاوواڵاتییەکانی نەک هەر بە پێی ماددە نووسراوەکانی دەستور و قانونەکانی بەڵکو بە کردەوەش لە بواری ژیان و کار کردندا ئەو هەستەیان لە لا دروست ببێ کە خۆیان بە یەکسان و خاوەنی وڵات و دەوڵەت بزانن.

دووەم: ئەو کۆمەڵەی کە باوەڕیان بە یەکپارچەیی عێراق و پەراوێز خستنی کورد و دورخستنەوەی لە ناوەندی بڕیاردانی سیاسی عێراق هەبوو.

ئەمانە پێیان وایە:

– کورد هەرێمی خۆیان هەیە. لەناو هەرێمەکەیان دا سەربەخۆن. هیچ دامودەزگایەکی عێراقی عەرەبی بۆی نیە دەس وەربداتە کاروباریانەوە، یا تەنانەت ئاگای لە ئیشوکارەکانیان بێ. لە هیچ شتێک دا پرس بە عەرەب ناکەن و رایان

1 . نەوشیروان مستەفا، تەنیا بۆ بیر هێنانەوە: پرسی دەستور:
https://archive.gorran.net/ArticleDetail.aspx?id=121&LinkID=147

وەرناگرن. کەچی هاتون بۆ بەغداد و ئەیانەوێ لە هەمو کاروبارەکانی عێراقدا هاوبەش بن؟

- کورد بەشی خۆی وەرگرتوە چی لە بەشی عێراقی عەرەبی ئەوێ؟

- با کورد واز لە عێراقی عەرەبی بهێنێ عەرەب خۆی بەڕێوەی ببا، یان با کوردیش رێگە بدەن بە عەرەب لە کاروبارەکانی ئەواندا بەشدار بێ، یا هیچ نەبێ ئاگادار بێ!

ئەو هێزانە ئەگەر بتوانن هەوڵ ئەدەن دەوری کورد لە نووسینی دەستوردا لاواز بکەن، بۆ ئەوەی دەستورێ دابڕێژن لەگەڵ ویست و بیروبۆچونەکانی خۆیاندا گونجاو بێ و ئەگەر بتوانن هەوڵ ئەدەن کورد بخەنە پەراوێزی ناوەندی بڕیاردانی سیاسی عێراقەوە، بۆ ئەوەی خۆیان بە تەنیا چارەنوسی سیاسی عێراق دیاری بکەن.[1]

لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە وتارانەی تایبەت بە دەستوری عێراقی، نەوشیروان مستەفا لە لە ٢٧ی ئایاری ٢٠٠٥ وتارێکی دیکەی بڵاوکراو کردەوە، خواستەکانی کوردی لە دەستورە چاوەڕوان کراوەکەدا خستووەتەڕوو. تێیدا نووسیویەتی: "عێراق وڵاتی یەک رەگەز و یەک نەتەوە و یەک عەشیرەت و یەک دین و یەک مەزهەب و یەک حیزب و یەک بیروباوەڕی سیاسی نیە. عێراق وڵاتی هەموانە. ئەگەر بویسترێ عێراقی نوێ دابمەزرێنرێتەوە و بۆ ئەوەی پێکەوە بژین، ئەبێ یەکتری قبوڵ بکەن، دان بە هەبوونی یەکتریدا بنێن، مافی یەکتری بسەلمێنن و ڕێز لە مافەکانی یەکتری بگرن.

پاشان باس لەو پرەنسیپانە کردوە دەبێ لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هەبێ و سەرکردایەتی کورد لە بەغدا دەبێ پێداگریان لەسەر بکەن، لەوانە:

- دیموکراتی بێ: واتە هەڵبژاردنی ئازاد و دەستاودەست کردنی هێمنانەی دەسەڵاتی سیاسی سەرەتای بنەڕەتیی حوکمڕانی وڵات بێ. دەسەڵاتەکانی کارگێڕی، یاسادانان، دادگایی، لە یەکتری جیا بکاتەوە.

- فیدرالّی بێ: واتە دەسەڵات و سامان و ئەرز لە نێوان ناوەند و هەرێم دا دابەش بکا.

- پلورالی بێ: واتە فرە نەتەوەیی و، فرە ئایینی و، فرە مەزهبی و، فرە فەرهەنگی و، فرە بیروباوەڕی و، فرە حیزبی و، فرە رۆژنامەوانی.... بسەلمێنێ و، قبوڵی یەکتری و ڕێزگرتنی مافی یەکتری دابین بکا.

- پارلەمانی بێ: واتە پارلەمانی هەڵبژێردراوی خەڵک سەرۆکی وڵات هەڵبژێرێ، وەزارەت پێک بهێنێ، باوەڕی پێ ببەخشێ و باوەڕی لێ بسێنێتەوە، قانون دابنێ،

---

[1] . نەوشیروان مستەفا ئەمین خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

سیاسەتی ناوە و دەرەوەی وڵات دابڕێژێ، بودجەی سالانە تاووتوێ بکا، ڕێگە نەدا جارێکی تر ڕژێمی تۆتالیتاری و دڕندەی سیاسی دروست ببن.

– مافی مرۆڤ دابین بکا: واتە جارِی گەردونی و قانونی ناودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ جێبەجێ بکا.

– دین و دەوڵەت تێکەڵاو نەکا: واتە ڕێزی دینی ئیسلام و هەمو ئایینەکانی تر بگرێ و، نەهێڵێ دین بۆ مەبەستی سیاسی بە کار بهێنرێ و لە گەڵ قانون تێکەڵاو بکرێ.

دەربارەی ئەوەی لە دەستورەکەدا دەبێ مافەکانی کورد چی بێت، نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی:

– دەسەڵات لە نێوان هەرێم و ناوەنددا دابەش بکا.

– ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنوری هەرێم بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

– مولکیەتی سەرچاوە سروشتییەکان بگێڕێتەوە بۆ دانیشتوانی هەرێم.

– پاراستنی ئاسایشی کوردستان لە هێرشی دەرەکی و ناوەکی دابین بکا.

– لە سەفارەتەکانی عێراقدا نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێ.

– یەکسانی زمانی کوردی و عەرەبی لە عێراقدا جێبەجێ بکا.

گونجاندنی هەر یەکێ لەم خواستە چارەنوسسازانە لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا، جگە لە یەکڕیزیی کورد و، پشتیوانی و هاوکاری نوێنەرانی عەرەب و هێزە دیموکراتییەکانیان، عەقڵ و مەنتیق و، شارەزاییەکی زۆری گەرەکە لە زانینی هونەری موناوەرەی سیاسی و، سەودا و سازیندا، لە دانوسەندنەکانی چەند مانگی داهاتودا. تۆ بڵێی نوێنەرەکانی کورد لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقدا و، نوێنەرانی کورد لە کۆمیتەی نووسینی دەستوردا و، لە پشتی ئەوانەوە سەرکردایەتی کورد لەو ئاستەدا بن؟"[1]

## ٢. دەستور و سنوری کوردستانی عێراق

خاڵێکی گرنگ کە هەمیشە جێگەی ناکۆکی ڕژێمە یەک لە دواییەکەکانی عێراق و شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردا بووە، مەسەلەی سنور بووە. نەوشیروان مستەفا ڕوخانی ڕژێمی بەعسی لە ساڵی ٢٠٠٣دا بە هەلێکی مێژویی زانیوە بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان. لەوتارێکدا بە ناونیشانی "هەلێکی مێژویی، بەڵام لە دەس چوا!" ئەو پرسەی باس کردووە و نووسیویەتی: " گەلان هەموو جار هەلیان بۆ هەڵ ناکەوێ. لە

1 . نەوشیروان مستەفا، تەنیا بۆ بیر هێنانەوە: پرسی دەستور:
https://archive.gorran.net/ArticleDetail.aspx?id=121&LinkID=147

دەیان ساڵ خەبات و چاوەڕوانیدا لە زەمان و زەمینێکی دیاریکراودا ئینجا رەنگە یەکجار هەلێکی لەبار بۆ گەلێ بڕەخسێ ئامانجێکی گەورەی خۆی بە دەس بهێنێ. قۆستنەوەی ئەو هەلە لەو زەمان و زەمینەدا کارامەیی و ناکارامەیی یان لێ وەشاوەیی و لێ نەوەشاوەیی سەرکردایەتی ئەو گەلە دەرئەخا. لە پێش ڕوخانی بەعسدا، لە ناو هەموو موعارەزەی عێراقیدا کە ئەوسا هەمویان ئاوارەی وڵاتان بوون و ئێستا لە حوکم دان، کورد بەهێزترین یاریکەری سیاسی مەیدانەکە بو. هێزێکی سیاسی، ئابوری، جەنگی ..کاریگەربو. چونکە لەسەر ئەرزی خۆی بو. ئەگەر چی دو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوو بەڵام دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بوو لە ناو دەوڵەتی عێراق دا. لەکاتی ڕوخانی بەعسدا، کە هەمو دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق داڕما بوو، بۆشاییەکی ئەمنی، ئیداری، سیاسی لە عێراق دا دروست بوبو، کورد تەنیا هێزی ڕێکخراو بوو لە عێراقدا داوودەزگای حکومەتی و حیزبیی هەبوو. هەرێمەکەی بۆشایی ئیداری، ئەمنی، سیاسی... تێیدا نەبو."

کۆتایی وتارەکەشی بەوە دەهێنێ: "لەو پشێویە سیاسی و کارگێریە قوڵەی عێراقدا کە نە لە بەغدادو نە لە هیچ پارێزگایەکی تری عێراقدا دامەزراوەیەکی حکومەتی نەمابوو بەسەر خەڵکەوە حوکمڕانی بکات، بۆشاییەکی گەورە و بەرەڵاییەکی بێ ئەندازە دروست بوو، خزمەتگوزاری گشتی هەرەسی هێنابوو، سەرکردایەتی کورد، ئەگەر وازی لە ململانێی حیزبی بهێنایەو، بەرنامەیەکی کوردیی نا حیزبیی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی کارگێڕی و ئەمنی ئەو ناوچانە و، بۆ دابین کردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی جێبەجێ بکردایە، ئەیتوانی هەمو یا زۆری ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، کە ئەوسا بێ خاوەن بوون و چاوەڕێ یان ئەکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان لێ بکات بەخاوەن، وەکو"ئیدارەی ئەمری واقیع"، بیهێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

بەڵام لە باتی ئەمە: سەرکردایەتی کورد خۆیان چونە بەغداد بۆ جێگیرکردنی جێگە پێی قانونی و سیاسی و ئابوری لە دەوڵەتی عێراقی تازەدا. لە هەمان کات دا ڕێگەیاندا بە بەرپرسەکانی ریزی دوەم و سێیەمی حیزبیەکانیان بڕژێنە ئەو ناوچانەوە بۆ داگیرکردنی هەرچی زۆرتری دائیرەو بارەگا و خانوی کاربەدەستانی رژێمی پێشوو، تالانکردنی هەرچی زۆرتری سەیارە، بلدۆزەر، شۆفڵ، کەلوپەلی داوودەزگا حکومەتی و حیزبیەکان... هەلێکی مێژویی کە بۆ کورد هەڵکەوت بو لە دەس چو!"[1]

1 . نەوشیروان مستەفا، هەلێکی مێژویی بەڵام لە دەس چو!:
https://archive.gorran.net/ArticleDetail.aspx?id=123&LinkID=147

پێشتریش نەوشیروان مستەفا لە کاتی نووسینەوەی دەستووری نوێی عێراقدا، داوای لە سەرکردایەتی کورد کردووە، ئەم دەرفەتە لە دەست نەدەن و ئەمجارە بەپێی دەستووری نوێی عێراق سنووری جوگرافی کوردستانی باشور دیاری بکرێت.

لە حەوتەمین بەشی وتارەکەیدا کە لەژێر ناوی "سنووری کوردستانی عێراق کوێیە؟" و لە ٥ حوزەیرانی ٢٠٠٥دا بڵاوکراوەتەوە دەڵێت: "شۆڤێنیەکانی عەرەب، چ عەلمانی و چ دینیی، هەوڵێکی زۆر ئەدەن بۆ ئەوەی رای گشتی عەرەبی عێراق دژی خواستەکانی کورد بوروژێنن و، دەوڵەتانی دراوسێ بکەن بە گژیدا. شەری دەستور، شەڕێکی سیاسی سەختە، ئەبێ کورد خۆی بۆ هەمو ئەگەرەکانی ئامادە بکا.

خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم ململانێیە: "کێشە ئەرزیەکانی نێوان کورد و عێراق" و شێوەی بەڕێوەبردنی و بە لادا خستنی بە قازانجی کورد، کارێکی ئاسان نیە. بە ئیدیعا و موزایەدە و هەراو هوریا و پرۆپاگاندەی دیماگۆگی دەزگاکانی راگەیاندن ناکرێ، هەندێ جار رەنگە پرۆپاگاندە بە قازانجی کاتیی حیزب بێ، بەڵام بە زەرەری هەمیشەیی کورد تەواو ببێ. ساغ کردنەوەی ناوچە کوردستانییەکان پلانێکی هەمە لایەنەی ورد و ژیرانەی ئەوێ، کە جگە لە سەرکردایەتی کورد و نوێنەرانی کورد لە کۆمەڵەی نیشتمانی و ئەنجومەنی نیشتمانی دا، ئەبێ چەندین شارەزای ئەو ناوچانە و پسپۆڕی جوگرافیا و مێژو و قانون و کارگێڕی... بۆ کۆ بکرێتەوە لەم شەڕەدا هاوکار بن. دەربارەی دیاریکردنی سنووری ناوچەکش نووسیویەتی:

بەر لە هەر شتێ پێویستە کورد ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دیاری بکا.

ئەو ناوچانەی داوای ئەکا بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان کامانەن؟

کامانەن ناوچەکانی هەموی کوردن؟

کامانەن ناوچەکانی تێکەڵاون لە کورد و نەتەوەکانی تر؟

کامانەن ناوچەکانی لە کورد زەوت کراون و، ئێستا کوردیان تێیدا بۆتە کەمایەتی یا پاکتاوی نەژادی کراون؟

کورد چیئەکا بۆ ئەوەی کەمایەتییە نە کوردەکانی دانیشتوی ناوچە کوردستانییەکان بە لای خۆیدا رابکێشێ؟

کورد چۆن لە گەل تورکمان، عەرەب، مەسیحیەکان، رەفتار ئەکا؟

کورد لە سەر کوێ پێ دائەگرێ و لە سەر کوێ سەودا و سازان ئەکا؟

کورد لە داواکاریەکانی دا بۆ هەر ناوچەیەک ئەبێ پشت ئەستور بێ بە بیانووی جوگرافی مێژویی و دیمۆگرافی و، بە بەڵگەی سیاسی و قانونی.

ئەبێ دانیشتوانی ئەو ناوچانە ساز بدرێن خۆیان ببن بە ئالاهەڵگری گەڕانەوەیان بۆ سەر کوردستان.

جگە لە بزوێنەری سیاسی جۆرێ لە دەسکەوتی مادیان بخرێتە بەر چاو ئەگەر بەسترانەوە بە کوردستانەوە، چ قازانجێ ئەکەن.

ئەبێ میکانیزمێ دابنرێ بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەی گەڕانەوەیان بۆ سەر کوردستان.

هاوکات دەشڵێت: "چەندین ساڵە کورد بە رێگەی جۆراوجۆر خەباتی کردوە بۆ بە دەسهێنانی مافەکانی، لە سەرو هەمویانەوە دیاری کردنی سنوری نیشتمانەکەی، ئێستا کە لە کاتی نووسینی دەستوردا چارەنوسی ئەو ناوچانە بە لادا ئەخرێ، سەرکردایەتی کورد لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژویی سەخت دایە: تا چەند سەرکەوتو ئەبێ "کێشە ئەرزیەکان" بە قازانجی هەرێمی کوردستان بە لادا بخا!"[1]

**٣. راپرسی لەسەر نیشتمان ناکرێ!**

سەرکردایەتی سیاسی کورد، نەک ئەوانەی پێ نەکرا کە نەوشیروان مستەفا بۆی دیاری کردبوون، بەڵکو بە پێی مادەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی رازی بوون بەوەی راپرسی لەو ناوچە دابڕاوانەدا بکرێت، ئاخۆ خەڵکەکەی رازین بەگەڕانەوە بۆ سەر کوردستان یان پێیان باشە لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەرکەزیدا بمێننەوە.

نەوشیروان مستەفا زۆر دژی ئەوە بووە چارەنووسی بەشێکی گرنگی خاکی کوردستان بە راپرسی یەکلایی بکرێتەوە و لەو بارەوە لە دیدارێکیدا کە لە کەناڵی کوردسات پەخش کراوە دەڵێ: "بەڕەئی من ساڵی ١٩٧٠ غەڵەتێکی زۆر گەورەیان کردووە سەبارەت بەوەی کە چارەنوسی کەرکوک و هەندێ ناوچەیان حەواڵەی ئیستفتا کردووە! ئەمجارەش ئەگەر ئێمە حەواڵەی ئیسفتای بکەین، پێم وایە دیسانەوە غەڵەتێکی گەورە دەکەین! میللەتان ناچن بە ئیستفتا ئەرزی خۆیان وەرگرنەوە، مەسەلەن شارێکی وەکو بەغدا شارێکی وەکو موسڵ ئەگەر ٨٠٪ ببێ بە کورد یان بەهەر میللەتێکی تر هەر بە شاری عەرەبی حیسابی ئەکەین. لەبەر ئەوە کەرکوک و ناوچەکانی دەوروپشتی، ئەو ناوچانەی کە کوردی بوون و بە درێژایی زەمان بەشێک بوون لە کوردستان، حەتا ئەگەر ئەکسەریەتی کوردیشی تیا نەمێنێ، ئێمە هەر بە مولکی خۆمانی ئەزانین و حەقی خۆمانە کە داوای بکەینەوە. بە هیچ شێوەیەک من لایەنگری ئەوە نیم چارەنوسی کەرکوک بەرەوڕووی ئیستفتا و شتی وا بکەینەوە، بەڵکو بە عەکسەوە، ئەبێ ئێمە پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە کەرکوک بخرێتەوە سەر

1 . نەوشیروان مستەفا، تەنیا بۆ بیر هێنانەوە: پرسی دەستور:
https://archive.gorran.net/ArticleDetail.aspx?id=121&LinkID=147

کوردستان. من لەگەڵ ئەوەم ڕێگە نەدەین جارێکی تر چارەنوسی کەرکوک و ناوچە کوردییەکانی تر بخەینە بەردەمی ئیستفتاوە، بەڵکو ئەبێ سور بین لەسەر ئەوەی ئەو شوێنانەمان بدەنەوە، حەتا ئەگەر یەک کوردیشی تیا نەبێ."[1]

نەوشیروان مستەفا لە دریژەی چاوپێکەوتنەکەدا دەڵێت: "لەو گفتوگۆیانەی کردومانن، عێراق بۆچی ڕازی نە ئەبوون کەرکوک بخرێتە سەر کوردستان، لە ڕاستیدا ئەوانە هەندێ بەهانەیان ئەدۆزیەوە، بەهانەکانیان ئەوە بوو کەرکوک شارێکی تێکەڵاوە ئەبێ بەو نەوعە ئیدارە بکرێ، لەوەش موهیم تر ئەیانوت لەبەر ئەوەی سەروەت و سامانی سروشتی مووڵکی دەوڵەتی مەرکەزیە و دەوڵەتی مەرکەزی مەسئولە لەوەی سەروەت و سامانی سروشتی بفرۆشێ لە بازاڕ و واریداتەکەی دابەش بکاتەوە بەسەر میللەتدا، لەبەر ئەوە ئەو شوێنانەی سەروەت و سامانی سروشتی تیایە وەکو کەرکوک، دەبێ بەدەستی دەوڵەتی عێراقیەوە بێ.."[2]

## ٤. دژایەتی کردنی هاتنی لەشکری تورکیا

لە مانگی ئابی ٢٠٠٣ ئەمەریکا داوای لە تورکیا کردوە فیرقەیەک سەرباز بنێرێ بۆ بەشداریکردن لە هێزی پاراستنی ئاسایش لە عێراق. لە کۆبوونەوەی ١٦ ئابی ٢٠٠٣ی دەستەی سەرۆکایەتیدا، کە ئەو کاتە ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی بووە و نەوشیروان مستەفا لە جێگەی جەلال تاڵەبانی بەشداری کۆبوونەوەکەی کردووە، بە توندی دژی داوایەکی ئەمریکییەکان وەستاوەتەوە و بۆ هاتنی لەشکری تورکیا و وتویەتی: "من داوام کرد مجلس الحکم داوا لە ئەمەریکا بکا کە نە هێزی تورکیا و نە هێزی هیچ وڵاتێکی دراوسێی عێراق بانگ نەکات بۆ بەشداری لە پاراستنی ئاسایش دا، چونکە ئەوانە بێلایەن نین. جەعفەری و هەندێکی تریان گەرم نەبوون. بەڵام باسکرا و بڕیار درا چوارشەمە لەگەڵ سەفیر بریمەر باس بکرێ. (قائم بالاعمال)ی تورکیا لە بەغداد بەنامە جەعفەری و وەفدێکی (مجلس الحکم)ی دەعوەتی ڕەسمی کردوە بۆ تورکیا بەڵام بە شەفەهی ناوی ئەندامانی وەفدەکە خۆی دیاری کردوە، ناوی هیچ کوردێکی تیا نیە."[3]

ئەم پرسە لەو کۆبوونەوەیەدا یەکلایی نابێتەوە تاوەکو لە کۆبوونەوەی ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣، نەوشیروان مستەفا ئەو مەسەلەیە دێنێتەوە بەر باس و تێیدا هەڵوێستی

---

1 . چاوپێکەوتنی کەناڵی کوردستات لەگەڵ نەوشیروان مستەفا:
https://www.youtube.com/watch?v=GPlw2Y6c7iw

2 . هەمان سەرچاوە.

3 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

لایەنە کوردییەکان سەبارەت بە هاتنی لەشکری تورکیا بۆ عێراق رووون دەکاتەوە و دەڵێت: "ئێمەی کورد، لە چەند ساڵی رابوردودا پێوەندی باشمان لەگەڵ هەمو دەوڵەتانی دراوسێ هەبوە. لە ئەنقەرە، تاران، دیمەشق، ئۆفیس و نوێنەرایەتیمان هەیە. لەگەڵ بنەماڵەی مەلیکی ئوردون، ئەمیرەکانی سعودیە، ئەمیرەکانی کوەیت، باشترین پێوەندی دۆستانەمان هەیە. بەڵام پێمان باش نیە هێزی هیچ کام لە دەوڵەتانی دراوسێ بێنە ناو عێراقەوە، چونکە هەریەکەیان بەرنامە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە عێراق دا هەیە. هیچیان لە رووداوەکانی ناو عێراق دا بێلایەن نین و جگە لە کوەیت هەمویان دژی جەنگ راوەستان. تورکیایش لە مەسەلەی عێراقدا بێلایەن نیە. بەرژەوەندی و بەرنامەی تایبەتی خۆی لە عێراق دا هەیە. خۆیشیان ئەوە ناشارنەوە ئەڵێن ئەمانەوێ بچین بۆ عێراق بۆ ئەوەی دەنگمان هەبێ لە دارشتنی دواڕۆژی عێراق دا. ئێمە بە قۆناغێکی زۆر ناسک دا تێ ئەپەڕین. لەم قۆناغەدا دەوڵەتی عێراق سەرلەنوێ بنیات ئەنرێتەوە. دەستور ئەنوسرێ. هەڵبژاردنی گشتیی ئەکرێ. ئەگەر تورک بێن دەس وەرئەدەنە کاروباری ناوخۆی عێراقەوە: دەس وەرئەدەنە پێوەندی نێوان تورکومان و کورد و عەرەب، دەس وەرئەدەنە نوسینی دەستور و هەڵبژاردنی گشتیی... لەبەرئەوە نامانەوێ نە هێزی تورکیا و نە هێزی هیچ کام لە دەوڵەتانی دراوسێ، بێنە عێراقەوە".[1]

دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس وەک نوێنەری مەسعود بارزانی، دکتۆر عادل عەبدولمەهدی وەک نوێنەری ئایەتوڵڵا ئەلحەکیم و بەشێکی دیکە لە ئەندامانی کۆبوونەوەکە پشتیوانیان لە قسەکانی نەوشیروان مستەفا کردووە. پاش دەربڕینی نارەزایەتی کورد و شیعە بۆ هاتنی لەشکری تورکیا بۆ عێراق، لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ سەرۆک کۆماری تورکیا ئەحمەد نەجدەت سیزەر، رایگەیاند کە فایلی ناردنی هێزی تورک بۆ عێراق داخرا.

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

# باسی دووەم
# خوادا حافیز هاوڕێیان

**یەکەم: دواین تەقەلا بۆ ریفۆرم لە نێو حیزب**

لە دوای روخانی رژێمی بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣ و بەرقەرارکردنی سیستمی پەرلەمانی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە دوای هەر چوار ساڵ جارێک، چیتر حیزبە سیاسییەکانی کوردستان نەیاندەتوانی بەو لۆژیکەی جاران چالاکی و دینامیکیەتی ناوخۆیی خۆیان ڕێکخەن، دەبوو گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر شێوەی کاری خۆیاندا بهێنن.

پێش روخاندنی سەدام، لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا قسەوباسێکی زۆر لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی لە ناو حیزبدا دەکرا، چونکە باڵباڵێن و تەکەتولات رۆژ لە دوای رۆژ وەک مۆرانە هەناوی یەکێتی لەتلەت دەکرد و وای کردبوو مەودایەکی زۆر کەوتبووە نێوان یەکێتی و ئەو ئامانجانەی لە پێناویدا دامەزرابوون. بەشێکی زۆر لە سەرکردە و کادیرەکانی یەکێتی بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوەکە، بەدەر لە کۆبوونەوە فەرمییە حیزبییەکان، لە میدیاکانەوە کەوتنە ڕەخنەگرتن لە دۆخەکە و دەیان وتار و سیمینار کران. ئەمە بۆ نەوشیروان مستەفا پاڵپشتییەکی زۆر باش بوو، چونکە چەندین ساڵ بوو بەشێوازی جیاجیا کاری بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم و چاکسازی لە ناو یەکێتیدا دەکرد، بەڵام بەهۆی تەکەتولات و باڵباڵێن و سەرمەست بوونی بەشی زۆری بەرپرسانی حیزب بە پۆست و ئیمتیازاتەکانیانەوە، بێ ئەنجام بوون.

ساڵی ٢٠٠٥ مام جەلال بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق، سەرقاڵ بوونی بە کاروباری سەرۆک کۆمارییەوە، وایکرد ئەو باڵانسەی نێوان باڵە جیاجیاکانی ناو یەکێتی تێکبچێت. چەندین کادیری پێشکەوتوو و هەندێ لە سەرکردەکانی حیزبەکە، دیسانەوە لە ڕێگەی نووسینی کۆمەڵێک موزکەرە و گوتارەوە ئەو کێشە و گرفتانەی ناو حیزب دەسنیشان بکەن کە پێویستی بە چارەسەری بە پەلە هەبوو. بەڵام لە لایەن سەرکردە دەست ڕۆیشتوەکانەوە پشتگوێ خران و زۆر گرنگیان پێ نەدرا. بیانوو و

هۆکاری زۆر هەبوون بۆ ئەوەی ریفۆرم لە ناو حیزبدا نەکرێ، رەنگە سەرەکیترینیان ئەوە بێت کە نابێ لەو دۆخەدا، یەکێتی لە بەرانبەر حیزبەکانی دیکەدا لاواز پیشان بدرێت. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئەنجام نەدانی ریفۆر لە ناو یەکێتیدا ئەو بوو هەموو کەسێک ئامادە نەبوو لەبەرامبەر مام جەلالدا رێبەرایەتی ئەو رەوتە بکات.

نەوشیروان مستەفا، بەوپێگە جەماوەری و رابردووە دوور و درێژەی کە هەیبوو لە ناو یەکێتیدا، ساڵی ٢٠٠٤، بڕیارێکی جەریئانەی دا و لەگەڵ هاوڕێکانی سەردەمی شاخدا کەوتە گفتوگۆ و راوێژ بۆ ئەوەی یەکێتی لەو گێژاوەی تێی کەوتبوو رزگاری بکەن. پڕۆژەیەکیان ئامادە کرد بۆ ریفۆرم کردن لە ناو یەکێتیدا کە دوو تەوەری سەرەکی لە خۆ دەگرد:

یەکەم: ریفۆرم لە کولتووری یەکێتیدا؛ بە مانای ئەوەی ئەو نەمەتە لە ئەندامگیری بە ناچار کردنی خەڵک کە بێنە ریزی حیزبەکەتەوە بۆ ئەوەی بتوانن لە فەرمانگەکانی حکومەتدا دامەزرێن یان پلەوپۆستیان بدرێتێ، کاروبارەکانیان لە دائیرەکانی حکومەتدا جێبەجێ ببێ. هەروەها کارکردن بۆ ئەوەی لە ناو یەکێتی دا پرەنسیپی سزا و پاداشت و شەفافەیەت و هەڵسەنگاندن بۆ چالاکییەکان پەیڕە و بکرێت. لەوانەش گرنگتر، کۆمەڵێک مینبەری حیزبی بکرێتەوە بۆ گفتوگۆ و موناقشە لە پێناوی گەشەکردنی بەرهەم هێنانی فکر.

دووەم: ریفۆرم لە ستراکچەری یەکێتیدا؛ ئەو ستراکچەرەی یەکێتی تا ئەو کاتەی لە سەری دەچوو ستراکچەری حیزبی ستالینی سەردەمی خەباتی نهێنی و شاخ بوو، دەبوو بەشێوەیکی نوێ دابڕێژێتەوە کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێ، بۆیە لە پڕۆژەکەی نەوشیروان مستەفادا بۆ ستراکچەری یەکێتی چەندین میکانیزمی ئاسان دانرا بوون بۆ دروست کردنی پردی پەیوەندی نێوان جەماوەر و دەزگا جۆراوجۆرەکانی حیزب، بەبێ ئەوەی خەڵک ناچار بکرێت ئینتما بکات بۆی.

بۆ ئەنجامدانی ئەو ریفۆرمانە، دوای ئەوەی موزەکەرەیەکیان دا بە مام جەلال کە لە لایەن زۆرینەی سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکانەوە ئیمزا کرابوو، نەوشیروان مستەفا پێشنیاری ئەنجامدانی کۆنفرانسی مەڵبەندەکانی کرد، بۆ ئەوەی دوای ئەوە لە کۆنگرەیەکدا، ریفۆرم لە هەردوو بواره دیاری کراوەکەدا بکرێت.

مام جەلال، ملی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ریفۆرم لە ناو یەکێتی دا، جێبەجێ کردنی ئەم پڕۆژەیە لە بەرژەوەندی هەندێ لە سەرکردەکانی یەکێتیدا نەبوو، بۆیە کاتێک پرۆسەکە کەوتە بواری پراکتیکەوە، لەبەر ئەوەی پارە و مەنسب بەخشینەوە هێشتا بە دەستی شەخسی یەکەمەوە بوو، بەشێک لەو سەرکردانەی کە لە سەرەتاوە خۆیان

واپیشان دەدا لە ریزی ریفۆرمخوازەکانن، لە نیوەی ڕێگادا پەشیمان بوونەوە و لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان رووبان بۆ لای باڵی خاوەن پارە و مەنسب وەرچەرخاند. بەمجۆرە پرۆسەی ریفۆرم کردن لە ناو حیزبدا هەر لە سەرەتاوە توشی شکستێکی گەورە بوو.

سەبارەت بە هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لەناو یەکێتیدا نەوشیروان مستەفا لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: "زۆری ئەو هەوڵانەی من ئەیاندەم بە ئەنجام ناگەن. لە ناو مەکتەبی سیاسی و لە ناو حکومەتدا لە سەر کاغەز بڕیاری لێ ئەدرێ بەڵام لە سەر ئەرز جێبەجێ ناکرێ یان جێبەجێ ئەکرێ، بەڵام وا ئەشێوێنرێ ئەگەر دەستی لێ نەدرایە باشتر بو. سەرانی دەستە بەندیەکانی ناو یەکێتی هەرچی بە قازانجی خۆیان نەبێ تەگەرەی لێ ئەدەن و پەکی ئەخەن."[1]

دوای ئەو هەموو هەوڵە یەک لە دواییەکانە، نەوشیروان مستەفا تێگەیشت کە ئەنجامدانی ریفۆرم لە ناو یەکێتیدا بووەتە شتێکی مەحاڵ، بۆیە لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٦ بە یەکجاری وازی لە یەکێتی هێنا. گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ لە جێگەی دیکە و بە شێوازی تر کار بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم بکرێت.

**دووەم: دامەزراندنی کۆمپانیای وشە**

**١. زەمینەکانی دامەزراندنی کۆمپانیای وشە**

لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٦دا کۆمپانیای وشە کە تایبەت بوو لە ڕاگەیاندن، لە لایەن نەوشیروان مەستەفاوە دامەزرا، لە دیدارێکدا سەبارەت بە ئامانج لە دروست کردنی کۆمپانیای وشە و سیاسەتی راگەیاندنی کۆمپانیاکەی نەوشیروان مستەفا دەڵێ: "پێش پێنج ساڵ لەمەوبەر بیرێکی وام لا گەڵاڵە ببوو، لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و بە تایبەتی مام جەلال باسم کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کاتە جێبەجێ نەدەکرا، وازم لێ هێنا. لە راستی دا ئەم پرۆژەیەی من لە بیرمایە و لەگەڵ چەند کەسێک لە هاوڕێ و هاوکارەکانمدا جێبەجێی دەکەین، بریتیە لە پڕکردنەوەی دوو بۆشایی کە ئێمە پێمان وایە لە کوردستانی عێراقدا هەیە، بۆشایەکیان لە راگەیاندایە، ئەویش ئەوەیە لە کوردستاندا راگەیاندن بە گشتی حیزبی و حکومین، واتە پاوان کراون لە لایەن حیزبەکانەوە، لە لایەن یەکێتی نیشتمانی، پارتی دیموکرات، حیزبی شیوعی، بزوتنەوەی ئیسلامی، زەحمەتکێشان، کۆمەڵی ئیسلامی، سۆسیالیست، واتە هەر دەزگایەکی راگەیاندن دەگریت سەربە حیزبێکی دیاریکراوە و ئیش بۆ ئەو حیزبە دەکات، لەبەرئەوە ئێمە پێمان وایە کە بۆشاییەک لە راگەیاندندا هەیە، کە

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

ئەوەیش بۆشایی راگەیاندنی ئازادە، راگەیاندنێک کە لە روی سیاسییەوە سەربەخۆ بێت، سەر بە هیچ حیزبێک نەبێت، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی سیاسی خۆی بپارێزێت و سەربەخۆ بێت و بتوانێت لەسەر قاچی خۆی رابوەستێت، ئەمە یەکێکە لەو بۆشایانەی کە ئێمە هەوڵدەدەین لە قۆناغی داهاتودا پڕی بکەینەوە."[1]

سەبارەت بەوەی بۆ ناوی (وشە) بۆ کۆمپانیا میدیاییەکەی هەڵبژرادوە، نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "لەبەرئەوەی هەموو کارێک لە ژیاندا بە (وشە) دەست پێ دەکات، کۆمپانیای وشەش دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆیە لە رووی سیاسی و داراییەوە جیاوازە لە هۆکارەکانی دیکەی راگەیاندن کە لەسەر گۆڕەپانی کوردستاندا هەن، یان حیزبین یان حکومەتین. ئەوەی زانراوە کە گۆڕەپانی کوردستان و عێراق بێبەشن لە راگەیاندنی سەربەخۆ، ئەمەش بە کەموکورتیەکی گەورە دادەنرێت سەبارەت بە وڵاتێک کە هەنگاو بەرەو دیموکراسی و ئابوری ئازاد دەنێت. بەڕای من ناتوانرێت سیستمێکی دیموکراسی بنیاد بنرێت یان گەشە بە ئابوری ئازاد و پتەو و دور لە راگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ بنرێت، لەسەر ئەو بنەمایە هەوڵ دەدەین لەرێگای ئەم کۆمپانیایەوە دەزگایەکی راگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ دروست بکەین، لەو هەلومەرجە سیاسیەی لە کوردستاندا هەیە."[2]

هەروەها بۆ میکانیزمی کارکردنی کۆمپانیاکە و جیاوازی لەگەڵ میدیاکانی دیکەدا دەڵێت: "یەکێک لە سەرەتاکانی ئیش کردنمان لە سەرتاسەری پڕۆژەکەدا ئەوەیە، کە رێگەی تەشهیر و جنێودان ناگرینەبەر، کە هەندێک کەس دەیکەن، بە ناوزڕاندنی خەڵک، ئێمە نایکەین. بێجگە لە پابەندی سیاسی و مەسەلەکانی کورد و ئەوانەی دەکەوێتە خانەی ئاسایشی نەتەوەییەوە، هیچ پابەندییەکی ترمان نییە. لە رەخنەگرتندا کەس ناچێتە ناو هێڵی سورەوە، بەڵام مانای هێرش کردنە سەر نیە. ئەو پڕۆژەیە بە تەنیا هی من نییە، بە تایبەتی لێرەدا، بەتەنیا هی من نابێت، ئەو پڕۆژەیە ئێمە وادەکەین دەستەیەکی سەرپەرشتی کردنی هەبێت، ئەو دەستەیە لە چوارچێوەی گشتی ستراتیژی ئیشەکەدا دائەنرێت. لەناو پڕۆژەکەدا ئێمە هەوڵ ئەدەین بۆ راگەیاندنێکی ئازاد، بیرکردنەوەیەکی ئازاد دامەزرێنین، لەبەر ئەوە لە ناو خۆماندا بە تەبیعەتی حاڵ زۆرتر ئازادی هەیە، من بەتەمانیم بیروبۆچونەکانی خۆم بسەپێنم بەسەر کەسدا.. ئەم پڕۆژەیە دوو کۆڵەکەی هەیە، کۆڵەکەیەکیان راگەیاندنە، کۆڵەکەیەکیان بیرکردنەوەیە،

1 . هاوڵاتی (رۆژنامە)، ژمارە ٣١٠، ٢٠٠٧/١/٢٤، ل٣.
2 . الشرق الاوسط (رۆژنامەی) ٢٠٠٧/١١/٩

ئەوە ئێمە نابەستێتەوە بە هیچ لایەکەوە، غەیری هاوڵاتی بوون و قازانجی موشتەرەکی نەتەوەکەمان."[1]

**٢. ئامانجەی سەرەکییەکانی کۆمپانیای وشە**

یەکەم: بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دیموکراسی، هەڵبژاردنی ئازاد، کاراکردنی پارلەمان، ململانێی هێورانە، دەستاودەست کردنی هێورانەی دەسەڵاتی سیاسی، قبوڵ کردنی یەکتری، ڕێزگرتنی مافی کەمایەتی.

دووەم: بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی یەکسانی قانونیی لە دەنگدانی هەڵبژاردنەکاندا، لە خۆپاڵاوتندا بۆ پۆستی جیاواز، لە وەرگرتنی وەزیفەکانی حکومەتدا، لە وەرگرتنی زەوی و ئۆتۆمبیل و یارمەتی و دارایی و سەفەردا، بێ گوێدانە جیاوازی ئینتیمای حیزبی، دینی، مەزهبی و، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی و عەشیرەتی.

سێیەم: بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی یەکسانی قانونیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، نێر و مێ و، خۆشکردنی زەمینەی بەشداری ئافرەت لە هەموو بوارەکانی ژیان دا، بە تایبەتیی لە دەزگاکانی بڕیاردانی سیاسی دا.

چوارەم: بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تەشریعی و تەنفیزی و قەزایی لە یەکتری و دابینکردنی سەربەخۆیی دادگا.

پێنجەم: بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی سەروەری یاسا و چەسپاندنی دەوڵەتی قانون و لێپرسینەوەی قانونی، بێ جیاوازی پلە و پایەی حکومەتی و حیزبی و کۆمەڵایەتی، لە هەرکەسێ کە لادان و سەرپێچی و پێشێلی لێ ڕووبدا.

شەشەم: بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دادی کۆمەڵایەتی لە دابینکردنی کار، شوێنی ژیان، خوێندن، و تەندروستی و بێکاری و پەککەوتن و پیری دا.

حەوتەم: بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی لێ بووردن و پێکەوە ژیانی پێکهاتە نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی و خێڵەکیەکانی دانیشتوانی کوردستان و، سەلماندنی مافە سیاسی، ڕۆشنبیری، ئابووری و کارگێڕیەکانی، تورکمان، عەرەب، مەسیحی، ئێزیدی، شەبەک و، هاوبەشیان لە داودەزگاکانی دەسەڵاتی سیاسی دا.

هەشتەم: بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی هۆشیاری نەتەوەیی، چەسپاندنی دڵسۆزی بۆ نەتەوە و نیشتیمان لە جێگەی دڵسۆزی بۆ سەرکردە و ناوچە و خێڵ و حیزب.

---

1 . هاوڵاتی (ڕۆژنامە)، ژمارە ٣١٠، ٢٠٠٧/١/٢٤، ل٣.

نۆیەم: بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی هاووڵاتی بوون و ماف و ئەرکەکانی، کە راگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ و، دەستووری عێراق و قانونەکانی کوردستان، سەلماندویانە و داکۆکی لێ کردنی لە بەرامبەر هەر دەستدرێژی و پێشێل کردنێکیدا. لەگەڵ کۆمەڵێک ئامانجی دیکەی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئابووری و کارگێڕی.

زۆربەی ئەو ئامانجانەی کە کۆمپانیای وشەی لە پێناودا دامەزرابوو، ئامانجی سیاسی بوون و کاریان بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری سیاسی لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا دەکرد. بە خوێندنەوەی ئەو ئامانجانە بۆمان دەردەکەوێ، نەوشیروان مستەفا ئەم کۆمپانیایەی لەسەر ئەساسی ئەو بۆچونە دامەزراند کە دەڵێ "رۆژنامەیەکی باشم بدەرێ حیزبێکی باشت دەدەمێ."

ئەوتار و رەخنانەی کە لە کەناڵەکانی میدیای وشەوە بڵاو دەبوونەوە، بە تایبەتی وتارەکانی نەوشیروان مستەفا، تا دەهات کاریگەریان لە ناو خەڵکی کوردستاندا زیاتر دەبوو، زۆرجار بەرپرسەکانی هەرێمی کوردستان پڕوپاگەندەیان ئەکرد، رەخنەکانی شتی شەخسین. ئەو قسانە ساردیان نەدەکردەوە، بەڵکو زۆر بەوردی تیشکی دەخستەسەر ئەو مەسەلانەی کە بوونەتە هۆی نادادپەروەری لە کوردستان، لە وتارێکدا مەسەلەی پرسی نادادپەروەری موچە لە نێوان فەرمانبەرانی ئاسایی حکومەت و پلەبالاکان وروژاند، لەوبارەوە نووسی: "ئێمە ئەمانەوێ موچەی پلەکانی خوارەوە هەڵکشێ بۆ ئاستی دابینکردنی لایەنی کەمی پێویستیە بنەڕەتیەکانی ژیانی خێزان لە هەرێمی کوردستان دا. موچە بەرزەکان و نەسریە و ئیمتیازەکان کەم بکرێتەوە لە بەرامبەردا موچە کەمەکان. کارمەندانی دائیرەکانی حکومەت بەرز بکرێتەوە، بەڵام ئەوان (دەسەڵاتداران) ئەیانەوێ موچەی پلەکانی سەرەوە بەرزتر و نەسریە و ئیمتیازەکانیان زۆرتر بکەن و، موچەی کەمدەرامەتەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە. ئێمە ئەمانەوێ موچە دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی بێ. ئەوان ئەیانەوێ موچە ئامڕازی سەر پێ دانەواندنی هەژاران و دەستەمۆکردنی کارمەندان بێ." [1]

دوای دوو ساڵ لە رەخنەگرتن و خستنەڕووی راستیەکانی دۆخی کوردستان لە رێگەی کاری میدیاییەوە.

لە ٢٠٠٨/١٠/١٢ نەوشیروان مستەفا لە رۆژنامەی "رۆژنامە"دا وتارێکی بڵاوکردەوە لەژێر ناوی "دوای ئەو هەموو رەخنەیە ئینجا چی؟"

لە وتارەکەیدا هەموو ئەو ناڕەزایەتییانەی خەڵکی کوردستان بەشێوەی جیاجیا دەریان ئەبڕی، لەمانەی خوارەوەدا کورت کربوەوە:

---

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، ئێمە و ئەوان: ناکۆکیەکانمان لەسەر بودجەی هەرێم، رۆژنامە ژمارە ٣١٠، ٢٠٠٨/٩/٢٢، ل١.

- ناڕەزایی دەربڕێ لەسەر کەمی خزمەتگوزاری.
- ناڕەزایی دەربڕێ لەسەر خراپیی "ئەدائی" دائیرەکانی حکومەت.
- ناڕەزایی دەربڕێ لەسەر جیاوازی کردن لە نێوان کابرایەکی حیزبی و کابرایەکی ناحیزبی و، لە نێوان حیزبییەک و حیزبییەکی تردا.
- ناڕەزایی دەربڕێ لەسەر بێ عەدالەتی.
- ناڕەزایی دەربڕێ لەسەر هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی باڵا.[1]

**٣. گەڕان بەدوای چارەسەردا**

لەو وتارەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا نەوشیروان مستەفا پێی وابوو ئەو میکانیزمە کۆنەی کە تا ئەو کاتە کۆمەڵگای کوردی پێ بەڕێوەبراوە ناتوانێ بەردەوام بێت و ئەوانەی لەو دۆخە ناڕازین لە بەردەم چوار ڕیانێکی چارەنووس سازدان، یان وازهێنان و بێدەنگ بوون، یاخود هەوڵدان بۆ چاکسازی، ئەنجامدانی شۆڕش. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە یەکێک لەو ڕێگایانە هەڵبژێرێ. هەر لەوتارەکەدا بە کورتی ڕای خۆیلەسەر هەر یەک لەو ڕێگایانە دەربڕیوە و نووسیویەتی:

ڕێگای یەکەم: وازهێنان؛ بەو مانایە تەسلیمی ئەمری واقع بین و پێمان وابێ ئەم گەندەڵیانە بە خەڵک چارەسەر ناکرێ و بابدرێتە دەست ڕۆژگار و باشتر وایە خەڵک سەری خۆی کز بکات و چاوەڕێ بێت ڕووداوەکانی عێراق و کوردستان بەرەو کوێ ئەڕوات.

تێچێنی نەوشیروان مستەفا بۆ ئەم بژاردەیە وابوو: "ئەمە جۆرێکە لە بەردانی وەرە و بێئومێدی و بێ هیوایی، ڕەشبینی.. نیشانەی تێک شکاندی کەسایەتی کوردە، داڕوخانی هەندێ توێژی کۆمەڵایەتییە، کە بێ گومان حوکمڕانی و دەسەڵات بەرپرسە لە بەرهەمم هێنانی، بەڵام دیاردەیەکی کاتییە و درەنگ یان زوو ئەڕەوێتەوە". ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەڕوونی لەلای کاک نەوشیروان ڕەفز بوو.

دووەم: بێدەنگ بوون؛ بەواتای بێدەنگ بوون و خۆ کەرکردن لە ئاستی هەموو ئەو ناحەقیانەی کە بەرانبەر کۆمەڵگا دەکرێ بەبیانووی بوونی هەڕەشە لەسەر ئەزمونەکەمان دەبێ لە کەموکوڕییەکان بێ دەنگ بین و لە ناشیرینیەکان چاو بپۆشین تا لەو پیلانە دەرئەچین؛ تێچێنی کاک نەوشیروان بۆ ئەم بژاردەیەش ئەوەیە: "ئەمە بیانوویەکی کۆنە، ئەگەر جاران هەندێ ڕاستی تێیدا بوبێ، ئێستا هیچ بنەمایەکی نەماوە،

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، دوای ئەم هەمو ڕەخنەیە ئینجا چی؟، ٢٠٠٨/١٠/١٢: سایتی سبەی:
https://archive.sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=841&AuthorID=36

ئەم قسانە هەندێ لە سودمەندانی گەندەڵی ئەیکەن بۆ پشتیوانی لە دەسەڵات و هێشتنەوەی هەلومەرجی ئێستا بە راوەستاوی."

سێیەم: هەوڵی چاکسازی، بەواتای هەوڵدان بۆ چاکسازی لە ناو خودی ئەوانەی دەسەڵاتیان لەدەستدایە بگەنە ئەو باوەڕەی کە ئیتر ناتوانن بەم شێوەیە بەردەوام بن و دەست بکەن بە چاکسازی و ئەنجامدانی ریفۆرمی هەمەلایەنە.

بەڕای نەوشیروان مستەفا ئەمە ئاسانترین و باشترین ڕێگایە، تێچێنەکەی وایە: "ئەم ڕێگەیە لە هەموو ڕێگەکانی تر سەلامەتتر و ئاسانترە، چونکە پشێوی سیاسی و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی و ڕوبەڕووبوونەوەی چەکداری لێناکەوێتەوە. ئاسانترە چونکە ڕێگەیەکی قانونییە، دامودەزگا دەستوورییەکان ئەتوانن لە پرۆسەیەکی قانونیدا بەهێمنی و شێنەیی جێبەجێی بکەن، بەڵام ئەمە پێویستی بەوە هەیە سەرکردایەتی هەردوو حزب لە ناو ئەواندا مام جەلال و کاک مەسعود، ئیرادەی چاکسازییان لە ئیرادەی قسەوە لەلا بووبێتە ئیرادەی جێبەجێ کردن" بەڵام نەوشیروان مستەفا گومانی هەیە لەوەی ئەم کارە بکەن و نووسیویەتی: "پێدەچێ ئەم دوو سەرکردەیە باوەڕیان بەم ڕێگەچاکسازییە نەبێ لەبەر ئەوە چاوەڕێ کردنی ئەوان کارێکی بێهودەیە، ئەبێ بەدوای ڕێگەی تردا بگەڕێین.

چوارەم: هەوڵی گۆڕیین: نەوشیروان مستەفا وەک کەسێک کە بە ئەکادیمی زانستی سیاسی خوێندوە و پەنجا ساڵ ئەزموونی پراکتیکی لەو کایەیەدا هەبوو، پێی وابوو لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم ئەزموونە توشی داڕمان دەبێت بۆیە ڕای وابوو کە کاتی (گۆڕان) هاتووە، بەڵام میکانیزمی ئەو گۆڕانە چۆن و چییە؟

لە وتارەکەیدا کۆمەڵێک شێواز و سیناریۆی جیاوازی بۆ گۆڕانکاری خستوەتەڕوو:

یەکەم: هەوڵی گۆڕین لە ناو دەسەڵاتەوە: تێچێنی ئەو لەسەر ئەم جۆرە گۆڕانە ئەوەیە "بەهۆی ئەو سیستمەی لە وڵاتدا پەیڕەو دەکرێ ئەمە کارێکی کردەنی نییە، چونکە لە پشتی دامودەزگاکانەوە دەسەڵاتێکی تارمایی دیکە هەیە کە حیزب و دەستوبەندیەکانی ناو سەرکردایەتیەکانێتی بۆیە ئەبێ بە تەمای ئەمە نەبین."

دووەم: هەوڵی گۆڕین لە ناو حزبەوە: بەدەرگایەکی داخراوی دەزانێ، چونکە "حیزب چوتە ناو هەموو جومگە و دەمارەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، بەهۆی پاوان کردنی دەسەڵات و دارایی و دەسکەوت و ئیمتیازەکانیەوە لە لایەن توێژێکی دەسەڵاتەوە قابیلی تازەبوونەوەیەکی راستەقینە نییە."

سێیەم: هەوڵی گۆڕین بە زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە و شەڕی چەکداری: (لە چەندین بۆنەدا ئەم شێوازەی ڕەت کردوەتەوە).

چوارەم: هەوڵی گۆڕین لەڕێگەی مەعارەزەی شارستانی، مانگرتن، خۆپیشاندان، ڕاپەڕینی جەماوەری، بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و بەگژا چوونەوەی کاربەدەستەکان.. (هەمیشە پشتیوانی ئەم جۆرە خەباتە بووە)

پێنجەم: هەوڵی گۆڕین لە ڕێگەی ململانێی دیموکراتی و هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکاندا.

دواجار نەوشیروان مستەفا دەنووسێت: "لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە هەمو نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان و، لە سەرانسەری جیهان دا چاوی ئومێدیان تێ بڕی بوو، بە تەما بوون ئەم حکومەتە ببێتە ناوکی دەوڵەتی داهاتوی کوردستان، کەچی ئێستا خەریکە ئەبێتە تەجروبەیەکی ناشیرینی حوکمڕانی کوردی. سەرەڕای گەندەڵی بە هەمو ڕەهەندەکانیەوە، سەرەڕای بێدادی کۆمەڵایەتی بە هەمو ڕەهەندەکانیەوە، سەرەڕای نارۆشنی پەیوەندیە دەرەکیەکانی بە هەمو ڕەهەندەکانیەوە، لە باتی پشتیوانی لە ماف و لە دەسکەوتەکانی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان دا خەریکە ئەبێتە برایەکی چارەقورس"[1]

1. ئەگەر ڕێگەی هەڵبژاردن شکستی خوارد، خەڵک بیر لە دۆزینەوەی ڕێگەی تر ئەکاتەوە:
http://archive.sbeiy.krd/Detail.aspx?id=29445&LinkID=58

# باسی سێیەم
# دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان

**یەکەم: ناسنامەی بزوتنەوەی گۆڕان**

بزوتنەوەی گۆڕان، وەک قەوارەیەکی سیاسی و لیستێک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، مێژووی خۆ ئیعلان کردنی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی چواری ساڵی ٢٠٠٩، بەدیاریکراوی ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/١١ کاتێ نەوشیروان مستەفا لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط"ی لەندەنی ژمارە ١١٠٩٢ ئاشکرای کرد کە ڕێبەرایەتی لیستێکی تایبەت دەکات، جیاواز لە لیستی حیزبەکانی تری کوردستان، بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان.

لە وتاری کردنەوەی یەکەمین کۆنگرەی گشتی بزوتنەوەی گۆڕان ٢٦ بۆ ٢٠١٣/١٢/٢٧، نەوشیروان مستەفا وتی دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان بە دوو قۆناغدا تێپەڕیووە:

قۆناغی یەکەم، قۆناغی هۆشیار کردنەوەی میدیایی و جوڵەی سیاسی سنوردار بوو. کادیر و ریفۆرمیستە سیاسیەکان، نووسەران، ڕۆژنامەنوسان، گەنجان و فێرخوازان، میدیاکاران بەگشتی و میدیاکارانی کۆمپانیای وشە بە تایبەتی، چالاکانی کۆمەڵگای شارستانی، دڵسۆزان و خەمخۆرانی نەتەوەکەمان بەگشتی، چ ئەوانەی لەناوخۆی هەرێم بوون و چ ئەوانەش کە ڕەوەندی هەندەران بوون، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان گێڕا لە خەملاندنی ئەو قۆناغە بەراییەدا.

قۆناغی دوەم، قۆناغی خۆڕێکخستن بوو لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیدا. ئەو قۆناغە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ دەستی پێکرد، لە بەهاری ئەو ساڵەدا گۆڕان وەک لیستێکی فەرمی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان خۆی ڕاگەیاند. لە هاوینی هەمان ساڵدا هەڵمەتێکی بەرفراوانی بۆ بەدەست هێنانی متمانەی هاوڵاتیان دەست پێکرد. پاشان وەک قەوارەیەکی سیاسی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خۆی بە دەنگدەران ناساندەوە.

دۆکیومێنتەکانی بزوتنەوەکە ئەوە دەردەخەن کە رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٨ کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە نووسراوی ژمارە ١٥٩ لیستی گۆڕانی وەک قەوارەیەکی سیاسی فەرمی لە هەرێمی کوردستان ناساندوە. بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٧ بە نووسراوی ژمارە ٣٢ لیستی گۆڕانی وەک قەوارەیەکی سیاسی فەرمی لەسەر ئاستی عێراق ناساندوە.

بەڵام وەک رێکخراوێکی سیاسی بە پێی یاسای حیزب و رێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٠/٥/٣١ مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە ١٣٣٨٢ وەرگرتووە.

بزوتنەوەی گۆڕان لە پێناسەکەیدا وا خۆی ناساندوە: "رێکخراوێکی سیاسی خاوەن کەسێتیی مەعنەوییە، لە گردبوونەوەی ئارەزومەندانەی ئەو هاوڵاتیانە پێکدێ کە لە دەوری بەرنامەی سیاسی و پەیڕەوی ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان کۆبوونەتەوە. شوێنی چالاکیی بزوتنەوەی گۆڕان، هەرێمی کوردستان و عێراق و هەر جێیەکی تر کە هاوڵاتیانی کوردستانی لێ بێ."

لە رووی ستراکچەری رێکخراوەییەوە، بزوتنەوەی گۆڕان ئەزمونێکی نوێ بوو لە کاری حیزبیدا، چونکە لەسەر ئەساسی حیزبە ستالینییەکان دروست نەبووبوو، کە بڕیارەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە، بەڵکو دەنگدەر چەقی قورسایی بڕیارەکان دەبێت.

نەوشیروان مستەفا، سەبارەت بە هەیکەلی تەنزیمی بزوتنەوەی گۆڕان دەڵێت: "پەیکەرەی گۆڕان پەیکەرەیەکی مەرکەزیی وەستاو نیە لە شێوەی هەرەمدا، بەڵکو پەیکەرەیەکی بزۆک و زیندوە لە شێوەی درەختدا، درەختێک ئاو و خۆراک لە خاکی کوردستان وەرئەگرێت، کە خاکی هاوڵاتیان و دەنگدەرانە، هەناسە و تیشیکیش لە پەیام و پرۆگرامە سیاسییەکەی وەردەگرێت. لە نیوان دەنگدەر و پەیامدا، واتە لە نێوان خاک و تیشکدا، قەد و لق و پۆپی درەختەکە بە یەک دەگەن و پەیکەری رێکخستن پێک ئەهێنن. لێرەوە، پێویستە پەیکەری رێکخستنی بزوتنەوەی گۆڕان هەمیشە خۆراک لە دەنگدەران وەربگرێت، کە بە پێی یاسای هەڵبژاردن دابەش بوون بەسەر وێستگە و بنکەو بازنەکاندا بە مەبەستی هەڵبژاردن و دامەزراندنی ئەنجومەنی قەزاکان، لەپاڵ ئەنجومەنەکانی هەندەران بەشێوەیەکی دەوری. ئەنجومەنەکانیش لەسەر بنەمای هەمان شەرعیەت، شەرعیەت ئەبەخشنە قەدی پەیکەرەکە، کە بریتیە لە جڤاتی نیشتمانی. جڤاتی نیشتمانیش لە پاڵ شەرعیەتی ئەنجومەنەکاندا، شەرعیەت لە پەیام و

بەرنامەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان وەرئەگرێت، کە ژورەکان و جۆاتی گشتی، لق و چڵ و پۆپەکانی پێک ئەهێنن و وەک نێوەندی پسپۆریی و راوێژکاری پەیوەندیی نێوان بزوتنەوەی گۆڕان و پەیام و بەرنامەکەی ئەپارێزن.

لەبەر رۆشنایی ئەم فەلسەفە سیاسییە، دەنگدەران گرنگترین یەکەن، لە بازنە بچوکەکانەوە شەرعیەت ئەبەخشنە رەگەکانی پەیکەرەی رێکخراوەیی. رێکخراوی سیاسیش بەگشتی ئامرازی دروست کردنی رایەڵەی بەردەوامە لە نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتەکانی دەوڵەتدا."[1]

لە یەکەمین کۆنفراسی بزوتنەوەکدا لە ساڵی ٢٠١٣، سێ خاڵی گرنگ تەبەنی کران کە پێشتر لە ناو جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردیدا نمونەی کەم بوو:

یەکەم: بزوتنەوەی گۆڕان هێزێکی سیاسی مەدەنی سەردەمیانەیە.

ئەمە بەو مانایە دێت کە بزوتنەوەکە هەوڵ دەدات لە رێگەی مەدەنی و دیموکراسی و هەڵبژاردنەوە، نەک توندوتیژی و پەنابردن بۆ چەک و زەبرو زەنگ، دەسەڵاتی بگرێتە دەست؛ لە پێناو ئەنجامدانی چاکسازی ریشەیی لە سیستمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.

دووەم: بزوتنەوەی گۆڕان هێزێکی نا ئایدۆلۆژییە.

بزوتنەوەی گۆڕان هیچ ئایدۆلۆژیایەکی پەسەند نەکردووە و سیاسەت و هێڵە گشتیەکانی خۆی لە چوارچێوەی بەرنامەی سیاسی (هەڵبژاردن)دا دەخاتەڕوو، بەبێ ئەوەی خۆی ببەستێتەوە بە ئایدۆلۆژیایەکی بەرتەسک و مەزهەبێکی سیاسی دیاریکراوەوە، بەڵام ئەوە ئەوە ناگەیەنێ کە لایەنگرانی ناتوانن خاوەن بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای جیاوازی خۆیان بن، بەڵکو پێکەوە کار دەکەن بۆ ئامانجێکی هاوبەش کە باوەڕ بوونی تەواوە بە ئازادییە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و رێزگرتن لە بەها ئاینی و نیشتمانیەکان. هێڵی گشتی گۆڕان هێڵی مەدەنیانەیە و کار لەسەر پرسە کوردستانی، نیشتمانی، خزمەتگوزارییەکان و رەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەموان دەکات لە چوارچێوەی هاوڵاتی بوونداً.

سێیەم: گۆڕان بزوتنەوەیەکی دەنگدەر و پەرلەمانییە.

ستراکچەری بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر کادیر و رێکخستنی زۆر دانەنراوە، بەڵکو لەسەر بناغەی پرۆژەی هەڵبژاردن و چاک کردنی ژیانی خەڵک دانراوە. ئەرکی بزوتنەوەی گۆڕان هۆشیار کردنەوەی دەنگدەر بووە بۆ ماف و ئەرکەکانیان.

---

1 . سەرچاوەی پێشوو: http://archive.sbeiy.krd/Detail.aspx?id=29445&LinkID=58

بەڕای دکتۆر جەلالی شەفیعی تۆیژەری کاروباری سیاسی، یەکێک لە گرنگترین کارەکانی نەوشیروان مستەفا لە دوای دروستکردنی بزوتنەوەی گۆڕان بریتی بوو لە "زمینە خۆشکردن بۆ (خولانەوەی نوخبەی سیاسی) لە کوردستان. مەبەست لە خولانەوەی نوخبەکان ئەوەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکیی لە هەموو بوارەکانی سیاسەتدا، چ لەناو دامەزراوە مەدەنییەکانی وەک حیزبی سیاسی و چی لە ستراکچەری دەوڵەت و دەسەڵاتدا، گۆڕانکاری لە کاراکتەرەکان و خولانەوەی نوخبەکان زۆر پێویستە بۆ ڕێگری کردن لە توشبوون بە گەندەڵی. نەوشیروان مستەفا بە شێوەیەکی جیدی و بەردەوام باسی لە گرنگی ئەنجامدان و ڕێ خۆش کردن بۆ خولانەوەی نوخبەکان کردووە و رۆڵێکی سەرەکی و کاریگەری بینیوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بنەمایە."[1]

هەروەها سەبارەت بە ڕێگە خۆش کردن بۆ هاتنە پێشەوەی روخساری نوێ بۆ کایەی سیاسی لە دەرەوەی چەتری دوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی و کۆکردنەوەی هێزە ئۆپۆزسیۆنە سەرگردانەکان جەلال شەفیعی نووسیویەتی: "پێش دەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان بە ڕێبەرایەتی نەوشیروان مستەفا، هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لەو باوەڕەدا بوون کە کرداری سیاسی و ئامادە بوون لە گۆڕەپانی سیاسەتدا دەبێ تەنها لە ڕێگەی ئەو دوو حزبەوە بێت. بە مانایەکی دیکە، تاکێک تەنها لەو حاڵەتەدا دەتوانێت کاری سیاسی بکات کە لەژێر چەتر و سێبەر و پاراستنی ئەواندا بێت، هەر لەڕێگەی ئەوانەوە هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێ بتوانێت پۆستی هەبێ بەشداری لە گەمەی سیاسەتدا بکات.

ئەگەر بهاتبایە و بەشێک لە کۆمەڵگای سیاسی کوردستان، بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئامادە نەبن بچێتە ژێر سێبەری دەسەڵات و ڕێکخستنەکانی یەکێک لەو دوو حزبە سیاسییەوە، هەرگیز چانسی ئەوەیان بۆ ناڕەخسێ بەشداریی گۆڕەپانی سیاسەت و گەمەی سیاسی بکەن. جگە لە بزوتنەوەی گۆڕان، تەنانەت حزبەکانی دیکەی ئیسلامیش لەژێر کاریگەریی هەمان کەماسیدا سەریان هەڵدا، هەر لەبەر ئەوەشە ئەو دوو حزبە سیاسییە نەیانتوانی هەموو هاوڵاتیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. ئەوانەی نەچووبنە ریزی ئەو دوو حزبەوە، لە گۆڕەپانی سیاسەت بێبەش دەکران. یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی نەوشیروان مستەفا ئەوە بوو کە سیاسەت و گۆڕەپانی سیاسەتی لەژێر کۆنترۆڵی ئەو دوو حیزبە سیاسییە دەرهێنا و کردی بە کایەیەکی گشتی. بێ دوو دڵی، بە

1 . د. جەلال شەفیعی، کوردستان دوای نەوشیروان، و. مەجید سالح:
https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=899

لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بزوتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ توانی ببێت بە دووەمین هێزی سیاسی کوردستان، دەتوانین بە ئاسانی ئیدعای ئەوە بکەین کە بزوتنەوەی گۆڕان توانی بەشێکی زۆر لە هێزە سیاسییە سەرگەردانەکانی کوردستان بۆ لای خۆی راکێشێ. ئەو هێزانە لە هیچ رووبەکەوە پەیوەندیان نەبوو لەگەڵ هەردوو حیزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە رێبەرایەتی جەلال تاڵەبانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە رێبەرایەتی مەسعود بارزانی."[1]

**دووەم: ئامانجە نیشتمانی و نەتەوییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان**

لە وتاری کردنەوەی یەکەمین کۆنگرەی بزوتنەوەی گۆڕانیش لە هەولێر بەسترا بەمجۆرە باسی لە کوردستانی بوونی بزوتنەوەی گۆڕان کردووە: "کوردستانی ئێمە نیشتمانێکی داگیرکراو و بەشبەش کراوە، قەدەرمان بووە هاوسێی نەتەوەکانی دەوروبەر بین، کە نەتەوەی سەردەست بوون و هەمیشە پەیوەندییەکی ناهاوسەنگ لە نێوان ئێمەو ئەواندا هەبووە. بزوتنەوەی گۆڕان لە کوردستانی باشور نوێنەرایەتی کەرتێکی گەورەی گەلی کوردستان ئەکات، کە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی ئەکەوێتە سنوری عێراقەوە. ئێمە لەسەر ئاستی سیاسی، وەک ئامانجێکی نیشتمانی باڵا، خەبات بۆ ئازادی کوردستان ئەکەین تا ئاستی سەربەخۆیی نیشتمانی.

سەبارەت بە پەیوەندیمان لەگەڵ هاونەتەوەکانمان لە پارچەکانی تری کوردستان، بڕوامان وایە، هاوکاریکردنیان واجبێکی نیشتمانی و ئاینی و ئینسانییە؛ بەڵام ئەو مافەش بۆ خۆمان بە رەوا نابینین کە نوێنەرایەتی کردنی گەلی کوردستان لە پارچەکانی تر، لە بەرژەوەندی خۆمان پاوان بکەین و دەست لەکاروباریان وەربدەین. بڕوامان وایە، لەپاڵ هاوکاری دارایی و کولتووری پێویست، شیاوترین رێگا بۆ پشتیوانی کردنی کوردانی پارچەکانی تری کوردستان بریتییە لە بنیاتنانی هەرێمێکی بەهێز و گەشەکرد و لە کوردستانی باشور، کە پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەگەڵ دەوڵەت و نەتەوەکانی ناوچەکە دابمەزرێنێ، لەهەمان کاتدا ئیلهام بەخشی ئازادی و رزگاری نیشتمانیش بێت بۆ هاوزمانەکانمان لە پارچەکانی تری کوردستان."

رەگوریشەی ئەم ستراتیژیە بۆ خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی لای نەوشیروان مستەفا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٠، کە دەیویست بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی بگەڕێنێتەوە بۆ شارێی سەربەخۆیی خوازیی و لەناو یەکێتیشدا بەردەوام کاری لەسەر کردووە و باجی زۆری لەسەر داوە.

---

1 . د. جەلال شەفیعی، سەرچاوەی پێشوو.

بۆ نمونە لە نیسانی ١٩٨٧ لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی 'لۆمۆند'ی فەرەنسی، سەبارەت پاشە ڕۆژی عێراق پاش جەنگی عێراق ئێران وتوویەتی "عێراق بۆ سێ دەوڵەتی شیعە، سوننە و کورد دابەش دەبێ." کە پرسیاری ڕای خۆی لێکردووە لەوەڵامدا وتوویەتی "لە ناخی دڵەوە ئەوە بە ئاوات ئەخوازم، عێراق لەتوپەت ببێ!"[1]

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو چاوپێکەوتنەی نەوشیروان مستەفا، کاردانەوەیەکی توندی لە لایەن کاربەدەستانی ئێران و سوریا و تورکیا بەدوادا هات، پێیان وابوو ئەوە "موئامەرەیەکی غەربی" لەپشتەوەیە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی.

ئێرانییەکان کە تازەبەتازە لەگەڵ یەکێتیدا ڕێکەوتنیان کردبوو، داوای ڕونکردنەوەیان لە سەرکردایەتی یەکێتی کردبوو، کە ئەو قسەیە ڕەئی یەکێتیە، یان ڕەئی تایبەتی نەوشیروان مستەفایە. ئەگەر ئەمە ڕەئی یەکێتی بێ، ئەوا ئەوان ڕێکەوتنەکەیان هەڵدەوەشێننەوە. تەنانەت کاتی گەڕانەوەش ڕێگەیان نەداوە بە ئێراندا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. ڕۆژنامەکانی تورکیاش بە مەبەستی وروژاندنی ڕای گشتی تورک لە دژی کورد، هەندێ لە چاوپێکەوتنەکەی نەوشیروان مستەفایان بڵاوکردەوە. حکومەتی سوریاش د. خەسرەو خاڵ نوێنەری یەکێتیان بانگ کردووە و بەتوندی ناڕەزایەتیان لەسەر قسەکانی دەربڕیوە.

دوابەدوای بڵاوکردنەوەی دەقی چاوپێکەوتنەکە لە ژمارەی ١٩٨٧/٤/١٦ی ڕۆژنامەی 'السفیر'ی بەیروتی، کاردانەوەی حیزبە شۆڤێنی و شیوعییە عەرەبیەکان هیچی کەمتر نەبووە لە هی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان.

بڵاوکراوەی 'الغد الدیمقراطي' کە زمانی 'الاتحاد الدیمقراطي العراقي' کە صالح دگلە سەرۆکی بوو، یەکێک بوو لە ڕێکخراوە کارتۆنییەکانی سەربە حیزبی شیوعی عێراقی بوو، هێرشێکی توندیان کردە سەری، تەنانەت جنێوی سوکیان پێ دابوو. بڵاوکراوەی 'الغد الدیمقراطي' بۆچوونەکانی نەوشیروان مستەفای بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بە خەونی چۆلەکە "حلم العصافیر" لە قەڵەم دابوو.

یەکێتی لەو کاتەدا تازە ڕێکەوتنی ئاشتبوونەوەی لەگەڵ حیزبی شیوعی ئیمزا کردبوو. لەسەر ئەو هێرشانەی سەر نەوشیروان مستەفا، هاوکاری لەگەڵ حشع ڕاگرت. مام جەلال لەم هەڵوێستەی حشع کە ئەویش وەکو هەڵوێستی شۆڤێنیەکانی عەرەب بوو، زۆر تووڕە بوو. بۆ داکۆکی کردن لە نەوشیروان مستەفا و بۆ بەرپەرچدانەوەی بیانووەکانی ئەوان و بۆ سەلماندنی ڕەوایەتی مافی کورد لە ئازادی

1 . نەوشیروان مستەفا، خولانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣– ١٢٥.

بڕیاردانی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، کتێبێکی بەناوی 'اغد و ديمقراطي وحرمان شعب حتى من حق الحلم' نووسی.

ئەو گەلەکۆمەکێ گەورەیەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و حیزبە شۆڤێنی و شیوعییە عەرەبیەکان، یەکێتی نیشتمانی ناچار کرد لە ژمارەی ٤/١٨/ ١٩٨٧ی ڕۆژنامەی 'السفیر'دا ڕونکردنەوەیەک بڵاوبکاتەوە و ئەو بابەتەی ڕۆژنامەی 'لۆمۆند' بە درۆ بخاتەوە.

بەڵام ئەو ڕونکردنەوەی یەکێتی بەدڵی نەوشیروان مستەفا نەبووە، لەوبارەوە دەڵێت: "لە ڕاستیدا من ئەم ڕونکردنەوەیەم پێ ناخۆش بو. بێ ئاگاداری منیش بڵاوکرابوەوە. کە پێشم زانی، بە تەلەفۆن ناڕەزایی توندی خۆمم پێ ڕاگەیاند، چونکە ئێستاش وەکو ئەوسا لە ناخی دڵەوە لەت و پەت بوونی ئەو عێراقەی، حەفتا ساڵە کوردی تێیدا ئەکوژرێ، بە ئاوات ئەخوازم."[1]

ئەو هەڵوێستە و دەیان هەڵوێستی دیکەی نەوشیروان مستەفا ئەوە دەردەخەن پرسی سەربەخۆیی کوردستان و مەسەلە نەتەوەییەکان پرسێکی نەگۆڕ و عەقائیدییە، بەڵام ئەو بە خەیاڵ نەدەژیا، بەڵکو سیاسەتمەدارێکی ریالیستی بووە، بە هەموو توانایەوە کاری بۆ دروستکردنی پایەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کردووە.

وتارە مێژووەکەی ئێوارەی٢٠١٢/٣/٢٠، کە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لە کەناڵی KNNەوە خوێندیەوە، بناغەی بەرنامەیەکی ورد و کردارییە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان و دەکرێ نەک هەر لە باشوری کوردستان، بەڵکو بەشەکانی دیکەش کاری لەسەر بکرێت، لە وتارەکەیدا نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە ئامانجە بااڵکانی خۆی و بزوتنەوەکەی ڕایەگەیاند: پوختەی دیدی ئێمەیە بۆ باڵاترین ئامانجی نەتەوەییمان کە سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، ئەو ئامانجەی چەندین نەوە لە پێناویدا شۆڕشیان کردووە، دەیان هەزار هاوڵاتی لەپێناویدا گیانیان بەخشیوە، کۆی گەل و نیشتمان لەو پێناوەدا ڕوبەڕووی کۆمەڵکوژی و جینۆساید بوونەتەوە.

بەڵام کوردستانی سەربەخۆ شتێ نییە بە قسە دابمەزرێ، بەڵکو تەلارێکە پێویستە پایەکانی لەسەر زەمین بچەسپێن. کوردستانی سەربەخۆ ئەبێ دامەزراوەیەکی سیاسی بێ، کە پێویستی بە سازانێکی نیشتمانی نووسراوە لە شێوەی دەستور و کۆمەڵێک یاسادا، کە کۆدەنگی نیشتمانیان لەسەر بێت، بە ئامانجی ڕێکخستنی پرۆسەی سیاسی و ڕێکخستنی ڕێساکانی پەیوەندی و ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان، لە سایەی

1 . نەوشیروان مستەفا، خولانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣- ١٢٥، ل ١٢٣- ١٢٥.

کۆمەڵێک دامەزراوەی نیشتمانیدا، وەک ئیدارەی نیشتمانی، سوپای نیشتمانی، ئاسایشی نیشتمانی و دادگای نیشتمانی کە دامەزراوەی هەموان بن پێکەوە، نەک بە تەنها دامەزراوەی دەسەڵاتداران بن.

کوردستانی سەربەخۆ لەگەڵ ئەوەی ئەبێ دامەزراوەیەکی سیاسی بێ، ئەبێ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوریش بێ، پێویستی بە پتەوکردنی ژێرخانی ئابورییە، پێویستی بە دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتییە لە نێوان کەرت و توێژو ناوچە جیاوازەکاندا، بەجۆرێک هەموو تاکێکی هەرێمی کوردستان هەست بە لایەنی کەمی دادی کۆمەڵایەتی و دادی ئابوری بکا، هەست بە بوونی دەرفەتی گونجاو و یەکسان بکا بۆ خۆپێگەیاندن و سودمەندبوون لە بودجەی گشتی و سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی وڵاتەکەی.

کوردستانی سەربەخۆ ئەبێ دامەزراوەیەکی مەدەنی و رۆشنبیریش بێ، کە پێویستی بە زمانی فەرمی، میدیای نیشتمانی و زانکۆی نیشتمانییە، پێویستی بە ئازادکردنی کۆمەڵگای مەدەنییە، بە جۆرێک تاک لە ئینتمای خێڵەکی و ناوچەیی بەرتەسک دەربازی بێت و ببێتە خاوەن ئینتمایەکی ئاسۆیی بۆ گەل و نیشتمان.

کوردستانی سەربەخۆ پێویستی بە دابینکردنی ئەم پێشمەرجانە و گەڕانەوەی کەرکوک و خانەقین و شەنگار و ناوچە دابڕاوەکانی تر بۆ سەر خاکی هەرێم.

ئێمە لە ئێستادا پشتیوان بە خوای گەورە، پشت ئەستور بە ئیرادەی ئێوە، لەسەر زەمینی واقیع خەبات لەپێناو هێنانە دی ئەو پێشمەرجانەدا ئەکەین، لەو پێناوەشدا هاوکارو هاوخەباتی هەر کەس و لایەنێکی کوردستانی ئەبین."[1]

ئەوە دیدوبۆچون و فەلسەفەی خەبات و تێکۆشانی نەوشیروان مستەفا بوو بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان. لەو رۆژەوەی دەستیداوەتە خەبات و لە بزوتنەوەی گۆڕاندا رەنگ ریژی کرد و تا ئەو رۆژەی لە دنیا رۆیی، بێ دوو دڵی و راڕایی کاری بۆ کردووە.

**سێیەم: پرۆژەی گۆڕان بۆ چارەسەری قەیرانەکانی هەرێم**

لە ٢٧ی نیسانی ٢٠١٤ نەوشیروان مستەفا لە کۆتا رۆژی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستاندا، لە پەیامێکدا ئاراستەی ئیشکردنی بزوتنەوەی گۆڕانی بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکانی هەرێم بەم شێوەیە خستەڕوو: "بزوتنەوەی گۆڕان هێزێک نیە رق و بوغزی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاڕاستەی بکات، ئەگەر چی لە

1 . پیرۆزبایی و پەیامی نەوشیروان مستەفا بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزەوە:
https://gorran.net/Details.aspx?jimare=271

رۆژی دروست بوونمانەوە بەرق و بوغزێکی گەورەوە مامەڵەمان لەگەڵ کراوە، ئێمە لەناوەڕۆکدا کار بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەم رق و کینە سیاسیە ترسناکە ئەکەین کە کۆمەڵگای ئێمەی لەناوەوە پارچە پارچە کردوە. ئامانجی بزوتنەوەی گۆڕان گەڕانەوەی سیاسەتە بۆ مانا راستەقینەکانی خۆی، وەک روبەرێک بۆ دەستکاریکردنی ژیانی مرۆڤەکان بە جۆرێک هەموان بتوانن بە جیاوازی ڕەنگ و دەنگەکانیانەوە وەک مرۆڤی خاوەن ماف لە پاڵ یەکتریدا بە هێمنی و لە ئارامیدا بژین."[1]

لەو سۆنگەیەوە، بزوتنەوەی گۆڕان لە پرۆگرامە سیاسیەکەیدا پڕۆژەی خۆی بۆ چارەسەری قەیرانەکانی هەرێم لەم خاڵانەدا خستوەتەڕوو:[2]

- سەقامگیرکردنی دەزگا نیشتمانییەکانی هەرێم، بە نیشتمانی کردنی دەسەڵات و دامودەزگاکان، پاککردنەوەیان لە وەلائی شەخسی و حیزبی.
- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پاراستنی سەربەخۆیی دادگاکان.
- جێگیرکردنی لامەرکەزیەتی کارگێڕیی و بوژاندنەوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ڕێگرتن لە پاوانکردنی دەسەڵات لەسەر ئاستی پارێزگا و شارەوانیەکان.
- بە نیشتمانی کردنی هێزی پێشمەرگە، پۆلیس، ئاسایش و هەواڵگری.
- بنیاتنانی ژێرخانێکی ئابوریی بەهێز، کە بەرگەی گەمارۆی ئابوری و هەڕەشەی دەرەکی بگرێت.
- جێبەجێ کردنی پلانێکی نیشتمانی بۆ وەرچەرخان بە کوردستان، لە هەرێمێکی بەرخۆرەرە بۆ هەرێمێکی بەرهەمهێن.
- بە نیشتمانی کردنی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، لە پێناو زەمانەت کردنی بەرکەوت و بەشداریی گەلی کوردستان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا، لە پێناو گەڕاندنەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان.
- پێناسەکردنی هاوڵاتیبوون و کوردستانیبوون بە شێوەیەکی یاسایی و دیموکراتی و شارستانی، دور لە تەنگبینی و دەمارگیری، کە جێگەی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی کوردستانی تێیدا ببێتەوە.
- زەمانەت کردنی دەستاودەست کردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی، ڕێگرتن لە هەر پاوانکارییەکی سیاسی و ئابوری لە هەرێمی کوردستاندا.

---

1 . نەوشیروان مستەفا: دەمانزانی رووبەڕووی سەختی وا دەبینەوە کە هەندێک کەس بەرگەی نەگرێت:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2704201419-amp

2 . پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی گۆڕان هەولێر (٢٦-٢٧)ی١٢/ ٢٠١٣:
file:///C:/Users/M-Store/Downloads/programsyasegoran2013NEW.pdf

– سودمەندبوون لە سامانی سروشتی، هاندانی سەرمایەگوزاری کۆمپانیا جیهانییەکان لە بواری نەوت، گاز، وزە، بازرگانی و بانکدا. دوور لە پاوانکاری و نارۆشنی، بە لە بەرچاوگرتنی مافی نەوەکانی داهاتوو لە سامانی سروشتی و خاک و ئاوی کوردستاندا.

– ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، ئازادییەکان، ئازادی دەربڕین و ویژدان، بایەخدان بە کۆمەڵگای شارستانی و سامانی مرۆیی لە کوردستاندا، بایاخدان بە پێگەی ئافرەتان و گەنجان و منداڵان و نەوەی نوێ، بە تایبەتی لە بواری خوێندن پێگەیاندیان لەڕوی زەینی و جەستەییەوە، بەگەڕخستنیان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، ئامادەکردنیان وەک هاوڵاتی ئازاد، خاوەن ئەرک و ماف، دور لە شێوازەکانی جیاکاری و توندوتیژی.

دکتۆر خالد یونس خالد*، لە نووسینێکدا بە هەشت خاڵ ڕەهدنەکانی فکری ستراتیژی نەوشیروان مستەفای بەم جۆرە گەڵاڵە کردووە:

یەکەم: گرنگی پێکنەدانی سەربازی لە نێوان ڕێکخراوە کوردستانییەکاندا، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی داڕمانی پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان، دۆڕاوەکەش خودی گەلی کورد دەبێ. پێکدادانی سەربازی کە هەندێ لایەن هەوڵی بۆ دەدەن، دەبێتە هۆی تێکشکانی ئیرادەی گەلی کورد و لاواز بوونی سیقەی بە سەرکردەکانی بەبێ جیاوازی، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کێشەی کورد ببێتە گاڵتە جاڕیەک لە گاڵتە جاڕیەکانی مێژوو و دەیسەلمێنێ کورد خۆی دوژمنی خۆیەتی، گەر سەیرێکی مێژووی بکەیت، بۆت دەردەکەوێ هەموو جووڵانەوە خێڵەکییەکان لە لایەن خێڵەکانی دیکەوە تێکشکێندراوە.

پێکدادانی هێزە سیاسیەکان، بە واتای گەڕانەوەی پرۆسەی دیموکراسی بۆ دواوە و بوار بۆ هێزە نەیارەکانی دیموکراسی دەڕەخسێنێت جارێکی دیکە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بن و کێشەی کورد دەگەڕێننەوە بۆ پێش دەست پێکردنی پرۆسەی دیموکراسی، گەڕانەوەش بۆ ئەو قۆناغە خۆکوژیی سیاسیە و زیان بە کێشەی کورد دەگەیەنێت، هەموو ئەو دەسکەوتانەش کە بەدەست هاتوون دەفەوتێنێ؛ دەسەڵات دەکەوێتەوە دەست هێزە تەسکبینە بێ ئاسۆکان و عەسابەکانی قاچاخچێتی و بازرگانی سیاسی.

دووەم: حیکمەتی ڕەهەندی فیکری ستراتیژی نەوشیروان مستەفا بۆ دورکەوتنەوە لە پێکدادانی سەربازی، بریتیە لە گرنگی کۆنترۆڵ کردنی دۆخەکە بە شێوەیەکی

*خالد یونس خالد، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، دکتۆرای لە فەلسەفە و ماستەری لە مێژووی فکری ئەورۆپی و بەکالۆریۆسی لە زانستی سیاسی و یاسادا هەیە. سەرنووسەری گۆڤاری 'دراسات کردستانیة' کە بە زمانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی و سویدی دەردەچێت. خاوەنی چوارده کتێبە بە زمانەکانی کوردی و سویدی و عەرەبی و ئینگلیزی.

دیموکراتی و گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ دەستی گەل. گەل عەشیرەت یان خێڵ یان تاک و یاخود حیزبێک و توێژێکی کۆمەڵگا نییە. گەل بەشدار دەبێ لە بیناکردنی دیموکراسیەتێکی مەدەنی، یاسا تێیدا سەروەر دەبێ، یاساش گەل دایدەنێ نەک خێڵ.

سێیەم: گرنگترین خاڵی ڕەهەندی ستراتیژی فیکری نەوشیروان ئەوەیە، یاسا جێگەی تاک و عەشیرەت بگرێتەوە و هەڕێمی کوردستان دەبێتە هەرێمێک کە یاسا تێیدا سەروەرە، هاوڵاتیان هەست دەکەن لە بەرانبەر یاسادا وەک یەکن، هاوڵاتی کوردی هەست دەکات ئەندامێکی کۆمەڵگاکەیەتی، نەک بەشێکە لە ئامێرێکدا.

چوارەم: ڕەهدنێکی دیکەی فیکری ستراتیژی نەوشیروان مستەفا ئەوەیە هەرێمی کوردستان ببێتە سەکۆیەکی دیموکراسی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهان و ببێتە بەشێک لە بزوتنەوەی دیموکراسی خوازی جیهانی، لە سیستمی هەرێمایەتی و جیهانیدا پەسەند کراوە بێت، ئەوەش یەکێکە لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی گەلی کورد لەو سیستمە نوێیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

پێنجەم: لە فکری ستراتیژی نەوشیروان مستەفادا گەر شەڕ و پێکدادان لە نێوان حیزبە کوردستانییەکاندا ڕووبدات، زەرەرمەندی یەکەم ئەو بزوتنەوە مەدەنییە جەماوەرییە دەبێ کە سەری هەڵداوە. جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ڕێکخستنە سەربازییەکان کە بەرگی سیاسییان پۆشیوە و ڕێکخستنە دیموکراسیخوازیە مەدەنییەکان. یەکەمیان لەسەر بناغەی هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر و بەرتیل و هەڕەشە دروست بووە و دەیەوێ دەسەڵات قۆرغ بکات و کاتێکیش توشی هەڕەشەی دەرەکی دەبێت کوردستان تەسلیم بە دوژمنان دەکات و دەڵێ "خوای دەکرد لە دوای من وێران دەبوو". بەڵام ڕێکخستنە دیموکراسیخوازە مەدەنییەکان، کار بۆ دروست کردنی دامەزراوە دیموکراسییە دەستورییەکان دەکەن، لێرەدا کار بۆ بەشداریکردنی خەڵک لە دروستکردنی بڕیار لە چوارچێوەی گەمەی دیموکراسی و ڕەخنەگرتنێکی ئەقڵانی دەکرێت و دەڵێت "ئێمە هێز لە گەلەوە وەردەگرین و سیاسەتەکەشمان هەڵقوڵاوی ناخی خەڵکە".

شەشەم: بنەمای سەرەکی بۆ گەیشتن بە ستراتیژی بەرقەرارکردنی دیموکراسی، بریتیە لە ئارامی و سەقامگیری کوردستان و پشتیوانی کردنی لە ڕێبەرە هەڵبژێردراوەکانی. ئەگەر مامۆستا نەوشیروان مستەفا بتوانێت ئەو ڕێکخراوە مەدەنیەی کە دایمەزراندوە لەو چوارچێوەیەدا کار بکات، ئەوا دەتوانێت جەماوەری کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بە ئاسانی بەسەر ئاڵنگارییەکانی بەردەمیدا سەر دەکەوێت.

حەوتەم: بنەمایەکی دیکەی بەرقەرارکردنی دیموکراسی لەلای نەوشیروان مستەفا بریتیە لە تێکدانی شەخس پەرەستی و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی گەل بڕیاردەری ئەوەڵ و ئاخرە، دەتوانێ محاسەبەی سەرکردەکانی بکات، هەروەها دەبێ ڕێگری بکرێت لە کڕینی وەلاء بە پارە و هەڕەشەو تۆقاندن.

هەشتەم: خاڵێکی دیکە لە ڕەهەندی فکری ستراتیژی نەوشیروان مستەفا، هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای حیزبی و عەشائیری و مەزهەبی بوو کە لە لایەن کەسێک یان حیزب یان عەشیرەتێکەوە، فەرمانی پێ دەدرێت. دەبێ ئەو هێزانە بکرێن بە هێزێکی نیزامی لە چوارچێوەی یاسادا کار بکەن و لەژێر فەرماندەیی سەرکردە مەدەنی و دیموکراسیەکاندا بن و بە پێی پێوەرە نێو دەوڵەتییەکان ڕەفتار بکەن، نەک حیزبێکی دیاری کراو یان عەشیرەت و کەسێک.[1]

**چوارەم: سەنگەرگرتن لە نەوشیروان مستەفا و پرۆژەکانی**

**١. سەنگەرگرتن لە باڵی ریفۆرم**

دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی مەڵبەندەکانی یەکێتی لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦، دەرئەنجامە فەرمییەکان، سەرکەوتنی باڵی مام جەلالی ڕاگەیاندو بەشی زۆری مەڵبەندەکانی بردەوە و باڵی ریفۆرم سەرنەکەوت. مەلا بەختیار بەو سەرکەوتنە زۆر دڵخۆش بوو. پێی وابوو، یان ڕاستر بڵێین، وای پیشاندەدا ئەوە سەنگ و دەنگی ڕاستەقینەی تەکەتولەکەی مام جەلال و باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتیە. بە خۆشییەوە لە (چاودێر)ەکەی کەوتە وتار نووسین لە دژی باڵی ریفۆرم. لە سەروتارێکدا نووسیویەتی: "ئێستا کە مەڵبەندەکان هەڵبژێردراون و کاندیدەکان لە بێژنگی دەنگ دران، ئیتر سەنگ و کاریگەری ئاراستەکانی ناو یەکێتی دەرکەوتن. هیچ لایەنێک ناتوانێ پاساو بۆ سەرنەکەوتن بهێنێتەوە، هەروەها، سەرکەوتووش ناتوانێ لافی ئەوە لێ بدا کە دەیتوانی سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنێ. ئایەومایەی ئاراستەکان زانران و لە ناو ئاوێنەکەدا خۆیان بینییەوە، دەرکەوت ئەو ئاراستەیەی، دەربەستی ئاراستە گشتیەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون، لە هەڵبژاردنی مەڵبەندەکاندا، بالا دەستن، بەمەش ئەوەش دەرکەوت کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا، کاریگەری ئاراستەی دیکە لە ناو کێشمەکێشەکاندا چەند و چۆنە، کەوابێ: لە دوای هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان، یەکێتی ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی ڕێکخراوەیی نوێ دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ناکرێ چیکە، لەناو بازنەی کێشمەکێشەکاندا بمێنێتەوە،

1 . دکتور خالد یونس خالد، البعد الاستراتيجي لفكر الكادر السياسي نوشيروان مصطفى:
https://www.gilgamish.org/2006/12/24/450.html

دەبێ لەم بازنەیە بێتە دەرەوە. پێویستە شەفاف و راشکاو لەسەر کێشەکان، لە ناو ریزەکان و مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا دیالۆگ دەست پێ بکات.. بەڵام مەرجە چارەسەر کردنی کێشەکان، لە ناو هەمان بازنەی پێش هەڵبژاردنەکان نەسوڕێتەوە، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات لە ناو یەکێتیدا، ئاراستەیەک لە ئاراستەکان مینبەرێکی جیاوازیش بۆ خۆی دروست بکات، با دروستی بکات، بەڵام دەبێ لە کۆنفرانس، یان کۆنگرەی یەکێتیدا مافی ئەوەها بدرێتە ئاراستەیەک، هەر ئەمەش چارەسەرە، نەک چارەسەری پینەوپەڕۆ، کە گرفتەکان قوڵتر دەکات."[1]

بەڵام لە راستیدا ئەو دەرئەنجامە وێنە حەقیقیەکەی هەڵبژاردنەکەی پیشان نەدەدا، بەڵکو باڵی خاوەن پارە و پلەوپۆست، لە پێش و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، دەستیان کرد بەکڕینی دەنگەکان. لەپارە و زەوی و دەمانچە بەخشینەوە بگرە، تاوەکو گوشار و هەڕەشە و گووڕەشە بەکارهێنرا بۆ گۆڕینی وەلائی دەنگدەران.

سەفین مەلاقەرە، جێگری مەکتەبی رێکخستنی ئەو کاتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەو بارەوە دەڵێت: "ئیغرا کردن بە پارە، وەعد دان، هەڕەشە کردن، وایانکرد دەنگدانەکە بە ئاراستەیەکدا بڕوات، ئەمانەش هەمویان لە ناهۆشیاری قاعیدەی یەکێتیەوە بوو، لە هەندێک رووەوە بە تایبەتی هۆشیاری هەڵبژاردن کە پێیان وابوو دەزانرێت دەنگ بە کێ دەدرێت، یان پارەدان بۆ ئەوەی دەنگی پێبدرێت... مەکتەبی سیاسی یەکێتی سەری تەکەتولەکان بوو، لە مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا، ئاراستەکردنی ئۆرگانەکانی خوارەوە بەشێوەیەک کەوا بە قازانجی ئەو کوتلانە بشکێتەوە، بێ گومان ئەو سەری تەکتولانەی ناو مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەهۆی هەبوونی پارەیەکی زۆرەوە لەبەردەستیاندا خۆشیان سوڵتە و دەسەڵاتیان هەبووە، توانیان تەئسیر بکەن."[2]

**٢. سەنگەر گرتن لە کۆمپانیای وشە**

مەلا بەختیار، یەکەم سەرکردەی یەکێتی بوو سەنگەری لە بزوتنەوەی گۆڕان گرت. دەزگای چاودێر و رێکخراوە دیموکراتییەکانی کرد بە سەنگەر و لەوێوە تەقەی لە نەوشیروان مستەفا و کۆمپانیای وشە دەکرد. داخ و زوخاوی هەڵدەڕشت و دەیویست ئەو رقەی چەندین ساڵ بوو لەناخیدا پەنگی خواردبووەوە، هەڵڕێژێت، دڕێغی لە بوختان و تۆمەت هەڵەبەستن نەکردەوە. لە ژمارە (٢٤٣)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/١٤ی ڕۆژنامەی چاودێردا سەروتارێکی لەژێر ناوی "کۆمپانیای وشە و دیپلۆماسیەتی

1 . مەلا بەختیار، لەم هەڵبژاردنەی یەکێتیدا چ ئاراستەیەک سەرکەوتوو، بوو؟!، چاودێر (ڕۆژنامە)، ژ ١٠، ٢٠٠٦/١٠/٢٠، ل ١.
2 . نەجات ئەحمەد، چاوپێکەوتن لەگەڵ سەفین مەلا قەرە، هاوڵاتی (ڕۆژنامە) ژمارە ٣٠١، ٢٠٠٦/١١/٢٢، ل ٣.

دوژمنایەتی" نووسی. لێرەدا هەندێ بەشی ئەو سەروتارە دەخەینەڕوو، تا خوێنەر بزانێ، لە پشت ئەو وشە ریزکردنەوە چ ناخێکی پڕ لەقین وەستاوە کە ئامادەیە دوور لە هەموو ئەخلا ق و عورفێکی رۆژنامە وانی و مۆرالّی نووسین، حیکایەتێک هەڵەبەستێ بە خەیالّی شەیتانیشدا نەیەت، مەلا بەختیار نووسیویەتی: "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، دوو کۆبوونەوەی تایبەتی لە نێوان سەرکردەکانی کۆمپانیای وشە و موخابەراتی سوریا و جۆن مەکین، ئەنجامدراوە. لە دوو کۆبوونەوەکەدا، وەفدی کۆمپانیای وشە، بەبێ رەچاوکردنی دۆخی عێراق و کوردستان، وەکو لایەنێکی سیاسی و دیپلۆماسی روخێنەر، گفتوگۆی سیاسی و دیپلۆماسییان لەگەڵ ئەو دوو لایەنەدا کردووە.

لە مانگی تەموزدا، دوو جار لەگەڵ موخابەراتی سوریا کۆبوونەوەتەوە و هەردوو جارەکە هەرچی لەهەمانەیان هەبووە بۆ دژایەتی یەکێتی و پارتی هەڵیانڕشتوە. دژی پێشمەرگە قسەیان کردووە، دژی حکومەتی کوردستان درێغیان نەکردووە، دژی ئەزمونەکە زۆریان وتوە، خۆشیان بەلایەنێکی نەرمونیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و کوردستان و کەرکوک نیشانداوە.

لە کاتێکدا موخابەراتی سوری، دیپلۆماسی ترو نەرمتر لەسەر دۆخەکە بیرورای خۆیان دەربڕیوە. بەڵگەیەکی ئەوتۆیان نەداوە بەدەستەوە، کەببێ بە ماڵ لەسەر دەوڵەتەکەیان، کە سیاسەتی دەوڵەتەکەشیان بەرانبەر عێراق و کوردستان ئاشکرایە. بەڵکو بەڕێزەوە باسی سەرۆک کۆماری عێراقیان کردووە و بە سیاسەتمەدارێکی پێویستیان بۆ وڵاتەکە زانیوە، لەگەڵ ئەمانەشدا بەڵێنیان داوە کە پشتیوانی کۆمپانیای وشە لەو سیاسەتە بکەن. تەنانەت هاوکاریشیان بکەن. هەم ئیزگە هەم تەلەفزیۆنیان بەهێز بکەن. بێگومان ئەمەش ئاشکرایە بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتەی کۆمپانیای وشە هەیەتی لەناو زۆرترین خەڵکدا بڵاوبکرێتەوە."![1]

ئەوەی مایەی پێکەنین و سەرسوڕمانە لەیەک کاتدا، مەلا بەختیار لەناو ئەو هەموو داموودەزگا موخابەراتیانەی لە کوردستان تەراتێن دەکەن، بۆ موخابەراتی سوریای هەڵبژرادوە گوایە یارمەتی کۆمپانیای وشەیان داوە!؟

لەوەش سەیر تر ئەوەیە کە موخابەراتی سوریا "مام جەلال بە سیاسەتمەدارێکی پێویست بۆ وڵاتەکە دەزانن"، خێرە بەڵێن دەدەن ئیزگە و تەلەفزیۆنی کۆمپانیای وشە بەهێز بکەن بۆ دژایەتی کردنی! بۆ تەلەفزیۆن و ئیزگەکانی خۆیان ئەوەندە

1 . مەلا بەختیار، کۆمپانیای وشە و دیپلۆماسیەتی دوژمنایەتی، ژمارە (٢٤٣)، ٢٠٠٩/٩/١٤،ل١.

پێشکەوتووە تا هاوکاری خەڵکی دیکە بکەن! ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو تەکنەلۆژیایەی لە knn دا بەکار دەهات لە کەناڵەکانی حکومەتی سوریا پێشکەوتوو تر.

بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ و ناڕاست لە سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیارییەکاندا، زۆر لە جاران خێراتر ئاشکرا دەبێت، بۆیە هەر رۆژنامەنووسێک یان سیاسەتمەدارێک پەنای بردبێتە بەر هەواڵی چەواشەکارانە بۆ لە خشتەبردنی رای گشتی یان بۆ مەرامێکی سیاسی، پاش ماوەیەک جگە لە پەشیمانی و شەرمەزاری هیچی بۆ نەماوەتەوە.

**٣. سەنگەر گرتن لە بزوتنەوەی گۆڕان**

کە نەوشیروان مستەفا بڕیاری دا بە لیستی گۆڕان بەشداری هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بکات، سەرەتا نە حیزبە عێراقییەکان و تەنانەت یەکێتیش، زۆر بە گرنگییەوە تەماشایان نەکرد. پارتی و ئێران و ئەمریکییەکان لە هەموو لایەک مەترسیان زیاتر بوو، ئێرانییەکان و ئەمریکییەکان باش لە کاریگەری نەوشیروان مستەفا لە ناو خەڵکی کوردستان تێگەیشتبوون. پێیان وابوو لیستەکەی نەوشیروان مستەفا جگە لە دەنگە خۆڵەمێشیەکان، بەشی زۆری دەنگەکانی یەکێتیش دەبات و هاوسەنگی هێز لە کوردستان تێکدەچێ.

ئێرانییەکان، دەترسان یەکێتی هاوپەیمانینان، شکست بهێنێت. زانیاری وردیشیان هەبوو، خۆیان گەیاندە لای نەوشیروان مستەفا و داوایان لێکرد کە لیستی جیا لە لیستی یەکێتی دروست نەکات. ئەوەشیان وت کە ئێوە بە هاندانی ئەمریکاییەکان ئەم کارە دەکەن. لە وەڵامدا نەوشیروان مستەفا پێی وتوون "ئێمە هێزێکی ریفۆرمخوازین و پەیوەندیمان بە هیچ وڵاتێکەوە نییە، دەمانەوێ لە کوردستاندا ریفۆرمی ئیداری و ئابوری بکرێت و بۆ مەسەلەی پەیوەندییەکانی هەرێم بە وڵاتانەوە، باوەڕمان وایە ئەرکی حکومەتی هەرێمە نەک حیزبەکان و لەو مەسەلەیەدا تەدەخول ناکەین..." ئێرانییەکان قەناعەتیان بەو قسانە نەکرد و لە بەرزترین ئاستدا هەوڵیاندا نەوشیروان مستەفا بگەڕێتەوە بۆ ناو یەکێتی. دوای ماوەیەک لە راگەیاندنی لیستی گۆڕان باڵوێزی ئەمریکاش سەردانی نەوشیروان مستەفای کرد و ئەویش راشکاوانە وتی: ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە کە ئێران لە پشتی ئەم لیستەی ئێوەوەیە، نەوشیروان مستەفا هەمان شت کە بە ئێرانییەکانی وتبوو، بەوانیشی وتەوە. پێشی وتن بەرلەماوەیەک ئێرانییەکان سەردانیان کردین وایان دەزانی ئێوە لە پشتمانەوەن!

ترسی پارتیش لەوە بوو بزوتنەوەی گۆڕان یەکێتی بکات بە دوو لەتەوە و ئیتفاقیە ستراتیجیەکەی بۆ دابەش کردنی دەسەڵات و داهات، هەڵبوەشێنێتەوە. مەلا بەختیار لە

ترساندنی پارتیدا رۆڵی بەرچاوی هەبوو. لەملاشەوە هەوڵی دەدا دڵی یەکێتی بداتەوە کە گۆڕان سەنگ و قورسایی نییە و جێگەی مەترسی نییە. لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی یەکێتی و پارتیدا وتبووی نەوشیروان لە هەموو کوردستان ٢٠ هەزار دەنگی بۆ کۆ ناکرێتەوە، فازڵ میرانیش پێکەنی بوو، وتبووی بۆ کاک مەلا بەختیار پێت وایە نەوشیروان جەرجیس فەتحوڵڵاکەی لای ئێمەیە؟! بە مام جەلالیشی وتبوو گۆڕان هیچ نییە و زەحمەتە بتوانن کورسیەکیش بهێنن.

کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش دەرچوو، نەک هەر یەکێتی تووشی شۆک بوو، ئەمریکا و ئێران و پارتی و حیزبە شیعە عێراقییەکانیش کەوتنە خۆیان و بیریان لەوە دەکردەوە چۆن لەگەڵ ئەم هێزە نوێیەیدا تەعامول بکەن. یەکێتی و پارتی بۆ تۆقاندنی دەنگدەرانی گۆڕان، کەوتنە سزادانی و تەنانەت کوشتن و بەکارهێنان هێز لە دژی گۆڕان. ئێرانییەکان لە هەموو هەڵبژاردنەکانی دواتردا، بە هەموو شێوەیەک کەوتنە دژایەتی کردنی گۆڕان. ئەمریکییەکان کە راستی ئامانجەکانی گۆڕانیان بۆ دەرکەوت، پەیوەندی دیپلۆماسیان لەگەڵ گۆڕان بەهێز کرد و تا ئێستاش بەردەوامە.

لە دوای ئەو سەرکەوتنەی بزوتنەوەی گۆڕان، مەلا بەختیار کۆڵی نەدا و بەردەوام بوو لە تۆمەت هەڵبەستن. هەندێ جار تۆمەتەکانی هێندە گاڵتەجارانەیە مرۆڤ سەیری لێ دێت کەسێک لەو ئاستەدا قسەی وا هەڵبەستێ. ئەمجارەیان سوریا نییە، ئەمریکایە، لەسەروتارێکی رۆژنامەکەیدا نووسیویەتی: "لەگەڵ (جۆن مەکین)، نێردراوی کۆنگریسی ئەمریکا بۆ عێراق و کوردستان، سەرەتا بڕیار بوو لەسەر داخوازی سەرۆکی کۆمپانیای وشە، بەگارد و سەیارە و قافڵەیەکی زۆری ئەمریکییەکان، بچنە هەولێر بۆ چاوپێکەوتنەکە. بەڵام دیاربوو لە دوا ساتەکاندا، ئەمریکییەکان وردتر لەم مەسەلەیە کۆڵیوەتەوە و ئامادە نەبوون دەرگایەکی وا بۆ سەرۆکی کۆمپانیای وشە بکەنەوە. نەبادا تەفسیرێکی سیاسی خراپی بۆ بکرێت. ئەو وەفدەی کە چوبوون بۆ چاوپێکەوتنی مەکین، دیسان بەبێ ئەتەکێتی دیپلۆماسی و نەزاکەتی سیاسی، بیروبۆچوونەکانی خۆیان بۆ باس کردبوو، لە قسەکانیاندا توند بەرانبەر یەکێتی و پارتی، بەرانبەر بە سەرۆکی عێراق و سەرۆکی هەرێم، رەشبین بەرانبەر دۆخی عێراق و کوردستان دوابوون. وەفدی ئەمریکاش بەنەرمی و بە کورتی، بە زمانی دیپلۆماسی پڕ لە بەرژەوەندی ئەمریکایی، وەڵامیان دابوونەوە، کە بوونی بەرهەڵستکار کارێکی ئاساییە، بەڵام پاراستنی دۆخی ئێستای عێراق و کوردستان، چارەسەرکردنی کێشەکان، لە ناوبردنی تیرۆر، یارمەتیدانی سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمیش بۆ زاڵ بوون بەسەر هەلومەرجەکەدا، لای ئەمریکاییەکان سیاسەتێکی

چارەنوسازە. تەنانەت قسەی وەفدەکەی کۆمپانیای وشە، هێندە پێچەوانەی سیاسەتی ئەمریکا و دەربڕینی دیپلۆماسی بوو، گفتوگۆی دانیشتنەکەیان نەکردە راپۆرتێک و بۆ حکومەتی ئەمریکاشیان بەرز نەکردەوە، وتبویان ئەم قسانە و ئەم سیاسەتە نە بۆ عێراق و نە بۆ کوردستان و نە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکاش دەگونجێ. بەمەش کۆبوونەوەکە وەکو دیدارێکی ئاسایی حسابیان بۆ کردووە، نەک دیدارێکی ڕەسمی."[1]

ئەم راپۆرتەی مەلا بەختیار جگە لەوەی هیچ ڕاستی تێدا نییە، سەیرەکەی لەوەدایە دەڵێ "بڕیار بوو لەسەر داخوازی سەرۆکی کۆمپانیای وشە، بەگارد و سەیارە و قافڵەیەکی زۆری ئەمریکییەکان، بچنە هەولێر بۆ چاوپێکەوتنەکە، بەڵام دیاربوو لە دوا ساتەکاندا، ئەمریکییەکان وردتر لەم مەسەلەیە کۆڵیوەتەوە و ئامادە نەبوون دەرگایەکی وا بۆ سەرۆکی کۆمپانیای وشە بکەنەوە." نەوشیروان مستەفا پەنجا ساڵە لەسەر گۆڕەپانی سیاسەتدا حزووری هەیە، تا ئێستا دوژمنە سەرسەختەکانیشی جورئەتی ئەوەیان نەکردوە تۆمەت و قسەی ناڕاستی وای بۆ هەڵبەستن. چونکە کەسایەتی ئەو ئەوەندە عیسامی و بەرز بوو، نەک بۆ "کۆنگرێسمان"ێک، ئامادەی تەنانولات نەبوو، بەڵکو کاتێک داود ئۆغلۆ کە ئەو دەم وەزیری دەرەوەی تورکیا بوو و هاتبووە سلمانی، زۆر داوای کردبوو کە بچێت بۆ لای بۆ زانکۆی ئەمریکی، بەڵام ڕەفزی کرد، تا دواجار داود ئوغلۆ خۆی هات بۆ گردی زەرگەتە بۆ بینینی نەوشیروان مستەفا. مەسەلەی داواکردنی قافڵەی سەیارە و شتی واش ئەوە بەجێ دەهێڵم بۆ خوێنەران، چونکە هەموو کەسێک باش دەزانێ نەوشیروان مستەفا چۆن بە سادەیی ژیا و چەند دژی ئەو جۆرە تەسەرۆفاتانەی مەسوئولین بوو.

مەلا بەختیار، هیچ دەرفەتێکی لە دەست نەداوە و بەردەوام دژایەتی بزوتنەوەی گۆڕانی کردووە، لە کتێبەکەیدا، تەشەر لە بزوتنەوەی گۆڕان دەدا گوایە پاشگری (کوردستان)ی پێوە نییە، کەواتە عێراقییە!!، نووسیویەتی: "تەنانەت، نەوشیروان مستەفا، کە بزوتنەوەی گۆڕانیشی دروست کرد، ناسنامەی کوردستانی پێنەبەخشی. ناوی (بزوتنەوەی گۆڕان)ە. بەڵکو، زۆرتر بەلای عێراق و هێزە عێراقیەکاندا دایشکاند. زۆرترین دوژمنایەتی یەکێتی و پارتیشی دەکرد. لە بەغداشدا، ئومێدێکی زۆریان لەسەر هەڵچنی، تا بتوانێ یەکێتی و پارتی لاواز بکات."[2]

کوردایەتی کردن و کارکردن بۆ هێنانەدی خواستە نەتەوەییەکان، بە دروشمی و حەماسی نەتەوەیی و ئەوەی نەوشیروان مستەفا ناوی نابوو فشەی کوردایەتی

---

1 . مەلا بەختیار، کۆمپانیای وشە و دیپلۆماسیەتی دوژمنایەتی، چاودێر (ڕۆژنامە)، ژمارە ٢٤٣، ٢٠٠٩/٩/١٤، ل ١-٢.

2 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

نایەنەدی، بەڵکو بە فیکر و دیسپلین و ئیرادەی سیاسی دابین دەکرێن. دانانی پاشگری (کوردستان) بۆ هێزێکی سیاسی مانای ئەوە نییە پێوەری کوردایەتییەکەی لەوانە زیاترە کە لەژێر ناوی دیکەدا کاردەکەن. کارنامەی سالانی رابردووی هەندێ لەو حیزبانەی کە پاشگری کوردستانیان هەڵگرتووە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە بۆ بەرژەوەندی سەرۆکەکانیان، ئامادەن ببنە سوری بەرلەشکری داگیرکەران و پەلکێشیان بکەنەوە بۆ کوردستان. گۆڕان، بزوتنەوەیەکی ریفۆرمخواز بووە و لەژێر پەردەی (کوردستان)دا، بازرگانی بە خاک و خواستە نەتەوەییەکانە نەکردووە.

تۆمەتەکانی مەلا بەختیار، هەربەوەوە نەوەستاوە، هەر پڕوپاگەندەیەکی کاتی هەڵبژاردنەکانی کە بیستبێ لێ بووەتە راستی و لە پەراوێزێکی کتێبەکەیدا تۆمەتێکی گەورەتری ئاراستەی بزوتنەوەی گۆڕان کردووە و نووسیویەتی: "تەنها لە یەک سەرۆکی حزبی عێراقیەوە (دوو ملیۆن) دۆلاری بۆ نێردرا، هەتا باشتر بەگژ یەکێتی و پارتیدا بچێتەوە، ئەو کەسەش دەناسم پارەکەی بۆ هێناوە."[1]

حەقیقەتی ئەو بوختانەش بەم شێوەیە: حیزبە شیعەکانی عێراق، کە بەردەوام لە کاتی دەنگدانەکانی پەرلەماندا بۆ دەست نیشانکردنی سەرۆک وەزیران، یەکێتی و پارتییان بە پارە و پلە و پۆست دەکڕی و ئەوانیش سات و سەودایان بە دەنگی خەڵکی کوردستانەوە دەکرد، پێیان وابوو دەتوانن بزوتنەوەی گۆڕان بەهەمان میکانیزم بکڕن و چییان بوێ بەسەریدا بسەپێنن. لە ناکۆکییەکانی ساڵی ٢٠١٢ نێوان مەسعود بارزانی و نوری مالکی، ئەوەی دووەمیان پێی وا بوو بە پارە دەتوانێ بزوتنەوەی گۆڕان لە دژی پارتی و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێ. بۆ ئەو مەبەستە یەک ملیۆن دینار (نەک دوو ملیۆن) بە سکرتێرەکەیدا ناردبوو بۆ مالی سەرمایەدارێکی ناوداری کورد (نەوزەر داود بەگی جاف) کە هاوڕێیەکی نزیکی نەوشیروان مستەفا بوو لە بەغدا نیشتەجێ بوو، تا بیدات بە بزوتنەوەی گۆڕان. (نەوزەر جاف) تەلەفونی بۆ نەوشیروان مستەفا کردووە و مەسەلەکەی بۆ باس کردووە، ئەویش کە دەیزانی مالیکی بەچی مەبەستێک ئەمەی کردووە، پێی وتووە هەر ئێستا بۆی بنێرەوە و بەناوی منەوە سوپاسی بکە و پێی بڵێ پێویستمان پێی نییە.

### ٤. سەنگەرگرتن لە نەوشیروان مستەفا

لە دوای کۆچی نەوشیروان مستەفاوە، پەلاماردان لە لایەن هەندێ حیزب و سیاسەتمەدار و ئەو میدیایانەی کە ئەوانی لە پشتەوەن، بوەبە نەهجێکی نەخشە بۆ

---

مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

داڕێژراوی مونەزەم. ڕەنگە لە دەرخستنی حەقیقەتی ئەو نەهجەدا، کەس هێندەی مەلا بەختیار راستگۆ نەبووبێت کاتێک لە دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفادا بەڕاشکاوی نووسیویەتی: "ئەم ساڵ بە پێچەوانەی ساڵانی رابردوو، وتاری گرنگ گرنگ، لەسەر بزوتنەوەی گۆڕان و رابەرە گشتیەکەی نوسرا! دڵنیام، لەمەودا، راستییەکان فراوانتر باس دەکرێ، بەربەستە سایکۆلۆژییەکان.. خوسان! 'شمشێرەکەی هیرکلیس*'یش لەسەر سەری نووسەران نەماوە، هەتا بە زنجیرە وتار، تاوانەکان بشاردرێنەوە."[1]

پێش دەرکردنی کتێبی لەبری بیرەوەری، دەزگای چاودێری سەربە مەلا بەختیار، کتێبێکی پڕ لە چەواشەی بڵاوکردەوە بە ناوی 'میژوویەک لە لوولەی تفەنگەوە' کە بە ناوی شەهاب کەریم ناوێکەوە بڵاوکرایەوە، دواتر فازیڵ کەریمیش بە هەمان نەهج و بۆ هەمان مەبەست، دەستی دایەوە قەڵەم؛ وەکو خۆشی باسی کردووە زنجیرەیەکی دیکە بەڕێوەیە.

پاشان خودی مەلا بەختیار هاتە سەر خەت و کتێبی "لەبری بیرەوەری" بڵاوکردەوە، ئەو کتێبە گەر بدرێتە دەستی پسپۆرێکی دەروناس، هیچ ئاگای لە رووداوەکانی کوردستان نەبێ، بۆ ئەوەی تەحلیڵێکی دەروناسی زانستیانە بۆ نووسەرەکەی بکات، زۆر بە ئاسانی دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە نووسەری ئەو کتێبە "کەسێتیەکەی ژەهراوی"یە؛ کەسێتی ژەهراوی بەوانە دەوترێت کە ئەم خەسڵەتانەیان تێیدایە: مەغرورن، خۆپەسەندن، بەردەوام باسی خۆیان دەکەن، لە ناخەوە هەستی خۆبەکەم زانیانیان تێیدایە و دەیانەوێ لەسەر حسابی ئەوانی دیکە دایپۆشن. سیقە بە خۆزانینێکی درۆینەیان تێیدایە، هەوڵدەدەن لە توانای خەڵکی دیکە کەم بکەنەوە و پێیان وایە لە هەموو شتێکدا شارەزان.

---

* "شمشێرەکەی هیرکلیس" نییە "شمشێرەکەی دامۆکلس"ە. شمشێری دامۆکلس"، ئەفسانەیەکی ئیغریقی کۆنە، چیرۆکەکە بەم شێوەیە: "دامۆکلس کە خزمەتکارێکی دەرباری شا "دیونیزوس" بوو پێی وابوو پادشا لەرووی هێز و بالادەستی و ئیدارەدانی مەملەکەتەوە کەسێکی سەرکەوتوو و بەختەوەرە. رۆژێک پادشا داوای لێکرد لەجێگەکەی ئەو دانیشێ و بزانێ ئەو خۆشبەختیەی باسی دەکات لەچیدایە. دامۆکلیس بە شەوقەوە پێشنیارەکەی قەبوڵ دەکات و ئێوارە خوانێکی شاهانەی بۆ ڕێکخراو ئەویش بەوەی وەک پادشا پێشوازی لێدەکرێت زۆر بە خۆشحاڵیەوە چووە سەر تەختی شاهانە، بەڵام لەناکاو بینی شمشێرێکی تیژ بەسەر سەریەوە دانراوە و تەنها بە تاڵە مویەکی کلکی ئەسپەوە بەندە. هەرکە شمشێرکەی بینی خۆشیەکەی لەبیر چووەوە و لەجێگەکەی هەستاو و داوای لە پادشا کرد ڕێگەی بدات مەجلیسەکەی بەجێبهێڵێ و وتی ئیتر هیچ کاتێک ئارەزوو ناکات بەوجۆرە خۆشبەخت بێت" مەبەستی دیونیزوس ئەوە بوو دامۆکلس تێگەیەنێت کە ژیانی شا هەردەم لە مەترسیدایە.. ئێستا "شمشێرەکەی دامۆکلس" بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت هەمیشە هەڕەشەیەک هەیە کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دیبەت و موناقەشەکاندا (هوشنگ ناظمی، ۱۳۷۸، ص۱۵۱).

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل۱۳۰.

مەلا بەختیار، لە سەرتاسەری کتێبەکەیدا رق و کینەیەکی یەکجار زۆری بەرانبەر نەوشیروان مستەفا هەیە، بەڵام ژەهری ئەو رق و کینەیە لەم پەرەگرافەدا دەردەکەوێ کە دەڵێت: "سێ گرێ لە کەسایەتی نەوشیرواندا هەبوو:

یەکەم: نەخۆشیەکی فیزیکی- سایکۆلۆژی هەبوو، بەدەستی خۆی نەبوو، هەرکاتێک فشاری عەسکەری، یان سیاسی، یان هەر کێشەیەکی تری لەسەر دەبوو، رەشبینی دایدەگرت و نا ئومێدی بەسەریدا زاڵ دەبوو. دەیان جار ئەم حەڵەتەمان لێ دیوە، یان لە ژوورەکەی نەدەهاتە دەرەوە، یاوەکو بایکۆتی کۆبوونەوەکانی دەکرد. یاخود بڕیاری دەدا واز بهێنێ و شۆڕش جێبهێڵێ.

دووەم: بەهۆی تواناکەیەوە. کەمترین گوێی لە ئەندامانی سەرکردایەتی دەگرت. بەڵکو لە کۆبوونەوەکاندا بەرانبەر زۆریان (نەک هەمویان!) رووشکێن بوو. لەهەر گفتوگۆیەکیش بهاتایەتە پێش، ئەگەر بواریشی بدایە رای جیاواز بدرێ، لەدوا ئەنجامدا، بۆچونی خۆی دەسەپاند. پێشتر لۆبیشی بۆ بۆچوونەکانی دەکرد.

سێهەم: لە تەنگانەدا ئازا نەبوو. چەند جارێک لێی قەوماوە، لاوازیەکی سەیری پیشانداوە... [1]

لە رێگەی خوێندنەوەی ئەو چەند دێڕەوە، چەند تێبینیەک بۆ خوێنەر دروست دەبێت، بەم جۆرە:

١. نەخۆشی فیزیکی – سایکۆلۆژی چییە؟

نەخۆشی (سایکوسوماتیک) ئەو کەسانە توشی دەبن کە کێشەی دەرونی وەک خەمۆکی، شڵەژان، دڵەڕاوکێ یان هەر کێشەیەکی دەروونی دیکەیان هەیە و نیشانەکانی لەسەر جەستەی نەخۆشەکە دەردەکەوێت. بەشی زۆری ئەوانەی توشی ئەم جۆرە نەخۆشیە دەبن، لە رابردوودا گوناهێک یان تاوانێکیان کردووە و لە دەرونیاندا شاردویانەتەوە و سەرکوتیان کردووە پێیان وایە فەرامۆشیان کردووە، بەڵام لە حەقیەتدا لەسەر جەستەیان دەردەکەوێ. بەپێی شیکردنەوەکەی مەلا بەختیار بێت، نەوشیروان مستەفا ئەو نەخۆشییەی هەبووە، چونکە (رەشبین) و (راڕا) بووە لە دریژەدان بەشۆڕش!

خوێندنەوەیەکی میژووی پەنجا ساڵی رابردووی ژیانی نەوشیروان مستەفا، پێچەوانەی قسەکانی مەلا بەختیار دەسەلمێنن، ئەو ساڵی ١٩٧٧ لە خۆشترین ولاتی دنیایەوە دێتەوە بۆ کوێرە دێیەکی دور لە شارستانیەت، بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی چەکداری، لە کاتێکدا دوو ساڵ پێشتر گەورەترین شۆڕشی چەکداری لە میژووی

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٥.

کوردستاندا هەرەسی هێنابوو، ئەمە نا ئومێدی و رەش بینی و هەڵهاتنە، یان بە واقع کردنی خەیاڵێکی مەحاڵە؟!

گەر نەوەی ئێستا رووداوەکانی ئەو سەردەمە بەچاوی خۆی نەدیوە، خودی مەلا بەختیار شاهیدە کە دوای کارەساتی هەکاری و شەهید بوونی سەرکردە و پێشمەرگەکانی یەکێتی، تەنها ٤٢ کەس بەدەوری مام جەلال و نەوشیروان مستەفاوە مابوونەوە، ٢ کەسیان چەکدار و ٤٠ بێ چەک، نە پارەیەکیان هەبوو، نە شوێنێک بۆ داساکیان، لەدیوی ئێرانەوە بە هەلیکۆپتەر بەدوایاندا دەگەڕان و لە دیوی عێراقیشەوە بە تۆپ ئاگر بارانیان دەکردن. هیچ زەمینەیەک بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش لەبار نەبوو، ئەو کاتە هەردوکیان زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی شان لەژێر باری شۆڕشدا خاڵی بکەن و لەکوێ هاتوون بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ، کەچی نەوشیروان مستەفا لەو دۆخە بێ ئاسۆیەدا، نەخشەیەکی دیکەی کێشاوە، لەوبارەوە مام جەلال دەڵێت: "رۆژێکیان نەوشیروان مستەفا هات بۆ لای من و گوتی: با پێکەوە پیاسەیەک بکەین، کە پیاسەمان کرد، پرسیارێکی لێکردم و گوتی: تۆ پێت وایە من لەو کەسانەم حەزدەکەم پێش تۆ بمرم و ئەو گولانەی بۆ تۆ دێ بەلەشی خۆم بیگرمەوە و بێ ئەندازە رێزو خۆشەویستیم هەیە بۆ تۆ؟ گوتم: بەڵێ پێم وایە و باوەڕی تەواوم بەوە هەیە. ئەویش گوتی: کەواتە من پێشنیارێکم هەیە، ئەمەوێ باش گوێم لێ بگریت، پێشنیارکەشم ئەوەیە: تا ئێستا سەرکردەی شۆڕشەکانی کورد لە شکست و لێقەوماندا هەڵهاتوون و وڵاتەکەیان بەجێ هێشتووە و زۆربەیان لە دەرەوەی وڵات مردون، با ئێمە ئەمجارە وا نەکەین و رانەکەین، با لە ناو شاخ و دۆڵەکانی کوردستانی خۆماندا بمێنینەوە تا مردن، گۆڕ و گۆڕستان و شوێنەواری شەهید بوون بەجێ دەهێڵین یان هیچ نەما و چارە نەما، دەچینە شارەکان و سەرکردایەتی خەباتی نهێنی دەکەین و لەوێ یان مردن یان سەرکەوتن بە دەست دەهێنین."[1]

ئەم بەڵێنەی نەوشیروان مستەفا، هەر بەڵێنێکی سەر زارەکی نەبوو، بەڵکو کردی بە کردار. بە خۆڕاگری و ماندوبوونێکی زۆرەوە درێژەی بە شۆڕشدا. لە دوای ئەنفالەکان و کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی بۆ سەر سنوری ئێران و جێگیربوونی سەرکردایەتی لە قاسمەرەش، زیاتر لە ٦٠٠٠ هەزار پێشمەرگە لە ئەسڵی ٨ هەزار تەسلیم بوونەوە یان هەڵهاتن بۆ ئەوروپا یان لە شارەکانی ئێراندا بوون بە ئاوارە، بەڵام ئەو بە ٢٠٠٠ پێشمەرگەوە مایەوە، بەرنامەی رێکخستنەوەی دانا و دوای کەمتر لە سێ ساڵ، راپەڕینی ئەنجامدا.

---

1 . سەلاح رەشید، دیداری تەمەن بەرگی (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

٢. له تەحلیلی دووهەمیدا، دان بەوەدا دەنێ کە نەوشیروان مستەفا بە توانا بووە، هەروەها ناتوانێ نکۆڵی لەوەش بکات کە بواری داوە رای جیاواز بوترێ! بەڵام گوایە ئەوە وای لێکردووە کەمترین گوێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی بگرێت و دواجاریش هەر رای خۆی فەرز کردووە..!

ئەم بۆچونە زۆر پێچەوانەی کەسێتی نەوشیروان مستەفایە، بەڵگەش بۆ ئەوە زۆرن، بە چاکی دەزانم قسەکانی یەکێک لە هاوبیرەکانی جارانی مەلا بەختیار بهێنمەوە کە سەرەڕای ئەو ناکۆکیانەی لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا هەیبووە، بەڵام بە ویژدانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ رەفتار و فکری نەوشیروان مستەفا کردووە.

پشکۆ نەجمەدین، لە سەرەتای هەشتاکاندا، کاتێک بۆ یەکەم جار نەوشیروان مستەفای دیووە، بەم شیوەیە باسی لەو دیدارە کردووە: "بەخێری هێناین و دەستی گووشین، پیاوێکی ئەسمەر دالگۆشت، چوار مشقی لە پشت مێزێکی زۆر نزم و چکۆلەوە بەرانبەرمان دانیشتەوە و بۆ ساتێک بە کاخەزەکانی سەر مێزەکەوە خۆی خەریک کرد و پاشان لەگەڵ ئێمەدا دەستی بە گفتوگۆ کرد، پەڕپوتی ژورەکە سەرنجی راکێشام، دیوارەکان رووت و هیچ پۆستەرێکیان پێوە نەبوون، دیوارەکانی ژورەکە بە وشکەکەڵەک دروستکرابوون، لە رووی ناوەوە سواخ نەدرابوون، بەڵام بە نایلۆن رووپۆش کرابوون. بای سارد دەهاتە ژووریێ و نایلۆنەکانی پڤ دەکردن. ژوورەکە بە رۆژی روناک تاری و چرا هەڵکرابوو!

پشکۆ نەجمەدین لە بارەی دیدارەکشیانەوە دەڵێت: "نەوشیروان. وەکو سکرتێری کۆمەڵە، کەمتر هەواڵی کارەکانی کۆمەڵەی لێپرسین و زیاتر بەدوی هەواڵی رێکخستنەکانی یەکێتی و دۆخی پارتیزانان و ژمارەیان کەوتبوو.

ئێمە وەکو پێویست وێنەیەکی گشتی بارودۆخەکەمان نیشاندا. ئەو پێچەوانەی مام جەلال، رووگەش و دەم بە بزە نەبوو، بگرە تاڕادەیەکیش مۆن و تورِە دیار دەکەوت. بە نیوە دڵشکاوی مالئاوییمان کرد. پاش یەکەم دیدار و لە ماوەی دە ساڵی خەباتی شاخدا دەیان جار سکرتێری کۆمەڵەم بینی، دەیان جار قسەوباسمان کرد، لەسەر سفرەیەک نانمان خوارد، لە بارەگای ئەودا رۆژم کردەوە و هەرگیز بەو تۆن و ریتمەی یەکەم دیدار نەیدواندم و رووی لێ گرژ نەکردم... ئەوەی کە من لە درێژایی بگرە و بەردە و ململانێکانی هەناوی کۆمەڵەدا، لە سەنگەری ئەوبەری رێباز و نورِینی فیکری و سیاسی نەوشیروان کەوتم، دەشێت "بەشێک"ی باریکی ریشەکەی لە کەناری ئەو یەکەم دیدارە چەقی بێت! دەڵێم بەشێکی گچکە، دەنا نەوشیروان خاوەنی نۆرِین و دنیابینیەکی تایبەت بوو لە مەرِ کۆمەڵە، شۆرِش، بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و دیاردە و

دەرکەوتە جیهانییەکان کە لەگەڵ بۆچون و تێگەیشتنی بەشێکی کادیرانی ئەوێ رۆژێی کۆمەڵەدا یەک نەدەکەوتن و سەروکاریان لەگەڵ کێشە و گرفتە تێۆری و فکرییەکانی کۆمەڵەدا هەبوو.

نەوشیروان، کەسێکی بە ئەزمون و سیاسییەکی مونەوەر بوو، ئەو سیاسەتمەدارێک بوو، خاوەن فیکر و دنیابینی و بەرنامەی کاری سیاسی تایبەت بە خۆی بوو. بە درێژایی ئەو سالانەی لە شاخ بوو، بە پشویەکی درێژەوە کاری بۆ جێکەوتنی نۆڕینەکانی خۆی دەکرد، نەوشیروان مستەفا، لە گفتوگۆ و دیالۆکدا، کەسێکی کەمدوو بوو، قسەلەڕوو، هەندێک جاریش توند و روشکێن بوو، ئەو سەرکردەیەکی خاکی، بێ فیز و دەعییە بوو. لە ژیاندا سادە، لە جلوبەرگ و پۆشاکدا لە سادە سادەتر و ئەم خەسڵەتانەیشی تا رۆژگاری ئێستا و دەورانی دەسەڵات و دەرکەوتنی فیرعەونەکانیش هەر وەک خۆیانن و زۆر نەگۆڕاون. ئەو سەرکردە و لێپرسراوانەی کە لە شاخ و لەو هەلومەرجە سەختەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا شێتی جوانترین شەتە جوانەکان بوون. جوانترین کلاشینکۆف، دەمانچەی سمیس، لاندکرۆزەر، شاڵ و کڵاشی هەورامان، ئاتاژی نێو ماڵ، لە رۆژگاری ئازادی و دەورانی دەسەڵاتی پاش راپەڕیندا بوون بە خۆرەی گەندەڵی و تا سەر ئێسک، دەسگاکانی دەسەڵاتیان ئیفلیج کرد."[1]

لەو نووسینەی پشکۆ نەجمەدین دا ئەوە روون دەبێتەوە، راستە لە یەکەم دیدارياندا نەوشیروان مستەفا "رووگەش و دەم بەبزە نەبوو، بگرە تاڕادەیەکیش مۆن و توڕە" بووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە ئەوە رەفتارێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی نەوشیروان مستەفا بووە، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە لە ١٠ ساڵی داهاتووی هاوڕێیەتیان دەیان جاری دیکە یەکتریان بینیوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: "هەرگیز بەو تۆن و ریتمەی یەکەم جار نەیدواندم و رووی لێ گرژ نەکردم..".

٣. گوتەیەکی بەناوبانگی سوقرات هەیە دەڵێ "هەندێ خەڵک لە هەموو شتێکدا موبالەغە دەکەن، تەنها لە هەڵەکانی خۆیاندا نەبێ"؛ مەلا بەختیار لەو کتێبەیدا بەشێوەیەکی وا باس لە نەوشیروان مستەفا دەکات وەک بڵێی کەس نەیبینیبێ و کەس نەیناسیبێ، یان باس لە کەسێک دەکات لە زەمەن و مەکانێکی دوور لە ئێستا! نەوشیروان لە تەمەنی خۆیدا هەزاران کەس ناسیویەتی و پەیوەندی رۆژانەیان لەگەڵدا هەبووە، بەشی هەرە زۆریان ماون، دامودەزگاکانی بەعس و موخابەراتی وڵاتان بەردەوام خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بوون لە سەری، تا ئێستا تەنانەت دوژمنترین

1 . پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون و یاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧.

دوژمنەکانیشی هێندە بێ ویژدانانە موبالەغەیان نەکردووە بەرانبەری. جورئەت و روو قایمیەکی زۆری دەوێت، کەسێک بە نەوشیروان مستەفا بڵێت: "لە تەنگانەدا ئازا نەبوو" یان "لە لێقەوماندا لاوازیەکی سەیری پیشانداوە"!!

شێرکۆ بێکەس، لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "دە رۆژ جارێک سەردانی کاک نەوشیروانم ئەکرد و تا ئێوارە لای ئەمامەوە. من دانیشتنم لەگەڵ کاک نەوشیرواندا پێخۆش بوو. ٢٣ ساڵ زیاترە دەیناسم و من بەمجۆرە ئەو پیاوە هەڵئەسەنگێنم: رووناکبیرەو لە بواری مێژوو و نووسین و وتاری سیاسیدا ورد و دەسترەنگینە، شارەزای ئەدەبی کلاسیکی و شیعری کوردییە، عەقڵێکی فراوان و چالاکی پێوەیە، بە کورتی و پووختی مەبەست ئەدا بەدەستەوە. ئەو درک بە هەندێ شت ئەکا، دوایی ئەڵێی ئەی بۆ من درکم پێ نەکرد، مەسەلە گرانەکان بە زمانێکی ئاسان ئەنوسێت، کاتێک قسە ئەکات بە تەواوی ئەزانێت چی ئەڵێ و بۆچی. نەوشیروان مستەفا بیرتیژە و شارەزای جوگرافیای کوردستان و گوند بەگوند و شاخ بەشاخ و کانی بەکانی ئەم وڵاتەیە، ناوی سەدان گوڵ و رووەک و درەخت ئەزانێ، زۆر قسە ناکات، قسە لەڕووە، بەرامبەرەکەی هەرکەسێ بێت ئەگەر هەڵەی کردبێ ئەیخاتە قولی مشتییەوە. ساڵێک نەتبینێت لێت ناپرسێتەوە، دە تەلەفۆنی بۆ بکە ئەو جارێک تەلەفۆنت بۆ ناکاتەوە، سەد سەردانی بکە، ئەو جارێک سەردانت ناکاتەوە، کەچی سەیر ئەوەیە تۆ هەر ئەچیتەوە بۆلای، چونکە سەر ئەنجام ناتوانی دەستبەرداری بیت. هەرگیز بە تەنگ ماڵی دنیاوە نەبووە و خۆپەرست و خۆویست نەبووە، لە شاخیش و لە شاریش هەر سادە ژیاوە. لە بواری راگەیاندنا یەکێکە لە پسپۆڕەکان، لە دانانی پلانی شەڕی پارتیزانی و عەسکەریدا ورد و شارەزایە، لە رۆژگاری سەختدا هەناسە دریژە، عاتیفی و سۆزدار نییە، لە پۆشینی جلوبەرگ و خواردندا ئاسایی و کەم خۆرە و بە هەموو شتێ رازییە، چوار پێنج زمان ئەزانێت، خەم و مەراق و دەردە دڵی خۆی کەم ئەدرکێنێ و لە ناوەوەیدا پەنگ ئەخواتەوە..."[1]

مەلا بەختیار، کە رۆژگارێک خۆی بە سەرکردەی پرۆلیتاریای عێراق زانیوە، دەبوو زۆر باسی ئازایەتی و خۆڕاگری نەکردایە، چونکە بەڵگە زۆرن لەسەر ئەوەی بە چاوسورکردنەوەیەکی برایم جەلال، دەستی کردووە بە گریان و بە دەستی خۆی پاکانەیەکی دوور و درێژی نووسیوە و ئیعترافی لەسەر هەموو برادەر و شانە رێکخستنەکانی ئالای شۆڕش کردووە! پەشیمان بوونەوەی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەو

1 . شێرکۆ بێکەس، نوسین بەئاوی خۆڵەمێش، بەرگی ١، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم ٢٠١٣، ل٣٦٧ و ٣٦٨.

کاره نا شەرعیانەی بەرانبەر بە کۆمەڵە کردوونی و بڕیاری داوە چیتر توخنی سیاسەت نەکەوێ...!

بوختانێکی دیکەی مەلا بەختیار لە دژی نەوشیروان مستەفا ئەوەیە گوایە وتوویەتی: "لەسەر فەیلی بۆچی شەڕ بکەین؟ کەی خۆیان بە کورد زانیی، ئەوسا شەڕیان لەسەر بکەین. بۆ کەرکوک و خانەقینیش، هەمیشە نەگەتیف بوو. گاڵتەی بە هەولێریش دەکرد و بادینانیشی بە نەتەوەیەکی تر دەزانی..."[1]

رەنگە باشترین وەڵام بۆ ئەو تۆمەتە، ئەو وەڵامەی نەوشیروان مستەفا بێت بۆ مام جەلال، کە لە نامەیەکدا چەند قسەیەکی هاوشێوەی ئەوی مەلا بەختیاری پێوتبوو، تێدا نووسیویەتی: "کەسێک پانزە ساڵی خۆشترین قۆناغی تەمەنی بە پێشمەرگایەتی لە شاخەکانی کوردستاندا بەسەر بردبێ و، لە جزیرەی سوریاوە بەپێ سنورەکانی سوریا، تورکیا، عێراقو سنورەکانی ئێرانو تورکیاو عێراقی پێوا بێو پەیوەندی هاورێیەتی لەگەڵ سەدان تێکۆشەری سەرانسەری کوردستان دروست کردبێ، ئەچێتە عەقڵی کێوە ئەو کەسە رقی لە هەولێری و کەرکوکی و بادینی بێ.

لە خۆمم پرسی:

– تۆ بڵێی ئەم هەمو ساڵە من شێت بوبم بۆیە داومەتە شاخ؟

– تۆ بڵێی کەسێ دێوانەی خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمانەکەی نەبێ کە کەرکوکو هەولێرو بادینان، بەشێکین بتوانێ بەرگەی پانزە ساڵی ژیانی پێشمەرگایەتی سەردەمی دەسەڵاتی بەعس بگرێ؟

– تۆ بڵێی ئەو هەموو جەولەو شەڕوشۆڕ و ناخۆشییانەی لە ناوچەکانی هەولێر کردومە و زۆربەی هەرەزۆری پێشمەرگە و کادیر و فەرماندەکانی هەولێر و خۆشناوەتی و باڵەکایەتی کە تا ئێستاش لە نزیکترین هاوڕێکانمن ڕاست نەبێ؟

لە خۆمم پرسی:

– ئایا ئەتوانم لەگەڵ کەسێک دا کاری جدی بکەم کە هەمو بۆچونەکانی منی لەسەر گۆڕینی شێوازی سیستمی کاری حیزبایەتی کورت کردۆتەوە بۆ ئەم شتە شەخسیانە کە هیچیان راست نین؟

– ئایا ئەتوانم لەگەڵ سەرکردەو کادرانێکی وادا کار بکەم کە لە جیاتی بیرکردنەوە لە چاککردنی ڕێکخستنی حیزب و داوودەزگاکانی، کەوتونەتە ململانێیەکی قێزەون بۆ پاریزگاری لە دەسەڵات و بەرژەوەندیە تایبەتییەکانی خۆیان؟

---

1 . مەلا بەختیار، لەبری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٠ – ٤١١.

– ئایا ئەتوانم درێژە بە کارکردن بدەم لەگەڵ سەرکردەیەکدا کە بە هاوکاری ئەوانەی لە خۆیەوە نزیکن بەردەوام پروپاگەندەی دوژمنانە بۆ هەر قسەیەکی من ئەکەن کە بێ مەبەست یان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو وتومە؟

ئەوانە هەموو هەوڵێکی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵک چەواشە بکەنو بیروبۆچونەکانی منو هەوڵەکانی من بۆ ڕیفۆرمی ناوخۆی یەکێتی بە خراپ پیشان بدەنو بە ئاقارێکی تری دا ببەن.

– من باسی چاککردنی ئەدائی حکومەت ئەکەم، ئەوان ئەڵێن رقی لە هەولێرە، لە بادینانە، لە کەرکوکە.

– من باسی چاککردنی ئەدای ئاسایش، ڕێکخستن و ڕێکخراوەکان ئەکەم، ئەوان ئەیخەنە قالبی تۆڵەو رقو قینەوە...

– من ئەمەوێ ئەم ئەزموونە ستالینییەی حیزب کۆتایی بێو حیزبێکی داوودەزگای مۆدێرن دروست بکەین، ئەوان پروپاگەندەی موچەبڕینو دەرکردن و تۆڵەکردنەوەم دوا ئەخەن.

– من بیر لە تازەکردنەوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی ئەکەمەوە، ئەوان ئەچن ئەمە وەک تۆڵەکردنەوە پیشانی ئەمو ئەو ئەدەن.

– من ئەمەوێ ئەخلاقی بە زۆرکردنی خەڵک بە حیزبی و تەزکیە نەهێڵین، ئەوان پروپاگەندەی خەڵک شکان و قسەی ڕەقم دوا ئەخەن..."[1]

لە سەردەمی خەباتی چەکداری و لە دوای ڕاپەڕین، لە گفتوگۆ و مفاوەزاتەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا، پاش روخانی رژێمی سەدام لە قۆناغە جیاجیاکاندا، لەکاتی نووسینەوەی دەستوردا و دوای دروستکردنی بزوتنەوەی گۆڕانیش، پرسی کەرکوک و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان، لە پێشی پێشەوەی ئەجندای نەوشیروان مستەفا بوون و بە یەکێک لە ئەوەلەویەتە هەرە سەرەکییەکانی کاری سیاسی خۆی زانیون.

نەوشیروان مستەفا تاکە سەرکردەی کوردە لە مێژووی کوردستاندا، توانی لە نەورۆزی ١٩٩١دا فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی ئازاد کردنی کەرکوک بکات و خەونی لە مێژینەی شێخ مەحمود و سەرکردەکانی دیکەی کوردستان بهێنێتەدی کە دەیانویست بۆ یەکجاریش بێت کەرکوک بە دەستی تێکۆشەرەکانی کوردەوە رزگاری ببێ.

لە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٣ لە کاتی کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ناوچە دابڕاوەکان نەوشیروان مستەفا رووی لە ئەندامانی کۆنفرانس کرد و وتی: "کاتێک باسی ئەوە دەکرێت تا چەند سەرکردایەتی سیاسی کوردی لە دارشتنی

1 . نەوشیروان مستەفا ئەمین، خەون یان مۆتەکە، (دەست نوس).

ستراتیجێکی نەتەوەیی سەرکەوتوو بوە، یان بەهەر پێوانەیەک مامەڵە لەگەڵ ئەنجامی ناوچە دابڕاوەکان دەکرێت، ئەبینین بۆ یەکەمین جار لە مێژوی کورددا، هەلێکی مێژویمان دەستکەوت لە دوای روخانی رژێمی بەعس بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە، بەڵام بەداخەوە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد، لە حەقیقەتدا ئەو دوو سەرکردەیە، ئەو هەلە مێژوییەیان لە دەست میللەتەکەماندا و دیسانەوە چارەنوسی ئەو ناوچانەیان خستە گەروی نەهەنگێکی نادیار و مادەی ١٤٠ەوە. سەرکردایەتی سیاسی کورد نەیویست ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەویش لەبەر بەرژەوەندی سیاسی حیزبی و لەبەر بەرژەوەندی کەسی گوتی: "یەکێکیان نەیویست، چونکە بە گەڕانەوەی ئەو ناوچانە نوێنەرانی ناوچە دابڕاوەکان لە پەرلەمانی کوردستان ئەو هاوسەنگیەی لە نێوان یەکێتی و پارتی هەبوو دەیگۆڕی، بەشێوەیەک کە رەنگ بوو دەسەڵاتی پارتی زۆر لاواز بکات، ئەوی تریش نەیویست، بۆئەوەی دڵی عەرەب و تورکمان، دڵی تورکیا و ئێران لەخۆی رازیبکات و ببێت بە سەرۆک کۆماری عێراق. واتە یەکێک لە پێناو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەوی تر لەبەر سەرۆکایەتی کۆماری عێراق چارەنوسی ناوچە دابڕاوەکانیان خستە ئەو واقعەی ئێستا. لە ستراتیجی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا ئەو ناوچانە کۆڵەکەی سەرەکین و بە هەموو توانامانەوە لەگەڵ چارەسەری کێشەی ئەو ناوچانەین، بە جۆرێک لە خزمەت بەرژەوەندی نەتەوەیی و بەرژەوەندی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بگونجێت".[1]

دوای نزیکەی دوو مانگ لە بەشداری کردنی بزوتنەوەی گۆڕان لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رۆژی ٢٠١٤/٨/٦، لە میانەی کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، نەوشیروان مستەفا بە پەرلەمانتارانی وت: "حیزبە سیاسییەکان لە وڵاتانی دیموکراتیدا لەگەڵ هەموو خولێکی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا کە بەرنامەی خۆیان بۆ حکومەت دائەنێن ئەولەویەت دائەنێن بۆ کاری حکومەت لەو چوار ساڵەدا.

ئەمە لە وڵاتانی دیموکراتیدا کە هەلومەرجی وڵاتەکەیان جێگیر و ئاساییە، لە وڵاتێکی وەکو کوردستاندا، کە لە دوای راپەڕینەوە، بە چەندین قۆناغی دژواردا تێپەڕیوە و هەر قۆناغێکی ئەولەویەتی جیاواز بوە لەگەڵ قۆناغی پێشوی و داهاتویدا، هیچ ساڵێ لە هەلومەرجێکی جێگیر و ئاساییدا نەبوە، بە گوێرەی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردستانی باشور جیاواز بوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر. ئەگەر کەسێ لە بیری

1 . پۆرتاڵی رووداوو: نەوشیروان مستەفا هێرشی توند دەکاتە سەر تاڵەبانی و بارزانی: 2013/06/18:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/180620135

مابێ له گفتوگۆکانی پێشودا ئەم باسەمان کردووە. لەم قۆناغەی ئێستای هەرێمی کوردستان، ئەولەویەت بەلای ئێمەوە گێڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمە، بۆسەر هەرێم.

کێشەی سەرەکی بزوتنەوەی کورد لە عێراقدا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئێستاش لەگەڵ ئیستیعماری بەریتانی و دوای ئەو لەگەڵ هەموو حکومەتەکانی عێراقدا، کێشەی ئەرز بوە، واتە کێشەی سنوری کوردستان بوە. دوای رووداوەکانی موسڵ و چۆڵکردنی بەشێکی فراوانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم لە لایەن هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عێراقەوە، هەلومەرجێکی ئەوتۆ خولقاوە کە هەرێمی کوردستان ئەتوانێ بەشێ لە ئەرزە زەوتکراوەکانی بگێڕێتەوە سەر هەرێم. بەلای ئێمەوە لە قۆناغی ئێستادا ئەولەویەت بۆ ئەمەیە، ئەبێ هەوڵەکانمان بۆ جێگیرکردن و چەسپاندانی دەسەڵاتی هەرێم بێ، لەڕوی ئەمنی، عەسکەری، ئیداری، ئابوری، پەروەردەییەوە لەو ناوچانەدا، هەموو هەوڵەکانمان لە خزمەتی ئەو ئامانجە پیرۆز و بەرزەدابێ کە ئەو ناوچانە بۆ هەمیشە بێنەوە سەر کوردستان."[1]

ئەو تۆمەتانەی مەلا بەختیار، نە لە رابردوودا و نە لە داهاتوودا، کاریگەرییان نابێ لەسەر حەقیقەتی کەسایەتی نەوشیروان مستەفا. چونکە کەرکوک بەلای نەوشیروان مستەفاوە تەنیا خاک و خۆڵ نەبوو، بەڵکو خەڵکە تێکۆشەرکەیەتی، ئەو لەدیدارێکیدا هەموو کوردستان بە قەرزاری کەرکوکییەکان دەزانێت: "سەرکەوتنی جووڵانەوەکەی ئێمە لەکاتی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینەوە، ئەم دەستکەوتەی ئێستا بەدەستمان هێناوە لەم ناوچانەی خۆمان لە سلێمانی لە دهۆک لە هەولێر، لە ڕاستیدا بەشێکی ئەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشەرەکانی کەرکوک. لە ١٩٧٥وە دەستمان کرد بە ئێشکردن، بەتایبەت لە ١٩٧٦ کوردەکانی کەرکوک بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر بەشداریان کردووە لەجووڵانەوەکەدا. پێشمەرگەی زۆریان هەبوو، کەم پێشمەرگە هەبوو شەڕی نەکردبێ لە سەرتاسەری کوردوستان، پێم وایە بەش بە حاڵی خۆم خەڵکی ئەم ناوچانە بە ئازادی ئەژین تاحەدێک قەرزداری کوردەکانی کەرکوکین، ئێستاش وەختی ئەوە هاتووە ئەوقەرزەیان بدەینەوە. ئێمە هیچمان بۆنەکردوون بەعەکسەوە ئەوان هاتون بەشداریەکی زۆر گەورەیان کردووە لە جووڵانەوەکە، بەسەدان کەسیان لێ شەهید بووە.

بەتەنیا مەنتیقەی کەرکوک دوو تیپی هەبوو پێیش ئەوەی عەمەلیاتی ئەنفال ١٩٨٨ بەسەرمانا بێیت. تیپی ٢١ کەرکوک تیپی خاڵخاڵان. بێجگە لەبەشی گەرمیان ئەویش

1 . نەوشیروان مستەفا: سورین لەسەر بەڵێنەکانی خۆمان:
http://archive.sbeiy.krd/Detail.aspx?id=33881&LinkID=14

تاریخیەن بەشێکە لە کەرکوک  وەک کفری کەلار و دەربەندیخان، وەکو ئەومەنتیقانە لەوێیش پێنج شەش تیپی لێ بوو، هەرتیپێک ٥٠٠ پێشمەرگەی هەبوو. لەبەر ئەوەیە من بە شانازیەوە باسی ئەوە ئەکەم زۆرجار ئەسڵەن دەستەی پاراستنی خۆم لەسەدا هەشتایی کەرکوکی بووە، ئینجا من مەبەستم ئەوەیە وەختی ئەوە هاتووە قەرزی کەرکوکییەکان بدەینەوە، نەک کەرکوکییەکان قەرزمان بدەنەوە."[1]

لە بەرانبەر ئەو بوختانانەی مەلا بەختیاردا، کەسانێکی تێکۆشەری راستەقینە و راستگۆی، خەڵکی هەولێر و کەرکوک و خانەقین و فەیلی، قسەی دیکەیان کردووە: رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود (شەهید ڕێباز)، سەبارەت بە کەسایەتی نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی: "بە بڕوای من کاک نەوشیروان پیاوێکی وا بە ئەزموون و شارەزا و دووربین و پێشبین، تێکۆشەرێکی کۆنی گەلی کورد، ئەدیبێکی ناسراو بوو، کاک نەوشیروان رۆڵێکی گرنگی گێڕا بۆ ئەوەی کۆمەڵە بتوانێ رەگی خۆی لە هەموو کوردستان دابکوتێ، کوردستانییەتی کۆمەڵە، یەکخستنی بیروبۆچونە جیاجیاکان، بەتەواوەی چەسپا. مەترسی پارچەپارچە بوونی بزوتنەوەی کوردایەتی، هیمەتی زۆری کاک نەوشیروانی تیابوو."[2]

عادل موراد کەسایەتی ناودار و سیاسەتمەداری گەورەی کوردی فەیلی، بەم شێوەیە قسەی لەسەر نەوشیروان مستەفا کردووە: "کۆچی دوایی کاکە نەوە، فەراغێکی گەورە لە کوردستاندا بەجێدێڵێ و پڕ نابێتەوە، لە بیری لە رەوشتی، کاک نەوشیروان لە شاخ و لە ئەوروپاش سادە بوو. ئەو کەسانەی کە دژایەتی فکر و بیروباوەڕی نەوشیروان مستەفا دەکەن، با بزانن چ تەعزیەک کراوە بەو گەورەییە. باوەڕ ناکەم لە هەموو کوردستان تەعزیەک وا گەورە کرابێ، ئەوە بۆ فکری کاک نەوشیروانە، با ئەوە ببینن، ئەو لەناو خەڵکدا دەژیا. نەوشیروان رۆیشت، بەڵام بیروباوەڕی نەوشیروان ئەمێنێ و شتی تازەش دروست ئەبێ.. "

کەسایەتی دیاری کوردی فەیلی، دادوەری مونیر حەداد کە جێگری سەرۆکی دەستەی تێهەڵچوونەوە بوو لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، سەرپەرشتی لە سێدارەدانی سەدام حسێنی کرد. سەبارەت بە کەسایەتی و پێگەی نەوشیروان مستەفا لە وتارێکدا دەنووسێ: "نەوشیروان مستەفا پیاوێک بوو بێ وێنە، بۆ مردنێکی راستەراست دەشیا، تا ژیانێکی پێچاوپێچ.. نەوشیروان فەیلەسۆفێکی کورد بوو لە

1 . نەوشیروان مستەفا: قەرزاری کەرکوکییەکانین:
https://www.youtube.com/watch?v=YpHQZXrIrt8

2 ، ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.

پێناوی مرۆڤایەتیدا تێکۆشا، لە کوردستاندا تیۆرییەکی مەیدانی داهێنا، جێبەجێ کردنی زۆر ئاسانە لە هەموو کات و شوێنێکدا. ئەو کەسێکی خاوەن فکر بوو، کەسێکی گەردونی بوو. بیروباوەڕەکانی بۆ رزگارکردنی گەل بوو، ئەو رزگاریکەری گەلان بوو.. سەرەتا لە نەتەوەی کوردەوە دەستی پێکرد، پاشان بۆ گەلانی دیکە، ئەو گیڤارای سەدەی بیست و یەکەم بوو. نەوشیروان مستەفا سیاسیەکی کورد بوو، لە مەیدانەکاندا لە دژی ستەمی رژێمی بەعسی سەدامی جەنگا و پاشان بزوتنەوەی گۆڕانی دروست کرد، وەرچەرخانی لە دەسەڵاتی یاسادانانداا دروست کرد. سیاسیەکانی لە بورجی عاجی پەرلەمان هێنایە خوارەوە بۆ شەقامەکان.. نەوشیروان هاوڕێی هەموو هاوڵاتیانی هەرێم بوو، بۆیە کاتێک کۆچی دوایی کرد، هەموو گەلی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوە بۆی خەمبار بوون. ئەو خاوەن تێکۆشانێکی شەرف مەندانەیە، لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی١٩٧٥ لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە کۆمەڵەی رەنجدەران، درێژەی بە تێکۆشاندا."[1]

**پێنجەم: بەشداری کردنی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردن**

خولەکانی یەکەم و دووەمی پەرلەمانی کوردستان هیچ جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی تێیدا نەبوو. بزوتنەوەی ئیسلامی وەک هێزێکی چەکداری بەرهەڵستکار کە داوای جێبەجێ کردنی شەرعییەت و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکرد، لەگەڵ هەردوو حیزبی ناو دەسەڵاتدا لە شەڕدا بوو. بە ڕای نەوشیروان مستەفا ناکرێ ئەو بزوتنەوەیە بە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی پەرلەمانی لەقەڵەم بدرێت، چونکە: "لەو قۆناغەدا تووندڕەو بوون و بەشداریان نەدەکرد لە حکومەتێکی نا ئیسلامیدا، ئەوان دژی هەر جۆرە سیستمێکی سیاسی بوون لەسەر بناغەی عەلمانی، ئاراستەیەکی سیاسیان نەبوو، پەنایان بۆ چەک برد و ئێرانیش پشتیوانی لێکردن."[2]

لە قۆناغی دوو ئیدارەییدا، کە لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦دا بە داگیرکردنی هەولێر لە لایەن هێزەکانی سوپای عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستی پێکرد، پەرلەمانی کوردستان بەبێ ئامادەبوونی پەرلەمانتارانی یەکێتی کاری دەکرد. بەڵام لە ٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢دا هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان. لە ٣١ کانونی یەکەمی ٢٠٠٥دا هەڵبژاردنی خولی سێیەمی

1 . القاضي منير حداد، ن قبره.. نوشيروان مصطفى.. يهندس إنتفاضة آذار 1991:
https://manber.ch/ArticleShow.aspx=ID79361?fbclid=IwAR3duYKn0iu4JwsbXU9GJ6M87liagchNWGiRb8bBYRDA38EJ07GFXJP4ypo

2 . د.رشيد عمارة الزيدي و م. يوسف محمد صادق، المعارضة السياسية في اقليم كردستان – العراق، المركز العربي لابحاث ودراسة السياسية، قطر، ٢٠١٢، ل ٦-٧.

پەرلەمان ئەنجام درا، بەڵام هەردوو ئیدارەکە یەک نەخرایەوە تاوکو ٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٦.

لە خولی دوەمیشدا هەموو حیزبەکانی ناو پەرلەمان (پارتی، یەکێتی، شیوعی، کۆمەڵی ئیسلامی، و یەکگرتووی ئیسلامی و زەحمەتکێشان)، چونە ناو کابینەی حکومەتەوە و هیچ ئۆپۆزسیۆنێک دروست نەبوو.

نەوشیروان مستەفا، دوای ئەوەی مۆڵەتی فەرمی دروست کردنی لیستی (گۆڕان)ی وەک قەوارەیەکی سیاسی فەرمی لە هەرێمی کوردستان، وەرگرت. لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٥ تەموزی ساڵی ٢٠٠٩ بەڕێوەچوو، بەشداری کرد و لیستەکەی توانی ٢٥ کورسی پەرلەمانی لە کۆی ١١١ کورسی بەدەست بهێنێت و ببێ بە دووەم فراکسیۆنی پەرلەمان. نەوشیروان مستەفا بڕیاری دا بەشداری حکومەت نەکات و ببێتە ئۆپۆزسیۆن. بەم جۆرە بزوتنەوەی گۆڕان بوو بە یەکەم هێزی ئۆپۆزسیۆن لە نێو پەرلەمان و پێشڕەوەی رەوتی ئۆپۆزسیۆنی کرد لەو قۆناغەدا.

کابینەی شەشەم و حەوتەم بە شێوەی دوو ساڵ بە دوو ساڵ لە نێوان یەکێتی و پارتیدا دابەشکرا. لە دوو ساڵی یەکەمدا بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت بوو، کابینەکەی لە ١٩ وەزارەت پێکهاتبوو، لە ٢ی شوباتی ٢٠١٢ نامەی دەست لە کارکێشانەوەی بەرهەم ساڵح لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە پەسەند کرا و نێچیرڤان بارزانی لە شوباتی ٢٠١٢ جێگەی بەرهەم ساڵحی گرتەوە و بوەوە بەسەرۆکی حکومەت و کابینەکەی بە کابینەی حەوتەم ناوبرا و تاکوو ئەیلوولی ٢٠١٣ بەردەوام بوو.

**١. بزوتنەوەی گۆڕان لە ئۆپۆزسیۆندا**

جگە لە بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامیش بڕیاریان دا نەچنە کابینەی حکومەتەوە و ئەوانیش وەک ئۆپۆزسیۆن کار بکەن. بەمجۆرە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی پەرلەمانی کوردستاندا، گەورەترین ئۆپۆزسیۆنی سیاسی سەری هەڵدا کە خۆی لە دوو رەوتدا بینییەوە، بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامییەکان، کە کۆمەڵ و یەکگرتوو نوێنەری بوون.

هەرچەندە ئەم دوو رەوتە دوو دیدگای زۆر جیاوازیان هەبوو بۆ بونیادنانی کۆمەڵگا، بەڵام نەوشیروان مستەفا توانی هەماهەنگی سیاسیان لەتەکدا دروست بکات، بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی و بەرقەرار کردنی دیموکراسی و دادپەروەری. دۆخی

کوردستان وایدەخواست ئەو هەماهەنگی سیاسیە دروستبکرێت بۆ روبەڕووبوونەوەی هەژموونی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار.

دکتۆر سەردار عەزیز، رای وایە نەوشیروان مستەفا توانی فەرهەنگی ئۆپۆزسیۆن بوون لە چەکەوە بگۆڕێ بۆ فەرهەنگی بونیادنەر لەوبارەوە دەڵێت: "ئەکرێت لێرەدا لە کارەکانی نەوشیروان مستەفا بنواڕین. یەکەم، دروست کردنی بزوتنەوەیەکی بێ چەک، هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ئەو دیدەی کە چەک تەنها ئامرازی سیاسەت کردن نیە، بەڵکو بۆ ئەوەی سیاسەت بە جۆرێکی سەردەمیانە بکەین دەبێت چەک لە سیاسەت دور بخرێتەوە. کاتێک کە چەک دور دەخرێتەوە، ئەوا ترسی قۆرغ کردن و دەستبەردار نەبوون و حوکمی هەتایی بوونی نابێت. ئەم هەنگاوە لە کردەی ئۆپۆزسیۆن بون و پاشان لە چەمکی ئۆپۆزسیۆن بووندا خۆی دەبینێتەوە. ئۆپۆزسیۆن بوون بە مانای ئەوەی کە دەکرێت لە ناو کایەی دەسەڵاتدا بیت، بەڵام بەشێک نەبێت لێی، بەڵکو فشارکەر و چاودێر و رەخنەگری بیت. ئەمەش بۆخۆی ئاماژەیە بۆ پیشاندانی جۆری تر لە سیاسەت کردن جودا لە سیاسەتی بە مولک کردن یان هەتایی. دوانەی بێ چەکی و ئۆپۆزسیۆن هەروەها دەرخەری ئەوەن کە دەکرێت ململانێ بکەین بە ئامرازی جیاواز، نەک بە ئامرازی کوشندە. لێرەدا چەمک و دیدی وەرچەرخانی ململانێ دەردەکەوێت. ئەم هەنگاوانە دەرخەری ئەوەن کە بەڵێ ئێمە جیاوازین، دەتوانین جیاوازبوونمان لە یەکتر کوشتن یان یەکتر سفرکردنەوە بگۆڕین بۆ جۆرێک لە ململانێی بونیادنەر کە چەک تیایدا دور بێت و هەوڵ بدەین کە ئامادەیی و کاریگەریمان بە جۆری تر هەبێت."[1]

### ٢. بزوتنەوەی گۆڕان و پڕۆژە ریفۆرمخوازییەکانی

#### أ. مەسەلەی دەستوری هەرێم

بە پێی لێدوانێکی نەوشیروان مستەفا، قسەکردن لەسەر دانانی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی راپەڕین، بەڵام بە هۆی رازی نەبوونی پارتی ئەو پرسە دواخراوە لەو بارەوە دەڵێت: "پێم خۆشە ئەو راستیەتان بۆ باس بکەم کە لە دوای هەڵبژاردنی یەکەم و لە کاتی یەکەم پەرلەمانی کوردستان، سێ پڕۆژەی دەستور خرایە بەردەم پەرلەمان، بەڵام ئەو زەمانە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەدەستی پارتییەوە بوو، نەیانهێشت گفتوگۆ لەسەر ئەو پڕۆژانە بکرێت بۆئەوەی صەدام حوسێن لێیان عاجز نەبێت. لە دوای ئەوەش کە شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد و دواتر

1 . سەردار عەزیز، فەلسەفەی نەوشیروان مستەفا:
https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=111241

کەوتینە گفتوگۆ و من یەکێک بوم لە وەفدەکەی یەکێتی لە پاریس ئەو کەسەی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی هەردولای دەکرد (ناوی میسیۆ دۆران) راوێژکاری دیبلۆماسی سەرۆک میتران بوو، پێشنیاری بۆ کردین بۆئەوەی رێکخستنێکی یاسایی و سیاسی خۆمان بکەین، باشترین مامۆستاکانی یاسای دەستوری فەرەنسامان بۆ کۆدەکەنەوە بۆ ئەوەی دەستورێک بۆ هەرێمی کوردستان بنوسن و ئامادەی بکەن و وەسیقەیەکی دەستوریمان هەبێت، دیسانەوە وەفدی پارتی رازی نەبوون دەستورێکمان هەبێت بۆ ئەوەی دڵی (صەدام حوسێن)مان لێ نەئێشێت.."[1]

لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا، یەکێتی و پارتی لە رێگەی دروست کردنی لیژنەیەکی دەستوریيەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە دروست کرابوو، پڕۆژەیەکی دەستوریان بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە کرد، لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٩دا لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا، بڕیاریش درا لە تەموزی هەمان ساڵدا لە ریفراندۆمیکدا خەڵک دەنگی لەسەر بدات. ئەگەرچی ئەو کاتە هێشتا بزوتنەوەی گۆڕان خۆی رانەگەیاندبوو، بەڵام میدیاکانی کۆمپانیای وشە و هەندێ لە حیزبەکانی کوردستان، بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە پڕۆژەکە ڕازی نەبوون و داوایان کرد سیستەمی حوکم پەرلەمانی تەواو بێت. بۆیە هەوڵی خستنە ڕیفراندۆمی پڕۆژەی دەستور لە کاتی خۆیدا سەری نەگرت و پڕۆژەکە هەروەک خۆی مایەوە.

سەبارەت بە جۆری ئەو دەستورەی کە بۆ کوردستان پێویست و گونجاوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "نامەنەوێت دەستورێکمان هەبێت سەرۆکێک دروست بکات لە مەرتەبەی سوڵتانەکانی قڕونی وەستا بێت و هاوڵاتییەکی کوردستانی دروست بکات ببێتە کۆیلەیەکی دەستوپێ بەستراو، بەڵکو دەمانەوێت دەستورێکی سەردەمیانەمان هەبێت کە لەگەڵ ئازادی و پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆ و دەستەبەری مافەکانی مرۆڤ بگونجێت. بزوتنەوەی گۆڕان، بە پێویستی دەزانین دەستورمان هەبێت و ئێمە پێش ٢٠ ساڵ لەگەڵ هاوڕێکانم لەگەڵ بوونی دەستوردا بوین، بەڵام دەستورێکمان ناوێت کۆمەڵگای کوردی بکات بە دو کەرتەوە، بچین بە گژی یەکتردا، بەڵکو دەستورێکمان دەوێت ببێت بە چەتری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بە کورد و تورکمان و عەرەب و بە مسوڵمان و مەسیحی و ئێزدی و شەبەک و کاکەیی و هەموو تیرە و تایەفەکانەوە، دەستورێکمان دەوێت لە نێوان فەقیر و دەوڵەمەند، لەبەینی لادێی و شاریی، عەشائیری و مەدەنیدا، پلە جیاوازەکاندا جیاوازی نەکات و لە کاتی ناکۆکی دولایەندا وەک مەرجەع

1 . پۆرتاڵی رووداوو: نەوشیروان مستەفا هێرشی توند دەکاتە سەر تاڵەبانی و بارزانی: 2013/06/18
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/180620135

بۆی بگەڕێینەوە. دەستور بۆ یەک ئینسان نانووسین، جیاوازی ئێمە لەگەڵ پارتیدا ئەوەیە ئەوان دەیانەوێت دەستور بۆ یەک تاکە کەس بنوسن، ئێمە دەمانەوێت بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بینووسین."[1]

**ب. بەیانە حەوت خاڵییەکە:**

هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە دژی ستەم و دیکتاتۆریەت و گەندەڵی، لە ٢٠١١/١/٢١ بزوتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەکی حەوت خاڵی بۆ رای گشتی کوردستان بڵاوکردەوە. لەو بەیاننامەیەدا پشتیوانی خۆی بۆ شۆڕشی گەلانی ناوچەکە دەربڕی. لەهەمان کاتدا هۆشیاریی دایە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کە ستەم و گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردسانیشدا هەیە و دامەزراوەکانی هەرێمیش پێویستیان بە گۆڕانکاریی ریشەییە. لەپێناو دەربازبوونی هەرێم لەو قەیرانە، بزوتنەوەی گۆڕان پێشنیارێکی حەوت خاڵی، خستە بەر رای گشتی و حیزبە سیاسییەکانی هەرێم. لە پێشەکی بەیانەکەدا هاتووە: "ئێمە لە بزوتنەوەی گۆڕان چەندین جار بە گوتاری نووسراو و زارەکی، چەندین جار لە رێگەی فراکسیۆنەکانمانەوە لە کوردستان و بەغدا، دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوامان لە مەترسی و پەرەسەندنی ئەم دۆخە ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام جار لە دوای جار روبەڕوی خەمساردیی زیاتر و بێ باکی زیاتر بوینەتەوە. بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بزوتنەوەکەمان بە راشکاوی و بە ئاگاداری ئێوە ئەم داواکاریانە پێشکەش بە دەسەڵاتداران و هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان بکات، وەک رێگەچارەیەکی ڕاستەقینە بۆ کۆتاییهێنان بەم سیستەمە حیزب سالاریە و دامەزراندنی سەرەتایەکی تازەی حوکمڕانی کە جێی رەزامەندی ئێوە و شانازی هەموان بێت:

١. مەنعی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لە هەمو جۆرە دەستێوەردانێ لە کاروباری: حکومەت و دائیرەکانی، پارلەمان، دادگا، ئاسایش، پێشمەرگە.

٢. مەنعی دامەزراوەکانی ئاسایش، زانیاری و پاراستن و پێشمەرگە لە هەمو جۆرە دەستێوەردانێ لە کاری سیاسی خەڵک و چالاکیە جەماوەریەکان، گۆڕینی بەڕێوەبەرەکانی ئەم دەزگایانە بە کەسانی بێ لایەنی پیشەیی.

٣. هەڵوەشاندنەوەی حکومەتە حیزبیەکەی ئێستای یەکێتی و پارتی و پێکهێنانی حکومەتێکی ئینتیقالی تەکنۆکراتی بێلایەن.

٤. هەڵوەشاندنەوەی ئەم پارلەمانەی ئێستا.

---

1 . پۆرتاڵی رووداوو، سەرچاوەی پێشوو.

٥. ئامادەکردنی زەمینەی هەڵبژاردنێکی نەزیهی بێ تەزویر بۆ پارلەمانی کوردستان کە لە سێ مانگ تێ نەپەڕێ.
٦. گێڕانەوەی مولک و مالّی داگیرکراوی حکومەت و خەڵک لە لایەن حیزبەکان و کاربەدەستەکانییەوە.
٧. کێشانەوەی ڕەشنوسی دەستوری هەرێم و هەمو ئەو یاسایانەی پەیوەندیدارن بە سیستەمی حوکمڕانی وڵاتەوە و حەوالّەکردنیان بۆ پارلەمانی داهاتو.

ئەگەر چی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کاردانەوەیەکی تووندیان لە دژی بەیاننامەکە نواند، بەڵام پێشوازی گەرمی لە لایەن خەڵکەوە لێکرا و لەناو ڕۆشنبیرانیشدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.

هەر ئەو شەوەی بەیانەکە بڵاوکرایەوە، مەسعود بارزانی بە ناوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە: "لە هیچ لایەنێک قەبوولّ ناکرێت ڕەوشی هەرێم و ژیانی خەڵکەکەی تێکبدات، داوا لە هەموو جەماوەری کوردستان و لایەنگران و ئەندامانی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکەین کە وریاو ئاگاداری ئەم پیلانە بن کە مەبەستی لە دەستچوونی هەموو ئەو دەسکەوتانەیە کە بە خوێنی شەهیدان بەدەست هاتوون. بە زوترین کاتیش وەڵامی ئەو بانگەوازە تێکدەرانە دەدرێتەوە."

لە شەوی ٢٠١١/١/٢٩ هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەیانێکی هاوبەشیان دەرکردووە لە دژی بزوتنەوەی گۆڕان تێیدا هاتووە: "سەرانی گۆڕان بە تاقی تەنها ئۆبالّی ئەم بەیاننامەیە و ئەم هەڵوێستە سیاسییەی دژایەتی کردنی شەرعیەتی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان تەحەمول دەکەن، هیچ لایەنێکی تر لە هێزە کوردستانیەکان لەگەڵیاندا نین."

بەپێی زانیارییەکان، بەیاننامەکە مەلا بەختیار ڕەش نوسەکەی نووسیوە و دواتر کراوە بە بەیانێکی هاوبەشی هەردوو حیزب، هەڕەشەیەکی توند لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی گۆڕان کراوە: "یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایدەگەیەنین کەوا بە تەواوی توانامان، توانای فراکسیۆنەکەمان لە پەرلەمان، توانای حکومەتی کوردستان، توانای حزبی، جەماوەری، سیاسی و پەیوەندی نێودەوڵەتیمان، دژی هەموو پیلانێکی ئاژاوەگێڕی دەوەستی و ڕێگە نادین هێزێکی کودەتاچی ئارامی بازاڕ و کاسبی خەڵک، گوزەرانی خەڵک، ئاسودەیی خەڵک، خۆشبەختی خەڵک، لە سایەی ئەزمون و دیموکراسی و ئازادی و ئاسایشی کوردستان تێکبدەن، هەر ڕووداوێک ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕوبدات، یەکێتی و پارتی

راستەوخۆ سەرانی گۆڕان بە بەرپرس دەزانین و روبەڕووی سزای یاسایی ئاشکرایان دەکەین..."[1]

هەڕەشەکانی سەرۆکی هەرێم و پارتی و یەکێتی، ئەوەندەی کاریگەریان لەسەر کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی دانا، ئەوەندە نەبووە هۆی ترساندنی سەرکردە و هەڵسوڕاوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان. کۆمەڵی ئیسلامی لە ٢٠١١/١/٣٠ بەیانێکی دەرکرد، پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی کرد، بێ ئەوەی هیچ پشتیوانییەک لە داواکارییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بکات تێیدا هاتبوو: "سەبارەت بەو داوکارییەی بزوتنەوەی گۆڕان، کە هەڵوێست و پشتیوانی لایەنە سیاسیەکان داوا دەکات، لەسەر ئەو خاڵانەی کە بڵاویان کردووەتەوە، بێگومان هەڵوێستی وەها پێش بڵاوکردنەوەی پێویستی بە راگۆڕینەوە و گفتوگۆ و قسە لەسەر کردنی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکرد."

یەکگرتووی ئیسلامیش لە وەڵامدا بەیانێکی دەرکردووە، تێدا هاتبوو: "باوەڕی خۆمان بە بەشێ لە نەگۆڕە سیاسی و نەتەوەییەکانی خۆمان دوپات دەکەینەوە، لەوانەش پارێزگاری کردن و گەشەدان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان و کارکردن لە چوارچێوەی یاسا و شەرعیەتی سیاسی و یاسایی هەرێم."

بەدەنگەوە نەهاتنی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ پشتگیری کردن لە داواکانی بزوتنەوەی گۆڕان وای نەکرد لە کارکردن بۆ ڕێکخستنی شەقامی کوردستان و گوشار خستنە سەر دەسەڵات سارد بێتەوە. بە کەڵک وەرگرتن لە خۆپیشاندانەکانی رابردوو کە بە زۆری لە سنوری سلێمانی دەکران، نەوشیروان مستەفا نەخشەی ئەوەی دانابوو ئەم جارە لە هەولێر خۆپیشاندان بکرێت. پرسی بە زۆربەی چالاکوان و کەسایەتی و مامۆستایانی ئایینی هەولێر کردوبوو. لەگەڵ حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆندا لەوبارەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕای کردبوو، هەموو زەمینەکانی خۆپیشاندانێکی گەورە لە هەولێر ئامادە کرابوو، دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی دەیانزانی شتێک بەڕێوەیە، پارتی بۆ ئەوەی پریشکی خۆپیشاندانەکە نەگوازرێتەوە بۆ هەولێر، ئامادەیی هەموو موجازەفەیەک بوو.

**٣. پیلانی پەلاماری گردی زەرگەتە**

لە دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامە ٧ خاڵیەکەی بزوتنەوەی گۆڕان، ڕۆژی ٢٠١١/١/٢٩ پارتی بە بەشداری بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی بۆ جێبەجێ کردنی

1 . محەمەد ڕەئوف، ١٧ شوبات، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

هەڕەشە و گووڕەشەکانیان پلانێکی هاوبەشیان دانا بۆ داگیرکردنی مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆران و پەکخستنی تەلەفزیۆنی KNN لە گردی زەرگەتەی شاری سلێمانی. مەحەمەد رەئوف وردەکاری ئەو پیلانەی لە کتێبەکەیدا بەم شیوەیە تۆمارکردووە: "جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی لە بەغداد هەواڵی ئەوەی پێدەدەن کە گۆڕان لە بەیاننامەیەکدا، داوای هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و حکومەت دەکات، ئەویش راستەوخۆ پەیوەندی بە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمەوە دەکات، پێی دەڵێت ئەمەی گۆڕان داوای دەکات کودەتایە و قبوڵ ناکرێت، نابێت بە ئاسانی بهێڵین ئەمەیان بەسەردا بروات، چونکە یەک هەنگاو سازش بۆ گۆڕان بکرێت، دەبێت ئەو هەنگاوە بکرێتە دەیان هەنگاو، بۆیە دەبێت سنورێک بۆ هەنگاوو هەڵوێستەکانی گۆڕان دابنرێت، بارزانیش هاوڕا دەبێت لەگەڵ تاڵەبانی، پێی دەڵێت هەر هەنگاوێک دەنێن لەگەڵ نێچیرڤان بارزانیدا بینێن، دوای پەیوەندی تاڵەبانی بە نیچیرڤان بارزانیەوە، ئەویش رازی دەبێت و لە دوای هەل و بیانوویەک دەگەڕێن بۆ گۆڕان، بۆیە دەکرێت ئەو هەنگاوە بە هەنگاوی یەکەمی هەوڵی لێدانی بزوتنەوەی گۆڕان بدرێتە قەڵەم.

دواتر هێزێکی زێرەڤانی پارتی، لە هەولێرەوە بە فەرمانی نێچرڤان بارزانی و رەزامەندی مەسعود بارزانی جوڵێندرا، هەرچەندە سەبارەت بە هاتنی ئەو هێزە بۆ سلێمانی، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی رۆژی ١٨ی شوباتی ٢٠١١ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "پارتی هیچ هێزێکی رەوانەی سلێمانی نەکردووە، بەڵکو هێزێکی پێشمەرگەی زێرەڤانی بە رێنمایی دکتۆر بەرهەم سالح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کورستان و کەریم شنگالی، وەزیری ناوخۆ، چوونەتە سلێمانی، ئەویش بۆ پاراستنی بارەگای گشت حزبە کورستانییەکان و گێڕانەوەی سەروەری بۆ دەزگا ئەمنییەکانی ئەوشارە." بەڵام دوای زیاتر لە دوو ساڵ د.بەرهەم سالح، لە رونکردنەوەیەکدا رایگەیاند: "نەک هەر داوای هێزی زێرەفانی نەکردووە بێنە سلێمانی، بەڵکو ئاگاداری جوڵەشیان نەبووە." لە رونکردنەوەکەدا ئاماژەی بەوەشکردووە "سەرەتای رووداوەکانی ١٧ ی شوبات د. بەرهەم سالح لە هەولێر بوو، بەپەلە گەڕایەوە بۆ سلێمانی کاتێک لەڕێگا بوو، هەواڵی جوڵاندنی هێزی زێرەڤانی بۆ سلێمانی پێگەیشت هەر ئەوکات دەستبەجێ د.بەرهەم بە تەلەفۆن پەیوەندی کرد بە بەرێزان کاک نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاک کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ بۆ دڵنیابوون لەراستی جوڵاندنەکە پاشان راستەوخۆ پەیوەندی کرد بە جەنابی مام جەلال کە ئەوکات لە بەغدا بوو لە هەرسێ پەیوەندییەکەدا د.بەرهەم ناڕەزایی خۆی لەم بریارە دەربڕیوەو داوای راگرتنی

کردووە." ئەوەش هاتووە "کە د.بەرهەم دژایەتی خۆی بۆ ناردنی هێز بۆ سلێمانیو ئاڵۆزبوونی دۆخی شارەکە و گەورەتر بوونی گرفتەکە دەربڕیوە.

هەرچۆنێک بێت لە کاتژمێر ٧بۆ ٨ هێزی زێرەڤانی لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی دەجوڵێنرێت، بەشێک لە هێزەکە لە ڕێی دوکانەوەو بەشێکیشی لە ڕێی چەمچەماڵەوە دێن بۆ سلێمانی، بە نزیکەی ( ٥ هەزار) کەس مەزەندە دەکرێن و چەکی قورسیشیان پێدەبێت، هاتنی هێزی زێرەڤانی بۆ شاری سلێمانی بە بڕوای هەندێک لە سەرکردەکانی یەکێتی شکاندنی شکۆو هەیبەتی یەکێتی و هێزەکانی یەکێتیە، بۆیە دوای ناڕەزایی هەندێک لە سەرکردەکانی یەکێتی بۆ هاتنی هێزی زێرەڤانی بۆناو شاری سلێمانی، هێزەکە دێنە نووسینگەی مەکتەبی سیاسی پارتی لە ڕاپەرین و لەوێ جێگیر دەکرێن.

دواتر عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پەیوەندی بە سەرکردەکانی گۆڕانەوە دەکات و دەڵێت: "بریاری کۆتایی ئەوەیە کە لێتان دەدرێت و KNNنیش دەسوتێنرێت، سەعاتی سفریش ١٢ی شەوە" سەرکردەیەکی گۆڕانیش دەڵێت "مەگەر بەسەر لاشەی ئێمەدا بچنە گردەکەوە، بفەرموون وەرن"، ئەو هەڕەشەیەی سەرکردەکەی گۆڕان عیماد ئەحمەد توشی شۆک دەکات، بەوەی گۆڕان ئامادەی بەرگریە و دەشزانێت کە بەشێکی سەرکردەکانی گۆڕان کەسانی سەربازی و ئەمنی و جەماوەرین هێزی زۆریان لەگەڵدایە.

هەڕەشەکانی گۆڕان بە جۆرێک بووە، کە پەیامیان بۆ یەکێتی و پارتی ناردووە کە دڵنیابن نایەڵین یەک زێرەڤانی بە سەلامەتی بگەڕێتەوە، ئەم هەڕەشانەی بەرپرسانی گۆڕان تەواو سەرکردەکانی یەکێتی دوچاری شڵەژان دەکات و پێیان وایە لەگەڵ لێدانی گۆڕاندا، یەکێتیش زیانی پێدەگات و دۆخی دەڤەری سلێمانی بەتەواوی تێک دەچێت، بۆیە هەموو هەوڵێک دەخەنە گەر، بۆ ڕازی کردنی پارتی بە پاشەکشەی هێزەکانی و لێنەدانی گردی زەرگەتە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی ئامادەیی دەردەبڕن کە بێنە گردی زەرگەتەوەو بەرگری بکەن، لە هەرهێرشێک کە بکرێتە سەر گۆڕان. دواتر سەرکردەکانی گۆران تەواوی باڵیۆزو قونسوڵیەو سەرکردەکانی عێراق و حکومەتی عێراقی ئاگادار دەکەنەوە، بەڵام ئەمریکییەکان وتویانە ئێمە چاودێری دەکەین، نەک ڕێگری کردن، بەڵام ئەوەی هەڵویستی توندوو بووە ڕەوتی سەدر بووە کە بە نێچیرڤان بارزانیان ڕاگەیاندووە ئەگەر لە گۆڕان بدەن، بەرژەوەندیەکانتان دەخەینە مەترسیەوەو تەنانەت هەڕەشەی بڕینی بودجەشەیان کردووە.

کات لە ١٢ی شەو نزیک دەبێتەوە سەرکردەکانی گۆڕان دەچنە گردی زەرگەتە بۆ بەرگری کردن،  پارتی و بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی بە تاڵەبانیەوە، سورن لەسەر لێدانی گردەکە، گۆڕانیش لە رێی کەی ئێن ئێنەوە زوو زوو بەپەلە دەینوسێت، پاش کەمێکی تر بزوتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەکی گرنگ بڵاودەکاتەوە، کە هەرچەندە بەیانەکە بڵاونەکرایەوە، بەڵکو زیاتر بۆ هەڕەشە بوو، بەڵام بەپێی زانیاریەکان لە ناوەڕۆکەکەیدا بانگەواز بوو بۆ خەڵکی بۆ پشتیوانی لە گردی زەرگەتە بەجۆرێک لە جۆرەکانیش تەحریزی تیابوو بۆ ئامادەیی روبەڕوبوونەوەو پشتیوانی لە بزوتنەوەی گۆڕان.

بەڵام ئەوەی پارتی ناچارکرد لە بریارەکەی بکشێتەوە، ملنەدانی سەرانی بزوتنەوەی گۆڕان بوو بۆ داواکانی پارتی و هەڕەشە جدیەکانی سەرکردەکانی گۆڕان بوو بەوەی پێیان وتبوون فەرموون وەرن دڵنیابن تەنها بە خەڵکی مەدەنی نایەڵین یەک کەستان بگەرێتەوە بۆ هەولێر، پارتی بە ناچاری لە بریارەکەی پەشیمان دەبێتەوە، دواتر لە بەرانبەر ترس لە بزوتنەوەی گۆڕان کە خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری گەورەو تەنانەت لەناو هێزی ئاساییش و پێشمەرگەش کەسیان هەیە، هاوکات نارەزایی چەند سەرکردەیەکی یەکێتی لە بریارەکە و فشاری دەرەکی پارتی ناچار بە پاشەکشە دەکات، بەڵام پرسی لێدانی گردی زەرگەتە بە کراوەیی دەمێنێتەوە."[1]

**٤. ١٧ی شوبات**

پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکانی وڵاتانی بەهاری عەرەبی، هاندەرێکی گەورە بوون بۆ خەڵکی کوردستان تاوەکو بەرانبەر ئەو نادادپەروەرییەی کە هەبوو، بیر لەوە بکەنەوە دەنگی نارازی خۆیان بەگوێی دەسەڵاتدارانی هەرێمدا بدەن. لە ١٦ی شوباتی ٢٠١١، "تۆڕی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵک" داوای مۆڵەتی گردبوونەوەیەکیان کرد بۆ پیرۆزبایی لە سەرکەوتنی راپەڕینەکانی میسر و تونس، بەڵام دەسەڵاتدارانی یەکێتی رازی نەبوون.

پاشان لە ١٧ی شوبات چونە لای پاریزگای سلێمانی بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، پاریزگار مۆڵەتیان دەداتێ لە کاژمێر ٢ تاوەکو ٤ گردبوونەوە بکەن. رێکخەرانی گرتبوونەوەکە لەکات و شوێنی دیاریکراودا لە (بەردەرکی سەرا)دا کۆ دەبنەوە و لەو کاتەشی بۆیان دیاریکرابوو کۆتاییان پێهێنا. بەشێک لەو گەنجانەی کە لە گردبوونەوەکەدا بەشدار بوون بەرەو شەقامی سالم بەڕێکەوتن و دوای تێپەڕبوون

1. گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٥٤، ٢٠١١/٣/١، ل ٣٠-٣١

لە لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان، "گەنجێکیان دەگەڕێتەوە بەسەری شکاوەوە قسە بەو کەسانە دەڵێت کە لەسەر بینای لقی چوار وەستاون، کە هەندێکیان مەدەنین و هەندێکیشیان چەک بەدەستن، گەنجەکە رایدەگەیەنێت: لەوێوە لە ناو ئەو بینایەوە بەردیان هاویشت و سەریان شکاندم..."[1]

گەنجەکانی دیکە گەڕانەوە دواوە و لقی پارتیان بەردباران کرد. لە بەرانبەردا چەکدارەکانی پارتی دەست ڕێژی گوللە دەکەن بە ناو خۆپیشاندەراندا و ڕێژوان عەلی شەهید دەکەن و ٥٠ هاوڵاتی و ٢ پۆلیس و ئاسایشێک بریندار دەبن، ٦٠ کەسیش لە خۆپیشاندەران دەستگیر کران. کاردانەوە تونددەکەی پارتی، بووە هۆی توڕەبوونی زیاتری خۆپیشاندەران و شەڕ و دەرگیری تاوەکو درەنگانێکی ئێوارە بەردەوام بوو. یەکێتی و پارتی، بزوتنەوەی گۆڕانیان تۆمەتبار کرد کە لە پشت ڕووداوەکانی ١٧ی شوباتەوەن.

**١. پانۆرامای خۆپیشاندانەکانی دوای ١٧ی شوبات**

١٨ی شوبات پارێزگاری سلێمانی قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند، بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ بەیاننامەیان دەرکرد و دژایەتی خۆیان بۆ بەکارهێنانی تووندوتیژی و ئاژاوەگێڕی دەربڕی. هەرهەمان ڕۆژ بە تەحریزی میدیا و سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵێک خەڵک چوونە سەر بارەگاکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەولێر و دهۆک و بادینان ئاگریان تێبەردان.

١٩ی شوبات لە سلێمانی خۆپیشاندانەکان دەستی پێ کردەوە و لە لایەن هێزێکی پۆلیسی کارەبا (شێرزاد تەها و سورکێو زاهید) شەهید کران. ٢١ی شوبات بۆ پشتیوانی کردن لە خۆپیشاندەران لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان ناڕاستەوخۆ چوونە پاڵ خۆپیشاندەران و خۆپیشاندانەکانی سلێمانی بەرفراوانتر بوو، پاشان لە شارەکانی ڕانیەو کۆیە و کەلار و سەیدسادق خۆپیشاندان دەستی پێ کرد. هەمان ڕۆژ ئەمینیستی ئینتەرناشنالّ ڕاپۆرتی سالّانەی دژی پێشێلکاری دەسەلّاتی هەرێم بلّاوکردەوە.

٢٣ی شوبات پەرلەمانی کوردستان بە گوشاری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان کۆ بوەوە بڕیارێکی ١٧خاڵی دەرکرد. بۆ تەشەنە نەسەندی خۆپیشاندانەکان بەرەو هەولێر، ٢٤ی شوبات یەکێتی قوتابیانی کوردستانی سەر بە پارتی بێ ئاگاداری حکومەت و وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەوامی خوێنکارانی زانکۆی سەلاحەدینی ڕاگرت و هەمان ڕۆژیش هاتووچۆی سلێمانی بۆ هەولێر قەدەغە کرا.

---

1 . محەمەد ڕەئوف، ١٧ شوبات، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

٢٥ی شوبات ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە هەولێر دەستگیر کران، هەر ئەو رۆژە لە چەمچەماڵ (گەرمیان ئەحمەد)ی تەمەن سیانزە ساڵان شەهید کرا، لە کەلاریش (بیلال ئەحمەد) شەهید بوو.

٢٦ی شوبات، دوای تەقینەوەی بۆمبێکی دەنگی لە سەرای ئازادی، پشێوی دروست بوو، دواتر (ئومێد جەلال) بە گوللەی هێزە ئەمنیەکان شەهید بو. ٢٧ی شوبات خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی مانگرتنیان راگەیاند، هەمان رۆژیش لە هەولێر مامۆستایان بەیاننامەیەکیان دژی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیان بڵاوکردەوە لە راگرتنی دەوامی زانکۆ. ٢٨ی شوبات ئەنجومەنی کاتی سەرا داواکاری خۆپیشاندەرانی خستەڕوو.

٢ی ئازار هەریەک لە فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو بایکۆتی هۆڵی پەرلەمانیان کرد. دەسەڵاتدارنی هەرێم کە زانیان توانای ڕێگری کردنیان نییە لە پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکان، نەرمیان پیشاندا و لە ٣ی ئازار مەسعود بارزانی پەیامێکی بڵاوکردەوە رایگەیاند خۆپیشاندان مافێکی سروشتیە، ئەبێ گەلی ئێمە ئازاد بێ لە خۆپیشاندان. ٤ی ئازار پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر داخوازی خۆپیشاندەران کرد، بڕیاری ژمارە (٢) دەرکرد، دواتر لە لایەن ئەرسەلان بایز سەرۆکی پەرلەمانەوە بڕیارەکە ونکرا.٢٠ی ئازار دیسان بارزانی پەیامێکی بڵاوکردەوە تیایدا رایگەیاند دوای سێ تا چوار مانگی تر ئەنجامی چاکسازیەکان دەبینن. هەمان رۆژ بە ئامادە بوونی ٢٠ هەزار کەس لە سەرای ئازادی ئاگری جەژنی نەورۆز کرایەوە.

٣ی نیسان بارزانی لە پەیامی چوارەمیدا جیاواز لە پێشوتری رایگەیاند؛ بەهیچ شێوەیەک قبوڵ نیە کەس بەناوی میللەتەوە قسە بکا، ئێمەش وەک دژی میللەت بشوبهێنێ.

دوابەدوای ئەم پەیامە هێزەکانی یەکێتی لە سنوری سلێمانی تووندوتیژییەکانیان بەرامبەر خۆپیشاندەران زیاتر کرد و لە ١٨ی نیسان ٨٣ هاوڵاتی لە سلێمانی بریندار بوون، (هەردی فاروق) شەهید بوو.

١٩ی نیسان یەکێتی هێزێکی زۆری هێنایە سلێمانی کە بە پێنج هەزار مەزەندە دەکرا، بە چەکی سوک و قورس و تۆپ و تانکەوە. خوێندکارانی زانکۆش وەستیان لەبەردەم دادگای سلێمانیدا گردبنەوە، دواتر بۆ قولەڕەیسی رفێندران، ڕەشبگیریش دەستی پێ کرد و لە سلێمانی دەیان نووسەرو رۆژنامەنوس چالاکوان و هاوڵاتی دەستگیرکران، لە لایەن دژە تیرۆری یەکێتیشەوە ٤٥ خوێندکار بریندار کران.

**ب. وەستانی خۆپیشاندانەکان**

هێزە جیاجیاکانی یەکێتی لە سلێمانی، هەمان نەهجی هێزەکانی پارتی لە هەولێریان پەیڕەوکرد و دەستیان دایە دەسگیرکردن، ڕەشبگیری خۆپیشاندەران و دادگایی کردنی چەندین هەڵسوڕاوی خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوبات.

یەکێک لەو سیناریۆیانەی دەسەڵاتدارانی سلێمانی بۆ چاوترساندن و سەرکوت کردنی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان، بریتی بوو لە دادگایی کردنی 'ئیبراهیمی کاکە ئەحە'. یەکێتی دەیویست لە ڕێگەی دادگایی کردنی کاکە ئەحەو و داتاشینی تاوان و تۆمەتی ناواقیعیانەوە لەدژی، ناڕەزایەتی و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان دادگایی بکات و بە خەڵکیی بڵێت جگە لە هێزە چەکدارەکان، دادگا و زیندانەکانیش دەرگاکانیان کراوەیە بۆ هەرکەسێک دژایەتیمان بکات.

نەوشیروان مستەفا، لە وەڵامی 'یۆنجا پۆیراز دۆگان'ی پەیامنێری ڕۆژنامەی 'تودەی زەمان'ی تورکی کە پرسیاری هۆکاری وەستانی خۆپیشاندانەکانی کردبوو وتی: "هۆکارەکەی ئەو سەرکوت کردنە بوو کە لە لایەن حکومەتەوە کرا، کە ١٠ کەس بوونە قوربانی کە چەند دانەیەکیان منداڵ بون و زۆری تریش بریندار کران، هەروەها ئەوەشمان دەویست کە هەڵێک بدەینە حکومەت بۆ گفتوگۆیەکی ئاشتیانە بەو هیوایەی بگەینە چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشە ناوخۆییەکانمان، هەرچەندە هیچ گەرەنتیەک نیە کە دوبارە خۆپیشاندان دەست پێ نەکاتەوە گەر حکومەت شکست بێنێت لە گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکاندا."[1]

**٥. بەرەی ئۆپۆزیسۆن**

ڕۆژی ٢٠١٣/١/١١ هەرسێ سەرکردەکەی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان، نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان، محەمەد فەرەج ئەمینداری گشتی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لە مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی کۆبوونەوە. ئەم کۆبوونەوەیە ئیعلان کردنی بەرەیەکی یەکگرتووی حیزبە ئۆپۆزیسۆنەکان بوو.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەیان بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان کرد. سەرەتا نەوشیروان مستەفا باسی لە سەرکەوتویی کۆبوونەوەکەیان کرد ووتی: "لەسەر ئاستی عێراق باسمان لەو کێشانە کرد کە ئێستا لە ئارادایە، پێمانوایە گەڕانەوە بۆ دەستور جێبەجێ کردنی سەرەتا دەستورییەکان، کەفیلە بۆ ئەوەی کێشە و

1 نەوشیروان مستەفا: سەربەخۆیی کوردستان خەونی هەمو تاکێکی کوردە:
. http://archive.sbeiy.krd/Detail.aspx?id=14781&LinkID=58

ناکۆکییەکان چارەسەر بکرێت. لەهەر جێگایەکی عێراقدا هەر کۆمەڵە خەڵکێک داواکاری یاسایی و دەستوورییان هەبێت و سەرەڕای جیاوازی نەتەوە و ئایین و مەزهەب، ئێمە وەک ئۆپۆزسیۆن پشتیوانی لە داواکانیان دەکەین، هەر بۆیە پشتیوانی لە داوای ئەو خۆپیشاندەرانە دەکەین کە داوای دەستوری و یاساییان هەیە.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش، نەوشیروان مستەفا وتی: "ئێمە پێمانوایە دەبێت هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا بکرێت و بەشێوەیەکی پاک و بێگەرد بەڕێوەبچێت. ئەم هەلومەرجە چەقبەستوەی هەرێمی کوردستانی تێکەوتوە، بەوە چارەسەر بکرێت چاکسازی بکرێت و پێشتریش بۆ ئەو مەبەستە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن داواکاریان بۆ چاکسازی پێشکەش کردوە و پێویستە دەسەڵاتیش گوێ بۆ داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆن بگرێت، کە داوای رەوای خەڵکی کوردستانە."

سەبارەت بە گفتوگۆی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، نەوشیروان مستەفا وتی: "دەست پێ کردنی چاکسازی و زەمینەسازی، مەرجی دەست پێ کردنی گفتوگۆی ئۆپۆزسیۆنە لەگەڵ دەسەڵات. ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت هەرێمی کوردستان خاوەنی ستراتیژی خۆی بێت و نەبێتە بەشێک لە ئەجێندا و ململانێکانی ناوچەکە، هەروەک تەئکیدی کردەوە کە "یەکێک لە داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆن گەڕانەوەی دەستورە بۆ پەرلەمان و سیستەمی هەرێمی کوردستانیش بکرێتە سیستەمێکی پەرلەمانی."

سەبارەت بە گرنگی دروست کردنی بەرەی ئۆپۆزسیۆن نەوشیروان مستەفا لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ هەڵسوڕاوانی گۆڕان وتی: "لە ئێستادا هەر سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوی ئیسلامی و بزوتنەوەی گۆڕان بەرەیەکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆنیان پێکهێناوە، هاوئاهەنگی و کۆبوونەوەی دەوریی بەردەوام لە نێوان هەر سێ لادا هەیە. هەر لایەکیش لە دیدگای خۆیەوە خزمەت بەو بەرەیە دەکا و جیاوازیەکانی نێوانمان بە سودی ئەزمونی ئۆپۆزسیۆن و بەسودی گشتی شکاوەتەوە."[1]

### ٦. پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ دەسەڵات

بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی هەرێمی کوردستان، ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) پرۆژەیەکی ٢٢ خاڵییان لە شەش پاکێجدا خستە بەردەم دەسەڵات:

پاکێجی یەکەم: چاکسازی لە سیستمی سیاسی هەرێم کە (پرۆژەی دەستوری هەرێم، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پرۆژە یاسای دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی

1 . نەوشیروان مستەفا: پاش تێپەڕبونی ساڵێک بەسەر 17 شوبات، هیچ ئاماژەیەکی جدی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەدی ناکرێت: http://archive.sbeiy.krd/Detail.aspx?id=3077&LinkID=4

هەرێم، یاسای خۆپیشاندان، یاسای پارێزگاکانی هەرێم و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان)، لەخۆ دەگرێت.

پاکێجی دوەم: سەربەخۆ و بێلایەن کردنی پێشمەرگە و ئاسایش و دەزگا هەواڵگرییەکان، لەخۆ دەگرێت.

پاکێجی سێهەم: سەربەخۆ و ئەکتیڤ کردنی دەسەڵاتی دادوەری کە چاکسازی لە ئەنجومەنی دادوەری و سەربەخۆ و ئەکتیف کردنی داواکاری گشتی لەخۆ دەگرێت.

پاکێجی چوارەم: بەگژا چونەوەی گەندەڵی کە دامەزراندنی دەستەیەکی نەزاهەی بێلایەن و ئەکتیف، چالاک کردنی دیوانی چاودێریی دارایی و شەفاف کردنی داهات و خەرجییەکانی هەرێم، لەخۆ دەگرێت.

پاکێجی پێنجەم: چاکسازیی ئیداری لە وەزارەتی پەروەردە و نەهێشتنی دەستی حیزب تیایدا لەخۆ دەگرێت.

پاکێجی شەشەم: پێکهێنانی حکومەتێک کە بتوانێت ئەم چاکسازییانە جێبەجێ بکات.

رۆژی ٢٠١١/١٢/٢٤ نەوشیروان مستەفا لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەرپرسی ئەنجومەنەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان, پشتیوانی خۆی بۆ ئەو پاکێجانە دەربڕی و رایگەیاند: "هەر حکومەتێک ئەو پاکێجانە بکاتە کارنامەی خۆی ئێمە پشتیوانی دەبین و لە هەمان کاتیشدا چاودێری دەکەین، بەڵام بە ئەندازەی هەر پێشێلکاری و هەر گەندەڵی و هەر خراپ بەکارهێنانێکی دەسەڵات بەردەوام دەبین لەسەر هەڵوێستی بەرهەڵستکارانەی ئۆپۆزسیۆن."[1]

بۆ جێبەجێ کردنی پاکێجەکان، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن چوار کۆبوونەوەی لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا ئەنجامدا. بەڵام لە جیاتی جێبەجێ کردنی پاکێجەکان، ئەوان بەردەوام بوون لە توندوتیژی و دەستگیر نەکردنی بکوژانی خۆپیشاندەران، جگە لەوە، کەوتنە سزادانی ئابووری و سیاسی ئۆپۆزسیۆن. لە ١١ی تەموزی ٢٠١١ هەر سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن کۆبوونەوەنەوەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدا راگرت و لە بەیاننامەیەکدا ئۆباڵی هەڵپەساردنی گفتوگۆکانیان خستە ئەستۆی دەسەڵات. لەسەرەتای دانیشتنەکانەوە داوایان لە هەردوو حیزبی دەسەڵات کرد بۆ پیشاندانی نیازپاکی، پێویستە ئەو کەسانەی کە لە خۆپیشاندانداخەڵکیان شەهید و بریندار کردوە، دەستگیر بکرێن و رادەستی دادگا بکرێن و دەست لە کاری راودونان و گرتن و دەستدرێژی کردن بۆ

1. نەوشیروان مستەفا: هەر حکومەتێک پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆن بکاتە کارنامەی خۆی پشتیوانی دەبین:
http://archive.sbeiy.krd/Detail.aspx?id=2091&LinkID=4

سەر ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن و رۆژنامەنوسان و چالاکوانانی خۆپیشاندان و پەیڕەو کردنی سیاسەتی برسی کردن و سەپاندنی گەمارۆی ئابوری و سیاسی لەسەر لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن هەڵبگرن، بەڵام بە پێچەوانەوە لە گەڵ هەمو ئەو پەیمانانەی کە دابویان، دەسەڵات لە سەر هەمو ئەو هەڵسوکەوتانە بەردەوام بوو.

دواتر لە ٢٠١١/٨/٢٧دا لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمەوە، چوار بڕیار دەرکرا بۆ ئاسایی کردنەوەی رەوشی هەرێمی کوردستان زەمینەسازی بۆ دانیشتنە پێنج قۆڵییەکان، گرنگترین بڕیاری سەرۆکی هەرێم بریتی بوو لەوەی سەرجەم ئەو کەسانەی لەلایەن دادگاوە داواکراون وەک تۆمەتبار لە رووداوەکانی ١٧ی شوبات و رۆژانی دواتر، رادەستی دادگا بکرێن، بەڵام هیچ تۆمەتباریک دەستگیر نەکرا.

هەر سێ سەرکردەکەی ئۆپۆزسیۆن کۆبوونەوە و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم و پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆنیان کرد بە مەرج بۆ گەڕانەوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حیزبەکانی دەسەڵاتدا. عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئەم مەرجانەی ئۆپۆزسیۆنی بە کێشەی لاوەکی لەقەڵەمدا و دوابەدوای ئەو لێدوانەش توندوتیژیان کرد بە چارەسەر. بەمجۆرە کێشمەکێشی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بەردەوام بوو تاوەکو هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣.

**شەشەم: لە ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ دەسەڵات**

**١. دانوسان بۆ پێکهێنانی حکومەت**

لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ٢٠١٣/٩/٢١ کوردستاندا، پارتی دیموکراتی کوردستان وەک براوەی یەکەم ٣٨ کورسی بەدەست هێنا. دوای ئەویش بزوتنەوەی گۆڕان وەک براوەی دووەم ٢٤ کورسی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش توانی ١٨ کورسی بەدەست بهێنێت، یەکگرتوی ئیسلامی ١٠ کورسی و کۆمەڵی ئیسلامیش ٦ کورسی، چوارەم و پێنجەمی براوەی هەڵبژاردنەکە بوون. چوار کورسییەکەی دیکەش بۆ هەریەکە لە بزوتنەوەی ئیسلامی و شیوعی و سۆسیالیست و ئاراستەی سێیەم، ئەمە جگە لە ١١ کورسی جێگیری کەمە نەتەوەکان.

بەهۆی ئەوەی ئەم جارە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەتەنیا بەشداری هەڵبژاردنەکانی کردبوو و کورسیەکانیشی زۆر کەمی کردبوو، هاوکێشەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان گۆڕانی گەورەی بە خۆیەوە دیبوو. بزوتنەوەی گۆڕان دوای چوار ساڵ لە دروستبوونی، جارێکی دیکە بوەوە بە هێزی دووەم لەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا.

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی شەش هەفتە بەسەر هەڵبژاردندا، رۆژی ٢٠١٣/١١/٦ یەکەم دانیشتنی خولی چوارەمی پەرلەمان ئەنجامدرا. دوای سوێند خواردنی

پەرلەمانتاران، بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ تەوافقی لایەنەکان، دانیشتنەکە بە کراوەیی هێڵدرایەوە.

نەوشیروان مستەفا، بۆ ڕێگری کردن لەوەی جارێکی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان رابسپێردرێت بەوەی کابینەی نوێی حکومەت پێکبهێنێ، ویستی بەشێوەیکی یاسایی و کاری پەرلەمانی، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمدا دروست بکات. سەرەتا داوای لە یەکێتی نیشتمانی کرد هاوپەیمانیەکی پەرلەمانی دروست بکەن. لە ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١٦ لە دیدارێکیدا لەگەڵ سەرنووسەر و ڕۆژنامەنوسانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ پێی وتن: "دوا بەدوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، لە ڕێگەی دکتۆر نەجمەدین کەریمەوە داوام لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی کرد هەردوو فراکسیۆنی گۆڕان و یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان هاوپەیمانیەک ببەستن و ببنە زۆرینەی پەرلەمانی بۆ ئەوەی سەرۆکی حکومەت بەر ئێمە بکەوێت، پێشم وتن با سەرۆکی کابینەکە لە یەکێتی بێت، بەڵام وەڵامەکەیان ئەوە بوو مەلا بەختیار وتبووی ئێمە لە پشتەوە خەنجەر لە هاوپەیمانە ستراتیژەکەمان نادەین... و ئەو موبادەرەیەی ئێمەیان ڕەتکردەوە."

بۆ هەمان مەبەست، پێشنیاری خستبووە بەردەم کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی، ئەوانیش بە شتێکی کردنەیان نەزانیبوو.

دوای نائومێد بوون لەو سێ لایەنە، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا کەوتە وتوویژ بۆ دروست کردنی کابینەی هەشتەم. ڕۆژی ١٧ی نیسانی ٢٠١٤ پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان، وەک براوەی یەکەم و دوەمی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٣، لەسەر هێڵە گشتییەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ڕێکەوتن.

بەپێی ڕاگەیەندراوی نێوانیان، هەردولا لەسەر چەند خاڵێک ڕێکەوتون، لە خاڵی یەکەمیدا هاتووە: "پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان و یەکگرتوو کە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی دەنگدەران و تەواوی خەڵکی کوردستان و ڕێزگرتن لە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن بێت." خاڵی چوارەمی ڕێککەوتنەکەش تایبەتە بە "چەسپاندنی پرەنسیپی (شەراکەت) لە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستاندا."

لە سەرەتای دەست پێکردنی گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمەوە، بزوتنەوەی گۆڕان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە دەیانەوێ چوار سالّی داهاتو، چوار سالّی ئارامی بێت لە هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەو ئارامییە بەندە بە کۆمەڵێک مەرجەوە، نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان بەمجۆرە

باسی لەو مەرجانە کردووە: "راستە ئێمە داوامانکردوە، چوار ساڵی داهاتو، چوارساڵی ئارامی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆجی بێت، بەڵام هێنانەدی ئەم هەموو ئارامییە، کۆمەڵێک مەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیشی پێویستە لە سەرو هەموشیانەوە ئاشتکردنەوەی شەقامە لەگەڵ دەسەڵات، لەرێی دەستەبەرکردنی داواکارییەکانی خەڵک و گۆڕینی حکومەتی حیزب بە حکومەتی هاوڵاتی."[1]

هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە چی لە مەعارەزە و چی لەناو حکومەتدا بن، بزوتنەوەی گۆڕان نایەوێ متمانەی خەڵکی بدۆڕێنێ، لەوبارەوە وتی: "پەندێکی مەشهوری پێشینان هەیە دەڵێت: (شەڕ لە شێف و ئاشتی لە خەرمان.) گۆڕان رێزی دەنگدەرەکانی ئەگرێ. نایەوێ متمانەی دەنگدەرەکانی بدۆڕێنێ. داکۆکی لە خواستەکانی ئەوان ئەکا. چوار ساڵی داهاتو چوار ساڵی کاری پارلەمان و چوار ساڵی کاری حکومەتە. گۆڕان نایەوێ بچێتە حکومەتێکەوە لە پاش چەند مانگێ لێی پەشیمان ببێتەوە، هەروەکو نایەوێ بچێتەوە ناو موعارەزەیەکەوە، دوای چەند مانگێ لێی پەشیمان ببێتەوە، بەڵکو ئەیەوێ فرسەتی تەواو بەخۆی و بە لایەنەکانی تریش بدا، بۆ ئەوەی هەر بژاردەیەکیانی هەڵبژارد، دەسەڵات یان موعارەزە، بەردەوام بێ لەسەری."

٢٠١٤/٥/١٥، لەسەر داوای مەسعود بارزانی، نەوشیروان مستەفا و عومەری سەید عەلی و حەمە تۆفیق رەحیم چوون بۆ هاوینە هەواری پیرمام و لەگەڵ سەرکردایەتی پارتیدا کۆبوونەوە. ئامانج لە کۆبوونەوەکە قسەکردن بوو لەسەر رێکەوتنی هەردولا و پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و بڕەودان بە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. بەهۆی پێداگرییەکانی یەکێتیەوە، راگەیاندنی کابینەی هەشتەم رۆژ لە دوای رۆژ دوادەکەوت.

**٢. دەست نیشان کردنی قەیرانەکان**

پێش ئەوەی گۆڕان بچێتە ناو کابینەی هەشتەمەوە، نەوشیروان مستەفا لە دیدارێکدا لەگەڵ کەنالی KNN ئەو کێشە و قەیرانانەی دەستنیشان کرد کە چاوەڕێی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکرد و لەکاتی گفتوگۆکانیش بۆ دروست کردنی کابینەکە خرانە بەردەستی وەفدی دانوستانکاری پارتییەوە. نەوشیروان مستەفا قەیرانەکانی پۆلێن کردبوو بۆ چەند ئاستێک، ئاستی ناوخۆیی، ئاستی عێراقی، ئاستی نەتەوەیی و ئاستی ناودەوڵەتی: "لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم: ئابورییەکی مشەخۆری بنیاتناوە، لە بەرامبەر پشتبەستن بە داهاتی ١٧٪ی هاتوی بودجەی عێراق کە ئەویش لە داهاتی

1 . نەوشیروان مستەفا: ئەگەر رێگەی هەڵبژاردن شکستی خوارد، خەڵک بیر لە دۆزینەوەی رێگەی تر ئەکاتەوە
http://archive.sbeiy.krd/Detail.aspx?id=29445&LinkID=58

نەوتەوە دابین ئەکرێ. بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و پیشەسازی کوردستانی بە جۆرێ وێران کردوە داهاتەکەی لە دابینکردنی بودجەی هەرێمدا ناگاتە ٦٪. بەمجۆرە ژیانی خەڵکی کوردستانی خستۆتەسەر موچەی حکومەت، موچەی حکومەتییشی خستۆتەسەر حکومەتی ناوەندی عێراق، حکومەتی عێراقیش هەر کاتێ ویستبێتی ئەو کێشەیەی وەکو جەنگی ئابوری دژی هەرێم بەکاریهێناوە. قەیرانی موچەی ئەم چەند مانگە و بە دوای ئەویشدا بێ بازاڕی، بێکاری، بێ پارەیی، لەپاڵ قەیرانی نەمانی متمانە بە سیستەمی بانکی، قەیرانی کەمی سوتەمەنی، قەیرانی کەمی کارەبا، قەیرانی نائەمینی لەسەر و سامان. لەسەر ئاستی عێراق، ناکۆکی لەگەڵ بەغداد هەندێ جار خەریکە لە جەنگی ئابوری و سیاسی و میدیایی و دەرونییەوە بگاتە شەڕی چەکدار.

بزوتنەوەی گۆڕان، بە هاوکاری لەگەڵ هەندێ لایەنی تر، لە دو بۆنەدا دو پرۆژەی پێشکەش بە سەرکردایەتی هەرێم کرد، یەکێکیان بۆ گۆڕینی پەیوەندی هەرێم و عێراق لە پەیوەندی حیزبی و تایبەتیەوە بۆ پەیوەندیەکی دامەزراوەیی نێوان حکومەتی فیدراڵی هەرێم و حکومەتی ناوەندی بەغداد. ئەوی تریان نەخشەڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی، هەردوکیان وەک هەر پرۆژەیەکی چاکسازی تر  بە گۆشەی فەرامۆشیی سپێردران.

سەرکردایەتی هەردو حیزبی دەسەڵات، بە چاوی گومان و بە دڵی پڕ لە ترسەوە لە هەمو پرۆژەیەکی چاکسازی ئەڕوانن، وا ئەزانن هەمو هەنگاوێ بەرەو چاکسازی، بەشێ لە دەسەڵاتی ئەوان کەم ئەکاتەوە و ماوەیەک لە تەمەنی حوکمڕانی ئەوان کورت ئەکاتەوە.

لەسەر ئاستی نەتەوەیی، لەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە، هەمو نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان و لە سەرانسەری جیهاندا چاوی ئومێدیان تێ بڕی بوو، بە تەمابوون ئەم حکومەتە ببێتە ناوکی دەوڵەتی داهاتوی کوردستان، کەچی ئێستا خەریکە ئەبێتە تەجروبەیەکی ناشیرینی حوکمڕانی کوردی. سەرەڕای گەندەڵی بە هەمو رەهەندەکانیەوە، سەرەڕای بێدادی کۆمەڵایەتی بە هەمو رەهەندەکانیەوە، سەرەڕای نارۆشنی پەیوەندیە دەرەکیەکانی بە هەمو رەهەندەکانیەوە، لەباتی پشتیوانی لە ماف و لە دەسکەوتەکانی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان دا خەریکە ئەبێتە برایەکی چارەقورس.

لەسەر ئاستی ناودەوڵەتی، هەمو هەوڵەکانی خۆی لە پرسی پتەوکردنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ تورکیا چڕ کردۆتەوە بە تایبەتی لە کەرتی نەوت دا، پرسی نەوتیشی

وەها تاریکاندوە مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ چیە، چۆنە، چەندە. سودی ئەم نەوتە لە کوێیە، بۆ کێیە، تاکەی وا ئەبێ؟"[1]

بزوتنەوەی گۆڕان دەیویست بە چوونە ناو دەسەڵات، لە ڕێگەی پڕۆژەکانییەوە چارەسەر بۆ هەموو ئەو قەیرانانە بدۆزێتەوە.

**٣. پێکهێنانی کابینەی هەشتەم**

ڕۆژی ٢٠١٤/٢/٥ نێچیرڤان بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، سەردانی نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕانی کرد، ئامانجی سەردانەکە یەکلاکردنەوەی پێکهێنانی حکومەت و بەشداری کردنی بزوتنەوەی گۆڕان بوو لە کابینەی هەشتەمدا.

٢٠١٤/٢/١٣ نەوشیروان مستەفا، سەردانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد و سەرئەنجام لەسەر سێ خاڵ ڕێکەوتن:

١. بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢. یەک هەڵوێستی هەردوولا بەرانبەر بەغدا.

٣. پێکهێنانی حکومەت بە زووترین کات.

لە بارەی بەشداری کردنی بزوتنەوەی گۆڕان لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بارزانی و نەوشیروان مستەفا بڕیاردرا، بزوتنەوەی گۆڕان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کە بەرپرسیاری پارتی دابنیشن و ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکەنەوە.

دوای گفتوگۆیەکی ماراسۆنی لە نێوان پێنج لایەنە براوەکەی هەڵبژاردن، کە لە ٢٠١٣/٢/٢ دەستی پێکرد، بڕیاردرا هەموو لایەنە براوەکان بەپێی ژمارەی کورسیەکانیان بەشداری بکەن لە حکومەتدا. دواجار لە ٢٠١٤/٦/١٨ پەرلەمانی کوردستان متمانەی بەخشیە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. سێ لایەنەکەی پێشوی ئۆپۆزسیۆن (بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ)، پاش چوار ساڵ ئۆپۆزسیۆن بوون و سەرەڕای کێشە و قەیرانەکانی ٢٣ ساڵی ڕابردو، بە ئامانجی کۆتایهێنان بەو کێشانە، بەشداریان لە حکومەتدا کرد.

بەپێی ڕێکەوتنی گۆڕان و پارتی، بزوتنەوەی گۆڕان جگە لە سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و بریکاری وەزارەتی ناوخۆی وەرگرت.

---

1 . نەوشیروان مستەفا: ئەگەر ڕێگەی هەڵبژاردن شکستی خوارد، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەشداری کردنی بزوتنەوەی گۆڕان لە کاتێکدا بوو کوردستان لە گێژاوی چەندین قەیرانی قوڵدا بوو، لەوانە قەیرانی گرژی سیاسی نێوان بەغدا و هەولێر و قەیرانی دارایی و بڕینی بودجەی هەرێم لە لایەن بەغداوە و دواتریش سەرهەڵدانی داعش و بەرپابوونی جەنگ.

**٤. دەرکەوتنی ناکۆکییەکان**

دوای هەشت مانگ لە دەست بەکاربوونی کابینەی هەشت، دەرکەوت پارتی بە بیانووی جیاجیا پابەندی رێکەوتننامەکەی نێوان خۆی و بزوتنەوەی گۆڕان نابێ. جگە لەو چەند وەزارەتەی پێی داوە، لە ئاستی خوار وەزارەتەکانەوە بەشداریی لە دامەزراوەکانی حکومەت و پۆستەکانی دیکەی پێ قەبوولّ نییە.

هەرچەندە نێچیرڤان بارزانی لە کارنامەی حکومەتەکەیدا لە میانی سوێند خواردنی بۆ دەستبەکاربوونی ئاماژەی بەوە کردبوو، کە کابینەی هەشت کابینەی هاوبەشی بنکە فراوانە و گوزارش لە خواستی هێز و لایەنە سیاسییەکانی ناو هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام ئەمە لەسەر ئەرزی واقع رەنگدانەوەی نەبوو.

پارتی بۆ جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکانی پاساوی نەبوونی بودجە و شەڕی داعشی دەهێنایەوە، هاوکات سەرباری پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەستی دەستی کردن لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان لە بەرانبەر هەموو ئەوانەدا، لە ئاست هەستیاری دۆخەکە مامەڵەی کردووە لە کابینەکە نەکشایەوە.

لە ٢٠١٥/٢/٢٣ بۆ رەوینەوەی ناکۆکییەکانی هەردوولا، نەوشیروان مستەفا لە پیرمام لەگەڵ مەسعود بارزانیدا کۆبوەوە. بەڵام ئەو سەردانەش نەبووە هۆی خاوکردنەوەی ناکۆکییەکان.

**٥. پرسی سەرۆکایەتی هەرێم**

پێشتر لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠١٣ سەرەڕای ناڕەزایەتی فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو)، فراکسیۆنەکانی پارتی و یەکێتی و کەمینەکان، ویلایەتی سەرۆکایەتی هەرێمیان بۆ مەسعود بارزانی بۆ دوو ساڵ واتە تاوەکو ٢٠١٥/٨/١٩ درێژ کردەبووەوە. لەکاتی نزیک بوونەوەی کۆتایی وادە درێژکراوەکەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان گوشاری هێنایە سەر لایەنە سیاسییەکان بۆ درێژکردنەوەی ویلایەتی مەسعود بارزانی بۆ دوو ساڵی دیکە. ئەو خواستەی پارتی ناکۆکییەکانی پارتی و بزوتنەوەی گۆڕان و لایەنەکانی دیکەی ناو حکومەتی قوڵتر کرد.

بۆ چارەسەر کردنی ئەم دۆخە رۆژی ٢٠١٥/٣/٣١ وەفدێکی پارتی بە سەرۆکایەتی فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەردانی

نەوشیروان مستەفای کرد. دوای کۆبوونەوەکە، نەوشیروان مستەفا لەبارەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بە رۆژنامەنوسانی راگەیاند: "گفتوگۆی تەواومان لەسەر کردووە، هێشتا بۆچونێکی هاوبەشمان گەڵاڵە نەکردووە، بەڵام هەمومان باوەڕمان وایە کە پێویستە پێش ئەو وادەیە ئەو پرسە لە پەرلەماندا بەلایەکدا بخرێت."[1]

سەبارەت بە ئامانجی سەردانەکەیان بۆ لای رێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان، فازیل میرانی بە رۆژنامە نووسانی راگەیاند: "ئەمڕۆ هاتوین بۆ ئەوەی یەکڕیزی مالّی کورد بپارێزین و سود لە ئەزمونی نەوشیروان مستەفا وەربگرین کە لە سەرجەم بوارەکاندا پرسیارمان لێکرد. ئاماژەی بەوەشکرد، ئێمە ئامانجی هاوبەشمان هەیە، بەڵام تەنها بۆچونی جیاوازمان هەیە و جگە لەوەش بە کۆبوونەوەی نێومالّی خۆمان کێشەکانی حکومەت و ئەوانی دیکەش چارەسەر دەکەین."

لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا، پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتە دریژکراوەکەی مەسعود بارزانی، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کەوتە گفتوگۆکردن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان و کارئاسانی کردن بۆ لیژنەی نووسینەوەی دەستور.

لە ٢٠١٥/٤/٩ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان سەردانی نەوشیروان مستەفای کرد، پاش کۆبوونەوەکە، نەوشیروان مستەفا، رایگەیاند: ئەجندای کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بریتی بوو لە پرسی دەستوری هەرێمی کوردستان و پرسی سەرۆکایەتی هەرێم. ئێمە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ولّاتانی رۆژهەلّاتی ناوەڕاست و سیستەمی سەرۆکایەتی لەو ولّاتانە و ئەو سیستەمە سیاسیانەی بونیان هەیە لە ولّاتانی جیاجیا، بیروبۆچونی خۆمان پێ راگەیاندن و پێمانوایە، گونجاوترین سیستەمی سیاسی بۆ کوردستانی عێراق، سیستەمێکی پەرلەمانییە هاوشێوەی بەغدا."[2]

### ٦. لیژنەی ئامادەکردنی دەستور

لە دانیشتنی رۆژی ٢٠١٥/٤/١٣، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٤ی سالّی ٢٠١٥ی تایبەت بە دروستکردنی (لیژنەی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوری کوردستان – عێراق)ی دەرچواند. ئەو لیژنەیە کە لە ٢١ کەس پێکهاتبوو، دەبوو لە ماوەی ٩٠

1. هاولّاتی ژمارە ١٥٢٤، ٢٠١٥/٤/١، ل ٢.
2. نەوشیروان مستەفا: گونجاوترین سیستەم بۆ هەرێم، سیستەمی پەرلەمانییە
http://archive.sbeiy.krd/Detail.aspx?id=44362&LinkID=4

رۆژدا پرۆژەی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە ریفراندۆمێکدا خەڵکی کوردستان دەنگی لەسەر بدەن.

ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنی دەستور بەسەر لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی تورکمان و مەسیحییەکاندا دابەش کرا. پارتی ٧ ئەندام و بزوتنەوەی گۆڕان ٥ ئەندام و یەکێتی ٣ ئەندام  و یەکگرتووی ئیسلامی ٢ ئەندام و کۆمەڵی ئیسلامی ١ ئەندام و تورکمان و مەسیحییەکان هەریەکە و یەک کورسی و ئاراستەی سێیەم یەک کورسی. یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بەشی خۆی رازی نەبوو، بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە، لەسەر داوای نەوشیروان مستەفا بزوتنەوەی گۆڕان لە کورسیەکی خۆی خۆش بوو بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا لیژنەکە دەست بەکار بوو، دوای سێ مانگ لە کۆبوونەوە، کارەکانی لیژنەکە لەو مادانەی کە تایبەت بوون بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و ئایا سیستمی سیاسی سەرۆکایەتی بێت یان پەرلەمانی گیری خوارد، لە کۆتایشدا ماوەی یاسایی لیژنەکە کۆتایی هات و بەهۆی ناکۆکی لایەنەکان دریژنەکرایەوە.

یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو، سەبارەت بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم هاوڕای بزوتنەوەی گۆڕان بوون، بەڵام بەهۆی پێداگری پارتی بۆ دریژ کردنەوەی دوو ساڵی تر بۆ مەسعود بارزانی و هێشتنەوەی سیستمی سەرۆکایەتی، کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان بێ ئاکام بوو.

لە چوارچێوەی دیدگاکانی نەوشیروان مستەفا بۆ سیستمی سیاسی هەرێم و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان پرۆژەی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی پێشکەش کرد، کە لە ١٨ مادە پێکهاتبوو، تێیدا سیستمی سیاسی لە سەرۆکایەتیەوە بۆ پەرلەمانی جێگیر کرابوون. یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتووش پرۆژە یاسایەکی هاوشێوەی ئەوەی گۆڕانیان پێشکەش کرد و دواتر پرۆژەکان لە پەرلەمانی کوردستاندا یەکخران و لە ٢٣ حوزەیرانی ٢٠١٥ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا.

رۆژێک پێش کۆتایی ماوەی دریژکراوەکەی سەرۆکی هەرێم، ٢٠١٥/٨/١٩ بڕیار بوو پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە هاوبەشەکەی چوار لایەنەکە (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ و یەکێتی) بکات. بەڵام بەهۆی تەواو نەبوونی ریژەی یاساییەوە نەتوانرا خوێندنەوەی دووەم بکرێت. بەمجۆرە گرژی و ئاڵۆزیەکی زۆر لە نێوان چوار لایەنەکە و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، دروست بوو.

## ٧. هەوڵێکی سەرنەکەوتووی نێچیرڤان بارزانی

لە ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دڵشاد شەهاب تەلەفونێکی بۆ کردم و داوای لێ کردم یەکتر ببینین بۆ کارێکی پێویست. نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە من و فەرحان جەوهەر و دڵشاد شەهاب لە کافتریای ماجیدی مۆڵ دانیشتین. دڵشاد شەهاب باسی لەوەکرد کە دۆخی هەرێمی کوردستان زۆر ئاڵۆزە و کاک نێچیرڤان بارزانی بەتەمای موبادەرەیەکە بیخاتە بەردەستی کاک نەوشیروان مستەفا، بۆ دەربازبوون لەو دۆخە و دەیەوێت بتبینێ و پەیامێکت پێدا بنێرێتەوە بۆی. ئێوارەی هەمان ڕۆژ من چووم بۆ ماڵی نێچیرڤان بارزانی و چوارقۆڵی من و دڵشاد شەهاب و فەرحان جەوهەر دانیشتن. موبادەرەکەی ئەوە بوو ئێوارە خوانێک لە ماڵی خۆیدا دوور لە چاوی کامێراکان بۆ نەوشیروان مستەفا و مەسعود بارزانی دروست بکات و پێکەوە دانیشن و بڕیارێکی کۆتایی لەسەر دۆخی کوردستان بدەن.

هەروەها وتی بۆیە ئەو موبادەرەیە بە تەلەفون ناکەم بۆ ئەوەی شەڕخوازانی ناو پارتی و گۆڕان و لایەنەکانی دیکە پێی نەزانن و دۆخەکە هێندەی تر ئاڵۆز بکەن. بۆ شەو من گەیشتمەوە سلێمانی و پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانیم گەیاندە نەوشیروان مستەفا. دوای ماوەی بیرکردنەوە، وتی بڕۆرەوە و بەناوی منەوە سوپاسی خەمخۆری بکە و پێی بڵێ: "لە ئێستادا هەم من و هەم کاک مەسعود بە جۆرێک لەیەکتر تورەین و لەوانەیە دانیشتنی ڕوبەڕوو دۆخەکە هێندەی تر ئاڵۆز بکات، با هەندێ زەمینە خۆش بکەین، ئینجا ئەوە دەکەین. بە دەقیقی پێی بڵێ ئەوان بۆ دەرباز بوون لەم دۆخە ئامادەن چی بکەن، چی حیلە شەرعییەکان بەدەستەوەیە بۆ درێژ کردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی کاک مەسعود، پێمان بڵێن.."

ئەو قسانەم وەکو خۆی گەیاندەوە نێچیرڤان بارزانی. ١٣ی تەموز بە تەلەفون داوای لێم کرد مەوعدێک لە کاک نەوشیروان وەرگرم بۆ ئەوەی فەرحان جەوهەر بە نوێنەرایتی ئەو سەردانی بکات. لە ١٥ی تەموزی ٢٠١٥ فەرحان جەوهەر هات بۆ سلێمانی و دوای سێ سەعات دانیشتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا کە من مەحزەرەکەم دەنوسیەوە و کورتەی داواکانی نێچیرڤان بارزانی بریتی بوون لە:

- دوو ساڵ سەرۆکایەتی هەرێم بۆ مەسعود بارزانی درێژ بکرێتەوە.
- سیستمی پەرلەمانی لە دەستوردا بنوسرێتەوە بەو جۆرەی کە بزوتنەوەی گۆڕان دەیەوێت.
- ئەو دەستورەی کە ئامادە دەکرێت، بە کۆتایی هاتنی ولایەتی ئەم خولەی پەرلەمان بکەوێتەکار.

- مەسعود بارزانی جارێکی دیکە خۆی کاندید ناکاتەوە.
- هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە دەستوردا لە لایەن خەڵکەوە بێت.
- با ئەم دوو ساڵە مەسعود بارزانی سەڵاحیەتەکانی وەک خۆی بۆ بمێنێتەوە.
- گەر بکرێت لە رێگەی دادگای تەمیزەوە ماوەی دوو ساڵەکەی بۆ درێژ بکرێتەوە، یان ئەوەی ئێوە رێگە چارەیەکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ ئەو درێژ کردنەوەیە.

لەبەرامبەردا کاک نەوشیروان وتی، من هیچ کێشەم لەگەڵ کاک مەسعودا نیە، ئامادەین دە ساڵی تری بۆ درێژ بکەینەوە، چونکە لەماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا دەسەڵاتەکانی خراپ بەکار نەهێناوە، بەڵام ترسمان لە دوای ئەو هەیە، هەرکەسێک بێت و ئەم سەڵاحیەتە زۆرانەی هەبێت، دەتوانێ ببیتە دیکتاتۆر. پاشان وتی:

- تا ئێستا پارتی تەنها داوای درێژ کردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ دوو ساڵی تر دەکات، بەڵام بە فەرمی نالێ لەبەرامبەر ئەوەدا چی بە لایەنەکانی دیکە دەدات.
- بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی لە دادگای تەمیز رازی نابین.
- ئێمە داواکەمان تەنها ئەوەیە سیستمێکی حوکمڕانی دابنێن کە لە داهاتودا کێشەمان بۆ دروست نەکات وەک ئەوەی لە ئێستادا بۆ وڵاتەکانی ناوچەکە دروست بوە و بەدەست سەرۆکەکانیانەوە گیریان خواردوە.
- دیراسەی پڕۆژە یاساکانی ئێمە بکەن کە داومانە بە پەرلەمان و ئەو خاڵانەی بەلاتانەوە پەسەند نییە، بەدیلەکەی بخەنەروو.
- گەر بەمەرجەکانمان رازی بن لە پەرلەمان ماوە سەرۆکایەتی بۆ درێژ بکرێتەوە.
- سوێندخواردنەکەی یان لەبەردەم دادگای بێت یان لە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان.
- دەسەڵاتەکانی هەموار بکرێتەوە جگە لە دوو دەسەڵاتی:

یەکەم: فەرماندەی هێزە چەکدارەکان،

دووەم: پەیوەندیەکانی دەرەوە

- یان خۆتان رێگە چارەی گونجاوی دیکە بۆ درێژکردنەوەکە پێشنیاز بکەن.
- ئێمە هەموو پێشنیازەکان بەڕاوێژ لەگەڵ یەکێتی و ئیسلامیەکان گەڵاڵە دەکەین و رای هاوبەش و گونجاو هەڵدەبژێرین.

دوای رێکەوتن کە بەزوترین کات داخوازی و پێشنیارەکانی نێچیرڤان بارزانی لەسەر رۆشنایی ئەو کۆبوونەوانە، بە نووسراو بهێنرێتەوە بۆی.. شەوەکەی کاک نەوشیروان تەلەفونی بۆ کردم و وتی "ئاغا مەجید، دەقی ئەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆ بنێرە بۆ مامۆستا جەلال جەوهەر بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی لێ ئاگادار

بکاتەوە." هەر ئەو شەوە بە ئیمیلێک خاڵ بە خاڵی داخوازییەکانی پارتی و وەڵامەکانی کاک نەوشیروان مستەفام بۆ جەلال جەوهەر ڕەوانە کرد.

٢٠١٥/٧/١٦ جەژنی ڕەمەزانی بەسەردا هات و حکومەتی هەرێم تاوەکو ٢٢ی تەموزی کرد بەپشوو. نێچیرڤان بارزانی سەفەری دەرەوەی کرد، بۆیە وەڵامەکەیان دواکەوت بۆ ٢٣ی تەموز. لەگەڵ کاک نەوشیروان کات و شوێنی دانیشتنەکەمان لەگەڵ فەرحان جەوهەر دانا و بڕیار بوو ئەو بە نووسراو وەڵامی مەرجەکانی نەوشیروان مستەفا و خواستەکانی پارتی بهێنێتەوە. بۆ شەوەکەی کاک نەوشیروان تەلەفونی بۆ کردم و وتی ئەو مەوعیدە ئیلغا بکەرەوە نامەوێ کەس ببینم! منیش تەلەفونیم بۆ فەرحان جەوهەر کردو پێم وت "کاک نەوشیروان ئەم ماوەیە کەس نابینێ و ببورە دوای دەخەین بۆ کاتێکی دیکە". بۆ بەیانیەکەی چووم بۆ ماڵی کاک نەوشیروان و هۆکاری ئیلغا کردنی مەوعدەکەم لێ پرسی. لەوەڵامدا وتی: "نێچیرڤان لای ڕێباز حەملان وتویەتی من کەسم نەناردوە ". پەیوەندیم بە دڵشاد شەهابەوە کرد ئایا کاک نێچیرڤان شتی وای لای ڕێباز حەملان وتووە؟! دوای سەعاتێک لە وەڵامدا وتی "بەڵێ، کاتێک ڕێباز حەملان لێی پرسیوە ئاگام لێیە بە نهێنی یەکێکت ناردوە بۆ لای کاک نەوشیروان، کاک نێچیرفان بۆ ئەوەی ئەو مەوزوعە دزە نەکات تاوەکو دەگات بە نەتیجەیەک، بە ڕێبازی وتووە ئەوە ڕاست نییە، من کەسم نەناردوە."

من گەڕامەوە بۆ لای کاک نەوشیروان و مەوزوعەکەم بۆ باس کرد. وتم بەهۆی ئەوەی ڕێباز لە هەندێ دەزگای پارتی نزیک بووەتەوە، نێچیرڤان بارزانی نەیوستووە مەعلوماتی پێبدات بۆیە نکۆڵی لە ناردنی وەفد کردووە بۆ لای تۆ. ئەو وتی ئیتر ئەو مەوزوعە تەواو بووە و با مامۆستا جەلال و برادەران تەواوی بکەن. لە ٢٠١٥/٩/٢٣ کاک نەوشیروان سەردانی دەرەوەی وڵاتی کرد و ئەو موبادەریە کۆتایی هات. ماوەتەوە بڵیم لە ٢٠١٦/٢/٢١، کاتێک لەگەڵ د. یوسف محەمەد، لە ماڵی خۆیان لە لەندەن سەردانمان کرد، کاک نەوشیروان وتی "هەرچیەکت وت لەسەر ڕێباز حەملان ڕاست دەرچوو، دەبوو ئەو کاتە کێشەکەمان بەلایەکدا بخستایە، بەڵام ئێستا دێوەکە لە شوشەکە دەرچووە و تازە بۆمان ناخرێتەوە ناوی.."

**٨. کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان**

ڕۆژی ٢٠١٥/١٠/٨ دوای نۆ دانیشتی پێنج قۆڵی لە نێوان (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو)، دواین پڕۆژەی چوار لایەنەکەی دیکە درا بە پارتی بۆ چارەسەر کردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم. لەو پڕۆژەدا دوو میکانیزم خرایەڕوو، دەبوو پارتی یەکێکیان قەبوڵ بکات:

یەکەم: سەرۆکی هەرێم لە ناو پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت و دەسەڵاتی هەبێت.

دووەم: سەرۆک لەناو خەڵکەوە هەڵبژێردرێت و دەسەڵاتەکانی پرۆتۆکۆڵی و تەشریفاتی بن و لەژێر چاودێری پەرلەماندا بێت.

بەڵام پارتی هەر سور بوو لەسەر ئەوەی سەرۆک لە ناو خەڵکدا هەڵبژێردرێت و هەموو دەسەڵاتەکانیشی هەبێت، کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان، بەبێ ئەوەی بگەن بە نەتیجەیەک کۆتاییان هات.

بڕیار بوو رۆژی ٢٠١٥/١٠/١٢ پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەت لەسەر بارودۆخی ئەوکاتەی هەرێمی کوردستان و قەیرانی دارایی و دواکەوتنی موچەی فەرمانبەران ساز بکات، بەڵام لەسەر داوای پارتی و یەکێتی و کۆمەڵ وێەکگرتوو، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنەکەی بۆ کاتێکی تر دوا خست.

**٩. رووداوی ١٢ ئۆکتۆبەر**

سەرلەبەیانی رۆژی ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥، د.یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە کاتی گەڕانەوەی بۆ هەولێر، لە بازگەی پردێی نێوان کەرکوک و هەولێر، لە لایەن هێزێکی ئەمنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕێگەی لێگیرا. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش داوای لە وەزیرەکانی بزوتنەوەی گۆڕان کرد کە نەچنە سەرکارەکانیان. بەمجۆرە دەرگای پەرلەمانی کوردستان داخرا و گۆڕان بە عەمەلی لە حکومەت دەرکرا و کوردستان چووە قۆناغێکی مەترسی دارەوە.

لایەنەکانی دیکەی ناو پەرلەمان و حکومەت، بەرانبەر ئەم کارە نایاساییەی پارتی بێ دەنگیان هەڵبژارد، دۆخەکە بەردەوام بوو تاوەکو سەروبەندی ریفراندۆم. پاشان لەسەر خواستی پارتی دیموکراتی کوردستان، فراکسیۆنەکانی پارتی و یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو لە ڕۆژی ٢٠١٧/٩/١٥ لە دانشتنێکی نا ئاساییدا کە سەرۆکی پەرلەمان و فراکسیۆنی گۆڕان تێیدا ئامادە نەبوو، بڕیاردرا لە ٢٠١٧/٩/٢٥ ریفراندۆم ئەنجام بدرێت.

ریفراندۆم جگە لەوەی بووە هۆی لە دەستدانی تەواوی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، کاردانەوەیەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی گەورەشی لێکەوتەوە. ، لە ناوخۆ و دەرەوە باری پارتی لارسەنگ بوو سەرۆکی ئەو کاتەی هەرێم مەسعود بارزانی بە موسەببی ئەو گوشارە نێودەوڵەتیانە دەزانرا و یەکێتی و پارتیش یەکتریان بە هۆکاری گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ کەرکوک و شنگال و خانەقین تۆمەتبار دەکرێت.

پارتی، چیتر وەک جاران سور نەبوو لەسەر ئەوەی سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی زۆری هەبێ و لەنێو خەڵکدا هەڵبژێرێت، بۆیە لە ٢٠١٧/١٠/٢٩ پەرلەمان یاسای

(دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی بەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان) پەسەند کرد، بە پێی ئەو یاسایە تا هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم دەرێتە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی.

**حەوتەم: رێککەوتنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان**

ڕۆژی ٢٠١٦ /٥/١٧ لە مەراسیمێکدا لە شاری سلێمانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان رێککەوتنێکی سیاسیان بە ئامادەبوونی مام جەلال و نەوشیروان مستەفا، واژۆکرد. تێیدا کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی تالەبانی لەباتی سکرتێری گشتی، کە تەندروستی باش نەبوو، ئیمزای رێکەوتنەکەی کرد.

هێڵە گشتییەکانی رێککەوتنی سیاسی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان بریتی بوون لە: پابەندن بوون بە جێبەجێ کردنی سیستمی دیموکراسی و بنەماکانی فرەیی، هەڵبژاردنەکان، سەروەری یاسا، دادپەروەری، مافی مرۆڤ، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و شەفافییەت...

هەروەها هەردوولا پابەندبوونی خۆیان بۆ سیستمی پەرلەمانی دەربڕی و بە گونجاوترین سیستمیان بۆ کوردستان زانی، هاوکات جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ سەرۆکی هەرێم لەناو پەرلەماندا هەڵبژێردرێت، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لێپرسراوی راستەوخۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت.

سەبارەت بە دەستوری هەمیشەیی کوردستان هەردوولا کۆک بوون لەسەر ئەوەی دەبێ دەستورێکی دیموکراتی و مەدەنی بێت، مافی هاوڵاتی و ئازادییە گشتییەکان و مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان و سەروەری یاسا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هاوسەنگیی نێوانیانو دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات دەستەبەربکات.

لەسەر مەسەلەی لامەرکەزی، هەردوولا جەختیان کردەوە لەسەر چەسپاندن و پەرەپێدانی سیستمی لامەرکەزی کارگێری لە کوردستان، بەشێوەیەک کە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتی تەواوی کارگێری و دارایی تەکنیکیان هەبێت بۆ راییکردنی کاروباری پارێزگاکان.

خاڵی هەرە گرنگی رێکەوتنەکەی نێوان یەکێتی و گۆڕان، بریتی بوو لە زەرورەتی بەگژداچونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی و یاسایی و ئابووری و دارایی و کارگێڕی، بەمەبەستی چارەسەری ڕیشەیی بۆ ئەو کێشانەی سالانێکە

بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتوە. ئەمەش بە ویستێکی سیاسی ڕاستەقینە و حوکمڕانییەکی باش و سەروەری یاسا و کاری دامەزراوەیی دێتەدی.

سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، هەردوولا پابەند بوونی خۆیان لەسەر ئەوە دەربڕی کە مافی چارەی خۆنووسین و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، مافی گەلی کوردستانە، پێویستە ئامادەکاری هەمەلایەنەی بۆ بکرێت، بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیشەوە.

بۆ مەسەلەی دەسەڵاتی دادوەری، هەردوولا پابەندنی خۆیان نیشاندا بەوەی دەبێ دەسەڵاتی دادوەری و دادوەرەکان لەڕووی وەزیفی و دارایی و کارگێڕییەوە تەواو سەربەخۆ بن، کۆتایی بهێنرێت بە دەستوەردان لە کاروباری دادگاکان.

تەوەرێکی دیکەی ڕێکەوتنە دوو قۆڵیەکەی بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی بریتی بوو لە پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ. هەردوولا کۆک بوون لەسەر پێویستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو، بۆ کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە ڕێی دیالۆگەوە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نیشتیمانی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردستان. هەروەها هەردوولا پابەندبوونی خۆیان بە گێڕانەوەی کەرکوک و خانەقین و شەنگال و ناوچە دابڕێنراوەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان دوپات کردەوە.

سەبارەت بە کاری هاوبەشی فراکسیۆنەکانیان، هەردوولا پابەندی خۆیان بە دروستکردنی ئیئتیلافێک بۆ فراکسیۆنەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕاگەیاند، بە مەبەستی هاوهەڵوێستی سیاسی و یاسایی. جگە لەوە بڕیار بوو تیمەکانی هەردوولا لە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتە خۆجێییەکان، هاوکاری و هەماهەنگی بکەن لە نێوان خۆیاندا.

بۆ مەسەلەی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، هەدولا کۆک بوون لەسەر بە دامەزراوەیکردن و بە پیشەیکردنیان، لەگەڵ هەموارکردنی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە و یاسای وەزارەتی ناوخۆو یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە کەرتەکانی ئابووری نەوت، هەردولا  هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئیتر نەوت و گاز و کانزاکان و سەرچاوەکانی دیکەی داهات، بە شێوەیەکی شەفاف و لە ڕێگەی دامەزراوە دەستورییەکانەوە سەرپەرشتی بکرێن، بە جۆرێک کەمافی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو دەستەبەربکات.

پاشان بڕیاردرا سەرکردایەتیەکی هاوبەش بۆ هەماهەنگی و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنەکە لە چەند ئەندامێکی هەردوو لا پێکبهێنرێت و ئەم سەرکردایەتییە بەرپرسیارێتی ڕێکخستنی پرۆتۆکۆڵ و پاشکۆکان دەگرێتە ئەستۆ.

لە ئاهەنگێکدا کە بە بۆنەی ڕێکەوتنەکە لە هوتێل شاری جوان ڕێکخرابوو، نەوشیروان مستەفا دواین گوتاری سیاسی و دواین پەیامی خۆی بۆ خەڵکی کوردستان و سەرکردەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان خوێندەوە، لەبەر گرنگی گوتارەکە لە خوارەوە وەک خۆی بڵاوی دەکەینەوە:

"میوانە بەڕێزەکان.. هەڤاڵانی تێکۆشەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هاوڕێیانی بزوتنەوەی گۆڕان.. خوشک و برایانی بەڕێز.. ئەندامان و لایەنگرانی لایەنە سیاسییەکان... هاونیشتمانیانی بەڕێز..

بە پێویستی دەزانم لێرەوە سڵاو لە گیانی شەهیدە نەمرەکانی پێشمەرگە بکەم، سوپاس و ستایشی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بکەم کە بەوپەڕی لە خۆبڕانەوە گەلی کوردستانیان لە مەترسی گەورە پاراست و دەیانپارێزن و سوپاسی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بکەم، کە بە سنگێکی فراوانەوە پێشوازیان لە ئاوارەکانی سەرانسەری عێراق کردووە، سوپاسی وەفدی هەردولا بکەم کە بە عەقڵێکی کراوەوە دریژەیان بە گفتوگۆکانیاندا تا گەیشتن بەم ڕێکەوتنە، وە سوپاسی سەرکردایەتی هەردولا بکەم، کە بە گیانی بە رپرسیارێتی نیشتیمانییەوە لە هەلومەرجێکی سەخت و ئاڵۆزدا کە هەرێمی کوردستان و عێراقی تێکەوتوە، پەسەندیان کرد.

هەرێمی کوردستان روبەڕوی کۆمەڵێک ئاڵنگاری جدی بوەتەوە کە ئاڵنگاری ئابوری، ئاڵنگاری سیاسی و ئاڵنگاری جەنگی، ئەم ڕێکەوتنە وەڵامدانەوەیەکە بۆ ئەو ئاڵنگارییانە.

ئەم ڕێکەوتنە پێداگرتنە لەسەر چەسپاندنی کۆمەڵێک سەرەتای گشتی بۆ بەجێهێنانی ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان، بۆ خۆشکردنی گوزەران و فراوانکردنی پانتایی ئازادی سیاسی هاوڵاتیانی کوردستان، بۆ دابینکردنی دادی کۆمەڵایەتی لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا، بۆ ڕۆشنییە لە داهاتی هەرێم بە تایبەتی داهاتی نەوت و گاز وە جۆری سەرفکردنی. بۆ ڕۆشنییە لە پەیوەندییەکانی هەرێم و حکومەتی عێراق و دەوڵەتانی دنیادا.

بۆ دابینکردنی هاوبەشی ڕاستەقینەیە لە بڕیاری سیاسی و هەموو ئەو بڕیارانەی پەیوەندیان بە چارەنوسی گەلەکەمانەوە هەیە.

بۆ ئەنجامدانی چاکسازییە لە سیستەمی سیاسی، سیستەمی ئابووری، سیستەمی پێشمەرگایەتی، سیستەمی ئاسایش، سیستەمی کارگێڕی، سیستەمی پەروەردە.

بەم بۆنەیەوە هەموو داودەزگا پەیوەندیدارەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان، رادەسپێردرێن بۆ رونکردنەوەی هەریەکێک لەو پرسانە و جێبەجێ کردنیان بە هاوکاری شارەزایان پاشکۆ و پرۆتۆکۆڵی پێویستی بۆ ئامادە بکەن.

ئەم ڕێکەوتنە بۆ یەکخستنی ماڵی کوردە، بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەکە لەسەر بنچینەی ڕێکەوتن لەسەر دیاریکردنی ئاسایشی نیشتیمانی و ئاسایشی نەتەوەیی، لەسەر دیاریکردنی بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی، بۆ یەکخستنی خەباتی گەلی کوردستانە لەسەر دانانی ڕێوشوێنی بەجێهێنانی ئامانجی نەتەوەیی کورد لە دیاریکردنی مافی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت، ئامرازەکانی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێکەوتنە تەنیا و تەنیا ڕێگەی کاری پەرلەمانییە، ڕێگەی خەباتی مەدەنییە، ڕێگەی یەکتر قبوڵکردن و گفتوگۆی هێمن و دانوستانی شارستانییە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم، ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە هەموی بابەتی گرنگ و بایەخدارن، جێگەی ڕەزامەندی زۆرایەتی لایەنگرەکانی هەردولاو خەڵکی کوردستانن، بەڵام لە هەمانکاتدا دەمەوێت بەبیری هەردولای بهێنمەوە، عیبرەت لە نووسیندا نییە، بەڵکو عیبرەت لە جێبەجێ کردندایە.

ئیتر خۆشیتان

نەوشیروان مستەفا

دوای ئاهەنگی ڕێککەوتنەکە، بەهۆی خۆدزینەوەی بەشێک لە سەرکردەکانیان، بە تایبەتی مەلا بەختیار، تەنیا دوو خاڵی جێبەجێ کرا، یەکەمیان سەرۆکایەتییەکی هاوبەش، دووەمیشیان پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی لاوەکی هاوبەش کە ئەوانیش هەندێکیان هەر کۆنەبوونەوە و هەندێکیشیان دوای یەک کۆبوونەوە ڕاوەستان.

ڕۆژێک دوای ڕێکەوتنەکە ٢٠١٦/٥/١٨، مەکتەبی سیاسی پارتی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، بۆ دەربڕینی هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بە ڕێکەوتنی سیاسی نێوان بزوتنەوەی گۆڕانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کۆبوونەوە و بەیاننامەیەکی توندیان دەرکرد. لەبارەی ڕێکەوتنەکەی یەکێتی و گۆڕان، ئەمەش دەقەکەیەتی:

ڕاگەیێندراوێک لە پارتییەوە لەبارەی ڕێکەوتنی یەکێتی و گۆڕان:

پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە ڕاوبۆچوونی وا بووە کە ڕێکەوتن لەنێوان لایەنە سیاسییەکان کارێکی ئاساییە، نەخاسمە ئەگەر لەپێناو بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و یەکڕیزیی هێزەکانی و نەهێشتنی ناکۆکیەکان بێت، نەک بۆ دژایەتیی

لایەنێکی تر و، گەورەترکردنی ئەو کەلێنانەبێ کە هەن. لە هەمان کاتیشدا بنەما و خاڵەکانی هیچ ڕێکەوتننامەیەک لەنێوان دوو حزب، بگرە زیاتر لە دوو حزبیش لە لایەن پارتییەوە بە بنەمای بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی و یاسایی و ئیداریی لە هەرێمی کوردستان دانانرێن.

لە ڕێکەوتنی نێوان بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕەچاوی هەوڵێک دەکرێت بۆ فراوانکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان کە خزمەتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە چەقبەستووەکان ناکات، بەڵکو بەرەو دۆخە نەخوازراوەکانی جارانمان دەباتەوە، لەهەمان کاتدا ڕێگرتنە لە یەکێتی نیشتمانی بۆ هەبوونی هەڵوێستێکی جیاواز لە بزوتنەوەی گۆڕان کە بەرەو ئاڵۆزی و توندڕۆیی زیاتر دەچێت.

یەکێتی نیشتمانی بەبێ هیچ جۆرە ڕەچاوکردنێکی هاوپەیمانی و ڕێکەوتنی ستراتیژیو هاوبەشیی لە بەڕێوەبردنی کوردستاندا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و بەبێ هیچ جۆرە گفتوگۆ و ئاگادارکردنەوەیەکی پارتی، خۆی خستە ڕێکەوتنێک لەگەڵ لایەنێکدا کە کێشەیەکی سیاسی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا دروست کردووە و، خۆی گەیاندە لێواری بوونە بەشێکی ئەو کێشەیە، ئەویش بە پێچەوانەی ماوەی ڕابردوو کە یەکێتی لەگەڵ پارتی دا هاوکاربوون بۆ چارەسەری کێشەکان.

پارتی جگە لە ئیرادەی گەل هیچ ئیرادەیەکی تر قبوڵ ناکات و ئەزموونی ڕابردووش دەریخست کە بەبێ پارتی ئیدارەی هەرێم ئەستەمە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەستیارییەوە لە بارودۆخی ئێستای کوردستان دەڕوانێت و بەهیچ شێوەیەک ڕێگا بەهەر هەوڵێک نادات بۆ تێکدانی سەقامگیریی ئیداری و سیاسی و ئاسایش و لاوازکردنی ئیرادە و خۆڕاگریی پێشمەرگە، کەوا لە شەڕێکی سەخت دایە لەگەڵ دڕندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی و ئازادی و، هێشتاش شەڕی گەورەترمان لەبەر دەمدا ماوە. هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان سوورە لەسەر ئەوەی کە خوێنی پێشمەرگە لە پێناو ئازادیدا نابێ بەفیڕۆ بدرێت و دەبێ گەلی کوردستان لە ڕێگەیەکی ڕەوا و یاسایی وەک ریفراندۆم ئیرادەکەی پیشانی هەموو جیهان بدات.

لەگەڵ ئەوەیش کە کوردستان لە تەنیشت دڕندەترین هێزی تیرۆریستی و لە ناوچەیەکی شڵەژاودایە، سوپاس بۆ خوا لە سەقامگیرییەکی گەورە دایە، لەبەر ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان باوەڕی وایە کە دەبێ هەموو هەوڵەکان لەپێناو ئەو

سەقامگیریە و چارەسەری کێشەکان و پاراستنی دەسکەوتەکاندا بن لەپێش هەر شتێکی تر.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠١٦/٥/١٨[1]

جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، لەناوخۆی یەکێتیشدا نەیارێکی زۆر بۆ جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنەکە دروست بوو. مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ئەو کاتەی یەکێتی، لەبارەی ڕەخنە و نیگەرانییەکانی پارتی، خودی خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی ڕووداودا وتی: "من لە هەندێک خاڵی ڕێکەوتنەکە نیگەرانیم هەبووە، هەروەها باسی ئەوەشم کردووە کە نابێت لەگەڵ گۆڕان ڕێکبکەوین و لەگەڵ پارتی تێبکەوین، بۆیە پەرچەکرداری پارتی زۆر تووندە و نابێت پارتی ئەو ڕەد فعلەی هەبێت، من داوامکرد لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی قسە بکەین بەڵام نەکرا، بۆیە دەبوو ئێمە بەرلە واژۆکردنەکەی لەگەڵ پارتی دابنیشین، بەڵام بەهەر حاڵ نەدەبوو پارتیش هێندە تووندبێت... من بە دیاریکراوی لەسەر سێ خاڵی ڕێکەوتنەکەی نێوان یەکێتی و گۆڕان ناکۆکم و لێی نیگەرانم کە بریتین لە، هاوپەیمانییەتی نێوان فراکسیۆنەکانمان لە پەرلەمانی عێراق و کوردستان و پارێزگاکان، گەڕانەوەی پەرلەمان بەبێ مەرج لەگەڵ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و هەروەها هێنانی لایەنی دیکە بۆ نێو ڕێکەوتنەکە ئەوانە ئەو خاڵانەن کە من نیگەرانیم، چونکە دەزانم پارتی نیگەران دەکات، ئێمە لە ماوەی پێشوودا لەگەڵ پارتی قسەمان کردووە و تەنانەت پڕۆژە و پێشنیازیشمان هەبووە، بۆیە ئەو خاڵانە تەواو ناکۆکن، چونکە ئێمە ڕێکەوتنی ستراتیژیمان لەگەڵ پارتی هەڵنەوەشاندووەتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش من بەتەنیا نیم کە نیگەرانم و خەڵکی دیکەش هەن بەڵام حەزناکەم لێرەوە باسیان بکەم."[2]

ڕۆحی ئەو ڕێکەوتنەی گۆڕان و یەکێتی بریتی بوون لەو سێ خاڵەی کە مەلا بەختیار و پارتی نیگەران کردبوو.

فەرید ئەسەسەر، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ڕای وابوو "ئەم سەرکردایەتیەی ئێستای یەکێتی توانای جێبەجێکردنی نیە و لەوەی ئێستا زیاتری پێناکرێت و پێویستە ڕێککەوتنەکە وەک خۆی بمێنێتەوە تاوەکو هەڵبژاردنی

---

1. خەبات (ڕۆژنامە)، ژمارە ٥٠٣٦ لە ٢٠١٦/٥/١٩، ل ١.

2 . مەلا بەختیار باسی ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان دەکات:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0806201630

سەرکردایەتی نوێ لە کۆنگرەی داهاتوی یەکێتیدا."[1] یەکێتی کۆنگرەی چوارەمی کرد و سەرکردایەتی نوێ هاتنە سەر دەسەڵات، بەڵام بەرژەوەندییە شەخسیەکان هەرگیز ڕێگەیان بە جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنەکە نەدا.

**هەشتەم: فەرمانی گرتنی نەوشیروان مستەفا**

لە دوای ڕێککەوتنامەی یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕان، پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕێی ڕاگەیاندنەکانییەوە کەمپینێکی گەورەی لەدژی نەوشیروان مستەفا و بزوتنەوەی گۆڕان بەڕێخست. کار گەیشتە ئەوەی لە ڕێی مۆنتاژکردنی هەندی تۆماری دەنگییەوە تۆمەتی ناقۆڵای بۆ هەڵبەستن، وەکو هەڕەشەی هێرشکردنە سەر کونسوڵخانەکان و ڕفاندنی دیپلۆماتکاران و کارمەندانی بیانی کۆمپانیاکانی بواری نەوت. پاشان دادگای هەولێر لە ٢٠١٦/٦/١٦ فەرمانی دەسگیرکردنی بۆ دەرکرد.

لەسەر ئەو تۆمەتە بێ بنەمایانە، شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزوتنەوەی گۆڕان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا لە سلێمانی، لەبارەی فەرمانی دەستگیرکردنی نەوشیروان مستەفا لە لایەن دادگای هەولێرەوە رایگەیاند: "فەرمانی دەستگیرکردنی نەوشیروان مستەفا لە لایەن دادگای هەولێر و ئاسایشەوە دەرچوە، ئێمە وەک گۆڕان رایدەگەیێنین ئەو بڕیارە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە و ئەو دۆسیەیە ڕەتدەکەینەوە. پەیامی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان ئەوەبووە کە دەبێت دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بێت، بەڵام سەرۆکی پارتی و پارتی بەو بڕیارە سەلماندیان کە دادگا و دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان چاونەترس و سەربەخۆنییە... بەپێی زانیارییەکانی ئێمە فەرمانگەی بەڵگە و تاوانەکان بە فەرمی دادگای ئاسایشی هەولێریان ئاگادارکردووەتەوە کە ناتوانن پشتڕاستی بکەنەوە کە ئەو تۆمارە دەنگییە هی نەوشیروان مستەفابێت، ئێمە لەڕێگەی پارێزەرەکانمانەوە داوامان کردووە بەپێی یاسا کە دۆسییەکە بگوازینەوە دادگای سلێمانی، بەڵام ئەو داوایە لە لایەن دادوەری دادگای ئاسایشی هەولێر ڕەت کراوەتەوە."[2]

لەبەر ئەوەی تۆمەتەکانی پارتی بەرامبەر نەوشیروان مستەفا سیاسی بوون تا ئەوەی جینائی بن، بۆیە لە لایەن باڵوێزخانە و کونسڵگەرییەکانی بیانی لە عێراق و هەرێم پشتگوی خرا و گرنگی پێنەدرا. بەڵگەش بۆ ئەوە لەدوای کۆچی دوایی

1. ڕێکەوتنێک لەسەر کاغەز:
http://diplomaticmagazine.net/politics/23

2 . فەرمانی گرتنی نەوشیروان مستەفا دەدرێت و گوتەبێژی گۆڕان وەڵامدەداتەوە:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1606201620

نەوشیروان مستەفا، هەموویان، بە ستایشیکی زۆرەوە باسیان لە و رۆڵ و پێگەی ئەو لە عێراق و هەرێمدا کرد.

کێن گرۆس، کونسوڵی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە هەولێر لە پەیامێکی سەرە خۆشیدا بۆ کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی: "نەوشیروان مستەفا، مێژوناس و بیرمەندو پێشمەرگەیەکی دێرین و سەرکردەیەکی سیاسی مەزن بوو لە هەرێمی کوردستان عێراق و بەدرێژایی تەمەنی خۆی خزمەتی گەلی کوردی کرد."

فرانک بیکەر، باڵێۆزی بەریتانیا لە عێراق نووسیویەتی: "نەوشیروان مستەفا نیشتیمان پەروەرێکی دڵسۆز بوو."

بریێت مەکگۆرک، نوێنەری پێشوی ئەمریکا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش: "نیگەرانم بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ئەفسانەیی نەوشیروان مستەفا."

جۆرجی بۆستن، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان لە عێراق: "کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا توشی شۆکی کردن و لە دڵەوە بێتاقەت و خەمباری کردن. بەهیوام بزوتنەوەی گۆڕان ئەو رێچکەیەی نەوشیروان مستەفا هەیبوە لەسەری بەردەوام بێت بۆ خزمەتی گەلی کورد و عێراق."

یانکۆبیچ، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ عێراق: "نەوشیروان مستەفا هەمیشە وەک سەرکردەیەکی گرنگی چاکسازی و دیموکراسی ناسراو دەمێنێتەوە، کە بەبەردەوامی جۆش و خرۆشی خستبوە نێو پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق و خەڵکیشی سەرسام کردبوو بە تێڕوانینە سیاسییەکەی."

فرێدریک تیسۆ، کونسوڵی پێشوی فەرەنسا لەهەرێمی کوردستان "یەکێک لەکارە زۆر باشەکانی نەوشیروان مستەفا بریتی بوو لە داهێنانی مۆدێلی ئۆپۆزسیۆنی لەهەرێمی کوردستان، کە بەهۆیەوە پەرلەمان و پەرلەمانتاری ئۆپۆزسیۆن و راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن و گوتاری ئۆپۆزسیۆنانە لەهەرێمی کوردستان دروست بوو، ئەمەش سودێکی گەورەو کارێکی مێژویی نەوشیروان مستەفا بوو کە بۆ میللەتەکەی ئەنجامیدا."

لاکۆب پرادا، باڵێۆزی رۆمانیا لە عێراق: "نەوشیروان مستەفا نوێنەرێکی دیارو گەورەی ژیانی سیاسی بوو لە کوردستان و عێراقدا."

فرانتز یۆزیف کریمپ، باڵێۆزی ئەڵمانیا لە بەغداد دەڵێت "کارە سیاسییەکانی بەڕێز نەوشیروان مستەفا لە ماوەی چەندین ساڵی رابردودا، کاریگەری زۆریان لەسەر

گەشەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان هەبوە، ئەو لەیادەوەریماندا دەمێنێتەوە وەک سەرکردەیەکی بە تواناو لێ هاتوو، وەک پیاوێکی خاوەن دنیابینییەکی گەورە."

مارک بارێتی، باڵیۆزی فەرەنسا لە بەغدا "کاک نەوشیروان مستەفا، یەکێکە لە کەسایەتییە گەورەکانی ژیانی سیاسی هەرێم، لەتەمەنێکی زوەوە لە دژی رژێمی سەدام حسێن خەباتی دەست پێکردو بەرگریکارێکی ماندو نەناسی دۆزی کورد بو. بەڕێزیان کە دامەزرێنەری بزوتنەوەی گۆڕان بوو، لە مێژوی هەرێمی کوردستانیشدا بۆ هەمیشە وەک نمونەی خەبات کردن لە خزمەتی ئازادییەکی ئایدییالی دەمێنێتەوە."

مورتەزا عەبادی، سەرکونسوڵی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران- هەولێر "بێگومان ئەم سیاسەتمەدارە خاوەن پێگەو بەنرخە کە لە ماوەی سالانێکی دور لە دژی رژێمی دیکتاتۆری سەدام، روبەڕوی سەختی و ماندویی زۆر بوەوە. دواتریش بە سادە ژیان و هاوڕێیەتی و هاودڵیی لەگەڵ خەڵک کردبوە ڕێچکەی ژیانی خۆی و بەردەوام لای دۆستان و لایەنگران و جەماوەری بەشەرەفی کوردستانی عێراق و بنەماڵەی بەڕێزیان بە زیندویی دەمێنێتەوە."

د. عومەر ئەحمەد ئەلکەندرەی، کونسوڵی گشتی دەوڵەتی کوەیت لە هەولێر: "لە دەستدانی نەوشیروان مستەفا خەسارەتێکی گەورەیە بۆ گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی."[1]

لە لایەکی ترەوە ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان لە نووسینێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک دەربارەی بڕیارەکەی دادگای هەولێر نووسیویەتی: "ئەو ڕۆژەی دادگا لە کوردستاندا کە جورئەتی کرد و فەرمانی گرتنی بۆ ڕوناکبیرو نووسەر و پێشمەرگە و ئەندازیاری ڕاپەڕین و سەرکردەی گەورە کاک نەوشیروان مستەفا دەرکرد، دەرکەوت کەیاسا و قانون بوکەڵەیەکە بەدەست دەسەڵاتدارانەوە"[2]

ئەیاد جەمالەدین، سەرکردەی دیاری شیعەکانی عێراق پشتیوانی لە نەوشیروان مستەفا کرد و بڕیاری دادگای هەولێر بۆ دەستگیرکردنی سەرکۆنە کرد.

ئەیاد جەمالەدین، لە پۆستێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە ئاماژەدان بە دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردن بۆ نەوشیروان مستەفا لە لایەن دادگای هەولێرەوە

1 . گەیلان عەباس، نەوشیروان مستەفا لە دیدگای کەسایەتیەکانەوە، ل ۱۸.۱۹.

2. ئەبوبەکر هەڵەدنی: بڕیاری دادگاییکردنی کاک نەوشیروان دەریخست یاسا بوکەڵەیە
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=96912&babet=1&relat=1024

رایگەیاندووە: "مەسعود بارزانی هیچ پۆستێکی فەرمی نییە تا بڕیاری دەستگیرکردن بۆ سەرکردەی کورد نەوشیروان مستەفا دەربکات."

ئەو سەرکردەیەی شیعەکان وێڕای دەربڕینی پاڵپشتی خۆی بۆ ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان باسی لەوەش کردووە، ئەگەر عێراق دوو سەرکردەی سیاسی باشی هەبێت، ئەوە یەکێکیان نەوشیروان مستەفایە...."[1]

**نۆیەم: دوا دیدار و دوا بوختان**

مەلا بەختیار، لە کتێبەکەیدا، باسی دوا دیداری خۆی و نەوشیروان مستەفای کردووە و نووسیویەتی: "لێرەدا بۆ مێژوو، لام گرنگە دوا دیدار لەگەڵ نەوشیرواندا، پێش کۆچی دوایی بەدوو مانگ باس بکەم. کە بەنەخۆشی گەڕایەوە، زۆربەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی سەردانیان کرد. لەو پۆل پۆل ڕۆشتنەی سەرکردەکاندا، خۆم دوور ڕاگرت. دەشم ویست لە هەلێکدا سەری بدەم، لێکدانەوەی خراپی بۆ نەکرێ ؛ نەوشیروان گلەیی کردبوو، کەهەموو سەرکردایەتی یەکێتی سەردانیان داوە، تەنها مەلا بەختیار سەری نەداووم، ئەمە کەی دڵی لەمن چاک دەبێتەوە. کە ئەمەم بیست، سەردانەکەم ڕێکخست. تەکلیفم لە دلێری سەید مەجید کرد. سەرێکی بدەو کاتێک دیاری بکات، سەری بدەین. بەڵام نە کامێرە وێنەمان بگرێ و نەکەسیش لە سەرکردەکانی گۆڕان لەگەڵماندا دانیشن."[2]

سەرەتا بە پێویستی دەزانم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە نەوشیروان مستەفا دوو مانگ پێش کۆچی دوایی جگە لە بنەماڵەکەی و دکتۆرەکەی کەسی دیکەی نەیدیوە، چونکە ئەو لە ڕۆژی شەممە ٢٠١٦/٩/٣ گەڕایەوە بۆ بریتانیا. لە ٢٠١٧/٥/١٦ بۆ دواجار گەڕایەوە کوردستان و لە ٢٠١٧/٥/١٩ کۆچی دوایی کرد.

بەپێی ئەو قسەیەی مەلا بەختیار بێت گوایە "دوادیداریان پێش کۆچی دوایی بە دوو مانگ" بووە، دەبێ ئەو دیدارەیان لە مانگی ٣ی ٢٠١٧ بووبێ لە لەندەن. چونکە نەوشیروان مستەفا لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٦وە لە لەندەن بووە.

لە پەرەگرافێکی کتێبەکەیدا دەڵێت: "بەحوکمی ئەوەی لەناو یەکێتیدا ناکۆکی و دەستەگەری قووڵ کرابوو، تاڕادەیەک، نا ئومێدی لە چارەسەر کردنی کێشەکان،

1. ئەگەر عێراق دوو سەرکردەی باشی هەبێت، ئەوە یەکێکیان نەوشیروان مستەفایە
http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=33513&Jor=1

2 . مەلا بەختیار، لەبەری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٨.

سەری هەڵدابوو. ئەوکاتە، نەوشیروان و گۆڕان، چاوەڕوان بوون، ناکۆکیەکانی هەناوی یەکێتی، جارێکی تریش بتەقنەوە."[1]

ئەو بوختانە پێچەوانەی راستییەکانە، چونکە تەنانەت ئەوکاتەشی کە بزوتنەوەی گۆڕان لە لوتکەدا بوو، نەوشیروان مستەفا نەیدەویست ناکۆکییەکانی ناو یەکێتی بگاتە ئاستی پێکدادان و لێکترازان، چونکە دەیووت تەکەتولەکانی یەکێتی هێزی چەکداریان هەیە و هیچ سڵ لەوە ناکەنەوە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا گۆمی خوێن هەڵسێنن، ئەوکاتەشی کە گۆڕان توانی ١٧ کورسی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەدەست بهێنێ، هەر ئەو بوو سەکردەکانی گۆڕانی رازی کرد بەوەی کورسیەکانی بکرێت بە ١٢ بەرانبەر ١١ی بۆ یەکێتی، چونکە یەکێتی هەڕەشەی هەڵگیرسانی شەڕی دەکرد، ئەویش دەیووت هیچ ئامادە نیم لە پیناوی یەک دوو کورسیدا کوڕی خەڵک بە کوشت بدەم، بۆیە ئەنجامەکەی قەبوواڵ کرد.

پەرەگرافێکی دیکەی قسەکانی مەلا بەختیار، ئەوەیە گوایە داوای یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی لە نەوشیروان مستەفا کردووە و وتوویەتی: "فەرموون، بچینە دەرەوەو کۆنگرەی رۆژنامەگەری بکەین و رایبگەیەنین، یەکێتی و گۆڕان... یەک دەگرینەوە. با دوای شەش مانگیش رێککەوتنەکە مۆر بکەین... زەمینەی خۆش دەکەین.

وتی: کاتی نییە.. گۆڕان ئێستا ئامادە نییە بڕیاری وا بدات

وتم: کاک نەوشیروان.. هەڵێکی باش بوو، یەکێک لەو پێشنیازانە قبوڵ بکەیت. بەداخەوە قبوڵت نەکرد! وای دەبینم.. ئەم هەلەشت لە دەستدا، جەنابیشت نەخۆشی!

کورتیەکەی... ئیتر دڵم نەهات پێی بڵێم.. فریای چارەسەری کێشەکان ناکەوی.. بەڵام تێگەیشت، مەبەستم ئەوەیە. کە هاتینە دەرەوە، دلێری سەید مەجید گوتی: بەسەراحەت قسەت لەگەڵ کرد. وتم.. خۆ تێم گەیاند کەلە کۆتایی تەمەنیا.. هەلی سەرکەوتنی گەورەی نەماوە!"[2]

لە جێگەیەکی دیکەدا خۆی وەک فریشتە پیشان دەدا و گوایە نەیویستوە نێوانی پارتی و بزوتنەوەی گۆڕان تێکبچێ و دەڵێ بە نەوشیروانم وتووە: "دۆخی کوردستان خراپە. نێوان گۆڕان و پارتی، زۆر خراپە. کاتی خۆی لە دوو کۆبوونەوە، یەکێکیان لەمانی مام جەلال و ئەوی تر لە بارەگای خۆت، دەم گوت: پارتی لە پارلەمان و

1 . مەلا بەختیار، لەبەری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٨.
2 . هەمان سەرچاوە، ل ٤٦١.

حکومەت دەرتان دەکات. ئێوە باوەڕتان نەدەکرد. کە دەریشکران، هەموو توانامان خستەکار، نێوانتان خۆش بکەین."[1]

نەوشیروان مستەفا پێش ئەوەی سەفەری بریتانیا  بکات لە ٢٠١٦/٦/٢٠، داوای لە نووسەری ئەم کتێبە کرد میوانداریيەک بۆ کادیرەکانی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ماڵەکەی ئەودا رێکبخات. زیاتر لە ١٥ کادیری راگەیاندنی یەکێتی و گۆڕان ئامادە بوون، لەوانە ستران عەبدوڵڵا سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ و ستافەکەی و خوالێخۆشبوو مستەفا سالح کەریم و هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی راگەیاندن. ئامانجی سەرەکی داوەتەکە ئەوە بوو کە کادیرەکانی راگەیاندنی یەکێتی رۆڵی باش ببینن بۆ جێبەجێ کردنی رێکەوتنامەکەی ١٧ی ئایاری ٢٠١٦ نێوان یەکێتی و گۆڕان. لەوێدا باسی لەوە کرد کە ئەم رێکەوتنە جگە لە پارتی کە بەراشکاوی دژایەتی دەکات، لە ناو یەکێتیشدا نەیاری کەم نییە و مەلا بەختیار یەکێکە لەوانە و ئینجا ئەم رووداوەی بۆ گێڕانەوە لە دوای هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٣، نەجەمەدین کەریمم بانگ کرد و پێیم وت دەزانم سبەی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیتان هەیە، بەوبرادەرانەی خۆتان بڵێ ئێمە کە لە پەرلەمانی کوردستاندا ٢٤ کورسیمان هەیە و ئێوە ١٨ کورسی، لای خۆمانەوە ئامادەین لەگەڵ یەکێتیدا هاوپەیمانییەک لە پەرلەمان دروست بکەین و بە هەردوولا گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی دروست بکەین و ئەو کاتە ئێمە رادەسپێردرێن بۆ تەشکیل کردنی حکومەت. لای خۆمانەوە رازین سەرۆک وەزیران لە یەکێتی بێت. کە مەوزوعەکە لە مەکتەبی سیاسیدا باس کرابوو، مەلا بەختیار وتبووی ئێمە لە پشتەوە خەنجەر لە هاوپەیمانە ستراتیژەکەمان نادەین. بەم کارەی ئەو هەوڵە لەبار برا بۆ دەرهێنانی حکومەت لە دەستی پارتی بەشێوەیەکی یاسایی. نەوشیروان مستەفا هەمان قسەی بۆ کادیرە پێشکەوتووەکانی هەولێری یەکێتی کردەوە، کە چەند رۆژێک دوای ئەوان میوانی بوون.

بزوتنەوەی گۆڕان زانیاری ئەوەی هەبوو، یەکێک لەوانەی بەردەوام خەریکی کنە کردنە بۆ تێکدانی نێوان پارتی و گۆڕان، مەلا بەختیار بوو، ئەو تیمێکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە دروست کردبوو، لە پەرلەمان، سەرۆکی فراکسیۆنی ئەو کاتەی یەکێتی ئەرکەکەی لە ئەستۆ گرتبوو، خۆی و کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی دەوربەریشی هەمان کاریان دەکرد لە ناو پارتی و حکومەتدا، بە فیعلیش لە کارەکەیاندا سەرکەوتوو بوون.

---

1 مەلا بەختیار، لەبەری بیرەوەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٨

**مردن لەسەر خاکی نیشتمان**

نەوشیروان مستەفا دوبەدوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکەی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، لە٢٠١٦/٩/٣ بەنیازی تەواوکردنی چارەسەریە پزیشکیەکانی، هەرێمی کوردستانی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ وڵاتی بریتانیا.

شەممە ٢٠١٧/٥/١٣ بە فڕۆکەیەکی تایبەت، لەگەڵ کچ و کوڕەکانی گەیشتنەوە سلێمانی. دوای هەفتەیەک مانەوە لە ڕۆژی هەینی ٢٠١٧/٥/١٩، بزوتنەوەی گۆڕان هەواڵی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفای بەمجۆرە ڕاگەیاند: "کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمرۆ تێکۆشەری گەورەو سەرکردەی گەلەکەمان نەوشیروان مستەفا پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا لە سەعات ٨ی بەیانی ئەمڕۆ ٢٠١٧/٥/١٩ کۆچی دوایی کرد. بزووتنەوەی گۆڕان وێڕای سەرەخۆشی لە کەس و کاری و خۆمان و گەلەکەمان، دوپاتی دەکاتەوە کە لەسەر ڕێباز و بەرنامەی ئەو سەرکردە مەزنە بەردەوام دەبێ بۆ خزمەتی کوردستان.

بزووتنەوەی گۆڕان

٢٠١٧/٥/١٩

نەوشیروان مستەفا کۆچی دوایی کرد، بەڵام پێش کۆچی دوایی بێباکانە نووسی: "بە پێی ئەو جێگەیەی کە من هەمبوە لە ناو کۆمەڵە و لە ناو یەکێتی نیشتمانی دا، بە شانازیەوە بەشدار بوم لە دروست کردن و دامەزراندنی ئەزمون و قەوارەی کارگێڕی، سیاسی، قانونیی ئیستای کوردستانی عیراق دا بە هەردو لایەنی ئیجابی و سەلبییەوە. لە هەردو لایەنیدا پشکێکی بەرپرسیارێتی کەم یان زۆر، بە خراپ یان بە چاک، بەر من ئەکەوێ. هەرگیز خۆم لەم لێپرسراوێتیە نادزمەوە، لە بەردەمی میژوی گەلەکەم دا بە سەربەرزیەوە ئەتوانم داکۆکی لە هەردوکیان بکەم."[1]

[1] . نەوشیروان مستەفا، حیزب و حوکم: ئەزمونی کوردستان، ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) ژمارە ١٩٢، ٢٠٠٨\٤\١٢.

# باسی چوارەم
# نەوشیروان مستەفا لە دیدگای کەسایەتی و سیاسەتمەدارانی جیهان

لە دوای کۆچی (نەوشیروان مستەفا) لە رێکەوتی ١٩ ئایاری ٢٠١٧ زۆرێک لەوانەی کە دورو نزیک نەوشیروان مستەفایان دەناسی، یاخود ئاشنایەتیان لەگەڵ نووسینەکانیدا هەبوو، لێرەو لەوێ کەوتنە ئاخاوتن و نووسین لە بارەی تایبەتمەندییە سیاسی و فیکرییەکانی نەوشیروان مستەفا، هەندێکی دیکەش لەگەڵ بروسکەی هاوخەمی و ماتەمینیدا پەردەیان لەسەر کۆمەڵێک لە تایبەتمەندی و خاڵە جیاوازەکانی ئەم سەرکردەیە هەڵدایەوە، بەشێکی دیکەش پێشتر لە رێگەی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانیان لە رۆژنامە و ماڵپەر و دەزگا و میدیا جیهانیەکان، باسیان لەبارەی تایبەتمەندییەکانی ئەم سەرکردەیە کردووە و خاڵە جیاوازییەکانیان خستوەتەروو، بەراورد بە سەرکردەکانی دیکەی باشوری کوردستان.

لێرەدا بەشێکی کەم لەو تێکستانە بڵاودەکەینەوە، کە "گەیلان عەباس" لە دووتوێی کتێبێکدا ئامادەی کردووە و شایەتیدانی رۆشنبیر و سیاسەتمەدارانی و پارچەکانی دیکەی کوردستان و عێراق و جیهان، لەسەر رۆڵ و کەسایەتی نەوشیروان مستەفا، تاوەکو لەسەر زاری ئەوانەوە بتوانین بەشێکی دیکە لە تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی نەوشیروان مستەفا بۆ خوێنەرانی ئەم بابەتە بگوازینەوە:

دەنیز ناتالی: رۆژنامەنووسی ئەمریکی و بەرێوبەری سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا دەنووسێت: "جیاواز لە هەر سەرکردەیەکی دیکەی کورد، کاک نەوشیروان کەسێکی زۆر هۆشیار و بەئاگا بوو، خاوەن خوێندنەوەی قوڵ بوو، تەنانەت لە پێشبینی کردندا زۆر کارامە بوو، ئەو وشەی گەندەڵی خستە نێو فەرهەنگی سیاسی کوردستان، دواتر لە رێگەی گۆڕانەوە خەڵکی بە چەمکەکانی حکومرانی باش و جۆرێتی دامەزراوەکانی ئاشنا کرد، ئامانجی بوو حکومرانییەکی باش بونیاد بنێت و گەندەڵی بنبڕ بکات و ژیانی هاوڵاتیان پێشبخات،

هەر بۆیە ئەو بزوتنەوەیەشی کە دورستی کرد راستەوخۆ گوزارشتی لە رای گشتی و شەقامی کوردستان دەکرد."

سەرکردەکانی بزوتنەوەی فەتحی فەلەستینی: لە بروسکەیەکدا دەڵێن "بە کۆچی ئەو، گەلی فەلەستین پشتیوان و تێکۆشەرێکی لە دەستدا، کە هەمیشە دۆز و تێکۆشانی گەلی ئێمەی لە ویژدان و بیرەوەری خۆیدا دانابوو."

ئەحمەد ئەمیری: بەرپرسی کاروباری دەرەوە لە وەزارەتی هەواڵگری و ئاسایشی نیشتیمانی ئێران، دەڵێت: "نەوشیروان مستەفا کەسێک بوو تەواوی ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ تێکۆشان لە روبەڕوبوونەوەی رژێمی بەعس. هاوکات لە ماوەی تەمەنیدا رێگای پڕ نشێوی سەختی سیاسی بە دەستپاکی و نزیکی و دۆستایەتی خەڵک تێپەڕاند."

ئەحمەد تورک: سیاسەتمەداری کورد لە باکوری کوردستان "نەوشیروان مستەفا لەناو گەلی ئێمەدا جیاواز بوو، ئەو بەئەخلاقەوە کاری سیاسی ئەنجام دەدا."

عوسمان بایدەمیر: وتەبێژی پێشوی هەدەپە "نەوشیروان مستەفای هێژا، لە کوردستانی عێراق یەکێک بوو لە سەرکردەکانی خەبات و قوربانیدان لە دژی رژێمی سەدام حسێن، هێژا رێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان رۆڵێکی سەرەکی لە ژیانی خۆیدا گێڕاوە بە خەباتکردن بۆ ئازادی گەلی کورد".

نادر یڵدرم: جێگری هاوسەرۆکی (هەدەپە)، "کۆچی کاک نەوشیروان تەنیا زیان نییە بۆ خانەوادەی کاک نەوشیروان و بزوتنەوەی گۆڕان و باشوری کوردستان، بەڵکو زیانە بۆ هەرچوار پارچەی کوردستان و هەموو کوردێکی ئازادیخواز و کوردێکی تێکۆشەر، بۆیە ئێمە لای خۆمانەوە میراتەکەی دەپارێزین."

سالح موسلیم و ئاسیا عەبدوڵا: هاوسەرۆکانی پێشوی پەیەدە

"لە دەستدانی نەوشیروان مستەفا زیانێکی گەورە بوو بۆ سەرجەم هێزە دیموکراتەکانی ناوچەکە و بە تایبەتی گەلی کوردستان و دۆسییە رەواکەی و کە خەباتی دەکرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیموکراتی دادپەروەریی بۆی."

هاوسەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) بۆ کۆچی دوای کاک نەوشیروان دەڵێن " کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا بۆ هەموو گەلەکەمان و رای گشتی دیموکراسی خەسارەتێکی مەزنە، برامان کاک نەوشیروان هەموو ژیانی بۆ رزگارکردنی گەلی کوردستان لە زوڵمی داگیرکەران و بونیادنانی ژیانێکی ئازاد و دیموکرات تەرخانکرد، گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان خۆی بە خاوەنی نەوشیروان مستەفا دەزانێت، ئێمەش ئامانجەکانی لە تێکۆشاندا بە زیندویی رادەگرین ."

پارتی هەڕێمە دیموکراتەکانی تورکیا (دەبەپە) "ئێمە هەمیشە وەکو دۆست و تێکۆشەرێکی گەورەی کورد یادی نەوشیروان مستەفا دەکەینەوە."

سەید مەهدی فەرشادان: نوێنەری شاری سنە و سەرۆکی نووسینگەی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران دەڵێت "ناوی کاک نەوشیروان بۆ هەموان وەبیرهێنەرەوەی کەسێکی خەباتگێڕ و نووسەر و مرۆڤێکی سادە و نوێنەری هەژارانە."

کریس کۆچێرا: نووسەرو رۆژنامەنووس و وێنەگری فەرەنسی، لە گۆڤاری زە میدڵ ئیستی بەریتانی لە ٢٠٠٨ دا دەڵێت: "نەوشیروان مستەفا منالّە چەتونەکەی بزوتنەوەی نیشتیمانی کوردایەتییە لە عێراق، ئەو بەدەنگی بەرز ئەوە دەڵێت کە خەڵک ناوێرن بە چرپەش دەریببڕن."

جەنگیز چاندار: ڕۆژنامەنووسی دیاری تورکیا دەڵێت "نەوشیروان عەقڵی مۆدێرنی سیاسی کوردە لە عێراقدا. من دەمێ سالّە دۆستایەتیم لەگەڵ بەڕێز تالّەبانی و بەڕێز بارزانی دا هەیە، بەڵام دۆستایەتی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا شتێکی ترە. نەوشیروان عەقڵیەتێکە ئەگەر بەقسەی بکرێت دەتوانێ ئەو کەشتییە لە تۆفان رزگار بکات و بەرەو کەناڕێکی ئارامی ببات."

ماشەڵا شمس واعزیین: رۆژنامەنووس و بیرمەندی ئێرانی "لە خیلالی چاودێریم بۆ کوردستان دوای دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان و بوونی بە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە پەرلەمان تێگەیشتم کە لەسەر دەستی نەوشیروان مستەفا خەریکە نەریتی دیموکراسی و ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا دەچەسپێت، نەوشیروان مستەفا دوای ئەوکارە ئیدی ئەرکی خۆی بەرانبەر بە میللەتەکەی جێبەجێ کردو توانی نەوەیەک پەروەردە بکات لەسەر باوەڕ بوون بە دیموکراسی و بە ئاشتیانە کارکردن بۆ ئالّوگۆڕی دەسەلّات. ئەو لەم قۆناغەدا بە ئەرکی سەر شانی خۆی هەستا، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەرکی بەجێگەیاندنی دەکەوێتە سەرشانی نەوەی داهاتووی دوای نەوشیروان مستەفا."

کامیرۆن دەبلیوو بار: رۆژنامەنووسی ئەمریکی سالّی ٢٠٠٣ لە رۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتۆری ئەمریکیدا دەڵێت: "مستەفا پیاوێکی سەرسپی سەنگین و قورسە لە بزوتنەوەی کوردایەتیدا، ئەو ئەندازیاری ڕاپەڕینی سالّی ١٩٩١ی دژ بە ڕژێمی سەدام حسێنە"

گاریس ستانسفیڵد: مامۆستای زانستی سیاسی و پسپۆر لە کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئیگزیتەری بەریتانی لە بارەی نەوشیروان مستەفاوە دەڵێت

"مستەفا بەوە ناسرابوو کە ستایلێکی بیرکردنەوەی تایبەت بەخۆی هەبوو، وەک کەسایەتییە ناوداڕەکانی جیهان.

لینۆکس ساموێڵ: ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی لە گۆڤاری نیوز ویک لە ٢٠٠٩ دا دەڵێت: "ڕاستیەک هەیە کە دامەزرێنەری بزوتنەوەی گۆڕان نەوشیروان مستەفا جگە لە سیفاتی سەرکردەیی وەک مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، سیفەتێکی تریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە نەوشیروان یەکێکە لە پێشمەرگە قارەمان و پاڵەوانەکانی کورد."

جێفری گۆڵدبێرگ: نووسەرو ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی لە ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا دەڵێت: "کەس گومانی نیە نەوشیروان ئەو پیاوەیە کە دەتوانێت بەیەک تەلەفۆن کەرکوک گڕ تێبەردات، چونکە پێشمەرگەکانی نەوشیروان مستەفا لەکاتی کشانەوەی سەدام لە کوەیت لە چەند ڕۆژێکدا چەندین شاریان لە دەستی سەدام ڕزگار کرد.

